روشنیٔ نو

شمارہ ۔107

ٹیبلوئڈ سائز 1985

تابلوی ناشتی

لەم ژمارەیەدا

تۆماری جەنگ وڕامیاری

عیراقی‌یەکان هەمیشە هەرسەرکەوتوون ..... مصلح جەلالی 4

وێژەو ئاشتی‌و جەنگ ..... د. کامب بصیر 6

لایەنێکی مێژوویی... ..... مولود سورچی 19

جیوپۆلیتکس و دەوڵەت ..... حلمی علی شریف 36

لێکۆڵینەوەی وێژەیی:

سۆفیزم لە شیعری کوردیدا ..... د. عزالدین مصطفی رسول 52

نالی‌و ئەدەبیاتی دراوسێ ..... د. أمین موتابچی 62

جزیری‌و هێزا.. ..... صدیق حامد 84

زاناو هزرڤان... ..... پێرانی ئالیخانی 87

نالەندی ژخودێ ترس ..... مسعود بوتانی 92

لێکۆڵینەوەی مێژوویی:

ئیبن خەلدون ..... د. محسن محمد 97

سەرمایەداری‌و بازرگانی.. ..... د. کمال مظهر أحمد 106

پاشەکێکی مێژوویی.. ..... د. جمال رشید 117

رەنجوری ..... عبدالرقیب یوسف 145

لێکۆڵینەوەی زمانەوانی:

پەرەسەندنی مێژوویی.. ..... د. نەسرین فەخری 180

جیاوازی نێوان فۆنیم و.. ..... غازی فاتح وەیس 190

تێنەپەر فرمانێکی ..... د. وریا عمر أمین 196

نیشانەکانی ڕێژە لەگەڵ فرمانی ناسادەدا ..... نوری عەلی أمین 201

ڕاپورتی تایبەتی (200) ساڵەی دامەزراندنی سلیمانی

تحفەی سلیمانی ..... مصطفی نەریمان 217

شێوازی ئاخاوتن لەناو ئافرەتی سلێمانی‌دا ..... محمد معروف فتاح 223

پەروەردەیی:

کێژە هەرزەکارەکانمان ..... و. شاکر فتاح 237

لێکۆڵینەوەی فەلسەفە:

فەلسەفەی هیندی ..... محمد کمال 253

لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەگەری:

گۆڤاری ڕووناکی ..... د. کوردستان موکریانی 264

خەلەف شەوقی ..... غفور میرزا کریم 278

لێکۆڵینەوەی کەلەپووری:

سوندو نفرین ..... نزار محمد سعید 290

ئەسپ و ..... محسن ئاوارە 295

داب و نەریتی دێرینی.. ..... محمد حمە صالح 304

لێکۆڵینەوەی زانستی:

ئەسپرین ..... د. ژەنون پیریادی 322

مەکینەی تۆوکردن ..... د. جهاد کیانی 337

تووتن ..... ئاشتی عثمان 358

دار الحرية للطباعة - بغداد

ئایلولی سالی 1985 — ڕۆشنبیری نوێ — ژمارە (107)

کۆڤاریکی وەرزیە بۆلیکۆلینەوە — دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی — دەری دەکات

سەرەکی ئەنجومەنی کارگیر:

سەر نووسەرو

مصلح جلالی

دەستەی نووسەران

جیگری سەرنووسەر

کوردستان موکریانی

عبدالرزاق بیمار

د. جمال رشید

صلاح سعدالله

غفور میرزا کریم

د. محسن محمد حسین

د. وریا عمر

هەوالنامەی کتێب

نەخشەکێشان و دەرهێنانی هونەری: نەسرین خضر

ناونیشان: دار الثقافة والنشر الكردية — ساحة الخلاني بغداد/ تەلەفون ـ 8875795 پێنج خەتە

هەموو جیهان ئەوە دەسەلمێنن کە
درێژە دان بەجەنگ ئامانجێکی نارەوایە

بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهورية العراقية

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
رئاسة جامعة صلاح الدين
في محافظة اربيل
مديرية مكتب رئيس الجامعة

العدد /
التاريخ / / ١٩

(سيظل الشهداء أكرم منا جميعاً)

الى / دار الثقافة والنشر الكردى / هيئة تحرير مجلة روشنبيرى نوى
م / أستفسار حول مجلة روشنبيرى نوى

تحية طيبة ..

أشارة الى كتابكم المرقم ٢٦ / ١٢ / ١٩٨١ في ٢١ / ٥ / ١٩٨٥ ، للتفضل بالعلم بأن موضوع كتابكم أعلاه قد عرض على مجلس الجامعة الجلسة الحادية عشر المنعقدة في ٩١ / ٣ / ١٩٨٥ وأقر المجلس أعتماد النشر في مجلة " روشنبيرى دوى " لغرض الترقيات العلمية .

وحصلت المصادقة الاصولية على القرار ..

مع التقدير

الدكتور خسرو كمي شالي
رئيس الجامعة

نسخة منه الى /

- السادة رئيس وأعضاء لجنة الترقيات العلمية / للعلم وبناء / مع التقدير
- ملفة الكتب الصادرة السرية

هدية الناشر كتيب

عیراقی یەکان
هەمیشە لەپەرەکەوتوون

- مصلح جەلالی -

هەواڵنامەی ئێتر

ئەوەی ئەمڕۆ جێی شانازی بێ‌و نەك هەر لەناوچەکەدا بگرە لای هەموو گەلانی جیهان و دەوڵەتان دیاربن ئەوەیە کە رۆڵەکانی عیراق لە ژێر سایەی سەرکردایەتی‌یە بەتواناکەیدا وەك پێنج ساڵە لە بەرەکانێ جەنگدا دژی رژێمی چاوچنۆك و نالەباری ئێران بەرگری لە سەربەستی نیشتمان و وڵاتەکانیان ئەکەن لە بوارەکانی تری ژیانیاندا لە مەیدانەکانی کارو پێشکەوتندا هەمیشە باڵی تەقەللادان و کاری دڵسۆزانەیان لێ هەڵماڵیوەو توانیوانە کە بۆ هەموو لایەکێ روون بکەنەوە کە خاوەنی توانایەکی لەبن نەهاتووی سەرکەوتوون.

سەرباری ئەم ئەرکە پیرۆزانەش.. سەرکردایەتی میللەتی عیراق و رۆڵەکانی عیراق.. هەموو ئەوەیان روون کردۆتەوە کە ئاشتیخوازن وریزی ئەو هاوسێیانە ئەگرن کە حەز بە ئاشتیایەتی‌و دۆستایەتی عیراق ئەکەن و ئەوەشیان دەرخستووە کە دۆستی هەموو گەلانی ئازادیخوازی جیهانن و بەوپەری توانایانەوە دەستی یارمەتی بۆ ئەو گەلانە دریژ ئەکەن دژی ئیمپریالیزم و شەرهەلگیرسان و دووا‌کەوتنن.

عیراقی‌یەکان.. هەروەك سەرکردایەتی‌یەکەیان ئاشکرای کردووە هەرگیز چاوی لە زەوی داگیرکردنی هیچ وڵاتێك نیەو ناشیەوێ کە ئەم نیازەی هەبێ.. چونکە ئەم جۆرە باوەڕە باوەڕی عیراقی یەکانی ئەمڕۆی پەروەردەی بیروباوەڕێکە ڕێزی هەموو ئەوانە ئەگرێ کە دروشمی مرۆڤانەیان هەڵگردووە وبیرو وباوەرو کاریان مرۆڤانەیەو خزمەتی مرۆڤایەتێ ئەکات..

ئەم گیانەش بێ‌گومان هەموو ئەزانین کە هەڵقوڵاوی بیروباوەڕەکانی تەقینەوەی شۆڕشەکە زۆر لایەنی تریشێ گرتۆتەوە... لەوانەش ئەوە کە عیراقی‌یەکان.. گشت کاتێ پشتی شۆڕشی ئازادیخوازی فەلەستینی بەرنەداوەو چەندە توانای هەبوو بێ‌و بۆ کرابێ یارمەتی داوەو تەنانەت ئەمڕۆش ئەم هەستە بەنرخەی دیارە کە پتەوکردن و تێرو تەسەل کردنی هێزی بەرگری‌کردنی

فەلەستینی یەکانە لە لایەن عیراقی یەکانەوە بۆ گەرانەوەیان بۆ سەرخاکی زەوت کراویان و وەرگرتنی مافی رەوایان.

خۆ ئەگەر بێینە سەر ئەوەی کە عیراقی یەکان لە سایەی سەرکردایەتی دڵێرەکەیانەوە دەرێکی گەورە لەناوچەکەداو لە ریزی برا عەرەبەکانیانداو لە ریزی وڵاتانی بێ لایەندا لە پێناوی پەرەپێدان و کۆك کردنی هێزە ئاسایش خوازو دژ بە زایۆنی و ئیمپریالیزم و داگیرکاران ئەگێڕێ. ئەمە ئەوە ناگەیەنی کە عیراقی یەکان لەم رووەوە خۆیان بەگەورەتر بزانن لەو دەوڵەت و گەلانەی کە لەگەڵیدان.. بگرە شانازی بەوەو ئەکەن کە توانیویانەو ئەو هەنگاوە بالایانە بنێن کە کەڵکی بەختیاری و سەربەستی - ئادەمیزادی تێدایەو رێزگرتنی هەموو ئەو مافانەیە کە ئاسۆی دواروژی مرۆڤ روونا کتر ئەکاتەوە.

ئەم ئەرکەش کەعیراقی یەکان خستوویانەتە سەرشانی خۆیان دووبارە تواناو دەسەلاتی عیراقی یەکان دەرئەخات.. کە هەروەك بەگژی لەخاکی خۆیان ئەکەن وبە لێ بوورد نەوە لەزەمینەکانی کارو گەشەسەندندا خزمەتی ئاوەدانی وولاتەکەیان ئەکەن لەدەرەوەی نیشتمانەکەشیان زیاترو چاکتر پایەکانی یەکێتی وبرایەتی گەلان دائەکوتن.

ئەمە لەلایەك.. لەلایەکی تریشەوە.. عیراقی یەکان بێ وچان پەیوەندیان لەگەڵ هەموو ئەوولاتانەدا هەیە.. کەئەیانەوێ دۆستایەتی لەگەڵ عیراقدا بکەن و نایانەوێ یاخود بڵێین نیازیان وانیە کەدەست بخەنە کاروباری ناوخۆی عیراق و زیانێ پێ ببەخشن و بەئارەزووی خۆیان خواستی بەسەر دابسەپێنن و.. ئەمەش دیسان ئەگەرێتەوە بۆ ئەو باوەڕەی کەعیراقی یەکان بەخۆیان و بە بڕەوپێدانی هەموو ئەوپرشنگانەیە کە رێگەی تاریکی ئادەمیزاد رۆشن ئەکەنەوە. ئیستەش کە هەروەك لەوەوبەر.. سەرکردایەتی شۆرش دروشمی بەرپاکردنی ئاسایشی بەرامبەر بەدەست درێژکارانی رژێمی ئێران هەڵگرت بەو مەبەستەیە.. کە ئەم شەڕەی رژێمی نەزانی ئێران بەسەر عیراقیاندا سەپان خزمەتی عیراقی یەکان و رۆڵەکانی گەلانی ئێران ناکات ودژی هەموو خواستێکی پیرۆزو بێ گەردەو ئەوەی کەکەڵکی لێ وەر ئەگری.. ئیمپریالیزم و زایۆنی و کۆنەپەرست و خۆفرۆشانی ناوچەکەیە.. بەڵام عیراقی یەکان کە بەرگری لەخاك و - سەربەستی و ئەومافانە ئەکەن کە لەسای سەرکەوتنی شۆرشەوە دەستیان کەوتووە لەبەر ئەوەیە کەوەك خۆیان بەبرای هەموولایەکی باش و هەموو هاوسێیەکی دڵسۆزئەزانن.. رێگەی ئەوش بەهیچ رەنگی نادەن هیچ وڵاتێك هیچ هاوسێیەك دەست بخاتە کاروباری ناوخۆیان بەهیچ زەوی داگیرکات و - سەربەخۆی وکامەرانی تێکبدات.. ئەمەش ئەوبیرە توانامەزنەی رۆڵەکانی عیراق دەرئەخەن کەسەبارەت بەهەموشت و جۆلانەوەیەکی باش هەیانەو هەرواش ئەوە پێشان ئەدەن کەئەوگیانە پیرۆزەیانە کەدژی هەموو کارێکی ناپەسەندو ناڕەواو چەوت وچەوێڵ هەیانە.. ئەمەش توانایەکە کە ئاوداما ن گشت لایەنێکی خێر خوازوچاکە ویست لایەنی ئەگرن و پەنجەی بەجوانی یەوە بۆ رائەکێشن و.. ئەمەیە هەست و کرداری عیراقی یەکان و سەرکردایەتی یەکەیان.. بۆیە ئەبینین لەناو هەموو کۆرێکی نێوگەلان و دەوڵەتانی چاکەخوازداو لەناخۆی دەرەوە لەپێنج ساڵ بەردەوامی شەردا هەمیشە سەرکەوتووەو هەر سەرکەوتووش ئەبێ.

■ ■ ■

هەوڵنامەی کێبڕکێ

وێژەی ئاشتی و جەنگ

د. کامل بەصیر

بیرۆباوەڕ ئەگەر هات و لە زەمینەیەکی رەسەندا ڕەگ و ریشەی داکوتابوو، وەبە شەونمی مافی نەتەوایەتی و ئارەقی زەحمەت کێشان و گیانی مرۆڤایەتی سەوز بوو بوو، پێویستە سەری رێزو قەدر زانینی بۆ دابنەوێنرێ.

سەر ئەنجام ئەگەر هاتو ئەم جۆرە بیرۆباوەرە جێگای مشتومر بوو و لە کۆڕی پەیڕەوی کردندا خرایەبەر پێنووسی هەڵسەنگاندنەوە، پێویستە بۆ ئەنجام دانی ئەم جۆرە زۆرانە بیرییە راستی یەك بگیرێتەبەر زەین، کە دەڵی: بیرۆباوەڕ کە بیردۆزەیەکە رەوشت و هەڵوێستی هەڵگرانی دروشمەکانی ناشێ بین بە پێوانەی دەست نیشان کردنی چاکەو خراپەی. ئەم ڕاستییە لە بەهەشتی وێژەدا ڕاستەوخۆ ئاکامەکانی دێنە بەر دەست، چونکە وێژە چەند

هێوانامەی کتێب

ڕاستەقینەو ڕاستگۆ بێت هەمیشە پێی ناکرێت ببێت بە ئاوێنەی بیروباوەڕێکی بیردۆزەیی. . وێژە دەنگی سۆزو هەڵچوونی وێژەرەو ئەم دەنگە پاش ئەوەی شەپۆلی ڕەشەبای چاودێران و نەریت و بەرژەوەند پەرستەکان دەبڕێ بە نقەنق دەگاتە خوێنەران، بەڵام بیروباوەڕ بریاری یاسای بوونەو وەکو خەونێکی پیرۆز ئەگەر هات و دەرفەتی خستنەڕوو بۆی لوا بیردۆزانە ئاوی دڕەختی هیوای ستەم لێکراوان دەدات.

بەم پێیە ئێمە کە پتر لە چارەکە سەدەیەك باسی وێژەو وێژەرانمان کردووە، ڕێبازمان هێنانەوەی دەق و شی کردنەوەی بەرهەمی ووشەیی بووەو بە هیچ جۆرێك نەمان ویستووە بۆچوونەکانمان بکەین بە خەنجەری لەت لەت کردنی بنەڕەتی بیریی.

ئەم تۆژینەوەیەمان دیارە پێویستی بەم سەرنجە هەبوو، بە تایبەتی کە دەم لە بابەتێکی ئالۆزو دژوارەوە دەدات هەرچەندە کە لە ناوچەرگەی رووداوەکانی جەنگی (قادسیەی صدام)دا چاو هەڵدەهێنێ، بەڵام لە راستیدا بناغەکەی لەسەر دەیان کێشەی بیری و ڕامیاری و هونەری دێرین و هاوچەرخ بنیات نراوەو لق وپۆپ بەرەو چەند باسێکی چارەنووسی دەهاوێژی.

تۆژینەوەی وەهاش هەرچۆنێک بێت پێویستی بە رووبەڕێکی فراوان هەیە بۆ ئەوەی بە وردی لایەن و هێماکانی بخرێتەروو، ئەمەش هەڵبەت لەم بوارەدا بۆ ئەم تۆژینەوەیەمان هەڵناکەوێت.

هەرچۆنێک بێت ڕێچکەی بۆچوونەکەمان لەم بیابانە فراوانەدا بە پرسیارێکی سەر سوورهێنەر دەشکێنین کە دەپرسێت:

ئایا هیچ ئاواتێکی خۆش تر لەو بیروباوەڕە پیرۆزە هەیە کە فەلسەفەکەی وێنەی بەهەشتی ئاشتی دەکێشێ و لەم بەهەشتەدا درەختی برایەتی و دۆستایەتی و هاوکاری و لێبوردن و دەیان خەونی مرۆڤ بەرز دەکاتەوە؟!

وڵام دانەوەی ئەم پرسیارە بڕوا ناکەین لەم ووتەیە دەربازبێت کە دەڵێ: نەخێر، چونکە ئاشتی بە هەموو جۆرو واتاکانیەوە ئاواتی هەمیشەیی مرۆڤ و نەتەوەکانی ئەم سەر زەوییەیەو لە هەموو کات و سەردەمێکدا دروشمەکەی دەشەکێتەوە.

ئەم وەڵامە ڕەنگە لە دۆزەخی رووداوەکانی مێژوودا بێ بە پرسیارێک و بپرسێ: کوانێ ئاشتی و، خەونە شیرینەکەی کەی دێتەدی؟

وێژەی گەلان لە دێرترین سەردەمەوە ئەو پرسیارەیان بەسەر لێوەوە بووە: -

هەستیاری عەرەبی جاهلی (زهیر ن ابن سلمی) نزیکەی هەزارو پێنج سەد ساڵ لەمەوبەر دەڵێ بە شەری نێوانی عەشیرەتی (عبس و ذبیان داخ کراوەو بە دڵتەزێن ترین تابلۆی سامناک وێنەی شەڕی براکوژی کێشاوە.

بەرهەمی ئەم هەستیارە دور پاتی دەکاتەوە کە شەڕی براکوژی، کوشندەترین ئاگرە بۆ لەناوبردنی بەهەشتی ئاشتی، چونکە ئەگەر هات و برا لەگەڵ برادا نەبوو چلۆن دەستی مەرگ دەبەستێتەوەو ئاسایش تۆوی پیرۆزی لە نێوانی ئەندامانی میللەتێکدا دەچێنێ و زەمینەی ئاشتی جیهانی دابین دەکات؟!.

مێژو نۆسی ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەرنج لە رووداوەکانی بدات بۆی ساغ دەبێتەوە کە ئەم کێشەیە سەرمەدییەو هەمیشە ئەو هەڕەیە بووە کە لەبەر ئەوەی دەستەکەی لە دار دروست کراوە بۆی چوتە سەر بەربێتە دارستانەکان. ئەم جۆرە هەڕەیە دەیان بیروباوەڕ بۆ کول کردنی بەرپا بووە.

سەبارەت بە ناوچەکەمان و بە گوێرەی ئەڵقەکانی مێژوو پێویستە لەبەر دەستی بیروباوەڕی قورئانی پیرۆزدا بوەستین و بە تێشکی ئایەتە پیرۆزەکانی دەربارەی نرخی ئادەمیزادو مافی میللەتان و مەسەلەی شەڕو ئاشتی و جەنگ ئەو کێشەیە بخەینەبەر باس و بزانین وێژە لەم کۆڕەدا هەنگاو بە هەنگاو چلۆن ڕەفتاری کردووە.

ئەنجام دانی کاری وەهاش - هەروەکو لەمەوبەر ووتمان - شانی تۆژینەوەیەك بە فراوانی هەڵی ناگرێت، بۆیە لەم ڕووەوە چەند نمونەیەکی کوردستانی ئێران و فلسطین شی دەکەینەوەو بۆچوونی وێژەڕەکانی دەخەینەبەر باس.

قورئانی پیرۆز لە کەرەسەی ووشەی سەلامەوە زاراوەی (الأسلام)ی دارشتووە، بۆیە بە گشتی ووتراوە ئاینی ئیسلام ئاینی ئاشتیە.

هەروەها تێبینی دەکرێت کە لە دۆخی بەیەکا چوونی موسلمانەکان و موشریکە ئەعرابەکاندا هەوڵ دراوە کێشەکان لە ڕێگای ئاشتیەوە چارەسەر بکرین، بۆ بەڵگە لەم ڕووەوە خوای مەزن فەرمانی بە پێغمبەر د.خ داوەو فەرمویەتی!

گەواڵتنامەی کتێب

«وإن جنحوا للسلم فاجنح لها وتوكل على الله».[1]

واتە ئەگەر هات و موشریکە ئەرابەکان بەلای ئاشتیدا شکاندیان نۆش ملیی رێگای ئاشتی بگرەبەر.

ئەم ئایەتە پیرۆزە هەڵبەت ئەوە ناگەیەنێ کە ئاشت بوونەوە لە زۆرانی ببڕیدا دەشێ لەسەر خەرجی بیروباوەڕ بێت، بەڵکو هەر ئەوە دەگەیەنێ کە کێشەکانی زۆرانی بیری ئەگەر هات و لە رێگای گفتوگۆوە چارەسەرکران و بیروباوەڕی ئایینی ئیسلام لەم چارەسەرکردنەدا توشی هیچ شکشتێک نەبوو، بۆ پێغەمبەر د. خ هەیە بەم رێگایە قایل ببێت و لە پێناوی ئاشت بوونەوەیەکی ببریدا چەك دابنێ.

بەڵگەمان بۆ چەسپاندنی ئەم بۆچوونە لەوەدا وە چنگی دەهێنین کە خوای مەزن ئامۆژگاری مۆمنەکان دەکات: ئەگەر هات و دوو تاقم لە مۆمنەکان یەکتریان کوشت پێویستە ئاشتیان بکەنەوە، بەڵام ئەگەر هات و یەکێ لەو دوو تاقمە لە کەلی شەیتان نەهاتە خوارەوەو لەسەر براکوژی سوور بوو، پێویستە لایەنی تاقمی ستەم لێکراو بگرن و دەستەویەخە لەگەڵ ستەم کارەکاندا بجەنگێن، بۆیە خوای مەزن دەفەرمووێ: «فإن بغت احداهما على الأخرى فقاتلوا التي تبغي حتى تفيء إلى أمر الله».[2]

بەم پێیە ئاشت بوونەوەو ئاشتی خۆی لە خوێدا مەبەست نییە، بەڵکو هۆیەکە بۆ چەسپاندنی حەق و گەرانەوە بۆ فەرمانی خوا کە لەژێر سێبەرەکەیدا بە پێوانەی بیروباوەڕ هەموو خاوەن مافێك مافی خۆی وەردەگرێت.

وورددبوونەوە لە قورئانی پیرۆز لەم رووەوە دووبارە دەکاتەوە کە ئاشتی مل کەچ کردن و چەك دانان لە عاستی زۆرداران و ستەم کاراندا ناگەیەنێ، بگرە ئەوە دەسەلمێنێ کە بەهەشتەکەی تەنیا لە زەمینەی دادپەروەری نێوانی ئەندامانی کۆمەڵ و میللەتانی بیانیدا سەوز دەبێ. ئێمە کە لەم تۆژینەوەیەدا لە مەسەلەی ئاشتی و جەنگ دەدوێین و ئەرکی وێژە لەم کۆڕەدا دەست نیشان دەکەین پێویستە هیمابۆ ئەوە کەین کە ئایینی ئیسلام ئاینێکی جیهانییەو قورئانی پیرۆز هەرچەندە بە زمانی عەرەبی هاتۆتە خوارەوە لە پەیوەندی نێوانی میللەتان دواوەو لە دوو مەسەلەی چارەنووسیدا مافی ئەو میللەتانەی دەست نیشان کردووە؛ -

یەکەم: مەسەلەی زمان کە خوای مەزن دەربارەی فەرمووێەتی: «ومن آياته خلق السموات والارض واختلاف السنتكم والوانكم».[3]

واتە لە ئایاتەکانی خوا خولقاندنی ئاسمان و زەوی و جیاوازی زمان و رەنگەکانتانە.

کەوابوو بە دەربڕینی ئیستەمان جیاوازی زمان لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی دیی دیاردەیەکی سروشتی و ژیانی و ئادەمیزادانەیەو ئەم دیاردەیە بە پێوانەی ئایینی ئیسلام لەبەر ئەوەی ئایەتی خوایە ناشێ فەرامۆش بکرێت و هەر حکومەتێك ئەگەر هات و جلەوی چەند میللەتێکی لە قەوارەیەکی رامیاریدا گرتەدەست پێویستە لەسەرشانی جیاوازی زمانی میللەتەکان بپارێزێ، ئەمەش هەڵبەت بەوە دەبێت کە هەموو میللەتێك زمانی خۆی بەکاربهێنی و پەرەی پێبدات و لایەنەکانی لە هەموو رووبەکەوە لە کارتێکردنی بیانی دوور بخاتەوە، بۆ ئەوەی هەمیشە بە جیاوازی لە زمانەکانی ترو بمێنێتەوە.

دووەم: مەسەلەی بوون و قەوارەی میللەتە، کە خوای مەزن گرنگییەکی تایبەتی داوەتێ و فەرمووێەتی.

«ياأيها الناس إنا خلقناكم من ذكر وأنثى وجعلناكم شعوباً وقبائل لتعارفوا».[4]

ئەم ئایەتە پیرۆزە بە شێوازێکی ڕوون و ڕاستەو خۆ ڕووی دەم دەکاتە خەڵکی ئەم سەر زەوییەو پێیان ڕادەگەیەنێ کە خوای مەزن پاش خولقاندنی لە نێرۆ مێی میللەت میللەت و خێل خێل وا بۆ ئەوەی یەکتر بناسن. هێناونیەتە کایەوە تۆڕەری هاوچەرخ بەبێ ڕاقەکردن و تاویل لێرەدا بۆی هەیە پشت بە ووشەو زاراوەکانی ئەو ئایەتە

هەولێر ئامەی کتێب

پیرۆزە بیەستیو سێ ڕاستی سەرەکیی لە کۆڕی پەیوەندی نێوانی میللەتاندا لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلامەوە بچەسپێنێ:

-

1 - ووشەی (النـاس) بە واتـە فەرهەنگی یەکەی ئەوە دەگەیەنێ کە خوای مەزن حوکمی خۆی لەم ڕوەوە بۆ گشت میللەتان دەخاتە ڕوو.

2 - زاراوەی (الشعـوب) کە هەڵبـەت ماناکەی لە دیرترین زەمانەوە هەتا ئەمڕۆ گۆڕاوە ئیستا لە دەرفەتی ڕامیاریدا چەند واتاکەی جێگای مشتومڕ بێت لەوە تێناپەڕێت کە کۆمەڵە خەڵکێکە چەند تایبەتی یەکی زمانی و مێژوویی و ڕۆشنبیری و دەروونی جیـاکەرەوەی لە کۆمەڵێکی دیی هەیە.

3 - ڕستەی (لتعارفـوا) دووپاتی دەکاتەوە کە ئەو میللەتانە لەبـەر ئەوەی لەیـەکتـر جیـاوازن و خوای مەزن بە قەوارەی تایبـەت هێناونیـەتە کایەوە، بەڕۆەوندیی یان ئەوەیە کە یەکتر بناسن: یەکتر ناسینیش بە مەبەستی خۆپاراستن لە توانـەوەو لاسـایی کـردنـەوە، حوکمی خوای مەزن دەهێنێتە دیی، چونکە جگە لەم مەبەستە دڕی ئەوەیە کە خوا خەڵکی ئەم زەوییەی میللەت میللەتی جیاواز خوڵقاندووە ئەم ئایەتە پیرۆزانە بەڵای ئێمـەوە سەرچـاوەی ڕووکـاری نەتـەوایـەتی عەرەبی ڕەسـەنە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاشتی و جەنگ و ماڤـی میـللەتـان و پێـی دەکـرێ لەم ڕۆژانـەدا شان بەشانی ڕووکارە جیهانی یەکانی تر خۆی ڕابگرێت.

هەرچۆنێك بێت مێژووی ناوچەکەمان دووپاتی دەکاتەوە کە دەیان میللەت بڕوایان بە ئایینی ئیسلام هێناو چوونە ژێر ئالای قورئـانی پیـرۆزەوەو لە ئاکـامـدا چەنـد دەوڵـەتێـك پێك هاتن کە لە سنوورەکانیاندا میللەتی جیاواز جیاواز لە ڕووی زمـان و قەوارەوە خستنیـە ژێر فەرمانڕەوایی خۆیەوە، هەروەهـا لە کۆتـایی سەدەی نۆزدەیـەمـەوە لەبـەر چەنـد هۆیەکی جیاواز هەمان دیاردە بە چەشنێکی دیی ڕووی دا.

ئێمـە لەبـەر خۆ بەسـتنـەوە بە ڕێبـازو ئامـانـجی تۆڕ پنـەوەکـەمـانەوە بەر لە هەموو شتێك سەرنج لە دەوڵەتی ئیران لەم سەردەمـەدا دەدەین کە سنـوورە ڕامیـاریـیەکەی وەکـو بەندیخـانـەیـەکی گەورە بەشێك لە نەتـەوەی کوردو نەتەوەی عەرەب بە زەوی و زارەکانیانەوە ئابلۆقەداو بە قۆناغە تفەنگی فەرمانڕەوایی شاهنشاهی، ئەمجا ڕژێمی خومینی و فـارسـە ڕەگـەز پەرستـەکـان بوون بە میرو ئاغاو جەندرمەو سەربـازو بە بەرووبـوومی ئەم بارە تا هەمـوارە ئیشـا ژیـان دەبەنە سەر.

دەوڵـەتی ئیـران لەم وێنـەیـەدا فەرمـانڕەواکانی بەگشتی و خومینی یەکان بە تایبەتی لافی ئیسلامیەتی لێدەدەن بەبێ ئەوەی توسقاڵێك ئەو ئایانە پیرۆزانە بهێنێنەوە یاد کە مافی میللەتـانی ژێـر دەستـەیـان لە ڕووی زمـان و قەوارەی نەتەوایەتی یانەوە دەپارێزێن.

پرسیاریش لێرەدا ڕووی دەممان تێدەکات و دەپرسێت: تا چ ڕادەیـەك ئەو میللەتـە ژێـر دەستـانـە بە گوێـرەی بنەڕەتی یەکانی قورئانی پیرۆز هەڵوێستی خۆیان دەربارەی مەسەلەی ئاشتی و جەنگ دامەزراندووە؟

ئایا بە ناوی ئاشتی یەوە بە مل کەچی لەو لە چەمەگی ئاشتی تێگەیشتـوون و پەنـایـان بردۆتـەبەر چەك و جەنگی دادپەروەرانەوەو شۆڕشیان بەرپاکردووە؟

بۆ وڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە دووپاتی دەکەینەوە کە ئەم میللەتانە هەمیشە ڕاپەڕیون و شۆڕشی خوێناوییان بەرپاکردووە.

جگـە لەمـەش بە بۆنـەی جەنگی (قادسیەی صدام)ەوە بێگومان دەرفەت بۆ گشت میللەتانی ئیران هاتۆتە کایەوە بۆ ئەوەی ڕاپەڕن و دەرگای بەندیخانەکەیان بشکێنن.

سەرکردایـەتی عیـراق - هەروەکـو تێبینی دەکـەین - کە هەڵـوێستی خۆی لەم کۆڕەدا دەنـوێنێ زاراوەی (الشعـوب

هەوڵنامەی گشتی

الایرانیة) بەکار دەهێنێ، ئەم زاراوەیە مەسەلەیەکی ئایدۆلوجی و بیرۆباوەڕی دەهێنێتە کایەوە و بوارمان دەداتێ کە بە گوێرەی باری ڕۆشنبیری و ئابووری و کۆمەڵایەتی بەندیخانە گەورەکەی ئێران بڵێین: ئەم بارە پێی نەکراوە میللەتێکی ئێرانی یەکدگیر پێك بهێنی و خەباتی ئەم میللەتە لەسەر بناغەی چینێکی ئێرانی یەکگرتوو ڕابەری بکات.

وێژەی کوردی هەرچەندە لەم ڕۆژانەدا تا ڕادەیەکی زۆر پێی نەکراوە سوود لە جەنگی (قادسیەی صدام) وەربگرێت و ئەو ڕاستیە بکا بە هەوێنی خەملاندن و گەیشتنی بە ڕادەی فەلسەفەی ئایدۆلوجی و بیرۆباوەڕی کە نساوەرۆکی وێژەی میللەتە ستەم لێکراوەکانە، بەڵام ئێمە لە تۆژینەوەیەکماندا بەناو نیشانی (هونەری کورتە چیرۆکی کوردی و جەنگی قادسیە صدام)[5] سەرنجمان بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە ئەم وێژەیە توانای ئەوەی هەیە بە هۆی هونەری چیرۆکەوە بیێ بە ئاوێنەی ئەتەوەی کوردو چیرۆك نووسەکانمان لە بابەتی لاسایی کەرەوە لابدەن و ئێش و ئازارو ئاواتی ئەتەوەکەیان بکەن بە هەوێنی هونەری چیرۆك نووسینی ئایدۆلوجی.

هەروەها بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر لە هەمان ڕوانگەوە تۆژینەوەیەکمان بەناو نیشانی (خەباتی چینایەتی لە چیرۆکی پێشمەرگەدا). بە دوو بەش[6] دەربارەی ڕۆمانە بەناوبانگەکەی دکتور رحیم قازی (پێشمەرگە) نووسیوەو بۆ چوونەکانی ئێستامان بە بۆنەی جەنگی (قادسیەی صدام)ەوە چەسپاند.

ئێمە کە بەتیشکی بیرۆباوەڕێکی تایبەتی لە ڕووی ناوەرۆك و ڕوخسارەوە ئەرکی شەرشانمان وەکو ڕەخنەسازێك بەدی هێناوەو بەدی دەهێنین، دووپاتی دەکەینەوە کە پێویستە وێژە لە ژیانی ڕۆشنبیری و شارستانیەتی و هەڵوێستی ڕامیاری و بزوتنەوەی مێژووی ناوچەکەمان و جیهان جیانەکەینەوە.

هەروەها پێویستە بە دەق و ڕووداوەکان نەبێت، بیرۆباوەڕ بیردۆزانە هەڵنەسەنگێنن و بادەی لایەنگیری و دەمارگیری بۆ کەس نەگێڕین.

خوێنەرە لاوەکان و ئەوانەی بیریان لاوازە ڕەنگە بۆچوونەکانمان مێژوویانە تێ نەگەیشتبن و لە لقەکانیان هەنگاو بە هەنگاو شارەزا نەبن و وابزانن کە ئێمە لەم کۆڕەدا تازە دەوڵەمەندین.

سەرئەنجام بابزانین دکتور رحیم قازی چۆن خەباتی میللەتی کوردی لە کوردستانی ئێراندا وێنە کێشاوەو چۆن لە ڕەوتی فەلسەفەی ئەم خەباتە تێگەیشتووە؟

دکتور رحیم قازی کە ڕووداوەکانی سەرەتایی سالانی چل هونەرمەندانە دەگێڕێتەوە وەکو بۆچوونی ئیستای سەرەتایی سالەکانی هەشتا هیچ دان نانێت بە سنووری ئێراندا کە ئیمپریالیزم بۆ ئاغا فارسەکانی کێشاوەو لە دۆزەخەکەیدا بەشێك لە نەتەوەی کوردو نەتەوەی عەرەب و چەند نەتەوەیەکی دیی بەندکراون و زەوی و زارەکانیان داگیرکراوە بۆیە ئەم نووسەرە لە چیرۆکەکەیدا ووشەی ئێران یان گەلی ئێران بەکارناهێنی، بەڵکو هەمیشە ووشەی گەلی کوردستان بەکاردێنی و دەڵی: «گەلی کوردستان تفەنگ و دەمانچەو شێست تیری وە دەست کەوت».[7]

دکتور رحیم قازی کە بەو جۆرە لە سنووری ئێران و هەرێمی کوردستان تێدەگات، ئامانجی ئەوەیە کە گەلی کوردستان وەکو گەلێکی دەست بەسەرا کێشراو لەلایەن فارسەکانەوە پیشان بدات.

با ئەم چەند دێرە بخوێنینەوە کە دەڵێن:

«ئەفسەرەکانی تری لای سەرهەنگ... هەر کەسەی ئاکارە خراپەکانی خۆی دەرهەق بە گەلی کوردستان دەرهێنا..».[8]

کەوابوو خەباتی میللەتی کورد خەباتێکی نەتەوایەتی و کێشەکەشی کێشەیەکی ژیانییە لە نێوانی جەماوەری کوردستان و فارسە ڕەگەز پەرستاندا، بۆیە نووسەرەکەمان زیاتر ئەم مەسەلەیە دەخاتە ڕوو و دەڵێ: «جا وەرە

هەوالنامەی کێبڕکێ

تاریکەشەو بێ ئەو ئەفسەرانەی ئەرتەشی شاهنشاهی کە لە خراپەو دوژمنایەتی بەدەر هیچ کارێکی دیکەیان لەگەڵ کوردان نەکردبوو. بە کێوو شاخی کوردستان دا بڕۆن و کوردی چەکداریان لەبەر چاو بێت». (9)

دەربڕینی (لەشکری شاهنشاهی) کە بەو جۆرە نووسەر بەکاری هێناوە رووتی دەکاتەوە کە دەوڵەتێك بەناوی ئێرانەوە سنوورەکەی بە زەبری قۆناغە تفەنگ نەبێت خۆی ناگرێت.

بۆیە ئەم نووسەرە سەرنجمان بۆ مەسەلەی جیاوازی زمانی کوردیو زمانی فارسی لەم بەیەکا چوونەدا رادەکێشێ و دەڵێ: «ئەو لاوە لادێیەی کوردانەی کە بۆ خزمەتی ئیجباری دەبران هەر لە رۆژی هەوڵەوە لەبەر ئەوەی کە زمانی فارسی نازانن لەگەڵ شەق و پێلاقەو قامچی و جنێوی ئەفسەرەکانی فارسی زمان روبەروو دەبن». (10)

هەروەها دەڵێ: «میرزا قوتیاس لە دەست شیدارەکانی دەوڵەتی بە تایبەتی لە دەست ژاندارم و پولیس و ئیدارەی سەربازگیری، هێندەی عەزاب و کوێرەوەری و چەرمەسەری و نالەباری دیتبوو کە رقی دنیای لێ هەڵگرتبوون ئەو بە چاوی خۆی دیتبوی کە کاربەدەستانی دەوڵەت بە چ جۆرێك سوکایەتی نەتەوەکەی و زمانەکەی و داب و رێ و شوێنی وولاتەکەی دەکەن». (11)

دکتور رحیم قازی بەم دوو دەقە بە زەقی وێنەی ئەوە دەکێشێ کە جگە لە نەتەوەی کورد زمانی کوردیش لەلایەن فارسە رەگەز پەرستەکانەوە لە مەترسیدا بوو فارسەکان بە سووکی تەماشای زمانی کوردیان دەکردوو جەماوەری کوردیش، زمانی فارسییان نەدەزانی.

بەم پێیە چیرۆکی پێشمەرگە بەوردی قەوارەی میللەتی کوردو زمانی کوردی پاراستووەو هەڕەشەی فارسەکانی لەم رووەوە وێنەکێشاوەو پیشانی داوە کە فارسە رەگەز پەرستەکان لەبەر هیچ هۆیەك مل کەچی بنەڕەتی مرۆڤایەتی نەبوون.

لەبەر تیشکی ئەم ڕاستییەدا دکتور رحیم قازی فەرمانڕەوا فارسەکان بە داگیرکەرانی کوردستان دەزانێ، بۆیە خەباتی میللەتی کورد بە بزوتنەوەیەکی رزگاری لە چنگی ئیستعماری فارسی لە قەڵەم دەداو دەڵێ: «لە هەرەتی زستانە سەختەکەی ساڵی 1945ی زاینیدا لەلایەن پێشەواوە ئەمر درا کە هێزی پێشمەرگە بۆ رزگاری مەڵبەندی سەقزو دیواندەر لە چنگ هۆردوی داگیرکەران دەرکەن». (12)

ئێمە بەم کورتە تۆژینەوەی (خەباتی چیایەتی لە چیرۆکی پێشمەرگەدا). بابەتێکی بیری و رەخنەسازی دەبۆژێنێتەوەو دەیسەلمێنین کە دەوڵەتی ئێرانی دەست کرد، دوو بنەڕەتی فەراموش کردووە:

یەکەم: بنەڕەتی پاراستنی جیاوازی زمانی میللەتەکانی.

دووەم: پاراستنی جیاوازی قەوارەی ئەم میللەتانە.. وێژەی کوردی لەم رۆژانەدا بەداخەوە وەکو پێویست شوێن پێی چیرۆکی پێشمەرگەی دکتور (رحیم قازی)ی هەڵنەگرتووەو تا رادەیەك پێی نەکراوە باری کوردستانی ئێران لە دۆزخی رژێمی خومەینیدا وێنە بکێشێ و لەبەر تیشکی ئایدۆلوجی و بیروباوەڕی نەتەوایەتیدا ئەرکی خۆی بەدی بهێنێ، بۆیە لەم تۆژینەوەیەدا بۆ چەسپاندنی لێکدانەوەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز دەربارەی مەسەلەی ئاشتی و جەنگ و جیاوازی زمان و قەوارەی میللەتان بە دەقی وێژەیی پەنا دەبینەبەر وێژەی بەرگری کاری فلسطینی. ئەم وێژەیە هەڵبەت لە بیروباوەڕی رەسەنی ئەم سەردەمەی نەتەوەی عەرەبەوە هەڵقوڵاوە کە ڕەگ و ریشەی دەگەڕێتەوە سەر قورئانی پیرۆز.

جا بۆ ئەوەی هیمابکەین بۆ جیاوازی ئەم بیروباوەڕە لەچاو بیروباوەڕە هاوچەرخەکانی دی کە دەربارەی ئەو کێشانە بۆچوونی خۆیان هەیە، لە بزوتنەوەی هۆگراوەی بەرگری کاری فلسطینی و هەڵوێستی هەستیارەکانی دەکوڵینەوە کە بە ووشەی پەیامدار دەستەو یەخەی صهیۆنیەت دەجەنگین.

ئاشکرایە کە دەوڵەتی ئیسرائیل دەستکردی ئیمپریالزمەو قەوارەکەی لەسەر زەوی و زاری فلسطینی عەرەبیدا بە قۆناغە تفەنگ بنیات نراوە.

سەرەرای ئەم بارە ناسروشتیی یە زۆربەی دەوڵەتانی رۆژهەلات و رۆژئاوا دانیان پێدا ناو بە دەوڵەتێکی شەرعی لە ساڵی 1947ی زایینی لە دەستەی دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا وەرگیرا.

هەروەها ئاشکرایە کە بەشێك لە میللەتی فلسطینی لە چوارچێوەی ئیسرائیلی دەستکردا مایەوەو رۆڵەکانی دڵیان نەدەهات زەوی وزاری باوباپیریان بەجێ بهێڵن و لەپێناوی ئەوەدا شەو و رۆژ بادەی ستمکاری و کوێرەوەری بنۆشن.

فەرمانڕەواکانی دەوڵەتی ئیسرائیل دیارە بە مەرجێك لەم بارە چاوپۆشی کە ئەم عەرەبە فلسطینیانە بە دانیشتوانی دەوڵەتەکەیان بناسرێن و ببن بە هاوتیشتمانی ئیسرائیلی.

قەوارەی داتاشراوی ئیسرائیل کە بەم جۆرە پێك هات بەرەنگاری دەیان کێشەی زمانی و رۆشنبیری و کۆمەلایەتی و ئابووری و رامیاری بوو و کۆمەڵە ناسازەکەی وەکو دەریایەکی بەجۆش ئوقرەی نەدەگرت.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخە ناسروشتیی یە لەبەر دەستی ئەندام و کۆمەڵەو جڤات و پارتەکانیدا سێ رووکاری ئایدۆلۆجی و بیروباوەڕیدا ساز بکرێت.

یەکەم: رووکاری دیمکراتی رۆژئاوایی کە پەیرەوی کەرەکانی رووکەشانە بڕوایان بە سەربەست هەبوو چالاکی ئابووری سەربەستیان بە تاقە رێگای پەرەسەندنی کۆمەڵی ئیسرائیلی دەزانێ.

دووەم: رووکاری خەباتی چینایەتی چەپگەری کە هەڵگرانی دروشمەکەی سەرکەوتنی چینی کرێکاری دەوڵەتی ئیسرائیل بە عەرەب و جولەکەوە. بە دەرمانی هەموو دەردێکی میللەتی ئیسرائیلیان لە قەڵەم ئالای ئەم سەرکەوتنەدا عەرەبە رۆشنبیری و ئابووری و رامیاریان مسوگەر بکەن.

سێیەم: رووکاری خەباتی نەتەوایەتی عەرەبی کە خەباتگێڕەکانی دانیان بە دەوڵەتی دەستکردی ئیسرائیلدا نەدەناو بە هیچ جۆرێك خۆیان بە بەشێك لە میللەتی ئیسرائیلی نەدەزانی.

ئەم سێ رووکارە لێرەدا جێگای شی کردنەوەی لایەنەکانی نابێتەوە، بەڵام تا پێمان دەکرێ لەمەودا لە هونراوەی عەرەبێندا هێمنایان بۆ دەکەین و بە دەقی ئەم هونراوەیە وڵامی سێ پرسیاری سەرەکیی دەدەینەوە!

یەکەم: -

ئایا لە رێگای رێخراوە ئیسرائیلییەکانەوە چ وێژەیی بن چ رامیاری، میللەتی عەرەب لە دۆزخی سنووری دەوڵەتی ئیسرائیلدا دەتوانێ مافی خۆی وەچنگ بهێنێ؟.

دووەم: -

چەمەکی ئاشتی و جەنگ دەبێ لەسەر چ بنەرەتێکی ئایدۆلۆجی و بیروباوەڕیدا ساز بکرێت.

سێیەم: -

هونراوەی عەرەبی فلسطینی پێویستە چۆن لەم کۆرەدا رەفتار بکات؟.

جولەکەکان هەمووبان و تاقمێکی عەرەبی خۆ فرۆش بە گوێرەی رووکاری چینایەتی و بیری و رامیاریان مل کەچی خواستی سەرکردایەتی دەوڵەتی ئیسرائیل بوون و بەسەر رێکخراوە ئیسرائیلییەکاندا دابەش بوون کە بوونیان بە فەلسەفەی یەکێتی میللەتی ئیسرائیل هاتبووە کایەوە.

عەرەبە خەباتگێڕو رووناك بیرەکان بەم حاڵە قایل نەبوون و تێدەکۆشان رێکخراوی عەرەبی لەسەر بناغەی جیاوازی هەموو لایەنەکانی ژیانیاندا پێك بهێنن و لە

هەوڵنامەی کتێب

ڕێگای ئەم جۆرە ڕێکخراوانەوە بجەنگێن.

ڕەخنەسازی فلسطینی دەربارەی ئەم مەسەلەیە لە کۆڕی وێژەدا سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشێ کە وێژەرە فلسطینیەکان دوو کۆمەڵ بوون: -

یەکەم: کۆمەڵی وێژەرە خۆپەرستەکان کە لەبەر پارووێک نان و بەرژەوەندی ژیانی کەسی و خێزانیان دەستیان بە کڵاوی خۆیانەوە گرتبوو بە هیچ جۆرێک تووخنی بابەتی ڕامیاری و بیری و ئایدۆلوجی نەتەوەکەیان نەدەکەوتن، لە مەیانی هونەراوەدا خۆیان بە ناوەرۆکی دڵداری و وصفی سروشت و گریان لە دەست گەردوون خەرێک کردبوو.

لە هونەری چیرۆکدا چەند تکنیکی نووسینەکانیان هونەری بێت، پێنوسەکانیان بە کاروباری ڕۆژانەو بابەتی تقلیدیەوە گیرۆدە بوون و لە ڕوانگەی فەلسەفەیەکی نەتەوایەتی یەوە هیچ بەرهەمێکیان لێ نەدەوەشایەوە، بۆیە ئەم کۆمەڵە وێژەرانە هەرچەندە بە زمانی عەرەبی لاپەڕەیان ڕەش کردۆتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا بە وێژەری عەرەب لە قەڵەم نادرێن.

دووەم: کۆمەڵی وێژەرە خەباتگێڕەکان کە سەرەڕای هەمو و دەرفەتە دژوارەکانیان شەرەفی ووشەی پیرۆزیان پاراست و هەموو بەرهەمێکیان لە ڕوانگەی ڕووکاری نەتەوایەتی یانەوە بە عەرەقی ناوچەوان و خوێنی دڵ نووسیی یەوە:

ئەم وێژەرانە بۆ بەکەستنی بۆچوونیان لە ڕووی بیروباوەڕو چۆنیەتی ئیش کردنەوە ڕێخراوێکی وێژەیی یان پێک هێنا بە ناوی (رابطة للشعراء العربية)وە.[13]

چالاکی ئەم ڕێکخراوە تا بڵێیت بەرین و کاریگەر بوو، چونکە شانۆی ئیش کردنی لە گوندو دێکانی زەوی وزاری فلسطینی داگیرکراودا ڕێک دەخرا. باشترین نموونە بۆ ئەم چالاکی یە میهرەجانەکەی (کفرياسف) بوو کە لە ڕۆژی 14ی تەموزی سالی 1957ی زاینیدا گیراوو دوانزە هەستیاری فلسطینی نەتەوە پەرست بەشداری یان تێداکرد.

ڕۆشنبیرە عەرەبەکان کە هەستیان بە نرخی ئەم ڕێکخراوە کرد لە دەوری خڕ بوونەوەو بڕیاریان دا ئاسۆی ڕێکخستن و ئیش کردنی فراوان بکەن.

سەرئەنجام لە ڕۆژی (15)ی ایلولی سالی 1957ی زایینی کۆبونەوەیەکی فراوانیان بەست و بڕیاریان دا ناوی (رابطة الادباء والمثقفين العرب) لەو ڕێکخراوە بنێن بۆ ئەوەی جگە لە هەستیارەکان نووسەرو ڕۆژنامە نوسەکانیش بگرێتەخۆی.

ئەم جموجۆڵە ئاکامی دوو هۆی سەرەکەیە: -

یەکەم - دووپات کردنەوەی جیاوازی زمانی عەرەبی و میللەتی فلسطینی لە زمانی عبری و کۆمەڵی جولەکەکان.

دووەم - سوورببون لەسەر بوونی سەرکردایەتی عەرەبی لە هەموو ڕێکخراوێکدا.

کاربەدەستە ئیسرائیلیەکان کە شارەزای مێژووی بیروباوەڕی نەتەوایەتی عەرەبن، بەڕاستی مەترسی یان لەم ڕێکخراوە کردوو بە هەموو توانایەکیانەوە بەربەرەکانیان کرد، بۆیە لە سەرەتای سالی 1960ی زانیبدا لە جموجۆڵ کەوت. ئەمە لە لایەکەوە لە لایەکی تریشەوە ئەو کاربەدەستانە لەم تاقی کردنەوەیەدا بۆیان ساغ بووەوە، ئەگەر وێژەرە فلسطینیەکان جۆرە ڕێکخستنێکیان نەبێت دەست لە دووبارە کردنەوەی پێکهێنانی ڕێکخستنێکی ڕاستەقینە هەڵناگرن، بۆیە لەگەڵ ئەم وێژەرانەدا دەرگای گفتوگۆیان کردەوەو بە بەڵێن و قسەی شیرین تاقمێک لە ڕاڕاو خۆپەرست و هەڵپەرست و خۆفرۆشیان پێک هێناو لە دائرەی وێژەیی لە (الهستدروت)دا مێشک و ویژدان و هەست و نەستیانی پەت کرد.

حبيب القهوەچی یەکەیەکە ناوی ئەم تاقمەی تۆماری کردەوەو گێڕاویەتی یەوە کە چۆن لەبەر دەرگای (صندوق الكتاب العربي)دا چۆکیان داداوەبۆ چاپکردنی بەرهەمە لاوازەکانیان ماستاویان بۆ داگیرکەران سارد دەکردەوەو لە

مهرەجانی یادکردنەوەی دەیەمی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلدا شەرەفی ووشەی پیرۆزیان پێشێل کرد.

بنەرەتی یەکانی قورئانی پیرۆزو نەریتی نەتەوەی عەرەبی دێرین و هاوچەرخ هەڵبەت لەو ... تاقمە بێ بەری بەو بزوتنەوەی مێژووی خەباتی وێژەرە راستەقینە فلسطینی یەکان بەڵگەیەکی زیندووەو دووپاتی دەکاتەوە کە ئەو بنەرەتی یانە لەشادەماریاندا قوواڵپ دەدات، بۆیە ئێستی دەکەین کە ئەم وێژەرە راستەقینانە چەکی ووشەی عەرەبی یان دانەناوە هەر یەکێکیان لە ڕێگایەکی گونجاوەوە بۆ مافی نەتەوەکەیان دەجەنگا.

تۆژینەوەکەمان بۆ شی کردنەوەی ئەرکی وێژەی نەتەوایەتی لێرەدا پێویستە سەرنج لە هەستیارە بەرگری کارەکان بدات کە پێشەواکانیان لەبەر چەند هۆیەك قایل بوون بچنە ڕیزی بزوتنەوەی چەپگیری ئیسرائیلی یەوە.

مامۆستا خالد مصطفی [19] لەم ڕووەوە دووپاتی دەکاتەوە کە پارتی کۆمەنستی ئیسرائیل تاقە هەڵبژاردنی بزوتنەوەی بەرگری کاری فەلسطینی لە زەوی و زاری عەرەبی داگیرکراودا بوو.

هەروەها باسی دەکات کە چ کاتێك و چۆن هەستیارە پێشەوا بەرگری کارە فلسطینی یەکان محمود درۆیش و سمیح القاسم و توفیق زیاد بوون بە ئەندام لەم ڕێخراوە ئیسرائیلی یەدا.

هەروەکو لە سەرەتای تۆژینەوەکەماندا دووپانمان کردەوە کە مەبەستمان ئەوە نی یە بیروباوەڕێك بیردۆزانە شی بکەینەوە پەنا دەبەینەبەر بەرهەمی ئەو هەستیارانە بۆ ئەوەی بزانین چۆن هەمیشە لە مەسەلەی خەباتی چینایەتی و ئاشتی و جەنگ تێگەیشتوون و بە چ جۆرێك ناوەرۆکی هەڵبەستەکانیان لەم سەرچاوانەوە هۆنیوەتەوە.

محمود درۆیش لە هەڵبەستێکدا بە ناونیشانی (سروودی پیاوەکان) بروای خۆی بە دۆستایەتی مرۆڤایەتی وێنە دەکێشێ و دەڵێ: -

هەموو ڕاپەڕینێك لە جیهاندا دەمان جوڵێنێ
هەموو جوانێك لەم سەر زەوی یەدا ماچمان دەکات.
هەموو باخچەیەك لەم ئەرزەدا دەنکە گەنمێکی
لێ دەخوێن.
هەموو هەتیوێك ئەگەر هات و بانگی
کردین دەچین بە دەنگیی یەوە لە هەر
کوێیەك بێت.

هەستیارەکەمان لەم وێنەکێشانەدا لە ڕوانگەی بنەرەتی یەکێتی بەرژەوەندی چارەنووسی میللەتانەوە هەست و نەستی خۆی دەچەسپێنی.

ئەم بنەرەتی یە هەڵبەت نیشانەی خێرمەندانی ئەم چەرخەیە، بەڵام مێژوونووسی کە لە ڕەگ و ریشەی ئەم بنەرەتی یە لەلای هەستیارێکی عەرەبدا دەکۆڵێتەوە بۆی هەیە سەرنج بۆ قورئانی پیرۆز ڕابکێشێ کە هەزارو چوار سەد ساڵ لەمەوپێش دروشمی یەکتر ناسینی میللەتانی بەرز کردۆتەوە بەیەلماندویەتی کە هیچ میللەتێك لەوی تر چاکتر نی یە.

محمود درۆیش لە هەمان هەڵبەستدا هێما بۆ بنەرەتی یەکی دی لە ڕووکاری فەلسەفەی نەتەوایەتی عەرەبی دەکات و دەڵێ: -

«لە پاسەوانی بەندیخانەمان بگرە
بۆ هێزی دوژمن مل کەچ مەبە
شیرینی بیروباوەڕ.
تاڵی ژاڵە دەتوێنێتەوە».

قسەبۆکراو لەم دێرانەدا میللەتی فلسطینی یە، محمود درویش داوای لێ دەکات لە دوژمنەکەی، کە جولەکەیە مان بگرێت و بە چەکی بیروباوەڕەوە دەستەویەخەی بجەنگێ.

ئەم داواکردنە دوو ڕاستیمان بۆ ڕچاو دەکات: -

یەکەم: قایل نەبوون بە ستەمکاری بە ناوی ئاشتی و ئاسایشتەوە کە دیسانەوە یەکێکە لە بنەڕەتی یەکانی قورئانی پیرۆز دەرحەق بەم مەسەلەیە.

دووەم: بەکارهێنانی ڕەمزی (پاسەوانی بەندیخانە) بۆ پەردە ڕامالێن لەسەر ڕەگەز پەرستی ئیسرائیلی یەکان کە بەبێ جیاوازی باری کۆمەڵایەتی، بەرژەوەندییان بەندکردنی عەرەبە فلسطینی یەکانە.

محمود درویش لە هەڵبەستێکی تری‌دا ڕاناوی کۆی مخاطب بەکار دەهێنێ و ڕووی دەم دەکاتە داگیرکەرە ئیسرائیلی یەکان دەڵێت:

هەر چوار پەڵم تووند بەستنەوە
دەفتەرو جگەرەم لێ قەدەغە بکەن
دەمم لە خوڵ پڕ بکەن
هۆنراوە خوێنی دڵمە
هۆنراوە خوێی نانمە
هۆنراوە ئاوی چاومە

هۆنراوە بە نینوک، بە چاو بە خەنجەر دەنووسرێتەوە.
من هۆنراوە هەمیشە دەڵێمەوە
لە بەندیخانەدا، لە گەرماودا
لە تەویلەدا لەژێر زەبری قەمچیدا
بەدەست بەستراوی و زنجیر بەملەوە
من هەمیشە هۆنراوە دەڵێمەوە
من هەمیشە هەڵبەست دەهۆنمەوە
هەزار چۆلەکە بە دەرخستی دڵمەوە
هەزار ئاواز دەخولقێنن»

ئەم وێنەیە - بەبێ مشتومڕ - زۆرانی نێوانی میللەتی عەرەب و گشت جولەکەکان بە تووندی پیشان دەداو بە هەڵوێستیان لە هۆنراوەی عەرەبی دووپاتی دەکاتەوە کە ئەمانە نایەنەوێ هۆنراوەی ڕەسەنی بەرگری‌کار لە دایك ببێ، چونکە ئەم جۆرە هۆنراوەیە ئاوێنە هەموو جیاوازیەکانی میللەتی عەرەبە لە جوولەکەکان، جوولەکەکانیش دەیانەوێ ئەم جیاوازیانە بە هەر جۆرە یەکێتی یەکی ئیسرائیلی بێت: یەکێتی نیشتمانی بێت یان یەکێتی چینایەتی لە ناوی بەرن.

هەستیاری بەرگری‌کاری فلسطینی سمیح القاسم زیاتر ئەو زۆرانە بە ڕوونی لە هەڵبەستێکدا بە ناونیشانی (دەمەتەقەیەك لەگەڵ کابرایەکدا) دەخاتە ڕوو و دەڵێ: -

«کابرا: ڕۆما سوتاو بوو بە خۆڵەمێش.
هەستیار: نەخێر ڕۆما نەمرەو نیرۆن مرد.
کابرا: ڕۆما هەرگیزاو هەرگیز لە شعرەکانت تێناگات.
هەستیار: ڕۆما لە شعرەکانم تێدەگات و هەرچیم ووتوە لەبەریەتی.
کابرا: ڕۆما ژیەکانت دەپچڕێنی و ئاوازەکانت دەخنکێنی.
هەستیار: ئاوازەکانم لە دڵمەوە هەڵدەقوڵێن.
کابرا: ئەوە چیە لەناو دەستدا؟
هەستیار: مشتێ گەنمە.
کابرا: چی لە سنگتدا هەیە؟
هەستیار لە سنگمدا وێنەی، بریندارێك هەڵگەندراوە.
کابرا: لە دەم و چاوتدا ڕەنگی کینەو بووغز دیارە.
هەستیار: لە دەم و چاومدا ڕەنگی زەوی دیارە.
کابرا: شمشێرەکەت بکە بەر گاسنێك.
هەستیار: جەنابت هیچت لە زەویەکەم بۆ بەجێ نەهێشتووم. ئیتر چی کارێکم بە گاسن هەیە؟!».

هەروەکو ئاشکرایە ڕوویەری زۆران لە نێوانی عەرەب و جولەکەدا زۆر فراوان و بەرێنە، دەیان کێشەی مێژوویی و ڕۆشنبیری و زمانی و چۆنیەتی خەبات و چارەنووسی نیشتمان دەچەسپێنێ و دووپاتی دەکاتەوە کە بەرژەوەندی عەرەب و جولەکە لە دەوڵەتی ئیسرائیلدا ئاسمان و ڕێسمانە.

هەوڵنامەی کتێب

پرسیاری گرنگ لێرەدا رووی دەمەان تێدەکات و دەپرسێت: بۆچی سمیح القاسم کەسایەتی ئەم جولەکەیەی ئاشکرا ئەکردووەو ووشەی (کابرا)ی بەکارهێناوە؟!

بەڵای ئێمەوە هەستیارەکەمان ویستوویەتی بە ووشەی کابرا دوویاتی بکاتەوە کە هەموو جولەکەیەك بەو چەشنە رقی لە عەرەبە، ئەگینا دەیتوانی لەبری ووشەی کابرا ووشەی سەرمایەدارێك یان دەرەبەگێك بەکاربهێنێ.

توفیق زیاد لە هەڵبەستێکدا بەناونیشانی (بەیان نامەکان دەسووتێن) هەڵوێستی خۆی دەربارەی دروشمی دۆستایەتی و برایەتی و ئاشتی کە بیردۆزانە لە بەیان نامەکاندا دەنووسرێنەوە دەخاتە روو و دەڵێ: -

«ئەی هاوڕێیانی خەبات
میللەتەکەم بە فرمێسك دەژی
لە دڵ و سەنگیدا برین لەسەر برینە
وڵاتەکەم... هەموو بستێکی جاماوەر
بەخوێن ئاوی دەدەن.
خوێنی منیان ڕشت
بەشکو خیانەت بکەم، بەشکو بی‌فرۆشم
بە برسێتی ئابڵوقەم دەدەن.
بە کوشتن تیر بارانم دەکەن
بەژێر دەستی و هەڕەشە دەمخنکێنن».

هاوڕێیانی خەبات کە بەم جۆرە هەستیارەکەمان باری خوێی و میللەتەکەی و نیشتمانەکەی و هەڵوێستی دوژمنە جولەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە، ڕەنگە بڕوا بەوە بهێنن کە دروشمی بیردۆزانە قسەی ڕووتەو قسەش ناچێتە ناو گێرفانەوە.

کەوابوو میللەتی فلسطینی نایێ بە سنووری ئسرائیل قایل ببێت و لە هێلانەی ئاشتی چاوبنوقێنێ، بەڵکو دەبێ بەسکە خشێشی بێت خۆی لە داوی سرکردن و تەزاندنی گیانی شۆڕشی رزگار بکات و بە روناکی بنەڕەتی یەکانی فەلسەفەی نەتەوایەتی شەوەزەنگی ژیان ببڕێت و ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتی فلسطینی عەرەبی سەفراز بهێنێتە دی.

هۆنراوەی بەرگری‌کاری فلسطینی بەم شی‌کردنەوەیە ئاشکرایە کە ئەرکی خۆی ئەنجام داوەو سەلماندوویەتی کە بە ڕاستی بەرهەمی ڕۆڵەی بەوەفاو خەباتگێڕو میللەتێکی ستەم لێ کراو.

بەربڵاوی ئاسۆی ناوەرۆکی تۆزینەوەکەمان و کەمی دەقەهێنراوەکان لە وێژەی کوردی بە تایبەتی پێویست دەکات ئەم سەر ئەنجامانەی خوارەوە بچەسپێنین: -

یەکەم: مەسەلەی ئاشتی و جەنگ لە قورئانی پیرۆزدا شۆڕشگێڕانە چەسپاوەو زەمینەیەکی بەپێتی بۆ خەملاندنی هەموو بۆچوونێکی هاوچەرخ لەم ڕوانگەیەوە ساز کردووە.

دووەم: میللەتان سورشتیانە جیاوازی زمان و قەوارە لە هەموو هێزێکی توێنەرەوە دەیان پارێزی و هاوکاری نێوانیان لە سوود وەرگرتن لە یەکتر دێتەکایەوە.

سێیەم: وێژەی کوردی لە کوردستانی ئێراندا نموونەیەکی هەیە بۆ وێنەکێشانی چۆنێتی خەبات دژ بەو فارسە ڕەگەز پەرستانە کە بە ناوی یەکێتی نیشتمان و یەکێتی ئایین دەیانەوێ بیان تۆێننەوە.

چوارەم: هۆنراوەی بەرگری‌کاری فلسطینی لە دەوڵەتی ئیسرائیلی دەست کردا لە ڕووی چۆنێتی و چەندەوە باشترین ئاوێنەیە بۆ چەسپاندنی چەمەگی ئاشتی نێوانی میللەتان و بەرپاکردنی جەنگ دژ بە دوژمنان.

پێنجەم: لەدایك بوونی چینی کرێکارو چینەکانی دی دیاردەیکی سروشتیەو ئەم دیاردەیە لە قەوارەی هەموو میللەتێکیدا بەگوێرەی یاسای ژیان ڕوو دەدات.

شەشەم: بەرژەوەندی چینەکانی میللەتێك لەگەڵ بەرژەوەندی چینەکانی میللەتێکی دی دژ یەکن ئەگەر هات و لە مێژووێکی ڕامیاری دەست کردا ئەو میللەتانە بە

هەوڵنامەی کێبڕکێ

بۆ یاداشتی عیراق و

ناوچەکە لە داگیرکردن و

شێواندن دە جەنگین

هەوالنامەی کێتێ

زۆرەملی خر کرابـــوونـەوەو ئەم کارە بۆ سوودی ناقمێك لە میللەتێکی دەستەلاتدار ئەنجام درابوو.

سەرچاوەکان

1 ـ سورة الانفال/ الاية 61.

2 ـ سورة الحجرات/ الاية 9.

3 ـ سورة الروم/ الاية 22.

4 ـ سورة الحجرات/ الاية 49.

5 ـ بەیان ژمارە 96ی مایسی سالی 1984.

6 ـ بەشی یەکەم لە رۆژنامەی (رۆژی نوێ) سالی (2) مارتی 1961ی زایینی ژمارە (1)/ ل 7 بەشی دووەم لە هەمان گۆڤارو هەمان ساڵدا مانگی مایسیو ژمارە (2)دا بڵاوکراوەتەوە.

7 ـ چیرۆکی پێشمەرگە: دکتور رحیم قازی/ ل 58.

8 ـ هەمان سەرچاوەی پێشو/ ل 66.

9 ـ هەمان سەرچاوەی پێشو/ ل 64.

10 ـ هەمان سەرچاوەی پێشو/ ل 64.

11 ـ هەمان سەرچاوەی پێشو/ ل 96.

12 ـ هەمان سەرچاوەی پێشو/ ل 142.

13 ـ بروانە کتێبی (الشعر الفلسطینی الحدیث/ خالد علي مصطفی/ ل 195.

14 ـ بروانە هەمان سەرچاوەی پێشو/ ل 247.

لایەنێکی مێژوویی پەیوەندیکانی

نێوانی عیراق و ئێران و

بەنگی قادسیەی صدام

- مولود سورچی -

هەموو گەلێکی ئازادیخوازی ئەم سەردەمینە، هەر یەکە لە ئاستی خۆیدا، بەرامبەر بە پاراستن و بەرگری‌کردن و قوربانیدان لە پێناو سەربەرزیی ئەو خاك و نیشتمانەی بۆ یەکەم جار چاوی تیا هەڵهێناوەو بە ئاوو هەواکەیەوە پەروەردە بووەو تیا گۆش کراوە، لێپسراوە.

تێکۆشان و خۆنەویستن و قوربانیدان لە پێناو سەر بەرزی رۆڵەکانی وڵات و پارستنی خاکی پیرۆزی نیشتمان، لە لایەن نیشتمانپەروەران، ئەرکێکە، لە دەستووری سەرزەوی وبیروباوەڕی ئاسمانی، نرخێکی تایبەت و شوێنێکی پایەبەرزو رێزلێنانێکی بەگجار پیرۆزی هەیە.

گیان فیدایی و خۆکردنەقوچی قوربانی نیشتمان و شەهیدبوون لەم رێگەیەدا، باشترین پاداشتی دوارۆژەو ..لە لایەن یەزدانی گەورەو میهرەبانیشەوە، رێزو شوێن و پایەیێکی بەرزو دیارو بڵندی هەیە...

شەهیدیش هەرگیزاو هەرگیز نامرێ و لە ناو دڵ و دەروونی میللەتا زیندووەو..بە نەمریش ناوی لە لاپەرە زێرینەکانی مێژووردا تۆمار دەکرێ و دەپارێزرێ و..نەوە دێ و نەوە دەڕوا، شەهید زیاتر لە دڵ و دەروون نزیك دەبێتەوەو..

هەر زیندووەو..نەمرە.

مێژووی کۆن و نوێی عیراق، باشترین بەڵگەی تێکۆشان و قوربانیدان و ئازایەتی عیراقییەکان، لە پێناو سەربەرزیی رۆڵەکانی و پارستنی خاکی پیرۆزی نیشتمان ،لە تویی لاپەرە نەمرەکانیدا پێش چاو دەخات.. پێشان دەدات کەوا تێکۆشەرانی ئەم خاکە، بە هەر بارو دۆخێکی ناڵەبارو ناسکدا تێپەڕیون، بە پێی بۆ لووان و پێکران و رادەی لە توانابەدەر، سەرشۆڕی و مل کەچیان قبوڵ نەکردووەو. هەرگیز دڕێغیان بە خوێن و گەشی و پاکی خۆیان لە کاروانی دوورو درێژی خەبات و تێکۆشاندا نەداوە...

لاپەرە گەشە نەمرەکانی مێژووش شاهیدە..

ئەوتە مێژوو..

ئاوردانەوەیەك لە مێژوودا

ناکۆکی عەرەب دژی رەگەزپەرستیەتی فارسی دیاردەیەکی کاتیی نیە کە لە ئەنجامی بارودۆخی شۆڕشگێرانەی عیراقی نوێوە هاتبێتەکایەوە... ئەمە بەشێکی زۆر بچووکە کە بە هەموو رەگەز دژ بەیەکەکانی یەوە لە زەمانی مێژوویی دەپچڕن... لە راستیدا ئەمە بەشە ڕوالەتەکەیەتی. خۆ ئەگەر هات و لەم دژیکاریەدا پرسیارکردن رەواو بەجێ بوو، ئەوە بە هەڵەدا دەچین ئەگەر لە عاستی ناکۆکی عیراق و ئێراندا لە سنووری گۆشەی یاساى وڵاتاندا راوەستین... ئەگەر ئەو مەسەلە مافکارییانە هۆی راستەو خۆی بەیەکداچوونەکە بێ، ئەوە راست و بەجێ نیە هەرگیز دڵمان بەوەندە ئاو بخواتەوە.. بەڵکو دەبێ بە قوولایی مێژووی ئەم مەسەلانەدا بچینە خوارەوە، بۆ ئەوەی بگەینە بنج وبناوانی کێشەکە لە قوولایی مێژووی ناوچەی عەرەبی‌دا، هیچ گومانیشی تیادا نیە کە ئەم مل ملانێیە لە پێش پەیدابوونی ئایینی ئیسلامەوە بەرپابووەو میللەتی عیراقیش بەر لە پەیدابوونی ئیسلام، بۆ بەرگری‌کردن لە ئەدگارو تایبەتیەتی و خودی شارستانیەتی عەرەبی و کەسایەتی نەتەوەیی خۆیان لە دژی هێرشی و شالاوەکان فارسەکان راوەستاو و بەرپەچیان داونەتەوە.

هەوڵ دەدەین کە کارێکی وا بڕەخسێنین رووداوەکان خۆیان لە رێڕەوێکی بە جێ و پوختەوە لە خۆیان بدوێن و پەردە لە ڕووی خۆیا هەڵماڵن.

«فارسی» و «ئێران»، زاراوەیەکی ئیمپریالیزم دروستی کردووە بۆ ئەوەی لە پەنایەوە بوار بۆ دەستەلاتی رەگەزپەرستیەتی فارسی بە سەر نەتەوەکانی تردا

بکاتەوە... وەختی خۆی فارس «ئیمپراتۆریەتی کۆرش - 2500 پ.ز» بوونیکی کۆمەلایەتی و رۆشنبیری دژوار بوو، یەکیەتی و گونجاندنی تیدا نەبوو. ئەم دوو دیاردەیە مەرجی بنەڕەتی و سەرەکیین بۆ هەڵگرتن و بلاوکردنەوەی پەیامی میژوویی. دەوڵەتی فارسی لە وەختی دروستبوونیەوە ئیمپراتۆریەتیکی لە لای رۆژهەلاتی شارستانیەتی عەرەبی یەوە دامەزراندبوو، ئەو ئیمپراتۆرییەتە ئیمپراتۆریەتیکی سوپایی فارسی بوو، کۆمەڵێ لەو وەچەو بنەچانە فەرمان ڕەوایان کردووە کە توانیویانە بە پێی تاقیکردنەوەکانیان دەزگا رۆشنبیری و کۆمەلایەتی و ئابووریەکان بخەنە ژێر رکێفی دەزگا سوپایی یەکانەوە». [1]

دیاردەی هەرە سەیری ئیمپراتۆریەتی فارسی لە هەموو میژوودا ئەوە بووە کە هەمیشە پشتی بە کۆمەڵێ چەکداری نۆکەرو بەکرێگیراو بەستووە کە فارس نەبوون و بە پارەگرتبوونی... ئەمەش وای لە سوپاکەی کردبوو کە ببێتە دژوارترین نمونەی درندەترین سوپای وێرانکارو دروژمنی شارستانیەت. جوانترین نمونەی ئەو درندەیی یەش ئەو هێرش و شالاوە نالەبارانەبوو کە ڕەگەزپەرستیەتی فارسی کردیانە سەر شارستانیەتی بابل و هەتا توانیان کاول و وێرانیان کرد.

بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا کە مۆرکی ڕەگەزپەرستیەتی فارسی مۆرکێکی سوپایی بوو، لاوازو بێهێز بوو، شەڕەکانیان لەگەڵ عەرەب و نەتەوەکانی تردا شلۆقی لایەنی سوپایی و باری کۆمەلایەتی و رۆشنبیری و شل و شاوی بوون و خوونەریتی فارسەکانی ئاشکرا کردو سەلماندی کە لاوازن.. ئەوە بوو لە شەڕی - ذیقار - دا کە لەگەڵ عەرەبدا کردیان و لە شەڕەکانی لەگەڵ ڕۆمەکانیشدا، تێکشکان و دەزگا سوپاییەکانیان پرش و بلاوبوونەوەو ترس دایگرتن. هەرچەندە ئیمپراتۆرەکانی فارسی بە سەرگەرمییەوە هەوڵی ئەوەیان دا کە جۆرە ئایدیۆلۆژیەت و باوەڕێکی وا بێننە کایەوە لەگەڵ ڕەگەزپەرستیەتی و لووت بەرزیەتی خۆیاندا بیگونجێنن بۆ ئەوەی بتوانن باری ناڕاسوودەیی و پاشاگەردانی کۆمەڵگەی هەرەسهێناوی پێ بپارێزن و بیکەنە کوتەکێک خزمەتی بەرژەوەندی دوژمنکاری یو بەربلاوی خۆیان بکات وڕێ نەتەوەکانی تر، بەڵام ئەو کارە کەڵکی نەبوو..

ڕۆژگار ئەوەی سەلماند کە دەزگای سوپایی بە تەنیا ناتوانێ ئاسوودەیی لە کۆمەڵگادا بەرپا بکات.

یەکێ لەو ڕێگەیانەش کە بۆ پینەو پەڕۆکردنی باری شلۆقیان هێنایانە کایەوە ئایینی زەردەشتی بوو کە لە سەر بناغەی پەرستنی شتێکی هەستپێکرا دامەزراوەو کەڵکی هەیە ئەو شتەس ئاگرە...

مەجووسییەت ئەگەر چی لە بیروباوەڕدا فەلسەفەکاری دەکاو وادەگەیەنێ کە ڕوونا کی و تاریکی جەمک و دوانەن... هتد، بناخەی ئاژاوەیەکی ڕەوشتیاری و کۆمەلایەتی دامەزراندووە، ئەو ئاژاوەیەش لە بیروباوەڕی جوولانەوە تازەکانی فارسەکاندا وەکو (قرمطی) و (بەهائی) و (بابی) و (حەشاشی) یەکاندا سەری هەڵداوەو دەرکەوتووە. راستی یەکەشی ئەوەیە ئەو بزووتنەوە گیانیانەی کە لە ناوەڕۆکدا دوژمنی ئیسلام و عەرەبن، لە بناخەدا لە سەر بەڕەیلایی ئاڕەزووی دەروونی مرۆڤ دامەزرابوون و هاتبوونە کایەوەو ببونە چەرخی لە دایك بوونی جۆرە بەڕەلاییەکی کۆمەلایەتی و ئابووری.

بیروباوەڕەکان (مانی) ش 215 - 272 - لە زەردەشتی یەوە پەڕەپێداوەو ئایینی (مانی) دامەزراندوو و بیرو باوەڕی زەردەشتی خستۆتە بۆتەی بیری ڕامیاری یەوە ئەویش بۆ ئەوەی ڕێگە بۆ ڕەگزپەرستیەتی فارسی خۆش بکا.

لەو مەسەلەیەشدا - شاپور - شا - پشتی دەگرێ.

مان دەستی کرد بە ئامێتەکردنی ئایینە کۆنەکەان و مەسەلەی (دوانەیی گەردوون) - ڕووناکایی و تاریکی - لە مەجووسییەت و (پەی پێ نەبردن)ی لە بووزییەت و (سیانەی پیرۆز)ی لە عیسایی یەوە وەرگرتووە بۆ ئەوەش کە لە نرخ و بەهاپیرۆزی پەیامی پێغەمبەران و ئایینە ئاسمانی یەکان بشکێنێ، گەلێ درۆو دەڵەسەی بۆ

هەولێر کتێب

هەڵبەستن

بە ردەیەك وتبووی (خەزرەتی عیسی شەتیان بووە!!).

لەگەڵ پەیدابوونی - مزدەك - دا 487 - 523 - ز،

ئایدیۆلۆژیەتی رەگەزپەرستیەتی فارسی گەیشتە ترۆپك و بە وەش لە ڕووفان و هەرەسی هێنان نزیك بوونەوە . . . مزدەك فەلسەفەی زەردەشتی و مانی تێکەڵ و ئامێتەکردو ئایینی مەزدەکی دامەزراندو لە سەردەمی - قباذ - شادا (488) بوو بە ئایینی ڕەسمی دەوڵەت و خەڵکی فارسی بەرەو پیری‌چوون و بەمەش باری کۆمەڵایەتی کەوتە مەترسی‌یەوە.

بیرو باوەڕی مەزدەکی لە سەر بناغەی بەڕلاەڵایی کۆمەڵایەتی دامەزراوەو هیچ خووڕەوشتێکی بەرزی کۆمەڵایەتی تێدا نیە.

ابن الندیم - ی مێژوونووس دەڵێ «مزدەك فەرمانی پێ‌دان، کە بە ئارەزووی دەروونی خۆیانەوە، رابوێرن و بخۆن و بخۆنەوەو جووت بن و هاوبەشی ژن و خێزانی یەکتر بکەن لە ڕابواردن دا . . .»، . . ئەوەشی خوو نەرێنکی کرژوکاڵی مرۆڤەو، مرۆڤایەتی لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا بیادا تی ئەپەڕی تا ئامانیەیە کۆڵەکە سەرەکی‌یەکانی شارستانیەتی فارس. . ئەو شارستانیەتە پووچەڵەی، کە لەگەڵ سەرەتای دەرکەوتنی ئایینی ئیسلامی پیرۆزدا، هەرەسی هێنا.

شەڕی قادسیە مل ملانێیەکی مێژوویی بوو لە نێوان شارستانیەتێکی تازە هەڵکەوتوودا کە هەموو هەل و مەرجێکی بەردەوامی و مێژوویی تێدا بوو لە نێوان قەوارەیەکی شارستانیشدا کە هەمو ڕەگەزەکانی داتەپین و هەرەس هێنان و تەفرو تونا بوونی تیادا کۆبووبۆوە.

بە کورتی، تای تەرازووی مل ملانەکە لەگەڵ لایەنی ڕەگەزەکانی قۆناغی مێژوویی نوێ‌دابوو . . . ئەو قۆناغەی کە عەرەب و ئیسلام ناوەرۆکی جەوهەری بوون و مرۆڤایەتیش مەبەستەکەی‌و هەنگاوی خێرخوازی‌و خۆش ویستی‌و ئاشتیانەی ناو شارستانیەتێکی تازەی جیهانی دروست کرد کە هەتا ئیستاش لە مێژووی مرۆڤایەتی‌دا بەرزو بڵندەوە جێگەی شایانی خۆی هەیە.

لە شەڕی قادسیەوە تاوەکو ئیستا، ڕەگەزپەرستیەتی فارسی پیش دەخوانەوەو بیر لە تۆڵەکردنەوە دەکاتەوەو هەر کاتێکیش مەبەستەکانیان بۆ هەمووان ئاشکرا دەبێ، ئەوە ئیتر سەرکوت دەکرێ وەك چۆن بزووتنەوەکانی قەرامیتەو بابکی‌و بەرمەکی‌یەکان پەردەیان لە ڕوو هەڵماڵراو بۆ هەتا هەتایە قەڵاچۆکران و لە ناو بران.

لێرەدا پێویستە ئاوڕێکی مەوزووعی لە کەسایەتی فارسی بدەیتەوە ئەویش لەو لایەنەوە کە مرۆڤی فارسی بە گرێیەك لە جۆری گرێی - ئەلماساوا - ی جوولەکە گەمارۆ دراوە بەڵام چیە گرێکە وای لە جوولەکە کردووە کە زیاتر پەیکە بخۆن و، فارسیشی وا لێکردووە کە بە لایەکدا بڕۆن بگونجێ بۆ ئەوەی بتوانن شێوەیەکی تیادا بدۆزنەوە کە باری لێژی سیاسی و ئەیدیۆلۆژیاتی تیادا راست بکەنەوە . . . دوای تێکشکانی یاخی بوونەگەورەکانی قەرمەتی و بەرمەکی‌یەکان، فارسەکان کەوتنە ئەوە یارمەتی و هێز لە هۆزو تیرە دڕندەکان وەربگرن بۆ تێکشکاندنی یەکێتی ئیسلام و عەرەبەو دەوڵەتەکەیان. ئەوە بوو هەندێ لە سەرکردەکانی فارسی زۆر نامەردانە بۆ داگیرکردنی بەغدا لەگەڵ هۆلاکۆدا یەکیان گرت. . . ئەو کارەش ئەوەی دەربڕی فارسەکان لە ئیسلام و عەرەب داخ لە دڵ بوون و ویستیان تۆڵە بکەنەوە

بەڵام ئەو کارە هیچ دادی فارسەکانی نەداو لە ناکاو دەوڵەتی مەڕی سپی‌و مەڕی ڕەش وڵاتی فارسیان گەمارۆداو وەکو هەڵۆ لە سەری نیشتنەوەو فارسیان شەت و پەت کرد

فارسەکان، بە تایبەتی شاکانی سەفەوی

ویستیان دەورێکی شانۆگەری بنوێنن و بە ناوی ئایینی ئیسلامەوە کار بکەن، بەڵام بێهودە دادی نەدان و ئەو ڕێڕەوەی گرتبوویان کاتی بە سەر چووبوو.

لە کردەوەو ڕەوشتی ڕۆژانەی فارسی‌دا، هەڵوێستی وا دەبینی کتوپڕ دەزانی ئەمە کارێکی ڕەگەزپەرستانەیەو بە

هەواڵنامەی کێرێ

هیچ جۆرێك پەیوەندی بە ئایینەوە نیە. هەموو ئەوانەی کە لە شارە پیرۆزەکانی عیراقدا دەژین و پەیوەندی فارسیان بە عەرەبەوە لە بیرە، ئەو راستییە دەزانن، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە سالانی شەستی ئەم سەدەیەدا لەناکۆکییەکەوە نزیك بوون، بێنیان چۆن ململانێکە بوو بە ناکۆکی نێوان (عەرەب و عەجەم). ئەمە بارێکی رامیاری نیە بۆ سرپۆش کردنی تەماو ئامانجی دیاریکراو لە ناوچەکەدا؟ ئەمە دووفاقەیی نیە کە بە ناوی ئیسلامەوە دەکرێ هەروەك چۆن مونافەقەکانی سەردەمی پێغەمبەر درووەدی خوای لێبێ، دووفاقەییان دەکردو دووڕوویان پیشان دەدا؟..[2]

ئەگەر بە وردیش لە مەسەلەکە بکۆڵینەوە دەبینین پەرەسەندنی باری سیاسی ئێرانی هاوچەرخ، دوو لایەن دەیبەن بەرێوە. یەکەمیان ئیمپریالیزم کە بە هەموو جۆرێك یارمەتی دەدات، ئەویش بۆ ئەوەی ئیمپراتۆریەتی فارسی لە ناوچەی عەرەبیدا دامەزرێنێتەوە دەستی بەسەر کەنداوی عەرەبیدا بگرێ. دووەمیان بەندو باوی ئایینی تیرەگەری ئامێز، ئەویش بۆ لەقکردنی یەکیەتی عەرەبی کەنداوو دوورگەی عەرەبی. ئەم هەموو کارانەش بۆیە دەکرێ چونکە فارس بە بڕوای پووپەڵی خۆی، ئەم ناوچەیە بە جوغزی شارستانیەتی ڕەگەزپەرستیی خۆی دەزانێ.

دەوڵەتی ئێرانی نوێ، لە ئەنجامی

کودەتایەکدا دروست بوو کە پەهلەوی گەورە لە بیستەکانی ئەم سەدەیەدا بە سەر قاجارەکانا کردی... ئاشکرایە ئەگەر یارمەتی دەوڵەتە ئەوروپاییەکان نەبوایە، ئەو (ئەفسەرە لاوە) - واتە پەهلەوی گەورە - نەیدەتوانی لە کارەکەیدا سەرکەوێ... ئەوەبوو بە یارمەتی بەریتانیا توانی بە سەر قاجارەکانا سەرکەوێ چونکە ئەوان بوونێکی وا ڕێك و پێکیان نەبوو بتوانن خواستەکانی بەریتانیا ئەنجام بدەن و بەرژەوەندیەکانی پیارێزن.

ئەو قۆناخەش واتا قۆناخی سەردەمی قاجارەکان و سەدەی نۆزدەهەم، دەوڵەت و کۆمەڵگای فارسی ڕوویان لە کزی و ئاژاوەیەکی سەیرکردبوو، ئەو بارەش بوو بە بوارێك بۆسەرهەڵدانەوەی بزووتنەوە مرۆڤیی بە فارسی بەکان و هەرەسهێنانی کۆڵەکەی کۆمەڵایەتی و پاشا گەردانی ڕەوشت.

ئەوەبوو بزووتنەوەی - بابی - و - بەهائی - وەکو ڕێکخراوی نهێنی سەریان هەڵدا. شایانی باسە، بنەڕەتی ئەو بزووتنەوانە لە سەر بیروباوەڕی ئایینە کۆنەکانی فارسیدا دامەزرابوو بەڵام لە ژێر پەردەی ئیسلامدا کاریان پێ دەکرد. بەڵام ئاشکرایە ئەم کۆمەڵە بزووتنەوانە بە زۆری زۆردارەکی نەبێ نەیانتوانیوە هەموو فارسی بهێننە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. ئەو بزووتنەوانە لە ئەنجامی لووت بەرزی و خۆپەرستی تیرەگەریبەوە هاتۆتە کایەوەو دام و دەزگاکانی ئیمپریالیزم زۆریان کەڵك لێ بینیوەو شایانی باسیشە کە بابیەکان و بەهائیەکان پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ ماسۆنی و زایۆنیدا هەیە. لە نێوان ئەم بزووتنەوانەدا کۆڵەکەکە بنەڕەتی یەکانی

کۆمەڵگەی فارسی، دەرکەوتن و گرێکوێرەی ڕق و کینەیان لە نەتەوەی عەرەب ئاشکرا بوو.

، کە پەهلەوی گەورەشی کودەتاکەی سەرکەوت، بنەمای دەوڵەتێکی نوێی لە سەر کۆڵەکەی ڕەگەزپەرستایەتی دامەزراند. بەڵام دەوڵەتەکی پەهلەوی، ئەگەر هەر پشتی بە فارسەکان ببەستایە لاوازو بێ دەرەتان دەبوو، لەبەر ئەوە کەوتە ئاین و ئۆبین و ناوێکی تری لە دەوڵەتەکەی نا ، ئەویش ئەوەبوو ناوی نا (دەوڵەتی ئێران). ئاشکراشە هەر لەگەڵ سەرکەوتنی پەهلەوی گەورەدا دەوڵەتە گەورەکان کەوتنە دانان و نەخشەکێشانێکی وا کە دەوڵەتە تازەکەی فارس بتوانێ هەمو گەل و نەتەوەکانی تری ئێران بخاتە ژێر رکێف و تواناو دەسەڵاتی خۆیەوە.

لە ڕاستیدا، ئێرانی فارسی، توانی ئازربایجان و کوردستان و بلوشستان و تەبریز بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوەو پاش ئەوساش فارسەکان بە یارمەتی بەریتانیا توانیان ئەهواز بە زەبری هێزی سوپای داگیربکەن.

کوورتە مێژوویەکی پەیوەندیەکانی نێوان عیراق و ئێران:-

«مەسەلەی دیارکردنی سنوور لە نێوان وڵاتی فارس (کە

هەوالنامەی کێرێت

هەر لە ساڵی 1935 ـ ەوە بە ئێران ناوبراوە)و دەوڵەتی عوسمانی (کە عیراق لە سەرەتای سەدەی ـ 16 ـ ی.ز ـ بەشێک بوو، لیی)، گرنگترین کێشەی هەڵایساوی مێژووی ناوچەکە بوو ـ بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش، چەندەها پەیمان و ڕێکەوتنامە لە نێوانیاندا مۆرکراوە. ڕێکەوتنامەی (زهاب) لە ساڵی 1639، (أمیر أشرف) لە ساڵی 1727، (نادرشا) لە ساڵی 1746، (أرضروم ـ ی یەکەم) لە ساڵی 1823، (أرضروم ـ ی دووەم) لە ساڵی 1847، (تاران) لە ساڵی 1911، (استانە) لە ساڵی 1913و لێژنەی دیارکردنی سنوور لە ساڵی 1914». (3)

ڕێکەوتنامەی (زهاب) کە لە 17ی ئایاری ساڵی (1639) بەسترا، یەکەمین هەوڵی دیارکردنی سنوور بوو لە نێوان عیراق و وڵاتی فارس. ئەم ڕێکەوتنامەیە کێشەکانی نێوانیان چارەسەر نەکردو شەڕ لە نێوانیاندا بەردەوام بوو و هەردوو ناوچەی سلێمانی لە باکوور و ئەهوازیش خواروو، لە گشت ناوچەکانی تردا کێشە گەرمی لە سەر بوو.

لە 28ی تەموزی 1823دا، ڕێکەوتنامەی ئەرزەڕۆمی یەکەم لە نێوانیاندا مۆرکرا کە دووپاتی هێڵە گشتیەکانی ڕێکەوتنامەکەی (زهاب)ی کردەوە . . . وە لە بەندە هەرە گرنگەکانیدا، مانەوەیان لە سەر سنووری دیارکراوی (ئەو وەخت)و دەست نەدان لە کاروباری ناوخۆی لایەنیتر.

کێشەو تەگەرەکانی دەستنیشان کردنی سنوور، دەرفەتی چاک زەمینەیەکی خۆشی بۆ وڵاتانی ئەورووپا، بە تایبەتی بۆ بەریتانیا و ڕوسیا، سازاند کە دەست لە کاروباری هەردوو لادا بخەن. لە ساڵی 1840 فارسەکان هەڕەشەیان لە شاری سلێمانی کردو داوای ئەهوازیان کردو ،دەستوەشاندن لە نێوانیاندا گەرم بوو و ئەوەندە نەمابوو شەڕ ڕابگەیەندرێ کە بەریتانیاو ڕوسیا، وەک دوو دەوڵەتی ناوبژیکەر، ڕووبان کردەوە ئەم مەسەلەیە هەڵایساوەیەوە سەرەنجام ڕێک کەوتن لە سەر پێکهێنانی لێژنەیەکی چوارقۆڵی کە بۆ یەکەم جار لە 15ی ئایاری 1841دا کۆبوونەوە و ،لە 31ی ئایاری 1847دا ڕێکەوتنامەی ئەرزەڕۆمی دووەم مۆرکراو هەردوو لایەنی ئیلزام کردواز بهێنن لەداوا کردن ناوچەی لایەنی تروە عوسمانیش بەڵێنی لە ڕاوێژکارانی فارسەکان وەرگرت ئیتر چاو نەبڕنە (محمرة)و کەناری (الآیر)ی کەنداوی عەرەبی.

وە هەردوو لا ڕازیبوون لە سەر پێکهێنانی لێژنەیەک دەستبەجێ دەست بە کارەکانی دیارکردنی سنووری نێوان عیراق و ئێران بکا.

بەرپابوونی شەڕی (قەرم) ە ساڵی 1853دا بوو بە هۆی ڕاگرتنی ئەرکەکانی لێژنە کە، وە لە نێوان ساڵانی 1857 ـ 1865 ەوە، لێژانەکە بەردەوام بە کارەکانی هەڵدەچووەوەو توانی نەخشەیەک بۆ سنوور لە چیاکانی (ئارات)ەوە تا کەنداوی عەرەبی دابنێو هەردوو لایەنیش لە سەری ڕازیبوون.

پاش ساڵی 1865 بە ماوەیەک، کێشەی سنوور هەڵایسایەوەو پەیوەندی نێوانیان تەشەنە بووەوە. بەریتانیاو ڕوسیا، هەردوو لایان ناچارکرد بە «باری دانراو» ڕازی بین و لێژنەیەکیان لە نیوێنەرانی هەرچوار دەوڵەت، بە گوێرەی پرۆتۆکۆڵی 3ی ئابی 1869 پێک هێنا، مەسەلەی دیارکردنی سنوور بە جارێ ببڕێتەوە.

ڕوسیاو بەریتانیا ،بۆ دابینکردنی بەرژەوەندیی بەتایبەتیی یەکانیان لە ناوچەکەدا، بە کۆڵ بۆ بڕینەوەی ناکۆکیەکانی نێوانیان، بەردەوام تەقەڵایان دا. . . ئەم ویستەشیان لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە زیدەتر بوو و توانیانی ڕازی بوونی (باب العالي)و حکومەتی فارس وەربگرن کە لێژنەیەکی نوێ دیارکردنی سنوور پێک بهێنێتەوەو ناکۆکیەکان تەواو ببڕنەوە. بەڵام لێژنەکە کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1906 کۆبوونەوەو لە پاشان لە ساڵی 1908 نەیتوانی ئەنجامی ئەوتۆ وەدەست بهێنێ کێشەکە ببڕێتەوە.

لە ساڵی 1908 تا ساڵی 1911 هەڕەشەو شەڕو شۆڕی لە نێوانیاندا سەر لە نوێ بووەوە. لە 21ی کانونی یەکەمی 1911دا بە گوێرەی پرۆتۆکۆڵی تاران، لێژنەیەکی تر

هەوڵنامەی کێبڕکێ

پێکهێنراو (18) جار کۆبووەوە ،یەکەمجار لە (قسنطنطینیة) لە 25ی ئاداری (1912)و دواجاریش لە ئابی هەمان ساڵ لە هەمان شوێندا، بەڵام هەروەکو ... ێنەوەکانی لێژنەکانی پێشوو نەیتوانی کۆتایی بە مەیەلەکە بهێنێ...

تا مانگی تشرینی دووەمی 1913، هەڕەشەو شەڕوشۆق بەردەوام بووەوە. لەم ساڵەدا ،وە بە گوێرەی برتۆکۆڵی (قسنطنطینیة)وە، لێژنەیەکی تر، پێکهێنرا، لە کانوونی یەکەمی 1913 دەستی بە کارەکانی کرد. ئەم لێژنەیە نۆ مانگی بەردەوام کارەکانی خۆی بە سەرکردەوە... بە درێژایی هێڵی سنوور لە (فاو)ەوە تا ئارارات، بۆ ئەم مەبەستە، روویارو گۆم و زەڵکاوو بیابان و گردو کێوو چیاکانی بڕی... وەپشتی بە نەخشە ئەسڵییەکەی ساڵی 1869دا بەستبوو.

لێژنەکە (227) دینگەی سنووریی چەقاند.. دوا دینگە پێش 24 سەعات لە بەرپابوونی جەنگ لە نێوان روسیا دەوڵەتی عوسمانی (27ی تەشرینی یەکەمی 1914) چەقێنرا. ئەم دینگانەش لە سەر نەخشە دانان و (35) نوسخەی لێ لە چاپ دراو بۆ هەرچوار دەوڵەت نێران.

دوای جەنگی یەکەمی جیهان، عیراق لە دەوڵەتی عوسمانی جیا بووەوو بنەمای ئیلتیزاماتی دەوڵەتی (بە تایبەتی سنووری عیراق و ئێران) مایەوەو عیراق لە ساڵی (1920)دا کەوتە ژێر ئینتدابی بەریتانیا.. لە ساڵی 1921 مەلیك فەیسەڵ هێنراو تاجی پادشایەتی کردنی عیراقی پێدرا.

لە ساڵی (1922) موعاهەدەی عیراقی - بەریتانی بەستراو عیراق بە سیغەی موعاهەدەوە خرایە ژێر ئینتداب.

ئێران دانی نەنا بە دەوڵەتی عیراق، کە لە 23ی ئابی 1921دا دامەزرا... وە جۆرەها رووداو، بە درێژایی سنوور، سەری هەڵداو، ماوەیەکی نەبرد، عیراق موزەکەرەیەکی بۆ حکومەتی ئێران ناردو هەڕەشەی بەکێشانەوەی ئیمتیازاتی قونسڵە ئێرانییەکان لە عیراقدا لێکرد.

لە یەکی نیسانی 1929دا، شای ئێران بروسکەیەکی پیرۆزبایی بۆ مەلیك فەیسەڵ نارد بە بۆنەی رازاندنەوەی (عصبة الامم) لە سەر داوای عیراق بە هەڵوەشاندنەوەی رێکەوتنامەی - عەدلی - ی پاشکۆی موعاهەدەی عیراقی - بەریتانی ،کە بە ... ندبوو بە دانانی عیراق بە ئیمتیازاتی بێگانە کە هاوڵاتیانی هەندێ وڵاتانی ئەوروپاو ئەمەریکاو ئاسیا هەیانبوو ،لەوانەی کە خاوەن کورسی هەمیشەیی بوون لە ئەنجومەنی (عصبة الامم) - لە عیراقدا... مەلیك فەیسەڵیش وەڵامی بروسکە پیرۆزباییەکەی شای دایەوەو سوپاسی کرد... لە پاشان سەرەك دیوانی مەلەکی، بە سەرۆکایەتی وەفدی عیراق بۆ ستایشکردنی ئەم هەڵوێستەی شا، نارده تاران و... لە ئەنجامی ئەم سەردانەش، حکومەتی ئێران دانی بە دەوڵەتی عیراق.

لە 22ی نیسانی 1932، مەلیك فەیسەل خۆی سەری لە تاران دا، وە لە میان ئەم سەردانەدا، حکومەتی ئێران ئارەزووی خۆی وا پیشاندا کەوا هێڵی تالفیك [تالفیك، وشەیەکی ئەڵمانیە لە (ThaL) بە واتای (دۆڵ) و (Weg) بە واتای (ڕێگا) - واتە: ئەو هێڵەی بریتییە لە قوڵترین بەشی ئاوەڕۆکەی رووبار]، لە کەنداوی عەرەبیدا هێڵی جیاکەرەوەی سنوور بێ لە نێوان عیراق و ئێران، بەڵام مەلیك فەیسەڵ ئەمەی ڕەفزکردو ووتی: «کەنداوی عەرەبی - رووبار - ی عیراقە، نەك رووبارێکی دەوڵەتیی...».

لەو وەختەی عیراق بە ئەندام لە (عصبة الامم) لە 3ی تەشرینی یەکەمی 1932 وەرگیرا، حکومەتی ئێران داوا بوگەنەکەی پێشووی کردەوە سەبارەت بە دابەشکردنی کەنداوی عەرەبی.. بەڵام عیراق تووند ئەم داخوازیەی ڕەفزکردو، ئەمەش بوو بە هۆی تێکچوونی پەیوەندیەکانی نێوانیان... هێزی سوپای ئێران - بە درێژایی سنوورو لە کەنداوی عەرەبیدا - بە کاری دوژمنانە هەڵسایەوە.. سەرەنجام ،عیراق لە 29ی تشرینی دووەمی 1934 شکایەتی لە (عصبة الامم) لێکردو نوسخەیەکی شکایەتەکەشی بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئێران ناردو تیایدا

هەوالنامەی پێش

روون کرایەوە کەوا هەرچەندە مەسەلەکە لە شێوەی شکایەتنامە دایە ،بەڵام کار ناکاتە سەر پەیوەندی دۆستایەتی نێوان هەردوو وڵاتی دراوسێ.

(عصبة الامم) لە 14ی کانوونی دووەمی 1935دا لە موزەکەرەکەی وزارەتی دەرەوەی عیراق و رەتدانەوەی حکومەتی ئێران - کۆلێەوەو چەند جار ئەندامانی بۆ ئەم مەبەستە کۆبوونەوەر بێ ئەوەی هیچ ئەنجامی ئەوتۆ وەدەست بهێنن هەردوو لا پێی رازیببن. لە دوا کۆبوونەوەدا، نوێنەری بەریتانیا پێشنیاری کرد مەسەلەکە بخرێتە بەردەم (دادگای عەدلی دەوڵەتان - هوە) نوێنەری عیراق رازیبوونی وڵاتەکەی راگەیاند، بەڵام حکومەتی ئێران رەفزیکرد. لە پاشانە نوێنەری تورکیا وا پێشنیاری کرد کە بە چاودێری نوێنەرێك لە - عصبة الامم - هوە، هەردوو وڵات راستەوخۆ لە نێوانیاندا ووتووێژ بکەن.

هەردوو وڵات بۆ ئەم مەبەستە، دوو جار لە (رۆما)و (تاران) راستەو خۆ ووتووێژیان کرد... یەکەمجار لە (رۆما) لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەم و سەرەتای شوباتی 1935دا بوو، وە دەمراستی ئیتالی سێ پێشنیاری کرد ،ئەمانەن:

(1) - مەسەلەکە بخرێتە بەردەم - دادگای عەدلی دەوڵەتان لە لاهای.

(2) - داوا لە ئەنجومەنی (عصبة الامم) بکرێ لێژنەیەك لە سێ کەسی یاسازان پێك بهێنێ یارمەتی بدەن بۆ ئامادەکردنی رابۆرتەکەی.

(3) بە زووترین کات رێکەوتنامەیەکی وەختیی بۆ کەنداوی عەرەبی دابنرێ بە گوێرەیەوە ئێران بەشداری بکا لە بەکارهێنانی کەنداوی عەرەبی.

حکومەتی عیراق لە سەر هەردوو پێشنیازی یەکەم و دووەم رازی بوو و پێشنیاری سێیەمی رەفزکرد. ئێرانیش بە پێشنیاری سێیەم قایل بوو و پێشنیاری یەکەم و دووەمیشی رەفز کرد... ووتووێژەکە تا 25ی ئابی 1935 راگیرا،

(3) دەقی ماددەی سێیەمی برۆتۆکۆلی پاشکۆی موعاهەدەی 1937 : «ئەو روخسەتەی لایەك بە کەشتیەکانی جەنگی بێگانە دەدات بۆ هاتنە ناوەوەی بەندەرەکان، بە روخسەتدان لە لایەکەی کردوە دەزانرێ».

سەرەڕای ئەو دەستکەوتانەن ئێران لەم موعاهەدەیە دەستی کەوت، سالێ تێنەپەڕی گەر داوای چەند کیلۆمەترێ لە ووشکایی یان لە ناوچەی کەنداوی عەرەبیدا نەکات... سەرەڕای ئەوەی ،و بە گوێرەی بەندەکان موعاهەدە نوێیەکەوە، لەو خاکەی عیراق کە زەوتی کردبوو، نەکشایەوە.. هەردەم، بە پێی پێویستەکانی رۆژگارو پاشەڕۆژ و چاوی تەماعییەوە، بەبنابەین، بارو دۆخی ئەوسای عیراقی بە هەل و دەرفەت وەردەگرت، زیاتر چاو ببڕێتە ئاوو خاکی عیراق.

تا بەرپابوونی شۆڕشی 14ی تەموزی 1958، بارودۆخ بەم جۆرە مایەوە.

لە 25ی ئەیلوولی 1958دا حکومەتی ئێران بەڵام جارێکی تر لە تاران دەستی پێکرایەوە، وە لەوێ - واتە تاران - وەفدی عیراق چاوی بە رەزا پەهلەوی شای ئێران کەوت وەشا داوای لە حکومەتی عیراق کرد یەك یان دوو کیلۆمەتر لە پێش (عەبادان) لە کەنداوی عەرەبیو هەر ئاوایی لە (محمرة)دا بۆ ئێرانی تەنازل بکا، سەرەڕای ئەوەی کە ئێران هەر کاتێ دەیەوێ کەنداوی عەرەبی بۆ پێویستیەکانی خۆی بە کاری بهێنێ ،قەدەغە نەکرێ!.

وەفدی عیراق لە 25ی ئابی 1935دا گەڕایەوە بەغداو داوای شای ئێران رەفزکرا.

لە 24ی ئایاری 1936، عیراق لە سەر پێشنیازی ووتووێژکردنەوە رازیبوو، بەڵام سەری نەگرت

لە 29ی تشرینی یەکەمی 1936دا، کە (فەریق بەکر صدقی) بە کودەتا هەڵساو وزارەتی (یاسین الهاشمی) رووخا، شای ئێران ئەمەی بە دەرفەت زانیو داوای لە وەزیری راوێژکاری ئێران لە بەغدادا کرد لەگەڵ سەرەك وەزیرانی عیراق کۆبێتەوەو ئاگاداری بکات زانیو داوای لە وەزیری راوێژکاری ئێران لە بەغدادا کرد

لەگەڵ سەرەك وەزیرانی عیراق کۆبێتەوەو ئاگاداری بکات کەوا ئێران دەیەوێ کێشەکانی نێوانیان ببڕێتەوە. سەرەك وەزیرانی عیراقیش پێ‌ووت: «بڕووسکە بۆ حکومەتەکەت بنێرە، عیراق ئامادەیەو رازی دەبێ بە هەر پێشنیازێ ئێران پێشکەشی دەکات بۆ بڕینەوە ئەم کێشەیە».

ووتوو‌ێژ دەستی‌پێکرایەوەو راوێژکاری عیراقی،

- خۆی دایە دەست چاوتێبڕینی تەماعکارانەی ئێران بە بەکارهێنانی «نەزەریەی تالفیك» لە کەندا‌وی عەرەبی لە رووبەری چوار میل لە پێش (عەبادان) بەرانبەر بە دانانی ئێران بە بڕۆتۆکۆلی (تاران - 1913)و بڕۆتۆکۆل (قسنطنطینیة - 1914).

ئێران لە موعاهەدەی 29ی حوزەیرانی 1937دا، ئەم دەسکەوتانەی خوارەوەی دابین کرد.

(1) - راستکردنەوەی هێڵی سنووری عیراق - ئێران لە بەردەم (عەبادان) بە گوێرەی ماددەی دووەمی ڕێکەوتنامەکەوە.

(2) ماددەی پێنجەم ئەو مافانەی‌دا بە ئێران، کە ڕێکەوتنامەیەك لە نێوان هەردوو لادا سەبارەت بە کارو باری کەشتیەوانێتی مۆربکرێ ،لەو کاتەی، کە عیراق تەنیا خۆی خاوەن ماف لە. یاسادانان بۆ کاروباری کەشتیەوانێتی.

داوای لە عیراق کرد، هەردوو لا لێژنەیەك پێك بهێنن بۆ چۆنیەتی کارگێڕی‌و کارو ئەرکەکانی کەشتیەوانێتی لە کەندا‌وی عەرەبی‌و کارەکانی هەڵکەنین و کڕینی کەشتی‌و پاپۆرەکان و مایەو قازانج و شتی‌ترو ئەبێ لێژنەکەش مانگی تشرینی دووەم دەست بە کارەکانی بکا، بەڵام عیراق ،لەبەر بارو دۆخی سیاسی‌و ناوخۆی تایبەت بە خۆیەوە، درەنگ وەڵامی داواکەی دایەوە، سەرەنجام ،سەرلەنوێ پەیوەندیەکانی نێدانیان تێکچووەوەو ماوەیەکی نەخایاند ئێران بێ‌پرسکردن عیراق، هەڵ ڕێگەی‌دا بە کۆمپا نیای (بان - ئەمریکان) کە - ئەو بەندەرەی‌ئێران لە خسرۆ ئاباد لە کەناری ڕۆژهەڵاتی کەندا‌وی عەرەبیدا کرد بوویەوە - وەك بنکەیەکی کارەکانی هەڵکەنین بە کاربهێنێ‌و دایەرەیەکی گومرگ و نووسینگەیەکی تێدا بکاتەوە. کۆمپانیاکە دەستی بەکارەکان کردو یەکەم کەشتی بۆ کەندا بەرەو بەندەرەکە ناردی، بەڵام عیراق ڕێگای نەداو قەدەغەی کرد بێتە کەنداوو ،لە 9ی حوزەیران 1959دا ئێرانی ئاگادارکردەوە کە ئەم کارەی بە پێچەوانەی گشت ڕێکەوتنامەکانی سنووره. ئێران وەڵامی نەدایەوەو چوو ڕێگای بە پاپۆرو کەشتیەکانی کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ - فارسی - شدا کە بە پێی پێویست و هەوەستی خۆیەوە بەندەرەکە بەکاربهێنێ‌و هێزێکی سوپاییشی بۆ پاسکردنی کشتیەکان - بە درێژایی ناوچەکە - دانا.

لە 19ی کانوونی یەکەمی 1959دا، عیراق هەوڵی‌دا کێشەو ئاڵۆزیەکانی سنوور لەگەڵ ئێرانا چارەسەر بکات، بەڵام بێ‌سوود بوو.

لە ساڵی 1961دا عیراق پێشنیاری کرد کێشەکە بخرێتە بەردەم (دادگای عەدلی دەوڵەتان) بەڵام دیسانەوە بێ سوود بوو و مەسەلەکە وەك خۆی ئاڵۆز مایەوە.

لە 25ی حوزەیرانی 1961دا، عیراق ڕایگەیاند کەوا بە تەنگ بەندەوەی پەیوەندی باش و دۆستایەتیە لەگەڵ ئێرانا، بەڵام بە هیچ جۆرێ ڕێگا بە ئێران نادا بە هەوسی خۆی یاری بە سنوور بکا.

پاش بەرپابوونی شۆڕشی 17 - 30ی تەموزی ساڵی 1968 لە عیراقدا، دوو دیاردە، پەیوەندی نێوان عیراق و ئێرانی گرتەوە.

لە لایەك، دەوڵەتانی ڕۆژئاوا ،بە تایبەتی وڵاتە بەگەرتووەکان نەخشەیەکیان بۆ ڕژێمی شا دانا، کە «دەوری پۆلیس» لە ناوچەکەدا بگێڕێ ... لە لایەکی تریەوە، شۆڕشی عیراق خەریکی چەسپاندی سەربەخۆیی نیشتمانی‌و ڕەگ داکوتان و بنیاتنانی کۆمەڵێ نوێ بوو.

بەم جۆرە، بۆ ڕژێمی ئێران ڕوون بووەوە کە ئیتر ڕاستەو خۆ ناتوانێ دەستی تەماعی بۆ عیراق درێژ بکاو داخوازییە بڕگەنەکانی ڕابەڕێنێ... سەرەتا، بە هۆی دام و دەزگای

هەواڵنامەی گێتی

راگەیاندنەوە، ئەمجا سیاسەتی نەگۆڕاو، دەست نیشتنی بەردەوام لە کاروباری ناوخۆی عیراق.

بە کورتی، شای ئێران، سنووری بەزاندو ئیشکگەی لە سەر سنوور لە ناو خاکی عیراقدا دامەزراندن و ڕێگای قیرتاوی بۆیان کردەوە. وەبۆ ئەوەی ئەم سنوور بەزینە، بەهێز فەرز بکا، هێزی چەکدارو جۆرەها چەکی تیادانا... لە پاشان، بە پێچەوانەی ڕێکەوتنامەکانەوە، داوای - ڕاستکردنەوەی - سنووری کرد لە کەنداوی عەرەبی، کە عیراقیش ئەمەی ڕەفز کرد ڕژێمی ئێران لە 19ی نیسانی 1969 موعاهەدەی 1937ی هەڵوەشاندەوە بە بیانووی تیووری «گۆڕینی بارودۆخ» بەوەی ئێران کە ئەم موعاهەدەیەی مۆر - کردووە، دەوڵەتێکی بێهێزو لاواز بووەو، بە کارتێکردنی بەریتانیا - گوایە لای عیراقی گرتووە - ، بە (دیاری)ی داوەتە عیراق.[5]

وازی لە عیراق و شۆڕشە تازەپێگەیشتووەکەی نەهێنا... گەف و هەڕەشەی نەبرایەوە ... دەستی لە دوژمنایەتی کردنی عیراق و کاروباری ناوخۆی عیراقەوە هەڵنەگرت... هەردەم هەوڵی ئەوەی دەدا بزووتنەوەی عیراق سنووردارو تەنگەبەر بێ و نەتوانێ ڕوو لە گۆڕەپانی نەتەوایەتی و بە جێگەیاندنی ئامانجە مەرکەزی‌یەکەی - ڕزگارکردنی فەڵەستین - بکا.

شای دڵ پڕ لە ڕق و کینە، بە هاوکاری‌کردن لەگەڵ دایەڕەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنی، لە پیلانگێڕان دژی عیراق نەوەستا... هەڵوێست و شێوازی تەماعکارو ناپاکانەی ئەوتۆی بە کاردەهێنا، بە پێی پێکران و زەفەربردن و دەرفەت، لە شۆڕشی میللەت عیراق بدات و زیان بە سەربەخۆیی نیشتمانی و مافەرەواکانی نیشتمانی و نەتەوەیی بگەیەنێ.

بارودۆخ بەمجۆرە مایەوە تا مۆرکردنی ڕێکەوتنامەی جەزایر لە 6ی ئازاری 1975.

ئەم ڕێکەوتنامەیە، کە لە ژێر بارودۆخێکی سیاسی و عەسکەری و نەتەوەیی تایبەت دا مۆرکرا، پێویست بە مۆرکردنی هەبوو... سەرکەوتنێکی باش بوو بۆ پاراستنی ئاسایش و بەردەوام بوونی ڕێبازی شۆڕش و چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ دەوروبەردا بێ ئەوەی زیانی ستراتیجی پێ بگەیەندرێ.

سەرەکی بەرپرس صدام حسین، دەربارەی ئەم ڕێکەوتنامەیە دەفەرموێ: «ڕێکەوتنامەی ئازار کچی بارودۆخەکەی بوو... گەلگەمان باش نیگەیشت... وە - لە چوارچێوەی بارودۆخەکەدا - بە سەرکەوتنێکی مەزنی دانا و بە گەرمیەوە پێشوازی لێکرد، چونکە هەستی بە مەبەستەکەی کرد سەربارەت بە یەکیەتی نیشتمان و پاشە ڕۆژی وڵات...».

دوای ڕێکەوتنامەکە، بۆ ڕاپەڕاندنی ناوەرۆک و بەندەکانی، ووتوێژی زۆرکرا... بە تایبەتی دەربارەی سنوورو دینگەدانان. ئەوە بوو هەرسێ بڕوتۆکۆلەمانی:

دیارکردنی سنووری ئاوی، نەخشەکێشانەوەی سنووری ووشکایی و ئاسایشی سەرسنوور مۆرکران.

بە نسبەت ڕاپەڕاندنی ناوەرۆکی بڕوتۆکۆلی سنووری ووشکایی، پێویستی بە وەخت دەکرد، ئەمەش کارێکی ئاسایی بوو، پاشان وەلەبەر ڕووداوەکانی ناوخۆی ئێران لە ساڵانی (1978) و (1979)، کارەکانی ڕەسمی گەڕاندنەوەی خاک دواکەوت.

لە 11ی شوباتی 1979دا شا گۆڕ بە گۆڕ چوو... ڕژێمی نوێ - ڕژێمی خومەینی - جلەوی دەسەڵاتی گرتە دەست.

بۆ بەڕژەوەندی ئێران وا بوو، ڕژێم بەرگی ڕق و کینەی ڕەگەزپەرستی فرێ بدات و بنسیاتنانی پەیوەندی دۆستانە، بە تایبەتی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، کۆشش بکا. بەڵام خومەینی لە جیاتی ئەوە، بە پێداچوونەوەی زنجیرەی ڕق و کینەی تەماعکارانە دژی نەتەوەی عەرەب و عیراق بە تایبەتی هەڵسا... بەردەوام بوو لە داگیرکردنی خاکی عیراق کە ئێران - بە پێچەوانەی ڕێکەوتنامەکانی سنوور - دەستی بە سەراگرتبوو، بە تایبەتی لە (زین القوس) و

هەوڵنامەی کتێب

(سیف سعد)دا... هەر ئاواش بە نیسبەت هەرسێ دوورگەی (طنب الکبری والصغری و ابو موسی)... سەرەڕای دەست دانە سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و شۆڤینی دژ بە برا عەرەبەکانی ئەهواز (کە ئێران لە 20ی نیسانی 1925 ەستی بە سەرا گرتبوو).

سەرۆکی بەڕێز صدام حسین لەع بیرەوەری دوازدەمین بەڕابوونی شۆڕشی 17 - 30ی تەموزەوە، دەربارەی پەیوەندیەکانی نێوان عیراق و ئێران، پاش گۆڕانکاریە نوێیەکانی ناوەوەی ئێران، فەرمووی: «هەر لە سەرتاوە، هەڵوێستێکی ئیجابی و هاوسەنگمان بەرانبەر بە ڕووداوەکانی ئێران گرتە بەر... پێرۆزبابیمان لە گەلانی ئێران و خواستەکانیان کرد... بە هەڵوێستی ئاشکراو ڕاگەیاندراوەوە لە میان ووتووێژی ڕاستەوخۆ لەگەڵ لێپرسراوانی ڕژێم و، لە ژێر ڕۆشنای و تێڕوانینی پەیوەندی مێژوویی هاوبەش لە نێوان گەلانی موسڵمان و لە سەر بنچینەی ڕێزلێنک گرتن و دەست نەخستن لە کاروباری ناوخۆوە، دووپاتمان کردەوە کەوا عیراق بە تەنگ پەیوەندی باش و دۆستانەو دراوسێیەتیە لەگەڵ ئێرانا...

بەڵام لێپسراوانی ڕژێم ڕوویان لەم هەڵوێستە دڵسۆزو ڕاستگۆیە نەکردو بە شێوازی ڕەگەزپەرستی و هەڵوێستی دوژمنانە وەڵامیان دایەوە... نیەتی دوژمنایەتی کردنی نەتەوەی عەرەب و بزووتنەوە شۆڕشگێڕیە خەباتگێڕەکەی ڕاگەیاند، دووپاتی کردەوە کە چاوی لە خاکی عەرەبی و سیاسەتی فراوان بوون لە سەر حیسابی ناوچەنی کەنداوی عەرەبی دایە... ئەم هەڵوێستانە کە سەرچاوەی ڕەگەزپەرستی و ڕق و کینەو دواکەوتووین، کارەساتی بۆ ئێران هێنا».

خومەینی و... پیلانەگەورەکە:-

لە سەرەتادا، باسمان کرد کەوا لە چاخی داریۆشەوە بگرە تا شا عەباسی بزورگ و تا چاخی قاجارەکان و چاخی نادر شاو جا حەمەڕەزا شاو دواجار خومەینی، عەجەمە ڕەگەزپەرستەکان وپستوویانەو ئەیانەوێ گەلانی دراوسێیان بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە... بۆ ئەم مەبەستەش هەزاران ئازاوەو ئاشوب و شەڕو پیلان و هەڕەشەو... هتد.

بوون بە شملی شەڕی میللەتان و پاشەڕۆژی ئەو میللەتانەیان گرتووە.

کاتێ کە ڕژێمی زیوڵ زیوان بوونی حەمە ڕەزای شای ناوانکارو نەفرەت لێکراو ڕوخاو ڕژێمی خومەینی جێ گرتەوە، عیراق ئێمە بە گەل و حزب و شۆڕش و سەرکردەکەیەوەو ئەم مەبەلەیەی وەک مەسەلەیەکی ناوەخۆو سەر ئێرانی دایە قەڵەم و پڕ بە دڵیش نیازخوازی خوێشی دەربڕی، کە حوکمگێڕە تازەکانی تاران و توم لە واقیع هەرەتازەی ئەم عیراقەی ئێمە تێبگەن و لاپەڕەیەکی تازەو پاک لە پەیوەندیی دۆستایەتی نێوان ئێمەو خۆیان بکەنەوەو گۆشتەزون بەزامەکان بێنن و کۆنە وێنە ڕەشەکەی ڕژێمە چەپەڵەکەی حەمەڕەزا بسڕنەوەو ڕوو بکەنە هەواریکی خاوێنی هاوسێیەتی و دۆستایەتی و برگەو بەندەکانی ڕێکەوتنەکەی جەزایر جێبەجێ بکەن و تا بە خەباتی هاوکۆی گەلی عیراق و گەلانی ئێران لە دژی ئیمپرایالیزم و زایۆنیزما بدەن.

عیراق ڕۆژ بە ئارامەوە هەوڵی بێپایانی دا تا ئەو حوکمگێڕە سەیرانە بخاتە سەر ڕایتە شەقامی مێژووی مرۆڤایەتی، کەچی هەموو هەوڵە پاکەکانی بێ هودەو مایە پووچ و بێ ئەنجام بوو و دەرچوو سی و سێ بنەک هەر ئەمە بگرە بەڵکو ئەو حوکمگێڕە ملهوڕانە هەر لە یەکەم مانگی ڕوخاندنی کۆنە ڕژێمی شاوە، دەستیان بە هەڕەشەکردو ئاگری دووبەرەکیان خۆش کردەوەو کۆنە بریندەکانیان خستە سوێو دەزگا ڕاگەیاندنەکانی خومەینی، دەستیان کرد بە جوێندان و بە پڕوپاگەندەی ناڕەواو بە بوختان و بە درۆ ملیان بە شالاو هێنانەوە تا بۆ سەر عیراق... بۆ سەر حزب و شۆڕش و بۆ سەر شۆڕەسوارانی ئەو شۆڕشە.

لە جیاتی ئەوەی بێن و چارەسەری زانستانەو پلانی

هەوالنامەی گێتی

ووردکارانه بۆ ئەو گیروگرفته ئالۆزانه بدۆزنەوە، لە جیاتی ئەوە، ئەو رژیمە تازە بابەتە زۆر دوای زۆر مل هورتر و بەدکارتر ئەبوون و رووبان لە ئازاردانی گەلی عیراق و شۆڕشی عیراق کرد... دەستیان بۆ سەر خاکی پیرۆزی عیراق درێژکردو لە چواری ئەیلوولی 1980 شارو دێهات و ئیشکگەکانی عیراقی دایە بەر ئاگری توپ و... جەنگی مسەپاند.

عیراق هەر بەرگەی گرت و رێگەی پشوو درێژی گرتە بەرو گەلێ یادداشتنامەی ئاڕەزایی بۆ حکومەتی تاران ڕەوانە کرد تا دەست لەو کارە ئاڕەوایانە هەلگەێت و واز لە پەلپ گرتن بێنێو یاری بە ئاگر نەکات...

ئەمیش هەر بێ سوود بوو.. کاری دوژمنایەتیو دەستدرێژیانەی مێژەر بە سەرانی قوم و تارانی دایەوەو بەرەنگاری چەتەکانی هات و هەندێ لەو خاکانەی کە بە ناهەق داگیرکرابوون رزگارکردو کەلێ شوێنی تریشی لە نێو قوولایی خاکی فارس و لە پێناوی خۆپاراستن و بەرگری لە خۆکردنا خستە ژێر دەست و دیۆ جامانەی ئەو سیناریۆیەی کە ئەهریمەن و بەچکە ئەهریمەنەکانی قوم و تاران دایانابوو، بۆ خۆیان بوو بە مایەی بەلاو کارەسات...

بە مایەی شڵەژان و تۆقاندن و شێتگیربوون..

وەهەر لە هەمان کات دا سەرکردایەتی پارت و شۆڕش، هێزەکانی سوپایی کێشایەوە سەر سنوور بۆ ئەوەی بۆیان دووپات ببێتەوە کەوا عیراق چاوی لە خاکی ئێران نیەو.. بەڵکو کەللەڕەقەکان بۆ ئەقڵ و هۆش و مەنتق بگەڕێنەوەو دەست لەم دەستدرێژیە هەلگرن. بەڵام بێسوود بوو... بە مەیش عیراقی شۆڕشگێڕ قادسیەی دووەمی بەرپاکردو لە قادسیەی صدام گەورەترین دەسکەوتی میژوویی وەدەست هێناو بوو بە سەرشارێکی تازە لە ڕەوتی بزووتنەوەی شۆڕشی گەلی بە جەرگی عیراق و سەرجەمی نەتەوەی عەرەب و رووبەڕووی نالەبارترین و کینەدارترین دوژمنێکی خوێنخۆرو ڕەگەزپەرست بووەوە... ئەوەیشی بۆ دنیا ئاشکرا کرد کە جەنگاوەری عیراقی بە چی گیان و وڕیەکەوە، بە چی بەخشش و لە خۆبووردنێکەوە ڕوو ئەکاتە شەڕو لە مەرگ و شەهیدبوونی پڕ لە سەرفرازی سڵ ناکاتەوە.

هەر لێرەدا، ئەوەی بە وردی لە هەموو لایەنێکی ئەم جەنگەو هۆیەکە مێژوویەکانی ئەم جەنگەو بە درێژایی پێنج ساڵی رابردوو وردبێتەوەو بە وردیش لە کارە عەسکەریەکانی هێزە چەکدارە دڵێرەکانی بەرەی جەنگ ڕابمێنێ، ئەگاتە گەلێ ڕاستیو گەلێ ئەنجامی ئاشکراو دیاریکراوەوە.

داستانی قادسیەی صدام و لە ئەنجامی ڕوو بە ڕووبوون - بە درێژایی هەزار کیلۆمەتری سنوور - بەڵگەی ئەوەی دا بە دەستەوە کە هێزی عیراقی نوێ، خاوەن توانایەکی بڕین و یەکجار بەرزەو لە جەنگیشا لە پێشی هەرەپێشەوەی سەرانسەری سوپاکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاستەوە ئەوەستێت... هەر ئەو داستان و ڕوو بە ڕووبوونەش بووە ئەپێتە مایەی یەکالاکردنی هێزو توانای جەنگاوەرەکانمان و ئەوەیش دووپات کردەوە کە بە هیچ کلۆجێ ئوردوی عەجەم ناتوانێ جێ بە سوپای تێکۆشەری عیراق لێڕ بکات.. چونکە سەرەڕای ئەوەی، ئەم شەڕەی عیراق شەڕێکی عادیلانەو رزگاربخوازانەیە، لە هەمان کاتیشا گەلێ هۆی سیاسیو میژوویی بۆتە سەرچاوەی سەرکەوتنە پەیدەیەکانی بوپاکەمان لە گشت کەرت و بەرەکانی جەنگدا. لەوانەیش:

ڕاستە رێگەی تایبەتی عیراق و سوپاکەی کە بەندە بە فیکری پارتەوە، بە بەرنامە مەزنەکانی ئەو حزبەوە لە پێناوی گۆرانکاریەکی شۆڕشگێڕانەی بنەڕەتانەی شارستانێتی لە عیراقدا، سەرەڕای ئەو دەورە دیارەی سەرکردەی لێهاتوو

کەوڕکامەی کتێب

سەرەك صدام حسین لە عیراقا ئەنگێرێت و بە زیرەکی و بە لێهاتوویی و بێ کۆڵنەدان، هەوڵی بنیاتنانی ژیانێکی نوێ نێو عیراقێکی نوێ و لە هەموو بوارێکی سیاسی و ئابووری و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سوپایی دا ، ئەدات.

لە پاڵ ئەوەشدا، لە لایەك وا پێمان نایە سالی شەشەمی جەنگ و جەنگاوەرە دلێرەکانی عیراق، جلەوی دەستپێشکەری لە کۆڕو بەرەکانی جەنگا گرتۆتە دەست و شۆڕشیش لە بزووتنەوەی سیاسیانەو دیبلۆماسیانەی خۆیدا رۆژ دوای رۆژ پێش ئەکەوێت و گەلەکەشمان سات دوای سات فێری مەشتکردن ن هەڵگرتنی دلێرانەی باری سەرشان و بەرگەگرتنی درێژ ئەبێ و تا دێ وەرەی بەرزتر ئەبێتەوەو لە خۆڵوردووتر ئەبێ . . . لە لایەکی ترەوە گەلی جگەرسووتاو و تێکۆشەری کوردی کوردستانی ئێران، گەلی بلوجستان و عەرەبستان و ئازربایجان تاو بە خەباتی خۆیان ئەدەن و داوای ماخی رەوای نەتەوایەتی و مرۆڤانەی خۆیان ئەکەون و رووبەڕووی بەیت و بالۆرەی کۆنەپارێزی (کۆماری نەمری ئیسلامی !!!)ی خومەینی و تاقمە نەفامەکەی ئەبنەوەو خوێنی پاکی خۆیان لەم پێناوەدا ئەبەخشن.

جەنگی رەوای گەلی عیراقیش چرکە دوای چرکە بە تونڊی کار لە رێرەوی گشتی بەربەرەکانێ سیاسی نێو ئێران و سەنگەلای ئەکات . . . بەڵێ لە پاڵ ئەمانەشدا هێشت عیراقی سەربەرزو سەرفراز، بە زمانی سەرمردە دلێرەکەی صدام حسین ـ ەوە بەردەوام داوای وەستاندنی خوێن و شەڕ ئەکات و جاری چارەسەری ئاشتیخوازانە ئەدات و بە مەبەستێکی پاك و بە دڵێکی سافەوە پێشوازی لە هەمو «مەبەستە پاکەکان»ی نێو دەوڵەتانی کردووەو ئەکات، بە شێوەیێ ئەو چارەسەرە زیان بە بەرژەوەندیی و مافەڕەواکانی عیراق لە خاك و ئاودا نەگەیەنێ . . چارەسەرێکی بنەڕەتیانەی وا بێت کە بەند بێ بە گیانی عەدالەت و مافە مێژوویی و سیاسییەکانمانەوە . . کەچی حوکمگێڕ سەرشێتەکانی تاران و ئاخوندەکانی قوم، هەر لە سەر ڕێبازی ملهورانەی شەڕفرۆشتن دا بەردەوامن و گوێ بۆ هیچ جۆرە دەنگێکی خێرخوازانە ڕانادگرن و بەرژەوەندی گەلانی ئێرانیان پێشێل کردووەو لە نێو خەونی ئاشوبا شاقنەو تلوڕ ئەبنەوەو نایانەوێ ئەم ناوچەیە نەختێ داکاسێ و رووبکاتە بنیاتنان و پاشەڕۆژێکی رووناکەوە.

هەر بۆیەشە، سەرکردەو پاڵەوانی لێهاتوو صدام حسین، لە ئەنجامی ئەو کەللەڕەقی و ئەو شەڕفرۆشتنەوە بە زاتێکی مەوزوعیانەوە بڵێ: «ئەگەر فارسی دوژمن ئەیەوی درێژە بە جەنگ بدات، با درێژەی پێ بدات تا ئەو ڕۆژە دێ تەواوی مافە ڕەواکانمانی لێ ئەستینین . . .».

چونکە گەلی نەبەزی عیراق و سوپای دلێری عیراق هەمیشەو بەردەوام لە ئەو پەڕی ئامادەبوون دایە بۆ گەرمتر چوونە نێو ئاتۆنی جەنگ و درێژەدان بەو جەنگەو لە پاڵیشیا بەرگری کردن لە کەرامەت و دەسەڵاتداریتی خۆی لە خاکی عیراقا تا ئەو ڕۆژە دێ یا حوکمگێڕو ئاخوندەکانی ڕژێم بە شێوە قانونیانەو ئاشکرا دان بە مافە ڕەواکانی عیراق بنێن و واز لە شالاوی ڕەگەزپەرستانەی خۆیان بێنن و دەست لە کاروباری ناوخۆی عیراق وەرنەدەن و ڕێز لە دەستوورو عورفی نێو دەوڵەتان ـ بۆ ئەم مەبەستە ـ بگرن . . . یا هەر بە جارێ ئەم جەنگە ـ بێگومانیش هەروایە ـ ئەبێتە مایەی ڕوخاندنی دەستەو دایەرە چەتەکانی خومەینی و ڕژێمە گێڵەکەی، کە بەمەیش، بێگومان بنچینەی ئاسایش و دۆستایەتیەکی ڕاستەقینەو پەیوەندیەکی پاکی مرۆڤانە لەم ناوچەگرگرتووەدا دائەمەزرێ و گەلانی ناوچەکەش، نەخوازەڵلا گەلانی ئێران دوارۆژ و ژیانی ئاسودەیان دابین ئەبێت.[6]

یەکیەتی نیشتمانی و . . . گرەوکردن!!

ڕژێمی خومەینی و هاوپەیمانانی گرەویان لە سەر عیراقی یەکان دەکرد . . زۆریان ووت . . دەیان وت: خۆیان ناگرن!! . . لە شەڕدا بەرگەناگرن!! . . دوودڵی و ڕاڕایی بەرامبەر سوپاو جەنگاوەرە نەبەردەکانی عیراق بڵاو دەکردەوە . . . دەیان وت شۆڕشی عیراق، لە بزووتنەوەی خۆبووژاندنەوەیدا دەوام ناکات و ناتوانێ جەنگ بەرێوە

هەوالنامەی کێبڕکێ

بەرێ!!... ئەمەش کارەساتی بۆ ئێران هێنا. عیراقی یەکان ئیرادەو عەزمێکی پتەوو هێزێکی یەکگرتوون... بە.. قادسیەی صدام، عیراقییەتی تێکرا کوردو عەرەب و برا کەمایەتیەکانی لە نایابترین شێوەی وەفاو تێکۆشان لەگەڵ خاکی نیشتمانیدا پێشان داو، جوانترین پەیوەندی ئەم گەلەی لەگەڵ شۆڕشەکەیدا دەرخست.

کورد لە قادسیەی صدام دا وەك عیراقی هاوبەشی جەنگی کردووەو دەکات.. باش دەزانێ کە لەم شەڕەیدا لە پێناوی سەربەرزیی نیشتمانیدا خەبات دەکات و.. لە پێناو شتێکی هەرە بەرزو بە نرخ و پایەبەرزدا، بەو پەڕی فیداکارییەوە دەجەنگێت.. ئەو شتە بەرزە خۆشەویستە کە لە ناخی دەروونیدا دەژیت و رەگی داکوتاوە، عیراقی نیشتمانیەتی.

ئەم هەستە نیشتمانیی یە دەربرینێکی راست و زیندووە لە قوڵی و مزاوانی و بەهێزیی ئەو پەیوەندیە گیانی یەی کە عیراقی یەکان لە چوارچێوەی یەك نیشتمانداو بە یەکەوە دەبەستێتەوە، بێ ئەوەی هیچ تایبەتیەك کار بکاتە سەر ئەم پەیوەندیو یەکیەتی گیانی بە گیانی یە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەو تایبەتیە نەتەوەییەی لە کۆمەڵگای عیراقی نوێدایە، کارێکی کاریگەر دەکاتە سەر بەیەکەوە بەستن و پەیوەندی عیراقی یەکان و وێنەیەکی نموونەیی یەکیەتی نیشتمانی رەنگ دادەرێژێت.

نواندنی داستانی پاڵەوانێتی سەربازانی سەدەی بیستەم و رێبازی سەرکەوتنی بەردەوامی نەبەردەکانیشمان، بە درێژایی جەنگ ئەم راستییەی سەلماندو دووپاتی کردووەوە، وەهەر لە یەکەم رۆژی جەنگەوە، کە یەکیەتی پتەوە بەهێزی عیراقی یەکان، گرەوکاریی کاربەدەستە عیراقی یەکان، گرەوکاریی کاربەدەستە چاوچنۆکەکانی ئێران و لێکدانەوەی هاوپەیمانانی رژێمی بە موعادەلەیەکی وەرگەڕاوو سەرەوژێر دەرخست.[7]

هەر لە یەکەم رۆژی جەنگەوە، پاڵەوانە خۆێن گەرمەکانی حزب و شۆڕش، ئەو راستیەیان دووپات کردەوە کەوا میللەتی خەبانگێری عێراق، بە کوردو عەرەب و برا کەمایەتیەکانەوە، بە رابەری سەرکردەی لێهاتووی کۆڵنەدەر، سەرەك صدام حسین، رۆڵەی رۆژانی تەنگانەن و دەزانن چۆن دەجەنگێن و چۆن خەون و پیلانەکانی دوژمنان هەڵدەوەشێننەوەو چۆن بەرگری لە سەربەستی و سەربەزیی خاکی پیرۆزی ئەم نیشتمانە ئازیزە دەکەن و.. هەمیشەو شێرانە خۆێنی پاکی خۆیان لە کاروانی مان و نەماندا دەڕێژن و.. مل کەچ نەبوونەو قەتیش مل کەچی قبوڵ ناکەن و.. هەردەم بۆ پێشەوە دەڕۆن و هەرگیز پاشگەزیی و گەڕانەوەیان بۆ نیە.

لە میان زیاتر لە پێنج ساڵی جەنگی راستەقینەمانەوە لەگەڵ رژێمی کۆنەپەرستی ئێران، حاڵەتی عیراقی بەرچاوو تاك و دیار بوو لە پاراستنی خاك و ئاوی وڵات... ئەمەشی لە چەندەها هەڵوێستدا دەربڕی بۆ ئەوەی حاڵەتی مرۆڤی نوێو بنیاتنانی کەسایەتی نوێی عیراق دووپات بکاتەوەو لەگەڵ سەرجەمی ئەو گۆڕانکاریی یە بنەڕەتیانە کە وڵاتەکەمان لە چەشنەها بواردا بە خۆیەوە بینیووە، یەك دەگرێتەوە.

حاڵەت و باری نوێش، کە لەم رووەوە دەتوانێن دەستنیشانی بکەین، حاڵەت و کێشەو زۆرانبازیە لە نێوان ژیان و مردن لە پێناو پیرۆزیی نیشتمان و قوربانیدان لە پێناو پاراستنی خاك و ئاوو هاوڵاتیانی نیشتمان... ئەمە، بە شێوەیەکی گومان لێنەکراو، رادەی پتەوی بەستنەوەی مرۆڤی عیراقی بە خاکەکەیەوە دووپات دەکاتەوەو دەیسەلمێنێت.

بێگومان، حاڵەتی نوێش «یان ژیان یا مردن» حاڵەتی هەرە بەزی نیشتمانپەروەریە، هەتا هەتایەش، مێژوو لە بەرپەرەکانی پارێزراوی خۆیدا، بە دێرین و نەمریی یەوە هەڵی دەگرێت.

لەگەڵ ئەم حاڵەتە نوێیەشدا، جەنگاوەرە خۆێن گەرمە نەبەردەکانی عیراق، سەخرەرای رشتبوون و مەعنەویاتی بەرزو توانای لە بن نەهاتوویان، رۆژ دوای رۆژ، پێشبڕکێی قوربانیدان و بەخشینی خۆێنی گەشیان دەکەن بۆ بە

هەوالنامەی کێبڕکێ

جێگەپاندنی بیروباوەڕی «شەڕ لە پێناو ئاشتی»دا لە ڕێگای لە ناوبردنی زۆربەی زۆری بەکرێگیراو و ڕەگەزپەرستانی ڕژێم و تێکشکاندنی هێزی سوپای دوژمن، داستانەکانی ڕۆژهەلاتی بەسەرەو میسان و داستانەکانی سیف سەعدو خەفاجیەو مەندەلی و حاجی ئۆمەران و داستانە مەزنەکەی ڕۆژهەلاتی دیجلەو داستانەکانی تر، بەلگەی مێژووین.

هاوکارانی خومەینی و... ڕووڕەشانی مێژوو:

خواستە بۆگەنەکانی یەکگرتنەوەی هەرچوار ڕژێمی خومەینی - قەزافی - ئەسەردو قەوارەی زایۆنی دوژمن، لای جیهان و ڕای گشتی و گشت هاوڵاتییکی عەرەب و غەیری عەرەب، ئاشکراو ڕوونە... پێویست بە دووپات کردنەوە ناکات. بەڵام لێرەدا پەنجە بۆ تەنیا چەند لایەنی سەیر درێژ دەکەین:

لایەنی یەکەم:

ڕژێمی - حافظ اسد - ی ناوانیارو دەستە خوێن مژەکەی، لاوازو بەرەو نەمان دەڕۆن... ماناوەی ڕژێم بە پەرستنی ئیمپریالیزم و زایۆنی و بە جێگەپاندنی پیلانەکانیانە... هەڵبەتە بەرژەوەندی ئیمپرایالیزم و دوژمنانی نەتەوەی عەرەبیش لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و کەنداوی عەرەب، تا ڕادەیەک، بە هۆی ڕژێمی تاران مسۆگەر دەکرێ و دەپارێزرێ.. چونکە ڕاپەڕینەری پیلانەکانە.

دەستەی ڕژێمی دیمەشقیش، کارکەری دڵسۆزی ڕاپەڕاندنی پیلانەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزمە لە ناوچەکەدا... بەم جۆرە پەیوەندییکی پتەو لە نێوانیاندا پەیدا دەبێ و... سەرۆکی ڕژێمی دیمەشقیش، بۆ بەرژەوەندە خۆی و تەنیا مانەوەی لە کورسی یەکارتۆنییەکەی حوکمدا - ئەوەی لایانە، سەبارەت بە یارمەتیدانی ڕژێمی تاران بۆی بڕستێ، ئەبێ دڵسۆزانە، بێ دەنگ

ڕاپەڕێنێت!!.. وە بڕیاری فەدەغەکردنی تێپەڕبوونی نەوتی عێراق بە خاکی سووریاداو دانی ۆرەها چەک و جۆبەخانەو شارەزای سوپایی بە خومەینی، نزیکترین بەڵگەن.

لایەنی دووەم:

دۆستایەتی و هاوکاری نێوان زایۆنی دوژمن و ڕژێمی خومەینی، ئاشکراو بەهێزو پتەوە.. لە لێدانی دەزگای ئەتۆمی عیراقی بگرە تا دەگاتە کردنەوەی پردێکی ئاسمانی لە نێوان تل أبیب و تاران بۆ ناردنی جۆرەها چەک و جۆبەخانە بۆ ڕژێمی خومەینی... ئەمەیان با بڵێین هیچ!!.. لەوە سەیرتر ورتەکەی خومەینی - یە: خومەینی دەیەوێ - بەهۆی زایۆنیزمەکان - ، - بە ڕێگای ڕژێمی (حافظ أسد)ەوە - ،خاکی داگیرکراوی فەڵەستین لە ڕێردەستی - جوولەکەکان - ڕزگار بکات!!!.. سەربەخۆیی لوبنان بپارێزێتی!!!...

بێگومان: «بە گۆڕەی خەون و پیلانە بۆگەنەکانیان»، ڕزگارکردنی خاکی فەڵەستینیش، بە هۆی یەکگرتنی هەرچوار ڕژێمی ڕەگەزپەرست و نەفام، پێویست بە «بێهێزبوونەی عیراقی شۆڕش دەکات!!!...

وەبە پێی ڕێکەوتنامەی خەیاڵ پڵاوی خۆیانەوە، (بۆ ڕزگارکردنی خاکی فەڵەس تین)، ئەبێ ئێرانی خومەینی عیراق داگیربکات و زایۆنی دوژمنیش، نیوەی خاکی سوریا بخاتە ژێردەستییەوە، بۆ ئەوەی تەنیا - حافظ أسد - لە (سەرۆکایەتی) نەکەوێ!!!.

لایەنی سێیەم:

ئەوەی سەیرە لەم لایەنە ئەوەیە:

وا دیارە زایۆنیزم بە تەنگ کوردەوەیە!!.. دەیەوێ لە - تل أبیب - ەوە، بانگی ئۆتۆنۆمی - ڕاستەقینە - بۆ کورد ڕابهێڵێت!!!.

- ڕژێمی خومەینی - یش، ئەوەی بۆی دانرابوو ڕاپەڕاندو بەردەوامە... دەرکردن و لە سێدارەدانی ئافرەت و گەنج و پیری کوردستانی ئێران... لێدانیان بە توپ و ناپاڵم و فڕۆکەو ئاگری سووتێنەر... چونکە داوای ماف دەکەن!!.. داوای خود موختاری دەکەن.. چۆن خومەینی «مافە ڕەواکان» لە کیسی خۆی بۆ کورد سەرف

هەواڵنامەی کێبڕکێ

بکا؟!!!.

- أسد - یش، لەو کاتەی عیراقی شۆڕش ،ئۆتۆنۆمی بە گەلی کوردمانی‌دا، رابگەیاند کەوا (عیراق ناوچەیەکی گرینگی خاکی عەرەبی پێشکەش بە غەیری عەرەب کرد!!!...

ئەمڕۆکە - أسد - ی ناوانبارو رووبەرەش دەیەوێ، لە قۆڕبنکی کۆشکی کۆماریدا، بانگی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد رابهێنێت؟!!!.

لایەنی چوارەم:

خومەینی و قەزافیش لە سەرەتاکە رێگادا یەک دەگرنەوە.. باشەی ئەی قەزافی - ی دایکە جوو نەبوو ووتی حەدیسەکانی بغەمبەر (د.خ) درۆن؟ چۆزن ووتی (سوننەی نبویی) بوونی نیە؟ بۆچی مێژووی کۆچی لابرد؟

دوای ئەم لێداوانەی قەزافی بە چەند مانگێ، خومەینی جادووکەر وەڵامی دایەوە ووتی: «پەیامی پێغەمبەر تەواو نیەو... یەکێک پەیدا دەبێ ئەو پایەمە تەواوبکات!!!» وە خومەینی هەروەک قەزافی مێژووی کۆچی لابردو، هەروەک شا، تەنیا پشتی بە مێژووی کۆنی فارسی دەبەستێ.

هەر چۆنێک بێ، قادسیەی صدام دەرسێک بوو بۆ بێژینگ کردنی دەسەلاتدارانی عەرەب.. رووبەرەشی وەک - أسدو قەزافی - و تاوانی گەورەیان دژ بە عیراق و نەتەوەو ویجدانیان، لە بەرپەرەکانی مێژووداله چاپ درا... دادگاشیان ماوە.[9]

کوردستانی ئێران قەڵایەکی سەختە دژ بە رژێم:-

گەلی کورد لە ئێران وەکو گەلاندی تری ئێران بە دەستی خێزانی پەهلەوییەوە تووشی ستەمکاری و زۆرداری هات و هەزاران لاوی لە پناو سەربەستیدا بەخشیوە. شەهیدی نەمر قازی محەمەدمان لە بیر ناچێ کە دامەزرێنەری کۆماری کوردی مەهاباد بوو لەگەڵ هاورێکانیدا کە لە مەیدانی چوارچرا لە شاری مەهابادی تێکۆشەر، سەرکەوتنە سەر سێدارەو بۆ دوژمنانی میللەتی کورد ملیان کەج نەکرد، دوای ئەوەی رەزا شا کۆماری نویێ کوردستانی، بە پشتیوانی ئیمپریالیزمی ئاغای و زایۆنی زبرایەوە، ناو برد... بەڵام ئایا گەلی کوردی ئێران بۆ وەرگرتنی مافە رەواکانی خۆی بۆ سەربەستی و ئازادی واز لە تێکۆشان هێنا؟.. وەڵ، دیارە نەخێر.. نەخێر گەلی دلێری کورد لە کوردستانی ئێران هیچ کاتێ دەستی لە تێکۆشان و شۆڕش بەرپاکردن هەڵنەگرتووە لە پناو رزگاری و سەربەستی و خواستە رواکانیدا.[10]

کاتێ گەلانی ئێران لە ساڵی 1978دا دژی رژێمی گۆڕ بە گۆڕ راپەڕین و هاتنە سەرشەقام و زەمینەو مەیدانە گشتی یەکان و هاواریان دەکرد کە رژێمی شا بروخێ... کە داوای ریمۆکراتیەت و سەربەستیان دەکرد، گەلی کوردی نەبەزی ئێران بێ بەشی ئەو راپەرینە جەماوەری و ئەو شۆڕشە میللی یە بە گوڕە نەبوو کە هەموو لایەکی ئێرانی گرتبووەوە و شان بە شانی گەلانی ئێران بەشداری شۆڕشی کرد بۆ روخاندنی رژێمی شا.. وەک گەلانی ئێران و رێکخراوە رامیاری یەکانی، دەستی دابە چەک و لە ناران و شارەکانی تری ئێران بەشداری خۆپیشاندانەکانی کردو، بێ کۆتایهێنان، ئازاو مەردانە بەشداری شۆڕشەکەی «خومەینی!!!»ی کردو هەزاران لاوی کورد خوێنی پاکی خۆی لەم پناوەدا ڕشت، بەو مەبەستەی بیتە قۆچی قۆربانی ئازادی و رزگاربوون و سەربەستی و دابینکردنی مافە رەواکانی گەلی کوردی کوردستانی ئێران.

پاداشتی خومەینی بۆ گەلی کوردی ئێران، هەروەک پاداشتەکانی بۆ گەلی بلوچستان و عەرەبستان و ئازربایجان و گەلانی تری ئێران، دەربەدەرکردن و لە ناوبردن و

لە سێدارەدان و تەخت کردنی شارو دێهاتەکانیان بوو... نەک ئەمەو بەس ،بەڵکو بگرە بە کافرو نالەبارو دژی ئایین و موسلمانێتی و «شۆڕشی ئیسلامی.. ئێران ناوی لێنرا.

هەولێنامەی کێبڕکێ

لەگەڵ هەموو تەقەڵادانێکدا کە تەڵەکە بازی گەورەو شەیتانی سەدەی بیستەم دای بۆ سەرکەوتن و مراندنەوەی شۆڕشی کوردی ئێران، هەموویان پووچەڵ بوونەوەو شۆڕش پەرەی سەندو ڕۆژ دوای ڕۆژ خەباتی چەکدارانەی دژی خومەینی بەهێزتر بوو و خاکی کوردستان بوو قەڵای بەرهەڵستکارانی ڕژێم.

خوێنی گەشاوەی شەهیدانی کوردستانی ئێرانیش بە فێرۆ ناچێ و گەلی کوردی ئێران هەر سەردەکەوێ و لەگەڵ گەلانی تری ئێراندا هەر ئەبێ مافی ڕەوای خۆیان وەرگرن... هێزی شەڕو تاریکیش ،زوو یان درەنگ، هەر ئەبێ لە ناو بچێ.

سەرچاوەکان

(1) - گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژ 88 مانگی ئاب و ئەیلوولی ساڵی 1981. ل16.

(2) - سەرچاوەی پێشوو. ل18.

(3) - مجلة «الجامعة». مجلة شهرية تصدرها جامعة الموصل. «عدد خاص». تشرين الثاني، العدد الثاني. السنة الحادية عشرة 1980. ل12

(4) - سەرچاوەی پێشوو. ل14

(5) - سەرچاوەی پێشوو. ل17.

(6) - گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ .ژ88 ساڵی 1981 ،ل6.

(7) - گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژ 97 ساڵی 1981 ،ل23.

(8) - القذافي والأسد، من هما؟ وماذا يريدان؟ اصدارات وزارة الثقافة والاعلام. دار الرشيد للنشر 1981.

(9) معادات العراق.. لمصلحة من؟ سەر وتارەکانی ڕۆژنامەی «الثورة» لە ڕۆژانی 12و13و14ی حوزەیرانی 1979 دەربارەی پەیوەندیەکانی نێوان عراق و ئێران.

(10) ڕۆژنامەی هاوکاری .ژ (2 - 7) لە 1983/9/1.

هەوالنامەی کێشە

پەیوەندی نێوان
گەل و سەرکردە
بەهێزو تووندە
تیکرا لەیەک
سەنگەردا
تێدەکۆشین بۆ یارمەتی
بیروباوەڕ و
ڕەسنایەتی هاوبەشی

جیۆپۆلیتیکس و دەوڵەت و سیاسەتی دەرەوە چارەنووسی جیهان

زەوی و دەوڵەت

حیلمی عەلی شەریف

جیۆپۆلیتیکس بەم ناوەی ئیستایەوە باس و لێکۆڵینەوەیەکی تازەیە، زاناو پسپورە جوگرافیاناسەکانی دەوڵەتە سەرمایەدارو ئیمپریالیی یە گەورەکانی جیهان هانیویانەتە کۆری زانستی ئادەمیزادەوە.

پەیوەندیی یەکی تونڈو تۆڵی هەیە بە چارەنووسی گەل و وڵاتە بچوک و مام ناوەندیی یەکانی جیهانەوە، وە لەگورەپانی وڵاتە گەورە چاوبرسی یە چەوسێنەرەوەکانەوە هەڵنەقوڵێت و هی خۆیانەو لەوانەوە بڵاو بۆتەوە، وەپێش ئەمانیش هەر لە دەوڵەتە هاوشانە کۆنەکانی جیهانەوە بە شێوەیەکی تر هاتۆتە کایەوە.

لەبەشی سێیەمی ئەم باسەدا بەناونیشانی (جیۆپۆلیتیکس و خەلک و دەوڵەت)، بە دوورو درێژی لەم باسە دواین وبەسەرەتایەك دەربارەی بنچینەی فەلسەفی و یاساو ئایدیۆلوجی پەیدابوونی دەوڵەت باسەکەمان دەست پێکرد تنجاچوینە سەر پێوەندی نێوان خەلک و دەوڵەت وەبیروباوەری زانایانی جیۆپۆلیتیکس دەربارەی ئەم پێوەندیی یە.

وەکو لە ژمارەی پێشووی گۆڤاری ڕۆشنبیریدا باسکراوە زانایانی جوگرافیای سیاسی و جیۆپولیتیکس لایان وایەو کە خۆشی هەروایە، دەوڵەت بەبێ زەوی و خەڵك پەیدا نابێت وەبەپێی ئەم ڕاستی یە باسی ژمارەی پێشوی ئەم گۆڤارە تەرخان کرا بو خەلك و دەوڵەت وەلەم ژمارەیەدا باسی زەوی و دەوڵەت ئەکەین، ئەوەی ڕاست بێت زۆرتر پێوەندی جیۆپۆلیتیکس بەم باسەوە ئەخەینە بەر تیشکی لێکۆلینەوە. چونکە پێوەندی یەکی تونڈو تۆڵی هەیە بە زانستی هێزو توانای دەوڵەتەوە، دەربارەی دوا ڕۆژی هەر دەوڵەتێك کلیلی پێش بینی کردن ئەدانە دەست مرۆڤ.

لەم چەرخەو لە چەرخەکانی پێشوشداو هیچ نەبێت تا دەوڵەتانی ئیمپریالی و سەرمایەداری گەورەو چاوبرسی لەسەر ئەم سەرزەمینە بمینن، ئەگەر لە دوارۆژدا هی ئەستیرەکانی تری ئەم گەردونەشمان لێ قوت نەبنەوە! هەموو دەوڵەتێکی ئەم سەرزەمینە بە تایبەتی بچکولەو مام ناوەندی یەکانی ئەبی هەمیشە دەستیان لەسەر دڵیان بێت کە دەوڵەتێکی لە خۆیان زەلام و گەورەتر پەلاماریان نەدات و دەسەڵات و سەربەستی خاك و خەلکەکەیان پێ شێل نەکات.

ڕاستە ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەیەو کومەڵە دامەزراوو ریکخراوێکی نێو دەوڵەتان هەیە، هەموویان بەپێی دەستوورو یاسایەکی لەلایەن دەوڵەتانی گەورەو بچوکی ئەم سەرزەمینەوە باوەر پێکراو بۆ پاریزگاری ئاشتی و ئاسایشی دەوڵەتانی جیهان خەبات ئەکەن و هاتونەتەکایەوەو ڕێبازی پاراستنی ماقی ئاسایی وڕەوای مرۆڤایەتی و پێوەندی ئاسایی و دۆستانەی ئابوری و ئالوگوری زانست و تەکنولوجیایان گرتۆتە بەر وکردۆیانە بەسەر مەشقی ڕەوتی پیرۆزی خۆیان بەڵام لەوەپێشیش ریکخراوی نەتەوەکان (عصبة الامم)و لەم بابەتە ریکخراوە هەر هەبووەو کەچی جەنگی یەکەمی جیهان و هی دووەمیش هەڵگیرساون و چەند ملیون کەسیکیان تیا گوڕ داوەو ویرانکاری یەکی زۆریشیان داوە بەکۆڵی گەلانی جیهان دا. وەدوای ئەم دوو جەنگە ویرانکەرە قرە کوڕەش لەم کوچەو لەو کوچەیەی سەرزەمین تا ئەمرۆژەی ئیستاشمان هەر جەنگی دوو قۆڵی و چەند قۆڵی لە نێو دوو دەوڵەت و چەند دەولەتیکدا یان لە نێو دەوڵەتێك و گەلێکی بەشخوراوو زۆر لێکراودا هەر

هەواڵنامەی ڕێگە

بەردەوامە.

بویە دەوڵەتە گەورە چاوبرسی یەکان کە کشان بەسەر خاکی دەوڵەت و گەلانیان کردووە بەزیرەوی سیاسەتی دەرەوەی خۆیان، بەچاوی جیۆپولیتیکانەوە سەیری دەوڵەتانی تر ئەکەن هەر وەکو پێویستیشە ئەیان دەوڵەتانی پچوك و مام ناوەندی وەزاناو سیاسەت مەدارانیان بەهەمان شێوە بروانە مەرجە سەرەکی یەکانی هێزو توانای دەوڵەتەکانیان وەدەبەپێی زیبازی دواروژ بیر لە نەخشەو پیلانەکانی دەوڵەتە تەماعکارەکانی تر بکەنەوە.

دوای ئەم پێشەکی یە کورتە ئیتر باسی مەرجی دووەمی دامەزراندنی دەوڵەت ئەکەین واتە دوای خەلك، کە مەرجی یەکەمە زەوی ئەیێ بە مەرجی دووەمی سەرەکی.

نیاز لە زەوی ئەو پارچە زەوی یەیە کە دەوڵەتێکی تایبەتی دەسەلاتی بەسەردا ئەشکێت و تیایا فەرمانرەوایی ئەکات. هەر دەوڵەتەش شێوازێکی تایبەتی خۆی هەیە کە لە هی دەوڵەتێکی تر ناچێت.

بەڵام هەموو دەوڵەتان لە وەدا بەشدارن کە بناغەیان لەسەر دوو پایەی سەرەکی بەندە، خەلك و زەوی.

ئەوی راست بێ شێکردنەوەی ئەم باسە بەپێی بیروڕای جیۆپولیتیکسی سێ خالی گرنگ دێنێتە کایەوە. یەکەمیان دەرفەتی بایەخدار (المجال الحیوی) دووەمیان کشان بەسەر زەوی خەلکی دا (التوسع) سێیەمیان خۆ پاراستن لە چاو برسێتی بێگانەو تەماعکاران، وە ئەم سێ خاڵە دووانیان یەکەم و دووەم لە باسیکی سەربەخودا لە ژمارەی پێشوی رۆشنبیری دا باسکراون وەخاڵی سێیەمیان خاڵێکی ناوکۆییە تا باسەکە تەواو ئەبێت جیگای دیارو گرنگی تیایا داگیر کردووەو ئەتوانین بڵێین گەوهەرو ناوەرۆکی سەرجەمی باسەکەیە.

بێگومان باسی زەوی هەموو مەرجە سروشتی یەکان ئەگرێتەوە کە هەر ئەتوانین لە بڕێتی زەوی و دەوڵەت بڵێین مەرجە سروشتی یەکان و دەولەت کەئەم مەرجانەش لە جیگاو قەوارەو شێوەو ئاوو هەواو پانایی و دەشتایی و شاخ وداخی دەوڵەت و پێتو بەرەکەتی زەوی و کەرەسەی خاوو سنوور. ئەدویت. وە هەر خاڵیك لەم خاڵانە بەپێی سازو ناسازی و بایەخ و بێ بایەخی هێزوتوانای دەوڵەت ئەخەینە تای تەرازووەوە.

بو نمونە ولاتێکی دورە دەستی وەکو ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەوە تێکەڵی دوو جەنگی گەورەی جیهانی ئەبێت کەچی لە هەر دووجەنگەکەدا وەك بەرزەوکی بانان بەسەلامەتی رزگاری ئەبێت، هەروەها پان وبەرینی ولاتی چین، ژاپونی لە جەنگی دووەمی جیهان دا نیوە ئیفلیج کردو هەروەها رووبەری یەکێتی سوڤییەت یارمەتی یەکی گەورەی گەلی سوڤییەتی ئەم دواییەو روسی پیشوی دا کە ناپلیون و هێتلەر بشکێنن.

مەرجە سروشتی یەکانیش پەیوەندی یان بەم خاڵانەی خوارەوە هەیە کە یەکە یەکە باسیان ئەکەین.

1 ـ جیگا (الموقع): جیگای هەر دەوڵەتێك پارچە زەوی و ئاوو سنوورو هەوایەکی دیارو ئاشکرایە بەڵام نرخ و بایەخی ئەم جیگایە بەپێی چەرخ و زەمان ئەگۆڕێت و نرخی بو داڕەنریت لە وانەیە لەکاتێکدا نرخدارو کاتێکی تر هەر هەمان جیگا کەم نرخ و روژیك بێت لە کۆری پیوەندی یەکانی نێو دەوڵەتاندا بێنرخ ببێت. بو نمونە میسری دوای هەلکەندنی کەنداوی سویس پایەی سیاسی و ئابووری و عەسکەری بەرەو هەورازتر سەرکەوت، هەر وەکو دوای داگیرکردنی ئەم کەنداوەو داخستنی لە ساڵی 1967دا کە پاپورە گەورە نەوت کێشەکان ریگایان بەلای خواروو ی ئەفەریقادا گواستەوە، پایەی هەمە جۆرەی میسر بەرەولێژی خزا.

هەروەها ئەگەر نەوتی دورگەی عەرەبی وشك بکات یان هەر نەوت ئەو بایەخە ئابووری یەی نەمینی بێگومان دورگەی عەرەبیش نرخی ستراتیجی خۆی ئەدۆزێنێت.

دکتور صلاح الدین شامی، کە باسی جیگا ئەکات دوو مەرجی لا گرنگەو بەپێویستیان ئەزانێت لەکۆری نرخاندنی جیگادا بخرێنەپێش چاو.

1 ـ بەوردی لە هەر چەرخ و کاتێکدا بروانرێنە ئەو هەل و مەرجانەی لەو کاتەدا ئەو جیگایە بایەخداریان بێ

پایەخ ئەکەن.

2 ـ بروانریتە ئەو پیوەندیانەی نێوان رووبەری ولات و ئاوو دەریاو ئوقیانووس و ئەو پلانەی کشاونەتە ناوو وشکاییەوە.

وەکو ئەوەی جیاوازیەکی زۆر لە نێوان قەوارەیەکی بەو شکلەی دەورە دراوو یەکێکی تری سەردەیادا هەیە. ئەو دەوڵەتانەی موڵکەتی چوونە دەریایان نەبی سیاسەتی دەرەوەیان گەلێک جیاوازترە لەوانەی لە سەردەریان و جیگاکانیان بۆتە مەلبەندێکی گرنگی بازرگانی و هاتوچۆکردن لەگەڵ دەولەتانی تری جیهاندا.

هەروەها دوکتور صلاح الدین الشامی لەسەر باسەکەی ئەروات و بەپێویستی ئەزانێت خۆلە وشکە لێك دانەوە دور بخەینەوەو ئەم سێ مەرجەی خوارەوە بکەین بەکێش و پێوانەی نرخاندنی جێگای جوگرافی وە بەوپێیە شوێنی دەوڵەت بنرخێنین.

1 ـ مەلبەندی هاتوچۆکردنی ئابووری وشارستانێتی لەجیهانداو پەیوەندی بە دەوڵەتی باس لێ کراوەوە.

2 ـ دەریاو ئوقیانووس و هاتوچۆی کەشتیوانی و بازرگانی نێو دەوڵەتان لەو ولاتەدا یان نزیك ئەوولاتە.

3 ـ دەوڵەتە هێزدارە گەورەکانی جیهان و ئەو پانایە زەوییانەی دوو بەرەکی چەکداریان تیدایە ویان لێیان ئەوەشێتەوەو جۆری پێوەندییان بەدەوڵەتی باس لێ کراوەوە.

ئەوی راست بێت شارەزایانی جیۆپۆلیتیکس کەباسی هەر لایەنێکی دەوڵەت ئەکەن خیرا روو ئەکەنە دوو لقی سەرەکی یەکەمیان باری ئابووری ئەوولاتەو دەرامەتی پیشەسازی و کشتوکال و کەرەسەی خاوی ژێرخاك و قەوارەی خەزینەی ئەو کەرەسەخاوانە دووەمیان لێکولینەوەی جێگاو شوێنی ئەوولاتەو هەلکەوتی خاکەکەی و گونجان و نەگونجانی لەگوڕی هێرش بردن و خۆپاراستن دا، واتە باری عەسکەری ئەو ولاتە. وە ئەم دوو مەرجەی سەرەوە پەیوەندیان هەیە بە هەلکەوتی ئەو ولاتەوە کە ئەویش ئەم خاڵانەی خوارەوە سنووری بو ئەکێشن و نرخ و بایەخی ئەدەنی یان بێنرخ و بێ خێری ئەکەن.

1 ـ هەلکەوتی جیگاکەی بەپێی هێلەکانی سەرزەمین:

دوور و نزیکی هەر جێگایەك لە هێڵی ئاسایی یان کەمەرەی زەمین (خط الاستواء)ەوە کە بۆی ئەبێتە پێو بەرەکەت یان دەست کورتی بویە ئەو دەوڵەتانەی ئەکەونە ژوورووی کەمەرەی زەمینەوەو ئاوهەوای خوشیان هەیە، دەوڵەتی گەورەو خاوەن سامانیان تیا هەلکەوتووە بەڵام ئەو دەوڵەتانەی کەوتونەتە نیوەی خواروی سەرزەمینەوە، دەوڵەتی گەورەیان تیا هەڵنەکەوتووە، چونکە ئاووهەوای ئەو ناوچانە ناسازن.

2 ـ هەلکەوتی جیگاو ئەندازەی تەرایی و وشکایی شوێنەکەی:

واتە ئاوچەندی تیاگرتوتەوەو وشکایی چەند. ئەمە ئەوەمان نیشان ئەدات کە خەلکی ئەو ولاتە تاج رادەیەك بە چالاکی دەریاییەوە خەریکن و چەندیش بە وشکانی یەوە. ئەم زانستەش گەلی باری هێزو تواناو ناتەوانایی ولاتیك دەرئەخات.

چونکە لەوەی کێشەو بەرەی ولاتە دەریاییەکان جیاوازی یەکی دیارو ئاشکرایان هەیە لەگەڵ کێشەو بەرەی ولاتە دوورە دەریاکان. هەروەها ئەندازەی درێژی سنووری وشکانی ولاتێك لەچاو سنووری دەرییدا ئەبێتە پێوانەیەکی تری ئەم باسە بەو مەرجەی سنورە دەریاییەکەی ئەوراستی یەی تیا رەچاو بکریت کە تاج رادەیەك بەکەلکی هاتوچۆی دەریایی دیت و ئەسکەلەی دەریایی بەکەلکی تیا هەلێکەوێت و دراوسێکانی تری درو زۆردارن یان ئاسایش دۆست و هاوسێ پەروەرن، چونکە ئەم راستی یانە پەیوەندیان هەیە بە باری عەسکەری ئەو ولاتەوەو ئەبنە بناغەیەکی پتەو یان بۆش لەکاتی هێرش بردن و پاریزگاری دا.

لەلایەکی تریشەوە هەندی سنووری تر هەیە هەر چەندە کەوتوتە سەر دەریاو ئوقیانوس بەڵام بەشی زۆری رۆژانی

هەوالنامەی کێشە

سال بەستەڵۆکەو هاتوچۆی دەریایی تیداناکریت وەکو سنورەکانی ژوورەووی کەنەداو یەکێتی سوڤییەت کە بۆ هاتو چۆی دەریایی زۆر بێ خێرن.

لەگەڵ ئەوەشدا ولاتی بێ دەریا خۆ ئەگەرچان و بەرین بێت هەرچەندە بۆپێتو بەرەکەت و هاتوچۆو دەرامەت بە نانەواو ئەدرێتە قەڵەم بەڵام دەربارەی جەنگ خاوەنانی ئەم ولاتانە ئەتوانن دوژمنانیان بەهەندی وربایی و چالاکی یەوە لە مەیانداا بەزێنن. . وەلەم بارەیەوە فردریك پاشای پروسیاو نایلیون و شورشگیرانی روسیا لە شورشی بۆڵشەویك دا بە باشی کەلکیان لە خاسی یەتی جوگرافی ولاتەکەی خۆیان بینی. جگە لەمە ولاتی سنوور داخراوی بێ دەریا ئەبێ بۆ ئالوگۆری بازرگانی هەر چاوی لەیارمەتی دەوڵەتە دراوسێ کانی بێت و پێوەندی خۆی لە گەڵیانا لە سەر بناخەی هاوکاری و دۆستانە دابمەزرێنێت تاکو بۆی ببێتە رێباز بۆ هاتو چۆکردنی هەمەچەشنە.

ئەمەش وە نەبێت هەموو جارێك و لەهەموو هەل و مەرجێك دا بۆ هەموو دەوڵەتێك هەڵسورێت و بەم پێیە نەخشەی سیاسەتی دەرەوەی خۆی بکێشێت. ، بۆ نمونە ولاتە یەکگرتاوەکانی ئەمەریکا دووجاری ئەم کێشەیە نەبوون، چونکە لەگەڵ کەنەدەو مەکسیك دا سنووری هەیەو ئەم سنورەش هیچ کێشەو بەرەیەکی بۆ قوت نەکردۆتەوە.

بە پێچەوانەی ئەڵمانیا کە لەگەڵ دراوسێ کانیا هەمیشە گیرودەی کێشمەکێشی سنوور بووە تاکار گەیشتە ئەو رادەیەی هێتلەر هەموو یاساو رەوشت و پێوەندی یەکانی نێو دەوڵەتان بخاتە لاوەو جەنگی دووەمی جیهانی بەرپا بکات و هەر ئەو سەرکەشی یەش سەرەونگومی کرد.

هەندی جار ناکۆکی ودوو بەرەکی نێو دوو دەوڵەت بەرگێکی میژوویی ئەکات بەبەری خۆیدا یان لایەکیان مەترسی دەست دریژی ئەوی تریانی لێ ئەنیشێت تا کار ئەگاتە ئەوراەیەی بیر لەدروست کردنی دەوڵەتێکی تر بکرێتەوە کە ئەو دوو دەوڵەتە لە یەکتری جیا بکاتەوە، یان پارچە زەوی یەکی دەوڵەتێکیان ئەخەنە سەر دەوڵەتێکی تر تاکو بەوجۆرە ئەو دەوڵەتە خاکی بگانە ئاستیك کە دووەوڵەتە ناحەز بە یەکەکە لە یەکتری جۆی بکانەوە.

وەکو ئەو پارچە زەوی یە وەکو زمان خرایە سەر خاکی ئەفغانستان تا روسیای قەیسەری لە هندستانی جاران و پاکستانی ئیستای جیاکردەوە، کە نیازی راستەقینەی ئەم کارە جیاکردنەوەی روسیاو بەریتانیابوو.

ئەگەر ئەم جۆرە جیاکردنەوانە رەزامەندی دوو دەوڵەتە ناحەز بە یەکەکەی تێدابوو ئەوا بێ دەنگ ئەچێتە سەر، دەنا ئەم دەوڵەتە جیا کەرەوانەش (الدول الحاجزة) ئەبنە گۆرەپانی جەنگی نێوان ئەم دووەوڵەتە.

جەنگیش ئەو کاتە هەڵگیرسێت کە دوو بەرەکی گەیشتە بۆپەی ناخۆشی و چەك بەکار هێنان بوو بەپشکی نێوان هەردوولایان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئێران و ئەفغانستان و تایلاند بوو بوون بە دەوڵەتی جیاکەرەوە، ئێران و ئەفغانستان لە نێوان روسیاو بەریتانیاو تایلاندیش لە نێوان بەریتانیاو فەرەنسادا.

جا ئەگەر دەوڵەتە جیا کەرەوەکان لاوازبوون، بەبێ پەیمانیکی نێو دەوڵەتان ئەو دەوڵەتانە ناتوانن پاریزگاری دەسەلات و سەر بەخۆیی خۆیان بکەن وەکو ئێران کە لە سالی 1921دا پەیمانیك لە نێوان یەکێتی سوڤییەت و ئێراندا بەسترا کەمافی نەوت هەڵهێنجان نەدرێت بەهیچ دەوڵەتێکی رۆژئاوا لەپێنج پاریزگا (أستان)ی ژوورووی ئێراندا وە هەرکاتێك هەرسەربازێکی دەوڵەتێکی رۆژئاوا بەنیازی داگیرکردن پێی نایە خاکی ئێرانەوە، یەکێتی سوڤییەتیش ئەو مافەی ئەبێت لەشکری خۆی بنێرێتە ئێرانەوە. ئەمەجگە لەهەندی بەندی ئالوگۆری بازرگانی و هاوکاری هونەری و زانستی. بەرامبەر ئەم ریککەوتنامەیەی نێوان ئێران و سوڤییەت کەلەجەنگی دووەمی جیهانی دا لەشکری سووری سوڤییەت ئازربایجان وکوردستانی ئێرانی داگیرکردو دوو دەوڵەتی دیموکراتی لەم دووهەریمەدا دامەزرا، کۆماری دیموکراتی ئازربایجان وکۆماری دیموکراتی کوردستان ئیتر خێرا دەوڵەتە رۆژئاواییەکان هەرەشەی داگیرکردنی بەشەکانی تری

هەوڵنامەی ئێش

ئیرانیان لەیەکێتی سۆڤییەت کردو ناچاریان کرد کە لەشکرەکەی بکێشێتەوە خاکی خۆی. ئەوەبوو حەمەرەزا شاش کشانەوەی لەشکری سووری سۆڤییەتی بە هەل زانی و پەلاماری هەردو کومارەکەی داو بەزەبری ئاگرو ئاسن هەردوکیانی لە ناوبرد. ئەمە نمونەیەکی ناوورۆکی جیۆپولتیکسە.

بەڵام ئەگەر دەوڵەتە جیاکەرەوە کە (الدوله الحاجزة) خۆی بە هێزو خاوەن چەك و توانایێت ئەوا هوی ناکەوێتە هیچ دەوڵەتێك و هەروەکو دەسەڵات و سەر بەخۆیی خوی ئەپارێزیت بە فرمانی جیاکەرەوکاری خۆشی هەڵدەستێت. وەکو دەوڵەتی سویسرە.

ئەمە دەربارەی دەوڵەتی جیاکەرەوە بەڵام ئەو دەوڵەتانەی بەشی زۆری وڵاتەکەیان و شکانی بەیان هەر هەمووی وشکانی بە یان هەریمی دەرگا لەپشتیات هەیە (Backdoor AREAS) وەکو یەکێتی سۆڤییەت کە بەشی سەرەکی دەریای جگە لەوەی بەستەڵوکە گەلێکیشی لە کان و دامەزراوە تایبەتی و کشتوکاڵی و پیشەسازی بە گەورەکانی ئەم وڵاتە دووردەستە. ئەم دەوڵەتانە زۆر بە پەرۆش هەول ئەدەن بگەنە دەریا چونکە ئەو دەوڵەتانەی سنوریان کەوتۆتە سەر دەریای بەرەڵلاو بەکەلك هەمیشە لەگەڵ زوربەی زۆری دەوڵەتانی جیهاندا پەیوەندییان هەیە یان بەپێی پێویست ئەتوانن پەیوەندییان لەگەڵدا ببەستن جا هەندی لەم دەوڵەتانە ئەگەر بە زۆرو بە جەنگ خۆیان بۆ نەگەیەنرا یە سەردەریا یان ئەم رێیازەیان نەگرتە بەر ئەوا بەخۆشی و بەپێی ریککەوتننامەی تایبەتی لەگەڵ دەوڵەتانی تردا بەندەری ئازاد پەیدا ئەکەن و خۆیانی پێ ئەگەیەنن سەر دەریا وەکو چیکوسلوفاکیاو بەندەری ئازادی هەمبورگ لە ئەڵمانیاو نەمسا لە بەندەری تریست دا.

ئەگەر سەیری میزووی روسیا بکەین ئەبینین کە سیاسەتی دەرەوەی ئەم وڵاتە بریتی بووە لە خەباتێکی بێ وچانی دریژ خایەن لە پێناوی گەیشتن بە دەریادا وە لە پێناوی گەیشتن بەم ئامانجە ستراتیجییەدا دوو چاری گەلێك ناکۆکی و دوو بەرەکی و هەلبژان بووەو هەمیشە دەوڵەتە زۆڕ ئاوایەکان و دەوڵەتی عوسمانی بۆ بەربەستی ئەم ئارەزووە خۆیان بۆخستۆتە سەنگەرەوە. ئیستاش یەکێتی سۆڤییەت ئەروانێتە سەر سێ دەریای ناوخۆیی وەکو دەریای بەڵتیك و رەش و قەزوین. بەڵام سنووری سەر دەریای دورە خەڵکە وەکو ئەو سنوورەی ئەروانێتە سەر ئوقیانوسی باسفێك خۆ ئەوەی ئەروانێتە سەر ئوقیانووسی نیمچە قطبی لەبەر بەستەڵوك و سەهول بەندان هەر زۆر کەم بایەخ و کەم سوودە.

راستە یەکێتی سۆڤییەت لە ناوچەی دەریای بەڵتیك و دەریای رەش و دەریای قەزوین دا لە هەموو دەوڵەتانی ئەو ناوچانە لە هێزی دەریایی دا دەست رویشتووترە بەڵام دانیمارك کە ئەندامی پەیمانی ئەتلەسی یە دەرگای ئەو سەری لێ گرتووەو تورکیا دەرگای ئەوسەری دەریای رەش و قەزوینیش سەری بەهیچ دەریایەکی ترەوە بەندنی یە.

بۆیە یەکێتی سۆڤییەت جارێ پەنای بردۆتە بەر تەکنەلوجیای نوێو هەندی نەخشەی تایبەتی کەخۆی لەم گەمارۆدراوی یە رزگار بکات وەکو هەڵکەندنی نوکەندی نوێو بەکار هێنانی پاپوری سەهۆڵ شکێنی ئوتومی و دروست کردنی هەندی پاپوری زەڵام وزۆبەلاح کەزۆر درێك پێویستی بە سوتەمەنی بێت. بەڵام وڵاتانی عەرەب بەگشتی بەپێچەوانەی یەکێتی سۆڤییەتەوە هەلکەوتوون، بە دریژایی ساڵ هاتوچۆی دەریایی یان بۆ ئەکریت و سنوور کراوەو بەر بەرەللان.

لە لایەکەوە ئەروانێتە سەر دەریای سپی ناوەراست و بەریکی جەبەل تاریق - یان بەدەستەوەیەو لەلایەکی ترەوە بەشی هەرە زۆری دەریای سوور بەم سەرو ئەو سەریشی وە، ئەمە جگە لەبەرەی رۆژئاوای هەموو دورگەی عەرەبی.

گەلێك لە زانا عەسکەری و پسپۆرە جیوپولیتیکسی یەکان بەراوردێکی ئەم وڵاتە رووبەر فراوانە بێ دەریاو کەم دەریایانەیان لەگەڵ ئاسایشی نەتەوایەتی ئەو وڵاتانەدا کردووەو لەرووی پارێزگاری کردن و بەربەست کردنی هیرشی دوژمنان بایەخێکی زۆریان بەم جۆرە وڵاتانە داوە.

بو نمونه ئەڵێن یەکێتی سۆڤییەت لە جەنگی دووەمی جیهانی‌دا فابریقەو کارخانە گرنگەکانی هەموو گواستۆتەوە بۆ ئەو ناوچانەی کەوتوونەتە ڕۆژهەڵاتی شاخی ئورال و ڕۆژئاوای سیبریاوە تا جێگەی هێزە داگیرکەرەکەی نازی‌یەکان نەکەون.

ئەوی ڕاست بێت ئێستا پاش ئەوەی تەکنۆلۆجیای جەنگ گەیشتوتە پایەیەکی بەرز وچەکی ئۆتومی و فرۆکەی تیژڕەوی دوور ڕەوو ساروخی دوور ڕەو ئەگەنە هەموو شوێنێکی ئەم سەرزەمینە کەلکی وڵاتانی پان و بەرین و سنوور داخراو لەئاست و پلەی جارانیانا نەماون. لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەتانی دنیا وردیان بەرنەداوەو خۆپارێزی پان فەرامۆش نەکردووە. بۆنمونە سوید پێشەسازی یەکانی خوی بەتایبەتی ستراتیجی‌یەکانیانی خستوتە ژێر زەمینەوە وەشوینی گەورە گەورەی ئامادە کردووە کە لەکاتی هێرشی ئۆتومی‌دا بەشێکی زۆری خەلکی سوید بەنایان بەبەرن و خویانیان تیا بپارێزن.

هەندێ لەم پەناگایانە وەکو ئەشکەوت لە شاخەکانی سویدا هەڵکەندراون و هەریەکەیان جێگای (20) هەزار کەسیان تیا ئەبێتەوەو ئەتوانن بۆماوەیەکی زۆر تیایا بحەوێنەوەو پێویستیشیان بەهاتنەدەرەوە نەبێت.

وڵاتانی سەردەریا:

وڵاتانی سەردەریا گەلێك جیاوازی‌یان لەگەڵ وڵاتانی وشکایی‌دا هەیە ج لە ڕووی ئاوو هەواو چالاکی کارو گوزەرانی خەڵکەکەیەوە ج دەربارەی سەرچاوەی دەرامەتیان.

ئەگەر سەرنجی میژوو بدەین بۆمان دەر ئەکەوێت کە داگیرکەریتی وکۆلۆنیالی لە سەرەتاوە لە وڵاتانی سەر دەریاوە بلاوبۆتەوە وەکو بەریتانیا لە ئەورووپاو ژاپۆن لە ئاسیادا.

هەروەها دەوڵەتی خاوەن سامان و دەسەڵاتیش هەر لە دەوڵەتانی سەر دەریاوە دینە پێش چاو، وڵاتی نەرویج هەر چەندە بە ژمارە کەمەو پانایەکی کەمیشی داگیر کردووە کەچی سێ‌یەمین دەوڵەتی خاوەن کەشتی بازرگانی‌یە لە جیهاندا. هەروەها دانیمارکیش لەم کۆڕەدا دەوڵەتێکی خاوەن سامان و کەشتی بازرگانی‌یە.

گەر چاوێك بەمیژووی کۆن و نوێدا بخشێنین بۆمان دەرئەکەوێت کە زۆر جار دەوڵەتانی دەریا چاویان بریوەتە دەوڵەتانی وشکایی لە خۆیان گەورەتر. فینیقی‌و یونان و شارەکانی ئیتالیاو دوای ئەوان پورتوگال و هۆڵەندەیی‌و فەرنسایی‌و ئینگلیزەکان هەموو ڕێبازی چونە سەر دەوڵەتی‌ترو سیاسەتی داگیرکەرانەیان گرتۆتە بەر. هەر چەندە ئێستا شوێنەواری ئەو داگیرکاری‌یە لەچەند جێگایەکی بچوکدا ماوەتەوە، وەکو هونگ کونگ و جەبەل تاریق.. هەروەها ئەم وڵاتانە خۆشیان بونەتە نیچیری وڵاتانی لەخۆیان گەورەو دەسەڵات دارتر یان دڕرو تەماعکار تر. وەڵاتانی سەردەریا ئاسان تر داگیرئەکرین لەوڵاتانی دورە دەریاو پان و بەرین چونکە ڕێگەی دابەزین و چونە ناوەوە لە دەریاوە ئاسان تر تا زەوی.

لەم بارەیەوە گەرووە دەریاییەکان ئەبنە ناوچەیەکی گرنگ و ستراتیجی‌و مایەی دوو بەرەکی‌و کێشەو بەرەیەکی گەورە لە نێوان دەوڵەتە خاوەن سامان و دەسەڵاتە کاندا.

ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی ئەم گەرووە دەریاییانەن لە لایەکەوە بۆیان ئەبێ بەخێروسامان، وەپایەی دەرامەت و ستراتیجی‌یان پێ بەرز ئەبێتەوەو لەلایەکی تریشەوە دەوڵەتانی لە خۆیان بەدەسەڵات تر چاویان تێ‌ئەبڕن و گەلێك جار ناچار ئەبن لەگەڵی مافی ڕەوای خۆیان پاشەکشێ‌یان بۆ بکەن و هەندی جاری تریش پەنا ئەبەنە بەر دەوڵەتی گەورە تا لەدەوڵەتانی تر خویان بپارێزن.

گەرووی بۆسفۆرو دەردەنێل کە بەدەست تورکیاوەن گەرووی سەندیش کە بەدەست دانیمارکەوەیە هەر دوو دەوڵەتیان خستۆتە سەر ڕێگای هاوکاری عەسکەری لەگەڵ دەوڵەتە زۆڕ ئاوایە گەورەکاندا دژی یەکێتی سۆڤییەت، کە ڕێگایەکی ستراتیجی عەسکەری‌و بازرگانی‌و هاتوچۆ کردنی ئاسایی ئەم وڵاتەن.

هەروەها کاتی خۆی بەریتانیا دەستی گرت بەسەر

هەوڵنامەی کێبڕکێ

گەرووی عەدەن و جەبەل تاریق و سەنغافورەدا، کە ئیستا هەر جەبەل تاریقی بەدەستەوە ماوە تا ریگای هاتوچۆی بازرگانی و عەسکەری بوخۆی لە رۆژهەلاتی نزیك و ناوەراست و بو هندو خواروی رۆژهەلاتی ئاسیا مسۆگەر بكات.

خۆ كەنداوی سوێسیش چنگی هەر دوو دەوڵەتە كۆلۆنیالیی یەكەوەكەی بەریتانیاو فەرەنسای كێشایە ولاتی میسرەوەو تا لەسالی 1956 پشدا ئەم دوو دەوڵەتەو ئیسرائیل سێ قۆلی پەلاماری میسری عەبدولناسریان دا تاكو لەلایەكەوە كەنداوی سویس لە مەترسی رزگار بوون دوور بخەنەوەو لە لایەكی تریشەوە رژیمی پیشكەوتن خوازی عەرەب پەروەری عەبدولناسر لە ناوبەرن.

وەولاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكاش تا رۆژ هەلات و رۆژئاوای خوی بەیەكەوە بەسێت و هاتوچۆی دەریایی ئاسان بكات، دەستی گرت بەسەركەنداوی پەنامادا.

كەنداوی پەنامای نیوانی سان فرنسیسكۆو نیویورك ی لە 12600 میلی دەریاییەوە هانی بە سەر تەنیا 4500 میل. وەولاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا دوای بەكار هینانی ئەم كەنداوە كەشتی جەنگی و بازرگانیان بەئارەزووی خویان لە هەردوو ئوقیانوسی باسفیك و ئەتلەسی دا گەشت ئەكەن.

ئێجا وەكو باسی گەرووی دەریایی ئەكەین هەروەها پێویستە باسی گەرووی و شكاییش بكەین كە ئەمیش لەكانی ئاشتی و جەنگ دا بایەخ و شوێنی تایبەتی خۆی هەیە.

بەڵام لەگەڵ گەرووی دەریایی دا ئەوجیاوازیەی هەیە كە ئەمیان ئەبی بنكەی عەسكەری پاریزەری لە پەناخۆیا بۆ دابنرێت، بەپێچەوانەی گەرووی دەریاییەوە كە لە دوور خۆیەوە بوی دا ئەمەزرینریت.

لەگەلیە وشكاییەكاندا گەلی (گەرووی) خەیبەر بە ناویانگە چونكە بووە بە سەرەڕێی ولاتی هندستان و دەوڵەتە ئاسیاییەكانی ڕووخۆی.

لە رۆژهەلاتی ناوەراستیشدا گەرووی سوریا ـ فەلەستین كەلك و بایەخیكی گرنگی لەمێژووی ناوچەكەدا بووە، چونكە ئەم گەرووە بووە بەرێبازیك میسرو شاخەكانی ئاسیای بچوك و دەشتایی بەپیتەكانی عیراق بەیەكەوە ئەبەستێت.

هەر لە چەرخەكانی پێش میژووەوە ئەم گەرووە سەرەڕێی هاتوچۆی خەلكی ناوچەكەو گەلیك سەركردە بەخۆیان و لەشكرەكانیانەوە بەم گەرووەدا هاتوچۆیان كردووە. هەر نەپەمیس و فیرعەونی میسرەوە تا ئەسكەندەری گەورەو ناپلیون و لەنین.

واشینتاش قەوارەی زایونیستەكان پەنای ئەم گەرووەی گرتووەو بە تەمایە نەك هەر تاسەر تیایابمێنێتەوە بەلكو هەربیكات بەبنكەیەك بۆخۆكشاندن بەسەر بەشە ستراتیجیی یە بایەخدارەكانی دەورو پشتیدا.

شارەزایانی جیۆپۆلیتیكس لە گۆرە پانی باسكردنی شوینی و شكایی و سەردەریادا بایەخێكی تایبەتی ئەدەن بەدورگە چ بۆ خۆ تیا حەشاردان یان بۆ بنكەی عەسكەری تیا كردن.

ئەوی راست بیت رابوردووی گەلیك دورگەو بەكار هینانی گەلێكی تر لە جەنگی یەكەم و دووەمی جیهانی دا ئەم بۆچوونە ئەسەلمێنن.. لە سەدەكانی رابوردوودا خەلكی ئیرلەندە لە ئیرلەندەو خەلكی كۆنی ژاپون و دانیشتوانی ڕەسەنی دورگەی فورموزاو سەنگالی یەكان لە سیلان لەم دورگانەدا حەسابونەوەو خۆیان لە پەلاماری داگیركەران پاراستبو. بونمونە زمانی پاریزاوی خەلكی ئایسلەندە وەكو زمانی نەوریجی پێش هەزار سال وایە چونكە ئەم كۆمەڵە خەڵكە لەم دورگەیەدا ڕەوشت و نەریتی كۆنی خویان پاراستووەو زمانە كەشیان ئامێزەی زمانی تر نەبووە.

هەروەها دورگەی قوبرس هەر چەندە لە لایەن سوپای بەریتانیاوە داگیركرابوو بەڵام شاخە سەختە چڕەدارەكانی بۆ یونانی یەكانی قوبرس بوویوویە پەناگایەكی هەلكەوتوو، كە لەلایەكەوە خۆیان لە گرتن و كوشتنی سوپای ئینگلیز بپارێزن و لەلایەكی تریشەوە بیكەن بەبنكەیەكی بایەخدار بو هێرش بردنە سەر هێزە داگیر كەرەكەی بەریتانیا.

لەگەڵ ئەمەشدا هەموو دونگە یەك نەبووە بە پەناگای دانیشتوانی بەلکو هەندیکیان لەلایەن کومەلانی گەلانی تردە داگیرکراون و ئەو داگیرکەرانە وردە وردە دەسەلاتی خۆیان بەسەردا سەپاندوون و دانیشتوانە کۆنەکانیان خزانۆتە کوچەیەکی ولاتەکەیانەوە.

- بیابان و سنوور: -

سەبارەت بەوەی بیابان رووتەنی یەو کەم بارانە جگە لەچەند واحەیەك نەبێت، کە رێك ئەکەوێت ئەکەوینە ئەم لاو ئەو لای هەندی بیابانەوە ئیتر بەشەکانی تری بیابان بێ ئاوو بێ دەرامەتن. وەهەموو بیابانەکانی جیهان رووبەریان ئیجگار زۆرە چونکە ئەگەر وانەبوونایە هەر نە ئەبوون بە بیابان. ئەم خاسی یەتە ئەبێتە هۆی ئەوەی بیابان ببێت بە سنووریکی سروشتی و خواکرد لە نێوان ولات و ولاتێکی تردا یان گەل و گەلێکی تردا وەکەم ولاتی گەورەش چاوی تەماعی تێ ببریت. ئەمە جگە لەو واحانەی کە هەندی جار دوو دەوڵەت یان زیاتر لەسەریان لێیان بووە بە ناخۆشی وەکو واحەی بریمی کە کەوتۆتە چارەکە چۆڵ (الربع الخالی)ی دوورگەی عەرەبی یەوەو تا ماوەیەکی زۆر شانشینی عەرەبی سعودی لەگەڵ عمان دا کێشمەکێشیان لەسەر ئەکرد سەرەرای ئەوەی نێوانی ئەم واحەیەو ئاوەدانی یەکانی شانیشینی سعودی سەدان میل بیابانی لەم داوە.

وەلەسەرەتای سەدەی بیستەم و لەهەندی بیاباندا تا ئیستاش هۆزو تیرەی ئەم ولات و ئەو ولات بەتایبەتی خاوەن حوشترەکانیان هەموو بیابانە نزیکەکانی خۆیان چ ئەویشەی مولکی دەوڵەتەکانی خۆیان بێت یان ئەو بەشانەی هی دەوڵەتی تر بن هەر بەهی خۆیانیان زانیوەو بەسەربەستی بە دووی لەوەرو ژیان و گوزەران دا هاتوو چۆیان تیا کردووەو کەسیش دەستی نەخستۆتە ریگایان واتە چەشنی ژیان و گوزەرانی ئەو ناوچانە نەریت و رەوشتێکی تایبەتی نێو دەوڵەتی بەو جۆرەی بو هاتوونەتە کایەوە.

بەڵام ئیستا کە تەکنولوجیای هاتوچۆکردن بەسەر حوشتر لە حوشتر خێراتریشدا بازی داوەو هێلی شەمەندوفەرو فروکەی گەورەی مروف بەرو بار بەر هاتونەتە کایەوە، بیابانیش وەکو هەموو بووەکانی تری ئەم سەرزەمینە نرخ و بایەخێکی تری پەیدا کردووە وە لەگەلیك لەم بیابانانەدا کان و کانزای بەنرخی نەوت وئاسن و فوسفات و. دوزراونتەوە.

ئەم دیاردەیە بیابانی خستۆتە ئاستێکی نوێوە، لە لایەکەوە کەلکی سنوور کێشانی خستۆتە ئاستێکی خوارترو دووەم بووە بە سەرچاوەیەکی نوێی دەرامەت و داهاتی دەوڵەتانی سەرو دەورو پشتی بیابانەکان ئەوتا بیابانی روژئاوای ژووروی ئەفەریقا بۆتە کۆری بەیەکا هەلبژانی خەلکی ئەم بیابانەو مەراکیش و موریتانیاو جەزائیرو لیبیاو، جگە لەو دەوڵەتانەی لە پشت پەردەوە یارمەتی ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەتی خاوەن ناکۆکی یەکە ئەدەن و هانەهانەیان ئەدەن.

- چیاو سنوور: هەروەکو هەندی بیابان و روبار بوون بە سنووری جیاکەرەوەی دوو دەوڵەت یان چەند دەوڵەتێك هەروەها چیاش لە زۆر هەریمی جیهان دا بە هەمان فرمان هەلئەستیت، بەڵام جیاوازی یەکی سەرەکی لە نێوان چیاو بیابان دا هەیە کە چیاو دەورو پشتی چیا بەگشتی ئەبێتە مەلبەندنی ئاوەدانی و خەلك کۆکردنەوە، جگە لەوەی دەربەندو گەروەکانی ئەم چیایانە ئەبنە رێبازی هاتوو چۆکەران.

زۆر کەس لای وایە کەچیا ئەبێتە سنووری سیاسی نێوان نەتەوەی جیاواز جیاواز لەیەکتری وەچیای هیمالایە بە نمونەی ئەم بۆچوونە ئەهینەوە کە هندستان و ولاتی تبتی لەیەکتری جیاکردۆتەوەو چیای برانس فەرەنساو ئیسپانیاو چیای ئالپ لاتین و جەرمانی لە یەکتری جیا کردۆتەوە.

بەڵام ئەو دیاردانە لە پیش چاومانە لەهەموو هەریمە چیایاوی یەکانا ئەم بۆچوونە ناسەلمینن. چونکە هەریمە چیاوی یەکان بوونەتە مەلبەندی نیشتەجێبوونی نەتەوەیەك

گۆڤاری نیشتمان

یان چەند نەتەوەیەکی جیا جیا. ئەوانەی یەك نەتەوەیان تیاکۆ بۆتەوەو نیشتەجێ بووە، ئەو نەتەوەیەی کۆکردۆتەوەو ئاوات و ئامانجی نەتەوایەتی ئەو نەتەوەیەی تیا خەملیوەو قازانج و سوودی بەیەکەوە بەستوون وەکو دوکتور محمد ریاض ئەلیت «کوردەکان هەرێمە چیاییەکانی رۆژهەلاتی ئەنازۆل تا زاگروسیان داگیر کردووەو تیا نیشتەجێ بوون»، هەروەها کشمیرو بوتان و نیپال - یش بە نمونە ئەهینیتەوە کە سێ ناوچەی جیاوازی خاوەن سروشت و نەریت و خاسیەتی نەتەوایەتی تایبەتی بەهۆی چیا سەرختە سەرکەشەکانیەوە تیا پەیدابووە.

ئەوی راست بێت چیا لەلایەکەوە وەکو جیا کەرەوەیەکی خوا کردو سروشتیانەو لەلایەکی ترەوە بەهۆی خاسیەتی تایبەتی نەتەوایەتی لە رووی یاساو نەریتی نێو دەوڵەتانەوە ئەرکی شارەزایانی سنووركێشی جیهانی ئاسان کردووە.

لە سالی 1659 وە کێشەی سنووری چیای برانس لە نێوان فەرەنساو ئیسپانیادا هەیە، تا لە کۆتایی سەدەی نوزدەهەمدا هەر دوو دەوڵەت ریکەوتن کەلەسەدەی نیازدە هەمین دا نیوانیان لەم هەرێمەدا چۆن بووە هەر لەسەر ئەو زێرەوە لەگەڵ یەکتریدا رەفتار بکەن و هەر دوولا دەرگا بۆ شوان و خاوەن ئاژەڵی یەکتری بخەنە سەرپشت.

دەربارەی چیا، دوکتور صلاح الدین علی الشامی بەسێ شێوە باسی ئەکات:

یەکەم: ئەو زنجیرە چیایانەی کە وەکو قوتبی موگناتیسی نەتەوەیەکی تایبەتی یان لە خۆیان کۆ کردۆتەوەو بونەتە مەلبەندی ئەو نەتەوەیەو تیا ئەژین و ئامانج و ئاواتێکی گەلاڵە کراویان سنووری ئاشکراو دیاری نەتەوایەتی و کومەلایەتی و سیاسی بو کێشاون. وەکو زنجیرە چیای بەنین لە نیمچە دوورگەی ئیتالیادا کە یەکێتی یەکی سیاسی و کومەڵە خەڵکیکی دیاری بە دەوری خۆیا کۆ کردۆتەوە.

دووەم: ئەو زنجیرە چیایانەی سنووربێکی سروشتی یان دروست کردووەو بونەتە پشتیوانی سنووری سیاسی دەوڵەتێك ودوو زەوی یان لە یەکتری جوێ کردۆتەوە. وەهەر کۆمەڵە خەڵکیك خاوەنی خاسی یەت و سروشت و نەریت و ئاوات و ئامانجی تایبەتی خۆیەتی. دەربارەی ئەم جۆرە دیاردەیە چیای ئالپ بە نمونە ئەهینیتەوە کە ئیتالیاو سویسرەی لە یەکتری جیا کردۆتەوە. هەرچەندە هەندی دانیشتوانی سویسرە بەرەگەزوو رەسەن ئیتالین و کەوتوشنەتە ئەو دیو سنووری ئیتالیاوە.

سێیەم: ئەم نمونەیەی لەهی یەکەم و دووەم لا باشترە، ئەویش کە چیابێت بە پشتیوانیکی تونەدو تۆڵی سنووری سیاسی و هیچ کێشەو بەرەیەکی لێ نەکەویتەوە.

وەهەر کۆمەڵە خەڵکیك ئازادانە لە هەریمی خۆیاندا بێ دەست درێژی و برووبیانو پێ گرتنی کومەڵە خەڵکیکی تر گوزەران بکەن. وەکو زنجیرە چیای ئەندیز کە وڵاتی شیلی لە ئەرجەنتین جیا کردۆتەوە. هەروەها زنجیرە چیای هیمالایە کە هندستان و چینی لە یەکتری جیا کردۆتەوە.

بێگومان وەکو هەموو بووەکانی تری ئەم سەرزەمینە چیا بە تاقی تەنیا نە ئەبێت بە مایەی کۆ کردنەوەی گەلێك وزە ئەبێت بە جیا کەرەوەیەکی تەواوو لە گوڕان نەهاتوو بەڵکو ئەم دیاردەیە بەندە بە هێزو توانای نێو دەوڵەتانی هەرێمەکەو هێزو توانای نەتەوە نیشتەجێ بووەکانی ئەم زنجیرە چیایانەوە.

هەروەکو دوکتور محمد ریاض ئەلیت نەتەوەی کورد زۆر لە کۆنەوە نیشتەجێی زنجیرە چیاکانی هەریمی هەر لە رۆژهەلاتی ئەنازۆلەوە تا زنجیرە چیاکانی زاگرۆس بووە، کەچی بەدرێژایی میژوو کوردستان دوای لەناوچوونی ئیمپراتوریەتی میدیا بەدەست ئیمپراتوریەتە گەورەکانی ناوچەکە، عوسمانلی و سەفەوی و هی ئەوروپاش بەریتانیاو فەرەنساو قەیسری یەکانەوە نالاندویەتی.

وەبەپێی قازانجی خۆیان کوردستانیان هەلسوراندووەو ئەم پارچەو ئەو پارچەی کوردستانیان کردووە بە هەریمی جیاکەرەوە (منطقة حاجزة) لە نیوان خۆیاندا و ئیتر چارەنوسی کوردو کوردستان و ئامانج و ئاواتی نەتەوەی

کورد بەپێی قازانجی جیوپولیتیکسی خۆیان پێشیل کردووە.

بە کوردتی چیاو ناوچە چیاییەکان وەکو هەموو بووەکانی تری سەرزەمین و گەردوون لای چاك و بایەخداریان هەیەو لای لاوازو کەم خێرو بێخێریشیان هەیە. لەروی کشتوکالەوە ئەو ناوچانە زۆرتر بە کەلکی میوەو دارو درەختی گەورە دین، سەبارەت بەوەی کەکەمە دەشتن، دانەویلەیان کەم لێ بەرهەم دیت. بویە لە ناوچە شاخاوییەکانی ئەوروپا پیشەسازی میوە سازکردنیان تیا بەهێزو گەشەدارە. میوەی کەمپوت و مرەباو شەراب و ویسکی ئەو جۆرە خواردنەوە کحولییانەی کەرەسەی خاویان میوەیە.

لە لایەکی ترەوە هەلئەکەویت کە لەم ناوچە شاخاوییانە ئاسن و خەلوزو مس ونەوت و کانزای تریان تیا بدوزرێتەوە جگە لە تاقگەی ئاو کە کارەبای پێ بەرهەم ئەهێنریت. لەروی عەسکەریشەوە هەمیشە ئەم ناوچە شاخاوییانە یارمەتی گەلەکانی داون کە بەهێزیکی کەم و چەکی سوکەوە بتوانن روو بە رووی هێزیکی لە خۆیان گەورەترو چەکدارتر بوەستن وپاشەوپاش بەرەو دواوەیان بەرن، شەرە پارتیزانییەکانی گەلەکانی ئەوروپای رۆژهەلات و یونان و فەرنسا دژی نازییە داگیرکەرەکان بەڵگەی راستی ئەم لێکدانەوەیەیە.

رووبارو سنوور: رووبار زۆر ولاتی ئاوەدان کردۆتەوەو بۆتە هۆی دامەزراندنی شارستانیتی رەسەن و گەورە وەکو شارستانیتی کۆنی چینییەکان کە بەهۆی سێ رووبارە گەورەکەیەوە، هوانغهو ویانغتسی کیانغ و سیکیانغ دامەزراوە هەروەها شارستانیتی سومەرو بابل بەهۆی دیجلەو فوراتەوە وهی میسر بەهۆی رووباری نیلەوە..

وەرووبار بایەخێکی گەورەتری ئەبێت لەو دەوڵەتانەدا کە هیچ سنووریکیان ناگاتە سەر دەریا تەنیا لە رووبارەکەیەوە نەبێت وەئەو رووبارەی ئەبێتە سەرچاوەی هاتوچۆکردنی دەریایی.

ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە رووبار ئەبێت بە سنوور لەنێو دوو دەوڵەت یان چەند دەوڵەتێك دا. ئەم بوون بە سنوورەش گەلێك کێشەو بەرەو ناکۆکی لەنێو ئەم دەوڵەتانەدا هانیوەتە کایەوە. ئەمە جگە لەکێشەو بەرەی ئەو رووبارانەی کە سەرچاوەکەی لە دەوڵەتێك دایەو بەسەر چەند دەوڵەتێکی تردا ئەکشێت تا ئەرژێتە دەریاوە. ئەم جۆرە رووبارانە لەلایەك ئەم دەوڵەتانە بە هاوبەشی و هاو سوودی بەیەکەوە ئەبەستێ لەلایەکی تریشەوە ئەبنە هۆی مەترسی پەیداکردن لە یەکتری وەکو رووباری نیل کە شا دەماری گوزەران و ژیانی گەلی میسرە، لەسەدا نەوەدی خەلکی میسری لەمبەرو لەو بەری کۆکردۆتەوە.

بۆیە هەموو جارێك کە مەترسی روو بکاتە سەرچاوەکەی خێرا کاربەدەستانی میسری، کاربەدەستانی حەبەشە کە سەرچاوەی نیلی لێ هەلئەقوڵێت ئاگادار ئەکەن کە ناتوانن چاوپۆشی لە دەستکاری کردنی ئەم بڕە یارە بکەن. چونکە ئەم سەرچاوەیە بەناوچەیەکی دەرفەتداری (منطقة حیویه) میسر لە قەڵەم ئەدریت.

دەربارەی سنووور کێشان دوکتور صلاح الدین علی شامی ئەرکی سنووری سیاسی رووبار بەم جۆرەی خوارەوە باس ئەکات:

1 ـ ئاوەراستی رێرەوی رووبارەکە بێت بە سنووری سیاسی.

2 ـ ئاوەراستی رێرەوی لاقووڵاییەکەی رووبارەکە کە کەشتیوانی تیا ئەکرێت بکرێت بە سنووری سیاسی.

3 ـ قەراغی ئەو دیوی رووبارەکە بکرێت بە سنووری سیاسی بەم پێیە هەموو رووبارەکە ئەکەوێتە ژێر دەسەلاتی دەوڵەتێکەوەو ئەوانی تری لێی بێبەش ئەکرێت.

بێگومان تا مرۆڤ بە چاکی لەپێت و بەرەکەت و بایەخی سیاسی و عەسکەری و جیوپولیتیکسی رووبارێك تێ بگات پێویستە هەموولایەنەکانی رووبارەکە بە باشی تی بگات، چونکە رووبار هەیە بەناوچەی تەنگ و سەخت و قوڵدا ئەروات، هی تر هەیە بەناوچەی دەشتایی و پان و رێرەویشی هێمن و لەسەر خۆیە. هەروەکو هەندێك هەیە

گەلاڵەی کتێب

وەرزە رووبارە وانە سال دوانزە مانگە نیبەو رووبارى تریش هەیە ئاوى وشك ناكات.

جگە لەوەى هەندى رووبار دەستكارى نەكریت لە ماوەیەكى كەمدا ریگاى خۆى ئەگۆرێت كە ئەم ریگاگۆرینەش سەر لە دانەرانى سنوور ئەشێوێنیت وبارودۆخێكى تر ئەهێنیتەكایەوە بەلام بەگشتى سەرچاوەى رووبارەكان سەبارەت بەوەى فرە لقن و كەمن بلاون بە كەلكى سنوور نیشانە كردن نایەن.

بۆ نمونە رووبارى راین تا ئەگاتە دەریاچەى بودن (كونستانزە) هیچ سنووریكى پێ نیشانە ناكریت بەلام دواى ئەوە ئەبێتە سنوریكى میژوویى لە نیوان سویسراو ئەلەمانیاوە ئەلەمانیاو فەرەنسادا. خۆ ئەگەر لەگەل رووبارەكەدا واریككەوت زمانى دانیشتوانى ئەم لا و ئەولاى رووبارەكەو رەگەزو رەسەنیشیان جیاواز بوو وەكو سنوورى بولغاریاو رۆمانیا لەم بەرو لەو بەرى رووبارى دانوبو ئەوا سنوورێكى ریكوپێك و دامەزراو بو هەر دوو ولات ئەكێشێت.

رووبەر (المساحه):

بۆ ئەوەى رەوتى سیاسى هەر دەوڵەتێك بە باشى بزانین پێویستە لەگەل مەرجەكانى تری دامەزراندنى دەوڵەتدا سەیرى پان و بەرینى ئەو ەوڵەتە بكەین.

وەكو هەموو ئەزانین سەرزەمین هەر ئەوەندەیە كە هەیە لەوە زیاتر ناكشێت و گەورە تر نابێت بۆیە هەرچەندە دەوڵەتانى جیهان كەم بن یان زۆر هەر ئەبێت لەسەر روى ئەم سەرزەمینە جیگاى خۆیا بكەنەوە. دیارە گەورەیى و پچوكى رووبەر یان ئەندازەى هەندەسى ئەو دەوڵەتە خاوەن ئەو پارچە زەوییە، خاوەن سامان یان نیوە سامان یان هەژار ئەكات. بەلام بە تاقى تەنیا رووبەرەكەى ئەدیاردەیەمان بۆ نیشانە ناكات.، بەڵكو چەند خاڵێك بەسەریەكەوە ئەبنە هۆى نیشانەكردنى ئەم لێكدانەوەیە.

ئەویش بریتین لە چرىو شاشى دانیشتوانى ئەو پارچە زەوییەو چۆنیتى دابەشبوون بەسەر هەموو بەشەكانیا تا ئەم دابەشبوونە بگونجیت لەتەك بەرووبوومى ئابورى ولاتەكە دا. هەروەها ئایا داهات و كەرەسەى خاوو كشتوكالى لەو ئاستەدا یەكە بەشى ژیان و گوزەرانى خەلكەكەى بكات و لێشى زیاد بێت و بازرگانى...

لەگەل ولاتانى دەرەوەدا پێوە بكریت؟ هەروەها ئایا ریگاى ئاسانى هاتووچۆكردنى ناوخۆو لەگەل دەوڵەتانى دەرەوەدا تیا مسۆگەر ئەكریت؟ چونكە ئەم خاڵانە بەردى بناغەن تاكۆمەڵە خەڵكێك لەسەرپارچەزەوییەك بتوانن كۆبنەوەو ئاوات و ئامانجێك لە پێناوى پێكەوە ژیاندا یەكیان بخات.

دوكتۆر صلاح الدین على الشامى كەباسى ناوك (النواة) ئەكات كە بۆ دامەزراندنى دەوڵەت لەسەر پارچە خاكێك زۆر پیویستەو ئەڵێت «هەڵكەوتى سروشت كردیان هەلومەرجى نەتەوایەتى واتە نەتەوەیەكى خاوەن خاسیەتى تایبەتى ئارەزووى پێكەوە ژیان بكەن یان قازانجى ناوكۆیى ستراتیجى بەیەكەوە بیان بەستێتەوە ئەم مەرجانە بۆ دامەزراندنى ئەو دەوڵەتە ئەبن بە ناوك وەئەبنە سەرە پردێك سوودو قازانجى ناوكۆیى دروست ئەكەن».

سەرەراى ئەمە هەرباسى رووبەرىو لاتێك گەورە یان پچوك هاتە پێشەوە شان بەشانى ئەمە خیرا باسى دەرفەت (المجال) یش دێت بەبیرى زانایانى جیۆپۆلیتیكس یان ئەوانەى لەكلاو رۆژنەى جیۆپۆلیتیكسەوە ئەروانێتە زەوىو زارى ولاتێك. بەلام رووبەر باسێكەو شتێكەو دەرفەتیش شتێكى ترە وەهەندىو لات هەیە رووبەرى خۆى لەچاو ئەو دەرفەتە (المجال)ى بەدەستیەوەیەتى زۆر پچوكە وەكو جارانى بەریتانیا كە بەلاى كەمەوە چواریەكى هەموو سەرزەمین دەرفەتى دەسەلاتى ئەو بوو. زانایەكى وەكو ریچاردهارتشرون بایەخێكى ئەوتۆ نادات بە پانایى كە باس لە هەلومەرجى دامەزراندنى دەوڵەت ئەكات.

سەبارەت بەوەى ئەڵەمانیا رووبەرێكى كەمى لەچاو دەسەلاتى ئابوریو پیشەسازىدا هەبوو رووى كردبووە پەیداكردنى دەرفەت (المجال). بەلام ئینگلیزو ئەمەریكاییەكان چونكە تیرە زەوى بوون بە ئەندازەى

هەولنامەى كتێب

ئەڵەمانی یەکان ئەو بایەخەیان بەپەیداکردنی دەرفەت نەئەدا.

لەگەل ئەوەشدا خانۆبلن سی. سیمپل جوگرافیازانی ئەمەریکایی بیرورای خۆی دەربارەی ئەم باسە لە بیروڕای فردریك راتزلی ئەڵەمانی یەوە هەڵئەهینجا ولەئەنجاما بیروراکانی کۆتومت وەکو بیروڕای قوتابخانەی هوسهوفەری ئەڵەمانی وابوو. لە باسیکدا ئەم خانونە ئەمەریکاییە ئەڵێت «ناکۆکی لە پێناوی بوون و ماندا لەنێوان گەلان و رەگەزە جۆربەجۆرەکاندا خۆی لەخۆیدا ناکۆکی یە لە پێناوی دەست خستنی دەرفەت (المجال)دا بوبە ئەبی لە کۆری ئەم باسەدا بە وردی ئەو جیاوازی یەی نێوان رووبەر و دەرفەت تێبگەین.

دوکتور علی المیاح ئەڵێت «دەرفەتی جوگرافی مانای جێگایەکی دیاریکراوو ناوچەیەکی خاوەن رووبەریکی نیشانەکراوە کەچی واتای دەرفەت لە جیۆپولیتیکس دا ئاڵۆز ئەبێت و مانایەکی تر ئەدات بە دەستەوە».

دیارە دوکتور علی المیاح نیازی لەوەیە کە دەرفەت ئەو جێگایانەیە رەنگە بەپێی باسایەکی باوەڕپێکراوو پەیمانێکی مورکراوی بەراست زانراوی نێو دەوڵەتان نەخرابێتە ژێر دەسەلات و فەرمانرەوایی دەوڵەتێکەوە کەچی ئەو دەوڵەتە بە ئارەزووی خۆی کەلکی لێوەرئەگریت بەڵام زەوی بەپێی هەموو هەلومەرجێکی نێو دەوڵەتان مولکی دەوڵەتێکەو بەسەربەستی مافی فەرمانرەوایی تیا کردنی بەدەستەوەیە. وەدەرفەت لەگەوهەردا هەوڵی خۆگەورەکردن و کشان بەسەر خاکی گەلانی تر دا ئەگەیەنێت. ئەویش کە دەوڵەتێك پایەی ئابووری و پیشەسازی گەیشتە ئاستێکی زۆر لەخۆی بەرزتر ئیتر بەدوای بازارو کەرەسەی خاوو چەوسانەوەی گەلانی تر دا ئەگەریت بەتایبەتی ئەگەر بناغەی ئەو دەوڵەتە لەسەر ئایدیولوجی یەتی سەرمایەداری دامەزرابێت.

سەربارەت بەوەی کە ئەم باسەمان بە دوورو درێژی لە ژمارەکانی پێشوی روشنبیری دا شیکردۆتەوە لیرەدا باسی بایەخی رووبەر (المساحه) ئەکەین، باسی ئەو رووبەرانەی ئاسایشی وڵاتانیان پێ ئەپاریزریت یان ئەبنە کۆمەك بو ئەم لایەنە.

لەم سەرزەمینەی کەتیایدا ئەژین وڵاتی وەکو یەکێتی سۆڤییەت و چین و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای لەسەرە کەرووبەریان 8/386/332 میل چوار گۆشەو 3/756/102 میل چوار گوشەو 3/734/000 میل چوار گوشەیە وەدەوڵەتی وەکو موناکۆش هەیە رووبەری نیو میل چوار گوشەیە. وڵاتی وەکو بەریتانیا کە لە کاتی خۆیدا حوکمرانی چواریەکی سەرزەمینی ئەکرد ئیستا تەنیا 94/278 میل چوار گۆشەی بەدەستەوە ماوە.

بەڵام بە هیچ جۆرێك دەوڵەتە زۆر پچکولەکان هەر چەندە پایەی شارستانیتی و تەکنولوجی یان بەرز بێت هەر ناگەنە پلەی دەوڵەتی خاوەن رووبەری گەورەی بەپیتو بەرەکەت.

چونکە رووبەری پچوك جێگای خەلکی زۆری تیدا نابێتەوە بێ خەلکێکی زۆریش نەبەرهەم زۆر ئەبێت ونە سوپای گەورە دانەمەزریت کە هەردووکیان پایەی بنچینەیی پێکهێنەر و شارستانیتی و خۆ لە دوژمن پاراستنن.

دیارە ئیازیش لە رووبەر، زەوی وزاری بێفەرو بێ بەرەکەت نێیە، چونکە ولاتێکی وەکو ئوستراليا کە پانایی 3ملیون میل چوار گۆشەیە هەر ئەتوانیت 30 ملیون کەس بە خێو بکات سەربارەت بەوەی تەتیا 1 / 8 ی زەوی یەکەی نیشتەجێیە.

بەڵام فرە پان وبەرینی لە کاتی جەنگ دا پایەیەکی بەرزو بایەخی گەورەی هەیە، عەسکەری یە ستراتیجی یەکان و زانایانی جیۆپولیتیکس بەم جۆرە وڵاتانە ئەلین لە قولایی وڵاتدا خۆپاراستن (DEFINCE IN DEPTh) ئەم وتەیە ئەو وڵاتانەی سەر دەریاش ئەگرێتەوە کە بەهوی هێزی دەریاییەوە ئەتوانن شەڕ لە خاکی خۆیان و سنووری ڕوو لە دەریا دوور بخەنەوە. یەکێتی سۆڤییەت لە جەنگی دووەمی جیهانی دا بەشێك لە خاکی خۆی دا بە دەستەوە تا دوژمن بکەوێتە قولایی وڵاتەکەیەوە وئەوسا پاش

هەوڵنامەی کتێب

خۆشامادەکردن بە هیزیکی گەورەتر و ریك وپێك تر وەك پەلاماری بداتەوە و تەفروتونای بکات. ئەمە لەلایەك لایەکی تر وەك ولاتی گەورە لە کاتی جەنگ دا بەشێکیشی دووچاری ویرانکاری بێت، بەشە زۆرەکەی تری بەسەلامەتی بۆ بۆ ئەمێنیتەوە بەلام ولاتی بچووك دوای سەرکەوتنیش ولاتێکی ویرانکراوی ئەکەوێتەوە دەست.

سەرەرای ئەمانە هەموری، چەکی فرە کۆژی نوێ ج ئوتومی و ج کیمیاوی وجورەکانی تریش ئەم بایەخانەیان لە ئاست و پلەی جارانیانا بەرەوە خوار خلیسکانووە.

شێوە (الشکل):

شێوەی دەوڵەت باسێ کە ئەمیش وەکو هەموو لایەنە جوگرافیەیەکانی تری ولات زانایانی جوگرافیای سیاسی و جیۆپولیتیکسی بەخۆیەوە خەریك کردووە. نیازیش لە شێوە ئەوەیە کە ئایا نەخشەی جوگرافی ئەو دەوڵەتە شێوە خرو جوار گوشەیەیان درێژ و کەمەرباریك یان دوو پارچەو یێ ،ارچەو چەند پارچەیە.

بێ گومان ئەگەر دەوڵەتێك خاوەنی هەلووەمەرجە بایەخدارەکانی تربێت شێوەی دەوڵەت بۆی ئەبێت بە پشتیوانیکی گەورە چونکە شێوە بەتاقی تەنیا کاریکی گرنگی ئەوتوێ بێ ئەنجام نادریت.

دکتور علی المیاح ئەلیت وئەگەر درێژی سنووری ولاتێك لەچاو پانایی و لاتەکەدا تاکەمتر بێت ئەوە شێوەی ئەو ولاتە پەسند تر ئەبێت». ولاتێکی وەکو فەرەنسا یان هەنگاریاو رۆمانیا بو نمونەی باشی شێوەی دەوڵەت لەقەلەم ئەدەن. بەلام ولاتێکی وەکو نەرویج ئەگەر دووچاری هیرشی دەولەتێکی تر بێت لەماوەیەکی کەمدا بە ئاسانی پارچە پارچە ئەکریت. وەکو لە جەنگی دووەمی جیهانی دا ئەڵمانەکان پەلاماریان داو هێزەکانی خۆیان بە ئاسانی هەر لە شاری نارڤیك - ەوە لەو پەری ژوورووی نەرویجەوە تا شاری ئوسلوی پایتەختی لە بەشی خواروی ئەم ولاتە دابەزاندو بەم کارە پێوەندی نیوان ئەم شارانەو ناوەوەی نەرویجیان لەیەك ترازاند.

کەچی سەربارەت بەهەندی هەلومەرجی تر ولاتی شێلی کە خراپترینی شێوەی هەیەو درێژی سنووری ئەگاتە 2600 میل دووچاری پەلاماروداگیرکردن نەهاتووەو بەسەرهاتی وەکو فەرەنساو نەرویجی بەسەر نەهاتووە.

بەگشتی شێوە باشیو خاوەن مەرجە جوگرافیەیەکان بەتاقی تەنیا هەلکەوتێکی بایەخداری ریك وپێکی ولاتێکی پێ جێبەجێ ناکریت بەلام خۆی وەکو هۆیەك بارودۆخێکی باش بۆئەو ولاتە دێنیتە کایەوە. ئەم بارودۆخەش لەکۆری پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی ولات و خۆپاراستن لە هێرشی دەرەوەدا کەلکێکی گەورەی ئەبێت.

بو نمونە پاکستانی جاران کە دوو پارچە بوو، پاکستانی رۆژهەلات (بەنگەلادیش) و (پاکستانی رۆژئاوا، سەبارەت بەوەی کە نێوانی ئەم دوو پارچەیە نزیکەی هەزار کیلومەترە ئەبوو، زۆر بە ئاسانی ئەم دوو پارچەیە لەیەك ترازێنراو پاکستانی رۆژهەلات بەناوی بەنگلادیشەوە وەکو دەوڵەتێکی سەر بەخۆ هاتە کۆڕی دەوڵەتانی جیهانەوە.

ولاتی تریش هەیە وەکو یونان چەند پارچەیەکە، بەلام پارچەکانی ئەم ولاتە زۆر دوورو بلاو نین.

بێ گومان لەم مەیانەدا یەکێتی نەتەوەو زمان گەلێك ناتەواوی شێوە دائەپۆشێت. لەوانەبوو ئەگەر خەلکی بەنگلادیش و خەلکی پاکستانی ئیستا لە تەك یەك ئایینی دا یەك نەتەوەش بوونایە ئەم دووریەیە نەیوایە بەهوی لەیەك ترازانیان.

لەپاڵ ئەم شێوانەشدا شێوەی پەرشوبلاویش هەیە وەکو ئیمپراتوریەتی بەریتانیای جاران کەهەر پارچەیەکی لە کوچەیەکی جیهاندا بوو.

ولاتی کۆو پر لەهێلی هاتوچۆکردن و یەك نەتەوەیان خاوەن یەك فازانج چاکتر ئاسایشی خۆی بێ ئەپاریزریت چ هی ناوەوە یان هی دەرەوە لە ولاتێکی فرەنەتەوەی شیرازە لاوازی بێ ریگاو بانی ئارەزوو جیاواز.

ولاتێکی وەکو یەکێتی سۆڤییەت سەرەرای ئەوەی فرە نەتەوەو فرە ئایین و فرە زمانە بەلام چونکە هەموو نەتەوەکانی

گەنجینەی کتێب

خۆیان بەرژەی خاکی سوڤییەت ئەزانی و ولاتی سوڤییەت بە نیشمانی خۆشەویستی خۆیان ئەزانی، لە جەنگی جیهانی دووەمدا وەکو یەك گەلی یەکگرتوو قارەمانانە چوونەوە بەگژ ئەڵەمانە داگیرکەرەکانداو دەستیان لە خەباتی چەکدارانەی دەوڵەتی و میللی هەلنەگرت تا رژیمی هیتلەریان لە بەرلین دا رمان.

هەڵکەوتی پایتەخت:

کە دەوڵەتێك هێرش ئەباتە سەر دەوڵەتێکی تر یان تاقمە عەسکەریەك لە ولاتێکدا بیر لە کودتایەك ئەکەنەوە یان هیزێکی شورشگێری میللی دژی رژیمەکەی خۆی شورش بەرپا ئەکات هەموویان وەکو ئامانجێکی سەرەکی بیر لە گرتنی پایتەخت ئەکەنەوە، چونکە کە پایتەخت کەوتە دەست هەرلایەك لەم لایانە بەدەگمەن نەبێت ئیتر رژیمی پایتەخت لە دەست سەندراو کوتایی دیت.

بێگومان هەڵکەوتی پایتەختیش لەمەموکات و زرۆفێکدا بەدەست دانیشتوانی یان فەرمانرەوایانی ئەو ولاتە نییە.

بەڵکو شێوەی ولات دەستێکی گەورەی لە هەلکەوتن و جیگا نیشانەکردنی پایتەخدا هەیە. ئەگەر شێوەی ولات چوار گۆشەیی یان بازنەیی بێت ئەوا دامەزراندنی پایتەخت لەناوەراستی لاتدا کارێکی ئاسان و گونجاو ئەبێت وەکو شاری مەدریدی ئیسپانیایی کە کراوە بە پایتەختی ئەو ولاتە.

وەئەم هەڵکەوتنەی شاری مەدرید چ بو هەڵسوراندنی کاروباری بەرێوەبردنی دەوڵەتی و چ بو پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ یان بۆ خۆپاراستن لە هێرشی دوژمن بایەخێکی زۆر شایستەی هەیە.

هەر لەبەر ئەمە هۆیەش بوو سوڤیەتی یەکان ئەم راستی یەیان پێش بینی کردو پایتەختی خۆیان لە لەنینگرادەوە گواستەوە بۆ موسکو وە لەجەنگی دووەمی جیهانی دا سوودێکی زۆریان لەم پێش بینی یە دی.

هەروەها تورکە کەمالی یەکانیش پایتەختی خۆیان لە ئەستەمووڵەوە گواستەوە بۆ ئەنقەرە چونکە لەوەپێش ولاتانی بالقانیان بەدەستەوە بو، نەئەبوو پایتەختی خۆیان زۆر لەم ولاتە ژیردەستانەی خۆیان دوور بخەنەوە ئەلەمانەکانی روژئاواش دوای جەنگی دووەمی جیهانی شاری بون - یان کرد بە پایتەخت تا لە لەشکری سووری سوڤیەتی دور بکەوێتەوە.

کە ولاتەیە کگرتووەکانی ئەمەریکا لە سالی 1790 دا 13 پارێزگا بوو، واشنتون - یان کرد بەپایتەختی خۆیان چونکە ئەو کاتە ئەکەوتە ناوەراستی ئەم ولاتەوە.

بێگومان بەپێی گەورەبوون و پچوك بوونەوەی ولاتێك وکاروباری بازرگانی و پێوەندی ئەو دەوڵەتە لەگەل دەوڵەتە دراوسێکانیدا، شارێك بایەخداریان بێ بایەخ ئەبێت بو پایتەخت.

بویە ئیسپانی یەکان پایتەختی خۆیان لە پورجوس بو نالدولیدو بو تولیدو ئنجا بو مەدرید گواستەوە.

هەروەها رووسەکان لە کییف - ەوە بو سوزدال بۆ فلادیمیر بۆ موسکو ئنجا بو سان پترسبورگ جاریکی تر بو موسکۆ گواستەوە. هەروەها قبلای خان پایتەختی چینی لەکراکۆرمەوە گواستەوە بو خامپالیك (پەکین).

- داهاتی سروشتی و دەسەلاتی پیشەسازی:

ئەگەر بەوردی سەیری میژووی مرۆڤایەتی بکەین بومان دەرئەکەوێت کە باری ئابووری ناوخۆی دەوڵەتان ماکی هەموو ناکۆکی و دوو بەرەکی یەکی ناوخۆو دەرەوە بووە. ئیستاش وەلەمەو واش باری ئابووری هەر بەردی بناغەی ژیان و گوزەران و خۆشی و ناخۆشی کومەلانی ئەم سەرزەمینەیە سیاسەتی دەرەوەی هەموو دەوڵەتێك ئاوینەی چۆنێتی ژیانی ئابووری یەتی، ئەو دەوڵەتانەی ئابووری یان پتەو بەهیزە ژیانی ناوخۆیان ئارام و لەسەرخۆو پێوەندی یەکانیان لەگەڵ دەوڵەتانی دەرەوەدا ریکوپێك و ناوبانگی دەرەوەیان بە هیزە، بە پێچەوانەی ئەمانە دەوڵەتە بێهیزەکان و ئابووری لاوازەکان هەمیشە خانە بەجەنگ و نا ئارام و قەرزارو سوکەسەنگن لە نێو دەوڵەتانی دەرەوەدا وەئەم

هەوڵنامەی کتێب

لاوازی ئابوری‌یه ناچاریان ئه‌کات سه‌ر بۆ ده‌وڵه‌تی خاوەن ئابوری به‌هیز شور بکه‌ن و به‌شێك له ئازادی‌و سه‌ربه‌خۆیی نه‌ته‌وایه‌تی خۆیان له ده‌ست بده‌ن.

گه‌ربمانه‌ویت سیاسه‌تی ده‌ره‌وه‌ی ولاتێك له تای‌ته‌رازوو بده‌ین وکێش و توانا و خۆراگری پێوانه بکه‌ین ئه‌بێ پێش هه‌موو شتێك له ئابوری ناوخۆی ئه‌و ولاته بکۆڵینه‌وه.

بۆیه ئه‌وانه‌ی به‌زانستی چیوپولیتیکسه‌وه خه‌ریکن پێش هه‌موشتێك بیر له جوگرافیای ئابوری ئه‌که‌نه‌وه.

به‌رهه‌م هێنانی که‌ره‌سه‌ی خاوو پێشه‌سازکردنی بۆته محه‌کی جیاکه‌ره‌وه‌ی ده‌وڵه‌تی هه‌ژارو خاوەن سامان له‌نێو ده‌وڵه‌تانی جیهان دا چونکه ئه‌مه نه‌ك هه‌ر له‌کاتی ئاشتی دا به‌که‌لکی خۆش گوزه‌رانی گه‌لێك دیت و به‌ردی نباغه‌ی سه‌رکه‌وتنه‌کانیتی به‌لکو له‌کاتی جه‌نگیش دا کاروباری عه‌سکه‌ری ده‌زگا پێشه‌سازی‌یه عه‌سکه‌ری‌یه‌کانیش هه‌ر به‌که‌ره‌سه‌ی خاوو پێشه‌سازکردنی که‌ره‌ی خاو هه‌ڵده‌سورێن.

له‌به‌رئه‌وه هه‌ندی ده‌وڵه‌تی خاوەن سامان و خاوەن ده‌ستگای پێشه‌سازی به‌هیز که بۆ هه‌ندی بابه‌تی که‌ره‌سه‌ی خاو دانه‌مێنن، بیر له پەیداکردنی ده‌رفه‌تی بایه‌خداری ئابوری (المجال الحیوی الاقتصادی) یان بیر له خۆ کشان به‌سه‌رخاکی ده‌وڵه‌تانی‌تردا ئه‌که‌نه‌وه، یان دۆستایه‌تی له‌گه‌ل ده‌وڵه‌تانی خاوەن ئه‌و که‌ره‌سانه ئه‌گرن و پشت به‌و دراوه‌ی به‌دستیانه‌وه که‌ره‌سه‌ی خاوی پێویست بۆ پێشه‌سازی‌یه‌کانیان مسوگه‌ر ئه‌که‌ن.

له چه‌رخه‌کانی پێشودا یان هه‌ر راست تر 3000 سال پێش زایینی میسرێکان له پێناوی ده‌ستخستنی مس و به‌ردی به‌نرخ و مێتالی تردا هه‌ریمی سینایان خسته ناو سنووری خۆیانه‌وه. وه‌له سالی 17ی پێش زایینی دا سوپسرایی‌یه‌کان بریاریان دا ده‌شت و کێو بکه‌ن به دانه‌وێله تاکو له مه‌ترسی برسێتی رزگاریان بێت. ئینگلیزه‌کانیش له‌سه‌ره‌تاوه له پێناوی ده‌ستخستنی خوری زووریان کرده ئوسترالیاو نه‌فه‌ریقا.

وه‌له سالی 1907دا هه‌ر هه‌مان مه‌به‌ست ژاپونی خسته سه‌ر فاکوفیکی داگیرکردنی کوریا.

دوکتور علی المیاح که‌ره‌سه‌ی خاو ئه‌کات به چه‌ند به‌شێکه‌وه وئه‌لیت «هه‌رکه‌ره سه‌یه‌ك به‌رهه‌می ناوخۆی که‌م بوو وده‌ستگا عه‌سکه‌ری‌یه‌کان پێویستیان پێ هه‌بوو که له ده‌ره‌وه بیکرن و په‌یدای بکه‌ن به‌و جۆره که‌ره‌سه‌یه ئه‌وتریت که‌ره‌سه‌ی خاوی ستراتیجی، به‌ڵام ئه‌و که‌ره‌سه‌یه‌ی که‌ڵکی تایبه‌تی هه‌یه‌و پێویسته هه‌ر له ولاتی بیگانه‌وه پەیدا بکریت ئه‌مجا ئه‌وا به‌وکه‌ره‌سه‌یه ئه‌وتریت (که‌سه‌ره‌ی مولەق CriticaL) ئه‌مجا بۆمسوگه‌ر کردنی ئه‌م جۆره که‌ره‌سانه بیروڕای «شاده‌ماری ژیان» هانۆته نێو ده‌وڵه‌تانه‌وه که ده‌سه‌لاتداریتی سیاسی‌و ئابوری دێنێته کوری سیاسه‌تی ده‌ره‌وه‌ی ئه‌و ولاتانه‌وه. هه‌ر له‌به‌رئه‌مه‌ش بوو که ئه‌ڵمانه‌کان پەله‌ی داگیرکردنی رومانیایان ئه‌کرد تا ده‌ست به‌سه‌ر نه‌وتی رومانیادا بگرن هه‌روه‌ها رووکردنه هه‌ریمی قه‌فقاسیش له جه‌نگی دووه‌می جیهانی‌دا هه‌ر بۆ پەیداکردنی نه‌وت بوو. که‌ره‌سه‌ی ستراتیجی چ کشتوکاڵی یان کانزایی بێت به‌پێی جیگار کات ئه‌گوڕیت، له کاتی خۆیدا خێڵه ره‌وه‌نده‌کانی مه‌غۆل به‌دووی له وه‌رگادا ئه‌گه‌ڕان و هه‌رده‌ستیان نه‌که‌وتایه په‌لاماری ئیمپراتوری‌یه‌تی چین یان ئه‌دا. دیاره ئه‌و کاته له‌وه‌رگا بۆ ئه‌م خێڵه ره‌وندانه به‌که‌ره‌سه‌یه‌کی ستراتیجی له قه‌ڵه‌م ئه‌درا چونکه ژیان و گوزه‌ران و ده‌رامه‌تیان له مه‌روماڵات و ئاژەڵ ده‌ست ئه‌که‌وت. به‌ڵام له ولاتێکی‌تردا وه‌نگه نه‌وت و یان یورانیوم ببێت به‌که‌ره‌سه‌ی ستراتیجی.

بێگومان سه‌رچاوه سروشتی‌یه‌کان هه‌ر به‌تاقی ته‌نیا ده‌وڵه‌ت به‌هێزو توانا ناکه‌ن، ئه‌بێ له پاڵ ئه‌م سه‌رچاوانه‌شدا توانای پێشه‌سازکردنیان هه‌بێت. وه‌بۆ ئه‌وەی ده‌وڵه‌تێك له‌شه‌ڕو ئاشتی‌دا پشت به‌خۆی ببه‌ستێت ئه‌بێ پێشه‌سازی‌یه‌کی دوولانه‌ی هه‌بێت، لایه‌کی عه‌سکه‌ری ئه‌وی تری ئاسایی ئه‌م ده‌ستگایانه‌ش به‌سه‌رمایه‌و که‌ره‌سه‌ی خاوو ده‌ستی کریکاروو شاره‌زایی پێشه‌سازی‌و ته‌کنۆلۆجیای به‌رزو هه‌مه‌ره‌نگه هه‌لومه‌رجی سه‌رکه‌وتنی ئه‌واو دێنته کایه‌وه.

دکتور علی المیاح بەرهەم هێنانی عەسکەریش ئەکات بە دوو بەشەوە ئەڵێت «بەرهەم هێنانی عەسکەری مانای بەرهەمی عەسکەری و بەرهەمی مەرج داری عەسکەری یە.

وەبەشی یەکەم بەفڕۆکەو تانک و توپ و گوللەی ئاراستە کراوو پاپوری جەنگی و هەموو بەرهەمێکی تری بۆ کاروباری عەسکەری تەرخان کراو ئەڵێت. بەڵام بەشی دووەم بەو بەرهەمانە ئەڵێت کە سەربازوو خەلکی ئاسایی وەکو یەک بەکاریان ئەهێنن. هەر لەسەر باسەکەی ئەروات و ئەڵێت «لەبەشی یەکەمدا کەرتی عەسکەری و کەرتی خەلکی (القطاع الخاص) بین برکی لەگەل یەکتری دا ئەکەن تاکو هەریەکەیان باشتر سەرمایەو کەرەسەی خاوو دەستی کریکاریان دەست کەوێت، بەڵام لەبەرهەمی مەرج داری عەسکەریدا (انتاج عسکری مشروط) بین برکی لە بەکارهێنان نەك لەبەرهەم هێناندا ئەکەوێتە نێوان عەسکەروو خەلکەوە.

لە کۆتایی باسەکەدا ئەبی ئەو راستیە بخرێتە بەرچاو کە هەر دەوڵەتێك هەرچەندە پان وبەرین و خاوەنی کەرەسەی خاو وبێت هیشتا هەر هۆی ئەکەوێتە کەرەسەی خاووی وڵاتانی ترەوە.

بۆیە وڵاتە پەکگرتووەکانی ئەمریکا نزیکەی بای حەوت ملیار دولار مس و تونیاو فانۆن وئەنجستن و جیوەو مەنغەنیزو کروم و کەسەرەی خاوی تری کریوەو لە گەنجینەدا بەیەدەگ هەڵی گرتووە.

هەروەها ئەڵمانەکان نەخشەیەکیان بۆ دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێکی ئەڵمانی کێشابوو کەهەموو ئەوروپاو بەشێکی رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئەفەریقای ئەگرتەوە. بەو نیازەی لەبەرووبوومی ئەم وڵاتانە کەڵك وەرگرن و هەموو کەرەسەیەکی کشتوکاڵی وپیشەسازی بۆ خۆیان مسوگەر بکەن.

ئیتر بەشی پینجەمی ئەم باسە بۆ ژمارەی داهاتووی گۆڤاری «روشنبیری نوێ» کەکۆتایی هەموو باسەکەی پێدێت. ئەوبەشەش دەربارەی بیرو باوەری جیۆپۆلیتیکسانەی سەرکردە سیاسی و عەسکەری و پسپۆرەکانی ئەم کۆرەی دەوڵەتە گەورە داگیرکەرەکانی جیهان ئەبێت. کەهەر لایەکیان بەپێی رووبەری وڵات و هەڵکەوت و دوورووبەری لەدەریاوەو ژمارەی دانیشتوانی و پایەی تەکنۆلوجی ئابووری و عەسکەری خۆیان بیریان لەوبەشە هێزە عەسکەریە کردۆتەوە کەلایان وابووە ئەتوانن هەموو سەرزەمینی پێبگرن.

هەندیك بایەخی گەورەیان بەهێزی پیادە داوەو هەندیك بەهی دەریایی و هەندێك بەهی ئاسمانی (هێزی فڕۆکە)و ئیستاش زۆنالدریگن ـ ی سەرەك کوماری ئەمەریکاو دەزگا ستراتیجی یەکانی لایان وایە بەپەنابردنەبەر جەنگی ئەستیرە ئەتوانن دەست بە سەر جیهاندا بگرن.

لە سەرەتای ئەم بایەوە ئاماژەواوبونی بەشی چوارەمی کەڵك لەم سەرچاوانە وەرگیراوە.

1 ـ جیوپولیتیکس ـ الدکتور علی محمد المیاح

2 ـ الاصول العامة في الجغرافیا السیاسیه والجیوپولیتیکا مع دراسة تطبیقیه علی الشرق الاوسط ـ الدکتور محمد ریاض استاذ الخغرافیا بجامعة عین الشمس.

3 ـ دراسات في الجغرافیا السیاسیه ـ الدکتور صلاح الدین علی الشامی استاذ الجغرافیا بکلیة الاداب جامعة القاهرة بالخرطوم.

4 ـ القانون الدستوری ـ نظریه الدولة ـ الدکتور منذر الشاوی.

5 ـ القانون الدولی الخاص وفق القانونین العراقی والمقارن ـ الدکتور ممدوح عبدالکریم حافظ.

6 ـ الخلیج العربی دراسة الخغرافیا السیاسیه ـ الدکتور صبری فارس الهیتی

7 ـ ا. سرگی هروف، مبدأ نکسن وکیسنجر في اسیا.

8 ـ تویبی منهج التأریخ وفلسفه التأریخ.

9 ـ الأمیر

10 ـ اراء واحادیث اللغة والادب ـ ساطع الحصری.

هەوڵنامەی کتێب

سۆفیزم لە شیعری کوردیدا

پرۆفیسۆر دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ

«کـورتـەی ئەویـاسـەیـە کە لە ڕۆژی 1984/2/3دا لەهۆڵی بەشی ڕۆژهەڵاتناسیی زانستگایە ئازادی بەرلیندا خوێندرایەوەو لەلایەن قوتابی و مامۆستایانی بەشەکەوە موناقەشەکرا، ئەو موناقەشەکردنەو وەڵامدانەوەی پرسیارەکان باسەکەی قوڵتر و فراوانتر کردوە.

شایانی باسە کە مامۆستا فەریاد فازیل عومەر وەرگێڕی بە ئەڵەمانیی ئەم کۆڕە بوو.

دیسان نەبوونی سەرچاوەی پێویست هەندێ پەنجەی بەسەر باری باسەکەدا بەجێ هێشتووە.

ع.م.ر

کە باسی «تەسەوف» لەناو کورددا دێتە ناوەوە. ماوەی زۆر باس و لێکۆڵینەوەی درێژەیە، کە تائێستا کەمی نووسراوەو زۆری ماوە.

بۆ نموونە دەتوانین گەڵێك سەرباس «عینوان» بۆ باس و لێکۆڵینەوەی لەمەودوای نووسەران و زانایانی کورد دابنێین، وەك:

مێژووی تەسەوف لەکوردستانا، پێوەندیی نێوان ئەو تەریقەتە سۆفیانەی لە کوردستاندا هەن لەگەڵ ئاینەکانی پێش ئیسلامی ناو کورد.

زۆربەی کوردی موسوڵمان سوننی و شافیعین و مەلاکانیان بە عەقیدە ئەشعەرین و دوو تەریقەتە سەرەکی یەکەی ئێستای ناو کورد (قادری و نەقشبەندی) لە ناو ئەمانەدایە،[1] لەگەڵ ئەمانەش دا لەنێو کورددا هێندێك ئایین و ڕێبازی تریش هەن.[2]

شارەزایانی تەسەوف ـ سۆفێتی وسەر بەتەریقەتی سۆفێتی دەکەن بە دوو بەشەوە:ـ

ا ـ تەسەوف بە کردەوە (سولوك)، کەمرۆڤ خۆی تاقی بکاتەوەو ئەنجامی بدات، تا دەگاتە ئاکام.

ب ـ تەسەوف بەهۆی خوێندنەوەو تێگەیشتن، وەکو زانیارییەك.

زۆر لەوانەی لە سەر تەسەوفیان نووسیوە ـ بە تایبەتی بەزمانانی ڕۆژهەڵات ـ بەشێکی گرنگ بۆ ئەدەبیاتی سۆفیزم یا ئەدەبیاتی سۆفیان تەرخان دەکەن، کە [illegible] بەداخەوە لە کوردیدا کەمتر ئەمە کراوە. بەڵێ لە دیوانی چاپکراو و دەستخەتی زۆر لەو شاعیرانەدا کە بە بیر یا بە کردار سۆفی بوون، ڕەگەزی ئەم ئەدەبیاتی سۆفیزمە، یا بەشێکی گرنگ لە ئەدەبیاتی سۆفیزمی ڕۆژهەڵات دەبینین، بە لام کەمتر کتێب و لاپەڕەی تایبەتی یان بۆ تەرخان کراوە، یا دەستنیشان کراون.[3]

وەك ووتمان دوو تەریقەتی سەرەکی لە کوردستانی ئەمڕۆدا قادری و نەقشبەندین. بەلام لە کۆندا تەریقەتی نووربەخشی کە سەید محەمەدی نووربەخش ـ برای سەید عیساو سەید موسا (یا شێخ عیسێ و شێخ موسێ)ی بەرزنجەیی دایمەزراندووە، لە کوردستاندا باو بوو، تا سەید بابە ڕەسوڵ هات و تەریقەتی (عەلەوی)ی خستە پاڵ کە بەشێکە لە تەریقەتی (خەڵوەتی). ئەم دوو تەریقەتە لەناو سەیدەکانی بەرزنجەدا باو بوو و لە هەموو کوردستاندا. بلاو بۆوە.

لەزەمانی سەید محەمەدی نۆدێیدا، شێخ ئیسماعیلی قازانقایە یا (ولیانی) کەکوڕی سەید محەمەد بوو هەر دوو تەریقەتی لەسەر دەستی باوکیدا وەرگرت و چوو بۆ بەغدا، لەوێ چاوی بە

شێخ ئەحمەدی ئەحسائی کەوت، بەیعەتی پێکردو تەریقەتی قادریی لێ وەرگرت و گەڕایەوەو لە گوندی قازانقایە جێنشین بوو. خەڵك لە هەموو لایەکەوە ڕوویان تێکرد، زوربەی مەلای کوردستان و عیراق دووای کەوتن.

هەرچی تەریقەتی نەقشبەندیشە ئەوە بڵاوە کە مەولانا خالید (1777 ـ 1826) هێناوێتە کوردستانەوە. بێگومان بەو شێوەی بەکۆمەڵ بوونە نەقشبەندییە هەر لە زۆر وولاّت و مەڵبەندی ڕۆژهەڵاتدا لە سەر دەستی مەولانا خالیددا بووە.

بەڵام کە بە ئەدەبیاتی کوردیی سەر بە سۆفیزمدا دەچینەوە، زۆر نموونەی ئەوە دەبینین کە ڕێو شوێنی نەقشبەندی یەکان لە کوردستاندا پێش ئەوەش زانرابێ، بەتایبەتی لای شاعیرێکی وەك مەلای جزیری.

نووسەری ئەم دێڕانە ماوەیەکی ژیان و بەرهەمی نووسینی خۆیی بو ئەدەبیاتی سوفیزم تەرخا نکردووەو تا ئێستاش ئەودڵی ئەو پێشکە شکردنەی کتێبی ئەحمەد خانی، کە لێرەدا بەکوردی نوماری دەکەمەوە گەورەترین بەڵگەی ئەم سەودایی کارڵمە:ـ

«باوکە...

ئەو کەسانە زۆرن کە لەکاروان و ڕێرەوی ووشەدا بەرهەمی خۆیان پێشکەش بە باوکە کۆچ کردووەکانیان کردووەو بەمە دانیان بەهەقی پەروەردەکردن وچاکەپێزانیندا ناوەو خۆشەویستی یەکیان دەرخستووە، کە بەرامبەر بە باوك لە دڵی هەموو کەسێکدا سەر دەکات.

ئەبێ کێ بێ لە نەمامی خۆیدا شتێك لە باوکی نەبینێو کێ بێ باوکی خۆی بەپیاوی چاك نەزانێو یادی ئەو بەنەمر دانەنێت؟.

نااێم لە هەموو باوکان چاکترو مەردتر بوویت، ئەو زوڵمەش ناکەم کە جیاوازیو دیاریی تۆ لەناو باوکان و خەڵکدا دەرنەخەم.

سااێك تووشی سیل بووبوویت و لە مەسەحێکی سەر بەدێرێکی لوبنانیدا کەوتبوویت، لە کۆتایی قەسیدەیەکدا هاوارت کرد

سەفوەت ئەمە سرێکە لە مزگەوتەوە بۆدێر
خۆ تۆ بەحسابێ لەهەوا خواهی مەدینەی

پەنهانیی بەری شانازیی من بە پەروەردەکردن و کارتێکردنی تۆوە وا لەم «سر»ەداو لێرەوە شتێك لە دەروونداً دەبینم کە بە ئەدەبیاتی سوفیزم و سامانی نەتەوەو بەچەپی سەربەست و شۆڕشمەوە پێکەوە دەبەستێو منیش لەمەدا بەگونجاوی لە هەڵوێستێکی بەردەوامدام و لە قووڵایی دەروون و بوونمدا شتێك دەبینم کە خۆشەویستیی سۆفیانی مەزن و تێکۆشەرە شۆڕشگێرە مەزنەکان یەك

دەخات و هەموویان بەو پیاوانە دەزانم کە لە کاروانی مێژوو و عیرفاندا دەڕۆن و ئەو کاروانە بەرەوپێش دەبەن ئەوانەی لە نزیکەوە تۆیان نەدەناسی، دان بەم چاکەیەی تۆدا ناهێنن بەسەرمندا...

ئەوانەش کە پەیی یان بەم (سر)ە نەبرد، تێگەیشتنی پێوەندیی بەتینی نێوان ئەم بە پەرۆشیی یە جیاوازانەیان لە دەست چوو،

کە شەحسیەتی بەرزی خانی، وەك پەکێك لەو پیاوە گەورانە وێنەیەتی.

ئەگەر منیش توانییێتم ئەم «سر»ە ئاشکرا بکەم، ئەوا ئەم بەرهەمەم شایانی ئەوەیە پێشکەش بە تۆ بکرێت»[4]

کە سەرسامی بەرامبەر بەم نهێنییە نەما. ئەوسا دەتوانم بڵێم بەری سەرنج ڕاکێشەر لە بزووتنەوەی سۆفیزمدا لای من لە پاڵ بە دووای راستیدا گەڕانی سۆفیەکانی کۆن و قوربانی دانیان لەو ڕێگەیەدا، ئەدەبیاتی سۆفیزمە، بەتایبەتی ئەدەبیاتی بەرزی سۆفیانی ڕۆژهەڵات و ئەرکی لێکۆڵینەوەو پیشاندانی پەنهانیی ناودێری سۆفیانەی شاعیرانی کوردیش ئەرکی ئێمەو هاوڕێکانمانە.

بە تایبەتی ئەوانەی کە ڕۆژگار دەرفەتی ئەوەی داوونێ لە جەمسەرێکەوە پێوەندییەکیان لە گەڵ جیهانی سۆفیزمدا هەبێت.[5]

هیوا لتامەی کتێب

ئەرکی ئیمەیە کە بایەخی شیعری کەسانی وەک «بابەتایەرو مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و مەولەوی و مەحوی و ئەحمەدی کۆرەوا دەربخەین کە لەکۆری شیعری (حافزو جەلالەدینی رۆمی و فەریدەدینی عەتتارو عەلی شێرنەوایی و إبن الفارض)دا ناویان بێت.

لە هەندی نووسینی لەمەوبەرماندا ستایشی ئاینیمان لە شیعری تەسەوف جیاکردەوە. جیاوازیەکەش لە وەدایە، کە ئەو شیعرە کوردی یانەی سەربەتەسەوفن، لەم پلەدا بۆ ئەو پلە پێوەندیان بە (مقامات و احوال)ی سۆفیانەوە هەیە، دیمەنی خۆشەویستی و جوانی لەو شیعرانەدا دەبرێتەوە سەر یەکێتی بوون (وحدة الوجود)ی سۆفیان، زۆر لە ئیستیلاحاتی سۆفیانەی تێدا بەکاردێت.

هەرچی ستایشی ئاینیبە، تەنانەت لای شاعیری گەورەی وەک نالی (1797 ـ 1855) ئەوە خۆی لەم جیهانی سۆفیانەیە بە دوور گرتووەو تەنیا دەربڕینی سۆزی موسوڵمانێکی خاوەن باوەڕە بەستایشی خواو پێغمبەر و یارانی ئەو دەربڕراوە. بەڵام لە ناو کورددا تەنانەت ئەم چەشنە شیعرانەش لە دەرگایەکی ئەوەو هاتوونەتەوە ناو جیهانی سۆفیانەوە. چونکە دەرونیش و سۆفی کورد (بەتایبەتی دەرونیشی قادری بەدەم دەف لێدانەوە)، شیعری کەسانی وەک نالی و حەمدی و بێخود لە ستایشدا دەکەن بە کەرەسەی سۆزو وەجدی زۆریان و بە زەموومەوە دەیخوێننەوە.

بابە تایەری هەمدانی[6] خۆی لە ئیستیلاحاتی سۆفیزم بە دوور دەگرێ، بەڵام لە هەموو چوارینێکدا ئەو دیمەنی جوانی‌ی یارو دەشت و دەرو کێوە دەبینێ کە (تەجەللا)ی جوانێ‌ی پەروەردەگارە..

مەلای جزیری کە نیسبەتی خۆی دەداتەپال سەعدی و جامی و حافظ، ئەوەش لە یاد ناکات کە چ لە مەیدانی شیعرداو چ لە مەیدانی سۆفیزمدا خۆی بە جیاواز دابنێت:

گەر لوئلوئی مەنسوور ژ نەزمی تو دخوازی
وەر شیعرێ مەلێ ببین تە بە شیرازی چ حاجەت

چونکە ئەم شاعیرە وەک رەندێکی خەراباتی، بە بادەی سۆفێتی مەست، خۆی دێنێتە پێشەوەو خۆیمان پێ دەناسێنێ:

ب حەق رەندێ خەراباتم ژ دێرێ ڤی دەمی هاتم
چ هێڤی هوون دکەن ئیرۆ ژ ڤی رەندی خەراباتی
د ئیقلیمێ سوخەن میرم، د شعریدا جهان گیرم
(ویعلو موکب العشاق في أعلام رایاتی)

ئەم شاعیرە گەورەیە (1407 ـ 1481) کە دەتوانرێ بە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی شیعری کلاسیکیی کوردی دابنرێت.[7] بەکۆمەڵی خاسیەتی تایبەتی شیعری خۆی و شیعری کوردیی لە سەر بناغەکانی شیعری ڕۆژهەلات دامەزراندووەو لەوانیشی جیاکردوونەتەوە.

ئەوەی پێوەندیی بە باسی ئەمڕۆمانەوە هەیە کە باسی تەسەوفە لە شیعری کوردیدا ـ ئەوا دەتوانین ئەگەر هەموو شیعری نەبێت، زوربەی شیعری مەلای جزیری بخەینە خانەی تەسەوفەوە.

کۆمەڵێک لە مەبەستەکانی شیعری سۆفی لە دیوانی مەلای جزیریدا کۆدەبنەوە.

دەیان ئیستیلاحی تەسەوف بە پتەوی لە جێی خۆیداو بە مەبەستی پێوەندی بوون لەگەڵ جیهانی سۆفیزمدا لەو دیوانەدا جێی کراوەتەوە.

هەر لە یەکەم لاپەڕەوە «ذات»و «صفات»و «أثار»و «اسم»ی «لم یزل» وەک شتێکی «مقدس» دەبنە ڕەمزی «وجود»و لەگەڵ جوانی‌ی کەون و پەروەردگاردا لێکدەدەن:

حوسن و جەمالی خواست ئەڤین
ڤێکرا دیەک ذاتی جەڤین
نوورا قەدیم بوو عەشق وڤین
وان ل پێکڤە نازو عیشوەدا
عشق ژ نوورا (لایزال)
حسن و جەمالا بێ (مثال)
ئیساندیە لموموم و شمال
دیسا خوە لێ پەروانەدا

ئیتر پاش ئەمە (عدیم)و (قدیم)، (ظاهر ومظهر)،

هەولێر ئەدەبی کێبڕکێ

ارادة)و (اختیار) دەبنە «تەجەلای وجوود» و وێنە نواندنی «نفحە»ی (روح القدس)و چیرۆکی دروستبوونی کەون دەکەن بەفەیزی خوایی:

هەر یەك ژ فەیضا ئسمەکی
تێن صورەتا طلسمەکی
لەو مەعنەیا هەر جسمەکی
پەرتەو ژ نوورەك لێ ڤەدا[8].

مەلای جزیری هەر لەم دیمەنی کەونەدا «عاشق و معشوق» دەکات بەیەك و بەدەرخەری «صفات» و لەو رێگەیەوە لە میحرابی (تەوحید)دا خۆی دەبینێتەوە.

مەلای جزیریپێش ئەحمەدی خانی لەسەر پێرەوی فیاغورسیەکان و (اخوان الصفا) ئاسمان بەنۆ نهۆم (تەبەقە) دەزانێو یەکێتیەك لەناو بزووتنەوەی بورج و ئەستێرەو مۆسیقاو سەمادا دروست دەکات و وەجدو زیکری سۆفیان دەبەستێت بەو رەگەزانەوە. ئەمەش بۆ تووسینی میژووی سۆفیزم لە کوردستانا گرنگی‌ی خۆی هەیەو رەنگە مەلای جزیری‌ی پێ بەرینەوە سەر تەریقەتی مەولەوی کە هەندێ رۆژ هەلاتناس بە هۆی مۆسیقاو سەمای کاتی زیکرەوە بە «سووردەرە» و «سەماکەرە» یان ناو دەبەن.

مەلای جزیری لە پراکتیکی شیعرەکانی خۆیدا عەشقی «حەقیقی»و عەشقی «مەجازەی سۆفیان دەکات بەیەك و خۆی سەربەو هەردوو عەشقە یەکگرتووە دەزانێ ،کە کەمجار دەتوانین لە شیعرەکانیدا لەیەکتریان جیا بکەینەوە.

عاشق ئەر جارەك ژ بالا لێ بدەت بەرق مەجاز
دی لنك (صاحب) دلان حەتتا ئەبەد بت سەرفراز
کەشفی ئەسرارێ صفاتان بێ مەحەببەت نابتن
صورەتی ئەسما دڤێتن دا بکین ژێ فەهم راز
لە ئەنجامیشدا مەلای جزیری هەموو عەشقی حیکایەت و ئەفسانەو رووداویی ئەم سەر زەمینە لە عەشقی. هەوایێ ئاگا دەکا نە وە.

چونکە جوانی‌ی هەموو یارێك لای لەو «تەجللا»ی جوانی‌ی پەروەردگارە:

مەی نە نۆشی شێخی سەنعانی غەلەت
ئەو نەچوو نیف ئەرمەنستانی غەلەت
میسلی موسا وی تەجەللایا تە دی
ئی تودی کانی خەتا هانی غەلەت

ئەو (تەجللا) یە لای مەلای جزیری هەر ئەو تەجللایەی لای زوربەی سۆفیانە کە وێنەی کۆنی لە کێوی (تور) وە دەست پێدەکات:

دل کەبەیە مەولایە لێ
ناری کەلیم ئیسایە لێ
بانگی (انا الله) دایە لێ
هەم کەعبەو هە (طور)ەدل

مەلای جزیری مەستی‌ی ژیان و مەستی‌ی وەجد دەباتەوە سەریەك (خم)ی سۆفیان و ئەم لە وەسفی (مەی) ەکەیدا گومان لە جۆری (مەی) دا ناهێلێ:

ساقی ژ ئەزەل بە دوو قەدەح بادە ب من دا
هەتا ب ئەبەد مەست و خومارو تەلەسم دا

ئەوە (مەی)ی پیری سۆفیانەیە لای شاعیر دەروون پاك دەکاتەوە (تەز کیەی نەفس) دەکات:

جامێ عشقێ پاکێ روحانی طهورا باطنه
ئێ نەنۆشی هەر وەما حەتتا ئەبەد ناپاکی رووح

مەلای جزیری وەك زۆر لە سوفی‌یە مەزنەکانی پێش خۆی لە یەك تاودا (بە شێوەی (شطحه) یەکی سۆفیاندا، هەموو کۆشش و هەولێ سۆفیانە لادەداو (سۆفی) گەیشتنە پلە بە کارێکی ئەزەلی دەزانێ:

عاشقی مەستی ب عەشقی، نی‌یە حاجەت ب مەیی
واردی واردو ئەحوالی ب ئە و رادی کت
تە غەرەز ڤێك کەتنا یەك و لێك مورشیدی بت
سالك و طالبێ ئیرشادی ب بوغدادی چ کت
جەهد ئو سەعی‌و تەلەب ،بێ ئەسەرەك سافی نەهن
تو نەبی پەردەنشین چاکەرو قەووادی چ کت
چ ئەسەر دی ل بەری خارە بکت قەترەئی ئاب
قەلەمێ مە ب دوو سێ قەترەئی زوهمهادی چ کت

دێ ژ حەق جاذبەیەك دل بگرت وەرنە «مەلا»
ژ ئەزەل گەر تووە هیدایەت نەبت ئیرشادی چ کت[9]

فەقێی تەیران (کۆتایی سەدەی شانزەیەم) تەجروبەی سۆفیانەی خۆی دەرێژێتە ناو داستانی (شێخی سەنعان)ەوە. بەگشتی حیکایەتی شێخی سەنعانەکەی ئەمیش لەوانە جیا ناکرێتەوە کە لە ئەدەبیاتی رۆژهەلاتدا پێش ئەو و پاش ئەو نووسراون، بەلام لە وردە شتدا (تفاصیل) جیاوازیی هەیە، ئەنجامیش هەر بە بەرزگرتنی خۆشەویستیی یەکانی خۆشەویستیی سۆفیانەیە بە کارێکی دەروونیی دوور لە مەرجی کات و شوێن (زەمان و مەکان)و پایەی کۆمەلایەتی و تەمەن و ئاین و بەستنەوەیەتی بە باوەری یەکێتیی بوون - (وحدة الوجود)ەوە.

لووتکەی ئەدەبیاتی (سۆفیزم)ی کوردی، بەلای ئێمەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی (1650 - 1707) دایە.

خانی لە پاڵ زۆر باسی فەلسەفی و رای فەلسەفی کە شاعیرانە لەدوو تۆیی دارشتنەوەی حیکایەتی (مەم و زین)ی ناو فۆلکلۆری کوردیدا جێگەی کردۆتەوە دەبێتە خانی «تیتیۆلۆگیا - علم الکلام وفەلسفە تێکەڵ دەکات و بەرەو تەسەوفیان دەبا، زۆربە ووردی، فەیلسووفانە یەکێتی بوون (وحدة الوجود) و سۆفیانە یەکێتیی شهوود تێکەڵ دەکات. لێرەدا ئەوقسەیەی پروفیسۆر ابو العلاء عفیفیی بەسەردا دێتە دی کە دەربارەی فەیلەسووفە سۆفیی یەکان ووتوویەتی: «سۆفێتیی ئەوان ئەنجامی کارێکی فەلسەفیی تازەیە لە مەیدانی ئایندا[5]

خانی تێکرای داستانەکەی لە چوارچێوەیەکی سۆفیانەدا دادەڕێژێ، بەڵکو بەباسی سۆفیانە کۆتایی پێ دێنێ، وەك تەسەوف ئەنجام و مەبەستی ئەو بۆ لەم هەموو لێوورد بوونەوەیەی ژیانی و بیرو فەلسەفە، یا وەك ژیان و نەگەیشتنە ئەنجامی کۆنکرێتی و یەکسەر لەم لێوورد بوونەوەیەدا شاعیری بەرەو گێڕاوی بیری سۆفی بردبێت.

کە خانی لەگەڵ هەر یەکێك لە فەیلەسووف و سۆفیەکاندا بەراورد دەکەین شێوەی هەندێکیانی لادەبینین و دووبارەکردنەوەو ووتنەوەی بیری هەندێك لەمانا و ووشەیدا دەبینین. بەڵام ئەم جیاوازیو تێکەڵیو هەمەڕەنگییە لەبەر دەمی شەخسیەتێکی جیاوازدا دامانەنێت کەخۆینەرو وەرگرو رێگەگرە بەر (سالك)ە. ئەگەر لە تێکەڵ کردنی فەلسەفەو عیلمی کەلام و خۆشەویستیی خوادا رێگەی غەزالیی گرتبێ، ئەوا وەك ابن عربي بووە بە سۆفیو یەکێتیی وجوودو یەکێتیی شهوودی کۆکردۆتەوە. یا وەك حەللاج رێگەی لە خوادا فەنا بوون (الفناء في الله)ی گرتووەو هاواری (أنا الحق)ی لێ هەڵدەستێ بەڵام هاوارەکەی ئەم، شێوەیەکیتری هەیە. هاواری خامەی هونەرمەندێکە ووردبوونەوەی خۆی بە زمانی قارەمان و کەسانی داستانەکەیەوە بگێڕێتەوەو لە نەخشەکێشانی وێنەیەکی تێوریی بیری سۆفیزمەوە نزیك دەبێتەوە.

ئەگەر بەرنامەیەك بۆ بیری سۆفیزم دابنێین و لە داستانی (مەم و زین)ی خانیدا بۆ بەندەکانی ئەو بەرنامەیە بگەڕێین، ئەوا وێنەیەکی لە تەواویەوە نزیکی ئەو بەرنامەیە دەبینین.

ئەگەر بەناچاری بۆ ئەم باسە بچینەوە سەر ئەو کتێبەی دەربارەی ئەحمەدی خانی نووسیومان، ئەوا لەسەر ناوی باسەکانی تەسەوفدا ئەم سەرناوو باسانە بە لێدوان و نموونەوە دەبینین:

1 - زوهدو تەسەوف:

هەر لێرەدا باسی زیکر دەکرێو جیاوازیی زیکری زمان و زیکری دڵ لای خانی کراوە. هەر لە بەدەم ئەم باس هاتندا هاتووینە سەر باسی عەشق و ووتراوە کە خانی دوو جۆرە عاشق دەبینێ.

کەسانێ کە لە دنیادا بە یەکتر گەیشتنیان دەوێت و بە بیری ئەو لە بەیەکتر گەیشتنی ئەو دنیا بێ بەری دەبن. یا دەیانەوێ لەو دنیا بەیەکتر بگەن بەوە لە بەیەکتر گەیشتنی

مەلا و ئایدیالی کێشە

ئەم دنیا بێ بەری دەبن. هەردوو دەستەش بەلای ئەوەوە بە پێی (هیمەت و ئیختیار) لە شتێك بێ بەری دەبن، هەرچەندە خانی بەگشتی لای وایە کە بەیەکتر گەیشتنی ئەم دنیا خۆشەویستی بەتاڵ دەکاتەوە.

خانی لە هەڵوێستی فەلسەفی‌ی خۆیدا، کە هەندێك جار لەگەڵ سۆفێتیدا تێکەڵەو هەندێ جار لێی براوە، هەردوو چەشنە خۆشەویستی‌یەکە بە بەشێك یا بە وەرگیراوێك لە خۆشەویستی‌ی پەروەردگار دەزانێت. لای خانی وایە کە سۆفی‌ی ڕاستەقینەیە، هەر وەك خانی زانا و زاهیدو سۆفیش لەکۆڕی ئایندا بەسێ جۆری جیاواز دادەنێ

لە باسی پێغمبەردا دەڵێ:

وەرعاوی وەرەنگ دین قەوی کر
شەرعی وی سیرات موستەوی کر
عالم هەمی میللی ئەنبیانە
عابید هەمی جەمعی ئەولیانە

2 ـ ئیستیلاحاتی سۆفیزم:

ئەگەر هەرچی ئیستیلاحات هەیە کۆیان بکەینەوە، ئەوا خانی‌و سۆفیزم بە یەکدگیری دەبینین، بەڵکو قوڵ بوونەوە لە سۆفیزمدا بە خوێندنەوەو کردار وای لێ دەکات کە ئیستیلاحاتی سۆفیان لە باسی سۆفیزمدا بەکار بهێنێ، یا بیخوازێ و لە شوێنی‌تردا بە کاری بهێنی. زۆرجاریش لە داستانەکەی خانیدا هەر لەم دو جێگەیەدا ئیستیلاحاتی وەك: مرید، هیممەت، فناء ذوق، تجلی، سالك، سالیکی مجرد... هتد دەبینی.

3 ـ مەقامات و ئەحواڵ:

هەرچەندە خانی ناچێتە ناو باسی تیۆری‌و کۆڕی جیاکردنەوەی (مەقامات و ئەحواڵ)ەوەو پلە بەپلە نایانگرێت، بەڵام دوو قارەمانی داستانەکەی لە فەسڵەکانی دووایینداو وەك دوو سۆفی نەخشە دەکێشێ کە بەکردار ڕێگەی سۆفێتی یەکیان گرتبێ کە بەم (مەقامات و ئەحواڵ)ەدا بڕوات.

(مەم)ی قارەمانی ئەو کە دەخرێتە بەندیخانەوە دەگاتە دووا پلەی (پاکردنەوەی دڵ)، کە دووا پلەی ڕێبازی سۆفێتی‌ی دەرونیشانە.

(یەقین) دووا حاڵی خانی‌یە، ئێکەڵ بوونی گیانی (مەم و زین) پاش مەرگی مەم بەحاڵی (یەقین) وەسف دەکات.

پێشاندانی مەسەلەی گیان لای خانی‌و گەشتی گیان بە ناو مەقامات و ئەحواڵدا، کەبریتی‌یە لە گیانی (مەم و زین)و گیانی خانی خۆی کە لەو گەشتەدا هاوڕێانە لە بەردەمی کۆمەڵە بیری خانیدا دەربارەی ئەم مەسەلەیە ڕامانەدگرێت و پێوەندیی ئەومان بە سۆفیانی‌تر‌ەوە پیشان دەدات.

لەو کتێبەدا گەشتیکمان لە باسی (گیان)دا لەگەڵ خانیدا کردووە، دەبین خانی لە مەسەلەی گیان و یەکێتی‌ی لەش و گیان و جیاوازیاندا یا لە مەسەلەی (لاهوت)و (ناسوت)دا لەگەڵ ئیفلاتوون و حەللاج و ئیبن سینادا یەکدەگرێتەوەو بیری سۆفیانی وەك (قاشانی)و (ابو بکری طەستانی) لە بارەی (گیان) ەوە بە چەشنێکی تازە دادەڕێژێتەوە.

خانی هەموو داستانەکەی خۆی بەجۆرێك لە گەشتی گیان و جۆرێك لە شهوودی گەیشتنە (مەقام) دادەنێ. هەر لەفەسڵەکانی سەرەتادا کە داوای مەی لەساقی دەکات بۆ ئەوەی وەك مەل بکەوێتە ووتن و (ترنم)، کەشف و شهوود بە بەشێك لەنووسینی پاش مەست بوون دەزانێت.

دا کەشف بین لمن کەرامات
مەشهوود بین لمن مەقامات

خانی لە ڕەفتاری (مەم)و ژیان و مردنیدا شتێك لە بینینی ئەحواڵ و مەقامات دەبینێ‌و لە مردنی ئەودا بەشێك لە باوەڕی خانی دەبینین دەربارەی گیان، هەرچەندە دەیەوێ پاکانە بۆ خۆی بکات لە باوەڕ بە هەندێ شتی جیا لە شەرع و زاهیری ئەو. خانی بە نەخشەکێشان باس لە (ئیلحاق و ئیتیسال)ی گیان دەکات، هەرچەندە بەورتن پاکانە بۆ ئەوە دەکات کە باوەڕی وابێت.

باسێکی گرنگ لە بیری سۆفی خانیدا ئەوەیە کە

هەوالنامەی کتێب

بەپێچەوانەی زۆر لە سۆفیانەوە کە دەبێ «دەستگر» یا «مامۆستا و شێخ» یان هەبێ ئەم خۆی بە شێخ و دامەزرێنەر دادەنێ ،ئەمەش بە چەشنێکی زیرەکانە دەردەبڕێ کە (مەم)ی قارەمانی داستانەکەی دەکات بە شێخی خۆی:

شێخی کو ب دل ئەز موریدم
ئەو روحی ڕەوان و ئەز نەدیدم
هەرچەند لبا وە ناڤی مەم بوو
لێ پادشەهەك عەلی هیممەم بوو

گیانی مەم لای خانی بەحاڵی (ئونس و طمأنینە)دا ڕەت بوو و گەیشتە (موشاهەدە)و (شهوود)یکی ناتەواو و (یەقین)یش بە دووای ئەودادێت، کە بەڕای سۆفیان دورا پلەی سالیکە.

4 ـ گەیشتنە پلەو فەنابوون لە خوادا:

سۆفیان دوو لایەنی جیاوازی یەکتر تەواوکەر لە ژیاندا دەبین، کە لایەنی کۆشش (موجاهەدە)و دەروون پاك کردنەوەیە لە پاڵ لایەنی کەشف و ئیشراقدا هەندێکیان هیدایەت یارێگە بینینەوەبە بەری کۆشش دەزانن.

خانی مەسەلەی پاك کردنەوەی دەروون پیشان دەدات و بناخەی کەشف وئیشراقی تێدا دەبینێ و شیعری خۆی و داستانەکەی بەوێنەیەکی کەشف دەزانێت کە سەرچاوەکەی پاکردنەوەی دڵە. هەروەك (مەی)ی خوایی بەسەرچاوەی کەشف و ئیشراق و سەرەتای ئیبداع دەزانێت.

خانی (مەم)ی قارەمانی خۆی پاش کۆشش و دەروون پاکبوونەوە دەگەیێنێتە پلەی «قوتب» یا «شێخ کامیل» یا «شاهباز» .لە وێنەیەکی خەستیشدا کە لە دەورەی ژیان دەدوێت و چەند لێکدانەوە هەڵدەگرێت، دووای پەرەسەندنی منداڵ دەکەوێت لەسکی دایکا تا لە دایك بوون و ژیان و بوون بە موریدی واسیل و ئەوسا وێنەکە لە وێنەی ئینسانەوە دەکات بە وێنەی (ڕووەك ـ نبات)و لەپشت ئەو وێنەیەوە بیری سۆفیانەی خۆی دەردەبڕێت.

خانی لەگەڵ سۆفیانیتردا دەچێتە ناو مەسەلەی شەرع و سۆفیزم، یا (باتین و زاهیر)ەوە وەو لە زۆر دێرە شیعردا تێکەڵ بەو موناقەشەیە دەبێت.

5 ـ بوونی پێشووی گیان:

خانی وەك زۆر لە فەیلەسووف وسۆفیانی موسوڵمان دووای ئەو بیرەی ئیفلاتوون دەکەوێت، کە جیهانی کۆنکرێتی و جیهانی سێیەر هەبێ و گیان پێش لەش هەبووبێ و لە گەلێك دێری مەم و زیندا ئەم بیرە دەردەخا.

6 ـ شەریعەت و سۆفیزم:

خانی وەك غەزالی و کەسانیتر دەیەوێ شەرع و سۆفیزم یا (زاهیرو باتین) یەکخات، هەر چەندە لە هەندێ شتی جیاواز لەگەڵ شەرعدا باس لە دینی (عەشقبازی)و بەندە کانی ئەو دەکات.

7 ـ باسی «نەفس و گیان»

خانی وەك زۆر لە سۆفیان «نەفس» لە «گیان» جیادەکا تەوە، واتە نەفسی حەیوانی لای ئەو شتێکەو گیان شتێکیترە

8 ـ ڕەوشتی سۆفیانە (آداب المتصوفه):

کە هەواڵی وورد دەربارەی ژیانی خانی خۆی نەزانین، ئەوا لەڕێ (مەم و زین)ەوە لە بیری ئەو دەربارەی ڕەفتارو ڕەوشت وورد دەبینەوەو ئەمەش لای ئەو هەر ڕەفتاری سۆفیانەیە.

ئەوانەی لە سوفیزم دووانون ئەم ڕەفتارانە دابەش دەکەن بەسەر «ڕەفتاری ژن هێنان و خواردن و ڕۆژووگرتن و برایەتی و جورئەتی ئەدەبی و دوعاو ڕێو شوینی»دا.

لای خانی هەموو ڕەگەزەکانی ئەم ڕەفتارە دەبینین. هەرچەندە بەرامبەر بەژن هێنان ڕای جیاوازی لادەبینی بەڵام هەڵوێستی بەرامبەر بەژن هەڵوێستی سۆفیانەیەو لە ئەدەبیاتی ئینسانیی هاوچەرخەوە نزیك دەبێتەوە.

خانی داوای دوور کەوتنەوە لە خۆراك و خۆشی یەوە دەکات، بەڵام پەسندیی شتی بۆ خۆش دەکات.

گەلی وێنەی جوان بۆ برایەتی و وەفاداری نەخشە دەکێشێ و هەر لەو مەیدانەدا بەسووکی تەماشای (مالی دنیا) دەکات و داوای سەرف کردنی دەکات بۆ (برایەتی)و

هەوڵنامەی کێبڕکێ

کرداری چاکه.

رای خانی دەربارەی حاکمان، کە هەمووبان لە «جنسی مار» دەبینێ. بەشێکە لە ئازایەتی و جورئەتی ئەدەبی‌ی سۆفیان. هەروەك بەشێك لە (مەم و زین)ە کەی دەچێتە ناو دوعای بەسۆزی سۆفیانەوە.

9 ـ ئەدەبیاتی سۆفی:

لەمەیدانی ئەدەبیاتی سۆفیدا ـ لە مەم وزینی خانیدا کۆمەڵێك باس و دێرو وێنەی بەسۆز دەبینین کە هەندێکیان دارشتنەوەی بەسۆزو کوردیانەی ووتەی سۆفیانی ترەو هەندێکیان زادەی بیرو خامەی خانی خۆێن. لەناو ئەو باسانەدا دەتوانین ئەم وێنانە بەدی بکەین.

«ستایشی پێغمبەر، خۆشەویستی‌ی خوایی‌و باسی ئەو داستانی دڵداری‌یانەی خەڵك دەیانگێرنەوە یا نووسراون، خانی لەم باسەدا دڵی عاشق دەباتەوە بەرەو عەشقی خوایی‌و هەموو پێوەندی‌یەکی نێوان ئەم عەشقانە بەشێکی سەر بەجیهانی خواپەرستی دەبات و لەهەندێ بەراوردی ئەم دوو جیهانەی عەشقدا لە هەموو ئەدەبیاتی سۆفی‌ی رەت کردووە، بەڵکو وای لێ دێت کە خۆشەویستی‌ی لەش و گیان هەر بەیەك بزانێت.

10 ـ مەی:

باسی مەی لای خانی باسێکی بەسۆز و گەشەدارە هەرچەندە هەر لەم (مەم و زین)ەیدا سێ جۆرە باسی مەی دەبینین ـ باسێکی تەقلیدی بە تایبەتی لە سەرەتای فەسڵەکانیدا، باسی مەیی جیهانی، باس بردنەوە سەر مەیی خوایی.

11 ـ جیاکردنەوە یا یەك خستنی یەکێتی‌ی وجوود لەگەڵ یەکێتی‌ی شهوود دا، یەکێکە لەباسە گرنگەکانی لێدوانی فەلسەفەو سوفیزم ئەم تێکەڵی‌یە هەندێ رۆژهەڵاتناسی وا لێکردووە کە بیری یەکێتی‌ی‌و جوود بەبیری سەرەکی بزانن لە تەسەوفی ئیسلامیدا.

بە بەراورد لەگەڵ ووتەکانی ئەبوویەزیدی بەسطامی‌و جونەیدی بەغدادی‌و شبلی‌دا کە باس لە وەحدەتی شهوود دەکەن و بەهاوتای (تەوحید)ی دەزانن و بە بەراورد لەگەڵ ووتەکانی ابن عربی‌و (ئیفلوتین)ی ئەسکەندەری‌و ئەشعەری‌یەکان و حەللاج دا دەگەینە سەر وێنەی یەکگرتی یەکێتی‌ی بوون و یەکێتی‌ی شهوودی لای حەللاج ،لەرێگەی فەناوە.

سوفیزم بەگشتی، دیاردەیەکی ئایدیالیستی‌یە. پرە لە ئارەزووی ئادەمیزاد بۆزانین و ناسینی کەون و لە زەحمەت کێشان لەپێناوی ئەو زانینەدا. هەروەك بەڵگەی سەرنەکەوتنی ئەو بیرەیە کە ئاین شی‌دەکاتەوەو سۆفیان پێی‌دەڵێن (زاهیر) لە ئیقناعی سۆفیدا، لەبەر ئەوە بە کۆشش (موجاهەدە) لەناو بیری غەیبی‌ی ئایدیالیستیدا بۆ لێکدانەوەیەکی‌تر دەگەڕێت (بەمەش دەووترێت باتین). ئەمە جارو بار پیاوی سۆفی لە گەیشتنە بنەڕەتی مەتریالی‌ی کەونەوە نزیك دەکاتەوەو هەندێ ووتەی پێ‌دەڵێ کە بە (شطحات)ی سۆفیان دەزانرێ.

یا دەچێتە ناو ئایدیالیستێتی‌یەکی لە دین قووڵترەوەو ئەم دیمەنانەش هەموو خانیدا دیارن و بەمە وێنەیەکی رووبی بیری سۆفی داوێنێ.

داستانی مەم و زین لە پاڵ بایەخی ئەدەبی‌ی گەورەیدا بەشێکە لە ئەدەبیاتی سۆفی و دەبێ لە کاتی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیاتی گشت رۆژهەڵاتدا جێ‌ی خۆی بدرێتێ.

ئەکادیمی ئۆربیللی خانی لەپیزی فیردەوسی‌و رۆستافیللی‌دا دادەنێت.

بەڵێ ـ وەك ئەو دەڵێت ـ کورد ئەو شاعیرەی خۆیان بیرنەچۆتەوە، بەڵام دەبێ هەموو رۆژهەڵات و هەموو رۆژهەڵاتناسانیش یەکێك لە شاعیرانی گەورەی رۆژهەڵاتیان لە بیر بێت، کە کارێکی ئیبداعی‌ی گەورەی بەخشیوە بەرۆژهەڵات، بەڵام تائێستا پشت گوێ خراوە.

پاش خانی گەلێك شاعیری‌ترمان هەن کە سەر بە جیهانی تەسەوفن، یا شیعرەکانیان دەچنە ناو ئەدەبیاتی تەسەوفەوە، مەولەوی عەبدولرەحیم (1221هـ ـ 1300هـ) یە کێکە لەو شاعیرانە کە دەبێ لەباسی ئەدبیاتی سۆفیدا

هەوالنامەی کێبڕکێ

بەشی تایبەتی بۆ تەرخان کرێو لە هەموو مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا جێگەیەکی گەورەو شایانی بۆ دابنرێو لە چەند مەیدانێکدا بە سەر ئامەدا دانرێو لە شیعری تەرو پرسۆزی بدوێن.

مەولەوی لە پاڵ ئەو شیعرانەیدا کە بەگیانێکی سۆفیانە نووسراون. بە کتێبی بە شیعر نووسراوی «العقیدة المرضیة» و «الفضیلة» و چەندکتێبی تر لە ڕیزی دانەرانی ئەدەبی فیرکردن (تەعلیمی)ی سۆفیزمدا جێ خۆی کردۆتەوە.

مەحوی (1830 ـ 1904) دیسان لەو کەڵە شاعیرە سۆفیانەیە کە دەبێ باسی تایبەتی بۆ هەر دوو لایەنەکەی شیعرەکانی تەرخان بکرێت، چ ئەوانەی سەر بە سوفیزمن و چ شیعرەکانی تری کە ئەوانیش بەتوندی عەشقی حەقیقی و مەجازی لە بابەتی شیعرێکی (دیریکی) جواندا جێگە دەکەنەوە.[11]

لە هەندێ سەرچاوەدا دیرومە کە شێخ ڕەزای تاڵەبانی (1835 ـ 1910)ەی شاعیری (سەتیرستی) کورد دەبەنە ڕیزی شاعیرانی سەر بەسۆفیزمەوە. ڕاستە ئەو بەشە شیعرانەی شێخ ڕەزا کە بوو ستایشی ئایینی تەرخان کراون سۆزی هۆرەیەکی دەروێشانەی لە دڵەوە هەڵقوڵاویان تێدایە.

لەم مەیدانەدا دەتوانین ناوی گەلێك شاعیری تر تۆمار بکەین وەك سایبری و مەلای جەباری و گەلێکی تر. دوو بەرگی تائێستا چاپ کراوی «یادی مەردان»و بەرگەکانی تری کەرەسەیەکی گەورەبۆ ئەم مەبەسە دەخەنە بەردەست.

کە باسمان لە «تەسەوف» کرد لە ئەدەبیاتی کوردیدا، دەبێ لایەك بەلای دیمەنی ئۆپۆزیت (دژ)ی مەسەلەکەشدا بکەینەوە.

لە شیعری کوردیدا نموونەی زۆرمان هەیە کە شاعیران دژ بە ئەم لایەن یا ئەو لایەنی تەسەوف یا سوفی و هەروێش دەدوێن.

لەکاتێکدا کە تەسەوف لە سنووری تیۆری و کردار «سلوك»ی تاقە کەسییەوە بوو بە تەریقەت و ئەم تەریقەتانەش لە جیاتی ئەوەی لەسەر پێڕەوی دامەزرێنەران و سۆفی یە بەرایی یەکان بڕۆن و دوژمنی شاهە و سوڵتان و دەستداران و زۆرداران بن و دۆست و پشتگری هەژاران بن. بوونە دەستەیەکی تازەی فیشوداڵ لە وولاتدا و سەر بەسوڵتان بوون و کەوتنە بڵاوکردنەوەی نەزانی و دووا کەوتوویی و پروپووچ و خەرافات، ئەوا دەنگە بەرامبەر بەم لایەنە هەر لە شیعری ئەوانەدا بەرزدەبێتەوە کە چ لەپێوەندیی ڕۆژانەدو چ لە زۆر لە شیعرەکانی خۆیاندا لەجیهانی سەر بە سۆفیزم دوور نین.

حاجی قادری کۆیی (1817 ـ 1897) لە ئەستەمووڵەوە بە شیعر نامە بۆ کوردستان دەنووسێ و داوا لەخەڵك دەکات کە واز لەتەکیەو چڵکنی و ڕیشی درێژ و پرچی درێژی دەروێشانە بێنن و دووای شێخەکانیان نەکەون[12]

—

مەلا مەحمەدی کۆیی دەڵێ:

هەتا شێخێك لە کوردستان بمێنێ
ئومێدی زیندەگانیت پێ نەمێنێ
بە کەشکۆڵ و سوواڵ و فەقرو زیللەت
بحاڵە کاکی خۆم تەشکیلی دەوڵەت

شێخ ڕزای تاڵەبانی دەڵێ:

لازمە بۆ شێخ سوبەینان گورگە خەو
تابڵێن شێخ عابیدەو نانوێ بەشەو

مەحوی دەڵێ:

ڕیشێکی پان و تووکی بناگوێ درێژ و لوول
سۆفی لەدینی لادە بەدیمەن لە جوو دەکا.

یا دەڵێ:

بە پێچی خواروخێچ ئیما دەکاپیری تەریقەت: بێ حەقیقەت پیرە زاهید پیرە، گوم کردوو تەریق ئەمما

یا دەڵێ:

واعیز، لە من بڵێ بە نەزەر تەعنە بەس بدا
دینی بتانە دینی من، ئەو مەزهەبی زەهەب

هەوڵنامەی کتێب

یا دەڵێ:

که شێخ و واعیزو سۆفی به جەننەت بەن گەدوگیان
دەیێ ئەسالی ئیمە بۆ جەهەننەم بەن سپرو سیان

یا دەڵێ:

شێخێ هەمەوەندێکی دەدا پەندو نەسیحەت
ئەو قوربەسەرەی دابوو بەر فەحش و فەزیحەت
خۆش هاتمجەواب و ووتی: تو حەقتە ،فەقەت من
قوتاعی ئەریقم، نەوەکو قوتاعی تەریقەت.

ئەم نموونانە هەر لە شیعر ، ئەوانەوە بوو، کە وەك ووتمان خۆیان سەر بەجیهانی ئاین و سۆفیزمن. خو ئەگەر لایەنی تر بگرین، کە زۆرتر هەموو نایدیالیستێتی و ئایدیالیزم دەگرێتەوە ئەوە نموونەمان زۆرن و لەم باسەی پێ دەچینەدەرەوە.

(1) ئەو مەسیحیانەی لە شارانی وەك هەولێرو سلیمانی وناوچەی عێنکاوەو ڕەواندزو حەریرو دیانەدا دەژین خۆیان بە کورد دەزانن. زمانی کلدانی کە لەماڵەوە پێی دەدەوین، زۆرتر لەزمانی ئاینی دەچێت و ئەمان لە زۆر ڕووەوە لەئاسووریی کوردستان جیاوازن کە ئەوان زمانی جیاوازیشیان هەیەو خۆشیان بە میللەتێکی سەربەخۆ دەزانن.

لە کوردستانی عیراقدا جوولەکەش هەبوون، ئەمانەش لە ماڵەوە بەکلدانی قسەیان دەکرد و لە دەرەوە بە کوردی ،پاش ساڵی 1950 پەیێ پلانێك پاڵ بەهەموویانەوە نرا کە بەرەو فەلەستینی داگیرکراو بڕۆن.

(2) ئەوەی دەربارەی کاکەیی نووسراوە هەمووی یازوربەی لە سەرچاوەی دەرەوەیە، واتە لەناو کاکەییەکان خۆیانەوە نییە، لەبەر ئەمە ئەم چەشنە بەراوردە لە نێوان ئەوان و تەنانەت «دروز» یشدا دەگونجێ. هیوادارین لاوە کاکەییەیە خوێندەوارەکان بە سەر گرێی باوەڕ شاردنەوەدا زاڵ بین و هەندێ شتی ڕاستەقینە دەربارەی ئەم ڕێبازەش بنووسن، کە بەشێکە لە سامانی بیر لەمێژووی کورددا.

(3) دوو بەرگی یادی مەردانی زانای گەورە مەلا عەبدو لکەریمی مودەریس لەبارە لایەنی سۆفێتی خۆیدا گەلێك لایەنی نەدەبیاتی سۆفیزمیشی پاراست و هێنایە ناو کۆڕی لێکدانەوەی زانستی یەوە.

(4) بڕوانە: الدکتور عزالدین مصطفی رسول. احمدی خانی. شاعراً ومفکراً فیلسوفاً ومتصوفاً. بغداد ،1979. ص3، 4.

(5) کە ووتمان سۆفیزم بەبیرو بەکردار (فکر و سلوك) جیان. دەتوانین بڵێین - نووسەری ئەم دێڕانە بە ئەریقەت وەرگرتن و کردار پێوەندیی بە جیهانی سۆفیانەوە نیی، بەڵام کورد ووتەنی - بەبنەماڵە زۆر پێوەندیی لەگەڵ ئەو جیهانەدایەو هەر ئەوە بە ئەدەبیاتی سۆفیزمیی‌یەوەی بەستووە.

(6) - لەووتاری ڕابوردوودا ووتم:

زوربەی مێژووی ئەدەبی کوردی نووسان لەسەر ئەوەن کە بابەتایەری هەمدانی (935 - 1010)م شاعیری کوردەو چوارینەکانی ئەو سەرەتای دیاری شیعری کوردین.

(7) ئەم بڕیارە ناکۆکی‌ی لەگەڵ ئەوەدا نییە کە بابەتایەر بە شاعیری کورد بزانین ،یا بڵێین پێش مەلای جزیری شاعیرمان نەبووە، چونکە یەکەم شاعیر کە بە پێی مێژوو ئاشنا دیوانی ئەواویمان دەستکەوتێت و دیوانەکەی هەموو مەرجەکانی دیوانی کلاسیکی‌ی شیعری تێدا بێت ئەوەمەلای جزیرییە.

(8) یا دەڵێ:

درێیاو ان خەت و خاڵان کو نە حەرفێن قەڵەمینە
مە ژ فەیزا ئەبە مەستانە ڕەوان جامە لەبا لەب
یان قەلێ مە شوبهی زێڕێ ژ فەیزا تەجەللا گرت
ما ڕوو سیەھ و صفری صفەت ڕەنگی صەفاگرت

(9) ئەم بیرە لای سۆفی تڕیش هەیەو دەیەنەوە سەر ئایەتی (125 - الانعام) قورئان.

(فمن یرد الله ان یهدیه یشرح صدره للاسلام و من یرد ان یضله یجعل صدره ضیقاً حرجاً کانما یصعد في السماء).

(10) الدکتور ابو العلا عفیفی، التصوف - الثورة الروحیة في الاسلام، القاهرة 1963، ص14.

(11) بۆ ئەوەی لە نرخی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیاتی سەر بەسوفیزمی ئەم دوو شاعیرە مەزنە کەم نەکەمەوە. ناچمە ناو کۆڕی لێکۆڵینەوەی کورتیانەوە. هیوا دارم دەرفەتی‌ترمان بۆ باسکردنیان دەستکەوێت.

(12) ئەمە لەکاتێکدا کە حاجی قادر ستایشی مەولانا خالیدی نەقشبەندی دەکات.

نالی و کەدەبیاتی دراوسێی

د. ئەمین علی موتابچی
زانکۆی بەغدا
کولیجی ئەدەبیات

پێشەکی: -

دامەزرێنەرو مامۆستای شیعرو ئەدەبیاتی کوردی سەردەمی میرنشینی بابان حەزرەتی نالی، یەکێکە لە ئەستێرە گەشەکانی ئاسمانی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی.

نالی هەروەکو جزیری لە شێوەی شیمالی‌داو خانای قوبادیو پێساراتیو مەولەوی لە شێوەی گۆرانی‌داو بابەتایەری عوریان لە شێوەی جنوبی‌دا، خاوەنی قوتابخانەیەکە کە هەر تەو قوتابخانەیەیە تا ئێستا بۆتە بنکەو ناوەرۆکی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی.[1]

نالی هەر وەکو هەموو شاعیرێکی کوردو، شاعیرانی دراوسێو شاعیرانی وولاتانی دی، شیعرو ئەدەبیاتی شاعیرانی کوردی پێش خۆیو شاعیرانی دراوسێی لەبەر هەمەکانیا رەنگی داوەتەوە، ئەمەش وەکو یاسایەك وشتێکی ئاسایی وایە، چونکە کارێگەری شاعیرانی خۆو دراوسێ دەورێکی بالای هەیە لە بۆ ئالْ کردن و پوختەکردنی هەر شاعیرێك لە هەر ئەتەوەو زمانێك دا.

چونکە دەبێ شاعیر شیعری شاعیرانی پێش خۆیو بەاوچەرخی بزانێو شارەزایی هەبێ لە شیعری شاعیرانی دراوسێیدا، لەبەر هەر هۆیەك بێ. «نظامی عروضی» لە «چهار مقاله»دا لەژێر بابەتی «چۆنێتی شاعیرو شیعرەدا دەڵێ:

«. . ئەما شاعیر بەو پلەیە ناگاتە «بە واتا ئەو پلەیەی کە ناوو نیشان و بەرهەمی بمێنێو بنووسرێتەوە» مەگەر لە هەرەتی لاوی‌داو لە رۆژگاری گەنجی‌دا بیست هەزار بەیت لە شیعری پێشینان لەبەرکات «فێری بێت»ەو دە هەزار لە بەرهەمی دراوسێکان «متأخران» لەبەر چاوی بێ. وە هەمیشە دیوانی مامۆستایان بخوێنێتەوە و فێری‌بێ بۆ ئەوەی بزانێ ئەوان چۆن لە تەنگانەو ووردی قسە رزگاریان بووە، تاکو رێگاو جۆری شیعر لە تەبعی ئەودا نەخش ببەستێو عەیب و هونەری شیعر لە لایەوەی هۆشیا بچەسپێ، تا «شیعری» رووبکاتە پێش کەوتن و تەبەیشی بەلای بەرزی‌دا.[2]

نالی شارەزاییەکی تەواوی هەبووە لە زمان و ئەدەبیاتی عەرەبی‌دا، چونکە زمانی قورئانی پیرۆزەو خۆشی پیاوێکی بەدین و عالمێکی دیندار بووە. جگە لە عەرەبی لە زمان و ئەدەبیاتی فارسیشی‌دا دەستێکی بالای هەبووە هەروەها لە زمانی و ئەدەبیاتی تورکیش‌دا. لە فارسی‌دا - هەروەکو لەدوایی‌دا باسی دەکەین - بەهۆی ئەوەی کە زمانی فارسی زمانێکی زانستی و ئەدەبی بووەو تەنانەت کورد لە ئەلف وێبەکە یەوە بیگرە تا

عەروزو قافیەو، زاراوەی رێزمان لە رێگای فارسییەوە وەرگرتووە. جگە لەوەی کە گەلێ کتێب و نووسراو کە لە مزگەوتەکاندا دەخوێنرا بە فارسی بوون. هەروەها هەر ئەم شارەزاییەی خوێندەوارانی کوردی ئەو سەردەمە لە فارسیدا وای لێکردون تەنانەت پەخشانیش بە فارسی بنووسن، بۆیە پەخشانی کوردی - جگە لەوەی کە دەم بەدەم وەرگیراوە لە چیرۆک و داستان و مەتەڵ کە بۆمان ماوەتەوە - بەشێوەی نوسین بە واتا تۆمارکراو تائێستا شتێکی وامان بەدەستەوە نییە کە مێژووەکەی پێش پەیدابوونی شیعری کوردی بێ، وەیا لەگەڵیا پەیدابووبێ.

بەڵام شارەزاییەکەی لە تورکیدا شتێکی ئاشکرایە چونکە ئەو بەشەی لە وڵاتی نالی ئەو سەردەمە لەژێر فەرمانداری حوکمومەتی عوسمانیدا بووەو زمان و ئەدەبیاتی عوسمانی تا رادەیەك باو بووە. جگە لەمەش نالی سالانی دوایی عومری لە ئەستەمووڵ پایتەختی عوسمانی ڕابواردووە.

جەنابی مامۆستا مدرس لەم بارەیەوە دەفەرموێ:

«نالی لە سەرەتای چەرخی نۆزدەهەمدا ژیاوە. لەو سەر دەمەدا زمانی باوی ئەدەبی بریتی بوە لە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی، چونکە کوردستان یا سەر بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی یا ئێرانی بووەو زمانی ڕەسمی یا فارسی یا تورکی بوە، بێجگە لەوەش کە زمانی عەرەبی زمانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بووەو کوردستانیش تێکڕا یەکێك بوە لە وڵاتە ئیسلامەکان. سەرەڕای ئەوە کە نالی خۆیشی خوێندەوارێکی ئایینی و مەلایەکی موسوڵمان بووە. جا بۆیە، نالی ئەگەر چی بەشی زۆری شیعری بە کوردی وتوە، شیعرەکانی وشەی زۆری فارسییان بە دەس کارییەوە یا بێدەسکاری تێدایە. هەروەها وشەی زۆری عەرەبی و زاراوەی ئایینی و زاراوەی زانیاریە ئاینیەکانی وەك فیقهو ئوصولی دین و مەنطیق و فەلەکییاتیان تێدایە، کە بە شێوەی ئیقتباس و تەلمیح بەکاری هێناون. ئەو شیعرانەی کە لە «موناجات»و نزاو پاڕانەوەدا وتوونی هەموویان ئەنجامی ئەو کارە کاریگەرەن کە ئایینی ئیسلام لە ناخی دەروونیدا کردوویەتی

ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە زیرەکی و توانایی نالی لە زمانی کوردیو زمانەکانی دراوسێدا وای لێکردووە کە ئەگەر شاعیرێکی خۆمانە وەیا دراوسێ کاری تێکردبێ، بە جۆرێکیوا ئەو بیرو خەیاڵەی داڕشتووە کە زۆر بە زەحمەت هەستی پێبکرێ. جگە لەوە دەبێ بزانین، کە ئەگەر هاتوو بیرو خەیاڵێك لەلای شاعیرێك وەیا چەند شاعیرێکی خۆ یا دراوسێ لەبەك بچن مەرج نییە لە هەموو جارێکا لەیەکتریان وەرگرتبێ، خۆ ئەگەر لە جاربەکا نالی وەری گرتبێ بە شێوەیەکی تایبەتی خۆی وای دارشتووە کە کردوویەتی بە خۆمالی. ئەم هونەرە باوەو هیچ کەموکوڕیەکی نییە بۆ شاعیری دووەم.

بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە چونکە شاعیرانی ئەم ناوچەیە لەژێر کاریگەری زمانی عەرەبیدا بوون (چ ئێرانی یەکان و چ تورکەکان) - بە واتا لەژێر کاری گەری قورئانی پیرۆزو بەلاغەو بەدیعی عەرەبیدا بوون، هەروەها ناوچەو باری کۆمەڵایەتی و نزیکی و فەرمانرەوایی وای لێکردوون کە تا رادەیەك بەتایبەتی شاعیرانی کۆتمان لە ڕووی هەست و بیرو خەیاڵەوە زۆر لە یەکەوە نزیك بن جگە لەوەی کە نزیکی زمان لە نێوان هێندێکیاندا زۆڵی گرنگی هەبووە - هەروەکو گوتمان چونکە نالی وەستاو بلیمەت بووە لە شیعردا، ئەگەر بەرهەمێکی شاعیرێك وەیا چەند شاعیرێکی دراوسێ کاری تێکردبێ بەئاسانی دەرناکەوێ. وەستایی نالیو شارەزایی لە هونەری «بدیع»داو بەکارهێنانی ئارایش لە قەداو بەخشینی گیانی کوردی بەسەر شیعرەکانیدا - هۆن بۆ ئەوەی کە هەستی پێنەکرێ. بە پێچەوانەی نالییەوە شاعیرانی بەرزی کورد وەکو جزیری مەولەوی، خانی، فایەق، سالم، شێخ ڕەزا محوی تا دەگاتە پیرەمێردو بێخودو شێخ نوریو گۆران، کاریگەری شاعیرێکی دی ئەگەر خۆیی بێ وەیا دراوسێ پێوەیان دیارە.

کاریگەری هونەری بەدیع لەسەر نالی زۆر ئاشکرایە، وە دەبوایە نالی نازناوی «بدیع»[4] بوایە هەروەکو چۆن چەند شاعیری بەناوبانگ هەن کە نازناویان «بدیع»ە وەکو «بدیعی بلخی» تیمە دەتوانین بڵێین نالی لە ڕوی نەرویاراوی

غەزەلەکانی‌یەوە حالزی کوردە.[5]

من لەم چەند لاپەرەیەدا بەپێی توانا پەنگە دانەوەی زمان و ئەدەبیاتی عەرەبی‌و فارسی‌و تورکی پێشان دەدەم ئەویش بەم جۆرە.

1 ـ بۆ عەرەبی:

أ ـ ئەویەیت و نیویەیتە عەرەبیانە دەخەمە بەرچاو جگە لەو بەیت و نیو بەیتانەی کە ووشەکانی عەرەبین و بە شێوەی کوردی دەربڕیون و تەنها حەرفی (جر وەبا عطف)ی لەگەڵدا بەکارهێناون.

ب ـ ئەو اقتباس و ئیشارەتانەی کردوێی بۆ ئایاتی قورئان و حەدیثی پێغەمبر (ص).

ح ـ داستان وحیکایاتی قورئان و پێغەمبەران کە لە بەیتەکانیا ئیشارەتی بۆ کردوون.

د ـ ئەوەی شایانی باسەو جێی سویاسە جەنابی مامۆستا (مدرس) لە دیوانەکەیدا لە هەر بەیتێکا ئیشارەتێ یا ئیقتباس بوویێ پێشانی‌داوە، بەڵام ئەوەی من لێرەدا دەیکەم ئەوەیە کەمێ درێژترو بەژمارەوە ئەو ئایەتانە پێشان دەدەم لەگەڵ هێندێ بۆچوون دا.

2 ـ بۆ فارسی‌و تورکی‌یەکەی لە شوێنی خۆیدا پیشان دەدرێ.

بۆ نووسینی ئەم باسە پەیرەوی ئەم شێوەیەم کردووە:

1 ـ دیوانی نالی ـ مدرس ـ م کردووە بە ئەساس.

2 ـ بۆ ئەوەی خوێنەر ماندوو نەبێ لە بۆ دۆزینەوەی ئەو بەیتەی کە قسەم لێوەکردووە، ژمارەی غەزەلەکەو حەرفی غەزەلەکەو لاپەرەکەشیم دەست نیشان کردووە.

3 ـ ئەگەر بەیتێك پێویستی بە شەرح و روون کردنەوە بێ ـ خوێنەر دەتوانێ سەیری شەرحەکەی بکات لە دیوانی نالی ـ مدرس ـ دا. چونکە بە پیویستی نازانم جارێکی‌تر، شەرحەکەی (مدرس) لێرەدا بنووسمەوە خوێنەر یەکسەر سەیری «مدرس» بکات، باشترە.

وە ئەمەی لەم چەند لاپەرەیەدا کە دەیخەمە بەرچاوی خوێنەرانی بەرێز دڵوپێکە لە دەریای شاعیرێتی بێ‌پایانی نالی، وە ئەمە هەروەکو دەڵێ مشتێ نمونەی خەروارێکە چونکە من ناتوانم بڵێم هەموو شتێکم پیشان داوە، ئەمە وەکو سەرەتایەکە بۆ باس و نووسینی‌دێ کە شارەزایانی گیانی نالی دەتوانن حەقی خۆی بدەنێ.

1 ـ غەزەلی 1/أ ل75.

جان بەر لەیی بۆسەی لەبتە عاشقی زارت
«فالبائس یستوهب من فیك معاشا».

«لاحول ولاطول ولا قوة الا
بالله، له القدرةُ، والكائنُ ماشا»

نالی نییەتی سیحری بەیان، حیکمەتی شیعرە
ئەمما نییەتی قووەتی دڵ، قودرەتی ئیشا

مامۆستا مدرس دەفەرموێ لێرەدا ـ [لە نیوەی یەکەمی ئەم شیعرەدا ئیقتباس لە فەرموودەی پێغەمبەر هەیە که فەرموویەتی «ان من الشعر لحکمة، وان من البیان لسحرا» .... لە نیوەی دووهەمیشیدا ئیقتباس لە ئایەتی» أأنتم أنشأتموها، ام نحن المنشئون» هەیە].[6]

غەزەلی 3/أ ل83.

سهم الف القد فقد صاد فؤادی
صاد هو من عینه، قد صاد فسادا

ئەم بەیتە عەرەبی‌یەی نالی بریتی‌یە لە دەفتەرێك لە هۆنەرە بەیانی‌یەکان، ئەنواعی جیناس و لەتافەت و جوانی تیادایە.

مامۆستا مدرس دەڵێ (ئەم شیعرە بۆ ئەوە دەست ئەدا گەلێ جۆرە یارییێ تیادا بە وشە بکرێ بۆ نمونە بشخوێنرێتەوە:

هەولێرەی کلتوری

صه من الف القد، فقد صاد فؤادی
صاد هو من عینه، فقد صار فسادا

له دەستنووسێکدا که لامە ئەم بەیتەی بە جۆری یەکەم وەکو لای مدرس نووسراوە، بەڵام لە سەرەوەی بە جۆرێکی تریش ئیشارەتی بۆ کراوەو بەم جۆرەی لێدێ.

سهم الف القد فقد صادف واواً
صاد هو من عینه، قد صادف صاداً[7]

هەروەها لە دەستنووسێکیتردا بەم جۆرە نووسراوە:
سهمی الف القد وقد صادف فسادا
صادی هو فی عینك، قد صادف صادا[8]

غەزەلی 9/أ ل 101
هودهودی دڵ حەبسی بەلقیسی سەبای دیوە، یەقین
خۆی کە دامێن گیری شاهی ئاصەفی ئاتی دەکا[9]

ئەو کەسە تەحدیثی نیعمەت یێ مورادو مەطلەبی
میثلی «نالی» ئیمتیثالی ئەمری یەزدانی دەکا

لێرەدا ئیشارەتە بۆ ئەم ئایەتە: ﴿واما بنعمة ربك فحدث﴾ ئایەتی (11).

سورەتی (الضحی)

غەزەلی 13/أ ل114.
یابدرُ علوّاً وضیاء، وکمالا
فالغصنُ مع الأصلِ الی فرعك مالا

★ ★ ★ ★

ماعادَ لَك البانُ، ولا اللینةُ لیناً
اذ عَدَّ لَكَ الباری، حُسناً وجمالا

★ ★ ★ ★

بادِرْ، وَأغرِ کوکبَةَ البدر بداراً
قد فقت سنا الشارق، لاذُقتَ زوالا.
دنیا بە فیدای قەددی بکە، دامەنی‌بگرە.
طوبی لِمن اختارَ علی المالِ مآلا.

غەزەلی 1/ب ل133
عاجز مەبە هەرگیز لە درۆو ئیفکی حەسوودان[10]

★ ★ ★ ★

لێرەدا ئیشارەتە بۆ مەوزوعی عائشەو دواکەوتنی لە قافلەکە - ئەوەبوو سورەتی «النور» بۆ پاکانەو پاکیزەگی عائشە هاتەخوارێ بۆ پێغەمبەر.
ئەو ئایەتەی کە دەڵێ:

«إن الذین جاءوا بالافك عصبة منکم..» ئایەتی (24) سورەتی النور

غەزەلی 1/ت ل137
لاکین ئەمە دونیایە، گەهێ سوورە، گەهێ شین
«ولایسألُ مَن عاشَ، وَمَن مات، وَمَنْ فاتَ؟!»

غەزەلی 2/ت ل145.
دەسروکەیی هەوری چ حیجابێکە کە تێدا
«شمسُ فلك الحسن أنارَتْ فتوارت».

غەزەلی 1/چ ل157.
گەر ئەشرەف و مەحبووبە یوسف کوڕی یەعقووبە[11]
کێ بوو بە خریداری یەعنی کە زوولەیخا کێ

لێرەدا ئیشارەتە بۆ داستانی یوسف و حەزڵێکردنی زوولەیخاو پاك دامەنی یوسف. [قال هی راودتنی عن نفسی وشهد شاهدٌ من أهلها إن کانَ قمیصُهُ قُدمِن قُبلٍ فصدقت وهُو مَن الکاذبین ئایەتی (26)].

هەوالنامەی کێبڕکێ

و [وإن كان قميصه قُدَّ دُبُر فكذبَت وهو من الصادقين (27) فلما رأى قميصهُ قُدَّ من دُبُر قال إنَّهُ من كيدكُن إن كيدكُن عظيمٌ (28) .

يُوسف اعرِضْ عن هذا وٱستَغفِري لذنبك إنك كُنت من الخاطئينَ (29)

سورەتی یوسف.

صیدیق و عەزیز هەروەك یووسف كە نەبی بوو كور
صیدیقەیی مەعصوومە وەك داكی مەسیحا كچ [12]

ئیشارەتە بۆ ئەوەی كە یووسف صیدیق بووە واتا راستگۆ وەكو لەم ئایەتەدا هەیە «یُوسف ایها الصدیقُ أفتینا

فی سبع بَقراتٍ سِمانٍ یأكُلُهنَّ سَبعٌ عِجافٌ وسَبع سُنبلاتٍ خُضرٍ وأُخَرَ یابِساتٍ لعلی ارجِعُ إلی الناس لَعلَّهُم یَعلَمُون.

ئایەتی (46) سورەتی یوسف

لە نیو بەیتی دووەمیشدا ئیشارەتە بۆ پاك داوێنی حەزرەتی مەریەم دایكی حەزرەتی عیسا:

«قالت رب أنی یكونُ لی ولدٌ ولم یَمسَسنی بشرٌ قال كذلك الله یَخلُقُ مایشاء إذا قَضیٰ أمراً فإنما یَقولُ له كُن فیكون» ئایەتی (47).

سورەتی آل عمران

غەزەلی 1/ح ل164.

پرکە قەدەحی پر فەرەحی بێتەرەح و غەم
«ناولْنی، ونادِمنی و غازِلنی بالأفراح».

غەزەلی 1/ر ل170.

ئیلتیقای پوڵاو ئاسن هەر نیزاعەو گیرودار
«جەمعی ماءو نارو، زەندو زەندەوو، مەرخ و عەفارە».

غەزەلی 3/1 ل201.

هەرچی مەحبووبەم دەیبێ وا تەحەییور دەیگرێ
سوێن دەخوا بەخوا دەڵێ «باللە ماهذا بشر». [13]

ئیشارەتە بۆ حیكایەتی زولەیخا، كە كاتێ لەناو ژنانی ئەشرافدا بلاو بووەوە كە حەزی لەیوسف كردووە لۆمەیان دەكرد، ئنجا ئەویش هەموویانی بانگ كردو لە ژوورێكی ئاوێنەبەندا داینان و یەكی جەقۆیەكۆو نارنجێك یا سێوێكی دایە دەستیان و لەو كاتەدا یوسفی بانگ كردە ژوورێ، كە ژنەكان یوسف و جوانی یوسفیان دی هەموو لە ئاوانا دەستی خۆیان لەباتی نارنجەكە بڕیو گوتیان ئەمە بەنی ئادەم نیە ئەمە فریشتەیە. لێرەدا ئیقتباسە لەم ئایەتە:

«فلما سَمِعت بمكرِهِنَّ أرسَلت إلَیهِنَ وأعتَدَت لَهُن مُتكئاً وأتت كلَّ واحِدةٍ مِنهُنَّ سِكیناً وقالَتِ ٱخرُج عَلَیهِن فَلَما رأَینَهُ وأكبرنَه وقَطَعن أیدیهُنَّ وقُلنَ حاشا لله ماهذا بَشَراً إن هذا إلا مَلَكٌ كریمٌ» ئایەتی (31).

سورەتی یوسف

غەزەلی 4/ر ل204

1) سبی نەذیرە هەموو موو لە سیرڕی «وَجْهُ» لەسەر
2) مرنووەرە، لە طەرەف نوورەوە بووە بە نەذیر
وەكو ماموستا (مدرس) دەفەرموێ ئیشارەتە بۆ ئەم ئایەتانە:
1) «كل من علیها فان» ئایەتی (26) سورەتی الرحمن.
«ویبقی وجه ربك ذو الجلال والاكرام» ئایەتی (27).
سورەتی الرحمن

2) الله نُورُ السمواتِ والارض مَثَلُ نُورِهِ كمشكاةٍ فیها مِصباحٌ المِصباحُ في زُجاجَةٍ ٱلزُّجاجَةُ كأنها كَوكَبٌ دُرِیٌ یوقدُ من شجَرةٍ مُباركةٍ زیتونةٍ لا شرقیةٍ ولا غربیةٍ یكاد زَیتُها یُضیء ولَو لم تَمسسهُ نارٌ نورٌ یَهدی الله بنُورِه من یَشاء ویضربُ الله الامثال للناس والله بكل شَیء علیمٌ. ئایەتی (35).

سورەتی النور.

بەیت: مروری نەكسە كە عەكسی قەمەر دەكا بە رەمەق

خوبوولی ئیکسه دەگیڕێ که هەکسی ڕیش بەشیر.

ئیقتباسه ئەم ئایەته:
«وَمَن نُّعَمِّرْهُ نُنَكِّسْه فِي الخلقِ أفلا يعقلُون» ئایەتی (68).
سورەتی (یاسین)

دەلیلی ڕۆشنه بۆ بەدەو عەودو کوڕیتیی عومر
تەنی هیلال که به طەلعەت جوان، به خەلعەت پیر

مامۆستا مدرس دەفەرموێ! لێرەدا ئیشارەته به ئایەتی:
«قُلْ أَمَرَ رَبِّي بِالْقِسْطِ وَأَقِيمُوا وُجُوهَكُم عِند كُلِّ مَسْجِدٍ وَادْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدين كما بدأكم تعودُون» ئایەتی 29.
سورەتی الاعراف

سەرابای ئەم غەزەلەی نالی که چەند بەیتێکمان پێشان دا ئیشارات و ئیقتباسه له قورئان و حەدیث و هونەری سەرف و نەحوو، هەروەها هونەرە بەیانییەکان و یاریکردن به ووشه. که ئەمه له دەست هەموو کەس وەیا بڵێن هەموو شاعیرێك نەهاتووەو نایەت مەگەر هەر نالی بێ توانیبێتی تا بەم جۆرە، ئەو باس و مەبەستانه له قاڵبی شیعردا دابڕێژێ.

غەزەلی 1/ز ل222.
ناری سینەم گەر نەیێ غەرقم نەمن
ئاوی چاوم گەر نەیێ - سووتاوم ئەز

«ابن الفارض» دەڵێ.
فلولا زفيرى اغرقتنى أدمعى
ولولا دموعى احرقتنى زفرتى
مامۆستا مسعود محمد دەڵێ:
نالی ئەم واتایه هێناوەو گۆڕاوەتەوە بۆ ناو بەتێکی خۆی - بەواتا ئەو بەیتەی سەرەوە -

سەیری چەپکێك له گوڵزاری نالی - گۆڤاری کۆری زانیاری کوردی - ژمارە 2 - 2 - 1974 ل50 بکە.

غەزەلی 1/ق ل248.
قوربان مەحاڵه پێکەوەبن صەبرو ئیشتیاق
خاریج له نەصصی ئایەتی تەکلیفی «لایطاق»

لێرەدا ئیشارەته بۆ ئەم ئایەته.
«لایُكلِّف الله نفساً إلا وسعها لهاما كسبت وعليها مااكتسبت ربنا لاتؤاخذنا إن نسينا او أخطأنا ربنا ولا تحمل علينا إصراً كما حملته على الذين من قبلنا ربنا ولا تُحملنا مالا طاقة لنا به واعفُ عنا واغفر لَنا وارحمنا انت مولانا فانصرنا على القوم الكافرين» ئایەتی (286).
سورەتی «البقرة»

غەزەلی 1/م ل261.
له قوربی «قاب قوسین»ی دوو ئەبرۆت
سێی «أدنی» چ دوور و دەربەدەر مام.

ئیقتباسه ئەم ئایەته:
«ثُم دَنا فتدلىٰ (8) فكان قاب قَوسَينِ أو أدنى (9) سورەتی «النجم».

غەزەلی 11/م ل299.
تایەکەی وەك ڕاوییەو، وەك ساتییەی سێ پەل شکاو
بێ طەواف و سەعیو عەمرە هەر بخەوم و هەر بخوم:

لێرەدا باس و ئیشارەتیشه به مناسکی حەج:
«إن الصفا والمروة من شعائر الله فمن حج البيت أو اعتمر فلا جناح عليه أن يطوف بهما ومن تطوع خيراً فإن الله شاكرٌ عليم» ئایەتی (158).
سورەتی البقرة

هەولێر نامەی کتێب

غەزەلی 5/ن ل326.

رەقیب و موددەعی فیتنەو هیلاکەی جادووتن
لە گۆشەی گۆشەوارەت نا ئیبی هارووت و ماروونتن.

لێرەدا باسی داستانی ئەو دوو فریشتەیە دەکات بە ناوی «هارووت و ماروونت» و بابەتی جادوین و گوامرابیان.[14]
وە لەم ئایەتەوە ئیقتباسی کردووە:

«واتَّبعوا ماتتلُوا الشیاطینُ علی مُلکِ سُلیمانَ وماکفَرَ سلیمانُ ولکن الشیاطین کفروُا یُعلّمونَ النّاسَ السِحرَ وما أُنزلَ علی الملکین ببابل هارون وماروتَ وما یُعلّمانِ من أحَدٍ حتی یَقولا إنّما نحن فتنه فلا تکفرُ فیَتعلّمونَ مِنهُما مایُفرِقُون به بینَ المرء

وزوجه ماهمْ بضارّینَ به من أحدٍ إلاّ بإذن الله ویَتعلّمونَ مایَضُرّهُم ولا ینفعُهُم ولقَد عِلموُا لمَن اشتراه مالَهُ فی الأخره من خلقٍ ویَئسَ ماشروا أنفُسُهم لوکانوا یَعلمونَ ئایەتی (102).
سورەتی (البقرة)

غەزەلی 9/ن ل340.

صەحرا بە تەجەللی دەکەنە وادیی ئەیمەن
قامەت شەجەرو، مەظهەری ئەلطافی ئیلاهن.

ئیشارەتە بۆ داستانی حەزرەتی موسی لە وادی ئەیمەن لە کێوی تور.
لەم ئایەتەوە ئیقتباسی کردووە.[15]
«فلما أتاها نُودیَ من شاطیء الوادی الأیمن فی البقعة المبارکة من الشجرة أن یاموسی إنی أنا الله ربُّ العالَمین» ئایەتی (30).
سورەتی (القصص)

غەزەلی 4/هـ ل401

مامۆستا مدرس دەفەرموێ (نالی لەم پارچە شیعرە نایابەیدا. کە چ لە بارەی دەولەمەندیی سۆزو چ لە بارەی تەکنیکی هونەرییەوە، پێشەنگەو بەر لەو چەشنی لە کوردیدا نەبینراوە، کۆمەڵێ وشەی کوردیو عەرەبیو کوردی عەرەبیی بەکارهێناوەو تێکرا بە شێوەی عەرەبی دایرشتوون و پێرەوی دەستوری زمانی عەرەبیو سەرو بۆروژێری دوا پیتی وشەی، لە زمانی عەرەبیدا بەسەردابڕیون).
پارچەکە بەمە دەست پێدەکا:

درونی لِدار الـ (شارَزور)و بَرْدِه
کَفرْ میـلْ گرْم إلی آوی سَرْدِهِ

غەزەلی 5/هـ ل406.

بەناری عیشق و ئاوی دڵ، جەسەد وەك حەضرەتی موسا
طەریقی: بەحری فیرعەون و، رەفیقی: ئاتەشی طووره.

لێرەدا کە دەڵێ بەحری فیرعەون: باسی داستانی پەرینەوەی موسـاو کۆمەڵەکەی لە دەریاکەداو غەرق بوونی فیرعەون و کۆمەڵەکەی کە دوای موسا کەوتبوون..
ئەمە ئایەتەکەیە:

1 ـ «وجاوزنا ببنی إسرائیل البَحرَ فأتبَعُهم فِرعَونُ وَجُنُودُهُ بَغیاً وَعَدواً حتی إذا أدرکهُ الغَرقُ قالَ آمنتُ أنه لا إله إلا الذی آمَنَت به بنوُ إسرائیل وأنا من المسلمین». ئایەتی (90).
سورەتی یونس

2 ـ «وانجینا موسی ومن معه اجمعین (65) ثم اغرقنا الآخرین (66) سورەتی (الشعراء).

وەکە دەڵێ ئاتەشی طووره:
ئیشارەتە بە داستانی موسا لە کێوی طور:

3 ـ «فلما قضی موسی الاجل وسارَ بأهلِهِ آنَسَ من جانب الطور ناراً قالَ لأهلِهِ امکثوُا إنی آنست ونارا لعلی آتیکم منها بخبرٍ أو جذوةٍ من النار لعلکم تصطلون» ئایەتی (29).
سورەتی (القصص).

خەرابانی دڵی «نالی» مەفەرموو: خاڵیە، نایەم!
بەمەرگی تۆ قەسەم، چاوم! بە ئیکرت بەیتی مەعموورە..

لێرەدا جگە لە واتا ئاشکراکەی کە دەڵێ مەڵێ دڵت شکاوەو وێرانەیە.. بەمەرگی تۆ قەسەم «مەعمورە» ئاوەدانە بە جۆرێك وەکو بەیتی مەعمور کە «کەعبەیە» وەیا ئەو «البیت المعمورە»ی کە لە ئاسماندا لە دەوری مەکەیە بەرامبەر کەعبە هەموو ڕۆژێ «70» هەزار فریشتە دەچنە زیارەتی و تەوافی و نوێژدەکەن: (دەڵێن ئەو بەیتە لە ئاسمانی سێیەم یا شەشەم یا حەوتەم دایە).

«والطور» وکتب مسطور (2) في رق منشور (3) والبیت المعمور (4).

سورەتی «الطور»

قەسیدەی 7/هـ ل415.

ئەی ساکینی ریاضی مەدینەی مونەوەرە
لوطفێ بکە، بفەرموو، مەدینەی منەو وەرە.

لێرەدا هەروەکو مامۆستا مدرس دەفەرموێ ئیشارتە بۆ فەرموودەی پێغەمبەر «مابین بَیتی و منْبَری رَوضَةٌ مِن ریاضِ الجَنَّةِ».

«کهف الأنام» هیجرەتی ئەصحابی بێ‌ڕوقوود
بیکە بە خاکی خادیمی قیطمیری ئەو دەرە

لێرەدا ئیقتباسە لە حیکایەتی «اصحاب الکهف»[16] جگە لەوەی کە ئیشارەتیشە بۆ کۆچ کردنی ئەصحابەی پێغەمبەر.. لە مەککەوە بۆ مەدینە.[17]

ئەم ئایەتانە باسی داستانی «اصحاب الکهف» دەکا:

«وإذا أعتزلتُموهُم وما یَعبُدون إلا الله فأوا الی الکهفِ ینشُر لکمُ ربکم من رَحمتهِ ویُهیء لکمُ من أمرِکُم مِرفقاً» ئایەتی (16).
«وتحسبُهم أیقاظاً وَهُم رُقُود ونُقلبُهم ذات الیمینِ وذات الشمال وکلبُهم بَسِطٌ ذِراعیهِ بالوصید لو اطلعتَ علیهم لولیت منهم فراراً ولملِئت مِنهمُ رُعباً» «18».
«ولبثوا في کهفِهم ثلاث مائةٍ سنین وازدادُوا تسیعاً «25» سورەتی (الکهف).

پەیغام بەروحەبیی خودا «خاتم الرُّسُل»
ڕەوضەی لە ئەرض و سایە لەسەر چەرخی ئەخضەرە

ئیشارەتە بەوەی کە پێغەمبەر ئیسلام «خاتم الرسل والانبیایە».
«ما کانَ مُحمداً أبا اَحَدٍ مِن رِجالکم ولکن رسَول الله وخاتَم النبین وکان الله بکل شیء عَلیماً» ئایەتی «40» سورەتی «الاحزاب».

گوفتاری نۆشی شاهیدی صەد شەهدی فائیقە
ڕوخساری خۆشی «أظْهَرُ مِنْ» شەمسی ئەنوەرە[18]

لێرەدا ئیشارەتە بۆ ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە لە قورئاندا پێغەمبەری بە ڕۆژ تەشبیە کردووە.

1) «یاایها النبی أنا أرسلناك شهیداً ومُبشراً ونَذیراً» ئایەتی (45).
«وداعیاً الی الله باذنه وسراجاً منیراً» ئایەتی 46 سورەتی «الاحزاب».
2) خوای گەورە لە شوێنێ تردا بە ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە تەشبیهەکردووەو لەم ئایەتەدا ناوی بە نور دەبا:

«یاأهل الکتاب قد جاءکم رسولُنا یبینُ لکم کثیراً مما کُنتمُ تُخفُونَ من الکتبِ ویعفوا عن کثیر قد جاءکُم من الله نُورٌ وکتابٌ مبین (15).

سورەتی «المائدة»

هەوالنامەی کێبڕکێ

ئەو شاهی ماهی میسرە، ئەهالی لە بێی سوجوود
قورئان دەڵێ کە بەندە ئەمنو بەندە پەروەرە.
ئەو دێ دەبا بە کەشمەکەش، ئەم دێ دەبا بەلوطف
ئەو شاهی دڵبەرە، ئەشەهەنشاهی دڵدەرە

سەیری شەرحی «مدرس» ل427وە کتێبی قصص الانبیا وقصص القرآن بکە[19]

شوبهەی نیە کە شەمیو قەمەر سێیەری ئەون
نیسبەت بە هەردو وەجهی وەکو نوورو سێبەرە

مامۆستا مدرس دەفەرموێ لێردا ئیشارەتە بۆ حەدیثی قودس «لولاك، لولاك، لما خلقت الافلاك»

بۆ ئەوەی باشتر لە بابەتی نوری پێغەمبەر بگەیت سەیری «قصص قرآن مجید» مشهور بە سور آبادی بکە. ل408 ـ 318.

با بێینەسەر وەجاهەتی قەدری لەکن خودا
بۆ عاصیان لە مەغفیرەت و صەرفی مەغفیرە
ڕەحمەت بە حوسنی صوورەتێ ئینسان ظوهووری کرد
«خیرُ البَشرَ» لەقەب بە شەفاعەت مویەشەرە

... خوای گەورە ئەو نورەی کە نوری (محمد مصطفی) بوو کردی بە دە بەشەوە لە یەکەمی عەرش و لەوی‌تری کورسی‌و.. تا لە دەهەم گیانی پاکی «مصطفی» ای خەلق کرد.. چونکە لەو قەتیرە ئاوانەی لەو پرژایە خوارێ پێغەمبەرانی خەلق کرد ئەوبەرو هەموو بانگە و هاواریان کرد «اللهم اجعلنا من أمة محمد» هەر لەبەر ئەویە کە سوێندی بەگیانی مصطفی خواردو گوتی «لعمرك انهم لفی سکرتهم یعمهون» ئایەتی «72».

سورەتی «الحجرات»

بۆ زیادەی شارەزایی لەم داستانە سەیری ل418 ـ 419 لە کتێبی قصص قرآن مجید ـ نیشابوری بکە.[20]

ئەمە ئەو پەڕی قەدرو ڕێزە لە بۆ پێغەمبەر لەلایەن خوای گەورەوە هەروەها شەفاعەتیش دەکات بۆ ئومەتی خۆی:

«وما أرسَلنا من رسول إلا لیُطاع بإذن الله ولو انهم إذ ظلموا انفُسهم جاءوك فاستغفروا الله واستغفر لهمُ الرسولُ لوجدوا الله تواباً رحیماً» ئایەتی «64».

سورەتی «النساء»

«وما ارسلناك إلا رحمة للعالمین» ئایەتی (107) سورەتی الأنبیاء.

سەعدی شیرازی دەڵێ:[21]

«شفیع مطاع نبی کریم قسیمُ جسیمُ نسیمُ وسیم

ئەم ئەرشە خاکییە دەتەکێتن لە نوێزو گەرد
ئەم عەرشە نوێ صەحیفەیە دەیکەن بەیەك پەرە

لێردا هەروەکو مامۆستا مدرس ئیشارەتی بۆ کردوە، باسی ڕۆژی قیامەت دەکاو پێچانەوەی ئاسمانەکان و گۆڕانی ئەم زەویە بە جۆرێکی‌تر ـ هەروەها ئیشارەتە بۆ ئەم ئایەتانە:

«یوم تُبدَّلُ الأرض غیر الأرض والسماواتُ وَبَرزُو لله الواحدِ القَهَّار»

«یومَ نطوی السماء کطی السجل للکتب کما بدانا أول خلق نُعیدهُ وعداً علینا إن کنا فاعلین». ئایەتی «104».

سورەتی الانبیاء

جمال الدین اصفهانی لەم بارەیەوە لە قەسیدەیەکا کە باسی ڕۆژی قیامەت دەکات بەمە دەست پێدەکات:

چودر نور دەفراش امرکُن فیکُون
سرای پردە سیماب رنگە آینەگون[22]

نالی: رۆژی قیامەت (فَإذا هم قیام)و شەخص
قائیم چەقیوە، کێلە، لەسەر خاکی مەحفەرە
وەکو مامۆستا مدرس دەفەرمویٰ «فإذا هم قیام» ئیقتباسە لەم.
ئایەتە «ونفخ في الصور فصَعِقَ من في السماوات ومن في الأرض إلا من شاء الله ثُمَّ نُفخ فیه أُخرىٰ فإذا هم قیامٌ ینظرُون» ئایەتی «68».

سورەتی «الزمر»
لایەك «زەبانیە» لەسەروکاری ناوە، نار
«هَلْ مِنْ مَزید» زوبانیە وەك ماری ئەژدەر

لێرەدا ئیشارەتە بە ئایەتی:
«یَومَ نَقولُ لِجهنَّمَ هَل آمتلأتِ وتقُولُ هَل من مَزید» ئایەتی «30».

سورەتی «ق»

ئەشخاص خاصة «تَشْخَصُ ابْصارُهُم» هەموو «وانَفسُ» یانە هەر یەکە بۆ خۆی موحەییرە

ئیقتباسە لەم ئایەتە:
«ولا تحسبنَ الله غافلاً عما یعَملُ الظالمون إنما یُؤخِرُهُمْ لِیَومٍ تَشخَصُ فیه الأبصار» ئایەتی «42».

سورەتی «ابراهیم»
«اقترب الوعد الحق فإذا هی شاخصةٌ أبصار الذین کفروا یاویلنا قد کُنا في غفلةٍ من هذا بل کُنا ظالمین» ئایەتی «97».

سورەتی «الانبیاء»
زێرو زەبەر دەبن بە دو فیرقە، لە فیرقەتەین
وا وەیل و ئیمتیازە کە کێ بێنە کێ بەرە

لە دۆزەخیەکان هاواری ئەمە دێت: «واقترب الوعدُ الحق فإذا هی شاخصة ابصارُ الذین کفرُوا یاوَیلنا قد کُنا في غَفلَةٍ من هذا بل کُنا ظالمین» ئایەتی «97».

سورەتی «الانبیاء»

وە لە بەهشتیەکانەوە دەنگی: «وامتازوا الیوم أیُها المجرِمُون» ئایەتی «59» سورەتی «یاسین» دێت کە بە دۆزەخیەکان دەڵێن.

ئەکتەر کەسینە، تابیعی بەردو حەرارەتە
یەعنی وەقوودی نارە، بوخاری موسەییرە.

ئیشارەتە بۆ ئایەتی «فإن لم تَفعلوا وَلَن تفعلُوا فاتقوًا النَّارَ التی وقُودُها آلناسُ وَالحِجارَةُ أُعِدَّت للکافِرِینَ» ئایەتی «24».
سورەتی البقرة

باقی ڕووی لە کەفەیی میزانە، یەکسەرە
هەرچەند سەرە موتابیعی میعیاری دووسەرە

ئیشارەتە بۆ ئەم ئایەتە:
«فأما من ثَقُلَت موازینُهُ (6) فَهوَ في عِیشةٍ راضِیة (7) وأما مَن خفتْ موازینُهُ (8) فأمه هاویةٌ (9) وما أدراك ماهِیه (10) نارٌ حامیه (11).

سورەتی «القارعة»
مەخزووری ڕوقەیە، حەبیبە بە حەبیبە، لە کەفەدا
خالیص دیارە، مس کەم مسە، عەینی زەرِ زەرە.
«فمن یَعمل مِثقالَ ذَرَّةٍ خَیراً یَرهُ (7) ومَن یَعمل مِثقالَ ذَرَّةٍ شراً یَرهُ (8)».

سورەتی (الزلزلة)
غەزەلی 9/هـ ل450.
«حلقه درگوش»ی کەفی ڕەنگینی تۆیە ئەم دەڵە
با نەنالێ، لێی‌مەدە «عَنْ لَطمَتِهِ کُفَّ الکَفَة»!
سەیری شەرمی مدرس بکەلە ل450.

ئەی، کە صاحیب سیرڕە، سەرتاپا بە ئەمری «اکن» کونە
باطینی (قِف قِف علی سَرِّی)، بە ظاهیر قەف قەفە

ئیشارەتە بۆ ئایەتی «إنما أمرُهُ إذا أراد شیئاً أن یقول لهُ کُن

هەواڵنامەی کێبڕکێ

فیکونُ» ئایەتی «82».

سورەتی «یاسین»

لەئایەتی «47» سورەتی آل عمران
ئایەتی «117» سورەتیء البقرة
ئایەتی «35» سورەتی مریم «أن یقول کن فیکون» هاتووە.

صاحیبی «علم الکتاب»ە موطریبی هودهود نەفەس
یا سولەیمانە لە «اخوان الصفا» ئاصەف صەفە.

وەکو مامۆستا مدرس دەفەمۆیّ عیبارەتی «علم الکتاب» ئیشتارەتە بە ئایەتی «قال الذی عندهُ علم من الکتاب أنا أتیك به قبلَ ان یرتد الیك طَرفُكَ فلما رآهُ مُستقراً عِندهُ قال هذا من فَضلِ ربی لِیبلُوَنی ءاشکُرُ ام أکفُرُ ومَن شکَر فإنّما یَشکُرُ لِنفسِه ومَن کفر فإن ربی غَنیٌ کریمٌ «40».

سورەتی «النمل»

ئیشارەتیشە بۆ داستانی حەزرەتی (سلیمان) لێرەدا بەراوردی دەکا لەگەڵ سلێمان پاشای بابان دا.

غەزەلی 11/هـ ل458
دڵم بەردە ئەگەر شاخە بە چاوی سووکی مەنوازێ
بەخۆرایی نەسووتاوە، ئەمیشە کێوی طوورێکە

کە دەڵێ کێوی طوور ئیشارتە بۆ تەجەللای نوری خودا لە کێوی سووتاندنی سوتاندنی کێوەکەو ئەو خاکە سووتاوە بووە بە کل کە چاوی پێدەڕێژن:

«وَلَما جاء موسی لمیقاتِنا وکلمهُ ربُّهُ رَبِّ أرِنی أنظُرُ إلیكَ قالَ لَن تَرانی ولکن أنظُرْ إلی الجَبَلِ فإن آستَقَرَّ مکانَهُ فسوف ترانی فلَما تجلّی رَبُّهُ للجبل جَعَلهُ دکّا وخَرَّ مُوسیٰ صَعِقاً فَلمّا افاق قالَ سُبحانَكَ تُبتَ إلیكَ وأنا أوّلُ المؤمنین». ئایەتی «143».

سورەتی «الاعراف»

قەسیدەی 18/هـ ل482.
چ مەککە؟ دارو بەردی قاعیدەی ئەرکانی ئیسلامە
چ طەیبە؟ ماەو خاکی مالیدەی ئەنواری ئیمانە

هەروەکو مامۆستا مدرس دەفەرموێ کە دور نیە ووشەی «قاعیدە» ئیشارەت بێ بە ئایەتی: «وإذ یرفع ابراهیم القواعد من البیت واسماعیل ربنا تقبل منا انك أنت السمیع العلیم».(23)

ئایەتی «127» سورەتی «البقرة»

قەتادو عەرفەج و خیطمیو عەضات و عەوسەج و ئەثلی
چ دامەن گیرو شین و دڵ نشینی ڕێی غەریبانە!

لە بەشی یەکەمی بەیتەکەدا ناوی ئەو گیابانە دەبات کە لە سەحرادا کە لە ڕێی حەج دا دیونی دەبات بەعەرەبی.

چ ڕەوضە؟ ڕەوضەیی جەننەت! چ جەننەت؟ جەننەتی قوربەت!
چ قوربەت؟ قوربەتی ڕاحەت! چ ڕاحەت؟ ڕاحەتی جانە!

سەیرکە چەند بەجوانیو شاعیرانە کوردیانە ئەلەفوزی ئەو ووشە عەرەبیانەی دەربڕیوە، چونکە جگە لە ئەداتیّ «چ» پرسیار باقیەکەی ووشەی عەرەبین.

صەریری جونیوشی تەخت و مەحەفەفەی مەخمەڵیی سەوزی دەڵێی تەسبیحی مورغانە، لەسەر تەختی سولەیمانە(24)

لێرەدا ئیشارەتیشە بۆ ئەوەی کە حەزرەتی سلیمانی زمانی تەیری زانیوە.

هەولنامەی کتێب

«وَوَرِثَ سُلَيمانُ داوِدَ قالَ يا أَيُّها النّاسُ عُلِّمنا مِنطِقَ الطَّيرِ وأُوتينا مِن كُلِّ شَيءٍ إِنَّ هذا لَهُوَ الفَضلُ المُبينُ» ئایەتی «16».
سورەتی «النمل»

چ نوورێکە لە حوجرەی ڕەوضەدا وا قائیمە قوبەی،
قەوامی عەرش و فەرش و قەلبی ئینس و قالەبی جانە

زۆربەی ئەم ووشانە کە عەربین تارادەیەك وەکو زاراوە بەکارهاتووە، لەبەر ئەوە نالی زۆر بەجوانی و بە شێوەیەك کە خوێندەواری ئەو سەردەمە فێری تێدەگەن بەکارهێناون، چونکە زمانی ئەدەبی کوردی شێوەی نالی تازە وردە وردە خەریك بوو لە قاڵبدا دەبەبی.
وەکو لە شەرحی مدرس د،ا هاتووە، لێرەدا ئیشارەتە بە حەدیثی قودس «لولاكَ لولاكَ... لما خَلقتُ الافلاكَ» سەیری ل418 ـ 419 قصص قرآن مجید نیشابوری بکە.[33]

موحەممەد، ئەحمەدی مورسەل، موتیری مینبەرو مەحفەل
بە شیری ناخیرو ئەو وەل، نەذیری خوێش و بێگانە

ئیشارەتە بۆ ئەم ئایەتانە:
«یاأَیُّها النَّبِی إِنا أَرسلناكَ شاهِداً ومُبشراً ونذیراً» ئایەتی «45».
«وداعیاً إِلی الله باذنِهِ وسراجاً مُنیراً» ئایەتی «46» سورەتی «الاحزاب».

سیراجی ئەنبیا، خەتمی ڕوسول، نووری موبین حەق
کە عالی کەعب و قەدرو دەست و صەدرو خانەمی شانە

لێرەدا ئیشارەتە بۆ ئەوەی کە نووری پێغەمبەر لە سامی نوحەوە پشت بەپشت هات تا گەیشتە ابراهیم وە لەمەوە بۆ اسماعیل بەواتا نووری هەموو پێغەمبەرانە.. هەروەها خاتەمی ئەنبیایە چونکە کە ئادەم سەری لە زەوی بەرزکردەوە تیشکی نووری «مصطفیٰ» ای دی کە هەموو دەوروبەری ئادەمی ڕۆشن کردۆتەوە، گوتی خوایە ئەمە چ نوورێکە کە لە ناوچەوانی منـدا دەدرەوشێتەوە، نیداهات گوتی ئەمە نووری فرزەندێکە لە فەرزەندانت «خاتم انبیاء».. ڕۆژی قیامەت هەموو پێغەمبەران لەژێر ئالای ئەودا دەبن.
سەیری لاپەڕەی (410 ـ 411) ـ لە قصص قرآن مجید ـ ی ـ نیشابوری بکە.

لە جوملەی موعجیز ئەندەر موعجیزی: ئەحکامی قورئانە کە میعراجی بوڵەندی ئەووەلی ئایاتی «سوبحان» 5/26.

ئیشارەتە بۆ موعجیزەی میعراجی پێغەمبەر. لێرەدا مەبەستی لە سورەتی «اسراء» یە کە خوای گەورە دەفەرموێ.
«سُبحانَ الذی أَسریٰ بِعَبدِهِ لَیلاً من المَسجدِ الحرام إِلی المَسجدِ الاقصیٰ الذی بارکنا حولَه لنریه من آیاتنا إِنه هو السمیعُ البصیر». ئایەتی (1).
سورەتی «الاسراء»

شەوەیلا کەوکەبەی هەر کەوکەبی ئیلی فەلەك دەنگوت
لە میصری ڕۆژی زینەت دەستی موسای ئینی عیمرانە[27]

کە دەڵێ دەستی موسای ئینی عیمرانە، ئیشارەتە بەوە کە موسا کاتێ دەستی لە باخەڵیا دەردەهێنا سپی دەدرەوشایەوە.
«ونزع یده فإذا هي بیضاء للناظرین» ئایەتی «108».
سورەتی «الاعراف»

لە هیجری یووسفی میعراجی، یەعقووبی فەلەك، چاوی نوجوومی بوو سپی هێشتاکو هەر حەیران و سەهرانە[28]
کە دەڵێ نەستێرەکان چاویان سپیبوو بەواتا کوێربووە وەکو یەعقوب لە دووری یوسف «وتَولی عَنهُم وقالَ یاأَسفی علیٰ یُوسُفَ وَابیَضت عَیناهُ من الحُزنِ فَهوَ کَظِیمٌ» ئایەتی «84»

قەوالنامەی کێش

سورەتی «یوسف»

موشەرەف بوو بە تەختی عەرش و تاجی قوربی «عند الله» بە هەرچی دەرجی «او ادنی» و «ما اوحی» قورئانە.

«او ادنی» ئیشارەتە بۆ ئایەتی:
[«ثم دنا فتدلی «8» فکان قاب قوسین او ادنی «9»] سورەتی النجم.
«فأوحیٰ إلی عبده ما أوحیٰ» ئایەتی «10» سورەتی النجم.

چونکە جبرائیل بوو هات و بردی بۆ میعراج:
هەروەها جاری یەکەمیش هەر ئەو بوو سروشی پێغەمبەرێتی بۆ هێناو لێی نزیک بووەوە و ئەمجارەش کە بردی بۆ میعراج (29)

موراد فیللەت و پارانەوەی حاڵە، نەوەک نەعتە
بە چەن بەیتێکی کوردانە، کە قورئانت نەنا خوانە

نالی: چەند جوان دەڵێ، بە چەند بەیتێکی کوردی دەپارێمەوە لێت، چونکە من ناتوانم وەسفی تۆ بکەم، تۆ قورئان وەسفی کردویت کە دەڵێ «وإنكَ لَعلی خُلقٍ عظیم» ئایەتی «4».
سورەتی «القلم»

غەزەلی 31/هـ ل571.
ئەهلی ئەم شارە هەموو نوکەرو ئەتباعی ئەون
یووسفی میصرە عەجەب جاهـ و جەلالێکی هەیە!

باسی بەشێ لە داستانی یوسف دەکات، ئەوە بوو حەبس کراو دوای ئەوەی بەربوو، بوو بە خەزانەداری عەزیزی میسرو لەدواییدا لە جێ ئەو دانیشت و بوو بە خاوەن جاهـ و جەلال. (30)

غەزەلی 37/هـ ل588.
ڕووەتت شەمعی شەوی قەدرە، دڵم پەروانەیە
نەحری مینای ڕۆژی عیدە، ڕۆحەکەم قوربانییە

لێرەدا ئیشارەتە بەم ئایەتانە:
شەوی قەدر «إنا انزلناهُ في لَيلَةِ القَدرِ «1» وما أدراكَ مالَيلَةُ القَدرِ «2» لَيلَةُ القَدرِ خَيرٌ من ألفِ شَهرٍ «3» سورەتی «القدر».
نەحری مینای ڕۆژی عیدە «فلما بلَغَ مَعهُ السعی قال یابُنیَّ إنی أری في المنامِ أنّي أذبَحُكَ فانظُر ماذا تَریٰ قالَ یاأبَتِ إفعَل ماتؤمَرُ ستجِدُني إن شاء الله من الصابرین» ئایەتی «102».
سورەتی «الصافات»

غەزەلی 4/ی ل633.
بە وەقتی تەلبیە مەستی شوهوودی «صبغة الله» بێ!
بە گاهی تەرویە سیرڕی «یدالله» دەستیاری بێ
(سەیری شەرحی مدرس بکە ل633)

ئەیووضاتی «صفا»و «مروە» هەروەک ناردان دەم دەم لە یەنبوعی دڵی پڕ زەمزەمەی میزانی جاری بێ.
لێرەدا ئیشارەتیش هەیە بۆ مناسک و شعائری حەج وەکو لەم ئایەتەدا دەفەموێ «إنَّ الصَفا والمروَةَ من شعائر الله فمنْ حَجَ البَیتَ أو اعْتَمر فَلا جُناحَ علیهِ أن یَطَّوفَ بهما وَمَن تَطَوَّعَ خَیراً. فإنَّ الله شاکرٌ علیمٌ» «158».
سورەتی «البقرة»

ئەگەر خەڵوەت نشین بێ «جانی‌جانان» بێ ئەنیسی ئەو
وە گەر هیجرەت گوزین، ڕۆحی «عەزیزان» یاری غاری بێ.

لێرەدا ئیشارەتیش هەیە بۆ کۆچ کردنی پێغەمبەر بۆ مەدینە لەگەڵ «ابو بکر»دا و خۆشاردنەوەیان لە غارەکەدا:

هەوالنامەی کێبڕکێ

«إلا تنصُرُوه فَقد نصَرهُ ٱللهُ إذ أخرجهُ الذين كفرُوا ثانى ٱثنين إذ هُما في ٱلغارِ إذ يقولُ لصاحبِهِ لاتحزن إنَّ الله معنا فانزلَ ٱلله سكينهُ عليهِ وأيَّدَهُ بجُنودٍ لَم ترَوها وجَعل كِلمة الذين كفروا السفلىٰ وكلمة الله هي العُليا وٱلله عزيزٌ حكيم». ئايەتى «40».

سورەتى «التوبة»

غەزەلى 5/ى ل637.
مەعلومە لەوێ رازو خوطووری دڵی «نالی»
[«إدخَلْ بَقلبي، وَبأسْرارِهِ نوجي»].

غەزەلى 9/ى ل655.
ساقى: وەرە مەيخانەيى دڵ كۆنە رەحيقى
گەر مايلى طەوفى حەرەم و بەيتى عەتيقى

رەحيق: كە شەرابەو شەرابيش ئەوەى كۆنەيێ مەقبوڵە.
بەواتا «عەتيق بێ».
هەروەهـا «بـەيتى عەتيقى» مانى كۆن بەواتـا كەعبـەيـە كە حەزرەتى ئيبراهيم لەگەڵ اسماعيل كوردىدا دروستيان كردووە چونكـە كەعبـە يەكـەم خانـووەو يەكـەم بەيتـە كە بۆ خەلق دروست كرا تاكو عيبادەتى خواى گەورەى تيادابكەن.
چونكـە گەل و هۆزەكـانى تـر خانـوويـان دروست نەكردبوو بۆ پەرستن و عيبـادەت تيـايـدا بە واتـا پەرستنى بتـەكـانيان. لێرەدا ئيشارەتە بەم ئايەتە:
«إن أولَ بيت وُضِعَ للناس للذّين ببكة مُباركاً وهُدى للعالمين».
ئايەتى (96) سورەتى «آل عمران»
«فيه آياتُ بيناتُ مقامُ إبراهيم وَمَن دَخَلهُ كان آمناً ولله على الناس حج ٱلبيتِ ٱستطاع إليه سبيلاً ومن كفر فإن ٱلله غنى عن العالمين». ئايەتى «97»
سورەتى «آل عمران»

غەزەلى 10/ى ل657
«بَرقَ البَصَرَ» لەبەر بەرق تەلەئلوئى لە نالى
«خَسِفَ القَمَرَ» لە ئيشراق قيامەت جەمالى.

ئەوانەى لەناو كەوانەكە دان عەرەبين و بە عەرەبى نوسيونى و بەكارى هێناون. ئەوانى تريشى جگە لە حەرفى جەرو كەسرەى «تـەركيبى ئيـزافى» يا وەسفى نەبێ، عەرەبين بەڵام دەربـڕين و نووسين و شێوەى كوردى بەسەرا پۆشيون.

بە مەلاحەتى تەكەللوم هەموو زەمزەم و مەليحى
بە فەصاحەت و تەبەسوم هەموو كەوثەرو زولالى

ئەو وشە عەرەبيانەى كە لێرەدا دەيان بينن نالى بە شێوەى كوردى دەرىبڕيون.. هەروەكو چۆن شاعيرە ئێرانيەكان كاتێ ووشە عەرەبيەكانيان بەكار دەهێنا، بەشێوەى فارسى دەريان دەبڕىو تەلە فۆزى فارسىيان دەدا بەسەردا.

غەزەلى 11/ى ل662
وادى بووە بە وادىى پر نوورى «طورەى «نار»
«نەعلەين» لە پێ فرێبدە «نالى» بە «ئەيمەنى»

ئيشارەتە بەم ئايەتانە:
«إذ رأى ناراً فقالَ لأهلهِ امْكُثُوا إنِّي آنستُ ناراً لعلى آتيكُم منها بِقَبس أو أجـدُ على النـار هُدى «10» فلمـا أتـاهـا نُودِى ياموسى «11» إنى أناربَكَ فاخْلَعْ نعليكَ إنك بالوادى المقدّس طوًى «12» سورەتى «طه».
«فلما قضىٰ مُوسى ٱلاجل وسارَ بأهلهِ آنسَ من جانبِ الطُّور ناراً قالَ لأهله آمكُثُوا إنِّى آنَسْتُ ناراً لعلى آتيكُم منها بِخَبَرٍ أو جَذوةٍ من النـارِ لَعَلَّكُم تصطلُونَ «29» فلَمـا أتـاهـا نُودِىَ مِن شاطىء ٱلـوادِى الأيمنِ في البُقعـةَ المِبـاركـة مِن الشجـرةِ أن

هەوالنامەى كتێب

یامووسی إنّی أنا الله ربُّ العالمین «30».

سورەتی «القصص»

غەزەلی 14/ی ل679

ئەشێکە بێشەبیەـ و جینس و فەصڵ و کەشف و تەقریرە
موبەڕڕابە لە تەقریرو حەدیثی حادیث و ڕاوی.

وەکو مدرس دەفەرموێ:

وشەی بێ شەبیەـ ئیشارەتـە بە ئایەتی «فـاطِـرُ الـسـماواتِ والأرضِ جَعَـل لکم من أنفسکُم أزواجـاً ومن الأنعـامِ أزواجاً یذروُکُم فیهِ لیس کمثلهِ شیء وهو السَمیعُ البصیرُ» ئایەتی «11».

سورەتی «الشوری»

ئەم جۆرە بەیتانە ئەگەر چی تاکە تاکەی وەکانی
عەرەبین، هەروەکو گوتمان تەلەفوزو شێوەی
کوردی بەسەرا داوە.

ـە قورئاندا بە «ماأُخفي لَهُمْ» مەکتووم و مەخزوومە
مەبان ئایێ بە تەفسیری دو صەد «کەششاف» و «بەیضاوی»

مامۆستا مدرس:

ئەو خوایە کە کەس لە کونهی ناگا لە قورئانا بە ئایەتی:
«فلا تعلم نفسٌ ما أخفي لهم من قرّةِ اعَیْن، جزاء بما کانوا یعملون» باسی لێکراوە. (ئایەتی «17» سورەتی «الشجرة»).

موبەییەن بوو لە قورئاندا بە نووری «قُرَّةُ الأعْیُنِ»
نەواضیح بوو یە «کەششاف»و، نەڕۆشن بوو بە «بەیضاوی».
ئیشارەتە بۆ هەمان ئایەتی:
«فَلا تعلمُ نفسٌ ما أُخفيَ لهُم مِن قُرَّةِ أعیُنِ جزاء بما کانوا یعملون».

(ئایەتی «17» سورەتی السجدة)

غەزەلی 20/ی ل711.

لە بوستانی «ئیرەم»دا قەط نییە وەك
شەمامە وەك شەمامەی-وەك شەمامەی
باخی ئیرەم لە قورئاندا ناوی هاتووە «إرم ذاتِ العِماد (7) ألتي لم یُخلَق مِثلُها في البلد (8).

[سورەتی 11] والفجر».

یك نیم ڕخت: «ألَیسَتُ منکم بِبَعیدُ»
وان نیم دیگر: «إنَّ عذابي لَشدَیدٌ»

گەلێ ئایەت لە قورئانی پیرۆزدایە کە باسی «عذابی شدید» دەکا بەڵام لێرەدا ئیقتباس لەم ئایەتەیە:
«وإذ تأذَّنَ ربُکمُ لئن شکـرتُم لأزیـدنکُم ولئن کفـرتُم إن عذابی لَشَدید». ئایەتی «7».

سورەتی «ابراهیم»

بڕگرد ڕخت نوشتە «یُحیی وَیُمیت».
«مَن مات مِن العشقِ، فَقَدْ مات شَهیدْ

زۆر ئایەت هەیە لە قورئانی پیرۆزدا کە باسی (یحی ویمیت) دەکات وەکو «هو یحیی ویمیت والیه ترجعون» (ئایەتی «56» سورەتی یونس).

جگە لە ئایەتی 257 سورەتی «البقرة»
جگە لە ئایەتی 156 سورەتی «آل عمران»
جگە لە ئایەتی 156 سورەتی «الاعراف»
جگە لە ئایەتی 116 سورەتی «التوبة»
جگە لە ئایەتی 080 سورەتی «المؤمنون».

تکـایـە بۆ شەرحی بەیتەکـان وەکـو لەپێشەوە گوتمان سەیری شەرحی «مـدرس» بکـەن. ئەگـەر ئیشـارەتیشـمـان بۆ نەکردبێ، سەیریکردنی شەرحی بەیتەکان لای «مدرس» زۆر پێویستە.

هەوالنامەی کێتێ

2 - نالی و زمان و ئەدەبیاتی فارسی: -

هەروەکو لەپێشەوە گوتمان نالی وەکو هەموو خوێندەوارێکی کوردی ئەو سەردەمە بەواتا هەروەکو هەموو مەلایەکی ئەو دەورەیە بەپێی ئەو زروفەو ناوچە جوغرافیایەو باری سیاسی یەی کە میللەتەکەی تیادابووە، دەبووایە شارەزایی پەیدابکا لە زمان و ئەدەبیاتی دراوسێکانیدا هەر وەکو پیشانمان دا.

عەرەبی بە هۆی دینی پیرۆزی ئیسلام و زمانی قورئانەوە شارەزاییەکی تەواوی تیادا هەبووە - هەروەها لە زمان و ئەدەبیاتی فارسیش دا بە هۆی ئەوەی کە گەلێ لەو کتێبانەی کە لە مزگەوتەکاندا دەیان خویند بە فارسی بوون جگە لەوەی کە زمانی نالی - ئەلف وێکەیو گەلێ زاراوەی زانستیو عەروزو قافیەو مەبەستەکانی شیعر کە عەرەبین لە رێگای فارسییەوە وەرگیرابوو، هەروەها دیوانی شاعیرە بەرزەکانی ئەو زمانە لەسەرو دەمی خوێندەوارانی ئەو سەردەمە بووە وەکو سعدیو حافزو نظامیو گەلێ شاعیرو ئەدیبی دی.

جگە لەوەی کە نووسین و ئینشائی سەردەمی ئەو بەو زمانە بووە لەبەر کاریگەریو نزیکی ئەو دوو زمانە لەیەکەوە.

لێرەدا دەمەوێ بەشێك لە رەنگە دانەوەی شیعری فارسی لە شیعری نالیدا بخەمە بەرچاوە هەروەها زیرەکی توانایی نالی یش پیشان بدەم. ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە نالی جگە لەوەی کە وەکو هەموو شاعیرێکی موسڵمانی ئەم ناوچەیە، شارەزایان دەربارەی بەرهەمی «نظامیو سعدیو حافظ و جلال الدین رومیو جامی» هەبووە، شارەزایی ئەواویشی دەربارەی گەلێ شاعیرانیتری ئەو زمانە بووە وە ئەم بەیتەی کە دەڵێ:

نالی ئیستە تاجی شاهیو تەختی خاقانیی هەیە
شەوکەت ئارا - موحتەشەم دیوانە، فیکرەت صائیبە[31]

بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە نالی زۆر شارەزا بووە لە ئەدەبیاتی فارسیدا هەر لەبەر ئەوەیە کە کاتێ غەزەلێك وەیا بەیتێکی نالی دەبینی وا هەست دەکەی کە ئەو غەزەلە وەیا ئەو بەیتە لە هیچ وەیا لە ریزی یەکێ لەو شاعیرە بەناوبانگانەی دراوسێیە، کەچی کە سەیر دەکەی بە جۆرێکیدا دایڕشتووە ئەگەر لە جایەکا لەژێر کاریگەری شیعری شاعیرێکیدا ئەو دراوسێیەدا بووبێ بە ئاسانی دەرناکەوێ. جگە لەوەی کە نالی لەوان کەمتر نەبووەو زۆر بیروخەیاڵی هەیە کە تایەتیی بە بەخۆیەوەوە ئەوانەشی کە رەنگە دانەوەی شیعری شاعیرانی دراوسێی تیادا دەرکەوێ، لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر کەمن بە جۆرێکی وەها دایڕشتووەو رەنگە و گیانی کوردی بەسەردا کێشاوە کە ئەمەشی جێی شانازییە.

ئەو شاعیرانە نالی لەو بەیتەدا ناوی هێناون بەم جۆرەیە:

شاهی: شاعیرو خەت خۆشی بەرز کە لە هونەری نەخش و سازدا دەستێکی بالای بووە لە سالی 857 کۆچیدا کۆچی دوایی کردوە.[32]

خاقانی: «افضل الدین ابو بدیل بن علی خاقانی بایەی لە قەسیدەدا یەکەمە، جگە لە غەزەل. لە سالی 595 کۆچیدا کۆچی کردووە.[33]

شەوکەت شیرازی: شمس الدین حسن - لەپیاوە باشەکان و نەجیب زادەکانی فارسە.[34]

محتشم: مولانا کمال الدین محتشم کاشانی - علی کوری خواجە میر احمد لە سالی «996» کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.[35]

فیکرەت: «فکرت لاریجانی» ناوی سید نعمه الله - لە سادات لاریجانی مازندەران بووە، لە زمانی شای قاچاردا - مامۆستای شازادەکان بووە.[36]

صائب: «صائب تیریزی» محمد علی بن میرزا عبدالرحیم صائب تیریزی لە شاعرانی سەدەی دوانزەهەمە. لە سالی «1080» کۆچیدا مردوە، لە شاعیرانی شێوە «هیندی» بە واتا «ئەصفەهانی» دەژمێرێت.[37]

نالی غەزەلی 1/3 ل83.

تاتایی سەری طوبڕەی پڕ پێچش بادا

هەر تایەکی بارێکی گوڵ و نالە بەبادا

شوکت شیرازی: دەڵێ:[38]
هەمە آفاق پراز رایحە مشك شود
ازخم زلف تو گربای صبابگشایند

«هەموو ئافاق پر لە بۆنی موشك (میسك) دەبێ
لە پێچی زوڵفی تو ئەگەر بای سەبا بیکاتەوە

غەزەلی 1/5 ل89.
نالی: شیرەیی جا نەوتم یا مەیە؟ چا بوو فەرمووی
عەکسی لەعلی لەبی مەرجانە لە فنجانمدا
حافز: مادر پیالە عکسی رخ یار دیدەایم
ای بیخبر ز لذتِ شرب مدام ما[39]

«عەکسی رووی یار دەبینین لەپیالەدا ئەی بێخەبەر لە لەزتی
خواردنەوەی (شەراب) وەیا خواردنەوەی بەردەوامی ئێمە.
نالی: بەحشی سیرڕی دەهەنی نوقطە بە نوقطە بگەڕێی
سەری موویێ نییە بێ نوکتە لە دیوانمدا
حافز:
گفتم بنقطە دهنت خود کە بُرد راە
گفت این حکایتیست کە با نکتەدان کنند

گوتم: کێ دەتوانێ ڕێ بەڕێ بە دەمت؟
گوتی: دەمم حیکایەتێکە دەیگێڕنەوە بۆ خەبیر بۆ هەڵ هێنانی
د. ابراهیم الشواری لە شرحی «ترجمة»ی ئەم بەیتەدا دەڵێ:
ثغره ضیق فهو یشبه النقطة في ضآلته وصغره
الکشف عنه لضآلته وصغره إلا خبیر یحل المعمیات والالغاز.

نالی:
نالی ئەو نوقطە کەوا بوو بە نیشانەی چاوی
من لە صەفحەی ڕوخی ئەو دولبەرە نیشانم دا

حافز:
مردم دیدە ز لطف رخ او در رخ او
عکس خود دیدگمان برد کە مشکین خالیست
عەکس چاوم لەسەر گۆنەی نازکی ئەو
بیلبلەی چاوم لەسەر گۆنەی نازکی ئەو

ئەوندە گۆنەی ناسك و ڕوون بووە بیلبلەی چاوی کە
نوختەیەکی ڕەشە لەسەر گۆنەری عەکس داوەتەوەو (بەواتا)
ڕەسمی بیلبلەی چاوی لە گۆنەیدا دەرکەوتووەو وایزانیوە خاڵێکە
لەسەر گۆنەی لایئالیش هەمان واتای هەیە.

غەزەلی 6/أ ل93
نالی: مەئەلی حاڵی ئەشکەنجەیی غەمدا
وەك نالە لە نەیدا وەکو نالە لە قەڵەمدا

جلال الدین رومی (مولوی):
بشنو ازنی چون حکایت می‌کند
وز جدائیها شکایت می‌کند[40]
ئەمە یەکەم بەیتی مەولەوییە (جلال الدین رومی) کە مثنوی
پێدەست پێکردووەوە مثنویش بریتییە لە دەوری «26» هەزار
بەیت.
دەڵێ: گوێبگرە لە شمشاڵ «نای» چۆن حیکایەتەکەی
دەگێڕێتەوە ئەویش شکاتە لە دەست جیابوونەوەو دوری.

غەزەلی/ 9 ل101
ضابیطەعی طەبعم سواره، ئیددیعای شاهی هەیە
موحتەشەم دیوانە، داوای تەختی خاقانی دەکا
سەیری شەرحی مدرس بکە ل102 ـ 103
لێرەدا هەمیسانەوە ئیشارەتە بۆ ئەو شاعیرانە کە لە (31)دا

هەوالنامەی کوردی

باسمان کرد نالی خۆی له مانه به کەمتر نەزانیوە. وە شارەزایی نالی پیشان دەدا له زمان و ئەدەبیاتی ئەم شاعیرانە.

ئیستیطاعەو قووەتی طەبعم، بە کوردیو فارسی
عارەبی نیظهاری جالاکیو چەسپاتی دەکا

ئەم بەیتە شارەزایی و توانایی نالی له زمان و ئەدەبیاتی فارسیو عەرەبی جگە له کوردی کە زمانی خۆیەتی دەچەسپێنێ.

غەزەلی 14/أ ل118

نالی: ئەی واعیظی باریدچیە هەروەك هەرەسی کێو
بەو وەعظە کە بابە هەمو، هاتوویی بەسەرما؟

حافز:

برو بکار خود ای واعظ این چەفریادست
مرافتاد دل ازرەتسرا چە افتادست
برۆ بە لای ئیشتەوە ئەی واعیز ئەم هەروا هاوارە چیە؟
دڵم له رێ لای داوە بە تۆ چی؟ مەبەستت چیە؟

غەزەلی 1/ب ل133

عاشق هەوەسی مەیکەدەو و عیلمی بەسیطە
عاقڵ طەلەبی مەدرەسەوو جەهلی مورەککەب

حافز:

حدیث مدرسەو خانقە مگوی کە باز
فتاد درسر حافظ هوای میخانە
توخوا! ئیتر باسی مەدرەسەو خانەقا مەکە
ئارەزوی مەیخانەو شەراب کەوتە سەری خافز
(کەڵکەڵەی مەیخانە شەراب کەونە سەری خافز)

غەزەلی د/1 ل168

غەزەلی فارسی

ابروان تو طیان دل افگارانند
هردو پیوسته ازان برسر بیمارانند
گنج رخسار تو دیدن نبود زهرەمرا
که زلف تو برو خفته سیەمارانند
ماهزاران، زغمت خستەو ناکام، ولی
کامیاب از گل روی تو خس و خارانند
برسرکوی خود از گریه مکن منع مرا
زانکه گلهای چمن منتظر بارانند
نرگسان تو که خواب همه عالم بروند
خفتگانند، ولی رهزن بیدارانند
«نالیا» ارچەسگانش همەشب نالانند
که نه آن شبنشگان نیز جگر خوارانند

ئەم پارچەیە شارەزایی و توانایی نالی پیشان دەدا له زمان و ئەدەبیاتی دراوسێی شەرقی، بۆ شەرحی ئەم پارچەیە سەیری دیوانی نالی/ مدرس ل168 - 169 بکە.

دو بەیتی فارسی/ 6 ل219

آن زلف مشکبار بدان روی چون نگار
گر کوتەاست، کوتهی از وی عجب مدار.
شب دربهار میل کند سوی کوتهی
آن زلف چون شب آمدو آن روی چون بهار

غەزەلی م/12

نالی: مەجلیسێکی چەمەن و بولبول و بەزمی گوڵ و مول
بەدو صەد مەدرەسەوو دەرس کیتابی نادەم

حافز: ازقبل و تا مدرسه حالی دلم گرفت
یکچند نیز خدمت معشوق و می‌کنم
له بگرەوبەردەی مەدرەسە دڵم گیراوە
هیچ نەبێ جارێکیش خزمەتی مەعشوق و شراب و پیاڵە بکەم.

هەوالنامەی کتێب

«نالیا» ئەم غەزەلەت تازەبەتازە وتووە
بە دو صەد «مەثنەوی»و «لوبیی لوباب»ی نادەم

لێرەدا نالی غەزەلی خۆی بە دو سەد مەثنەوی و «لوبیی لوباب»ی نادات و ئەڵبەتە حەقێتی چونکە نالی نابیغەی زەمانی خۆیەتی لە شیعرو ئەدەبیاتی کوردیدا. جگە لەمە، شارەزایی نالی پیشان دەدا لە شیعرو ئەدەبیاتی فارسی و، ناسینی شاعیرە بەرزەکانی ئەدەبیاتی فارسی، چونکە «مثنوی» ئەو بەرهەمە بەرزەی جلال الدین رومیی بە کە بە مولانای رۆمی وەیا بەمەلای رۆم بەناوبانگە.

«مثنوی»ی بریتی لە دەوری «26» هەزار بەیت شیعر لە شەش دەفتەردا لە سەرتای پەیدابوونی ئادەمیزادەوە باس دەکا تا زەمانی خۆی بەشیعرێ کە پێ دەڵێن مثنوی.

وە بەم بەیتە دەست پێ دەکات:

بشنو أزنی چون حکایت می‌کند؛ وزجدائها شکایت می‌کند

شاعیرو سۆفی بەرزی ئیسلامە.

لە شاعیرانی ئیمە «مەولوی» ناگوزێ ژێر کاری گەری جلال الدین رومی‌دا بووە.

هەروەها (لوبلوباب): : هەڵبژاردەیەکە لە «مثنوی معنوی» «جلال الدین»ی رۆمی کە مولانامەلا (حسین واعظی کاشفی)، کە لە ساڵی «910» کۆچی‌دا مردووە، لە ساڵی 875 کۆچی‌دا تەواوی‌کردووە.

لێرەدا کە سەیرەدەکەین نالی تەنانەت بەوە رازی نابێ کە شیعرەکانی لە مثنوی بەرزترن بەڵکو لە هەڵبژاردەی مثنوی کە بریتین لەو بەیتە نمونانە باشترە.

چوارین/ 15 ل313

سوی مصراست مرا عزم از این لجه‌غم
تا که درنیل کشم جامه زبی دادوستم
میرود نالی از اینجا چو حریص از دنیا
بالب خشك و کف خالی‌و چشم پرنم

تکایە بۆ شەرحەکەی سەیری مدرس بکە ل313

غەزەلی 7/ۆ ل384

خاڵت چیە؟ دانەی گەنمی جەننەتی بووتە
چاوت چیە؟ فیتنەی حەرەمی قیبلەیی ئەبرۆ

حافز:

خال مشکین کەیدان عارض گندم گونست
سرآن دانە کە شدبرهزن آدم بااوست

خاڵی موشکین «میسکی» لەسەر ئەو گۆنە گەنم رەنگە
سڕی ئەو دانەیەیە کە ئادەمی گومڕا کرد.

غەزەلی 1/هـ ل391

ساقی! بەمەیی کۆنە لەسەر عادەتی نەوبە
بشکێنە بە یەك نەوبە دو صەد ماتەمی تەوبە

حافز:

ساقیا برخیزو درده جام را
خاك بر سرکن غم ایام را

ئەی ساقی (مەی‌گێر) هەڵسەو پرکە جام و بمدەرێ خاك بکە بەسەر روداوی زەمانەو خەمی رۆژان

غەزەلی 5/6 ل411

وەصفی رووخساری لە فیکری بەنی‌ئادەم بەدەرە
ئیبتدای مەدحی دەمی وەك خەبەری بێ ئەثەرە

شوکت شیرازی:

نگشت از آندهانم هیچ معلوم
بغیر از نقطه‌ای‌و آن نیز موهوم (41)

هەوالنامەی گێتێ

لەو دەمەی هیچم بۆ دەرنەکەوت
جگە لە خاڵیک «نوختەبەک» ئەویش مەهووم

غەزەلی 14/أ ل118
واظەن مەبە ڕوخسارەیی تۆ غائیبە قوربان
بنواڕە چلۆن نەقشە لە نێو دیدەیی تەڕما

حافز:
خیال روی تو درهر طریق همره ماس
نسیم موی تو پیوند جان آگەماس
خەیاڵی ڕوی تۆ لە هەموولایەکا لە گەڵمانایە
شەماڵی مووی تۆ لەگەڵ گیانمانایە لە هەموو لایەك

غەزەلی 5/22 ل530
داوێکە لە ڕووی دانەیی خاڵت تەنراوە
زنجیرە لە پێی مائیلی ئەو ڕووتە نراوە

حافز:
ای کەدر زنجیر زلفت جای چندین شناست
خوش فتاد آن خال مشکین بررخ رنگین غریب
ئەی ئەوەی چەندین آشتابوون بە داوی زڵفتەوە
چەند جوانە ئەو خاڵە ڕەشەی لەسەر ئەڕووە ڕەنگینە عەجایەبە

غەزەلی 5/22 ل530
داوێکە لە ڕووی دانەیی خاڵت تەنراوە
زنجیرە لە پێی مائیلی ئەو ڕووتە نراوە

حافز دەڵێ:
زلف او دامست و خالش دانه آن دام و من
برأمید دانه افتادەام در دام دوست
زوڵفی ئەو داوەو خاڵی دانەی ئەو داوە
بە ئومێدی دانە کەوتووەتە ناو داوی دۆست

غەزەلی 5/32 ل572
فارسیو کوردو عەرەب هەر سیم بە دەفتەر گرتووە
«نالی» ئەمڕۆ حاکمی سێ مولکە، دیوانی هەیە!

لێرەدا نالی خۆی دەڵێ من توانایم لەم زمانانەدا هەیەو دیوان بە واتا شیعرم بەم سیانە هەیە. ئەمەش بەڵگەیەکی تڕە بۆ شارەزایی و توانایی نالی لە زمان و ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسی جگە لە کوردی کە زمانی خۆیەتی و هەروەها تورکیش کە لە شوێنی خۆیدا باسی دەکەین.

3 ـ نالی و ئەدەبیاتی تورکی:

هەروەکو گوتمان نالی شارەزاو بەتوانا بووە لە زمانی تورکیدا چونکە زمانی تورکی لەسەر دەمێکدا زمانی ڕەسمی و زمانی هێندێ کتێب و نامەی ئەو سەردەمە بووە.

نالی نەك هەر شارەزایە بەڵکو بە جۆرێکی وەها شارەزابووە، توانیوێتی شیعریشی پێبڵێ، ئەمە کاتێ کە لە کوردستان بووە، بەپێی ئەو دیوان و دەستنووسانەی لەبەر دەستایە. گومان لەوەدا نییە کە جۆتە ئەستەمۆڵ و لەوێ ماوەتەوەو هەر لەوێش دیار ئاخر بووە، دەبێ شیعرێکی زۆریشی لێبەجێمابێ بە تورکی. ئێجا ئەگەر خوا یاری زمان و ئەدەبیاتی کوردی بێ و ڕۆژێ لە ڕۆژان لە کتێبخانەکانی ئەستەمۆڵدا، نووسراوی بەرهەمی نالی نەفەوتابێ مابێتەوەو دەست بکەوێ، گەڵێ شیعری کوردیو تورکیو فارسیو عەرەبی (نالی)مان بۆ دێتە کایەوەو زیندو دەبێتەوە.

غەزەلی 4/ر ل217
بە تورکی:
تیرناز نگەهك هر دله نیجەیریوار
عاشقك پاینه رولفك گیبی بورزبك سریوار
اول مهی زهره جبین درّ بناگوشته چوق
نامور سبعه سیاره گیبی مشتریوار

هەوڵنامەی کێبڕکێ

بزم می‌در، ندماجمع، فدح گردشده
صوفی نك وردو دعای سحریله بری‌وار
عکس زولفك قدحی دیده‌ی گریانمده
نشئه‌ی سنبل تَرّ، شیوه‌ی نیلوفری‌وار
ناودان قلم «نالی» فصاحتده همان
نشئه‌ی آب بقا، زمزمه کوثری‌وار.

[1] تورکی: ل219
نفس ساعت گیبی ایشلرسه گریادایله طاعتدر
برآنك قورمه‌سی پیریولنه احیای ساعتدر

غەزەلی 1/16 ل124
«گیل» ئەگەر تورکی «تمال» ئەر عەرەبی
«بێ» ئەگەر کوردی، ئەگەر فورسی «بیا»

سەیی شەرحی مدرس بکە ل126.

جگە لەوەش واتای ئەوەیە کە نالی ئەم چوار زمانەی زانیوە بۆیە ئامادەیە کە بە هەر چواریان خۆشەویستەکەی بانگ بکات.

پەراوێزو سەرچاوەو کتێب:

1 ـ بۆ شارەزایی و ناسینی نالی تکایە سەیری ئەم کتێب و نووسراوانە بفەرمو. تاکو بەپێی بۆچوونی خۆیان لە نالی بگەیت:
1 ـ ئەمین فەیضی بەگ، ئەنجومەنی ئەدیبان 1983 کۆری زانیاری ل22 ـ 24.
2 ـ دیوانی نالی ـ (کوردیو مەریوان) ژمارە (1) ـ 1931 بغداد.
3 ـ دیوان نالی شاعر شهیر کرد ـ ناشر آقای علی مقبل سنندجی، چاپخانه بهرامی (1327).
4 ـ دیوانی نالی یادگاری مەلاخضری شارەزووری‌یە، هەولێر 1962و ـ گیوموکریان ـ چاپی 1974.
5 ـ مەسعود محمد چەپکێك لە کوڵزاری نالی. گوڤاری کۆری زانیاری کوردی 2 ـ 1974/2 و 3 ـ 1975/1.
7 ـ دیوانی نالی ـ خەزنەدار 1977 بغداد.
8 ـ علاء الدین سجادی ـ مێژووری ئەدەبی کوردی ـ بغداد 1952و چاپی 1971.
9 ـ یادی پیرەمێرد ـ علاء الدین سجادی ـ بەغداد 1951.
10 ـ تاریخ سلێمانی وولاتی ـ محمد امین زکی ـ بەغدا 1939.
11 ـ ئەونووسین و ووتارانەی لە رۆژنامەو گۆڤارە کوردیە کاندا بڵاوکراونەتەوە دەربارەی نالی وەك:
1 ـ گۆڤاری رۆژی کوردستان دەفتەری کوردەواری بەیان کۆری زانیاری.
2 ـ جهارمقاله ـ تالیف ـ احمد بن عمر بن علی النظامی العروضی السمرقندی 550 هجری.
چاپی لیدن ـ 1909. ل 29 ـ 30.
3 ـ دیوانی نالی ـ مەلا عبدالکریمی مدرس ـ بەغدا ـ 1976 ل 51.
4 ـ ابو محمد بدیع بن محمد بن محمود بلخی لە سالی 377 کۆچی‌دا کۆچی کردووە.
5 ـ حافظ: خوا جەشمی الدین محمد بهاءالدین حافظی شیرازی ـ لە شاعیرە بەناوبانگەکانی ئێرانەو شاعیرو نوستاد غەزەلی سوفی‌یانەیە لە سالی 1389 زایینی‌دا کۆچی دوایی کردووە.
6 ـ الاقتباس: ضرب من الصناعة البلاغية يضمن فيه الشاعر أو الناثر كلامه شيئاً من القرآن او الحديث.
«معجم آيات الاقتباس» ـ صنع وترتيب حكمت فرح البدري.
دار الحرية 1980 ل8
7 ـ لە دەستنوسیکی دانشگای تاران‌دا کە بریتی‌یە لە دیوانی سلطان سلیم و دیوانی نالی‌و دیوانی معدوم و شیعری چەند شاعیری کوردی دی کە لە تاران وێنەیم گرتبوو.
8 ـ لە دەستنوسێك کە بەخەتێکی خۆش لەسەر کاغزی چەند رەنگی دیوانی چەند شاعیرێکی کوردو چەند بەیت و پارچەی شاعیرانی ئێرانی تیادایە، بەڵام زۆری لێ‌دراوە.
9 ـ سەیری ل285 لە کتێبی «قصص قرآن مجید» نیشابوری چاپی دانشگای تاران ـ 1347 بکە.
10 ـ ل382 ـ 390 ـ قصص القرآن ـ محمد احمد جادالمولی ـ هاوڕێکانی 1969 مصر.
11 ـ سەیری ل125 بکە ـ لە ـ قصص الانبیاء ـ عبدالوهاب النجار ـ دار احیاء التراث العربي ـ بیروت لبنان.
12 ـ 1 ـ سەیری حیکایەتی یوسف بکە لە (قصص الانبیاء ـ عبدالوهاب النجار).

هەوالنامەی کێبڕکێ

2 ـ سەیری حیکایەتی عیسی بکە لە (قصص الانبیاء ـ عبدالوهاب النجار).
3 ـ حیکایەتی (مریم)و (عیسی) لە (قصص القرآن) محمد احمد جادالمولی.
13 ـ سەیری ل126 لە قصص الانبیاء ـ عبدالوهاب النجار ـ بکە.
14 ـ أ ـ سەیری شەرحی مدرس بکە ل326.
ب ـ سەیری «قصص قرآن مجید»ی نیشابوری بکە ل16.
15 ـ سەیری «قصص الانبیاء» عبدالوهاب النجار بکە ل173 ـ 178.
16 ـ سەیری «قصص الانبیاء» محمد احمد جادالمولی بکە ل274
17 ـ سەیری شەرحی مدرس بکە ل422.
18 ـ سەیری «قصص قرآن مجید» نیشابوری بکە ل408 ـ 414.
19 ـ قصص الانبیاء عبدالوهاب النجار ل120 ـ 138 وقصص القرآن محمد احمد جادالمولی ل107.
20 ـ قصص قرآن مجید ـ نیشابوری ـ انتشارات داشگاەتهران 1947.
21 ـ دیباجەی «گلستانی»ی سعدی شیرازی ـ چاپی ـ دکتر خطیب رهبر ـ تهران.
22 ـ گنج سخن ـ در صفا ـ تهران ـ 1354 ل38.
23 ـ سەیری قصص الانبیاء ـ عبدالوهاب النجار ـ ل106 بکە.
24 ـ سەیری ـ قصص الانبیاء ـ عبدالوهاب النجار ـ ل317 ـ 318 بکە.
25 ـ قصص قرآن مجید ـ نیشابوری ـ انتشارات دانشگاە تهران 1347.
26 ـ سەیری قصص قرآن مجید ـ نیشابور ـ ل192وە شەرحی مدرس ل508.
27 ـ قصص الانبیاء ـ عبدالوهاب النجار ـ ل187 وشەرحی مدرس ل510.
28 ـ سەیری (قصص قرآن مجید) نیشابوری ل141 بکە.
29 ـ = = = = = ل193 بکە.
30 ـ سەیری (قصص الانبیاء) عبدالوهاب النجار ل127 ـ 128.
31 ـ سەیری دیوانی نالی ـ مدرس بکە ـ تاکو شەرحی ئەم بەیتە لە هەردوو بارەکەیدا ڕوون بێتەوەلات هەروەها سەیری (49)ی ئەم نوسراوە بکە دەربارەی ناوونیشانی ئەو شاعیرانە کە نالی لەم بەیتەدا ناوی هێناون.
32 ـ لغتنامە ـ دهخدا ـ تهران و گنج سخن ل336.
33 ـ ذبیح الله صفا ـ گنج سخن ـ جـ2 ـ تهران 1354 چاپی دوم ل63.
34 ـ رضا قلیخان هدایت ـ مجمع الفصحاء. چاپ تهران.
35 ـ ذبیح الله صفا ـ گنج سخن ـ جـ3 ـ تهران 2535 شاهنشاهی چاپ دوم ل40.
36 ـ رضا قلیخان هدایت ـ مجمع الفصحاء. چاپ تهران.
37 ـ کلیات صائب تبریزی ـ انتشارات کتابفروش خیام 1333 تهران.
وگنج سخن جـ3 چاپ دوەم ل111.
38 ـ رضا قلیخان هدایت ـ مجمع الفصحاء ـ چاپ تهران.
39 ـ دیوان حافظ ـ باهتمام دکتر محمد قزوینی و دکتر قاسم غنی ـ تهران.
تکایە بۆ بەیتەکانی حافز سەیری دیوانی حافز بکە.
40 ـ مثنوی ـ جلال الدین رومی (مولوی) ـ چاپ لیدن.
41 ـ رضا قلیخان هدایت ـ مجمع الفصحاء ـ چاپ تهران.
جگە لەو کتێبانەی لە پراوێزەکەدا ناویان هاتووە سەیری ئەم کتێب و سەرچاوانەی کراوە.
42 ـ دیوانی ـ خواجه شمس الدین محمد حافظ شیرازی ـ محمد قزوینی و دکتر قاسم غنی ـ تهران.
43 ـ گنج سخن ـ جلددوم ـ دکتر ذبیح الله صفا ـ انتشارات دانشگاه (1354) تهران.
44 ـ گلستان ـ سعدی شیرازی ـ بکوشش دکتر خلیل خطیب زهیر ـ 1344 تهران.
45 ـ حدایق السحر في دقایق الشعر ـ رشید الدین وطواط ـ عباس اقبال ـ طهران.
46 ـ قصص الانبیاء ـ عبدالوهاب النجار ـ دار احیاء التراث العربي ـ بیروت.
47 ـ قصص القرآن ـ محمد احمد جادالمولی ـ محمد ابوالفضل ابراهیم ـ علی محمد البجاوی ـ السید شحاته ـ مصر 1969.
48 ـ ڕەخنەسازی ـ دکتور کامل حسن عزیز البصیر ـ 1983 بغداد.
49 ـ قصص قرآن مجید ـ تفسیر ابو بکر عتیق نیشابوری ـ انتشارات دانشگاه تهران 1347.
50 ـ أغانی شیراز ـ ابراهیم امین الشواربی ـ الجزء الاول الطبعة الاولی 1944.
51 ـ أغانی شیراز ـ ابراهیم امین الشواربی ـ الجزء الثانی الطبعة الاولی 1945.

هەواڵنامەی کتێب

جزیری

هێزا ژێکەڤتنا.. بخۆ- بخۆ

صدیق حامد

(مە ژ سەر چەشمەئێ حەیوان قەدەحەك صافی ڤەخوار ناگەهی لەذذەت و ذەوقا مە ب صەد جلدی کتاب) هێزەکا نەبەرە چاندیە دزاخا مرۆڤاتیێدا چاندنەکە سەخبێر وەمستێ پالدانێ پێ‌ڤێبە تاکو شین دبیتێ و بەرهەمی ددەت.. هەلبەت.. بەرهەمێ چاندنێ کۆلان و ئافدان بتنێ تێرا ناکەت ة (سەد جلدی کتاب) ئەگەر تۆڤك دناف ئاخێ دا نەبیت (قەدەحەك صافی)...

«پاکترین توخمێ کەسا ئەون بێد کو ئافا گەهشتنێ تێ گەریای بهێزا ڤێکفتنا ژنافدا بخۆ- بخۆ- تاکو شیرڤەبووین ژڤەرێزا پیر و ماموستا ..و پاشی وێ هێزێ ئەو دورست کرین». (1)

دەریەتێ (حال)ێ جزیری پێشکێش دکەت ژ ڤێمشکرن (ذوق)و گەزەبا... بەرهەمێ ڤەخوارنا (قەدەحەك صافی)بو.. ئەوە یێ کو نە ئێتە ستاندن برێکا خوانەنا گەلەك پەرتوکا و بەس... ئان بوەرگرتنا نامەیا خواندێ بلندو بەس ..گەلەك ئومێد وئامانجێد هەین..

زانینێ گەلەك قوناخ هەنە ونائێنە برین ئەگەر ژیری و پێزانین دگەل نەبن... پێلا کەزەب و ڤێمێشکرنێ لێ نە دەت.. درویبارێ (سەر چەشمەئێ حەیوان).

جزیری ..چاڤ دکەتە رێکا نایەتی... و ئاشکەرا، دکەت دبێژیت:

«.... قەدەحەك صافی ڤەخوارە.

مەبەست مە ئەوە ...ئانکو تانونیا مە ئەوە بزانین کانێ ئەڤ قەدەحە چنۆڤ بیرە - ماموستا - کو لسەر رویێ ڤێ برونێ هند دلێ ژەنگی بهوسیت تاکو روون و رەوشەن دبێت ئێدی گولبینێ بکەت نە ژگوهارا. دیتنێ بکەت نە ب چاڤا.. بەلێ ...نەبەر (غیب)و راستەکی دنەینکا دلی دا وێنەبن. هێزا ڤێکەفتنا بخۆ- بخۆ.

هەوالنامەی کۆڵین

ئەڤە دەسکاتیا هندەك زانایێد ئافبانگەو بیرو باوەرێد وان لەگەل ڤی رەنگی (قەدەحێ). کو . . وان ژی هاریکاری «یا پێ کری تاکو گەهشتینە ئامانجێد خۆ . . . چ «لەذەت و ذەوقێ» . . چ بەرهەمێ هەر زانستوکا دی . ژوان زانایا:

1 ـ ئیمام غەزالی:

دەرکەتنا ئیمامێ هێژا (غەزالی)ژ بەغدا بۆ شامێ سالا 448 مشەختی . وماموستایا خواندنگەها (نظامی) هێلایی ئەو بخۆ دبێژیت: «خودێ زمانێ من کلیلدا تاکو گرێدا ژ دەرس گوتنێ ئێدی نەشیام ئێك گوتن پێ باخڤم من بزاف دکر تا کو دشیام رۆژەکێ نە، ئێکێ دەرسا بدەم ژبەر داخوازا شاگرد و برادەران پاشی ئەو گرێدانا زمانی لمن بوو کۆڤان و کەتە دلی . . ڤێجا خوارن و ڤەخوارن لمن نەهات و ئێك جار ئەز ژێ بووم» تاکو دبێژیت:

«خەلکی گوت ئەڤە فرمانەکە لسەر دلێ وێ هاتیە خوارێ.»[2]

چۆ شامێ و هاتە ڤەبرین ژخەلکی و کەتە خەلوا و دیسا دبێژیت: «دوان خەلوان دا ،هند قەدەر زانین وتشت ل بەر من ئاشکەرا بوون کوژبلی خودێ کەس نەشێت ژمارو گوتنێ ژێ بکەت.»[3]

باشە . . . . بوچی بوێ فێربوون و زانینا کو ئەو تێدا بەرێ ب رێ نەدکەت؟! بۆ ئێگەهشتنا وێ زانین و ڤێکەتنا وان تشتێد نوی بدەست کەتین . . بەلێ . چوو و قەستا خواندنا (قەدەحا صافی) کر دا کو بگەهتە (لەذەت و دەقا)

2 ـ ولیەم مولتون مارستن:

دبێژیت: «رویەرێت ژینا خۆ وەرگێرە و ل سەرهاتیێد خۆ بزڤرە دێ ب بینی سەرفەرازترین کارێد سەر نەرا بورین ئەون کو ژ کویراتیا تە بۆ تە هاتینە گوتن.»[4] ئەڤ کویراتیە ئەوە یا کو نە کەفتە بن مانێ کێشان و پیڤانێ دا کو بشێی وەربگری ب رێکا زانیاری . . ئانکو گاهێد زانینێ ڤەبرن.

3 ـ فردریك گرانت:

شەڤەك رابوراند سالا 1920ز رابورتەك لسەر نساخیا (سکری) ئامادە دکر . . تا دبێژیت «ئەز پێڤە وەستیام و چووم نڤستم . . . دەمژمێر دوازدەی شەف . . ژنیڤ شەڤ پێدا من خو وەردگێرا دناڤ جهێد خودا من گوهـ لخۆ بوو کو سێ تشت بێد بۆ تێنە گوتن ـ دناڤ بەینا خەو نڤستنێ دا هەر وێ گاڤێ ئەز رابووم من هەرسێ تشت نڤیسن»[5]

ئەو تشت ژی ئەڤەنە:

أ ـ رۆژنا شرین (غدةالحلو) یێ سەی، رەکا وی گرێدە،

ب ـ شەش هەتا هەشت ئەنیا خو لێ بگرە.

ج ـ هەمێ ژێ هلکێشەو دەرمانێ نساخیا (سکری) ژێ چێکە ئەڤ دەنگێ هاتیێ ئێکا هندکر تاکو (ئەنسولین) ئینایەدەر بۆ ڤێ ئێشێ.

4 ـ فۆن هلمهلتز:

ئەڤ زانا دبێژیت:

«ئەو هزرێد پیرۆز ل من دبارین . . . بێ من . . . بێ ئەز وەستیانێ پێ بدەم دارێتنەك بوو چوجارا نە لهزرا من بوون د دەمێ بیرو هزرێد من دەوستیای ـ برێکا خواندن و لێکولینێ ڤە ـ ئان ژی دهاتنە رەشاندن لمن وەکو ئەز بێ مژویل دبەرتوکخانا خۆ ڤە.»[6]

5 ـ ئلکسیس کاریل

«براستی ئەو بەرهەمێد مەزنێد زانیاریێ نە ژکاری تێ گەهشتنێ بنێ یە چنکو زانایێد مەزن بەرامبەر ڤێ تێگەهشتنێ و تێبینێ هێزەك دی ژی هەیە، کو های ژێ بوون»[7].

دیسا دبێژیت:

«بمەڤە نائیت وی ئامانی چێکەین یێ کو سەرفەرازیێ بکەینێ و مرۆڤا پێ خەلاتکەین»[8].

هەواڵنامەی کێتێ

ئیدی . . .ژگوتنێد ڤان زانایا «سەرفەرازترین کار ئەوێد ژ کویراتیێ هاتینە گوتن» دیسا: (ڤیکەفتنا دەرمانێ ئەنسۆلین) دیسا: (ئەو هزرێد پیرۆز) دیسا: (های ژێ بوون)و (ئامانێ سەرفەرازیێ) . . . ئەوە (قەدە حەك صافی) یە یا کو جزیری ژی هوسا ڤەخواری و گەهشتیە (لەذەت و ذەوق)ێ . .پاشی هندیکە ئەڤ هێزیە ناکەفتە بەر توخیبێ کێشان و پیڤانێ . .دەمێ هەرکەسەکی ریکەك، تایبەتی لێ هەیە ڤیجا ئەو تشتێ کێشان و پیڤانا وی نەبیت دبێژنێ: مە هوسابهیستیە ئان هوسا هاتیە بهیستنێ (سماعی) . . جزیری دبێژیت . .

(رەمزو رازێن (نەیێ)و(نایێ) سەماعینە هەمی

ژ مەحالە تە بعەقلێ خۆ بزانی ژ قیاس)

دیسا دبابەتێ مە دا ـ ئەڤی ـ جزیری هەیە:

(ڕێ دکت مەغلەطە هەر دەم ل حەریفان ب جەدەل

ب دو جامان ڤەدخون سیرەتێ ئەبیەض وسواس)

(دەستێ گێری تە نەبت (خدر)ی عنایەت ل قەدم

نا گەهی ئابێ حەیاتێ ب دو عەسکەر ئلیاس)

چ (سەماعی)نە . . ئەگەر کێنجا (قەدەحەك صافی) نەبیت ژمەحالە تو ب ژیرێ (عەقل)ێ سادە بزانی ژ (قیاس) دیسا: دوو جام ڤەدخون پێك: ریکا زانینێ یا کو نوکە دبێژنێ (ئەکادیمی) کو (دەستێ گێری) ئان (قەدەحەك صافی) . . . جامێ دووێ (ئابێ حەیاتێ) . .(قیاس) . . .(لەذەت و ذەوق).

ل دویماهیکێ مە دڤیت بەرێ خۆ بدەینە هندەك گوتنێد (ئیمام عەلی) سلاڤێد خودێ لێ بن ئو بەرامبەرکەین ل گەل یا مە گوتی. ب شعر دبێژیت

«من دیت ژیر دوو ژیرن

ژیرێ (چاندی) و بێ (هوساهاتی)

بێ (چاندی) ئەگەر نەبیت

بێ (هوسا هاتی) ب کێرنائیت

هەر وەك تیرۆژ ب کێرنائیت

گەر تاڤ ژچاڤا گرتی بیت»[9]

سەیدایێ هێژا (غەزالی) ڤان گوتنێد (ئیمام عەلی شروڤە دکەت و کورت دبێژیت: «بهێزا ژیرێ (عەقل)ێ چاندی زانایێد پێ ئێ قازانج . .ژێ تێگەکرن ل دان و ستاندنێد زانینێ دا»[10] دیسا دبێژیت «ئەڤ زانینە هەر وەکو دڤەشارتینە دازاخا مرۆڤاتی دا . . .دەردکەڤنە هەبوونێ هەر دەمێ ئەگەرەك لێ پەیدا دبیت کو دەربخیتە بوونێ، دێ بێژی ئەو زانین تێدا نڤستی بوو ،و پاشی دەرکەت».[11]

ب ژیرێ چاندی بێ (سەماعی) راگەهاند داکو د ڕەمز و رازێد (نەی و نایێ) بگەهیت. . دابکەهتە (لەذەت وذەوق) ب ڤەخوارنا قەدەحا صافی نە ب بارێد پەرتوکا . .بگەهتە ئاڤا حەیاتێ ب دەست گێریا (خدر)ی نە ب دوو عەسکەرێت ئەلیاس. .

ژێدەر و پەراوێز

ابو حامد الغزالی	(1)	المنقذ من الضلال
ابو حامد الغزالی	(2)	احیاء علوم الدین جـ 5
ابو حامد الغزالی	(3)	احیاء علوم الدین جـ 5
عبدالرزاق نوفل	(4)	عالم الجن والملائکة
عبدالرزاق نوفل	(5)	عالم الجن والملائکة
عبدالرزاق نوفل	(6)	عالم الجن والملائکة
عبدالرزاق نوفل	(7)	عالم الجن والملائکة
الکسیس کاریل	(8)	الانسان ذلك المجهول
ابو حامد الغزالی	(9)	احیاء علوم الدین جـ 1
ابو حامد الغزالی	(10)	احیاء علوم الدین جـ 1
ابو حامد الغزالی	(11)	احیاء علوم الدین جـ 1
محمد نوري	(12)	دیوانا جزیری چاپا

زاناو هزرڤان پروفیسور حاجی جندی

پێرانی ئالیخانی

پرۆفیسور حاجی جندی ل 1908/3/18 یی ل گوندێ [زامان شێرێ]ل دەڤەراقارس ل کوردستانا تورکی‌یا هاتی‌یە سەر دونیایێ. ئەڤ زانایە یێ د خێزانەکا جوتیارو رەنج کێش دا مەزن بوی.. نەمازە بەری بگەهیت دژیێ سێلیێ‌دا (مراهق) دایك و بابێن وی دمزن «ما ئیتیم و سێوی».. ژ نەچاری‌یا خو هەیامەکێ شڤان کاری کری‌یە.

د سالا 1918ێ‌دازانایێ مەزن پرۆفیسور عەرەبێ شەمو ژلایێ خوڤە دانا خاندنگەهێ ـ یانکو رێڤەبرناوی ب خوڤەگرت ـ ئەڤژی نیشانەکە ل سەر دلسوزی‌یا عەرەبێ شەموی بو نەهێلانا نەخوێندەواریێ و پوتپەدان ب چینا هەژاران ئەڤژی کەنگی ـ پشتی شورەشا ئوکتوبەرێ ب سەرکەتی 1917ێ.

شەهسواری رێکا راستیێ حاجیێ حندی:

مینا مەگوتی دایك و باب نەمان.. مابێ خودان لەورا ژدل مل ب خاندنێ ڤەناو دویر هێڤ کرە پاشەروژێ.. هەروەسا گشت زانایین کوردین سوڤیتی مینا یێکێ خێزانا خو پەروەردەکر ئەڤژی بو بناس کو بەرێ حاجی بکەڤیتە رێکا باشیێ یا رەوشەنبیریێ.

شیا هەمی کاودانان (ظروف)و هەمی ئاریشان (مشکلة) ب هێزو باسکین خو د توزێ بگەڤزینیت.

دسالا 1930ێ‌دا، کولیژا وێژەیاو زمانان (کلیة الاداب) بدویماهیك ئینا ل زانکویا میری‌یا یەریڤانێ (جامعة یریڤان الحکومیة). پشتی وێ پێشکێشی دوکتورایێ کر ئو ل سالا 1940ێ شاهەدناما دوکتورایێ وەرگرت ب بابەتێ (کەروکولوکا) لسەر داستانا کوردی‌یا بناف و دەنگ ـ سلێمانێ سلیڤی ـ کوداستانەکا بناف و دەنگە ل ئەڤایا کوردستانێ.

دەمێ دبێژن حاجیێ جندی ئەم ب سڤکی وەردگرین، ئەم نزانین کوجهەکێ بلندێ داگیرکری ل یەکێتی‌یا سوڤیێتی، ئەڤروکە ستێرەکا گەشەد ئاسمانێ تورێ کوردی‌و جیهانی‌دا ئەڤ شەهسواری مەیدانا تورێ کوردی ژبلی ب مامۆستایی دهێت هژمارتن. ل 1955/10/26ێ هاتە هەلبژارتن ب مەزنترین وێشکەڤتی ترین ڤەکولینەر ـ باحث ـ ل ئاموژگایا روژهەلاتنا ـ سان.

بەلێ پشتی نامە دکتورایێ‌و وەرگرتی، بو مامۆستایێ کولیژا وێژەیا دماوێ (19) نوزده سالین رەبەق دا، یانکو دسالا 1940 ـ 1959ێ پشتی زانینا دکتور حاجیێ‌جندی لبەر هەمی زانایان خویا بوی هەلبژارد بو سەروکێ پشکا کوردی، دهەمان ئاموژگادا.. ئەڤ زانایە نەهەر ئەڤیندارێ کورسیکێ‌بو.. بەلکی ئارمانجا مەزن ددلێ‌وی‌دا ئەویو، کوکوردین سوڤیتی ژ چنەبێ بگەهینیت ئاستێ جیهانا سوڤیێتی تێدا دژیتن، پلا زانستی بلندکەتن، هەژاران تێ بگەهینیت، نە خوێندەواریێ نەهێلیتن.. چنکی ل جەم وی تشتەك خویا بو کوهەمی کەس دشێن پاریەکێ نانێ رەقێ بەرمنەت بخون.

ل 1964/3/14ێ پێشکێشی دکتورایێ کرەڤە، ئو ل 1966/4/21ێ شاهەدناما (ناووك ـ العلوم) وەرگرت و شنوی ب پرۆفیسوری هاتە هژمارتن.

زمانەوان و فولکلورزانێ مەزن حاجی‌جندی ل گەلەك جهان وانین گوتین شاگردین کوردان، ج ل دەڤەرا ـ منطقة ـ پشت ڤەقاسیا ج ل یەریڤانێ‌و ئەرمەنیاو ج ل لینینگرادێ.. دهەیامێ مامۆستایی‌دا گەلەك ڤەکولینین ب هێزو پربها نڤیسان. لسەر زمان و دویروك و رەخنەو هۆزان و چیرۆك و فولکلورو کەلەپورێ

هەواڵنامەی کێبڕکێ

کوردی ژ وان گوتارین پرمفا هژماراوان دگەهیشە پتر ژ (50) پێنجی گوتاران.. بەلێ ئەوێن گەلەك پوپتەدایێ ئەوبون بێن لسەر یەك گرتنا مللەتی و کومارا ئەرمەنستانا سوڤیێتی نڤیسابن - ژبلی وێ چەندێ هەیامەکێ - مدة - کارێ روژنامەگەریێ کریە، جارا بیکێ ددەستەکا نڤیسە ڤانێن روژنامە [ریاتازە]دا کارکریە.

زانایێ مە هەر د بچویکاتیا خودا دوهەڤالێن بەرامبەری خو دینن.. ئەوژی ئەمینێ عەڤدال [1906 - 1964]، جاسمێ جەلیل [1908 - ..] بنایەتی ژی دگەل ئەمینێ عەڤدال کو بەر پسیارێ هەمیان عەرەبێ شەمو بو، ئەڤ نڤیسەڤانێن هەبون بوینە سەنگەر دریکا فولکلورو کەلەپوری کوردیدا بو سەرئاخەکا هشك و بەهی. هەرئەڤ نڤیسەڤانەبون بوینە رەنج کێش و لدویڤ گەروکێن فولکلوری.

نڤیسەڤانێ مە پشتی قام ژ دونیایێ کری بو ئەڤیندارو ژدل مل پێڤەنان و ژ دویڤنە بو ئو براستی ل ئەڤ کوردستانێ بەکێ دن مینا نڤیسەڤانێ ناڤ بری نەبویە بو ل دویڤ گەریان و ساخ کرنا فولکلورو کەلەپوری کوردی - ئەوێن هەزارەها خاسیەتێن مللەتی کوردێ هەژار پاراستین لەورا ب زانایێ فولکلورێ کوردی دهێت هژمارتن.

دبەری سالێن سیهێدا مینا ئەڤیندارەکێ شەیدا رابو بناڤ گوندا کەت، لدویڤ پیرەمێرو فولکلور زانێن کوردان گەریا. بو.. جەمانەدنا ستران و لاوك و حەیران و گوتنێن پێشیان و بەیت و داستانێن کوردی.

دسالا 1930ێ کوردێن مشەختێن سۆ - ڤیتیێ لیژنەك پێك ئینا بو لدویڤ گەریانا فولکلورو کەلەپوری کوردی دماوێ سێ سالادا.

یانکو دسالا 1930 - 1933ێ ئەڤ نڤیسەڤانە پشکداربون: حاجی جندی، جەردۆئێ گەنجو، کاروزەکەریا. لێ سەروکێ لیژنێ سەیدایێ بێڤەهاتی «ئاستور خەجەتوریان» بو. هەرچەندە بێن دلیژنێدا ئەڤەبون لێ هەر شەیدایێ فولکلوری ئەمینێ عەڤدال یێ دگەل دا بو، میناوان ل دویڤ دگەریا. لەورا هەردسالا 1936ێ جاجیێ جندی پشکداری دگەل ئەمینێ عەڤدال نقشەك ژ فولکلوری چاپ کر (گوتنێن پێشینان).

ئەڤ بریارە نەهما یاسەرپلکی بو بەلکی دێ شیم بێژم مینا هێلا مازیا بو، چنکی پشتی ڤێ بریارێ پوپتەدان ب فولکلوری هەریەك ژلایێ خوڤە بو ئەڤیندارێ پەیدا کوردی، تەل بونە ریڤینگە و ل دویڤ فولکلورو کەلەپوری گەریان براستی کارەکێ زورێ پیروزە.

ژ بلی ڤێ چەندێ کو نڤیسەڤانێ مە مشە گوتارێن پربها لسەر فولکلورو کەلەپوری نڤیسان و بەلاڤ کرن مینا: دەنگێ ئارەمانی ئازایەتی یا کورمانجی یێ ئەرمەنستانا سوڤیێتی دفولکلوریدا، فولکلورێ کورمانجێ سوڤیێتی، مار- الاکادیمی - و کوردولوجیاو گەلەکێن دن.

ل دویڤ گەریان و پوتیەدانا جاجیێ جندی نەهەر کومکرنا فولکلوری ب تەنێ بو بەلکی ریك ڤەکر بوگەلەك نڤیسەڤان و روناکبیرێن دن بو نڤیسانێ، هەروەسا بو ریکێش بەرێ گەلەك دلسوزێن دن مینا: زانایێ مەزن پروفیسۆر ئەناتێ کوردویڤ، هۆزانڤان و فولکلورزان: جاسمێ جەلیل، وەزیرێ نادر، یوسفێ بەکو، چیروك نڤیس جەردویێ گەنجو، هەروەسا جەلیلا جەلیل و نوردیخانێ جەلیل و سیامەندوڤ.. ژبلی ڤێ چەندێ ئەڤ تورەڤانە جبنە ژیدەر بو دویروك و فولکلورو شورەشا تورێ کوردی یاهەژێ گوتنێیە بێژم حاجیێ جندی پتر ژ (17) هەڤدە نڤشتا لسەر فولکلوری هەبون د بەری سالێن هەشتیێ دا.

پروفیسۆر حاجیێ جندی ژبلی فولکلوریو بزاڤا پێشکەڤتنێ گەلەك خزمەتا زمانێ کوردی یاکری ژبو دانانا خویەکێ دروست بو ریزمان و زمانێ یەکگرتیێ کوردی، ب شیوازەکێ زانستی، کو هیشی یا دوێ بو لەجەم نڤیسەڤانی پشتی فولکلوریو بەلاڤکرنا خاندنێ. لەورا شیا هەر دسالا 1932ێدا نڤشتەکێ لسەر ریزمانا کوردی ب زمانێ ئەرمەنی چاپ بکەت بناڤێ [میتودیکا زمانێ کورمانجی)و هەمان سال دا نڤشتەکا دن چاپ کر بناڤێ [کتیبا زمانێ کورمانجان] بو شاگردێن نافنجیێ. ژبلی وێ چەندێ کوچەند نڤشتەك لسەر ئەلیف با کوردی نڤیسابن و داینە چاپ کرن.

هەولێرنامەی کتێب

دکتـور حاجیێ جندی ب یێك ژ داهێنەرێن شورەشا تورەیی دهێت نیاسین، ب یێك ژ نڤیسەڤانێن جیهانی د هێت هژمارتن. گەلەك دگەل چینا هەژاران ـ چینا بروليتاريا ـ ب ریڤە دچیتن، دگەل بیرو باوەرێن مللەتێن جیهانی پێ دگەهن ئارمانجان [بیرو باوەرێن کومونیزمی].

ـ [8 ـ 14] تیرمەها سالا 1934ێ کونگرلیسەك مەزن هاتە گرێدان ل بەریڤانێ، بابەتێ وان (پێ ئاخفتنا وان) لسەر کارو خوێندنا کوردی و پوتەدان ب پێشکەفتن و ساخ کرنا زمان و نڤیسانا کورمانجان ل یەکێتیا سوڤیێتی.. نەمازە چەند گوتار نڤیسان لسەر بابەتێ کونگریسێ.. مینا: پرۆفیسۆر قەناتێ کوردۆ [رێ نڤیسارا زمانێ کورمانجان]، ئەمینێ عەڤدال [بناغا رێزمانا کورمانجێ قەفقاسیا]، حاجیێ جندی [رێکا پێشکەفتنا زمانێ ئەدبێ کورمانجێ سۆڤیێت]و گەلەکێن دن. حاجیێ جندی (8) هەشت نڤشت هەتە لسەر زمانێ، (3) سێ لسەر فیربونێ بو خاندنگەهان.

ل (29)ێ ئیلونا هالا 1958ێ نڤیسە ـ ڤانێن کوردان کومیتەك دن گرێدان ل کتێبخانا رۆژ ـ ناما [ریا تازە] ـ 1930. بابەتێ ڤێ کومیتێ لسەر شاعرو نڤیسەڤانێن کوردان بوو ـ بو رێکا پێشکەفتنێ دڤێ کومیتێدا (6) شەش نڤیسەڤانێن خودان جهـ پشکداربون ژوان پرۆفیسۆر قەناتێ کوردو، حاجیێ جندی، ئەمینێ عەڤدال، یوسفێ بەکو، جاسمێ جەلیل، قاجاغێ مراد، ژ بلی هژمارەکا دن یانڤیسەڤان و روناکبیرێن کوردان پشکدار بوین ب سەرکاتی یا زانایێ مەزن پرۆفیسۆر عەرەبێ شەمو (1897 ـ 1978).

ل رۆژا یێك شەمبی ل 1960/8/9ێدا کونگریسا رۆژ هەلات زانا با (25) بیست و پێنجێ هاتە گرێدان ل باژێرێ موسکو ب تەڤکاریا کەنکەمێ جاخێ بیستێ پرۆفیسۆر قەناتێ کوردو، ڤێ کومیتێ (9) نەهـ رۆژێن رەبەق کێشا ئویا هەژی گوتنێیە بێژم کو (2500) دو هەزارو پێنج سەد نڤیسەڤان و زانایێن جیهانێ ژ (60) شێست وەلاتان پشکداربون، ژ بلی هژمارەکا خوێندەڤانان. ژوان پشکداران پرۆفیسور جاجیێ جندی وئەمینێ عەڤدال ژ بەریڤان هاتن [بو بەریسیارا کوردێن سوڤیێتی]. حاجیێ جندی ژوان کەسان بو یێن گەلەك گەنگەشە لسەر رێزمان و زمان و نڤیسەڤان و توری کری دکونگرێدا. ژ بلی چەند رایەك دبارکرین.

ئەڤە و چەند نڤشتەك لسەر رێزمان و زمانێ کوردی دەرێخستین. گشت نڤیسەڤانێن سوڤیێتی پرێتیا دایە گوهرینێ مینا گوهرینا کارێن [کارل مارکس، تولستۆ، خ ئابو ڤیان، لینین، ستالین، گورکی، تومانیان.. هـ. د. لەورا جاجیێ جندی ژ گوهرینەرێن شارەزاو ب ئەژەن دهێتە هژمارتن. لەورا شیا هنەك بەرهەمین پربها بگوهریتە سەر زمانێ کوردی مینا گوهرینا کارێن [تومانیا، ئیساکلیان، هوفی، س. جارنیش] وگەلەکێن دن.

پرۆفیسور حاجیێ جندی هژمارەکا هوزانێن تەرو نازك و ب چێژ یێن نڤیسان، یانکو دەستەکێ بەرفرەهێ د هوزانا کوردی دا یێ هەی، هەر وەکی (تومابوا) دنڤشتا خویا [لمحة عن الاكراد]دا، دبێژیت:

[خـویەمێن هوزانـا کوردیـیـا سوڤیێتی سێ شاعـرن، یێـك: حاجیێ جنـدی، دو: ئەمینێ عەڤـدال، سێ: جاسمێ جـەلیل]ن. ئەڤـە بومـە هوسـا خویـا دکەن کو نڤیسـەڤانێ مە یێ دهوزانا کوردیدا سەرکـەتیـبـو بەلێ.. بەلکی پتـر دل لسـەر زمـانی و نولکلوری کەلەپورێ کوردی و بزاڤا تەناهیێ هەبت.

پرۆفیسور حاجیێ جندی ئەندامە د ئەنجومەنیا بلندا ئاموژگایا رۆژهەلاتناسان ل ئەکادیمیا زانیاریا ئەرمەنیا، هەروەسا ئەندامە ل ئاموژگایا ویژەیاو زمانان ل یەریڤانی یا هەژی گوتنێیە بێژم کو ب هەلکەفتن و بورینا حەفتێ سالا ب سەربونا زانایێ کوردێ مەزن یان وەکی ب شێوزازەکێ دن ددەنێ.. یوبیلێ ـ الیوبل السبعینی ـ ل رۆژا 1978/3/18ێ هاتـە گرێـدان ل ئاموژگایا ئەرمەنستانێ، ئو ب ڤێ هەلکەفتنێ پتر ژ چار سەد (400) نڤیسە ڤان و روناکبیرێن کوردان بەرهەڤ بیون ل ئاموژگایا بەروەردەیا وەرزشی. ژ بلی چەند بریسکێن «برقی» دلخوشیێ ژ ئاموژگایێ بوبچن.. بریسکەك هاتە هنارتن ب ناڤێ شاکردێن کوردان ل باژێرێ لینینگرادێ.

ئەڤ شەهـسـواریٰ مەیـدانـا تورێ کوردی، مەیدانا زانیاریێ.. هەر ژ ژیێ سێلیێدا «مـراهق» ئو هەتـا نهـو دژیێ پیـراتیێدا یێ بەردەوامە لـسەر بزاڤ و کویرهێف کرنا پاشە روژێ و پێشکەفتنا مللەتێ کورد.

یاهەژی گوتنێیە بێژم کو حاجیێ جندی دبەری سالا 1972ێ

ئوەتا نهو ئەندامە دکوری زانیاری کوردیدا ل عیراقی [العضو المؤزر]. هەتا نهو ژ (50) پێنجی نشتا پتر یێن هەین لسەر زمانی و دویروکێ و گوهرینێ و زانستی و فولکلورو کەلەپورێ کوردی.

ئو هێشتا یێ بەردەوامە دفی ژیێ (76) سالیێدا، ئەڤەنە نڤیسەڤان.. ئەڤەنە زانا.. ئەڤە نە یێ ب دروستی بهایێ پەیڤێ دزانن رێز گرتنامن بو هندەنڤیسەڤانان، بەلێ یاهێشتا نشتەك نە چاپکری خوب شەهسواری دئینندەر، باشە پا بو ڤان نڤیسەڤانان چ دبێژن؟!!. یێ گومان شەهسواریو کەنکەنایەتی و زانستی یا بەرهەمێن ڤی خوش مروڤی جهێ شانازیێبە بوهەمی ئەڤیندارێن پەیڤا کوردی. [گوتارادیبا بەرهەڤ لسەر... کەنکەنێ چاخێ بیستێ دق. کوردو.

چەند بەرهەمێن نڤیسەڤانی: -

1 ـ گگور: ـ ژ ئەرمەنی ژ نڤیسینەکا (تومانیان و هۆڤ هانی) کریبە کوردی، دگەل ئەمینێ عەڤدال ـ بەریڤان/ 1932.
2 ـ بەیراڤا سور: [سروود] ـ بەریڤان/ 1932
3 ـ عەمرێ ئەزە: [هەر بو خاندنگەهێ] ـ بەریڤان/ 1932.
4 ـ سەرهاتیا جاسم: ژ ئەرمەنی بوکوردی، دگەل ئەمینێ عەڤدال ـ بەریڤان/ 1931.
5 ـ میتودیکا زمانێ کورمانجا: بەریڤان/ 1932.
6 ـ شروڤە کرنا ئنقلابا سالا 1905یێ: بەریڤان/ 1933.
7 ـ کولخوزڤانێ دەربدار: [ئەلیفبایە] ـ بەریڤان / 1933.
8 ـ تراخوما: دگەل زەینەڤونی، ژ ئەرمەنی کربە کوردی ـ بەریڤان /1933.
9 ـ سلامەتیا ژنا: [گوهرین] ـ بەریڤان/ 1934.
10 ـ ریا تازە: [گوهرین] ـ شانۆیە ـ بەریڤان/ 1934.
11 ـ مەمێو عەیشێ: گوهرین ـ [فلکلور] بەریڤان/ 1935.
12 ـ عەڤراندنا نڤیسکارێ کورمانجا: بەریڤان/ 1935.
13 ـ دریکا دەولەمەند بونێ دا: گوهرین [شانۆ] بەریڤان/ 1935.
14 ـ کلامێ جماعەتا کورمانجا: [فولکلور] بەریڤان/ 1936.
15 ـ نڤیسکارێ شێورێ ئەرمەنیا: [ئەدەبیات] بەریڤان/ 1936.
16 ـ سڤا ئەزە: [سەرهاتی] بەریڤان/ 1947.
17 ـ فولکلورا کورمانجا: دگەل ئەمینێ عەڤدال، داستان:
دەرویشێ عەڤدی، دمدم، زەمبیل فروش، مەمێو عەیشێ، سیامەندوخەجێ. ستران:
بێریڤانێ، ئەلەگەزێ، لۆلۆ لاوکۆ..،
کلامێ گوڤەندێ: گولێ هەیناز، عەدلی.
حکایەت: کورۆغلی، ئەوئەزم، ئەز ئەزم، بەریڤان/ 1936. 664 روپەل،
18 ـ ئەلیفبا کتیبا کوردی: بەریڤان/ 1937، (2) هژمار.
ئەلیفبا کتیبا کوردی: بەریڤان/ 1946.
ئەلیفبا کتیبا کوردی: بەریڤان/ 1951، 132 روپەل.
ئەلیفبا کتیبا کوردی: بەریڤان/ 1957، 96 روپەل.
19 کەروکولوکا ـ سلێمانێ سلیڤی ب زمانێ ئەرمەنی، کورتە شاهەدناما دوکتورایێ ـ بەریڤان/ 1947، 247 روپەل.
20 ـ فولکلورێ کورمانجا: تومارو فەروز ـ بەریڤان/ 1947، 260 روپەل.
21 ـ کریستومانیا لیتاتوریو زمانێ کورمانجان: دگەل جەردوێ گەنجو ـ بەریڤان/ 1937.
22 ـ کورئوغلی: [داستان] گوهرین ـ بەریڤان/ 1954 [240] روپەل.
23 ـ زمانی دی: بەریڤان/ 1948.
24 ـ زمانێ دی: بەریڤان/ 1953.
25 ـ زمانێ دی: بەریڤان/ 1955.
26 ـ چەکداریێ کومونیزمی: بەریڤان/ 1954.
27 ـ شڤانێ کولخوزی: بەریڤان/ 1954.
28 ـ جڤیکا سەرهیلونێ: بەریڤان/ 1954.
29 ـ ئەدەبێ کورمانجا: بەریڤان/ 1954.
30 ـ عەمویێ کورمانج: [چیرۆك] گوهرین ـ بەریڤان/ 1955.
31 ـ عەدلایێ: بەریڤان/ 1954.
32 ـ فولکلورێ کورمانجا: بەریڤان/ 1957. (300) روپەل.

هەڤالنامەی کتێب

33 ـ بەراهی و فەروزا نقشتا (مەم وزین)ە بەریڤان/ 1956.
34 ـ بو سوێ خوێ گوتناخوە: بەریڤان/ 1957.
35 ـ سوڤیتیکا هایاستان: بەریڤان/ 1957.
36 ـ حیکایەتێد جماعەتا کورمانجا: بەریڤان/ 1959.
37 ـ ئەفسانێد مللەتێ کورد: ئوسارو بەراهی ب زمانێ کوردی: بەریڤان/ 1969. 243 روپەل.
38 ـ کورتە ئەدەبێ کورمانجا ل ئەرمنیا سوڤێت: بەریڤان/ 1970.
39 ـ روستەمێ زال: ب زمانێ روسی. سالا (1977) گوهەریە زمانێ کوردی ـ بەریڤان.
40 ـ فێرهەنگ: کوردی ئەرمەنی ـ روسی: بەریڤان/ (؟).

فەروز: ـ
1 ـ (تومابوا) دنقشتا خویا (لمحة عن الاکراد)دا دبێژیت: حاجیێ جندی ل سالا (1906)ێ بێ هاتی سەردنیایێ بەلێ یالەنگە درستاهیاوێ دئادارا (1908)ێیە.
2 ـ پێکەمین ژمارە ژ روژنامە [ریاتازە]، یا ل سالا 1930 ل بەریڤانێ دەرکەتی جارا بێکی ژچار بەرپەرا پێك دهات، هەر هەفتێ دو هژمار ژێدەر دچون، هەرجار ژی هەڤدە هزار دانە چاپ دکرن. سەرنڤیسەرێ وێ بو جارا بێکی، عەرەبێ شەمو) بو. دەستەکا نڤیسەڤانان: پرۆفیسور حاجیێ جندی، نوریێ ئەسەد، شاکرێ خدێ، شەرەفێ چەچان، قاچاغێ مراد.
3 ـ دەمێ کونگریسا روژهەلاتزانان بابیست وپێنجێ ئەوا ل باژێرێ موسکو هاتیە گرێدان، ئەڤ کوردناسە پشکدار بون: پرۆفیسور محمدێ موکری ژپاریس، پرۆفیسور قەناتێ کوردو ئەڤکاربو، ئەڤالیانێ سەمەرقەندی. لێ [مارگریت رودینکو، (مراد ژعیرانی)، ر. سلیلوڤ، چ، باکۆیڤ] میڤان بون. حاجیێ جندی، ئەمینێ عەڤدال ژ بەریڤانێ پشکداربون، ژوان کوردێن گەلەك گەنگەشە دکونگریسێ دا کری ئەڤ زانایەبون: پرۆفیسور قەناتێ کوردو، پرۆفیسور محمدێ موکری، پرۆفیسور حاجیێ جندی.
4 ـ دەمێ مە بەحسێ حاجیێ جندیو هوزانێ کری مەناتێ چ دیوانێن وی خویا نەکرن چنکی بدەست مەنەکەتن، لێ با مەزانی شەش (6) هوزان دکتیبا [کارێد نڤیسکارێد کورمانجا ل پێکەتی با سوڤیەت] ـ ل ژێر چاڤدێریا (جاسمێ جەلیل). (20) بیست هوزانێن دن د نقشتا [نڤیسکارێد کورمانجی سوڤیێت]دا بەلاکرن ل ژێر چاڤدێریا (جاسمێ جەلیل).

ژێدەرو پەیڤێن گران: ـ

1 ـ تومـا بوا: لمحة عن الاکـراد: 1958 باللغة الفرنسية ونقلة الى العربية محمد شريف عثمان ـ بغداد/ 1973.
2 ـ دکتور عبدالرحمن مارف: ماکتب عن اللغة الکردية بغداد 1978.
3 ـ تومـا بوا: مع الاکراد: نقلة الى العربية آواز زنگنه ـ بغداد/ 1975.
4 ـ دکتور کمال مظهر: میژوو. بغداد/ 1983.
5 ـ ئەناتێ کوردو: کومەلە تێکستی فولکلوری کوردی ـ شکور مستەفا ئەنوەر قادر ئینا سەر پێنڤێن عەرەبی ـ بغداد/ 1976.
6 ـ ئەریمان: بیلوگرافیا کتێبا کوردی: بغداد/ 1977.
7 ـ محمد توفيق وردي: الاکراد في الاتحاد السوفياتي: بغداد/ 1959.
8 ـ گوڤارا [روناهی] هژمار/ 5، 6/ سالا ئێکێ ـ بەغدا/ 1961.
9 ـ گوڤـارا کوری زانـیـاریـیـا کورد: بەرگێ/ 4، 5/ سالا 1976، 1977. [بیلوگرافیا کتێبێن سوڤیێتی].
10 ـ جريدة العراق: العدد (643) ليوم 1978/4/8.
11 ـ جريدة العراق: العدد (660) ليوم 1978/4/27.
12 ـ بەرپسیار: مسؤول.
13 ـ یوبیل: یانکوب ـ E ـ ANNIVERSARY ، ب کوردی بیرهاتن.

سنێل: مراهق.
کەنکەنە: ب رایامن جهێ (عبقری) دگریت.
بناس: یانکو(سویچ) سویچ یا ژ (سبب)ی جودایە.
ئول: ئاین، (دین).
شەهسوار: (بطل).

■■■■■■■

هەوالنامەی کێبێ

نالەبەندی ژخودێ ترس

● مسعود حسێن بۆتانی ●

... پێشی ناکەت ئەحمەدێ نالەبند بدەینە نیاسین چونکو ژیانا وی یا رونە لدەف هەمی نقیسەڤانێت کورد.. هۆزان بهەمی لایێت ژیانێ ڤە نقیسانیە. کومەلایەتی، رامیاری، ئەڤینی. ئایینی گالتەوئرانە، هتد.. لڤیرێ دێ لسەر لایەکی ئاخڤین ئەوزی ژلایێ ئایینی ڤە بەو رەخنەکی ژڤی لایێڤە دێ گرین (ترسانا وی ژخودێ) کا تا چ رادەیەکی ژخودێ ترسیایە بۆ خەلکی گوتیە ژبەر ترسا خودێ. پەردا ئایینی و ئولێ ئیسلامێ هەر ژبچویکاتی خو بسەر چاڤا دادایەو ترسا خودێ کەتیە دلێ وی لبن. سیبەرا بوسلمانەتیێ هاتیە بخودان کرن. هەر وەکی ئەو بخو دبێژیت.

دەمێ ئەز بویمە شەش سال من قورئان لنك فاتما دەیکا خو خاندیە هەتا کو من دوماهی پێ ئینایە ئانکو کریە». [1]

پشتی خاندنا قورئانێ خۆ هافێتیە دناڤلا شریعەتێ ئیسلامێ دا دەستورێ زمانێ عەرەبی پشتی پیچەکا دێ فاما بوی.

«دوو سالا من دەرسێت شریعەتی و قەواعدێ. دەستورێ زمانێ عەرەبی ـ لیامەرنێ خاندیە». [2]

یا زانیاو دیارە وەکی روژێ کو نالبەندی هەمی کوردستان تێکڤە دایە لدیڤ گەریانا زانستێ ئیسلامی وئایینی.. پشتی بویە وەلا، لگەلەك جهاں مەلانی کریە د هەمی تیتال و رەوشتیت خەلکی گەهشتیە دناڤ ئایین و زانستێ ئیسلامی دا نقوم بۆیە باشێ مەلەڤان بۆیە لەورا چ جارا نەخەندقی یە.

دەمی شریعەتێ ئیسلامێ دار دئەحکامێت ئایینی دا شارەزابۆیە دزانین و ئاخڤتنێت پێغەمبەری هەمی لدەف رون ببون ئەڤ هەمی تشتە دهوزانیت ویدا ددیارن. وئەم دشعرێت ویدا دبینین زۆر ناموژگاری و پەندیت کەڤن یێ بکار هاتین هەروەسا ئایەتیت قورئانا پیرۆزو ئاخڤتنیت پێغەمبەری سلاڤێت خودێ لسەرین» [3] نالبەند گەلەك بجوانی پەسنا ئێکەتیا خودێ دکەت کو یێ بتنێ یەو یێ هەڤاله کو ئەو خودانێ گەردونێ بهەمی تشتێڤە هەر ئەو ئەڤ جیهانتە پێ ڤەدحەویت ئەوانێ گەردونێ برێڤە دبەت.. لڤیرێ لەوا داخوازێ ژهەمی کەسا دکەت کو خودێ بپەرێسن لسەر داخازا خودێ مەزن ـ دا خودێ ژوان رازی بیت.

ئێك خودانە لسەر هەزارا
یێ ئەد، حەوت عالەمەك
کا کەسێ شیرێ هەوارا
خو بگەهینت خلمەتێ [4]

دوبارە ئاخڤتنا خو موکم ترلێ دکەت ژبو ئێکەتیا خودێ مەزن باوەریەکا موکم ژی یاب مرنێ هەی لەو هەمی بوسلمانا ئاگادار دکەت کو مرن هەروسا هەی و رێکا هەی کەسانە کەس هەر نامینیت ساخ لەوا داخوازێ ژخو دکەت ژترسێت خودێ مەزندا دا نەفسا خو چیکەت و پاقژ کەت ژهەمی نەباشیاو لدیڤ چونیت دروئی. چونکی چی کەسێ خو چیکەت و نەفسا خو پاقژ کەت هەر ئەوە ناویس و میرانی.

خو هشیار کە خودێ ئێکە
بو هەمیا ئەو مرن رێکە
هلو (ئەحمەد) تو خو چیکە
ئەڤە نامیس و میرانی [5]

هەروسا نالبەند مەزنیا خودێ ددەنە پێش چاڤیت خەلکی کو ژ هەمی تشتیت گەردونێ مەستر و کەس و چ نشت بسەر وی ناکەڤن لەو هەر گاڤی

هەولێر کتێبخانەی گشتی

مەد حەکاری خودێیە لەمی جهاو لەمی دەما.
بو خودێ ئەز مەدحەکارم هەردەوام
ئەی خودێ تو ژکلی عالەمێ مەستری[6]

خودێ ژ هەمی خەلکی و هەمی گەردونی و نشتیت ئێدا مەسترە لەورا داخوازێ ژ هەمی بوسڵمانا دکەت کو خو حەوالەی بەر دەرگەهێ وی بکەن چونکو مروف هەر دەم پێڤی خودێ یە گوتن و گوت گوتنک دێ بهانە ج مفا ئێدا نینە ژ بلی ئاخفتنێن بسودو بهرا کو نە دەرکەڤن ژ شریعەتێ ئیسلامێ. ژترسیت خودێدا داخوازێ بو خوو بو هەمی خەلکی ژ خودێ دکەت دا کو بەرێ وان بدەتە ریکەکا راست و دروست دا شولا وان هەر دەم یا راست و چیکری بیت. چونکو یێ لوێ باوەرێ کو ژبلی خودێ کەسێ دی نەشێت شولا چیکەت و ژبلی وی کەس نینە.

خو حەوالەی بەر خودێ کە
قبل و قالە بێ فایدە نە
ئەی خودان شولا مە چیکە
غەیری تە مە کەس نەبوو[7]

خودێیە بدانپەروەری حوکمی لڤی گەردونی دکەت و لڤی خەلکی ئەوە ڤێ گەردونێ بریڤە دبەت بێ تێکدانەك بکەفتە ئێدا لەوا ئەڤ خەلکە بحوکمێ وی درازینە نەشێن خو ژبەر خوکمێ وی لادەن هەر ئەوە گونەهو نەبانشیا پویچ دکەت و دشوێت هەکە مرۆڤ لسەر چاکیا یێ زاڵ بیت. بەڵێ هەردەم دەرونێ مرۆڤی بێ خائینەلگەل خودێ لەوا مرۆڤ نەشێت لسەر چاکیا زاڵ بیت.

ئیلاهی تو حوکمداری
ئەمێ بحکومێ تە رازینە
حەقیقەت هەر تو غەفاری
بەڵێ نەفسا مە خائینە[8]

خەلکینو وەرن گوهێ خویدەنە ترس و سەهما مرنێ و خەما وێ چەند نە ئەز دام بێ سوئالا من

مرن زوی دەنگ ئەددەت و خەما وێ چەندا مەزنە بتایبەتی ئەوێت خودان ئیمان و ژ خودێ ترس. ما دەم مرن هەیەو یا بەلاڤە د نافی خەلکی دا یا. ئەڤە چیە ج مالە ج قرێژا دونیایێ یە ئەم هند حەژی دکەین و بدەستێ خوڤە دئینین هەر وەکی فیرعەونی و هامانی - وان ژی گەلەك مال کوم کرو گەلەك بخو دوانا بەڵێ دویماهیکا وان هەر بومرن و دویماهیکا هەمیا هەر مرنە.

وەرن گوهە دن خەما مرنێ
کەسێ تو ئەمانێ ئیمانێ
چیە دونیا مە دەست برنێ
وەکی فیرعەون و هامانێ[9]

نالبەندی گەلەك دونیا شەقاندو دایە بەرپا لێ بزمو ج ژنێ نەگرێدایەو ج بها ژنێ نەدیت ژبەر مرنێ. ئەبرێ وی کەتیە پێش چاڤێت خەلکی دا بو خو عیبرەتێ ژنێ ببینن بخولدینێ خوێکەن خەباتێ و خودێ بپەرێسن چونکو چی کەسێ هاتیە سەر دونیایێ و نام کریە ژێنێ ج چارەنیە دێ هەر نام کەتە مرنێ.

دونیا ئەڤەیو من ج بخو ژنێ نەگرێدا
ئەبرێ مە ئەڤە کەتیە پێش چاڤ دەرێدا
ئەی یار بو دینێ خو بکەن سەعی و خەباتێ
بەس گوهە بدن بەژن و زکی ئەصرو لومێدا
دونیا بو کەسێ یار نەبو فایدە نەدامن
دل کول مرو چو جی کەسێ هاتیە ئێدا.[10]

هند ترسا خودێ یا دلێ نالبەندیدا حەتا نەڤیایە خودێ بیتە سەر دونیایێ و ژێنێ بدەتێ لەوا گلەیێ ژ خودێ دکەت و دبێژێ نە دزانی ئەزێ چەوامەو دێ بێ جەوابم بوجی تە ئەز بێ پسیارامن دایمە؟ بەڵێ ما دەم تە هەر ژیان دا مە جهێ مە لدڤ خو خوشکە جونکو ئەزم بێ ج دستادانەو هەژارێ نە مە.

هەوالنامەی کێشر

ته زانی عەرزو حالا من
ل حەشرێ خوشکە حالێ من
چ موفلس هو نە هاتینە.[11]
یان....
ئەگەر رەحما تەیا کێمە
ئەزێ بێ حال و بێ رێمە
فەقیرێ بەر دەرێ کێمە
چ کەس وەك من نەبرینە[12]

لدویف پەرستا خودێ و روژی وئێزو هەمی مەزڕیت خودێ کو بجهـ دئینان و ژبلی شیردت و شەرحا قورئانێ و گوتنێت پێغەمبەری بو خەلکی دگـوت. لـەر ئێ هەمێ را ترسا خودێ دلێ وێدا دکـەلی و هەر دەم ژ خودێ ترسیا لەوا داخـوازێ ژخـودێ دکـەت دا دڤـەبرێدا ترسێ لوی نە ئارینیت و کەسێت وەکی وی.

کەسێ وەك من گونـەهـکـارە
د قەبرێدا کر ڤەشـارە
پەقـین دمـینـە نەهـشـیـارە
تو ترسـێ لوی نەئـارینـە.[13]

خولقێ جیهـانێ بەنـران نەکـە بمـالی و دراڤی تو دێ هەر چی بە بەر دەستێ خودێ و هەر پێشی وی ڤیجا بخو بنیاتەکی دانە ئافاهی لـەردانە بناعەتێ خودێ و ترسا وی بلا هەر دلێ تەدایبت دا تاعەت و ترسا خودێ بوتە بینە ئافاهی و رونامی چ رونامی دڤەبرێدا نینە بێ تەنگە و ئاریێ.

تو هەر موحتاجی ئلاهی (الله)
بخو لنك چیکە ئافاهی
ل قەبری نینە رونامی
تو بوچی هندێ بەطرانی.[14]

هاش خو هەبەو خو هشیار کە لدیف چونیت دەرونی و شەیتانی تو سەر دا بری و نە هاش خونە. گوهێ خو نە دەنە نەفسا خو کا چ دڤیت بکەن چونکو (کافرە) دێ راستیێ ڤەشێریت. چەند کارواێ تە بریڤە بچیت و هندی بژی هەر دێ گەهی بە فوناغەکێ لێ راوەستی و دێ مری چونکو ئەڤ دونیانە نە مالا تەیە دێ چی بە مالا براستی لبن دونیایێ..

شەیتـانـی تو دسـەردا بری بەس
گوهـ بدە وی کافـری
هنـدی ساخ بی هەر دێ مری
تو لڤـێ دنـێ نەی ساکـنـی[15]

نالبەند ژ ترسا خودێ لهەمی بوسلمانا دکەنە هەوارو گازی.. خەلکینو بوسلمانین و غەزەب و نەخوش پەیدا بویە لنافـ مە ڤیجا مەڤەرێ. مە کانێ. مستی و خافی با کەتی بە ئیمانا مە باوەر با مە با لاواز بوی بخودێ خو هشیار کەن مە چ مەڤەر نینە نێ ئەم ژی مرۆڤین پێشی بە دڤێ جیهانێ بگەهین و خودێ بنیاسین و لدیڤ رێکێت وی بچین.

هەوارە ئەی موسـلمانـیـن
غەزەب مال بو مەڤـەر کانـێ
خو هشـیـار کن ئەم ئیـمانـیـن
مە سـتـی کەتـە ئیـمانـی.[16]

دونیا و مال و دراڤێ وێ بێ مفایەو چ بها ژ بو نینە ڤیجا دینی پێ نە گوهورە. دینە مفای بگەهنیتە تە. تو چەند بژی. تو ژبێ خو زیدەتر نا ژی هەکە تە دین بەردا و مال گرت و تو مری ئەڤە مال ژی چوو دین ژی چونکو ئەڤە کارێ شێتـایـیـە! ڤیجا لدین و ئایینێ خو رایەکێ لێ بکـەن و چارەسەریا دینێ خو بکەن.

نە دە ب دونـیـا بەتـال دیـنـی
ژ عومـری زێـدە نامـینـی
هەمـی ژی چون تویـێ دیـنـی
لدیـنـێ خو بکـەن رایـی.[17]

خەلکینو بوسلمانین و هەکە دێ گوهێ خو دەنە من و ئاگادارێا من کەن ئەز دێ یاداستی و دوستی بێژمەوە کو بارو دوستا ب سوزو پەیمان هەرو روژا دوماهیکێ بە - ئاخرەنە - یا کو هەر دەم بری خوش و شادی و نیعمەت...

هەوالنامەی کێبین

دوستا بوەفا هەر ئاخرەتە
یا دائیمی پر نیعمەتە
یا حەق ئەڤە من گوتە تە
وەفستێ تو گوهداری منی[18]

چاڤێت خو ڤەکە وێ نیعمەتێ و خوشیێ و لەزەتێ ژ دەستێت خو نەکە چونکو هندی تویێ ساخ بی گەر تو مری هندە هندی تە خوشی و لەزەت لسەر دونیایێ برین دێ چن یا دەنیت ئاخرەتو نیعمەتا وێ راستیا نەدیار دێ لروژا دوماهیکێ دیاریت وسایە وەکی ئەز دبێژم.

هشیار بە چاڤێت خو ڤەکە وێ نیعمەتێ ژ دەست خو نەکە ساخیا دوو سەد سالا روژەکە هویە حەقیقەت باطنی.[19] خودێ مەزن ئەڤ دونیایە یا بو تاعەت و پەرستنا خودێ دای نە ژ بو هێلانێ و خوشی و لەزەتێ دایە سەر خاترا ڤی دینێ پاقژ یا دای هەکە ئەڤ دینە نەبا نەددا بلێ هەر مە دەرون و نەفسا خو تژی کری یە ژ کەرب و عیناتو نەباشی و خرابیان.

خودێ دونیا بۆ طاعەت دا
نەبو هێلان و لەزەت دا
وەکی دین لێ نەبا نەددا
مە بێلەر پر کرە ژ کائی[20]

تو چ تشتی لگەل خو نابەیە د قەبریدا ژ بلی چەند مەترێت جانگی ڤیجا ئاعەتێ خودێ بکەین نەبەس هەما خو بمالێ دونیاێڤە مژیل کەینی دا دەمێ ئەم دەرین ترس و لەرزێ دلێ مەدا نەبیت و گرکا ترسێ مە نەگریت بێ شە کو ئەم دشەرمزارین لێدەڤ خودێ وەکی مە کەس نەچویە دەڤ دەست ڤالا . ئەڤیە ترس ژ خودێ نەکو نالبەندیێ چەکریە ژ بو خودێ گەلەکا کری لێ هەر لێدەڤ وی کێمەر بێ شەرمزارە لێدەڤ خودێ لەوا داخوازێ ژ فەلکی د کەت کو کەس وەکی وی دەست ڤالا نەچنە گۆڕی.

غەیری نەهە دەهە گەزەکا جانگێ تەنگ
مە نەبر لەو لمە بو تاڤو گرگ
شەرمزار بوم ژ خودێ نینە چ شک
شویهی من بێ سەروبەر کەس نەچنی[21]

نالبەندی ژ ترسێت خودێ دا بو خەلکی گەلەك تشتێت دیارکرین کو خو ژێ بدەنە پاش دا نەکە ئێنە خرابیاو نەباشیا. خودێ گەلەك تشت دانە تە لسەر دونیایێ ژ خوشیاو نیعمەتا ژ ژناو مال و عەیالی بلێ تو هەرێ خرابیا د کەیو کەس پێ حەسیێت بلێ بلا بو تە دیار بیت کو خودێ بشولیت ئەیت نەهێنی دزانیت تێنە نقیسین. لسەر ڤان خوشی و نیعمەتا بیت کو خودێ داینە تە بلێ تو هەر بێ دگەل خائینی و بێ داخازیێت وی دکەی.

ئەڤی خالقێ هندەی مەزن
رزقێ تەدا مال و ژن
عەیبێت تە کەس پێ ناحەسن
دالیم تویێ د گەل خائینی[22]

ژ وان تشتا ئەڤێن نالبەندی ڤیای کو خەلك خو ژێ بدەنە پاش دا بلا و نەخوش بو خەلکی چینەبن نەکەڤنە د حەرامی دا وەکی زولم و زۆداریێ و دزیاو بێ کاریێ و دڤێت خەلکێ هشیار بیت وز ژ خەو هشیاربن دا نەکەڤنە بەلایێ و کەرب وکینەت بەلاڤ نەبیت.

زولم و دزی پیسن ئەو
بێ کەدو گەرهاناو خەو
وان تو نەگیرای قەلەو
کەرب و بەلا بو تە نە[23]

دڤێت هەر دەم خەلك خو ژەمێ و ڤەخوارنێ بدەنە پاش و خوژێ دویر بێخن چونکو ئەوە مێشکێ مرۆڤی دبەت و مرۆڤی وەلێ دکەت شولیت پویچ بکەت و دویری خودێ بکەت. ئەوە مرۆڤی بێ هەست دکەت و عار لێ نامینیت.

وەکی مەی حەرام نە بیت
دا خوش مروڤ ژی ڤەخون
کەسێ شعور بەرزەبیت
لێ دیار بون عەرزو قون

هەولێرێ کتێبخانەی

ج ناموسه ئەو :هەبیت
عارو عەقل هەر دوو چون[24]

گەلەك جوان خەلكی ژ دەمەن پیسێ (زنایێ) د دەنه پاش و ریكەكا جان ددانیت بو خوژێ دەنەپاشێ. بلا كەسه بێتێ لگەل وان ژنكا نەدەركەڤن نەمین لدەلك بێ بكیر وان بێت هەكە دێ كەتیە دەمەن پیسێ چونكو چەند مروف بێ بهێزو خو راگرتی بیت نەشێت لسەر دیف چونیت دەروپێ زال بیت!

ج ژنكا نەمحرەم بیت
تو د گەل نەكە خلوەتێ
ئەگەر مروف روستەم بیت
حیفز ناكەت شەهوەتێ[25]

هەروسا هندەك سەرەكانیت سەرەكی دەست نیشان د كەت كو ئەڤ سەرەكانیە بو هەمی بوسلمانا لغافن هەكە لدیڤ بچن ئەوژی - قورئانا - پێغەمبەر - شریعەتە - دشوڵ و كارێت خراب و نەباش ناكەن. ڤان سەرەكانیا هەمی نشتێ بەیان و ئاشكرا كریو هەمی شولێت راڤەو شروڤە كرین ژبەر كو دا دینێ ئیسلامێ نەمینیت ستو خاڵ و هەرێ بهێز بیت.

قورئان و شەرع و رەسول
هەرسێ بویە بون لغاف
بەیان كرن جوملە شول
دا دین نەبیت ستو خاف[26]

نالبەند داخوازێ ژ هەمی بوسلمانا دكەت كو هەردەم سویاسیا خودێ بكەن و خودێ بهێنسن و ترسا خودێ دڵێ وان دا بیت چونكو بێ ددانین بوسلمان. ئەڤ ئایینێ باشترو بژوین و ئەڤ ریكا راست و دروست دایە وان بوكریە خەلات كو ژڤی خەلاتی مەزنتر نینە لهەمی جیهانێ.

شوكرا خودێ بكەن دەوام
دای مە دینێ حەق خەلات[27]

لدوماهیێ هیڤیدارم من شیا بیت رەخنەك ژهوزانیست نالبەندی شروڤەكریبت...

ژێدەر

1 ـ هوزانڤانیت كورد ـ دانان و نڤیسینا ـ صادق بهاءالدین نامیدی ـ 1980 ـ ب ـ 533 ـ
2 ـ هەر ئەو ژێدەر ـ ب ـ 534 ـ
3 ـ چەند شاعرەك دەڤرا بادینان دا ـ د ـ نافع ناكرەیی ـ 1978 ـ ب 79.
4 ـ دیوانا ئەحمەدێ نالبەند ـ پارت دوو ـ خالد حسین ـ ب ـ (8).
5 ـ هەر ئەو ژێدەر ـ ب ـ 84.
6 ـ دیوانا نالبەندی ـ پارت ئێك ـ خالد حسین ـ 1970 ـ ب ـ 85 ـ
7 ـ دیوانا ئەحمەدێ نالبەند ـ پارت دوو ـ خالد حسین ـ 1971 ـ ب ـ 13.
8 ـ رۆژنامە هاوكاری ـ رۆژا ـ 1979/5/28 ـ ریكێش نامیدی ـ
9 ـ دیوانا ئەحمەدێ نالبەند ـ پارت دوو ـ خالد حسین ـ 1971 ـ ب ـ 73
10 ـ چەند شاعرەك د دەڤرا بادینان دا ـ د ـ نافع ناكرەیی ـ ب (85).
11 ـ ئەدەبێ ژهوزانیت نالبەندی ـ سعید دێرەشی ـ 1982 ـ ب (145).
12 ـ هەر ئەو ژێدەر ـ ب (149).
13 ـ هەر ئەو ژێدەر ـ ب (148).
14 ـ دیوانا ئەحمەدێ نالبەند ـ پارت دوو ـ خالد حسین ـ ب (76).
15 ـ دیوانا نالبەندی ـ پارت ئێك ـ خالد حسین ـ ب (114).
16 ـ هەر ئەو ژێدەر ب (115).
17 ـ چەند شاعرەك دەڤرا بادینان دا ـ د ـ نافع ناكرەیی ـ ب (78).
18 ـ دیوانا نالبەندی ـ پارت ئێك ـ خالد حسین ـ ب (115).
19 ـ هەر ئەو ژێدەر ـ (115).
20 ـ ئەدەبێ ژهوزانیت نالبەندی ـ سعید دێرەشی ـ 1982 ـ ب (153).
21 ـ هەر ئەو ژێدەر ـ ب (168).
22 ـ دیوانا نالبەندی ـ پارت ئێك ـ خالد حسین ـ ب (175).
23 ـ هەر ئەو ژێدەر ب (78).
24 ـ ئەدەبێ ژهوزانیت نالبەندی ـ سعید دێرەش ـ ب (239).
25 ـ هەر ئەو ژێدەر ب (239).
26 ـ هەر ئەو ژێدەر ب (225).
27 ـ هەر ئەو ژێدەر ب (225).

هەڤالبەند كێرێ

ئیبن خەلدونی خاوەن بیر

لە رووی میژوو نووسی یەوە

کتێبخانەی کۆڵانەوە

د. محسن محمد حسین

کۆلێجی پەروەردە زانکۆی بەغدا

خاوەن بیرێکی مەزن، بەبێ ئارەق دەرناچێت و ، باجی ناوداربێتی‌ی خۆی ناچار هەردەبێت بقەبڵێنێت. لەوانەشە ئەو باجە هێرشێکی ئەنقەست و ناهەمواربێت کە بی‌بڕێتەسەر، بگرە، جاروبار داوای هەڵدانەوەی گۆڕەکەشی دەکەن، نیشانەی جێگای بەرزو بااڵی ئەو جۆرە خاوەن بیرانە ئەوەشە، کە بەیەك چاو سەیر ناکرێن و، هەریەکە بە جۆرێك لەقەڵەمیان دەدەن، بگرە هەشە تاوانیشیان دەخاتەپاڵ ـ ئیبن خەلدونیش پێشەنگی ئەو خاوەن بیرانەیە (چونکە نە دوکتۆر تاهە حوسەین،[1] یەکەم کەس بووە، ڕەخنەی لێگرتبێت و نە د. نەوال ئەلسەعداویش[2] دواکەس بووە لەو ڕەخنەگرتنەدا).

خۆ ئەگەر بڵێین، لە ناو پشکنینکارانی عەرەب و ئیسلامیشدا کەسێکی وەك ئەم خاوەن بیرە هەڵنەکەوتووە کە بەو زۆرییەی ڕۆشنبیرانی بە لای خۆیدا کێش کردبێت، ئەوە هیچ زیادەیەکمان نەخستووەتەسەرو چ هەڵبڵێیی‌یەکی تێدانی‌یە، تا

ئەو خاوەن بیرە وایلێهات بوو بە خولیای هاوچەرخەکانی[3] خۆی. هەرچی پشکنینکارە تازەپێگەیشتووەکانیشن، کە دیتیان رۆژاوایی یەکان ئەوندە بایەخیان پێداوە، ئەمجا گەرانەوە سەری و دەستیان کردەوە بە خوێندنەوەی بیروباوەڕەکانی، ئەوەندەش پێی دەنازین، کە لەمەڕ خۆی و هەموو لایەنێکی بیروباوەڕ پڕ پێزەکەیەوە دەستیان بەنووسین کرد. دواییش گەلێك کۆنگرەو ئاهەنگ و کۆڕبەستنیش بۆ گفتوگۆکردن لە بارەی بیروڕاکانی یەوە سازکرا. ئەوەبوو، بە نموونە، لە ساڵی 1962دا، لە قاهیرە، ئاهەنگێکی گەورەی بیرکارانەی بۆ گیرا، لە ساڵی 1979شدا، لە شاری رەبات و فاسی وولاتی مەغریبدا یەکدگیریەکی بیرکارانەش لە بارەی کردەکانی یەوە هاتەدی و، لە شاری تونس و حەڵەبیشدا هەر بەو جۆرە. دواجاریش ئەو خربوونەوە زانستانەو رۆشنبیرانەیە بوو، کە لە بارەی بیروڕای ئبن خەلدونەوە لە ئەیلولی ساڵی 1983دا، لە (ئیهرت)دا کرا، کە شارێکە، سەر بە جەزایر. دوای چەند مانگێکیش (واتا لە ماوەی ساڵی 1985)دا، وەزارەتی رۆشنبیری و لێژنەی رۆشنبیری تونیش (ئاهەنگێکی جیهانکارانە بۆ ئبن خەلدون) سازدەکات.

ئەم بایەخ پێدانە، سەرەڕای ئەوەش کە باسمان کرد - هەمووی، لەوەوە هاتووەتەدی، کە ئەم پیاوە، لە سەدەیەکی ناهەموارو زەمینەیەکی بەیاری ئەوتۆدا، بازووی لێهەڵماڵیوە، کە باری نالەباری رامیاری تاریکایی یەکی ئەوتۆی بەسەردا هاتبوو، کە نائسوانین ناوی نووسەرێکی هەڵکەوتووی ئەوتۆ بهێنن لە سەردەمی ژیانی خۆیدا یان پێش خۆی هاتبێنە مەیدان و ئبن خەلدون شوێن پێی ئەوی هەڵگرتبێت و سوودی لێوەرگرتبێت.[4]

خۆ ئەگەر ئبن خەلدون لە رووی نووسینی مێژوو شێوازو بەرنامەی ئەم نووسینەیەوە هەڵسەنگێنین، بۆمان دەردەکەوێت کە مێژوونووسێکی لە مێژوونووسانی تر جیاوازی ی هەیە. چونکە ئەو مێژوونووسێکی وەها نەبووە، کە نووسینی مێژووی کردبێت بە پیشە، بەڵکو پێش ئەوەی مێژوونووس بێت، خاوەن بیر بووەو بنچینەیەکی ئیشی ئەوە کاری رامیاری بووە. ئەوەبوو ملی لە گێژەنگی رامیاری ناو ناوی نێدادەرکردو فەرمانڕەوایەتی تاقی کردەوەو هات و نەهاتی یەکەیشی چێشت. لەبەر ئەوە ئەو مێژووەی کە ئەو نووسیوێتی کارێکی لابەلایی بووەو بە شاکاری خۆی دانەناوەو، لەگەڵ ئەوەشدا دەستی لێهەڵگرتووە، چونکە بایەخی مێژوو بەلای ئەوەوە ئەوە بووە کە بە هۆیەکی زانیوە بۆ وەدەست هێنانی ئامانجێکی پیرۆز. نەك هەر ئەوەندە، بگرە کتێبی (پێشەکی) یەکەشی کە بەنیازی ئەوەی نووسیبو تا بیێتە دەروازەیەك یان بەرنامەیەکی کار بۆ خۆی کە نووسینی مێژووی لێوە دەست پێبکات، ئەو کتێبەی، ئەنجام، بوو بە شاکاری پرپێزی هەموو بەروبوومێکی بیرکردی خۆیو جێگایەکی ئەوتۆشی گرتەوە کە هەتا هەتایە ناوی وەك ئالا پێوەی بلەرێنەوە.

ئبن خەلدون لە رووکاری (المقدمة) (پێشەکی) یەکەیدا دەڵێت: «هونەری مێژوو لەو هونەرانەیە، کە بوونەتە خولیای میللەتان و وەچەکانیشیان، زانا و نەزانیش خوویان داوەتێ». ئەمجا دەڵێت: «مێژوو پڕە لە سەرنج و تێبینی و لێکۆڵینەوە، پڕە لە لێکدانەوەی وورد کارو دوزینەوەی هۆی بوونەوەران و سەروشتاکانی، زانینێکی قوواڵی چەندوچۆنی و هۆکارەکانی هەموو شەرو شۆڕەکانیشی تێدایە».[5]

ئبن خەلدون دەیویست لەو کتێبەیدا نەخشەی بنچینەی کارکردنی ئایندە ڕەنگە بڕێژێت، کەچی ئەو هێلانەی کێشابوونی، بوون بە بیرکارێکی مەزن لە مەیدانی کۆمەڵناسی و فەلسەفەی مێژوو و زانیاری ی ئابووری و رامیاری و کارگێڕیدا، هەرچەندیشە کە لابەنی مێژوو هێشتا هەر لە دەروونیدا تین وتاوی زۆربوو، چونکە ئەو بواره بیرکارەو زانیارانەی کە ڕەسەنایەتی یان تێدا نی یەو بە تەنگیانەوە نەبووە، بایەخیان لە لای ئەو کەوتبووە کزی و ئەوەندە گوێی پێنەدەدان کەوانە با بپرسین و بڵێین:

ئایا ئبن خەلدون لە مێژوونووسین دا گەیشتە ئەو پلە بیرکاریەی کە خۆی لە مێژوودا مەبەستی بوو؟ یان بە

شێوەیەکی ڕوونتر بپرسین: ئایا لەو بەرنامەیەیدا کە خۆی لە مێژووسین دا لە سەری ڕۆیشتووە، توانیوێتی فەلسەفە مێژووکاریەکەی خۆی بخاتەکارو لەسەری بڕوات؟. یان، ئایا توانیی لە کەموکوڕیو هەڵەی ئەو مێژووسانە ڕزگاریبێت، کە لە «المقدمة + پێشەکی» یەکەیدا باسیانکردووە؟

با زیاتر بە ووردی بپرسین و بڵێین: ئایا لە مێژووسین دا بیرکردی خۆیو کرداری مێژووسینی وێنەک خستووە؟ ئایا پوختەی ئەنجامەکانی دەرهێناوەو بەستوونی بە هۆکارەکانەوە؟

ئیبن خەلدونی خاوەن بیر باسی هەڵەشەیی هەندێک لە مێژووناسە ئیسلامەکان دەکات و دەڵێت:

«کەڵە مێژووناسە ئیسلامەکان لە هەواڵەکانی ڕۆژگار گەیشتوون و کۆیان کردووەتەوە، لە چەند دەفتەرێکیشدا پەڕە بە پەڕە نووسیویانەو دایانناوە، ئەوانەش کە هەر لەگەڵ مێژوودا شوناسیان نییە هاتوون، بە هەڵە یان بە دەستی ئەنقەست گەلێک درۆیان تێکەڵ کردووەو، گەلێک بەندوباوو داستانی بێ نرخیان داتاشیوەو ڕازاندوویانەتەوەو خستوویانەتە سەری. دوای ئەوانیش گەلێ کەسی تریش ئەو شوێنپێیەیان هەڵگرتووەو لەسەری ڕۆیشتوون و چۆنیشیان بیستووە وەهایان بۆ گێڕاوینەتەوەو هیچ سەرنجێکیشیان لە هۆکارو دۆخی شەڕوشۆڕو ڕووداوەکان نەداوەو، ئەوەندەش بە تەنگەوەنەبوون و هیچ ووتەیەکی نابەجێشیان نەبواردووەو نەیاندواوەتەدواوە. چونکە لێکدانەوەو لێکۆڵینەوە کەم بووەو، چاوێک کە چاککردن و ڕاستکردنەوەی لێ بووەشێنەوە نەبووەو زۆرتر کوێربووە. هەڵەو خەیاڵکردیش هەمیشە خوێنش و هاوشانی هەموو دەنگوباسێک بووەو، نەشارەزاییش هونەرەکانی لە باری پانیو لە باری درێژیش ناشیرین کردووە». (6)

ئەمجا یەکە یەکە ناوی مێژووناسەکانی پێش خۆی هەڵدەدات (ئیبن ئیسحاق و طەبەریو ئیبن ئەلکەلبیو واقیدیو ئیبنی عومەری ئەسەدیو مەسعودی)و ناوداریتریش ناودێنێت، ئەوانەش وەکو خۆی دەڵێت: «ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست زیاترنییە». دوایش دەڵێت:

«هەرچەندیشە کتێبەکانی مەسعودیو واقیدی کە موکوڕیو جێگەی ڕەخنەیان تێدا هەیە». پاشان لەسەر پۆل پۆل کردنی مێژووناسان، دەڕوات و دەڵێت: «دوای ئەوانیش لە لاسایی کارو مێشک تار بەولاوە کەسی تر نەهات و، لە نافامێکی وەکو ئەوان ڕێس بەدەر کەسی تر نەهاتە مەیدان. چونکە ئەوانە ئەگەر باسی دەوڵەتیان بکردایە هەروەکو خۆی ڕێکیاندەخست و ڕاست بێت و درۆیێت دەیانگێڕایەوەو، ئەو هۆکارو بنەمایانەیان نەدەووت کە ئالای ئەو دەوڵەتەی ڕاگرتووەو مانەوەیان مسۆگەر کردووە. ئنجا دەڵێت:

دوای ئەوانەش دەستەیەک مێژووسیتر پەیدابوون، کە ڕووداوو دەنگوباسیان بە کورت و کوێریو نادروستی دەنووسیو بە تەنیا ناوی پاشاکانیان دەهێناو لە باووباپیران و دەنگوباسان دابڕیان دەکردن، وەکو ئەو ڕەفتارەی «ئیبن ڕەشیق ئەلقیرەوانی» نواندی.

ئەوانە هەمویان وایان لە ئیبن خەلدون کرد، کە کتێبێکی مێژوو سازبکات، یڵێت: «هۆکارو بنەماکانی دامەزراوەی دەوڵەتان و ئارانم تێدا خستووەتەڕوو، لە سەر دەنگوباسی ئەو میللەتانەش دامڕشتووە، کە لەو سەردەمەدا ئەو جێگەیانەی مەغریبیان ئاوەدان کردووەتەوەو حوکمیان کردووە. هەر دەوڵەتێکی تەمەن درێژ و تەمەن کورتیشیان بوویێت باسم کردوون و، پاشاو کۆمەککارانی پاشایانی پشتاوپشتیانیشم هەڵداون، کە عەرەب و بەربەر بوون. ئەو سەردەمانە ئەو دوو تیرەیە مەغرِبیان کردبووە داڵدەو مەغریب جێگەی ئەوان بوو، بە جۆرێکیش لەوێ دایان کوتابوو دەتوت لەوان زیاتر کەسی تری لێ نییە».

لەمەڕ بەرنامەی مێژووسیو ئەو ڕێچەیەش کە لە لێکۆڵینەوەدا، کتێبەکەی لەسەر نووسیوە، دەڵێت: «ڕێگایەکی سەیرم بۆ ڕێکخستن و بەڕێزنووسین و بەش بەش کردنی، گرتووەو، شێوازێکی سەرسوڕهێنە، لە نێوان شێوازەکاندا، خۆم دام هێناوەو، ڕچەیەکە خۆم گرتوومەو جۆرێکە خۆم دروستم

هەواڵنامەی کێتێب

کردووه». [7]

دوای ئەم رووکاری پێشەکی‌یەی، لێرە ماتوره، لە ژێر ناونیشانی.

«چاکیی زانستی مێژووەدا، بەشێکی تەرخان کردووە، دوای ئەوەش؛ ناونیشانێکی بچووکتری داناوە کە ئەمەیە:

«لێکۆڵینەوەی رێگەکانی نووسینی مێژوو ڕوونکردنەوەی هەڵەو خەیاڵکردی مێژوونووسان و، باسکردنی هەندێ هۆو بنەمای ئەو هەڵانە»؛ [8] لەمەشەوە بە ئاشکرا بەرنامەی هۆشمەندانەی ئیبن خەلدونمان بۆ دەردەکەوێت کە لە ڕەخنەکاری‌ی مێژ وودا ویستوویەتی لەسەری بڕوات و، ئەوەشمان بۆ ڕوونبکاتەوە کە لەم ڕێگەیەدا، ئەو پیاوە، چاوساغ و خاوەن ڕای خۆی بووە.

کەواتە ئەم خاوەن بیرە، بەگوێرەی توانای خۆی و دۆخی ژیان، تەواوی، ئاگاداری ئەو کارە خەتەرناکە بووە کە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسانەی دێنە مەیدانی مێژوونووسینەوە.

ئەگەر هەر ئەوەندە، بگرە لەوەش زیاتر ڕوێشتووەو دەقەری مێژوونووسی مەزن «ئەڵمەسعودی»ی هەڵداوەتەوە، کە زیاتر لە چوار سەدو پەنجا ساڵ پێش خۆی [9] ژیاوەو، بە ڕاستیش یەکێک بووە لە خولیا لەسەرانی بیری مێژوونانسی لە ناو عەرەب و هەموو موسڵمانانیشدا، بە ڕادەیەکی وەها کە (فۆن کرێمەر). «هیرۆدۆتی عەرەب»ی [10] ناولێناوەو ئیبن خەلدون خۆشی لە پایەیەکی بااڵدا داینارەو ئیمامی مێژوونانسانی» [11] پێ‌ووتروە.

ڕەخنەگرتنی ئیبن خەلدون لە مەسعودی لاپەڕەیەکی زۆری کتێبەکەی گرتووەتەوە، تا، جارێکیان بەوە دوایی بە ووتەیەکی هێناوە کە دەڵێت: «ئەم دەنگوباسە لە ڕاستی‌یەوە دوورن، بە قوواڵیش بڕن لە هەڵەو هەرزەیی و خەیاڵکاری‌و، لە چیرۆکی ئەهڵی‌بەستراویش دەچن». [12] ئنجا دەڵێت:

«ئەوەی لەمانە بە گوێتدا هەڵدەدرێت بڕوای پێ‌مەکەو، لە دەنگوباسان سەرنج بدەو، لەگەڵ یاسای دروستدا بەراوووردیان بکە، زۆر بە باشی بۆت ساغ دەبنەوە». [13] ئەم ووتەیەی ئیبن خەلدون، بێ‌گومان داوایەکی هۆشمەندانەو تەواوەو، نیشانەی ئەوەیە کە زۆر ئاگاداری مێژ ووبووە ئومێدەواریش بوو کە مێژ وویەکی ووردکار بنووسێت و هەموو کارەساتەکانیشی بداتەبەر ڕەخنەو یەکاڵاکردن و تاقی‌کردنەوەو هەموو گێرانەوەیەکی ناساقووڵیش پەڕکات و بپیداتەدواوە. ئەو کۆسپ و تەگەرانەشی لێ‌ڕوون بوو کە کاتی خۆی نەیانهێشتووە مێژ وو بە شێوەیەکی ڕاست و دروست بنووسرێتەوە. بە نموونە لایەنگری‌و دامێنگرتنی مەزهەبێکی دیاری‌کراو یەکێک بووە لەو کۆسپانە، چونکە وەکو ئەو دەڵێت: «لایەنگری سەرکۆپری‌یە». هەروەها پشت گرتنی کاربەدەستێک و فەرمانڕەوایەک یان داتاشین بە لای بنەماڵەیەکدا بۆ مشەخۆری، دیسان یەکێکە لەو کۆسپانە، ئەو دەڵێت: هۆیەکی گومڕاهی‌و چەوت ڕەفتاری‌ی هەندێ مێژ ووننووس ئەوەیە کە لە بەرپێ‌ی خاوەن پارەو پایەدا دەکەوتە کلکەلەقێ‌و خۆتێ هەڵسوون و، ژیان و پلەو پارەیان پێ‌ویستەو هیچی‌تر.

لەوانەشە، مێژ وونووس حەز بە شارەزابوون بکات و بیەوێت شتی ڕاست بنووسێت، کەچی دەشکەوێتە هەڵدێری نووسینی خەیاڵکاریشەوە ئەگەر، ئەنیا هەر لەم و لەوەوە وەرگرێت و بێ‌نووسێت و عەقڵی خۆی نەخاتەکار، واتا ئەو جۆرە مێژ وونووسە لەسەر نووسراوەکانی مێژ وونووسانی پێش خۆی دەڕوات و، بێ‌لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی ووتەکانی ئەوان، وەریاندەگرێت و دەیانتووسێت، واتا وەک شتی بەپیرۆز یان لێ‌وەردەگرێت، هی بێ‌پێزو بێ‌بایەخیشیان لێ‌وەردەگرێت و دەیاننووسێت. [15]

لاسایی‌کردنەوەش لە نووسینی مێژ وودا وەکو گێرانەوەی زانیاری‌یەکانی شەریعەت ئی‌بەو جیاوازە (بە تایبەتیش هی فەرمایشتەکانی پێغەمبەر) (د. ر). بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت، ئیبن خەلدون لە نووسینەوەی مێژ وودا، - هەرچەندپشە ڕەخنەی لە نووسینی مێژ وونووسانی پێش خۆی گرتووە - کەچی لە هی ئەوان بە کردار لای‌نەداوەو ڕێبازێکی تازەی نەگرتووەو، شتێکی بەکەڵکی دانەهێناوە.

ئەوەتا دەبینین مێژووی هەر لە سەر ناوەرۆکە کۆنەکەی هێشتووەتەوە پێشی نەخستووە. بەڵێ ئێین خەلدون گەر لە شانی (پێشەکی)یەکەیەوە تێی‌بڕوانین تازەخواستێك و نوێخوازێکی شۆرشگێرانەیە، بەڵام لە نووسینی کتێبەکەی تری‌دا (کتاب العبر وديوان المبتدأ والخبر في ايام العرب والعجم والبربر) لاسایی‌ی مێژوونووسانی پێش خۆی دەکاتەوە لەبەریان دەنووسێتەوە. بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێت کە ئێین خەلدون وەکو دوو گیانی ناو یەك جەستەو بانێکی دوو هەوا بە ناشکرا لەو دوو کتێبەی‌دا خۆی‌دەنوێنێت، کە پێویستە تێکەڵیان نەکەین و لێکیان بکەینەوە، نەوەکا سەرمان لێ‌بشێوێت و لێمان تێك بچێت و بکەوینە سەر ڕێگای نەهاتی ئالۆزکاوی‌و گومڕاهی.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە نووسینەکانی خۆی‌دا، ئەو لایەنانەشی زۆر بەدڵ بووە، کە پەیوەندی‌ی بە مێژووەوە هەیە. ئەوەتا بە چاوێك سەیری (کتاب العبر..)ەکەی خۆی دەکات کە: «کتێبێکە دەنگوباسی هەموو جیهانی تێدایەو، هەموو سنەمێکی نەستەق و زەقی ئاسان کردووەو، هۆکارو بنەماکانی کارەسات و ڕووداوی دەوڵەتەکانیشی خستووەتەڕوو»[16] ئومێدیشی ئەوەبو کە ئەم کتێبەی بێتە بناغەیەك و مێژوونووسان دوای خۆی چاوی‌لێ‌بکەن.[17] کەوابێت، لێرەدا، دەبێت بپرسین، ئایا ئێین خەلدون لەم بانگ هەڵدانەیدا هیچ سەرکەوتنێکی دەست کەوت؟ ئەوە زانراوەو ئاشکرایە کە هاوچەرخەکانی خۆی، هەموویان، بە یەك چاو سەیریان نەکردووەو چونیەك هەڵیان نەسەنگاندووەو لە ناو خۆیاندا، دەربارەی ئێین خەلدون زۆر ڕاڕاو جیاوازبوون.. بگرە هەندێکیشیان بە سەختی‌یەکی تەواو ڕەخنەیان لێ‌گرتووەو، هەندێکی‌تریشیان، لەبەر نایابی‌ی بیروڕاکانی (پێشەکی)یەکەی بە چاوی ڕێزگرتنەوە سەیریان کردووە، بەڵام لە نووسینی مێژوودا چاویان نەپۆشیوەو ڕەخنەیان لێ‌گرتووە، بەتایبەتیش ڕەخنەیان لەو مێژووەی گرتووە کە، باسی (مەشریق) واتا مێژووی وڵاتانی خۆرهەڵات دەکات کە (عیراق و وڵاتی شام دەگرێتەوە). بە نموونە، ئێین حەجەر ئەلعەسقەلانی ئەلمیصری‌ی مێژوونووس (م 852ك/ 1449ز)، کە خۆی بەڵگەنامەی لەو ڕەوتووەو بە شانوبالیدا هەڵدەداو چاکەو کرداری باشی دەردەخات، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا لە نووسینەکانی ئەو مامۆستایەی خۆی بەگومانەوە، ئەوەندەی پێ‌ناچێت و دەڵێت:

ئێین خەلدون بە شێوەیەکی ڕوون و ڕاست ئاگاداری دەنگوباس نەبووە، بەتایبەتیش دەنگوباسی ڕۆژهەڵات. بەدرووددین ئەلعینی‌ی مێژوونووسیش (م 855ك/ 1451ز) لە کتێبەکەی خۆی‌دا (عقد الجمان في تأريخ اهل الزمان) هەروەکو ئێین حەجەری لێوە نووسیوەو، نووسەری‌تریش هەبوون کە هەر وایان لە بارەوە نووسیوە.[18]

ئەوانە، کە هاوچەرخ و هاوسەردەمی خۆی بوون، ئەوەبوو بە چاوی ڕێزگرتن سەیریان دەکردو سەریان لێ‌ی سوڕمابوو، دواییش لە دڵیان گرت و ڕق و کینەیان لە دەروونیدا لێ‌ی جۆشاو کەوتنە بەربەرەکانی‌و جاروباریش بە ناشکرا دوژمنایەتی‌یان لە دژی بەرپادەکرد. بەڵام ئەمڕۆ ئەگەر مێژووەکەی بە شێوەیەکی ڕاست، کە وەکو هەیە هەڵسەنگێنین، کە ئێستا ئەو گێژەنگی دوژمنایەتی‌یە نەماوەو ئەو کەفوکوڵی ڕق و کینەیە نیشتووەتەوە، دەبینین کە ئەو خاوەن بیرە گەورەیە لە بارەی سەرەتای گونجانێنی گێرانەوەو باس کردنی ڕووداوو، (مەنتیقی) باوەڕپێ‌کردنی‌یەوە، چەند نموونەکی خستووەتەڕوو پێشکەشی کردوون و لە بەشی باسکراوی پێشەکی‌ی کتێبەکەی‌دا «فضل علم التأريخ وتحقيق مذاهبه..» دەری‌بڕیوە. لەوێ‌دا، ئەوەی «ئەلمەسعودی»و گەڵێ مێژوونووسی‌تریش لە بارەی لەشکرەکانی «بەنی ئیسرائیل»ەوە نووسیویانە کە گوایا موسا پێغەمبەر لە بیابانەکەدا، دوای ئەوەی پاکوبیسی کردوون و چەکی بە توانا کانیان داوە، بە تایبەتیش بەوانەیان کە تەمەنیان بیست ساڵان و لە بیست زیاتربوون، دوای ئەم بڕارکردنە، ژمارەوونی‌و شەش هەزار کەس یان زیاتر بووبن)»،[19]

ئەم ئەو باسانە وەها دادەنێت کە - بێ‌گومان - ناتوانن خۆیان لەبەر ڕەخنەکاری‌یەکی کاکڵکردا[20] ڕابگرن چونکە لە ڕووی جوگرافی‌و ستراتیجی‌یەوە ڕێی تێ‌ناچێت و، پێکهێنانی

لەشکرێکی گەورەی، بەو جۆرە، گەر نەشڵێین، ستەمە دەتوانین بڵێین گەلێک گرانە، بە تایبەتیش ئەگەر لەگەڵ لەشکرانی میللەتانی تردا بەراوردبکرێت کە گەلێک «لە «بەنی ئیسرائیل»یش بەهێزترو فەرمانڕەواتربوون. یان، ئێین خەلدون، ووتەنی، «لەشکرێک بەو گەورەییە، دووڕە بتوانێت لەو شوێنەدا بکشێت یان بکەوێتە کوشتارەوە».

چونکە «ئەو زەوییە ئەو فراوانییەی نییەو ئەگەر لەشکرێکی وەها، هەتا چاوبردەکات بە دوو ڕێز، یان بە سێ ڕیز، یان زیاتر، بێتەنەبەردەوە، زەوییەکی فراوان و ماوەیەکی دووری دەوێت. ئەمجا دەڵێت»: ئەم دوو لەشکرە چۆن چۆنی دەکەونە کوشتارەوە، یان چۆن چۆنی لایەکیان سەردەکەوێت کە قۆڵێکی ئاگای لە قۆڵەکەی تری نەبێت؟ ئەوەی ئێستاش هەبە هەروەهاییەو بەڵگەی ئەوەیە، ڕابوردووش هەروەکو ئایندە وایە». [21] دوایش بەڵگەی بەڕێوەچێی تێرێش دێنێتەوەو زیادەووتنی مەسعودیی پێبەدرۆ دەخاتەوەو [22] ئینجا دوایی بە قسەکەی دێنێت و هۆی ئەم زیادەووتنە لێک دەداتەوەو دێت و زیادەووتنە لەوەوە هاتووە کە هەندێ مرۆڤ حەز لە شتی سەیرو سەرسوڕهێنەر دەکەن و، زمانیش هیچی تێناچێت و، ئەو کەسانەش کە دووی ئەو دەنگوباسە دەکەون و لێی دەکۆڵنەوە گێڵن و ئەوەندەش بەتەنگەوە نین». [23] دوای ئەوەش درێژەی دەداتێ و هەندێ گێڕاوەش بە نموونە دێنێتەوە کە میژووتووسان بە درۆو دەڵەسە هەڵیان بەستووە.

ئینجا دەیانداتە پەر نەشتەرکاریی ڕەخنەو لێکۆڵینەوەو بەرپەرچیان دەداتەوەو بە نموونە، دەڵێت: «تەبابیعە» کە پاشاکانی یەمەن بوون، باکووری ئەفەریقایان داگیرنەکردووەو درۆیە. [24] هەروەهاش نەهامەتیی بەرمەکیی یەکان کە هارونەڕەشید بەسەریانی هێنا، کە عەبباسەی خوشکی هارونەڕەشید درۆیە دڵی لە جەعفەری کوڕی یەحیای کوڕی خالید چووبێت و حەزی لێکردبێت، ئەڕەشیدیش ئەوەندە جێی باوەڕنییە کە ئارەق خۆر بووبێت و لەگەڵ سەرخۆشان سەرخۆش بووبێت، ئێین خەلدون دان بەوەدا نانێت و دەیەوێت نەیسەلمێنێت و بەدرۆی بخاتەوە. [25] هەروەهاش دەڵێت: خەلیفە مەئمووونیش ئارەق خۆر نەبووە. [26] دوایش ووتەی ئەو مێژوونووسانەش دەداتەدواوە کە گومانیان لە ڕەسەنی خەلیفە فاتمییەکان کردووە، [27] هەروەهاش ڕەسەنی ئیدریسییەکان کە نەوەی حەسەنی کوڕی عەلیی کوڕی ئەبی تاڵبن. [28] لەسەر ئیمام مەهدیی سەرۆکی دەوڵەتی مووەحیدینیش [29] دەکاتەوەو، ڕای تەواوی خۆشی بەرامبەر بە ووتووانیتری مێژووش دەردەبڕێت. [30]

ئێین خەلدون لەسەر ئەو دەنگوباسانەی مێژووە دەڵێت: ئەمانە هەموویان لە ڕاستییەوە دوورن و درۆن، خەیاڵکردێکی کۆنی هەرزەیی و هەڵەن و لە چیرۆکی داتاشراو دەچن [31] ـ لە جێگەیەکیتریشدا ووتوویەتی: ـ «بەوانەی بۆت باس دەکرێت بڕوا مەکە، سەرنجی دەنگوباسان بدەو لێیان وورد ببەرەوەو لە سەنگی یاسای دروستی بدە، ئەمجا بۆت ڕوونبەنەوەو بە باشی بۆت دەردەکەون». [32] جا ئەوانە بە مشەخۆر لە قەڵەم دەدات، کە ئەو ئەفسانانانە بە شێوەیەکی بەڕێوەچێ لێک نادەنەوەو دەڵێت: «کاکڵ و تۆپکڵ تێکەڵ بووەو ڕاستگۆو درۆزن ڕەشبەڵەکیانە». [33]

ئەم خاوەن بیرە، ئەو نموونانەی بە ڕەخنەکارییەکی کاکڵکردەوە هێناوەتەوە تا لە ڕاستی هەرو دەنگوباسێک دڵنیاببین و پاکوبێسیان بکەبن. بەڵام، هەرچەندە توانیوێتی کە ئەفسانە بێڕێوچێ، بە تیری ڕەخنە بپێکێت و، ئەوانەش دابڕبکات کە بەرگەی ڕەخنەی مێژووکرد ناگرن، کەچی بەرامبەر بە هەندێ ئەفسانەیتر، کە خۆی باسی دەکات و، جێگای باوەڕ نییە، بەرگی بێلایەنیی لەبەر خۆی داماڵیوەو تووشی هەمان ئەو لایەنگرییە بووە کە خۆی بە شێوەیەکی ڕاست و دروست لەوەپێش، خوێندەوارانی لێ ئاگادارکردبووەوە. ئەوەتا تەواوی و بە شێوەیەکی ـ دوگماتیکیانە ـ بڕیار دەدات کە ئیدریسییەکان «کاریەدەستانی سەدەی دووەم و سێهەمی کۆچی ـ هەشتەم و نۆهەمی زایینی ـ لە مەغرەب» ڕەسەنیان ڕاستەو وەهایە، بەو بەڵگەیەی کە خودا ئەهل ووڵبەیتی

هەولێری کلتوری

«اهل البیت» له گونـاه شـتـووەتـەوە وەکو قورئان دەفەرموێت، لەبەرئەوە ڕێی تێناچێت کە لە ئال ولبەیت «آل البیت» نەبن.

ڕچەی بەرنامەکاری‌ی ئیبن خەلدون هەرچەندە ڕاستە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، وەکو هەموو مێژوونووسەکانی‌تر، لە نووسینی مێژووەکەی‌دا، بێهـەڵـەشـەو هەڵە نەبووەو لەو بەرنامەیەی کە خۆی دایـنـاوە، لای‌داوە، چونکـە ڕاستی‌ی تەواوو بێلایـەنی‌ی تەواو ئامـانجێکـە، تا مێژوونـووس پێی‌دەگـات، دەپـسـێـت - لەوەش سەیـرتـرو ترسناکـتـریش ئەوەیـە کە ئیبن خەلـدوونیش خزمەتی دەسەڵاتدارانی کردووەو، تا، کە، تەواوێکیش، لێبڕاو دەستی‌دایـە زانیـاری هێشتا هەر دەستی لەوان هەڵنـەگـرت و بە تەواوی پەیـوەنـدی‌ی لەگەڵیاندا نەبڕی‌و سوودی لە دااڵدەداری‌ی ئەوانـە هەر وەردەگـرت. ئەو لە میصـر ژیـاوەو سوڵتان (ئەززاهیر بەرقـوق «الظـاهـر برقـوق» 784 - 801ك، 1382 - 1399ز) دااڵـدەی داوەو چاوی لێی‌بـووە. ئیبن خەلـدون، کە خۆی، مێژوونووسان بە ئاگادەهێنێتەوەو دەڵێت: نەکەن «دووری خاوەن پارەو پایە بکەون و پێیاندا هەڵبڵێن».

کەچی خۆی هەڵ خلیسکـاو بە هەردوو پێوە کەوتـەنـاوی، ئەوەتا ئەوەی هەڵبەستوو کە گوایا، سوڵتان بەرقوق، بە ڕەسەن، دەچـێـتـەوە سەر هۆزی غەســـان، بە مەبـەستی ئەوەی کە بە عەرەبی لەقەڵەم بدات و ڕێزێکی زیاتری بۆ بڕەخسێنێت. جا، هاتووە بۆ ئەم مەبەستە دەستی‌کردووە بە پشکنین و بیرکردنەوە، تا، کە زانیی ئەم میرە، لە هۆزی چەرکەسە، واتا ئەوانەی کە لە چیاکانی دەوروبەری وواڵاتی قەفقاس و ڕووس و لان لە باکوور ژیـاون و نیشتـەجێبـوون، کە گوایـا ئەوانە لەو غەســـانانەن کە کاتی خۆی بە سەرۆکایەتی‌ی (جەبەلە بن ئەلەیهەم «جبلة بن الایهم»)ی میریانەوە گەیشتوونەتە وواڵاتی ڕۆم.. هات و ئەمەی دۆزیـەوەو ووتی: - دوورنی‌یـە ڕەسـەنیـان تێکـەڵ بەبێت، ئەو چەرکـەسـەش کە خۆی بە غەســـان لەقـەڵەم بدات (وەکو ئیبن خەلدون دەڵێت)، ئەوە. هەر لە غەســانەو، ڕاست دەکات و، ڕەسەنە.[34]

ئیتـر دوای ئەم لێکـدانـەوەیـەی تێکـەڵبـوونـەی ڕەســـەنـە، بە زمـانێکی پێـداهـەڵ گوتنی ئەوتـۆ درێـژە بە نووسین دەدات کە تەواوی ڕەفتـاری کلکـەلـەقێو ماستاوساردکردنەوەی ناو کۆشکی پاشـایـانی پێسوە دیـارە. ئیبن خەلـدون ئەوەیـە کە ئەو کتێبـە «پێشـەکی»یـە نایـابـەی خۆی لە خەڵاتی سوڵتـانی مەغـریب و لئـەفصـا (المغرب الأقصی «ئەیی فارس عەبدولمەلیـزیز بن ئەبیلحەسـەن ئەلمـرینی‌ی - دووەم -))دا پێشکەش کردووەو بەم شێـوازەش پێـایـداهـەڵـدەڵێت: ((میری موسوڵمانان، سەرۆکی خۆمان، ئیمامی تێکوشەر، سەروەرو خۆبەختکار، وواڵاتان گرو چاکـەکـارو بێگـوزەران و هەژار، بەخشین ڕەفتـار، کۆکـاری زانیـاری‌ی پرشـوبـڵاو، خاوەن ڕای دروست و دەوشـاو، ڕۆڵەی سوڵتـانی گەورەی تێکـۆشـەرو پیـرۆزی سەروەرمـان، نەوەی سەرۆکـانی پایـەبڵنـدی (هـۆزی مرین)، ئەوانـەی کە ئایینیـان تازەکردەوەو زیندوویان کردەوە»..

ئیتر بە جۆرێکی ئەوتۆ لەسەری‌دەڕوات و پیایداهەڵدەڵێت تا دوو لاپەڕەی تەواوی بۆ پڕ دەکاتەوەو لە بەرایی کتێبەکەی‌دا زیاتر لە (250) ووشەی پیادا دەڵێت.[35]

ئەمـەش بەڵگـەیـەکی تەواوی ئەوەیـە کە ئیبن خەلـدون، سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی بیرکردەوە، بەرنامەکاری‌یەکی ڕاستی بۆ خۆی دۆزیـوەتـەوەو، دانـاوە، کەچی، بە کردار نەیتـوانی ئەو نەخشە ڕاست و دروستەی کە بە دەستی خۆی ڕەنگی‌ڕشتبوو لە گرێو قۆرت و چەوتـوچـەوێڵی ڕاست بکـاتـەوە. ئەو هەڵـەو هەڵـەشـەیی‌یـەی ئەویش تێی‌کـەوت، یان لەبـەر ئەوەبـووە کە ئەوەندە هەستی بە لای بیروباوەڕەکەی خۆیەوە نەبووە کە دەبوو لێی لانەدات، یانیش بە هەموو هەست و هۆشی خۆیەوە ئەو ڕێگـەیـەی گرتـووە، کە لە مەیـدانی ڕامیـاری‌دا خەریـك بووەو دەستکەوتی ژیانی خۆی پێدابین کردووەو سوودی ماددی‌ی لێوەرگرتووە.

ئەم باســە ئەوەنـدە کارێکی ئاســان نی‌یـە، لەم کورتـە لێکـۆڵینـەوەیـەدا بتـوانین ئەوەی ئیبن خەلدون لە دەنگوباسی ناو مێژووەکەی‌دا داینـاوە ڕوونی‌بکەینەوە. ئەو لەو مێژووە فراوانەدا، کە داینـاوە وەکـو مێـژ وونـووسـانی‌تری پێش خۆی‌و ئەوانەی پاش

کتێبخانەی ئەدەبی

خۆی، دور جۆرە کرداری هەیە:

کردارێکی ئەوەیە، کە لەوانەی پێش خۆیەوە وەری‌گرتووەو نووسیوێتی، کردارەکەی تریشی ئەوەیە، کە تەماشادەکات و تێدەڕوانێت. ئەو پرسیارەش، کە دەیکەین ئەوەیە، ئایا ئێین خەلدون بە چاکی‌ی ئەوانەی هەڵبژاردووە، کە وەری‌گرتوون؟ ئایا بەسەر ئەوەدا، کە وەری‌گرتووەو لەبەری نووسیوەتەوە، هیچ ئەو بەرنامەیەی خستووەتەکار، کە خۆی داوای‌دەکرد مێژووی لەسەر بنووسرێتەوەو مێژوونووسان پێخەنەکار؟ واتا ئایا ئێین خەلدون، بەگوێرەی بەرنامەگەرێیە تازەکەی خۆی، (بەرنامەی بەکارهێنانی بەڵگەی هۆشمەندانە) لە نووسینەوەی مێژووی سەدەکانی رابووردودا، هیچ لە مێژوونووسانی پێش خۆی سەرکەوتوتر بووەو؟ لەوان باشتری نووسیوە؟.

وەڵامی ئەم پرسیارەش وەنەبێ تەواوی سوودی بەرنامەکەی ئەوەی تێدابێت. هەر بە نموونە: ئێین خەلدون دەڵێت، لە سەردەمی حوکمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتتابدا (خوای لێ رازی‌بێت) دەست کرا بە گرتنی وڵاتی مەغریب. ئەمەش خەیاڵکردێکی سەرسوڕهێنەر کە بە هێشکی مێژوونووسێکی گەورەی وەک ئێین خەلدوندا هاتووە. کە دەڵێت:

«ژنە زەیوانە مەغریبی‌یەکە» 127 ساڵ ژیاوە، ئەم ووتەیەش - وەکو خۆی دەڵێت - دووبارە هەر ئەوە دەگێڕێتەوە کە (مرۆڤ جەز لە ئەفسانەی سەرسوڕهێنەر دەکات)و، ئەوەیە کە خۆی نووسەرانەتری لێ بەئاگا هێنانەتەوە، کەچی خۆی کەوتە ناوی.

ئەوانەی ووتمان (شێکە لە گشتیک)و بەڵگەیەکی تەواون کە ئێین خەلدون، هەرچی‌یەکی نووسیێتەوە، بە باشی نەیداوەتە بەر تیشکی ئەو بەرنامەکاری‌یەی کە خۆی سازی‌کردووە، کە هەوەکو هۆشی بە لایەوە نەبووبێت و لەبیری‌چووبێت، وابووە.

ئەویش بە چەشنی گەلێک لەوانەی، کە بە دەستی خۆیان بەرنامەی لێکۆڵینەوەیان داناوەو، زێدەڕۆیی بەجێی رەخنەکاری‌ی ئەفسانەیان‌لێنیشان داوەو، خاوەنی بیردۆزەیەکی تەواوبوون لە فەلسەفەی مێژوودا، کەچی لە لێکدانەوەی رووداوە مێژووکردەکاندا سەرنەکەوتوون و تێیدا کێڵ بوون.

ئێین خەلدونیش هەروا بووەو، کەم و زۆر لەوانی‌تر کەموزیادی‌ی نەبووە، لە ڕووی پێداکۆتان و چەسپاوی‌و بەراوورد سەرنج و لێکۆڵینەوەو هەر وەک ئەوان بووەو بەوانی نەووتووە بچن بەوڵاوە، بە جۆرێکی وەهاش کە مرۆڤ هیچ هەست بەوە ناکات کە ئەم خاوەن بیرە مەزنە بە شێوەیەکی تازەبابەت مێژووی نووسیێتەوە.

کەوانە کتێبی (العبر) لە ڕووی گێڕانەوەوە، وەکو ووتمان، بێ‌کەموکوڕی نی‌یەو، زۆریشی تێدایە، بە جۆرێك کە بەرگی پڕ شانوشەوکەتی لەبەر دامالێیووەو ئەو جریسکەیەشی کە تا ماوەیەکی زۆریش پێوەی دەدرەوشایەوە خامۆش بوو نەما. بەڵام ئەوەندە هەیە ئەم خاوەن بیرە کە شتێك دەگێڕێتەوەو، بە چاویش دیویەتی، نرخی خۆی هەیەو پشت‌گوێ ناخرێت، واتا ئەو ڕووداوانەی کە لە چەرخ و سەردەمی خۆیدا دیونی، یان هاوبەشی‌ی لە سازدانیدا کردووە، لە ماوەی ژیانی خۆیدا، وەکو نوێنەرێکی چالاك دەورەکەی خۆی دەخاتەڕوو.

بەسانەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئێین خەلدون مێژوونووس نەبووە بەو مانایەی، کە هەیە، بەڵام لە کارو فرمانی مێژووکردەوە هەنگاوی ناوەو، ئەوەی بە چاوی خۆی دیویەتی، بە شێوەیەکی ووردکاری ئەوتۆمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە لە گێڕانەوەی ئەم دەم و ئەو دەم گەلێك تەواوترە.

چونکە ئەو زۆرتر بەتەنگ ئەوەوە بووە کە هۆو ئەنجامی رووداوەکان ڕوون بکاتەوە، نەك هەر بیانووسێت و هیچی‌تر. ئامانجیش لە نووسینی مێژوودا، خودی مێژووەکە نەبووە، بگرە مێژووی بە ڕێگەیەك دادەناو بە دەرسێکی دەزانی کە ئەو هەرەسهێنانە گەورەیەی پێ تێبگات کە دێتی‌و بوو بە لووتی‌یەوە. ئەویش وەکو خەڵکی‌تر، بە گیانەڵای شارستانێتی‌ی ئیسلام ئێش کەوتە دڵی (ئەندەلوس و، داگیرکاری‌ی ڕابوردووی چاخ دروشمان و، داگیرکاری‌ی مەغرڵ و هێرشەکەی تەیموری لەنگ کە لە ژیانی خۆیدا ڕەوویدار گەلێ نەگبەتی‌و نەهامەتی‌تریش) بەسانە هەموی دڵتەنگ بوو.

لەبەرئەوانە، دەیویست، بەو بیرەتیژەی خۆی ئەو یاسایانە

بدۆزێنەوە کە شارستانێتی پێدادەمەزرێت و پەرەی پێدەسێنێت و دایدەکوتێ و دەشی خاتە و لەناویشی دەبات. جا ئەو یاساو بنەمایانە چۆن چۆنی دەدۆزرێتەوەو دەزانرێن ئەگەر ئەو کەسەی بە دووباندا دەگەڕێت، لە مێژووەوە دەست پێنەکات، واتا ئەگەر لە دەفتەری شارستانێتیەکانەوە بنەماکانی ئەخوێنێت؟

بەو جۆرە مێژوو دەبێتە خەبەرگاو، دەبێتە کۆگایەکی گەورەی تاقیکردنەوەی ئەوتۆ کە یاساکانی ناوەدانکردنەوەی پێ دەدۆزرێنەوە، چونکە مێژوو ئەو یاسایانە دەداتە بەر نەشتەرکاری لێکۆڵینەوەو لێکدانەوە کە وەکو تیشکێك هەمو کون و کەلەبەرێکی رووناك دەکاتەوە، یان وەکو خۆی دەڵێت: «هەمور ئەو رووداوو بارو دۆخانەی مێژوو، خۆی».

سەرچاوەکان: -

1 ـ کتێبەکەی د. طه حسین (فلسفه ابن خلدون الاجتماعية).

2 ـ د. نوال السعداوی (قراءة جديدة في فكر وفلسفة ابن خلدون مجلة التضامن ژمارە ـ 28ی ساڵی 1983.

3 ـ لە دەرفەتێکی تردا باسی بیروڕای هاوسەردەمانی ئیبن خەلدون ـ لە بارەی ئیبن خەلدونەوە چیبە، باسیان دەکەین.

4 ـ لەم رووەوە بروانە (جوستون بوتول، ابن خلدون، فلسفته الاجتماعية ـ ص ٢٧ .

5 ـ المقدمة چاپی (دار الكتاب اللبناني. بيروت 1979) ل: 2

6 ـ هەمان سەرچاوە لە /3

7 ـ هـ. س. ل: 6

8 ـ هـ. س: ل: 12

9 ـ مەسعودی لە دەروبەری ساڵی 346ك/ 957ز. دا کۆچی دوایی کردووە، ئیبن خەلدونیش ساڵی 807ك/ 1406ز.

10 ـ د. شاکر مصطفى كتيبى (التاريخ العربي والمؤرخون) جـ 2، ل 52 بۆ ئەوەش زیاتر لەم مێژوونوسە گەورەیە بگەیت، بروانە کتێبەکەی د. هادی حمود حسین (منهج المسعودی) چ/ بغداد/ 1984.

11 ـ المقدمة ل/ 52.

12 ـ هـ. س. ل: 18.

13 ـ هـ. س. ل: 20.

14 ـ ل: 58

15 ـ ل: 13

16 ـ ل: 8

17 ـ ل: 53

18 ـ بروانە د. عبدالرحمن بدوی (مؤلفات ابن خلدون) القاهرة 1962 ص ل: 281 ـ 188.

19 ـ المقدمة ل: 13.

20 ـ رەخنەکاری کاکڵکرد: بریتیبە لە شیکردنەوەی ئەصلە مێژووییەکە تا بە باشی روون بکرێنەوە ماناکەی لێك بدرێتەوە لە لێکدانەوەی نووسراوەکە ماناکەی وەربگیرێت و مانای پیت بە پیتی دیاری بکرێت و مانا راستەقینەکەشی بزانرێت و مەبەستی دانەری کتێبەکەش بزانرێت چیبەو چی دەڵێت.

بروانە. حسن عثمان، منهج البحث التاريخي./ 118.

21 ـ المقدمة ل: 13 ـ 14.

22 ـ هـ. س ل: 14 ـ 16.

23 ـ هـ. س. ل: 16.

24 ـ هـ. س. ل: 16 ـ 19.

25 ـ ل: 26.

26 ـ ل: 30 ـ 32.

27 ـ ل: 33

28 ـ ل: 37

29 ـ ل: 42 پاستی ڕەسەنەکەشی، ل: 44.

30 ـ ل: 45 ـ 56.

31 ـ ل: 18.

32 ـ ل: 20

33 ـ ل: 46

34 ـ كتيبى (العبر) ج 1 ل: 1011 ـ 1012.

35 ـ المقدمة ل: 9 ـ 11.

خەزانەی کتێب

سەرمایەداری و

بازرگانی بەشێوەیەکی نوێ

هەوالێکی کتێب

ئەم بابەتەو لێکۆڵینەوەی (الاستعمار الحديث والرق)ی (دکتور مسعود ظاهر) لە زانکۆی لوبنان دا.
لەم کۆرەدا بە باشترین لێکۆڵینەوە داندراون.

[redacted]

د. کەمال مەزهەر ئەحمەد[1]
کۆلێژی ئاداب - زانکۆی بەغدا

وەک ئەزانین مرۆڤایەتی نیجگار زۆر لەمێژە بەندەو بەندەیی لە ژیانی خۆیا دیوە. هەر پاش ئەوەی چەردەیەک گەشەکردن لە ژیانی ئادەمزادی سەرەتاییدا پەیدابوو وئادەمزاد قۆناغی کۆمۆنەیی بەجێهێشت و قۆری دارایی تایبەتی بوو وجیاوازی لە داراییدا لەنێوان ئەم و ئەوا پەیدا بوو، سیستەمی بەندەیش سەری هەڵدا[2] کە بەپێی مێژوو، لەچاو کۆمۆنەیی یەکی

باشکەوتووەکەی ژیانی ئادەمزادی پێش ئەو مێژوودا، هەنگاوێک بوو بۆپێشەوە.

لەبەرئەوەیش کە ئەم ناوچانەی رۆژهەلاتی خوراو لە مەکیدانی گەشەکردنی شارستانەتیدا لەپێش هەموولایەکەوە بوون، ئاشکرایە ئەوێ شێوە پێشینەکانی بەندەیش، کە لە مێژوودا

ناسراون، لەم ناوچانەدا سەریان هەڵدابێ. بەڵام لە چوارچێوەی شێوە کلاسیکی یەکەیا لە وڵاتانی یۆنان و ڕۆمانی کۆنیا قاڵبی وەرگرت، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەوانیش هەر بە بەشێك لە ڕۆژهەڵات دائەنران. هەر بەندەبێش بوو بەدرێژایی ماوەی سااڵنی نێوانی هەزاری یەکەمی پێش لەدایك بوونی عیسا و سەدەی پێنجەمی پاش لەدایك بوونی بوو بە چوارچێوەی سیستەمی کۆمەاڵیەتی و ئابووری و سیاسی ئەو وڵاتانە.

کە سیستەمی دەرەبەگێیش بە خۆی و دام و دەزگاکانیەوە پەیدابوو، بەندەبی لەناوناچوو، بەڵکو شێوەی نوێی وای گرتە خۆی لەگەڵ پێویستی یەکانی کۆمەڵی نوێدا بگونجێ و لەجاران زیاتر پێوەندی بە زەوی و بەروبووی کشتوکاڵەوە پەیداکرد.

بەگوێرەی ئەوەی لە (Doomsday Book)[3] دا نووسراوە لە دوادوایی یەکانی سەدەی یانزەهەمدا نزیکەی 25 هەزار زەوی بەندە[4] لە ئینگلتەرە هەبووە، کە بەشێکی زۆریان لە کێڵگەکانی کلیسادا کاریان ئەکرد. بەڵام شێوە کلاسیکی یەکەی بەندەبی، ڕاستەکەی، لە زۆرترین وڵاتانی ئەو ڕووبای ڕۆمانەدا برابووەوە، تەنها لە هەندێ لەو شارانەیا کە ئەکەونە لێواری دەریای ناوەڕاستەوە وەك ڤینیسیا و جنەوە تا دوادوایی سەدەی شازدەهەم درێژەی کێشا.[5]

تەبیعی بوو سەرهەڵدانی سەرمایەداری کار بکاتە سەر جۆری بناخەو بنەڕەتی بەندەبی، چونکە سروشتی سەرمایەداری خۆی وایە هەر لە پەیدابوونیەوەو بەتایبەتی پاش گەشەکردنی، وکێوی ترین گەل بەدوای خۆیا بەکێش ئەکا. لەگەڵ ئەوەیشا کە شێوەی نوێی هێنانە بەرهەم لەسەر سوود لێبردنی کاری ئازادی بەکرێ دامەزراوە، سەرمایەداری هیچ سڵی لەوە نەکردەوە، هەر ئەوەندە بۆی لوابێ و قازانجی تیا بووبێ، شێوەکانی پێش جەرخی خۆیشی بەکارینێ، تەنانەت بە ئیش پێکردنی بەندەیشەوە، بەڵام دیارە لە چوارچێوەی خستنە قاڵبێکی نوێدا بەگوێرەی پێویستی یەکانی قۆناغی نوێ. ئەوەبوو ئەسپانیایی یەکان و پورتوگالی یەکان و پاش ئەوانیش هۆڵەندەیی و فەرەنسەیی و ئینگلیزەکان ئەچوونە هەرکوێ لە دەرەوەی وڵاتی خۆیان،[6] دانیشتوانی ناوخۆی ئەو شوێنانەیان لەخستە بەر بێگار. هەر ئەمەشە ئەوەمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە کە بۆچی تا دوا دوایی ئەم دووسەدەیەی دوایی، لەگەڵ تەوژمی بەتینی ئەو گەشەکردنەیشدا کە لەگەڵ سەرهەڵدانی سەرمایەداریدا پەیدابوو، بەندەیی لە هەندێ ناوچەدا هەر مابوو.[7]

لەمەوە ئەتوانین بڵێین لە سەدەی شازدەهەمەوە قۆناغێکی نوێی بڵاوبوونەوەی بەندەیی و شێوەی کارپێکردنی بەندە دەستی پێکرد. ئەم قۆناغە ڕاستەوخۆ پێوەندی بەو ماوەیەوە هەبوو کە پێی ئەڵێین ماوەی کەڵەکەکردنی سەرمایەی سەرەتایی (تراکم رأس المال الأولی)و پەل هاویشتنی کۆڵۆنیالیزم لە وڵاتانی ئاسیاو ئەفەریقاو ئەمەریکادا[8].

کشتوکاڵ کردن لە وڵاتانی هەردوو ئەمەریکای سەروو و خواروودا پەرەیەکی فراوانی سەندبوو و گەشەیەکی زۆری کردبوو. بەهۆی ئەوەوە، لەو وڵاتانەدا بەڕادەیەکی ئێجگار بەرفراوان دەسیان دایە کار بە بەندە کردن لە چوارچێوەیەکی نوێدا. ئەمەیش ئێکڕا لە کۆمەڵە هۆیەکەوە پەیدا بووبوو کە هەریەکەیان بگرێ کاری لەوی ترینا ئەکرد، چونکە ئەوەبوو لە جیهانی نوێدا دوو جۆرە قەوماوی دژ بەیەك شان بەشانی یەك هەبوون کە بریتی بوون لەوە لەلایەکەوە کرێکاری چ ناوخۆیی و چ ئەوروووپایی زۆر کەم بوون و لەولایشەوە سامانێکی ئابووری زۆری بە هیچ جۆرێ نەهێنراوە بەرهەم لە بەردەستدا بوو لە جیهانی نوێدا. ئەمە پاڵی بە سەرمایەدارەکانەوە نا ڕوویکەنە کێشوەری ڕەش و بەدوای کرێکاری هەرزان بەهادا بگەڕێن. دانیشتووە ئەسڵی یەکانی جیهانی نوێیش کە هیندیی یە سوورەکان بوون کە کۆڵۆنیی دۆزەرەوەی ئەمەریکا ئەڵێ باشترین خەڵکن کە خوا دروستی کردبن، هەڵوێستێکی تەواو ناجۆریان بەرامبەر بە داگیرکەرانی وڵاتەکەیان هەبوو، چونکە ئازاری زۆریان بەدەستەوە چێشتبوون و پێیان خۆش بوو بمرن تا ئەوەی هاوکاری لەگەڵ ئەوان بکەن، سەرەڕای ئەوە ژمارەیشیان هەر لەخۆیا کەم بوو. بەشێکی زۆریشیان بەهۆی ئەو جۆرەها دەردو داوەوە کە ئەو داگیرکەرانە لەگەڵ خۆیان هێنابوویان بۆ جیهانی نوێ، لەناوچووبوون.[9] لە هەمان کاتیشدا پادشای ئەسپانیاو پورتوگال بریارێکی ڕووکەشی یان دەرکردبوو کە نابێ هیندیی یە سوورەکان بکرێن بە بەندە. ئەمە هەموو وای لە ئەوروووپایی یەکان کرد پتر ڕوویکەنە عەشامانی ئەفریقا کە لەو

سەردەمەدا بتر لە دوو پێنج یەکی سەرانسەری دانیشتووانی زەوی‌یان پێك ئەهێنا.[10]

بەم جۆرە سروشتی سەرمایەداری خۆی‌و خاسیەتەکانی نیوەی ڕۆژاوای تۆپس زەوی کە ئەورووپایی بەکان لە یەکەمین قۆناغەکانی گەشەکردنی سەرمایەداریدا لە کیشوەرەکەیانا - دۆزیبوویانەوە، جۆرە گەشەکردنێکیان لە مەیدانی بازرگانی بە بەندەوە کردندا داسەپاند کە هەرگیز لەوەپێش هاوتای ڕووی‌نەدابوو، کە بازرگانی بە بەندەوە کردنیش بەڕادەیەك سوودمەندی لێ دەرچووبوو گەورە پیاوانی پێشکەوتووترین وڵاتی ئەورووپا سڵیان لەوە نەئەکردەوە ناپەسەندترین شێوەی بکەن بە پیشەی خۆیان، بەڵکو وای‌لێ هاتبوو پادشایان و کاربەدەستانی گەورەی ئەو وڵاتانە خۆیان چاودێری‌یان ئەکرد.

ئەوەبوو، بۆنمونە، چارلسی دووهەمی پادشای ئینگلتەرە. (1660 - 1685) خۆی بووبوو بە یەکێ لە هاوبەشانی ئەو کومپانی‌یە بەریتانیایی‌یانەی بازرگانی‌یان بە بەندەوە ئەکرد.[11]

ئیمپریالیستەکان لەپێناوی بردەوامی دانی ئەم بازرگانی‌یەدا بۆ داپین کردنی بەردەوامیی هۆیەکانی، هیچ کۆیان لەوە نەئەکردەوە پەنا بەرنە بەر سووکترین و سەیرترین شێوە، هەر لە بڵاوکردنەوەو داچاندنی تۆوی ناکۆکی‌و دووبەرەکی‌یەوە لەنێو خێڵەکانی ئەفەریقادا بیگرە بە فرۆفێڵ و زۆڵایەتی بە مەبەستی خۆش کردنی ئاگری شەڕو ناڕاوە لەنێوانیانا بۆ ئەوەی ژمارەی دیلەکانیان کە ئەبرانە بازاڕی بەندەفرۆشی زۆرتر بێ، تا ئەگاتە بڵاوکردنەوەی بەدڕەوشتی‌و داوێن پیسی لەنێوانیانا، تەنانەت هەر لە ساپەی بازرگانی بە بەندەوە کردندا پیشەسازیی شەرابی ڕووم دروست کردنی ئەمەریکا قۆناغێکی گەورەی بڕی. لەبەر ئەوە هیچ سەیر نەبوو لەپێناوی بەردەوامیی ئەم سەرمایە خەرکردنەوەیەی ئیمپریالیستەکانا، بازرگانە ئینگلیزەکانی بەندەفرۆشی هانی ئەفەریقایی‌یەکان بدەن کە فێری خواردنەوەی ئەم جۆرە مەیانە ببن. ئەمەش تەنها دڵۆپێکە لە دەریایەك.

هەر بە مەبەستی هێنانەدیی ئەم ئامانجە، لەپێشاندا ئەسپانیایی‌و هۆڵەندیی‌یەکان و ئەوجا ئینگلیزەکان بەنایەتی، مەڵبەندو کومپانی‌یەکی زۆریان بۆ بازرگانی بە بەندەوە کردن لە کەنارەکانی ڕۆژاوای ئەفەریقادا پێکەوەنا. سەرپەرشتی کەرانی ئەو کومپانی‌یانە پێوەندێکی بەتینیان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆك خێڵە دەسەڵاتدارەکانی ناوچەکە پێکەوەنلو بەیارمەتیی ئەوان کەوتنە هێرش بردنی نایەتی بۆ ناوەوە بەندە لە هەرکوێ بۆیان بلوێ چ لە کەنارەکانی ئەفەریقاو چ لە ناوەوەی کیشوەرەکەیشدا.

ئەم کومپانی‌یانە لەلایەن دەوڵەتەکانیانەوە چاودێری‌یەکی تایبەتی ئەکران، چونکە ئەو گەشەکردنە بەپەلەی، بازرگانیی ئێجگار بەقازانجی بەندە بەخۆیەوەی دی، کارێکی کرد ئەو بازرگانی‌یە ببێ بە یەکێ لە هۆیەکانی جەنگە تازەکانی نێوان دەوڵەتە ئەورووپایی‌یەکان و، بە بابەتێ لە بابەتەکانی پەیمانەکانی نێو دەوڵەتان وەك پەیمانی ئاشتیی ئوترێخت لە ساڵی 1713دا[12] کە دوایی بە جەنگی میراتگری ئەسپانیا ناسرا فەرەنسەو دەوڵەتە دۆژمنەکانیا هێنا کە ئینگلتەرەو هۆڵەندەو پرووسیاو سافۆی بوون.[13]

ئیسپانیایی‌و پورتوگالی‌یەکان کە پێشەنگی دۆزینەوەو جیۆگرافیایی‌یە مەزنەکانن، لە خەریك بوونا بە بازرگانی نێوە کردنی بەندەدا لە خەڵکی‌تر لەپێشترن. پورتوگال یەکەمین دەوڵەتێکی ئەورووپایی‌یە هەر لە ناوەڕاستی سەدەی پازدەهەمەوە خەریکی ئەم بازرگانی‌یە بووە، بەڵام سەدەیەکی بەسەرا تێنەپەڕی ئینگلتەرەو هۆڵەندەو فەرەنسەو دانیمارکیش هاتنە ئەم مەیدانەوە. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دوا دەوڵەتی گەورە بوو ژمارەیەکی کەم نا لە پارەدارەکانی دەستیان دایە کڕین و فرۆشتنی بەندەو تا دوادوایی سەدەی نۆزدەهەمیش هەر خەریکی بوون.

هێشتا ماوەیەکی کەم بەسەر دۆزینەوەی جیهانی نوێدا نێپەڕیبوو، کە یەکەمین کۆمەڵی ئەفەریقایی لە سەرەتای سەدەی شانزەهەمدا گەیشتنە جزیرەی هایتی. لە سەرەتای ساڵی 1517وە بەندە گواستنەوە لە ئەفەریقاوە بۆ جزیرەکانی ڕۆژاوای هیندو بەتایبەتی بۆ برازیلی دەوڵەمەندو بەدەردەتان بەشێوەیەکی ڕێکوپێك دەستی پێکرد.

تا درەنگێ بەندە گواستنەوە بۆ ئەو ناوچانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئیستایان لێ پێکهاتووە، دەستی پێنەکرد، ئەوەیش بەهۆی ئەوەوە بوو لەبارەی خێروبێری ئەو ناوچانەوە بەهەڵەدا چوبوون و وایان ئەزانی هیچی ئەوتۆیان نیا ی‌یەو

لەبەرئەوە دەرئەنجام کەوتنە سوود لێوەرگرتنیان. تەنانەت ئیسپانیاییەکان لە ئەخشەکانیانا بە خاکەکانی سەرووی مەکسیکیان ئەوت ناوچە هەژارەکان یا ناوچە بێ پیت و فەرەکان؛ کە ئینگلیزەکان دۆزیان کردە جیهانی نوێ، لەڕاستیدا لە وڵاتێکی چۆڵ وهۆڵ بەوڵاوەیان نەدی، بەڵام بۆیان دەرکەوت دەوڵەمەندترین شوێنی دونیای ئەم ئەستێرەی زەوییەیە کە تا ئەوکاتە پێی نەنرابوو سەر. ئەو دۆزەی ئینگلیزەکان لە مەیدانی گەشەکردنی سەرمایەداریدا مەودایەکی زۆریان بڕیبوو، بۆیە زۆر زوو لەو مەبدانەدا لە ئاوەڵە ئەوروووپاییەکانیان پێش کەوتن.

ئەمەیش واتە باشترین نەمامی سەرمایەداری گوێزرایەوە بۆ باشترین خاك تیا بڕوێنرێ کە سیانزە ئاوایی یەکەیان[14] بوو لە ئەمەریکای سەروودا، ئەوەی خاکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای ئەمڕۆی لێ پێکهاتووە. بەهۆی ئەوەوە ئەم وڵاتە لە هەر شوێنێکی کە زیاتر پێویستی بە ڕەنجی شانی بەندە هەبووە بۆ هێنانەبەرهەمی خێرویێری. ئەمەیش بەناشکرا لە بازرگانی پێوە کردنی بەندەدا ڕەنگیدایەوە کە تا ڕادەیەکی سەرسامکەر بەرەی سەند. جا بۆ بەڵگە هێنانەوە بۆ ئەم ڕاستیە ئەوە بەسە کە پەنجە بۆ ئەوە ڕابکێشین کە نرخی بەندە لەو سەردەمەدا چەندی زیاد کرد. لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەمدا نرخی یەك بەندە گەیشتبووە 17 پاوەن یا تەنێك شەکر،[15] کەچی لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا گەیشتە 300 دۆلار. پاشان بەرزتریش بووەوە تا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا گەیشتە 1800 دۆلار کە بەپێی توانای کڕینی ئەو سەردەمە پارەیەکی زۆر بوو. بەڵام ئەم ڕاستیە لەگەڵ ئاباری و ناهەمواریشیدا ئەوەندەی وێنەی ئەو قازانجە خەیاڵیەی بازرگانە ئەوروووپایی و ئەمەریکاییەکانی بەندە خڕیان ئەکردەوە، وێنەی دڵ ئازاردەری بازرگانی پێوە کردنی بەندەمان پێشان نادا. پوختەی قازانجی هەر بازرگانێکی بەندە لە فرۆشتنی بەندەیەکی لاوی 18 ساڵان لە ماوەی نێوان ساڵانی 1821 و 1825دا گەیشتە 334 دۆلار. پاشانیش لە ماوەی نێوان ساڵانی 1821 و 1825دا گەیشتە 334 دۆلار. پاشترێش لە ماوەی نێوان ساڵانی 1856 و 1860دا گەیشتە 1306 دۆلار.[16]

یەکەمین کۆمەڵە بەندە کە گەیشتە خاکی ئەمەریکا، لە 21 کەس پێکهاتبوو. ئەمانە لە ساڵی 1619دا لە ئەفەریقاوە گوێزرانەوە بۆ ڤیرجینیا. لە سەرەتادا ژمارەی بەندە ئەفەریقاییەکان وردە وردە بەرز ئەبوەوە. بەگوێرەی سەرچاوە ڕەسمییەکان ژمارەیان لە هەموو ئاوایی یەکانی بەریتانیادا لە ئەمەریکای سەروو لە ساڵی 1650دا تەنها 1600 کەس و لە ساڵی 1670دا 6971 کەس بوو،[17] بەڵام زۆری نەخایاند شان بەشانی گەشەکردنی سەرمایەداری لەو ئاوایی یانەدا لە ئەنجامی زۆربوونی پێوەندی ئەو ئاوایی یانە بە بازاڕی دەرەوەو بەتایبەتی بە بازاڕەکانی ئەوروووپای ڕۆژاواوە، گەشەکردنێکی لەپڕو گورج بەسەر ئەم وەزعەدا هات، ئەوەبوو تەنها لە ماوەی نیوسەدەدا، واتە لە ساڵی 1700وە تا ساڵی 1750 ژمارەی قۆلەڕەشە ئەفەریقاییەکان لەو ئاوایی یانەدا 800٪ زیادی کردو لە تەنها 28 هەزار کەسەوە گەیشتە زیاتر لە 236 هەزار کەس. لە ماوەی بیست ساڵی لەوەپاشیشدا بووبەدوو قات کە ئەوەبوو لە ساڵی 1770دا گەیشتە نزیکەی 460 هەزار کەس. ئەم زیادەیە لە یەك کاتدا هەم ونبیی یش و هەم دەستڵەقەیش[18] بوو، چونکە ئەوەبوو دانیشتووانی هەموو ئاوایی یەکان لەو دواساڵەدا کە ساڵی 1770یە گەیشتبوە نزیکەی 2 ملیۆن و 150 هەزار کەس.[19] بەم جۆرە قۆلەڕەشە ئەفەریقاییەکان لە دوارۆژەکانی پێش هەڵگیرسانی شۆڕشی سەربەخۆیی ئەمەریکادا 20٪ی تێکڕای دانیشتووانی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکاو 40٪ی تێکڕای دانیشتووانی وڵاتە خواروووەکانی ئەمەریکایان پێك ئەهێنا.

شۆڕشی سەربەخۆیی ئەمەریکا کە لە ساڵانی 1775 ـ 1783دا ڕووی دا، خۆی لەخۆیا بەرەنگاربوونەوەیەکی بەجێی هەوڵ و ئەقڵای مەئرۆپۆل[20] بوو بۆ کۆسپ و ئەگەرە هێنانە پێی ڕەوڕەوەی سەرمایەداری لە موستەعمەرەکانیا. بۆیە شتێکی زۆر ئەبیعی بوو ئەنجامە جوان و گەشەکانی ئەم شۆڕشە بین بە هێزێکی باڵ پێوەنەری نوێ بۆ گەشەکردنی لەوپاشی سەرمایەداری لەو موستەعمەرەدا. ئەمەیش لە هەمان کاتا واتە زۆربوونی پێویستیی ئیش پێکردنی بەندە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بەڕادەیەکی ئەوتۆ هەرگیز لەوەوبەر شتی وا ڕووی نەدابێ. ئەمەیش کێشابەوە بۆئەوە کە بازرگانی بە بەندەوە کردن لەو ماوەیەدا بگاتە چڵەپۆپەی. بەم پێیە ژمارەی

هەوڵنامەی کێبڕکێ

قولـه ڕەشـەکـانی ئەمـەریکـا گەلێ لە جاران بەپـەلـەتـر کەوتـە بەرزبوونەوە. ئەوەبوو لە ساڵی 1790دا گەیشتە زیاتر لە 757 هەزار کەس و لە ساڵی 1810دا گەیشتـە دوو ملیـۆن و 200 هەزار کەس و لە ساڵی 1860دا لە 4 ملیۆن و نیو تێپەڕی کە نزیکەی 4 ملیۆنیان[21] بەندەی بەپارەکڕراو بوون.[22]

بەندە بەپارەکڕراوە ئەفەریقاییەکان کە بران بۆ جیهانی نوێ بەتـایبـەتی ئەوانـەبـان بران بۆ وڵاتـە یەکگـرتـووەکان و برازیل، بەشـداریـیەکی کاریگـەریـان لە کاری کەڵەکەبوونی سەرمایەی سەرەتـایـیدا کرد کە بە بەکێ لە بنـەڕەتـە ناوەنـدیـیەکـانی هەر گەشـەکـردنێکی سەرمـایـەداری دانـەبـڕێ. ئەمـانـە بەهـۆی خەریـک بوونیـانـەوە لە قورسـترین کاری کێڵگـەکـانی وڵاتـە خوارووەکـانی ئەمـەریکـا و ناوچـە شاخـاوییـەکـانی برازیلدا بە کەمترین ئەرک و مەسرەف، دەوریان گەلێ زۆر بوو لە بۆڕێشـەوە بردنی ڕەوڕەوەی سەرمایەداریدا لە ئەمەریکا. لە سایەی کاری بەندەوە کێڵگـەی گەورەو بەدەرەتـانی قازانـج فرەو خێـرا و بە بیـری کەمـا نەهـاتـووی زۆر لە وڵاتـە خوارووەکـانی ئەمـەریکا پێکـەوەنـرا. بۆ ڕووبەرکردنـەوەی ئەم قسـەیە تەنها چەنـد نمـوونـەیـەکی پێشـانـدەر دێنینـەوە: تووتن کە بۆ یەکـەمین جار بەشـێوەیـەکی ڕێکـوپێـک لە ساڵی 1612دا لە وڵاتی ڤیرجینیا دەس کرا بە چاندنی، زادەی هێنـانـە بەرهـەمی زۆر بەپـەلـە بەرزبوونەوەو بازاڕی بەرەوپێشی لە دەرەوەی وڵات دەسگیر بوو. لە ساڵی 1616دا ئەندازەی ئەو تووتنەی لە ئەمەریکاوە ئێردرایە دەرەوە بۆ تەنهـا ئینگلتـەرە 2500 ڕەتڵ[23] بوو، کەچی پاش تەنهـا چوار ساڵ گەیشتە 119 هەزار ڕەتڵ و پاش دە ساڵی تـر گەیشتە 450 هەزار ڕەتڵ. بەڵام تا ساڵی 1688 گەیشتە پتر لە 28 ملیۆن ڕەتڵ و تا ساڵی 1772 گەیشتە 113 ملیۆن ڕەتڵ. بڕنجی تەنها لە کارۆلینـاو جیـۆرجیـاوە بۆدەرەوە ئێـردراو لە ساڵی 1770دا گەیشتە 83 ملیۆن ڕەتڵ و، بڕنجی تەنها لە کارۆلیناوە ئێردراو دەرەوە لە ساڵی 1775دا گەیشتە ملیۆنێک و 122 هەزار ڕەتڵ.[24]

لە سایەی کاڕێکـردن و چەوسـاندنەوەی بەندەوە لە ساڵانی نەوەدی سەدەی هەژدەهەمەوە، لە وڵاتە خوارووەکانی ئەمەریکادا قەڵەمبازێکی زۆر زل لە هێنانە بەرهەمی پەمووا دەستی پێکرد کە لەوەپێش شتی وا ڕووی نەدابوو لە مێژووا. ئەوەیش بوو بە هۆی پاڵ پێـوەنـانێکی بەهێـزی نـرێ ڕەوڕەوەی گەشـەکـردنی سەرمایەداریی ئەمەریکاو جیهان لە یەک کاتا. ئەوەبوو لە ساڵانی 1790 ـ 1792دا هێنـانـەبـەرهـەمی پەموو لە 3 تا 6 هەزار فەردە[25] بوو، کەچی لە ساڵی 1800دا گەیشتـە 100هـەزار فەردە، واتـە لە کەمتـر لە 10 ساڵا 333قـات زیادی کرد، کە ئەمـەیش بەپێی هەمـوو سەنـگ و ترازوویـەکی ئەندازەو کات و شوێن ڕادەیـەکی ئێجگـار زۆرە، بەڵام بەرزبـوونەوەی بەپـەلەی هێڵی دەرخـەری هێنـانـە بەرهـەمی پەموو لەم ڕادەیەیشا نەوەستاو هەر ئێجگـار تونـد بەردەو بەرزبـوونـەوە ئەڕۆیشت، بەچەشنێ کە تەنها بەرهـەمی خواروی ئەمـەریکا لە ساڵی 1859دا گەیشتە نزیکەی 5 ملیۆن و 400 هەزار فەردە.[26]

بۆنـەوەی مەسـەلـەکە باشتر و لە هەمووسـەرێکەوە بخەینەبـەرچاو، ئەڵێین بەرهـەمی پەمووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ساڵی 1790دا تەنها نزیکەی 4 ٪ی بەرهـەمی جیهان بوو، کەچی لە ماوەیـەکی کەمـا بەشـێـوەیـەکی خەیاڵی بەرزبوونەوە تا ڕادەیەک لە ساڵی 1831دا پتر لە 49٪و لە ساڵی 1840دا پتر لە 62٪ی بەرهـەمی جیهـانی پێک ئەهێنـا.[27] ئەوەیش بڵێین کە پەمووی خواروی ئەمـەریکـا بوو، بوو بە بایەخـدارتـرین پایەو پلەی گەشـەکـردنی پیشـەسـازیی سەرووی ئەمـەریکـاو، سەرووی ئەمەریکایش بوو بەپلە بوو بە دڵە لێدەرەکەی سەرمایەداریی ئەمەریکا.

لەگـەڵ بایـەخی ئەم شتانـەیشدا، ڕۆڵی پەمووی خواروی ئەمـەریکـا لە کاری گەشـەکـردنی سەرمـایـەداریدا هەر بەوەوە نەوەسـتـا. ئەوەبـوو هەر زۆر زوو دەس کرا بە ناردنـە دەرەوەی پەمـووی ئەم ناوچـەیـە کە بە ناوەڕۆی ناوچـاوو شان و قۆڵی قولەڕەشەکـان ئەهێنـرایە بەرهەم. لەم ڕووەوە ئەوەندە بەسە کە بڵێین بۆنمـوونـە لە ساڵی 1860دا زیـاتـر لە نیـوەی پەمـووی خواروی ئەمـەریکـا تەنها بۆ ئینگلتـەرە ئەنێـردرا کە ئەمـەیش واتایەکی گەورەی هەیە چ لە کاری کەڵەکەبوونی سەرمایەو چ لە خەرکـردنـەوەی پارەی بێگـانـەدا کە دوو مەرجی زۆر بایـەخداری پەلەپێکردنی گەشەکردنی سەرمایەدارین.

بۆنـەوەی لە ڕۆڵی خواروی ئەمـەریکـاو بایـەخی هێنـانـە

هەواڵنامەی کێڵگە

بەرهەمی پەموو لە رەوتی گەشەکردنی سەرمایەداریی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بگەین، ئەبێ بەنجە بۆ ڕاستی یەکی بایەخداری تریش ڕابکێشین، ئەویش ئەوەتە کە بەدرێژایی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە کە ماوەی کاریگەری گەشەکردنی سەرمایەی ئەمەریکایە، پەموو بابەخدارترین شت بوو لەناو لیستەی بەرهەمی بۆدەرەوە ئیرراوی ئەمەریکادا. ئەوەبوو لە ساڵی 1815دا بایی تێکڕای بەرهەمی بۆدەرەوە ئیرراوی ئەمەریکا 53 ملیۆن دۆلار بوو، 18 ملیۆن دۆلاری بایی پەموو بوو. لە کاتێکیشدا کە لە ساڵی 1835دا بایی بەرهەمی بۆدەرەوە ئیرراوی ئەمەریکا گەیشتە نزیکەی 116 ملیۆن دۆلار، بەشی پەموو لەم بایی یە گەیشتە نزیکەی 65 ملیۆن دۆلار. لە ساڵی 1860یشدا بایی تێکڕای بەرهەمی بۆدەرەوە ئیرراوی ئەمەریکا گەیشتە نزیکەی 334 ملیۆن دۆلار، کە بەشی پەموو لەم بایی یە گەیشتە نزیکەی 192 ملیۆن دۆلار واتە پتر لە نیوەی.[28]

کەواتە گەشەکردنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەموی نەك تەنها بەشی خواروی، تارادەیەکی زۆر پشتی بە هێنانە بەرهەمی پەموو و سنعاتی کردنی و بۆدەرەوە ناردنی بەستبوو. لە سایەی سەری پەموودە ترازووی بازرگانی لەنێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو ئینگلتەرەدا بۆ سوودی لایەنی یەکەم بوو. ئەمەیش لە ڕەوتی گەشەکردنی سەرمایەداریی ئەمەریکادا واتایەکی گەورەی هەبە، نەخوازەڵا ئەگەر سەرنجی ئەوە بدەین کە شۆڕشی پیشەسازی لە ئینگلتەرەدا لەدایك بووەو ئینگلتەرە تا دەسااڵەکانی دوایی سەدەی ڕابوردوویش لەناو هەموو دەوڵەتە سنعاتدارەکانا لەڕووی بەرهەمی پیشەسازییەوە پلەی یەکەمی بووەو، گەشەکردنی پیشەسازیی ئەمەریکا لە قۆناغە پێشینەکانیا تا ڕادەیەکی زۆر پشتی بە شارەزایی ئینگلیزەکان و مەکینەو ئامێری ئەوان بەستبوو، بۆیە لەخۆڕایی نەبوو ڕۆژی لە ڕۆژان لەندەن ئەیویست لە ڕێگای دانانی قانوونیواوە کە چوونی وەستار سنعاتکاری لێهاتووی ئینگلیز بۆ ئەمەریکاو ناردنی جەند جۆرە ئامێرو مەکینەیەك بۆ ئەوێی پێ قەدەغە بێ، کۆسپە بێنێتە ڕێی گەشەکردنی بەرهەمهێنانی ئەمەریکا.

لێرەوە ئەتوانین بگەینە ئەنجام گیریی یەکی بایەخدار لە جوارچێوەی ئەم باسەماندا. ئەویش ئەوەیە کە ڕۆڵی پەموو لە گەشەکردنی سەرمایەداریی ئەمەریکادا، لە ڕۆڵی خوری لە گەشەکردنی سەرمایەداریی ئینگلیزدا کەمتر نەبووە، بەڵکو گەشەکردنی پاشتری سەرمایەداریی ئینگلیز کەم پشتی بە پەمووی ئەمەریکا نەبەستبوو.

ڕۆڵی بەندە لە گەشەکردنی سەرمایەداریدا لە برازیل وێنەیەکی بچکۆڵەی ڕۆڵیانە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا. لە ساڵانی سەدەی حەفدەدا 33 هەزار قولەڕەش لە برازیل هەبوون لە 200 کێڵگەی قامیشە شەکردا کاریان ئەکرد. هەر کێڵگەیەك لەو کێڵگانە کارگەیەکی تایبەتیی خۆی هەبوو شەکری تیا بافتە ئەکرا. تێکڕای بەرهەمی ئەو کارگانە 4,500 تەن بوو.[29]

هەرووك لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، لە برازیلیش ژمارەی بەندە هەمیشە هەر ڕوو لە زیادی بوو. لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەمدا ژمارەیان 100 هەزار کەس بوو، واتە سێ یەکی تێکڕای دانیشتوانی وڵاتەکە بوو هیندیی یە سوورەکانی لێ دەرکەی، بەڵام لە ساڵی 1823دا گەیشتە نزیکەی ملیۆنێك و 150 هەزار کەس و، تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم گەیشتە دوو ملیۆن و نیو.[30] لێرەیش، هەرووك لە ئەمەریکا، زوربەی کاریی کردنی ئەم بەندانە لە کێڵگەکان و لە کانە گرانبەهاکانا بوو. ژمارەیەکی زۆری ئەم بەندانە لە ناوچە لێوار دەریاکانی ڕۆژهەڵات و سەرووی وڵاتدا خەریکی هێنانە بەرهەمی قامیشە شەکرو پەموو و گەنمە شامی بوون. لە نارچەکانی خوارەوەیش لە هەرچی زیاتر خەریکی هێنانە بەرهەمی قاوە بوون.

زۆری پێ نەچوو برازیل شوێنێکی تایبەتیی لە هێنانە بەرهەمی قاوەدا لە جیهانا داگرت و، کەمێك پێش براتەوەی سەدەی نۆزدەهەم 40٪ی قاوەی جیهانی گرتەوەو زۆر بەپەلە بازاڕەکانی دەرەوەی داگیرکردو بوو بە سێ یەکی تێکڕای بەرهەمی بۆدەرەوە ئیرراوی برازیل. لە سەرەتای دەی هەشتەمی سەدەی ڕابوردوودا برازیل ساڵی 3 ملیۆن و 800هەزار تەرەدە[31] قاوەی ئەناردە دەرەوە.

دەرهێنانی کانە گرانبەهاکانی برازیل ڕۆڵێکی بایەخداری لە

هەوڵنامەی تێکۆشان

گەشەکردنی سەرمایەداریی ناو خۆیش و ئەوروپاپشدا بینی، بەتایبەتی سەرمایەداریی پورتوگال کەبرازیل لەژێر دەستیا بوو و، هیی ئینگلتەرا کە پورتوگال بەهۆی لاوازیی بەوە لە سەدەی هەژدەهەمەوە کە دەس کرا بە دەرهێنانی زێڕو ئەڵماسێکی زۆر لە برازیل و بەندەیەکی زۆر بۆ ئەم مەبەستە خرانە بەرکار، وەك ژێردەستەیەکی ئەوی لێ هاتبوو. بۆیە لە رێکەوت نەبوو لە ماوەی دەرهێنانە بێ‌شوماریەکەی ئەو دوو کانە گرانبەهایەدا کە رێکەوتی سالانی 1740 ـ 1760ی ئەکرد، تێکڕا سالی لای کەمی 50هەزار بەندەی تازە لە ئەفەریقاوە ئەهێنرا. . بێ‌سوود نابێ ئەوەیش بڵێین کە برازیل لە ماوەی سالانی 1780 ـ 1820دا زیاتر لە نیو ملیۆن گرام هەر زێڕی هێناوەتە بەرهەم.[32]

بەندەی جیهانی نوێ، هەرچەند لە بارێکی کۆمەڵایەتیی نزمبشدا ئەژیان، سەنگێکی سیاسیی بەشارەزووی خۆو بێ‌شارەزووی خۆی هەست پێ‌کراویان هەبوو. ئەوەیش هەروا لەخۆیەوە نەهاتبوو، لەئەنجامی کۆمەڵە هۆیەکەوە بوو بەتایبەتی دوو هۆ لەو هۆیانە. هۆیەکیان پێوەندی بە سەنگی ئابووریی‌یانەوە هەبوو کە بوویوو بە بنکەیەکی گەورە خاوەن کێڵگەکان پاڵیان پێوە دابوو. ئەویشیان پێوەندی بەو کاروەڵام (رد الفعل)ە بەجێ‌یەوە بوو کە چەوساندنەوەیان لەناویانا ئەیخوڵقاند. ئەتوانین خاڵی یەکەمی ئەم دوو خاڵە بەکورتی بەو واتە پرمانایە دەربڕین کە گینۆڤیس لە بەسەرداهاتنەوەیەکی باری سیاسیی وڵاتە خواروەکانی ئەمەریکای پێش شەڕی ناوخۆییدا وتوویە کە ئەوەیە: «لەوێ رێگا بەرەو دەسەڵات، بەناو کێڵگەدا ئەڕۆیشت».[33]

ڕاستەکەیشی کلیلی ژیانی ئابووری‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی لە وڵاتە خواروەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەناو دەستی خاوەن کێڵگەکانا بوو کە لە یەك کاتا سێ شتیان لەخۆیانا کۆکردبوەوە: هەم خاوەن زەوی بوون و هەم خاوەن بەندەو هەم خاوەن پارە.[34] توانای هەرکام لەمانە لەبەرەتا لەسەر ئەوە بەند بوو کە چەند بەندەی هەبوو کە دەسەڵاتدارەکانیان بە سەدانیان هەبوو.[35]

ئەو چەوساندنەوە لە وزە بەدەرو ئەو ئازاردانە نا مرۆڤانەیەی قوڵەڕەشەکانی ئەفەریقا لە نیشتمانی نوێیاندا ئەیان چەشت، زۆر لەو رێنەو دیمەنە تراژیدیی‌یانە سەخت ترو نارەحەت تر بوو کە خانمی بنووسی ئەمەریکایی هـ. ب. ستاو لە رۆمانی بەناوبانگی «ژنجەکەی مام تۆم»دا نەخشی کێشاوە. گەرۆکە پێشبینەکان کە سەریان لەو ناوچانە داوە، باسی باری ژیانی لەڕادەبەدەر تاڵ و سەختی قوڵەڕەشەکانیان کردووەو بەدڵنیایی‌یەوە ئەڵێن: «ئەنانەت لەناو عوسمانی‌یەکان و بەربەرەکانیشدا رێنەی ئەو دڕندەیی‌یەیان نەدیوە کە لە ئەمەریکادا حوکمڕان بوو»[36]. ئەم گەرۆکانە سەرسامیی خۆیان لەوە دەربڕیوە کە ژیانی خاوەن کێڵگەکان و بەندەکانی برازیل چەند لە یەك جیا بوو، ئەوان لە چ خێرو خۆشی‌یەکدا ئەژیان و ئەمان لە چ کڵۆڵی‌و کوێرەوەری‌یەکدا،[37] کە بەهۆی ئەوەوە رادەی مردن لەناو بەندەکانا گەیشتبوە ئاستێك ئەفڵ نەیبڕێ. لە سالانی دەی حەوتەمی سەدەی نۆزدەهەمدا ژمارەی قوڵەڕەشەکانی برازیل ئەوەندە کەم بووەوە، پاش ئەوەی 30 سال لەوەپێش دوو ملیۆن و نیو بوون وەك وتمان، گەیشتە ملیۆنێك و 800 هەزار کەس. ئەم ژمارەیە هەرچەند ژمارەیەکی سەرسام کەریشە، تراژیدیاکە بەتەواوی دەرناخا، چونکە برازیل لە سالانی دەی پێنجەمی سەدەی نۆزدەهەمیشا سالی 30 هەزار قوڵەڕەشی لە ئەفەریقاوە ئەهێنا، واتە ئەو بەردەوام قوڵەڕەش بەکێش کردنەی لە ئەفەریقاوە بەکێشیان ئەکردو ئەیانهێنا بەشی ئەوەی نەئەکرد ئەو نانەواوی‌یە پرکاتەوە کە بەهۆی مەرگی بێ‌ئامانەوە لەناویانا پەیدا ئەبوو. ئەم بەندانە لە هەمووشت بێ‌بەش بوون، تەنانەت نەیان ئەهێشت ئەو زێڕو ئەڵماسەی بەرەنجی شان و ئارەقەی ناوچاوان لە کانیان دەرئەهێنا، تەماشای بکەن. کە رۆژی سەخت و درێژی کارێ‌کردنیان ئەبرایەوە، زۆر وردە ئەیانپشکنین و ئاوتووی گیان و سیاڵەکانیان ئەکردن.[38]

بەڵام تراژیدیای قوڵەڕەشە برازیلی‌یەکان لەچاو ئەو بارەی براکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایان تیا ئەژیان، زۆر ئاسان بوو. بۆنموونە لە برازیل ماڕەکردنی زۆر لە کچە قوڵەڕەشەکان لەلایەن خاوەن کێڵگەکان و خەڵکی‌ترەوە بوو بەهۆی پەیدابوونی ناڤمێکی کۆمەڵایەتیی خاوەن ڕەنگ و سەنگ کە پێی‌یان ئەوتن (مولات)[39]، بەڵام شتی‌وا وەختە بڵێم لە

ولاتـه یەکگـرتـووەکـانی ئەمـەریکـادا،ووتـەنـەدا، چونکـه لەوێ ڕەگـەزپـەرستی لەڕادەبـەدەر تونـدو تیژ و بێ ئامان بوو. له

ولاته یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا سەرمایەدارەکان تەنانەت سڵیان لەوەیش نەئـەکـردەوە دەسـگـرۆیی سازمـانی نهێنیی ترسێنی (کۆکڵۆکس کلان ـ سوارانی ئەڵقەی زێرین)[40] بە پارە بکەن کە دەیان ساڵ سەیرو سەمەرەترین و ناشیرین و ناپەسەندترین شێوەی ئازارو سزادانیان بەرانبەر بە قولەڕەشەکان بەکارئەهێنا. ئەم کۆکڵۆکس کلانـانـە هەر تاوەنـاتـاوێ بە تاریکەشەو بەرگێکی سپی یـان لەبـەر ئەکـردو کەللەسەری مردوویان ئەگرت بەدەستەوە کە پشکـۆی گەشیان لە کون و کەلـەبـەرەکـانیا دانابوو. لە زۆر شارو ناوچـەدا بەوجـۆرە هێـرشیـان ئەبـردە سەر قولـەڕەشـەکان و دەسیان ئەکـرد بە لێـدان و دارکـاری کردنیان و ئەیانکوشتن و لە دەوروبـەرو قەراخ شارو دێهـاتـەکـانـا بە لق وپـۆپی درەختـا هەڵیان ئەواسین. بەهـۆی ئەم ژیـانـە سەختـەوە بوو قولـەڕەش ئاواتی مەرگی خۆی ئەخواست تا «بۆ خۆی بێدەنگی لەناو گۆڕا پەل ڕاکـێشـێ»و، بە دڵ و دەروونێکی پڕئـازاری ئەوتـرووە لە باس کردن نەیەت، لە دڵی خۆیا ئەیوت: «داخی بەجەرگم! بۆ ئەمە هاتمە دنیاوە؟!»[41].

شتێکی تەبیعی بوو کاروەڵامی قولەڕەشەکانیش بەرامبەر بەم چەوسـانـدنـەوە نامـرۆڤانەیان زۆر تونـدو سەخت بێ. ئەوەبوو لە هەرلایـەکی ئەمـەریـکـادا هەبـوون چەنـدجـار لە ڕووی چەوسێنـەوەکـانیـانـا ڕاپـەڕین و، هەر لە ولاتـە یەکگـرتـووەکانی ئەمـەریکـا پێش سەربـەخـۆیی 25 جار ڕاپـەڕین. ئەمـەیش واتـایـەکی گەورە ئەگـەیـەنێ. جاکە سەربەخۆیی ئەمەریکایش هیچی ئەوتۆی بۆ ئەوان پێوە نەبوو، دیـانـەوە کەوتنەوە ڕاپـەڕین و زۆرجـاریش ڕاپـەڕینی لە جاران تونـدو تیژتـر. ئەوەبوو لەکاتی ڕاپـەڕینـەکـەی ساڵی 1831دا کە بە سەرکـردەیی (نـات تۆرنەر (Nat Turner) ڕووی‌دا کە قولەڕەشەکان بە پێغەمبەری دانەنێن، شۆڕشگێڕە چەکی سەرەتایی بەدەستەکان لەم کێڵگەوە ئەچوون بۆ ئەو کێڵگـەو، لە هەرلایـەک خاوەن کێڵگـەیـەکیان بەرچنگ ئەکەوت بە سەخت ترین شێوە ئەیانکوشت.

قولـەڕەشـەکـانی ولاتـە یەکگـرتـووەکـانی ئەمەریکا لە هەموو ڕێگـەیـەکـەوە بەدوای ئازادیـدا ئەگـەڕان. بۆنمـوونە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا کۆمەڵێکیان پێکەوەنا ناویان لێنابوو «ئلی نهێنیی شەمـەنـدەفـەر» سەرپـەرشتیی ڕاپێکـردنی قولەڕەشەکانی ئەکـرد لە ولاتـە خواروووەکـانی ئەمـەریکـاوە. ئەم «ئیلی نهێنیی شەمەندەفەر»ە «ئیستگە»ی تایبەتیی خۆیشی هەبوو کە بریتی‌بوو لە ماڵی دۆست و برادەران لەوانـەی دژی بەنـدەیی بوون. ئەم «ئیل»ە لە ولاتەکانی خواروووی ئەمەریکاوە دەستی‌پێ‌ئەکردو لە ولاتـەکـانی سەرەوەی یا لە کەنـەدا ئەبـڕایـەوە. ئەم «ئیـل»ە لە ماوەی ساڵانی 1830 ـ 1860دا توانی ئازادی بۆ نزیکەی 60 هەزار بەندە دابین بکا.

خەبـاتی قولـەڕەشـەکـان لەپـاش شەڕی ناوخـۆی ئەمـەریکا شێـوەیـەکی نوێی ڕێکـوپێکی گرتـەبەر. لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا چەند بزووتنەوەو کۆمەڵەی سیاسیی وەك «ڕێکخراوەی نیـاگـارا» دامـەزرا کە بەدەڕەوەبـوتـرین ڕۆشنبیـرە دژ بە ڕەگـەزپـەرستی یـەکـانیان تێدا کۆبوویونەوە. شایانی وتنە ژیانی پرکـێـشـەوەری قولـەڕەشـەکـان ماڵی بەم ڕێکخـراوانـەوە ئەنـا دروشمی‌وا بەرزکـەنـەوەو هەڵـوێـستی‌وا وەربگـرن دوورنـەبێ لە سەرچڵی‌و سەرەڕۆیی. بۆنمـوونـە ڕێکخـراوەی «نیاگارا» بە یەك چاو سەیـری هەمـوو ئەمەریکایی‌یە سپی‌پەکانی ئەکردو گشتیانی تێکڕا بەدوژمنی قولەڕەشەکان دانـا. پەرگیری بزووتنەوەی «ئگارڤی»ی[42] قولەڕەشەکانیش گەیشتە ڕادەیەك هەموو ڕەشەکانی بانگ‌ئەکـرد بۆ ئەوەی ولاتـە یەکگـرتـووەکـانی ئەمـەریکـا بەجێ‌بێڵن و، دروشمی «گەڕانەوە بۆ کۆشی دایکی نیشتمان ـ ئەفەریقا»ی بەرزکردەوە.

هەر لەم جۆرە بزووتنـەوەو ڕاپـەڕینـانـە لە ولاتانی ئەمەریکای لاتـیـنـیـشـدا ڕووی‌دا. ئەوەبـو لە سەدەی شازدەو حەفـدەدا بەربـەرەکـانێ‌یـەکی سەخت لە ئاوایی‌یەکانی ئەسپانیادا بەڕابوو لەلایەن قولەڕەشەکانەوە کە لە کێڵگەکان هەڵاتبوون. بڕازیلیش بزووتنەوەیەکی لەم چەشنەی لە ساڵانی 1630 ـ 1667دا تیا ڕوودا. ئەوەبوو نزیکەی 20هەزار قولەڕەش هەڵاتن بۆ ناو باخە خورما چڕەکان و جۆرە دەوڵەتێکی سەربەخۆیان تیا دامەزراند[43].

دەیان ساڵ بەردەوام بوو و قارەمـانـانـە بەربـەرەکـانێی هێزەکانی پورتوگال و هۆڵەندەی کرد، بەڵام ئەم هێزانە سەرەنجام توانی‌یان بەو هێرشەی لە ساڵی 1694ەوە بردیانە سەری لەناوی بەرن.

خەباتی دادپەروەرانەی قولەڕەشەکان بەخوێنایی نەنووسیوە.
قولەڕەشەکان لە شەڕی ناوخۆی ئەمەریکادا کە هەنگاوێکی بایەخداری مێژوویی بوو بۆ بزووتنەوە،[14] هێزێکی کارا بوون. لە سایەی خەباتی پێشەوای قولەڕەش (تووسێن لاوڤێرتیور Toussaint Lauverture 1743 - 1803)ەوە بەندەیی لە هایتی هەڵوەشێنرایەوەو دانیشتوانی ئەو جزیرەیە بۆ یەکەمین جار سەربەخۆیی یان وەدەست هێنا.

★ ★ ★

دوا جار با بزانین ئەفەریقا خۆی لە بازرگانی پێوە کردنی بەندەوە لە سایەی سەرمایەداریدا، چی دەستگیر بوو؟

ئەوەی دەستگیر بوو کە چاکترین ڕۆڵەی خۆی لە نیشتمانی خۆیاندا بەکۆڵی دەریاو ئوقیانووسەکانەوە لە نامۆییدا لەکیس چوو. چاکترین لاوی خۆی کرد بە خۆراکی گەرانی ڕەوڕەوەی سەرمایەداریی جیهان. بەگوێرەی ئەو زانستی‌یانەی کەسانی پسپۆڕی وەک پرۆفیسۆر (دۆبوا - Dubios) پێشانیان داوە ژمارەی ئەو قولەڕەشە ئەفەریقایی‌یانەی هێنرانە جیهانی نوێ لە 10 ملیۆن کەس زیاتر بوون. پتر لە 10 ملیۆنیشیان لە ڕێگەدا مردوون. بەمۆی ئەو شەڕە خێلانەشەوە کە بازرگانانی بەندە نایانەوە لەنێوانیاندا، نزیکەی 80 ملیۆنیان لێ کوژران.[15]

ئەمەیش واتە ئەفەریقا لە ماوەی سێ سەدەدا (تا ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو) 100 ملیۆن کەسی لە باشترین لاوانی خۆی لەکیس چوو کە باشترین هێزی بەرهەم هێنی کێشوەری ڕەش بوون. بۆیە هیچ سەیر نی‌یە ئەگەر ڕادەی هێنانە بەرهەمی ئەوەندە کەم بێتەوە بگاتە ڕادەیەک هەرگیز پێش هاتنی ئەوروپایی‌یەکان شتی‌وای بەخۆیەوە نەدیبێ. گەلێ هۆز باشترین ڕۆڵەی خۆیانیان لەکیس دا، گەلێ هۆزی‌تریش هەر بەتەواوی لەناوچوون. بەشێکی کەیشیان لەترسی بەندەکرو فرۆشەکان ڕایان کرد بۆ ناو دارستانە ئیستیوائی‌یەکان و لەوێ برانەوەو قەلاچۆ بوون. بۆنموونە لە گێنیادا بازرگانی کردن بە بەندەوە بوو بە هۆی فەوتانی نزیکەی هەموو دانیشتوانی ناوچەکانی کەنار دەریا، لەگەڵ ئەوەیش کە ئەو ناوچانە بەر لە هاتنی ئەوروپایی‌یەکان لە هەموو شوێنێکی‌تری ئەفەریقا چڕوپڕتر بوون و خەڵکیان زیاتر تیا بوو. کەناری عاجیش لە سایەی فەرەنسەیی‌یەکانەوە وەزعی زۆر لەوە باشتر نەبوو.

لە لایەکی کەیشەوە بازرگانی بە بەندەوە کردن بوو بەهۆی تێکچوون و ڕووخانی گەلێ دەوڵەتی ئەفەریقا کە لەپێش بوون بە باوی ئەو بازرگانی‌یەدا هەبوون و حوکمڕانی‌یان ئەکرد. ئەمەیش کاری دەوڵەتە ئەوروپایی‌یەکانی بۆ دابەش کردنی ئەفەریقا لەناو خۆیاندا ئاسان کرد، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوەیش بەداخەوە لەناو مێژوونووسە ئەوروپایی‌یەکانا کەسانی‌وا هەن هەوڵ ئەدەن بڕوبیانووی ناپەسەند بۆ بازرگانی پێوە کردنی ئەنگین و شەرمەاوەری بەندە بدۆزنەوە، وای دانێین شتێکی ناچاری بووە بۆ ئەوەی دانیشتووە ئەسڵی‌یەکانی جیهانی نوێ نەچەوسێنەوە، هۆیەك بووە لە هۆیەکانی بڵاوکردنەوەی دیاناپەتی.[16]

سەرەنجامی دواجاری بازرگانی پێوەکردنی بەندە، بەش بەحاڵی ئەفەریقا، کەم بوونەوەیەکی زۆری ژمارەی دانیشتووان و[17] هێنانە بەرهەمی کشتوکاڵ و کۆسپ هاتنە ڕێیەکی بێ‌ڕادەو سنووری گەشەکردنی هێزە بەرهەم هێنەکانی ئەفەریقاو پاشکەوتنی شارستانەتیی ئەم کێشوەرە کە هێشتا پاشماوەی بارە بەکۆڵیەوەو، دافرەقانیکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بێ هاوتای بوو. بەرانبەر بەمەیش سامانی سەرمایەدارەکانی ئەوروپاش لە ئەوروپاکەی خۆیاناو چ لە هەرکوێیەکی جیهانی نوێی کە پێیان ڕێنابێ چەند قات زیادی کرد. ڕازی یەکەمی پاشکەوتنی ئەفەریقا لە کاروانی جیهان تا ئەم خاڵەدا دەس نیشان ئەکرێ.

قەرزی کێشوەری ڕەش بەسەر شارستانەتیی سەردەمەوە قەزرێکی قەبەیە، بە خوێن و فرمێسك و ئازەقێکی ڕژاوی زۆری ئەفەریقا کەوتووەتە ئەستۆی سەرمایەدارەکانی ئەوروپاو جیهانی نوێ، بە پاشخوانەی سەر مێزی ئەو سەرمایەدارانە نابڕێرێتەوە کە بە منەت نانە سەرو بڕوپاگاندەیەکی زۆرو هەڵەڵاو هەیبەت و هووتێکی سەیرو سەمەرەوە ئەمڕۆ ئەیبڕن بۆ هەندێ وڵاتی ئەفەریقا.[18]

● وەرگێڕ: محمدی مەلا کریم

پەراوێزەکان:

(1) دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەم باسەی بۆ کۆڕی (مەسەلەی بەندەیی لە ئەفەریقا) نووسیوە، کە (کۆمەڵەی دەوڵەتانی عەرەب) لە 27ەوە تا 29ی حوزەیرانی ئەمساڵ لە تونس رێکی‌خست و ئەویش بۆ بانگ کردبوو. دوکتۆر کەمال بۆی نەلوا خۆی بەشداری لە کۆڕەکەدا بکا، لەبەر ئەوە باسەکەی لەلایەن دوکتۆر ئەحمەد ئیبراهیم دیابی سەرپەرشتی‌کەری کۆڕەکەو سەرۆکی بەشی مێژووی ئەنیستیتووتی باس و لێکۆڵینەوەی سەر بە (کۆمەڵەی دەوڵەتانی عەرەب)ەوە لە بەغدا ـ خوێندرایەوە. ئێستا کە ئێمە ئەم باسە بەکوردی بڵاو دەکەینەوە، یەکەمجارە بڵاو دەکرێتەوەو چاوەڕوانین دوکتۆر خۆیشی بە عەرەبی بڵاوی بکاتەوە ـ وەرگێر.

(2) پەیدابوونی بەندە بەوردی ئەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئیمپریالیزمی کشتوکاڵ و حەیوانداری و ئەشی‌رستنی ئاوەڵ بوو بە هۆی زۆربوونی بەرهەم و، لە هەمان کاتیشدا بوو بە هۆی زۆرتربوونی کاری ئادەمزاد چ بە تاك تاك و چ بە کۆمۆنەکۆمۆنەو خێزان خێزان و خێڵ خێڵ. لەبەرئەوە پێویست بوو لەم لاو لاوە کەسی‌تر بێنن ئیشی پێ بکەن. ئەمەیش لە رێگەی جەنگەوە چارکرا ـ کە لەوانەیە پێشتر ویستبێتیان بەزۆر خەڵکی لایی‌پە بۆ ئەم کارە بەکێش بکەن و ئەوەیش کێشابێتیەوە بۆ جەنگ لەنێوان دوو لاکاندا ـ بەم جەشنە بۆیەکەمین جار لە مێژووی ئادەمزادا جەنگ پەیدابوو کە بوو بەهۆی بەدیل گرتنی ئەندامانی ناقمی بەزیوو بە زۆر کارپێ‌کردنیان بۆ سوودی ناقمی سەرکەوتوو، یا وەك خاوەنی کتێبی (بەربەتی خێزان و دارایی تایبەتی و دەوڵەت) ئەڵێ: «لە یەکەمین داببەش بوونی کۆمەڵایەتی‌یەوە، یەکەمین داببەش بوونی گەورەی کۆمەڵ بە دوو چینی خاوەن و بەندە، بە دوو چینی چەوسێنەوەر چەوساوە ڕووی‌دا» ـ وەرگێر.

(3) بە کتێبی دادگای بەسام ناوبانگی دەرکردووە. کۆمەڵە هەڵمارەن (احصاء)یکە لەبارەی زەوی‌وزارداری‌یەوە لە ئینگلتەرە، بە فەرمانی ولیەمی یەکەمی بگیر لە ساڵی 1086دا کۆکراوەتەوە.

(4) زەوی‌بەندە: قن ـ Serf.

(5) «Sovetskaya Istoricheskaya Encyclopedia», T. XI, P. 816

(6) ئینگلیزەکان، بە پێ‌لێ‌نانی خۆیان، زۆر لەمێژ تا، لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانا، لە عێراقا بێگاریان بە خەڵك کردووە.

(7) تا دوا ساڵەکانی نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیە هەندێ شێوەی بەندەیی لە بەشێ لە موستەعمەرە ڕۆژهەڵاتی‌یەکانا هەر مابوو.

(8) پێش ئەو مێژووەیش ئەوروپایی‌یەکان، لە سنووری‌یکی ئەسکەدا، بازرگانی‌یان بە بەندەوە کردووە. یەکەمین کۆمەڵی بەندەی ئەفەریقایی لە سەرەتای چەرخی سەرمایەداریدا، لە ساڵی 1441دا گەیشتە لیشبۆنەی پایتەختی پورتوگال.

(9) «Novaya Istoria», T. I (1640 - 1870), Moscow, 1978, P. 218.

(10) «Bolshaya Sovetskaya Encyklopedia», third edition, T. II, P. 443.

(11) بڕوانە: J. H. Parry, Europe and a Wider World (1415 - 1715), third edition, London, 1966 PP. 152 - 153.

(12) «Treaty of Utrecht»

(13) C. Hayes, Modern Europe to 1870, New York, 1959, P. 275.

(14) لەوشوێنانەدا کە دوکتۆر کەمال وشەی (موستەعمەرە)ی بەمەعنا (ئاوەدان کراوە) بەکارهێناوە، وەك هەر لە سەرەتاوە ئیمپریالیستەکان خۆیان بە ئاوەدانکەرەوا بۆئەو مەعنایەیان بەکارهێناوە، من بە (ئاوایی)م کردووە بە کوردی. لەوشوێنانەشدا کە بەمەعنای ولاتێ بەکاری‌هێناوە کە ئیمپریالیزم خێروبێری بخواو کەل و پەلی خاری بەرێ بۆ خۆی‌و سنعاتی خۆیی تیا ساغ کاتەوە، منیش هەر بە (موستەعمەرە)یی هێشتوومەتەوە، چونکە هێشتا زاراوەیەکی‌وا نەهاتوونە کوردی‌یەوە واتای سیاسی‌و ئابووری‌یی (موستەعمەرە) بگەیەنێ ـ وەرگێر.

(15) P. 151.. J.H. Parry, Op. Cit., P. 153

(16) «Problemi genezisa Capitalisma», Izd Nauka, 1970,

(17) Ibid, PP. 147 - 148

(18) مەبەست ئەوبیە ژمارەی بەندەکان هەم بەش بەحاڵی

لەوەپێشی خۆیشیان زیادی‌کردو، هەم لەچاوژمارەی دانیشتوانی تریشا - وەرگێر.

(19) L. M. Hacker, The Triumph of American Capitalism, New York, 1965, P. 98.

(20) مەترۆپۆل: ولاتی خاوەن موستەعمەرە - وەرگێر.

(21) بەگوێرەی هەڵسارەدانی رەسمی ژمارەی بەندە بەپارە کڕراوەکانیان 3,953,760 ملیۆن بوو.

(22) «Problemi genezica Capitalisma», P. 149

(23) رەتڵێك 10 هۆقە یا 2564 گرامە - وەرگێر.

(24) Ibid, PP. 153 - 156

(25) فەردە: بالە. هەر بالەیەك 500 رەتڵ بوو.

(26) «Problemi genesisa Capimalisma», P. 156

(27) Ibid, PP. 161 - 162

(28) Ibid, PP. 162 - 163

(29) «Sovetskaya Istoricheskaya Encyclo Pedia» T. II, P. 671.

(30) Ibid, PP. 671 - 672, «Novaya Istoria», T. I, P. 582.

(31) هەر فەردەیەك 60 کیلۆگرام قاوەی تیابوو.

(32) بۆزانینی زیاتر بڕوانەرە:

«Novaya Istoria», T. I, PP. 582 - 583, «Sovetskaya Ictoricheskaya Encylo Pediya» T. II, P. 672.

(33) E. O, Genovese, the Politcal Economy of Slavery. Studies in the Economy and Society of the Slave South, New York, 1967, P. 29

(34) «Novaya Istoria», T. I, P. 214

(35) تێکڕای ژمارەی خاوەن بەندەکانی خواروو‌ی ئەمەریکا بەر لە شەڕی ناوخۆ نزیکەی 385 هەزار کەس بوو.

(36) مەبەستم داکۆکی‌کردن لە عوسمانی‌یەکان نی‌یە، بەڵام ئەم بەراورد کردنەی عوسمانی و خاوەن بەندەکانەی ئەمەریکا بە یەك زیاتر لە گیانێکی سەلبی‌یەوە هەڵقوڵاوە کە زۆر لە بنووس و خاوەن بیرە بۆرژ واکانی ئەورووپا لێی رزگار نەبوون - وەرگێر.

(37) «Novaya Istoria», T. I, P. 582

(38) Ibid, PP. 583 - 584

(39) بە ئەسپانیایی «Mulato» لە وشەی (مەولاة)ی عەرەبی وەرگیراوە (کە واتە: خانم - ی). بەشێکی زۆری گەلی ولاتی ئەمەریکای لاتینی و ئەفەریقا لەمانەن.

(40) ئەم رێکخراوەیە لە ساڵی 1865 دا دامەزرا. لەبەر بەدەستەلاتی و توانای لەڕادەبەدەری پێشئەلێن ئەمپەراتۆریەتی بەبەرچاوەوە نەبوو.

(41) بەیتی یەکەم لە فۆلکلۆری قولەڕەشەکان و بەیتی دووەمیش هی شاعیری قولەڕەش هۆرتۆنە.

(42) بە ناوی پێشەوای بەناوویانگی قولەڕەش گارفی Garvi یەوە.

(43) بە دەوڵەتی پالمارێس Palmares بەناوویانگەوپێشەوای هەڵکەوتووی قولەڕەش زوومبی Zumbi سەرکردەیی کردووە.

(44) ژمارەی ئەو قولەڕەشانەی لە سەردەمی شەڕی ناوخۆدا (1863 - 1865) چەکیان هەڵگرت نزیکەی 90 هەزار کەس بوو.

(45) بڕوانەرە:

S. D. Skazkina, Istoria Srednikh Vekov, T. II, Moscow, 1966, P. 54.

(46) بۆنموونە بڕوانەرە: C. Hayes, OP. Cit., PP. 182 - 183.

(47) وەك وتمان، دانیشتوانی ئەفەریقا تا ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەم پێنج یەکی دانیشتوانی جیهان بوون، پاشان چ بەشێوەیەکی موتڵەق وچ بەشێوەیەکی نیسبی دایانە کزی و کەم بوونەوەو زۆریان کەم کرد، تا وای‌لێهات لە ساڵی 1940دا دانیشتوانی کیشوەری رەش 190 ملیۆن بوون کە ئەیکردە هەشت یەکی دانیشتوانی جیهان. جا بۆئەوەش کە تێبگەین ئەمە چەند کەمە، ئەبێ ئەوە بهێنینەوە بەرچاو کە دانیشتوانی ئەفەریقا زاوزێیەکی زۆر ئەکەن.

(48) نموونەیەکی ئەمە ئەوئامەنگی گۆرانی وتن و مۆسیقاژەندنەیە کە لە ئەمەریکاو ئەورووپادا بەرێیان خستووەوگوایە بارێوی بۆبرسی‌یەکانی ئەفەریقا پێ خرێکەنەوە. بۆیە منیش ڕووی دەم ئەکەمە هەموو ئەو کایشالیستە وخێرخوازەندانە ی ئەمەریکاو ئەورووپاو پێیان ئەڵێم: بەرێزەکان دەس لە چەپاوکردنی سامانی هەمەجۆری ئەفەریقا هەڵگرن و وەکالی خۆتان وەگوڵێزن»، ئیترکەسیش خێرو سەدەقەی لە ئێوە ناوێ - وەرگێر.

■■■

هەوالنامەی کێشە

پاشەکیەکی بلاوبوونەوەی کەلچەروزمان و ئەلف و بێی یونانی لە رۆژهەلاتدا ودیکۆمێنتەکانی هەورامان لەچوارچێوەی ئەم میژووەدا

د. جەمال رەشید ئەحمد
بەشی میژوو کۆلێجی ئەدەبیات
زانکۆی بەغدا

هەورامان ئەنجومەنی

پاش ئەوەی لە چەند ژمارەیەکی دوایی ئەم گۆڤارەدا، لە ژمارەی (10)ی گۆڤاری (کاروان)داو هەروەها لە کتێبی (دراسات كردية في بلاد سوبارتو- بەغدا 1984)دا لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی ئەو دێکومێنتانەی هەورامانم کردبوو، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ناوچەی هەورامانداا دوزرابوونەوە، و لەبەر ئەوەی ئەم نوسراوە گرنگانە، بێجگە لەو لایەنەوە، دوو لایەنی تریان کە (میژوویی و یاسای)یە وپێویستیان بەشی کردنەوەیەك هەیە بەتایبەتی بابەت و هۆی بلاوبوونەوەی یونانیان و کەلچەرو شارستانیان و پاشان زمان و نوسینیان لە رۆژهەلاتدا بەگشتی ودەبێت رێگەریان تا کۆتایی سەردەمی حوکمرانی پورتەکان لەم هەرێمەدا، کە وولاتی کوردەواری بەشێك بووە لەو جیهانە، زوون بکرێتەوە ئەم دێکومێنتانەی هەورامان، ئەو کارەساتە گرنگانەی کە پەیوەندیان بە سەردەمی ئەو پاشایانە هەیە، کە ئێویان لەم نوسراوانەدا تۆمار کراون چاك رووبیان دەکەنەوەو رادەی پەیوەندی کەلچەریو زمانەوانی وولاتی کوردەواری بەو چینەدەستەلاتدارانە بەدی دەکەن، ئەمە بێجگە لەوەی کە

موسا خێزانی فراڤانیسی هواڕەم
نیوەی سەدەی پەکەمی پێش زایین

پەیوەندیەکی ئابوری‌ی ڕێك وپێك نێوان کوردانی سەدەی یەکەمی پێش زایین بەدیار دەخات لەڕێر تیشکی پەیوەندیەکی یاسایی زۆر بەرز کە لەو ناوچانەدا پێش چەند سەدەیەك بلاوبۆتەوە بە کاریگەری مەکەدونیان (سەلوقی) بێ‌گومان.

لەبەر ڕوون کردنەوەی ئەو ڕاستیانەی سەرەوە هەروەها پێویستە ڕۆشناییەك بەسەر ئەم پلەیەدا بخرێت و لە گۆشەی مێژوویی‌دا ڕۆلی ئەم دێکومێنتانە ڕوون بکرێتەوە پاش ئەوەی کەلچەرێك لە وولاتی یونانەوە بلاوەبێتەوەو لەگەڵ گیانی ئەو شارستیانە کۆنانەی باڕیەکانی ڕۆژهەلاتدا تێکەڵاو دەبێت وبەرهەمی یەکیەتی مێژوو یاساو نوسین و جۆری بیرکردنەوەی لەم دێکومێنتانەدا زۆر جوان بەدیار دەکەون، ئەویش جیهانی هێللنیزمە (سەیریکی نەخشەی یەکەم بکە) گومان لەوەدا نەماوە کەوا هەرسێ پارچە نوسراوەکان، پاش ئەوەی کە ساڵە هیللینی‌یەکان لەسەریان تۆمارکراون و بەحیسابی ساڵی زایینی (مەسیحی) دەگەڕێنەوە نێوان سەرەتای سەدەی یەکەمی پێش زایین تا کۆتایی ئەو سەدەیە (88، 22 ـ 21، 11 پ. ز) وپاش ئەوەی لەم سەردەمەی (70) سالەدا کە بەسەر دۆزینەوەو شی‌کردنەوەی ئەم نوسراوانە تێپەر بووەو ڕاستیەکی مێژوویی زۆر بەچنگ کەوتوە، دەتوانین ئەوسەر سورمانەی پرۆفیسور مینس، کە دەڵێت «... کاتی تۆمارکردنی ئەم دێکومێنتانە بە یونانی شتێکی چاوەڕێ نەکراو بووە» کۆتایی پێ‌بهێنین و بۆ خوێنەری کوردی بەرێز کارەساتی ئەو سەردەمە ڕوون بکەینەوە کە پەیوەندی بە کارەساتی دی هەرێمی ڕۆژهەلاتی ئاسیای بچوکدا هەیە.

لەکاتی تۆمارکردنی ئەم نوسراوانە دەوڵەتی ڕۆمان، کە بەناوبانگترین هێزی ئەو سەردەمە بووە، یەکسەر پەیوەندیەکی تونڈی لەگەڵ ئەو هەرێمەدا بووە، وشان بەشان لەگەڵ هێزی پورتەکان ناوچەکانی کوردنشینیان دابەش کردبوو، بەڵام لە هەمان سەدەدا دوو هێزی دی ڕۆلێکی گرنگ لەم هەرێمەدا دەگێڕن، یەکێکیان (تیگران)ی ئەرمەنی کە نێوی لە دێکومێنتەکاندا تۆمارکراوە، و دووهەمیان میثراداتی شەشەم کە پادشای بونتوسە (Pontus) لەسەر دەریای ڕەش و[2] بەنێوی یوپاتور (120 ـ 63) بەناوبانگ بووە. سەرەڕای ئەو ڕاستیەی کەوا ئەم هەموو هێزانە لە ناکۆکیەکی سیاسیدا بوون بەڵام هەموویان ڕۆلەی کەلچەرێکی یەکگرتوویبوون کە یونانیەکان و زمانی یونانی دەورێکی باڵای هەیە لەم بوارەدا. ولەبەر ڕوون کردنەوەی ئەم ڕاستیە بە پێویستی دەزانم لە گشت لایەنی ئەم مێژوویانە بکۆڵمەوە تا گومانێك لەو پەیوەندیانەی نێوان وولاتی کوردەواری‌و ئەم جیهانەدا نەمێنێت.

(1) کورتەیەك دەربارەی وولاتی یونان و دانشتوانی‌و کەلچەریان و ڕۆڵیان لە وولاتانی دی‌دا

نێوی یونان شێوەیەکی کۆنی ڕۆژهەلاتی‌یە بۆ وولاتی ڕۆژئاوای ئاسیای بچوك ولە بنەڕەتدا لە (یون) پێك هاتووە نیشانەی کۆم (ان) کەوتۆتە سەری بۆتە (یونان). بەڵام سەبارەت بە میللەتانی ڕۆژهەلات، هەموو دانشتوانی ڕۆژئاوای ئاسیای بچوك و خواروی نیمچە دوورگەی بەلکان لە ژێر ئەو ناوەدا ناسراون و ئیمڕۆ لە کوردیدا زۆرجار بە(ۆنان) بەکاردێت.

لە سەردەمی هۆمیروسدا (سەدەی نۆ ـ هەشت پێش زانین) ئەم وولاتە بە هیچ نێوێك نەناسرابوو تەنها نێوی (ئاخایی Achaiis) نەبێت، کە ئاولناوێکی مێ‌یە بۆ ووشەی (زەوی ـ زەمین gaia) یان (نیشتمان Patris) بەڵام ئەم نێوە هەموو وولاتی یونانی نەگرتبووەوە بەڵکو تەنها بەشی ژووروی نەبێت، ئەو بەشە (لایە) لە ناوچە (ئەسالیا) کە بە (ئاخیا Achala) بەناوبانگ بووەو مەڵبەندی ئەخیلیوس (ئەخیل) بووە کە پاڵەوانی داستانی (ئەلیاذە)ی هەمیروس بووە.

لە لایەکی‌ترەوە هۆمیروس ناوێکی دی بەشێوەی (ئەرگۆس Argos) بۆ ئەم وولاتەی تۆمارکردوە[3] کە لەڕاستیدا نێوی شارێك بووە لە ناوچەی ئەرگۆلیس لە (پلوپونیز)دا

(نیمچه دوورگەی موردی ئەمرۆ)، وئەم شارە لە نەنیشت شارە کۆنەبەناریانگەکەی ئەو وولاتە بووە بە (میکینای) ناسراوە کە لە سەردەمی خۆی پایتەختی (ئاگامێمنون) سەرۆکی مەزنی هێریشی سەر تروای (طروادە)بوو، وبەهێزترین دەولەتی وولاتی یونان بووە. پاشان هومیروس ناوی ئەرگوس بۆ هەموو پلوپونیز بەکاردێنێت کە دەڵێت کەوتۆتە وولاتی هیلاس (واتە وولاتی یونان).(4)

هومیروس مەبەستی بە وولاتی هیللاس ناوچەیەکی بچووک بووە نزیک وولاتی (ئەخیل) لە خواروی رۆژهەڵاتی (ئەسالیا)ی، هەروەها بەناوی (هیللینی) مەبەستی دانشتوانی هیللاس بووە کە بە شێوەی (پانهیللین Panellene) بەواتای یەکیەتی گریک بەکار هیناوە.(5) بەڵام بەشێوەیەکی فراوانتر ئەم ناوە پاش سەدەی هەفتی پێش زایین بەکارهاتووە. لەلایەکی ترەوە ووشەی گرایك Graeci ناوێکە لەلایەن رۆمانەکانەوە بەیونانیان ووترا وە کاتێکی دەرهێنتردا وەیەوەندی بەکۆمەڵی (Graioi) هەیە کە لە رۆژهەلاتی هەرێمی (بویوتیا) لە یونانداً دەژیان و ئەمانە شاری (کیمی یان کومای)یان دروست کردو بەهەمان ناو یونانەکان شارێکیان لە خواروی نیوان 750 ـ 725پ. ز دروست کرد، لەبەر ئەوە رومانەکان ناوی دانشتوانی ئەو شارەیان بە گریك دانا وپاشان ئەم ناوە بوو بەناوێکی گشتی بۆ هەموو دانشتوانی یونان لەلایەن رۆمانەکانەوە.

لە لایەکی ترەوە ناوی (یونان) لەبنەرەتدا لە ناوی (ئیون Ione) کە دانشتوانی سەر بەهەمان کۆمەڵ، دانشتووی رۆژئاوای ئاسیای بچووك، پێك هاتووە. لە سەرەتادا ئەم ناوە بەشێوەی (ئیایون Iaone) بووە، پاشان هەروەکو ووترا نیشانی کۆی (ان)ی کەوتۆتە سەرو بۆتە (ئیونان ـ یونان)و ئەم گروپە یەکەم کۆمەڵی دانشتوانی وولاتی یونانی کۆن بووەو هەر لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایینەوە پەیوەندی لەگەڵ دەولەتە کۆنەکانی رۆژهەلاتدا پەیدا کردووە. وئەم یونانیانە، لەبەر ئەوەی زۆربەیان لە قەراخ دەریاکانی مەرمەرەو سپی و رەشدا نیشتەجێ بوون پەیوەندیەکی پتەویان لەگەڵ کوپروس (قبرص)و ئەو شارە کۆنانەی قەراخ دەریا لە تورکیاو سوریا و لوبنانی ئەمڕۆدا پەیداکردبوو و بازرگانیەتیەکی تۆندیان لەگەڵ هەبووەو لەبەر ئەوەی هەر لەو سەردەمیشەوە ئاشوریەکان و هەروەها میتانیەکان بەرێگەی حیثیەکانی ناوەراستی ئاسیای بچوکدا چ بە رێگەی دیپلوماسی چ بەرێگەی ئابوریدا پەیوەندیەکیان لەگەڵ ئەم یونانیانەدا دروست کردوە. لەبەر ئەمە چەند جارێك ئاشوریەکان پەلاماری شارە یونانیەکانیان داوە لە قەراخی زەریای سپی لە وولاتی فینیقیاداو ناویان بە (یەمانی) بردوە.(6)

پێش بڵاوبوونەوەی رەگەزی کۆمەڵە عەشایرەکان یونانی کۆن، دوو ناوچەی مێژوویی ومەلبەندی شارستانیەتی گرنگ لە وولاتی یونانداً هەبووە، یەکەمیان ناوچەی (کریت)و لەویتریان بەناوی شاری (کنوسوس) لەسەر زەریای ئیجە کە بە ناوی پاشای گەورەشیان (مینۆس) ناسراوەو پلەکانی ئەم شارستانیەتیەیە بە پلەکانی (مینەوی) ناو دەبرێت. لە راستیدا ئەم دوو مەڵبەندە دەتوانرێت بگوترێت، کە بناغەی کەلچەری یونانی کۆنیان دامەزراندوە کە بووە هۆیەك لە پەیدابوونی هیللیزم و لە جیهاندا بڵاوبووەوە.(7)

پاش ئەمەنیکی درێژی ئەم شارستانیەتیەی کریت و کنوسوس، چەند کۆمەڵێك لە کۆچەرانی یونانی کۆن بەرەو ئەم وولاتە باکورەوە روو کرد ولەناو ئەو عەشایرانە ئەمانە خوارەوە ناو بانگیان دەرکردبوو:

1 ـ کۆمەڵی عەشایری ئە سالیەکان.
2 ـ کۆمەڵی عەشایری بیوسینیەکان.
3 ـ کۆمەڵی عەشایری دووریەکان.

پاشان لە ناوچەی (ئەسالیا)وە کۆمەڵێك (ئاخی‌و ئیولی) بڵاوبوونەوە قەراخی دەریای ئیجەو دوابەدوای ئەمە ناوچەکە بەناوی (ئیولیس) ناوبانگی دەرکرد لەمێژوودا، بەڵام ئیواندی دۆڵی هیرموس و دۆڵی میاندر بوو بوو بە مەڵبەندی (ئیونی)ەکان، کە لە بنەرەتدا لە قەراخەکانی (ئەتیکاو

ئەرگولیس) بلاویوونەوە. لە خواروویی ئەمانەوە عەشایری دووریەکان نیشتەجێ بووبوون، بەتایبەتی لە دوورگەی (رودوس وکوس)و خواروویی رۆژ ئاوای ئاسیای بچوك (تورکیای ئەمرۆ).[8]

ئەو بیروباوەرەی دوکتور (لطفی عبدالوهاب یحیی) مامۆستای مێژووی شارستانیەتی زانکۆی ئەسکەندەریەو بەیروت کە دەڵێت «دەریاکان سنورێکی سروشتی بوون لەبەردەم ئیمپراتوریەتی حتی و ئاشورو میسرداو رێگەیەکی باشی دابووە بلاوبوونەوەی ئاسایش و مانەوەی وولاتی یونان و پەرەسەندنی ژیانی شارییەکان»[9] راستیەکی بەجێیە، وبووبوونە هۆی گۆرینەوەی شێوەی حوکمی پاشایەتی بۆ ئوروستوکراتیەتی بە تایبەتی لە شارەکانی (ئەثیناو سپارتەو کورینثە)دا. دوابەدوای ئەمە یونانیەکان دەستیان خستەسەر زۆر لەو دوورگەو زەوی‌و زارانەی دوور لە وولاتیان وەکو لە پروپونتوس (دەریای مەرمەرە)و ئیلیوکزین (دەریای رەش)و سەرووی رۆژئاوای ئیجەو سیسیا لا (صقلیە)و ئیتالیاو تەنانەت لە هەمان سەردەمدا گورینیکی سیاسی‌و ئەنتوگرافی زمانەوانی لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا رووی دابووە، ئەویش بەپەیدابوونی مادەکان و هەخامەنشیەکان و لەناوچوونی دەولەتی ئاشورو ئوارتوو هیشی‌و هەروەها میسری فرعەونەکان، بەڵام پاش ئەو جەنگەی میدیا ولیدیاو پەیمان بەستنیان لەسەر رویاری هالیس دا کە ببێت بەسنوور لەنیواندیاندا پەیوندیەکی سیاسی‌و شارستانیەتی نوێی لەم جیهانەدا پەیدابوو و بەڵکو لە دواییدا یونانەکان زانیاریەکی باشیان لە هێرشەکەی سالی 403 پ.ز کە کورش بەسەر نەردەشێردا لە ناوچەی بابلدا کردی‌و لە شەری کۆناکسادا کۆڕاو کسینوفون ئەو پاشماوەی یونانیانەی ئەو لەشکرە سالی 401 پ.ز بەسەلامەتی گەراندیانەوە بۆ وولاتی خویان.[10] و ئەم دەنگو باسانە کە لەم هێرشەدا کۆکرابوونەو لە یونانداا بلاوبوونەوە بناغەیەکی باشی کوتابوونە بۆ هاتنەوە ئیسکەندەری مەکەدۆنی بەرەو رۆژهەلات پاش کەمتر لە سەدەیەک، ئەو هاتنە کە مەبەستی گرنگی بلاوکردنەوەی کەلچەری هیللینی بوو (هیلینزم)، واتە سەرەتای دەست پێکردنی چەرخێك بوو کە شارستانیەتی یونان تێدا بلاو دەبووەوە، ئەو شارستانیەتیە کە لەکۆتایی هەزارەی دووی پێش زایین سەری‌هەلدابووەوو تا سەدەی هەفتەمی زایینی بەردەوامی کرد لە هەمەجۆر وولاتانی ئاسیاو ئەوروپاو ئەفریقیادا.

لەبەر ئەوەی ئەم شارستانیەتیەو کەلچەرە بووبوو بە رووداریکی جیهانی، دەتوانرێت بگوترێت، کەوا وولاتی یونان خۆی بەلایەك لە لایانی ئەو جیهانە کەلچەریە فراوانە دەژمێررا کە پەلی هاویشتبووەوە ناوەراستی ئاسیا و هیندستان و سەرووی ئەفریقیاو ئەوروپا تا ئەو وولاتانەش کە کەوتبوونە سەر ئەتلەنتیك و دوورگەی بەریتانیا. بەڵام لێرەدا دەبێت ئەوە بزانین کەوا گرنگ نیە هەر میللەتێك بەیونانی قسەی نەکردبێت نەکەوتبێتە ژێر کاریگەری کەلچەری هیللینی تەنانەت چینی دەستەلاتداریەتی دەولەتی پورث کە دوژمنی رۆمان بوون لەم رووداوە رزگاریان نەبووە.

هەروەها گرنگ نیە هەر میللەتێکش بەیونانی قسەی نەکردبێت لەژێر پەردەی کەلچەری هیللینیدا ژیابیت، وەکو ئەوانەی کە لەسەرووو سەرووی رۆژئاوای یونانداا ژیاون، هەروەها دانشتوانی کوپروس (قبرص) وکیلیکیاو شوینانی‌تر، تەنانەت هەندی عەشایری دانشتوی رۆژئاوای (تەراکیا) - بولگاریای‌ئەمرو - بەهیچ جورێك پەیوەندیان بەم کەلچەرە نەبووە، و لە دەرەوەی سنووری هێلی هیللینزم زیاون تا رۆمانەکان بەکاتێکی درەنگتر خستنیانە ناو ئەو هێلەوە، چونکە ئەم رۆمانانە، بێگومان، گەورەترین میللەت بوون لەناو ئەو میللەتانە کە کەوتبوونە ژێر سیبەری ئەو کەلچەرەوە و دەستەلاتداریەکی بەهێزیان پەیداکردبوو بەڵام درەنگتر کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەو کەلچەرە ئەگەر بەراوورد بکرێن بەمیللەتانی‌ترەوە و دەوریان لە بلاوکردنەوەی زۆرتر بوو تا ئەوانی‌تر لەگەڵ ئەمەشدا رێزگرتنیان بە مێژووی یونان و زمانیان و کەلچەریان شان بەشان لەگەڵ لاتینی‌دا قوڵتر تا وولاتانی‌تر. هەر لەبەر ئەمەش بوو کە زۆربەی زۆری نوسەرانی رۆمان،

هەولێر

له بنه‌ڕه‌تدا یان یونانین به‌لاتینی ده‌یانووسی، یان ڕۆمان بوون له‌ژێر کاریگه‌ری بیری یونانی، یان هه‌ر به‌زمانی یونانی ده‌یانووسی. له‌به‌ر ئه‌مه‌یشه به‌هه‌ڵه ووشه‌ی (که‌لچه‌ری هیللینی) به‌که‌لچه‌ری گریکی (واته یونانی) زانراوه، به‌ڵام هه‌ردوکیان ووتوویانه که ئێوه‌ی هیللینی ته‌نها له‌ئێوه‌ی (هیللاس)ەوه وەرگیراوه که له‌سه‌ره‌تادا ئێوه‌ی ناوچه‌یه‌ك بوو له ده‌ووروبه‌ری به‌شی سه‌رووی که‌نداوی (مالیا) له لای ئه‌و سنووره‌ی، که ئێوه‌راستی وولاتی یونان له به‌شی باکووری جیاده‌کاته‌وه هیچی‌تر.

له‌راستی‌دا هیللینی له یونانداوبوو به شێوازێکی دیارو تایبه‌ت له شێوازه‌کانی ژیان، له سه‌ره‌تادا خۆی له‌ئێوه یاسایه‌کی سه‌ره‌کی‌دا ده‌نواند، که ئه‌ویش «ده‌وله‌تی شاره»بوو، هه‌موو که سێکیش، که له‌ئێو شاردا پێره‌وه‌کرا، به هیللینی ده‌ژمێردرا باوه‌کو جیاوازی له‌بنچینه‌و په‌ره‌رده کردنی‌دا هه‌بووبێ ئه‌و شته‌ی، که ئه‌و که‌لچه‌ره به‌دیارده‌خات سوود وەرگرتنی‌بوو له‌و یاسایه، که کردبوویه هۆیه‌کی کاریگه‌ر بۆ ده‌ربرینی تیروانینێکی تایبه‌تی بۆ هه‌بوون (وجود)و که‌وا ئاده‌مزاد پێوانه‌ی هه‌موو شتێکه‌و گه‌وره‌ی هه‌بوونه. بۆیه ده‌توانرێت بگوترێت، که‌وا که‌لچه‌ری هیللینی یه‌که‌مین که‌لچه‌ره، که باوه‌ری ئاینزا (مذهب)ی بروا‌هینانی به‌شێوه‌یه‌کی ئاشکراو دیار به‌ئاده‌مزاد هێناوه.

که فیلیپی مه‌که‌دۆنی هه‌وڵی‌دا به‌که‌خستن و به‌که‌گرتنێك هۆی به‌که‌گرتنی هیللینی پێك بهێنێت بۆ ئه‌وه‌ی به‌هۆیه‌وه ده‌سه‌ڵات دارێتی به‌سه‌ر هه‌موو شاره‌کانی یونانی‌دا هه‌بێت[11] هه‌ر ئه‌وسابوو ئه‌م ده‌سه‌ڵات داریتیه‌ی به‌ره‌و ڕۆژهه‌ڵات به‌هۆی ئیسکه‌ندەری کوڕیه‌وه ده‌ستی پێ‌کرد.

به‌م جۆره گه‌ر مه‌که‌دۆنیه‌کان له ڕووی هێزی سوپاوه وولاتی یونانیان داگیرکردبوو، ئه‌وه ڕۆشنبیری یونانی باڵی به‌سه‌ر که‌لچه‌ری مه‌که‌دۆنیان دا کێشابوو. پاش کۆچی دوایی فیلیپ، که له ساڵی 336 پ.ز بوو ئیسکه‌ندەری کوڕی چاوی له ڕۆژهه‌ڵات بڕیبوو له‌راستیشدا توانی ئه‌و پلانه‌ی خۆی له ماوه‌ی نۆ ساڵان دا جێ‌به‌جێ بکات و بۆ کارگێرانی ئیمپراتۆریه‌ته‌که‌ی پشتی به‌توانای یونانیان به‌ستبوو، که له بواری کارگێری‌و سوپایی‌و ڕۆشنبیری‌دا پێشکه‌وتوو بوون و هه‌تا له‌دوای دوا مانی ئاوابیشی‌دا له ساڵی 323 پ.ز سه‌ر له‌شکره‌کانی خۆی ئیمپراتۆریه‌ته‌که‌یان له‌ئێوان خۆیان دا دابه‌ش کرد. به‌م جۆره هه‌ڵی تێکه‌ڵاو بوونی که‌لچه‌ری گریکی به که‌لچه‌ری ڕۆژهه‌ڵاتی‌دا پەیدابوو به شێوه‌یه‌ك. هه‌موو ناوچه‌یه‌کی گرتبۆوه له ڕۆژهه‌ڵات وەیا وولاتی یونان داو هیلینزم نیشانه‌ی ئه‌و کاریگه‌ره گریکییه‌یه بۆ ئه‌م جۆره که‌لچه‌ره نوێیه.

پاش ئه‌م کاره‌ساته ئه‌و ده‌سته‌لات دارێتی‌یه ناوه‌ندیه‌ی ئه‌سکه‌نده‌ر، له کاتێکی زۆر کورتدا له‌ئێوانده سه‌رله‌شکره‌کانی دابه‌ش کرا، پاش شه‌ڕی ئیپسوس ساڵی 301 ڕۆیه‌کتری وسه‌ر له‌شکره‌کان بوون به‌پادشای ئه‌و ناوچه هه‌مه‌جوره‌ی ئیمپراتوریه‌تی مه‌که‌دۆنیان. کاساندەر له‌مه‌که‌دەنیادا، لیسیماخوس له تەراقیادا ئه‌نتیگۆنوس له ئاناڵۆل و سوریادا، بتولیمی له میسرداو سیلوکوس (سلوقس) له ڕۆژهه‌ڵاتداو له ناو ئه‌مانه‌دا ته‌نها ئه‌نتیگۆنوس که ئه‌و کاته ته‌مه‌نی هه‌فتا ساڵ بووه هه‌وڵی داوه یه‌کیه‌تی ئه‌م ده‌وڵه‌ته بپارێزێت،[12] له‌پێناوی ئه‌مه‌دا شه‌ڕێکی گه‌وره له‌نیواندیاندا ڕووی داوه له کوتاییدا ئه‌و ناوچانه به‌و جۆره دابه‌ش کراوه، وه‌به‌مه‌ش دامه‌زراندنی ئیمپراتوریه‌تیکی هیللینی یه‌ك گرتوو له‌م کاته‌دا مردوه (نه‌خشه ژماره 2) له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا که هه‌ندێ له‌م شوێنانه ڕزگاری‌بوو له‌ژێرده‌سته‌ی مه‌که‌دونیان یان هه‌ندێ شوێنی که‌وتۆته ژێرده‌ستیان، به‌ڵام له‌ناو هه‌مووياندا ده‌سته‌لات دارێتی سه‌لوقی توانی بۆ ماوه‌یه‌کی درێژ ده‌ستی درێژ بکاته ناوچه‌یه‌کی فراوان هه‌تاکو وولاتی هیندوستان که له‌لایه‌ن ئیسکه‌ندر خۆی داگیرکرابوون. شه‌ڕی ئیپسوس کوتاییکی نه‌هێنا به‌و ناکۆکیه‌ی نێوان سه‌رله‌شکره‌کان، وپاش مردنی کاساندر دیمتریوس هه‌رچاوی له ناوچه‌کانی سه‌ر زه‌ریای ئیجه بوو به‌ڵام لیسیماخوس چوو به‌گژیاو له ئه‌ناتول شکستی پێهێنا له کۆنایيدا ئه‌میان به‌دەست سه‌لوقس

لەناوچوو لە کۆروپێدیوم لە ناوچەی (ئیونیا)دا (سالی 280 پ.ز).

لەگەڵ ئەو گەشانەوەی دەوڵەتی ڕۆمانی لە ئەوروپادا وپەرەسەندنیان لە ئاسیادا کاری ئەوتۆی نەکردە سەر هێزی (سەلوقی) کە تەنها هێزێك بوو لەوێدا دەستی خستبوو سەر وولاتانی ئەم کەرتەیەدا تا پەیدابوونی دەوڵەتی پورث.

بێگومان ئەم ڕووداوانە لە ئاسیای بچوك و سەرووی میزۆپوتامیا وخواروی فەقاسیادا دووڕنەبوون لە ناوچە کوردنیشینەکان و بەشێوەیەکی یەکسەر زۆربەی ناوچەی کوردەواری بەندبوون بەم هێزانەوە بەتایبەت هێزی سەلوکیان

(2) پورثەکان و ڕۆلیان لە ڕۆژهەلاتدا لەسەردەمی هیللینزمدا

پورثەکان لەسەرەتای مێژوویاندا کۆمەڵێ کۆچەر بوون لەنێوانـا هەزارەی یەکەمی پێش زایین هەتاکو سەدەی یەکەمی زایین لەو ناوچانەی خواروی ڕۆژهەلاتی دەریای قەزوین، کە ئێمرۆ بە تورکمانیاو خوارسان (لە کۆندا بە پورث ئاوا - پەرتاڤا) بەناوبانگە کوژەرانیان کردوە.[13] لە سەرەتادا سەر بە دەوڵەتی میدیاو پاشان هەخامەنشی بوون دوا دوای ئەمانە مەکەدۆنیەکان دەستیان دڕێژکردە ئەم ناوچانەی پورث، کە لە 250 پ.م توانیان دەوڵەتێکی بچوك و ڕزگارکراو لە دەستەلات دارێتی مەکەدۆنی پێکەوەبنێن و لە دواییدا بوو بەبناغەی ئیمپراتوریەتەکەیان و زمانەکەشیان تا سەدەی 3 - 4 زایینی هەر بەکارهاتوە لەو ناوچانەداو لەشوێنانی تردا.[14]

لەڕاستیدا پەیوەندیەکی زمانەوانی و مێژوویی کۆن ئەم پورثانە دەبەستێت بەو کۆچەرانەی ناوەڕاستی ئاسیا کە بە (سەکەس یا سکیث - ساکا) ناوبانگیان دەرکردبوو و تا ناوەڕاستی سەدەی 3 زایینی هەر لەوێدا نیشتەجێ بووە.[15] بەڵام وا دیارە ئەو دەستەڵات دارێتیەی هیللینیەی بەسەر پارثیادا هێزێکی گرنگ بووە بۆ پەیدابوونی بناخەی دەوڵەتیان، کە یەکەم سەرۆکیان لە مێژوودا بە (ئەرشاك) ناوبانگی دەرکردووە لە ساڵی 232 - 231 پ.ز (سەلوقس)ی دووەم ناچار بوو دان بە حوکمرانی (تیریدات)ی یەکەم بهێنێت کە برای ئەرشاك بووەو پاشای هەموو وولاتی پارثیا بووە. پایتەختی ئەم دەوڵەتە لە سەرەتادا (گیکاتومپیل) بووە کە کەوتبووە خواروی ڕۆژئاوای دامگان (دامغان)ی ئەمرۆ، بەڵام پاشان شوێنی چینی دەستەڵاتداری ئەم پورثانە بۆتە شاری ئەکبەتانا (هەمەدان)ی ئەمرۆ پاشان شاری (سەلوقیە) لەسەر ڕووباری دیجلە کە لەلایەن مەکەدونیەکان دروست کرابوو.

سنووری سیاسی پارثەکان بەپێی هێزەکانی دەوری‌بەری خۆیان دەگۆڕا. سەیرێکی نەخشەی 3، 4 بکە لەلایەك سەلوقیەکان و لەلایەکی‌ترەوە ڕۆمەکان، لە ڕۆژهەڵاتەوە دەوڵەتی گریك - باکتری، لەگەڵ عەشایری کۆچەرانی ناوەڕاستی ئاسیادا. ساڵی (209 پ.ز) ئەنتیوخوسی سیهەم پەلاماری شاری (گیکاتومپل)ی داو داگیری‌کرد، وپاش ڕێکەوتنێك دیسان ئەرشاکیەکان دەستیان بەسەر وولاتی پارثیادا هێنا.

لە سەردەمی میثراداتی یەکەم[16] سنووری دەوڵەتی پورث زۆر فراوان بوو لە ڕۆژهەڵاتدا کە دەستی بەسەر (باکتریا)دا هێنا، پاشان ساڵی (161 - 155 پ.ز) دەستی بەسەر (میدیا)دا هێنا، لە (141 پ.ز)دا زاڵ بوو بەسەر سەلوقیەکانی سەر ووباری دیجلەو شارەکانی (بابل، ئوروك.. هتد)ی داگیرکرد، هەروەها پەلاماری (عیلامی)دا. لەگەڵ ئەم هەموو دەستەلاتێتیە، خەبات لەگەڵ عەشایری ساکا (سەکەس) زۆر گران بوو، ئەمانە دەستیان گرتە سەر وولاتی پارثیا خۆیو بەهیدیش بەرەوخوار دەبوونەوە.[17] (سەیری نەخشەی ژمارە 4 بکە).

لە سەردەمی میثراداتی دووەم[18] توانرا هەندی لەو شوێنانەی، کە ساکاکان گرتبوونیان بیگەڕێنەوە، بەتایبەتی ناوچەی (دەرەنگیانە) بەڵام پاشان ساتراپی (سەکستان) ناوچەکانی (ئاریاو مەرگیانا)ی خستە ژێر ناوی گشتی

خۆی.

میثراداتی دووهەم، وەکو پادشاکانی هەخامەنشی، نێوی (پادشای پادشایانی) بە خۆیەوەنا، و لەم کاتەشدا بوو کە پەیوەندیەکی دیپلوماسی لەگەڵ وولاتی چین دا دروست کرا،[19] پاشان دەستیان دێژکردە سەر ئەرمەنستان (سەیری نەخشەی ژمارە 5 بکە) لە سالی (92 پ.ز)، پاش خەباتێکی زۆری نێواندا ئەمانەو رۆمانەکان رووباری فورات بوو بەسنووریان، بەڵام یەکەم جەنگی فراوان سالی (65 پ.ز)و لە ناوچەی (کوردویینی) لە خواروی گۆمی وان (ناوەندی کوردستانی ئەمرۆ) لە بەینی ئەم دوو هێزەدا دەستی پێکرد، تا وای وای لێهات لە سەردەمی ئۆرودی دووهەم (57 ـ 37 پ.ز) لەشکری رۆمانی لەژێر سەرکردەی (لیسینیا کراسا) گەیشتە مێزوپوتامیاو ناوچەیەکی زۆر وولاتی کوردنشینی داگیرکرد. بەرامبەر ئەم هێرشە پورتەکان توانیان سالی (40پ.ز) هەموو ئاسیای بچوک داگیربکەن، تەنانەت سوریاو فەلەستینش.

(سەیریکی نەخشەی ژمارە 5 بکە).

بەڵام پاشان کەوتە بەرەو وولاتی (میدیاو ئاتروپاتینا) ولەکاتی تێکچونی نێوان فراهاتی چوارەم (37 ـ 2 پ.ز)و تیریداتی دووهەم، ئەوەی یەکەمیان پەنای‌بردە ساکاکان، وئەویتریان پالی‌دایە رۆمەکان، لێرەدا لاوازی کەوتە دەولەتی پورث، لە سالی (20 پ.ز) لەگەڵ رۆمەکاندا رێکەوتنێك بەرپاکرا بەمەرجێك ئەرمەنستان بدرێت بە رۆمانەکان رووبـاری فوراتیش ببێتە سنووریان لە رۆژئاوادا، واتە پورتەکان سوریاو فەلەستین و ئەرمەنستان و لایەکی زۆری وولاتی کوردەواریان لە دەست چوو. (سەیرێکی نەخشەی ژمارە 6 بکە).

بەکـورتی، دەولـەتـی پورث تا سالی 226 زایینی بەردەوام بوو، و لەم سالـەدا ئەردەشـێـری پاپـەکـان کە لەبنەماڵەی ساسانی بوو توانی کۆتایی بە حوکمی پورتەکان بهێنێت و ئەردەوانی پێنجـەم پاش خەباتێکی چەند سالە بکـوژیت و کۆشکی حوکم لە دەست دەربگـرێت و لەبەر ڕوون کردنەوەی سەردەمی حوکمرانی ئەو پادشا پورتانە، کە نێوبان بەپێوەندی هەیە بە دێکومێنتەکان هەورامان (لەسەدەی یەکـەمی پ.ز) سالی حوکمیـان و نـێـوبان بەم جۆرەی خوارەوە ڕێك دەکەوێت.

شێوەی نوێی نێوەکان	شێوەی لاتینی	کاتی حوکمرانیان (پ.ز)
1 ـ (مهرداد)ی دووهەم	میثراداتیس 11	123 ـ 88 ، 87
2 ـ (گودرز)ی یەکەم	گۆئارزیس	91 ـ 81
3 ـ (ئۆرۆد)ی یەکەم	ئۆرۆدیس 1	81 ـ 75
4 ـ سیناتروك	سیناتروکیس	75 ـ 79 ، 69
5 ـ (فەرهاد)ی سێیەم	فراتاتیس 111	69 ـ 58 ، 57
6 ـ (مهرداد)ی سێیەم	ئۆرۆدیس 111	57 ـ 36
7 ـ (ئۆرۆد)ی دووهەم	ئۆرۆدیس 11	57 ـ 36
8 ـ (پیروز)ی یەکەم	پەکۆروس 1	لە 37 ـ مردوە
9 ـ (فەرهاد) چوارەم	فراتاتیس 17	38 ـ 2
10 ـ (تیرداد)ی دووهەم	تیریداتیس 11	30 ـ 25
11 ـ (فەرهاد)ی پێنجەم	فراتاتیس 7	25 ـ 4

هەوالنامەی پێڕێب

هەروەکو لە سەرەتای ئەم لێکۆڵینەوەدا باس کرا، کەوا بێجگە لەم دوو هێزە سیاسی و کەلچەریە هێزێکی تری سیهەم پەیوەندی بەو سیاسەت و کەلچەرە هەبووە ئەویش یەکەمیان هێزی تیگرانی ئەرمەنی[20] (کە نێوی بە شێوەی تیگرانیس لەگەڵ خێزانیا کلیوپاترا[21] لە دێکومێنتەکە تومار کراوە ئەویتریان میثراداتی شەشەم پادشای (پونتوس)ە کە خەزووری بووە.[22]

(3) کورتەیەک دەربارەی تیگرانی ئەرمەنی و میثراداتی پونتوس (هێزی سێهەم)

تیگران (تیگرانیس) یا (دیکران)ی یەکەمی مەزن (140 - 55 پ.ز) پادشای ئەرمەنستان بووە لە سەرەتای 95 یا 94 پێش زایینداً. لە کاتی حوکمرانی ئەم پادشایە دەوڵەتی ئەرمەن گەیشتە پلە یەکی بەرزی یەکگرتوو لە هێزدا هەرچەندە بۆ کاتێکی کورتیش بوو، بەڵام بە بەهێزترین دەوڵاتی ڕۆمان دەژمێردرا.

تیگران کوڕی (یا برازای) ئەرتاڤاسدیسی دووەم بوو، و یەکێك بوو لە بنەماڵەیەك لە سەدەی دووی پێش زایین لە لایەن (ئەرتاکسیاس) هاتبوو کایەوە. پاشان تیگران بە (رهینە) لە لایەن میثراداتی دووەمی پورث برا بۆ پارثیا پاشان ئازادکراو گەرایەوە وەلاتی خۆی بەرامبەر بە ناوچەیەك کە کەوتبوە سنووری میدیا و بە (هەفتادوڵ) بەناوبانگ بوو.

لەم کارەساتە بە دووا، تیگران دەستی کرد بەفراوان کردنی وەلاتەکەی و پەلاماری وەلاتی سوزیغینی (کە کەوتبوە ڕۆژهەلاتی رویاری فورات)دا وپاشان پەیمانێکی بەست لەگەڵ میثراداتی شەشەمدا کە پادشای وەلاتی پونتوس (قەراخەکانی ڕۆژهەلات، خواروی زەریای ڕەش) بووو پاشان کچی میثراداتی (کە نێوی کیلوپاترا بوو) مارەکرد و بە هێزەکانی هەردوولا چوونە ناو وەلاتی (کەپەدوکیا) لە ڕۆژهەلاتی ئاسیای بچوکدا، و ئەنجامەکەشی هاتنەوەی هێزی ڕۆم بوو لەم کایەدا سالی 92 پ.ز.

دوا بەدوای ئەمە، تیگران شەڕێکی لەگەڵ پورثەکاندا هەڵگیرساند لە خواروی ڕۆژهەلاتی زەریای قەزوین دا، کە ناوچەیەکی بێهێز بوو لەلایەن پورثەکانەوە پاش مردنی میثراداتی دووەم سالی 87 پ.ز بەتایبەتی ئەو ناوچەیە بەدرێژایی کات بەر پەلاماردانی سەکەسەکان دەکەوت. تیگران لەو کاتەدا توانی (هەفتا دۆڵ) بگەڕێنێتەوە زۆربەی زۆری وەلاتی میدیا بخاتە ژێردەستەی خۆی و بەم جۆرە بوو بە (پادشای پادشایانی) وەلاتی ئەتروپاتیناو گوردوینی و ئەدیابینی و ئوسروینی و هەموو ناوچەکانی سەروەی میزوپوتامیا (کوردستانی تورکیای ئەمڕۆ) و لە قەفقاسیادا پاشایانی ئیبیریا (گورجستانی ئەمڕۆ) ئەلبانیا (داغستان ئەمڕۆ) دانیان بە پادشای پادشابەتی تیگرانیان. ئا و لە لە سالی 83 پ.ز کۆشکی سەلوقی لە سوریادا لەناوچوو بەرامبەر بە تیگران و پاش

پاش ئەم سەرکەوتنە سیاسیە شاری (تیگرانوکرتا)ی دروست کرد (مە یافارقین) و لە سالی 72 پ.ز دەستی کرد بەشەڕ لەگەڵ ڕوومانەکاندا کە لوکوللوس توانی سالی 69 بە ئەرمینیا داخل بێت و تیگران نزیك شارەکەی خۆی تیگرانوکرتا شکستی بهێنێ ڕۆژی شەشی ئوکتوبەر. دووەم جار دیسانەوە نزیك (ئەرتەکساتا) مانگی سێتەمبەر سالی 68 شکستی هێناو وای کرد لە تیگران کە لەگەڵ میثرادات هێزیان بکەن بەیەك بەڵام کورەکەی لە کلیوپاترا کە نێوی هەر تیگران بوو دژی باوکی وەستاو لەگەڵ پورثەکاندا بوو بەیەك و فەرهادی سێهەم یارمەتی دا بەڵام باوکی زال بوو بەسەریاو کورەکە خۆی گەیاندە سەرکردەی ڕۆم (پومپیوس) کە بەرەو ئەرمەنستان دەهات. لە کۆتاییدا تیگران سالی 66 پ.ز ئەسلیمی ڕۆم بوو پومپیوس پادشایەتی خۆی پێ بەخشی لەژێر چاودێری خۆیاندا.

تیگران بیست سالی تر حوکمی کرد وەکو نوێنەرێکی ڕۆمانی بەڵام وەلاتانی سوفینی و گوردوینی و جێی تری لە

دەست دەرچوو.

ئەرتاڤاسدیسی کوری پاش خۆی، جێی گرتەوە. و لەبەر پاراستنی ئەرمەنستان گومان لەوەدا نیە. کە تیگرانی ئەرمەنی بەپیوستی دەزانی کیلوپاترای کچی میثرادات مارەبکات.

ئەم کلیوپاترایە کچی میثرادات شەشەمە پادشای ناوچەکانی گورجستانی ئەمرۆو خواروو‌ی زەریای رەش و ناوەراستی ئەنادۆل. کە لەو کاتەدا بە بونتوس Portus بەناوبانگ بوو.

ئەم کچە شووی کردە تیگرانی ئەرمەنی بەڵام لە مێژوودا بێجگە لەم کلیوپاترایە چوار کەسی تر هەیە بەم ناوە کە ناوبانگیان دەرکردوە.

1 ـ کلیوپاترەی چوارەم (سالی 69 پ.ز لەئیسکەندەریە لەدایک بووەو سالی 30 مردووە، پادشای میسر ودۆستی یولیوس قەیسەرو مارك ئەنتونی‌و خوشکی بطولیمی هەشتەم بووە.

2 ـ کلیوپاترای یەکەم کچی ئەنتیوخوسەو ژنی بطولیمی پێنجەمە میسر بووە، سالی 193 ـ 176 پ.ز.

3 ـ کلیوپاترای دووهەم (سەدەی یەکەمی پ.ز) ژنی‌و خوشکی (بطولیمی ئیورکیتیس)ی دوهەم پادشای میسر.

4 ـ کلیوپاترای سیهەم (سەدەی یەکەمی پ.ز) برازای‌و ژنی دووهەمی (بطولیمی ئیورکینس) دووهەم پادشای میسر.

لەم سەردەمەدا، کە دەولەتی رۆمانی هێزیکی جیهانی بو، پایتەختەکەی (رۆما) توشی گێچەلیەکی گەورە بوو، لە گۆتایی سەدەی دووی پ.ز دوو‌یەرەکی کەوتە ناو ئەندامانی ئەنجومەنی پیران (سیناتو)، لە کۆتاییدا ئەفسەرێکی ژیر بەنێوی (ماریوس) سالی 111 پ.ز وپاشان یەکێ دی بەنێوی (سولا)، کە هەردوکیان دوژمنایەتیەکی گەورەیان لەبەیندا هەبوو، توانیان رۆما لەم هەرایە رزگار بکەن و[23] بایەخەکی زۆر بدەنە رێك خستنی لەشکری رومانی، پاشان دەستیان کرد بە رێکخستنی باری ئابوری، ئەمجا پەلاماری ئەو هێزانەی دەرەوەیان دا کە دژ بەرۆما شۆرشیان هەلگیرساندبوو لە ئاسیاو ئەفریقیادا.

ئەوەندەی بە باسەکەمان پێوەست بێ دەڵێین، پاش ئەوەی کە میثراداتی شەشەم پادشای بونتوس لە ئاسیای بچوکدا دەستی درێژ کردبوو سەر زۆر ناوچە، داوا لە سولا کرا، کەوا (ئاریو بارزانیس) بگەڕێنێتەوە سەر تەختی شاهانەی کەپادۆکیا لەبەرێ رۆژهەلاتی ئاسیای بچوکدا، کە میثراداتیس دەری‌کردبوو. سولا ئەم رووداوە گرنگەی بە سەرکەوتویی بەجێ‌هێناو پێشوازی سەفارەیەکی کرد، کە لە پارثیاوە هاتبوون بۆ ئەوەی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ کۆماری‌دا مۆربکەن.

لە سالی (91)دا گەرایەوە رۆما، لەبەر توانایی‌و پایەی لەشکری حیزبی ئوروستوکراتی وەکو سەرکردەیەك چاوی تێ‌بریبوو.

ئەم مەترسییە لە لایەن وولاتی (پۆنتوس)ەوە، کە کەوتبۆ لێواری خواروو‌ی رۆژهەلاتی زەریای رەشەوە سەری هەڵدا. لەو کاتەدا میثراداتی شەشەم، کە نازنێوی یوپاتور (120 ـ 63) بوو پاشایەتی دەکرد. ئەم پاشایە پیاوێکی بەرێزو وپایەدار بوو، باوەکو توانای لەشکری ورامیاری زۆر بەهێز نەبوو، بەڵام هەوڵی‌دا دەسەڵات دارێتی خۆی بخاتە سەر ئاسیای بچووك، بەتایبەتی ئەو ناوچەیەی بە نێوی کەپادۆکیای مەزن نێوبراوە ئەمە بۆ هۆی بەرەنگاری‌بوونی بەرامبەر بەرۆما، کە ئارەزووی نەدەکرد هیچ جۆرە فەرمان رەوایەکی بەهێز لەم ناوچەیەدا دابمەزرێندرێت، بەتایبەتی ویلایەتی ئاسیا (برجامون)، کە لەسالی 129 دامەزێندرا وهەروا (کیلیکیا)ش لە سالی 123دا کرا بە ویلایەت.

لە سالی (90)دا میثراداتیس وولاتی (بیثینیا)، کە کەوتبۆ نێوان وولاتەکەی خۆی‌و ویلایەتی ئاسیای رۆمانی داگیرکرد. بەڵام لە سالی (89)دا کشایەوە، ئەمەش لە ئەنجامی هەرەشەو گورەشەی رۆمانان دا بوو، کە خەریك بوون (نیکومیدیسی دووەمی) پاشای بیثینیای لێ هەڵ بگەڕێننەوە هانی‌یدەن بۆ داگیرکردنی (پۆنتوس)، ئەوسا میثراداتیس هیچی بۆ نەمایەوە تەنیا بەرەنگاری‌کردنی رۆمان نەبێت، لەو کاتەدا کە رۆمان لە جەنگ دا بوون

هاوڵاتیانی کێشر

لەگەڵ ئیتاڵیکان دا، میژاداتیس دیسانەوە (کەپادۆکیای) داگیرکردەوە و نیکومیدیسی دووەم)ی بەزاندو بەسەر ئەو هێزانەدا زاڵ بوو، کە بۆ دژایەتی ئەو ئامادەکرابوون و سەرلەشکری هێزەکانی بەدیل گرت وکوشتی، جا ویلایەی ئاسیای بچووکی خستە ژێر رکێفی خۆی و کەشتیوانەکانی زەریای ئیجەیان بڕیوە، تەنیا (رودس) بەرهەڵستی کردن، زۆر لە شارانی گریکی لە ئاسیای بچوك دا ە ژێر ئالای ئەودا کۆبوونەوەو بە رزگارکەریان دادەنا لە جەوری باج کۆکەرەوەکانی رۆمانی دا.

هەر ئەوەندەی میژاداتیس بانگەوازی سەر هەڵگیرساندنی دا، لایەنگارانی فەرمانەکانیان بەجێ هێناو لە ویلایەتی ئاسیادا هێرشیان بردە سەر رۆمان و ئیتاڵیکان و وا دەگێڕنەوە لە یەك رۆژدا (80,000) هەشتا هەزار کەسیان لە نێوبرد، کە دەڵێن زۆربەیان باج کۆکەرەوەو بازرگان و کاربەدەست بوون، هەروا لەم رووداوەدا منداڵ و ئافرەتێکی زۆریش لە نێوچوون.

لە هەمان کات دا (سالی 88) وا رووی دا حیزبی دیمۆکراتی لە ئەثینادا دژی فەرمان رەوایی ئولیگارکی (کەم)، کە بە پشتگیری رۆمان دامەزرابوو، شۆرشی بەرپاکردو دەستی بەسەر فەرمان رەوایەتی داگرت وخۆی خستە ئامێزی میژاداتیس بۆ ئەوەی مزیای بکەوێت. پاشای ئاسیاوی سەرلەشکری خۆی، کە نیوی (ئەرخیلاوس) بوو بە سەرۆکایەتی هێزێکی گەورەوە بەرەو ئەثینا نار، لە رێگەدا بەسەر ئەو ناوچەیەی دادا کە لە ژێر دەسەلاتی دارێتی ئیتالیان دا بوو لە دوورگەی (دیلوس)، کە ناوچەرگەی جم وجۆڵی بازرگانی رۆژهەڵات بوو. ئەرخیلاوس لە وڵاتی گریك دابەزی و زۆربەی هەرێمەکانی باشوور لایەنگریان لێکردو پشتیگربوون و لە هەمان کات دا سەرۆکەکەی لەشکرێکی زۆر گەورەی لە باکوورەوە بە رێگەی تەراکیاو مەکدونیادا نارد وڵاتی گریك.

لە سالی (85) لە زەریای (ئیجە)دا کۆمەڵێك کەشتی بە دەرکەوتن بە سەرکردەی (لوکوللوس)،[24] کە لەو شارە رۆژهەڵاتیانەدا کۆکرابوونەوە، کە سەر بە رۆمان بوون. لوکوڵوس کەشتیوانەکانی میژاداتیسی بەزاند، بەم جۆرە رێگە بۆ (سولا) خۆش کرا بۆ ئەوەی زەریا بەرەو ئاسیا بپەڕێتەوە.

لەو کاتەدا (فلاکوس)ی کونسول بسفوڕ پەریبۆوەو بەرەو وڵاتی بێنیا ڕۆیشتبوو، بۆیە هێزداری میژاداتیس کەم بۆوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی زۆر لە شارانی گریکی وازیان لێهێناو بێزاری خۆیان پێشان دەدا سەبارەت بەو یارمەتی دانەی پێشکێشی میژاداتیشیان دەکرد. فلاکوس بە دەستی سەربازانی یاخیبووی خۆی کوژراو فیمبریا بوو بە سەرکردەو توانای دژمن بەزێنیت و پرگامون داگیربکات، کە پاشای ئاسیاوی کردبوویە پێتەختی خۆی. میژاداتیس رای کردو ئامادەیی خۆی بۆ ووت وێژکردن لەگەڵ سولا پێشان دا، چونکە سولا لە کەنارەکانی ئاسیای بچووك نێزیك دەبۆوە. جا لەبەر ئەوەی سولا ئارەزووی کۆتایی پێهاتنی ئەو جەنگەی دەکرد بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە ئیتالیاو بەرامبەر بە دژمنەکانی بوەستێت، بۆیە لە مانگی ئابی سالی 85دا لە شاری (داردانوس)، کە کەوتبۆ نێزیك تڕواده، (ئاشتی داردانوس) مۆرکراو لەم رێك کەوتنەدا میژاداتیس دەستی لەو هەموو ناوچانە هەڵگرت، کە لەم دواییانەدا لە ئاسیای بچووك دا داگیری کردبوون، هەروا سزای جەنگیش بژمێرێت، کە (2000) دووهەزار (تالنت) بوو، هەروا چەند کەشتییەك بە رۆمانەکان ببەخشێت و سنووری بتتوسیش بگەڕێتەوە سەر باری جارانی.

لەبەر ئەوەی ئەو رێك کەوتنەی لە نێوان سولا و میژاداتیس مۆر کرا سنووری بۆ ئەوەی دووەم دانا، بۆیە هەڵگیرسانەوەی جەنگ سەر لە نوێ کارێکی چاوەڕێکراو بوو، میژاداتیس وڵاتەکەی خۆی بەهێزکردو لەشکرەکەی ڕێك وپێکتر کرد، چونکە چاوەڕێی جەنگی دەکرد لە دژی رۆمانەکان داو دەستی بە جووڵانەوەی جەنگی لە ئاسیای بچووك دا کرد، تا ئەو پلەیەی هێزی رۆما کە پارێزگەری کەلچەری یونانی بوو لەم ناوچەیەدا کزبوو. بەرادەیەك رۆمانەکان توانای گەرانەوەی هێزی جارانیان نەما، زەریا بە

بوو لەو کەشتیوانانەی کیلیکیا، کە هێرشیان دەبردە سەر کەشتی رۆمانەکان، تەنانەت پەلاماری لێوارەکانی ئیتالیشیایان دەدا و خەلکیان دەفراند لە بازاری دیل فرۆشاندا دەیان فرۆشتن و یا داوای دارایکی زۆریان دەکرد بۆ ئەوەی لێیان دابەزێنن بەڵام بەکەن، ئەم رووداوانە وایان لە ئەنجومەنی (سناتو)کرد بە سەرکردایەتی سرڤیلیوس لەشکرێك بنێرێتە ئەو ناوچانەی، کە لە ئاسیای بچووك دا داگیریان کردوون وەکو (لوکیا، بامفولیا، کیلیکیا) تاوەکو پەلاماریان بدەن، ئەم پەلاماردانە سەری نەگرت چونکە بەر لەوەی کارەکەیان دیماهی پێبێت، سەرکردەکە بانگ کرایەوە رۆما. بێجگە لە میثرادات و لپسیوانانی کەشتیوانی دژمنێکی دی رۆمانیان هەبوو، کە مەترسی لەمانە کەمتر نەبوو، ئەویش (تیگرانیسی یەکەم).

(دیکرانی یەکەم) - پاشای ئەرمەنستان بوو و زاوای میثرادات بوو کە ئەویش پانتیی خاکی خۆی فراوان دەکردو بەرەو کەپادۆکیا خزاو بەری باکووری وولاتی میسوپوتامیای لە دەست پورثیان وەرگرت و هەروا لە سالی (83)دا هەموو سوریای خستە ژێر دەستی خۆی. هەروا میثرادات هەوڵی دا بێنیا نەکەوێتە ناوچەی دەسەڵات دارێتی رۆمانەکان، چونکە بە هۆیەوە دەیان توانی بەری زەریای رەش بگرن بەدەستەوە ڕێگەی دەردەنیل و پسفۆری لێ دابخەن. بۆ بەدی هێنانی ئەم مەبەستەی پستگیری کوری پاشای پێنا کرد، کە داوای پاشایەتی باوکی کۆچ کردووی خۆی دەکرد. کە سینا تۆی رۆما بەم هەڵوێستەی میثرادات ئاگادار بووو مەترسی جەنگ رووی تێکردن بۆیە پەلاماردانی خاکی میثراداتیشیان بە لوکوڵوس سپارد، بەڵام هێرشەکەی سەری نەگرت.

لە سەرەتای سالی (74)دا میثرادات ویلایەی بثونیای داگیرکردو هەروا ویلایەی ئاسیای خستە ژێر دەسەڵات دارێتی خۆی و گەمارۆی شاری کوزیکوسی دا، کە کەوتبوو سەر لێواری زەریای مەرمەرە، بەڵام ئەم گەمارۆدانە زۆری نەخایاند، چونکە لوکوڵوس ڕێگەی هات وچۆکردنی لێ بری و میثراداتیسی ناچارکرد بگەڕێتەوە بثینیاو دووچاری زەرەرو زیانێکی زۆری کرد، و هەر دوای میثراداتیس دا بوو تا پەنای برده ئەرمەنستان و لوکوڵوس داوای لە پاشای ئەرمەنستان کرد بۆ ئەوەی میثراداتیس بدا بە دەستەوە، بەڵام پاشای ئەرمەنی خواستەکەی بەجێ نەهێناو لە ئەنجام دا لوکوڵوس بەبێ ڕەزامەندی سیناتۆ رووی لە ئەرمەنستان کردو پایتەختە تازەکەی، کە نیزی (تیگرانەکرتا) بوو داگیرکرد لە سالی (69).

هەروەکو پلوتارخ دەڵێت (کە تیگرانی ئەرمەنی توانی (زاریبونوس) پادشای گوردوێنی (دیاربەکری ئەمرۆ) بچەوسێنێت کاتێك، کە لوکولوس لە شاری تیگرانوکرتا بوو هێزەکانی ئەدیابێنی (هەولێر) وئاشوورو گوردوینی (کوردەکان ج.ن) و کەپەدوکیا بێنە ئەوێ دپاڵی پێ بدەن) هەروەها پالوتارخ دەڵێت ومیدیەکان وگوردوێنی وئەدیابێنی و عەرەبی خوار وولاتی بابل و ئەلبانەکان (داغستان)، وئیبیریەکان (جیورجیا)و دانشتوانی سەر رویباری ئاراکس لە ژێر سەرکردەی پادشاکانیان لای لوکولوس ئامادە بوون..

وەهەروەکو دوترا کە زاریبونوس پادشای گوردوێنی بێزار بوو لە ژێر دەستی تیگرانی ئەرمەنی بە دزی پەیوەندی بە (ئاپیوس) کرد کە پەیمانێك لەگەڵ رۆمانەکاندا ببەستێت؛ کە لەژێر سەرکردەی (لوکولوس)ن.

بەڵام ئەمە کە ئاشکرا بوو، زاریبونوس کۆڕا لەگەڵ مال و منداليا پێش ئەوەی رۆمانەکان بگەنە وولاتی گوردوێنی. لەبەر ئەمە لوکولوس ئەم کارەساتەی لەبیر نەچوو، هەر وەکو گەیشتە ئەو وولاتە ئاهەنگێکی ڕەسمی پاشایانەی بۆ شەرەفی زاریبونوس پێك هێنا وئەرمەکەی بەو زێڕو زیوو سامانەی، کە لە تیگران و هێزەکانی دەست کەوتبوو، رازێنرا ولوکولوس بەدەستی خۆی ئاگری مەشخەڵی داگیرساندو بۆنی دابەش کرده سەر کوساکارو وهاوڕێیانی زاریبونوس، هەروەها فەرمانی دا پەیکەرێکی بۆ دروست بکرێت»[25].

لە دوای سالێك لوکولوس هێرشی خۆی برده سەر ئەرمەنستان بۆ ئەوەی بە یەکجاری هەمووی داگیر بکات،

هەوالنامەی کێبڕکێ

مارکوس ئەنتۆنیوس
٨٢ - ٢٠ پ.ز
«مارک ئانتۆنی»

ئۆکتافیانوس
٦٢ پ.ز - ١٤ ز
گایوس یولیوس قەیسەر
ئۆکتافیانوس

بەڵام سەربازانی لێ یاخی‌بوون وئارەزووی لوکولوسیان بەجێ نەهێنا، بۆیە ناچار بەرەو میسوپوتامیا جێگری لەشکری لوکولوس دا لە جەنگ دا بوو، ئەو سەرکردایەتیەی بە لوکولوس بەخشرابوو، هێندێکیان لێ دەرگیرابوونەوەو ئەو یارمەتییەی رۆماوە داوای کردبوو، بە دەستی نەگەیشتبوون، میثراداتیس پونتوسی بۆ خۆی گەراندبۆوە هەروا تیگرانیس ئەرمەنستانی وەرگرتبۆوە، ئەمانە هەموو رووبەرووی لوکولوس بوون، بۆ ئەوەی نەتوانێت بە یەکجاری میثراداتیس و تیگران لەنێو بەرێت و لە برێتی ئەویش کاروباری سەربازی بە پومپی (25) بسپێردرێت.

لەو کاتەی، کە پۆمپی بە سەرۆکی لەشکری رۆمانی ناوچەی ئاسیای بچووك دا دامەزرا، خۆی لە خواروی ئاسیای بچووك دا بوو، یەکسەر سەرکردایەتی خۆی بەرەو باکووری رووباری هاکیس گواستەوەو لەوێدا چاوی بە لوکولوس کەوت بۆ بەدەستەوەدانی سەرکردایەتی، کە لە کۆبوونەوەیەك دا بوو هەمووی نەسرەوتی و هەرەشەو جنێودان بالێ بەسەردا کێشابوون، چونکە لوکولوس لەو باوەردا بوو، پۆمپی هەموو پایەبەرزیکی لێ زەوت دەکات و هەموو بایەخێکی پێشێل دەکات و بەروبوومی سەرکەوتنیشی دەنوشێت.

بەر لەوەی پومپی هێرش بباتە سەر پونتوس، پەیمانێکی لەگەڵ فەرهاد (فراتیس)ی پاشای پورث بەست، کە نێوانی لەگەڵ پاشای ئەرمەنستان دا تێك چوو بوو، هانی‌دا، تا هێرشی بردە سەر تیگران، مەبەستی پومپی لەوەدا بۆ ئەوە بوو، تیگران خەریکی جەنگ بێت لەگەڵ پورثەکان داو نەتوانێت یارمەتی میثراداتیس بدات، لەو کاتەی خۆی پەلاماری پونتوس دەدات لە ئەنجام دا، میثراداتیس نەیتوانی بەرامبەر لەشکری پۆمپێ بوەستێت، کە نێزیکەی (20,000) بیست هەزار کەس بوون و رای‌کردو داوای یارمەتی لە تیگرانی زاوای کرد، تیگران لەبەر ئەوەی دژی پورثەکان وەستابوو گەمارۆی پێتەختە کۆنەکەیان دابوو، زۆر بە ساردی پێشوازی لە میثراداتیس کردو لە دوایی‌دا بەدیل گرتی، بەڵام میثراداتیس خۆی لە دیلی رزگار کرد.

هەوڵنامەی کێش

لەو کاتەدا کوری پاشای ئەرمەنستان لەگەڵ پورزەکان دا رێک کەوتبوو وبانگیستنی پۆمپێی کردو پۆمپێ رووباری فورات پەڕیوەو بەرەو پێتەختی ئەرمەنستان بەڕێکەوت، تیگران ئەم هەڵوێستەی زۆر پێ ناخۆش بوو وچاکی خۆی دامالی و خۆیدا بەدەستەوە لە بەهاری ساڵی (65)دا دیسانەوە پۆمپێ هێرش بردەوە سەر میثراداتیس و لە رێگەدا هەر ناوچەیەکی پێیدا دەڕۆیشت دەیخستە ژێر دەستی خۆی، مەبەستیشی لەم داگیرکردنانە دۆزینەوەی سنوورێکی زەریایی بوو بۆ دەسەڵات دارێتی خۆی.

لە دوای خۆ بە دەستەوەدانی تیگران، گۆرنیسێکی کت وپڕ بە سەر پێوەندی نێوان پۆمپێ و پورشەکان رووی‌دا، فراتیس هەولی‌دا ناوچەی (گوردوێنێ) لە تیگران زەوت بکات، پۆمپێ نەی‌هێشت هەوڵەدانەکەی سەربگرێت، بەڵکو خۆی ناوچەی (گوردوێنێ)ی داگیرکرد، لەو کاتەدا فراتیسی پاشای پورث لەشکرەکەی خۆی کشاندەوە و داوای پەیمان و رێک کەوتنێکی نوێی لە نێوانیان دا کرد، بەڵام پۆمپێ گوێی نەدا داواکارێکەی فراتیس و ناوچەی (گوردوێنێ)ی گەڕاندەوە ژێر دەسەڵات دارێتی تیگران هەروەکو لەمەو بەر روون کرا.

پۆمپێ بە پێی ئەو سەرچاوانەی رۆمانی‌یە (بەتایبەتی کتێبەکەی پلوتارخوس) گەیشتە نزیک دەریای قەزوین و دەستی خستە سەر وولاتی میدیاو ئەتروپاتینا وزوربەی زۆری وولاتی کوردەواری، ولەم شوێنانەدا رێکخستنێکی یاسایی و ئابوری‌و کومەلایەتی فراوانی بەجێ هێنا.

بێجگە لە زۆر شوێنی‌تر، ئەو خاکانەی کە کەوتبوونە سەرووی مێزوپوتامیا نێواند دیجلەو فوراتەوە، کە ناوچەیەک بوو، پاشاکانیان بەدرێژی مێژووبان لەجەنگدا بوون بۆ داگیر کردنی خاکی یەکتر.

پۆمپێ هەموو ئەم ناوچانەی دابەش کردە نێوانیان تەنها وولاتی ئەدیابێنێ (حەذیاب) دراپە پورشەکان، بەڵام هەروەکو ووترا گوردوێنی (ناوچەی دیاربکر)درا بەتیگران و هتد.

ئەم ناوچانە بەسایەی پۆمپێ دەستوورینان بۆ دانرا بەبایەخ دانی بە بۆژاندنەوەی ژیانی هیللینزم، کە ئەم ناوچە هەمەجۆرانەی بەیەک گرتەوە لەژێرسیبەری دەوڵەتی شاردا (پۆلیس).

لەبەر ئەمەش بوو پۆمپێی هانی خەلکی دەدا لەشاردا بژین و خۆی سی‌ونۆ شاری لە ئاسیای بچوک و سوریادا دروست کرد بێجگە لە یانزدە شار کە لە بثینیاو پونتوس دروست کردبوو و لە هەموو شوێنێکدا ئۆتۆنۆمی دەبەخشیە وولاتە (دەولەتە) ناوچەییەکان پاشان هانی ئەو کەسانەی دەدا کە سیاسی بوون بۆ بەدەست هێنانی مۆڵکایەتی زەوی‌وزارو لە بەرهەمی ئەو زەوی‌یانە یەک بەدە بدرێت بەسەرکردایەتی رۆم. ئەمە بێجگە لەو قانونە کە کۆکردنەوەی (رەسمی ضریبە) مافی درایە دەست دەستەلاتدارێتی شارەوانی هەر شارێک کە پاشان لەگەڵ رۆمانەکاندا بەکۆمەلی کۆدەکرایەوە.

ئەم سیاسەتەی پۆمپێی لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا دوو شتی بۆژاندەوە، یەکەم ژیانی هیللینزم، کە بلاوبوونەوەی زمان و نوسین و کەلچەری یونانی ئاوێنەی راستەقینەی بوو. دووهەم باری ئابووری زۆر گەشایەوەو دانشتوانی بەر سنووری ئیمپراتوریەتی رۆما وەصفی ئابووری رۆژانەیان زۆر چاکتر بوو لە شوێنانی‌تر.

ئەم دوو دیاردەیە لە دێکۆمینتەکانی هەورامانداو بەتاشکرا دیارن چونکە لەم کاتەدا تۆمارکراون و ئەو کارەساتانە دوور نەبوون لە هەورامان و دانستوانی کە ئەمانەش هەر بەشێک بوون لەو رووداوە مەزنانە.

لە رۆمادا پاش کوشتنی یولیوس کەیسەر ساڵی 44 پ.ز هیچ کەسێک لە جێی ئەو دانەنرابوو کە ببێت بەجێگری، لەبەر ئەمە گێچەلێکی گەورە لە رۆمادا پەیدابوو، بەڵام حیزبی کەیسەر توانی حوکم لەوێدا بپارێزێت ولەسەر ئەم حیزبە مارکوس ئەنتونیوس[28] (مارک أنطونی)ی کونسول لەگەڵ چەند کەسێکی‌تر راوێستا بوون. بەبێ چاوەروانی، (ئوکتافیوس)، کە کوری کەیسەری (بەخێو کراو - بالتبنی)[29] بوو بەرامبەر بە ئەنتونیوس پەیدا بووو هاتەوە رۆماو داوای میراتی کەیسەری

دەکرد، هەرچەندە ئەنتونیوس زۆر بایەخی بەم دۆزمنە لاوازە نەدا، بەڵام لە کۆتاییدا هەر بەدەست ئەمیش لەناوچوو، کە بوویوو بە هێزێکی گەورە.

پاش پەیمانی (تاریتوم)[30] نێوان ئەم دووانەدا ئەنتونیوس بەرەو رۆژهەڵات بۆوە سااڵی 36پ.ز بە رێگای ئەرمەنستانەوە خەریك بوو بۆ (میدیا وئەتروپاتینی) بچێت وڵەوێوە پەلاماری پورتەکان بدا، بەڵام ئەرمەنەکان یارمەتی پورتەکانیان دا وئەنتونیوس لەم ساڵەدا (لە رۆژهەاڵتی ناوچەکانی کوردنشین) شکستی هێناو کتوپر گەرایەوە دواوە بۆ ئەوەی لەشکرەکەی بپارێزێت، کە 20,000 سەربازی لەناو چوویوو،[31] وازی لە پەالماردانی پورتەکان هێنا وئوکتاڤیوس کە بەڵێنی دابوویێ بە یارمەتیدانی بەجێی نەهێنا بە بیرویاوەری نیلسون دوابواز، ئەنتونیوس (مارك ئەنتوانی) لەگەڵ میدیەکاندا رێکەوتبوو، کە پێکەوە بچن بە گژ پورتەکاندا، بەڵام ئەمان بە یارمەتی (ئەرتاکیس) شاهزادەی ئەرمەن کە پەنای هێنابۆوە الی پورتەکان توانیان سەربکەونە سەر رۆم و میدیەکاندا.[32] پاش ئەم کارەساتە ئەنتونیوس لە شاری (ئەنتاکیا)دا ساڵی 37 پ.ز ماوەی کیلوپاترای بری، کە بوو بەهۆی فراوان بوونی ئاسووی تێکچوونی لەگەڵ ئوکتاڤیوسدا، وساڵی 34 پ.ز لە شاری ئیسکەندەریە لە میسردا ئەنتونیوس کیلیوپاترای ناونا بە (پادشای پادشایان)و حوکمرانی میسر وکوپروس و کریت وفەلەستین، هەروەها ناوی (بەتلیموسی کەیسەر) وکوری نا بە (پادشای پادشایانی) ئەرمەنستان و میدیاو پارثیاو کوردکەیتری ناونا بە پادشای سوریاو فینقیاو کیلیکیا.. هتد. ئەم دان پیانانە نیشانەی ئەوە بوو کە هەرچی ئەو وڵاتانەی لەشکری رۆمانی داگیری کردبوون بەبێ شەر خرانە ژێر دەستی پادشایەتی میسر.

ئەم کردەوەیە بوو بە هۆی هاتنەوەی ئوکتاڤیوس بە لەشکرێکی گەورە بەگژ ئەماندا ولە کۆتایی جەنگێکی فراواندا ئەنتونیوس و کلیوپاترە ومنداڵەکان خۆیان کوشتەوە هەروەکو لەمەو پێش باس کرا.[33]

پاش ئەوەی ئوکتاڤیوس لە هاوینی ساڵی 30 پ.ز شاری ئیسکەندەریەی داگیرکرد لە میسردا دەستی کرد بە رێك خستنی وڵاتەکانی رۆژهەاڵت وپاشان ساڵی 29 پ.ز گەڕایەوە شاری رۆما.

لە کاتێکدا ئەم رووداوانە، کە لە ئیمپراتۆریتی رۆمانیداروری دەدا، هەمان گیروگرفت لە ناو سیاسەتی ناوەندی پورتەکاندا هەبوو. ئەم گیروگرفتانە کە پەیوەندی بە سەردەمی دێکومێنتەکانی هەوراماندا هەیە، هەرچەندە زۆر روون نەبۆتەوە لە کاتی دۆزینەوەیاندا، بەاڵم پاش تێپەڕ بوونی پتر لەنیوە سەدەیەك هەندی نێوی ئەو پادشایانە کە نێویان بە شێوەی (ئەرساکیس) لە دێکومێنتەکاندا تومار کراوە ئاشکرا بوون کاتی فەرمانڕەوایی‌یان زانراوە.

هەر لەو کاتەدا کە ئوکتاڤیوس سەرکەوتنە سەر لەشکری ئەنتونیوس وکلیوپاتراوە دەستی کردوە بە رێك خستنی وڵاتەکانی رۆژهەاڵت (کە وڵاتی کوردنێنی و ئەدیابێن (دیاربکر و هەولێر) بەشێك بوون لەو وڵاتانە، تیرداد ناوێك توانیویەتی بە لەشکرێکی تایبەتی فەرهاد لە حوکمی وڵاتی پورث دوور بخا، ئەمیش بۆیە پەنای بردنۆنە الی خێڵەکانی ساکا (سکیث) لە سەروی رۆژهەاڵتی وڵاتەکەیاندا.

ئەم فەرهادە (فراتاتیسی چوارەم کە لەمەو بەر باس کرا - بروانە وێنەکەی لە کۆتایی ئەم باسەدا)ە وتیرداد پاش ئەوەی بەرانبەر ئەنتونیوس شکستی هێنا لە جەنگێکدا، وڵەشکرەکەی بێ هێنر بوو، پاشان هەروەکو زانیمان ئوکتاڤیوس لە میسر گەرایەوە بۆ رێك خستنی وڵاتەکانی رۆژهەاڵت و لە ئاسیای بچووکدا لە زستانی 30 - 29 پ.ز خەریکی ئەو مەبەستە بوو، فەرهادی چوارەم بە یارمەتی خێڵەکانی سەکەس توانی بە سەر (تیرداد)دا زاڵ بێت وئەمیش پەنای بردە الی ئوکتاڤیوس، وڵە بەهاری (ساڵی 26 پ.ز) تیرداد جارێکیتر بە هێزێك لە رویاری (فورات) پەریەوە وڵە ناوچەی (بیبالد زیك کالت بوالق) بەرامبەر یەکتری شەریان کردوە وپاش ئەم جەنگە تیرداد بە ناوی (دوهەم) لە پارەکاندا ناویانگی دەرکردوەو بۆ ماوەیەکی کەم حوکمرانی کردوەو ئەو پارانە کە بەنێوی ئەمەوە لە سکە

دراوه تەنها دەگەڕێنەوە ساڵی 26 پ.ز پاشان پەنای بردۆتە هێزی ئۆکتاڤیوس وکوورەکەیشی هەر لە لای ڕۆمانەکاندا ماوەو بەنێوی (گایوس جولیوس تیریداتیس) ناوبانگی دەرکردوە، بەڵام زۆری پێ نەچووە کۆڕ راوە.[34]

وادیارە ئەم تیردادە بە زوویی لە حوکم دەرنەکراوە، چونکە پارەیەکی پورتی بە نێوی ئەوەوە (ساڵی 25 پ.ز) کە لە شاری (سەلوقیە) لە سکە دراوە هەر باو بووە، لەگەڵ ئەمەشدا دوو مانگ پاش چاپ کردنی پارەکە شاری (سەلوقیە) کەوتۆتە دەست فەرهادەوەو ئەمیش بە نێوی خۆی پارەی لە سکە داوە ولەمەو دوا نێوی تیرداد بە هیچ جۆرێك لە مێژوودا نەهاتوە. بێگومان ئەو (رەزە) کە لە دێکومێنتی دوهەمدا فرۆشراوە پەیوەندی بەسەر دەمی ئەم فەرهادەوە هەیە ونێوی هەر چوار ژنەکەی لەم (دێکومێنتەدا تومارکلاراوە کە نێویان ئۆلینێر، وکلیوپاترا و باسیرتا ژیشیبانا پشە بوون.

پەیوەندی کارەساتەکانی سەدەی یەکەمی پ.ز بە دێکومێنتەکانی هەورامان

لە ژمارەی ڕابوردووی ئەم گۆڤارەدا، لە هەمان بابەتدا چەند دیاردەیەکی گرنگمان دی، کە پەیوەندیان بە کوردانی سەدەی یەکەمەوە هەبوو وئێرەدا بەم جۆرەی خوارەوەو، لە ژێر تیشکی ئەو کارەساتانەی کە لەمەوبەر باس کران، ڕوون دەکرێنەوە:

1 ـ زۆربەی زۆری نێوی کەسی لەم دێکومێنتە مێژووییانەدا سەر بە زمانی ڕەسمی دەولەتی پورتە کە ئەمڕۆ لە زمانی کوردیەوە دوور نیە، وهەندێکی لای کوردان باوە.

2 ـ ئەم نێوانە پەیوەندیان بەو ئایینانەوە هەیە، کە پێش چەند سەدەیەك نێوی خوداکانیان لە وولاتی کوردەواریدا پەیدا بوە، پاشان ئەم دیاردە (ڕوحی)یە لەگەڵ ژبانی (مادی)ی هیللینیدا تێکەڵاو بووەو کاری کردۆتە سەر نێوەکان و کۆنایی هەمرو ئەم نێوانە بەشێوەیەکی یونانی تەواو بووە.

3 ـ ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەلف وبێ دوان لە نوسراوەکان ئەلف وبێیکی یونانین لە بنەڕەتدا، بەڵام لەبەر پێویستی یەکی زمانی ناوچەیی یەکەو هەروەکو دیاردەیەکی هیللینی، هەندی نیشانەیەك و واژەیەك لەم نوسراوانەدا تومارکراوەو ووشەیەکی باو بوە لەم وولاتانەدا و تا ئیستاش لە هەندێ ووشەی کوردیدا بەجێماوە وەکو (کەی‌وانو ـ کەی‌بانو).

4 ـ لە لایەن شێوەی یاسایی یەوە (قانونی)، ئەم بەڵگەنامانەوا دیارە پەیوەندیەکیان بە بیۆزاندنەوەی قانونەکانی هیللینی، کە لە لایەن پۆمپێی لە ڕۆژهەڵاتدا ژیاندرابەوە هەیە، چونکە ئەم ناوچەیە دوور نیە لەو وڵاتی گۆردوێنی و ئەدیابێنی (هەولێر)و کەرخا بێت سەلوخ (کەرکوك) کە کەوتبوونە ژێر کاریگەری سیاسی و کەلچەری ئەم جیهانە سەرلەنوێ، هەرچەندە لە دێکومێنتی سێیەمدا (11 پ.ز) کە بە ئەلف وبێی ئارامی تومارکراوەو لە پاش ئەوانی تر بە چەند ساڵێك (پاش 77 ساڵ، 20 ساڵ) نوسراوە، ئەم کاریگەریەی هیللینی کز بوە تا وای لێ‌دێت پاش چەند ساڵێك تر (پاش پەیدا بوونی عیسای مەسیح) بە یەکجاری دوور بێتەوە لە جیهانی ڕۆژهەلاتی یەکانەوە بەگشتی و لە وولاتی کوردەواری بە تایبەتی، وکاریگەری هیللینی لە دێکومێنتی سیەمدا تەنها لە مێژوییەکەیدا دیارە.

5 ـ لە دێکومێنتەکاندا دیارە کە ژن وژن خوازی نێوان برا وخوشك و دایك دیاردەیەکی ئایینی و قانونی بوە چ لە وولاتی پورتداو چ لە وولاتی ئەرمەنیدا، بێگومان هەر واش بوە لە وولاتی کوردەواریدا. ئەم دیاردەیە هەر چەندە لای هەندێ لە سەرکردەکانی ڕۆم باو نەبوە بەڵام بەڵگە زۆرە کە لەوێشدا ئەم دیاردە کۆمەلایەتی یە پەیرەوی کراوە.

هەوالنامەی کێبڕکێ

به وێنه پاش جەنگەکەی ئەنتونیوس زۆر لە رومانەکان بە دیل گیران بە دەست پورتەکانەوە (نزیکەی 20,000) کەس) هەروەکو لەمەوبەر باس کرا، بەڵام ئەم دیلانە بەرەڵا کران وگەڕانەوە وواڵاتەکانیان لەبەر ئەمە سالّی (20 پ.ز) ئەوگوستوس بە دیاری کچێکی ئیتاڵی بە نێوی موسا (بروانە وێنەی ئەم ئافرەتە لەگەڵ ئەم لێکۆڵینەوەدا)ی نارد بۆ فەرهادی چوارەم ولەم ئافرەتە کوڕێکی بوو کە هەر بە فەرهاد (فەراتاتیس پێنجەم) ناویانگی دەرکرد ولە سالّی (2 پ.ز) موسا وەکو شازن داوای تاج وتەختی بۆکوڕەکەی دەکرد، فەرهادی چوارەم بەزەهر خواردن لەناو چوو، وفەرهادی پێنجەم لە جێی دانیشت ودایکی خۆی (موسا) کە ڕۆمانی بوو شووی پێ کرد.[35]

6 ـ ئەو نازنێوە کە بە یونانی بە شێوەی (باسیلیونتوس باسیلیوس ـ پادشای پادشایان) تۆمارکراوە لە کوردیدا نەماوە، کەچی لە زمانی عەرەبیدا شێوەی (باسل)ی وەرگرتوە وهەروەها ووشەی (البسالة، استبسل... هتد) لێ دەرهاتوە بەڵام بە واتای کۆنەکەی یونانی لە عەرەبیدا بەجێ ماوە.

7 ـ لەگەڵ ئەوەی کە دووان لە دێکومێنتەکان (سالانی 88، 22) بە ئەلف وبێی یونانی نوسراون، بەڵام دەقی نوسراوەکان و نێوی پادشایان باری سیاسی ئەو ناوچەیە بەدیاردەخەن، کە لەژێر دەست پورتەکان بووە، وبەهیچ جۆرێك نێویکی ڕۆمانی وەکوو ڕوویەکی سیاسی لەم نوسراوانەدا تۆمار نەکراون، هەروەها ئەوەی سێبەم نێوی هیچ پادشایەك لەسەر تۆمار نەکراوە واتە ناوچەی هەورامان لەباری سیاسیەوە سەر بە ڕۆما نەبووە لەم سالانەدا.

8 ـ ئەو نازنێوەی پادشایانەی پورث (ئەرشاك) کە لە بنەڕەتدا نێوی باپیرەگەورەی ئەم بنەماڵە بووە بە شێوەی یونانی (ئەرساکیس) تۆمارکراوە. ئەم نێوە کەسیە بنامالەی پورث بۆتە نازنێو بۆهەموو پادشایانی ئیمبراتورێتی پورث لە دواییدا. بەڵام بەپێی سالّی تۆمارکردنی ئەم نوسراوانە دەتوانرێت بزانرێت مەبەست بەو (ئەرساکیس)ە کێیە.

9 ـ لە ڕاستیدا چەرخی سەلوقی لە یەکی نیسان سالّی 311 پ.ز دەست پێ دەکات. بەڵام چەرخی ئەرشاکی لە یەکی نیسانی 247 پ.ز دەستی پێ کردووە، واتە پاش سەلوقی بە 64 سال، هەرچەندە لە هەندی سەرچاوە گومان هەیە، کەوا ئەم چەرخە سەلوقیە سالّی 312 پ.ز دەست پێ کردبێت،[36] بەڵام لە سەرچاوە مێخیەکانی ووڵاتی بابل ئەوەی یەکەم (311 پ.ز) دەکرێت بە سەرەتای ئەو چەرخە.

لەبەر ئەو ڕاستیەی سەرەوە، مانگی ئەپیلایوس سالّی 225ی سەلوقی، کە لە دێکومێنتی یەکەمدا (بەهەردوو دەقەکەیەوە) تۆمارکراوە دەکاتە مانگی تشرینی دووەمی سالّی 88ی پێش زایین. سالّی 291 سلوقی کە لەسەر دێکومێنتی دوەمدا تۆمار کراوە بەم حیسابە دەکاتە سالّی 22/21 پ.ز سالّی 300ی سەلوقی لەسەر دێکومێنتی سێیەمدا دەکاتە 11/12 پ.ز.

10 ـ لەم دێکومێنتانە نازنێوێکی تر بە شێوەی (فیلهللینوس ـ بە واتای خۆش ویستی هیللینی) سەبارەت بەنێوی ئەرساکیس (ئەرشاك) بەکار هاتووە. ئەم نازنێوە زۆرجار لەلایەن پاشایانی پورث بەکار هاتووە، بەڵام لەم دوو دێکومێنتەدا بێجگە لەم نازنێوە چەند نازنێوێکی تر بەکارهاتوە وەکو (باسیلیوس باسیلیون ئەرساکوی ئیورگیتۆی دیکایۆی ئەپیفانوس فیلهیللینوس) واتە پادشای پادشایان (ئەرشاك)ی خێردار دادپەروەر پرشنگدار خوش ویستی هیللین، لەپێش هەر نازنێوێکیش ووشەی (کەی) بەکارهاتووە. ئەم نازنێوانە لە ڕاستیدا هێشتا هەر لەسەردەمی میرادائی یەکەمەوە بەکارهاتوە بەتایبەتی (فیلهیلین) بەڵام تەنها (هیمیروس) یەکەم پادشا بووە، کە

نازنیوی (ئەپیفانوس ـ پرشنگدار)ی بەکارهێناوە. وئەم نازنیوانە هەروەکو گریشمان دەڵێت پێوانێکی سیاسی هەبووە.(37)

11 ـ بەپێی ئەو شی‌کردنەوە مێژوویی‌یەی رابووردوو وا دیاردەکەوێت کە دێکومێنتی یەکەم لە سەردەمی کۆتایی ژیانی (میثرادات دووهەمدا 123 ـ 88 یا 77 پ.ز) تۆمارکرابێت و مەبەست بە ئەرساکیس هەر میثراداتە، ئەگەر (گۆتارز) نەبێت کە لەنێوان 91 ـ 81 دەستەلاتداریتی پەیداکردووە لە نوسراوەکانی بەردین و هەروەها لە نوسراوەکانی بابلدا پاش میثرادات نێوی (ئەرساکیس)ی بەخۆیەوە ناوە.(38)

بەڵام لەبەر ئەوەی نێوی (ئاریازاتیس)ی ژنی میثراداتی دووهەمدا کە لە راستیدا بە ئەرمەنی (ئەوتۆمایە کچی (تیگرانس)ە پادشای ئەرمەنستان هەروەها نێوی پادشای ئەرمەنیش بە نازنیوی پادشاهی مەزن (باسیلیوس میگالو) بەکارهاتووە لەگەڵ میثراداتی دووهەمدا پەیوەندی باش بووە، بەتایبەتی پاش ئەوەی لە (رەهینە)یی ئازادکراوەو بۆتە پادشای ئەرمەنستان بەڵام بێگومان هێشتا نازنیوی پادشای‌پادشایانی وەرنەگرتوە، واتە ئەم دێکومێنتەی یەکەم پێش پەلاماردانی تیگران بەسەر سوریاو فینیقیاو کەپەدوکیادا نوسراوە، ولە سەردەمی میثراداتی دووهەمدا نوسراوە (بروانە وێنەی ئەم پادشایە) وادیارە ئەوتۆما (ئاریازاتیس) دەورێکی گرنگی گێراوە لای میردی (میثراداتی دووهەم) بۆ رزگارکردنی باوکی (تیگران)ی ئەرمەنی کە تەمەنی گەیشتبووە 45 ساڵ بۆیەو لە ساڵی 94 پ.ز لە جێی (ئەرتوئاسدیس) بوو بە پادشای ئەرمەنستان.

پاش نوسینی دێکومێنتی یەکەم بەدوو ساڵ، واتە ساڵی 86 پ.ز تیگران، کە چەند شوێنێکی داگیرکرد بوو بە (پادشای پادشایان) وناوبانگی جیهانی دەرکرد، وهەر لەم ساڵەدا بوو پاش مردنی میثراداتی دووهەم لەگەڵ کورەکانیدا تێك چوو، وواڵاتی ئەتروپاتیناو میدیای داگیرکرد.

12 ـ هیچ گومان لەوەدا نیە کەوا مەبەست بە (ئەرساکیس) لە دێکومێنتی دووهەمدا فەرهادی چوارەم (فەرائاتیس)، کە کوری پیروز ق(پاکوروس) بووەو ساڵی 37 پ.ز پاش کوشتنی، باوکی دەستەلاتێتی گرتۆتە دەست. ئەم پادشایە بەربەرەکانی لەگەڵ مارکوس ئەنتونی کردووەو بەسەریا زاڵ بووە هەروەکو لەمەوبەر ڕوون بووەوە، پاش ئەوەی دیلە ڕومانی‌یەکانی بەردراوە کەنیشکێکی‌ئیتالی بەنێوی (موسا)ی پێشکەش کراوە کە پاشان بۆتە دایکی فەرهادی پێنجەم.

فەرهادی چوارەم کورەکانی (سیراسپادانیس، فەرائاتیس، ڕۆداسپس، ڤونونیس)ی نارد‌ۆتە وواڵاتی ڕۆمان و ئیمبراتوری پێسپاردوون. ئەمە نیشانەی ئەو پەیوەندیە پتەوەیە نێوان هەردوو جیهانی هیللینی کە لەم دێکومێنتەدا دیارە.

13 ـ لە دێکومێنتی دووهەم وادیارە، کە فەرهادی چوارەم پێش کەنیشکە ئیتالیەکە (موسا) چوار شاهزادە ژنی بووە کە نێویان بە (ئۆلینییر، کلیوپاترا، باسێرتا، بیشتیبانا)پاس لەم دێکومێنتەدا تۆمار کراوە، وئەمانە هەموویان ساڵانی 21/22 شاهبانو بوون.

لە نێوکانیان دیارە، هیچ نەبیت ئۆلینییرو کلیوپاترا شاهزادەی سەلوقین و ئەوانیدی لەوانەیە خەلکی میدیاو ئەتروپاتین بن و لە بنەماڵەی شازادەکانی ئەو ناوچانەبن هەروەکو سترابون دەیگێرێتەوە.(40)

14 ـ دێکومێنتی سیهەم، کە بە ئەلف وبێی ئارامی ساڵی 11/12 پ.ز تۆمارکراوە، هەر دەگەڕێتەوە سەردەمی حوکمی فەرهادی چوارەم بە چەند ساڵێك پێش کوشتنی لەلایەن (موسا)ی ژنی‌و کورەکەی کە فرائاتیس (فەرهادی پێنجەم) باوبانگی دەرکردبوو.

بەگشتی دەتوانریت بووترێت، کەوا ئەو سەردەمەی نێوان ساڵی تۆمارکردنی دێکومێنتی یەکەم و دووهەم،

هیوانامەی کێش

رۆژهـهلاتی ناوەراست بە دەوڵـەتی پۆرث و میـدیـاو ئەتـروپـاتین و ئەرمینیـاو وڵاتی کوردەواری و ئەنـادول و سوریاو کەپەدوکیاو کیلیکیا (ئاسیای بچوك) بەگشتی لە گیروگرفتیکی سیاسی و عەسکەری ئالۆزدابوون.

بەڵام سەردەمی نیوان دیکـومینتی دووهەم و سیهەم باری سیاسی و عەسکەری لە هێمنی و ئاسایشدا بووە. لەگـەڵ ئەمـانـەشدا هێشتا بیری هیللینی هەر زاڵ بووە بەسەر شێوەو جۆری ژیانی ئادەمزادا لەم هەرێمەدا.

سەرچاوەکان

1 ـ بروانە باسەکەی پروفیسور ئیلیس مینس لاپەرە 33.

Minns E., Parchments of the Parthiad from Avroman in Kurdistan, Jour. Hell. Stud. 35 (1915), P. 33.

2 ـ لە کۆتـایی سەدەی دووی پێش زایین، ئەو ناوچـانـەی کە ئەمرۆ کەوتـوونەتە نیواندێتی وڵاتی گورجستان (جۆرجیای شوڕەیی) و تورکیـا لە خوارووی دەریـای رەش، یەکی گرتبووە لە ژێر ئالای پادشای بەناوبانگی ئەو ناوچەیە بە نێوی میثرادات و وولاتەکەش بە نێوی پونتوس ناوبانگی دەرکردبوو چونکە ئەو دەریایە کە ئەمرو بەرەش ناوبانگی دەرکردوە لە بنەڕەتدا دەریای پونتوسە. میثرادات نازناوی (یوپـاتـور) بەخـۆیـە نابـوو چونکە خێزانەکەیان بێگومان کەوتبووە ژێر کاریگەری ژیانی و کەلچەری هیللینزم.

میثرادات پیاوێکی بەتواناو تەماحکار بوو وزۆر هەوڵی داوە هەموو ئاسیایبچـوك دزۆژهـەلاتی ناوەراست بخاتە ژێر دەستـەی خۆی بەڵام ڕۆمـا بەرەنگـاری کرد لە نێـوانـد ساڵەکانی (120 ـ 63 پ.ز)دا.

3 ـ بروانـە: د. عبـداللطیف أحمـد علی، التاریـخ الیونانی/ العـصـر الـهـلالی/ بیـروت 1976. ل8 هەروەهـا ئینسوکلوپیدیای بەریتانی ووشە وگریك.

4 ـ بروانە هەمان سەرچاوەکان.

5 ـ هەمان سەرچاوەکانی سەرەوە.

6 ـ هەمان سەرچاوەکانی سەرەوە.

7 ـ بروانە ئینسوکلوپیدیای بەریتانی، ووشەی کریت و کنوسوس

8 ـ بۆ ئەم ناوچانە بروانە سەرچاوەی داهبردوو، ووشەی گریگ، هەروەها بروانە کتیبی:

آ. بتری، مدخل الی تاریخ الاغریق وأدبهم وآثارهم، ترجمة یوئیل یوسف عزیز. بغداد 1977، ل 8، 10

9 ـ بروانە:

لطفی عبدالوهاب یحیی، الیونان ـ مقدمة في التاریخ الحضاری. بیروت 1979 ص 96.

10 ـ سەیری ئەو هەوال و پشکنینانەی کسینوفون بکە لە کتیبی (ئەناباسیس)دا بە هەر وەرگێرانێك بێت.

11 ـ لطفی عبدالوهاب یحیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل 184.

12 ـ بۆ ئەم دەورەو سنوری دەستەلات داریەتی ئەو دەولەتانە بروانە:

Colin Mc Evedy., The Penguin Atlas of Ancient History 1967 PCO.

13 ـ پەرتاڤا پاشان کەبوە بە پارثیا شێوەیەکی کۆنی ئەم ناوەیە، کە لە نووسـراوەکـانی دارادا لە شاخی بیستونـدا بەرچـاو دەکەوێت و بەکێك بوو لە ساترابەکانیان. لە کاتی حکـ ـمڕانی ئەلوقس (312 ـ 281 پ.ز) وڵەنتیوخوسی یەکەم، کە بە سوێـر بەنـاوبانگـە (281 ـ 261) هەشـایـری پارنی (ئەپارنی) سەکەسی بە کۆمەڵێکی زۆر بوون بە دانشتوانی وولاتی پارثیـا. وبـە پێی ڕای ئینـسـوکلوپیدیای بەریتانی یەکەم پایتەختی پارثەکان لەم وولاتەدا شاری (دارا) بوو کەئیستـا بە (أبی‌ورد) بەنـاوبانـە پاشـان بۆتـە شاری (هیکـاتـومپلوس) وئـەم پورنانە توانیان لە شەڕی کارهای (نزیك حران) سەرکەوتنێکی گەورە بە سەر ڕۆمانەکان بە جنگە بهینن. بۆ ئەم مەبەستانـە بروانە ئینسوکلوپیدیای بەریتانی، ووشەی پارثیا.

14 ـ بروانە ئینسوکلوپیدیای میژوویی سوڤیتی، ووشەی پارفیا. بەزمانی ڕوسی.

15 ـ بروانە هەمان سەرچاوەی پێشوو.

هەولێر کتێب

16 ـ میرادانی یەکەم (جاربەجار بە میثریدات)یش دەخوێنرێت وبە (ئەرساکیسی شەشەمیش) بەناوبانگە، پاشای پورث بوو لە نێواندی ساڵەکانی 171 ـ 138 پ.ز حوکمرانی کردبوو پاش ئەوەی فراهاتی برای کۆچی دوایی کردبوو. پێش ساڵی 160 پ.ز وولاتی میدیای لە ژێر چنگ سەرداری سەلوقی تیمارخۆس دەرهێنا وەدەستیشی بە سەر وولاتی تەپوریا (طبلاستان) وتراکسیانا درێژکردو لە چنگ ئیوکراتیدیس پادشای باختریا دەرکردو ناوچەی ئیلامایس (عیلام)ی داگیرکرد و(بابلی)شی هینایە ژیر حوکمی خوی (142 ـ 141 پ.ز) بەڵام دیمتریوسی دوهەم نیکاتور هەوڵیدا کە بابل بگەڕێنێتەوە.

میثرادانی دوهەم نێوی بە پانهیلین دەرکردبوو کە واتای (خۆش ویستی شارستانیەتی یونانی)یە. سەیرێکی ئینسوکلوپیدیای بەریتانی بکە، ووشە میثرادات.

17 ـ لە راستیدا بە هێزی تایفەکانی ساکا (سکیز) پورثەکان ساڵی 130 پ.ز توانییان لەشکری خۆیان بەهێز بکەن ولە وولاتی کوردەواری بچن بە گژ رۆمەکاندا کە لەم کاتەدا لەژێر سەرکردەی ئەنتیوخوسی هەفتەم بوون و بەسیداتیس ناوبانگ بوو (138 ـ 129 پ.ز).

سوپای ئەنتیوخوس، کە فەوجێکی خەڵکی ئیسرائیل بووە بەسەروکایەتی یوحەنا هیرکانوس، لەگەڵ هێزی پورثەکاندا لەسەر روباری (زێ کەورە) لە کوردستاندا کەوتونەتە جەنگ ولەشکری پورث لێرەدا، کە بە سەروکایەتی ئیداتیس ناوێك بوو شکاوە وکشاوەتەوە دواوە. بۆ مەبەستە بروانە:

نیلسون دوبواز، تاریخ سیاسی پارث آشکانیان تهران، ترجمة علی اصغر حکمت. ل 22.

18 ـ میثرادانی دوهەم کە لە نێواندا (123 ـ 988 پ.ز) حوکمرانی کردوە کوری ئەردەوانی دوهەم (ئەرتەبانوس)بوە. توانی لە سەرەتای حوکمیا ناوچەکانی رۆژهەلاتی دەولەت کە لە لایەن سەکەسەکان (ساکا) داگیر کرابوو رزگار بکات. ولە رۆژ ئاوادا دەستی بە سەر وولاتی میزوپوتامیا هێنا، پاشان سەرکەوتە سەر پادشای ئەرمەن (ئەرتاڤاسدیس) وکوورەکەی تیگران (لەوابیدا تیگرانیسی یەکەم) بوو بە بارمتە (رهینە) لە لایان. وبە پێی هەندی سەرچاوە، بەرانبەر بە (دوڵەکانی هەفتا) تیگران ئازاد کراو گەڕایەوە ئەرمەنستان. بۆ ئەم بابەتە سەیریکی ئینسوکلوپیدیای بەریتانی بکە ووشە میثرادات.

19 ـ بروانە ئەنسوکلوپیدیای میژوویی سوڤیتی. ووشەی پارفیا.

20 ـ بۆ پتر کردنی زانیاری سەیریکی کتێبی.

Neilson C. Debevoise., A Political History of Parthia. Chicago · Illinois 1938

وەرگیرانی ئەم کتێبە بەفارسی بروانە

نیلسون دوبواز، تاریخ سیاسی پارث اشکانیان. تهران ترجمة علی اصغر حکمت. ل. 244 ـ 250.

هەروەها بروانە: ئینسوکلوپیدیای بەریتانی. ووشەی تیگران.

21 ـ بروانە هەمان سەرچاوەی پێشوو. ووشەی کلیوپاترا.

22 ـ میثرادانی شەشەم پادشای پونتوس بە (ئیوپاتور) ناوبانگی دەرکردبوو. ساڵی (63 پ.ز) لە شاری پانتیکاپالیوم (کەسپرچی ئەمرۆ لە ئۆکرانیای سوڤیتی‌دا) داوای کوشتنی خۆی کرد. لە نێوان ساڵانی 120 ـ 63 پ.ز حوکمرانی خاکی پونتوس لە سەرووی ئەنادۆل کردوە، زێگای بە رۆمان گرت کە بەرەو رۆژهەلات بێن و دەستەڵاداریتی پەیدا بکەن.

میثرادات لە سەرەتای ژیانی سیاسیدا دایکی خۆی لابرد، کە پاش باوکی حوکمی وولاتەکەی دەکرد تا ساڵی 115 پ.ز وپاشان دەستی درێژ کردە سەر ناوچەکانی قەراخ دەریای ڕەش وئەمجا دوو جەنگی گەورەی لەگەڵ رۆمادا بەرپا وتێدایانە سەرنەکەوت، هەروەها جەنگێکی دی بەرامبەر بە پادشای بیثینیا (نیکۆمیدیسی سیهەم) کردبوو، لەبەر ئەم ئەنجامانەو لەسەر داوای خۆی لە لایەن سەربازەکانی کوژرا. بروانە ئەنسوکلوپیدیای بەریتانی ووشە (میثرادانی شەشەم).

23 ـ ماریوس وسولا بە هەردووکیان خدمەتێکی باشی کۆمەلایەتی وولاتی خۆیان کردوە بەڵام لەبەر سەرکردایەتی لەشکری رۆمانی کەبەرەو شەڕی میثرادانیسی پونتوس ئامادە کرابوو تێك چوون. لە

هەولێر کتێبخانەی

کۆتاییدا سولا بوو به سەرکردە وماریوس لەگەڵ کەسانی‌تر پەیمانی بەست کە ئەم جەنگە کە بەرژەنیتەوو میللەتیش بەسەر 35 عەشیرەتا دابەش بکرێت. لەبەر ئەوەی ئەم کردەوانەی ماریوس بە زۆری کرا سولا لەشکرەکەی بەرەو رۆما هێناو ماریوس و هاوڕێکانی رایان کرد بەلام سولا نوێنەرێکی حیزبی پیران ونوێنەرێکی حیزبی گشتی کرد بە دوو کونسول و دابنان لە رۆما. بۆ ئەم مەبەستانە بروانە:

Plutarch., The Lives of The Noble Grecians and Romans - Encyclopaedia Britannica, NC. 1952.

هەروەها بروانە: د. عبداللطیف أحمد علی، التاریخ الرومانی - عصر الثورة: بیروت 1973.

آ. بتری، مدخل الی تاریخ الرومان وأدبهم وآثارهم. بغداد 1977، ترجمة الدکتور بژیل یوسف عزیز.

24 - لوکولوس (لیکینیوس) 109 پ.ز - 57 پ.ز بەشێک بروە لە ئەفسەرەکانی سولا لە جەنگی یەکەمیاندا لەگەڵ میثرادانیسی شەشەمدا. بوو بە کونسول سالی 74 پ.ز. پاشان سەرکردایەتی لەشکری رۆمانی لە ئاسیادا پێ‌ی سوێردرا وچەند جەنگێکی گێراوە لە ئاسیادا وەهەندی گیروگرفتی ئابووری و یاسایی لەوێدا ڕیک خستوە. وسالی 66 پ.ز ئەم سەرکردایەتی‌یە لە لوکولوس وەرگیراوە وبدراوە بە پۆمپی. بۆ ئەم مەبەستانە بروانە کتێبی پلوتارخ بەندی لوکولوس و پۆمپی.

25 - پاش ئەم کارەساتە، فەرمانڕەوای سیهەم (فراتاتیس کە بە ئیوس) ناوبانگی دەرکردبوو) لە جێی باوکی سینەتروکس دانیشت. ئەمە لە کاتێکدا، کە دەولەتی میثرادات پادشای پونتوس بەرەو کزی دەرویشت. بروانە پلوتارخ. ل 412 لە وەرگیری ئینکلیزی.

دوابەدوای شەڕی تیگرانوکرتا (سالی 69 پ.ز) وشکستی تیگرانی ئەرمەنی ومیثراداتی پونتوس، فەرهاد توانی ناوچەی (هەتنا دۆل) لە چنگ تیگران دەربهێنێ وولالاتی ئەدیابێنێ (هەولێر)و سەرووی میزوپوتامیا داگیر بکات. بروانە تاریخ سیاسی پارث ئەشکانیان تهران ل 52 ترجمة علی اصغر حکمت.

26 - پۆمپێی (گنایوس پومپیوس 106 - 48 پ.ز) کوڕی (پومپیوس ئیسترابون)ی کونسولی (سالی 89 پ.ز). لەگەڵ باوکیا سەرکەوتە سەر دوژمنانی سولا سالانی 83 - 82. لەبەر ئەمە ئەنجومەنی پیران (سیناتو) هێزیکیان بۆ ڕێک خست، کە بچێت بەگژ کۆمەلی (ماریوس)دا. لە ئاسیا وئەفریقادا دۆڵێکی عەسکەری گەورەی نواندوە پاشان بووە بە سەرکردەی هەموو لەشکری رۆما لە ئاسیادا دژ بە میژاداتی شەشەم. سەبارەت بەم رووداوانە بروانە: کتێبی پلوتارخ، بەندی پۆمپێی.

27 - یولیوس کەیسەر (گایوس) سالی 101 - 100 پ.ز لە عەشیرەتی یولیا لە دایک بووە کە عەشیرەتێکی پایەبەرز بوە. لە بەر ئەوەی ماریوس پوری ئەمی (یولیا) هێناوە وخۆیشی کچی کنا (کورنیلیا) هێناوە یەکەم لە سەرەتای ژیانیا لەگەڵ حیزبی دیموکراتی وەستاوە پاشان سولا بوو بە هۆی دوور خستنەوەی بۆ ئاسیا. کیلیکیا و لەوێدا (سالانی 80 - 78 پ.ز) بە دیل براوە پاشان بە پارەیەکی زۆر ڕزگاری بوە. دوا بەدوای مردنی سولا گەڕاوەتەوە شاری رۆما دەستی کردوە بە پاڵ پشت کردنی کۆمەلی سەر بە ماریوس بە ووتە بەرزەکانیەوە پاشان چووە بۆ ڕۆدوس ولەئەسپانیادا نیوان سالانی 69 - 68 کاری‌کردوە کە گەڕاوە ئەوە رۆما لە گەل کراسوس بەرەیکی دورست کردوە. دژ بە پۆمپێی کە هێزی لەم شارەدا بەرەو زۆری دەچوو.

پاش چەند پێشەیەکی سیاسی هەمەجۆر لەکۆتایی‌دا کەیسەر سالی 49 بوو بە دیکتاتور کە گەورەترین پێشە بووە لەو سەردەمەدا. ودووبارە سالی 47 هەمان پێشەی گرتۆتە دەست تا دە سال، ئەمە بێجگە لەوەی لە هەمان کاتدا (کونسول)یش بووە وسەرۆکی پەرستگاهیش بووە. بە گشتی زۆربەی زۆری سەرۆکایەتی ژیانی دینی و سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایەتی کەوتۆتە دەست یولیوس کەیسەر بێجگە لە سەرکردایەتی زۆربەی جەنگەکانی لەشکری رۆمانی لە کەرنەی ئاوروپاو ئاسیاو ئەفریقادا

هەولێر کتێبخانەی گشتی

وڵەزۆربەی ئەم شۆڕشانە پادشا ناوچەیی‌یەکان سەر بەهم بوون، تاکو وای لێهات کلیوپاترا لە میسردا وڵاتەکەی پێشکەش کرد.

لە کۆتایی ژیانیدا، لە کاتێکدا کە ئامادە بوو هێزێکی گەورە بەرەو (داکیا) ووژدەڵات دژ بە بورژەکان بباتە لایەن چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی (سیناتو) ساڵی 44 پ.ز کوژرا.

28 ـ مارك ئەنتوانی (82 ـ 30 پ.ز) سەرکردەیەکی ڕومانی هەسکەرێکی سیاسی بوو لەگەڵ بولیوس کەیسەردا لە هێزیەکدا ڕێك بوون. خۆی وچەند کەسێك لەخزمەکانی ئەندامی سەرکردایەتی سوارانی کەیسەر بوون وهەمیشە لەگەڵ کەیسەر لە گیروگرفتی سیاسیدا وەستاوە بە تایبەت دژ بە پۆمپێی. ساڵی 44 بوو بە کونسول پاش کوشتنی کەیسەر پاشسان بۆتە حاکمی وڵاتی گال (فەرەنسای ئەمرۆ). دوابەدوای ئەمە بۆتە یەکێك لەو سێ کەسەی، حوکمی ئیمپراتۆرێتی ڕومانی کردوە.

پاش ئەوەی سەرکردایەتی چەند جەنگێکی لە ئاسیادا کردوە چۆتە شاری ئیسکەندەریە (ساڵانی 41 ـ 40) وخۆشەویستیەك ئیوان ئەم وکلیوپاترادا پەیدا بوو.

ساڵی 40 پ.ز گەراوەتەوە ئیتالیا وخوشکی ئوکتافیوسی ماوەکردوە کە هەر بە (ئەکتافیا) بەناوبانگە.

ساڵی 37 دیسان گەراوەتەوە سوریا لەگەڵ کلیوپاترا یەکتریان گرتوەو پاشان ئوکتافیای ئەلاق داوە پاش ئەوەی کە پێشەی دوور خراوەتەوە. پاش پەلاماردانی ئوکتافیوس بە هێزیکی گەورە وگەیشتنی ئەم هێزە بۆمیسر ئەنتونیوس و کلیوپاترا ومنداڵەکانیان خۆیان کشتوە ساڵی 30 پ.ز.

بۆ ئەم مەبەستە بروانە ئینسکلۆپیدیای بەریتانی ووشەی ئەنتونیوس. هەروەها بروانە:

د. عبداللطیف احمد علی، التأریخ الرومانی. ل 338 ـ 362.

29 ـ مارکوس ئوکتافیوس یەکێکە لە پیاوە ناوداوە سیاسی عەسکەریەکانی ڕومانی سەدەی دوەمی پێش زایین کە دوا بەدوای بولیوس کەیسەر حوکمرانی ڕۆمانی کردوە دژ بە مارکوس ئەنتونیوس، هەروەها دژی جاك کردنەوەی مەسەلەی زەوی‌وزار وەستاوە، کە لەلایەن سیسەرۆنیوس گراکوس (تیبریوس) پاڵپشتی لێکراوە.

30 ـ ساڵی 29 پ.ز ئەنتونیوس گەڕایەوە ڕۆژهەڵات لە کاتێکدا کە (ئیللوری)یەکان هێزێکی ترسێنەر بوون لە مەکەدۆنیادا و بورژەکانیش ئاسیای بچوك و سوریایان داگیر کردبوو. ئەنتونیوس زاڵ بووە سەر (ئیللوری)یەکان و ئەفسەرێکی ئەم سوریای لە جنگە بورژەکان دەرهێنا. پاشان ساڵی 38 پ.ز ئەنتونیوس گەڕابەوە ئیتالیا بە بانگ کردنی لەلایەن (ئوکتافیانوس)، کەچی ئەمش نەهاتە کۆبوونەوەکە بەپێی پەیمانی ئیوانیان چونکە پێی ناخۆش بوو ئەنتونیوس پیاوێکی هەڵکەوتوو بێت. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کۆبوونەوەکە لە شاری تاریتوم ساڵی 37 پ.ز بەسترا چونکە ئوکتافیانوس پێویستی بە یارمەتی هەبوو پاش دۆڕانەوە لە شەڕی سکستوس پۆمپێی، هەروەها ئەنتونیوس پێویستی بە سەربازی ئیتالی بوو بەکاریان بهێنێ لە شەڕی پورژەکاندا بەڵام باوەڕیان بە یەکتری نەبوو. لە کۆتاییدا پەیمانێك لە نیوانیاندا بەسترا کە دەبوا بەپێی ئەم پەیمانە ئەنتونیوس 120 پاپۆر بدا بە هاوپەیمانی خۆی بەرامبەر چوار هێزی پیادەی ڕومانی کە لە ئەریقیادا بوون. ئەنتونیوس ئەم پەیمانەی بەجێ هێنا بەڵام ئوکتافیانوس بەجێی نەهێنا، پاش ئەم کارەسانە ئەنتونیوس چوو بۆسوریا وڵەوێوە خەریکی پەلاماردانی وڵاتی پارثیا بوو، وەهەروەکو ووتمان کە بەریگای میدیاو ئەرمینیاینیش چووە ناو وڵاتی پارثەوە.

31 ـ بۆزانیاری سەبری: د. عبداللطیف احمد علی، التأریخ الرومانی ل. 359 ببە.

32 ـ بروانە نیلسون دوبواز، تأریخ سیاسی پارث ل. 114.

33 ـ سەبارەت بەم کارەساتانە بروانە:

33 ـ سەبارەت بەم کارەساتانە بروانە:

د. عبداللطیف احمد علی، مصر والامبراطوریة الرومانیة فی ضوء الأوراق البردیة. القاهرة 1965. ل 21 ـ 40.

34 ـ بروانە نیلسون دوبواز، تأریخ سیاسی پارث ل 115.

35 ـ بروانە هەمان سەرچاوە ل 121، 125، 127.

36 ـ بروانە لێکۆڵینەوەکەی پروفیسور ئەیس مینس ل 37.

37 ـ بروانە: R. Ghirshman., Iran 1954 P. 266

38 ـ بروانە: نیلسون دوبواز 100 ل 32 ـ 36.

39 ـ ئەوتوما نێویکی ئەرمەنی‌یە بەڵام لەلایەن میرزادانی دووەم نازنێوێکی پێ‌بەخشراو کە (ئاریازاتی)بوو بەواتایی (بەگزادە یان گەورەزادە).

40 ـ بروانە: Strab., Geography. XI, XIII. 1 بەئینگلیزی.

میثرادات دوهم (123 - 88 پ. ز)

میثرادات یه‌کم (171 - 138 پ. ز)

میثرادات سیهم (57 پ. ز)

فرااتیس سیهم (70 - 57 پ. ز)

ته‌رته‌بانی دوهم (88 - 77 پ. ز)

پشتی سکه‌ی پیشو

فرااتیس پینجم (3 پ. ز - 4 ز)

فرااتیس چواردم (38 - 2 پ. م)

پشتی سکه‌ی پیشو

فونونیسی یه‌کم (8 - 12 ز)

نورودیسی دوهم (4 - 6 ز)



جيهانى هيللينى سەردەمى ئيسكەندەرى مەكدۆنى

(سالى ٣٢٣ پ ز)

(١)



جيهاني هيللينې وفراوان‌برونسې هينزى رؤمه كان

(سالې ٤٤ پ ز)



جيهاني هيللينى كاتي سەرهەلداني هيزە ناوچەييەكان

(سالي ١٩٢ پ ز)



سنووری
ټیهرلتوریتي پورت له جیهاني هیللینیي دا
(۱۴۵۰ پ ز)



جيهاني هيلينى پاشدا به شكردني ئيمپراتوريستي
مه كهدوني نيسوان سه ركرده كاني له شكرى ئيسكه نده ر :
كاسانده ر و ليسيماخوس و ئنتيگونوس و پتوليمي و سيلوكوس
(سالي ٣٠١ پ ز)



جيهاني هيللينې وګه شه ګردنې عيزه کانې پسورت

ته رمه ن وپونتوس (مالې ٧٤ پ ٠ ز)

مەلا عومەری رەنجوری شالەبەگی

بەشێک لە ژیان و بەرهەمی زاناو شاعیری کورد

● عبدالرقیب یوسف ●

دوو سال لەمەوبەر بیستم مامۆستای بەڕێز مەلا عەبدولکەریمی مودەڕریس دیوانی ڕەنجووری بۆچاپ ئامادە دەکا. لەبەرئەوەی کە هێندێک زانیاریی نایاب و دەگمەنم لەبارەی ژیانی ئەم شاعیرەوەو بەدەستخەتی خۆی لا بوو بەپێویستم زانی بەمەبەستی سوود لێ وەرگرتن بۆ مامۆستای بنێرم و لەسەر چاوەکەیی ئاگادار بکەم. بۆیە نامەیێکم بۆ ناردو، ماوەیێکیش لەوە بەدوا بە ناونیشانی تەکیەی قادریبەوە کە مامۆستا زۆر لەوێ دەبێ نامەیێکی دیکەم لەم ڕووەوە بۆ ڕوانەکرد.

لەوچەندانەی پێشوودا، کە دیوانەکەی ڕەنجووری کەوتە بازارەوە سەرنجێ دەدەم نووسەری بەڕێز کاک محەمەد عەلی قەرەداخی ئامادەی کردووە. کاتێک لێی وردبوومەوە بۆم دەرکەوت نامەکانمی بەرچاو نەکەوتووە تادەستنووسە دەستخەتەکانی ڕەنجووری ببینێو، ژیانەکەیی بۆ ڕوون ببێتەوە. بۆیە لەپێشەکی دیوانەکەدا دەڵێ هیچی وا لە ژیانی شاعیر نازانێو. گلەیی لە ڕوونا کبیرانی ڕابردوومان دەکا کە ژیانی شاعیرانیان نە نووسیوەتەوەو بەسەرهاتی زورکەسی وەهامان بزربوون. ناوبەناو گەلێک کەسی تریش ئەم گلەییەیە دەکەن، گلەیی ون بوونی ناوو بەرهەمی زاناو شاعیرانمان و نەزانینی ژیانیان، وەک لەو برادەرانە تا ئێستا نەیانزانیبێ سەرچاوەو بریتی ئەم دەردو نەخۆشییە چییەو لە چییەوە پەیدا بووە.

نەبوونی میژوو نووس لە کوردستاندا زۆربەی زۆری کەلەپوورو میژوی گەلەکەمانی لە نێو بردوە چونکە ئەرکی میژوو نووسانە ژیانی شاعیرو زاناو گەورە پیاوان و باسی ڕوو داوی تاڵ و شیرینی بنوسنەوەو، بیانپارێزن و بۆ نەوەکانی داهاتوویان بەجێ بهێڵن.

میژوو وەک پەن و دەزووی تەزبیح وەهایە، کە پەن نەبوو پاپچیرا هەرزوو دەنکەکان ون دەبن و دەفەوتێن.

بۆیە برادەرانە باش لەم هۆیە حاڵی بین و هانی یەکترو هەموو ڕوونا کبیرانی کورد بدەن بۆ ڕووکردنە میژوو، بەتایبەت نووسینەوەی میژووی کورد، تا وەکووچی تر وەک ئەمڕۆکە لە دەوری شیعرو چیرۆکی نوێ کۆنەپەنەوەو لەو لایشەوە میژوو ڕووکانی کەلەپووری شارستانەتیمان بێ خاوەن نەمێننەوەو لە نێو نەچن. دەبێ ئەوش بزانین کە ئەوکتێبە دەستنووسانە بەخەتی مەلاو فەقێ کوردەکان نووسراون و زانستی جۆربەجۆری وەک کتێبەکانی نحو صرف، فقه کلام، بیان، ... هتد دەگرنەوە. بۆ ڕوون کردنەوەی هێندێک ڕووداوی میژووی و ژیانی چەندین زانای کوردو باپەتی دی کەڵک بەخش و دەست دەدەن. نووسیار (کاتب)ی ئەو دەستنووسانە زۆر زانیاریان لەسەر پشت و پەراوێزو قەراخی لاپەڕەکان نووسیوە کە دەبنە سەرچاوەی میژووی.

هەولێرنامەی کێبڕکێ

وأما مثل قول الكوتي المذكور فليس فيه ما يشعر بذكر المرأة فهو كناية تحتاج إلى
النية هذا ما أردنا إيراده بقلم الاستعجال على جناح الارتحال برسم من هو تحتهم
الاستعجال محط اجتنائي والآمال سيدنا وسندنا ومولانا الملقب بالغزالي من
جمع الوقائع والفتاوى للداني والقاني أدام الله ظلاله وأفاض علينا وعلى سوق
بركاته اليمن والحمد لله رب العالمين جامعه محمد الفقير الحقير الذي هو
يلقب بابن الحاج شهير سنة ست وثمانين بعد الف وما له اللهم
اغفر لنا ولوالدينا ولسائر المسلمين أجمعين وصلى الله وسلم على سيدنا محمد
وعلى آله وصحبه إلى يوم الدين سبحان ربك رب العزة عما يصفون وللامر
المرسلين والحمد لله رب
العالمين

كتبه الحقير الفقير الشهير بابن الحاج الدبك غفر الله لهما ولسائر
المسلمين سنة ست وثمانين بعد الف يوم الخميس وقت الضحى انتهى غرة جامع
شهر شعبان لكان خمسة وعشرين من الأزار الرومية والله أعلم بالصواب

في شغله فتلفت بغير تفريط
لم يضمن الوكيل لأنه مستعير
باخذ الاشتاع نقله انوار

ولو ادعى تلفه بتفريط قال إذا أردت
اللبس فالبس فقبل اللبس إمانة
وبعده عاريه ، انوار

ولو دفع شاة على أن آخر امره بشرها
فعمل كان صاحب المتاع مستعيرا للدابة بالقسط وإن فاكان
فيها بسا كل حتى لو كان عليها مثل متاع وثلثت عن نصفها
ولو لم يقل سير وكان المالك
ودخل المتاع في ضمان صاحب
وإن بلك فحمل حصلت لا
المالك ولو قال أطعم متاعك

وەك پاشتر دەبینین تا رادەیەكی باش ژیانی رەنجوورییمان لە رێی ئەم كۆمەڵە (مجموعه) نووسینەی خۆیەوە بۆ دەردەكەوێ. هەر بەو پێیە ،ژیانی مەلا سەعیدی هیرانیشمان بەو خاڵە پڕژو بڵاوانە خستە ڕوو كە لە كتێبە دەستنووسەكانیدا تۆماری كردوون ئەم دەستنووسانە بەڵگە نامە (وثیقة)ن بۆ ژیانی ئەم زانایانەو نووسینی بەسەر هاتی ژیانیان بەم شیوەیەو لەبەرتیشكی ئەو خورە زانیاریانەدا دەبێتە نووسێنێكی بەڵگەنامەیی (وثائقي).

ئێستا بیست هەزار دەستنووسی كوردستان كەوتووتە نامەخانەی مۆزەخانەی عێراقەوە لە بەغدا كە پێویستە ڕووناكبیران هەموویان بیشكنن و، ئەو زانیاریە بڵاوانەی لەسەر لاپەڕەكانیان نووسراونەوە ـ وەربگرن و بەم چەشنە دەتوانین كتێبە دەستنووسەكانی كوردستان بەسەر چاوەیێكی گرنگە بۆ مێژووی كوردو كوردستان حسێب بكەین.

ئەو زانیارییەی كە دەمانەوێ لێرەدا باسی بكەین لە كۆمەڵە نووسراوێكدا (مجموعه) هاتووەو دوازده كتێب و بابەتە كتێبە بەدەستەی ڕەنجووری خۆی نووسراونە وە. ئەم نووسینانە وان لە نامەخانەی وەزارەتی ئەوقاف لە بەغداو نمرەكەیان (974)ە[1]. لەم كۆمەڵەیەدا ڕەنجووری چوار لیستەی مێژوویی سازكردووە، چوار لیستەكە بەم شێوەیەیە:

یەكەمیان لەبارەی سوڵتانە عوسمانییەكانەوەیە دووەمیان لەسەر والییەكانی بەغدایە لەسەر دەمی عوسمانییەكاندا ،سێیەمیان بەم ناونیشانەیە «تاریخ والیهای كردستان و غیر» ـ واتە مێژووی والییەكانی كوردستان و هێندێكی تر، هەرچی لیستەی چوارەمیانە زۆربەی لە بابەت شیخەكانی عەوداڵان و ڕەنجووریو بنەماڵەكەیەتی. ڕەنجووری لەبارێ هەرناوو ڕووداوێكدا مێژووەكەیی نووسیوەو، بەوجۆری دەردەكەوێ لە نووسینی ئەو بەسەر هات و كارەساتانەدا كە لە زەمانی ئەودا ڕوویان داوە گەڵێك ورد بووە یا لە وانەیە هێندێكیانی لە كتێبی دیكەوە وەرنەگرتبێ زۆر جار مێژووی رێژو مانگ و كاتی وەك (پێش نیوەڕۆ)و (دەمی چێشت خواردنی) نووسیوە. زۆربەی جار نیشانە (رمز)ی مانگەكانی لە باتیی ناوی تەواویان تۆماركردووە، هەروەك لەم گوتارەدا لە لیستەی سێیەم و چوارەمدا دەبینین. ئەو لیستانە لە نامەخانەی وەزارەتی ئەوقافدان لە ژێر نمرەی (869/5 مجامیع)و (974/9 مجامیع)ولە نێونەو كۆمەڵە دەستنووسەدان. هەروەها سێ لیستەی تریشیان تێدان ڕەنجووری قەرزو قۆڵەیی كۆی لە خەڵك و هیی تەویش لای خەڵك و هێندێك سات وسەوداو شتی دیی تێدا نووسیوە.

مەلا عومەری ڕەنجووری بڕێك خاڵی لە بارەی ژیانی خۆیەوە نووسیوە، وەك مێژووی لە دایك بوونی خۆی و ناوی باوك و عەشیرەت و چەندانێك لە كەس و خێزانی خۆی و ناوی بەشێك لەو جێگایانەی لێیان دانیشتووە یا سەفەری بۆ كردوون.

بگرە سالی بالغ بوونی خۆیشی دەست نیشان كردووە كە تا ڕادەیێكی دیار بەسەرهاتی ژیانی پی دەخرێتە ڕوو. ئەگەركتێبی تری دەستنووسی بدۆزینەوە ڕەنگە زۆر لایەنی دیكەی ژیانیمان ئاشكرا بۆ ڕوون ببێتەوە. ئەمانەی خوارەوە لەو خاڵانەن كە باسمان كردن:

1 ـ چەند جارێك لەو كۆمەڵە دەستنووسەدا ناوی خۆی و باوكی بەم شێوەیە هێناوە «عمر بن خالد بیك» ناوی «عمر رنجوری بن خالد» لەسەر مۆرەكەی هەڵكەندراوە. چەند جارێكیش لە هەمان دەستنووسدا ناوی خۆی بە «فقی عمر»و «ملا عمر» نووسیوە.

بەڕێز كاك محەمەد عەلی قەرەداخیش لە دیوانی ڕەنجووریدا گوتوویە ناوی باوكی (خالید)ەو باپیرەیشی (عومەر)ی ناو بووەو ئەو زانیاریەی لە دەمی مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەرریس وەرگرتووە. دەبێ ئەوەش بڵێین كە لە وشەی «بیك»ەوە ئەوە دەردەكەوی وا ڕنجووری لە خێزانێكی پایە بەرز بووە.

2 ـ ڕەنجووری وەك لە لیستەی چوارەمدا نووسیویە لە سالی (1164)ی كۆچیدا (= 1750 ـ 1751ی زایین) لە

دایك بووه كاك محەمەد عەلی قەرەداخیش هەمان مێژووری له دایك بوونی له لێكدانەوەی دێرە شیعرێكی شاعیرەوە به ئەنجام هێناوە.

3 ـ رەنجووری له خێڵی «شالەبەگی»یە هەروەك له كۆتایی «باب الفرائض» له «تحفەی ابن حجر»دا لەم گوزارەیەی خوارەوە داخستوویەتی‌یە روو.

«تمت من يدالحقير الفقير المحتاج الى رحمة ربه الكبير عمرالرنجوری بن خالد بيك الشالەبكی‌عشيرة والشافعي مذهباً والعلوانی والأبدالاني طريقة . غفر الله له ولأبويه ولكافة المسلمين بجاه محمد صلى الله عليه وسلم في سلخ ب 1205».

واتە رەنجووری نووسینی كتێبەكەی له كۆتایی مانگی (رجب)ی سالی (1205ی كۆچی = 1790 ـ 1791ی زاینی)دا تەواو كردووە.

رێبازی (علوانی)كە شاعیر ئاماژەی بۆ كردووە لقێكە له رێبازی خلوەتی (الطريقه الخلوتيه) شێخ حسێنی قازی له لاپەرە (3)ی «سراج السالكين»دا دەڵێ: عەلوانیی خلوەتی له زمانی شێخ بابا رەسوڵ (واتە بابا رەسوڵی گورەی بەرزنجەیی‌و له سەدەی شازدەهەم)دا واتا زەمانی سەید محەمەدی نۆدێی (باوكی شێخ حەسەنی گڵەزەردە) له نێو ساداتی بەرزنجەو هەمووكوردستاندا بڵاو بووەو شێخ بابا رەسوڵیش ئەم رێبازەی له شێخ شەمسودین شوشی بادینانییەوە وەرگرتووە.(2)

4 ـ نووسیویە «سالی تویە 1190». دوور نییە مەبەستی رەنجووری لەوە تۆبە كردنی بووبێ لەسەر دەستی شێخ ئەحمەدی عەرد الأن لەو سالەدا كە دەكاتە (1776 ـ 1777)ی زایین.

5 ـ ناوی برایێكی خۆی بردووە كە «فەقێ صالح»ەو نووسیویە له سەرەتای مانگی موحەررەمی سالی 1197 (1782 ـ 1783ی زایین)دا ژنێكی به ناوی (شەهناز)ەوە هێناوەو له رۆژی (12)ی رەبیعولئەووەلی سالی (1205) «1790 ـ 1791ی زایین» دا كوڕێكی بووەو ناوی «خالید» فەقێ صالح كچێكی هەبووە بەناوی «صراحی» (سوارحێ)یەوە.

6 ـ رەنجووری‌و عەشیرەتەكەی «شالەبەگی» كاك محەمەد عەلی گوتوویە رەنجووری له خێڵی «زەنگەنە» یەو لەسەر بەرگی دەرەوەی دیوانەكەیش وشەی «زەنگەنە»ی خستووەتە پاڵ ناوەكەی . له لاپەرە (7)دا دەڵێ: بەپێی شیعرەكانی كه بەزاری «گوران»ەو به زەنگەنە دادەنرێت بەڵام كه هیچ بەڵگەییكی پتەو له دەستدا نەبوو، نەدەبوو. ئاوها نەترسانە ئەوەی له سەر بەرگی دیوانەكه بنوسیبایە بەڵكە وا چاكتر بوو ئەم رایەی هەر له پێشەكییەكەدا بهێشتبایەوە.

هەرچی ساخكردنەوەی ناوی خێڵی «شالەبەگی» شە كه بەش به خۆی به ناو بانگ نییەو له هیچ سەرچاوەیێكدا نەمدیوە، بۆی كه وتمە سەرو سۆراخكردن و پرسین.

بۆ ئەم مەبەستە دەوری دە نامەم بەملاو لادا ناردوو، له سلێمانی‌و چەمچەماڵ و كەركوك و هەولێر زۆر پرسیارم لەم بارەوە كرد.

بەڕێز مێژوو نووسی كۆنە مامۆستا ناهیر ئەحمەد حەوێزی لەوە لامی نامەكانمدا سێ نامەی بۆ نووسیوم، دەڵێت: «به (دوڵێ خەلەكان) دەڵێن (دوڵی شاله بەگیان) كه له دێ (بستانە) دوو رێبانی رانیەو كۆیە ـ وە درێژ دەبێتەوە تا سەر رووباری (زێ) زنجیرە چیای (كۆسرەت) پش پێ دەلێنێ (كۆسرەتی شاله بەگیان).

ئەمیش سنووری خۆرئاوای دەشتی بیتوێنە له لای زێی بچووكە لای دوكان ئەم زنجیرە چیایە له زنجیرە چیای سورداش جوێ دەكاتەوە حاڵێ حازر خێڵەكه نەماون. له زمانی هێندێك پیرەمێردی كۆیەوە ئەوەم دەستگیربووە كه یەكێك لەم شالەبەگیانە ناوی (نیهاد بەگ) بووەو له شەڕێكدا سەركەوتنێكی باشی بۆ عوسما نییەكان بەدەست هێناوە. سوڵتانیش له پاداشتی ئەوەدا جوگەی دێ (كەلكان)ی له دیوی خۆرهەڵاتی (كۆسرەت) پێ

بەخشیوە.

پاشتر زانیم کە ئیستە گوندێکی بچووك وا لە نارچەی سورداش بە ناوی شالەبەگی‌یەکانەوە بە (کانیی شالەبەگ) ناسراوە بەڵام دانیشتوانەکەی شالەبەگی نین بەڵکوو (جافە ڕەشکە)ن ئەم دێیە دەکەوێتە نێوان دێی (تەلان)و (کانی هەنجیر)ەوە .زانیاریەکانی ماموستا ناهیر هومێدی دۆزینەوەی ئەم خێڵە یا هیچ نەبێ پاشماوەی ئەم خێڵەی لە لا پەیدا کردم بەتایبەت لەو ناوچانەدا کە لە زێ بچووکەوە نێزیکن سەر ئەنجام زانیم کە شالەبەگی لە ناوچەی بیتوێنێ هەن لە شێوەی کۆمەڵە خێزانێکی بڵاودا لە ناوچەی (رانیە)دا نیشتەجێن. ڕۆژی پینجی نیسانی 1984 لە هەولێر (کە چوویووم بۆ دروستکردنەوەی هێندێك کەموکوڕیی ڕوانگە ـ مرصد ـ ی ستێرناسی ـ فلکی‌ی کوردیی دێگراوێ) .چووم بۆ (چوارقورنە) لە دەشتی بیتوێن لەوێ چەند ماڵێکی شالەبەگی‌یەکان هەن، بە دەنگی چەند کەسێکی ئەم خێڵە بڕێك زانیاریم لە بارەی خوێندنەوە تۆمار کرد بە تایبەت بە دەنگی حاجی ئەحمەد ڕەسوڵێ مام ئاغاو کۆیخا فەتحوڵڵای حەمەدی مام ئاغاکە لە بنەماڵەی سەرۆکی شالەبەگیانن..

پوختەی ئەو زانیاریانە ئەمەی خوارەوەیە:

ئێستا بە خێڵی شالەبەگی دەڵێن (شالی ئاغایی) ئەمانە لە بنچینەدا لە ناوچەی (لاجان)ی موکریانەوە بۆ بیتوێن یا ڕاستتر بڵێین کوردستانی ئەم دیو هاتوون. بەشی (حاجی هەمزە) کە ئەمڕۆکە لە لاجان دەژین لە شالەبەگی یەکانن و لە بەر ئەوەشە کە وشەی (لاجانی)و (شالی) هەر دووك بۆ ناوی کوڕ لە نێوێاندا بەکار دەهێندرێن لە دێی (میرزا ڕۆستەم) کە گوندێکی گەورەی دەشتی بیتوێنەو ماوەیێك مەڵبەندی ناحیەی چنارانی سەر بەقەزای ڕانیە بووە ـ نیشتەجێ بوون شالەبەگیان گەرمیان و کوێستا نیشیان کردووە. هاوینان چوون بۆ هەوارگەکانی (قەندیل)و، زستانان هاتوونە ناوچەی (قەڵاسێوکە) بۆ دێی (کانیسە)و (گوێتەپە) لە ناحیەی ئاغجەلەر نێزیك دێی (عەودالان) شالەبەگیان بوونە تە موریدی شێخەکانی عەودالان و، ئێستاش دەڵێن تیمە موریدی ئەوانین وەك چۆن ڕەنجووری موریدیان لەم هاتووچۆیەی گەرمیاندا ،گەورەی شالەبەگیان کە ڕەسوڵێ باوکی مام ئاغا بووە لە سەر (بەردی کونەمێروو 3)ی لای دوکان بە هەڵە کوژراوە.

تیرەی شالی ئاغایی لە دێی میرزا ڕۆستەم پتر لە هەموو دانیشتوانی تری ئەم دێیە کە دەوری (800) ماڵێك بووە ـ وەکو تیرەیێکی سەربەخۆ هەر دەم دیار بووە ئەمانە لە میرزا ڕۆستەم خەریکی کشتوکێل بوون. لەزەمانی سوار محەمەد ئاغای بڵباسدا، لە ئەنگانەدا هاوکارییان لەگەڵ بڵباسەکاندا هەبووە بەتایبەت لە ساڵانی سیدا کە لەسەر زەوی‌و زار دوویەرەکییان لەگەڵ پشدەرییەکاندا هەبووە. پاشتر کە دێی میرزا ڕۆستەم ژێر ئاوی زەریاچەی دوکان کەوت، شالەبەگی‌کانیش وەك خەڵکەکەی بە بیتوێن و سەنگەسەردا بڵاو بوونەوە .شالەبەگیان ئێستا بە (150 ـ 200) ماڵی دێنە ژماردن و دەڵێن جاران بەشێکی کەمیان نەبێ هەموو لە دێی (میرزا ڕۆستەم) دا دەژیان بێگومان دابڕانی ناوی شالەبەگی بەسەر چیای کۆسرەت و دۆڵی خەلەکاندا، واتە (کۆسرەتی شالەبەگیان)و دۆڵی شالە بەگیان)، پیشاندەری ئەوەیە کە دەبێ شالە بەگی لە ڕابردوودا خێڵێکی گەورەو خاوەن دەستەڵات بووبێ بەڵام خۆیان دەڵێن نەمان بیستووە کە شالی ئاغایی واتە شالەبەگی ڕۆژێك لە ڕۆژان خێڵێکی گەورە یا خاوەنی ئەو جۆرە دەستەڵاتە بووبێ دەشڵێن شالە بەگی بە زاری (گۆران) قسەی نەکردووە، بەڵکە هەروەك ئەمڕۆ بە سۆرانی ئاخاوتووە. بۆیە دەبێ ڕەنجووری لە کەرکووك یا لە سەردەمی فەقێیە تیدا فێری زاری (گوران)ی بووبێ‌و سەر ئەنجام بەو زارە شیعرەکانی هۆنیتەوە.

ئەوەش دەڵێن کە نەیان بیستووە مەلا لە نێو شالەبەگیاندا پەیدا بووبێ‌و ناوی ڕەنجووریان نەبیستووە.

لە بارەی بن و بنەچەی شالەبەگی‌یەوە حاجی ئەحمەدو کۆیخا

فەتحوللا دەڵێن: گەرچی ئیمە تایەفەیکی سەربەخۆین بەڵام هەرخۆمان بە بڵباس و مەنگور زانیوەو ،لە گەورەکانمان گوێ لێ بووە کە دەچینەوە سەر بڵباس و مەنگور. لەگەڵ نەوەشدا هێندێك بڵباس وایان بەگوێمدا داوە کە شالەبەگی بڵباس نین لەگەڵ بڵباسدا ژیاون وبڵباس پاراستوویانن.

دوور نییە ئەمانە بە بنچینە لە بڵباس و مەنگور ـ ەکان بن (بڵباسو مەنگور لە بنەڕەتدا یەك خێڵی کوردە). شایانی باسە ڕەنجووری خۆی کە ئەو گوزارەیەی پێشووی نووسیوە یەکەم جار ناوی خێڵەکەیی نە نوسیوەو جێگاکەیی لە نێوان ەبن خالد بیك،و وشەی «عشیرة» دابە سێبێتی هێشتووەتەوەو دوایی لە سەر هەمان جێ نووسیویە (الشالەبکی) ئەویش هەر بەو قەڵەمەو بەو جۆرە حیسرە وانە ماوەییەکی زۆری پێ نەچووە، گەرچی لە چەند پێنکدا پتر دەستی داگرتووە وەك پێتی ئەلف و لام بە چەشنێك «ئەستوورتر لەوانی پێشوو دەردەکەون. دیارە ئەمە خۆی لە خۆیدا بێ هۆنییە: نوبڵێ ڕەنجووری ئەوکاتە لەوە دڵنیانە بووبێ کە لە خێڵی بڵباسە یازانیویە شالا بەگی لە بڵباسەکانەو دوو دل بووە لەوەی بنووسێ (الشالەبکی) یا (البلباسی) یان ووشەیەکی تر. جێ گوتنە، لە مالێ کاك حسێنی مام ئاغا شەجەرەیێکم بینی بە ڕێز فەرهاد بریندار مام ئاغا [کە ڕووپێو «مساح»ە] بۆ بنەماڵەکەیانی ئامادە کردووە کە بنەماڵەیێکی گەورەی شالەبەگیانە. شەجەرەکە گەورەیەو بەم شێوەیەی خوارەوە زنجیرەی ناوی باوو باپیرانی لە کۆنەوە پشتاو پشت هێناوەتەوە:

(حەسەن ئاغا ـ ئەحمەد لاجانی ـ شالی ئاغا ـ مام ئاغا ـ ئەحمەد ـ بریندار ـ حەمەد ـ مام ئاغا ـ ڕەسوڵ ـ مام ئاغا ـ بریندار ـ فەرهاد.).

کاك فەرهاد ئەو شەجەرەیەی لەسەر ئەو زانیارییانە سازکردووە کە لە پیرەمێردانی خێڵەکەیانی وەرگرتوون[4] سەر گەورەکەیان مام ئاغا بووە، بەپێ دەفتەری سەرنووس (النفوس)ەکەی لە سالێ (1890)دا لە دایك بووەو، ناوی دایکی (نایشێ) بەو تا (1947/7/23) ژیاوە دەڵێن سالی (1922)لەشەڕی دەربەندی ڕانیەدا لە دژی ئینگلیزەکان بەشداریی کردووە. پاش مام ئاغا عەبدوڵڵای کوڕی بووتە کۆیخا کە سالی لە دایك بوونی لە دەفتەری سەرنووسەکەیدا (1908)ەو، لە (1960/3/14)دا زیندوو بووە وەك لە (هویة تجهیز الحنطه لقضاء رانیه لسنة 1960 ـ الرقم 107)دا هاتووە کە کاتی خۆی وەریگرتووە چونکە تا دوو سالێ دوای دەرکردنی جووتیارەکانی ئەو دێهاتانەی بیتوێن کە ژێر ئاوی زەریاچەی دوکان کەوتن ـ میری هەر نەفەرەو شەش کیلۆ گەنم و هەرمالەی چەند دینارێکی دەدانێ هەموو مانگێك.

7 ـ ڕەنجووری کاتی خۆی لە ئاغجەلەردا نیشتووە کە ئێستا مەڵبەندی ناحیەییکە لە پارێزگای سلێمانی بەڵام نازانین چەند سال لەوێ ماوەتەوە.

پاشتر باسی مالێ گوێزانەوەی ڕەنجووری بۆ کەرکووك دەکەین.

8 ـ ڕەنجووری نووسیویە «والعلوانی والأبدالانی طریقة» ئەمە ئەوە ئاشکرا دەکا کە موریدی شێخەکانی عەودالأن بووە لە ناوچەی ئاغجەلەر.

دەبێ ئەوەش بڵێین کە ڕەنجووری لە دیوانەکەیدا هێندێك شیعری لە ستایشی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ عەبدوڵڵای عەودالأنیدا گوتووەو لە لیستەی چوارەمدا مێژووی لە دایك بوون و کوچکردنی شێخی تۆمار کردووە.

شێخ ئەحمەد پیاوێکی بەناوبانگی سەردەمی خۆی بووەو، ناوو موڕەکەی لە بڕێك بەڵگە نامە (وثیقە)ی کوردیدا هاتوون. دوو شێوە موڕی لەو بەڵگەنامەیەی بابانەکاندا بەدی دەکرێت کە لە سالێ (1201)ی کۆچیدا نووسراوەو ئیمزای ئیبراهیم پاشای ئاواکەرەوەی سلێمانیی لە سەرەو لە ژمارەی ڕۆژی (1982/12/3)ی ڕۆژنامەی (العراق)دا بڵاوکران کردووەتەوە. بڵاوکە ڕەوەی دیوانەکەش دەڵێ ڕەنجووری موریدی شێخ ئەحمەد بووە، ئەوەش لە (ل 10 ـ 11)ی دیوانەکەدا دەست نیشان کراوە.[4]

9 ـ ڕەنجووری ناوی (ساری)ی خوشکی بردووە کە لە

(27)ی شەووالی ساڵی (1198)دا (1783 ـ 1784)ی زایینەوە کۆچی دوایی کردووە.

10 ـ کوڕێکی بووە ناوی ناوە «ئیسماعیل» ئەوە لە ڕۆژی (13)ی ذیالحجەی ساڵی (1197)ی کۆچیدا «1782 ـ 1783)ی زایینەوە بووە.

هەروەها ڕەنجووری نووسیویە کە «صراحی» برازای بۆ ئیسماعیلی کوڕی هێناوە. لە ڕۆژی هەینی (21)ی ڕەبیعولئاخیری ساڵی (1215)ی کۆچیدا «1800 ـ 1801ی زایینەوە مارەیی بڕیووە لەسێ شەممەی (26)ی هەمان مانگدا کوڕەکەی بەزاوا بووە. وەك بیستوومە «سوراحی» بۆ ناوی ئافرەت لە ناوچەی سەقزیان ڕاستتر بڵێم کوردستانی ئێراندا باوە ورانیە و کویسنجق.

11 ـ ناوی کچێکی هێناوە کە «مصری» یەو، ڕۆژی سێ شەممەی نیوەڕاستی مانگی موحەڕەمی ساڵی (1193)ی کۆچیی «1779ی زایینەوە لە دایك بووە. لە جێیەکی تردا باسی شووکردنی ئەو کچە دەکا لە پێنجی مانگی جەمادیل ئاخیری ساڵی (1212)ی کۆچیدا «1797 ـ 1798ی زایینەوە.

ڕەنجووری باسی «مصری»یەی لە ژێر ناوی «سلطانە»دا کردووەو لە تەنیشت ناوی «فەقێ ئیسماعیل»ی کوڕیدا نووسیویە. پێ دەچێ ئەوە کچی ڕەنجووری بووبێ، بەتایبەت لە بایەخ پێدان بە مێزووی لە دایك بوون و شووکردنیدا دەردەکەوێ.

12 ـ مێزووی مارەبڕینی دوو کچی پیاوێکی بەناوی «شێخ عیسا»وە هێناوە، یەکەمیان ناوی «سلطانە»یە وساڵی (1192)ی کۆچی «1778ی زایینە» مارەی بڕدراوەو، دووەمیان ناوی «ئامنە»یە وساڵی (1204)ی کۆچی «1789 ـ 1790ی زایینەوە مارەی بڕدراوە.

ڕەنجووری لە تەنیشت یەکدا «انکاح سلطانه ...» و «انکاح امنه..»ی نووسیوەو، نەیگوتووە لەچ پیاوێك مارەکراون. باسی مردنی هەردوو کیانیشی کردووە، سلطانە لەبەرەبەیانی ڕۆژی سێ شەممەی (23)ی ڕەبیعولئەوەلی ساڵی (1209)ی کۆچیدا «1788 ـ 1789ی زایینەو، امنە لە کاتی چێشت خواردن ڕۆژی (12)ی ذیالحجەی بەرانبەر بە ڕۆژی دووەمی تەشرینی ساڵی (1213)ی کۆچیدا «1798 ـ 1799ی زایینەوە. بایە خدانی زۆری ڕەنجووری بە مێزووی کۆچی دوایی کردنی ئەو دوو ئافرەتە بەو جۆرە وردەکارییە دەمانخاتە سەر ئەو ڕایە کە هەردووکیان ژنی بووبن و، پاش مردنی (سلطانە) خوشکەکەیی هێنابێ و ساڵێك دوای گواستنەوەی سلطانە «مصری» یەی کچی بووبێ. شتی سەرنج ڕاکێش لێرەدا ئەوەیە کە کاتی ئەوەی ڕەنجووری لە خۆی و براو خوشکی دەدوێ وانە مامۆستا و منداڵ و کە سوکاری، باسی ئەو دوو ژنە دەکابانی ناوی هەموویان پێکەوە دەهێنی کەچی دەچی ژنی بن.

13 ـ ڕەنجووری ساڵی (1192)ی کۆچی «1778ی زایینەوە لەگەڵ «شێخ»دا نا داقووق (طاقوق) چووە بۆ خواحافیزی کردن و بەڕێ کردنی (حەسەن پاشای)ی والیی کەرکووك.

ڕەنجووری ناری ئەو شێخەی دیاری نەکردووە، بەڵام چونکە لەپێش ئەو خاڵە داو لەتەنیشتیەوە ناوی «شێخ حسێن»ی نووسیوە ـ وەك لە مەودوا باسی دەکەین پێدەچی کە هەر «شێخ حسێن» بێ جا ئەم بەڕێ کردنە هەر دەبێ لەوکاتەدا بێ کە حەسەن پاشا لە نیوەی نەو ساڵەدا کرا بە والیی بەغدا.

14 ـ ڕەنجووری لە ساڵی (1196)ی کۆچیدا «1781 ـ 1782ی زایینەوە لەخزمەت «شێخ حسێن»دا سەفەری کردووە بۆ بەغدا.

15 ـ ڕۆژی (19)ی ذو القعدەی ساڵی (1197)ی کۆچی «1782 ـ 1783ی زایینەوە ماڵەکەیی بردووەتە نێزیك «مسجد جدید» وانە مزگەوتی نوێ لە کەرکووك بەڵام نەیگوتووە لە کوێوە هێناویە.

16 ـ ڕۆژی (15)ی صفری ساڵی (1201)ی کۆچی «1786 ـ 1787ی زایینەوە ڕەنجووری لە (ئاغجە لەرەوە

هەولێر



مالـەکـەیی گواستـووەتـەوە بۆ کەرکـووك و هەر نێزیکیش بووە لە «مـسـجـد جدیـد». دیـارە جاری پێشـوو زۆر لە کەرکـووك ناماوەتەوە، دووریش نیە دوایی یەکسـەر لە کەرکووك چوویتە ئاغجە لەرو، هەردوو جاریش لە نێزیك «مسجد جدید» نیشتە جێ بووبێ.

مزگەوتی ڕەنجووری

وەك گوتمان ڕەنجووری دوو جار مالەکەیی گواستووەتەوە بۆ کەرکووك بۆ نێزیك (مسجد جدید). مانگی شوباتی 1984، بۆ دۆزینەوەی ئەم مزگەوتە چووم بۆ کەرکووك. بەڕێز مامۆستا مەلا عەبـدو لمـە جیـدی قوطب کە ئەمڕۆ لە باشترین مەلایـانی کەرکـووکـەو تەمـەنی لە هەشتـا سالّ پتـر دەبێ، پێی گوتم :«لـەقـەلای کەرکـووك مزگـەوتێـك هەیـە، تایـبـەم بێ، پێیان - دەگـوت (الجـامـع الجدید)». منیش چووم بۆقەلا و مزگەوتەکەم بینی کە دەکـەوێتـە پشـت (مـەقـامی دانیـال پێغـەمبـەر) ولەسـەر ڕووکاری پێشـەوەی نورسراوە «الجامع الجدید».

مزگـەوتـەکە پچووکە، بەڵام شێوەی دروستکردنەکەی جوان، میحرابێکی نەخشداری گەڵێك دڵگیری هەیە. بەردی مەرمەڕی سەر دەرگاکەی پێنج دێرە شیعری لەسـەر نورسراوە، دێڕی یەکەم عەرەبی و دووەم فارسی و سێ دێـڕەکـەی تورکین. بەپێی نووسـینـەکـە، مەلاوەلـیـی کوڕی حاجی ئیبـراهیم لە ساڵی 1142ی کۆچیدا «1729 ـ 1730ی زایین» ئاوای کردووەتەوە، وانە پێش لەدایك بوونی ڕەنجووری. بە مزگەوتەکە شیان گوتووە «مـزگـەوتی عوریان» کە هیی بنەماڵەی مەلا وەلی بووەو گوڕی هێندێکیانی تێدایە.

کۆنترینیان گوڕی (حاجی عەلی ئەفەندی الخطیب المطعون سنه 1187هـ)و (الحاج عبدالله بن عریان 1240)ە. بیرێکی ئاو لە حەوشـەکـەیـدایـە دەکـەوێتـە لای دیـواری خۆرهـەڵاتیەوە وەجیورەکەی مەلاوهاب کە ئائیستا دوجار لەگەڵم هاتووە مزگەوتە کە هەر لەم بنەماڵەیە.

ڕۆژانی (17 ـ 21)ی مانگی ئایـاری 1984 بەمـەبـەستی دەست خستنی پاشماوەی بەڵگەنامەیی لەکەرکووك بووم. بەڕێز کاك محـەمـەد صاڵـحی مەلا عومـەری ئۆمـەر گومبـەتی کە

مامۆستایێکی وریاو زیرەکەو بزانم لە (ازهر) یشی خوێندوە، وەك چۆن باوکی یەکێك بووە لە مەلا باشەکانی کەرکوك - پێی گوتم: «لەمێژە لەپیرە مێردانم بیستووە کە مزگەوتی (شێخی، رەنجووری) مزگەوتەکەی ئێستای زێوێ یە (جامع الزویە)و، لەلای تەکیەی شێخ عەبدولکە ریمی کربچنەوێیە لەپشت گەرەکی ئیمام قاسم ،نێزیکەی چل ساڵ لەمەو بەر من بەکاولی بینیومە پێیان گوتووە مزگەوتی رەنجووری.

تەنانەت پیرەمێردەکان دەڵێن کتێبەکانی (شێخی رەنجووری)یان خستووەتە ژێر میحرابەکەیەوە، چونکە مزگەوتەکە غرووخابوو و با لەو کتێبانەی دەداو لاپەرەکانیانی پرژو بڵاوەدەکردەوە. ئێوارەی رۆژی (20)ی ئایار من و ناوبراو وکاك قادری برای کە مامۆستایە بۆ دیتنی مزگەوتەکە چووین کەدەوری پازدە ساڵە سەر لەنوێ ئاواکراوەتەوە، وێنەیم گرت.

هەروەها کاك محەمەد زیادی شێخ تەهای شێخ سەعیدی کەرکوکیش پێی گوتم: باوکم دەیگوت ئەم مزگەوتە مزگەوتی رەنجووریە.

جا بەوەدا پێ دەچێ مزگەوتی دووەم هیی رەنجووری بێ، نەك یەکەمیان، چونکە کەس نەیگوتووە ئەوەی یەکەم هیی رەنجووری بووە بەڵکو تەنیا (الجامع الجدید)ی پێ دەڵێن.

شایستەی باسە کەرەنجووری یەکەم جار ماڵەکەیی هێناوەتە کەرکووك ئەو مزگەوتەی ئاواکردووەتەوە، چونکە یەك میژووی بۆ هێنانی ماڵی و ئاواکردنەوەی مزگەوتەکە تۆمارکردووە.

دیارە یا ئاواکردنەوە کە کەم بووەو هێندەی نەخایاندووە، یالەو رۆژەوە دەستی بە ئاواکردنەوەی کردووە یابەریاری ئاواکردنەوەی داوەو، دەشێ بووبێ بە مەلای ئەم مزگەوتە. ئەمەش وێنەی مزگەوتەکەیە (مزگەوتی زێوێیە)

هەوالنامەی کتێب

گۆڕی ڕەنجووری

ماموستا محەمەد صالحی مەلا عومەری ئۆمەر گومبەتی پێ‌گوتم:

چەند ساڵێك لەمەو بەر هەوڵم دا هێندێك زانیاری لەبارەی ڕەنجووری یەوە کۆبکەمەوە لەم ڕووەوە، چەند لاپەڕەیێکم نووسی پێش چل ساڵ لەپیرەمێردە کانیشی بیستووە کە گۆڕی ڕەنجووری دەکەوێتە نێو گۆڕستانی «ئیمام غەیبی»ی پشت گەڕەکی ئیمام قاسمەوە.

پیرەمێردی وەك سابیرو تۆفیقی مەلا قادر کەخەڵکی ئەم گەڕەکە بوون، گۆڕەکەیان پێشات داوم و، دەیانگوت دیومانە موریدەکانی شێخی ڕەنجووری کە ئەودەم پیربوون دەهاتنە سەر گۆڕەکەی‌و سۆزیان دەکردو دەڕۆیشانە هەڵدەپەڕین و دەیانگوت ئەمە گۆڕی شێخی ڕەنجووریە. ئەو کاتە گومەزەکەی ڕووخابوو و شوێنەواری چوارپایەکەی مابووەوە، واتە دەبێ لە شێوەی چادر یاچەتر بووبێ‌و سێ گۆڕی تێدا بووە. بەڵام لە سەرو بەندی جوواڵانەوەی ڕەشید عالی گەیلانیدا (1941) هێندێك لە گۆڕستانە کە بەگۆڕەکەی ڕەنجووری یەوە تێکدراوەو کراوە بەباخ و ئێستاپێ دەڵێن «حدیقە مشتل بلدیە کرکوك» داوام لە مامۆستا محەمەد صالح کرد جێ گۆڕەکەیم پێشان بدات ئێوارەی ڕۆژی (20)ی ئایار لە پشکنینی دەستنووسەکانی بنەماڵەکەیان بوومەوە کە هێندێك شتی بەنرخی لە نێودا بوو، وەك ئیجازە نامەیێکی مەلا یەحیای مزوری کە داویە بەمەلا ئەحمەدی کوڕی حاجی ئیبراهیمی ئۆمەر گومبەتی لە ساڵی (1245)ی کۆچیدا «1829 ـ 1830ی زایین»و مۆری مەلا یەحیای پێوەیە، دوونامەی شێخی سیراجوددینی تەوێڵەو ئیجازە نامەی خەلیفایەتیی شێخ نورەددینی بریفکانی کە لە مەلا مەحمودی موصلی وەرگرتووەو، کتێبێکی دەستنووس لەدانانی مەلا ئەحمەدی کوڕی حاجی ئیبراهیمی ئۆمەر گومبەتی. ئۆمەر گومبەتیش دێکی ناوچەی کۆیەیە لەناحیەی تەقتەق و جێ زانست بووەو قوتابخانەیێکی گرنگی هەبووە. پاش وێنەگرتنی بڕێك لەم بەڵگەنامانەو، وێنەکردنی تەکیەی ئۆمەر گومبەت کە دەکەوێتە ئەوپەڕی باکووری ئیمام قاسمەوە لە نێزیك خاسە ـ پێکەوە چووینە نێو باخەکەوەو، توانیمان جێ گۆڕەکەی لەبازنەیێکی (26) هەنگاو یدادەست نیشان بکەین کەواتە (40) هەنگاوی خۆرهەڵاتی دەرگای باخەکەوەو، دەرگاکەشی کەوتووەتە نێزیك قوژبنی باشووری باخەکەوە، واتە دووریی نێوان جێ گۆڕ و قوژبنەکە هەر چل هەنگاوێك دەبێت جێ گۆڕەکەی هەر (53) هەنگاوێك لەپەنجەرەکانی قوتابخانەی سەرەتایی ئیمام قاسمەوە دوورە، چونکە قوتابخانەکە لەبەردەمی دەرگای باخەکە دایە. جێ گۆڕەکە، یانی ئەو بازنەیەی کە گۆڕەکەی دەکەوێتە نێو، (3 ـ 4) مەترێك نێزیکی دیواری دەستە چەپی باخەکەیە، لە کاتێکدا ڕووت لە باشوور بێ‌و ڕووکاری باخەکەش لە خۆر هەڵاتەوە بۆ خۆر ئاوایەو، تەنیشتی دەستەچەپی گۆڕستانە «گۆڕستانی ئیمام غەیبی» کە لە باشوورەوە بەگۆڕستانی ئیمام قاسمەوە بەستراوە.

پاش دیاری کردنی جێ گۆڕەکەی، چەند کۆمەڵە بەردێکمان داناو ،لە هەموو لایێکەوە وێنەیمان گرت. لەوکاتەدا دەیان قوتابیی کورد لە نێو باخەکەدا موتاڵاو دەوریان دەکردەوەو لەوجێیەدا گرد بوونەوەو ئیشەکەیان بەدڵ بوو. وێنەیێکی ئەو کۆبوونەوەیەمان گرت، چونکە لەیەکەم کۆڕی یادکردنەوەی ئەم شاعیرە دەچوو کە شیعرەکانی نازاددەیێك بۆنی کورداییێتی لێ‌دیت.

ئەو کەسانەی لەوکات و شوێنەدا ئامادە بوون شارەزا ی جێگە کەبوون و بەخەڵکی تری دەڵێن و ئیدی زەحمەتە لە بیربچێتەوە ـ ئۆمێدەوارم ڕۆژێك لەڕۆژان گومەزێك لەو جێیەدا دروست بکرێت و گۆڕەکەی سەر لە نوێ ڕێك بخرێتەوە. وەك چۆن توانیمان چەند مانگ پاش ئەوە کێل و ئێسکی لەشی جوونە دڵدار «قەرو گوڵەزەر» بدۆزینەوە لە دێ پلنگانی دۆڵی ئاکۆو، سەر لەنوێ گۆڕەکەیانمان بنیات نایەوە، دوای ئەوە کە ئەندازیاری بەڕێوەبەرایەتیی ڕێگەوبان و پردی سلێمانی محەمەد ڕەشید نوری لەحەفتاکاندا بەنەقەمەنی تەقاند بوونیەوە.

هیوامان وایه ئهم کارانه خزمهتێکی پچووك بن لهڕێی زیندووکردنهوهی کهلهپووری شارستانهتیماندا.

پاش گهڕانهوهم له کهرکووك مامۆستا محهمهد صالح وێنهیێکی دهستکردی جێ گۆڕی ڕهنجووریی لهدهستکردی بهڕێز کاك محهمهد سالهیی له کهرکووك بۆ ناردم ،لهگهڵ نامهیێك کهخۆم داوام کردبوو. چونکه وام بهباش زانی بهدهستی خۆی لهبارهی مزگهوت و گۆڕی ڕهنجووریهوه بۆ بنووسێت تاوهك بهڵگهیێك بمێنێتهوه.

ئهمهی خوارهوه دهقی نامهکهیه:

دهربارهی ڕهنجووریی شاعیر

ئهوی بیزانم دهربارهی ژیانی ڕهنجووریی شاعیر لهم دوو خاڵهدایه:

1 ـ گۆڕهکهی 2 ـ تهکیهکهی.

گۆڕهکهی: گۆڕی ئهم شاعیره مهزنه ئهکهوێته ناو باخچهی «مشتل البلدیه» بهشی بهڵای قهبرستانی (امام غهیبی) لهگهڕهکی ئیمام قاسم لهکهرکووك. شوێنی ئهم قهبرستانه ئێستا تهخت کراوهو کراوهته حهدیقه، بهڵام خۆم پێچکهی گومهزی ڕووخاوم دیوهو لهژێر ئاست گومهزهکهداسێ قهبرههبوون وهله ههندێ کهسم پرسیوه دهربارهیوا دهینووسمهوه.

حاجی صابر توفیق مهلا قادر:ـ کهیه کێکه لهتهمهن درێژهکان و پهروهردهی ئهم گهڕهکهیه. لێم پرسی دهربارهی شێخی ڕهنجووری ،ولامی ئهوهبوو که (مهحوییهکانی ڕهنجووری) ئهمانن لهسهر ئهم قهبرانه کۆ ئهبوونهوهو سۆزیان ئهکردو لهناو سۆزهکهدا ههموو جارێك ئهم قسهیان ئهوتهوه «یاخوا ڕهنجووری قهبرت پر نووربێ». وهئه وشیعرانهی ئهم مهحسوویانه ئهیانخوێندنهوه له دانانی ڕهنجووری خۆیبوون. ههروهها حاجی صابر دهیوت ئهم مهحسوویانه پیرو بهتهمهن بوون و ناسراوبوون بهدرۆشهکانی شێخی ڕهنجووری و ئهیان وت (واته درۆشهکان) ئهمه گۆڕانهی شێخی ڕهنجووریه.

تهکیهکهی:ـ حاجی مهلا عهبدوڵڵا مهلا محهمهد ئهمین ناسراو به (خاوهن دنگهکه) دیگێڕایهوهو دهیوت: ئێمه منداڵ بووین ئهچووینه شوێنی ئهم مزگهوتهی ئێستای (زیویه) کهناسراوه بهمزگهوتی (شێخ جهبار)له (گهڕهکی یادگار). مزگهوت بوو دیوارهکانی مابوو پێ ئهوترا (تهکیهی ڕهنجووری)و جۆڵ بوو باریمان لێ ئهکرد ههروهها (حاجی مهلا عهبدوڵڵا) ئهیوت لهناو مزگهوتهکه پهڕی کتێب بائهبردو ئهیانوت ئهمهپهڕی کتێبهکانی شێخی ڕهنجووریه. ههروهها ئهیوت وام زانیوه که کتێبهکانی ڕهنجووری بۆتهوهی لهژێر دهسویا نهمێنێ کراونهته ناوصندوقێك و له (میحرابی) مزگهوتهکهدا لهناو خاك داپۆ شراون!

وه لهپاشا مزگهوتهکه ڕووخاوهو منطقهکهش چۆڵ بووهو زوربهی خانووهکان تێك چوونهو چۆڵ بوونهو تائهم دواییه هەر کهلاوه بوون.

بهڵام لهم دواییداو دوای ئاوهدان بوونی گهڕهکهکه خهڵکهکهو بهسهر پهرشتی مهلا جهبارو حاجی تۆفیق سهر لهنوێ مزگهوتهکهیان دروست کردووهتهوه له گهڕهکی (زیویه)یه.

ههروهها دهربارهی شێخی ڕهنجووری له (محهمهد ئهحمهد خدر)م پرسی که خهڵکی گهڕهکهو له پیاوه بهتهمهنهکانه ..وتی:ـ لهبهر ئهوهی کاتی گهنجیهتیم هەر لهکهیف و ڕابواردن بهسهر ئهبرد زۆر مهلاقهو ئاگاداریم له پیاوچاکان و دینداره‌کان نهبوو. بهڵام ئهوی لای من ههبێت دهرههق شێخی ڕهنجووری له (زیویه) ژیاوه، مهلا بووهو شێخ بووهو شیعری زۆر بووه.

ههروا ئهیوت باوکم زۆر عاشقی شیعرهکانی شێخی ڕهنجووری بوو، کتێبێکی شیعری لای باوکم بوو زۆری خۆش ئهویست تهنانهت که نهساغ کهوت و بۆسهر دکتۆر بردیان (بۆ شارێکی که کهئێستا لهسهر یادنیم بهغدا بوویانهنا) لهبهر خۆشهویستی ئهو کتێبهی لهو حاڵهتهشدا لهگهڵ خۆی بردو تائێستا لهبهر چاومه که لهنێوان گۆشت و جل و بهرگدا نایمیکرد ـ لهو بردنهدا باوکم بهسهر یامردو خهبهری مردنی ڕۆژی ڕهشی پێشان داین فهقیرو نهبوو بووین و من عهسکهری ڕاکردوو بووم و بگیرامایه ڕهمی ئهکرام ـ بۆیه که خهبهری باوکم نهزانم چۆن

ئەپەرژێمە بەر خەبەری کتێبەکەی. بەڵام ئەوی لەبیرم ناچێ و هەردەم دێتە پێش چاوم ئەو کتێبەیە کە تاچە ڕادەیەك باوکم لای عەزیز بوو تەنها لە نەخۆشیە کەشیدا لەبیری نەکردو نایە باخەڵی!

محمد صالح ملا عمر عمر گنبدی

تێبینی: ئەو دوو دێڕەی خەتی لە ژێر دایە مەبەست تیادا من لەیادم نیەنەك محەمەد ئەحمەد خدر.

لەم زانیارییانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ڕەنجووری شێخایەتیی کردووەو خاوەنی موریدو تەکیەش بووە.

مۆری ڕەنجووری

لە نێو ئەم کۆمەڵە دەستنووسەی ڕەنجووریدا، لە کۆتایی دەستنووسی کتێبی «ایقاد الضرام علیٰ من لم یوقع طلاق العوام» کە بە «طلاق الاکراد»ی زانای کورد محمد (ابن الحاج) بە ناوبانگە، مۆری ڕەنجووری پێوەیە مۆرەکە بازنەییە دەورەکەی (13ملم)ەو لە سەری نووسراوە «عمر رنجوری بن خالد»ەو، مێژووی دروستکردنەکەیی لە سەر هەڵکۆڵداراوە، دوور نیە (1203)یا (1210)ی کۆچی بێت.

نووسینەکە دوو دێرە، (عمر رنجوری) لە دێڕی سەرەوەدایەو (بن خالد) لە دێری ژێرەوەیو کلکی (یێ)یەکە بۆ پاشەوە درێژ کراوەتەوەو کراوە بە جیاتی نێوان دوو دێرەکەو، مێژووەکەش کەوتووەتە ژێر دێڕی دووەمەوە. نووسینەکە بە شێوە خەتی فارسی یاتەعلیق نووسراوەو، نەخشێکی گیایی گوڵداریش بە سەر مۆرەکەوە هەڵکۆڵدراوە.

ڕەنجووری لە کۆتایی ئەم کتێبەدا ئەم گوزارەیەی خوارەوەی تۆمارکردووە.

«کتبه الحقیر الفقیر عمر الشهیر برنجوری ابن خالد بیك غفر لهما ولسائر المسلمین سنة ست و مائتین بعد الالف یوم الخمیس وقت الضحیٰ اثنی عشر یوماً مضیٰ في شهر شعبان کان خمسة وعشرین من الآزار الرومیة والله أعلم بالصواب»

ڕۆژنامەی ڕەنجووری

هەوڵی بۆ کۆ کردنەوەی زانیاری لە بابەت ئەم شاعیرەوە بەرهەمێکی دیکەی ڕەنجووری دەست خستین کە ئەویش سالنامەکەیەتی. پشووی نیوەی ساڵی 1984 بۆ جاری دووەم بەو کۆمەڵە دەستنووسەی ڕەنجووریدا چوومەوە کە لە نامەخانەی وەزارەتی ئەوقافەو هاتم بۆ کەرکووکیش بۆ دەست نیشان کردنی «مسجد جدیدە»ی ڕەنجووری ڕۆژی (10)ی شوبات چوومە هەولێرو، کاتی تۆمارکردنی بیرەوەری مامۆستای بەڕێز مەلا شەریفی هەولێری کە تەمەنی بووە بە (93) ساڵ و زانایێکی باشی هەولێر بووەو چەندین ساڵ دەرسی بە فەقێیان گوتووە وبیرەوەرییێکی زۆری هەیە - باسی ڕەنجووریو خێڵی شالە بەگیم لێ پرسی مامۆستاش گوتی: من هیچی لە بارەوە نازانم ئەوە نەبێ کە ڕەنجووری سالنامەیێکی هەیەو، من سەردەمی فەقێیەتیم لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا دانەیم لە لای کاکم (مەلا محەمەد ئەمینی هەوایی) بینیوە کە بۆ خۆی بووسیبووەوو ڕەمەزانان بە تایبەت بۆ خەڵکی دەخوێندەوە. پێشتر لە هیچ کەسێکم نەبیستبوو کە ڕەنجووری شتی وەهای هەبێ، بۆیە قسەکەی مامۆستام بە لاوە یەکجار گرینگ بوو ئیتر منیش هەر دەمو دەست داوام کرد لە بەڕێزان: دوکتۆر محەمەد شەریفی کۆری کە ڕاوێژکار (مستەشار)ە لە وەزارەتی ئەوقاف و مەلا سەعدوڵڵا مەلا محەمەد ئەمین هەوایی و محەمەد عەلی قەرەداخی - کە هەوڵ بدەن ئەو سالنامەیە لە نێو کتێبەکانی خوالێخۆشبوو مەلا محەمەد ئەمیندا بدۆزنەوە لە بەغدا ئەوانیش سالنامەیێکیان بە دەستەتی (هەوایی)ی شاعیرو زانا بۆ من نارد ،کە بینیم زانیم هی ڕەنجووری نیە، بۆیە داوام کرد جارێکی تر بۆی بگەڕێن ئەوانیش دۆزییانەوەو بۆیان ناردم، سوپاسیان دەکەم.

سالنامەکە (23) لاپەڕەیە، زۆربەی لاپەڕەکانی (19) دێڕن، لە چوار جێگەدا هێندێك لاپەڕەی لێ کەوتووە ،ڕەنگە دە لاپەڕەیێك یا زیاتری لێ کەوتبێ.

هەولێر کتێبخانەی

وبه نستعين بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله الذي خلق الشمس ضياء وجعل لها مستقراً بتقدير العزيز العليم مستنيراً وقدر له منازل حتى عاد كالعرجون القديم والأيام والليالي وتبين لهما فضلاً وفصلاً وسعادة ونحوساعة ودقيقة وكل شيء عنده بمقدار بحكمة البالغة لا إله إلا هو العزيز الحكيم وأفضل الصلاة وأتم السلام وأنمى البركات على عبده الحقيق الواسطة العظمى الذي هو ثمرة الوجود وفخر الدارين محمد وعلى آله وأصحابه وأزواجه وأتباعه وأولياء أمته والأصفياء والصالحين الذين هم فخر الدين وعليهم وبركاتهم وبركات علومهم أجمعين. أما بعد برارباب دانش وكمال واصحاب هنر وذي الفضل معلوم وهويدا باشد كه فقير حقير عمر بخود مدتي صرف مدعاوعرض مينمايد كه اكثر فنون غريبه غير جاده در حيطه عوام بنابر قلت مبالات خواص وقصور وتقصير اهتمام وتوفيق خواص وعوام برخ بنا بودي نهاده وغلبه نسخ ناهنجار ومركبات كشته زيبا ومتداوله قديمه كم بخود ما بعد قلت عرفان درست كرده اند بدست نابلدان افتاده بنابر عرق قصد وضرر ناظرين غير آن كتم كرده وبكلي ونانمود داده اند به فهم وبهم نارسائي خود وخلل در لفظ ومعنى كرده واز جاده بناجاده واز راه راستي بكجي آورده اند وبعضي بدست بدست وشب بشب وكج بركج افتاده تا بجائي رسيده كه عقول بفهم آن حيران ماند وراست ودرست آن در حيز عسر افتاده واكثر اهل اعني آن فنون ابد مروج شده وبابن سبب كتب آن بعيد واز حيز استفاده وبغرور روز ناصه وتواريخ راست غرائبه تا غايتيكه در سنجر طيب الجناب حضرت نبي صلى الله عليه وسلم نشسته رسيده چه در وقاع محشي وچه در رساله والدت وهجرت

ئەم دانەیە ساڵی 1334ی کۆچی ی= 1915 ـ 1916ی زایین» لە لایەن هەوایی یەوە نووسراوەتەوە، وەك لە کۆتایی یەکەیدا ئەم گوزارەیەی نووسیوە.

«تمام شد روزنامه ملا عمر رنجووری رحمه الله[14] درشهر ربیع الآخر روز جمعه سنة هزارو سه صدو سی 30 چهار ازدست احقر بندکان محمد أمیق هوایی ابن حاجی ملا احمد صائم..»

دەستنووسەکە بە فارسی یەو، هەر حەوت دێڕێکی پێشەکی یەکەی بە عەرەبی یەو سەرەتاکەی بەمە دەست پێ دەکات:

«الحمد لله الذي خلق الشمس منيراً وجعل لها مستقراً بتقديره العزيز الحكيم وقدر له منازل حتى عاد كالعرجون القديم»

ناوی «عمر رنجووری» بەم شێوەیە لە پێشەکیدا هاتووە:

«اما بعد بر ارباب دانش و كمال وا صحاب هنروفری الفضل معلوم و هویدا باشد كه فقیر حقیر عمر رنجووری بر صفحة مدعا عرض مینماید»

ئاواش کۆتایی پێ هێناوە.

«ودین رسالة مختصره ازین زیادتر نمی كنجاند امید بجناب اقدس الیهی كه اكر چیزی نالایق بعقیده درو ذكر شده باشد قلم عفو برویكشدو مقبول نظر طالبان و خوانندكان كرداند انه جواد حلیم رؤف رحیم» رەنجووری ساڵی (1225)ی کۆچی (= 1810ی زایین) ئەم کتێبەی داناوە، چونکە دوو جار بە نووسین و جارێك بە ژمارە لە لاپەرە (16)ی ئەم دانەیەدا ـ ئەو مێژووەی سەرەوەی تۆمارکردووەو بابەتی حیسابی لە سەر ئەو ساڵە هێناوەتەوەو گوتوویە رۆژی (12)ی مانگی (صفر) رۆژی هەینی سەعات سێ و (44) دەقە خۆر لەو ساڵەدا گەیشتووەتە کەلوو (بورج)ی حەمەل و بووە بە نەورۆز رەنگە رەنجووری لە سەرەتای ئەو ساڵەدا یا لە کۆتایی یەکانی ساڵی پێشتر دەستی بە دانانی سالنامەکەی کردبێ، چونکە رۆژی (18)ی مانگی موحەرەم کە ڕێکەوتی پێنجەم رۆژی ئازار بووە گەیشتووەتە لاپەرەی چواردەم و باسی کەلووەکان دەکات ئەویش بە پێی ئەم دەستنووسە ئەگەر چی لە نێوان لاپەرە (2)و (3)دا هێندێك لاپەرە کەوتوون.

مێژ ووی. مێژ روی ئەو رۆژەی دوو جار لەو لاپەرەیەدا نووسیوەتەوەو بابەتی ساڵنامەیی لە سەر جێ بەجێ کردووە بەوەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە رەنجووری تا ساڵی (1225) زیندوو بووە.

مێژ ووی کۆتایی هێنان بە رۆژنامەکەی و ئەوەش لە حەزو بایەخی شاعیرەوە دوورن چونکە رەنجووری ئارەزوێکی مێژ وونووسانەی هەبووەو حەزی لە نووسینی مێژ وری ساڵی کردووە. دوو رنیە مێژ ووەکە ی هەبوو بێ، بەڵام نووسیاری هێندێك لە دانەکانی کتێبولکەکە نەینووسیێ.

ناوەرۆکی روزنامەکە

نووسەر لە پێشەکیدا ناوی چەند زاناییکی زانستی ساڵنامەی هێناوەتەوە، وەك مەولانا محەمەد خاقانی و محەمەد بن جمال الدین نجوبی و مەولانا مەلا یونس جۆڵە مێرگی .. ئێمە هیچ لە بارەی زیانی مەلا یونسەوە نازانین دیارە لە ساڵنامەدا دەستی هەبووە.

رەنگە مەلا یونس (هەلکاتینی) یان وەك هێندێکی تر دەڵێن (ئەرقەتینی) بێ کە مێژ وونووسانی وەك مەردۆخ[6]

دەڵێن خەڵکی ناوچەی هەکاری بووە کە جۆڵە مێرگێ مەڵبەندەکەی بووەو تا ئەمرۆکە مەڵبەندی ویلایەتی هەکاریە لە کوردستانی تورکیا. مەلا یونس کتێبی «ظروف»و «ترکیب»ی کە بە تەرکیبا مەلا یونس» بەناوبانگە ـ داناوە.

ئەم دوو کتێبە لە بابەت نەحوی عەرەبی یەوەن و بە پەخشانی کرمانجین و یەکجار وردن..

رەنجووری لەو ساڵنامەیەدا باسی هەڵاتن و ئاوا بوونی ئەستێرە ی گەلاوێژ و کۆ «پێروو»و تەرازوو دەکات و لە کە شناسی (الانواء الجویە) دەدوێ کە زۆر لایەنی ئەو کەشناسی یە کوردەواری دەگرنەوە.

هەولێر کتێب

حیسابداری کورد (حەسەن گابەڵەك)ی مەنگوری کە دەوری چواردە ساڵ لەمەو بەر کۆچی دوایی کردووە.

ئەو جۆرە کە شناسی‌یەی تاقی‌کردووەتەوە. هەروەها رەنجووری قسە لە سەر کەلووە ستێرناسی (فلکی) یەکانی ئاسمان و چۆنیەتی پێکهاتنی وەرزەکانی ساڵ و ئەفلاك و ئەستێرەکان دەکات و دوایی دێتە سەر هەر چوار ساڵنامەکان: ساڵنامەی کۆن، ساڵنامەی رۆمی، ساڵنامەی هیجری و ساڵنامەی جەلالی. رەنجووری دەڵێت ئەم کتێبەیەی لە سەر ئەو چوار ساڵنامەیە داناوە، بەڵام تەنیا ئەو بەشە زانیارییە لەو ساڵنامەیەدا ماوەتەوە کە لەبارەی ساڵنامەی هیجری‌یەو هەرچی ئەوانی ترن تەواو نین چونکە هەر بەشەی هێندێك لە باسەکەی کەوتووە، واتە پێدەچێت بڕێکی باشی لێ فەوتابێ. سێ خشتە (جەدول) لەو بەشەدا هەیە کە ماوەتەوە. لەوە دەچێت ئەم کتێبە درێژ و ورد بوونێ لەبەر ئەوەی رەنجووری دەستێکی بااڵی لە زانستی ساڵنامەدا هەبووە. لە ژمارەی رۆژی 1984/9/5ی رۆژنامەی (العراق)دا پێناسێنکمان لە سەر ساڵنامەی رەنجووری بااڵوکردەوە.

رەنجووری تا ساڵی «1225»ی کۆچی زیندوو بووە

هێشتا مێژووی کۆچی دوایی کردنی رەنجووریمان بۆ ساغ نەبووەتەوە، بەڵام هەر ئەوەندە دەزانین کە تا ساڵی 1225ی کۆچی (= 1810ی زایین) زیندووبووە، چونکە لەو ساڵەدا خەریکی رێکخستنی ساڵنامەکەی بووە.

هەروەها لە لیستەی والییەکانی بەغدادا مێژووی کۆتایی هاتنی حوکمڕانی سلێمان پاشا خوا هرزادەی بە ساڵی 1225 داناوە.

لە هەمان ساڵدا عەبدوڵڵا پاشا (بە پلەی یەکەم لە لایەن عەبدوڕەحمان پاشای بابانەوە کرابووە وەکیلی وەزیر بارەنگە فەرمانی وەزارەتەکەی لە مانگی (جمادي الاول)دا لە ئەستەمبوڵەوە گەیشتبێتە بەغداو رەنجووریش تا ئەو کاتە ساڵنامەکەی تەواو نەکردبێ.

دوور نییە رەنجووری لەو ساڵە یان ساڵی پاشتردا کۆچی دوایی کردبێ چونکە ئەگەر تا کۆتایی حوکمڕانی عەبدوڵڵا پاشا بژیابایە لەوانە بوو ناوەکەی لە لیستەکەدا تۆمار بکردبایە.

شایانی باسە کە هەر لەم لیستەیەدا مێژووی (1225) بۆ کۆتایی حوکمڕانی عەلی پاشا (1217 ـ 1222) دانەدراوە ئەوەش هەڵەیەو رەنجووری خۆی ئەم هەڵەیەی نەکردووە بەڵکوو یەکێکی تر ئەو دووەی کردووە بە پێنج و لە لای وا بووە کە سلێمان پاشا ساڵی 1225 دوای عەلی پاشا (کە دەبێ تێبدا کوژرابێ) بووە بە والی بەغدا.

وەك چۆن لە لیستەی یەکەمدا یەکێك لە لایەن خۆیەوە ناوی سلطان محمودە زیاد کردووەو مێژووی (1204)ی بۆ دەست پێکردنی حوکمڕانی یێکەی داناوە، لە کاتێکدا (1223)یە بەڵای منەوە شێوەی نووسینەکەی لە هی رەنجووری جیاوازە، ئەگەر جی بە هۆی نێزیکی لێك چوونیانەوە هەست پێکردنی ئەو جیاوازییە لە بەینی هەردوو خەت ئاسان نیە.

ئەم خاڵانە تا رادەیێکی باش ژیانی ئەم شاعیرە کوردەمان بۆ ڕوونبێتەوە، ئەویش لە رێی بەڵگەنامەوە کە شاعیر بە دەستخەتی خۆی نووسیویە.

لە ڕاستیدا باشترین رێگە بۆ کۆڵینەوە لە ژیانی ناوداران نووسینەتی لەبەر تیشکی ئەو زانیاریەدا کە بە خەتی خۆیان نوسیویانن، چ وەك زانیاری پڕ وبااڵی سەرکێبی دەستنووس یاوەك نامەیان بۆ خەڵك ونامەی نووسراو لە خەڵکەوە بۆ ئەوان و هەر فرمان و بڕیارێکی ڕەسمی لە بارەیانەوە چونکە ئەمانە هەموو بە بەڵگەنامە (وثائق) دادەنرێن.

لێرەدا وای بە باش دەزانین کە دەقی لیستەی چوارەم بهێنینەوە، لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو خاڵانەی پێوەندییان بە ژیانی رەنجووریەوە هەیە تێبدا بەدی دەکرێن.

لیستەی سێیەمیشمان بەلاوە گرنگەو لەوانەیە چەند مێژوویێکی هێندێك لەو ڕووداوانە لە هیچ سەرچاوەیێکدا ئاوا بە

هەولێنامەی کتێبخانە

وردی نەماتین لەوانە مێژووی وشەری ئاوەگرد» کە یەکجار بایەخدارە بەلامانەوە داستانێکی نەتەوایەتی کورد بووەو بووەتە هۆی لە نێو چوونی فەرمانرەوایەتییکی کوردی بە ناوی فەرمانرەوایەتی «کویسنجاق»ەوە ، شەهید بوونی (عوسمان پاشا)و قوڕج پاشای برای دەتوانین ئەم دووڵیستەیەو تەنانەت دور لیستەکەی‌ترپش بە کارێکی مێژوویی ئەم شاعیرە کوردە دابنێین کە گیانێکی مێژوو پەرستی هەبووە.

ئەو کەمە دەستکارییەی ئێمە لەم لیستانەدا کردبێتمان ئەوەیە کە مێژووی ڕووداوەکانمان جوێ‌کردووەتەوەو خەتێکمان خستووەتە نێوانیانەوە، چونکە خوێنەر ئاوا پتر سوودی لێ‌وەردەگرێت ،لەو جێیانەشدا کە ڕەنجووری نیشانەی بۆ مانگە عەرەبییەکان داناوە ئێمە ناوی ئەواوی مانگەکانمان نووسیوە، چونکە هەموو کەسێك بەر نیشانانە (رموز) مانگەکان ناناسنەوە. هەروەها چەند جارێك وشەی (بابان) مان لە نێوان کەوانەدا نووسیوە بۆ ئەوە کە خوێنەر دەمودەست بزانێ ئەو میرە بابانی بووە.

جێ گوتنە کە بە پێ سەرچاوەی مێژووی لە مێژووی ئەو ڕووداوانە نەکۆڵیوینەوەو بە نیازی لێکۆڵینەوەوە نەمان هێناونە نار ناوانەوە، بەڵکە لە پەراوێزدا لە بڕێکیان دواوین.

ڕەنجووری شالە بەگی لە لیستەی چوارەمدا هێندێك بابەتی دیکەشی باس کردووە. وەك چەند جار هێنانی سەڵی لە چەرمی گا دروستکراو (دۆلکە) بۆ بیری مزگەوتەکە کە نرخەکەی (نیو قورڕش) بووە.

ئەویش لە بەکێك لەو ساڵانەدا کە دوور نیە (1209)ی کۆچی بێت «1794 ـ 1795ی زایین» چونکە مەلا عومەری ڕەنجووری بە (سهو) «1029»ی نووسیوە.

نووسیویە «حسین بیك» لە ڕۆژی (20)ی مانگی ذو القعدة ڕاتە لە دوادوایی‌یەکانی ئەو ساڵەدا بۆ کاری ئاو هەڵگۆزتنی بیر کڕیویە. ڕەنگە هەبێت شتی وا بە پێ بایەخ بزانێ، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوسا لە شارو ناوچە دەشتایی‌یەکاندا کە کانی و کارێزو ڕووباریان تێدا نەبوو ئەو سەتلانە پێویستی‌یەکی گرینگە بوون چونکە خەڵك پشتی بە ئاوی بیر بەستووە. لەو شارانەدا وەك کەرکووك وەستاو دوکانی تایبەت هەبوون بۆ دروستکردنی و فرۆشتنی ئەم جۆرە کەرەستەیە وەکوو «حاجی صالح» ناوێك کە وەستای ئەوە بووەو ڕەنجووری لە (ل 334)ی لیستەکەدا باسی ئەوەی کردووە کە دۆلکەیێکی یا بۆ مزگەوت یان بۆ مالی خۆی دروستکردووەو هێناویەتیەوە، ئەویش لە سەرەتای مانگی جمادی الثانی ـ «16 ئەیلول»ی ساڵی 1218ی کۆچیدا «1803 ـ 1804ی زایین». ئەم بابەتانە کە پێوەندییان بە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی‌یەوە هەیە بۆ مێژوونووس بایەخدارن.

هەروەها باسی (بارانی پەڵە)ی کردووە لە ڕۆژی دووشەممە (3)ی جمادی الاخری ساڵی 1209ی کۆچی «1794 ـ 1795ی زایین»و ڕۆژی دووشەممە (14)ی مانگی ڕبیع الآخر ی ساڵی (1208)ی کۆچی کە بەرانبەر بە (9)ی «تەشرینی دووەم»ە «1793 ـ 1794ی زایین». لە چەند جێگەیێکی تریشدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، وەك پەڵەدانی ساڵی (1210)ی کۆچی «1795 ـ 1796ی زایینی» کە لە پێش نیوەڕۆژی (27)ی تەشرینی یەکەم بەرانبەر بە (25)ی مانگی ربیع الاخر بووەو هی ساڵی (1205)ی کۆچی کەوتووەتە ڕۆژی (22)ی ربیع الاخر (4ی تەشرینی دووەم) (بڕوانە ل 334ی دەستنووسەکە).

بایەخدانی ڕەنجووری بە مەسەلەی پەڵەدان هەر لەبەر ئەوە نەبووە کە ئاوبڕاو حیسابدارێکی بەرزی کورد بووە لەو سەردەمەداو چاوەدێریی کەش و ئاووهەوای کردووە، بەڵکە لەبەر ئەوە کە پەڵەدان لایەنێکی گرنگی ئابووری ئەو دەمە بووە کە کشتوکاڵەو جووتیارانی کورد بە پەڕۆشەوە چاوەڕوانی ئەم کاتەیان کردووە تا بتوانن دەخڵیان شین بێ ئەگەر تەماشای ئەو چوار ساڵەی پێشوویان بکەین بۆمان دەردەکەوێت پەڵەدانیان تێدا دواکەوتووە ساڵی (1209) یەکجار وشك و بێ باران دێتە بەرچاو هەرچی ساڵەکانی تریشن پەڵەیان تێدا پاش نەکەوتووە چونکە دەکەونە نیزیك (5)ی تەشرینی دووەمەوە. بە پێ ڕوانگەی

ستێرناسی (المرصد الفلكي)و ساڵنامەی گڕاو کە ساڵی 1983 لە دێی «گڕاو» لە باکووری خۆرهەڵاتی هەولێردا لە سەر شاخی (داری لوکان) دۆزیمانەوە ـ خەڵکەکە «قوچی گەلاوێژ»ی کردووەتە نیشانەی (پەڵەدان). واتە هەر کاتێك خۆر گەیشتە سەر ئەم قوچەبەردە کە لە جێ ئاوا بوونی ئەستێرەی گەلاوێژدا دانەدراوە لە روانگەکەدا ئەوەش لە گەرانەوەیدا لە «قوچی گەرانەوەی سەری هاوین»ەوە کە خولگەی قرژاڵە (مدار السرطان)و نیشانەی کەلووی قرژاڵە بۆ «قوچی ئەوەڵی زستان» کە خولگەی گیسکە «المدار الجدي» ونیشانەی کەلووی گیسکە ئەو دەمە پەڵە دەدات و ڕێکەوتی پێنجی نەشرینی دووەم دەبێت.

لە (ل 4)دا ڕەنجووری باسی بەندکرانی عەبدوڕەحمان ئاغا (کور محمد؟) دەکات لە (15)ی مانگی (ربيع الاول)ی ساڵی (1213)ی کۆچیدا (1798 ـ 1799)ی زایین.

لە (ل 5)دا باسی ئەوەی کردووە کە تفەنگی (بەکر بەگ)ی هەڵەدینی لە لا بووەو محەمەدی کوڕی یوسفی ڕەش و عەلی وەیسی یاغەمری نامەی (شێخ ئیبراهیم) یان بۆ بردووە وئەویش تفەنگ و (قالب) «کەی داونێ»و بۆ ئیسماعیل بەگی هەڵەدینیان بردووە.

ڕەنجووری هیچ مێژووێکی لێرەدا نەنووسیوە لە (1218)ی کۆچی بە دەر کە بۆ بابەتێکی تری بووە. بەسی ئەم (بەکر بەگ)ەم لە شێخ کاکە حەمەی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە پرسی، گوتی نازانم کێیە، ناوی محەمەد بەگی هەڵە دێنم بیستووە کە خاوەن دەستەڵات بووە وێستاش بنەماڵەیان لە هەڵەدن ماوە.

لە (ل 99)دا مێژووی کۆچی دوایی کردنی سلیمان خضر ڕۆژ بەیانی نووسیوە کە ڕێکەوتی (27)ی مانگی ڕەجەبی شەوی هەینی ساڵی (1205)ی کۆچییە «1790 ـ 1791)ی زایین.

شایستەی باسە کە مامۆستا جەمیل ڕۆژ بەیانی لە گوتاری المعروفون من الروژ بیانیه (الروزبهانيه) في الكتب التاريخيه)دا کە لە ژمارە یازدەی گۆڤاری دەستەی کوردی کۆڕی زانیاری عێراقدا بڵاوکراوەتەوە ،باسی خدربەگی ڕۆژ بەیانی دەکات و دەڵێت لە نێوەڕاستی سەدەی دوازدەهەمی کۆچیدا سەرۆکی خێڵی ڕۆژ بەیانی بووەو چەند کوڕێکی هەبووە ـ لەوانە مەلا حامید بەگ ،سەیفی بەگ، خالید بەگ و ناوی ئەوانی تری نەهێناوە.

دەڵێت خدر بەگ خانوویێك و زەوی‌و زاری تری هەبوون لە کەرکووك جادوور نییە ئەو سلێمانەی کە ڕەنجووری مێژووی کۆچی دوایی‌کردنی نووسیوە کوڕی ئەم خدر بەگە بوو بێت.

هەر لەو لاپەڕەیەدا مێژووی کۆچی دوایی کردنی (شێخ موسای شێخ عەلی مۆرتکە)ی بە (1)ی مانگی شعبانی ساڵی (1205) دانراوە لە دێی کوفریدا .ئەم کابرایە برای شێخ مەحمودی مۆرتکەیە کە لە لیستەی چوارەمدا مێژووی کۆچ کردنەکەی هاتووە.

ئەگەر چی زانیاریمان لە سەر ئەم کەسانە نیە بەڵام دوور نییە لە پاشە ڕۆژدا شتی نوێیان لە بارەوە بە دەست بخەین و، ئەوساش پتر پێویستمان بەو مێژوانەی ڕەنجووری دەبێت.

هەولێر نامەی کتێب

لیستەی چوارەمی ڕەنجوری

1126	وفات شيخ اسماعيل أبدا لاني قدس الله سره العزيز
1157	وفات شيخ عبدالله ولدي شيخ اسماعيل قدس سرهما.
1133	تولد شيخ احمد ابن شيخ عبدالله (أبدالاني)
1219 / 2 ربيع الآخر	وفاتش (شيخ احمد ابدالان) رحمه الله يوم الثلاثاء قبل الزوال.
1201	وفات شيخ عمر ابن شيخ عبدالله ابدالاني،
1196	آمدن سليمان پاشاى وزير والى بغداد بخانه كشه دفعهٔ اول



1196/ 12 ذو القعدة	وفات ملا يوسف كاريزى
1209 /6 ربيع الآخر	وفات شيخ محمود بن شيخ علي مورنكه
روزيكشنبه	
1164	تولد عمر رنجورى
1178	بلو غش (بانى بالغ بونى رەنجورى)
1190	سال تويه
12/1205 را (ربيع الأول)	تولد خالد بن فقي صالح
1192	انكاح سلطانه بنت شيخ عيسى
8/1204 ع	انكاح آمنه بنت الشيخ
1197	انكاح شهناز ازاخو ام فقي صالح درماه محرم وآوردنش در غرة صفر المظفر
1193/ يوم الثلاثاء	تولد مصري نصف المحرم
5/12012 ج (جمادى الآخر)	شوهر كردنش (بانى مصرى)
13/1197 ذي الحجة	تولد فرزندى اسماعيل در آخر ايام تشرين (9)
23/1203 ربيع الأول	وفات سلطانه
وقت الفجر روز 3 شنبه	
1196	درخدمت شيخ حسين رفتن به بغداد
1192	درخدمت شيخ بطاقوق رفتن درعقب حسن پاشا والى بغداد (10)
19/1197 ذوالقعدة	آوردن خانه بنز (بنزد) مسجد جديد وتعمير او
15/1201 ص (صفر)	آوردن خانه از آغجه لر بنزد مسجد جديدة در كركوك
27/1198 شوال	وفات همشيرام ساري
26/1216 ل (شوال)	نصب محمد پاشا ولد محمود پاشاى كوى
دروشنبه (دردوشنبه)	
9 ذو القعدة داخل كوثه	
1213 ذي الحجة	وفاة آمنه بنت الشيخ
يوم الجمعة وقت چاشت	
روز دوم أيام تشرين	

هەوالنامەی کێبڕکێ

21/1215 ربیع الآخر جمعه	انکاح صراحیٰ بنت فقی صالح ئەز فقی اسماعیل فرزندی ام ودخ (ودخل) بها
	26 (ربیع الآخر) 3 شنبه
3/1209 جمادی الآخر روز دوشنبه	وفات خدیجة حسن فرامز

لیستەی سیّه می مه لاعومەری رەنجوری

(تاریخ والیها (ي) کردستان وغیر (11)

میژوو	روداو
1110	شکست میر سلیمان (12)
1120	شکست بکربیگه (13)
1136	فتح همدان
1160	قتل نادرشا درحوالی مشهد وکلات
1152	قحطی مشهور
1146	شهیدشدن طوپال عثمان پاشا درقرب آغجەلر (14)
1145	امدن طهماسب برادرزادهٔ نادرمنشا
1171	آمدن شیخ علی خان
1169	تسلط وکیل دولت کریم خان زند
1155	سال قونباره
8/1160 رمضان	دعوای قم چوغه(15)
1176	سوختن شهربان بدست خظرآغا
26/1164 رمضان (روژی)خمیس	فتح آب کردوقتل عثمان پاشای‌کوی(16)
1143	قتل خانه پاشا (17)
1166	فتح سنجار
1175	قتل محمد پاشا قرەداغ دربی‌باز(18)
1178	قتل سلیمان پاشای بابان (19)
25/1163 شعبان	شکست حسن آلی خان
1171	طاعون قلعه چوالان وآمدن بادینی
1156	وفات خالد پاشا

هەوالنامەی کتێب


تاریخ والیهای کردستان وغیر
شکست میرسلیمان
شکست بکربگ
فتح همدان
قتل نادرشاه در حوالی مشهد وکلات
فتح شهرزور
۱۱۱۰ھ
۱۱۲۰
۱۱۳۶
۱۱۶۰
۱۱۵۲ھ
شهید شدن طهماسب پاشای بابان در قرب آنجا لر
آمدن طهماسب برادرزاده نادرشاه
آمدن شیخ خان
۱۱۴۶
۱۱۴۹
۱۱۷۱
شکست وکیل خان کریم خان زند
ساکن قونیا
دعوا رقم چوغه
سوختن شهر بابان بدست خطرآغا
۱۱۶۹
۱۱۵۵
۱۱۶۰ ص ۸
۱۱۷۶
فتح آب کرد و قتل عثمان پاشا ارکوی
قتل خانه پاشا
فتح سنجار
قتل محمد پاشا بابان
قتل سلیمان پاشا بابان
۱۱۶۴
۱۱۴۳ ص ۲۶
۱۱۶۶
۱۱۷۸
شکست حسن آقا خان
طاعون قلعه جوالان و آمدن بادینه
وفات خالد پاشا
۱۱۷۵
قتل سلیم پاشا
۱۱۷۰
۱۱۶۳ ص ۲۵
۱۱۷۱
آمدن شیخ خان
شکست علی مردان خان و محمد پاشا
شکست حمزه خان در زره بار
۱۱۸۹
۱۱۸۸
۱۱۹۱
طاعون بغداد و کرکوک
۱۱۸۷
۱۱۸۶
آمدن بکر بیگ برادر پاشا و وزیر بکر ارکوک
قتل تیمور پاشا ارکوی
وفات احمد پاشا بابان
قتل شوره پاشا
قتل محمد پاشا و عمر پاشا
۱۱۹۲ ص ۲۵
۱۱۹۲ ۲۲ جا
۱۱۹۲
۱۱۹۴ ص
جنگ بکر آغا و عمر سر با خلق گرد
۱۲۰۲
۱۲۰۲
فتح تمر پاشا بابان
قتل محمد پاشا در محال صادخ بلاخ دلیمر
وفات عثمان پاشا ارکوی
۱۱۹۸ ۶ جا
سور الاحد
۱۲۰۶
ذوالقعده
تعمیر سلیمانیه و تخریب قلعه جوالان
وفات عثمان پاشا در بغداد
۱۲۰۴ ۹ جا
۱۱۹۹ عمر محمد پاشای کوی
رفتن عبدالرحمن پاشا نزد بغداد بعد از قتل احمد پاشا
۱۲۱۰ حکومت عمر آغا
نصب ابراهیم پاشا ۲ جا
۱۲۱۲ ۵ رمضان
۱۲۱۲ عمر از حکومت سلیمانیه
۱۲۱۲ ذوالقعده

1170	قتل سلیم پاشا (20)
1189	آمدن شفی خان (21)
1188	شکست علی مراد خان ومحمد پاشا(22)
1191	شکست خسروخان در زرەبار (23)
1186	وآمدن بکربیك برادر پاشای وزیر بکرکوك
25/1192 صفر	قتل تیمور پاشای کوی (24)
27/1192 جمادی الآخر	وفات احمد پاشای بابان
1192	قتل شورە پاشا
1194 /رمضان	قتل محمد پاشا وعمر پاشا
1202	جنگی بکرآغای عزیر باخلق کرکوك
6/1198 جمادی اول یوم الأحد	قتل محمود پاشا بابان درمحال
	ضاوغ بلاغ ویلتمر (25)
1202	وفات محمود پاشای کوی (26)
9/1204 جمادی الأول	وفات عثمان پاشا (بابان(دربغداد
1199	تعمیرسلیمانیه وتخریبی قلعه
	چوالان (27)
7/1206 ذوالقعده	فتح تمر پاشای مللی (28)
26/1216 ل (شوال) یوم الأحد	نصب محمد پاشای کوی (29)
	رفتن عبدالرحمن پاشا بیغدا بمداز
1212/ غرة رمضان	قتل أحمد کهیا خربنده اوغلی
	وعزل شدن او ازحکومت سلیمانیه
16/1212 ذوالقعده	نصب ابراهیم پاشا برسر سلیمانیه فقط
5/1215 ذوالقعده	آمدن تمر پاشا (مللی) بکرکوك
	بجهت حکومت عرفا

هەوالنامەی کێبڕ

پەراوێز

(1) ئەم (مجموعە) یە کە بەدەستخەتی رەنجووریيە بریتیيەلە (12) کتێب وناميلكەو نووسينی پرژوبلاو کە لەسەر لاپەرەيێك يان پتر نووسيونی. ئەمانەن:

1 ـ کتێبی: لمع اليسيرة لەبابەت ماتماتيكەوە.

2 ـ باب الفرائض لە تحفة ابن حجر لە سەرەتای مانگی رەجەبی سالّی 1205 دا نووسيويە.

3 ـ کتێبێك لەسەر (الفرائض).

4 ـ بابەتی نيكاح لە تحفة ابن حجر.

5 ـ بابەتێك لە تحفة ابن حجر ،(20)ی (صفر)ی (1207)ی کۆچی نووسيويە.

6 ـ طلاق الأكراد وإيقاد الضرام غلى من لم يقع طلاق العوام» هی زانای‌کورد (ابن الحاج)ە. لە کۆتايی‌يێکەی نووسيويە «كتبه الرنجوری‌بن خالد بيك سنة 1206/12ش» واتە (12)ی مانگی شعبان.

7 ـ هەڵبەستێك (منظومة)ی سيوطي سالّی 1206 نووسيويە.

هەروەها (شعری كلشن) پەرەيێکە وا لەسەر پەراوێزی ئەم مێژووە «1224 و 25 دا 21 كانون أول و 9جدي»، واتە سالّی 1224 و 25 ذو القعدة.

8 ـ طبقات الشافعية هی ابوبكر بن هداية الله (المصنف الكوراني)يە، لەکۆتايی‌يێکەی نووسيويە: من يد أحقر العباد و افقرهم الى رحمة الله تعالىٰ ابن خالد بيك عمر الرنجوری غفر لهماو لكافة المسلمين آمين 1206 في غرة شعبان».

9 ـ شرح قصيدة الشيبانی في علم الكلام، سالّی 1207، «27ر» واتە لە 27 (ربيع الاول)دا نووسيويە.

10 ـ شرح محمد بن عمر التلمسانی علىٰ قصيدة السنوسي. سالّی 1206 ،15 ربيع الآخرة نووسيويە /پەراوێزێکی رەنجووری خۆی بەسەرەوەيە.

11 ـ اختلاج نامە. بەفارسی. سالّی 1206، 19ی رەجەب کۆتايی بە نووسينی هێناوە. پاش ئەوە پەرەيێك هەيە بەناوی «بانك كردن كلاغ» و «بانك كردن گوش»ەوە. ئەمجا هەرچوار لپستە مێژوويی‌يەکەی رەنجووری دێن.

12 ـ خشتەيێك بەناوی گيانلەبەرانەوە. چوار لاپەرەش بەدوايدا دێ لە هەمان بارەوە. بابەتی ئەم دەستنووسە فارسی‌يە بەلای منەوە سەيرو ناشناييەو لە (ل 335 ـ 339) دەگرێتەوە.

(2) کتێبی «سراج السالكين»، شێخ حسێنی قازی سلێمانی بەزمانی فارسی لەسەر چەند رێبازێکی سوفيگەری «تصوف» دايناوە، وەك رێبازی قادری نەقشبەندی، چشتی‌و خلوەتی. پێشەکی‌يێکەی ئەمەيە:

«الحمدلله الذي نقه قلوب العارفين بنور معرفته وشرح صدور المحبين بسر محبته..» دانەيێکم لەم کتێبەديوە بەدەستخەتی مەلامحەمەدی هەوايی‌يە کەسالّی 1323ی کۆچی لە دێی تۆپەسپيان نووسيويە. ئەم دانەيە 37 لاپەرەيەو هەر لاپەرەيێکی 18 دێڕی تێدايە. ئێستا وا لەلای بەڕێز مامۆستا مەلا سەعدوللای کۆڕی لە بەغدا. ئەم کتێبە لە بابەتی خۆيدا بەرچەستەيە.

مامۆستای زانا شێخ محەمەدی خاڵ لە کتێبی (الشيخ معروف النودهی /ل 83)دا بەسەرهاتی ژيانی شێخ حسێنی کۆڕی شێخ مەحمودی نەقيبی نووسيوەو ،گرتوويە سالّی 1292ی کۆچی (1875ی زايين) کۆچی دوايی کردووە و ناوی چوار کتێبی هێناوەو دەڵێت زۆر شيعری کوردی‌و فارسی ئەوم لايە. مامۆستا مەلا عەبدولکەريمی مودەرريس لەکتێبی (علماؤنا في خدمة العلم والدين /ل 174 ـ 175)دا باسی ژيانی ناوبراوی لە هيی مامۆستا خاڵ وەرگرتووە. ئەوەی شايانی باسە شێخ حسێن سالّی 1264ی کۆچی (1847 ـ 1848ی زايين) قازی سلێمانی بووە، وەك لەشەجەرەی سەيدەکانی شابەدينەدا دەردەکەوێ کە ڕۆژی 23ی شەوالی ئەو ساڵە بروانامەی ڕاستيی پێداوە.

(3) بەردی کۆنەمێروو بەردێکی گەورەيە لەنێو ڕووباری زێی گچکەدايەو هەموو لايێکی ئاوە.

هەولێر کتێبخانەی

دەکەوێتە ئەو ڕاستەوە کە زێبەکە لە خواروو‌ی دووڕیانی دوکانی کۆن و تازەدا پێچ دەکاتەوە وزیاتر وابەلای قەراخی خۆرهەڵاتی زێوە و لە ڕێگەی گشتییەوە دیارەو هەر ئەم بەردە بەو شێوەیە لەو ئاوەدا هەڵگەوتووە. ئەم بەردە کونەمێروویێکی پڕ لە مێروولەی تێدایە لەبەرئاو ڕێی پەڕینەوەیان نییە. ئەم بەردە لەکن خەڵك بەناوبانگەو نازاندرێ ئەو مێروولانە لە کوێ خواردەمەنی بەدەست دێنن، ئاخۆ ژێر زێیەکە کونی وەهای لێیە بۆ قەراخ کە هاتووچۆی پێدابکەن، یان ڕێگەی‌تریان هەیە بۆ ژیان وینەشمان گرتوە

(4) کەچووم بۆ چوارقوڕنە ئەو کەسانەم لە خێڵی شالەبەگی دیت، حاجی ئەحمەد، کوێخافەتحوڵڵا، محەمەدی حجی ئەحمەد، زرار بایز ڕەسوول مام ئاغا، محەمەدو جوامێرو پێروت هەرسێ کوڕی حسێنی مام ئاغا. پێش چوونم بۆ ئەوێ سوودم لە کاك عەزیز مەلا ئەحمەدی گرجانیی بڵباسی و حاجی صالح حەسەنی کوڵەردی‌و سەلیم عەرەب سوفی فەتاحی جاسەنەیی‌و شێخ ڕەزای شێخ محەمەدی باسەڕەیی - وەرگرت. ئەوەی دوایی‌یان هێندێك زانیاریی لەبارەی باوکیەوە داینێ کە لەجاسەنە لەگەڵ شێخ مەحمووددا بەشداریی شەڕی کردووەو یەك دوو ساڵ لای ئینگلیزەکان بەندا‌کراوە و ساڵی 1937 کۆچی دوایی‌کردووە. شالەبەگیان لە دێهاتەکانی سەر بە شێخ محەمەد وشێخەکانی تاڵەبانی لای کۆسرەتەوە کشتوکاڵیان کردووە، وەك: باسەڕەو شووشکاو کەلکان و میزۆڕە. کاك دڵشاد تۆفیق مەلا صدیقی ڕانیەیی ئەو زانیارییانەی بەدەنگی شێخ ڕەزا تۆمارکرد بۆمان.

(5) مەلا محەمەد ئەمین هەوایی کوڕی مەلا ئەحمەدی دووشوانی‌یە، ساڵی 1341ی کۆچی (1922 - 1923ی زایین) کۆچی داوێی کردووە. وەك مەلاشەریف و خوالێ خۆشبوو (مەلا طەیب)ی جوونەبەرای ناوبانگ باش بووەو، هێندێك شیعری کوردیشی هەیە.

مەلا محەمەد ئەمین لەخانەقا لەشاری کەر کووك خوێندوویەو، پێدەچێت خانەقاکە ئەوەی سەیید ئەحمەدی خانەقا بێ چونکە لەوێ خوتبەیێکی بێ نوقتەی نووسیوە، ئەویش لە ساڵی 1308ی کۆچیا (1890 - 1891ی زایین) وەك لە کۆتایی‌یێکەیدا نووسیویەو لەنێو کۆمەڵە دەستنووسێکدایە کە بەخەتی خۆیەتی (مجموعة خطیة).

ساڵی 1311ی کۆچی (1893 - 1894ی زایین) لە قوتابخانەی مەلا محەمەد صالحی موفتی لەکۆیە خوێندوویە، هەروەك لە کۆمەڵە نامەیێکدا (منشآت) نووسیویەو لە (20)ی موحەڕەمی ئەو ساڵەدا کۆتایی پێ هێناوە. لە (20)ی (جمادي الاول)ی ئەو ساڵەدا وەك خۆی تۆماری‌کردووە، کۆمەڵەنامەیێك (منشآت)ی تری نووسیوە. وەك لە کۆتایی کتێبی «نصاب الصبیان»دا کە بەخەتی خۆی‌و لە (20)ی (جمادی الاول)ی ئەو ساڵەدا دوایی پێهێناوە، ساڵێ 1314ی کۆچی (1896 - 1897ی زایین)لە مزگەوتی گەورەی کۆیە لای مەلا عەبدوڵڵای جەلی خوێندوویە. ئەم کتێبە فەرهەنگێکی فارسی - عەرەبی‌یەو بەشیعرە، هەر پارچەیێك لەو کتێبە وەك (نوبهارا ئەحمەدی خانی) بەحرێکی عەروزی تێدا بەکارهاتووە.

هەر لەو مزگەوتەدا ئەو یادداشتەی مەلا عەبدوڵڵای جەلیی نووسیوەتەوە کەلەنێو کۆمەڵە دەستنووسی خەتی هەواییدایەو باسی چونێتی خۆی دەکات بۆ ئێران بۆ گەڕاندنەوەی ئەو کوردانەی کە هەڵاتبوون بۆ ئەوێ.

مەلا محەمەد ئەمین کۆمەڵە نامەیێکی زۆری فارسی‌و عەرەبیی نووسیوەو گەلێکی تریشی کۆکردووەتەوە. بڕێکیان هیی زانایانی کوردن، وەك نامەی‌شێخ حەسەنی گڵەزەردە (کە لە سەدەی هەژدە هەمدا کۆچی دوایی کردووە) لە وەڵامی نامەی (ناردشا)داو نامەیێك شێخ حسێنی قازی و، نامەمەی (زینی دحلان) موفتی‌و میژوونووس لە سعودیة بۆ مەلاعومەری باوکی مەلا ئەفەندیی هەولێری‌و، بڕێکی‌باش لە نامەکانی مامۆستاکەی زانای گەورە مەلا عەبدوڵڵای جەلی - وەك نامەی بۆ شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحمودی نەمر و بۆ شێخ بهاء الدینی بامەڕنی و بۆ شێخ عومەری بیارەو بۆ شێخ حوسامەددینی تەوێڵەو بۆ شێخ حەسەنی کانیی کە بودی‌و بۆ مەلا عەلیی کانیی کەبودی‌و

بۆ کەسانی تر. ئەوانە هەموو لەو کۆمەڵە (مجموعة) دەستنووسەدایە کەوا لەلای بەڕێز مەلا سەعدوڵڵای کۆری. من کۆکردنەوەی ئەم کۆمەڵە نامەیە وەك (مجموعة الرسائل) کە بەعەرەبی هەیە بۆ فێربوونی نامەنووسین - کە مەلامحەمەد ئەمینی هەوایی کۆی کردونەوە بەکارێکی پێویست دەزانم ئەگەر بەناوی ناوبراوەوە بەچاپ بگەیێندرێت. لەبارەی ژیانی هەوایی یەوە هێندێك زانیاریم بەدەنگی مامۆستا مەلا شەریف تۆمارکردووە.

(6) شێخ محمد مردوخ: مێژووی کوردو کوردستان، بەشی یەکەم، ل 169 (بەفارسی)و بەشی دووەم ل 95. وەرگێڕانی محمدفدا، چاپی 1958.

مامۆستای خوالێ خۆشبوو عەلائەدین سەجادی لە (مێژووی ئەدەبی کوردی /ل87، چاپی دووەم)دا ناوی مەلا یونسی هەلکاتینی هێناوە. لەل 608دا دەڵێت دوکتۆر کەمال فوئاد لە دەستنووسە کوردییەکانی ڤڕیادن دا گوتوویە:

مەلایونس خەڵکی خیزان (هیزان)ەو خاوەنی کتێبی (تصریف و طروف و ترکیب)ە بەزمانی کوردیو ساڵی 1785 کۆچی دوایی کردووە.

یوسف ضیاء لە (الهدیة الحمیدیة)دا گوتوویە: تصریفا کرمانجی هی مەلا حسێنی شیفکییە (کەخەڵکی مکێ)یە، واتە گەرەکی شیفکا ئەمە شیفکانی ناوچەی مزوریێیە. تەماشای (دیوانا کرمانجی ل 116 - 117)بکە، لەگەڵ دەفتەری (شازدەهەم) ژمارە (32) لەزنجیرەی ژیانی ناودارانی کورد کەکتێبێکی گەورەمانەو دەستنووسە.

(7) دەربارەی سلیمان پاشا وعبدالله پاشا تەماشە (دوحة الوزراء ل250) بکەیێ شێخ رسولی کەرکوکی.

(8) رەنگە ئەم مەلا یوسفی کارێزیێیە ئەو (کارێزی)یە شاعیرە بێ کە رەنجوری پێنج خشتەکییەکی لەسەر هۆنراوەیێکی ئەو هەیە (بروانە: دیوانی رەنجوری، ل 231).

(9) رەنجوری دیاریی نەکردووە کە ئاخۆ نشرینی یەکەمە یان دووەم ،بەڵکو بە تەنیا نووسیویە «نشرین».

(10) شێخ رەسوڵی کەرکووکی لە (163)ی کتێبی «دوحة الوزرای - چاپی بەیروت»دا باسی دامەزرانی حەسەن پاشادەکاو، دەڵێ: پاش کۆچکردنی عەبدوڵڵا پاشای والیی بەغدا محەمەدبێك و ئیسماعیل کەیە هەردووکیان هەوڵیان دا ببن بە والیی بەغداو، بەو هۆیەوە ئاژاوەو دووبەرەکی پەیدابوو.

جاکە حەسەن پاشای والیی کەرکووك نامەیێکی بۆئەستەمووڵ نووسیو دەوڵەتی لە بارودۆخی بەغدا ئاگادار کردەوەو خۆی بۆ ئەم کارە دەست - نیشان کرد، پەسندکرا. کەچی حەسەن پاشا لەبەر ناکۆکیی نێوان میرەکانی کوردستان و بەتایبەت شەڕوشۆڕی نێوان محەمەد پاشای بابان و ئەحمەد پاشای برای، ماوەیێك لە کەرکووك مایەوەو نەچووە بەغدا. ئەو ناکۆکییە هەر دوو دەوڵەتی عوسمانیو ئێرانی خستە جەنگەوە. مێژوونووسی ناوبراو بەدوورودرێژی باسی ئەڕووداوانەی کردووە (بڕوانە ل163 - 166ی کتێبی باسکراو). حەسەن پاشا نەیتوانی چارەسەری باری بغداو بگرە عێراقیش بکا، بۆیە تەنیا حەوت مانگ و (28) ڕۆژ فەرمانڕەوایی کردو ،پاشتر لە ناوچەی دیاربەکر کۆچی دوایی کرد.

(11) پێتی (ی)ی دووەم لە وشەی «والیەای» نەنووسراوە.

(12) شێکست میرسلیمان ساڵی (1110)ی کۆچی (= 1698 - 1699ی زایین):

مەبەستی (سلێمان بەبە)یە ،کە بەپێ قسەی خوالێ خۆشبوو محەمەد ئەمین زەکی ،کۆری فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەیە یا لە نەوەیەتیو فەڵاچوالانی کردووە بە مەڵبەندی فەرمانڕەوایی بابان. دوای چەند سەرکەوتنێکی میر - سلێمان بەسەر لەشکری عوسمانیدا، عوسمانییەکان لەشکرێکی تری زۆریان لە بەغداو دیاربەکرو حەڵەبەوە هێناوەتەسەریو، لەم جارەدا شکاوەو بەپێ کتێبی «کلشن خلفا» ئەم شکانەی لەساڵی (1111)دا بووە. پاش ئەوە بردراوە بۆ ئەستەمووڵ و لەوێ لێی خۆشبوون و گەڕاوەتەوەسەر فەرمانڕەوایی یەکەی خۆی «بروانە: محەمەد ئەمین زەکی، تاریخ سلیمانیو وولاتی، چاپی کۆردی،ل (54 - 56)».

ڕەنگە مێژووەکەی ڕەنجوری ڕاستترێ و ، شەڕەکەی لەو ساڵەدا بووبێ و ، چوونی بۆ ئەستەمووڵ لەساڵی (1111)ی کۆچیدا بووبێ.

لە لاپەڕە (296)ی «کلشن خلفا / چاپی نەجەف ـ 1971»دا کە نظمی زاده مرتضیٰ أفندي و موسیٰ کاظم نورس لە تورکییەوە کردوویانە بەعەرەبی، ئەو پایەتە بەم جۆرە هاتووە:ـ لەساڵی (1101)ی کۆچیدا « بەهەڵە 1100 نووسراوە» میرسلیمان و میر حەسەنی بەبە تا نێزیکی کەرکووك هێرشیان هێناو (دلاوەر)ی موتەصەریفی کەرکووك لەشەڕدا کوژرا. دەقی نامەی والیی بەغدا حەسەن پاشا بۆ میرسلێمان لەم سەرچاوەیەدا بلاوکردراوەتەوە، ئەوەیش دەردەخاکەوا چەند ساڵێکە میرسلێمان دەستی بەسەر ناوچەی سلێمانیدا گرتووە.

شایانی باسە کە ئەو زانیارییەی ئەمین زەکی دەیداتە پاڵ (کلشن خلفا) لەم چاپە عەرەبییەدانییە لەوانەیە لە چاپێکی تریدا هەبێ و خوالێ خۆشبوو، دیبێتی . ئەم سەرچاوەیە هەر ئەوەندەی نیشدایە کە ساڵی (1112)ی کۆچی (= 1700 ـ 1701ی زایین) میرسلێمان فەرمانڕەوای ناوچەی شارەزوور واتە ناوچەی سلێمانی نەبووە ، بەڵکە (یوسف پاشا) فەرمانڕەوایی کردووە. دوورنییە دەوڵەتی عوسمانی ئەو کارەی پێ سپاردبێ و بابانی نەبووبێ.

هەر لەم بارەوە بڕوانە: «لونگریك، أربعة قرون من تأریخ العراق الحدیث، ترجمة جعفر الخیاط، ص 119».

(13) شکست بکربك ساڵی (1120)ی کۆچی (= 1708 ـ 1709ی زایین):

مەبەستی مەلاعومەری ڕەنجوری بەکربەگی بۆ میرسلیمانی بەبەیە، کە بە پێی قسەی ئەمین زەکی بەگ، دوای بەرای ئەمورخان بووەتە میری بابان.

مێژوونووسی گەورە محمەد ئەمین زەکی لە لاپەڕە (59)ی «تأریخ سلیمانی»دا دەڵێ: حەسەن پاشای والیی بەغدا لەساڵی (1126)ی کۆچیدا (= 1714ی زایین) لەشکری بردووەتە سەر بەکر بەگ و شکاندوویە پاشتر بەکربەگ بەدزییەوە چووەتە بەغداو لەوێ ناسراوەتەوە و بەفەرمانی حەسەن پاشا کوژراوە. لەم ڕووەوە تەماشای لاپەڕە (328)ی «کلشن خلفا»ەکە.

هەر لە لاپەڕە (329)ی ئەم سەرچاوەیەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە کوڕەکەی ئەحمەد پاشای وەزیر لەساڵی (1127)ی کۆچیدا کراوە بە والیی شارەزوورو بووەتە فەرمانڕەوای ناوچەی سلێمانی.

(14) طوپال عثمان:ـ سەرلە شکرێکی چالاکی عوسمانی بوو، لەبۆنان لە دایك بووەو، لەشەڕێکدا لەگەڵ سوپای نادر شادا لەساڵی (1146)ی کۆچیدا (=1733 ـ 1734ی زایین) کوژراوە. نەوەکا هێندێك مێژوونووس بەڵکە زۆربەیان دەڵێن لەناوچەی (لەیلان) بەکوشت چووە (بڕوانە: لونگریك، أربعة قرون من تأریخ العراق الحدیث، ص 178). هەروەها لونگریك دەڵێ ئەم کارەساتە لە 26 ـ ی تشرینی یەکەمدا بووە، بەڵام ڕەنجوری لەڕووی شوێنی کوژرانیەوە دەڵێ لە ئاغجەلەر بووە. لەم بارەوە بڕوانە (تأریخ ماردین / ص174)ی عەبدولسەلام ماردینی . دانەیێکی وێنەگیراومان لەسەر دانە دەستنووسەکەی «دار الکتب و والوثائق القومیة» قاهیرە لەکن هەیە.

(15) دەعوای قەمچووغە لە زەمانی سەلیم پاشای بابانداڕووی داوە ئەو دەمە کە ئەحمەد پاشای والیی بەغدا بەهێزێکی زۆرەوە پەلاماری میرنشینی بابانی‌دا، شێربەگی برای سەلیم پاشا لەگەڵ هێزێکی باشدا بە قەڵای قەمچووغەوەبوو کە قەڵایێکی سەختەو دەکەوێتە سەردەربەندێکی زنجیرە چیای سورداشی باشووری خۆرهەڵاتی (دوکان). هەرچی سەلیم پاشاش بوو خۆی لە قەڵای (سرۆچك) تووندکردبوو. لەشکری عوسمانی قەمچووغەیان داگیرکرد، بەڵام شێربەگ نەکەوتە بەر چنگیان. لە دواییدا پەلاماری سرۆچکیان داو، سەرئەنجام هەردوولا پێك هاتن و ، ئەحمەد پاشا گەڕایەوە بۆ بەغداو لە ڕێی لە دەڵی عەباس ، مرد.

جا کە سلێمان پاشای زاوای ئەحمەد پاشا بوو بە والیی بەغدا، سەلیم پاشا زاوای ئەحمەد پاشا بوو بە والیی بەغدا، سەلیم پاشا هێنایە لای خۆی، ئەویش لە ڕازونیازی

تێنەدەگەیشت و لە بەغدا سالێ 1170ی کۆچی (1756 ـ 1757)ی زایین لەسێدارەی دا.

عبدالرحمن السویدي بەبۆنەی سەرکەوتنی ئەحمەد پاشا لە شەڕی قەمچوغەداو پەلاماربردنەسەر (سرۆچك) هۆنراوەییکی (54) دێڕیی هۆنیوەتەوە کە تێیدا کوردی کردووەتە نەوەی «وماء السماء»ی عەرەب لەبێ قسەوقسەلۆکێك کە لە مێژ ووی ئیسلامدا هەیە ئەوەتا دەڵێ:ـ

« وظن زعماً بنو ماء السماء بأن
ينجو ب (قمجوغة) من حادث جلل
اذ حصنها محكم البنيان مرتفع الأركان
شاهق أربىٰ فوق كل علی
خرقاء راسخة في الأرض شامخة
في الجو ناجمت العيوق في الحمل»

پاشتر کە ستایشی سەختیی دەکاو، دەڕیدەخا دەکەوێتە نێوان دوو شووراوە، دەڵێ: «وشار (شير) علیٰ أعوان نجدته بأن نعجل سيرا لاعلی مهل».

تەماشای کتێبی سویدی «حديقة الزوراء في سيرة الوزراء ،ص 93 ـ 95» بکە کەدەستنووسە لەنامەخانەی (القادرية)دایە لە بەغداو نمرەکەی (س 1355)ە.

شێخ ڕەسوڵی کەرکووکی لە«دوحة الوزراء، ص 93 ـ 94»دا، باسی شەڕی قەمچوغەی کردووەو مێژ ووی (1160)ی کۆچیی (1747ی زایین) پێداوەو، ڕۆژی ڕووداوەکەی کە هەشتی مانگی ڕەمەزانە ،دیاریی نەکردووە. عبدالرحمن السویدی پش هەر دەست نیشانی نەکردووە. لەوانەیە ڕەنجووری خۆی ئەم مێژ ووەی نەهێنابێ، بەڵکو لەسەر بڕێك دەستنووسی نووسراو لە کوردستاندا یا لە هێندێك مەلاو فەقێوە وەرگرتبێ. ئەم مێژ ووانە زۆرجار لەسەر کاغەزێك یان لەسەر بەرگ و قەراخی لاپەڕەی دەستنووسێك ،نووسراون. محەمەد ئەمین زەکیی ڕەحمەتی لەلاپەڕە (68)ی (تاريخ سليمانی)دا بەکورتی باسی شەڕی قەمچوغەی کردووە.

(16) آب کرد «ئاوەگردە»، وەك لێمان کۆڵیوەتەوە، چیاییکە دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی کۆیەوە. شێخ ڕەسوڵی کەرکووکی لە «دوحة الوزراء، ص 116 ـ 117»دا زۆرباش باسی ئەم داستانەو هۆیەکانیی کردووە. بگرە لەهەموو مێژ وو نووسێکی دیکە چاکتر. ئێمە لە هۆنراوەکەی عبدالرحمن السویدی بەدەر، لەهیچ سەرچاوەییکی تردا نەماندیوە لەبەر ئەوەیشە کە شەڕی ئاوەگرد و باسی عوسمان پاشای کۆیە کەقارەمانێکی وڵاتپەروەری کورد بووە: نەکەتووەتە بەر چاوی مێژ وونووسانی کورد.

کەرکووکی لەبارەی ڕووداوەکانی سالێ (1160)ی کۆچییەوە «1747ی زایین» دەڵێ: سەلیم پاشای بابان لەزەمانی نادرشاوە گومانی لێدەکرا وياخی دەبوو. تا لەم دوایییەدا «پەیمانی لەگەڵ موتە صەرێفی کۆیە عوسمان پاشا دا بەست و، جۆی بوونەوەو سەربەخۆیی ڕاگەیاندەو لەناوچەی کوردەواریدا دەسەڵاتیان پەیداکرد و وردە وردە دەستیان بەسەرداگرت.

لێدی وەزیر ،(واتە سلێمان پاشا أبو ليلةی والیی بەغدا)، نەیدەتوانی پەیێدەنگی بمێنێتەوە، بەڵکە کەوتە لەشکرکێشی و جەنگ کردن لەگەڵ شۆڕشگێڕاندا.

لەئەنجامدا بەسەریاندا زاڵ بوو وەسەلیم پاشا هەڵات و پەناوی بردە بەرەوڵاتی ئێران و، ئامۆزاکەی (سلێمان پاشای بابان)لە جێی خۆی کرایە موتەصەرێفی بابان. بەڵام عوسمان پاشا پەنای نەبردە ئێران، چونکە پێشتر خراپەی دەرهەق بە ئێرانییان کردبوو. ئیتر ڕووی کردە لاییکی نەزاندارا و کاتێك وەزیر گەڕایەوە کەرکووك و چەند ڕۆژێك تێیدا مایەوە، بیستی کە عوسمان پاشا هێزەکەی خۆیی کۆکردووەتەوەو خۆی لەچیای ئاوەگرد (آب كرد) قایم دەکا.

ئەوجا سلێمان پاشا بریاریدا هێزەکەیان لە ناوبا بۆیە گەڕایەوە ناوچەکەو ئابڵوقەی دان لە قەڵاو جێگەسەختەکانداو ئاوی لێ بڕین. ئەگەرچی عوسمان پاشاو هێزەکەی ئازایەتییەکی وەهایان پێشان دا کە لەوە پترنابێ، بەڵام لە پاشدا شکان و

هەوالنامەی کێبڕکێ

زۆریان لێ‌کوژراو، عوسمان پاشاو براکانی (ئیبراهیم بەگ و سلێمان بەگ) وحەسەن بەگی کوڕی بە دیل گیران و وەزیر سەری برین و ناردنی بۆ ئەستەمبوڵ).

شێخ ڕەسوڵ بەسەرهات و چارەنووسی (قوچ پاشا)ی برای عوسمان پاشایشی ڕوون کردووەتەوە کە بەڵای مێژوونووسانەوە ئاشکرانەبوو قوچ پاشا ئەو پاڵەوانە کوردە بووە کە بەرانبەر لەشکری نادرشا دڵێرییەکی کەم وێنەی نواندووەو، بەخۆی و هێزەکەیەوە چووەتە (موسڵ) هێندێك لەشاعیرانمان، وەك حاجی قادری کۆیی، ستایشیان کردووەو حوکمەتی عوسمانیش لە پاداشتی ئازایەتییەکەیدا کردوویە بە فەرمانڕەوای هەولێر.

شێخ ڕەسوڵ دەڵێ پاش داگیرکردنی ئاوەگرد، سلێمان پاشا جووەسەر قوچ پاشا لەقەڵای هەولێر و، دوای نۆڕۆژ گەمارۆدانی، قوچ پاشاگیراو سەریان بڕی‌و لەگەڵ سەری چەند پیاوێکیدا، ناردیانە ئەستەمبوڵ.

بەم شێوەیە میرنشینی کۆسنجاق لە نێوچوون، کۆیە کەوتە دەست بابانییەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا جاروبار تەیموور پاشای کوڕی عوسمان پاشار کوڕەکانی سەریان بەرزدەکردەوەو دەکەوتنە خۆیان .عبدالرحمن السویدی بەبۆنەی سەرکەوتنی والیی بەغداوە لە شەڕی ئاوەگردو شەڕی هەولێردا هۆنراوەیەکی (20) دێڕیی هۆنیوەتەوە (بروانە کتێبەکەی: حدیقة الزوراء في سیرة الوزارء، ص3).

زانیارییەکی باش و لەبارمان لەسەر ئەم بابەتە لەکنە کە هیوادارین ڕۆژێك لەڕۆژان بڵاوی یەکەینەوە. جێی باسە کە خانووەکەی قوچ پاشا دەکەوتە قەڵای هەولێرەوەر شارەوانی هەولێر لەسالانی پەنجادا دەرگای قەڵای ڕووخاندو ئەویش بەرەو نێداچوو. ئێمە لە سێ سەفەرماندا بۆشاری هەولێر هەوڵمان دا ئەم خانووە بدۆزینەوە، تابۆمان ساخ بووەوە بە تەنیشت بەری خۆرئاوای دەرگای باشووری قەڵاوە بووەو دەرگایێك لەنێوانیاندا بووە.

واتە بەسەراوە بەسترابووەوە و لەگەڵ دەرگاکەدا ڕووخێندراوە. هەرچی کۆلانی خانووەکەیشە کە پێ دەڵێن «حەرەم کوچەسی» ،هێشتا ماوەو، وەك دەست نیشانمان کردووە بڕێیە لە پەکەم کۆلانی پچووك و تەنگەبەری لای خۆرئاوای ئەو مزگەوتەی کە لە تەك دەرگای قەڵادایەو دەکەوێتە بەری خۆرئاواوە. درێژیی کۆلانەکە نێزیکەی (20 ـ30) مەترێکەو، پێویستە ناوی قوچ پاشای لەسەر بنووسرێ. هەر بۆ ئەم مەبەستە ئەو لێژنە شوێنەوار ناسەمان ئاگادارکردەوە کە بۆ بۆژاندنەوەی قەڵای هەولێر تەرخان کراوە.

(17) قتل خانە پاشا سالێ (1143)ی کۆچی (1730 ـ 1731ی زایین).

خانە پاشا (خانە محەمەد پاشا) کوڕی ئەیموورخانی بابانەو، پیاوێکی زۆر چالاك بووە. سالێ (1136)ی کۆچی (1723 ـ 1724ی زایین) لەگەڵ ئەحمەد پاشای وەزیردا چووە بۆ داگیرکردنی شاری (هەمەدان)ەو، کراوە بە فەرمانڕەوای ئەم شارەو چەند سالێك فەرمانڕەوایی ناوچەی (ئەردەڵان)ی کردووە.

محەمەد ئەمین زەکی دەڵێ نازاندرێ چۆن کۆتایی پێ هاتووە.

بەڵام لە (کلشن خلفا)دا هاتووە کە کوژراوە پاش ئەو خالید پاشا فەرمانڕەوایی گرتووەتەدەست. (تەماشای ل 60 ـ65ی تاریخ سلێمانی، بکە).

هەرچی ناری خانە پاشایە لە چاپە عەرەبییەکەی (کلشن خلفا)دا نابینرێ ئەمین زەکی بەگ کە مێژووی کوشتنی ناوبراوی نەنووسیوە، دەبێ لەوەوە هاتبێ کە نظمی زادە پش مێژووەکەی ناو نەهێنابێ.

لۆنگریك لە لاپەرە (157)ی کتێبەکەیدا «أربعة قرون من

هەوالنامەی کۆیە

تأريخ العراق الحديث» دەڵێ: خانه پاشاو خالید پاشای برای لەکەرکووکەوە تامەمەدانیان لەژێر دەستدابووەو، هەردوو کوڕی بەکر بەگ بوون (ل95). ئیستالە باکووری ڕۆژ ئاوای (سەید صادق) جوگەیەکی ئاوی گەورە هەیە بە ناوی «جوگەی خانەپاشا» وەلەئاوی شاتوانی سەید صادق دێت.

(18) قتل محمد پاشا قەرداغ دربی‌باز: (1175)ی کۆچی (1761 ـ 1762ی زایین).

محەمەد پاشا کوڕی خانە پاشای بابان بووەو هەوڵی‌داوە فەرمانڕەوایی لەچنگی سلێمان پاشای بابان دەربهێنێ، بەڵام والیی بەغدا هێزی بۆ باریدەی سلێمان پاشا ناردووە. محەمەد ئەمین زەکی دەڵێ شەڕەکە لەسەر (چەمی نارین) واتە لەکفری ڕووی داوە، ئەویش لە سالی (1174)ی کۆچیدا. هەروەها ئەویشی لە کتێبە مێژوویی‌یە دەستنووسەکەی خوالێ خۆشبوو حسێن ناظم وەرگرتووە کە محەمەد پاشا هێزی (باجەلان)ی لەگەڵدابووەو لە (پێباز) واتە لەسەر چەمی (سیروان) لەئێران کەلارو دەربەندیخان شەڕەکە قەومابوو ئەویش کوژرابێ. بەم جۆرە قسەکەی حسێن ناظم لەگەڵ هیچ پەنجورێی شاعیردا یەک دەکەوێ.

(بڕوانە: محمد أمین زکی تأریخ سلیمانی، ل 71).

(19) قتل سلیمان پاشا بابان (1178)ی کۆچی (1764 ـ 1765ی زایین).

لەبارەی کوشتنی سلێمان پاشاوە زانای کورد عەبدوڵڵا بێتوشی بەخەتی خۆی ئەم دەقەی خوارەوەی نووسیوە:ـ

«تأریخ وفات سلیمان پاشا أبن خالد پاشا لیلة الجمعة من ذی الحجة سنة 1178 قتل في بیته داخل الحرم دخل علیه لیلاً رجل من قصبة کوی أسمه فقه ابراهیم فضربه خنجراً وهو نایم علی فراشه فمات من تلك الضربة بایام قلائل رحمه الله تعالی».

بێتوشی ئەوەی لەسەر پشتی کتێبی سیوطی «البهجة المرضیة في شرح الألفیة» نووسیوە، کە هەمووی بە دەستووسی خۆیەتی‌و ئێستا لە نامەخانەی ئەوقافی سلێمانییدایەو ژمارەکەی (2315)ە. ئەم نووسینەی زانای مەزن بێتوشی لەبارەی چۆنایەتیی کوشتنی ئەوسیرە بابانییەوە نرخێکی زۆری هەیەو بە بەڵگەنامە (وثیقة) یێکی بایەخدار دادەندرێ چونکە لە ڕۆژانی کوژرانیدا یان ماوەیێکی کورت پاش ئەوە نووسیویە چونکە وەك مامۆستای بەڕێز شێخ محەمەدی خاڵ لەکتێبە بەنرخەکەیدا (البیتوشی، ص 21 ـ 22) دەڵێ بێتوشی ناسالێ (1178)ی کۆچی لەشاری (احساء) بووە و، سالێ (1179)ی کۆچی لە گوندی ـ بێتوش ـ بووە (کە دەوری 30 ـ 40 کیلۆمەترێك لە قەڵاچوڵان دوورە کەسلێمان پاشای تێدا کوژراوە). جا دوورنییە لە دوادوایی‌یەکانی سالێ (1178)ی کۆچیدا لە (احساء)ەوە گەیشتبێتە کوردستان یان لە مانگەکانی سەرەتای سالێ داهاتوویدا.

(20) قتل سلیم پاشا بابان (1170)ی کۆچی (1756 ـ 1757ی زایین):

لەم ڕووەوە بڕوانە بڕگەی شەڕی قەمچوغە وشەڕی ئاوەگرد.

(21) آمدن شفیخان (1189)ی کۆچی (1775 ـ 1776ی زایین) مەبەستی پەنجوری لە هاتنی شەفیخان (محەمەد شەفیع خان)ی زەندە، ئەمەیش وەك مەردۆخی کوردستانی دەڵێ. (پاش دیل کرانی عەلی مورادخانی زەند لەلایەن ئەحمەد پاشای بابانەوە کە سەرلەشکری ئەو هێزە ئێرانییە بوو بۆ باریدەدانی محەمەد پاشای بابان هاتبوو، کەریم خانی زەند زۆر تووڕە و دڵتەنگ بوو و محەمەد شەفیع خانی لەگەڵ دوازدە هەزار شەڕکەردا بۆ یارمەتیی محەمەد پاشانارد خوسرەوخانی ئەردەڵانیش لەو پەلامارەدا بەشداربوو. بەڵام کە بەرەو شارەزوور هاتن، ئەحمەد پاشا بەیێ شەڕو شۆڕ هەڵات و محەمەد پاشایش لەجێی ئەو بوو بە فەرمانڕەوای بابان.

شەفیع خان و خوسرەوخان دوای حەوت مانگ گەڕانەوە بۆ ئێران) مەردۆخی ئەمەی لە (تأریخ کردستان و توابع، بەرگی یەکەم، ل 135)دا نووسیوە بەیێ ناوهێنانی مێژووی ساڵەکە.

کەرکووکی‌یش کەلە (ل150 ـ 151)دا باسی هێرشی سێ قۆڵێ کەریم خانی زەند (کەسەرۆکێکی کوردبوو) بۆ سەر عێراق

هەوالنامەی کێبڕکێ

دەکا که یەکێکیان ئەم هێرشەیەو ئەوی دیکەیان پەلاماردان و داگیرکردنی شاری (بەسرە)یە، ناوی شەفیع خان ناهێنێ و مێژووەکەیی دیاری ناکاو، ئەوەیش مێژووەکانی رەنجوریمان پتر لەلا گرنگ دەکا.

دیارە کەرکووکی زۆر سەرکەوتوو نەبووە لە تۆمارکردنی زنجیرەی ڕووداوەکانی سالانی (1186 ـ 1192)داو، مێژووی زۆربەیانی نەنووسیوەو تێکەڵی کردوون. هەرچی کارەکەی مەردۆخیشە ڕێکوپێکترو پوختەترە.

(22) شکست علی مراد خان و محمد پاشا (بابان):ـ

تەماشای باسی «آمدن شفی خان»بکە. لەپێشدا باسمان کرد کە عەلی موراد خان لەلایەن ئەحمەد پاشای بابانەوە دیل کرا. وەك کەرکووکی لە (ل 149)ی کتێبەکەیدا دەڵێ، ئەوە لە چیای (سەرسیر) واتە لای (چوارتا) ڕووی داوە. هێزی ئەحمەد پاشا وحاجی سلێمان ئاغا (متسلم البصرة) لە پێنج سەد کەس تێپەڕی نەدەکرد، چونکە سەربازە عوسمانییەکان لەزیاتر دەهەزار شەڕکەری عەلی موڕادخان بەپێشەوە ڕایان کرد. ئەحمەد پاشایش بەدیل گیراو ـ هەکەی خۆی نارد بەغدا و والیی بەغدایش ڕێزی لێگرت و نارد یەوە ئێران.

(23) شکست خسروخان در زەربار:ـ

شێخ محەمەدی مەردۆخ جارێکیتر لە فەرمانڕەوایی خوسرەو خانی ئەردەڵانی دەدوێو دەڵێ:ـ لەساڵی (1191)ی کۆچیدا (1777ی زایین) عوسمانییەکان لەشکریان کردەسەر ئێران. لەو دەمەدا محەمەد پاشای بابان فەرمانڕەوایی شارەزووری دەکرد (واتە ناوچەی بابان)و لەلایەن کەریم خانی زەندەوە دانداربوو.

محەمەد پاشا لەگەڵ عوسمانییەکاندا پیك هات و، بەهێزێکی زۆرەوەکە هەشت هەزاری عوسمانی بوو ڕوویان کردەمەریوان. خوسرەو خانی ئەردە لانیش بە دوو هەزار کەسەوە لە (سنە)وە هات بۆ بەرگریکردن و، لەڕێگە نێزیکەی حەوت سەد سواری کوردانی گەروس و مەراغەیی پێگەیشت و لە ڕۆخی زەریاچەی (زرێبار) لە مەریوان شەڕدەستی پێکرد. لەسەرەتادا لەشکری گەروس و مەراغە شکان و پاشتر لەشکری خوسرەوخان شکاو زیانی سێسەد کوژراوو سەدو حەفتادیلی لێکەوت. هێندێك لە کوژراوو دیلەکان لە گەورەپیاوانی شاری (سنە) بوون. محەمەد پاشای بابان لەترسی کەریم خان نەیوێرا بێتەپێشەوە. جاکە خوسرەوخان گەڕایەوە (سنە)و کەریم خانی ئاگادار کردەوە، زۆر تووڕە بوو و لەسێ قۆڵەوە لەشکری نارد سەر عوسمانییەکان، لە قۆڵی کوردستانەوە واتە (سنە)و مەندەلی و قۆڵی (بەسرە)وە کە صادق خانی برای پێش ئەو داگیریکرد.

کاتێك محەمەد پاشای بابان زانیی ناتوانێ خۆ لەبەر هێزی عەلی موڕادخانی زەندو خوسرەو خاندا ڕابگرێ، بەبێ شەڕ کشایەوە دواوەو هەڵات «براونە:

مەردۆخی کوردستانی، تاریخ کردستان و توابع، بەرگی یەکەم، ل (133 ـ 135)، چاپی دووەم»

شێخ ڕەسوڵی کەرکووکیش باسی شەڕی زرێباری کردووەو دەڵێ:

دەوڵەتی عوسمانی محەمەد پاشای بابان و ئەحمەد پاشای برای نارد سەر ئێران. ئەحمەد پاشا لە (زەهاو) وەستاو مایەوەو شەڕەکەی بەدڵ نەبوو.

هەرچی محەمەد پاشا بوو توانیی لەشکری ئێران کە دوازدە هەزاربوو بە سەرکردایەتیی خوسرەوخان بشکێنێ و، نێزیکەی هەزار کەسیان لێبکوژێ، ئەویش لەجێگەیێك کەپێ دەڵێن «سطرنجات کروکی»و دەکەوێتە سەر سنووری هەردوو دەوڵەت.

عبدالرحمن السویدي یش پەنجە بۆ ئەم سەرکەوتنەی محەمەد پاشا درێژ کردووە (لەم بارەوە بڕوانە: تاریخ حوادث بغدادو البصرة، ص69، لێکۆڵینەوەی دوکتۆر عماد عبدالسلام رؤوف، 1978.

(24) قتل تیمور پاشای کوی:ـ

تەیمور پاشا کوڕی عوسمان پاشایە، کاتی (شەڕی ئاوەگرد) نەکەوتەبەر دەستی سلێمان پاشای والیی بەغدا ئاوەکو باوکی سەری بیرێو بیکا بە دیاری بۆ سوڵتان، دەبێ تەیمور پاشا لەگەڵ کاربەدەستانی بەغدادا ڕێك کەوتبێ: چونکە ساڵی (1176)ی کۆچی (1762 ـ 1763ی زایین) لەلایەن عومەر

پاشـای والیی بەغـداوە کرا بە موتـەصـەریفی کۆیـە و حەریـر: ئەویش دوای لەناوچوونی رابەرینی سلێمان پاشای بابان. بەڵام پاش چەند ساڵێك کە عومەر پاشا نێراتیان لەگەڵ محەمەد پاشای بابانـدا خۆش بوو، ئەیمور پاشای لابردو، کۆیەو حەریری خستە ژێر دەستی محەمـەد پاشـاو ،ئەیمـور پاشا یش گەلێك دڵگیر بووو، لەگـەڵ ئەحمـەد پاشـاو براکـەی مەحمـوود پاشای بابانـدا هەرسێ لە کەرکووك نیشتەجێ بوون. ساڵی (1191)ی کۆچی (1177ی زایـینی)، پاش کەوتنـی ئەحمـەد پاشـا لەگـەڵ ئێرانییـەکـانـدا، ئەیمـور پاشـا کرایـە فەرمانڕەوای کۆیەو حەریر ،ساڵی دواتـر ئەیمور پاشاو محەمەد پاشای بابان بەدیل گیران لەشـەڕی ئاسلۆوجـە (طـاشلیجـە)دا ،لـە لایەن ئەحمەد پاشای بابـانـەوە کە بە یارمـەتیی هێزێکی کەریم خانی زەندەوە هاتبووە ناوچەی بابان. ئەیمور پاشا سەرئەنجام بەدیلی کۆڕا (بروانە: دوحة الوزراء،ص 145، 151، 158، 164، 166 ـ تاریخ حوادث بغـداد والبصـرة، نووسینی عبـدالـرحمن السـویدی، لێکۆڵینەوەی د.عماد عبدالسلام، ص103) چاپی بەغدا 1978

لەکتێبەکەی کەرکووکیدا زۆربەی جار ناوی ئەیمور بە «ئەمرە وانـە بە (نـون) هاتـووە. ئەو هەڵـەیـە هیچ دانەری کتێب نییە، چونکـە هەرخـۆی ناوی «ئەمـرە وانـە بە «ئێ»ێ هێناوە. مامۆستا تاهیر ئەحمەد حەوێزیش لە لاپەرە (65)ی «میژ ووی کۆیەدا باسی «ئەمرە پاشای کردووە، بەڵام نەیزانیوە کە کۆڕی عوسمان پاشایەو لە میرەکانی کۆیەبووە. بگرە عوسمان پاشایشی بە بابانی داناوە (ل55)و نەیزانیوە میرێکی کۆیەو بۆ قۆچ پاشابووە.

مامۆستا تاهیر ئەم زانیارییەی دوایی‌یانی لە محەمەد ئەمین زەکیی وەرگرتووە، لەکاتێکدا ناوبراو لە لاپەرە (73)ی کتێبـەکـەیدا (تاریخ سلیمانی) بە کۆڕی عوسمان پاشای میری سۆرانی لەقەڵەم داوە.

(25) قتل محمود پاشای بابان لە ساڵی (1198)ی کۆچیدا (1782 ـ 1783ی زایین مەحمـوود پاشـای بابـان بۆ ڕابەڕین لەدژی عوسـمانییـەکـان هێزەکـەی خۆیی لە دەربـەندی بازیان کۆکـردەوە، بەڵام ئیـبـراهیم پاشـای بابـان و چەنـدانێکی تـر لە بابانییان و بڕێك لە هێزەکە وازیان لە مەحمود پاشا هێناو چوونە پاڵ هێزی سـلێمان پاشـای والیی بەغدا. بۆیە هێزەکەی مەحمـود پاشـا شکـسـتی خۆیشی چووە دیـوی ئێـران و ،سـاڵی دوایی‌یش حوکمەتی زەند لە ناوچەی موکری کردیە فەرمانڕەوا. بەڵام بوداق خانی کۆڕی شێخ علی خانی فەرمانڕەوای موکری ڕازی نەبوو و کەوتـە شەڕوشـۆڕ لەگـەڵ مەحـمـوود پاشـاو کوڕەکـەی عەبدوڕەحمان پاشا. لەم سەرویەندەدا گوللەیێك لە مەحمود پاشـا دەکـەوێ و لە «ئەلتـەمـرە دەکـوژ ڕێ، عەبـدوڕەحمـان پاشـایش دەکشێتـەوە بۆ (سـەقـز)و، بوداق خانیش دڕێژە بە فەرمانڕەوایی‌یەکەی خۆی دەدا.

ئەم بوداق خانـە ئەو بوداقـەیـە کە چەنـد بەڵگـەنـامـەیێکی دەستنووسی لەبارەوە هەیەو بڕێنین لە چەند نامەیێکی هێندێك لە والیـەکـانی بەغـداو بڕێکی ئڕیان چەند بەڵگەنامەیێکی بەنرخی فەرمانڕەوای موکریانە (بروانە :ـ

دوحة الوزراء ،ص177 ـ 178 ـ حسێن حوزنی موکریانی، لابـەرەیـەك لە دیـریکی کوردستانی موکری، 1947،ل 6، 7 ـ عثمـان بن سندالبصري، مطـالـع السعـود، دەستنووسـە لە نامەخانەی وەزارەتی ئەوقاف، ص73).

(26) مەحمود پاشای کۆڕی ئەیمور پاشای کۆیە لە ساڵی (1196)ی کۆچـیـدا (1781 ـ 1782ی زایین): کاتێـك مەحمود پاشای بابان لەگەڵ عوسمانییەکاندا نێکچوو، ئەویش لەسـەر فەرمـانڕەوایی بابـان، لابـراو مەحمـوود پاشـای کۆیـە بەشێـوەیێکی ڕەسـمی کرایـە فەرمـانـڕەوای کۆیـەو حەریر. بەڵام چونکە کۆیە پێشتر لە ژێردەستی مەحمود پاشای بابانـدا بوو، پەلاماریداو مەحمـوود پاشای کۆیەی گرت و بەندیکرد. جاکە لە بەغداوە هێزیان بۆ شەڕی مەحمود پاشای بابان‌نارد، لەکۆیە کشـایـەوەو مەحـمـوود پاشـای کۆیـەی ئازادکـرد. بەڵام سلێمان پاشای والیی بەغدا جارێکی‌دی مەحمود پاشای کۆیەی نەکردبە موتەصەریفی کۆیەو حەریر، بەڵکە ئیبراهیم پاشای بابانی لەسەر ئەم کارە دامەزراند، بۆئەوەی بێ بەکۆسپێك لەبەردەم مەحمود

هەوڵنامەی کتێب

پاشای بابانداد. ئەوجا مەحمود پاشای کۆیەبشی هێنایەوە بۆ بەغدا.

سالی (1201)ی کۆچی (1786 ـ 1787ی زایین) مەحمود پاشای کۆیە لەگەڵ لەشکری بەغدادا بۆ لێدانی هێزەکەی حاجی سلێمان بەگی شاوی لە (فلوجە) چوو و لەشەردا بەدیل گیراو، پاشان بەرەڵا کرا. لەگەڕەمەی شەردا (بەکر بەگ)ی کۆیەبش کوژرا، کە دوورنییە خزمێکی بووبێ.

کە عوسمان پاشای برای عەبدوڕەحمان پاشای بابان لەسالی (1203)ی کۆچیدا (1788 ـ 1789ی زایین) لە فەرمانڕەوایی میرنشینی بابان لابراو لە بەغدا بەندکرا تا کۆچی دوایی کرد، ئیبراهیم پاشا لەلایەن سلێمان پاشای والیی بەغداوە لەجێی ئەو دانەدراو، مەحمود پاشایش کرابە موتەصەڕیفی کۆیەو حەریرو، هەر لەوساڵەدا کۆچی دوایی کردو، کۆیەو حەریر دران بە ئیبراهیم پاشا (بڕوانە: دوحة الوزراء، ص175، 176، 184، 190، 191 ـ عثمان بن سند البصری، مطالع السعود، ص73).

(27) تعمیری سلێمانیەو تخریبی قلعەچوالان لەسالی (1199)ی کۆچیدا (1784 ـ 1785ی زایین):

بێگومان گواستنەوەی پێتەختی میرنشینی بابان لەقەڵاچوالا ـ نەوە بۆ سلێمانی، لە زەمانی ڕەنجوریی شاعیردابووەو، ئەو مێژووەی شاعیر هێناویە بایەخێکی زۆری هەیە. ڕەنجوری ئەوەی ئاشکرا کردووە کە قەڵاچوالان سالی (1199)ی کۆچی پاش تەواو بوونی بنیادنانی سلێمانی، ڕووخێندراوە و خەڵکی کاریتەو دارەڕای خانووەکانی خۆیانیان لەوێوە بردووەو لە خانووی تازەی سلێمانیدا بەکاریان هێناون. تەنانەت پەنجەرەو دەرگای مزگەوتە کانیشیان نەهێشتووەتەوە. ئەوەتا چوارچێوەی دەرگای مزگەوتی شێخ ئەمین خان لەگەڕەکی سابونکەرانی سلێمانی هیی مزگەوتی قەڵاچوالانی ئەم بنەماڵەیە بووە.

(28) تەمر پاشای مللی:ـ باسی تەیمور پاشا لەزۆر سەرچاوەدا هەیە.

عبدالسلامی موفتیی ماردین لە کتێبە دەستنووسەکەیدا (تاریخ ماردین) زانیاریەکی تێرو تەسەلی لەبارەی تەیمور پاشاوە نووسیوە، چونکە خێڵی میللی یەکەم خێڵی دەستەڵاتداری ناوچەی ماردین بووە. لە لاپەڕە (314)دا عبدالسلام دەڵێ: سالی (1205)ی کۆچی (1790 ـ 1791ی زایین) سلێمان پاشای والیی بەغدا بۆ لێدانی تەیمور پاشا هاتە ناوچەی ماردین و چوارمانگی نێداماوە. سەرئەنجام تەیمور پاشا ڕای کرد و، پاش چەند ساڵێك چووەوە بەغدا بۆ لای سلێمان پاشاو، ئەویش داوای لەسوڵتان کرد لێی خۆش بێ و ببەخشێ. ئەمجا پلەی وەزیریی لەسالی (1215)ی کۆچیدا (1800 ـ 1801ی زایین). پێ درا.

جا ئەوەی کە ڕەنجوری دەڵێ تەمەر پاشا هاتووەتە کەرکووك، دەبێ لەو کاتەدا بووبێ کە چووە بۆ بەغدا، یان لە گەڕانەوەیدا بووبێ.

(29) محەمەد پاشای کوڕی مەحمود پاشای کۆیە:ـ ڕەنجوری نووسیویە ڕۆژی یەکشەممەی (26)ی مانگی شوالی سالی (1216)ی کۆچی (1801 ـ 1802ی زایین) «تنصیب»کرا واتە دامەزراو «تعیین» کرا. ئەم زانیاریە لە لاپەڕەی سێیەمدا هاتووە. بەڵام لە لیستەی چوارەمدا، لەباتی ڕۆژی یەکشەممە «الأحد» ڕۆژی (دوشنبە) واتە دووشەممەی نووسیوە و لەژێر ئەویشدا «9القعدة داخل کوتەی تۆمارکردووە کە لەوە دەچێ تەواوکەری گوزارە (عبارة) یێکی تربێ، چونکە ئەم دووخەتە گچکەیە وەك نیشانەی (=) لە پەنایدا نووسراوە.

شێخ ڕەسوڵی کەرکووکی لەبارەی محەمەد پاشاوە لە (دوحة الوزراء)دا نووسیویە، دەڵێ:ـ سالی (1116)ی کۆچی کە عەبدوڕەحمان پاشای بابان و سەلیم بەگی برای لە (حیللە) بەندکران، سلێمان پاشا محەمەد پاشای کردبە موتەصەڕیفی کۆیەو حەریرو پلەی پاشایەتیشی تێپشی پێ بەخشی. سالی (1220)ی کۆچی (1805 ـ 1806ی زایین) عەلی پاشای والیی بەغدا داوای لە محەمەد پاشاو عەبدوڕەحمان پاشای بابان کرد کە هێزی خۆیان بهێنێتە کەرکووك و لەوێ چاوەڕوانی ئەوین تاکو بۆ لێدانی خێڵی (عبید)ی لای خابوور (خابووری

کن رأس العین) بچن. ئەوانیش هێزی خۆیانیان هێنا، بەڵام چونکە ڕقیان لە یەکتری بوو، عەبدوڕەحمان پاشا محەمەد پاشای کوشت. عەلی پاشایش قینی لە هەردووکیان بوو، دەیویست قوناری بێ لەدەستیان، لەبەر ئەوە کە عەبدوڕەحمان پاشا بەهەموو شێوەیەک زەمی پاشای دەکردو شانازیی بە باوبیرانی خۆیەوە دەکردو، محەمەد پاشایش وای لێ هاتبوو ڕقەبەرایەتیی لەگەڵ عەلی پاشادا دەکردو بەردەنگاری دەبووەوە.

جا چونکە ئەو سەردەمە ئەوە نەبوو کە عەلی پاشا بتوانی بە ئاسانی شتێک بەرانبەر بە عەبدوڕەحمان پاشابکا، نامەیێکی پڕگلەیی بۆ نووسیو، کۆیەو حەریری خستە ژێر دەستەلاتیەوە. (بڕوانە: دوحة الوزراء، ص220 ، 228 ـ نامیر ئەحمەد حەویزی، میژووی کۆیە، ل 80).

پاش محەمەد بەگ ناوی یەکێکی دی لەم بنەماڵیە هاتووە کە ئەویش عوسمان بەگەو، کەرکووکی لە (ل 283)ی هەمان کتێبدا نووسیویە:

سالمی (1233)ی کۆچی (1817 ـ 1818ی زایینی) عوسمان بەگ و محەمەد عیسا ئاغا (ی کۆیەنجاقی) گەیشتە ئەو لەشکرەی کە داود پاشا فەرمانی دابوو بچێتە سەر مەحمود پاشای بابان (کوڕی عەبدوڕەحمان پاشا) ئەم لەشکرە کۆیەنجاقی داگیر کرد کە لە دەستی مەحمود پاشادا بوو و، حەسەن بەگی برایشی کە لێی هەڵگەڕابوەوە کرا بە موتەسەریفی کۆیەو حەریر. ئینجا نازانین حەسەن بەگ چی بەسەر محەمەد بەگەوە.

لەوە بەئاگاین کە پاش (شەڕی ئاوەگرد) فەرمانڕەوایی کۆیە ڕووخاوەو، جاروبار بەگەکانی کۆیەیش توانیویانە لەکاتی ناکۆکی نێوان بابانیان و عوسمانیەکاندا، دەستەلات بگرنە دەست.

تیرەی (بەگزادە) لەکۆیە ماون و، دەڵێن ئێمە لەنەوەی فەرج پاشاین. عەبدوڵڵابەگی کوڕی سەعید بەگ کە خاوەنی خانوویێکی نەخشداری کەلەپووریی گرنگ بووەو زۆرجار ناوی لە نووسینەکانماندا هاتووە، لەم بنەماڵیە بووە هێندێکیان لەزۆرەوە چوونەتە گردەمانک لەنار(گەردی)یان و، لە هەولێریش بڕێکیان لێ هەن پێیان دەڵێن وەیران بەگی.

سەرچاوەکان

1 ـ کۆمەڵەو لیستە میژووو ودەستنوسەکانی ڕەنجوری نامەخانەی وزارەتی ئەوقاف لەبەغدا نمرە (974)و (974/9 مجامیع) و (869/5 مجامیع).

2 ـ عبدالرحمن السویدی /حدیقة الوزراء في سیرة الوزراء. دانە بەکێ دەستخەتی دانەر لە نامەخانەی القادریە بغداد نمرە (س 1355)

3 ـ عثمان بن سند البصري /مطالع السعود دەستنوسی نامەخانەی وزارەتی ئەوقاف نمرە (5840).

4 ـ عبدالسلام الماردینی /تاریخ ماردین دانەیەکی وێنەکراوەیان لەسەر دانەی دەستنوس. (دارالکتب والوثائق القومیة) لە قاهرة نمرە (813).

5 ـ شیخ حسین ی قازی /سراج السالکین. دانەیەکی دەستنوس لەلای ملا عبدالله ملا محمد امین هەولێی لە بەغدا

6 ـ کومەڵە یەکی دەستنوس بەخەتی ملا محمد امین هەولێی لەلای ملا عبدالله کوڕی لە بەغدا

7 ـ دیوانی ڕەنجوری بلاوکراوی محمد علی قرەداغی

8 ـ نظمی زاده مرتضی افندی/ کلشن خلفا. موسی کاظم نورس لە تورکیەوە وەرگێڕاوە بۆ عەرەبی چاپی نجف 1971

9 ـ عبدالرحمن السویدی /تاریخ حوادث بغداد والبصرة لیکولینی د.عماد عبدالسلام رؤوف بغداد 1978

10 ـ شیخ رسول کرکوکی /دوحة الوزراء. موسی کاظم نورس لەتورکیەوە کردوویەتە عەرەبی چاپی بیروت.

11 ـ لونکریك/ اربعة قرون من تاریخ العراق الحدیث. جعفر الخیاط لە ئینگلیزییەوە کردوویەتە عەرەبی چاپی پێنجەم بلاوکراوی مکتبة التحریر بغداد.

12 ـ محمد امین زکی /تاریخ سلیمانی بەکوردی چاپی یەکەم 1939

13 ـ شیخ محمدی خال /البیتوشی. چاپی بغداد 1958

14 ـ شیخ محمد مردوخ/ تاریخ کردستان وتوابع ب ٢ چاپی دووەم.

15 ـ طاهر احمد حویزی/ میژووی کۆیە بەکوردی چاپی یەکەم 1962.

16 ـ شیخ محمدی خال /الشیخ معروف النودهي 1963

17 ـ ملا عبدالکریم /علماؤنا في خدمة العلم والدین 1983

تێبینی:

1 ـ ئەم گوتارەم لەیەك کات دا نەنوسیوە بەڵکو بەپێی بەینم نوسیوە.

2 ـ بڕای ڕونساکبیر کاك صدیق صالح پاکنوسی ئەم گوتارەی کردووە زۆرسوپاسی دەکەم.

پەرەسەندنی مێژوویی واتای ووشەو دەوری لە دەوڵەمەندکردنی زماندا

دوکتۆر نەسرین فەخری

هەوالنامەی کتێب

کەرەسەی زمان ووشەیە

بۆیە بۆ زمان گەیشتن

پێویستە لە ووشە بگەین

أ ـ ووشەی «دڵ ـ DIL

دڵ: ووشەو ناوێکی دیارو ئاشکرایە بۆ ئەوەی زیاتر تێبگەین و بیناسین، بشزانین کورد چۆن و چەند تێگەیشتووە، با بەناو زمانەکەماندا بگەڕێین و لە عاستی «دڵ» بوەستین لە هەر نموونەو شوێنەدا بەم شێوەیەی خوارەوە.

دڵ: لە ووشەی ناسادەدا

«داڕێژراو، لێکدراو»

دڵدار: ناوو ئاوەڵناوێکی داڕێژراوە: لە: دڵ + پاشگری «دار» کە بەواتای (خاوەن)ە پێکهاتووە.

پاشگری «دار» پاشگرێکی دیارو باوو ئاشکرایە لە کوردیدا بۆ نموونە سەرنج بدە. باڵدار (خاوەن باڵ ـ تەیرو تیوور، باڵندە، زامدار، عەلەمدار، بریندار، زماندار هتد..

دار ـ ناویشی بڕوانە

دار

ناو پاشگر بە واتای «خاوەن»

درەخت داری ووشك

(دارو درەخت)

(جووتە ووشە) داری سووتاندن

دڵدار ـ دڵداری: خۆشەویستی.

● دلاوەر: دڵڕەق.

لە: دڵ + 1 + وەر (پاشگرە)و دووبارە بە واتای (خاوەن) دێت پێکهاتووە. وەك: پاشگری (دار) بەڵام هەر یەکە لە شوێنی خۆیدا بەکاردێت. ئەمیش پاشگرێکی دیارو باوە، دووبارە سەرنجی ئەم نموونانە بدە: بەهرەوەر، سەروەر، جانەوەر، بەختەوەر، پەروەر هتد..

لە «دلاوەر»دا سەرنجی دەنگی (ل) بدە کە سووکە بۆ ئاسانی.

دڵزار: ناوو ئاوەڵناوە، بەواتای «غەمگین، غەمبار، بەئازار، پێکهاتووە لە: (دڵ + ئازار)و بووە بە (دڵزار).

2 ـ دڵ باغچە، لانەی دڵ، دڵ لانە..

کەواتە ئەم (زار)ە «زارەی ناوو پاشگر نیە، بەڵکو

جۆتە شێوەیەوە.

بڕوانە:

زار (ناو)

پاشگر باغچە

گوڵزار، لالەزاز

دەم

بێزار: بێدەم

بێزار: پەست

- دوڵبەر - (دڵبەر)، ناوو ئاوەڵناوە، لە (دل بردن)ەوە هاتووە

- دڵنیا: ناوو ئاوەڵناوە، دژی (دوو دڵ)ە، دڵنیای کردم.

- دڵشاد: ناوو ئاوەڵناو، پێکهاتووە لە:

دڵ + شاد دڵ شاد: ئەمرۆ دڵی شادە

دڵشاد: دڵشاد دڵ شاد نیە

دڵخواز: بۆ کەسێک یان شتێکە کە دەچێتە دڵەوە، خۆشت دەوێت، حەزی پێ‌کەیت، پێکهاتووە لە:

دڵ + ڕەگی فرمانی خواستن (خواز) = ناوو ئاوەڵناوی لێکدراو، دڵخواز، دڵخوازە.

- دڵبەر: دڵخواز.

- دڵۆفان: دۆست، خۆشەویست، دڵدار، (دڵوان) (خاوەن دڵ).

دڵارام: دڵ + ئارام (ئارام. . سەروەت. . سەبر، ئارام گرتن دان بەخۆدا گرتن. بووە بە دڵارام: بۆ کورتی و ئاسانی لەپاڵ سووک کردنەوەی دەنگی (ل)ە کەش.

هەروەک لە (دوڵبەرو دڵارەن)دا.

دڵەکەڵەشێر: ناوە بۆ جۆرە ترێیەکی سپی دەنک درێژی، بنک ئەستووری، سەرباریکە، ناوی بچووکی تێدایە.[1]

دڵارا: بۆ شوێنێکی دڵگیرە کە دڵی تێدابکرێتەوە. لەوانەیە، (دل ئارا) بێت.

هتد. . . . .

دڵ - لە ئێدیۆم و زاراوەدا

دڵپاک: (دل پاك) (دڵپاکی): هیچی لە دڵدا نیە، یان هیچی لە دڵدا نامێنێت، ناوو ئاوەڵناوە:

دڵ + پاك دڵ پاك

دڵپاك

مرۆڤ کە دڵی پاك بوو لێی مەترسە.

دڵپاك بەراستی دڵی پاکە.

دڵ پیس: بە گومان، دژی «دڵپاك»ە.

دڵ پیسی: گومان کردن.

دڵ پیس کردن: گومان پەیداکردن دەربارەی کەسێك، دڵی لێ پیس کردووە: کەوتۆتە گومانەوە لێی.

دڵ نەرم: دڵی زۆر نەرمە، زوو رازی دەبێت و ئاشت بەبێتەوە. دژی «دڵ ڕەق».

دڵ ڕەق: بڕوانە: سەرەوە: دڵ نەرم - دژی یەکن، بەئاسانی نەرم نابێت، دڵ قایمە: دڵی ناسوو‌ێت، بێ‌ڕەحمە.

دڵ قایمە: هاو مەبەستی (بەجەرگ)ە.

دڵ ناسك: (حساس) خاوەون هەستێکی ناسك، زوو زوێردەبێت زوو هەست بە هەر شتەو هەر قسەیە دەکات.

دڵگیر: دڵگیر، بۆ دوو واتای دژ بەك بەکاردێن لە: (دڵ گیران)ەوە هاتووە. بڕوانە:

دڵگیر

زیر، غەمگین، پەست

دڵم، یان سەردڵم گیراوە

ئەم شوێنەخۆشە

هەوالنامەی کێشە

دڵ گیرە (دڵ دەکاتەوە

دڵ تەنگ: دڵگیر، پەست، غەمگین، دژی دڵخۆش.

دڵ خۆش: دڵخۆش، ناوو ناوەڵناوێکی لێکدراوە بەواتای، شادو بەکەیف، دژی دڵ تەنگ دێت.

دڵ گران: دڵگیر، عاجز، دڵ تەنگ. مرۆڤ کە پەست دەبێت هەست بەقورسایی یەك دەکات لەسەر دڵی و هەموو لەشی دادەگرێت.

دڵ بەسنە:[2] دڵبەند، بۆ شتێکە ئارەزوو بکرێت، بچێتەدڵەوە ئەو کەسە دڵی پێوەبێت.

دڵ تەر: بۆ کەسێکە حەز لە کەیف و سەفاو شتی جوان بکات، (دڵتەر - تەرپۆش)یش دەگرێتە.

دڵپر: دڵ پربوون. لە داخا، لە قینا، لە زۆر خواردن، دڵم پربووە، زۆرم خواردو خواردنەکە سەر دڵی گرتووم دڵی پربووە: قوڵپی گریانی دێت، گریان گرتوویەتی.

دڵی لێی پربووە: لێی کەوتووە بە قینا.

یان نیشانەی رشانەوەیەو لەوانەیە برشێتەوە.

دوو دڵ: دوودڵە، دژی دڵنیایە، بەگومانە.

دڵ رفێن: دڵگیر، دەچێتە دڵەوە، لە (رفین و فرین) یەکن و جیاوازیکی لە دەنگەکاندایە. دڵی بۆی هەڵ ئەرفێ لە خۆشییاندا..

دڵ سارد: دڵسارد دوو دڵ، دژی دڵ گەرم، دڵی لێی سارەدە، دڵی ساردبۆتەوە لەو کارە، واتا: بەدڵی نیە، لێی پەشیمانە.

دڵساردی: بەرانبەر (بەکەس یان شت)ە.

دڵ گەرم: دژی (دڵ سارد)ە، بڕوانە سەرەوە.

هەروەها، دڵساردیو دڵ گەرمی.

دڵ رەش: دڵ رەق و دڵ پیس، دژی دڵ نەرم و دڵپاك.

دڵ ڕوون: دڵ خۆش، دڵم روون بۆوە گەشایەوە.

دڵ گران: دڵگیر، پەست.

دڵ فراوان: دڵ گەورە.

دڵ راگرتن: دڵ نەشکاندن، دڵ کردن. دڵی ڕابگرە: دڵی مەشکێنە.

بێ دڵی نەکردن: دڵ راگرتن: بڕوانە سەرەوە.

دڵ بردن: دڵبردن تێکچوونی دڵ بە هۆی خواردنەوە.

هەنگوینەکە دڵی بردن، گرو کزەکز لە دڵەوە هاتن.

پێ خواردن (ئیشتیهاکردن)

حەزلێ کردن (خۆش ویستن).

دڵ نەبردن: پێ نەخواردن. پێم ناخورێت، واتا: دڵم نایبات، یان ئەو کەسە تێرە، یان (ئیشتیهای نیە).

دژی: (دڵ بردن).

دڵ مردوو: بۆ گەنج و تەمەن کەمێکە، کە دڵی بەدنیاوە نەبێت و حەز لەشتی جوان و خۆش نەکات. دیارە زەمانە دڵی ڕەنجاندووە.

دڵ ڕەنجاو: دڵ شکاو، دڵ ڕەنجان - دڵ شکان، زوێربوون دڵ ڕەنجاندن. دڵ شکاندن، زوێرکردن (تێپەڕو تێنەپەڕن.

دڵەڵەرزی: دڵی کەوتە لەرزین. دڵی کەوتۆتە ترسەوە، مەترسی دای گرتووە، (دڵەکوتێ)ی پێ کەوتووە لە ترسانا، دڵی دەلەرزی - زیاد لە سنووری خۆی لێدەدات، کوتەکوت دەکات کە ئەنجامی نەخۆشیشە.

دڵ تێکەڵ هاتن: دڵ بەیەکاهاتن، بۆ کەسێکە کە ئەو خواردنەی خواردوویەتی نارەحەتی دەکات و دەیەوێت هەڵی - بهێنێتەوەو ناتوانێت، یان ئەگەر چاوی بەشێکی پیس کەوت یان بۆنی شتێکی پیسی کرد دەست دەکات بە قرپ وقوپ و دڵتێکەڵهاتن.

دڵ بەیەکاهاتن: بڕوانە دڵ تێکەڵ هاتن.

دڵ خاوبوونەوە: سست بوون و تێکچوونی دڵ، نیوە لە هۆش خۆچوونێك.

سەردڵ کەوتن: دڵ پڕبوون بە هۆی زۆر خواردنەوە، یان خواردنێك کە پێت نەکەوێت، مەبەست نارەحەت بوونی دڵە بە هۆی پڕبوونی، (معدة)وە.

دڵ پێداچوون: چوونەدڵەوە، حەزکردن لە شتێك، یان خۆش ویستنی کەسێك، هاومەبەستی (دڵ پێوە بوون)ە.

دڵ پێوەبوون: بڕوانە سەرەوە: دڵ پێداچوون.

دڵ لەخۆداماڵین: دڵ بەخۆسووتان، بەزەیی بەخۆداهاتنەوە، بۆ کەسێکە کە هەست بە جیاوازی و (مەغدوور) بوون بکات.

دڵ بەخۆسووتان: بڕوانە سەرەوە (دڵ لەخۆداماڵین).

دڵ لەخۆچوون: بێهۆش بوون، بێهۆش کەوتن، لەهۆش خۆچوون، بوورانەوە، دڵ ساردبوونەوە.

دڵ ساردبوونەوە: بڕوانە دڵ لەخۆچوون - دەشگوترێت: (لەخۆچوون).

بڕوانە «دڵ ساردی»ەش.

دڵ ئازاردان: دڵ ڕەنجاندن، دڵ شکاندن، دڵ برێندارکردن، کەسەرخستنەدڵەوە، بەو کەسەش دەگوترێت:

دڵزار (بڕوانە - دڵزار - لە سەرەتایی باسەکەدا).

دڵ کرمن: دڵ پیس، بوغز لەسك، قیناوی، بەدگومان.

دڵ کرمۆڵ: دڵ کرمن - هەردووك یەکن.

دڵەراوکێ: دڵ + راو + پاشگری (کێ).[1]

دوو دڵی کردن، دڵنیانەبوون، دڵی لە ئەگەرو نەگەر دایە. بیکات یان نا، (چاوڵەدەر)یش.

دڵەکزێ[2]: یان، دڵەکزە: جۆرە دڵ تێکچوونێکە، یان دڵ - بەیەکداهاتنە، بەتایبەتی ئەنجامی زۆر شیرینی خواردن، دڵ کزەکزی پێدەکەوێت، دەسووتێتەوە، گڕی لێدەبێتەوە. بڕوانە (دڵ بردن).

دڵ کورکان:[3] دڵ لێدان بۆ شتێك، حەزو ئارەزوو کردنی.

دڵ کرانەوە: دڵ خۆش بوون. کە دیم دڵم کرایەوە، کە دەبینم دڵم پێی دەکرێتەوە (فەرەح بوون).

دڵ سووتان: یان دڵ پێسووتان: بەزەیی پێدا هاتنەوە، دڵ پێسووتان: دڵم پێی دەسووتێت.

دڵ سووتان - جگەرسووتان.

دڵ سووتاو: جگەر سووتاو، بۆ کەسێکە خۆشەویستێکی یان منداڵی بمرێت. زیاتر بۆ (منداڵ) بەکاردێت.

دڵ شکاو: دڵ ڕەنجاو. کۆست کەوتوو، بەدڵی شکاوەوە سەری نایەوە، یان حەرامە دڵی مەشکێنە.

دڵ بەجێهێنان: بەجێهێنانی ئارەزووی کەسێك، یان ئاشت کردنەوەی.

بەجێهێنانەوەی دڵ: ڕازیکرن و ئاشت کردنەوەی پاش زێزبوون و دڵ شکانی لەبەر هەر هۆیەك بێت، ئەمەش هاومەبەستی نموونەکەی سەرەوەیە، یان هەر خۆیەتی و تەنیا ئاڵوگۆڕکراوە لە نێوان شوێنی ووشەکاندا. یان دڵ هێنانەجێ.

دڵ ئاوڕشێن کردن: دڵ ئاودان، دڵ خۆش بوون و کرایەوە، خۆشی کەوتنەدڵەوە، دڵ گەشانەوە.

دڵ ئاودان: دڵ ئاوڕشێن کردن. بڕوانەسەرەوە.

دڵ ئاوخواردنەوە: (1) دڵنیابوون، حەسانەوەو هەست کردن بە ڕەحەتی ئەنجامی باوەڕکردن بەشتێك لێی بەگومان بوو، ڕزگاربوونی ئەو کەسە لە دوو دڵی.

2) ئیراحەت کردن ئەنجامی هەق وەرگرتنێك

یان تۆڵە وەرگرتن.

دڵ ئاوەدان: دڵ فراوان، دڵ کراوە، وریاو هۆشیار.

دڵ خۆشبوون: شادمان بوون. بروانە دڵ خۆش.

دڵ خۆش کردن: چاوگێکی لێکدراوو تێپەڕی (دڵ خۆش بوون)ە یەکێك یەکێکی کە بخاتە خۆشییەوە، دڵی خۆش بکات.

دڵ خۆشی دانەوە: دڵدانەوە، بەسەریەکێکدا هاتن، لاواندنەوەی.

دڵ وەستان: دڵ لەکارکەوتن، لەڵێدان کەوتن، (مەرگی مجافاة)یشی[4] پێ دەڵێن (السکتة القلبیة).

دڵ تۆقین: دڵم تۆقی کرد - تەقی، شەقی بردە، لە خەفەتانا یان لە رقانا، یان لە ترسانا، بڕوانە: دڵ تۆقین.

دڵ تەقین:[5] شەق بردن. بڕوانە: دڵ تۆقین و دڵ تۆق کردن.

دڵ کەوتنەخوارەوە: داچڵەکین، ترسان. ئەنجامی کارێك، یان خە بەرێکی ناخۆش و لەپڕ.

دڵدانەوە: بڕوانە دڵ خۆشی دانەوە.

دڵ سەندن: دڵدانەوە، دڵ خۆشی دانەوە.

دڵ داکەوتن: دڵ داخوارپان، داچڵەکین لە ترساندا بڕوانە:

دڵ کەوتنەخوارەوە.

دڵ داخورپان: بڕوانە سەرەوە: دڵ داکەوتن.

خورپەلەدڵەوە: بڕوانە: دڵ داخورپان.

هاتن

دڵەخورپێ: دڵ داخورپان.

دڵەتەپێ: دڵەخورپێ.

دڵ نەوایی کردن: دڵ نەوایی، دڵدانەوە، ئاشت کردنەوە.

هتد

سەرنجی ئەم نموونانەش بدە کە لە شێوەی رستەدایە

- دڵی بەهیچ ناکرێتەوە: ئەوەندە پەست و بێزارە.
- کەسەری[6] خستە دڵیەوە: دڵی بریندارکرد، دڵی شکاند.
- داخ چووە دڵمەوە: بۆ کەسێك لە خەفەتاندا ئاگر لە دڵی بەربێت جا بۆ بۆشتێکی یان کەسێکی خۆشەویستە کە زیانی پێگەیشتنێت وەك ئاگر بنێت بەدڵیەوە وایە.
- دڵ لەدڵ مەدە: بۆ کەسێك گومان لە کەسێك بکات، یان بڕوای پێ گەم ببێتەوە، کە هی ئەوە نەبێت.
- قەد دڵی پیرنابێت: چاوی تێر نابێت، زۆر حەزی لە دنیایە، بەکەیف وزەوقە. ئەمەش بۆ کەسێکە کە بەتەمەن بێت و وەك کەسێکی تەمەن بچووك و لاو بجوڵێتەوە. بەپێچەوانەی: دڵ مردوو.
- هیچی بەدڵ نیە: هەرچی بۆ بکەیت هەر نارازیەو (شوکرانەی خواناکات).
- هیچی لەدڵانیە: ئەوەندە دڵ ساف و فراوان و پاکە.
- قین لەدڵە: بەپێچەوانەی (هیچی لە دڵانیە)یە - بوغز لەزگە، دڵ پیس و ڕەشە.
- دڵی بەبەریەوە نەماوە: زۆری دەردو مەینەتی دیوەو کێشاوە، ئیتر لەوە زیاتر لە توانایا نەماوەو بەرگەی خەفەتی تر ناگرێت.
- وەك نەشتەر دای لەدڵم: بۆ خەبەرێك یان قسەیەکی ناقۆڵاو جەرگە بڕە.
- دەچێتە دڵەوە: ببینی خۆشتا دەوێت، ئارەزووی دەکەیت، بۆشت و بۆ کەسە. بەپێچەوانەی ناچێتە دڵەوە.
- دڵی بەدنیاوەیە: حەزی لە دنیا - هێشتا تێری نەخواردووە لە دنیا، چاوی لە دنیایە، هێشتا

هەوالنامەی کێبڕکێ

گەنجە، چاوی لە دنیابوو، دڵی بەدنیاوە بوو.
پێش وەخت کۆچی کردو دنیای فانیی
بەجێ هێشت، جوانە مەرگ بوو، رەنجەرۆبوو.

- بەدڵ شکاوی سەری نایەوە واتا: بە عەزرەتەوە مرد، خۆشیی نەدی لە دنیاو لە ژیانی.
- بەهیچ شتێك دڵی ئاو ناخواتەوە: قەد دڵی پاك نابێتەوە.
قین لە دڵە، بوغز لە زگە.
هتد....

دڵ لە هەندێك (پەند)دا

- دڵ ئاوێنەی دڵە.
- دڵ وەك شووشە وایە کە شکا دەشکێ (ناچێتەوە جێی خۆی).
- سەرکزی دڵ وریایە - پەندو ئیدیۆمە.
- دڵی من سوڵتانە، کەتە مانی وانە، چەند رەشەو چەند جوانە.[30]

بروانە ئەم نموونانەش کە بە دوو جۆر لێك دەدرێنەوە، بەپێی کەس و شوێنی بەکارهێنانی:

- د،لی دڵ نیە ئەوەندە ناسکەو زوو زوێر دەبێت.
ئەوەندە رەقە بەهیچ نەرم نابێت.
- با بە دڵی نەبێت: بزانە چی تاك پێ دەکات.
بزانە چیتان پێ دەکات.
با بە دڵی بێت: بزانە چۆن دەیکات.
بزانە چی دەکات.
دوا شت (دڵ) لەم چەند دێرە شیعرەدا:

1 - ئاخۆ بە چ شاخێکەوە گیرساوە دڵی من؟!
یاخۆ بە چ داخێکەوە سووتاوە دڵی من؟!
2 - دڵ لە دەردی وەتەن شەوقی نەماوە.
وەك کەوی ناوقەفەس عەشقی شکاوە..

سەرچاوەکان:

1) - خاڵ - فەرهەنگی خاڵ.
2) - خاڵ - پەندی پێشینان..
3) - عومەر دەشتەکی - پەندی کوردی.
4) - ئەوەی دەیزانم و کۆم کردۆتەوە.

پەراوێزەکان

1 - پاشگری (گێ): لە کوردیدا ئەم پاشگرە لە گەڵێك شوێن بەرچاو - دەکەوێت بۆ نموونە بروانە.
چاوێرگی: چاو + بر - (ڕەگی چاوك و فرمانی برین).
کە جۆرە سەیر کردنێکە، بچڕپچڕە، چاونووقاندن و کردنەوەی لەسەریەك.
سەرەتاکێ: ئەمیش دووبارە بۆ جۆرە سەیرکردنێکە بەسەر هێنانە پێشەوەو خستنەوەی لەسەر یەك، بۆ نەبینین و هەست پێ نەکردنی.
گاگوڵ کێ: جۆرە ڕوێشتنێکە بۆ منداڵی تازە پێ گرتوو، کە خەریکە پێ دەکرێت، دووبارە ڕوێشتنێکی ناتەواوە.
دڵەڕاوکێ: دوو دڵی، بۆ دڵێکە لە ئەگەرو نەگەردا بێت (سەرنج بدەن لە هەموویاندا جووڵەیەکی یان کارێکی بچڕپچڕە.
یان سەیرکردنێکە بەم جۆرە)..

هەوالنامەی کچێ

هەروەها:

هەڵپەرکێ: هەڵ + پەڕ (ڕەگی چاوگ و فرمانی - پەڕین - هەڵپەڕین + کێ).

حەماموکێ، چاو شارکێ: دوویاریی منداڵانەن. هتد..

2 - سەرنجی ووشەی (دڵ) بدەن لە گەلێک نموونەدا، لە جێگەی (معدة) بەکارهاتووە. هەروەک لە عەرەبیدا (نفس) بەکاردێت دڵم تێکەڵ دێت - نفسی تلعب) هتد.. بۆ سەرنج.

3 - کورکان - دڵەکورکان - کورکە کورک - ناوی دەنگەو بۆ جۆرە گریانێکی نزمە وەک نووکەنووک وایە، دەڵێن: هەر کورکەکورکێتی، هەر دەکورکێنی: بەتایبەتی بۆ منداڵی بیانووگر بەکاردێت تا داواو ئارەزووی بهێنرێتە دی، چونکە نایهێنرێتەوە تابێزارت دەکات..

4 - مەرگی مجافاة (مجافاة - لە - جفاء - وە نەهاتووە، بەڵکو - مفاجاة - وە هاتووە - واتا - لەپڕ - مردنی لەپڕو لەناکاو.

5 - تەقین و تۆقین - هەڵتۆقین - ئاوسان و کیف کردنە، کە لە ئەنجامدا دەتەقێت ئەو شقە. واتا - هەڵتۆقی و تەقی.

بۆ دوومەڵ، بریندێک ئاو دزی کردبێت، یا کیسەیەک زیاد لە توانا فووی تێبکرێت یان پربکرێت.

6 - کەسەری خستە دڵیەوە - (کەسەر) لە (کسر)ی عەرەبییەوە هاتووە.

7 - بەعەزرەتەوە سەریٚنایەوە - (عەزرەت) لە (حسرة)ی عەرەبییەوە چۆتە کوردییەوە.

ب - ووشەی (زمان Siman)

زمان

زاراوە لغة Language

ناو اللسان Tongue

1 - لە کوردیدا بەم جۆرەش لە عەرەبیدا ووشەی (زمان) «اللسان» وەک زاراوە بەکاردێت بۆ گفتوگۆو قسەکردن، بۆ لەیەک گەیشتن. کەواتە «زمان رووداوێکی کۆمەلایەتییە»و کە دەڵێین زمانی کوردی واتا زمانی کۆمەڵی کورد، هەروەها «زمان گرنگترین نیشانەی نەتەوەیە» بەم جۆرەش «لسان العرب» = «لغة العرب» زمانی قسەکردن و خوێندن و نووسین.

2 - زمان: ناوە بۆ ئەو پارچە گۆشتە دیارو ئاشکرایەی کە وا لە دەمدا، کە بەکاردێت بۆ قسەکردن و خواردن و چەشتن و بۆ ئەم دیوو ئەو دیوکردن بە پاروو‌ش.

زاراوەی «زمان» لە ناوەکەوە وەرگیراوە چونکە بە هۆیەوە هەست و نەبەست و بیرویاوەڕو هەرچی هەیە دەردەبڕرێت، هەر لەبەر ئەمەش بووە بە ناوو زاراوە بۆ ئەو رووداوە لە کوردیو عەرەبیدا کە پێی‌دەڵێن «من باب اطلاق الجزء علی الکل» «ناونانی گشت بە ناوی بەش» «زمانی ناوی بەشێک لە گشت» بە هۆی ئەو پەیوەندییەی هەیە لە نێوانیانداو دەبان بەستێت - پێکەوە..

زمان - زبان - زوان: بە هەر سێ شێوەکەی بەکارهاتووە لە کوردیداو بەکاردێت بە پێی زاراوەو ناوچە. لە فارسیدا (زبان)، دوورنیە کاری ئەو زمانە بێت.

(زمان): لە ووشەی دارێژراوو لێکدراودا

---

1 - زمانەوان = زمان + ە + پاشگری (وان)[1] = ووشەی دارێژراو. بە واتای خاوەن زمان = سەربەزمان = شارەزا = پسپۆر «عالم لغوی - متخصص» «Linguist»

زمانەوانی: علم اللغة «Linguistic»

2 ـ زانای زمان: زمانەوان = هاومەبەست.

3 ـ زانستی زمان: بڕوانە «زمانەوانی» لەسەرەوە.

4 ـ زمانناس «زمان + ناس» (ناس: ڕەگی چاوگ و فرمانی تێپەڕی ـ ناسین ـ ە) = ناوو ناوەڵناوێکی لێکدراوە. بۆ کەسێکە زمان بناسێت، لە زمانی خەڵک بگات، شارەزای زمانیانە، یان شارەزای زمانەو ئاگاداری دەستوورو زانستەکەیەتی.

5 ـ دەستووری زمان = ڕێزمان.

6 ـ ڕێزمان ـ بڕوانە «دەستووری زمان».

7 ـ زمانزان (زمان + زان ـ ڕەگی چاوگ و فرمانی تێپەڕی زانین) = زمانزان زمانەوان ـ لغوی (زاراوە)

چەند زمانێك دەزانێت ـ ناوەڵناوی لێکدراو زمانناس.

لە چەند زمانێك دەگات.

8 ـ زمانە ـ

زووانە = «سەری دارێکی لەلەکراوی دادراوە بۆ ئەوەی زبانە

بکرێت بە کونی دارێکی تردا، هەروەها ئاسنێکی باریکە لە ئاوزوونەدا دەچێ بە کونی قایشا، بڵێسەی ئاگرەیشە.

9 ـ زمانە بچکۆلە: پارچە گۆشتێکی باریکە لە قورگدا. لە زمان دەچێت (لسان المزمار).

10 ـ زمانمەلیچك: «تووی دەختی بناو».

11 ـ زمان گرتن: (1) بۆ منداڵێك کە دێتە زمان، یەکەم جار دەست دەکات بە قسەکردن، زمانی دەکرێتەوە.

(2) ـ قسەکردن بەبێ شەرم، زمانی گرتووە = بێ بیرکردنەوەو بێ پەروا قسەدەکات، زمانی درێژ بووە.

هتد.....

زمان لە هەندێك ئیدیۆم و زاراوەدا:

---

1 ـ زمان پاك: زمانی پاکە، قسە جوان و ڕێك وپێك، قسەی ناڕەواو ناشیرین ناکات، ناوە کەس نابات بەخراپی، زمانی خۆی گرتووە.

زمان پاکی: زمانپاکی بەرزیی خاوەنەکەی دەردەخات.

2 ـ زمان پیس: دژی زمان پاکە ـ بۆ کەسێك بەکاردێت کە جوێن فرۆش و قسە ناقوڵایە، لە قسەی ناشیرین بەوڵاوە هیچی‌تری لەدەم نایێتە دەری.

زمان پیسی ـ دژی ـ زمان پاکی ـ یە.

3 ـ زمان لووس: دەزانێت چۆن قسە بکات و کاری خۆی ببانەسەر، بەزمان گاڵتە بە خەڵك دەکات، زمان خۆشە.

4 ـ زمان خۆش = زمان لووسی: بەزمانی خۆش مار لە کون دێتەدەرەوە.

5 ـ زمان شیرین: بڕوانە زمان خۆش. لەگەڵ منداڵەکە بە زمانی خۆش و شیرین بجووڵێرەوە.

6 ـ زمان تاڵ: دژی (زمان شیرین)ە.

7 ـ زمان درێژ: زمانی درێژە: بۆ کەسێکە لە سنووری خۆی بچێتە دەرەوە، شەرم و گەورەیی لێك نەداتەوە، زۆر بڵێیەو زۆر لەسەر قسە دەروات، هارە لە زماندا، زمانێکی پیوەیە هەر نەبێتەوە. زمان درێژی.

8 ـ زمان کورت: دژی: زمان درێژە. بۆ کەسێکە کە لەبەر هەر هۆیەك بێت نەتوانێت لەسەر قسە بڕوات، دەم کوت ـ بکرێت.

9 ـ زمان شڕ = دەم شڕ = زۆر بڵێ = دەم دراو.

ئەوەی زۆریش بڵێت: چاکیش دەڵێت و خراپیش.

:1 ـ زمان بەد = زمان شڕ، زمانبەدی.

11 ـ زمان دڕ: زمانی دڕە = دەم هارە، زمانی شڕە،

هەوالنامەی کێبی

توندوتیژه له زماندا، زمانی ئەوەندە تیژودرە ئەڵێی نەشتەرە.

12 ـ زمان بەرباد: زمان بەد، زمان شر.

13 ـ زمان گیران = زمان شکان، لاڵ بوون، دژی زمان گرتن.

14 ـ زمان شکان: زمان گیران بڕوانە سەرەوە، زمانی شکاوە: لە قسەکەوتن: بەهۆی نەخۆشییەوە یان ترس، کە کوشندەو قورس بێت.

15 ـ زمان گەستن: پەشیمانی گرتن، پەشیمان بوونەوە، خەفەت خواردن بۆ شتێك کە لەدەست چووبێت.

16 ـ زمانباز: درۆزن، تەڵەکەباز. (زوانباز).

17 ـ زمان بەست: دەم بەست (زوانبەس).

18 ـ زمان بەستە: گیانداری بێزمان، بەسزمان.

19 ـ بەسزمان: خۆی (بەستە زمان)ەسەرنجی رووالەتی بدە). زمانی لە دەمدا نیە. دژی زماندارو زمان درێژە.

20 ـ زماندار: دژی (بەسزمان)ەو هاومەبەستی: دەم هەراشە.

21 ـ زمان کێشان: بۆ کەسێکی زۆر تینووە یان ماندوو و تینووە. دەڵێن: وەختە زمانم بشکێت لە تینوواندا.

22 ـ زمان شکان: بڕوانە زمان کێشان و (زمان شکان) لەسەرەوە بۆ بەراوردی کردن، زمان شکان لە قسەکەوتن لە عەزرەتانا بەڵام زمان کێشان بەتایبەتی منداڵ زمانی دەردێنێت، پیشانی دەدات واتە داوای ئاو دەکات، گەورەش لەم حاڵەتەدا وای بەسەر دێت.

23 ـ زمان بەرەڵلا: دەم شر، زمان درێژ، زمانی زۆر بەرەڵلایە، چەنەبازە، هەرچی بەزمانیدا بێت دەیڵێت بێبیرکردنەوەو بێشەرم.

24 ـ زمان بڕاو: زمانی بڕاوە، بۆ کەسێکە (نق لەخۆی ببڕێت) لەبەر هەر هۆیەك بێت.

هاومەبەستی: دەم کوت ـ بووە، زمانی نیە، هەروەك زمانی بڕرابێت وایە لە بێ دەنگیدا. دژی زمان درێژو زمان بەرەڵلایە.

25 ـ زمانی بۆ نەخولقاوە: بێزمانە، بڕوانە (زمان بڕاو).

26 ـ دوو زمانە: دوو رووە، وەك وایە بەروو پشتی بۆ نیە، جێبڕواو متمانە نیە.

روو بە روو دەم چەور

پاشە مەلە دەم تەور

27 ـ زمانی ئەڵێی نەشتەرە: زمان شرە، زمان درە زمان تیژە.

28 ـ زمانی لە دەمدا نیە: بڕوانە، زمانی بۆ نەخولقاوە.

29 ـ زمانی لەتەك سەریا بازی دەکات: چەنەبازە، زۆر بڵێیە، نازانێت بێدەنگ بێت.

30 ـ زمان درێژی دەست کورتە: بێدەسەڵاتە، هەر قسەی پێیەو بەس، هیچی لەدەست نایێت.

31 ـ زمانی زمان نیە: زۆر هارو هاجە، کەس دەرەقەتی ـ نایێت.

32 ـ زمانم بوو بە پەڵاس ـ لە ماندوو بوونداو دەم هیلاك بوون.

33 ـ بە زمانی شێر ئەکا بە رێوی: (شێر ئەکاتە رێوی) زمانبازە، زمانی خۆش و شیرینە.

زمان: لە هەندێك پەندو قسەی نەستەقدا:

1 ـ زمان بەڵای سەرە.

یان، زمانو بە لە گیانو.

2 ـ زمان بوەستێت سەر رەحەتە؛

یان: ئەگەر زمان بیەڵێت سەر رەحەتە.

3 ـ سەر ووتی بە زمانی.

هەتاکو تۆم جیرانی رەحەتیم نابێ لە گیانی

یان رەحەتیم نین لە گیانی.

هەوالنامەی کێش

4 ـ زمان سەرت نەبڕم ئەبڕی سەرم
5 ـ بە زمانی خۆش مار دێچێتە کونێ.
یان: زمانی خۆش مار دەبەتە کونێ.
6 ـ بە زمانی خۆش مار لە کون دێتە دەرەوە
بەپێچەوانەی ژمارە (5 ـ پێنج) بەڵام هەر دوولا لەسەر (زمان خۆشی) وەستاوە.
7 ـ ئەگەر زاڵ نەبی بەستەزمان ئەبێ.
8 ـ ژێر بەندە زبان، ژێر دیزە ئاگر واتا:
زمانی مرۆڤ وەك ئاگری ژێر دیزە وایە.
9 ـ سەگ زمانی بگاتە بربنی خۆی چاك ئەبێتەوە.
10 ـ زمان بڕیە سەر فەحسیایە.
12 ـ بووکی زمان نەبوو، خەسووی ئیمان نەبوو.
13 ـ زمانی شیرین لە بە هەشتی هاتییە.
14 ـ زمان پارێزگارتە، ئەگەر پاراستت دەتپارێزێ.
15 ـ زمانی سۆر درۆیی ناکا.
16 ـ نانت جوێین بێ و خولقت گەنمین بێ: واتە زمانت خۆش بێت.

زمان لە هەندێك هونراوەدا:
زێوەر دەڵێت:
وای ووت کە کەوتە ئەو موسیبەتە.
«زمان بوەستێ سەر بە رەحەتە».
پیرەمێرد دەڵێت:
دەردی جوانییە پێوەندی پێ گوڵ
«بەڵای زمانە قەفەسی بولبول.

زمان لە مەتەڵدا:

ئەم لا دیوار ئەو لا دیوار تیایەتی سەگێکی هار
(سەگی هار = زمان) کە دڕبێت نەك نەرم و قسەخۆش

زمان لە هەندێك دووعادا
1 ـ زمانت بڕن.
2 ـ زمانت بەبرین چێت.
3 ـ دەك لاڵ بێت، زمانی شکێت.
گشتیان بۆ کەسێك بەکاردێت کە هەڵەو هەڵەشی بکات و ئەوەی نابێت بیڵێت و بیدرلێنێت بڵاوی دەکاتەوە، کەواتە دووعایە لەو کەسە نەك بۆی.

سەرچاوەوە پەراوێزەکان:

پەراوێزەکان
پاشگری (وان) پاشگرێکی (ناوی)ی کوردیی دیارو باوە بەواتای (خاوەن) دێت، بۆ ناوو ئاوەڵناو بەکاردێت وەك:
مەلەوان، پاڵەوان، ئاشەوان، کاروان، گاوان هتد...
2 ـ زبانە ـ زبانە ـ چۆنە عەرەبییەوە بۆ هەمان مەبەست بە گشتی.

سەرچاوەکان:

---

1 ـ ژ (8) و (10) خاڵ ـ فەرهەنگی خاڵ.
2 ـ پەندی پێشینان لە شیعری کوردیدا. کریم شارەزا.
2 ـ زێوەر شاعیر.
3 ـ پیرەمێرد.
4 ـ ئەوەی خۆم بە درێژی کات و توانا کۆم کردوونەتەوە لە قسەی ئەم و ئەو، لێرەو لەوێ کە تێکرا زمانی کوردی دەگرێتەوە، کە خۆی بۆ خۆی گەورەترین فەرهەنگی زمانە.

کتێب

جیاوازی نێوان

فۆنیم و مۆرفیم



● غازی فاتح وەیس ●

پێشەکی:

هەر زانستێك کۆمەڵێك زاراوەی تایبەتی خۆی هەیەو ئەو زاراوانەش لە بنەڕەتدا مۆڵکی ئەو زمانەن کە ئەو زانستەی پێ شی کراوەتەوە، واتە زاراوەی زانستی بە چی زمانێك داهێنرابێت مۆڵکی ئەو زمانەیە. ئەمجا ئەگەر هەر زمانێکی تر ئەو زاراوانەی وەرگرت، دەبێ واتاو مەبەستەکانیشیان لەگەڵدا وەربگرێ، بەڵام زمان لە خۆیەوە زاراوەی زانستی لە زمانێکی ترەوە وەرناگرێ، بەڵکو لە ڕێگەی ئەو کەسانەوە وەردەگیرێت کە ئەو زمانە دەزانن و لە بنەڕەتدا زاراوەکانی پێ داهێنراوە. هەروەها دەبێ ئەو کەسانە پسپۆریش بن لەو زانستەدا کە زاراوەکانی بۆ داهێنراوە. لە ئەنجامدا ئەو پسپۆرانە لە زمانەکەی خۆیاندا

ئەو زاراوانە بەکاردەهێنن بۆ هەمان مەبەست و دوا بەدوای ئەوان خوێنەری ئاسایش لە رێگەی لاسایی کردنەوەوە بەکاریان دەهێنن، بەڵام هەروا بە ئاسانی ناتوانن ئەو زاراوانە لە شوێنی تایبەتی خۆیاندا بەکاریان بهێنن و نازانن بە شێوەیەکی دروست بۆ هەمان مەبەست مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن. لە ئاکامدا دەکەونە گێژاوی هەڵەکردنەوە لەوانەشە تا ڕادەیەك زاراوەکان تێك بدەن و زانستەکەش بەرەو قۆڕبێکی تەسك بەرەن.

زانستی زمانیش وەکو هەر زانستێکی تر مەودای فراوانەو کۆمەڵێك زاراوەی تایبەتی خۆی هەیە. کە وابوو دەبێ زمانەوانی دەست پێکەرو خوێنەری ئاسایی بە تەواوەتی دڵنیا بن لەوەی کە بە چاکی لە زانستەکە گەیشتوون بە ئاسانی بتوانن زاراوەکانی ئەم زانستە وەکو هەر ووشەیەکی تری ئاسایی نێو زمانەکەیان بەکارهێنن. بەڵام بەداخەوە زۆر جار دەبینین زمانەوانی دەست پێکەر هێشتا لە ئەلف و بێی زانستی زمان نەگەیشتووە کەچی خۆی دەهاوێتە نێو ئەم زانستەوەو تووشی گەڵێ هەڵەی سەیر دەبێ و بگرە تا ڕادەیەکیش لە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زمانەوانیش لادەدات و ووتارەکەی لە حیکایەت گێڕانەوەیەکی پەتی دەچێ و زانستەکەش تێکەڵ و پێکەڵ دەکات.

لێرەدا ئێمە ناماندەوێ باسی ئەو جۆرە ووتارانە بکەین چونکە زانستی زمان لە نێو ئێمەی کورددا تازەیەو هێشتا پەلی نەهاویشتووە. لەبەر ئەمە بە چاکمان زانی بە شێوەیەکی سادە جیاوازی نێوان فۆنیم و مۆرفیم دەستنیشان بکەین بۆ ئەوەی لە جێگەی دروستی خۆیاندا بەکاربهێنرێن.

لێکۆڵینەوە

فۆنیم (Phoneme) و مۆرفیم (Morpheme) دوو زاراوەی زانستی زمانن و بە گشتی بە زمانی ئینگلیزی دادەنراون. ئەم دوو زاراوەیەش لە دوو ئاستی جیاوازی زانستی زماندا بەکار دەهێنرێن، واتە فۆنیم لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا (Phonology) و مۆرفیم لە ئاستی مۆرفۆلۆژیداو هەر تێکەڵ کردنێکی ئەم دوو زاراوەیە، وەیا دەرهێنانیان لە ئاستە تایبەتەکەی خۆیان هەڵەیەو زمانەوانی پێگەیشتوو بە زەقی دەبینرێ:

کورتە مێژوویەکی زاراوەی فۆنیم:

فۆنیم وەکو فیکرەیەك کۆنەو ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە مرۆڤ بۆ یەکەم جار ئەلف و بێی لە باتی وێنە بەکارهێناوە بۆ نووسینەوەی زمان، بەڵام هەست پێکردن بە هەبوونی فۆنیم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1450)ی زایین. لەم ساڵەدا شای کۆریا دەرکێ بە هەبوونی فۆنیم کردووە، چونکە دەنگی [پ] (تۆزێك قورس) لە دەنگی [ب] جیاکردووەتەوە، ئەگەرچی هەردووکیان بە ئاقە پیتێك دەنووسرانەوە لە زمانی کۆریدا. واتە شای کۆریا، وەکو دوو دەنگ ماملەی لەگەڵ دەنگی [پ]ی قورس و دەنگی [ب]دا کردووە، ئەگەرچی هەردووکیان سەربەیەك فۆنیم بوون. هەر لەبەر ئەم هۆیەش (دانیال جۆنز) شای کۆریایی بە زاناییەکی زانستی دەنگ داناوە. لە ساڵی (1845ز)دا (دی‌کۆرتنی) (B. de Courtnoy) بنەمای تیۆری فۆنیمی دامەزراندووە.

(کۆرتنی) زانایەکی فیلۆلۆژی پۆلەندی بووەو لە ڕووسیادا پێگەیشتوو و زاراوەی (Zvuk)ی بۆ دەنگ بەکارهێناوەو زاراوەی (Fonema) شی بۆ فۆنیم داناوە. کە وابوو بنەڕەتی زاراوەی فۆنیم لە زمانی ڕووسییەوە هاتووە. لە ساڵی (1870ز)دا (باسی) (Passy) ئەوەی پێشنیارکردووە کە دەبێ بۆ هەر دەنگێك فۆنیمێکی جیاواز دابنرێ و ئەگەر لە ووشەیەکدا فۆنیمێك بە فۆنیمێکی تر جێگیرکرا، ئەوا دەبێ

هەواڵنامەی گۆیژە

واتای ئەو ووشەیە بگۆڕێ. ساپیر (Sapir) یەکێك بوو لەو زانایانەی کە هیندییە ئەمریکاییەکانی فێری خوێندن و نووسین دەکردو هەوڵی دیراسەکردنی زمانەکەیانی دەدا، لە کاتی فێرکردنیاندا، ساپیر هەستی بەوە کرد کە گۆڕانی هەندێ دەنگیان لە لا گرنگ نییەو گۆڕانی هەندێکی تریان لەلا گرنگە، چونکە دەبوونە هۆی تێکدانی تێگەیشتنیان.

ئەو دەنگانەی کە گۆڕانیان دەبووە هۆی تێك دانی تێگەیشتنی هیندییەکان، ساپیر نرخی سایکۆلۆژی بۆ دانان و مامەڵەی فۆنیمی لەگەڵدا کردن و ئەوانەی گۆڕانیان هیچ گرنگییەکی نەبوو مامەڵەی دەنگی لەگەڵدا کردن چونکە نرخی سایکۆلۆژییان نەبوو.

فیکرەی فۆنیم لای (جان باودۆین دیکورتنی) لەسەر ئەساسی دەنگە دامەزرا، بەڵام هینری سویت (Hinry Sweet) و پاسی گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ئەتوانرێ لە دوو ڕووەوە سەیری فۆنیم بکرێ: یەکەم لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە کە وێنەی دەنگەو دووەم لە ڕووی فیزیکییەوە کە شێوەی ڕاستەقینەی درکاندنی دەنگە. جۆری یەکەم ناوی «سایکۆفۆنەتیك»ەی لێ نرا (Psychophonetics) کە فۆنیمەو ئەوی دی ناوی (فیزیۆفۆنەتیك) (Physiophonetics) کە دەنگە. دانیاڵ جۆنزیش لە ساڵی (1917)دا زاراوەی فۆنیمی بە تەواوەتی هێنایە مەزرای زانستی زمانەوەو لە ساڵی (1930)بەرەوژوور تیۆری فۆنیم لە گەلێ وواڵاندا بڵاوبووەوە، بە تایبەتی لە ئەمریکادا. بلۆم فیلدیش لەو زانا ئەمریکاییانە بوو کە بە تەواوەتی فۆنیم و خۆنی لەیەکدی جیاکردەوە. ئەوەی شایانی باسە زانستگای لەندەن دەورێکی هەرە گەورەی گێڕا لە بڵاوکردنەوەی تیۆری فۆنیم دا. لە ئەنجامدا ئەم دوو خەتەڕاستە بۆ دەستیشان کردنی فۆنیم بەکارهێنرا. هەر لەو ماوەیەدا (D. M. Beach «بیچ» فۆنیمی عەرووزی [2] داهێنا، وەکو کورت و درێژی دەنگ و ستریس... هتد.

وە زاراوەی (کرۆنیم)ی [3] (Chroneme) بۆ درێژی و کورتی ڤاوڵ بەکارهێنا. بۆ نموونە [ی] ووشەی «دیت» و «دین» دوو ئەلۆکرۆنی کرۆنیمی ڤاوڵی درێژن لە زمانی کوردیدا.

فۆنیم

بە گوێرەی میژووی باس کردن و بەکارهێنانی زاراوەی فۆنیم، دەبێ فۆنیم دوو تایبەتی هەبێ: یەکەم دەبێ واتای ووشە بگۆڕێ و دووەم دەبێ ڕاستی سایکۆلۆژی تێدا هەبێ. هەروەها دەبێ فۆنیم بێواتا بێ، ئەم تایبەتییەش لە یەك لایەنەوە گرنگە چونکە بە هۆیەوە فۆنیم لە مۆرفیم جیادەکرێتەوە.

لە سەرەتادا فۆنیم بە بچووکترین لەتە دەنگ ئەژمێردرا لە زماندا، بەڵام لە دواییدا دەرکەوت کە فۆنیم گەلێ دوورە لە ڕاستی دەنگەوە. لەبەر ئەمە ناساندنی زاراوەی فۆنیم گۆڕاو کرا بەوەی کە فۆنیم بچووکترین کەرتی ووشەیەو بەرگێکی ڕووتی دەنگەو لە هەندێ زماندا بەرانبەر بە پیت ڕادەوەستێ. کە وابوو فۆنیم بەرگێکی نەگۆڕاوی دەنگە لە زماندا و دەنگیش بەرگێکی هەمیشە گۆڕاوی هەیە لە ئاخاوتندا. بۆ نموونە دەنگی [د] لەم ووشانەی خوارەوەدا وەکو یەکدی نین:

دەست، سەد، هەڵدان.. هتد بەڵام هەموویان سەر بە تاقە فۆنیمێکن چونکە لە ڕووی شکڵەوە یەکن.

ئەوەی شایانی باسە فۆنیم لە دوو ڕووەوە دەناسێنرێ (بەپێی بۆچوونی کۆن)، یەکەمیان لە ڕوویەکی وەسفییەوە، کە دەڵێ فۆنیم بنەڕەتی کۆمەڵە دەنگێکە، واتە چەند دەنگێك سەر بە یەك فۆنیم دەبن، بۆ نموونە [ك]ی ئووشەی «کێ»و [ك]ی ووشەی «کۆ» سەر بە فۆنیمی ك ن.

دووەمیان لە ڕووی سیمای جیاکەرەوە دەناسێنرێو ڕابەری ئەم ناساندنەش «تڕوبتزکۆی»یە بە پێی ئەم ناساندنە فۆنیم بریتیە لە کۆمەڵێك سیمای جیاکەرەوە

(Distinctive Features) ،[4] بۆ نموونە فۆنیمی پ بریتییە لەم سیمایانەی خوارەوە:

+ لیوی
+ گیر (وەستاو)
+ کپ
+ قورس.. هتد.

لەبەر ئەوەی زاراوەی فۆنیم و فۆن (Phone) لە زۆر شوێندا تێکەڵ بە یەکدی دەکران، زۆربەی زمانەوانە تازەکەرەوەکانی زانستی زمان زاراوەی فۆنیمیان لە مەزرای بەکارهێنان وەدەرکردو زاراوەی سیگمێتیان (Segment) لە باتی بەکارهێنا، بۆ ئەوەی زمانەوانەکان لە سەرئێشەی ناساندنی ناتەواوی فۆنیم ڕزگار بکەن و چی دی ئێکەڵی دەنگی نەکەن.

فۆنیم، یان سیگمێنت،[5] زاراوەیەکی هەرەگرنگە لە سنووری فۆنۆلۆژیداو گۆڕانی دەبێتە هۆی گۆڕانی واتای ووشەو ڕستە. بۆ نموونە ئەم دوو ڕستەیەی خوارەوە تەنیا لە ڕووی تاقە فۆنیمێکەوە جیاوازن:

1 ـ کەڕێک خۆی کرد بە ژووردا. (ووشەی کەر، بەڕێ سووک).

2 ـ کەڕێک خۆی کرد بە ژووردا. (ووشە کەڕ بە ڕێی قورس).

هەروەها لە زماندا، لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا، بە پێی ڕێزکردنی فۆنیم چەند یاسایەک دادەنرێ، بۆ نموونە ئەم یاسا فۆنۆلۆژییە لە زمانی ئینگلیزیدا دادەنرێ:[6]

[P L]...

S [t r]...

[k y]...

W]...

ئەم یاسا فۆنۆلۆژییە دەڵێ: ئەگەر هەروشە یەکی ئینگلیزی بەسێ کۆنسانت دەست پێبکات و ڤاوڵیان لەنێواندا نەبێ، ئەوا ئەبێ ئەو ووشەیە بە (S) دەست پێبکات و دەبێ دروەم فۆنیم یەکێک لەم سێ فۆنیم نەبێ: /K/ /t/ /P/ وە سێیەم فۆنیمیش ئەبێ یەکێک بێ لەم چوار فۆنیمە: /W/ /y/ /r/ /L/ بەم جۆرە ئەگەر هەر ووشەیەکی ئاوهای ئینگلیزی بە فۆنیمی /s/ دەست پێبکات و دووەم و سێیەم فۆنیم ئەو فۆنیمانە نەبن، ئەوا ئەو ووشەیە بە ووشەی زمانی ئینگلیزی دانانرێ.. هەروەها، بۆ نموونە، ئەگەر هەر ووشەیەکی کوردی بە (لام) دەست پێبکات، ئەوا دەبێ لامەکە لامێکی (وەیا فۆنیمی /l/ی)سووک بێ، ئەگەر لامی سووک نەبێ ئەوا ئەو ووشەیە بە ووشەی زمانی کوردی دانانرێ:

. . . . . ـ . . . . . ـ (لامی سووک) ◆ ←

مۆرفیم:

زاراوەی مۆرفیم لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا بەکار دەهێنرێت. مۆرفیم بچووکترین دانەی جیاکەرەوەیە لە ڕێزماندا، واتە لە نزمترین ئاستی ڕێزماندا، مۆرفیم وەکو بچووکترین دانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێو ئەگەر گەردان بکرێ واتای دەگۆڕێ. بۆ نموونە ئەگەر ووشەی «مامۆستا» کەرت بکرێ ئەوا واتا بنەڕەتییەکەی تێک دەچێ، چونکە ئەم ووشەیە بریتیە لە یەک مۆرفیم.

مۆرفیم لە ڕووی پێک هاتنەوە دوو جۆرە:

1 ـ مۆرفیمی سەربەست.

2 ـ مۆرفیمی بەند.

مۆرفیمی سەربەست ئەو مۆرفیمەیە کە بە تەنیا بەکار دەهێنرێت، وەکو مناڵ، ژن، کوڕ.. هتد. بەڵام مۆرفیمی بەند ئەو مۆرفیمەیە کە هەرگیز وەکو دانەیەکی سەربەست بەکارناهێنرێت.

لە ڕووی وەزیفەوە مۆرفیم دەکرێت بە دووبەبە شەوە:

1 ـ مۆرفیمی دارشتن.

2 ـ مۆرفیمی ڕێزمانی.

مۆرفیمی دارشتن لەگەڵ مۆرفیمێکی دیکەدا ووشەیەکی تازە دروست ئەکات، وەکو: هەڵ، ڕا، لێ.. هتد. هەڵ خستن، ڕاکردن، لێبوردن. بەڵام مۆرفیمی ڕێزمانی ئەو مۆرفیمانەن کە تەنیا دەوری ڕێزمانی دەبینن، وەکو: م، ن، ین.. هتد.

ئەوەی شایانی باسە هەرچی ڕاناوی لکاو هەیە لە زمانی کوردیدا دەتوانرێ بە مۆرفیمی ڕێزمانی دابنرێن، چی ڕاناوی تەمەلوك بێ و چی ڕاناوی گونجاندنی نێوان فرمان و بکەر بێ، چونکە ڕاناوەکانی تەمەلوکیش دەوری گونجاندن دەبینین لە نێوان بکەرو بەرکارداو جارجاریش لەگەڵ فرماندا دێن، وەکو: خواردمان، خواردیان.. هتد. تەنیا جیاوازی لە نێوان ڕاناوی تەمەلوك و ڕاناوی گونجاندنی نێوان بکەرو بەرکاردا ئەوەیە کە ڕاناوی تەمەلوك بەرکاری دەوێ و لەگەڵ فرمانی تێپەڕدا دەردەکەوێ و ڕاناوی گونجاندنی نێوان بکەرو فرمان لەگەڵ فرمانی تێنەپەڕدا دەردەکەوێ و هەردوکیانیش داخراون و ڕێگا نادەن هی تر بێتە نێوانیانەوە هەرچی پاشگرو پێشگرو ناوگریش هەیە بە مۆرفیمی دارشتن دادەنرێن.

جگە لەوەی کە دەبێ زمانەوان بە چاکی لەم جۆرە زاراوانە بگات، ئەبێ ئاستەکانی زمانیش بە ووردی بزانێ و شارەزای سنووری هەموویان بێ. چونکە ئەگەر هەر زاراوەیەك لە ئاستە تایبەتییەکەی خۆیدا بەکار نەهێنرا، ئەوا دەبێتە هۆی تێکدانی زانستەکە. بۆ نموونە هەندێ زمانەوانی دەست پێکەری کورد «ت»ی ووشەی «ناوت» و «م»ی ووشەی «دایکم» بە فۆنیم دادەنێن و نازانن کە (ت)و (م) لە سنووری فۆنۆلۆژی دەرچوون و چوونەتە سنووری مۆرفۆلۆژییەوە. ئا ئەم جۆرە نەزانینەیە کە دەبێتە هۆی دروست بوونی هەڵەی لە ئەندازە بەدەرو هەر ئەم جۆرە هەڵەیشە وا لە خوێنەر دەکات زانستی زمانی لەلا ووشك و برنگ بێ. بۆ جیاکردنەوەی ئاستی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی ئەم نموونە ساکارەی خوارەوە دەهێنینەوە.

/م/ = لە ووتەی «مالم»دا دەبێتە فۆنیم، ئەگەر ئەم ووشەیە بەسەر فۆنیمەکانیدا گەردان بکەین: «م + ا + ل + م».

(م)ی دووەم لە ووشەی «مالم»دا دەبێتە مۆرفیم ئەگەر ئەم ووشەیە بەسەر مۆرفیمەکانیدا گەردان بکەین: مال + م. بەم جۆرە ووشەی «مالم» بریتیە لە دوو مۆرفیم: یەکێکیان مۆرفیمێکی سەربەستە، کە (مال)و ئەوی تریان (م)ە، کە مۆرفیمێکی ڕێزمانیی بەندە. هەروەها ئەگەر بڵێین: (مالەکەم) ئەوا دەبێتە سێ مۆرفیم:

دارشتن
مال + ەکە + م
مۆرفیمی سەربەست مۆرفیمی ڕێزمانی

کە وابوو مۆرفیم بەم جۆرە دابەش ئەکرێت:

مۆرفیم
مۆرفیمی سەربەست مۆرفیمی بەند
مۆرفیمی دارێژان مۆرفیمی ڕێزمانی

بەڵام دیسان لە نێو مۆرفیمی دارشتن دا چەند مۆرفیمێك هەیەو دەوری ڕێزمانی دەبینن، وەکو:

وەکو، یەك (یك)، ان، چونکە ـ ەکە یان (کە) ووشە دەکاتە ناسراوو یك (یەك) ووشە دەکاتە نەناسراوو «ان» نیش نیشانەی کۆیە.

ئەنجام:

لە ئەنجامدا، لەم چەند خاڵەدا فۆنیم و مۆرفیم لە یەکدی جیادەکەینەوە:

فۆنیم	مۆرفیم
1 ـ قاڵبێکی سایکۆلۆژی هەیە نەك فیزیاوی،	1 ـ قاڵبی سایکۆلۆژی لە فۆنیمەکانییەوە وەردەگرێ

جونکه قاڵیی فیزیاوی له دەنگدا پەیدا دەبێ.

2 ـ بە تەنیا واتا نابەخشێ، بەڵام دەتوانێ واتای ووشە بگۆڕێ.

3 ـ بە هیچ شێوەیەك لەت ناکرێ.

4 ـ قاڵیی فیزیاوی بۆ دروست ئەبێ ئەگەر لە زنجیرەی ئاخاوتندا مامەڵەی لەگەڵدا کرا، واتە ئەگەر وەکو دەنگ نەماشابکرێ.

چونکه مۆرفیم له تاقه فۆنیمێك وەیا زیاتر پێك دێت.

2 ـ تەنیا مۆرفیمی سەربەست واتا ئەبەخشێ و بەشێك له مۆرفیمه بەندەکانیش دەوری رێزمانی دەبینن و ئەو بەشەکەی تریان پاریدەدەرن.

3 ـ هەندێ مۆرفیم لەت دەکرێ و لەتەکان واتا ئەبەخشن بەڵام هیچ پێوەندیان به واتا بنەڕەتییەکەوە نامێنێ.

4 ـ قاڵیی فیزیاری له دەنگەکانیەوە وەرئەگرێ لەزنجیرەی ئاخاوتندا

هەمانە. سترێس لەسەر برگەی یەکەمە.
هەمانە. سترێس لەسەر برگەی دووەمە.
هەرووەها ئاوازەش هەمان دەور ئەبینێ:
ئازاد ڕۆشت بۆ بازار؟ ئاوازە له نزمەوە بۆ بەرز.
ئازاد ڕۆشت بۆ بازار. ئاوازە له بەرزەوە بۆ نزم.

3 ـ کرۆنیم سیمایەکە، یان زاراوەیەکە بۆ دریژی فاوڵ بەکار ئەهێنرێ لەئاخاوتندا. بۆ نموونە فاوڵی کورتی /و/ لەووشەی (کـوڕ)دا وفـاوڵی /وو/ له ووشەی (کـووڕ)دا دوو کرۆنیمن و /ی/ ووشـەی (پیت)و /ی/ ووشـەی (دین) دوو ئەلۆکـرۆنی کرۆنیمی /ی/ن.

4 ـ بروانە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ: ژمارە (106) لاپەڕە (60 ـ 71). 1985. لەم وتـارەدا بە دوورودرێـژی باسی سیمـای جیاکەرەوەمان کردووە.

5 ـ فۆنیم و سیگمێنت بۆ یەك مەبەست بەکار ئەهێنرێن زاراوەی فۆنیم له مێژەوە بەکار هێنراوە، بەڵام زاراوەی سیگمێنت تازەیە.

6 ـ مەبەست لەم پاسـایە ئەوەیە کە نابێ ئەو سێ کۆنسـانتە فاوڵیان لەنێواندا هەبێ.

کەواتـوو ئەگـەر هەر وشـەیەکی زمـانی ئینگلیزی بە سێ کۆنسانت دەست پێبکات ئەوا ئەبێ یەکەم کۆنسـانت (s) بێ. بۆ نموونە:

Spleen. Screen

Street, Spring . . . هتد.

سەرچاوەکان:

- وریا عومەر ئەمین. نووسەری کورد. ژمارە (9). لاپەڕە (83 ـ 89) (1982).

- Jones, W. E and Lavor, J - Phonetics in Linguistics - London Group Ltd. London 1973.

- Hartman, R. R. and Stork, F. Dictionary of Language and Linguistics. London 1973.

پەراوێزەکان:

1 ـ مەبەست له داهێنانی زاراوەی فۆنیم ومۆرفیم ئەوەیە که لەزمـانی ئینگلیـزدا ئەم دوو زاراوەیـە بەڕادەیـەکی فراوان بەکـار هێنـراون و بەزۆری لەم زمـانـەوە بلاوبـوونـەتەوە، ئەگەرچی ئەم دووزاراوەیە لەبنەڕەتدا مولکی گریکن.

2 ـ فۆنیمی عەرووزی بریتیـە له سـترێس و ئاوازەو گۆڕانی نەغمـە. هتد. بۆ نمـوونـە سترێس له چەند زمانێکدا دەوری فۆنیم ئەبینێ، چونکه ئەبێته هۆی گۆڕانی واتای وشە بێ ئەوەی فۆنیمـەکـانی ئەو وشـەیـە بگـۆڕێن، یان زیـادرکـەم بکـرێن. لەزمانی کوردیشدا گۆڕانی سترێسی سەر برگەی چەند وشەیەك ئەبێته هۆی گۆڕانی واتای ئەو وشەیە:

گۆڤاری کێبڕکێ

تێنێ پەر

فرمانێکی بکەرنادیارە

هەوالنامەی کێڵبڕ

وریا عمر امین
بەشی کوردی - دانشگای بەغا

بە پێی ئەو پێناسینانەی باون . . فرمانی تێپەڕ ئەوەیە کە ئەتوانێ بەرکار وەرگرێ وەك لە رستەی (من ئەخوم) فرمانی (ئەخوم) تێپەڕە چونکە ئەتوانێ بەرکارێکی وەك (سێو) وەرگرێو رستەکە ببێ بە من سێو ئەخوم.

فرمانی تێنەپەڕیش ئەوەیە
کە بەرکار وەرناگرێ وەك لە رستەی (ئیمە نووستین)دا.
ئەوەی ئەم پێناسینانە هەڵئەوەشێنێتەوە و کەلەبەریان تیا پەیا ئەکات پێناسینی (بکەر)و (بەرکار)ە وسروشت پەیوەندیی سیمانتیکیی‌یانە بەفرمانا لەناو چوارچێوەی رستەدا.

بکەر ئەو کەسەیە یا ئەو شتەیە کە کارەکە ئەکات و بەرکارئەو کەسەیە یا ئەو شتەیە کە پێشوازیی کارەکە ئەکات . . واتا کارەکەی ئەکەوێتە سەر. بەپێی ئەم پێناسینانە لەرستەی:

ئاهەنگ گوڵ ئەچنێ.

(ئاهەنگ) بکەرە چونکە ئیشەکە ئەکات . . (گوڵ) بش بەرکارە چونکە ئەوئیشەی کە ئاهەنگ ئەیکات کار لە گوڵەکە ئەکات کە (چنین) یەتی. لەرووی کاتەوەش بکەر

پێش دەستەری ئەکات.

ئیستە بە پێی ئەم پێناسین و مەنتیقە رستەی:

ئاهەنگ دەنگی رزگار ئەبێستێ.

شی‌بکەرەوە بزانە بکەر وبەرکار کامانەن؟

گەر بکەر ئەوە بێ کە کارەکە ئەکات و بەرکار ئەوە بێ کە کارەکەی ئەکەوێتە سەر و پێش دەستەریش لەلایەن بکەرەوە بێ... لەم رستەیەدا ئەبێ (رزگار) بکەر بێ و (ئاهەنگ) بەرکار بێ. چونکە یەکەم (رزگار)ە ئیشێ ئەکات کە (قسە کردن)ە ئەنجا کار لە (ئاهەنگ) ئەکات کە (بیستن)ەکەیە. گەر رزگار قسە نەکات ئاهەنگ نابیستێ.

هەمان شت لەگەڵ فرمانی (بینین) لە رستەی (من تۆ ئەبینم).. ئەبێ (من) بەرکار و (تۆ) بکەر بێ.. چونکە (تۆ)ی کارت لە (من) کردووە.. (تۆ) نەبی (من) نابینم..

لە ژێر تیشکی لێکدانەوەی مانای ئەم دوو رستەیە (بکەر)و (بەرکار) چۆن پێ ئەناسرێ؟

1 ـ ئازاد کتێبێکی لە شێرکۆ وەرگرت.

2 ـ شێرکۆ کتێبێکی دا بە ئازاد.

لە هەردووکیاندا پەیوەندیی سیمانتیکیی نێوان (شێرکۆ) و (ئازاد) بەڕواوی وەك یەك وایە.. کەچی لەرووی پەیوەندیی رێزمانییەوە لەرستەی یەکەما (ئازاد) بکەرە و (شێرکۆ) بەرکاری ناڕاستەوخۆیە.. لەرستەی دووەما (شێرکۆ) بکەرەو (ئازاد) بەرکاری ناڕاستەو خۆیە..

گەلێ نموونەی تری لەم بابەتە ئەدۆزرێتەوە لەزمانا تیایانا چەمکی بکەر و بەرکار و پەیوەندیی سیمانتیکییان بە فرمانەوە بە پێچەوانەی ئەو پێناسینانە بێ بۆیان دانراوە.

گوایا فرمانی تێنەپەڕ ئەوەیە کە بکەر وەرئەگرێ و بەرکار وەرناگرێ.. بۆ ئەمەش نموونەی لەم بابەتە ئەهێنرێتەوە:

دارەکە شکا.

دارەکە : بکەرە

شکا : فرمانە.

گەر بە وردی لەرووی ماناوە لەم رستەیە بکۆڵینەوە و شی‌ی‌بکەینەوە ئەبینین ئەوەی کە تیایا بە بکەر لەقەڵەم ئەدرێ لە راستیدا چەمکی بەرکاریی بەرئەکەوێ چونکە دار یا هەچ شتێکی تر هەرگیز لە خۆیەوە ناشکی. ئەبێ هێزێ کاری تێ‌کردبێ وشکاندبێتی... ئەو هێزە ئەبێ بکەرەکە بێ.

بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی ئەم لایەنە ئەم رستانەی خوارەوە لە رووی ماناو پەیوەندیی نێوان ووشەکانیانەوە بەراووردبکە.

1 ـ دارەکە شکا.

2 ـ با دارەکەی شکاند.

3 ـ ئازاد بە تەور دارەکەی شکاند.

ئاشکرایە کە پەیوەندیی مەنتیقیی نێوان (دارەکە) و (شکان)دا لە هەرسێ حاڵەتدا یەکە.. (دارە و شکاوە).. لەکاتێکا بە پێی شی‌کردنەوەی رێزمانی ـ کەباوە ـ دارەکە لە رستەی یەکەما بکەرە و لەرستەی دووەما بەرکاری ڕاستەوخۆیە و لە رستەی سێیەما بەرکاری ناڕاستەوخۆیە (چونکە ئازاد یەکەم دەستی لە تەورەکە داوە واتا تەور ئەبێ بەرکاری ڕاستەوخۆ بێ).

بە پێی ئەم لێکدانەوەیە دەرئەکەوێ، کە بکەری هەموو فرمانێکی تێنەپەڕ لە بیناغەدا بەرکارە.. چونکە هیچ گیانلەبەرێ پاشتێ نیە بکەوێ یا بجوڵێتەوە یابخەوێ بێ هۆ (دەری بێ یا ناوی).. ئەم هۆیە بکەرە ڕاستەقینەکەیە.

هەندێ دیاردە هەیە رووداندیان لە ژوور دەسەڵاتی مرۆڤ دایە.. وەك (مردن ـ خزین ـ کەوتن ـ پژمین ..هتد).. بکەری ئەم رووداوانە (فرمانانە) لەژێر کار تێ‌کردنی هێزێکی نادیار هەڵس وکەوتێ ئەنوێنن.. ئەم هێزە نادیارە بکەرە سیمانتیکییەکەیە و ئەوەی لە رێزمانا بە بکەری تێنەپەڕ ناو ئەبرێ لە راستیدا چەمکی بەرکاریی بەرئەکەوێ. کەی هێزەکە زانرا چیە.. بە یاسایەکی رێزمانی تێپەڕی فرمانەکە دائەڕێژرێ و بکەرە ڕاستەوخۆکە

پێشان ئەدرێ[1] وەك:

منالەکە نووست. (لەخۆیەوە ـ سروشت نواندی)

ئاواز منالەکەی نوواند. (گەر ئاواز نەبا منالەکە لەو ساتە تایبەتیەدا نەئەنووست... واتا ئاواز بوو بە هۆی نووستنی)



گەر ئەم دیاردەیە بەراوورد بکرێت لە گەڵ فرمانی (بکەر نادیار)دا.. دەرئەکەوێ کە فرمانی بکەر نادیار تێپەڕە ئەکرێ بەتێنەپەڕ لەبەر نەزانینی یا شاردنەوەی بکەرە راستەقینەکە یا ئەوەی بەسەر بەرکارا دێت لەژوور دەسەلاتی یا ئەبێ. ئەمە بەڵگەی سیمانتیکی..

بەڵگەی (ڕێزمانی)یش ئەوەیە ـ کە فرمانی تێپەڕ ئەکرێ بە بکەر نادیار.. خۆی وەك فرمانێکی تێنەپەڕ پێشان ئەدات لەرووی پەیوەندیی بە راناوی لکاوەوە. لە رابردوودا کۆمەڵی

(م ـ یت ـ ـ ـ ین ـ ن ـ ن) وەرئەگرێ..

من		م
تۆ		یت
ئەو	نووست	ـ
ئێمە	کوژرا	ین
ئێوە		ن
ئەوان		ن

بەمە دەرکەوت کە فرمانی تێنەپەڕ لەرووی پەیوەندیی سیمانتیکیەوە بە بکەرە ڕێزمانیەکەیەوە فرمانێکی بکەر نادیارە.

بە بەراوورد کردنی یاسای کردنی رستەی فرمان تێنەپەڕ بە هی تێپەڕ لەگەڵ یاسای کردنی رستەی بکەر دیار بەهی بکەر نادیار دەرئەکەوێ کە ئەم دووەدیاردەیە پیچەوانەی یەکترن..

1 ـ یاسای گۆڕینی رستەی فرمان تێنەپەڕ بە هی تێپەڕ

واتا

1 ـ راناوی لکاو لابەرێ.

2 ـ بکەر شوێنی بەرکار ئەگرێ.

3 ـ بکەر زیاد ئەکرێ.

4 ـ رەگی داهاتووی فرمانەکە وەرئەگیرێ.

5 ـ گەر کاتی فرمانەکە رابردوو بێ (اند)و داهاتوو بێ (ئین)ی ئەخرێتە سەر.[2]

6 ـ نیشانەی جۆری کات (ئە ـ بوو ـ وو.. هتد) شوێنی خۆی ئەگرێ.

7 ـ بەپێی کەس وژمارەی بکەرە زیاد کراوەکە راناوێکی لکاو ئەخرێتە سەر فرمانەکەو بەپێی یاساکانی راناوی لکاو شوێنی خۆی ئەگرێ.

نموونە: گەر بمانەوێ رستەی:

منالەکان نوستبوون.

بکەین بە رستەیەکی فرمان تێپەڕ. بەپێ یاساکان ئەبێ:

1 ـ راناوی لکاو لابەرێ

منالەکان نووستبوو

2 و 3 ـ بکەر شوێنی بەرکار بگرێو بکەرێکی تازەی بخرێتە سەر

هەوالنامەی کتێب

ئەو منالّەکان نووستبوو

4 ـ رەگی داهاتووی فرمانەکە وەربگیرێ

ئەو منالّەکان نوو

5 ـ فرمانەکە رابردووە (اند)ی بخرێتە سەر

ئەو منالّەکان نووان

6 ـ نیشانەی جۆری کات شوێنی خۆی بگرێ، لێرە (بوو)ە نیشانەی رابردووی دوور.

ئەو منالّەکان نووانبوو

7 ـ بەپێی کەس وژمارەی بکەرە زیاد کراوەکە راناوێکی لکاوی ئەخرێتە سەر و بە پێی یاساکانی راناوی لکاو شوێنی خۆی لە رستەدا ئەگرێ:

بۆ کەسی سێیەمی تاك لەگەل فرمانی رابردوو (ی) دەرئەکەوێ . گەر بەرکار هەبێ پێیەوە ئەلکێ . . رستەکە لە ئەنجاما ئەبێ بە

ئەو منالّەکان ـ ی نووانبوو

2 ـ یاسای گۆڕینی رستەی بکەر دیار بە هی بکەر نادیار.



واتا

1 ـ بکەر و راناوی لکاو لاێبرێن.

2 ـ بەرکار شوێنی بکەر ئەگرێ . . (بەڵام چەمکی بەرکاری خۆی لەرووی واتاوە نادۆڕێنێ).

3 ـ رەگی داهاتووی فرمانەکە وەرئەگیرێ.

4 ـ گەر کاتی فرمانەکە رابردوو بێ (را) و داهاتوو بێ (ڕێ)ی ئەخرێتە سەر.[3]

5 ـ نیشانەی جۆری کات (ئە ـ بوو ـ . . هتد) شوێنی خۆی ئەگرێ . .

6 ـ بە پێی کەس وژمارەی بکەرە تازەکە راناوێکی لکاو ئەخرێتە سەر فرمانەکە وەك فرمانێکی تێنەپەڕ.



تۆ ئەبینرێیت.

بە بەراوورد کردنی یاسای گۆڕینی رستەی فرمان تێنەپەڕ بە هی تێپەڕ لەگەڵ یاسای گۆڕینی رستەی بکەر دیار بەهی بکەر نادیار دەرئەکەوێ کە ئەم دوو دیاردەیە پێچوانەی یەکترین . .

کردنی تێنەپەڕ بەتێپەڕ	کردنی بکەر دیار بە بکەر نادیار
1 ـ بکەری سیمانتیکی نییە . ئەخرێتە رستەکەوە وبەیاسایەکی مۆرفۆلۆجی فرمانەکە ئەکرێ بە تێپەڕ.	1 ـ بکەری سیمانتیکی هەیە لاێبرێ و بەیاسایەکی مۆرفۆلۆجی فرمانەکە ئەکرێ بە تێنەپەڕ.
2 ـ لەرووی ڕێکەوتنەوە فرمانەکە ئەو کۆمەڵە راناوە	2 ـ لەرووی ڕێکەوتنەوە فرمانەکە ئەو کۆمەڵە راناوە

هەواڵنامەی کێبڕکێ

وەرگەرێ کە تایبەتە بە تێپەڕ.

وەرگەرێ کە تایبەتە بە تێنەپەڕ.

پەراوێزەکان

1 ـ فرمانە تێنەپەڕەکانی کوردی لە رووی بوونیان بە تێپەڕ ئەکرێن بە چوار بەش

أ ـ ئە وانەی ناکرێن بە تێپەڕ چونکە تێپەڕی بەرامبەریان هەیە وەك

کەوتن ـ خستن

هاتن ـ هێنان

بوون ـ کردن

ب ـ ئەوانەی ئەشێ بکرێن بە تێپەڕ سەرەڕای هەبوونی تێپەڕی بەرامبەریان. لەم حاڵەتەدا مانای تێپەڕی بەرامبەر و بە تێپەڕ کراوەکە وەك یەك نابن. وەك(مردن) تێپەڕی بەرامبەری (کوشتن)ە و ئەکرێ بە (مراندن). بەڵام لە رووی ماناوە (مراندن) و(کوشتن) جیان.

پیاوەکە خۆی کوشت ـ لێرەمردووە.

پیاوەکە خۆی مراند ـ لێرەنەمردووە.

هەمان شت لە گەڵ (چوون) و (چووانڈن)دا

ئەو سکی چوو.

ئەو سکی چووانڈ.

ح ـ ئەوانەی کە ناکرێن بە تێپەڕ وەك (گەنین ـ پشکوتن ـ زان.. هتد) لێکدانەوەی مەنتقی بۆ ئەمە ئەوەیە رووداندیان لە ژوور ئارەزوو و دەسەڵاتی مرۆڤدایە. هیچ هێزێکی دیار دەست نیشان ناکرێت بکرێ بە بکەری ئەم جۆرە فرمانانە.. دارێ ئەشکێ منیش ئەتوانم بیشکێنم.. منااڵێ لە خۆیەوە ئەنوێ منیش ئەتوانم بنوینم..

بەڵام هەرگیز ناتوانم وەدەسەڵاتی ئەوەم نیە گوڵێ بپشکوینم.. کەسێ بزێنم.. هتد. بۆیە (پشکواندن و زاندن و گەناندن..) نیە.

د ـ ئەوانەی ئەکرێن بە تێپەڕ هەموو ئەوانەن کە بەر سێ بەشەکەی تر ناکەوێن.

2 ـ گەر ڕەگی داهاتووی فرمانە تێنەپەڕەکە بە (ێ) یا (ۆ) کۆتایی هاتبێ، بە خستنە سەری (اند) و (ێن)، (ێ) ئەتوێنەوە و (ۆ) ئەبێ بە (وْ)ی کپ. وەك (شکان و ڕۆیشتن)دا ڕەگی داهاتوویان (شکێ) و (ڕۆ) یە کە (اند) و (ێن)یان ئەچێتە سەر ئەبن بە (شکاند ـ شکێن) و (رواند ـ ڕۆێن).

3 ـ لە کردنی فرمانی بکەر دیار بە هی بکەر نادیار.. گەر ڕەگی داهاتووی فرمانی تێپەڕ بە (ە) یا (ۆ) کۆتایی هاتبێ... بە خستنە سەری (را) و (ڕێ)...(ە) ئەتوێتەوە و (ۆ) ئەبێ بە (و). وەك لە

کردن ـ کە ئیشەکە کرا / ئەکرێ

خواردن ـ خۆ نانەکە خورا / ئەخورێ

سەرچاوەکان

1 ـ و.ع امین ـ تێپەڕ و تێنەپەڕ ـ ڕۆژنامەی عیراق ژ (2534).م 1984/5/30

2 ـ و.ع. امین ـ رستەی بکەر نادیار. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژ (95) ـ 1982

3 ـ نووسینەکانی د. ئاوەڕحمانی حاجی مارف و د.کوردستان موکریانی و مامۆستا نوری علی امین

4 ـ کۆڕی زانیاریی کورد ـ ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی 1976.

5 - Fillmore C.J (1968) «The case for case» in Bach and Harms.

6 - Smith , N amd D - wilsom (1979) «Modern lingLinguistcs» Penguin Books.

هەواڵنامەی کێبڕکێ

● نوری عەلی ئەمین ●

نیشانەکانی ڕێژە لەگەڵ فرمانی ناسادەدا



هەولێری کتێبخانەی

لە بەشی یەکەمی ئەم باسەدا، لە نیشانەکانی ڕێژە لەگەڵ فرمانی سادەدا دواین و شوێنەکانمان دیاریکردن. لە بەشی دووەمی هەمان باسدا لە نیشانەکانی ڕێژە لەگەڵ فرمانی ناسادە (داڕژاو)دا، دەدوێین.

لە بەشی یەکەمی باسەکەدا، فرمانە سادەکانمان لە قەدو ڕەگی چاووگی سادە داڕشت، ئەمجا نیشانەکانی ڕێژەمان لەگەڵدا بەکارهێنان، وە لەم بەشەشدا فرمانە ناسادەکان (داڕژاوەکان) یش لە قەدو ڕەگی چاووگی ناسادە دادەڕێژین و ئەنجا نیشانەکانی ڕێژەیان لەگەڵدا بەکار دەهێنین.. بابزانین قەدو ڕەگی چاووگی ناسادە چۆن پێك دێن؟ چونکە پەیوەندی بە باسەکەوە هەیە:

1 ـ چاووگی ناسادە (داڕژاو) ـ تێپەڕ بێت، یان تێنەپەڕ ـ ئەگەر نوونی چاوگیەکەی لێفڕێدرا، ئەوەی دەمێنێتەوە پێی دەگوترێت (قەدی فرمانی ناسادە)، وەك:

چاووگی ناسادە (داڕژاو)	قەدی فرمانی ناسادە (داڕژاو)
ڕاوەستان	ڕاوەستا
دانیشتن	دانیشت

تێك دان	تێك دا
وەرگرتن	وەرگرت

2 ـ چاووگی ناساده ـ تێپەڕ بێت، یان تێنەپەڕ ـ ئەگەر نوونی چاوگیەکەو پیتەکەی پێش نوونەکەی لێفڕێدرا، ئەوەی دەمێنێتەوە پێی دەگوترێت (ڕەگی فرمانی ناساده ـ داڕژاو)، وەك:

چاووگی ناساده (داڕژاو)	ڕەگی فرمانی ناساده (داڕژاو)
هەڵ بڕین	هەڵ بڕ
دانیشتن	دانیش
هەڵ گڵۆفین	هەڵ گڵۆف
وەرگرتن	وەرگر

ئەوا یەکە یەکە لە نیشانەکانی ڕێژەی فرمان دەدۆزین لەگەڵ فرمانی ناساده (داڕژاو)دا:

نیشانەی ڕێژەی (دە)

ـ 1 ـ

لە فرمانی ڕابوردووی ئیستیمراری ناساده (داڕژاو)دا:

1 ـ فرمانی ناساده (داڕژاو)ی تێنەپەڕی کارادیاری ئیستیمراری:

بۆ دروست کردنی ئەم فرمانەو دیاریکردنی شوێنی نیشانەی ڕێژەی (دە) لە ڕستەی فرمانەکەدا:

ـ ئەدەی فرمانی ناساده (داڕژاو)ی[3] تێنەپەڕی کارادیار دەهێنین.

ـ نیشانەی ڕێژەی (دە)[4] دەخەینە نێوان پێشگرەکەو فرمانەڕووتەکە.

ـ ڕاناوی لکاوی ك B بەدوای فرمانە ڕووتەکەدا دەهێنین.

بۆ وێنە:

لە چاووگی ناساده (داڕژاو)ی ـ هەڵ توتان، ئەدەی ناسادەی ـ هەڵ توتا ـ وەردەگرین و بەپێی یاساکەی سەرەوە گەردانی دەکەین:

هەڵ ـ دە ـ توتا ـ م ← هەڵ دەتوتام
هەڵ ـ دە ـ توتا ـ ین ← هەڵ دەتوتاین
هەڵ ـ دە ـ توتا ـ یت ← هەڵ دەتوتایت
هەڵ ـ دە ـ توتا ـ ن[5] ← هەڵ دەتوتان
هەڵ ـ دە توتا. . . ← هەڵ دەتوتا
هەڵ ـ دە ـ توتا ـ ن[6] ← هەڵ دەتوتان

لەم فرمانەدا دەتوانرێت ئامرازی (ش) عەتف:

أ ـ بەدوای نیشانەی ڕێژەی (دە)دا بهێنرێت، وەك:

هەڵ ـ دە ـ ش ـ زنا ← هەڵ دەش زنا

ب ـ بەدوای پێشگری فرمانەکەدا بهێنرێت، وەك:

ڕۆ ـ ش ـ دە ـ چوو ← ڕۆش دەچوو.

2 ـ فرمانی ناساده (داڕژاو)ی ڕابوردووی تێنەپەڕی کارانادیاری بەردەوامی:

بۆ دروست کردنی ئەم فرمانەش، لەگەڵ دیاریکردنی شوێنی نیشانەی ڕێژە (دە) لە ڕستەی فرمانەکەدا:

ـ ئەدەی فرمانی ناساده (داڕژاو)ی تێپەڕی کارانادیار یەکسەر دەهێنین، یان ئەدەی تێپەڕی کارادیار دەهێنین.

ـ نیشانەی ڕێژەی (دە) دەخەینە نێوان پێشگرەکەو فرمانەڕووتەکە.

ـ ڕاناوی کۆمەڵەی B لە ئەدەی کارادیاردا و کارانادیاردا

هەوالنامەی کێبڕکێ

دەشێت بخرێتەدوای نیشانەی (را)ی کارانادیار.

بۆ وێنە: -

لە چاووگی ناسادە (داڕژاو)ی کارانادیار (هەڵ کێشران)ەوە، قەدی ناسادە (داڕژاو)ی (هەڵ کێشرا) دەهێنین و بەپێی ئەو یاسایەی سەرەوە فرمانە ناسادەکە گەردان دەکەین:

هەڵ - دە - کێش - را - م ← هەڵ دەکێشرام[7]
هەڵ - دە - کێش - را - ین ← هەڵ دەکێشراین

لەم فرمانەشدا. دەتوانرێت ئامرازی (ش)ی عەتف:
أ - بەدوای نیشانەی ڕێژە (دە)دا، بهێنرێت، وەك:
دا - دە - ش (بەزێن) را - م ← دادەش بەزێنرام

ب - بەدوای پێشگری فرمانەکەدا، بهێنرێت، وەك:
هەڵ - یش - دە (خەڵەتێن) را - ین ← هەڵیش دەخەڵەتێنراین

3 - فرمانی ناسادە (داڕژاو)ی ڕابوردووی تێپەڕی کارادیاری ئیستیمراری:

بۆ دروست کردنی ئەم فرمانەو دەست نیشان کردنی شوێنی نیشانەی ڕێژەی (دە)و ڕاناوی لکاوی ك A لە ڕشتەی فرمانە ناسادەکەدا:

- قەدی فرمانی ناسادە (داڕژاو)ی تێپەڕی کارادیار دەهێنین.
- نیشانەی ڕێژەی (دە) دەخەینە نێوان پێشگرەکەو فرمانەڕووتەکە.
- ڕاناوی لکاوی ك A دەخەینە دوای پێشگرەکەوە.[8]

بۆ وێنە: -

چاووگی ناسادە (داڕژاو)ی تێپەڕی (دابەستن) دەهێنین و قەدی ناسادە (داڕژاو)ی (دابەست)ی لێوەردەگرین و بەپێی ئەو یاسایەی سەرەوە گەردانی دەکەین، وەك:

دا - م - دە - بەست ← دام دەبەست
دا - مان - دە - بەست ← دامان دەبەست
دا - ت - دە - بەست ← دات دەبەست
دا - تان - دە - بەست ← داتان دەبەست
دا - ی - دە - بەست ← دای دەبەست
دا - یان - دە - بەست ← دایان دەبەست

لەم فرمانە تێپەڕەشدا دەتوانرێت:

1 - ئامرازی (ش)ی عەتف:

أ - بەدوای نیشانەی ڕێژە (دە)دا، بهێنرێت، وەك:
هەڵ - دە - ش - گیرساند ← هەڵ دەش گیرساند.

ب - بەدوای پێشگری فرمانەکەدا، بهێنرێت، وەك:
دا - ش - دە - وەشاند ← داش دەوە شاند.

2 - ڕاناوی لکاوی ك A بەدوای پێشگرەکەدا بهێنرێت نەك نیشانەی ڕێژە (دە) وەك لە فرمانی سادەدا، لوا:
دا - تان - دە - خست ← داتان دەخست

3 - ئامرازی (ش)ی عەتف و ڕاناوی لکاوی ك. A ،[9]

دەتوانن پێکەوە بەدوای پێشگری فرمانەکەدا بێن، نەك نیشانەی ڕێژەی (دە) وە لە هاتنەکەیاندا بۆیان هەیە پاش و پێش بکەوون:

أ - وێنە بۆ پێش کەوتنی ڕاناوەکە، وەك:
هەڵ - م - یش - دە - بژارد ← هەڵمیش دەبژارد

هەوالنامەی کێبر

ب ـ وێنە بۆ پێش کەوتنی ئامرازی (ش)، وەك:
هەڵ ـ یش ـ تان ـ دە ـ سەنگاند ← هەڵیشتان دەسەنگاند

(2)

لە فرمانی رانەبوردووی ناسادە (داڕژاوی)ی ئیخباریدا:

1 ـ فرمانی رانەبوردووی ناسادەی تێنەپەڕی کارادیاری ئیخباری:

بۆ دروست کردنی ئەم فرمانەو دیاریکردنی شوێنی نیشانەی (دە)و ڕاناوی لکاوی لك A لە ڕشتەی فرمانە ناسادەکەدا:

ـ ڕەگی فرمانی ناسادە (داڕژاوی)ی تێنەپەڕ دەهێنین
ـ نیشانەی ڕێزەی (دە) دەخەینە نێوان پێشگری فرمانەکەو ڕەگەکەی.
ـ ڕاناوی لکاوی لك B دەخرێتە دوایی ڕەگی فرمانەکە.

بۆ وێنە: ـ

لە چاووگی ناسادە (داڕژاوی)ی (دانیشتن)ەوە، ڕەگی فرمانی ناسادە (دانیش) وەردەگرین و بەپێی یاساکەی لای‌سەرەوە گەردانی دەکەین:

دا ـ دە ـ نیش ـ م ← دادەنیشم
دا ـ دە ـ نیش ـ ین ← دادەنیشین
دا ـ دە ـ نیش ـ یت ← دادەنیشیت
دا ـ دە ـ نیش ـ ن ← دادەنیشن
دا ـ دە ـ نیش ـ یت ← دادەنیشێت
دا ـ دە ـ نیش ـ ن ← دادەنیشن

هەروەك لەم دێرە شیعرانەدا، فرمانی ڕانەبوردووی (ڕائەوەستن) بەپێی ئەو یاسایەی سەرەوە دروست کراوە:

هەموو دەم کۆمەڵ دەبەستن
روو بە شەقام (ڕائەوەستن)
توانج ئەگرن، لە کج، لە ژن
لە ڕێبواری ووردو مەزن

(بەرهەمی خاوێن)

لەم فرمانەدا دەتوانرێت ئامرازی (ش)ی هەتف:

أ ـ بەدوای پێشگری فرمانەکەدابهێنرێت، وەك:
لێك ـ یش ـ دە ـ ب[10] ـ ین ← لێکیش دەبین

ب ـ بەدوای نیشانەی ڕێزەی (دە)دا بهێنرێت، وەك:
تێك ـ دە ـ ش ـ چ[11] ـ ن ← تێك دەش چن

2 ـ فرمانی ڕانەبوردووی ناسادە (داڕژاوی)ی تێپەڕی کارانادیاری ئیخباری:

بۆ دروست کردنی ئەم فرمانەو دیارکردنی شوێنی نیشانەی ڕێزەو ڕاناوی لك A لە ڕشتەی فرمانە ناسادەکەدا:

ـ ڕەگی فرمانی ناسادە (داڕژاوی)ی تێپەڕی کارادیار دەهێنین.
ـ نیشانەی ڕێزەی (دە) دەخەینە نێوان پێشگرەکەو ڕەگەکە
ـ نیشانەی (ڕێ)ی کارانادیار دەخەینە دوای ڕەگی فرمانەکە.
ـ ڕاناوی لکاوی لك B بەدوای نیشانەی (ڕێ) کارانادیاردا، دەهێنین.

بۆ وێنە: ـ

چاووگی تێپەڕی ناسادەی (هەڵ لوشین) دەهێنین و ڕەگی فرمانی ناسادە (هەڵ لوش)ی لێ وەردەگرین و بەپێی یاسای سەرەوە گەردانی دەکەین:

هەڵ ـ دە (لوش)ڕێ ـ م ← هەڵ دەلوشرێم.
هەڵ ـ دە (لوش)ڕێ ـ ین ← هەڵ دەلوشرێین.
هەڵ ـ دە (لوش)ڕێ ـ یت ← هەڵ دەلوشرێیت.

هەواڵنامەی کێبڕکێ

هەڵ ـ دە (لوش)ڕێ ـ ن ← هەڵ دەلوشرێن.
هەڵ ـ دە (لوش)ڕێ ـ ت ← هەڵ دەلوشرێت.
هەڵ ـ دە (لوش)ڕێ ـ ن ← هەڵ دەلوشرێن.

لەم فرمانەدا دەتوانرێت تەنیا ئامرازی (ش) عەتف:

أ ـ بەدوای نیشانەی ڕێزەدا بهێنرێت، وەك:
هەڵ ـ دە ـ ش (واس)ڕێ ـ م ← هەڵ دەش واسرێم

ب ـ بەدوای پێشگری فرمانەکەدا بهێنرێت، وەك:
دا ـ ش ـ دە (دۆش)ڕێ ـ ین ← داش دەدۆشرێین

3 ـ فرمانی ناسادەی (دارژاو) ڕانەبوردووی تێپەڕی کارادیاری ئیخباری:

بۆ دروست کردنی ئەم فرمانەو دیاریکردنی شوێنی نیشانەی (دە)و ڕاناوی لکاوی B لە ڕشتەی فرمانە ناسادەکەدا:
ـ ڕەگی فرمانی ناسادە (دارژاو)ی تێپەڕ دەهێنین.
ـ نیشانەی ڕێزەی (دە) دەخەینە نێوان پێشگری فرمانەکەو ڕەگەکەی.
ـ ڕاناوی لکاوی B بەدوای ڕەگەکەدا دەهێنین، وەك:

کۆلارەکە ـ هەڵ ـ دە ـ دە[12]
م
ین
یت
ن
ات
ن

لەم فرمانەشدا دەتوانرێت:

1 ـ ئامرازی (ش)ی عەتف:
أ ـ بەدوای نیشانەی ڕێزە (دە)دا بهێنرێت، وەك:
ڕا ـ دە ـ ش ـ هێن ـ م ← ڕادەش هێنم.

ب ـ بەدوای پێشگری فرمانەکەدا بهێنرێت، وەك:
وەر ـ یش ـ دە ـ گەڕێن ـ ین ← وەریش دەگەڕێنین

2 ـ ڕاناوی لکاوی A بەدوای پێشگری فرمانەکەدا بهێنرێت، وەك:
هەڵ ـ م ـ دە ـ خەڵەتێن ـ ن ← هەڵم دەخەڵەتێنن

3 ـ ڕاناوی لکاوی A و ئامرازی (ش) عەتف بەدوای یەکدا بهێنرین لە فرمانەکەدا، وە لە هاتنەکەیاندا پێکەوە، دەتوانن پاش وپێش بکەوون، وەك:

أ ـ وێنە بۆ پێش کەوتنی ڕاناوی لکاوی A:
هەڵ ـ ت ـ یش ـ دە ـ بۆڕ ـ م ← هەڵتیش دەبۆڕم
ب ـ وێنە بۆ پێشکەوتنی (ش)ی عەتف:
دا ـ ش ـ ت ـ دە ـ پاچ ـ ن ← داشت دەپاچن

نیشانەی (ب... ایە) یان (ب... یە)

لە چاووگی ناسادە (دارژاو)ی تێپەڕ و تێنەپەڕی کارادیارو کارانادیار، ئەگەر قەدی فرمانە ناسادەی (دارژاو)یان وەرگرت:

1 ـ لە قەدە ناسادە (دارژاوەکە)دا، فرمانە ڕووتەکە ـ تێپەڕ، بێت، یان تێنەپەڕی کارادیار کۆتایی بە پیتەبزوێنی (ا) نەهاتبوو، فرمانەکە دەخرێتەنێوان نیشانەی (ب.. ایە)ی ئینشائیەوە، وەك:

(1)

چاووگی ناسادە (دارژاو) قەدی فرمانی ناسادە (دارژاو)
هەڵ بژاردن هەڵ بژارد[13]

(3)

هەڵ ـ بـ (بژارد) ایە ← هەڵ ببژاردایە
هەڵ ـ بـ (چوو) ایە ← هەڵ بچووایە

هەوالنامەی کێبڕکێ

دا ـ بـ (کەوت) ایە ← دابکەوتایە

2 ـ لە قەدە ناسادە دارژاوەکەدا، فرمانە ڕووتەکە ـ تێپەڕ بێت، بان تێنەپەڕی کارادیارو کارانادیار بێت ـ ئەگەر کۆتایی بە پیتەبزوێنی (أ) هاتبوو، فرمانەکە دەخرێتە نێوان نیشانەی ڕێژەی (ب-مە)ی ئینشائیەوە، وەك:

چاووگی ناسادە (دارژاو)	قەدی فرمانی ناسادە (دارژاو)
هەڵ تووتان	هەڵ تووتا
داهێنان	داهێنا
هەڵ کێشران	هەڵ کێشرا

هەڵ ـ بـ (تووتا)یە ← هەڵ بتووتایە

دا ـ بـ (هێنا)یە ← دابهێنایە

هەڵ ـ بـ (کێشرا)یە ← هەڵ بکێشرایە

ئەو فرمانە ناسادە ڕابوردووانەی کە بەپێی ئەو بنواشانە دەتوانرێت لە قەدی ناسادە (دارژاو) دروست بکرێن، ئەمانەن:

1 ـ فرمانی ناسادە (دارژاو)ی ڕابوردووی تێنەپەڕی ناتەواوی ئینشائی:

بۆ دارشتنی ئەم فرمانەو دیارکردنی شوێنی ڕێژەی (ب.. ایە) یان (ب... یە)و ڕاناوی لکاوی ك B لە ڕشتەی فرمانە ناسادەکەدا:

ـ قەدی فرمانی ناسادە (دارژاو)ی تێنەپەڕ دەهێنین.

ـ فرمانە ڕووتەکە لە قەدە ناسادەکەدا، ئەگەر کۆتایی بە پیتەبزوێنی (أ) هاتبوو دەخەینە نێوان نیشانەی ڕێژەکەوە.

ـ ڕاناوی لکاوی ك B بەدوای فرمانە ڕووتەکەدا دەهێنین، وەك:

لە چاووگی ناسادە (دارژاو)ی تێنەپەڕی (هەڵ هاتن)، قەدەکەی کە (هەڵ هات)ە، وەردەگرین و بەپێی یاسای سەرەوە گەردانی دەکەین.

هەڵ ـ بـ (هات)[14] م ـ ایە ← هەڵ بهاتمایە

هەڵ ـ بـ (هات) ـ ین ـ ایە ← هەڵ بهاتینایە

هەڵ ـ بـ (هات) ـ یت ـ ایە ← هەڵ بهاتیتایە

هەڵ ـ بـ (هات) ـ ن ـ ایە ← هەڵ بهاتنایە

لەم فرمانەدا دەتوانرێت، نامرازی (ش)ی عەتف:

أ ـ بەدوای پێشگرەکەدا، بهێنرێت، وەك:

وەر ـ یش ـ بـ (گەرا)یە ← وەریش بگەڕایە

ب ـ بەدوای نیشانەی ڕێژە (ب)دا، بهێنرێت، وەك:

دا ـ بـ ـ ش (خورپا)یە ← دابهش خورپایە

2 ـ فرمانی ناسادە (دارژاو)ی ڕابوردووی تێنەپەڕی ناتەواوی کارانادیاری ئینشائی:

بۆ دارشتنی ئەم فرمانەو دیارکردنی شوێنی نیشانەی ڕێژەی (ب.. ایە) یان (ب... یە)و ڕاناوی لکاوی ك B لە ڕشتەی فرمانە ناسادەکەدا:

ـ قەدی فرمانی ناسادە (دارژاو) تێنەپەڕی کارانادیار دەهێنین.

ـ فرمانە ڕووتەکە لە قەدە ناسادەکەدا، ئەگەر کۆتایی:

أ ـ بە پیتەبزوێنی (أ) هاتبوو دەخەینە نێوان نیشانەی ڕێژەی (ب.. یە).

ب ـ بە پیتەبزوێنی (أ) نەهاتبوو دەخەینە نێوان نیشانەی (ب.. ایە).

ـ ڕاناوی لکاوی ك B ئەگەر هێنرا ـ دەخرێتە کۆتایی نیشانەی (ڕا)ی کارانادیاری فرمانە ڕووتەکەوە بۆ وێنە:

لە چاووگی ناسادەی (دارژاو)ی تێنەپەڕی کارانادیاردا (داپلۆسێنران)، قەدەکەی کە (داپلۆسێنرا)یە وەردەگرین و بەپێی یاسای سەرەوە گەردانی دەکەین:

هەوالنامەی کۆڕ

دا ـ بـ (پڵوسێن ـ را)م ـ ایه ← دابپڵوسێنرامایه[15]
دا ـ بـ (پڵوسێن ـ را)ین ـ ایه ← دابپڵوسێنراینایه
دا ـ بـ (پڵوسێن ـ را)یت ـ ایه ← دابپڵوسێنرایتایه.
دا ـ بـ (پڵوسێن ـ را)ن ـ ایه ← دابپڵوسێنرانایه.
دا ـ بـ (پڵوسێن ـ را)... یه ← دابپڵوسێنرایه.
دا ـ بـ (پڵوسێن ـ را)ن ـ ایه ← دابپڵوسێنرانایه.

لهم فرمانهشدا دهتوانرێت ئامرازی (ش)ی عهتف:
أ ـ بهدوای نیشانهی ڕێژهی (ب)دا، بهێنرێت، وهك:
هەڵ ـ بـ ـ ش (گیرسێن)را ـ یه ← هەڵ بش گیرسێنرایه
ب ـ بهدوای پێشگری فرمانهکهدا بهێنرایه، وهك:
دا ـ ش ـ بـ (خ)را ـ یه ← داش بخرایه[16]

3 ـ فرمانی ناساده (داڕژاو)ی ڕابوردووی تێپهڕی کارادیاری ناتهواوی ئینشائی:
بۆ دارشتنی ئهم فرمانهو دیاریکردنی شوێنی نیشانهی ڕێژهی (ب.. ایه) یان (ب.. یه)و ڕاناوی لکاوی ك A له ڕشتهی فرمانه ناساده (داڕژاو)هکهدا:
ـ قهدی فرمانی ناساده (داڕژاو)ی تێپهڕی کارادیار دهێنین.
ـ فرمانه ڕووتهکه له قهده ناسادهکهدا دهخهینه نێوان نیشانهی ڕێژهکه.
ـ ڕاناوی لکاوی ك A ـ ئهگهر هێندرا ـ دهخرێته دوای پێشگری فرمانهکه.

بۆ وێنه:
له چاووگی ناساده (داڕژاو)ی تێپهڕی وهك (هەڵ پاچین)دا، که قهدهکهی (هەڵ پاچی)یه، وهردهگرین و بهپێی یاسای سهرهوه گهردانی دهکهین:

هەڵ ـ م ـ بـ (پاچی)ایه ← هەڵم بپاچیایه.
هەڵ ـ مان ـ بـ (پاچی)ایه ← هەڵمان بپاچیایه.
هەڵ ـ ت ـ بـ (پاچی)ایه ← هەڵت بپاچیایه.
هەڵ ـ تان ـ بـ (پاچی)ایه ← هەڵتان بپاچیایه.
هەڵ ـ ی ـ بـ (پاچی)ایه ← هەڵی بپاچیایه.
هەڵ ـ یان ـ بـ (پاچی)ایه ← هەڵیان بپاچیایه.

لهم فرمانه ناسادهیهشدا دهتوانرێت:
1 ـ ئامرازی (ش)ی عهتف: ـ
1 ـ بهدوای نیشانهی ڕێژه (ب)دا، بهێنرێت، وهك:
هەڵ ـ ت ـ بـ ـ ش (سهنگاند)ایه ← هەڵت بش سهنگاندایه.
ب ـ بهدوای پێشگری فرمانهکهدا، بهێنرێت، وهك:
را ـ ش ـ ت ـ بـ (ژهنی)ایه ← ڕاشت بژهنیایه.
2 ـ ڕاناوی لکاوی ك A بهدوای پێشگرهکهدا، بهێنرێت، وهك:
هەڵ ـ تان ـ بـ(خست) ایه ← هەڵتان بخستایه.
3 ـ راناوی لکاوی ك A و ئامرازی (ش) پێکهوه له ڕشتهی فرمانه ناسادهکهدا بێن، بهڵام له هاتنهکهیاندا، دهتوانن پێش و پاش بکهوون، نموونه:

أ ـ بۆ پێش کهوتنی ڕاناوهکه، وهك:
هەڵ ـ م ـ یش ـ بـ (دا)یه ← هەڵمیش بدایه.
بـ بۆ پێش کهوتنی ئامرازی (ش)، وهك:
دا ـ ش ـ تان ـ بـ گرت)ایه ← داشتان بگرتایه.

نیشانهی ڕێژهی (ایه)

نیشانهی ڕێژه (ایه) لهنهك فرمانی ناساده (داڕژاو)دا بهکار دهێنرێت بۆ پێك هێنانی فرمانی ناسادهی ڕابوردووی دووری ئینشائی. بۆ ئهمه قهدی فرمانی ناساده (داڕژاو) وهردهگرین و فرمانی (بوون)ی تێنهپهڕی دهخهینه دواوه، لهپاشا ڕاناوی لکاو ـ ئهگهر ویستر ڕانای لکاو بهکاربهێنرێت

کتێبخانهی وانامهی کتێب

- دەخەینە دوای فرمانی بوونەوە، لە دوا دوای هەموویاندا نیشانەی ڕێزەی (ایە) دادەنێین، بەم شێوەیە فرمانی ئاسادەی ڕابوردووی دووری ئینشائی دروست دەکەین، بۆ نموونە:

چاووگی ئاسادە (دارژاو) قەدی فرمانی ئاسادە (دارژاو)

تێ ووروکان تێ ووروکا

فرمانی ڕابوردووی ئاسادەی دووری ئینشائی

تێووروکا - بوو - ایە ← تێ ووروکابوایە

ئەو فرمانە ئاسادە ڕابوردووە دوورانەی ئینشائی کە بەم جۆرە پێك دەهێنرێن ئەمانەن:

1 - فرمانی ئاسادە (دارژاو)ی ڕابوردووی دووری تێنەپەڕی کارادیاری ئینشائی:

بۆ دارشتنی ئەم فرمانەو دیاریکردنی ڕێژەو ڕاناوی لکاوی ك B و فرمانی بوون و قەدی ئاسادە لە ڕشتەی فرمانە ئاسادەکەدا:

- قەدی فرمانی ئاسادە (دارژاو)ی تێنەپەڕی کارادیار دەهێنین:
- فرمانی (بوون)ی تێنەپەڕ.
- ڕاناوی لکاوی ك B
- نیشانەی ڕێژەی (ایە).

بۆ وێنە:

لە چاووگی ئاسادە (دارژاو)ی تێنەپەڕ (هەڵ نیشتن)، کە قەدەکەی (هەڵ نیشت)ە، وەردەگرین و بەپێی یاسای سەرەوە گەردانی دەکەین:

هەڵ - نیشت - بوو - م - ایە ← هەڵ نیشتبومایە.
هەڵ - نیشت - بوو - ین - ایە ← هەڵ نیشتبووینایە.
هەڵ - نیشت - بوو - یت - ایە ← هەڵ نیشتبوویتایە.
هەڵ - نیشت - بوو - ن - ایە ← هەڵ نیشتبوونایە.
هەڵ - نیشت - بوو. . ایە ← هەڵ نیشتبووایە.
هەڵ - نیشت - بوو - ن - ایە ← هەڵ نیشتبوونایە.

لەم فرمانەدا دەتوانرێت ئامرازی (ش)ی عەتف بەدوای پێشگری فرمانەکەدا بهێنرێت، وەك:

تێ - ش - (پەڕی - بوو)ایە ← تێش پەڕیبووایە
دا - ش (مەزرا - بوو)ایە ← داش مەزرابووایە

2 - فرمانی ئاسادە (دارژاو)ی ڕابوردووی دووری تێنەپەڕی کارادیاری ئینشائی:

بۆ دارشتنی ئەم فرمانەو دیارکردنی ڕێژەو ڕاناوی لکاوی ك B و فرمانی (بوون)ی تێنەپەڕو قەدی ئاسادەو نیشانەی (را)ی کارادیار لە ڕشتەی فرمانەکەدا:

- قەدی فرمانی ئاسادە (دارژاو)ی تێنەپەڕی کارادیار دەهێنین.
- فرمانی (بوون)ی یاریدەدەر.
- ڕاناوی لکاوی ك B
- نیشانەی ڕێژەی (ایە).

بۆ نموونە:

لە چاووگی ئاسادە (دارژاو)ی تێنەپەڕی کارادیاردا وەك (داخورپێران) قەدەکەی کە (داخورپێرا)یە، وەردەگرین و بەپێی یاسای سەرەوە گەردانی دەکەین:

دا - خورپێن - را - بوو - م - ایە ← داخورپێرابوومایە.
دا - خورپێن - را - بوو - ین - ایە ← داخورپێرابووینایە.
دا - خورپێن - را - بوو - یت - ایە ← داخورپێرابوویتایە.

هەوالنامەی کتێبی

دا - خورپێن - را - بوو - ن - ایه ← داخورپێنرابوونایه.
دا - خورپێن - را - بوو... ایه ← داخورپێنرابووایه.
دا - خورپێن - را - بوو - نەایه ← داخورپێنرابوونایه.

لەم فرمانه ناسادەیەدا، دەتوانرێت ئامرازی (ش) عەتف:

أ - بەدوای پێشگری فرمانەکەدا بهێنرێت، وەك:
را - ش - وەستێن - را - بوو - م - ایەهڕاش وەستێنرابوومایه.
ب - بەدوای نیشانەی (را)ی کارانادیاردا بهێنرێت، وەك:
را - وەستێن - را - ش - بوو - م - ایەهڕاوەستێنراش بوومایه.

3 - فرمانی ناسادە (دارژاو)ی رابوردووی دووری تێپەڕی کارادیاری ئینشائی:

بۆ دارشتنی ئەم فرمانەو دیارکردنی شوێنی نیشانەی ڕێزەو ڕاناوی لکاوی ك A و فرمانی (بوون)ی یاریدەدەر قەدی ناسادە لە ڕشتەی فرمانە ناسادەکەدا:
- قەدی فرمانی ناسادە (دارژاو)ی تێنەپەڕی کارادیار دەهێنین.
- فرمانی (بوون)ی یاریدەری تێنەپەڕ.
- ڕاناوی لکاوی ك A بەدوای پێشگری فرمانەکەدا.
- نیشانەی ڕێزەی (ایە).

بۆ وێنە:
قەدی ناسادە (دارژاو)ی (هەڵ بژارد) لە چاووگی ناسادەی (هەڵ بژاردن) وەردەگرین و بەپێی یاسای سەرەوە گەردانی دەکەین.

تێ - م - گوشی - بوو - ایە ← تێم گوشی بووایه.
تێ - مان - گوشی - بوو - ایە ← تێمان گوشی بووایه.
تێ - ت - گوشی - بو - ایە ← تێت گوشی بووایه.
تێ - تان - گوشی - بوو - ایە ← تێتان گوشی بووایه.
تێ - ی - گوشی - بوو - ایە ← تێی گوشی بووایه.
تێ - یان - گوشی - بوو - ایە ← تێیان گوشی بووایه.

لەم فرمانەدا دەتوانرێت:

1 - ئامرازی (ش)ی عەتف:
أ - بەدوای پێشگری فرمانەکەدا بهێنرێت، وەك:
دا - ش - م - ماڵی - بوو - ایە ← داشم ماڵی بووایه.
ب - بەدوای فرمانە ڕوونەکەدا بهێنرێت، وەك:
دا - م - ماڵی - یش - بوو - ایە ← دام ماڵیش بوایه.
2 - ڕاناوی ك. A بەدوای پێشگری فرمانەکەدا بهێنرێت، وەك:
لێ - تان - خواست - بوو - ایە ← لێتان خواستبوایه.
3 - ڕاناوی لکاوی ك. A و ئامرازی (ش) عەتف دەتوانن پێکەوە بەدوای پێشگری فرمانەکەدا بهێنرێن. دەشێت لە هاتنەکەدا پێش وپاش بکەوون:

أ - وێنە بۆ پێش کەوتنی ڕاناوی ك A، وەك:
تێ - م - یش - گرت - بوو - ایە ← تێمیش گرتبووایه.
ب - وێنە بۆ پێش کەوتنی ئامرازی (ش)ی عەتف، وەك:
هەڵ - یش - م - وەشاند - بوو - ایە ← هەڵیشم وەشاند بووایه.

نیشانەی ڕێزەی (ب)

بۆ وەکو کەو لەسای دەوەن بە خوێندن
هاو تیرەمان، ڕابکێشین بۆ مردن
(دیلان)

لەم دێرە شیعرەدا فرمانی (ڕابکێشین) فرمانێکی ناسادە (دارژاو)ەو لە چاووگی ناسادەی (ڕاکێشان) بەم شێوەیەی خوارەوە پێك هێنراوە:
1 - چاووگی ناسادە (دارژاو)ی (ڕاکێشان) هێنراوە.

هێوالنامەی کتێب

2 ـ نوونی چاوگیەکەو پیتەکەی پێشی لێ‌فڕێ‌دراوەو ڕەگی ناسادەی (ڕاکێش) ماوەتەوە.

3 ـ نیشانەی ڕێژەی (ب) خراوەتە نێوان پێشگرەکەو ڕەگی فرمانەکە.

4 ـ ڕاناوی لکاوی ك. B بەدوای ڕەگی فرمانە ناسادەکەدا. هێنراوەو بەم شێوەیەی خوارەوە گەردان کراوە.

ڕابکێشم ـ ڕابکێشین
ڕابکێشیت ـ ڕابکێشن
ڕابکێشێت ـ ڕابکێشن

نیشانەی ڕێژەی (ب) لە ئاخاوتنی کوردیدا، دوو ڕێژەی لێ پێك دەهێنرێت:

1 ـ ڕانەبوردووی ئێستائی.

2 ـ فرمانی داخوازی.

ئەوا یەکەیەکە لە هەریەکێ لەم فرمانانە دەدوێین:

(1)

فرمانی ڕانەبوردووی ناسادە (داڕژاو)ی ئێستائی

1 ـ فرمانی ڕانەبوردووی ناسادە (داڕژاو)ی تێ‌نەپەڕی کارادیاری ئێستائی:

بۆ داڕشتنی ئەم فرمانەو دیاریکردنی شوێنی نیشانەی ڕێژەو ڕاناوی لکاوی ك B ڕەگی ناسادە لە ڕشتەی فرمانە ناسادەکەدا:

ـ ڕەگی فرمانی ناسادەی تێ‌نەپەڕی کارادیار دەهێنین.

ـ نیشانەی ڕێژەی (ب) دەخەینە نێوان پێشگری فرمانەکەو ڕەگەکەی.

ـ ڕاناوی لکاوی ك B بەدوای ڕەگەکەدا دەهێنین.

بۆ وێنە:

چاووگی ناسادە (داڕژاو)ی (دەرکەوتن) دەهێنین، ڕەگەکەی کە (دەرکەو)ە، لێی وەردەگرین و بەپێی یاسای سەرەوە گەردانی دەکەین:

لە هەموو ژیانما هەر تاقە شتوێ
ئەستێرەی تالع ویستی دەرکەوێ[12]
(بەرهەمی خاوێن)

لەم دێرە شیعرە فرمانی (دەربکەوێ) وەردەگرین و گەردانی دەکەین:

دەر ـ ب ـ کەو ـ یت ← دەربکەوێت.
دەر ـ ب ـ کەو ـ ن ← دەربکەوون.
دەر ـ ب ـ کەو ـ یت ← دەربکەوێت.
دەر ـ ب ـ کەو ـ ن ← دەربکەوون.
دەر ـ ب ـ کەو ـ م ← دەربکەوم.
دەر ـ ب ـ کەو ـ ین ← دەربکەوین.

2 ـ فرمانی ڕانەبوردووی ناسادە (داڕژاو)ی تێ‌نەپەڕی کارادیاری ئێستائی:

بۆ داڕشتن و پێك هێنانی ئەم فرمانەو دەستنیشان کردنی شوێنی نیشانەی ڕێژەی (ب)و نیشانەی کارادیاری (ڕێ)و ڕاناوی لکاوی ك B و ڕەگی ناسادەی فرمانەکە لە ڕشتەی فرمانە ناسادە دایڕژاوەکەدا:

ـ ڕەگی فرمانی ناسادە (داڕژاو)ی تێ‌نەپەڕی کارادیار دەهێنین.

ـ نیشانەی ڕێژەی (ب) دەخەینە نێوان پێشگری فرمانەکەو ڕەگەکەی.

ـ نیشانەی (ڕێ)ی کارادیار بەدوای ڕەگی فرمانەکەدا دەهێنین.

ـ ڕاناوی ك B دەخەینە دوای نیشانەی (ڕێ) کارادیارەوە.

بۆ وێنە: ـ

ڕەگی سادە (داڕژا)ی ـ هەڵ مژ ـ لە چاووگی ناسادەی کارادیاری تێ‌نەپەڕی (هەڵ مژین) وەردەگرین و بەپێی یاسای

هەوالنامەی کێبی

سەرەوە فرمانە رانەبوردووە ناسادە تێنەپەڕە کارادیارە ئینشائیی‌یە پێك هاتووەکە، گەردان دەکەین:

هەڵ - بـ (مژ)رێ - م ← هەڵ بمژێرم.
هەڵ - بـ (مژ)رێ - ین ← هەڵ بمژرێین.
هەڵ - بـ (مژ)رێ - یت ← هەڵ بمژرێیت.
هەڵ - بـ (مژ)رێ - ن ← هەڵ بمژرێن.
هەڵ - بـ (مژ)رێ - ت ← هەڵ بمژرێت.
هەڵ - بـ (مژ)رێ - ن ← هەڵ بمژرێن.

لەم فرمانە دەتوانرێت، تەنیا ئامرازی (ش) عەتف:
أ - بەدوای پێشگرەکەدا بهێنرێت، وەك:
هەڵ - یش - بـ(مژ)رێ - م ← هەڵیش بمژرێم
ب - بەدوای نیشانەی ڕێزەی (ب)دا بهێنرێت، وەك:
دا - ب - ش - ماڵ - رێ - م ← دابش ماڵڕێم

3 - فرمانی ڕانەبوردووی ناسادە (دارژاو)ی تێپەڕی کارا دیاری ئینشائی:

سەختی ناخەمە پێشم
نابم بە کۆسپی خۆیشم
پەیمانم داوە بە قەد
بەڕەی خۆم پێ (ڕاکێشم)

(بەرهەمی خاوین)

لەم دێرە هۆنراوەیەدا فرمانی (ڕاکێشم)[18] یان (ڕابکێشم)، فرمانێکی رانەبوردووی ناسادە (دارژاو)ی تێپەڕی کارادیاری ئینشائی‌یە. بۆ دارشتنی:
- چاووگی ناسادەی دارژاوی تێپەڕی (ڕاکێشان) هێنراوە.
- لە چاووگەکە ڕەگی ناسادەی (ڕاکێش)[19] وەرگیراوە.
- نیشانەی ڕێزەی (ب) خراوەتە نێوان پێشگرەکەو ڕەگی فرمانەکە.
- ڕاناوی لکاوی ك B بەدوای ڕەگی فرمانە ناسادەکەدا هێنراوە.

وە بەپێی ئەم هاتن و یاسایەش وەها گەردان دەکرێت:

را - بـ (کێش) - م ← ڕابکێشم.
را - بـ (کێش) - ین ← ڕابکێشین.
را - بـ (کێش) - یت ← ڕابکێشیت.
را - بـ (کێش) - ن ← ڕابکێشن.
را - بـ (کێش) - ێت ← رابکێشێت.
را بـ (کێش) - ن ← ڕابکێشن.

لەم فرمانەدا دەتوانرێت:

1 - ئامرازی (ش)ی عەتف بەدوای:

أ - پێشگری فرمانەکەدا بهێنرێت، وەك:
دا - ش - بـ(مەزرێن) - م ← داش بمەزرێنم
ب - نیشانەی ڕێزەی (ب)دا بهێنرێت، وەك:
دا - بـ - ش(مەزرێن - ین ← دابش مەزرێنین.

2 - ڕاناوی ك A بەدوای پێشگری فرمانەکەدا دەهێنرێت، نەك نیشانەی ڕێزەی (ب) وەك لە فرمانی سادەدا لوا:
را - تان - بـ - ژەن - ین ← ڕاتان بژەنین.
ناتوانین بڵێین:
(را - بـ - تان - ژەن - ین ← رابتان ژەنین) چونکە ئەمە لە کوردزمان نەبیستراوە.

3 - ڕاناوی ك A و ئامرازی (ش) عەتف دەتوانرێت هەردووکیان پێکەوە بەدوای پێشگری فرمانە ناسادەکەدا بهێنرێن، بەڵام لە هاتنەکەیاندا پێش وپاش دەکەوون:
أ - وێنە بۆ پێش کەوتنی ڕاناوەکە لەتەك ئامرازی (ش)ی عەتفدا:
هەڵ - م - یش - بـ(واس) - ن ← هەڵمیش بواسن.
ب - وێنە بۆ پێش کەوتنی ئامرازی (ش)ی عەتف لەگەڵ راناوی (ك A) دا، وەك:

هەوالنامەی کێبڕکێ

هەڵ ـ یش ـ مان ـ بـ(واس)یت ← هەڵیشمان بواسیت.

(2)

فرمانی ناساده (داڕژاو)ی داخوازی

بنـوو لە باوەش دایکـی دڵسـۆزا
بۆی (هـەڵ بڕێـژە) دەردو هیـجـرانـت
(دیلان)

لەم دێـرە شیعـرەدا فرمـانی (هـەڵ بڕێـژە) فرمـانێکی ناسادەی داڕژاوەو لە چاووگی (هەڵ ڕشتن)ەوە بەم شێوەیەی خوارەوە پێك هاتووە:

ـ لە چاووگی ناسـادەی داڕژاوی (هـەڵ ڕشتن)ەوە، ڕەگی فرمانی ناساده (هەڵ ڕش)[20] وەرگیراوە.

ـ نیشـانەی ڕێـژەی (ب) خراوەتـە نێـوان پێشگـری فرمانە ناسادەکەو ڕەگەکەی.

ـ ڕانـاوی لکـاوی ك B خراوەتـە دوای ڕەگی فرمـانـەکـەوە ئەگـەر وێستمـان گەردانی بکـەین بەپێی یاسـای سەرەوە گەردانی دەکەین:

هەڵ ـ بـ(ڕێژ) ـ ە ← هەڵ بڕێژە
هەڵ ـ بـ(ڕێژ) ـ ن ← هەڵ بڕێژن

فرمانی ناسادەی (داڕژاو)ی داخوازیش دوو جۆرە:

1 ـ فرمانی ناساده (داڕژاو)ی داخوازی تێپەڕ:

گڵۆپی مەمکی کوڕاوەی دایکەکانمان،
هەڵ گیرسێنە..
پشکۆی نووستووی، ژێر خۆڵەمێشی مێژوومان،
هەڵ بسێنە..
(من تینوێتیم بەگڕ ئەشکی)

لەم پارچـە هۆنـراوەیـەدا دوو فرمـانی ناسـاده (داڕژاو)ی داخوازی تێپەڕ هەیە:

1 ـ فرمانی (هەڵ بگیرسێنە)[21]

2 ـ فرمانی (هەڵ بسێنە).

ئەم دوو فرمانە بەپێی یاسا:

ـ چاووگی ناسـادە (داڕژاو)ی (هـەڵ گیـرساندن)و چاووگی ناسـادەی (هـەڵ سانـدن)ی تێپـەڕ هێنـراوون و ڕەگـە ناسادەکانی فرمانەکانیان لێوەرگیراوە.

ـ لە چاووگـی (هـەڵ گیـرسـانـدن) ڕەگی ناسـادەی (هەڵ گیرسان)ەوەرگیراوەو ئەلفەکەی کراوە بە (ێ)و بۆتە (هەڵ گیرسێن).

ـ لە چاووگی (هـەڵ سانـدن) ڕەگی ناسـادەی (هەڵ سان) وەرگیراوەو ئەلفەکەی کراوە بە (ێ)و بۆتە (هەڵ سێن).

ـ نیشانەی ڕێژەی (ب) خراوەتە نێوان پێشگری فرمانەکەو ڕەگەکەی، بوونەتە (هەڵ بگیرسێن)و (هەڵ بسێن).

ـ لەپاشا ڕاناوی لکاوی ك B خراوەتە دوایی ڕەگی فرمانەکەو بەم شێوەیەی خوارەوە گەردان کراوون:

1 ـ هەڵ ـ ب ـ گیرسێن ـ ە ← هەڵ بگیرسێنە.
هەڵ ـ ب ـ گیرسێن ـ ن ← هەڵ بگیرسێنن.

2 ـ هەڵ ـ بـ(سێن) ـ ە ← هەڵ بسێنە.
هەڵ ـ بـ(سێن) ـ ن ← هەڵ بسێنن.

لەم فرمانە ناسادە داخوازیـیە تێپەڕەدا دەتوانرێت.

1 ـ ئامرازی (ش)ی عەتف:

أ ـ بەدوای پێشگرەکەدا بهێنرێت، وەك:
هەڵ ـ یش ـ بـ (هێنج)ە ← هەڵیش بهێنجە.
بـ بەدوای نیشانەی ڕێژەی (ب)دا، بهێنرێت، وەك:
هەڵ ـ بـ ـ ش (هێنج) ـ ە ← هەڵ بش هێنجە.

2 ـ ڕانـاوی لکـاوی ك A بەدوای پێشگـری فرمـانـەکـەدا بهێنرێت، نەك نیشانەی ڕێژەی (ب)، وەك:

هەوڵنامەی کێبڕکێ

رۆ ـ مان ـ بـ(کە)ن ← رۆمان بکەن.
دا ـ یان ـ بـ(دۆش)ە ← دایان بدۆشە.

3 ـ ڕاناوی لکاوی ك. A و ئامرازی (ش)ی عەتف دەتوانن هەردووکیان پێکەوە لە ئاخاوتندا بەدوای ئەم فرمانە ناسادە داخوازییەدا بێن، بەڵام لە هاتنەکەیاندا، بۆیان هەیە پاش وپێش بکەوون:

أ ـ وێنە بۆ پێشکەوتنی ڕاناوەکە، وەك:
دا ـ مان ـ یش ـ بـ(گر)ە ← دامانیش بگرە.
ب ـ وێنە بۆ پێشکەوتنی ئامرازی (ش)، وەك:
دا ـ ش ـ مان ـ بـ(گر)ن ← داشمان بگرن.

2 ـ فرمانی ناسادە (داڕژاو)ی داخوازی تێنەپەڕ:
بۆ دارشتن و پێك هێنانی ئەم فرمانەو دیاریکردنی شوێنی نیشانەی ڕێژەی (ب)و ڕەگی ناسادەی فرمانەکەو ڕاناوی لکاوی ك A و ك B لە فرمانە ناسادەکەدا:
ـ لە چاووگی ناسادە (داڕژاو)ی تێنەپەڕ ڕەگی ناسادەی تێنەپەڕ وەردەگرین.
ـ نیشانەی ڕێژەی (ب)ی داخوازی دەخەینە نێوان فرمانەکەو ڕەگەکەی.
ـ ڕاناوی لکاوی ك B دەخەینە دوای ڕەگی فرمانەکە.

بۆ وێنە: ـ
لە چاووگی ناسادەی داڕژاوی تێنەپەڕی (دانیشتن)، ڕەگی ناسادە (دانیش) وەردەگرین و بەپێی یاسای سەرەوە گەردانی دەکەین:
دا ـ بـ(نیش) ـ ە ← دابنیشە.
دا ـ بـ(نیش) ـ ن ← دابنیشن.

لەم فرمانە ناسادە تێنەپەڕەدا دەتوانرێت تەنیا ئامرازی (ش)ی عەتف:
1 ـ بەدوای پێشگری فرمانەکەدا بهێنرێت، وەك:
هەڵ ـ یش ـ بـ(ڕ) ـ ە ← هەڵیش بڕە.
ب ـ بەدوای نیشانەی ڕێژەی (ب)دا، بهێنرێت، وەك:
هەڵ ـ بـ ـ ش (ڕەن)ن ← هەڵبش ڕەنن.

★ ★ ★

یاسای نیشانەکانی ڕێژە لەگەڵ فرمانی ناسادە (داڕژاو)دا

1 ـ نیشانەی (دە):
أ ـ لەتەك فرمانی ناسادە (داڕژاو)ی ڕابوردووی بەردەوامی تێڕەڕو تێنەپەڕی کارادیارو کارانادیاردا بەکاردەهێنرێت و دەخرێتە نێوان پێشگری فرمانەکەو فرمانە ڕووتەکەی قەدە ناسادەکە.
ب ـ لەتەك فرمانی ناسادە (داڕژاو)ی ڕانەبوردووی ئیخباری تێڕەڕو تێنەپەڕی کارادیارو کارانادیاردا بەکاردەهێنرێت و دەخرێتە نێوان پێشگری فرمانەکەو ڕەگەکەی.
2 ـ نیشانەی (ب.. ایە)و (ب.. یە):
ئەم نیشانەیە لەتەك فرمانی ڕابوردووی ناتەواوی سادەی (داڕژاو)ی تێڕەڕو تێنەپەڕی کارادیارو کارانادیاری ئینشائی‌دا، بەکار دەهێنرێت، بەڵام:
أ ـ ئەگەر فرمانەکە کۆتایی بە پیتەبزوێنی (أ) نەهاتبوو، فرمانە ڕووتەکە لە قەدەکەدا دەخرێتە نێوان نیشانەی (ب.. ایە).
ب ـ ئەگەر فرمانەکە کۆتایی بە پیتەبزوێنی (أ) هاتبوو، فرمانە ڕووتەکە لە قەدەکەدا، دەخرێتە نێوان نیشانەی (ب.. یە).
3 ـ نیشانەی (ایە) یان (یە):
ئەم نیشانەیە دەکرێت بە پاشکۆی فرمانی ڕابوردووی

دووری ئینشائی‌ی تێپەڕو تێنەپەڕی کارادیارو کارانادیار، بەڵام ئەگەر فرمانە ڕووتەکە لە قەدە ناسادەکەدا:

أ ـ کۆتایی بە پیتەبزوێنی (أ) نەهاتبوو، ئەوا نیشانەی (ایە) دەکرێت بە پاشکۆی فرمانەکە.

ب ـ کۆتایی بە پیتەبزوێنی (أ) هاتبوو، ئەوا نیشانەی (یە) دەکرێت بە پاشکۆی فرمانەکە.

4 ـ نیشانەی (ب):

ئەم نیشانەیە، دەخرێتە بەرایی:[22]

أ ـ ڕەگی فرمانی ناسادە (داڕژاو)ی ڕانەبووردووی تێپەڕو تێنەپەڕی کارادیارو کارانادیاری ئینشائی.[23]

ب ـ ڕەگی فرمانی ناسادە (داڕژاو)ی داخوازی[24] تێپەڕو تێنەپەڕ.

5 ـ ئامرازی (ش)ی عەتف لە فرمانی ناسادەدا، دەتوانرێت:

أ ـ بەدوای ڕێژەی (دە)و (ب)ی فرمانی تێپەڕو تێنەپەڕی کارادیارو کارانادیاری ڕابووردوو، ڕانەبووردووی ئیخباری وئینشائی‌دا، بهێنرێت.

ب ـ بەدوای پێشگری فرمانی تێپەڕو تێنەپەڕی کارادیارو کارانادیاری ڕابووردوو، ڕانەبووردوودا بهێنرێت.

جـ ـ بەدوای ڕاناوی لکاوی (ك A)دا لە فرمانی ناسادە (داڕژاو)ی تێپەڕدا، بهێنرێت.

6 ـ ڕاناوی لکاوی ك A لەتەك فرمانی ناسادەدا:

أ ـ بەدوای نیشانەی ڕێژەی هیچ فرمانێکدا نایەت، ئەگەر فرمانەکە ناسادەبوو.

ب ـ دەتوانرێت:

1 ـ بەدوای پێشگری فرمانی ناسادەدا بهێنرێت.

2 ـ بەدوای ئامرازی (ش)ی عەتف دا بهێنرێت.

7 ـ ئامرازی (ش)ی عەتف و ڕاناوی لکاوی ك A دەتوانن هەردووکیان پێکەوە بەدوای پێشگری فرمانی ناسادەی تێپەڕدا بێن، لە هاتنەکەیاندا بۆیان هەیە پاش وپێش بکەوون.

پەراوێزەکان: ـ

(1) چاووگی ناسادە (داڕژاو) دەتوانرێت لە چاووگی سادەو پێشگری (هەڵ، وەر، دەر، دا، ڕۆ، تێ، لێ، لێ، پێ، پێ..) دروست بکرێت، وەك:

دەر ـ کەوتن ← دەرکەوتن.

(2) هەشە بەر ئەم یاسایە ناکەوێت، بۆ وێنە چاووگی ناسادە ـ داڕژاوی (هەڵ خستن) کە ڕەگی ناسادەی لێ‌دروست دەکرێت بەپێی یاسا نابێتە (هەڵ خس) بەڵکو دەبێتە (هەڵ خە)یان (هەڵ خ) وەك لە گەردانەکەی‌دا دەردەکەوێت:

هەڵ ـ دە ـ خە ـ م ← هەڵ دەخەم.

هەڵ ـ دە ـ خە ـ ین ← هەڵ دەخەین.

هەڵ ـ دە ـ خە ـ یت ← هەڵ دەخەیت.

هەڵ ـ دە ـ خە ـ ن ← هەڵ دەخەن.

هەڵ ـ دە ـ خ ـ ات ← هەڵ دەخات.

هەڵ ـ دە ـ خە ـ ن ← هەڵ دەخەن.

(3) قەدی فرمانی ناسادە وەك گوتمان لە (پێشگرو فرمانی ڕووت) پێك دێت.

(4) نیشانەی (دە) لە هەندێ ناوچەی کوردستاندا بە (ئە) گۆڕەکرێت، واتە لەبری (هەڵ ـ دە ـ وەرا ← هەڵ دەوەرا) دەڵێن (هەڵ ـ ئە ـ وەرا ← هەڵ ئەوەرا).

(5) لەبری ڕاناوی کەسی دووەمی کۆی جودا بەکارهێنراوە.

(6) لەبری ڕاناوی کەسی سێیەمی کۆی جودا بەکارهێنراوە.

(7) لەم فرمانەدا:

هەڵ: پێشگری فرمانە ڕووتەکەیە.

دە: نیشانەی ڕێژەی بەردەوامە.

کێش: ڕەگی سادەی فرمانە.

را: نیشانەی کارانادیارە.

م: ڕاناوی لکاوی ك B بەڵام (هەڵ کێشرا) بەسەریەکەوە قەدی ناسادە (داڕژاو)ی چاووگی (هەڵ کێشان)ە.

(8) لە فرمانی سادەدا ڕاناوی لکاوی ك. A دەخرێتە دوای نیشانەی ڕێژەی (دە)وە، بەڵام لە فرمانی ناسادەدا دەخرێتە دوای

هەوڵنامەی کێبڕکێ

پێشگرەکەوە، وانە:

ناتوانین بڵێین (دا ـ دە ـ م ـ بەست ← دادەم بەست) چونکە لە کورد وەها نەبیستراوە، مەگەر ئەوانەی کورد زمان نین و تازە فێری کوردی بوون بە هەڵە ئەمە بڵێن.

(9) ناتوانرێت ئامرازی (ش)و ڕانماوی ك. A پێکەوە بەدوای نیشانەی ڕێژەی (دە)دا لە فرمانی ناسادەدا بهێنرێت و بگوترێت:

هەڵ ـ دە ـ یان ـ یش ـ خست ← هەڵ دەیانیش خست.

وەر ـ دە ـ ش ـ یان ـ خست ← وەردەشیان خست.

(10) (ب) بەتەنیا ڕەگی فرمانی سادەی (بوون)ە، بەڵام (لێك ب) ڕەگی فرمانی ناسادە (داڕژاو)ی تێنەپەڕی کارادیارە.

(11) چ بەتەنیا ڕەگی فرمانی سادەی (چوون)ە، بەڵام (لێك چ) ڕەگی فرمانی ناسادە (داڕژاو)ی تێنەپەڕی کارادیارە.

(12) لە شێوەی کەسی سێیەمی تاکدا، ڕەگی فرمانەکە دەبێت بە (هەڵ د)و ڕانماوەکە دەبێت بە (ات).

(13) قەدی فرمانی ناسادە (داڕژاو) لە پێشگر و فرمانی ڕووت پێك دێت.

(14) فرمانی (هات) خۆی بە تەنیا پێی دەگوترێت (فرمانی ڕووت) هەروەها پێشی دەگوترێت (قەدی فرمانی سادە).

(15) هەندێ نیشانەی (ب)ی ڕێژە لە فرمانی ناسادەدا گۆناکەن و دەڵێن:

خۆزگە داپڵۆسێنرامایە.

(16) (دا ـ خ) قەدی فرمانی ناسادە (داڕژاو)ی چاووگی ناسادەی (داخستن)ە. بەپێی دەستوور دەبوو قەدەکە (دا ـ خست) بوایەو فرمانە ناسادە (داڕژاوە) کارانادیارەکە لە شێوەی ڕابوردووی تێنەپەڕ کارانادیاری ئێنشائی‌دا (هەڵ ـ بـ ـ خست ـ را ـ یە = هەڵ بخسترایە) بوایە.

(17) نیشانەی ڕێژەی (ب) لە فرمانی ناسادەی داڕژاودا، بەداخەوە، نە دەنووسرێت و نەگۆ دەکرێت، ئەمە لە ڕووی یاساوە نەنگی‌یە، بەم پێیە فرمانی (دەرکەوێ) دەبێت (دەرێکەوێ ـ ت) بێت.

(18) نیشانەی ڕێژەی (ب) کرێنراوە.

(19) نوونی چاووگێکەو پێنەکەی پێشی چاووگە ناسادەکە فرێدراوە.

(20) بەڵام ڕەگی ناسادەی (هەڵ ڕش) کە گەردان دەکرێت، پێتی (ش) دەگۆڕدرێت، بە (ژ)و (ی) کرێنراوی نێوان پێتی (ڕ)و (ش) دێنەوەو ڕەگە ناسادەکە وەهای لێ‌دێت (هەڵ ڕێژ).

(21) نیشانەی ڕێژەی (ب)ی نێو (هەڵ بگیرسێنە) لە شێوەکەدا کرێنراوەو (هەڵ گیرسێنە) نووسراوە، چونکە ئاوەزوو بەڵای فرێدانی‌دا لە شێوەی ناسادەدا زۆرباوە (حەقیش نی‌یە فرێ‌بدرێت).

(22) وانە نێوان پێشگری فرمانە ناسادەکەو ڕەگەکەی.

(23) هەندێ بەم فرمانە دەڵێن ڕانەبوردووی ئەمری نائاشکرا (غیر صریح).

(24) لە هەندێ سەرچاوەدا ئەم فرمانە بە فرمانی داخوازی ناشکرا (صریح) ناوبراوە.

سەرچاوە

1 ـ مختصری صرف و نحوی کوردی ـ سعید صدقی بەخدا/ 1926.

2 ـ دەستووری زمانی کوردی ـ توفیق وەهبی جیزمی بەکەم/ 1929.

3 ـ قواعدی زمانی کوردی ـ بەرگی دووەم ـ نوری عەلی ئەمین ـ بەخدا/ 1958.

4 ـ گرتنی کەڵێنێکی‌تر لە ڕێزمانی کوردی ـ نوری عەلی ئەمین ـ بەخدا/ 1958.

5 ـ ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ـ لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد/ 1976.

6 ـ گۆڤاری کۆڕی زانیاری بەرگی نۆهەم 1982 (ڕێنووس).

7 ـ چۆنێەتی نووسینی چاووگەی نەسادە ـ گۆڤاری کۆڕی زانیاری ـ بەرگی نۆهەم 1982 (د. کوردستان موکریانی).

8 ـ لایەنێکی جیارازی ـ د. ووریا عمر ئەمین ـ گۆڤاری کۆڕی زانیاری بەرگی دەیەم. بەخدا/ 1983 ـ لاپەڕە 254 ـ 276.

9 ـ دیوانی دیلان ـ 1969 ـ چاپخانەی (ئەسعد) ـ بەغداد.

10 ـ بەرهەمی خاوێن ـ علی عارف آغا (شاری) 1984/ بەغداد.

11 ـ من ئینوێنیم بەگڕ ئەشکی شێرکۆ بێکەس ـ بەغداد/ 1973.

★ ★ ★

هەوالنامەی کتێب

مؤلف هجری دەدەی کرکوك

تحفەی سلیمانی

مصطفیٰ نەریمان



هجری دەده[1] (1877 ـ 1952) شاعیری گەورەی نیوەی یەکەمی ئەم ڕەچەرخەی شاری کەرکوکە، زۆربەی شیعرەکانی بە تورکمانی و فارسین لەو پارچە شیعرەی بەو لاوە کە لە چلەی ماتەمی پیرەمێرددا خۆیندوویەتی یەوە ئیتر بە کوردی هیچی بڵاونەکردوەتەوە، هەر ڕۆژنامەیەك لە کەرکوکدا دەرهێنرابێ هجری دەدە شیعری بە تورکمانی تێدا بڵاو کردوەتەوە و دەوری خۆی تێداگێراوە وەك:

(1) ڕۆژنامەی (حوادث) کە لە زەمانی عوسمانی یەکان دا نیوان ساڵانی 1911 ـ 1918دا سەدو سی و هەشت ژمارەی لێ دەرچووە نووسەرانی ئەم ڕۆژنامەیە: هجری دەدەو زین العابدین . و کەرکوکلی ڕەفیق حلمی بووە.

(2) ڕۆژنامەی (نەجمە) نووسەرانی ئەم ڕۆژنامەیە دیسانەوە هجری دەدەو ڕەفیق حلمی بوون و عبدالقادر خلوصی کفریلیش تێدا نووسەر بووە ئەم ڕۆژنامەیە سوپای بەریتانیاوداگیرکەر لە کەرکوك دەریدەکرد، لەپێشدا (شکری عبدالاحد)ی بەسەرەوەبوو.

صاحب هژده تألیفات هجری دده کرکوك

(3) رۆژنامەی (کەرکوك) رۆژنامەیەکی هەفتەیی بوو لە ساڵانی 1926 ەوە تا ساڵی 1972 دوو هەزارو سی‌و شەش ژمارەی لێدەرچوو تا چلەکان هجری دەدە، شاعیر محمد صادق، رەشید عاکف هورمزی، فەهمی عەرەب ئاغا[2] شتیان تێدابڵاوەدەکردەوە.

هجری دەدە لەم سێ رۆژنامەی کەرکوکدا پایەو مەقامی خۆی هەبوو شیعری تورکمانی تیایاندا بڵاوەدەکردەوە، هەر لەو ساڵانەدا هجری پێنج کتێبی چاپکردووە، (یادگار هجری‌و تەرکیب بەند) یان بە تورکی‌و (گڵدەستەی خزعلیە، ربا‌عیات و تحفۀ سلێمانی) یان بە فارسی بوون، هەر پێنج کتێبەکەش دیوانی شیعربوون.

(دەدە) پیاوێکی کەڵەگەتی چاورەشی برۆ ئەستور بوو، دەنگێکی گرِی هەبوو، داردەستێکی جوانی بەدەستەوە بوو، سمێڵی پڕو بەم لاو بەو لای دەمیا شۆڕەوە بوبوو، لە کەرکوك بەبانیان لە جووت قاوەو ئیوارانیش لە چاخانەی مەجیدیە[4] دادەنیشت و لە هەر قاوەخانەیەکداشوێنی دیاری خۆی هەبوو، هەر کە دادەنیشت قاوەچی قاوەی دەدایەو نێرگەلەچی نێرگەلەی بۆ پر دەکرد کە مژی بە نێرگەلەکەوە دەناو دەپروانیە ئاسۆی دوور ئەوەندەیتر چاوەکانی زەق دەیانڕوانیە ئەم لاو ئەو لا، لە هەر دوو قاوەخانەکەدا ئەدیب و ڕۆشنبیرو ناسیاوانی لە دەوری کۆدەبونەوەو چەند جارێك منیش وەك ئەو خەڵکە لەو دەورەدا دانیشتوم و من بە کوردی دەمدووواندو ئەو بە تورکمانی وەڵامی دەدایەوە.

(هجری دەدە) خاوەن هەستێکی ناسك و دڵ و دەرونێکی فراوان و عزەت نەفسێکی بەرز بوو، چاوی لە دەستی کەس نەبوو، گەرچی نەداراو بێدەرامەت بوو و هەمیشە نیشانەی ئەو محاڵەی لە نێوچاواندا بە ئاشکرا هاواری دەکرد بەڵام رۆژێ لە رۆژان لە کەس داوای یارمەتێکی نەکردبوو.

لە نێوان (هجری دەدە)ی شاعیری کەرکوك و (پیرەمێرد)ی شاعیری سلێمانیدا پەیوەندیەکی زۆر بەهێز هەبوو ئەم پەیوەندیەش نەئەگەرایەوە بۆ سەر کورسی قوتابخانە چونکە (پیرەمێرد) لە سلێمانی رشدیەی تەواو کردبوو چوبووە

ئەستەمۆڵ و لەوێ قوتابخانەی حقوقی بریبو و بوبووە ئەفسەرو ئنجا لە فەرمانبەریدا بەرز بوبووەوە تا پلەی (محافظ - پارێزگار) بەڵام هجری دەدە پاش خوێندنی سەرەتایی مزگەوت لای مامۆستایان (علی حکمت ئەفەندی و مەلا رەزای واعظ) خوێندنی تەواوکردبوو، پیرەمێرد لە بیستەکاندا گەڕایەوە سلێمانی و دەستی دایە رۆژنامەگەری و ژین و ژیانی بڵاوکردەوەو چەند کتێبێکی خۆی وەك (مەولەوی، کەمانچەژەن ،مەم وزین، دوانزدە سوارەی مەریوان و گاڵتەوگەپ)ی چاپکرد، ناسیاری نێوان ئەم دوو کەڵە شاعیرە دەگەڕێتەوەسەر ئەوەی هەردوکیان تورکی زان و فارسیزان بوون و شاعیرو رۆژنامەنووس بوون، لە خوو رەوشتیشدا لەیەك دەچوون، لە سەرەتای سیەکانەوە کە ڕێگای نێوان کەرکوك و سلێمانی بوو بە ئوتۆمۆبیلەرێ هاوڕێتی نێوان ئەم دوو شاعیرە پتەوتربوو، کە هەواڵی پیرەمێردت لە هیجری پیرسایە دەبوت (پیرەمەرد بنم صیق ارقداشمدر - واتە - پیرگێرد هاورێی ئەواوی منە). بابزانین ئەم هاوڕێیەی نێوانیان چ کارێکی لە پیرەمێرد کردووە؟ کە لە رۆژنامەی ژیانی ژمارە (344)ی رێکەوتی حەوتی تشرینی دووەمی ساڵی 1932دا لەم بارەیەوە ووتویە (ئەم جارە لە کەرکوك بووم، لە تەئبینی ماتەمی عزەت پاشادا هجری دەدەم دی بێ رەنگی نێدا دەبینرا، پرسیم گوزەرانی ئەم شاعیرە یەگانەیە چۆنە؟ ووتیان: مەپرسە؟... من هجری بە شاعرێکی بڵندو هونەرمەند دەزانم، دەبوایە کەرکوك قەدری بزانیایە، ئنجا من چی بڵێم خوا رەوای بینی سلێمانی قەدری فائق بێکەس دەزانێ، کەرکوك بۆچی لە هیجری هجرایە:

بزەدکی شاعرلری صایسه(دەدە): یجلرنده چیقمیور برتك (دەدە)

واتە ئەگەر بێتو (دەدە) یەعنی برایەك شاعرانمان بژمێرێت بە هومویانەوە دەدەیەکی دیکەی وەك (دەدە) یان لێ هەڵ ناکەوێت.

رۆژ بەرۆژ هاورێتی، نێوان ئەم دوو شاعیرە بلیمەتە پتەوتر، دەبوو. ئەوەبوو پاش دوو ساڵ واتە لە ساڵی 1934دا هجری دەدە چووە سلێمانیو بوو بە میوانی پیرمێردو ئەمیش خزمەتێکی زۆری دەکاو بە سلێمانی و دەورو پشتیدا گەشت و گوزارێ دەکەن و دەچێتەناو خەڵکەوە لە نزیکەوە لەگەڵ دانیشتوانی شاردا ئاشنایی پەیدادەکات، لە رۆژنامەی (ژیان)ی ژمارە (408)ی رۆژی 25ی ئایی 1934 پیرەمێرد ئەم دوو بەیتەشیعرە بۆ (هجری دەدە) دەنووسێت:

هجری دەدە هات بۆ سلێمانی
نشئەو نشیدەو سمێلی هانی
إخوێ زوو رۆیەوە شیعری جێماوە
خۆیشی و شیعریشی بەناوودواوە؟

هجری دەدەش بە چوار دێری شیعری فارسی وەڵامی دەداتەوە لە ژمارەی داهاتوودا بەم ناونیشانە پێشکەشی دەکات کە دەڵێت (هەڵبەستراوی ئەقدەم شوعەرا جەناب هجری دەدەی فاضل کەرکوکی بە فارسی) دەدە پاش ئەم سەفەرەی کە گەڕایەوە کەرکوك ساڵی 1935 هات ئەو گەشت و گوزارەی کرد، بە چامەیەك لە (242) دێرە شیعردا و ناوی لێناوە (تحفەی سلێمانی)و کتوپڕ ناردی لە بەغداد لە چاپخانەی (سریانی) لەتۆو لۆی (52) لاپەرەدا لە چاپ داو زۆربەی ژمارەکانی ناردە سلێمانیو خوێندەوارو زاناو ناودارەکانی سلێمانی پێشوازیەکی تەواویان لە تحفەکەیان کرد ئەمەش لەم نووسینەی (پیرەمێرد)ەوە دەردەکەوێت کە لە رۆژنامەی (ژیان)ی ژمارە (4304)ی رۆژی نۆی شوباتی ساڵی 1935 بڵاوکراوەتەوە کەدەڵێت: (تحفەی سلێمانی):- شاعر هجری دەدە تحفەی سلێمانی بە فارسی نظم و طبع کردوە، بۆی ناردوین، بەراستی تحفەیەکی تحف و یادگارێکی ئەلطەفە، ئەجدادی سلێمانی زیندووکردوەتەوە، ئەشخاص حاضرەشی دەژێنێ، حەقێکی وای خستوەتە سەرمان بە هەر چەندێ دەیێ بێکرین، لە مطبعەی ژیان و لە دوکانی ئوستا ئەحمەد خەیاط و لای مەلاعەلی صەحاف دەفرۆشرێ، شاعیر خۆشی تیایەتی[5] بە شیوەی شیرین بۆمان دەخوێنێتەوە).

ئنجا وەختی ئەومان هاتووە بزانین ئاخۆ ئەو توحفەیە چ توحفەیەکە کەوا مێژووی سلێمانی نێدا زیندووکردوەتەوەو پیاوە ناودارەکانمانی پێ دەناسێنێت و مافێکی ئەو تۆی خستوەتەسەر شارەکەمان کە پێیان نەدرێتەوە، مەگەر بەوەی کە پاش پەنجا ساڵ دوای دەرچوونی کتێبەکە لە لاپەرەی گۆڤارێکی کوردیدا.، یان لە کۆڕو ئاهەنگی دوو سەد ساڵەی سلێمانیدا بخرێتەروو

یادی بکرێت و رێزی بگیرێت، هجری دەدە لە جامەکەیدا چی بینیوە شیعری پێدا هەڵداوەو وێنەی بە هەڵبەست بۆ کێشاوەو هەر دێرە شیعرێکی بە ووشەی (دیدەم) واتم (بینیم) دوایی پێ هێناوە، ئەوی بینیوە بە شیعر نوسیویەتەوەو ئەوەشی مێژوو بێت وەك بینین بۆیان گێراوەتەوەو ئەویشی هەر هۆنیوەتەوە، لە جامەی (تحفەی سلێمانی)دا هجری دەدە بۆ هەر مەوزوعێك ناونیشانێکی تایبەتی داناوە، ئەگەز ناوەرۆکی ئەو مەوزوعە شوێن، بنەماڵەیێکی بەناوبانگ و نیشانەی زانست و رۆشنبیری بێت ئەوا زیاتری لەسەر نووسیوە و زۆرتری لەسەر هۆنیوە تەوە ئەگەر بۆ تاقەکەسێك بێت ئەوا بەیەك دوو دێرە شیعر پێشکەشی کردووە.

بۆ نمونە: بۆ (مەشهودات) 24 دێرە شیعرو بۆ (مناظر سلێمانی) 26 دێرو بۆ بنەماڵەی بابان و دامەزراندنی شاری سلێمانی (21) دێرو بۆ (سادات کرام) واتە شێخانی سلێمانی (20) دێرو بۆ کتێبخانەکەی (قادر ئاغای عەتار) 31 دێرە شیعرو بۆ (زانایانی سلێمانی) دە دێرو بۆ (سەرقەبران) 12 دێر بۆ (جاف) حەوت دێری تەرخان کردوە، هەروەها بۆ هەریەکە لەم ناودارو بنەماڵە بەناوبانگانەی ئەو سەردەمە سەرو یەك یا دوو دێری پێشکەش کردوون، وەك (زەعیم ئەمین زەکی، بکر صدقی پاشای عەسکری، عەلی کەمال، ماجد، حاجی رمضان ،شێخ لطیف، عەلەکە، سعیدپاشا، مصرف زادە، شاڵی زادە، شەریف زادە، ئەزاز زادە، کرکوکلی زادە، حاجی ابراهیم خفاف، هتد...).

یەکەم مەوزوعی (تحفەی سلێمانی) لە (مەشهودات) موە واتا بەرچاوکەتووە دەست پێدەکات. ئەوا بەشێك لەچامەکە وەك خۆی دەنوسینەوە ئنجا لێکی دەدەینەوە.

شدم مورسلیمانی بسی مهروفا دیدم
به بیماری سفرکردم که درمنزل شفادیدم
رسیدم چون بپرسیدم ز اُمیدم گهر چیدم.
ترنجیدم بگنجیدم پسند دیدم صفادیدم
که بامهمانتوازی صلحسازی سربر اُفرازی
چوبهتر از برادر خوبتر از اُقربا دیدم
همه حاضر جواب و خوش سخن و روخوش خطاب اور
لطایفگو بشاشتر، سحرلب خندها دیدم
هزاران چون ارسطو نشته بهر شربت صافش
کسی نوسیده شد از دست علها رهادیدم
خورد گر طفل شیرتاموز ازوشیر ژیان گردد
شرابش قوت جانست و یاقوت و بهادیدم
بیرون ناید ز هر برج دریش صد شمس استعداد
نگاکردم بههرفردی مجسم یك زکادیدم
بشب درمکتب (زانستن)ش حیّ سحربیدار
چوبلبل صنف طلاب از گلستان با صدا دیدم

واتە (بووم بە میرووڵەی سلێمانی و[6] زۆر دۆستی وەفادارم تێدادی . . . بە نەخۆشی سەفەرم کردو کە گەیشتمە منزڵ شیفام دی، گەیشتم کە پرسیم لە هومێد گەوهەرم چنی‌یەوە. . .

ئەزیەتم نەبوو، سوودم وەرگرت خۆشیم تێدادی. . . ، لە میهمانداری‌و صوڵحسازی‌و سەربەرزیدا لە برا چاکتر لە خزم و خوێش بە کەڵك ترم دی. . . ، هەموو حازر وەڵام ،خۆش قسە ڕووخۆش بەگفت و لفت نوکتەگۆ، ڕووگەش، دەم بەپێکەنینم دی. . هەزاری وەك ئەرەسطو چاوەڕێی شەربەتی صافی‌یە، هەرکەس بیخواتەوە لە دەست نەخۆشی رزگار دەبێ. . . گەر شیرەخۆر لێی بخواتەوە دەبێتە شێری مەیدان. . . شەرابی ئەو هیزی گیانە، وەك یاقووت بەنرخە لە هەر بورجێکەوە صەد خۆری لێ هەڵ دێ سەیری هەر کەسێکم دەکرد پارچەیەك زیرەگیم تێدادەدی . . . ،شەو لە مەکتەبی زانستن دا هەتا بەیان بیدارن. . . ، قوتابی‌یەکانم وەك بولبولی خۆش ئاوازی گوڵستان دی).

لە پارچە شیعری (مناظر سلێمانی) واتە (دیمەنەکانی سلێمانی)دا سلێمانی دەکاتە بەهەشتێك و یەکە . ناو چیاو دۆڵەکان و شارەکانی دەهێنێت و بەسەریاندا هەڵ دەدات وەك (پیرەمەگرون، ئەزمر، گوێژە، زێویە، لەغاوگیر، تاریەر، پیرمەلەك، کەمۆ، پێنجوین) ئنجا بەرەو باشور دەروات و باسی (هەڵەبجەو هاوارو عەبابەیلێ‌و تەوێڵەو بیارە)مان بۆ دەکات و ناوی پایە بەرزان شێخ عومەری ضیاءالدین و شێخ علاءالدین و شێخ حسام الدین زۆر بەرێزەوە دەهێنێت ،ئنجا دەگەڕێتەوە شارو دەچێتە سەرچنار، لەدوای ژمارەنی ئەو شوێنە خۆش و بەناوبانگانە دەڵێت (هیچ خۆش ڕیستێك لە جیهاندا بێ‌ڕەقیب

نەبووە، رەقیبی ئەم شارەش رەشەبایە بەڵام رەشەبای سلێمانی بێ‌دەردو بەڵایە، ئەویش بزانە لەم شارەدا لە گەزۆی ئاڵ حەڵوایەکی شیرینت دەرخوارد دەدەن) هجری دەدە کە دەچێتە سەرقەبران و سەردەکەوێتە سەر گردی سەیوان یادی مردووەکان بەم جۆرە دەکاتەوە (کە چاوی دڵم کردەوە خودایا چیم دی لەم جێیەدا؟ ناوی شاری بێ‌دەنگان بوو، بەڵام دڵ رفێن بوو، سەیوانی سەرقەبران بەڵکو ئێرە جێ ژیانە لەبن هەردارێکیدا بولبوڵێکی ژیانی ئەبەدیم دی).

دامەزراندنی سلێمانی و بابانەکانی بەیەکدا جەمسەر داوەو دەڵێت (روانیمە شەرەفنامە بینیم بابانەکان خاوەن شەرەفن و ئەوان دامەزرێنەرو گەورەی ئەم شارەبوون و دەچنەوەسەر میر ئەبدالڵ و لەوێشەوە دەچنەوەسەر پیربوداق) یەك بە یەك دێت میرەکانی بابانمان بۆ دەژمێررێت وەك (بەکرەسوور، خانە، ئەحمەدپاشا، سلێمان پاشا، محمد پاشا محمود پاشا) کە دەگاتەسەر (ابراهیم پاشا) دەڵێت (چۆن حەزرەتی ئیبراهیم بناغەی کەعبەی دامەزراند ئەم ئیبراهیمەش سەدو پەنجا ساڵ لەمەوبەو لەم شوێنەدا بناغەی سلێمانی دانا) لەدوایدا ناوی وەچەکانی دوای ئەوان دەژمێرێ وەك (حەمدی، صلاح الدین، جمال، جەلال، توفیق، شوکت، قادر، اسماعیل حقی، مصطفی‌ذهنی، اسماعیل، مجید پاشا)و ناوی هەردور کورەکانیشی دەهێنێت (جەمیل و بەهجەت)و کورەزاکانیشیان کە ئەوسا منداڵی ساوابوون وەك (خورشید، قادر، محمود، محمد) دەبات، ئەو دوایی‌یان لە ژیاندان، هەروەها ناوی (شەمسە)[7] دەهێنێت و دەیباتەوە سەر میرەبەگ.

کە دەچێتەسەر باسی (شێخانی سلێمانی) بەسادات کرام) ناویان دەبات و دەڵێت (ئەم بنەماڵە پیرۆزە دەچنەوە سەر مەعروفی نودێیی‌و نوری ئەم شێخەش وەك رۆژ سلێمانی رووناك کردەوەتەوەو بنەماڵەکەشی وەك مانگ لە ئاسمانی سلێمانیدا دەدرەوشێتەوە) ناوی (کاك ئەحمەدی شێخ و شێخ مصطفی وشێخ سەعید) دەهێنێ‌و دەڵێت (شێخ سەعید وکورەکەی هەر دووك لە نەینەوا شەهیدکران) ئنجا دێتەسەر پایە بەرزی‌و دلێری (شێخ مەحمود)و[9] دەڵێت (شێخ مەحمود لەم وڵاتەدا وەك مەحمودی غەزنەوی وەهایە بگرە لەویش پایە بەرزترە چونکە لە نەسلی پاکی ئەحمەدە)و ناوی هەر سێ کورەکانیشی دەهێنێت (رؤوف، عەلی، لطیف)... هجری (دەدە) لە ئافرەتانی ئەم بنەماڵەیە باسی (عائشەخان)[9] دەکات و بە (ام المسلمین) ناوی دەبات دەڵێت (ئەم ئافرەتە چ ئافرەتێکە وەك شێر نەبەردە ،دیوەخانەی جمەی دێت، ئەم دوختەرە (کچ)[10] چ حەکیمێکە کە لە حیکمەتدا شیفای عەقڵ دەکات). دوای ئەوە باسی شێخەکانی (سەرگەڵێ) دەکات و دیسان دەگەڕێتەوە سەر سلێمانی‌و زاناکانی ناوی (مەلامە حمودی چاومار و زەهاوی‌و مەلای پێنجوێنی‌و شێخ عومەرو مەلای مەریوانی) دەهێنێت.

ئینجا دەچێتە کتێبخانەکەی قادر ئاغای عەتارو بە (قراءةتخانە)[11] ناوی دەبات و لەوێ شاعیرە کۆن و تازەکانی ئەو حەلەی سلێمانی یاد دەکاتەدەو دەڵێت (گوڵ و گوڵزاری ئەم شارە شاعیر، مەلی شاعیر ،پیاوی شاعیر، ژنی هەم شاعیر) جا دێت ناوی ئەم زاناو شاعیرانە تێ‌هەڵکێش بە شیعر دەکات هەریەکەیان بە یەك دوو دێرە شیعر، یان بە یەك دوو ووشە ستایش دەکات (مەولەوی، نالی، مەلاخدری رودواری ،بێسارانی، خانای قوبادی، ئەختەری کۆیی، شکری فضلی، شێخ رضا، حەمدون، ئەحمەد بەگی فتاح بەگ، مەحوی، ئەمین یمنی ،ئەمین زەکی، مەستی، طاهر بەگی جاف، أحمد مختار جاف، سالم، بێخود، گۆران، موجرم، زێوەر، توفیق وهبی، بێ‌کەس، پیرەمێرد، حوزنی) بۆ شکری‌و شێخ رضا دەڵێت (ئەگەرچی شکری فضلی موعارض شیخ رضا بوو بەڵام زبانی شێخ رضا وەك شمشێری قەضا تیژە) بۆ حەمدون دەڵێت (حەزرەتی حەمدون بەدڵ چاوی دنیا بینی هەیە، من ئەوم لە سلیمانیدا بە ئوبوعەلا[12] داناوە) بۆ هەردوو برا طاهربەگ و ئەحمەد بەگی جاف دەڵێت (لەناو هۆزی جافدا طاهری خۆش رەوشت ظاهر بوو زوو جوانە مەرگ بوو ئەحمەد موختاری برای ئەدیب و نەجیب و وەك عوسمانیش[13] بە حەیایە) بۆ توفیق وهبی دەڵێت (توفیق لەخواوە تەوفیقی پێ‌دراوەو مەوهبەشی پێ بەخشراوە) بۆ ئەمین زەکی بەگ دەڵێت (ئەمین زەکی بەڕاستی پیاوێکی زەکی‌یەو بێ‌گومان مامۆستایە هەموو ئەئلیفێکی ئەو دەدرەوشێتەوەو قەڵەمەکەشی هەمیشە لە کاردایە بەش بە حاڵم من

زۆر سوپاسی ئەو زاتە دەکەم) بۆ بێخود دەڵێ (بێخود بەروو بێخودە بەڵام بەدڵ ئاگادارە)و دەڵێت ئەمین یومنی خاوەنی هەفت پەیکەرەو[14] (گۆرانیش) دوو گەشتی بەسوودی بۆ هەورامان و قەرەداغ هۆنیوەتەوە ،لەدواییدا دەگەڕێتەوە سەر رۆژنامەی (ژیان)و ئەوسا ناوی (پیرەمێردو حوزنی موکریانی)[15] دەهێنێت و دەڵێت (پیرەمێرد مامۆستای سەردەستەی شاعیرانە وەك لاوێکی بەهیمەت و بەچاوێکی نوێوە بناغەی بۆ کوردی نووسین داناوە، لە رۆژنامەی ژیاندا حوزنیم دی هەرچەندە ناوی حوزنیبە بەڵام خۆی زۆر بەزەوق و خۆش صوحبەتە)

باش ئەوەی باسی هەرێمی پژدەرو ناوارەکانی هۆزی پژدەر دەکات وەك (عەباسی مەحمودو بابەکری سەلیم ئاغا) دەگەڕێتەوەو دەچێتە ناوسجاق و ستایشی (بەگزادەکان دەکات)و دەڵێت (بە رەگەز دەچنەوە سەر میرەبەگ و ناوی حەمەپاشا دەهێنێت) دەڵێت پێنج کوڕی هەبوە (عثمان، محمود، حسن، محمدعلی، فتاح)و دەڵێت هەر یەکێك لەم کوڕانە. وەك دانەی گەوهەر بەنرخەو دەڵێت جافەکان لەگەڵ سەیدەکانی دۆڵەمو لە حەسەندا یەك دەگرنەوە.

هجری یەك بەیەك بنەماڵەکانی سلێمانی دەژمێرێت و ناویان نێ‌هەڵگیش بە شیعر دەکات وەك ئەوەی حاجی سعید ئاغا لە ناوارەکانی شارە چاوم بە جەلال و مستەفای کوڕی کەوت زۆر زیرەگ و هوشیارن و لە بنەماڵەی (کەرکوکلی زادە)کان ناوی حاجی مەلا سەعیدو ئەحمەد ئاغاو کەریم صاڵح و فەتاح دەبات و دەڵێت (حاجی مەلا سەعید پیاوێکی خواپەرستە، عیراق هەقیە گەر شانازی بە مەردی کەرکوکیبەوە[16] بکات چونکە ئەمان وەك مانگی چواردە وەهانە)و لە باسی قەزازەکاندا دەڵێت (قەزازەکان لە ئاوریشم کاڵا دروست دەکەن، ڕۆحی قەزازەکان سەعیدەو خۆشیان بە ئەوفیقن)[17] .. دەربارەی شێخ لەطیفی دانساز دەڵێت (شێخ لەتیفی دانساز لە نەسلی کەریمە بەعەقڵ و حکمەت لە پیشەسازیدا هونەرێکی تەواوی پیشانداوە) لە گۆرانی‌بێژەکان ناوی (حمەشێرو حمە مەعروف) دەبات و دەڵێت دەنگە و ئاوازیان زۆر خۆش بوو. ، ئێوارانێ هجری دەدە دەچێتە (یانە ـ نادی) لەگەڵ کۆرێکدا یەك دەگرێت و دەڵێت (شاعیران لە هەزار یەکیان دڵشاد نین هەریەکەیان گیرەوەی دەردێکن وەیان زبانیان براوەو سەریان لەسەر داناوەو دوور خرانەتەوە هەندێکیشیان بێ‌کفن سەریان ناوەتەوە).

ئەمە گوڵدەستەیەك بوو لە گوڵزاری پان و بەرینی ئەو شاعیرە پایە بڵندە کە بە زمان تورکمان بووەو لەئایین دا پەیڕەوی کاکەیتی کردووەو بوەتە (دەدە)[18] جا ئەگەر شاعیرێکی تورکمان پێش پەنجا ساڵ ئەم ستایشەی سلێمانی کردبێت ئێمەش بۆ بەرێزەوە پاش پەنجا ساڵ لەمەیانەی یادی سێ سالەی سلێمانیدا سەری ستایشی بۆ دانەنوێنین؟

پەراوێزەکان.

---

1 ـ هجری‌دەدە ـ ناوی مەلامە مەحمودی کوڕی مەلا عەلی کوڕی دەدە نەظەرە ساڵی 1877 لە کەرکوك لەدایك بووە، لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا مامۆستای قوتابخانەی (سلطانیە) بووەو لە ساڵی 927 دا بووەتە نووسەر لە ڕۆژنامەی (کەرکوك)دا و ئەوەندەی پێ‌نەچوە لەسەر ئیش نەماوەو ژیانی بە کۆرەوەری‌و نەدارایی بردوەتەسەر بۆیە وتوێەتی:

نێجەبین (شیعر)ی دیدیم، ایتمەدی برحبە (شیعر)

ئەجری ملتزم ـ کیل ـ (شیعر) اولدم بن وانە هەزاران شیعرم نووسی بایی دەنکەجۆیی سودیان بۆم نەبوو تا ئەوەتا لەدوایی تەمەنمدا بووم بەقەوالەچی پێوانی جۆ. فرۆشتندا، پێوانەی جۆی دەکرد. هجری لە یانزەی کانونی یەکەمی ساڵ 1952دا کۆچی دوایی‌کرد، چلەی ماتەمینی لە قوتابخانەی ئامادەییدا بەسترا و ئێمەش بەشداریمان نیداکرد بێ‌ئەوەی داوامان لێ‌بکرێت شتێك پێشکەش بکەین.

2 ـ ئەم گوڵدەستە شیعرەی پێشکەش بە شێخ خەزعەلی شێخی عەرەبستانی ئێران کردبوو.

3 ـ محمد صادق یەکێك بووە لە شاعیرە ناوارەکانی کەرکوك مامۆستای منالەکانی سەید ئەحمەدی خانەقا بوو

لەم دواییەدا، ئەویش هەر بە تورکمانی شیعری ئەنووسی ،شیعری کوردی بلاوکراوەش هەبوو لەپێشدا مامۆستابوو ،ئنجا لە ڕۆژنامەی کەرکوکدا کاری‌دەکرد.

(رشید عاکف هورمزی) ئەدیب و نووسەری تورکمانی کەرکوك بوو، مامۆستاو بەڕێوەبەری قوتابخانەیوو برای ناجی بەگی هورمزیبە، چوار پێنج ساڵ مودیر ناحیە بووە.

(فەهمی عەرەب ئاغا) یەکێکە لە نووسەرە بەناوبانگەکانی کەرکوك، لەعەرەبیدا دەستێکی بالای هەبوو پارچەیەك لە (مەقبەر)ی عبدالحق حامدی لە تورکیەوە کردووبە عەرەبی لە سەرەتای پەنجاکان دا لەقوتابخانەی قەڵا پێکەوە مامۆستا بووین زۆر ئازاو نەبەردو بەگفت و لفت بوو بەڵام داخەکەم مەیخواردن کاری تێکردو کوشتی،

(عبدالقادر خلوصی) کوری موبارەك ئەفەندی برای عبدالکریم مبارەك و مەدحەت موبارەکی ئەهلی کفریبە بەعەرەبی چەند کتێبێکی داناوە لە چلەکاندا کۆچی دوایی کرد.

4 ـ جووت قاوە ـ دوو قاوەخانە بوون بە تەنیشت یەکەوە لە بەری قەڵادا، لەناو بازارەکەدا بووە، ئودەبازار شوعەراو پیاوماقوڵانی کەرکوك تیایدا دادەنیشتن و کۆڕیان تیادا دەبەست (مەجیدیە) ش لەبەری قۆریە لە سەر دوو ڕێگایەکەی بەرامبەر پردەکۆنەکەدا بوو ئێشتاش هەر لەو شوێنە ماوە بەڵام ناوو سەروسیمای گۆڕاوە.

5 ـ مەبەستی ئەوەیە وێنەیەکی شاعیر لە لاپەرەیەکەمیدا بڵاوکراوەتەوە.

6 ـ مەبەستی ئەوەیە: بووم بە میرولەی حەزرەتی سلێمان پێغەمبەر کە لە قورئاندا باس کراوە، تەعبیرەکەی تەوریەی تێدایە، چونکە ئەم بووتە. میرووڵەو بە سلێمانیدا گەڕاوە نەك بە میرووڵەی چەرخی حەزرتی سلێمان

7 ـ شەمسەخان خوشکی حاجی برایم بەگی جافەو خێزانی جەمیل بەگی مەجید پاشا بوو، ئافرەتێکی خوێندەوارو بەقەدربوو جەمیل بەگ لەم ژنە سێ کوڕو سێ کچی هەبوو کورەکانی (محمد، أحمد، محمود) ئەحمەدیان (بینا) بوو ساڵی 1975 کۆچی دوایی کرد، شەمسەخان خۆشی لە چلەکاندا کۆچی کرد.

8 ـ دەبێ ئەوەش بزانین لە وەختێکدا ستایشی شێخ مەحمودی کردووە کە شێخ بۆ خواروو ڕووڵات دوورخرابووەوە ئەمەش ئینصافی ئەو شاعیرەمان بۆ دەردەخات.

9 ـ (عائشەخان) خێزانی شێخ مەحمود بوو ئەو خێزانەکەی‌تری (بەهیەخان) بوو

10 ـ مەبەستی لەم ووشەیە (ئافرەتە) دووەمیانە (حەکیمە)

11 ـ بە یەکەم کتێبخانەی بازرگانی‌ی سلێمانی دادەنرێت ،لەسەر شەقامی صابون کەران بوو، هەم کتێب و ڕۆژنامەی تیادادەفرۆشراو لەویش هەرچی بیویستایە دادەنیشت و بە عانەیەك ڕۆژنامەو گۆڤاری تیادادەخوێندەوە جا هجری دەدە هەقی بووە ناوی‌لێناوە (قراءەتخانە)

12 ـ مەبەستی ئەوەیە (حەمدون) وەك (ابوالعلاء المعري) هەردووك شاعیربوون و کوێربوون، ئەمیش وەك ئەو بلیمەت و هەڵکەوتوو بووە، ئەو لە مەعەرەی نەعمان و ئەمیش لە سلێمانی.

13 ـ مەبەستی هەم حەزرەتی (عثمان بن عفان) کە بە (زی‌الحیا) ناوی‌دەرکردبوو هەم (عثمان پاشا)ی باوکی ئەحمەد مختار بەگە.

14 ـ ئەم بەرهەمەم چاوپێنەکەوتووە.

15 ـ دیارە لەو کاتەدا بووە کە حوزنی موکریانی لە سلێمانی یارمەتی پیرەمێردی داوە بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەی (ژیان).

16 ـ لێرەدا مەبەستی هەم بنەماڵەی کەرکوکی‌زادەو هەم هەموو نەردێکی کەرکوکی‌یە

17 ـ مەبەستی (توفیق قەزاز)ە.

18 ـ (دەدە): لەناو تورکماندا بە برای گەورە دەڵێن (دەدە) بەرامبەر (کاکەی) کوردی‌یە، بەڵام لەناو کاکەیی‌یەکاندا (دەدە) پایەیێکە لە خوار (باوە)و (سەید)ەوە، کاکەیی وەك هۆزێك هەموو کوردن، بەڵام کاکەیی وەك ئایینێك تورکمانیشیان تێداهەیە، لە کەرکوك دا لە گەڕەکی (چای) بڕێك لە دەدەکانی کاکەیی مەزهەب هەیە، لە کفریدا لەناو گەڕەکی (ئیسماعیل بەگ) کۆڵانێك هەیە بە (کۆڵانی دەدە) ناوبانگی دەرکردووە، کە جاران مەڵبەندی دەدەکان بووەو ئێستا وەچیان لێماوەتەوە (هجری دەدە)ش یەکێکە لە دەدەکانی گەڕەکی چای لە شاری کەرکوکدا ،نازناوی شیعری (هجری) بۆ خۆی هەڵبژاردووەو پایەشی لە کاکەیەتیدا (دەدە) بووە.

شێوازی ئاخاوتن لە ناو ئافرەتی سلێمانیدا

● محەمەد مەعروف فتاح ●
کۆلێجی ئەدەبیات - زانکۆی سەلاحەدین

1 ـ پێشەکی:

شێواز لەو زاراوانەیە کە لەبەر زۆری بەکارهێنان سواوە. لەبەر ئەوەی زاراوەکە لە زمانەوانیدا بەزۆر واتای جیا جیا بەکار هاتووەو لە ئەدەبیشدا هەر زۆر لەمێژەوە شوێنێکی تایبەتی هەیە، شتێکی زۆر ئاسایە کە لەتەم و مژدا بێت و گەردی مێژوویی لێ نیشتبێ و لەلێکۆڵینەوەیەکی وادا پێویستی بە ڕوون کردنەوەو سنوور دیاریکردن بێت.

لە ڕەخنەی ئەدەبیدا زۆر جار شێواز بەو بەرگە ڕازاوەیە دەوترێ کە بەبەر بیردا دەکرێ.[1]

لەزمانەوانیشدا، هەندێ جار وەک دەرچوون یان لادان لەڕێگای دەربڕینی ئاسایی و[2] هەندێ جاری تریش وەک هەڵبژاردن لەنێوان چەند سەربڕێکی هاوشان دا سەیر کراوە.[3] مەبەست لەشێواز لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەو کۆمەڵە تەکنیکەیە کە ئاخاوتنی کۆمەڵە کەسێک لەئاخاوتنی کۆمەڵێکی تر جیا دەکاتەوە.

یەکێک لە بیرە سەرەکیەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە کە ئەو کەسانەی سەر بەکۆمەڵێکی تایبەتین وا چاوەڕوان دەکرێن وەک ئەندامێکی ئەو کۆمەڵە ڕەفتار بکەن و شێوازی ئاخاوتنی ئەوان بەکار بێنن. لەبەر ئەوەی شێواز بەپێی باری گوتن و بابەتی گوتن و نێوانی گوتن و پلەو پایەی هاوبەشەکانی قسەو تەمەن و جنسیان دەگۆڕێ،[4] ئاسایە کە ئافرەت بە شێوازێکی تایبەتی خۆی قسە بکات، بە واتای ئەوەی چەند تەکنیکی تایبەتی خۆی بەکار بێنێ لەئاخاوتن دا کە ڕەنگە دانەوەی باری کۆمەڵایەتی خۆی بێ و پەیوەندی بە کەسێتی خۆیەوە هەبێت.

بەڵگە نەویستە کە ئەندامانی کۆمەڵەکە خۆیان (بۆنمونە، ئافرەتان) مەرج نیە لە ناو خۆیاندا هەست بەوە بکەن کە لە کۆمەڵەکانی تری کۆمەڵ جیاوازن یان شێوازێکی ئاخاوتنی جودایان هەیە. بەزۆری ئەوانەی لەدەرەوەی کۆمەڵەکەن، واتا ئەندامانی کۆمەڵانی تر، بۆ نمونە پیاو، هەست بەم جیاوازیەی ئەو کۆمەڵە دەکەن لەهەڵس و کەوت و ڕەفتارو شێوازی گوتن دا هەر لەبەر ئەمەیە کەزیاتر پیاو هەست بەوە دەکەن کە ئافرەتان شێوازێکی ئاخاوتنی جودایان هەیە لە بەر ئەوەی شێوازی ئاخاوتن دەبێتە بەشێک لەخوو لەسروشدا، ئافرەت هەست بەوە ناکات کەشێوازێکی جیاواز لە پیاو بەکاردێنێ تەنیا لەو کاتانەدا نەبێ کە ئافرەتەکەی بەرامبەری شێوازێکی نامۆیان ناتاسایی بەکار دێنێ، بەواتایەکی تر تەنیا لەرکاتانەدا هەست بە بوونی شێوازە تایبەتیەکەی خۆیان دەکەن کە بەکێکیان لێی دەردەچێ.

کەواتە مەبەست لە شێوازی ئافرەتی سلێمانی ئەو شێوازە کۆمەڵایەتیەی کوردییە کە ئافرەتانی ناوچەکە وا چاوەڕوان دەکرێن بەکاری بێنن. ئەم شێوازەش بریتیە لە چەند تایبەتیەک کە ئافرەتان لەم کەلچەرەدا لەگوتندا پەیڕەوی دەکەن و بەلایانەوە گرنگە لێی لانەدەن و لەسەری بڕۆن چونکە مۆری تایبەتی خۆیانی پێوەیە و لادان و دەرچوون لێی پشت کردنە لە کۆمەڵەکەیان و تێکدانی یەکێتی کۆمەڵەکەیەو بگرە هەڵگەڕانەوەیەکە کە بەتوندی ئەندامەکانی تری کۆمەڵەکە بەرهەڵستی دەکەن و بەرەنگاری دەوەستن یان بەلای کەمەوە بەدڵیان نابێت و دەی دەنە بەر تانەو تواڕ و پلار.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنیا لە شێوازی قسەکردنی ئافرەتی سلێمانی دەکۆڵینەوە. هەرچەندە شێوازی نووسینی ئافرەتی سلێمانیوا چاوەڕوان دەکرێ جیاواز بێت لە شێوازی نووسینی پیاوەکانی ناوچەکە[5] (هەر لەبەر ئەوەی هەر لایەکیان سەر بە کۆمەڵێکی جیاوازن) لێرەدا گرنگیمان نەداوە بە شێوازی نووسین لەبەر دوو هۆی تایبەتی:

1): (شێوازی نووسین به ئارەزووی نووسەر دەتوانرێ ئاراستە بکرێ)، بە واتایەکی تر، نووسەر دەتوانێ بەسەریدا بچێتەوە بیگۆڕێ و چاکی بکات و ڕێکی بخات و بە ئارەزووی دڵی خۆی چۆنی بوێ وای هەڵسورێنێ.

هەرچی گوتنە، بە پێچەوانەوە، چاك ناکرێ و ڕێك ناخرێ و تا ڕادەیەکیش بە ئارەزوو وئیرادەی قسەکەر هەڵناسووڕێ، چونکە ئەوەی دەوترێ هەڵناگیرێتەوە و ناگەڕێتە دواوە و قسەکەر ناتوانێ پاکژی بکات و بەسەریدا بچێتەوە.

جا ئەگەر وەك لێکۆڵینەوەکانی (لابۆف) دەری خستووە،[6] ئافرەت بەشێوەیەکی گشتی لەپاو گوێ ڕایەڵ ترین بۆ یاساو حەز لەسەرکەشی و لادان و دەرچوون لە یاسا نەکەن، ئەوا نووسین لەبەر ئەوەی زۆرتر لەژێر دەسەڵاتی خۆیاندایە و مەودای پێداچوونەوەی تێدایە، کەمتر ئافرەت دەردەخات. بە واتایەکی تر، بەهۆی گوتنەوە دەتوانین ڕاستەوخۆ لە ڕاستی ئافرەت و هەستی بەرامبەر خۆی و کۆمەڵەکەی بگەین. هەرچی نووسینە، مەرج نیە ڕاستی ئافرەتمان بۆ دەربخات چونکە زۆر ئافرەت حەز دەکات وەك پیاو بنووسێت و هەندێ جاریش زۆری پێ خۆشە کە نووسینەکەی لە هی پیاو جیا نەکرێتەوە لە بەر ئەمە لە وانەیە بە ئارەزووی خۆی لاسایی شێوازی پیاوان بکاتەوە.

2): ژمارەیەکی زۆر کەم لە ئافرەتانی سلێمانی دەنووسن، ئەمانەش بەرهەمیان هێندە کەمە کەرەسەیەکی ئەو تۆمان نادانێ کە بتوانین یاسای گشتی لێ دەرکەین و بەسەر نووسینی ئافرەتانی سلێمانیدا بەگشتی بیان سەپێنین و دڵنیابین لە دروستی کارەکە، بە تایبەتی چونکە، تەنانەت ئەم بەرهەمە کەمەشیان لەیەك بابەت نیە، (هەندێکی شیعرە، هەندێکی چیرۆکی کورت و کەرەسەی وەرگیراوە) تا بۆ لێکۆڵینەوەکەمان بشێ.

2 ـ کۆمەڵەی ئافرەت و پێویستی بەشێوازی

تایبەتی: ـ

پێش ئەوەی بێینە سەر دیاریکردنی تایبەتیەکانی شێوازی ئافرەتی سلێمانی دەبێ بیسەلمێنین کە ئافرەت کۆمەڵێکی کۆمەڵایەتی جیاوازە. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستمان بەوە دەبێ لە ڕوانگەیەکی مێژوویەوە لە پەیوەندی نێوان ئافرەت و پیاو بکۆڵینەوە لە سەرەتای پەیدابوونیانەوە.

ئەگەر ئافرەت کۆمەڵێکی جیاواز پێك نەهێنێ و لە بارێکی جیاوازدا نەژی و هیواو ئامانجێکی جیاوازی نەبێ، ئەوا پێویستی بەوە نابێت شێواز لەپیاو جیاکاتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئافرەت لە ژمارەدا نیوەی مرۆڤ پێك دێنن، لەوەتەی مرۆڤ لەم سەر زەویە سەری هەڵداوە، ئافرەت هەر لە دوای پیاوەوە بووەو هەر شوێنی دوەمی دراوەتێ. ئەم ڕاستیەش وەنەبێ هەر لەبەر هەڵکەوتی ئافرەت خۆی بووبێ، بەڵکو لەبەر ئەوە بووە کە هۆکاری پەروەردەیی کۆمەڵایەتیش کە دیسان هەر لەژێر دەسەڵاتی پیاودابووە هەربەردەوام شوێن و پلەیەی بردووە.

ئەم گێتیبینە هەمیشە هەر پیاو خاوەنی بووە. بەڵگەشی ئاوێ بیسەلمێنین کە گێتی هەر وا بە ئاسانی دەست پیاو نەکەوتووە بەڵکو لەدوای سەرکەوتن بەسەر دەیان کۆسپ و تەگەرەدا کە یەکیکیان ئافرەت بووە پیاو توانیوێتی بەسەر سروشتدا زاڵ بێ و دەست بەسەر زەویدا بگرێ.

لە چەرخی بەردین دا کە زەوی هەموو کەسێ خاوەنی بوو، کە چەکی دەستی مرۆڤ زۆر سادە بوو، هەردوو کۆمەڵەکە نیرو مێ یەکسان بوون. کە پیاو خەریکی ڕاوبوو، ژن لە ماڵەوە دەمایەوە، بەڵام ئەمیش خاوەنی بەرهەمی خۆی بوو، شتی دەچنی و شتی لە قوڕ دروست دەکردو بەرەنجی شانی خۆی دەژیا، لەبەر ئەمە لەگەڵ پیاودا یەکسان بوو.

لەگەڵ دۆزینەوەی ئاسن و مس و برۆنزدا، لەگەڵ دروست بوونی گاسن و بڵاوبوونەوەی کشتوکاڵدا، کە هێزی شان و بازوو گرنگیەکی تایبەتی وەرگرت، کار جارێکی تر دابەش کرایەوەو ئیشی ماڵەوە بەر ئافرەت کەوت. بۆ یەکەم جار لە مێژوودا، ئافرەت هەندێ لەدەست کەوتەکانی قۆناغی پێشووی خۆی لە کیس چوو دوای پیاو کەوت لەپلەوپایەدا. لە قۆناغی کشتوکاڵدا دەسەڵاتی پیاو زیاتر چەسپا. ئافرەت لەم قۆناغەدا ناچار بوو لەڕووی ئابووریو بەناەت بۆمانەوەشی لەسەر زەوی زیاتر پشت بە پیاو ببەستێ چونکە کۆنی منداڵ بوون و سك پربوون و منداڵ بەخێوکردن زیاتر لەماڵدا بەستیەوە بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کە سروشت وەك شێردەرەکانی تر زۆربوونی کاتیشی پێ نەبەخشیوەو منداڵ بەدوای منداڵ دا هاتوون. پیاو لەم قۆناغەدا لەو پەڕی دەسەڵاتیدا بووە. نەك هەر

هەولێری کێبڕکێ

توانیوێتی خۆی بپارێزێ و بژێنێ بەڵکو کۆمەڵی ئافرەتیشی پاراستووە و ژیانەوەی پیاو هەر تەنیا دەوری هەنگی نێری نەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەی هەموو گیانەوەرەوە، داهێنەریش بووە. هەر ئەو گورزەی کە گیانەوەری درندەی پێ لەخۆی دوور خستۆتەوە و میوەی پێ داگرتووە، بۆتە ئامێرێك لە دەستیدا بۆ فراوان کردنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر سروشت و دەورو بەرەدا. بەم جۆرە دەبینین کە باری ئابووری و بایۆلۆجی مرۆڤی سادەبوو بە هۆی دروست بوون و کۆ بوونەوەی دەسەڵات بەدەست پیاوەوە، بەڵام لەم قۆناغەدا باری ئافرەت هەر باش بوو چونکە هێشتا یاسانەبوو کە کۆت و زنجیریان بکات و هیچ ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتیش نەبوو کە جیایان بکاتەوە لە پیاو.[7]

کاتێ مرۆڤ گەیشتە قۆناغی کشتوکاڵی بەربڵاو، ڕێکخراوو یاسا کەوتنە کۆت کردنی ئافرەت، کە پیاو دەستی بەسەر زەوی و زاردا کێشا، دەستی بەسەر منداڵ و ئافرەتیشا کێشا. لەبەر ئەوەی ئافرەت بە هۆی میردانەوە لەباوك و دایکی خۆی جیا دەبووەوە.

منداڵەکانیشی هەر دەبوونە پشت بۆ میردەکەی و منداڵ نە بۆ دایك دەبوون و نەبەناوی دایکەوە بانگ دەکران، میرد وای لێ هات وەك هەموو کەڵ و پەلێکی تر سەیری ئافرەت بکا.

لەسەدەکانی ناوەڕاستیشدا باری ئافرەت هەروا مایەوە. هەر لووت شکاو و بێ بەش بوون وەك مشەخۆر سەیر دەکران. داستان و چیرۆکی ئەو سەردەمە ئافرەتیان بەتەمەڵ و بێهێز و داوێن پیس دادەنا. هەرچەندە لە قۆناغی ووریابوونەوەدا ئافرەتی چینە سەرمایەدارەکان کەمێك باریان باشتربوو، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ڕووکاری پیاو بەرامبەر ئافرەت هەر وەك خۆی بوو. ئەوەتە تەنانەت لەسەدەی هەژدەهەمین دا ڕووناکبیرێکی وەك ڕۆسۆ هەستی خۆی بەم جۆرە بەرامبەر ئافرەت دەردەبڕێ «ئافرەت دەبێ لەپیاو خوێندەواری کەمتر بێت. ژن دەبێ وا دروست بێت کە پیاو بەسەریدا زاڵ بێت. دەبێت بەرگەی ستەمی پیاو بگرێت».[8]

تەنیا لەدوای بەرپابوونی شۆڕشی پیشەسازی ئافرەت توانی کەمێك لەو مافانەی کە لەسەرەتای ژیانییەوە دوارانبوونی هەرگیز دژی بیان گیرێتەوە دەست خۆی. داهێنانی مەکینەو بەکارهێنانی لە بەرهەمدا بە شێوەیەکی بەربڵاو، لەلایەکەوە جیاوازی نێوان پیاوو ئافرەتی لە هێزی شان و بازووەوە لابردو لەلایەکی تریشەوە، لەبەر ئەوەی پیاو خۆی بە تەنیا کارەکەی پێ بەڕێوە نەدەبرا، ناچار بوو جارێکی تر ئافرەت بێنێتەوە کۆڕی بەرهەم هێنان.

بەم جۆرە، شۆڕشی پیشەسازی دەرگای گێتی بەکی نوێی بۆ ئافرەت خستە سەرپشت و بووە سەرەتایەك بۆ ژیانێکی نوێو ڕزگار بوونیان لە ستەمی پیاو.

ئەم چاو پێداخشاندنە خێرایە بەسەر میژووی پەیوەندی ئافرەت و پیاودا لە سەرەتای پەیدابوونیانەوە تا ئەمڕۆ چەند ڕاستیەکی سەرەکیمان بۆ دەخاتە ڕوو، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دروست بوونی شێوازی ئافرەتەوە هەیە:-

1): هەموو میژووی ئافرەت و کێشەی ئافرەت لەداهێنانی پیاوە. پیاو هەر لەسەرەتای پەیدابوونیەوە بەزۆری لەبەر هێزی شان و بازووی خاوەنی زەوی و کۆمەڵ بووە، خۆی ئایین و بەهاو ڕەوشت و پێوانەی کۆمەڵایەتی داهێناوە. ئافرەت بەشێوەیکی هەرگیز دژی ئەم ئیمپراتۆریەتەی پیاو نەوەستاوە، ئەگەر ناوبەناوێش ناڕەزایی خۆی بەرامبەر ترش و تاڵی بەشی خۆی دەربڕیبێ بۆ ئەم مەبەستەش خۆی گەیاندبێتە سەر شەقامەکان و ڕووشمی تایبەتی خۆی دابەزاندبێ، ئەم ناڕەزایە نەی گەیاندۆتە ئامانجی خۆی بەڵکو هەر پیاو بریاری لە سەر بەشی ئافرەت داوەو ئەگەر جارێ جارێش بە پێی بەرژەوەندیو پێویستی یان لە ترسی خۆی کۆنێکێشی بۆ شکاندبێ یان لە ستەمێك ڕزگاری کردبێ، هەر خۆی ڕزگاری کردووە.

ئافرەت هەر لە سەرەتای میژووەوە تا ئەمڕۆ کۆمەڵێکی کۆمەڵایەتی سەربەخۆی پێك هێناوە کە لە پیاو جیاوازبووە.

لەبەرئەوە وا چاوەڕوان دەکرێ کە هەڵس و کەوتی تایبەتیشی هەبێت و خاوەنی شێوازێکی تایبەتیش بێ لە قسەکردندا کە ڕەنگ دانەوەی واقیعی کۆمەڵەکەی خۆیان بێت.

2): هەر چەندە هۆکاری وانیە کە زمانی ئافرەت و پیاو یان نێرو مێ یان کاربەدەست و بێدەسەڵاتان بە شێوەیەکی سروشتی و هەمیشەیی لەیەکتری جیا بکاتەوە یان نەواو بیان نرازێنێ،[9] ئافرەت لەبەر ئەوەی خزێنراوەتە ماڵەوەو بەزۆری کاری ماڵی پێ سپێراوەو لەبەر ئەوەی پیاو بەدەسەڵات ترەو تەنانەت بریارو پێوانەکانی ئەم کەناڕەشی هەر پیاو دایان دەنێ، ئافرەت پێویستی بە شێوازێکی تایبەتیە لە قسەکردندا تا

هەواڵنامەی کێبڕکێ

بتوانێ لەگەڵ پیاودا ڕێك بكەوێ. بە واتایەكی تر، ئافرەت دەبێ نەخشەی خۆی هەبێ لە قسەكردندا بان تەكنیكی تایبەتی خۆی هەبێ لەو چوارچێوە نەسكەدا كە تێیدا دەژی.

هەر ئەم پێلانە تایبەتیەی ئافرەتە بان ئەم ستراتیجیەتەی قسەیە كە وای لێ كردووین باوەڕمان هەبێت كە ئافرەت لە قسەكردندا شێوازێكی تایبەتی هەیە.

3): ئەو تەكنیكە قسەیانەی كە ئافرەت بۆ خۆی دادەنێ بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجی تایبەتی خۆی نەك هەرباری مێژوویی و پەیوەندی لەگەڵ پیاودا تێیدا دروست كردووە بەڵكو ژیانی ڕۆژانەی ئەمڕۆو پەروەردەی ماڵەوەو قوتابخانەو دەرگاكانی ڕاگەیاندن گەشەی پێدەدەن تێیداو زیاتری تێژی دەكەنەوە كە فێری ئەم نەخشە قسەیانە بێت و پەیڕەویان بكات.

4): تەكنیكی قسەیی ئافرەت بان ئەو نەخشانەی لە قسەدا بەكاری دێنن بۆ ئەوەیە كە بگەنە مەبەستەكانی خۆیان، ئەم مەبەستانەش بریتین لە چەند تایبەتیەك كە پەیوەندییان لەگەڵ پیاودا تیایاندا دروستی كردوون و بوون بە بەشێك لە كەسێتی ئافرەت.

هەموو ئەو كەرەسانەی، كە بۆ ئەم لێكۆڵینەوەیە كۆمان كردۆتەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات، كە ئافرەت لە ئاخاوتندا شێواز بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە بەكار دێنێ، بەواتایەكی تر كە ئافرەت نەخشە بۆ قسەكردن دەكێشێ دەیەوێ پەكێك لەم مەبەستانەی خوارەوە بێنێتە دی: -

أ - بنەمای بەزەق دەرنەبڕین:

ئافرەت لە قسەكردن دا هەرگیز نایەوێ بەزەقی بیری خۆی دەربڕێ. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارە كۆمەڵایەتیەی كە تێیدا دەژی و پێچەوانەشە لەگەڵ ڕادەی سەربەستی و باوەڕ بەخۆكردنیدا. بە واتای ئەوەی كە تا سەربەستی زیاتر بێت و باوەڕی بە خۆی زۆرتر بێت كەمتر (نازەقی) لە شێوازی ئاخاوتنیدا بەدی دەكرێ و بە پێچەوانەشەوە.

ب: بنەمای ناسكی: -

لە قسەكردندا ئافرەت بە شێوەیەكی گشتی دەیەوێ بیرەكانی بە ناسكی دەربڕێ و ئەگەر بەسەر زاریش بێت نایەوێ ووشەكانی خەڵكی تر ڕاستەوخۆ بریندار بكات.

لەبەر ئەوە دەبینین لەو كاتانەشدا كە بەڕاستی دەیەوێ پلارو توانج و تانەش بهاوێ ووشەكان سەرزاری پێ گوناح و ناسكن.

ئەگەر بەوردیەكی تەواو لەم دوو مەبەستەش ووردبینەوە دەبینین كە هەموویان بۆهێنانەدی ئامانجیكی گەورەترە، كە بەشیكی زۆر گرنگە لە كەسیەتی ئافرەت لەم كەلچەرەی ئێمەداو مێژووی بەسەرهاتی لەسەر ئەم زەمینەو پەیوەندی لەگەڵ پیاودا تێیدا دروست كردووەو قووڵی كردۆتەوەو ژیانی ڕۆژانەشی زیاتر لەناخیدا دەیچەسپێنێ ئەم مەبەستە گەورەیەش ئەوەیە كە ئافرەت لەبەر ئەوەی لەو شوێنە ناسكەوە كە هەیەتی ناتوانێ خۆی بەرامبەر پیاو لێ پرسراو بكات، دەیەوێ تادەتوانێ لە بۆڵەی پیاو بەدوور بێت. هەر لەبەر ئەمەشە، كە لەكۆمەڵێ ئێمەدا ئافرەت، بە تایبەتی ئەوانەی كە سەربەخۆیی ئابووریان نیە، كەم و زۆر خۆیان لەبەرباری گرنگ دوور دەخەنەوەو هەمووی بۆ پیاو بەجێ دێڵن، چونكە ئەگەر لە بڕیارەكەدا بەشدار نەبن، ئەوا لێ پرسراویش نابن بەرامبەری، بێ گومان ئەم خۆ دوورخستنەوەیە لە بڕیاردان یان ئەم دوورەو پەرێزیەیە شتێكی زۆر ئاساییە لە شێوازی ئاخاوتنی ئافرەتدا ڕەنگی دابێتەوە.

بەڕای ئێمە، ئەو دووبنەمایەی سەرەوە كە ئافرەت بە شێوەیەكی گشتی لە ئاخاوتندا پەیڕەویان دەكات بۆ ئەوەیە كە «گۆناوی» بڕیار نەخاتە ئەستۆی خۆی.

4): بێ گومان دەبێ بزانین كە ئەم نەخشەو پێلانە قسەیانەی كە دەوترێ ئافرەت لە قسەكردنیدا بەكاری دێنێ و كەڵكیان لێ وەردەگرێ وە نەبێ بەئاگاداری خۆی بێ یان لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا بێت، بەڵكو بەپێچەوانەوە، ئەم «نەخشە كێشانە» بەشێك، لە ڕەوشتی ڕۆژانەی ئافرەت یان خوویەك كە خۆنەكردەو هەروەك لەمەوپێش ووتمان مێژووی ژیانی و بەسەرهاتی لەسەر زەوی و ستەمی پیاو تێیدا

پەیداکردووەو کەم و زۆر لە ئافرەتی هەموو گێتی‌دا هەیەو ڕاستەوانەشە لەگەڵ ڕادەی سەربەستی‌و مافی ئافرەتدا.

بەواتای ئەوەی تا ئافرەت سەربەستی زیاتریش‌و مافی بڕیاردانی زۆرتر بێت لەکۆمەڵگەیەکدا، کەمتر پێویستی بەم نەخشە دانانە بێ‌ئاگایە دەبێ‌و زۆرتر شێوازی قسەکردنی، بەتایبەتی لە ئاستی ڕستە سازی‌و ڕاگماتیکدا لە شێوازی پیاو نزیک دەبێتەوە.

3 ـ تایبەتیەکانی شێوازی ئافرەتی سلێمانی: ـ

أ ـ تایبەتی فەرهەنگی یان لیکسیکی:

فەرهەنگی ئافرەت لە هەندێ بابەتدا تەواو دەوڵەمەندو تیژەو لە هەندێ لایەنی تریشەوە لاوازو بێ پێتە. ئەم دەوڵەمەندی‌و بێ پێتەش یان دابەش بوونە نایەکسانە، ڕەنگدانەوەی ئەو ڕۆڵەیە، کە ئافرەت لە کەلچەری ئێمەدا دەیبینێ‌و پەیوەندییەکی پتەوی بەو ئەرکەوە هەیە کە کۆمەڵەکەمان بە ئافرەتی سپاردووە.

بۆ نمونە، ئافرەتی سلێمانی واچاوەڕوان دەکرێ کە فەرهەنگی ماڵداری (چێشت لێنان و جل بڕین و جل دروون و منداڵ بوون و ژن هێنان و میوانداری‌و نەخۆشی منداڵ و، دوعاو سوێندو جنێوو تانەو پلار.... هتد) زۆر بەپێت و تیژبێت. بەپێچەوانەی پیاوێشەوە، وا لە ئافرەتی سلێمانی ڕادەبینرێ کە فەرهەنگەکەی زۆر پەرپووت و لاوازبێت، کەدێنە سەر هەندێ باس کە پیاو شارەزایی تیایاندا زیاترە وەک بازرگانی، فیتەری بەهەموو جۆرەکانیەوە، وەرزش، لێخوڕین، پارچەی مەکینەو هەموو ئەو ووشەو زاراوانەی کە پەیوەندی بە باری ڕامیاری‌و ئابووری‌و سەربازی‌و شەڕەوە هەیە.

ئەم دیاردەیە لە خۆیدا زیان بەخش نییە، بە واتای ئەوەی هیچی تێدا نیە ئەگەر ئافرەت لە هەندێ لایەنەوە فەرهەنگەکەی ووشەی زیاتر بێت و زاراوەی پتر تێدا بێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە، لە هەندێ شوێندا و لای هەندێ کۆمەڵ زانینی ئەم ووشەو زاراوانە بە «عەیبە» دادەنرێ چونکە بە چاوێکی بەرزەوە سەیری ئەو کارانە ناکەن کە بە ئافرەت سپێردراون.

وا لە خواراوە هەندێ ووشەو زاراوی بەشێک لە فەرهەنگی ئافرەتی سلێمانی[10] دەخەینە بەر چاوو هەوڵ دەدەین بەپێی بابەت بەشیان بکەین.

بێگومان ئەم ووشەو زاراوانەی خوارەوە هەموو شتێک نین تەنیا مشتێکن لەخەرواری:

1 ـ ئەو ووشەو زاراوانەی پەیوەندییان بە ماڵداریەوە هەیە بە گشتی:

أ ـ ووشە: ـ

کاسەو کەوچک، قاپ وقاجاغ، سەر هەویر، زەوا (د)، خەست وخۆڵ، ڤەرەبرووت، قاوەڵتی، حاجەت،[11] پەڵوڵە، جل بڕین، پاشێلانە، حەوتە حەمام...

ب ـ زاراوە: ـ

وانان تەڕ دەکات،... دەست ودەمی پیسوە ئەخوڕێ،... دەمی نەکێشاوە، ساردوسڕە (وەک دەمی مردوو)، دایکی بمڕێ ئانەکەی بەدڵەوە نەنووسا، جگەرە کێشێ دانیشتم....

2 ـ چاک وچۆنی: ـ

وابڵاوە کەژن زیاتر درێژە بە چاک و چۆنی دەدات لە پیاو. لە کاتێکا کە چاک وچۆنی پیاو لەدووسێ ڕستەدا دوایی دێت، چاک وچۆنی ژن زیاتر درێژە دەکێشێ‌و ووشەو زاراوەیان بۆ ئەم دیاردەیە زۆر زیاترە لەپیاو.

با بەراوردێکی ئەم دوو ئاخافتنە بکەین (1): لە نێوان دوو پیاودا و (2) لە نێوان دوو ئافرەتدا، تا چاکتر کێشەکەمان بۆ ڕوون بێتەوە:

(1): دوو پیاو:

یەکەم: ڕۆژ باش

دووەم: ڕۆژ باش

یەکەم: چۆنی، چاکی؟

هەواڵنامەی کێتێب

دووەم: باشم، سەلامەت بی، تۆ چۆنی؟
یەکەم: زۆر باشم، خۆش بی.

(2): دوو ئافرەت:

یەکەم چۆنی؟ چاکی؟ باشی شکور، منالەکان چۆنن؟

باشن؟ ئەری ئەوە دیارنین، عەیب ناکەن خۆتان شاردۆتەوە، هەر ئێمە باشترین، هەر هەواڵتان ئەپرسین، ئێوە دەرگاشمان نا قڵیشێنەوە باوکم، بێزتانڵ نایە.

دووەم: (ئینجا دووەم دەست دەکات بەرەرام دانەوە).

3 ـ دوعا: ـ

فەرهەنگی ئافرەت پڕە لە دوعا هەندێ لەمانە داوای سزادانە بۆ کەسەکەو هەندێکیشی بۆ پاداشتە. هەردوو جۆرەکە پڕە لەو ووشانەی کە بەزۆری ئافرەت بەکاری دێنن و ئەوانەی نیشانەیان لەسەرە هەرگیز لەفەرهەنگی پیاودا نابینرێن:

أ ـ بۆ سزادان: باوانت شێوێ (لە منالْ دەکرێ)، ڕووت ڕەش بی، بە ملی شکاو، بە ئەستوێ وورد، زمانت موری لێ بێ، سەری زمانت بەبرین چێ، کۆستت کەوێ.

ب: ـ بۆ پاداشت دانەوە (دوعای خێر):

(*)خوا چاکتان بۆ بکات، بێوەی بن،(*)لە قەزاو بەڵا بە دوور بن،(*)لە شەری شەیتان و لە بەڵای ناگەهان و لە فتنەی ئاخر زەمان بە دوور بن، ڕووسوور بی (بۆ کچ) ڕووسپی بیت (بۆ ژن)، عەمرت درێژ بێت (بۆ منالْ)،(*)خوا دەست بە باڵتەوە بگرێ،(*)قەزات لە مالْم، ڕەحمەت لە شیرت،(*)سکت نەسووتێ (بۆ ژن)،(*)کزەت لێ نەکەوێ، کوڕت نەمرێ،(*)مالْ وێران نەبی،(*)برات نەمرێ، بێ قەزا بی،(*)جەرگ براو نەبی،(*)جەرگت نەسووتێ، سەرفراز بی، کاك ئەحمەدی شێخ دەست بەباڵتەوە گرێ، لەش بەبار نەبی، کەنەفتی سەرجێگا نەبی، لە دەورت گەڕێم، بە ساقەت بم، بە ساقەکەت بم، خوا بە دڵی خۆت لەگەڵ بکات، خوا ئاگادارت بێ..

4 ـ منالْ لەدایك بوون و ژن هێنان و بووك گواستنەوە لە ژیانی ئافرەتدا گرنگیەکی یەکجار زیاتری هەیە. هەر لەبەر ئەمەشە، کە لەم لایەنەشدا، فەرهەنگی ئافرەت دەوڵەمەندەر هەندێ زاراوەی تێدایە کە لە فەرهەنگی پیاودا نی یە:

(*) خوا لێتان موبارەك کات،(*) بە کوڕو کچ،(*) سەر بەرزق،(*) نوخشەتان لێ بێ، پێو قەدەمی خێر بێ،(*) بە دابك و باوك گەورەبێ،(*) خوا مرادم با خۆم ژنی بۆ بێنم،(*) بەشادی دۆست، بە کۆیرایی دۆژمن.

5 ـ دیسانەوە ژن لە پەیوەندییاندا لەگەڵ یەکتریدا زۆر گەرم و گوڕتر و زیاتر یەکتری بەسەر دەکەنەوو هەستی بەزەیی زیاتر دەردەبڕن و پۆزش گەرم تر وناسکتر بۆ یەکتری دەهێنەوە هەروەك ئەم زاراوانەی خوارەوە کە هەر ئافرەت بەکاریان دێنێ بۆمان دەردەخەن:

أ: میواندارى:(*) مالْەکەتان ڕووناك کردینەوە! ئەبوایە مەڕێکمان لەبەر پێتان سەر بڕیایە، پایەتان لێ نایەن،(*) چاومان ڕەوشن، چاومان ڕوون بووەوە.

ب: دڵنەوایی لەکاتی مردنی کەسێکدا:

(*) دەستم شکێ!،(*) مەرگی عەزیزت نەبینی!،(*) گەردنی خۆش و ئازا(د)بێ،(*) کۆیرایم دایە، خوا سەبوورییان بدا! خوا خوا پترمان پێشان نەدا.

جـ: پۆزش هێنانەوە:

(*) لەگوڵ کاڵتەرت پێ نانێم(*) هەزار مناڵ ئەکەم بە ساقەت، هەر تۆ دڵت نەپەشێ!، بۆتۆنەبێ بۆکێ باشە!، هەر دوو چاوم کۆیر بێ ئاگاو عیلم و خەبەرم نی یە، هەر(*) ... منالْەکەم بەدەستی خۆت کفن کەی شتی وا بە دەمما نەهاتووە!،(*) کوڕم بمرێ نەم زانیوە نەخۆشی.

د: سوێند خواردن:

بە 44 هەزار پێغەمبەر....، بەکاك ئەحمەد(د)ی شێخ.. بەغەوسی بەغا.. بەو(*) کەسەی کەس لەرەنگی نی یە، بەو خوایەی خوایەتی هەموومان ئەکات، بەو گوڕەی (ڕەحمەتی.. جوانەمەرگی) تێ چووە..

هەواڵنامەی کوێستان

6 ـ لە جنێو دانیشدا ئافرەت کەمتر لە پیاو جڵەوی خۆی بۆ دەگیرێ، هەر لەبەر ئەمەشە کە لەم لایانەشەوە فەرهەنگەکەی تەواو دەوڵەمەندەو زۆر زاراوە هەیە کە هەر ئافرەت بەکاریان دێنێ:

(*) دەڵە قوڕ..!، هەر(*) خوت بەخوت بی، بەرماوەی هەموکەس، دەم ناخەمە دەمی تۆهەی وا لێکیاوی وابێ کراوا!(*)

فڵقە کوڵ (بە پیاو)، سەرت لەقوڕ نییت (بە منال)، بە پەنگ بی، شار بەدەر کرێیت، سەرت تاشن سەرت بە تاشین چێ، ڕەبی چوونت هەبێ و هاتنەوەت نەبێ، گلاراوگری (بە منال)، خێر لە خوت نەبینی، بەرگوڵە کەوی، بە پەنگی ڕۆژگار بی، دەردی بگری دەرمانت نەبێ، بێ باوك بی، بێ باوك گەورە کرێی، مالانگەڕی، سەرسوالکەری، هەتیو چەی نەدی و بدیا ڕەبی هەرشەوەی قەبری بیناسێ، ئەو باوکە سوالکەرەت! بە پەنگی دنیاوقیامەت بن، خێر لە دنیاو قیامەتت نەبینی، چەنە چەن، شانە شات، کچە تیوی بەرەڵای کۆڵانان، عیبرەت، شکڵت خواتەوە، ئەبەرۆ چەند بێ شەرمە، دارزێی! بێ ئسوول، وەك لەوەلا تر چێ! ڕەبی کڵوکوت دابڕی! ئاگرێ گری کۆزانەوەی نەبێ، پێچکت بە قەبری مردووم ئەگەر بیەڵم ئەمەت بەسەرەوە بروات! ئایین و ئۆین کەر.

ب: درکاندنی ناڕاستەو خۆ: ـ

تایبەتیەکانی تری شێوازی قسەی ئافرەتی سڵێمانی لەئاستی فەرهەنگیدا زۆری و بڵاوی ئەو ووشەو زاراوانەیە کە خۆی دەیان هێنێتە شێوازەکەیەوە بۆ ئەوەی لەژێر پەردەی شەرمەوەو لەودیو پەرژینێکی قایمەوە بیرەکانی بدرکێنێ.

یەکێك لەو تەکنیکە گرنگانەی کە پیاو لەژن لەئاخاوتندا جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە پیاو، بە پێچەوانەی ژنەوە، زۆر بێ پەردەتر مەبەستەکانی خۆی دەدرکێنێ و ڕاستەوخۆو بێ پێچ و پەنا لەناسکترین کێشە دەدوێ، ئەمەش دیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پیاو نەك خاوەنی خۆیەتی بەڵکو خاوەنی کۆمەڵێشەو پێوانەی ئاکارو بەهاش هەر خۆی داناوەو پێویستی بە شەرم و شکۆ نیە لەکەس. لەلایەکی تریشەوە ئافرەت زیاتر باوەڕی بەهێزی شاراوەو خێرو شەڕ هەیە، لەبەر ئەوە بە پێویستی دەزانێ لەبەر پیرۆزی یان لەترسی دا خۆی لە هەندێ باس نەدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو مشت ومڕ بەهیچ جۆرێ دەربارەی هەندێ کێشە ناکات.

ئەو باسانەی کەژن ڕاستەو خۆ بێ پەردە لێیان ناکۆڵێتەوە دەبن بە چەند بەشێکەوە: ئەوانەی پەیوەندییان بە شەرمەوە هەیەو (وەك باسی جینسی و جنێو) ئەوانەی ترس یان پیرۆزی قەدەغەیان دەکات (وەك نەخۆشی و مردن) بۆ نمونە، ئافرەت لەتاو شەرم دەیان زاراوەی ناڕاستەوخۆ دادەهێنێ تاوەکو بێ پەردە ووشەیەکی وەك خۆشەویستی لە ئاخاوتندا بەکار نەهێنێ بەتایبەتی کەبەرامبەرەکانی پیاوبن. ئەوەتە کوڕو کچانی دراوسێکانی «دڵیان بەیەکترەوەیە» و «حەزیان لەیەکتری کردووە» و «هەتیوەکە دڵی بەچەتیوەکەوەیە» و «شێت و شەیدای بووە» و «ئەیەوێ بیهێنێ» و «بەدڵیا چووە» و «داوای ئەکات». بەڵام هەرگیز «خۆشی ئەوێ» بەکار ناهێنێ چونکە قەدەغەیە بەلای ئەمەوە. دیسانەوە لەترسدا، لە جیاتی ئەوەی ڕاستەوخۆ ڕوونی کاتەوە کە مێردەکەی مردووە، دەیان ڕێگای ناڕاستەوخۆ دەگرێ هەر بۆ ئەوەی ووشەی مردن بەکار نەهێنێ. ئەوەتە «باوکی منداڵەکانی کۆچی (دوایی) کردووە» و «لەدنیا دەرچووە» و «نەماوە» و «ئەمری خوای کردووە» «فەرمانی خوای بەجێ هێناوە» و «قەزا بەلای ئێوەی بردووە» هەروەها نەخۆشیش بەلای ئافرەتەوە هێزێکی ڕەشی تێدایە لەبەر ئەو بەئاسانی ناڵێت ناوی بسرێت، بە تایبەتی ئەو نەخۆشیانەی کەسەخت و کوشندەن. هەر لەبەر ئەمەیە سیلی جاران و سەرەتانی ئەم سەردەمە هەر بە «دەعباکە» و «دوابراوەکە» و «دەردە پیسەکە» و «هەرامەکە» پەنجەیان بۆ ڕادەکێشرێ بێ گومان ناوی پیرۆزیش لەشوێنی نەگونجاو وپیسدا نایەت، لەبەر ئەو لەم شوێنانەدا ئافرەت سوێندەکەی بە «گوڵێکی پاك» دەخوات. هەروەها لەجنێو دانیشدا بۆئەوەی لەووشەی بێ پەردە دوورکەوێتەوە زۆر جار پەنا دەباتە بەر «ئەو چەتیوە والێکراوەی وا پێکراوە» و «ئەو شار بەدەر کراوەو «ئەو بەپەنگ بووەو مالانگەڕە»... هتد.

بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە لەقسەی ئافرەتدا زۆر جار (سەرزاری) ناسکی یەکی تەواو دەدات بە قسەکانی و وامان لێ دەکات وابزانین کە

هەولێر کتێبخانەی گشتی

ئافرەت زۆر بە تەنگ بەرامبەرەکانیەوەبەتی و دەستی رێزیان دەنێتە سەرو تەنانەت لەناخۆشی و تووڕەبشدا «لەگوڵ کەمتر بەخەڵکی نائێ»و لەوانەشە وامان لێبکات باوەڕمان بەوە نەمێنێ کە ئافرەت قسەی ڕەق و ناخۆش دەزانێ. بەڵام لەڕاستیدا وەك لەباسی تایبەتیەکانی ڕستەی ئافرەتدا زیاتر بۆمان دەردەکەوێ ئەم تەکنیکە بە شێوەیەکی گشتی بەشێکە لەو هەموو نەخشە قسەییانەی کە ئافرەت بۆ دوورخستنەوەی خۆی لە «گوناو ڕۆی» دوای بڕیار دەیان نەخشێنێ. بە واتایەکی تر، ئەم تەکنیکە بەشێکە لە «هێڵی خۆ پاراستن» ئافرەت لەبەر نەوەی گوێ ڕابەڵێرە لە پیاو بۆ یاسا کۆمەڵایەتیەکان بەڵایەوە گرنگە کە ئەم یەکەم کەس نەبێ لەو پێوانەو بەهاو ئاکارانە دەرچێ کە لە کۆمەڵەکەیدا هەیەو پەیڕەوی دەکرێ نەوەکو هەموو ئاوانەکە بخرێتە ملی ئەم.

ب: تایبەتی فۆنەتیکی: -

لەڕووی دەنگەوە جیاوازیەکی زۆر لە نێوان شێوازی ئافرەت و شێوازی تردانیە. لێرەدا دوو دیاردە بەرچاو دەکەوێ کە شایانی لێکۆڵینەوە بن:

1 - هەندێ جار ئافرەت بەزۆری بۆ خۆ دەرخستن تەکنیکێکی تایبەتی بەکار دێنن، کە کار دەکاتە سەر زۆربەی فۆنیمەکانی گوتن.

پیاو کە زیاتر لەژن خۆیان هەست بەم تەکنیکە دەکەن پێی دەڵێن «خۆناسك کردنەوە»یان «دەنگ باریك کردنەوە».

لە دەنگ باریك کردنەوەدا ئەم گۆڕانانە بەسەر دەنگدا دێ: -

ا: لەگەڵ هەموو ڕێچکەی گوتنەکەدا ئافرەتەکە لێو پان دەکاتەوە (ئاسایی لێو پان کردنەوە لەگەڵ بزوێنەکانی پێشەوەی کوردیدا (و/ێ/ ی/ ێ) لەگەڵ هەندێ نەبزوێنی وەك (ف، ڤ)دا دەروات نەك هەموو فۆنیمەکان).

ب: هەموو وشەکانی گوتنەکە زۆر بەئاشکرا دان پیا دەنێ و کەمێك زیاتر لە نێوانیاندا دەوەستێ، بە واتایەکی تر، ئافرەت دەبێ لەسەرخۆو بێ هەڵەشەیی قسە بکات.

ج: بێ دەنگێکی زیاتر لەئاسایی دەخاتە پێش گوتن (سەرەتای قسە) ودوای گوتنەوە (کۆتایی قسە).

د: زۆربەی یاساکانی دەنگ لابردن (دەنگ قورت دان) دەخاتە پشت گوێ.

بۆ نموونە لە جیاتی (باس ناکەم)و (شێ محی الدین) و (کا عەلی)، هەر (باست ناکەم)و (شێخ محی الدین)و (کاك عەلی) بەکار دێنێ. بە واتایەکی تر بە شێوازێکی ڕەسمی دەدوێ.

هـ: هەندێ لە دیاردە دەنگیە ناوەندیەکان (وەك بەرمەڵاشوو دان) کە دیاردەیەکی زۆر بڵاوە لە زاری سلێمانی‌دا بە تایبەتی کاتێ دروست دەبێ کە بزوێنەکانی پێشەوە بەدوای دەنگی (ك، ف، پ)دا بێن لەناو دەربڕین دا. بۆ نموونە لە جیاتی نەوەی (ك) یەکی نزیك چ لە ووشەی (کێ)دا بەکار بێنێ، ئافرەتەکە لەسەر خۆ ماوەیەك لە دەنگی ك دا دەوەستێ و ئینجا بەرەو ێ دەروات، بەم پێیە ك بە ئاسایی وەك ك ی ووشەی (کاو، کەی، کاروان)دا دەر دەکات.

و: بەدرێژایی گوتنەکە دەم و چاوو لێوو دەست بزواندنێکی تەواو بەدی دەکرێ شایانی سەرنجە کە ئەم دیاردەی خۆ ناسك کردنەوەیە (خۆ بەناز فرۆشتنیشی پێ دەڵێن) هەموو ئافرەتێ بەکاری ناهێنێ و ئەوانەی بەکاری دێنن لەوانەیە بێ ئاگابن و لەوانەشە ئەندامەکانی کۆمەڵەکەی خۆیان هەستی پێ نەکەن ئەگەر زۆر خەست نەکرێتەوە.

هەموو دیاردەکەو دەست نیشان کردن و ناونانی کاری پیاوە، هەرچەندە بەکارهێنانی تەکنیکەکە پەیوەندی بە جێسی قسەکەرانەوە نیە، بەوا تایەکی‌تر، ژنان لەناو خۆیانداو لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی تریشدا بەکاری دێنن. دیسانەوە وەك دەردەکەوێ بەکار هێنانی تەکنیکەکە پەیوەندی بە نەمەنی ئافرەتیشەوە کەمە چونکە لە زۆر تەمەندا هەر بەکاردێ. زیاتر لەوە دەچێ کە «خۆ بە ناز فرۆشتن بەند بێت بە جۆری باسەوە نەك کەسانی ئاخاوتن و تەمەنیان بەوەدا کە دیاردەکە بەزۆری لەو کاتانەدا بەکار دێ کە ئافرەتەکە باسی خۆی دەکات یان شانازی بەشێکەوە دەکات و خۆی پێوە بادەدات.

تایبەتی‌یەکی تری دەنگی هەیە کە زیاتر نەوەی پێشوتری ئافرەتانی سلێمانی لەنەوەی ئێستاو پیاوان جیادەکاتەوە، ئەویش گۆڕینی دەنگی

لْ ه بوْ /ر/ له هەمـوو ووشـەیـەکـدا، به واتـایـەکی تر، نەهێشتنی فۆنیمی لْ له کوردیدا. دیاردەکه وەك پاشماوە هەر له قـەی ئافرەته بەسالاْ چووەکاندا ماوەو نەوەی نوێی ئافرەت لەم یاسایه لای داوە. بوْ نمـوونـه، زۆر له ئافرەتـه به تەمەنەکان به «خۆلْ»و «ڕۆلْه» دەلێن «خۆر» و «ڕۆرە». به باوەڕی هەندێ شارەزا،[12] ئەم دیاردەیه لەژێر کاری دایلیکتـه ناوچـەییـەکـانی تری کوردیـدا هاتـۆتـه ناو شێوازی ئاخـاوتنی ئافـرەتی سلێمـانیـیـەوە، به تایبـەتی له ژێرکاری دایلیکتی کۆیـەو موکـریـان دا که هەردووکیـان له بنـەڕەتـدا لەگـەلْ دایلیکتی سلێمانیدا ئاشناو نزیکن له یەکتریـیەوە. بەلای لێکۆلْەرەوە ئەم بیرە له شـوێنی خۆیدا نییەو بەئاسانی ڕەت دەکرێتەوە لەبەر دوو هۆی سەرەکی:

1 ـ ئەگـەر دیـاردەکـه لەژێـر کاری دایلیکتی تردا بوایـه، دەبوایه کاری له شێوازەکانی تریش بکردایەو فۆنیمی لْ پش لەوانیشدا لەناو ببردایه. ئاشکراشه که شێوازی پی‌او ئەم دیاردەی لْ گۆڕیـنی نێدا نییه.

2 ـ زۆربـەی ئەو ئافـرەتـانـەی که لْ دەگـۆڕن به ر نەك هەر لەو ناوچـانـەوە نەهـاتـوون، بەڵکـو وەك خۆیـان ڕوونیـان کردۆتـەوە پەیوەندیشیان به خەڵکی ئەو ناوچانەوە هەر نەبووە یان زۆر کەم بووە، لەبەر ئەوە ڕێی تێ ناچێ که کەوتبنه ژێر کاری دایلیکتی ترەوە.

هەمـوو ئەو کەرەسـە قسـەییـانـەی که لێکـۆلْەر کۆی کردوونەتەوە هەموو ئەو زانیاریانەی دەربارەی ئەو ئافرەتانه دەستی کەوتووە پەنجە بۆ ڕاستیەك ڕادەکێشن که دیاردەکەمان بۆ لێك دانەوە ئەویش ئەوەیە، که ئەم تایبەتێیە بەشێك بووە له چەند تایبەتێیەکی تر، که کاتی خۆی شێوازی ئاخاوتنی چینه خانەدانەکانی کوردی له شێوازی گوتنی چینه هەژارەکـان جیـا کردۆتـەوە لەوانـەشـە، له بنـەڕەتدا هەر تایبەتێکی شێوازی ئافرەتانی ئەم چینه بوو بێت نەك هەموو چینەکه. ئەمەش بەوەدا دەردەکـەوێ ئەو ئافـرەتـه کەمـانـەی که تائێستا ئەم دیاردەیه له قسەکانیاندا بەکار دێنن، هەموویان له کۆندا له چینێکی دەوڵەمەندر فەرمان ڕەوا بوون.

جـ: تایبەتی نا زمانی[13]

جگـه له تایـەتیـه زمـانیـەکـان (تـایـبـەتی فۆنەتیکی و فەرهەنگی و ڕستەیی چەند تایبەتێکی نازمانی هەیە که شێوازی ئاخاوتنی ئافرەت له شێـوازەکـانی تر جیـا دەکـاتـەوە. ئەم تایـەتیه نازمانیانه بریتین له ئاوازو دوورو نزیکی قسـەکـەران و چۆنیـەتی دانیشتنیـان و بزاوتنی لەش و جۆری وەستان و چاوتێبڕین و بزاوتنی دەم و لێو له کاتی ئاخاوتندا.[14] ڕەوشت له ئاخاوتندا له چەند کەرەسەیەکی نێکچڕاو به ناوێك چوودا پێك هاتووە. گرنگترینی ئەم کەرەسانه بێ گومان زمانه چونکه ئەو هۆکارەیه که هەموو زانیاری (واتا) دەگەیەنێ. بەڵام زمان به تەنیا هەر خۆی ئەم کارە ناکات بەڵکو له ئاخاوتندا لەگەلْ هۆکارە نازمانیەکاندا نێکەلْ دەبێت و به هەموویان ئاخاوتن پێك دێنن.

به شـێـوەیـەکی گشـتی هۆکـارە نازمـانیـەکـان دەکـرێن به دووبەشەوە:[15]

هۆکاری گوێی (ئەوانەی دەبیـسـرێن)، هۆکاری چاوی (ئەوانەی دەبینـرێن) ئاواز نمـوونـەیـەکی کۆمـەڵەی یەکەمە، جۆری دانیشتن و ماوەی نێـوان قسـەکـەران دەست و دەم و لێـو بزاوتنیش لەکـۆمـەڵـەی دووەمن. هەنـدێ لەم هۆکـارانـه بەنـدن به زمانەوە، به واتای ئەوەی لەگەلْ زماندا بەکار دێن و بێ زمان هیچ واتایەك نادەن بەدەستەوە. وەك لێـو هەلْ قورتـانـدن و دەست ڕاوەشـانـدن. هەنـدێکی تر لەم هۆکارانه سەربەخۆن، بەواتای ئەوەی به بێ زمانیش کارەدەکەن و واتا دەگـەیـەنن وەك سەرلـەقـانـدن بۆ خوارەوە (سـەردانـەواندن)و سەرەوە (سـەربـە ڕزکـردنـەوە) که زۆر جار له جیـاتی وبـەڵێ»و «نەخێر» زمانی بەکاردێن. بێ گومان، لەم لێکۆڵینەوەیەدا لێمه هەرووك هۆکاری بەند لێیان دەکۆڵینەوە چونکه زیاتر دەمانەوێ دەست نیشانی ڕۆلیان بکەین له ئاخاوتنی ئافرەتی سلێمانیدا.

هەمـوو ئەو کەرەسـانـەی کۆمـان کردوونـتـەوە دەربـارەی ڕەوشتی ئافرەت له کاتی ئاخاوتندا ئەم ڕاستیانەی خوارەومان بۆ دەردەخەن:

1: ئافرەت زۆر زیاتر له پیاو کەڵك له ناوازی دەنگ وەردەگرێ و

هێواڵنامەی کێشی

ئەوەتە لە کەم ڕستەی ئافرەندا ناواختێك (ئاخ، ئۆف، ئەیدڕۆ، ... هتد). نەبێت ئەمەش لە وانەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئافرەت کەمتر لە پیاو دان بەخۆیدا دەگرێ و زیاتر جڵەو بۆ هەستی خۆی بەرامبەر ڕووداو وباس و کات و شوێن و کەسانی ئاخاوتنی شل دەکات.

2: دووڕو نزیکی کەسانی ئاخاوتن لەیەکتریەوە، بەتایبەتی کە یەکێك لە کەسەکان ژن بێت بە پێی چەند هۆکارێك دەگۆڕێ: (أ) جۆری پەیوەندی کەسەکان، (ب) جینسی کەسەکان و (حـ) قۆناغی ئاخاوتن. کە ژنان لەناو خۆیاندا قسە دەکەن زۆر لە پیاو زیاتر لەیەکتری نزیك دەبنەوە.

بەپێچەوانەوە کە یەکێك لە کەسەکان پیاو بێت، دوورتر لە پیاو دەوەستن. هەروەها تا هاوبەشەکان پەیوەندییان خۆشتربێت و پلەو پایەی کۆمەڵایەتیان نزیکتر بێ لەیەکتر، زیاتر لەیەکتر نزیك دەبنەوەو بەپێچەوانەوە. دیسان بە درێژایی ئاخاوتن ئافرەت لە پیاو زیاتر دەجوڵێ و بە شێوەیەکی گشتی ماوەی نێوان کەسانی ئاخاوتن لە سەرەتاوە زۆرتر وەك لە ناوەڕاست و کۆتایی ئاخاوتندا.

3: جۆری دانیشتن پەیوەندی لەگەڵ بەرژەوەندی کاتیدا هەیە. بۆ نموونە کە دوو ژن کاریان بە یەکتری بێ یەکسەر دەچنە لای یەکەوە. کە لەپێش برکێدا بن، زیاتر بەرامبەر بەك دادەنیشن و چاودێری یەکتری دەکەن بە پێچەوانەوە پیاو لەپێش برکێدا لە یەکتر دوور دەکەونەوە.

4: ئافرەت زیاتر لە پیاو دەم و چاو دەبزوێنێ و لێو هەڵدەقورتێنێ و لەش دەجووڵێنێ و دەست بادەوەشێنێ و هەروەها لە پیاویش زۆر ووریاترە لە بەکار هێنانیاندا.

ئەوەی پیاو لە چەند ڕستەیەکدا لە بەرامبەرەکەی دەگەیەنێ، ئافرەت بە لێو هەڵ قورتاندنێك یان بە تیلەیەکی چاو دەیکات. هەروەها ئافرەت زیاتر لە پیاو دەبزوێ لەگەڵ کات و شوێن و کەس دا. بۆ نموونە، ئیشارەتی دوور لەگەڵ «ئەو، ئەوان، ئەوێ، ئەوسا» بەکار دێنێ. لەگەڵ «من و ئێمەو ئێرە، ئێستا» بە زۆری دەست لە خۆی نزیك دەکاتەوە.

5: چاوێ بڕین لە هەموو جۆرە ئاخاوتنێکدا گرنگە چونکە نیشانەی ئەوەیە کە قەناعەتکە کراوەتەوە، بە واتای ئەوەی خەڵکەکان ئامادەن لەگەڵ یەکتریدا بدوێن.

دیسانەوە چاوێ بڕین بەندە بە پەیوەندی نێوان کەسانی ئاخاوتنەوە. تا هاوڕێیەتی زیاتر بێت کەسەکان زیاتر سەیری یەکتری دەکەن لە کاتی ئاخاوتندا بە پێچەوانەشەوە. ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ لێرەدا ئەوەیە کە ژن بە شێوەیەکی گشتی زیاتر سەیری بەرامبەرەکەی دەکات لە کاتی ئاخاوتندا تا کەسەکانیش تێکەڵ بن، زیاتر کات بۆ سەیرکردن و چاودێری تەرخان دەکات. بە پێچەوانەوە کە شوێنی قسە تەسك بێت (وەك لە ناو پاسدا بۆ نموونە) ئافرەت کەمتر چاودێری بەرامبەرەکەی دەکات. هەروەها ئافرەت چاوێ بڕین بۆ «نوێبە» وەرگرتن لە قسەدا زۆر بەکار دێنێ. ئەگەر بیەوێ مەودا نەدات بە بەرامبەرەکەی کە وەڵامی بداتەوەو نوێبە بڕی لێ بکات، ئەوا بەردەوام سەیری ناکات.

بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێ کە بەشێوەیەکی گشتی ئافرەت زیاتر لە پیاو کەڵك لە هۆکاری نازمانی وەردەگرێ لە ئاخاوتندا نەك هەر بۆ گەیاندنی مەبەست بە تەنیا بەڵکو بۆ زامن کردنی ڕۆڵ گۆڕینەوەو ڕوون کردنەوەو دەربڕینی هەست و ئووپات کردنەوەی بیروڕاو دەم کوت کردنی بەرامبەرەکەی و درێژەدان بە ئاخاوتن.

د: *تایبەتی ڕستەیی:*

بۆ شیکردنەوەی هەندێ لەو ڕستانەی کە لە کاتی ئاخاوتندا لە زاری ئافرەت دەردەچێ پێویستمان بەوە دەبێت کە لەدوو ئاستدا لێیان بکۆڵینەوە:[16] *ئاستی سەرەوە کە فۆرم و واتای ئاسایی ووشەکان دەگرێنەوەو ئاستی ژێرەوە، کە پەیوەندی بە مەبەستی ئافرەتەکەوە هەیەو ئەو ئەرکەمان بۆ دەست نیشان دەکات کە دەبوێ ووشەکانی پێی هەڵسن.*

بێگومان دان نان بە بوونی ئەم دوو ئاستەدا کارێکی گرنگ و پێویستە چونکە باری کۆمەڵایەتی ژن وای لێ کردووە کە نەتوانێ ئەو بیرەی هەیەتی و ئەرکارەی دەبوێ بە ئازادی دەری بڕێ لەبەر ئەمەیە

هەواڵنامەی کێش

که ئاستی سەرەوەو ژێرەوەی رستەکانی زۆربەی کات واتاکانیان وەك یەك نیەو هەردووکیان یەك شت ناگرنەوە. بۆ نموونە، ئەو رستەیەی کە لە سەرەوە یان لە سیمادا پرە لە ڕێزگرتن و سادەیی لەوانەیە لە ژێرەوە پڕبێت لە گلەیی و سەزەنشت و پلار. بۆ ئەوەی چاکتر لە کێشەی سەرەوەو ژێرەوەی رستەی ئافرەت بگەین وا لەخوارەوە رستەیەك شی دەکەینەوە:

لە یەکێك لەو ئاخاوتنانەی تۆمارمان کردووە، ژنێك لە مێردەکەی دەپرسێ: سەعات چوار بەی بەشوێنما بۆ ماڵی باوکم؟

هەر چەندە رستەکە لە شێوەی پرسیار دایەو بەمە مانی بڕیاردانەکەی داوە بە مێردەکەی لە سیمادا پرە لە ڕێزگرتن، بەڵام بارو شوێنی قسەکە چەند ڕاستیەکی تڕمان دەداتێ:

(1) قسەکە هەر چەند لە شێوەی پرسیار دایە ژنەکە وای لە مێردەکەی دەوێ بە پرسیاری‌دا نەنێ چونکە زۆر بە تەنگەوەیە کە بچێت بە شوێنیاو بە لایەوە چاکترەو واشی لێ‌ی دەوێ کە وەك «فەرمان» سەیری‌بکات.

شێوەی دەربڕینەکە (پرسیارەکە) لە ژێر کاری هۆکاری تردایەو دبوونی خەڵکی تر لەوێدا) ئەمە نابێ لە کێشە سەرەکیەکە بگۆڕێ کە مێردەکەی دەبێت و پێویستە (یان ئەرکی سەرشانێتی) کە بڕوات بە شوێنیا.

ئافرەتەکە مەبەستی لە رستەکە دووپات کردنەوەو چەسپاندنی کاتەکەیە (سەعات چوار) نەك ڕوودان یان ڕوونەدانی کارەکە.

کەواتە رستەکە هەر وەرە بە شوێنما سەعات چوارەو بەو پەڕی ناسکی‌و ڕێز لێنانەوە دەربڕاوە. چونکە باری کۆمەڵایەتی ئافرەتە وای لێ‌کردووە کە نەتوانێ بە زەقی ئەوەی دەیەوێ دەری بڕێ، ناچار دەیەوێ قسەکەی خۆی بخاتە زاری مێردەکەیەوەو بڕیارەکەش بکات بە بڕیاری مێردەکەی خۆی بەمەش «گۆتاو ڕۆی» بڕیارەکە لە ئەستۆی ئەودا نابێت.

(2) بۆ گەیاندنی ئەم مەبەستە شاراوەیەی ژێر رستەکە ئافرەت پێویستی بەوە دەبێ پشت بەهۆکاری نازمانی‌و زمانی بیەستێ وەك لێوجوڵاندن و دەم قووچاندن و تیلە سەیرکردن. گرنگ ئەوەیە کە دوای ماوەیەك هەڵسان و دانیشتن لەگەڵ ئافرەتدا، پیاو بە هەموو ئەم هۆکارانە ڕادێت و فێری واتاکانیان دەبێ.

(3) گومان لەوەدا نیە کە مێردەکەشی چاك لە واتا شاراوەکە دەگات چونکە ئەگەر کارەکەشی بۆ جێ بەجێ نەکرێ نائێت «خۆ تۆ داوات لێ نەکردم بێم بە شوێنتا، بەڵکو ووت ئەگەر پێت کرا». کەواتە مێردەکەش دەزانێ کە بڕیارەکە ژنەکە داوێنی بە ناوی ئەمەوەو ئەم تەنیا جێ‌بەجێ‌کردنی لەسەر بووە.

کەواتە بۆ لێکدانەوەو شی‌کردنەوەی هەندێ رستەی ئاخاوتنی ئافرەت دەبێت نەك هەرگوێ بدەینە واتای ووشە فەرهەنگیەکان بەڵکوو دەبێ لەمەبەستی ژێرەوەی ئافرەتەکەش بگەین و سەرنجیکی چاك لە ئاوازی دەنگی‌و بەکارهێنانی هێزو بزاوتنی لەش و جوڵاندنی دەم و لێوو برۆو چاویشی بدەین چونکە ئەمانەش بۆ ژن زمانێکی تایبەتین.

بە شێوەیەکی گشتی ڕێزلێ گرتن لە ئاخاوتنی ئافرەتدا تەکنیکی زۆر گرنگ و کاریگەرو بڵاوە. ئەم ڕێز لێ گرتنەش کە ئێستا ئافرەت خۆی بە کەمتر لە بەرامبەرەکەی دادەنێ (ئەگەر بۆ گاڵتەش بێت) بەزۆر ڕێگە خۆی دەکات بەناو ئاخاوتنی ئافرەتدا. هەندێ لەم ڕێگایانە ئەمانەن:

(1) زۆر بەکار هێنانی ئەو ووشەو زاراوانەی کە گومان دەردەبڕن وەك: وابزانم، لام وایە، دەنگ وایە، ئەبێ، ئەڵێن، ڕەنگە، لەوانەیە، (وا) قاوە.. دەنگ وابڵاوە.. هتد. بە بەکار هێنانی ئەمانە لە ئاخاوتندا ئافرەت دەتوانێ ئۆبالی کارەکە لە ئەستۆی خۆی بکاتەوەو لە هەمان کاتیشدا ڕێزی خۆی پیشانی بەرامبەرەکەی دەدات.

(2) بەکارهێنانی شێوەی پرسیار لە جیاتی یان لەو شوێنانەدا کە لە شێوازەکانی تردا فەرمان بەکار دێ. بۆ نموونە، ئافرەت زیاتر دەڵێ «بڕۆین؟». لە جیاتی «با بڕۆین»، ئەگەر فەرمانیش بەکاربێنێ ئەوا زیاتر لە پیاو هەوڵی ناوەختی بۆ دەدات تا کەمتر کاریگەر بێ و

بەرامبەرەکەی نەتەزێنی.

یەکێک لە نیشانەکانی تری خۆ بەرپرسیار نەکردن لە ئافرەتدا لەوەدا دەردەکەوێ کە بەدرێژایی تەمەنی رێگەی ئەوە دەدات کە خەڵکی بەکورتەی ناوەکەیەوە بانگی بکات. بەم کارە تەمەنی خۆی رادەگرێ و نایەڵێ هەرگیز بە ساڵدا بچێت و ئەو کاتانەی خۆی دێنێتەوە یاد کە منداڵیکی بێ دەسەڵات بووەو بۆ هەموو کارێکی پشتی بە خەڵکی تر بەستووە. بۆ نموونە، شتێکی زۆر ئاسایە کە تەنانەت ئافرەتێکی زۆر بەساڵا چووش بە «گوڵە خان»و «نەسە خان»و «ئاتە خان» بانگ بکەین لە جیاتی گوڵزار خان یان نەسرین خان..

بە پێچەوانەوە، بەکارهێنانی کورتە ناو لە پیاوا بۆ بانگ کردن زۆر درێژە ناکێشێ و کە پیاو چووە ساڵەوە تەنانەت گەیشتە (30) ساڵ و کەمتریش رێگە نادات بەکەس (بە تایبەتی نەناسیار) کە بەناوە کورتەکەیەوە بانگی بکات تەنانەت ئەگەر ناز ناوێشی لە گەڵدا بێ. لەبەر ئەمە دەبینین کە «کاك دڵشاد»و «وەستا قادر»و «حاجی عەلی».. بەکار نایەن.[17]

(4): کاکڵەی لێکۆڵینەوەکە: -

کە دەڵێین ئافرەت شێوازێکی جیاوازو سەربەخۆی هەیە لە ئاخاوتندا مەبەستمان ئەوە نییە کە کوردێیەکەی جیاوازەو پیاوان تێی ناگەن بەڵکو دەمانەوێ بڵێین کۆمەڵی پیاو کە ئافرەتی بە زۆرە ملی لە ماڵەوە خزاندووەو خۆی کردووە بە خاوەنی کۆمەڵ و پێوانەو بەهاو ئاکاری خۆی بەسەر کەسانی تردا سەپاندووە بەمە ئافرەتی ناچار کردووە پەنا بەرێتە بەر هەندێ تەکنیك لە ئاخاوتندا کە ڕەنگدانەوەی ئەم بارەی ژیان و کەسێتی خۆیەتی.

باڵاترین شێوەی ئەم تەکنیکە بۆیەیەکی رێزڵێ گرتن و ناسکیە کە لە سیما یان لە دیوی دەرەوەی هەموو ئاستێکی قسەی ئافرەتدا هەستی پێ دەکرێ بەم ناسکیو دەستی رێز لێنانە کە بەهۆی چەند هۆکارێکی زمانی و نازمانیەوە دەستی دەخات دەتوانێ دیوی دەرەوە ڕۆشنی و ئەو ڕاستیە بشارێتەوە کە ئەم لەبەر ئەو بارە ناسکەی تێیدا دەژی ناتوانێ خۆی بەرامبەر زۆر شت لێ پرسراو بکات و وای بەباشتر دەزانێ کە بڕیاری ڕاستەو خۆ نەدات و بڕیاری سەرزاری بۆ پیاو بجێ بهێڵێ بەڵام ناو بەناو خۆی بڕیارەکانی فێر بکات و وای لێ بکات ئەم بیبێتە دەم ڕاستی. بەم جۆرە خۆی هەر گوڵە خان و ئاتە خانەو تا دەگاتە حەفتا ساڵەش هەر سەرزاری بێ گوناح و بێ دەسەڵاتە.

بەڵام کەسێتی خۆشی هەر پاراستووەو هەر خۆی لەو دیوی پەردەوە فەرمانڕەوایی دەکات.[18]

کە دەڵێین ئافرەت لەم کەلچەرەی ئێمەدا ئەم تەکنیکانە بەکار دێنێ مەبەستمان ئەوەیە کە وایان لێ چاوەڕێ دەکرێ بەم جۆرە بکەونە ئاخاوتنەوە. بێ گومان ئافرەت هەیە کە ئەم تەکنیکانە بەکار ناهێنن، بەڵام ئافرەتێکی ئازاو بە جەرگی دەوێ کە لە کۆمەڵەکەی خۆی هەڵگەڕێتەوەو وەك هەموو ئافرەتێکی تر هەڵس و کەوت نەکات و جێی ڕەزامەندی ئافرەتیش بێ.

ئەم تەکنیکانەش وە نەبێ تەنیا لە ئەنجامی ئەوەوە هاتبێت کە ئافرەت و پیاو هەڵکەوتێکی بابەلۆجی جیاوازیان هەیە، بەڵکو ڕەوشتیکی زمانیەو وەك هەموو ڕەوشتیکی تر لە ژێر کاری ڕاهێنان و پەروەردەدا لە منداڵیەوە لە ئافرەتدا دروست بووە، بە واتایەکی تر، بۆیە ئافرەت ئەم تەکنیکانە لە ئاخاوتندا بەکاردێنێ چونکە لە منداڵیەوەو بێ ئاگایی خۆی لە کۆمەڵی پیاودا فێر کراوەو ناو بەناو پاداشتی لەسەر ئەم ڕەوشتەی وەرگرتووەو ئەگەر لە سەریشی نەڕۆشتێ سزای خۆی وەرگرتووە.

بەوەی بە ئافرەتێکی ناشارەزا دانراوە. تەنانەت لەو کۆمەڵانەشدا کە بە ئاشکرا دان بە مافی ئافرەتدا دەنرێ قوتابخانەو ماڵ و دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەر فێری ئەم ناسکیو بە ئاپرووییە سەر زاریەیان دەکات لە ئاخاوتنداو هەر ئەمەشیان تێدا دروست دەکات.

پەراوێزەکان: -

1 - بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی شێواز بروانە.

Enkvist, N. E. etal, 1965 Linguistics and Style, London, Oup, P. 12.

زۆر نووسەر (لەمانە Standha) شێواز بەو بەرگە دادەنێن کە دەکرێتە بەر کارێك و جوانی پێ دەبەخشێ. دەتسرسی بۆ کورتەی باوەری وا لەوە دایە کە تەنیا ئەو کارانەی بە جوان دادەنرێن بەخاوەن شێواز دەناسرێن. بە پێچەوانەشەوە، بە پێی ئەم بیرە، کار زۆرە کە شێوازیان نییە.

2 - هەمان سەرچاوەی پێشوو ل 23 - 27.

بۆ نمونە، ئ، ئیلانسەر لەو باوەڕدایە کە شێواز بڕێتی یە لە شێوەی پێش کەش کردنی باسێك کە لە تاسایی نەچێت و جۆری بابەتەکەو مەبەست و کەسێتی نووسەرەکە بچەسپێنێ. کێشەی ئەم جۆرە پێناسانەی شێواز لەوەدایە کە «تاسایی» و «لادان» بە تاسانی لەزماندا دیاری ناکرێن.

3- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل 15 - 21.

بەڕای پەسەندکەرانی ئەم جۆرە پێناسەیەی شێواز، شێواز بڕێتی دەبێ لە هەلبژاردنی ڕێگایەکی تایبەتی لە نێوان چەند ڕێگایەکی دەربڕیندا کە هەموویان بۆ گەیاندنی هەمان مەبەست بەکار دێن.

بەم پێیە، کێشەی شێواز ئێتە کایەوە دەستەوێ بریار بدەین لەبەر چی نووسەرێك لە نێوان چەند وشەیەکی هاوواتا یان نزیك لەیەکتری یەکێکیانی هەڵبژاردووە ئەوانیتری بەکار نەهێناوە.

4 - بروانە: Wilkinson, A. The Foundation of Language, 1970, London, Oup, PP. 17 - 23.

5 - بروانە:

Hiatt, M. P. «The Sexology of Style» in Language and Style

VL. IX, No. 2, Spring 1976.

PP. 17 - 23

6 - بروانە:

Lakov, W., 1969, «The Logic of Non - Standard English,» in Language and Social Context" Gi Gioli (ed), London, Penguin, PP. 179 - 216.

7 - بروانە:

Simme de Beauvoir, The Second Sex, 1976, London, Penguin, PP. 93 - 139.

8 - هەمان سەرچاوە ل (139).

9 - بروانە:

Elgin's Review of Kramarae's «Women and Men Speaking» in Language V. 58. No. 4, December 1982 PP. 940 - 943.

لێرەدا ئەم باوەڕەی ئیمە پەچەوانەی باوەڕی هەندی زمانەوانە کە ئافرەت بە کۆمەڵێکی دەم کوت کراو دادەنێن و لایان وایە ئەو شێوازەی ئافرەت پێی دەدوێن شێوازێکە پڕە لەکەم وکوڕتی لەبەر ئەوەی لە دامێنانی پیاوەو ئەوان بۆ خۆیان دروست کردووە.

ئەم زمانەوانانە، دیسان باوەڕیان بە «نیسبیەت» هەیە لە کەلچەردا، بە واتای ئەوەی کە زمان تەواو دەکەوێتە ژێر کاری کەلچەرەوە. بەڵای ئیمەوەوە ئەمانە بە ناڕەوا (باری ئافرەت وا بەم خراپیە دەبینین و دروست نییە بڵێین لەبەر ئەوەی ئافرەت وژبەر دەستەبە» بەچاوێکی تەوە لە دنیا دەگەن و هەستیان بەرامبەر دەوروبە، جیاوازەر لەبەر ئەمە پێویستیان بە شێوازێکی تۆیە کە لەگەڵ ئاواتیاندا بگونجێت.

10 - شایانی باسە کەزۆربەی ئەم نمونانەم لە راپۆرتێکی قوتابی «پەروین یارەو» وەرگرتوە، هەرچەندە داپشکردنەکەو لێکدانەوەو بەستنەوەیان بە باسەکەوە هی خۆمەو خۆم بەرامبەر هەڵەیان لێ پراسراو دەبم. پەروین یارە یەکێکە لە قوتابیانی ئێی چواری بەشی زمانی کوردی زانکۆی سەلاحەدین (1984)و لەراپۆرتی باسکراودا سەرکەوتووانە پێنجەی بۆ تایبەتی فەرهەنگی ئافرەت ڕاکێشاوە.

11 - جوونە وشەی «ماك ژنان و مان»و «کاسەو ماسە» کە پارچەی دەمیان لەسەر کێش و پێوانەی یەکەمیانە، زۆر بلاوە لە قسەی ئافرەتانی سلێمانیداو بۆ هەموو ناوێك، بە مەرجێك بە دەنگی م دەست پێ نەکات، دەست دەدات. (خاڵك و مەڵك)، (ماڵ و ماڵ یان منداڵ و منداڵ). بلاوی و زۆری بەکارهێنانی ئەم دیاردەیە لە ئاخاوتنی ئافرەتی سلێمانیدا لەو نوکتەیەدا ڕەنگی داوەتەوە کە ئێدا ئافرەتێك دەچێتە لای قازی وشکات لە مێردەکەی دەکات کە گوایا زۆری دەچەسپێنێتەوەو ئەم لە ماڵەوە بەم ڕۆژگارە خەریکی ئێشە: «حاجەت و ماجەت نەشۆم، نان و مان نەکەم، خواردن و ماردن ئاسادە نەکەم، چێشت و مێشت لێ نەنێم... وژنەکە دەڵی. قازیش بڕیار دەدات کە لەبەر دووا ئافرەتەکە، حاجەت بشواو ماجەت نەشوا، نان بکات و مان بۆ مێردەکەی دانێ، . خواردن بکات و واز لەماردن بێنێ. .

مكتبة العلامة الشامي للنشر

12 ـ بە باوەری م. کاسـران ئەم گۆڕانـەی ل پەیـوەنـدی بە زارەکـانی تری کوردییەوە هەیە، بە تایبەتی زاری موکریان. دیـان هەر ئەویش نی‌یە کە بەم جۆرە بۆ کێشەکە دەچێ.

13 ـ بۆیە بەم هۆکارانە دەتوانرێ نازمانی یان زمان ئاسا چونکە تەنیا لە هەندێ تایبەتیدا لە زمان دەچن. بۆ نموونە، ئەم هۆکارانە وەک زمان لە خوێندن و بریاری کۆمەڵیان پێویستە، بە واتای ئەوەی پەیوەندی نیە لە نێوان فڕێدەر و وەرگرەکاندا. هەر وەک نازانین بۆچی کورد وشەی «سەگ» دەڵی «سەگ» وەعەرەب پێی دەڵی «کلب» هەروەها نائاگاین بۆ سەر لەقاندن بۆ سەرەوە بۆ ڕەت کردنەوە پێ وێڕا خواردەوە ڕەزامەندی پیشان بدات.

(پێ‌گومان لە هەندێ کەلەچەردا ئەمەش بە پێچەوانەوەیە). دیسانەوە لە لایەکی تریشەوە ئەم هۆکارانە لە زمان ناچن چونکە زۆرجاران وەک مشەخۆر وان بەسەر وردگی زمانەوە دەژین، بە واتای ئەوەی تەنیا لەگەڵ زماندا گرنگی پەیدا دەکەن و لە کاتی نەسە کردندا نەیێت هیچ واتایەک نابەخشن. شایانی باسە هەموو زمانەوانەکان لەسەر پێناسەی ئەم هۆکارانە ڕێک ناکەون. هەندێکیان (وەک کریسەڵ) تەنیا بە وانە دەڵی نازمانی کە لەگەڵ زماندا بەکاردێن بەڵام هەندێکی تریەوە (وەک ئابەر کرۆمبی) زاراوەکە هەموو هۆکارێک دەگرێتەوە جگە لە بێت یان دەنگی لەگەڵ زماندا بروات یان بتەنیا بەکاربێ. بۆ زانیاری‌ی زیاتر دەربارەی ئیشارەو پەیوەندی بە کەلەچەردە. بڕوانە:

1 . Hall, E. T. The Silent Language, Newyork Doubleday, 1959.

2 . Laver, John, «Language and Non - Verbal Communication» in Handbook of Perception, ed. Carterette and Freidman, Newyork, Academic Press, PP 345 - 98.

14 ـ لەم بارەیەوە نووسەرێکی بریتانی ئی، مەکۆرمیک دەڵی:

بلاوترین زمان لە جیهاندا ئەو زمانەیە کە نە ناوو نە فەرهەنگی هەیە. ئەگەر ئافرەت بێت، ئەوە هەر لە منداڵیەوە فێری بووک، ئەگەر پیاو بێت، ئەوە هەرگیز فێری نایەت تەنانەت ئەگەر پەنجا ساڵیش پێوەی خەریک بێت. (ریدەرز دایجیست مانگی 9، 1956 ل 43). پێ گومان نووسەر لێرەدا مەبەستی لە بەکارهێنانی ئاواز وبزاوتنی برۆو دست و چاوو دەم بەیەکەوە کە زۆر جار ئافرەت لەناو خۆیاندا پلاور وتانە وگلەیی‌و ڕەزامەندی پێ دەگوزنەوە، پێ ئەوەی پیاو هەست بەوە بکات کە جەوی نێوانیان ناخۆشە. بۆ نموونە، کە ئافرەتێک بە هاوڕێیەکانی دەڵێ: «ئافەرموون بینەوە ماڵەوە؟» لە بڕێی «فەرموون وەرنە ماڵەوە» یان «ئەمێ بێنە ماڵەوە»، هاوڕێ ئافرەتەکەی جاڵ لە مەبەستی دەگات وسارد سڕی بانگەکە هەست پێ دەکـات نەک هەر لە وشەکان و جۆری ڕستەکەوە (پرسیار نەک داوا) بەڵکـو بە هۆی ئەماشـاکردن و چاوتێبڕی کردنی بزاوتنی دەم و لێوو ئاوازی گوتنەکەشەوە. پیاو، بە پێچەوانەوە، زۆرجاری کات لە نیازی ئافرەتەکە ناگات لە بەری وادەو گوتنەکە لەوانەیە بە بانگێکی گەرم و گوڕ لێک بداتەوە.

15 ـ بڕوانە ل 352 Laver, John , 1976

16 ـ دان نان بەبـوونـی دوو ئاستـدا، ئاستی زێـرەوە ئاستی سەرەوە لە شێکردنـەوەی وشـەدا لەم سەردەمـەی زمانـەوانیدا شتێکی زۆر ئاسایی وبڵاوە وبنەمـایەکی گرنگی ڕێزمانی «تـەحلیلیەکانەو بوونی ئەم دوو ئاستە لە زۆر دیاردەی تریشدا هەستی پێ دەکرێ.

17 ـ ئاگەداری ئەوەین کە هەندێ ناو وەک (حەمە، خولە، فالە...) لەگەڵ هەندێ نازناو داتا دوا ساڵەکانی ژیانیش ئاسایی بۆ بانگ کردن بەکار دێ بۆ نموونە، زۆر ئاسایە لە تەمەنی 70 شدا بە پەکێک بوترێ: کاکە حەمە، مامە فالە، بابە خولە.. هتد (ئەم ناوانە زۆر ئاسایین و لە سلێمانیا ئیستە بەکار دێن). ئەمە پێ گومان، نموونە نین کە دڵی بیرەکەی ئێمە بوەستن، چونکە لە ڕاستیدا، بە باوەڕی ئێمە، ئەم ناوانە لەوە دەرچوون کە کورنە ناوین، بەڵکو ناوە دروستەکەی بەرامبەریان لە بیرچوونەتەوە وخۆیان بوون بە ناوی بنەڕەت. لە بەر ئەمەیە کە بە پەکێکی بەسالا چوو دەڵێین «خالە فالە» هەست ناکەین کە تێرۆنە ناومان بەکار هێنا بێت.

18 ـ پێ گومان بەکارهێنانی ئەم تەکنیکانە نیشانەی ئەوەیە کە ئافرەتی سلێمانی زیـرەک و وریـاو ژیـرن و خاوەنی بیریکی مەتیقین. بەمە لێکـۆڵینـەوەکـەمان پێچەوانەی ئەو بیرانە دەوەستی کە ئافرەت بە گشتی بە ساویلکەو ناشی‌و گێل دادەنێن (بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە، د. کەمەران کۆکریانی. دەنگی ئافرەتی کورد لە هۆنراوەکانیدا، بەیان ژمارە 63 حوزەیرانی 1974 یان Sexology of Style کە لەسەرووتریەوە ناومان هێناوە). ئەم بیرەی لێکـۆڵینـەوەکـەمان (کە ئافـرەت ژیـرو هۆشـیارن) لەگـەڵ بیـرورای هەنـدێ لە خاوەن کارگـەو کاربەدەستـەکانی هەندێ لە کارگەکـانی ناو سلێمانیدا ڕێکن - بە بیـرورای زۆربەیان (دیداری کەسی) ئافرەتی کریکاری سلێمانی نەک هەر ژیرو وریان بەڵکـو لە زۆر کاریشـدا لە پیـاو سەرکـەوتـووترن، بەتـایبـەتی لە هەست کردن (Perception) وڕەنگ ناسینەوەدا بە بیرورای ئەمانە ئافرەت وێنەی نی‌یە.

کێشە هەرزە کارەکانمان

نووسینی: پسزیشك سۆزان برۆنیە
وەرگێرانی: شاکر فتاح

ئەم هەڵسەنگاندنە لە لایەن مامۆستا ئیبراهیم ئەمین بالدارەوە سەبارەت بە گرنگی بابەتەکە نووسراوە.

ئەم باسە ،کە (دکتۆرە سۆزان برۆنیە) نووسیویتی و مامۆستا شاکر فتاح وەری‌گێراوە بۆ کوردی رەفتاری - بیرو ئەندیشەو هەست و کرداری سەرزاری و ژێرزاری - ئەو کێشە تازە پێ‌گەیشتوانە پێشان دەدات، کە گەیشتوونەتە هەڕەتی هەرزەکاری.

باسەکە گەلێك پر بایەخ و بەنرخە، نووسەرە سەرەتایی‌یەکەی زۆر بەشارەزایی‌و وەستایی ،بەقوڵی‌و فراوانی چۆنە بنج و بناوانی هۆی رەفتارەکانی کچە هەرزەکارەکانەوە بە شێوەیەکی زانستی‌یانەی ساکاری روون و ڕەوانی دیاری‌کراو، پێشانمان دەدات، کە کچۆلان لەو دەمەی تەمەنیانا بیردەکەنەوە، دڵیان بەچی‌یەوە خەریك دەبێت، شوێن کام خولیا دەکەون و ،چۆن هەمە چەشنە خۆزگەو، تاسەو تەزووی جۆرجۆر رایان دەژەنن و رایان دەپسکێنن و ئەیانخەنە گێژاوێکی پر لە هەمە ڕەنگە هەست و سۆزو قوڵپ و تاسەوە.. پر لە موچرك و راچەنین و خوتوکەو تەزووەوە.. پر لە تاوتاوی ئاوای‌و، سەرسامی ،حەپەسان و بێ‌باکی‌یەوە.

نووسەری بەنرخی بەڕێزیش مامۆستا شاکر فتاح ،زۆر بە جوانی، خۆمانە، بە هونەرمەندی‌یەکی هەڵکەوتوانەوە، وەری‌گێراوەتە سەرکوردی ،بە چابوکی‌یانەو ڕەوان بێژی‌یەکی بێ‌هاوتایی‌یانە، بە ووشەی بەناوی پر بەپێستی ئەو بیروباوەرانە، ئەوەندەی‌تر ووتەکانی دکتۆرە سۆزانی بەهادارو دلگیرترو کاریگەرترکردووە.

ئێمەی کوردەواری ،لەم پلەیەدا پێ‌ویستیمان یەکجار زۆرە بەم جۆرە وێژەی پەروەردەیی‌یانە، کە ڕیی ژیانی ئەمرومان بۆ روون بکەنەوە - ئەو ژیانەی ،کە زۆر بەگوڕو فراوانی لە گۆڕانێکی بێ‌ووچانی رۆژبەرۆژدایە.

نووسینەکەی دکتورە سۆزان هەرچەند بۆ ناوچەیەك و جۆرە شارستانی‌یەکی جیاواز لەهی ئێمە نووسراوە، بەڵام لەڕووی سروشت و مرۆڤایەتی‌و ژیانی کۆمەڵایەتی ئەمرۆی ئێمەوە بەدوورنی‌یە. کچانی ئێمەش هەروەك هی ئەوان هەمان بیرو تاسەو قوڵپیان تیا دێتە جوولە، بەڵام ماکەکەیان ڕەنگە لە هەندێك ڕووەوە بەجۆرێکی جیاوازتر دەرکەوێت.

بۆ بەرەنگار بوون و چارەسەرکردنی ئەو کارەسات و ،بەسەرهات و ڕووداوانەی بەهۆیانەوە بەرپادەبن.. وە بۆ دەست پێش کەری کردن و خۆپاراستن لێیان، دەبێت بزانین چۆن بچینە بنج وبناوانی هۆیەکانیانەوە.. چونیش بنوانین، ئەو تەوژم و قوڵپ و گێژەلوکانە بۆ دامرکاندنیانە، بەلایەکی بێ‌مەترسیا دەربازیان بکەین، بێ‌ئەوەی بەهێڵێژ کاریکی ناپەسند بکەنە سەر ئەندیشەو دڵ و دەروون و کرداری کچەکانمان.

ئیبراهیم ئەمین بالدار

ئەم نووسراوە نایابەی کە ئێمرۆ پێشکەشی (خوێندەوارانی کوردی) بەڕێزی دەکەم ،لەلایەن خاوەن لێکۆڵینەوەی فەرەنسەیی یەوە، (پەزیشک سۆزان بروێنیە) بە زمانی فەرەنسزی، لە ساڵە پەنجایی یەکاندا، وەك ووتارێك لە (خوێندنگای دایك و باوك)دا، کە لە (زانکۆی سۆربۆن)ی شاری (پاریس)لە خاکی (فەرەنسە)دا دامەزرابوو، خوێندرابووەوە. نووسەری میسری بش کە ناوی (کلیم أبوسیف)ە لە گۆڤاری (کتابی) لە (قاهرە)لە میسردا کە خاوەنەکەی (حلمی مراد)ە، لە ژمارە (44)و (45)ی ساڵی 1955دا بە کورت کراوەیی پەرچەمی کردبوو بە عەرەبی و بڵاوی کردبووەوە. جێی داخە کە نووسراوە فەرەنسزی یەکەم دەست نەکەوت تا بزانم لە چ ساڵێکدا چاپ کراوە.

بەڵام چونکە خاوەنی گۆڤاری (کتابی) پێشەی دەبوو کورت کراوەی نووسراوەکانی جیهانی ی بە عەرەبی بڵاوەکردەوە، زۆرتر بیر بۆ ئەوە دەچێ کە لە ساڵە پەنجایی یەکاندا نووسراوەکە بە فەرەنسزی بڵاوکرابێتەوە. لە راستیدا ئەو (خوێندنگای دایك و باوك)ەی کە لە زانکۆی (سۆربۆن)دا دامەزرابوو گەلێك پسپۆرانی تریش ووتارانی تری بەنرخیان تێدابوو، بۆ دایك و باوکەکان ،یاخود بۆ ئەوانەی خەریکن دەبن بە خاوەن خێزان، خۆش بەختانە منیش هەندێك لەو ووتارانەم هەر لەو گۆڤارەوە، بە زمانی عەرەبی دەست کەوت و کردمن بە کوردی. لەوانە سپاسیانم لە گۆڤاری (ثوثونومی)ی سەربە (ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان)دا کە لە شاری (هەولێر)دا دەردەچێ بڵاوکردەوە.

پەروەردەکردنی منداڵ لەدەست هەموو دایك و باوکێك نایەت. چونکە شارەزایی یەکی زۆری دەوێ لە (زانست)و (هونەری پەروەردەکردن)و (زرنگ کاری)دا. هەروەها رەوشت و خوویەکی دادپەروەرانەو، تێکۆشانێکی بێ ووچانی دڵسۆزانەی دەوێ، کە پر بێ لە پاکی و بڵندیی و، ئارام و، دۆستایەتی و، دڵئەڕی. لەبەرئەوە زۆر لە زانکۆکانی ئەورووپاو ئەمەریکا ،(خوێندنگا)یان کردۆتەوە بۆ دایك و باوکەکان، تا تێیدا فێری زانست و هونەری پەروەردەکردن بین و لە شێوەیەکی پاك و ڕاست و دوروستدا بتوانن منداڵەکانیان پەروەدەبکەن. جا هەروەك لەمەوپێش پیشانم دا، یەکێك لەو زانکۆیانە (زانکۆی سۆربۆن)ە کە لە شاری (پاریس)دایە، لە خاکی (فەرەنسە)دا خوێندنگایەکی لەم جۆرەی بۆ دایك و باوکەکان کردۆتەوە. پێویستە ئەوەیش بڵێم:

هەرچەندە (کۆمەڵایەتی کوردەواری)و (کۆمەڵایەتی فەرەنسەیی) زۆر لە یەکتر جیاوازن ،بەڵام ئەو گیروگرفتانەی (پەزیشك سۆزان بروێنیە) لێیان دەدوێ و چارەیان بۆ دەدۆزێتەوە، هەندێکیان لە ناوچەی کوردستانیشدا باون، هەندێکی تریشیان وا خەریکن سەر هەڵدەدەن لەناوماندا بێجگەلەوەیش هۆش و دڵ و دەروونی کچۆڵە کانی ئێمەیش ،بە چەشنی کچۆڵە فەرەنسەیی یەکان ،بە بیرو هەست و ناسکو تەزوو و جۆش و خرۆش لە تەمەنی هەرزەکاریاندا دێنە جۆش. ئەوەندە هەیە لە شێوەیەکی تایبەتی ی خۆمانەدا دەریاندەبڕن وەدەردەکەون و ماکەکەیان بەرچاومان دەکەوێت.

لە (17 ـ 30)ی مانگی مێوەخۆش (تەموز)ی 1968 بە دواوە (ئافرەتانی کورد) وەك هەموو خوشکەکانی تریان لە عیراقدا، بەپێی یاسایەکی تایبەتی. (پارت)و (شۆڕش)، ئەو مافانەی کە پیاوان هەیانبوو پێیان بەخشین لەبەرئەوە لەوساکەوە تا ئێستا، ڕۆژ بەڕۆژ، باری ئافرەتانمان لە گۆڕان و گەشەکردندایە لەبەرئەوە پێویستە بارك و دایکە بەڕێزەکانمان هەر لە ئێستاکەوە خۆیان ئامادەبکەن و بکەونە جم وجۆڵ بۆ ئەمەی بە شێنەیی و بەزرنگانە چارەسەری هۆی ئەو کارەسات و، بەسەرهات و، ڕووداوانەبکەن کە دووڕێنە بقەومێن لە

کچەکانیان، ئەگەر هۆیەکانیان نەدۆزنەوەو دەست ـ پێشکەری نەکەن لە چارەسەرکردنیاندا پێویستە بزانن چۆن دەچنە بنج وبناوانی هۆیەکانی ئەو کارەساتانەوە. کە چاوەڕوان دەکرێ بقەومێن. هەروەها پێویستە ئەوەیش بزانن چۆن ئەو تەووژم و جۆش و خرۆش و گێژەڵووکانە، کە دێنە ناو هۆش و دڵ و دەروونی کچەکانیانەو، بۆ دامراکاندنەوەیان، بە لایەکی بێمەترسیدا دەرباز بکەن، بێ ئەوەی بهێڵن کارێکی ناپەسەند بکەنە سەر ئەندێشەو دڵ و دەروون و کرداری کچەکانیان.

ئێستر ئەمەندەو هیوادارم دایك و باوکە بەرێزەکانمان لە خوێندنەوەی ئەم نووسراوە ناوازە و نایابە، کەڵك و فەر وەربگرن و، کەڵك و فەریش بە کچەکانیان ببەخشن.

شاکر فتاح

«خاوەنی پرۆژەی خوێندەواری کوردی»

ئاگاتان لە خۆتان بێ کچەکەتان گۆڕاوە

گەلێك جار ئەم قسەیەمان گوێلێدەبێ، کە باوك و دایکەکان بە کچەکانی خۆیان دەڵێن: «کەس لە توانایێدا نیە لەم کچانە تێبگات، تەمانە بە تەواوەتی گۆڕاون» کەچی کە گوێمان لە کچەکانیش دەبێ، بە نیسوە مل کەچی و نیسوە سەرکێشی یەکەوە سکاڵا لە دەست باوك و دایکەکانی خۆیان دەکەن، وەرامی ئەو بۆڵەبۆڵەیان دەدەنەوە دەڵێن: «باوك و دایکەکانمان تێمان ناگەن»..

ئێمەیش پێی لێ دەنێین کە پەیبردن بەو گۆڕانە بنچینەییەی کە لە کچەکانماندا دیاری دەدات کارێکی ئاسان نیە. ئەو دەمە تەمەنیان لە ناوەند دوانزەسالێ و بیست ساڵیدایە. بەڵام دەمانەوێ ئەوە بپرسین: «ئەی دایکەکان خۆیشیان لەم تەمەنەوە تێنەپەڕیون؟.. کەواتە بۆچ ناتوانن لەم تەمەنەدا لە کچەکەی خۆیان تێبگەن؟!» زۆرێیێ ناچێ هەست بەوەیش دەکەین کە بیرەوەری کارێکی ئاسان نیە چونکە کارەساتی ژیان بیرو هۆشی دایکەکانی گۆڕیوە. ! ئەوەندە هەیە خۆش بەختانە پسپۆرانی وا پەیدابوون کە بە سالان تەمەنی خۆیان بەخت کردووە لە لێکۆڵینەوەی گیروگرفتەکانی هەرزەکاری و هەرزەکاراندا. لەبەرئەوە لە توانایی یاندا هەیە کە بەرهەمی لێکۆڵینەوەو تێگەیشتنەکانی خۆیان پێشکەش بە باوك و دایکەکان بکەن..

..خانمەکەم!.. کچەکەت لە ساواییی دەرچووە..کەواتە ناتوانیت لەسەر بنچینەی ئەو بیرە هەڵەیەی خۆت لەگەڵیدا بجوولێیتەوە باش تەماشای بکە.. ئەواو سەرنجی لێبدە.. دەم وچاوی گۆڕاوە.. شێوەیشی هەر گۆڕاوە.. ئێوەیش باوك و دایکەکان خۆتان بە هەڵەدا دەبەن، ئەگەر وا بزانن کە کچ پێگەیشت، پێگەیشتنەکەی هەر کار لە لەشی دەکات. لەڕاستیدا هەروەك کار لە لەشی دەکات، کار لە هۆشیشی دەکات، کار لە دڵ و دەروونیشی دەکات بێجگەلەوە، کچەکە ،خۆی لە پێش هەموو کەسێکیدا چاوی بەو گۆڕانە دەکەوێ .لەپێش هەموو کەسێکیشدا هەست بە بوونی دەکات.

باوکەکان!.. دایکەکان!. تەماشایەکی بکەن. لێشی وردبینەوە!.. ئەوەیش وانان نایەتە پێش چاو کە حەز لە تەنیایی دەکات؟. ئەی نایبینن سەری کز کردووەو بیر لە خۆی دەکاتەوە، ئاگای لەو هەست بزووتنەوانە هەیە کە تازە لە دڵیدا پەیدابوون. هەستیان پێدەکات و ئاگای لێیانە؟..

خەوی هەرزەکاران

کچەکە هەتا ئەگەیشتبووە تەمەنی هەرزەکاری هەتا پێنەگەیشتبوو ،بابەتی دڵ ـ خۆش کردنی خۆی هەبوو. هەروەها بابەتی دڵتەنگی بوونی خۆیشی هەبوو. بەڵام زوو بە زوو ئەوانەی لەبیر دەچووەوە. ئەو کارەساتانە هەر وەك گیایەك وا بوون، کە لە لەوەرگەی منداڵیدا دەرهاتبوون. بەڵام کچەکە ئێستای لە دونێی ناکات. چونکە هەستی ئێستاکەی جیایە. لە

هەواڵنامەی کێبڕکێ

هەستی منداڵی‌ی ناکات.

سەریشی لێشێواوە هەموو ڕەنگە هەست و تەزوو، تاسەیەك بە دڵیدا دێت. تەواو بۆی ڕوون نابێتەوە کە چین. هەندێکیشیان پێچەوانەی هەندێکی تریانن. جاری وا هەیە کچەکە لە پڕ دڵتەنگ دەبێت، بەڵام هەرچەند دەکات نازانێ بۆچ دڵتەنگ دەبێت جاری وایش هەیە دڵخۆش دەبێ کەچی هەرچەند دەکات هۆی دڵخۆشی‌یەکەی خۆی نازانێ!.. بەڵام ئەو لە هەر دوو بارەکەدا وەك یەك بە جۆش و خرۆشێکەوە دڵتەنگ دەبێ‌و بە جۆش و خرۆشێکیشەوە دڵخۆش دەبێ. هەر دوو بارەکەیشی پێ‌خۆش دێ. ئەگەر بتانتوانیایە تەماشایەکی پێچ وپەناکانی ژیانی دەروونی‌ی تازەی کچەتان بکردایە، ئەگەر تەماشایەکی لاپەڕەکانی ناو دڵیتان بکردایە کە تۆمارێکی تازەی لێ‌پەیدابووە، دەتانبینی چۆن هەست و تاسەو تەزوو پەیتا پەیتا بە دڵیدا دێت ،کە هەریەکەیان جۆرێبە لەوانی‌تریان ڕۆژێکیان وای لێ‌دێ دەکەوێتە بیرکردنەوەو خەوبینینەوەو شت دەهێنێتە پێش چاوی خۆیەوە. لە ئاسمانی ئەندێشەدا گەشت و گوزار دەکات.

دڵی خۆشە بە بیرەوەری‌یەکانی خۆی ڕۆژێکیش وای لێ‌دێ، هۆشی لە لای خۆی نامێنێ ،بیرەکانی پەرش وبڵاو دەبنەوە، هیچیان ناچنەوە سەریەك خەم وپەژارەیش دڵی دادەگرێ!..

وا (جانین) بیری بەم لاو بەو لادا ڕۆیشتووە. ئاخۆ لەچ زرێ‌یەکدا مەلە دەکات؟ ئاخۆ لە چ ئاسمانێکدا دەفڕێ؟ ئەو جیهانی وا دێتەپێش چاو، کە پڕە لە ژیانێکی خۆش، پڕە لە بەزم وڕەزم ،بۆ هەرکۆێ‌یەك ئاوڕ دەداتەوە بە جوانی دێتە پێش چاو. ئەو خۆی وا دێتەپێش چاو کە لەگەڵ کوڕێکی جوان دایەو پێکەوە سواری بەلەمێك بوون، بە ناو ئاودا گەشت دەکەن. کوڕەکە هەر وەکو شەنگ و شۆخە ،ئازا و بێ‌باکیشە، بە دەست و بازووە ،سڵ لە کەس ناکات..

هەردووکیان لە ناو تیشکی مانگەشەودا کە وەك زیو دەدرەوشێنەوەو پرشنگ بۆ لەشیان دەهاوێژێ دەستیان کردووە بە مەلەکردن. شەپۆلەکانی ڕووبارەکە خوتوکەی ئەو لۆنکەیە دەدات کە لە ناوی دان، هەر لە خوتوکەدانی دڵێك دەکات کە بە خۆشەویستی‌یەکەوە یاری لەگەڵ منداڵە ساواکەی خۆی دەکات!..

ئەمیش (دانیێل)ە، دەڕوات و نایشزانێت ڕوو دەکاتە کوێ دوا ڕۆژی خۆی لا تاریکە نازانێ چیی تێدا ڕوو دەدات. بەڵام بە لای خۆیەوە پڕە لەشتی سەیر سەیرا.. ئەم کچە خۆی وا دێتەپێش چاو کە لەناو ژووڕێکدایە، کە بەردەکانی پەممەیی، یان بنەوشەیی ،یاخود ڕەنگی گوڵباخیان هەیە. دەرەنگە لە خەو هەستاوەو ،لەناو جێگاکەی خۆیدا باوێشك دەداو خۆی دەکێشێتەوە.

لەشیشی خاوبۆتەوە، بە سستی‌یەکەوە دەجوڵێتەوە. بەڵام بە هێواشی‌و لەسەرخۆ لە ناو پێخەفەکەی خۆی دێتە دەرەوەو دەچێتە بەر ئاوێنە، دەوەستێ!.. بەڵام چی دەبینێ لەناو ئاوێنەکەدا؟.

خۆی جوان و شەنگ و شۆخ دێتەپێش چاو خۆی وا دێتەبەرچاو کە وێنەکێشی هەرە گەورە ،پەرێکی چاوبەستکەرانەی گرتووە بە دەستەوەو لە لەش و ڕووی ئەودا وێنەیەکی بێ‌وێنە لە جوانی‌و شەنگ و شۆخیدا دێنێتە بەرچەم!.. ئاخۆ ئەم خەوو ئەندێشانە کە لە ناو ئەو دڵە بچکۆلەیەدا وەك گوڵ دەپشکوێن لەناو ئەو دەروونە نەوجوانەدا کە دەگەشێنەوە چ ڕازێك پیشان دەدەن؟!. ئەم نیشانانە، هەموویان، هەر یەك شت پیشان دەدەن ئەویش ئەوەیە کە گەورەکەچ ئارەزووی ئەوە دەکات کە سەرنجی کەسانی‌تر ڕابکێشێ بۆ خۆی، کە کەسانی‌تر جوانی‌یەکەی پەسەندیکەن کە خۆی بچەسپێنێتە دڵی ئەم و ئەوەوە. واتا کەسانی‌تر لەم تافی کچێنی‌یە تازەیەدا دڵیان پێدابچێ، بە جوانی بزانن، خۆشیشیان بوێ!. ئەندیشە، یان شت هێنانەرچاویش ،هەر لەچاو ئەندازی سەر ئاو دەکات کە لە چۆڵ و بیاباندا دێتەبەرچاو هیچ ئەندازەیەکی بۆ نیە. هیچ شتێك بە گران نازانێ!.. کەواتە کچە هەرزەکارەکەم، هەر چیت بوێ، لە شت هێنانە بەرچاودا، بۆت دوروست دەبێ: بەڵەمی زێرت بوێ کە سەوڵەکانی لە زمرووت دوروست کرابن، یاخود کۆشك و بالاخانەت بوێ، کە

به کزلەکەی ئەڵماسەوە بەندکراین: بنمیچەکانیان بە زویەرجەد نەخش ونیگار کراین: کە زەویەکانیان بە یاقووت داڕێژراین ئەمانە هەمووبان لە جیهانی شت هێنانەبەرچاودا، بۆت دوروست دەکرێن ،بۆت دەچنەسەر!..

جا لەمەوبە کە کچە هەرزەکارەکان زۆر دڵناسک دەبن، کە هەر تۆزە ناخۆشیەکیان ئووش هات، دوو ئەوەندەی جارانیان دڵیان دەشکێ و هەست بە خەم و خەفەت و سەرگەردانی دەکەن!..

دیسانەوە هەر لەمەوبە کە لە ناکاو، لەم بارەوە دەگوێزنەوە بۆ ئەو بار یان ئەوبندە خەمبار دەبن کە لە داخان خۆیان بکوژن. یاخود ئەوەندەیش دڵ ـ خۆش دەبن کە لە خۆشیاندا گەشکەدار بین یان ئەوەندە دڵ پر لە هیوا دەبن کە هەموو جیهانیان بە جوانی بێتەپێش چاو، یاخود ئەوەندەیش بێزار دەبن کە جیهانیان لێ بێتەوبەك!..

کچی ئەمرۆو کچی دوێنێ!..

گەورەکچی هەرزەکار، لە تووندوتیژی‌ی دڵ ووروژانیدا ،لە هەڵوەڵینی هەستەکانیدا، لە گرێبەربوونی گیاندا، لەگەڵ کوڕی هەرزەکاردا، یەجگار جیاوازە لەبەرئەوە گەورەکچ لەم تافەیدا، کە تەماشای کوڕی هەرزەکار دەکات ،سووکی دێتە پێش چاو ئەوە ناهێنێ کەس خۆی نێگەبێنێ ،کەس گوێی بداتی کێ چوزانێ چی دەکات؟!. دووربێ کچەکەمان ،وەك زۆر جار ڕوودەدات، لە ناوەند تەمەنی چواردەسالان و هەژدەسالاندا، یادنامەکانی بنووسێتەوە.

تا چەند مانگێك لەسەریەك، بە ئەزاوەتی خۆی بەو نووسینەوە خەریك بکات.

لەناو ئەو یادنامەیەیشدا بیرەوەری‌ی ناسك و نازدار تۆمار بکات. وەك دۆستایەتی‌یەکی گەرم وگوڕو، دۆزینەوەیەکی بەهادارو، دەرکەوتنی سەرەتای دڵداری!.. بەڵام کەس ئەوە نەکات ئەو یادگارانە بخوێنێتەوە. ئەو هەر بۆ خۆی نووسیوەتەوە. نایەوێ کەسی‌تر بیخوێنێتەوە. ئەو بۆ ئەوەی نەنووسیوەتەوە کە سەرچلەکان شارەزاری ببن. بۆ ئەوەی نووسیوەتەوە کە پێچ وپەنای ناو دەروونی خۆی ڕۆشن بکاتەوە. تا بتوانێ لە دڵ داخورپان و دڵ ووروژانەکانی خۆی تێبگات. تا بتوانێ لە ڕازی هەست و تاسەو تەزووەکانی دڵ و دەروون و لەشی خۆی تێبگات!.. پاش ئەوە، ئەو تەنگ و چەڵەمەیە تێدەپەڕێ. ئەو گێژەڵووکە بچکۆلەیە دادەمرکێتەوە. ئەو پشکۆی ئاگرە دەکوژێتەوە.

جا نایێ ئێمە لەوە سەرمان سوڕبمێنێ، کە پاش ماوەیەك ،کچەکە ئەو یادنامانەی لەبیربچێتەوە. چونکە هەر بۆ ئەوەی دەنووسێتەوە کە گڕی دەروونی خۆی پێبکوژێنێتەوە، هەست و ئارەزووی دڵی خۆی پێ دەربڕێ، تا گیانی بسرەوێ و ئارام بە دڵی بگات. دیسانەوە نایێ لەوەیش سەرمان سوڕبمێنێ، کە کچەکە ببینین یادنامەکەی خۆی پارچە پارچە بکات. چونکە شتی وای تێدا نابینێ کە هەڵبگرێ بیهێڵێتەوەو پارێزگاری‌ی بکات!..

بەڵام کچە هەرزەکارەکەمان، ئەوەندەی پێ ناچێ ،گوێ هەڵدەخات بۆ ئاوازی دڵداری!.. ئەمەیش لەو کاتەدا ڕووبەڕاستی باوك دایکە بەرێزەکان !کە ئێوە بە کچێکی ساوای تێدەگەن و بەو پێیە لەگەڵیدا دەجووڵێنەوە کە کچەکە هەستێکی تازە لە دڵ و دەروونیدا ووروژاوەو، هەموو لەشی هێناوەتە لەرزین وەك هەست کردنی بە دۆستایەتی‌یەك بەرامبەر سەروکە ئافرەتەکەی خۆی یاخود بەرامبەر پەکێك لە مامۆستاکانی خۆی. لە ناکاو گرفتاری خۆشەویستی‌ی پەکێك دەبێ کە بە ئەمەن لە خۆی گەورەترە. ئەو دەکات بە نمونەیەکی بێهاوتای خۆی، کە گەردێك کەم و کوڕی‌ی پێوە نیە. ئیتر هەر لە پیرکردنەوەی خۆیدا دەمێنێتەوە بەرامبەر ئەو کەسە، کە جار بە جارێك بەربەرەکانێی ئێکەڵاو دەبێو، جاربەجارێکیش هەناسەساردی!..

جا ئەم گڕی دڵداری‌یە، ئەم چرای خۆشەویستی‌یە، بە لای کچەکانی ئەم سەردەمەوە بە بابەتێکی کۆن دادەنرێ، ئەو

هەوالنامەی کتێب

کچانەی کە سەربەست و بێباکن و کۆ لە کەس ناکەنەوە، کە وەرزشکاران خۆیان بە نیمچە رووتی دەردەخەن و قژەکانی سەریان بەرەڵڵادەکەن بۆ کزەبا، تا پەخشان و پەرێشانی بکات!!. ئەم کچانە لەگەڵ ئەو کچانەدا زۆر جیاوازیان هەیە، کە کەمەرەو هەباسەیان دەبەست و کراسی ئاودامانیان دەپۆشی، کە تا کەڵەسوستی پێی دادەپۆشین!.. لەگەڵ ئەوەیشدا کچە سەربەستەکەی ئیمرۆ هێشتا لەوەدا ماوە کە لە دۆستایەتی سەربەخۆ تێبگات و چەشەی بکات و خۆشیشی لێوەربگرێ. جیاوازیش لە ناوەند کچی ئیمرۆ و کچی دوێنێدا لەم رووەوە ئەوەیە، کە هەست کردنی زوو بە دڵداری بە لای کچی دوێنێوە (ئانی کردنەوەیەکی ناچاری) بوو بەڵام بە لای کچی ئیمرۆوە، بە «پەروەردە کردنێکی تاسەو هەست» دادەنرێ!..

خۆرشتی تاسەو هەست ئاو دەزێنێتە ناو دەمی مرۆڤەوە!..

برسێتی‌ی هەست و تاسەی کچی هەرزەکار، گرێکی بەتینی لێدەبێتەوە!.. چونکە لەو دەمەدا، کچەکە هیچ کۆ ناکاتەوە لەوەی کە هەر خۆرشتێکی دەست بکەوێ قووتی بدات، بۆ ئەوەی برسێتی‌ی هەست و تاسەکانی خۆی پێبشکێنێ!..

جاری وا هەیە دەچێتەسەر خوانێك کە هەر کەسێ لەگەڵیدا دانیشتووە، چیرۆکی دڵداری‌و جەربەزەیی دەگێڕێتەوە!.. جار وایش هەیە دەچێتە سینەما سەری ئەو فیلمانە دەکات کە سەرگوروشتەی شۆڕەسواران و سوارچاکی دەگێڕنەوە!.

ئەمانەو بۆ لای گەلێك خۆرشتی هەست و تاسەو ئەزووی تریش خۆی دەکوتێ کە هەتا لێیان بخوات زۆرتر ئارەزووی دەبزوێ بۆ خواردن. برسێتی‌یەکەی نوندتر و تیژتری لێدێ. ئەگەر ئێوە لاپەرەکانی هەندێ لەو رۆژنامەو گۆڤارانەتان کردەوە کە لە بابەت کاروباری ئافرەتانەوە دەدوێن ئەوتان بۆ دەردەکەوێ، کە ئەو بابەتانەی سەرنجی کچ ڕادەکێشن لەم ئەمەنەیدا، زۆرتر ئەوانەن کە دەربارەی کەینەوبەینەی جەربەزەیی‌ی دڵداری نووسراونەتەوە. کچەکە کاتێ ئەم پرسانەی بەرچاو دەکەوێ لێیان وورددەبێتەوە: «ئایا ئەوە دەشێ کچێك حەز لە پیاوێکی خاوەن ژن بکات؟.. ئەو، لەوساکەوە کە بۆ دوامین جار چاومان بە یەکتر کەوت، هیچ نامەیەکی بۆ نەناردووم. ئاخۆ باشە کە من دەست بە نامەکاری بکەم لەگەڵیدا؟.. من حەز لە پیاوێك دەکەم کە زۆر لە خۆم، بە تەمەن، گەورەتربێ. کەچی باوك و دایکم ناهێڵن لەم ڕۆ بە دواوە تێکەڵیی لەگەڵدا بکەم ئەو هەناسە ساردو خەفەتبارە. منیش هەرووك ئەو ڕەنجەڕۆو دڵ پڕ لە خەمم نازانم چی‌بکەم؟!..

کچەهەرزەکارەکە دەکەوێتە جم و جۆڵ و دەست دەکات بە گەڕان بە دوای ئەو دەستوورانەدا کە بۆ زمانی هەست و تاسە دانراون، تا لەسەریان بروات بە ڕێوە. دەگەڕێ بۆ دۆزینەوەی هونەری دڵداری تا لە ژیانی دڵداری‌ی خۆیدا سەربکەوێ... ئەویش وەك ئافرەتێك!. جا لەو تەمەنەدا لە نووسینەکانی ناو ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەدا وێنەیەکی زیندووی ئەندێشەکانی خۆی دەدۆزێتەوە کچەکە چیرۆکی ئەو کوڕە جەربەزەیە دەخوێنێتەوە کە ئەوەندە ئازاو بێباك بوو توانی دڵی ئافرەتێك داگیربکات بۆ خۆی نە لە دەروونی‌خۆی شەرمی‌کرد، نە لە ڕووشت و کرداری خۆی!.. ڕۆژنامەکەیش چیرۆکی دڵدارێکی بێپەروای وای دەخاتە بەرچاو کە ئەمەندە گڕی دڵداریی تێنی سەندووە هەر دەسووڕێتەوە بە چوار لای خانووی یارە نازدارەکەیدا شەویش تا بەیانی لەبن پەنجەرەی ژووری نوستەکەی ئەودا دەمێنێتەوە، خەو ناچێتە چاوی... پاش ئەوە چیرۆکی ژیانی ئەو کچە دەخوێنێتەوە کە کوڕێکی خستووە داوی دڵداری‌ی خۆیەوە تا وای لێکردبوو لەتاو دڵداری‌یەکەی بەوەوە خەریك بووە شێت بێ‌و بدانە کێو کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا لەپڕ کوڕەکە بەرەڵڵادەکات و خۆی ڕێك دەخات لەگەڵ کوڕێکی تردا ئەو بەسەزمانەیش لەناو گێژاوی خەم وخەفەتدا دەهێڵێتەوە بە دەردی دڵداری‌یە سەرنەگرتووەکەیەوە بتلێتەوە!..

هەروەها کچە هەرزە کارەکە ئەو چیرۆکانەیش دەخوێنێتەوە کە

هەواڵنامەی کێبڕکێ

تا چ رادەیەك خۆپەرستی و ئالۆش و خرۆش کاری خراپ و ناپەسەند دەکەنە کردەوەو کاری ژن و پیاو!.. لێدووانەکان جوێ جوێ دەبن لە یەکتری ،وێنەکانیش لە یەکتری ناکەن. بەڵام ئەنجامی هەموو چیرۆکەکان هەر لە یەك شت دەکەن. چیرۆکەکانیش هەر وەك یەك دوایی یان دێت: یان ئەوەتا خۆشەویستی کۆرۆکچەکە بۆ یەکتری بە هێزو هەڕەتەوە دێتەکایەوەو، هەموو کەندو کۆسپێکیش لە ڕێگای خۆیدا ڕادەدات و، بەسەر هەموو گیروگرفتێکدا زاڵ دەبێ..یاخود ئەوەتا خۆشەویستی یەکەیان بە هێزو هەڕەتەوە دێتەکایەوە. بەڵام هەر دوو لا وەك یەك ئەو خۆشەویستی یە ڕاناگرن. دوایی دۆستە بەڕەڵاکراوە هەناسە سارەکە کێش دەکات بۆ لەناوچوون!.. چاوتان لێیە، دەبێ ئەو کچە چەند بەسەزمان بێ، کە باوەڕ بەو هەموو قسە پڕوپوچانە بکات؟..جا ئێستا تێگەیشتن کە هۆی فرۆشتنی ئەو هەموو ڕۆژنامانە چیە؟. کە هۆی بڵاوی ئەو هەموو چیرۆکانە چیە کە بووەتە کەرەستەیەکی بنچینەیی بۆ خوێندنەوە لای ئەو کچەهەرزەکارانە ،بە هەموو چین و دەستەیەکیانەوە، هەر لە کرێکارە ئافرەتەکانەوە تا دەگاتە کچەلادێیەکان، تا کچەشاگردەکانی خوێندنگاکان؟!.

وازهێنان لە دڵداری وازهێنان لە پیاوان!

کچ لەو تەمەنەدا، دڵداریی بە چاو بەستێك دێتەپێش چاو ،کە داردەستەکەی خۆی وەشاند ،لە هەر شتێك کەوت، دەم ودەست دەیکوژێ .هەر گیرو ـ گرفتێکی هاتەبەر، هەرچەندێ گەورەبێ، ئەوەندەی شاخێکی بەرز وپان، کە ئەو داردەستەی لێدرا، دەم ودەست دەڕووخێ و، هەپڕوون بەهەپڕوون دەبێ!. هەموو دەمێکیش هەر ئەوە لە کچەکەمان ڕوودەدات، کە ئەو خۆشەویستی و دڵداریەی لە جیهانی ڕاستەقینەدا تووشی دێ، لەگەڵ ئەو خۆشەویستی یە بێهاوتایەدا، کە لە خەووو ئاوانەکانیدا دەهاتنە پێش چاوی، یەك ناگرێ!.. ئەم [ئیفۆن]ە، کە لە یەکێك لە کارخانە گەورەکاندا فرمان دەکات. گوێی لە دەستە خۆشکەکانێتی کە بە تەمەن لە خۆی گەورەترن، لەبابەت دڵداریەوە زۆر دەدوێن.. ڕۆژی وا هەیە گوێی لە پێداهەڵدانی دڵداریە. ڕۆژی وایش هەیە گوێی لە داشۆڕیی دڵداریە کەوا لەمڕۆف دەکات بێزی لێبکاتەوە.. ئیتر ئەویش وای لێدێ، دەکەوێتە سەرلێشێواوەو. هەستیش وا بە خۆی دەکات کە کەوتۆتە ناوەند دوو هۆی بەهێزەوە :هۆیەکیان دڵداری وا پێشان دەدات کە شتێکی نەنگ و ناشیرینە، مرۆڤ حەزی لێناکات. هۆیەکیشیان دڵداری وا پیشان دەدات کە بابەتێکی بێهاوتایەو لە هی ڕاستەقینەو ڕووداویش یەکجار جیاوازە!..

● ئەمیش [جینیت]ەو وا دەزانێ کە چارە نووسی خۆی بڕیوەتەوەو، کاری خۆی تەواوکردووە، نیازی وایە دەست بکات بە ژیان دەیەوێ بچێتە ژیانەوەو تیروپڕ خۆشی لە ژیان ببینێ لەدوای ئەوە چی دەبێ بام بێ!. ئەوەی کە هانەیشی دەداتە سەر کردنی ئەو شتانەی بڕیاری لەسەر داون بیانکات ،ئەو قسانەیە کە لە ڕادیۆوە گوێیلێدەبێ، کە لە کچێکی هەرزەکاری وەك خۆی ناوەشێتەوە، گوێ لەو قسانە بگرێ!.. هەروەها ئەو نووسینانە هانەی دەداتە سەر کردنیان کە لە نووسراوانەدا دەیانخوێنێتەوە کە ئافرەتێك لەو تەمەنەی ئەودایێ، نابێ بیانخوێنێتەوە. لەدوای ئەوە، بێباکانە دەست دەکات بە جەربەزەیی ،دڵی داناڵەرزێ ،سڵیش لە کەس ناکات!.. جا ئەو کچە هەرزەکارە لەم تافە سامناکەی ژیانەیدا، خۆی وا دێتەپێش چاو ،کە دەسەڵاتی هەیەو دەتوانێ هەموو شتێك بکات، هەموو کارێکیش بیاتەسەر!..

بەڵام (سیمون) تەواو بە پێچەوانەی (جینیت) دەجوڵێتەوە. چونکە بڕیاری داوە کە ئیتر خۆی لە کەینەوبەینەی دڵداری نەگەیێنێ تادەیشمێنی، هەرگیز بە لابدا نەچێ!. چونکە! چونکە ئەو خۆشەویستی یەی دێتەپێش چاوی لە دڵداریدا دەستیبکەوێت لە جیهانی ڕاستەقینەدا سەروشوێنی نیە!.. ئەو دەیەوێ دڵی خۆی بداتە دەست پیاوێکی بێهاوتا پیاوێکی یەکجار پەسەند، کە هەرگیز وێنەی لە ناو پیاواندا نەدۆزرێتەوە!.

هەوالنامەی کتێب

جا که ئەم جۆرە دڵداریی یە بێ‌هاوتایە دەست نەکەوێت، ئیتر خۆشەویستی بۆچ دابمەزرێنێ لە دڵی خۆیدا؟.. کەواتە نە خۆشەویستیو نەدیداری پیاوان!.

تا بمێنێ لە ژیاندا، خۆی لەو داوانە ناگەێنێ!.. جا ئەو جیاوازی وپێچەوانەیی یەی کەوتوونەتە ناوەند ئەندێشەو ڕاستی یەوە، کە دڵ و دەروونی کچەکانمان پێیانەوە خەریک دەمێننەوە لە ئەمەنی هەرزەکاریدا، زۆر جاری وا هەیە ئەنجامی خراپ خراپیان لێ پەیدادەبێ. چونکە لەنگەری ژیانیان لێ تێک دەدەن دەبشیان خەنە پشێوی‌و گلاراوی‌یەکی بەکجار سەختەوە!.. کەواتە کچ لەو تەمەنەدا، دەمێنێ لەسەر ڕابەرێك کە ئامۆژگاریی بکات و، ڕێگایشی پیشان بدات، کە لە تاریکیی ئەو هەست و ناسەو تەزوو، و، ئەندیشە - شێواوو جۆی‌جۆی‌یانەوە دەری‌بهێنێتەدەرەوەو، لەو تافی ژیانەبدا ڕزگاری بکات، کە ژیانی هەست و ناسەو تەزووی، خەریك دەبێ لەم بەری دەستەڕاستەوە بۆ ئەو بەری دەستەچەپ بگوێزرێتەوە!..

تیز بە کچە هەرزەکارەکانتان مەکەن!

بام ئێستا ئەوە بپرسین: ئاخۆ باوك و دایکەکان، لەم تافی تەمەنەی کچەکانیاندا چی‌یان بۆ بکەن؟..

دەتوانن زۆر بە کەڵکیان بێن، بە مەرجێ :لە شێوەیەکی ڕاست و دوروست و بێ‌وەیدا ئامۆژگاری‌یەکانی خۆیان پێشکەش بکەن. ئەگەر بێتو باوك و دایکەکان بە تەواوەتی لەو پشێوی‌یە دەروونی‌یەی کچەکانیان ئاگادار بین و، بە شێنەیی‌و لەسەرخۆ ،لە شێوەیەکی دوور بینانەدا، چارەی ئەو پشێوی‌یەی بکەن.

دەتوانن بە کامی خۆیان بگەن و، کچەکانیشیان لەدەست بێ وەی‌و ئازاری ئەو تەنگ و چەڵەمەساکە ڕزگاربکەن!..

بەڵام ئەگەر هاتو باوك و دایکەکان لەجیاتی‌ی ئەوە ،وەك زۆر جار ڕووەدات تیزیان کرد بە کچەکانیان و، توانج و پلاریان ئاتی‌گرتن، قسەی پێ‌ناوێ ،سەرئەنجامی کچەکانیان دەبێتە سەرگەردانی!..

بام بۆ ئەوە وێنەیەك بهێنینەوە: ئەمە کچێکە کەوتۆتە گێژاوی ئەو تەنگ و چەڵەمەی دەروونی یەوە. باوك و دایکەکەیشی هەستیان بەوە کردووە. بەم ڕەنگە قسەی بۆ دەکەن: «واز لەم بیرە پڕوپووچانە بهێنەو، خوو بدەرە خوێندنەکانت.. چونکە گەلێك کاروباری‌تر هەن، کە دەبێ کچێکی هاوتەمەنی تۆ خۆیانی پێوە خەریك بکەن بەڵام ئەو کەینەوبەینەیەی کە پێ دەڵێن:

(دڵداری)، لەناو ئەو کاروبارانەدا نیە!».

پاش ئەوە زۆری پێ‌ناچێ ،دایکیشی پێ دەڵێ:

«کچی خۆم! ڕۆژێك دێ ئەم ئەندێشەو بیرە پڕوپووچانەت نامێنن. کاتێ کە گەورە بوویت و شوورت کرد، هەرئەوەندە هەفتەیەکت لەگەڵ مێردەکەتدا ڕابووارد، تێدەگەیت کە پیاو ئەوە ناهێنێ ئەمەندە بیری‌لێ‌بکەیتەوە، یاخود ئەوەندە بیهێنیتە پێش چاوی خۆت و ، ئەم ئاوات وئیزە پڕوپووچانەیش بخەیتە دڵ و میشکی خۆتەوە، لەبابەت پیاوانەوە!».

بابێ، ئەنجام بە چی دەگات؟.. ئەنجامی ئەواوی ئەم کردەوە ناشی‌یانە بەوە دەگات کە کچەکە خۆی کز بکات و هەموو کاتێکی خۆی بە بیرکردنەوە لە خۆی‌و دواڕۆژی خۆی بەخت بکات. لێرەدا زمانی خۆی بگرێ‌و، ڕازی دڵی خۆی بە باوکی‌و دایکی خۆی نەڵێ ئەوانیش هەرچەند بکەن نەتوانن لە هەست و ناسەو ئازەزووی ئەو تێبگەن. ئەمەیش دیاربوو کە وای لێ‌دەهات چونکە کچەکە لە سەرەتای ژیانیدا بوو دڵی پربوو :لە ئاواتی خۆش خۆش میشکی پربوو: لە ئەندێشەو بیرکردنەوەو لە ژیانێکی ڕازاوەو ناوازەی بێ‌هاوتا پر بەدڵ خۆشی‌ی لەو ئاوات و بیرکردنەوانە دەبینی کە باوك و دایکی دایان لە کەللەی‌و دڵیان شکاند، ژیانی لێ تاڵ بوو. بۆیەکا ئەویش کەوتە خەم وپەژارەوە.

هەر بیری لە خۆی دەکردەوەو، هیچ ڕازێکی دڵی خۆیشی لای باوك و دایکی ئاشکرانەدەکرد. بەڵام دایکی تێگەیشتوو، بە

هەولێر کتێبخانەی گشتی

جۆرێکی وا گفتوگۆ لەگەڵ کچەکەی خۆیدا دەکات کە کچەکە ئێبگەیێنێ و دڵی دابمرکێنێتەوە بۆوێنە وای پێ دەڵێ: «ئەە! کچە بچکۆڵەکەی خۆم.. وانیە.. چونکە کارە بێهاوتاکانی دڵداری، هەر لە خۆیانەوە پێك نایەن و نایەنەدی.. چونکە ئەو دڵداریەی بە مێشکدا دێت ئەوەندە گەورەیە، ئەویش مەرجی خۆی هەیە، کەبەیێ ئەو مەرجانە پەیدانابێ. یەکێك لەو مەرجانە ئەوەیە، کە ئەو خۆشەویستیەیە دەبێ لە دڵی هەردووڵادا هەڵبقوڵێ. دەبێ هەردووڵا یەکتری‌یان یەجگار خۆش بوێ. ئەگینا ناتوانن زاڵ ببن بەسەر ئەو شەڕو ئاژاوانەدا کە لە ناوەند هەموو ژن و پیاوێکدا دەقەومێن!. جا ئەگەر بتەوێ پایەی ئەو ئارەزووەی لە دڵندایە بەرز بکەیتەوە، پێویستە خۆشەویستی‌یەکی یەجگار گەورەی تێکەڵ بکەیت!.».

باری هەرە گران بەسەر دایکەوەیە

کچی هەرزەکار بە دڵ ئارەزووی ئەوە دەکات، کە هەموو شتێك بخوێنێتەوە. کە لە هەموو شتێك ئاگادارببێت. ئەو قسەیە دانامرکێ کە شتی وا هەیە نابێ ئەو بیخوێنێتەوە، یاخود ئەو تێ‌بگات. چونکە ئەو شتانە ئارەزوو دەبزوێنن ئەو دەزانێ هەرچی لە خۆی گەورەتر بێ ڕاستی‌ی ژیانی لێ دەشارێتەوە. کەچی خۆیشی بڕوای وایە، کە لەو ئەمەنەدایە مافی زانینی هەموو شتێکی هەیە!..

جا لەبەرئەوە، ئەوەی پێ‌خۆش نیەو ماوەیش بەوە نادات کە وەك کچێکی کزی بێ‌دەسەڵاتی داماو لەسەر باراستی بەماشای بکرێ و لەگەڵیدا بجوڵێنەوە!..

جا لەم ڕەدا فرمانی سەر شانی ئێمە هەر ئەوەیە کە بە شێنەیی هۆی ئەوەی ئێ - بگەیێنین کە بۆچی هەندێ کەس، تەنانەت گەورەکانیش، خۆیان دەپارێزن لە خوێندنەوەی هەندێ نووسراو، یاخود لە بینینی هەندێ چیرۆکی ناو سینەما..

ئەوانەی خۆیان لەو خوێندنەوەو تەماشاکردنە دەپارێزن لەبەرئەوە نیە کە کەم وکوڕی‌یان هەیەو، خۆیان بە کزو بێ‌دەسەڵات و داماو دەزانن بەڵام لەبەرئەوە ئارەزووەکەن خۆیانیان لێ دوورببخەنەوە کە بیرو هۆشیان لە کەڵك نەکەون و تێك نەچن. کە دەروونیان بە پاکی بمێنێتەوە وپیس نەبێ کە لەنگەری گیانیان وەك خۆی بمێنێتەوەو تێك نەچێ. کە لە ڕێزگرتنی خۆیشیان بەرامبەر خۆیان کەم نەبێتەوە!.

جا بە هۆی شی‌کردنەوەیەکی واوە، بە هۆی هۆ دەرخستێکی واوە، دەتوانین کچەکە وا لێ‌بکەین کە لە خوێندنەوەی نووسراوە کاڵ وکرچەکان، لە تەماشاکردنی فیلمە خراپەکان کە لەگەڵ دڵتەڕی‌و کردەوەی شیرینداڕێك ناکەون، دوور بکەوێتەوە. لێرەدا دەمانەوێ بپرسین: «ئاخۆ ئەو ئافرەتانەی کە سەرپەرشتی‌ی پەروەردەکردنی کچان دەکەن، پێیان دەکرێ ڕێگە بۆ ئەو کچانە ڕۆشن بکەنەوە لەم ئافەیاندا؟..». ئەوانەی سەرپەرشتی‌ی پەروەردە کردنی کچان دەکەن، هەر دایکەکانیانن بێ‌گومان ئەوانە لەم ڕووەوە زۆر شتیان پێ‌دەکرێ. جا ئەگەر دایکەکە ئێکوشا کچەکەی خۆی بخاتە سەر ئەوەی کە جم وجۆڵە کەی خۆی لەوەدا بەخت بکات کە نووسراوانی وێژەی تازە بخوێنێتەوە ئەو لێکۆڵینەوانە بخوێنێتەوە، کە لە بارەی هەستە گەورەکانی مرۆڤایەتی‌یەوە نووسراونەتەوە. کە ئەو دۆستایەتی‌یانە بگرێت کە گیانین و پاك و بێ‌گەردن و دوورن لە خۆپەرستی یەوە. کە ئەو دڵداری‌یە بکات، کە پڕی بێ لە سەربەرزی‌و داوێن پاکی‌و کردەوەی پەسەند.. ئەگەر دایکەکە توانی کچەکەی خۆی بخاتەسەر ئەم شتانە بێ‌گومان ئەرکەکەی بە خۆڕایی نارووات، چاکترین بەرهەمی لێ پەیدادەبێ.. ئەمەیش لەبەرئەوەیە، کە کچ ئەوەی پێ‌خۆشە دایکی دڵنەرمی لەگەڵدابکات، باوکی چاودێری‌ی بکات، هەروەها ئەوەیشی پێ‌خۆشە کە، گوێی لە ئامۆژگاریی دایك و باوکی وا نەرم ونیان و خۆشەویستی‌یێ.

حەزدەکات خۆیشی بخاتە ناو باوەشیانەوە!..

ئەوەی لێرەدا بە گرنگی بزانین ئەوەیە، کە باوك و دایکەکان ڕاستی‌ی هەست و تاسەو ئارەزووەکانی سوروشتی مرۆڤایەتی، بۆ کچەکانیان ڕۆشن بکەنەوە.

واتاکانی ئەو بابەتانەیشیان بە تەواوەتی تێ‌بگەیێنن کە

هەست و تاسەو تەزوو چۆن پەیدادەبن؟.. چۆن بە هۆیەوە دەبن؟..

کۆمەڵەکانی ئافرەت لە جیهاندا لەم هەموو گیروگرفتانەیان کۆڵیوونەتەوە.

نووسراوانیشیان دەربارەیان بڵاوکردۆتەوە ئێمەش ئەگەر ڕێگامان بۆ کچەکانمان نەخت کرد، کە ئەو نووسراوانە بخوێننەوە، بێگومان لەدەست ئەو ئەندێشەو بیرە پڕوپووچانە ڕزگاریان دەکەین، کە مێشکیان داگیر کردوون و ڕاستی‌ی ژیانی مرۆڤایەتی‌یان لێ گۆڕیون!..

پەیدابوونی بیری سەربەخۆیی لای کچ!..

ئەمە شتێکی ئاشکرایە کە ئەوە ئاسان نیە بۆ ئێمە، کچەکە بگەیێنە پایەیەکی دڵداری وا بێ‌هاوتا کە ژیان و زیندوێتی و جموجۆڵی خۆی بە ئاو هەموو توانایی‌یەکی مرۆڤەواری خۆیدا تەواو بڵاوبکاتەوە بەڵام ئەنیا ڕێگایەك کە هەیێ بۆ ئەوەی کچەکە بخاتەوە سەر دۆخی جاران و لەنگەریشی پێ‌ڕاست بکاتەوە، هەر ئەوەیە کەدەروونی کچەکە بخاتە سەر هەست کردن بەوەی کە ژیان پڕە لە کردەوە بڵندی‌و جوامێری‌و بەرزی جا لەبەر ئەمەی کچەکە ئامادەیە بۆ ئەو گۆڕانە گەورەیەی کە بەسەریداهاتووە، هەروەها بە ئەواوەتیش ئاگای لێ‌بەتی، ئەم بارەی پاڵی پێوە دەنێ بۆ ئازەزووکردنی بڕیاردان لەسەر سەربەخۆیی، چونکە کچەکە هەست وا دەکات، کە هەر کچەبچکۆلەکەی جاران نیە، کچی ئەمڕۆیە جا هەر لەبەر ئەم هۆیەیە کە لە باوك و دایکی خۆی هەڵدەگەڕێنەوەو، سەرکێشی دەکات و، هەر فەرمانێکیشی بەسەردادەدەن بەربەچی دەدانەوەو چەقەچەقیشیان لەگەڵدا دەکات کچەکە بۆیەکا دەڵێ: (ئەم) تا خۆی وا پیشان بدات هەر خۆی گەورەی خۆیەتی، خاوەن بیری سەربەخۆیش هەر خۆیەتی!..

بام نمونەیەك بۆ ئەمە بهێنینەوە:

ئەمە (فرانسواز)ە. خەریکی سنووقی نووسراوەکانیەتی، ڕێکیان دەخات، چونکە پشووی هاوینەی خوێندنگە تەواوبووەو خوێندنگاکان دەستیان کردۆتەوە بە پێ‌خوێندن. دایکەکەیشی ڕاوەستاو سەیر ی دەکات، بزانێ چی دەکات. کە تەماشا دەکات: کچەکەی شتی وا دەخاتە ناو سنووقەکەیەوە کە هیچ فرێکیان بە سەر خوێندنەوە نیە. کەچی گوێ نادانە ئەوەی کە نووسراوە کانی و کەلوپەلەکانی خوێندنگای لەناو ئەو سنووقەدا دابنێ. (فرانسواز) سنووقەکە دادەخات.. لێرەدا دایکەکەی هەڵدەداتێ، هەر بۆ ئەمەی ئەوەی تێبگەیێنێ کە نووسراوەکانی و کەلوپەلە گرنگە کانی لەو دیو سنووقەکەیەوە، داناوە.

کەچی سنووقەکەی پرکردووە لە شتی پڕوپووچ کە هەر لە سەیەنەی پووش وپەڵاش دەکات!.. کەوانە پێویستە سەرلەنوێ سنووقەکەی بکاتەوەو بە جوانی دای بمەزرێنێتەوە. بەڵام (فرانسواز)یش وا وەرامی دەدانەوە، دەڵێ: «من خۆم باش دەزانم کە چیم پێویستەو چیم پێویست نیە» لەڕاستیدا (فرانسواز) دەیەوێ ئەوە بنوێنێ کە هەرچی دایکی دەیەوێ بیکات، ئەوەنەکات!.

بۆچی ئۆ ئەگەر (فرانسواز) پرسیت: بۆچ وا دەکەیت؟.. ڕەنگە نەزانیت چۆن وەرامت بداتەوە. بەڵام لەڕاستیدا ئەو لە کاتگای دڵدا ئارەزووی ئەوە دەکات کە هەرچی‌یەکی کرد، بە ئارەزووی خۆی بیکات، بە ئارەزووی کەسی‌تر نەیکات. حەز دەکات لە دەربڕینی بیروباوەڕی خۆیدا سەربەست بێ، ئازاد بێ، سەربەخۆ بێ کەس فەرمانی بە سەردا نەدا. ئەو وا هەست دەکات هەر کەسێ بە زۆر شتی پێ‌بکات، سەربەستی‌ی لێ‌ی بارەکات. چەند جار گوێت لێ بووە کە پێ گوتوویت: «من سەربەستم هەرشتێ ئارەزوو بکەم، بیکەم، دەیکەم.». جا ئەگەر وێستت ئەوەی تێبگەیێنی کە ئەگەر پێڕەوی‌ی چەند دەستوورێکی هەڵسان و دانیشتن نەکات لەگەڵ کەسانی‌تردا، تووشی تێزپێ‌کردن و توانج وپلاری ئەم و ئەو دێت بەدناوی دەکەن.

بەندوباوی بۆ دەدوزنەوە، گوێی‌ی خوێت لێ‌دەخەفێنێ‌و لە هیچ ئامۆژگاری‌و ڕێنیشاندانێکت گوێ ناگرێت!.. کەوانە

بۆچ ئەم کچـە بەرەڵـلابکـەین و بهێڵین بە هەوەس و ئارەزووی خۆی بجوڵێتەوە؟.. بۆچ واز لە هێزو دەسەلاتی خۆمان بهێنین بەسەریدا؟.. ئێمە ئاگەر ئەومان لەگەڵ کرد بێگومان هەڵەیەکی مەزن دەکـەین. دەبینە هۆی ئەوەیش کە ئەرك و ئازاری زۆرتر بێ چونکە کچەکە هێشتا ناشی‌و نەزانە پێویستیی بە ئامۆژگاری‌و ڕێ‌پیشاندان هەیە.. گەلێك ڕێگاو زۆر شێوە هەیە کە لە گەڵیدا ڕێك بکەوین و لەیەکتر تێ‌بگەین، بێ ئەمەی قینی هەڵبسێنین و بیکـەین بە گڕ خۆماندا. جا ئەگـەر ویستمان فەرمانی بەسەردا بدەین، هیچی پێ‌ناوێ ئەوە نەبێ کە لە شێـوەیـەکی نازەدا (فـەرمان)ەکـەمانی بەسەردابدەین. ئەو شێوە توندوتیژەی کە بۆ [فـەرماندان] بەکـارمان دەهێنا لەگەڵیدا، هەروەها قیژاندن بە سەریدا، هەڕەشەلێ کردنی، دڕان - لێ‌ڕیچ کردنەوە.. ئەمانە هەمووبان کاتێ بەکار دەهاتن کە منداڵ بوو. بەڵام ئێستاکە کە گەورە بووە ،کچەکـە لەو سزایانەمان پەروای نیـە و ناترسێ. تەنـانـەت شێـرگیـرتریش دەبێ پێ‌یـان لەسـەر کردەوەکانی خۆی!.. ئەوەی پێویست بێ لەم کاتەدا، پەیڕەوێی بکرێ، ئەوەیـە کە یەك قسە بین بەرامبـەری بەڵام دڵـرەقی و قسـەڕەقی نەنـوێنین هەروەهـا ئامۆژگـاریـیـەکی وایشی بکـەین ،کـە بە دەنگێکی بە هێزەوە بێ ،بەڵام دوور بێ لەو توندوتیژی‌و تووڕەو تڕوپی‌یەوە، کە بیخانە شەرم و ڕیسوای‌یەوە!..

بەڵام گەلێك جار گوێمان لە یەکێك لە دایکەکان دەبێت کە بە تووڕەیـی‌یـەکـەوە دەڵێ: «ئـەم کچـە تووڕەم دەکـات و تێکم دەدات!.. کەوائـە ئێـوە چۆن ئەمـە لە من داوادەکـەن کە هەروەك کچەشاهێکی بچووك بێ قسـەی لەگەڵدا بکەم؟!..».

ئەم دایکـە تووڕەیـە ئەوەی نەبیرچـۆتەوە کە کچەکەی لە تانێکی هەڕە سـەختی ژیانی خۆیدایە. ئێمەیش لەم دایکە بۆڵەبۆڵکەڕە دەپـرسین: «ئـەگـەر کچەکـەت نەخـۆش کەوت و پەزیشـك فەرمـانی‌دا کە زۆر بە ووردی‌یـەوە چارەی نەخـۆشی‌یـەکـەی بکـەیت، تا چاك دەبێتـەوە، دێتـەوەسـەرخـۆی، ئاخـۆ خۆت پێ‌دەگـیـرێ تونـدی نەکـەویت و، دەرمـانی نەکەیت، بام ئەرك و ئازاریشت زۆر بێ‌و خۆیـەخت کردنیشت تووش بێ؟.. جا ئەگەر تۆ بە هەموو دڵێکتەوە ئەوە لەبەر تەندورستی‌ی کچەکەت بگـریـتـە ئەسـتۆی خۆت، ئەی چۆن ئەوەی بۆ ناکـەیت لەبـەر هۆش دوورستی‌یەکەی؟!.. لە ژیانی خێزانیدا چەند تاوێکی وا هەڵـدەکـەوێـت، کە بە کاری ئەوە بێـن باوکـەکـان لەگـەڵ کچەکانیاندا ووردە، ووردە گفتوگۆ بکەن، کە پڕبن لە تێگەیشتن لەیـەکـتـری‌و لە بێ‌دەنـگ و سەنگی. کە بە هۆی ئەوانـەوە کچەکان بەرە بەرە دێنەسەر بیرویاوەڕەکانی باوکیان کە لەوەپێش لەسـەر ئەوانـە تێك چووبـوون. ئەوەی لێـرەدا بە گرنگ بزانرێ ئەوەیە کە باوکەکان ئەوەندەی پەیوەندی بە خۆیانەوە هەبێ، دەبێ کردەوەی وا بنوێنن کە لەسـەر بنچینـەیەکی تێگەیشتووانەو ڕێگەیەکی دیاردی‌کراوەوە دامەزرابێ، نە سەرچڵی تێدا بنوێنن و نە سەرکێشی.

هەندێ سەربەستی‌یان بدەنێ!

واچـاکـە ماوەیـەك بە کچـەکە ببەخشین کە تێیدا سەربەست بێ. دەست بکات بە تاقی‌کردنەوە سەرەنایی‌یەکانی خۆی، کە ئوبالیان بە ئەستۆی خۆی بێ!.

،چونکـە سەرزەنشت کردنی هەمووەمی ،ئامۆژگاری‌کردنی دووبـارەکـراوە، هەر لە بەیـانی‌یـەوە تا ئێـوارە، بۆڵەبۆڵ کردن لە هەمرو هەڵسـان و دانیشتنێکی کچەکە، لە هەموو بزووتنەوەیەکی ،لە هەموو نووسراوێك کە دەیخوێنێتەوە، توانج و پلار تێگرتن لە شێـوەی قژداهێـنان و خۆئـارایش کردنیاندا... ئەمانە هەمووبان لەوانەن کە کچۆڵەکان بئاڵۆزێنن تووڕەبان بکەن کە بیانخەنە سەر ئەوەیش کە گوێ لە هیچ ئامۆژگاری‌یەك نەگرن. کە بایەخ بە هیچ ڕێگاپیشاندانێکیش نەدەن. کچ لەم تاقی نەمەنەیدا حەز لە بەرەنگاری‌کردن دەکات، هەر لەبەر بەرەنگاری کردن. بەڵام ئەم بەرەنگـاری‌کردنـە تەنیا بریتی‌یـە لە نەخـۆشی‌یـەکی بچـووکی دەروونی کە زۆری پێ‌ناچێ لادەچێ. هەر لەوەیشەوە پەیدابووە کە لەسەرەتای کار گوزاری‌ی هۆشە بچووکەکەیدا چەند بیرێك بە مێشکیدا هاتـووە، کە لەو کاتـەدا هۆشـەکـەی خەریکی ئەوە

نیه که لەوان باشتر بێ . هیچ کەسایەتی‌یەکی سەربەخۆیشی نیه که لەوان جیاواز بێ!.. ئنجا ئەو ئارەزووی [خۆ جوێ کردنەوە] و [نازو جیاز]ەی کچەکه هەیەتی، لە زۆر شێوەدا دەردەکەوێ، وەك ئەو شێوەیەی له کاتی قسەکردن و هەڵسان و دانیشتن و بزووتنەوەو دەست و دەم و چاو جوولاندنەوەو جل و بەرگ لەبەرکردن و خۆرێك خستن و بزۆرەنگ کردن و نینۆك دەرەوشاندنەوەو لووس کردنیدا دەبینێ جا هەتا گومان بەرێتە جوانی و خوێن گەرمی‌ی خوێ زۆرتر خوو دەداتە خۆ جوان کردنی خۆی‌و، خۆرێك خستنی خوێ. کچەکە هەر لەسەر ئەم ڕێگەیە دەڕوات. بەڵام که زانی ئەو هەموو ڕەنجەی داوێنی لەپێناوی خۆجوان کردن و خۆرازاندنەوەی خۆیدا، بەباچووەو کەس خوێ تێ ناگەیێنێ‌و کەس ددان به جوانی یەکەیدا نانێ ،ئیتر واز لەو هەموو کەلوپەل و خۆرازاندنەوەو خۆجوان کردنە دەهێنێ‌و پەنادەباتەبەر چەند ڕێگەیەکی‌تر بۆ گەیشتن بەو مەبەسانە که هیچ فرێکیان بەسەر ڕێگاکانی پێشووەوە نیه هەموو هەر بەئاواتی ئەوەیشەوەیە ،که بەکامی دڵی خوێ بگات و ئەو نازداریی‌یەی دەست بکەوێ که له هەموو کچەکانی‌تر جیاوازێ لەسەروو هەموویشیانەوە دابنرێ ئەوەی له هەموو شتێك زۆرتر دڵی کچەکە بریندار دەکات و دەیخاته شەرمەوە، ئەوەیە، که هەست به خوێ بکات کردەوەو ڕەووشت و خوو و هێزو توانایی‌و بلیمەتی‌یەکی وای نیه که به ئارەزووی خوێ سەرنجی کەسانی‌تر ڕابکێشێ. نە له خوێندنگەدا، نە له کارخانەدا، نە له کاتی کاروفرماندا، نانوێنێ تا سەرنجی کەسانی‌تر ڕابکێشێ تا پەنجەی بۆ بکێشن و ناوی لەناو ناواندا ببرێ. لەبەرئەوە وەك دەردەکەوێ ژمارەی کچە دواکەوتووەکان و کچە نیوە سەرکەوتووەکان زۆرترە له ژمارەی کچەسەرکەوتووەکان و کچەبەناوبانگەکان. ئەمەیش هەموو دەم، به جۆرێکی تێکڕایی، له هەموو شوێنێکدا وایە .بەڵام هەست کردنی کچەبچکۆلەکان به تاڵی‌و ناخۆشی‌ی سەرنەکەوتن، له هی کچەگەورەکان زۆرتر تووندوتیژترە!..

ئەوەیش سەبارەت بەوەیە که ئارەزووی خۆ نواندن و کەشوفش کردن لای بچکۆلەکان به. هێزترە تا لای گەورەکان!..

(ثانی) له یادنامه نهێنی‌یەکەی خۆیدا نووسیویەتی:

«چەند جەز دەکەم خۆم لەدەست هەموو بەندەیەتی‌یەك ڕزگاربکەم و هەموو پێوەندیێك بپچڕێنم، تا لەپاش ئەوەخۆم ئەو پێوەندانە بۆ خۆم دابنێمەوە، تاوا له هەموو کەسێك بکەم که بزانن من همم!.. بەڵام داخەکەم لەم ڕووەوە زۆر بێ دەسەڵاتم!.. هەرچەند دەکەم نازانم چۆن بچمە دڵی کەسانی ترەوە، تا لەناو ئەواندا منیش جێگایەك بۆ خۆم بکەمەوە .بەڵام به هەموو ڕەنگ ئەمە ئەوە ناگەیێنێ که من به کامی خۆم ناگەم. چونکه من هێشتانە گەیشتوومەتە تەمەنی حەفدە سالی!».

ئەم کچە داخی زۆر چۆتە دڵەوە. خەفەت زۆر دەخوات چونکه خوێ وا دێتە پێش چاو که له جێگایەکی وادایە که پایەی ئەو جێگایە نزمترە که ئاواتی بۆ دەخوازێ‌و ئارەزوو دەکات دەستی بکەوێ. هەروەها بۆیە خەمگین و دڵ بەئازارە، چونکه هیچ کەسێك نادۆزێتەوە که ئەوەندەی هەڵدەگرێ، ڕێزی لێ‌بگرێ‌و ئەوەندەی مافی هەیە نازی بکێشێ!.. جا ئەگەر بمانەوێ ئەم کچە بگێڕینەوە له هەڵەکردن و له ئەندازە نەگرتن، فرمانی سەرپێچیانەی ئەوەیە که نرخی ڕاستەقینەی خوێ نێگەیێنین. چونکه ئەو ئەوەندە به خوێ دەنازێ‌و ئەوەندە له خوێ بایی‌یە، له ئەندازە بەدەر نرخ دەدات به خوێ. پێویستە لەسەرمان بیری ڕوشن بکەینەوە و چاوەکانی بکەینەوە تا ڕاستیش به ڕووتی ببینێ ،تا زۆر ڕووکەشی سەوزو سووری پێوە نەنووساوە!. پێویستە ئەوەیش بەمینە مێشکی‌یەوە که ئەوە هیچ نەنگی‌یەکی تێدا نیه که بەشی ئەو له (سەرکەوتن)و (سیلەازی)دا کەم بێ. چونکه هەموو مرۆڤێك هەر ئەو بەشە دیاردی‌کراوەی هەیە. هەروەها هەموو مرۆڤێکیش بەشی خوێ چاکەو خراپەی هەیە، جوانی‌و ناشیرینی هەیە، تەواوی‌و ناتەواوی هەیە. مرۆڤیش هەرچەندە له هەندێ ڕووەوە کەم وکوڕی هەبێ، بەڵام دەسەڵاتێکی سەیرو بێ‌ئەندازەی هەیە له گەشەکردن و پێشکەوتن و گۆڕان و گەورە بوون دا!..

بووه، ڕێگایەك بكاتەوە بۆ خۆی، لە ژیانی ڕووداودا ئەگەر كچەكە بیروباوەڕی خۆی دەربڕی، بە هەموو هێزو هەڕەتێكیەوە لەسەری دەڕوات چونكە ئەو بڕوای وایە كە بیروباوەڕەكانی، هەموو تازەن، هەموو پێگەیشتوون!. ئەوەندەیش هۆگری ئەو بیروباوەڕانەی خۆی دەبێ، مەگەر هەر باو داهێنەرێك ئەو هۆگرییە بنوێنێ بۆ نوخشەی دۆزراوەكانی خۆی!. دڵیشی بەوە زۆر خۆشە، هەست بە خۆی دەكات كە لە توانایی یدا هەیە كە هەر خۆیەخۆی، بیروباوەڕی خۆی دەربڕێ، بەرامبەر بە ژیان و دڵداری و كۆمەڵایەتی، بە هەموو گیروگرفتێكیشەوە كە پیاوان پێیەوە خەریكن.

هەروەها بە تەواوەتی لەو باوەڕەیشدایە كە دەتوانێ هەموو شتێك فێربێ، كە ئەو بیروباوەڕانەیش دەریاندەبڕێ دەربارەی كاروبارو بابەتی ژیان، لەو بیروباوەڕانە گەلێك باشترە كە پیاوەگەورەكان دەری دەبڕن. چونكە ئەوانە تازە پێ بوون، بەكەڵكی ئەوە نایەن كە بیروباوەڕ دەربڕن. ئەوانە لەم چەرخەدا كە تێیدا دەژین لەدوای هەموو كەسەوەن، هەروەك تێبینیدا نەژین وایە!.. كەچی لەگەڵ ئەوەیشدا، بیرەكانی زووزوو دەگۆڕێن. هەرگیز وەكو خۆیان نامێنن. جا ئەگەر بیەوێ هەندێ بیروباوەڕ بخاتە كەللەی خۆیەوە، لەم لاوە: بیروباوەڕێك و، لەولایشەوە بیرو باوەڕێكی تر وەردەگرێ، بێ ئەمەی گوێ بداتە ئەوەی كە ئەو بیروباوەڕانە پێچەوانەی یەكترن و لەگەڵ یەكتریشدا ناسازێن. كچەكە ئیمڕۆ لەسەر بیروباوەڕێك دەكاتەوە. كەچی ڕۆژێكی تر لەسەر بیروباوەڕێكی تر دەكاتەوە كە پێچەوانەی بیروباوەڕەكەی پێشوویەتی. هەر هەفتەیە بە شێوەیەك دەگۆڕێ.

هەرمانگە دەچێتە ڕەنگێكی ترەوە. كچەكەیش لەمەدا هەر لە هەرزەكاریەكەی خۆی دەكات كە بیروباوەڕەكانی خۆی، لە شێوەیەكی بڕیارلەسەردراو، دیاردەی كراودا دەردەبڕێ، هەرگیز گوێ نادانە ئەوەی بیروباوەڕەكانی ڕاستی یان تێدایە یان نا. چونكە لە توانایدا نیە لەو ڕاستی یانە تێبگات!.. ئامانجی كچی هەرزەكار ئەوەیە كە بكەوێتە پێش چاو كە كەسانی تر بایەخی پێ بدەن!.

زۆر لەوە دەتوقێ كە خۆی وابێتە پێش چاو، گوێی نادرێتێ و كەنەفت كراوە. چونكە ئەو بەپێی تێگەیشتنە كەمەكەی خۆی و بەپێی بیروباوەڕەكانی خۆی، بەلایەوە وایە كە دەبێ كەسانی تر گەشكەداری جوانی و ناوازەیی ی جل وبەرگەكانی بین. كە بشروات بە ڕێگادا سەرنجی هەموو كەسێك ڕابكێشێ بۆ خۆی. هەروەك پێدا هەڵبدەن و بڵێن: «وەككو كە جوانیت!..

پەككوو كە خوێن گەرمیت و دڵ كێش دەكەیت!.». چاو دەبڕێتە ئافرەتێك لە ئافرەتە لاسایی كەرەوە بە ناوبانگەكانی سینەما. خۆی خەریك دەكات بەوەوە كە خۆی وەك ئەو جوان بكات و ڕازێنێتەوە. ئەمجا كە هەستی بەوە كرد كەس گوێی نادانێ و سەرنجی كەس ڕاناكێشێ، خەم و خەفەت دایدەگرێ و دڵیشی پردەبێ لە ڕەنجەڕۆیی و هەناسە ساردی!..

(ئەندرێ) دڵی چوویو بە خۆیدا پشتی بە زیرەكی ی خۆی ئەستوور بوو.

ئەو خۆی وا دەهاتە پێش چاو كە لە ناو هەموو دەستە خوشكەكانی خۆیدا دیارە، چونكە لە زوو هەست كردن بە شتدا كەسیان نایگەنێ لە قوڵی ی هەست و ناسەو تەزوویشدا لە هەموویان پێشكەوتووترە. لە فراوانی ی تێگەیشتنیشدا لەڕاستی ی كاروبارو بابەتی ژیاندا كەسیان هاوتای نین. جا ئەم بیرە هیچ وپووچانە، چاوبەستیان دەكرد، تا ئەندازەیەكی گەورەیش دەبوون بە هۆی كامەرانی ی!.. جا لەو كاتەدا كە ئەو كچە لەناو گێژاوی ئەم خوتوكەو خۆشی یەدا نوقم بوویو، لەپڕ ووتارێك كەوتە بەرچاوی، كە لە بابەت هەرزەكاری و كوڕوكچی هەرزەكارەوە دروابوو. كە خوێندیەوە، لەناكاو ئەوەی بۆ دەركەوت كە ئەو هەست و ناسانەی بە دڵیدا دێن و ئەو بیرو ئەندێشانەیش، كە بە مێشكیدا دێن، بابەتێكی گشتین، بە سەر هەموو كەسێكدا دێن و كە لە تەمەنی خۆیدا بن و لەو ڕێگایەوە بڕۆن خۆی پێدا دەڕوات!..

جا كچەكە هەست بە ڕەنجەڕۆیی یەكی گەورە دەكات، كە دەبینێ خۆیشی وەك هەموو كچێكی ترەو، هیچ نازوجیازێكی

کچ وکـوڕەکـانـ کەم وکـووڕی‌ی دایـك و باوکەکانیان گەورە دەکەن!.

کچە هەرزەکارەکەیشمان ، ئیمڕۆکە گەیشتۆتە ڕادەیەکی وەها، کە دەتوانێ دەربارەی ڕاستی‌ی کۆمەڵایەتی‌و ژیان بیرویاوەڕی خۆی دەربڕێ‌و بڕیارێشیان بەسەردابدات. کچەکەمان تا ساوا بوو ، بە ژیانێکی ڕەنگاوڕەنگ و گەش وخۆشی پاك وخاوێنەوە ڕاهـاتبـوو بەڵام ئێستـاکـە بەرە بەرە خەریکـە پەردە لە ڕووی ڕاستی‌ی ڕووتی بێ‌ڕەنگ و بێ‌نەخش و نیگارەوە ، لادەچێ لەبەر، لەناکاو کچەکـە ئەوەی بۆ دەردەکـەوێ، کە مرۆڤەکان کردەوەو ڕەووشتیـان پڕە لە گەنگی‌و نەنگی، لەکـەم وکـووڕی‌و ناشیرینی لەناویاندا زۆرو ستەم دەبینێ‌و پشم وقین و ڕقەبەری‌ی چاو پێ‌دەکەوێ.

خۆپـەرستی‌و ئالـۆزی و خرۆشی و ناپـاکی‌و لووت بەرزی‌و کەللەشەقی‌و دەست قووچاوی‌یانی دێتەپێش چاوا . .

بەڵام لە هەموو شتێك ناخۆشتر بۆ دڵی کچەکە ئەوەیە، کە لەم تەمـەنـەیدا نەنگی‌و کەم و کووڕی باوك و دایکی خۆی بۆ دەردەکەوێ . کچەکە ئەو کەم و کووڕی‌یانە لەپێش چاویدا گەورە دەنـوێنن. چونکـە کوڕان و کچـان سوروشتیان وایـە، کەم و کووڕی باوك ودایکـەکـانی خۆیـان، گەورە دێتـە پێش چاو، لە ئەندازە بەدەر هەڵیاندەسەنگێنن. چونکە ئەوانە بە لایانەوە وایە کە باوك و دایکـەکـانیـان لە هەمـوو هێـزو دەسـەڵات و کردەوەو ڕەووشتێکی جواندا بێ‌هاوتان، کەس لەوان بەرەوژ وور نیە! . ئنجا کە ئەوەیان بۆ دەرکەوت:

باوك و دایکەکانیان نەنگی‌و کەم و کووڕی‌یان هەیە، یەجگار پێ‌ی دڵتەنگ دەبن. جا ئەو هیرا نەمانەیان ، ئەو ڕەنجەڕۆیی‌یەیان ، وایـان لێ‌دەکـەن، کە ئەو خەوشـەو ئەو کەم وکـووڕی‌یـانـەیان گەورەتر بێتەپێش چاوا . .

ئەمە (ماری‌کلۆد)ە. نیشانەی هەناسەساردی‌و ڕەنجەڕۆیی پێوە دیـارە. جاری وایش هەیـە، لە تاو ئێش و ئازاری دڵی خۆی، هەستێکی نەناسراو دێ بە دڵیداو کێشی دەکات بۆ ئەو کارەساتە نەناسراوەی کە پێی دەڵێن: «مردن»! . هۆی ئەوەیش ئەوەیە کە لە بێ‌بەختی‌ی خۆی ئەوەی لێ ئاشکرابوو: کە باوکی لەدەرەوە خەریـکـی کردەوەی نەنـگـە، کە لە سەرخـۆی‌و لەسـەر خێزانەکەیشی زۆر گران دەکەوێ! . . کە سەرنجی‌دا دایکیشی لەوە زۆر پێش دەخـوانـەوە، کچـەکـە زۆر شتی پێچـەوانـەی بەکـتـەری‌ی بە دڵـدا دێ. جارێکیان ئەوەی بە دڵـدا دێ کە واز بهێنێ وبێ دەنگ بێ لەویارە.

جاری وایش هەیـە دەیەوێ بە گژ ئەو بارەدا بچێ. لەبەرئەوە (ماری کلۆد) لەکاتگای دڵیەوە ئاوات بۆ ئەو ڕۆژە دەخوازێ کە باوکـی پەشـیـمـان بێتـەوە لە کردەوەی خۆی‌و وەك خۆی لێ‌بێتـەوە. بەڵام کچـەکـە وەرس دەبێ لەوەی کە ئاواتـەکـەی نایـەتـەدی هەنـاسـەسـاردی‌و ڕەنجـەڕۆیی‌یـەکـەی دەبێتـە هۆی پەیداوونی هەستێکی سەیر لەناو دەروونیدا. کچەکە خۆیشی بە گوناهبار دێتەپێش چاوا.

ئەمیش ناوی [هێلین]ە کچی پیاوێکی‌تر بەڵام ژن و پیاوێك کردووبـانـە بە کچـی‌خـۆیـان کە زۆر نازی دەکێشن و بە تەنگیەوەن. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم بیرانە بە مێشکیدادێن:- وەبـۆچ خۆیـشـی باوك و دایـکـی ڕاسـتـەقـینـەی نەبێ وەك منداڵانی‌تر؟ . . ئەی باوك و دایکەکەی خۆی چۆن توانی‌یان وا بەرەڵـڵای بکـەن؟!.». بێ‌گومان ئەم جۆرە بیرانە کە چرپە دەکەن بە لای مێشکیدا، لە ئەنجامدا وای‌لێ‌دەکەن کە هەست وا بکـات بە خۆی پایـەکـەی لە پایـەی هاوڕێکـانی و دۆستـە خوشکەکانی نزمترە! . لەو هەستەیشەوە تووشی ئەوە دێ کە لە دواڕۆژی خۆی دوودڵ بمێنێتەوە!.

(هەنریێت)یش هێشتا منداڵێکی ساوابوو کە (بازارە ڕەشە) لە

ئاسۆی جیهانەوە تازە دەرکەوتبوو پاشان کە گەورەبوو، و بووە کچێکی پێگەیشتوو ناچاربوو ئەویش فێری فرۆفێل بێ، تا بتوانی لەناو ئەو بازارە رەشەدا پێویستی ژیانی خۆی بکرێ!.. پاش ئەوەی کچەکە ئەوەی دی گەورەکان چۆن لەو فرۆفێلبازییەدا شارەزایی یان پەیدا کردووەو دەست وبردی دەنوێنن ئیتر پێی نەکرا ،لە شوێنێکی وادا کە ئێبدا گەورەبووبوو، دەست بەرداری بیرویاوەڕەکانی کردەوەو ڕەووشتە باشەکان نەبێ ... بۆیەکا ئەویش بەدخوو دەرچوو!..

کچە هەرزەکارەکان حەزدەکەن زوو بگەنە تافی لاوێنی

کچەکانمان حەزدەکەن زوو بگەنە تافی لاوێنی و تافی ژنێنی. ئەمەندە پەلەپەل دەکەن بۆ ئەوە ئارامیان لەبەر دەبڕێ.

ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە هەتا مندال بن هیچ ئاواتێکیان بۆ نایەتەدی. کچەکە لەکانگای دڵییەوە ـ

ئارەزووی ئەوە دەکات کە تەمەنی زوو تێپەڕ بکات. چونکە ئەو لە دواڕۆژدا ئەمانەی دێتەپێش چاو: مێرد، منداڵ، کاروپیشەیەکی وایش کە بە دڵی خۆی بێ و کە لە دەستی بێت بە باشی هەڵیبسووڕێنێ!.. هەرچی کچە کرێکارە کانیشن لەگەڵ کچەلادێیی بە بچووکەکاندا سااڵنی داهاتوویان بە جۆرێکی ناخۆشتر وسەختتر دێتەپێش چاو لەچاو سااڵنی ئێستاکەیاندا. جا لەبەرئەوە ئەو کچانە لە هەمووکچەکانی تر زۆرتر بە دوای ژیانی پر تاسەو تەزووداد دەگەڕێن. زۆرتریش لەوان ڕادەکەن بە دوای پیرکردنەوەی بۆش و ئاوانە خەودا!. گەلێک جاری وایش هەیە کە تۆ بە سەرسوڕمانێکەوە لە خۆت دەپرسیت: «کچەکەم لەم چوار پێنج ساڵەی دواییەدا چەند گۆڕاوە؟!..». لەڕاستیدا تۆ لەوەدا بیانووت هەیە کە بەو چەشنە سەرتەسوڕماوە لەو گۆڕانە گەورەیەی کە بە سەر کچەکەتدا هاتووە.

چونکە تۆ لەوەپێش وا ڕاهاتبووی، کە کچەکەی خۆت دەدی، بریتی بوو لە یەکێک کە ڕۆژ بەڕۆژ دەژیا. نە گلاراوی هەبوو، نە گوێی دەدایە هیچ شتێک مل کەچ بوو، هەرچی یەکی پێ دەگوترا بەجێی دەهێنا دڵنیابوو لە هەموو کەسێک، باوەڕی پێ دەکردن زوربەی جاران تۆی بە دڵدا دەچوو. ڕێزیشی لە بیروباوەڕەکانت دەگرت. دەمەقاڵێی لەسەر نەدەکرد لەگەڵتدا.

کەچی ئێستاکە کچێکی بچووکی تازە پێگەیشتوو دەبینیت لەبەردەمتدا:

سەرکێشی دەکات ،خۆی لە ڕاستی دەربازدەکات، بەڕەو نەندێشەو ئاواتەخەو دەچێت کە تەماشای ژیانی ئێستای خۆی دەکات ،هیچ وپووچی دێتەپێش چاو. لەبەرئەوە وای لێدێ کە بە هەموو کوڵی دڵیەوە چاوەڕوانی دوا ڕۆژی خۆی بکات. دڵیشی تەنگە، پڕە لە خەم و خەفەت، پڕە لە گلاراوی ئەو خەم و خەفەتەیش پاڵی پێوەدەنێ بگەڕێ بە دوای (دڵداری)دا.

ئەی چۆن وا نابێ؟.. ئەوێک کە لە دایک بوونی هەست کردن بە ڕەگەز بازیی خۆی، بە چاوی خۆی ببینێ، کارەساتی هەستی ئەو ڕەگەزبازی یەیشی وەک تەماشاگاهێک بێتە پێش چاو کە چیرۆکی تێدا لاسایی دەکەنەوە! تەنانەت ئێستاکە تۆ لە بەرامبەر کچێکدای کە دەیەوی جێگای خۆی بکاتەوە لەناو کەسانی تردا کە دەیەوێ خۆی بنوێنی بەسەر کەسانی تردا.

هەموو ژیانیشی پربووە لە شتی پێچەوانە!. هەر لەو کاتەدا کە وات دێتەبەرچاو:

کەللەڕەق و لووت بەرزو لەخۆبایی بوو، و، پشت بەخۆبەستە، کەچی زۆری پێ ناچێ دەبینی بە خۆیدا ڕانایەرموێ هیچ شتێک بکات. دوو دڵە لە خۆی، دڵنیایش نیە لە بیروباوەڕەکانی خۆی!. هەرزەکارەکان ،بە کوڕ وکچەوە، هەمووبان لەم تەنگە و چەڵەمەی ژیانەوە تێدەپەڕن. جا لێرەوەیە کە گۆڕانێکی زۆر بەسەر گەشەکردنی گیانیاندا دێ لەگەڵ ئەوەیشدا بۆ باوکەکان ئاسانە کە لەگەڵ کوڕەکان و کچەکانی خۆیاندا ڕێک بکەون. ئەوەیش کاتێک دەبێ کە ئەو کوڕو کچانە گەورەبوون. کە کچەکانت گەورەبوون لێت نزیکتر

دەبنەوە، لەو دەمەی کە منداڵ بوون. ئەوساکە لە توانایی یاندا هەیە کە هەستیان وەك هەستی تۆی لێبێ. ئەوانیش لە خۆشەویستیدا بەرامبەریت بکەن بە واتایەکی تر دڵت ڕابگرن. بەڵام بە مەرجێ کە تۆیش پشتیان پێ ببەستیت و باوەڕیشیان پێ بکەیت.

ئەی باوك و دایکەکان! ئەوەتان لەبیرنەچێت کە ئێوە دەتوانن زۆر کار لە کچەکانتان بکەن، دەسەڵاتتان زۆرە بەسەریاندا کە هێزی کەسا یەتیتان و، بیرکردنەوەی ڕاست و دوروستتان و بیروباوەڕەکانتان، کە کردەوەی کچەکانتان بەرامبەرتان دیاردی دەکەن. زۆر جاری وا هەیە کچەبچکۆلەکان خۆیان بەوە دەنوێنن کە گەورەکچەکان سووك و ڕیسوا بکەن! لەگەڵ ئەمەیشدا، ئەو کارەی گەورەکچەکان دەیکەن لە کچە بچکۆلەکان، هەر لە کاری چاویەست دەکات. چونکە کچی هەرزەکار پێویستی بە خۆرشتێك هەیە بۆ دڵ ناسکی یەکەی خۆی جا ئەگەر توانیت ئاراستەی بکەیت بۆ لای هۆنەرەجوانە ڕەنگاوڕەنگەکان، وەك: ساز و ئاواز و گۆرانی و وێنەکێشان و پەیکەرتاشین.. لەڕاستیدا یارمەتی یەکی گەورەی دەدەیت، لە بەکارهێنانی و ئەو هێزو تینە شارراوەیەیدا کە لە دڵ ناسکی یەکەیەوە پەیدابووەو پەنگیشی خواردۆتەوە لە دڵ و دەروون و مێشکیدا ئەوساکە کچەکە لەنگەری خۆی دەگرێتەوە. ئەگەر توانیشت لە شێوەیەکی ژیرانەو بەئەندازەدا یارمەتی بدەیت لە بیرکردنەوەدا لەبابەت ڕەووشت و کرداری خۆیەوە، لە ڕاستیدا یارمەتی یەکی باشی دەدەیت کە لە دەست بەندەیی ی سوروشتی خۆی و لەدەست پێوەندی هەوەس و ئارەزوو و دەمار بزووتنەوەی خۆی ڕزگاری بێ چونکە هەر ئەو هەست و تاسەو دڵ بزووتنەوانە بوون کە ووروژاون و، هوروژمیان بردۆتە سەری وگەلێك جاریش بریاری خراپ خراپیان پێداوە!.. جم وجۆڵ وبزووتنەوە، نەخۆشی ی ئاوانەخەو چاك دەکەنەوە تاقی کردنەوەی ڕاستەقینەیش وا لە کچەکە دەکات کە خۆی ڕابگرێت کە بڕیاربدات بە سەر توانایی ی مرۆڤدا، کە ئەویش نێبگات، مرۆڤ تا چ ئەندازەیەك دەتوانێ پێشکەوێ وسەرکەوێ کەواتە بێویستە لەسەرمان چەند کاروفرمانێك دیاردی بکەین بۆ کچەکانمان کە لە ناو ماڵدا خۆیانی پێوە خەریك بکەن هەروەها لە دەریشەوە بیانخەینە سەر کارگوزاریەك لە کۆڕی کۆمەڵایەتیدا، وەك ئەوەی کە بیانکەین بە ئەندامێك لە کۆمەڵە چاکە بەخشەکاندا کە یارمەتی ی پیاوی پیرو منداڵ دەدەن، کە سەرپەرشتی ی ئەو فرمانە دەکەن.

دیارە لێرەدا مەبەسمان ئەوەنیە کە کچەکە بخرێتە ناو ئەو کۆمەڵانەوە کە ئەندامەکانی حەز بە هاوبەش بوون دەکەن لە گەڕەو و بەربەرەکانێ ی زانستی ی پر لە گیروگرفتدا چونکە لە بارێکی وادا دەبێ ئەمەندە بە تەنگ کچەکانمانەوە بین کە هەر ڕێگایەکمان پیشان دان پێیدا بڕۆن دەبێ لە پێشەوە لەسەر بنچینەیەکی زانستی و لێکۆڵینەوەیەکی تەواومان تێدا کردبێ ئنجا بڕیارمان لە سەر ئەو ڕێگایە دابێ. کچەکان لە تەمەنی هەرزەکاریدا، لە ڕێگایەکی گرنگی ژیانیانەوە تێدەپەڕن زۆر هەستی بە هێز هوروژم دەبەنە سەر دڵ و دەروونیان تووشی زۆر ڕەووشت و خووی بەدو تونڵدو تیژ دەبن. کردەوەی زۆر نابەجێیان لێ ڕوو دەدات وایان لێ دێ تووشی دوو دڵی دین لەگیانی خۆیان وەرس دەبن بۆڵەبۆڵ دەکەن دڵیان تەنگ دەبێ هەست و تاسەو تەزوویان زوو گردەسێنێ زوویش دەژاکێن و تەزو سیس دەبن!. ئەو ڕەنج و کۆششەیش کە باوك و دایکەکان بەخشی دەکەن لە پێناوی ئەوەدا، کە لەگەڵ کچە هەرزەکارەکەیاندا هەڵ بکەن و بە پێی بیرو هۆشی ئەو بڕۆن بە ڕێوە بێگومان یارمەتی یان دەدات کە چارەیەکی بە کەڵکی بۆ بدۆزنەوە لەو چەند تاوە ناسکەدا، کە لەم بەشە پرتەنگە و چەڵەمەی ژیانەیدا، لە ڕێگا پیشاندانی کچەکەیاندا کاریان سەربگرێ پێویستە لەسەریان هەندێ ڕەووشت و خووی لاوان بگرن وەك: دڵسۆزی و کارگوزاری و خوێن گەرمی و، خواستێکی بەهێزو هەڕەت و بە خۆدا ڕاپەڕموون. جا بە هۆی ئەم ڕەووشت و کردارانەوەیە کە بتوانن فرمانی خۆیان بەجێبهێنن بەرامبەر کوڕەکان و کچەکانی خۆیان لە شێوەیەکی (یەکسانی)دا!!..

ئاوردانەوەیەک لە فەلسەفەی هیندی

● محمد کمال - کەراچی ●

هەوالنامەی کتێب

لە سەردەمە کۆنەکانی پێش شارستانیەتی ڕۆژئاواوە، زەمینەی پان وبەرینی بەر ڕۆخانەکانی کەنگا و جەمنا[1] بوە بەلانکەی بیرو ئەندێشەو سۆفی گەرێتی و گەشت وگوزار بە جیهانی میتافیزیکدا.

گەنجینەی کەلەپوری ئەم دوو ڕۆخانەیە ئەوندە دەوڵەمەندو چرە کەم لە ئیمە دەتوانێ لە ژیانیا بە هەموو کوچەو کەلەبەرێکیا بگەڕێت.

ئەم نووسراوەی منیش ئاوردانەوەیەکی سەرپێیی یە لە کەلەپوری فەلسەفی ئەم وڵاتەو بە پێویستم زانی خوێندەواری کورد شارەزایی زیاتری لەبارەوە بزانێت.

دەشێ لە خۆمان بپرسین کە بۆچی مێژوونوسان مێژووی لەدایک بوونی فەلسەفە دەگەڕێنەوە بۆ یۆنان و وڵاتی هیندیان فەرامۆش کردوە بە مەرجێک فەلسەفەی هیندی دە هەزار ساڵ لەمەوبەر پەیدابوەو فەلسەفەی یۆنانی تەمەنی دوو هەزارو پێنج سەد ساڵە. لەوانەیە هەندێ لە مێژوونوسە ڕۆژئاواییەکان ئەوەندە بایەخیان بە ڕۆژهەڵات نەدابێت و لە ڕاستی ئەم ڕاستیەدا بیر تەسک بن، بەڵام ئەمە تەنیا هۆنیەو ناتوانین هەموو مێژوونووسانی فەلسەفە بە بیر تەسک و شوفێنست دابنێین. هۆی سەرەکی ئەم بۆچوونە مێژووییە دەگەڕێتەوە سەر چۆنیەتی و خاسیەتەکانی فەلسەفەی هیندی. ئەم فەلسەفەیە ئەوەندە خۆی نێکەڵی ئەندێشەو ئەفسانەو بیرویاوەڕە ئایینیەکان کردوە، بە دەگمەن ڕەنگ و بۆنە فەلسەفیەکەی دەبینرێت و هەرگیز لە ئایینی هیندوسی یەکان جیانابێتەوە. فەلسەفەی هیندی ئایینی هیندیشە. بەڵام ئەم خاسیەتە گەلێک لە فەلسەفەی یۆنانی یەوە دوورە.

با ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە فەلسەفەی هیندی کارێکی زۆری کردۆتە سەر ڕۆشنبیران و فەیلەسوفەکانی

رۆژئاوا. بۆ نموونە ئایینی زەردەشتی یۆنانی‌یەکان و پارەوەکەی فیتاگۆراس جێگا پەنجەی فەلسەفەی هیندی زۆر پێوەدیارە. وەکو ئاشکراشە ئەفلاتون بڕوای بە گیان گۆڕین (تناسخ الارواح) هەبووە وەکو هیندی‌یەکانیش لە سستەمە رامیاری‌یەکەیدا چینە کۆمەلایەتی‌یەکانی جیاکردۆتەوە.[2] ئەفلوتین لە سەدەی یەکەمی زایینیدا زیاوەو فێرگەکەی بە (ئەفلاتونیەتی نوێ) ناسراوە، بیردۆزەی (الفیض Emanation) ی لە هیندی‌یەکانەوە وەرگرتوە.

لە فەلسەفەی نوێشدا دەبینین (شوپنهاور) لەدوا ڕۆژی تەمەنیا، بوو بە شاگردێکی بوداو بڕوای بە (نیرڤانا) هەبوو، سستەمە میتافیزیکی یەکەی (هیگل)یش گەلێک لە فەلسەفەی هیندی‌و فێرگەکەی (شەنگارا)وە نزیکە. هەروەها زۆر لە نووسەران و ئەدیبانی گەورەی جیهانیش بە ڕێزەوە تەماشای ئەم کەلەپورەیان کردووەو سودیان لێوەرگرتوە.

فەلسەفەی هیندی دەورێکی گرنگی لە ژیان و بەرهەمەکانی تۆلستۆی‌و گویتەو ئالیوتی شاعیردا گێڕاوە. کەمیش لە سۆفی‌یە موسلمانەکان هەن کە ئەم فەلسەفەیە کاری تێنەکردبێتن.

سەرچاوەکانی فەلسەفەی هیندی

بیروباوەڕەکانی ئەم فەلسەفەیە دەگەڕێنەوە سەر چوار سەرچاوەی گەورە کە نزیکەی دە هەزار ساڵ لەمەوبەر بە شیعر نوسراونەتەوە.

ئەمڕۆ کەس نازانێ کێ خاوەنی بەرهەمە شاکارا ئەدەبی‌و فەلسەفی‌یەیە بەڵام بە بڕوای هیندی‌یەکان قسەی خواوەندن کە لە، ڕێگای ئیلهامەوە گەیشتۆتە فەیلەسوفەکان.

ئەم سەرچاوانە پێیان دەوترێ (ڤیدا)و چوار بەشن: (ڕیگ ڤیدا ـ یاجورڤیدا ـ ساماڤیدا ـ ئاسەرڤیدا) هەر یەکێک لەم ڤیدایانە زیاد لە هەزار بەیتی شیعری تێدایە کە باسی خواوەندو سروشت و مرۆڤ دەکەن. زانیاری‌یەکانی ناو ڤیداکان بەزانیاری‌یەکی هەمیشەیی ناسراون کە چاوو مێشکی مرۆڤە نامۆو ئاڵۆزەکان ڕوناک دەکەنەوەو ڕێگای ژیانی جاویدانی‌یان پیشان دەدەن. لە پەرتوکی (گیتا)[3] دا وایاس کراوە کە ئەم زانیاری‌یانە زۆر جار ڕاستەوخۆ دەگەنە سوفی‌و فەیلەسوفەکان. خواوەند ڕووبەڕوو لەگەڵیاندا دادەنیشێ‌و فێری زانستی (یۆگا)و خواناسی‌یان دەکات. لەم پەرتوکەی هیندی‌یەکاندا خواوەند خۆی پیشانی یەکێک لە سوفی‌یەکانی دەدات کە ناوی (ئەرجونا)یەو سستەمی یۆگای بۆ ڕوون دەکاتەوە بەڵام خواوەند لە شێوەی مرۆڤێکدا دێتەلای ئەرجونا، کە ئەرجونا خوداوەند دەناسێتەوە وەکو موسا داوای لێ دەکات، شێوە ڕاستەقینەکەی خۆی پیشان دات، خواوەند لە وەڵامدا دەڵێ:

ئەی ئەرجونا بەم چاوە فیزیکی یانەوە ناتوانی ئەو ڕووخسارەی من ببینیت ئەوا من دڵت ناشکێنم، دوو چاوی گیانەکیت دەدەمێ‌و ئەگەر ناترسیت تەماشای ئەو ڕووخسارەم بکە. ئەرجونا هەر کە چاوی بەشێوە ڕاستەقینەکەی خوداوەند دەکەوێت لە ترس ڕ لە خۆشی یاندا خۆی فڕێ دەداتە بەرقاچی‌و لە خوداوەند دەپاڕێتەوە کە لەمە زیاتر بەرگە ناگرێت و ناتوانێ تەماشای بکات.[4]

لەبەر ئەم هۆیەشەو، ڤیداکان بە بەرهەمێکی ئەدەبی ڕووت وەکو ئەلیاذەو ئۆدیسەی هۆمەر دانانرێن و زۆر لەگەڵ ئایین و بڕوا ئایینی‌یەکاندا تێکەڵاوبوون.

زۆر لە فەیلەسوفە هیندی‌یەکان بڕوایان وایە ژمارەی ڤیداکان پێنجەو (ئیتیاساس) دەخەنە ڕیزی ئەم چوار پەرتوکەوە[5]. بەڵام شەنکاراو ڕامانوجاو مەهافا لەگەڵ ئەم ڕایەدانین. ئەوەی ڕاستیش بێت (ئیتیاساس) زانیاری‌یەکی نوێ‌و مەسەلەیەکی فەلسەفی جیاواز باس ناکات، بە ڕای من شکۆی ڤیداکانەو تەنیا بیروباوەڕی ڤیداکانمان بە شێوەی داستان و چیرۆک بۆ باس دەکات.

ووشەی (ڤیدا) لە زمانی سەنسکریتی هیندی‌دا واتەی (زانین) دەدات، با ئەوەش بزانین ئەم جۆرە زانینە میتافیزیکی‌یانەیەو بە ڕای هیندی‌یەکان گۆڕانی بەسەردا نایەت. (ڕیگ ڤیدا) لە هەزارو هەفتسەد بەیتی شیعری پێک هاتووە لە دە بەرگدا تەفسیرکراوە. ئەم دە بەرگە باسی

هەولێر بۆ کتێبی

پەیوەندی نێوان خواوەندو مرۆڤ و خۆبەخت کردن و قوربانی دانی ئایینی دەکات. (یاجورڤیدا) باسی چۆنیەتی ئامادەکردن و گەیاندنی ئەم قوربانیانە بەخوا دەکات. ئەم قوربانی‌دان و خۆبەخت کردنانە شەهیدبوون و چوونە (جیهاد) ناگرێتەوە، چونکە بیروباوەڕی ناو ڤیداکان زۆر دژی جەنگ و یەکتری کوشتن ،جا ئەو کوشتنە کوشتنی مرۆڤێك بێت، یا مێشولەیەك، بە ڕای هیندی‌یەکان لە هەموو زیندەوەرێکدا وەیا هەموو شتێکی زیندوو (گیانی) تیدایەوە نابێ ئازار بدرێت. لە بەندی سێهەمی (ئیشۆ - ئوپانیشادا) نوسراوە «ئەوانەی چرای ژیانی کەسانی ترو زیندەوەرەکان دەکوژێننەوە، جێگەیان لەسەر ئەستێرەی نەزانی و تاریکی بۆ ئامادەکراوە».

لەبەر ئەم هۆیە هیندی‌یەکان گۆشت ناخۆن و حەیوان سەرنابڕن.

جۆری قوربانی‌دان و خۆبەخت کردنیان وازهێنان و دوورکەوتنەوە لە خۆشی‌یەکانی جیهانی ماتریالی‌یەو نوقم بوونە لە دەریای عەشقی خواوەند پەرستی‌و تەسەوف (یۆگا)دا.

بەشی دوانزەهەمی پەرتوکی (گیتا) زۆر بە قوڵی باسی ئەم ڕێگا دوورو درێژەی یۆگای کردوە، هەر لەم ڕوانگەیەوە دوو جۆر مرۆڤی باوەڕکەریان دەست نیشان کردوە. جۆری یەکەمیان ئەو مرۆڤانەی دەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ لای پەروەردەگارو خۆیان لەناو زاتیا نوقم بکەن ،هەروەکو چۆن ڕووبارەکان دەگەن بە دەریاکان و دەریاکانیش دەگەن بە ئۆکیانوس. جۆری دووەمیش چاوەڕێی پاداشت و ژیانی جاویدانی ناو بەهەشت دەکەن. خواوەند بۆ ئەم مرۆڤانە جێگایەکی تایبەتی تەرخان کردوەو هەموو بەزم و ڕابواردنێکی تێدایە.

ئایینی هیندوسی لەپێش ئایینە سامی‌یەکانەوە باسی دۆزەخ و بەهەشتی کردوە.

هەروەها مانەوەی مرۆڤ لەم دوو جێگایەشدا مەرج نی‌یە هەمیشەگی بێت و پەیوەندی بە دەفتەری کردەوەکانی مرۆڤەوە هەیەو خواوەندبڕیار دەدات کە چەند ساڵ مرۆڤ لەسەر ئەو دوو ئەستێرە یە بمێنێتەوە، دەشێ دوای تەواوکردنی ئەو ماوەیە جارێکی‌تر ئەو مرۆڤە وەیا ئەو گیانە جارێکی‌تر بگەڕێتەوە سەر ئەم ئەستێرەیەو توشی کڵۆڵی‌و نەگبەتی ژیانی پڕ کۆڕەوەری‌و ناخۆشی بێتەوە. لەبەر ئەم هۆیە دەبینین کە جەوهەری فەلسەفەی هیندی ڕێگا دۆزینەوەیە بۆ دەربازبوون و ڕزگار بوون لەم کڵۆڵی‌و کۆڕەوەری‌یەی سەر ئەم ئەستێرەیە.

(ئاسەرڤیدا) بریتی‌یە لە دوعاو وەعز بۆ چاکردنەوەی نەخۆشی‌یەکانی لەش و دەروون.

بە شێوەیەکی گشتی، ناوەڕۆکی ڤیداکان لە چوارچێوەی خواوەندپەرستی‌و تەقەلاکردنی مرۆڤ بۆ گەڕانەوەی نیشتمان و بارەگای یەکەمی ناچێتە دەرەوە، ئەم پەرتوکانە ڕەنگە و بۆنی ئایینی‌و میتافیزیکی ڕووتیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتوە.

ئوپانیشاد

ئەو کاتەی شاگردەکان بە شەوقێکی زۆرو سەرێکی گێژ و پڕ لە پرسیارەوە لە چوار دەوری مامۆستایەکی یۆگیدا کۆدەبوونەوە بە ترسەوە دەستیان بۆ سەکۆ بەرزەکەی مامۆستا درێژ دەکردو بە ئاسەم لێواری کراسە زەردەکەیان ماچ دەکردو پاشەوپاش دەگەڕانەوە و لە نزیکەوە دادەنیشتن. مامۆستاش کە چەندان ساڵ لەژێر دەستی مامۆستایەکی‌تردا ڤیداکانی خوێندووەو بوە بە یۆگی زانیاری‌یە فەلسەفی‌و میتافیزیکی‌یەکانی دەدا بە شاگردەکان و مێشکیانی پردەکردو فێری ژیانی تەسەوفی دەکردن. لەم حاڵەتەدا بە ڕێگایەکی کلاسیکی هەموو دەقە فەلسەفی‌یەکانی ناو ڤیداکان کە بە شێوەیەکی ڕێك وپێك هەڵبژێردرا بوون لە نەوەیەکەوە دەگەیشت بە نەوەیەکی‌ترو تاکو ئەمڕۆ وەکو خۆیان ماونەتەوە. ئەم دەقە فەلسەفی‌یانە لە (108) پەرتوکدا نووسراونەتەوەو ئەمڕۆ بە (ئوپانیشادەکان) ناسراون. ووشەی ئوپانیشاد لە بنەڕەتدا واتە (لەنزیکەوە)، ئەم زاراوەیەش لەوەوە پەیدابوە کە شاگردەکان لەنزیکەوە گوێ لە مامۆستاکەیان دەگرن و ڤیداکان فێردەبن.

ئوپانیشادەکان لە بنەڕەتدا بۆچوونە فەلسەفی‌یەکانی ناوڤیداکان و بە جەوهەرو کاکڵەی ڤیداکان دەژمێردرێن.

جۆری سێهەمی پەرتوکی هیندی‌یەکان کە بە هەمان شێوە

هەواڵنامەی کتێب

لەناو ڤیداکانەوە دەرهێنراون پەیوەندییان هەیە بە باری ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابووری هیندییەکان و پێیان ئەوترێ (ڤیدەنتا - سوترا - Vedanta - Sutra) یاسەکانی دەوڵەت و خێزان و بازرگانیەت لەناو ڤیدەنتا سوترادا باس کراون.

خواوەند لەناو پیرۆ باوەڕی ڤیداکاندا.

ئەگەر تەماشای فەلسەفەی هیندی بەگشتی بکەین. سێ هەڵوێستی جیاوازو بۆچوونی تایبەتی بەرامبەر مەسەلەی بوون و ماناى خواوەند ڕوون کراوەتەوە.

ڤیداکانیش لەم سێ بۆچوونە بەولاوە ڕێگایەکی تریان نەدۆزیوەتەوەو بە هەمان شێوە بوونی خواوەندو پەیوەندی سروشت و زیندەوەرەکان و خواوەند دەکەنەوە. ئەگەر خوێندنەوەی هەموو ئوپانیشادەکانی دەست کەوێت و بە قوڵی لێیان خوێندنەوە ئەم سێ بۆچونانە بە ئاسانی دەست نیشان دەکات. لە بۆچوونی یەکەمدا خواوەند بە (براهمەن - Brahman) باس کراوە، لە سستەمی یۆگیشدا خواوەند (پارامائەتما - Paramatma) یەو لەناو گیتادا خواوەند (بە گوان - Bhagvan ه.

براهمەن خاوەنی هیچ فۆرم و سفاتێك نییە. تەنیا هۆشیکی ڕەوانە، وەیا ڕاستەقینەیەکی ڕووتەو ناخرێتە ژێر پێوانەی لۆجیکەوەو هیچ کاتگۆرییەکیش ناگرێتە خۆی. لەلایەکی ترەوە سپینۆزاو هیگڵ لەگەڵ جیهاندا یەکیان گرتووەو خۆی جیهانەو پەرش و بڵاوبوونەتەوەو ژیانی بە هەموو زیندەوەرو گیان داران بەخشیوە. ڕاداکریشنا کە فەیلە سوفێکی هیندی سەردەمە دەڵێ: براهمەن ناخرێتە ژێر ڕۆشنایی هۆشی مرۆڤەوەو هیچ زمانێکی فەلسەفی و ئەدەبیش نائوانێ باسی بکات، چونکە بێ ڕوخسارەو سفاتەکانی لەگەڵ خۆیدا هەڵنەگرتوە.

پارامائەتما، لە دوو ووشە پێك هاتوە، (پاراما) واتە (مەزن وەیا گەورە)، (ئەتما)واتە گیان. ئەگەر ئەم دوو ووشەیە لەیەك بدەین لە زمانی کوردیدا بە واتای (گیانی مەزن) دێت کە مەبەست لە گیانی خواوەندە - The Supreme SouL) . پاراما ئەتما لە سستەمی یۆگادا سەرچاوەی هەموو بابەتێکی ماتریالی و گیانەکی یە. گیانی هەموو زیندەوەرەکان ئەتۆمی بچکۆلەن وەکو (موناد) کە لەم گیانە مەزنەوە دەرچوون و جیابوونەتەوەو لە دڵی هەموو گیان لەبەرێکسدا جێنیشین بوون. لەم بۆچوونەوە، یۆگی یەکان دڵی مرۆڤ بە سەرچاوەی بڕواو سۆزو عەشق دادەنێن و لە کاتی خەڵوەتیشدا پەنا دەبەنەبەر ئەم لایەنەو دەیانەوێ، ئەو ڕوونا کێیە بدۆزنەوە و لەوێوە بگەنە پارامائەتا. گیانی زیندەوەرەکانی تریش ئەتۆمی گیانەکین کە بەهەمان ڕێگا لە گیانی خواوەندەوە دەرچوون، لەبەر ئەم هۆیەشەوە هیندییەکان وەیا باشتر وایە بڵێین یۆگی یەکان بەیەك چاو لە ڕوانگەیەکی ئەنتۆلۆجیانەوە تەماشای پادشاو پشیلەیەك و کرمێك دەکەن هەموویان بە بەشی بچکۆلە لە گیانی خوداوەند دادەنێن

ئەوەی هەموو زیندەوەرەکان بە بەشێك لە زاتی من دادەنێو منیش لەناو هەموو شتێکا دەبینێ ،هەرگیز ڕقی لە هیچ شتێك نابێتەوە[8].

جیاوازی نێوان براهمەن و پارامائەتما لەوەدایە کە براهمەن لە گەردوون جیانابێتەوەو خۆی گەردوونە، بەڵام پارامائەتما کە دیانەوە سەرچاوەی گەردوون و زیندەوەرەکانە لەناو جیهاندا ناژی و لەو دیوو جیهانی ماتریالییەوە فەرمان ڕەوایی دەکات. جیهانیش بە هەر دوو بابەتەکانیەوە (گیانەکی و ماتریالی) لەم گیانە مەزنەوە دەردەچن، هەروەکو چۆن نیشکی خۆر لە ڕۆژەوە دێتە دەرێ. پارامائەتماو سستەمی یۆگای هیندییەکان کارێکی زۆر ڕیشی کردۆتە سەر ڕاڕەوە فەلسەفەیەکەی ئەفلوتین و (اخوان الصفا)و فارابیو ابن سینا، بیردۆزەی (الفیض) کە لەلای ئەم فەیلەسوفانەو زۆر لە سۆفیزمیە موسوڵمانکانیش باسکراوە بیروباوەڕێکی هیندییەو جەوهەری سستەمی یۆگاشە.

بۆچوونی سێهەم لە فەلسەفەی هیندیدا کە لە هەموویان زیاتر لەم سەردەمەدا بووە بە خاڵی لێکۆڵینەوەو سەرنجی زۆر لە ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەلاتیشی ڕاکێشاوە لە پەرتووکی (گیتا)دا بەووردی باسکراوە.

ئەم بۆچوونە کە خواوەندمان بە (بەگوان) پێدەناسێنێ بە

هەمان شێوە وەکو بۆچوونی دووەم خوداوەندو گەردوونی لەیەکتر جیاکردۆتەوەو هەموو سفاتە پەهاکانیشی داوە بە خوداوەند، هەروەها بەبیرو باوەڕی (گیتا)و (ئیشو - ئوپانیشا) ویش خواوەندو مرۆڤ لە چۆنیەتی ئەم سفاتانەدا یەکن و جیاوازیان نییە، تەنیا زیادیو کەمی مقداری سفاتەکان، خوداوەندو مرۆڤ لەیەکتر جیادەکاتەوە، بۆ نموونە ئەگەر گیانی مرۆڤ و زیندەوەرە کانی تر ئەتۆمی بچکۆلە بن لە گیانی خوداوەنددا دەبێت لە هەموو سفاتەکاندا لەیەکتری بچن، بەڵام لەبەر ئەوەی گیانی زیندەوەرەکان زۆر بچکۆلەن بەشێکی کەمیان لەو سفاتانە لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتوە. بۆ نموونە دڵۆپێك ئاوی دەریا هەمان تام و ڕەنگ و تۆخمی کیمیاوی دەریای هەیە، دڵۆپەکە سوێرەو دەریاش سوێرە، . . هتد بەڵام خوێی ئاو زەریاکە گەلێك لە خوێی ئاو دڵۆپەکە زۆرترە.

مرۆڤیش وەکو خوداوەند زانیاری هەیە، بەڵام ئەندازەی زانیاری خوداوەند ڕەهایە، خواوەند وەکو ئێمە دەبینێ بەڵام توانایی بینینی خواوەند لە توانایی ئێمە زیاترە.

لە هەمان کاتدا (بەگوان) وەکو مرۆڤ خاوەنی کەسایەتی یەکی (شەخسە)ە ،بەڵام کەسایەتی یەکەی مەزنەو ڕەهایە، لە شیشی هەیە، بەڵام وەکو لەشی مرۆڤ لە خوێن و گۆشت پێك نەهاتووەو گیانەکی یە.

جیهانیش بە هەر دوو بابەتەکانیەوە (گیانەکی و ماتریالی) دوو جۆر وزەن لە گیانی بەگوانەوە وەکو تیشکی خۆر دەردەچن. بەگوانیش لەو دیو هەموو بابەتەکانەو تێکەڵیان نەبووو سەرپەرشتی هەموویشیان دەکات.

«ئەم زاتە گەورەیە سەرچاوەی هەموو هەستەکانە، لەگەڵ ئەوەشدا خۆی خاوەنی هەست کردن نییە هەموو فۆرمە ماتریالی یەکان لەمەوە پەیدابوون، خۆشی لەسەروو هەموویانەوەیە.»[9]

«ئەم ڕاستەقینە هەمیشەیی یە لە هەموو بابەتێکەوە دوورەو لە هەموو شیانەوە نزیکە. لەناو هەموو شتێکدایەو لە هەموو شیانەوە جیاوازە.»[10]

«من ڕووناکییم لە دڵی هەموو زیندەوەرێکدا، من سەرەتاو کۆتایی هەموو شیانم.»[11]

«من سەرەتاو کۆتایی هەموو شتێکم، بۆ خاوەن لۆجیکەکانیش ئەو ڕاستەقینەیەم کە هەمیشە ناشاردرێتەوە.»[12]

جگە لەم سێ بۆچوونە، بۆچوونێکی تر لە فەلسەفەی هیندیدا نییە، با ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە خوداوەند لەلای هیندییەکان بەپێی زانیاری ناوڤیداکان یەك خواوەندە زۆر ناو و شێوەی هەیەو بەم سێ جۆرە باس کراوە بۆ نموونە (کریشنا - ڤیشنو - ڕام براهمن - بەگوان - پارامائەتما . . . هتد) ناون بۆ یەك پەروەردگار، تەنیا جۆری پەیوەندیو سفاتەکانی دەگۆڕێت. ئەگەر یەکێك شارەزایی لە زمانی هیندی نەبێت و ئەم فەلسەفەیەش بە باشی دەراسە نەکات تۆمەی پۆلێزم ئەخاتە پاڵ هیندییەکان و واتێ دەگات کە بڕوایان بە چەند خوداوەندێك هەبێت. ئەمڕۆ زۆر لە کۆمەڵەو گرویی هیندییەکانیش بە باشی لە ڤیداکان نەگەیشتون و فریشتەکانیش وەکو شیڤا - ئەندێراو - گەنی شاو . . . هتد) بەخواوەند دادەنێن. لە وڵاتی خۆشمان بە مانگا پەرست و ڕووبار پەرست و مارپەرست ناسراون. لە ڕاستیدا هیندییەکان مانگا پەرست نین، یەکێ مانگا حەیوانێکی پیرۆزە لەلایان و بووە بە (تابو) بە ڕای مێژوی هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ باری ژیانی ئابووری کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی وەکو هیند. مانگایەك سەرچاوەیەکی گەورەیە بۆ ژیان و گوزەرانی خێزانی جوتیارێکی هیند. تەنانەت لە لادێکانی کوردستانیشدا مردنی مانگایەك زۆر جار لە مردنی منداڵی جوتیارێك سەخت تر بەهەمان شێوەش ڕووباری (کەنگا) سامانێکی ئاوی گەورەیە بۆ خەڵکی و زۆر لە کشتوکاڵی ئەو ناوچەیە پشت بەم ڕووبارە پان و درێژە دەبەستێت. هیندییەکان زۆر باش ئاگادارن، کە مانگا خواوەند نییە، بەڵام بەپێی پەرتووکە ئایینییەکانیان ئەم حەیوانەبەکەڵکە پاداشتی خواوەندەو دراوە بە مرۆڤ و پێویستە، ڕێزی لێ بگرێت.

لە پەرتوکی (گیتا)دا وا باسکراوە کە دوو جۆر ووزە لە خوداوەندەوە یا لە کریشناوە دەردەچن، دەرچوونی ئەم ووزانە تۆزێك لە بوونی کریشنا کەم ناکەنەوە. ووزەی

هەوالنامەی کتێب

گیانەکی لە گیانی مرۆڤ و زیندەوەرەکان و هەموو ئەو بابەتانەی ژیانیان تێدایە پێك هاتوە ئەم جۆرە وزەیە پێی ئەوترێ (جیڤێ) واتە ژیان. گیانی مرۆڤ و زیندەوەرەکان بچوکن و لە شێوەی ئەتۆمدان. وەکو باسیشمان کرد ئەم ئەتۆمە گیانەکییانە لە سفاتەکانیاندا وەکو گیانی خوداوەندو تەنیا لە زۆری و کەمی ئەندازەی سفاتەکاندا جیاوازییان هەیە. ئەم ئەتۆمە گیانەکی یانە کەوتوونەتە ناو جیهانی ماتریالییەوەو لەگەڵیدا هەڵس و کەوت دەکەن، جوانی و رابواردن و خۆشی جیهانی ماتریالی زۆر جار سەرنجی ئەم ئەتۆمانە بەلای خۆیدا رادەکێشی و توشی داوای عەشقی جیهان پەرستیان دەکات و دەیان خاتە ناو ژیانێکی هیدۆنستییەوە، کە بەرای هیندییەکان ژیانێکی پر (وەهم)و ناموێیە.

بە رای من ئەم مەسەلەیە بەرەو ئالۆزیمان دەبات و زۆر پرسیاریش لەبەردەممانداد ادەنێت بۆچی خوداوەند ئەم ئەتۆمە گیانەکیانە لە خۆی دەپچڕێ و فرێیان دەداتە ناو جیهانی ماتریالییەوە؟ لە هەمان کاتیشدا بۆچی سزای هەڵەکانیان دەداو دۆزەخیان بۆ ئامادە دەکات؟ ئەگەر ئەم ئەتۆمانە پارچەی بچوك بن لە گیانی خوداوەند.. بۆچی دەیەوێت ئەم پارچانەی خۆی بە ئاگری دۆزەخ بسوتێنێ و ئازار بە خۆی بگەیەنی؟ ئەگەر سەرپەرشتی هەموو شتێك بکات و لەناو هەموو زیندەوەرێکدا بێت ئایا خۆی لێ پرسراو نییە بەرامبەر هەڵوێستی باشی و چەوتی ئەم ئەتۆمانە؟ ئەوەی راستی بێت فەلسەفەی هیندی لە ئاستی ئەم پرسیارانەدا دەستی کورتەو هیچ وەڵامێکمان ناداتێ.

لەلایەکی تریشەوە دەتوانین بڵێین کە ئەگەر جیهانی ماتریالی بەشێکی تر بێت لە ووزەی خوداوەند لەوەوە دەرچوبێت، چۆن دەبێت بەسەرچاوەی خراپەو گوناهـ و (وەهم)؟ بەرای زۆر فەیلەسوفی هیندی لەبەر ئەوەی جیهانی ماتریالی بەشێکە لە خوداوەند نابێت بەسەرچاوەی وەهم و خراپەکاری، بەڵام خراپەکاری لە ئەنجامی هەڵوێستی نالەباری ئەم ئەتۆمە گیانەکییانەوە پەیدادەبن چونکە نازانن چۆن بابەتە ماتریالییەکان بەکاربهێنن و سوودیان لێ وەربگرن. هەموو دەزانین مرۆڤ بەبێ خۆراك ناژی، بەڵام زۆرخواردن زیانێکی زۆر بە تەندروستی دەگەیەنێ.

بەم جۆرە خراپەو ئاژاوە کۆمەڵایەتییەکان بەرای ئەم فەیلەسوفانە لەو رۆژەوە پەیدابوون کە مرۆڤ دەستی تەماعی بۆ جیهان درێژکردو زەویە باشەکەی بۆ خۆی داگیرکردوو زەوییە رەق و بەردەڵانییەکەشی، دا بە کەسانیتر. ئەگەر مرۆڤ بەماقوڵانە جیهانی ماتریالی بەکاربهێنایە ئاژاوەو خراپە نەدەهاتە کایەوە. ئەم ڕوون کردنەوەیە لەلای هیندییەکان زۆر نزیکە لە بۆچوونە ئابووریەکەی مارکسەوە، بەڵام بروایان بە سۆشیالیزم نییەو دیوارێکی ئەستوریان لە نێوان چینەکاندا بەرز کردۆتەوە.

گیانە ئەتۆمییەکان هەر چەندە لەناو لەشدان و پەیوەندییان بە جیهانی ماتریالییەوە هەیە، گۆڕانەکانی لەش و ئەو جیهانە کاریان تێناکات لەو کاتەدا کە مرۆڤ دەمرێ، گیان لەو لاشەیە جیادەبێتەوەو ئەچێتەناو لاشەیەکی ترەوەو سەرلەنوێ ژیانی لەسەر ئەم ئەستێرەیە دەست پێ دەکاتەوە ،ئەم لاشە گۆڕینە بە زمانی سانسکرینی پێی ئەوترێ (سەمسارا ـ samaara) ،(تناسخ الأرواح)و یەکێکە لە بنچینەکانی بیروباوەڕی هیندییەکان. بە پێی ئەم یاسایە، مەرج نییە گیانی مرۆڤ لە کاتی لاشە گۆڕیندا بگەڕێنەوە لاشەی مرۆڤێکی تر بەڵکو کردەوەکانی ژیانی رابوردووی بریار لەسەر ئەم فۆرمە نوێیە دەدا ،گریمان مرۆڤ لە ژیانیدا زاڵم و بێ بەزەییبە، لە کاتی مردنیدا گیانی دەچێتە لاشەی گورگێکەوە مرۆڤە ساکارو بێ گوناهەکانیش لە شێوەی مرۆڤدا دەگەڕێنەوە بۆ ناو جیهانی ماتریالی. پیاوچاکەکانیش بەرەو ئەستێرەی ڕووناکی و بەختەوەری دەکەونەڕێ، ئەوانەی کە زۆر گوناهیان کردووەو لاشەگۆڕینیش ئەم گوناهانەیان ناشوانەوە لە ناو دۆزەخ دا، دەمێنێنەوە.

سۆفی و عاشقەکانی کریشناش لەگەڵ کریشنادا تێکەڵ دەبن و هەتاهەتایە دەژین.

ژمارەی ئەم بازنەی لەدایك بوون و لاشەگۆڕینانە بە پێی ژمارەی زیندەوەرەکان لە قیداکاندا دانراوە هەشت ملیون و چوار سەد هەزارە. بەڵام مەرج نییە گیانێك ئەم هەموو لاشەگۆڕینانەی بەسەردا بێت هەروەکو لە گیتادا نووسراوە[11] ئەو گیانانەی لە ناموێی ڕزگاربوون و خۆیان دەناسن، یاسای

سەمسارایان بەسەردا ساغ ناکرێتەوە[13].

مەبەست لە نامۆیی، نزیک بوونەوە خۆبەستنەوەی گیانە ئەتۆمیەکانە بە ڕابواردن و خۆشی بەماتریالیەکانەوە.

ئەم نامۆییەدا بە ڕای هیندیەکان مرۆڤ واهەست دەکات کە خۆی بە تەنیا بوونێکی ڕاستەقینەی هەیەو هیچ هێزێک داگیرناکات و لەدوای ئەم جیهانەش هیچ جیهانێکی تر نییە. جا ستەمی پێگا بە تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە دامەزراوەو مرۆڤ لەم نامۆییەیە ڕزگاردەکات و سەرەنجای گەشتە گیانەکی یەکەی بەرەو نیشتیمانی ڕەسەنی ئەتۆمە گیانەکیەکان دەست پێدەکات.

لەم حاڵەتەدا مرۆڤ لەگەڵ هەموو لەشی گۆڕانێکیا هەنگاوێک لە کریشنا نزیک دەبێتەوەو هەنگاوێکیش لە سەمسارا دوور دەکەوێتەوە. ئەم گۆڕانەشی وەکو باسم کرد کار ناکەنەسەر ئەتۆمیەکان و نایان گۆڕن، چونکە گیان هەمیشە وەکو خۆی دەمێنێتەوە،[11] هیچ هێزێک گیان ناشکێنێ، هیچ ئاگرێک نایسوتێنێ، هیچ ئاوێک نوقمی ناکات، هیچ بایەکیش لەگەڵ خۆیدا هەڵی ناگرێت.[14]

ئەم یاسای سەمسارایەو بیروباوەڕی لاشەگۆڕینە لە خۆیدا کەمێک ئاڵۆزەو سەنجمان بەلای زۆر خاڵی تردا ڕادەکێشێ. لە شاری بۆمبای لە کۆڕێکی (بەکتی پادا) فەیلەسوفێکی هیندی و ڕابەری بزوتنەوەی هارێ کریشنایە ئامادەبووم و لە کۆتایی کۆڕەکەدا ئەو پرسیارەم کرد کە ئایا بۆچی هیندیەکان گۆشت ناخۆن وەیا حەیوان ناکوژن لە کاتێکا بڕوایان بەمردن و تێک شکاندنی (گیان) نییە؟ لەلایەکی ترەوە حەیوان کوشتن دەبێتە هۆی ڕزگارکردنی ئەو گیانە لەناو ئەو لاشەیەداو قۆناغێک زووتر بەرەو ئەواوکردنی زنجیرەی لەدایک بوون و لاشەگۆڕین دەبرێ. ئەگەر گۆشتی ئەو زیندەوەرەش بخۆین گیانەکەی ناخۆین و ناکەوێتە ژێر کەڵەدانمان.

ئەم پرسیارەی من زیاتر فۆرمێکی میتافیزیکیانەی هەیەو پەیوەندی بە خاسیەت و چۆنیەتی گیانە ئەتۆمیەکان و ناکۆکی یەکانی ناو بیروباوەڕی فەلسەفەی هیندیەوە هەیە بەڵام وەڵامەکەی بەکتی پادا شێوەیەکی جیاوازی وەرگرت و لە ڕوانگەیەکی ڕەوشتی و یا زیاتر قانونیەوە ویستی ڕازیم بکات. بەڕای بەکتی پادا، هەروەکو چۆن ناتوانین هەڵمەت بەرینە سەر خەڵکی و خانۆکانیان بەسەردا بڕوخێنین چونکە کارێکی ناڕەوشتانەیەو یاساو دادگا تاوانبارمان دەکات، بەهەمان شێوەش لاشەی زیندەوەرەکانی مۆڵکی ئەو گیانە ئەتۆمیانەو بۆ ئێمە نەهاتووە بیان ڕوخێنین و مااڵوێرانیان بکەین.

ئەم بیروباوەڕە لەلای گروپی جانیەکان ئەوەندە بەهێزە تەنانەت کە هەناسە ئەدەن پەڕوێەکی تەنک بەدەم و لوتیانەوە دەبەستن تاکو ئەو زیندەوەرە بچکۆلانەی لەناو هەوادا دەژین و بەچاو نابینرێن نەچنە ناو هەناسەیانەوەو نەکوژرێن.

خۆ ئەگەر سوفیەکی ئەم فیرگەیە سێ ڕۆژ لەژێر دار سێوێکا دانیشی و چاوەڕێی سێوێک بکات تا لە دارەکە بکەوێتە خوارەوەو بیخوات، بەلاتەوە سەیر نەبێت بڕوای وایە کە ئەو میوەیە مۆڵکی ئەو دارەیەو ویژدانی ڕێگەی نادات بیرنێتەوە.

پرسیارێکی تر کە لێرەدا لەبەردەمماندا قوت دەبێتەوەو ئەوەیە کە بۆچی ژیانی ڕابردوومان نایەتەوە یاد؟ لە بەشی چوارەمی (گیتا) بەندی پێنجەم نووسراوە: کریشنا بە ئەرجونا دەڵێ: «ئەی ئەرجونا تۆ زۆر جار لەدایک بوویت و لاشەت گۆڕیوە، بەڵام هیچت نایەتەوە یاد من هەموویانم لە یادە.» مەبەستی کریشنا (خوداوەند) لەم بەندەدا ئەوەیە کە کارەساتێکی لەدایک بوون لە بنەڕەتدا کارەساتێکی ناخۆش و جەرگبڕەو گیانە ئەتۆمیەکەی پیادا دەگەڕێتەوە بۆ ناو ژیانی پڕ لە کۆڕەوەری و کڵۆڵی و هەژاری و نەخۆشی.

ئەم کڵۆڵی و ناخۆشی یانەی ژیان هەموو یادگارو تاقی کردنە - وەکانی ژیانی ڕابردوومان لە بیر دەباتەوەو وادەزانین بۆ یەکەم جار لەدایک دەبین. هۆی دووەمیش دەگەڕێتەوە بۆ بچووکی و بێتوانایی گیانە ئەتۆمیەکان بەڵام گیانی گریشنا لەبەر ئەوەی ڕەهایە هەموو زانیاریەکی ڕابردوو ئەبڕوو داهاتووی هەیە. هەروەها لە هەمان پەرتوکدا باس کراوە، کە تەنیا سۆفیەیەکی سەرگەرمەکان وە، یا عاشقەکانی کریشنا دەتوانن ژیانی ڕابردوویان بهێنێتەوە یاد.

هەواڵنامەی کۆڕی

هۆی سێهەمیش پەیوەندی بەباری سایکۆلۆجی مرۆڤەوە هەیە. بابلێین یەکێك لە ژیانی ڕابردوویدا ئەسکەندەری مەکدونی بووە ئیستاش بوە بە سوالکەرێکی ڕووت و برسی سەرشەقامە گەرمەکانی (بۆمبای)و ڕۆژی نانێکی دەست ناکەوێت و بەتەواوی ژیانی ڕابردووی خۆی دێتەوە یادو ئەگەر سەر لە مۆزەخانەش بدات پەیکەرە گەورەکەی خۆی دەبینیت و خەڵکی بەسەبەرزییەوە باسی میژووی جەنگەکانی دەکەن، بەڵام ئێستا لەم فۆرمە تازەیەدا وەکو سوالکەر ڕێگای نادەن بە شەو لەژێر چیغی دوکانێکیشا، بخەوێت.

ئایا ئەم مرۆڤە نەگبەتە وەیا ئەسکەندەری مەکدونی لە چی بارو دۆخێکی دەروونیدا دەژی؟ لەوانەیە لە یەکەم ڕۆژەوە بخرێتە یەکێك لە شێتخانەکانەوەو بە زنجیریش قاچ و دەستی ببەستنەوە تا ڕانەکات.

جگە لەم سێ هۆیە، هیندیەکان هۆیەکی تریان بۆ لە بیر چوونەوەی ژیانی ڕابردووی ئەژمەکان نەداوەتەوە. هەرچەندە هۆیەکی زانستیانە نین و ئێمەش ڕازی ناکەن.

حەزەکەم وەکو خۆی بەکاڵ و کرچی بۆ خوێنەری بەجێبهێڵم.

فەلسەفەی کۆمەڵایەتی

کێشەو مەسەلە کۆمەڵایەتیەکان لە کۆنەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە. بۆ نموونە هیندیەکان وەکو یونانیەکان زۆر لایەنی ئەم کێشانەیان ڕوون کردۆتەوە. بەڵام ئەم ڕوون کردنەوانە میتافیزیکیانەن و لەبەر تیشکی زانستدا ئەماشا نەکراون.

حەزدەکەم پێش ئەوەی باسی ئەم لایەنەی فەلسەفەی هیندی بکەم پەیوەندی نێوان ئەفلاتون و ئوپانیشادەکان ڕوون بکەمەوە تاکو خوێنەر زیاتر تێگەیشتنێکی فراوان و فەلسەفیانەی دەست کەوێت.

ئەفلاتون لە (تیماوس)دا دەروونی مرۆڤی کردوە بە سێ بەشەوە. بەشی یەکەم کە دەکەوێتە ناو سەرەوە (هۆش) خاوەن و سەرچاوەی زانیاری شێوە بەرزەکانەو لە هەموویان پیرۆزترە. ئەوانەی بەشێکی زۆری هۆشیان بەرکەوتووەو خاوەنی ئەم زانیاریانەن فەیلەسوفەکانن و لە کۆمارەکەیدا فەرمان ڕەوایی دەکەن.

بەشی دووەم (دەروون) دەکەوێتە سنگەوەو سەرچاوەی ئازایەتی و مەردایەتیە، سەربازەکان و جەنگاوەرەکان خاوەنی ئەم بەشەن. بەشی سێیەم (غەریزە) دەکەوێتە سکەوە، بووە بە سەرچاوەی کارە غەریزەییەکان وەکو زاووزێکردن و گەشەکردن و کارەکانیتر. لەم بۆچوونە میتار بایلۆجییەوە ئەفلاتون لەناو (کۆمارەکەیدا)، کۆمەڵی کردوە بەسێ بەشەوە (فەرمانبەران)، (سەربازەکان) هەروەها (کارکەران و جوتیاران و بازرگانان) کە سەرچاوەی بەرهەم هێنان و بازرگانین جا لێرەدا باسی ئەم بیردۆزە ڕامیاریەی ئەفلاتون ناکەم چونکە باسێکی دوورو درێژەو ڕوون کردنەوەی زیاتری پێویستە مەبەستم تەنیا دەست نیشان کردنی نزیکی فەلسەفەکەی ئەفلاتونە لە فەلسەفەی هیندییەوە، ئەفلاتونیش وەکو هیندییەکان باری کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و کێشە سیاسیەکانی لەسەر بنچینەیەکی میتافیزیکی لێکداوەتەوە.

بە ڕای ڤیداکان هەروەکو چۆن لەشی مرۆڤ لە چوار بەشی سەرەکی پێك هاتوە (سەر، سنگ، سك، قاچ) کۆمەڵیش بەسەر چوار چیندا دابەش بووە. بەرزترین چینی کۆمەڵ چینی (براهمەن - Brahman)، جێگەو گرنگی ئەم چینە لە کۆمەڵدا وەکو جێگەی سەر وایە لە لەشدا، ئەم چینە خاوەنی زانیاری ناو ڤیداکانن و لەبەر ئەم هۆیەش کارناکەن تەنیا نان خۆرن و بیرو باوەڕی ڤیداکان بە خەڵکی ڕادەگەیەنن و خەڵکی دەخەنە سەر ڕێگای خوداوەند پەرستی. ئەم چینە هەرگیز تێکەڵی چینەکانیتر نابن، ژن لە چینەکانیتر ناهێنن و کەسیش لە چینەکانیتر ناتوانێ ژنیان لێبهێنێ، تەنانەت کەس ناتوانێ لە قاپێکا نانیان لەگەڵدا بخوات وەیا لە خانوویەکدا لە گەڵیانا بژین بە هەموو جۆرێك لە چینەکانیتر دابڕاون، فەرمان ڕەواکانیش وەیا پادشاکان بەبێ ئامۆژگاری براهمەنیەکان بڕیار لەسەر هیچ کارێك نادەن.

با ئەوەش بزانین کە هەموو فەیلەسوفە هیندییەکان بڕوایان بە هەڵوێستی و خاسیەتی چینە نییە. بودا بە هیچ شێوەیەك جێگەی

برهمەنی‌یەکانی لە سستەمە کۆمەڵایەتیەکەیدا نەکردۆتەوە، بزوتنەوەی (هاریکریشنا) کە پەیرەوی پەرتوکی (گیتا) دەکات کۆمەڵی بەم شێوەیە نەخستۆتە ناو بلۆکی کۆنکرێتی‌یەوەو گۆرانەکانی کۆمەڵی نەختکاندوە، لەلای ئەم بزوتنەوەیە هەموو براهمەنێك مەزن و پیرۆز نی‌یە و کەسانی چینەکانی تریش دەتوانن لە رێگای سستەمی یۆگاوە بین بە براهمەن هەڵوێستی بزوتنەوەی (هاریکریشنا) لەدوای ئایینەکەی بودا گۆران و بۆچوونێکی تازەی هێناوەتە ناو فەلسەفەی هیندی‌یەوە ،لەهەمان کاتیشدا هەڵوەشاندنەوەو رەفزکردنی بیردۆزە - میتا - بایلۆجی‌یەکەیە کە لە ڤیداکاندا باسکراوەو چینەکانی کۆمەڵی لەسەر دابەش کراوە. بەڵام هێشتیا ئەم بزوتنەوەیە نەیتوانیوە بناخەی میتافیزیك هەڵ وەشێنێتەوەو بە زانستیانە چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتی‌یەکان بکات، چونکە وەکو بزوتنەوەیەکی ئایدیالیستی یانە لەو بناخەیە جیانابێتەوە.

لە هەمان کاتیشدا ژیانی براهمەنی‌یەکان ژیانێکی سادەو کۆچەریە، ئەوانەی کە پەیرەوی سستەمی یۆگا دەکەن مال و سامان و ژن و منداڵیان جێ‌دەهێڵن و دوای زمانی عەشق و ئاگری دڵیان دەکەون و بە گۆچانێك و جلێکی زەردەوە شارەوشار دەسوڕێنەوە، ئەوانەی لەم گەشتە سوفی‌گەریەدا سەرکەوتون و بەتەواوی خۆیان لە جیهانی ماتریالی و خۆشی‌یەکانی دوور دەخەنەوەو چاوی دڵیان دەکرێتەوەو دەتوانن خوابینن بۆیان هەیە ئەم ئەستێرەیە جێ‌بهێڵن و بگەڕێنەوە ناو ئەتۆمە نەزنەکە. ئەم یۆگی‌یانە زۆر جار لەبەر چاوی خەڵکی لە یەکێك لە پەرستگاکاندا گیانی خۆیان لە لەشیان جیادەکەنەوە. ئەم ڕووداوە لەگەڵ ئاهەنگێکی بچکۆلانەدا رێك دەخرێ و یۆگی‌یەکە لەسەر سەکۆیەکی بەرز بەرامبەر خەڵکی لە شێوەی یۆگادا دادەنیشی، چاوەکانی بە ئەسپایی دەنوقێنێ و بۆ دوا جار هەناسەیەکی قوڵ هەڵ دەکێشێ. بەڵام ئەم چاونوقاندن و هەناسە هەڵکێشانەی بۆ دوا جارەو پاش چەند دەقیقەیەك دەمرێ وەیا وەکو خۆیان دەڵێن گیانی ئەو لاشەیە جێ دەهێڵێ و دەگەڕێتەوە لای کریشنا.

دوای ئەم ڕووداوە خەڵکی بەڕێزە گۆرانی بۆ گیانی دەڵێن و لاشەکەی دەسوتێنن:

وبا ئەم لاشەیەم بێت بە خۆڵەمێش
ڕەشەباش تۆزی بەرێ بە ئاسماندا
ئەی کریشنا.. ژیانم بۆ تۆیە..
تۆ تەنیا ڕاستەقینەیەکی لە پێناویدا دەژیم..
پەلم بگرەو بەرزم بکەرەوە..
سانە پاکەوە دەمەوێ بگەڕێمەوە لات.»[15]
بەم گیانە پاکەوە دەمەوێ بگەڕێمەوە لات.»[15]

براهمەنی‌یەکان بەپێچەوانەی فەیلەسوفەکانەوە لە کۆمارەکەی ئەفلاتوندا فەرمان ڕەوایی ناکەن و دەستەڵاتی ڕامیاریشیان نەدراوەتێ تەنیا مامۆستا و ڕێبەری ئایینین.

دووەم چینی کۆمەڵ لەدوای براهمەنی‌یەکان فەرمان بەرەکانی دەوڵەتن و پلەیەك لە خوار چینی براهمەنن، ئەم چینە جڵەوو دەستەڵاتی دەوڵەتیان گرتۆتە دەست و پێیان ئەوترێ شاتریاس، چینی سێیەم ڤیشیاس - (VaisYas) خاوەن زەویەکان و بازرگانەکانن، هەروەها ئەو جوتیارانەش دەگرێتەوە کە چەند سەر مەڕو ماڵاتیان هەیەو زەوی‌یەکی بچکۆلانەشیان دراوەتێ .چینی چوارەمیش (شودراس - Sudras) ، چینی کرێکاران و ڕەنجبەرانەو لە خوار هەموو چینەکانەوەیە، مەبەست لە چینی کرێکاران لێرەدا ئەو چینە نی‌یە کە لە کۆمەڵگایەکی بورجوازیدا پەیدادەبێت، چونکە ڤیداکان ئایدیۆلۆژیەتی کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵین و هەرگیز پەنجەیان بۆ ئەم چینە ڕانەکێشاوە. بەپێی ڤیداکان نۆکەرو خزمەت کارو کەناس و جل شۆرو ئەو کرێکارانەی کاری دەستی دەکەن خراونەتە ڕیزی ئەم چینەوە، ئەمڕۆش چینی کرێکارانی شارە پیشە سازی‌یەکانی هیند بەم چاوە تەماشا دەکرێن. ئەم کێشە چنایەتی‌یە لە کۆنەوە تاکو ئەمڕۆ وەکو خۆی ماوەتەوە کۆمەڵگای هیندی لەم سەردەمەدا هێشتا ڕەنگ و بۆی کویلایەتی پێوە دیارە. لە دێهاتەکاندا بیروباوەڕی دەربەگایەتی بەجارێ پێش خستنی کۆمەڵایەتی گۆڕ کردوە.

چەند فەیلەسوفێکی هیندی

(1) شەنکارا

ئەم فەیلەسوفە لە ساڵی (788) زایینی لە خواروی هیند

لەناو خێزانێکی براهمن لەدایك بوە، لە گەنجیی‌یەوە دەستی داوەتە خوێندن و دەراسەکردنی فیداکان ـ لە ساڵی 820 زاینین دا لە تەمەنی چل و دوو ساڵیدا لە خەڵوەتدا لەسەر چیا بەرزەکانی (هیمالایا) ئەم دنیایەی بەجێ هێشت.

ئەو سەردەمەی شەنکارای تیادەژیا گەرمەی بڵاوکردنەوەی بیرو باوەڕەکانی، تایبەتە تازەکەی بودا بوو. ئەم فەیلەسوفە لاوە بەپێچەوانەی ڕۆشنبیرانی سەردەمەکەیەوە دژی فێرگەی بودیزم ڕاوەستاو بیرو باوەڕەکانی بودائی بەلادانێکی گەورە دەزانی کە هەرگیز پەیڕەوی فیداکانی نەکردوە. لێرەدا شەنکارا هەوڵی‌دا فۆرمێکی نوێتر بدات بە فەلسەفەی هیندی‌و بنچینەیەکی بەهێزتر بۆ فیداکان دروست بکات و لەم گۆڕانە ڕادیکاڵی‌یەی بودا ڕزگاری بکات ئەم فۆرمە نوێیەش ئەمڕۆ بە (مۆنیزم ـ) monism ناسراوە.

بەڕای شەنکارا تەنیا ڕاستەقینەیەك کە لە جیهاندا هەبێت، ڕاستەقینەیەکی گیانەکی‌یە نەك ماتریالی. ئەم ڕاستەقینەش خواوەندەو خواوەندیش یەکێکەو هەموویان لەم ڕاستەقینەیەوە دەرچوون و بەشێکن لەو.

بیرو باوەڕی شەنکارا گەلێك لە بیرو باوەڕە مۆنیزمەکەی (هیگل)ەوە نزیکە، ئەو فەیلەسوفانەی پەیڕەوی پەرتوکی (گیتا) دەکەن بڕوایان وایە شەنکارا فەیلەسوفێکی ماتریالیستی‌یە چونکە خواوەندو سروشتی لەیەك جیانەکردۆتەوە.

دووەم خاڵ لەلای شەنکارا شێوەو سفاتەکانی خوداوەندە. هەروەکو شەنکارا دەڵێ: مرۆڤ بەم چاوە کزانەو مێشکە بچکۆلەیەوە ناتوانێ پۆرتریتی خوداوەند دروست بکات. خوداوەند لەناو قاڵبی ڕووخسارو سفاتدا تونڈ ناکرێت و ناخرێتە ژێر ڕووناکی زانستەکانی مرۆڤەوە.

تەنیا ئەوەندەی لەبارەوە دەزانین کە یەك خوداوەندەو هێزێکی مەزنەو خۆی ژیان و سروشتیشە. خوداوەند گیانەو لاشەشە، ژیان و ماتریالیشە ئێمەو هەموو بابەتەکانی‌تر لەناو سستەمە ماتریالی‌یەکەی گەردوونداً بەشێکن لە خوداوەند.

ئەم بارەوەی شەنکارا وەکو بارەوە پانتیزمەکەی ئیبن عەرەبی‌و سپینوزاو هیگڵە. هەروەها وەکو (کانت)یش باسی خوداوەندو سفاتەکانی دەکات.

هەروەکو چۆن لای هیگڵ جولانە دیالیکتی‌یەکان گۆڕانی کانیگۆریە هەمەکیەکانن و ئەم گۆڕانانە باسی وجودی تاکەکانمان بۆ ناکەن بەڕای شەنکاراش ئەگەر ڕاستەقینە هەبێت ئەو ڕاستەقینەیە هەمەکی‌یەو بابەتە تاکەکانیش وەهمن.

بەم جۆرە لەلای شەنکارا خوداوەند جیهانی دروست نەکردوە بەڵکو خۆی جیهانە وەیا خۆی زاتەو بابەتیشە.

بەڵگەی شەنکارا بۆ قایم کردنی ئەم بیرو باوەڕەی ئەوەیە ئەگەر خوداوەند هەبێت نابێ گۆڕانی بەسەردا بێت، جا ئەگەر گریمان (هەروەکو لە گیتادا باس کراوە) بابەتە ماتریالی‌یەکان و گیانە ئەتۆمی‌یەکان لە خوداوەندەوە دەرچوون و جیابوونەتەوە، هەروەکو چۆن نیشکەکان لە خۆرەوە دەردەچن ئەوا ئەم دەرچوون و گۆڕانە دەبنە هۆی خۆڵقاندنی گۆڕان و کەم کردنەوە لە زاتی خوداوەند. لەبەر ئەم هۆیەشە شەنکارا بڕوای بە بیردۆزەی (الفیض) نی‌یە.

هەروەها لە (نیشو ـ ئوپانیشاد)یشا ڕوون کراوەتەوە کە دەرچوونی گیانە ئەتۆمی‌یەکان و بابەتە ماتریالی‌یەکان تۆزۆکەیەك لە زاتی کریشنا کەم ناکاتەوە، چونکە ئەم زاتە هەمیشە پڕە.[16]

(2) ڕامانوجا

ڕامانوجا وەکو شەنکارا لە خواری هیندە لە ساڵی (1016)ی زایین لەدایك بووە و لە ساڵی (1137)دا مردوە. ئەم فەیلەسوفە سێ شاکاری گەورەی فەلسەفی لەدوای خۆی جێ هێشتوە.

ڕامانوجا بەپێچەوانەی شەنکاراوە بڕوای بە فێرگەی دوولیزم هەیە. خوداوەندو جیهانی لەیەك جیاکردۆتەوەو بە دوو ڕاستەقینەی جیاوازیان دادەنێ لەهەمان کاتیشدا بڕوای بە گەورەیی‌و دەسەلات داریتی کریشنا بەسەر ماتریالدا هەیە. بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم بیروباوەڕەش ڕامانوجا پەنای بردۆتەبەر پەیوەندی‌و جیاوازی نێوان (گیان و لەش) لە مرۆڤدا. با ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە ڕامانوجا وەکو شەنکاراو کانت باسی ڕووخسارو سفەتەکانی خوداوەندمان بۆ ناکات و تەنیا بە هێزێکی گیانەکی دادەنێ کە لە دەرەوەی جیهانی ماتریالیدا دەژی.

(3) چیتانیا:

لە سەدەی شانزەهەمی

زایین دا له سالی (1616) له به‌نگال له‌دایك بوه.

له گه‌نجی‌یه‌وه بیرویاوه‌ره فه‌لسه‌فی‌یه‌کانی خۆی داڕشتوه‌و بلاوی کردونه‌ته‌وه‌و خه‌ڵکێکی زۆریش دوای که‌وتون. دوای مردنیشی زۆر له شاگرده‌کانی له‌و بڕوایه‌دا بوون که چیتانیا خوداوه‌نده‌و له شێوه‌ی مرۆڤدا هاتۆته‌سه‌ر زه‌وی ئه‌م بیرویاوه‌ڕی (حلول Incamation) له فه‌لسه‌فه‌ی هیندیدا بۆ یه‌که‌م جار لای قوتابی‌یه‌کانی چیتانیا باس نه‌کراوه. ڤیداکان له کۆنه‌وه ئه‌م خاڵه‌یان روون کردۆته‌وه باسی ئه‌وه‌یان کردوه که کریشنا (خوداوه‌ند) زۆر جار دابه‌زیوه‌ته‌سه‌ر ئه‌م ئه‌ستێره‌یه و ڤیداکانی به‌پاکی و دروستی بۆ شاگردو عاشقه‌کانی شێ‌کردۆته‌وه له‌به‌ر ئه‌م هۆیه‌شه خوداوه‌ند له‌لای هیندی‌یه‌کان زۆر ناوی دراوه‌تێ چونکه هه‌ر جاره‌ی به ناوێك وه‌یا له شێوه‌ی که‌سێکدا خۆی به خه‌ڵکی ناساندوه.

جارێکی‌تر ئه‌وه‌ش دوویاره ده‌که‌مه‌وه له‌ناو ڤیداکاندا یه‌ك خوداوه‌ند هه‌یه‌و هیندی‌یه‌کان بڕوایان به پۆلیتزم نی‌یه، وه‌ئه‌وانه‌ی بڕوایان به دوو خوداوه‌ند هه‌یه له‌سه‌ر ئه‌ستێره‌ی نه‌زانی‌و تاریکی جێگه‌یان بۆ ئاماده کراوه.[17]

جه‌وهه‌ری فه‌لسه‌فه‌که‌ی چیتانیا له په‌رتوکی (گیتا)وه ده‌رهێنراوه. به‌رای ئه‌م فه‌یله‌سوفه خوداوه‌ند وه‌کو خوداوه‌نده‌که‌ی شه‌نکاراو ڕامانوجا بێ‌ڕه‌نگ و بێ‌بۆن نی‌یه‌و خاوه‌نی هه‌موو سفاتێکی جوانی‌و چاکه‌یه.

وه‌کو مرۆڤیش خاوه‌نی که‌سایه‌تی‌یه‌و (Person) شێوه‌شی هه‌یه، به‌ڵام شێوه‌ی خوداوه‌ند شێوه‌یه‌کی گیانه‌کی‌یه‌و له گۆشت و ئیسقان دروست نه‌بوه گه‌ردوونیش به هه‌ر دوو شێوه‌که‌یه‌وه گیانه‌کی و ماتریالی له زاتی ئه‌م که‌سه مه‌زنه‌وه ده‌رده‌چن.

ئه‌م بۆ چوونه میتافیزیکی‌یه بۆ زاتی خوداوه‌ند له داستانه هیندی‌یه‌کاندا جێگایه‌کی تایبه‌تی‌و دیاری‌کراوی هه‌یه‌و (کریشنا) بوه به پاڵه‌وانی زۆر ڕووداوو کاره‌ساتی مه‌زن له ژیانی هیندی‌یه‌کاندا. وێنه‌و په‌یکه‌ری کریشناش له زۆر په‌رستگاو شوێنه گرنگه‌کاندا دانراوه. له‌م وێنه‌نانه‌دا کریشنا لاوێکی جوان و گه‌نجه‌و ڕه‌نگی له‌شی وه‌کو ڕه‌نگی هه‌ور وایه خۆشترین کاتی کریشناش ئه‌و کاته‌یه که شمشاڵ بۆ (رادا)ی کچه ده‌ستگیرانی لێ‌ده‌دات و ڕاداش جوانترین سه‌مای بۆده‌کات یه‌کێك له سه‌ما به‌ناوبانگه‌کانی رادا له‌ژێر تیشکی مانگه شه‌وێکی ڕوناکدا سه‌مای (راسا)یه‌که تاکو ئه‌مرۆ به‌ناوبانگه.

به‌م شێوه‌یه موسیقاو سه‌ماو گۆرانی له ژیانی هیندی‌یه‌کاندا بووه به فه‌لسه‌فه‌و ئایین، خوداوه‌ند (کریشنا) هونه‌رمه‌نده‌و موسیقاره. ئه‌وانه‌ی دوای ئه‌م ڕاڕه‌وه که‌وتون له په‌رستگاکانیاندا له کاتی نوێژکردندا گۆرانی ده‌ڵێن و سه‌ما بۆ کریشنا ده‌که‌ن.

1984/8/16 که‌راچی.

سه‌رچاوه‌کان

1 ـ که‌نگاو جه‌منا دوو ڕوویارن له‌ولاتی هیند.

2 ـ the, Upaalshads., 1977 In dia

3 ـ Vitsaxis, Plate and 1984/8/16 که‌راچی.

3 ـ گیتا یه‌کێکه له ئوپانیشاده‌کان.

4 ـ 3/ ز 11و Gita

5 ـ 4 ز 11 و Gita

6 ـ S. Dasa Gosvami, Reading in Vedic Literature, 1934, P. S

7 ـ الشهرستانی، الملل والنحل ـ الجزء الاول ـ لاپه‌ره 93.

8 ـ Sriupanishad (A. 6)

9 ـ 6/ ز 13و Gita

10 ـ 15 ز 13 Gita

11 ـ 20ز 15 Gita

12 ـ 32 ز 10 Gita

13 ـ 13ز 2 Gita,

14 ـ 23 ز 2 Gita,

15 ـ (16 . A) Sriusfipanishad

16 ـ (1 . Sri apunishad

17 Sri Upanishad (A 12.

تێشکێك له سەرگۆڤاری «رووناکی»

سەرەتا 1935 ـ 1936/ هەولێر

ـ د. کوردستان موکریانی ـ

«بە بۆنەی رۆژی رۆژنامەگەری کوردیدا لە 1985/4/22دا لە کۆرێنکی فراوان دا لە بەغدا پێشکێش کرا، کە لە لایەن دەزگەی رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردیدا سازکرابوو.»

بە بیروڕای من، ئێستە باری رۆژنامەگەری کوردی گەیشتۆتە ئەو پلەیەی، کە هەر گۆڤارو رۆژنامەیەکی لە قۆناخێکی مێژوویی دا دەوری رۆشنبیری خۆی لە نێو کۆمەڵ دا بینیوە، پێویستە تیشکی لێکۆڵینەوەی زانستانەو بابەتانەی بخرێتە سەر، هەر بۆیە بوو رۆژی یادکردنەوەی رۆژنامەگەری دوو ساڵ لەمەوبەرم بە هەل زانی بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی نۆبەرەی رۆژنامەگەریمان، کە گۆڤاری کوردستان بوو، پێشکێش بکەم، وا یادی بڵاوەری ئەمسالیشم بە دەرفەت زانی بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ سەبارەت بە یەکەمین چاپەمەنی شاری هەولێر بخەمە بەردەست، ئەم چاپەمەنیە گۆڤاری (رووناکی)یە، کە (50) ساڵ لەمەوبەر یەکەمین ژمارەی لێ بڵاوبۆتەوە، ئەم قۆناخە مێژوویەو یەکەمین چاپەمەنی چاکترین کەرەستەن بۆ ڕوون کردنەوەی باری ئەوسای رۆژنامەگەری لە ڕووی دەرهێنانی و شوێنی، چاپخانەی، کارگێرانی لە پاڵ ئەوانەش دا بابەتەکان جۆری بیرکردنەوەی نووسەرانی کوردمان نیو سەدە لەمەوبەر بۆ ئاشکرا دەکات، ئەم هۆیانە پاڵیان پێوە نام، تیشکێك بخەمە سەر بابەتێکی رۆژنامەگەری پەنجا ساڵ لەمەوبەر.

دەرەوشانەوەی تیشکی رووناکی لە نێو ئاسمانی رۆژنامە ـ گەری کوردیدا بە قۆناخێکی مێژوویی پیرۆز دەدرێتە قەڵەم لە کاتێك دا، کە کورد پێویستی بە گەشەسەندن و خزمەت کردنی ووشەی پیرۆزی کوردی هەبووە.

پەخش بونەوەی گۆڤاری (رووناکی) لە شاری هەولێردا وای کرد، کەوا بۆ یەکەمین جار شاری هەولێر هاوبەشی کاروانی رۆژنامەگەری کوردی بکات، هەل هاتنی خۆری گۆڤاری (رووناکی)و خێرا ئاوابوونی بونە هۆی داواکردن و پێویستی هەبوونی رۆژنامە وەیا گۆڤارێك بە زمانی کوردی لە شاری هەولێردا، ئەوە بوو ناو ناوە گۆڤارێك وەیا رۆژنامەیەك لەم شارەدا دەردەچوو وەك رۆژنامەی هەولێر (1950 ـ 1953)، گۆڤاری هەتاو (1954 ـ 1961)، رۆژنامەی هەولێر لە شێوەی پەخشنامەیەك دا بوو (1962 ـ 1963)، گۆڤاری تیشك (1969 ـ 1970)، گۆڤاری چیا (1970 ـ 1971)، گۆڤاری بیری نوێ (1972)و گۆڤاری نووسەری نوێ (1972)و گۆڤاری بۆ پێشەوە (1973) گۆڤاری رۆشنبیر (1973)، گۆڤاری خانزاد (1982 ـ 1983)، ئێستەش گۆڤاری کاروان و گۆڤاری ئۆتونۆمی لێ دەردەچێت.

ژمارە یەکی گۆڤاری (رووناکی) لە رۆژی پێنج شەممە 24ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1935دا دوا ژمارەی لە 16ی مایسی ساڵی 1936 دەرچووەو ژمارەکانی (11) یازدە ژمارە بوون.

ژمارەی یەکەم و دووەمی گۆڤارەکە لە چاپخانەی (موصل حدیثە) چاپکراوە، ژمارە (3و4 و5و6)ی لە چاپخانەی زاری کرمانجی لە رەواندز، بەڵام ژمارەکانی دوای ئەوانە لە چاپی زاری کرمانجی لە هەولێر[1] چاپکراون.

مامۆستا حسین حزنی بۆنەی گواستنەوەی چاپخانەی زاری کرمانجی لە رەواندزەوە بۆ هەولێرو دامەزراندنی یەکەمین چاپخانە لەم شارەدا بە هەل زانیوە، بۆ ئەوەی بەرهەمێکی وێژەی ومێژووی، کە رووداوەکەی پێوەندی بەو خاکەوە هەبووە پێشکێش بە دانیشتوانی هەولێر بکات و لە باسی (یەزدان دوخت شەنگێکی پاکیزەی دلبەری

هەولێر



لاپەرە		
۱	رونا کی	دلسوزیکی تزیك
۱	مجلة ی رونا کی	
۲	مطبعة ي زاركرمانجی	(ر)
۳	رونا کی	اومەجی
۵	اقتصادیاتي نیشتماني کورد	حسین حزني
۷	اجتماعیات کومله ي	حسین حزني
۱۰	مشکلاتي بي ایشی	محامی شیت مصطفی
	به رزی وناو	
۱۱	له قلی اوروپادا	
	دولتیکی اسلام	ك ح
۱۲	به رزي وناو	
۱۵	بزر کردنی دلنیالی	
۱۶	غزلی عبد الله بك مصباح — ئەده ب	

موصل له چاپخانه ی موصل حدیثه چاپ کرا

۲٤ تشرین یکه م ۱۹۳۵

هەولێری کتێب

هەولێری)دا وتوویەتی: -

[کتێبی- یەزدان دوخت الشریفة الاربیلیة - تالیفی استاذ فاضل میژووونووسی بە ناوبانگ قس سلیمان صایغ موصلی، کە ساڵی 1934 لە چاپ دراوە کەوتە بەر چاوسان سەربەخۆردی اجتماعی و ملی ئەو شریفە هەولێریەمان بە کورتی نوسیوە، چونکو ئەمە یەکەمین مجلەیەو یەکەمین مطبعەیە لە وطنی ئەو شەنگ و شوخە هەولیریەدا چاپ و بە کاربراوە، ویستم بە ناوی و رەوشت و رەگەزی ئەو نازەنینە هەولێریە چەند دیریك تقدیم بە خوێندەوارانی محترم بکەم و لە شکلی روایەتیکی کورت دا بیخەمە بەرچاوان..].

لە سەر بەرگی دەرەوەی هەر یازدە ژمارەدا دیمەنی رۆژێك، کە تیشکەکانی دەرەوشێنەوەو رووناکی دەبەخشن کێشراوە، لەسەر دیمەنەکە نێوی گۆڤارەکە (رووناکی) نووسراوە، هەر لە سەر بەرگی دەرەوەی فهرستی بابەتە بلاوکراوەکان و لاپەرەکانیان تۆمار کراوە، کە هیچی لە 12و13 بابەتی جۆراو جۆر کەمتر نەبوون. رەنگی بەرگی هەموو ژمارەکان سەوز وەیا نارنجی بوون.

لە ژمارە (1 - 6) لە ژێر پێرست دا شوێن و کاتی لە چاپدانی گۆڤارەکە بلاوکراوەتەوە، بەڵام هەمان کلیشەش لە دێری یەکەمی لاپەرەی یەکەم دا دووپات بۆتەوە. بەرپەری ناوەوەی بەرگی یەکەم لە هەموو ژمارەکانیدا هیچی لێ نەنوسراوە، بەڵام بەرگی دووەمی دەرەوەی دروشمی هەمیشەیی رووناکی تێدا چاپکراوە کە بڕێتیە لەمانەی خوارەوە: -

رووناکی رەوشت و دەستورێکی بەرزی هەیە رابردوو ئێستە بە ناسین دەدا بە رەهبەرێکی باش.

رووناکی بە دڵێکی خاوێن بۆ یەکێتی عراق تێدەکۆشێ.

رووناکی ئەدەبیات و زانستی کورد کۆدەکاتەوە.

رووناکی بیرەوەری بۆ کورد دەکات.

رووناکی رەوشت و خوی کورد تازە دەکاتەوە

رووناکی ناوی ناودارانی کورد بەخبودەکا

رووناکی گۆڤارێکە لە ژمارەکانیدا دیوانی ئێستەو رابردووو فەرهەنگ و شێوەی کوردو زانستی اجتماعیات نەشردەکا.

بەڵام بەرپەری ناوەوەی بەرگی دووەمی لە ژمارە 1 - 5 هیچی تێدا چاپ نەکراوە، لە ژمارە (6 - 11) تکایەکی هەڤاڵانەو دۆستانەی تێدا پەخش کراوە، بۆ ئەو کەسانەی لاپەرەی گۆڤارەکە بە ووتار بەرز دەکەنەوە کەوا ووتارەکانیان تەنیا زانستی و وێژەیی وکۆمەڵایەتی بێت.

بەشی سەرەوەی لاپەرەی یەکەمی هەموو ژمارەکانی گۆڤارەکە بۆ ناساندنی تەرخان کراوەو کراوەتە سێ خانە، لە خانەی یەکەم دا ئەمە نوسراوە: -

[مدیری مسؤول - محامی - شیت مصطفی

بۆ هەموو چێنك مخابەرە بە ناوی هەولێر ئیدارەخانەی رووناکی

هەر نسخەیەك بە دە فلسە.].

لە خانەی نێوەراست دا نێوی گۆڤارەکە (رووناکی):

نوسراوەو لە ژێرەوەشی بەم جۆرە پێناسەکراوە: -

[گۆڤارێکی هەفتەی علمی اجتماعی ادبی کوردیە]

لە خانەی سێیەم دا.

چۆنیەتی هاویەشی و کرێی ئیعلانات روون کراوەتەوە.

هەر ژمارەیەی شازدە لاپەرەی قەوارەی لاپەرەکانی سێ ستوونی بووە، کە هەر ستوونەی پێنج (سم)ە، هیچ مونتیف و وێنەی تێدا نییە، هەتا نیشانی ووتارەکانیش هەر بە پیتی گەورەی چاپ لێدراون.

گۆڤاری رووناکی لە هێندیك ژمارەیدا هەفتانە بووە وەکو (1و2و3و8و9) وەیا لە نێوان دوو هەفتەو سێ هەفتەدا دەرچووە وەکو ژمارە (4و5و 6و10 و11)، تەنیا ژمارە (7) زۆری خایاندووە، ئەویش لەبەر گواستنەوەی چاپخانەکە لە رەواندزەوە بۆ هەولێر بووە.

هەولێر ئەرشیفی کتێبخانەی

بابەتەکانی بڵاوبووی گۆڤارەکە: -

مێژوویی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، زمانەوانی، زانستی لەگەڵ گۆشەی ئەدەبیات و هونراوەی بڵاونەکراوەی شاعیران وبە سەرهاتیان، وەك ئەحمەدی خانی، مەلا عبدالرحیم مەولەوی و عەلی بەردەشانی، جمیل صدقی زهاوی و هی دی هەروا باسی جۆراو جۆری رۆشنبیری دی وەك باسی چاپ و فرۆکەو کەشتی کراوە.

ئەو نووسەرانەی هاوبەشی نووسینی ئەم یازدە ژمارەیان کردووە، بە شێوەیەکی سەرەکی مامۆستا حسین حزنی نەمر، کە لە ژمارەکانی سەرەتایدا دوو لەسێ بەشی بابەتەکان خۆی نووسیوەتی، جا نووسەرانی دی هاوکاریان لەگەڵ دا کردووە، لەوانە محمد علی کوردی نەمر، شیت مصطفی، محمود فهمی، محمد جمیل رۆژبەیانی، کانی، گیوموکریانی، سعید ناکام، رەشۆ، اسماعیل حەقی، یونس مصطفی ویونس (دڵدار)، جمال احمدو هەوری وفؤاد وهی دی.

باوەکو تەمەنی گۆڤاری رووناکی لە بواری رۆژنامەگەریدا هەر هەشت مانگێك بووەو کورت بووە، بەڵام وەکو دەبینن کێشەیەکی زۆری باس کردووەو نووسەرێکی باشیشی لە خۆی کۆکردۆتەوە، چونکە ئاوێنەی راستەقینەی، ئەوان بووە، خواست و ئارەزووو هیڤی ئەوانی دەربڕیوە دروشمی خزمەت کردنی ووشەی پیرۆزی کوردی بووە، هۆی ئاوابوونی ئەم ئەستێرەیەش لە ئاسمانی رۆژنامەگەریماندا هەروەکو لە مامۆستا گیوو هێندێك شارەزایانی ئەوسام بیستووە، داواکردنی گۆڤارەکە بوو، بۆ پەیدا کردنی ئاو بۆ شاری هەولێر، بەڵام لەم رۆژنەدا لە مامۆستا مستەفا نەریمانم بیست، کەوا لەو کاتەدا مامۆستا شیت مصطفی، کە (مدیری مسؤول)ی بووە، کراوە بە حاکم و لە هەولێر دوورکەوتۆتەوە.

من لەو باوەڕەم ئەگەر هۆیەکەی ئەمە بووبێت، ئەوە کردنی مامۆستا شیت بە حاکم هەر بۆ مەبەستی داخستنی گۆڤارەکە بووە، چونکە هەر لە سەرەتاوە بەر لە دایك بوونی ئەم گۆڤارەدا مامۆستا حسین حزنی زۆری هەوڵ داوە ئیجازەی دەرهێنانی گۆڤارێکی دی بدەنێ لە بریتی گۆڤاری زاری کرمانجی، بەڵام بە هیچ جۆر هەوڵەکانی سەری نەگرتووە، بۆیە مامۆستا (شیت)ی رازیکردووە، بەوەی ئەو ئیجازەکە وەربگرێت و لێپرسراوێکەی هەر بە ناو بە ناوی ئەووە بێت و هەمووو ئەرك و هەڵ - سوورانەنەکەش بە ئەستۆی (حزنی) یەوە بێت، بەم جۆرە ئاواتەکەی حزنی هاتە دی، بەڵام زۆری نەخایاندوو خۆشی لە هەولێر دوورخرایەوەو بە دەست بە سەری هێنرایە بەغداو هەر لە بەغدادا دوا ماڵ ئاوایی لە جیهانی رۆشن کرد.

گۆڤاری (رووناکی) وەکو هەر گۆڤارو رۆژنامەیەکی کوردی لە لایەن رۆژنامە نووسانەوە بایەخی دراوەتێ و هێندێك جار لە چەند لایەنێکەوە باسی کراوە.

بۆ وێنە کاك عبدالجبار محمد جەباری لە (میژووی رۆژمامەگەری کوردی)دا[2] بە کورتی باسی کات و شوێنی دەرچوونی گۆڤارەکە دەکات و لە کۆتایی دا دەڵێت: -

[... گۆڤارەکە باسی میژوو، کۆمەڵایەتی و ئەدەبیات و سەرگوزشتەی شاعیران و ئافرەتانی کوردی ئەکردوە هەر وەها گۆشەی زانیاری دەروون و هەوال و باسی ناوخۆو دەرەوەی فەرامۆش نەکردبووە مامۆستا جەمیل رۆژبەیانی و حسین حزنی موکریانی بە هەموو جۆرێك نوسراو ووتاریان نێدا بڵاوئەکردەوە، گەشەیان دابووە گۆڤارەکە، ل - 90 - 91).

کاك جەمال خەزنەداریش لە نێو بەرهەمی (رابەری رۆژنامەگەری کوردی)دا[3] بەم چەند دێرانەی خوارەوەو بادی ئەم گۆڤارەی کردۆتەوەو دەڵێت: -

[رووناکی - گۆڤارێکی هەفتەیی عیلمی واجتماعی و ئەدەبی بووە، لە شاری هەولێر دەرچووە، خاوەن سەر نووسەرو بەرپرسیاری پارێزەر شیت مستەفابووە، ژمارە یەکی لە رۆژی پێنج شەممە 24ی تشرینی یەکەمی سالی

هەواڵنامەی کێشە

1935 دەرچـووە، دوا ژمـارەی لە رۆژی 16ی مایـسی سالّی 1936 دەرچووەو پەکی کەوتووە.

ئەوەی پێویستە بووترێ ئەوەیە، کە لە راستیدا حوسین حوزنی موکـریـانی ئەم گۆڤارەی دەردەکردو بەرێوەی دەبرد، لاپەرە 37].

دەنـگ دانـەوەی بلاّوبـوونـەوەی گۆڤـاری رووناکی لە نێو رۆشنبیرانی کورددا

لەبەر ئەوەی لە سالاّنی سی‌دا، بەرهەمی رۆژنامەگەری کوردی، لەچـاو سالاّنـی بیـست دا لە رووی ژمـارەوە کەم بووە، بە تایبەتی لەو کاتەی، کە گۆڤاری رووناکی تێدا بلاّوبۆتەوە، هەر تاکە رۆژنامەیەکی کوردی هەبووە، کە بە بەردەوامی پەخش دەبـوّوە، ئەویش رۆژنـامـەی ژیـان بوو (1926 ـ 1938)، بۆیە دەرچوونی گۆڤاری رووناکی لە نێـو رۆشـنبیـرانـی کورددا دەنـگـی داوەتـەوەو لەنێـو ئەرهـەمـەکـانیان دا چ هۆنراوە بوو یێ‌و چ پەخشان هەستی خۆشی خۆیـان دەربـڕیـوە، بۆ وێنـە دڵداری نەمر بە بۆنەی بلاّوبـوونـەوەی گۆڤـاری رووناکی هۆنـراوەیـەکی نایـابی هۆنیوەتەوەو لە ژمارە دووی لاپەرە دوازدەیدا بلاّوکراوەتەوەو ووتوویەتی: ـ

رووناکی ناوت چەندە لام خۆشە
عالەم بە سایەت ژیرو بە هۆشە
وا زوڵمەت رۆیی دەرهات رووناکی
بە عیلم و فەن و رووخساری پاکی
بە سایەی رووناکی هەڵستاین لە خەو
بە ڕێمان بێخست نەحسی شومی شەو
مژدە بێ وەتەن خاکت رووناك بوو
بە سایەی شەوقت لاوت چالاك بوو
رەشی شەو رۆیی لەسەر کێوانت
رووناکی جێی گرت لە رووی جوانت

ئومێد پەیدا بوو، بلاّوبیتن فەن
بنوێنین خزمەت گوزاری وەتەن
مللەت! رووناکی مایەی ژیانە
نەوبەی چالاکی لاوی جەوانە
ئەوجا سەیرکەن هونەری قەلەم
تاکو بەرزکەن عیراق و عەلەم
خودا! رووناکی دوورکەی لە شقاق
شعلە بەخشی‌کەی لە خاکی عراق
هەولێر: ی، دڵدار

ژمارە (2)، لاپەرە (12)

هەر سەبارەت بە دەرچوونی رووناکی رۆشنبیرێکی دی لە ژێر نازنێوی (رزگاربوو)دا بەرهەمێکی بە پەخشان، لە ژمـارە (3)ی لاپـەرە (8و9)دا بلاّوکـردۆتەوەو لەم ووتارەیدا کە بە نێوی (بە رووناکی سۆران رووناك بوو)، ، ووشەی وا واتـادارو ئاگـرینـاوی بە کار دێنێت، بەڵگەی تینوێتی لاوی کوردو بۆ رۆژنامەیەك، گۆڤارێك وەیا هەر پەخش نامەیەکی کوردی دەدات و و لە سەرەتادا دەڵێت: ـ

[لە مێژەوە بوو، باسی دەرکەوتنی گۆڤارێکم بیستبوو، لە ناوچەی لیوای هەولێر بە ناوی (رووناکی)و لە زووەکەوە بوو چاوەڕێی هەڵاتنی ئەو گۆڤـارەم ئەکـرد، کە وولاّتـەکـەم پێ رووناك بێت و مێشکم پێ روون بێت.

سوپـاس بۆ خودا وا ئەو گەلاوێـژە هەلاّت و برینێـك لە برینەکانم سارێژ بوو و گوڵی هیوام گەشایەوە..].

(رزگاربوو) هەر لەم ووتارەیدا هانی رۆشنبیرانی کورد دەدات، بۆ ئەوەی پشتگیری ئەو گۆڤارە بکەن و بە بەرهەمی بیریان دەوڵەمەندی بکەن و بە هەموو هۆیەك دەستی‌بگرن و یارمەتی بدەن و دەڵێت: ـ

[.. ئەم گۆڤـارە بۆ کێ دەرئـەچـێ؟ بۆ هەمـوو کورد

زمـان و کوردی زان. بەڵێ ئەم گۆڤـارە راستـەو راست بۆ ئەوان دەرئەچێت و بۆ خزمەت و پێش خستنی ئەوانە..

ئێستـر لەمـەولا ئەوانـەی، کە خۆیـان بە کورد خواهـ دادەنێن و بە وەتەنی ئەژمێرن، بێت و خزمەتی ئەم گۆڤارە نەکـەن، ئێستـر لای عالـەم مەعلوم ئەبێ، کە هیچن و بۆ خزمەتی ئەم خاك و مللەتە نین..].

وا دیارە ئەم ووتارەی (رزگاربوو) کاریگەر بووەو بابەتانە لەم کێشـەیـە دواوە، بۆیـە دەنگێـك لە بەغـداوە بە هاواری هاتـووەو پشتگیـری داواکـاریـیە رەواکەی‌کردووە، ئەم دەنگە دەنگی دڵێـری محـەمـەد عەلی کوردی بووەو[4] لە لاپەرەی نۆیەم و دەیەمی ژمارە پێنج دا ووتویەتی: -

[ژمارەی سێیەم لە مجلەی روناکی چاوپێ‌کەوت، دیتم پرە لە مەقالەی تاریخی‌و ئەدەبی‌و ئیجتماعی، ئینجا ئەبێ زۆر تەشـەکـوری مودیـرو موحـەریرەکانی بکرێت لەبەر ئەم خزمەتە چاکە، کە بۆ هاوزمانی خۆیان کردویانە.

لە لاپـەرەی هەشتـەم و نۆیـەم، مەقـالـەیەك نوسرابوو، خاوەنەکەی سوپاسی روناکی ئەکات، و غیرەتی نیشتمانی کورد ئەبـزوێنی بۆ ئەمـە بە مالْ و دڵ یاریـدەی رونـاکی بدەن، هەتا گەورە بێت.

ئەزانم قسـەکـەی حەقـە، بۆیە منیش تصدیقی ئەکەم و ئەم چەند ووشەیە بۆ هاوزمان و هاو وڵاتی خۆم ئەنێرم، هەتا - روناکیان - لە بیر نەچێتەوە..].

دیسـانـەوە لە بەغـداوە (هـەوری) هۆنـراوەیـەك بە نێوی (شەمالْ) بۆ کارگێرانی گۆڤاری روناکی دەنێریت و تکای لێ‌دەکـات بەرەو بارەگـەی پیـرۆزی روونـاکی هەڵ بکات و نامـەکـەی بگـەیەنێتە نووسەرانی‌و بەم جۆرە دەخیلی دەبێ‌و دەڵێت: -

شەمالْ دەخیلتم وەك شێری دڵێر
ڕاپەڕەو بچۆ بۆ شاری هەولێر
مەترسەو برۆ زۆر بە چالاکی
ڕێگە ون ناکەیت تیشکی (روناکی)
ئەدرەوشێتەوە لە نزیك لە دوور
روونـاکە وەك رۆژ هەتا شارەزوور
کاتێ گەیشتیە (کۆنە شارمان)
روناکی رووناکی نیشتمانمان

★ ★ ★

کە دیتت گەنجێ لە تەك پیریکا
دانیشتبوون هەریەك، بوو لە بیرێکا
خۆیانن دەخیل وەك گەدا سەد جار
داوێنیان بگرەو جا بڵێ بە زار
(هەوری) ئەی‌نالاْن وێنەی کەبوتەر
زوخاو نۆشی بو سیپالی لەبەر
کاتێ گەیشتیە گوڤار رووناکی
خاڵی بوو لە غەم دڵەی غەمناکی
نکاوا ئەکا لە یەزدانی پاك
گەش بێ، تا مردن وەك رۆژی روناك

ژمارە (8)، لاپەرە (6)

هەروا ڕۆژنـامـەی (ژیـان)یش خۆشی خۆی بەرامبەر بە دەرچـوونـی گۆڤـاری (رووناکی) بەم جۆرەی خوارەوە دەردەبڕێت: -

[چـاوەروانـی رونـاکی) بویـن خوا بیـهـیـلی چاوی روون کردینەوە لە ژیان دا نوسی‌بومان کە شەوێکی بەهار لە هەڵەبجـە دوو بولبـول بەرابـەری یەکـدی دەیان خویند من ئاواتی دوو رۆژنـامـەم لێ‌خـواستن وا رونـاکیمـان دانـا بەو برلبولە کە لە هەولێرەوە رووبەرووی ژیان بخوینی بەڵام لە پەردەی مللی‌و کوردی‌دا واز لە شکسپیرو لیرچ و هارتمان و وایسباخ بێنێ چاری دروست لە چاپدانی بکا چونکو ئەوی سەرپەرشتی دەکا دەزانین هینده بە هونەرە دەتوانی صنعتی چاپ ایجـاد بکـا کەوابی بوچ غلط طبعی ببێ. ژمـارە)46، ل - 5].

هەوالنامەی کێبڕکێ

زمانی کوردی له گۆڤاری رووناکی‌دا

بلاوبوونەوەی بەڕێکی چاپ کراوی کوردی، خزمەتی زمانەکە دەکات، جا ئەگەر گۆڤارێك بێت و پەنجا ساڵ لەمەوبەر پەخش کرابێت، ئەوا دەورێکی گەلێك بااڵی لە پێش خستن و پەرەسەندن و پێشکەوتنی زمانەکەمانی دیوە، چونکە بە هۆیەوە بابەتی جۆراو جۆر بە کوردی نوسراوەو مێشکی لاوانی پێزاخاو دراوەو لەگەڵ ئەوەش دا هەر لەسەر لاپەرەی ئەم گۆڤارەدا نووسەران خۆیان هانی یەکتریان داوە، بۆ ئەوەی بە زمانی کوردی بابەتی هەمەرەنگ بنووسن، وەنەبێت ئەم گۆڤارە هەر بۆ ئەو کەسانە بووبێت، کە لە کۆنەوە بە زمانی کوردی نووسیوبانەو بەڵکو هانی خوێندکارانی داوە بۆ ئەوەی ئەوانیش بە زمانی کوردی بەرهەمی بیربان بلاوبکەنەوەو بۆیە دەبینین لە ژمارە (9)و (10)دا لاپەرەیەك بە نێوی (لاپەرەی قوتابی) تەرخان کراوە وبە شێوەیەکی سەرەکی یونس مصطفی بە بەرهەمی بەپێزی خۆی پری‌کردۆتەوە.

لەگەڵ ئەوانەش دا هەر چ چاپەمەنیك، کە بە زمانی کوردی لەو کاتەدا بلاوبۆتەوە، لە ژێر نێوی (مطبوعاتی تازە)دا بە خوێنەران ناساندراوە، بۆ وێنە لە ژمارە (2)دا باسی سێ کتێبی تازە چاپکراو کراوە، کە (میرانی سۆرانی حسین حزنی‌و بەرهەمێکی قوتابخانەیی شاکر فتاح و ئەلف و بێی سعید فهیم)،[5] و لە ژمارە حەوت دا باسی کتێبی حسابی پۆلی پێنجەم و شەشەمی سەرەتایی دەکات، کە لە لایەن مامۆستا رەفیق حلمی نەمرەوە داندراوە کتێبی چل فەرمودەی پێغەمبەر، کە لە لایەن مەلا محەمەدی نزلچی چاپکراوە.

گۆڤاری (رووناکی) بابەتی زانستی زمانەوانیشی پەخش کردووە، کە سەبارەت بە زمانانی گێتی (عالم)دا بووەو ئەو زمانانەی سەر بە کامە خێزانن روونی کردۆتەوەو تیشکێکیشی خستۆتە سەر زمانی کوردی.

لەپاڵ ئەوانەش دا گۆڤاری (رووناکی) هەوڵی‌داوە بابەتی وەرگێڕاویش بە زمانێکی کوردی پاراو پەخش بکات، وەك ووتاری (ناپلیۆنی یەکەم) لە ژمارە (4)داو ئاگر پەرست لە ژمارە (5)و (6)داو یەزدان دوخت لە ژمارە (7)ەوە تا (11).

ڕێنووسی گۆڤارەکە هەروەکو ڕێنووسی چاپەمەنی ساڵانی بیستەکان، ڕاستەگۆڕان بە سەر شێوەی نووسینی هێندێك دەنگی وەك (پ، چ، ژ، ڤ وگ)ی دا هاتووەو لە ساڵانی سی‌دا بایەخ، بە سەرو ژێرو بۆر دراوە، بەاڵم هێڕ چارەسەری ئۆو یێ کراوەو کورت و درێژنەکراوە (ل)و (ر)یێ سووك وگران هەروەکو یەك نووسراون، ئەمەش چەند دێرێك لە بەرهەمی چاپکراوی گۆڤارەکە: -

مطبوعات تازەی کوردی

[لە لاین جنابی رفیق حلمی بگ مامۆستای مکتب متوسطە بغداوە کتێبێکی حساب لە سەر نفقەی خوی چاپ کردووە. بۆ شاگردانی ریزی پێنجەم وشەشەم گەلێك باش و سودمەندە اومید ئەکەین بە هەوس و خوشی زوو بیکرن تاکو یك دو تألیفاتی دیکەش بە دەستەوەبە زو بیخاتە چاپەوە. (رووناکی، ژمارە 7، لاپەرە 16].

بابەتەکانی بلاوبووی گۆڤارەکە شەڵ و تایبەتێتی زمانەکەمان لە نیو سەدە لەمەوبەر پێشان دەدەن، نووسەرانی بابەتەکان هەوڵیان داوە بە کوردێکی سادەو ڕەوان بنووسن، بۆ ئەوەی خوێنەران تێیان بگەن، لەگەڵ ئەوەش دا چەند ژمارەیەکی ووشەی عەرەبی تێدا بەدی دەکرێت وەك [مطبوعات، اجتماعیات، اقتصادیات، ادبیات، اخلاق، کلمة، تاریخ، مستقبل، اعلان، تأثیر، وطن، تجدد وهی دی].

لە پاڵ ئەوەش دا هەوڵ دراوە ووشەی کۆنی کوردی و ووشەی تازە دارێژراوی وەك (فرۆك) نیشتمان، پێرست، دێرێك، مێژوو، زانست، شێوە، وێنەکێشان وهتد بە

کاربهێندرێت.

له ژمارەکانی سەرەتای گۆڤارەکەدا (بۆزانین) اعلان بە زمانی تورکی و عەرەبی بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لە ژمارەکانی دواییدا بە زمانی کوردیش پەخش کراوە.

وێژە لە گۆڤاری رووناکیدا

گۆڤاری (رووناکی) بایەخێکی زۆری بە هەموو لایەنی وێژە، لە چیرۆک، هۆنراوە، پەخشان، ڕۆمان داوە لە پاڵ ئەوانەش دا لە سەر لاپەرەی هێندێك ژمارەکانیدا ووتاری سەبارەت بە مێژووی ئەدەبیاتی کوردی بڵاوکردۆتەوە، هەروا هێندێك جار بە سەر هات و لێکدانەوەی ژیانی شاعیرو ئەدیبانی کوردی، وەك عەلی بەردەشانی، مەلا عبدالرحیم مەولەوی و عبدالله بەگی مصباح الدیوان (ئەدەب) ئەحمەدی خانی وهی دی. بڵاوکردۆتەوە.

ژمارەی ئەو چیرۆکە کورتانەی لەم (11)یازدە ژمارەیەی گۆڤارەکەدا بڵاوبوونەتەوە، کە من، بیری سەرەکییان رووداوو بە سەرهاتی کەلەپوورین، بەڵام لە شێوەی چیرۆکێکی هونەریدا دارێژراون، لە پاڵ چیرۆکیش دا پارچە پەخشانی هونەری ناسك بڵاوکراونەتەوە.

لە ژمارە (7و9و11)ی گۆڤاری رووناکیدا لە لایەن محەمەد عەلی کوردی نەمرەوە بەشێك لە ڕۆمانی (نازدار) وەیا (ژنی کورد لە لادێ)دا[6] بڵاوکراوەتەوە، مامۆستای نێوبراو لە ژێر نیشانیدا نووسیویەتی (ڕۆمانێکی کوردییە لە (100) لاپەرە نووسراوە).

نووسەر ڕۆمانەکەی کردۆتە چەند بەشێك، بەشی یەکەمیان چووار وێنەی بۆ کێشاوە.

1 ـ (مەنزەرەی لادێ هندێ جار)

2 ـ (شەو رابواردن) (شەوجەلە).

3 ـ زۆرەبانی).

4 ـ ڕۆژێ لە بەهار، بەڵام بەشێ دروەمی هەر یەك وێنەی لێ بڵاوکراوەتەوە ئەویش (شەرو تاڵانە)و بە بەرنەچوونی گۆڤارەکە، ڕۆمانەکە هەروا تا ئەمڕۆ بە نیوەچڵی ماوەتەوە.

محمد علی کوردی لەپێشەکی ڕۆمانەکەیدا دیمەنێکی دڵگیری دێیەکەمان بۆ دەکێشێت، کە ژمارەی ماڵەکانی نێزیکەی سی ـ چل ماڵ دەبێت، هەروا تابلۆیەکی نەخشینی لادێیکان لە کاتی پێشوازی کردنی میگەڵە مەریان و مەر دۆشین لە دەمی ئێواران دا بۆ دەنوێنێت.

پاڵەوانی چیرۆکەکە نازداری کچی میرزەینەدینی ئاغای دێیەکە، گەنج و لاوانی دێیەکە شەوان نەدەچوونە دیوەخانە، بەڵکو خۆیان لە نێو خۆیان دا کۆ دەبوونەوەو بە یاریکردن و پێکەنین شەویان دەبردە سەرو کچ و کوڕانی لادێ وایان کرد دینۆو نازدار زۆرانبازێ بکەن و لە ئەنجام دا نازدار بە فێڵێك سەرکەوت و بۆ ئەوەی بیێتە میری لاوان، لەگەڵ ئەوانەش دا دیمەنی دی لادێ دەکێشێت و لەوانە چوونە دەشت و دەرو دەڵێت: ـ

ا ـ سبەینێ پێش ڕۆژهەڵاتی دیتمان ـ دینۆ ـ میری لاوان بە ناو گوندیدا دەگەڕێو پەك بە پەك کورو کچان بە ناوی خۆیان بانگ ئەکات. حەمووەمان لە پەك جێگە کۆبوونەوەو گەیشتینە (30) کەس، هەرە بچووکمان عومری لە (12) ساڵی کەمتر نەبوو، بەڵام کەسی بە ژن و ماڵمان تێدا نەبوو، یەکسەر حەموومان ڕۆیشتین بۆ (دۆڵی ژیان) وەکو شەو قەرارمان دابوو.

هەر کەسە نیو ڕۆژی خۆی: دوو نانی گەنمی تەندووری لەگەڵ نەختێ ڕۆنی کەرە، یان نەختێ پەنیری زستان پیچاوە، خستیە ناو (تورەکەی) ملان.

لەو دەروەشتە بڵاوبوونەوە دەستمان کرد بە کنگر هەڵ کەندن، دوساعتی پی نەچوو حەموومان تورەکەمان پرکرد، وەختی ڕۆژ لە چاوی چەپ لای دا بۆ چاوی راست. حەموومان لە دەشتێکی سەوزو شینی ئاودارداء، لە سەر سەرچاوەی ئاوێکی سپی بۆ نیوەڕۆژ خواردن کۆ

بووینەوە..].

ئەلبەت ئەم دیمەنە هێورو هێمنەی لادێکە، هەروا بەردەوام نەبووە، چونکە خەسرەو خانی ئاغای دێیەکی نێزیکیان هاتبۆ دەورووبەری گوندەکەیان و خەریکی پەلاماردان و تالان کردنیان بوو، بەڵام دانیشتوانی دێ بە ژن و پیاوەوە هەموو لە زینەدینی ئاغای خۆیان کۆبوونەوەو توانیان خەسرەوخان ببەزێنن.

ئەوەی لەم بەشە بڵاوکراوەی ئەم ڕۆمانەدا سەرنج ڕاکێشە، پاڵەوان هەر ئاغاو ئاغازن و کچی ئاغان، بە دەگمەن باسی لادێکان دەکرێت و ڕۆڵی هەرە گەورە هەر بەوان دراوە، بەڵام مسکین و هەژار وەرنجەدەر ئەوەندە بایەخی نەدراوەتێ و دەوری پاڵەوانی ئەوتۆشیان پێ نەسپێردراوە دوور نییە لەو بەشەی، کە هێڕ چاپی نەدیوە دەوری بە جووتیارانیش دابێت.

گۆڤاری (ڕووناکی) هەوڵی داوە، ئەو پارچە هۆنراوانە بڵاوبکاتەوە، کەتا ئەوسا چاپ نەکراون، بۆ وێنە لە ژمارە (11)دا لە لاپەرە (6)دا لە پێشەکی پارچە هۆنراوەیەکی حاجی قادری کۆیی‌دا ئەم چەند دێرانە تۆمارکراون: -

[حاجی قادر لە دەوری جەوانی‌دا شعری عاشقانەی زۆر گوتووە، ئەو شیعرانە، کە لە دیوانە چاپ کراوەکەی دا نیە، ئەمەیە لەم گوارەدا دیوان بە دیوان پەرتی دەکەین و ئەمە غەزەلێکی خۆش و شیرین و پڕ مەعنایەتی: -

سەبارەت بە عەلی بەردەشانیش لە ژمارە (8)دا نووسیویەتی: -

[عەلی هەر دێریك و سەر بهوردێکی گەورەکانی کوردی بیستبێتوو زانی بێتەوە، بە شیعر هەڵی بەستووە، بەڵام هەرچەند نەش نوسرابێتەوە لە زبانان دا بەخێوکراوەو لە مەجلسان دا بە دەنگ و ئاوازە خوانی بێژراوە].

بایەخ دانی گۆڤاری (ڕووناکی) بە بەسەر هات و هۆنراوەی مەلا عبدالرحیم (مەولەوی) بۆتە هۆی سەخلەتی و نیگەرانی پیرەمێردی نەمر، چونکە پیرەمێرد ماوەی سێ سالێك بووە خەریکی ساخ کردنەوەی هۆنراوەو بە سەرهاتی مەولەوی بووەو حەزی نەکردووە یەکێکی دیش خۆی پێوە خەریك بکات. مامۆستای نێویراو ئەم هەڵوێستەی لە سەر ووتاری ڕۆژنامەی ژیانی (25)ی نەیسانی سالی 1936ی ژمارە (476)دا بڵاوکردۆتەوە، بە نێوی (بۆ جەنابی حسین خوزنی ئەفەندی مکریانی محترم]و دەڵێت: -

[لە ژمارە (7)ی ڕووناکی‌دا (سەربەهوورد)ی مەولەوی‌و چەند شعرێکی ئەوتان نوسیوەو دەفەرموون دیوانی مەولەوی ئامادەی طبع کردنە.

جارێ با ئەمەتان لە پێشەوە پێدا ڕابگەیەنم، کە بەندە سێ ساڵە خەریکی دیوانی مەولەویم، کە تێبگەم.

ئینجا لە چاپی بدەم بە سێ سال. ئینجا ڕوحی مەولەویم بۆ کەشف بوو لەگەڵ ئەمەیش دا، کە بە زبانی هەورامی شعرم هەیە.

دووەم بە دەستوورو ئارەزووی سەید محەمەدی نەوەی مەولەوی، دیوانی مەولەویم بەشی زۆری چاپ کردووەو دەفەرمویش بڵاوکراوەتەوە زۆربشی لێ فرۆشراوە ڕاوەستاوم بە سەر یەکەوە بڵاوی بکەمەوە.

سەیەم: - جەنابتان شارەزای (مێژ وو- چیرۆکن) مەولەوی شاعیرە، ئەو چەند دێرەی، کە بۆ سەر بە هوردی مەولەویتان نووسیوە هەونییە، تەرجەمەی حاڵی مەولەوی کە لە کورەزاکەیم وەرگرتووەو نەشرم کردووە، ئەمەی تیا نییە...

هەروا مامۆستا پیرەمێرد بەردەوام دەبێت و لە کۆتایی‌دا دەڵێت: -

.... بەڵام ڕەنجی زۆرم لەگەڵ مەولەوی داوە وروحی مەولەوی لە ژیان شادە، ئەو شێوەیە هەر بۆ ژیان ڕێدەکەوێ، هەموو شێوەی موکریان وهەموو مێژ وو سەربەهوردو چیرۆك و تاریخ بۆ جەنابتان].

مامۆستا حوزنیش لە ژمارە (11) لاپەرە (10)دا لە ژێری نێوی (راستەکەی)دا بەم جۆرە وەڵامی مامۆستا

هەولێری کێبێ

پیرەمێرد دەداتەوە: -

[ئستاذی فاضل، ئەدیبی عاقل، فەیلەسوفی گەورە، پیرەمێردی کامل، رەئیسی جەمعیەتی زانست و رەهبەری لاوان، خاوەند نان و خوان، هەم شانی ماقول، بە عزەت و شان، تاقانەی سلێمانی، عالی زەمان، بە پشت و بەهێز، مدیری (ژیان) جەنابی حاجی توفیق بەگ.

وبستم بەم دو کەلیمەیە دڵ رەنجی خومتان عەرزکەم: -

[... ئێمە بە ناشوکر بێ هێشتا نەبووینەتە خاوەند مطبعەو رۆژنامەیەك، کە وەکەمترین رۆژنامەو پیسترین مطبعەی مللەتە بێجێو رێگاکان بچێ. وبێنینە وجود، وهێشتا نەبوینەتە صاحبی لاپەرەیەك کە سودی تێدابێ. لەبەر نیفاق و خۆخۆریو نەکێشان و حەسودی، مطبعەکەی ئێوە هێشتا ئەو مطبعەیە کە مێجەرسۆن لە سلێمانی دایمەزراندووماوە. ومطبعەکەی منیش لەوە پتر، کە بە نووکی قەلەمی حەکاکی لە حەلەب رێکم خستبوو، هیچم لەسەر زیاد نەکردو وەهەر پەرێشان وبێ ئەسبابەو رووت و قوتەو بێ حروفات!

لەبەر یەکتر خستن و پاڵ پێکەوەنان و ئەزیەت دانی یەکتری نەپەرژاوینە سەر ئالیفات و مطبوعاتێکی وا بەخیلی بە یەك بیەین و. .].

مێژووی کورد لە گۆڤاری رووناکیدا

(رووناکی) هەر لە یەکەم ژمارەیەوە، بایەخێکی زۆری بە مێژووی کورد داوە، لەو رووانگەوەی، کە زانستی مێژوو زانستی هەموو زانستانە. ئەو بابەتە مێژوویەی بلاوکراوەتەو مێژووی کەسان وپاڵەوانان و میران نییە، بەڵکو مێژووی گەلەکەیە هەموو. بە شێوەیەکی سەرەکیش تیشك خراوەتە سەر مێژووی کۆنی کوردو بە نێوی (کۆمەڵەی نەژادو بنەچەکەی کورد) پەخش کراوە، ئەوەی شایەنی باسە لە خاکی کوردەواریدا هەر کۆمەڵێکی تێدا نیشتەجێ بووبێت، تا رادەیەك هاوبەشی دروست بووبێ نەتەوەی کوردی کردووەو لە سەردەمێکی مێژووییدا دەوری کەلچەری خۆی تێدا بینیوە، بۆیە دەبینین لە باسی کاردا وەیا کاردو، خالدیو کیرتی وەیا کارتوایە یان کرتاوپە دەست بە مێژوونووسین کراوە، لەگەڵ ئەوەش دا رووناکی تیشکی خستۆتە سەرهێندیك رووداوانی مێژووی سەردەمانی دیش، لەو ژمارانەی، کە باسی بابەتی مێژووی تێدا بەدی ناکرێت، بابەتی کۆمەڵایەتی جۆراو جۆری پێویستی تێدا پەخش کراوە وەك (پێویستانی ئادەمیزاد چییە لە سەردەمانی دێرینەوە، تا ئەمرۆ) لەو، رووداوە گرنگە کۆمەڵایەتیانەی، کە ئەوسا کێشەیەکی ئاشکراو دیار بووە، کێشەی رەوەندان بووە، لە ژمارە (9) لاپەرەی (1)یدا ووتارێك سەبارەت بەو بابەتە بڵاوکراوەتەوە بە نێوی (عشایری رەوەندی کورد اسکان بن چاکترە، یان بە رەوەندی (رحالە) بمێننەوە؟!] لە دوای روون کردنەوەی زۆر لایەنی خراپەی رەوەندایەتی بۆ رەوەندان و نیشتەجێ بووان خاوەن ووتار دەگاتە ئەو بریارەی، کە پێویستە رەوەندەکان نیشتەجێ بکرێن و دەڵێت: -

[بۆ مصلحت و منفعتی عامە اسکان کردنیان و لەو خاکانەی کە هی (میری)و خالین دامەزراندنیان زۆر بە کەلك تر دێتە بەرچاوان لەوە کەوا گەرمین وکوێستان بکەن. چونکو نەخوێان لەو ژیانەو هات و چوونە خێر دەبینن و نە بوکەسیش بە کاردین و نەبو رۆژێك دەبنە مال و دەکەونە مەیدانی سەرکەوتن وبەرز بونەوەو مەدەنیەتدا هەروا بێ رێو جێ وبێ ملك و خاك و وطن گەران و سوراندنەوەیکی بی سودە جیکای ئەسفە. .].

ئەوەی شایەنی باسە ئەو ووتارە مێژوویی و کۆمەڵایەتییانەی بڵاوکراونەتەوە، هەمووی لە لایەن مامۆستا حسین حزنی نەمرەوە نووسراون و بۆ نووسینەکانی سوودی لە دەیان سەرچاوەی خۆمانی و بیگانە وەرگرتوە، وەك

هەولێرەی کێبڕکێ

ئلیرچ، مینورسکی، هنرتمان و نولدکه‌و وایسباخ و سه‌رجان مالکم وهی‌دی...

بایەخ دان به منداڵ و به لاوان

منداڵ وەکو خونچه گوڵێکی کەڕی بەهاره، ئەگەر باخەوانەکەی شارەزاو کارامه بوو، ئەوا چالاکانه ئاوی دەداو هەموو پێویستیکی بووژانەوەو گەشانەوەی بۆ ئامادە دەکات، ئەگەر باخەوانەکه خۆی به تەنگەوەی خۆی نەبوو، ئەوا خونچه گوڵەکەی سیس دەبێت، هەر لەم بیرکردنەوەیەوە رووناکی بایەخی به منداڵ داوەو بابەتی جۆراو جۆری سەبارەت به منداڵ و به لاوان بڵاوکردۆتەوە.

ووتاری بڵاوبووی نێوگۆڤارەکه، ئەوە دەسەلمێنێت، کەوا کێشەی نێو دایك و باوك له خێزان دا، که بنکەی کۆمەڵی لەسەر بنیات نراوە کاریگەرێکی زۆری بۆ سەر منداڵ و لاوانی نێو خێزانەکه هەیه. رۆشنبیریکی نیو سەدە لەمەوبەر به نێوی (جەمشید) هۆنراوەیەکی ناپابی سەبارەت به باری ناهەموارو ناکۆکی نێو خێزان و بایەخ نەدانیان به منداڵی خستۆتە رووو ژیرانه له ژمارە 3 ـ دا به نێوی (شینی منداڵی) گلەیی خۆی ئاراستەی دایك و باوکان دەکات و دەڵێت: ـ

کوانێ قسەی خۆش، کوا گاڵتەو گەمه؟
کەی خوێندوتانەوە شعرێکی ئاودار؟
بۆ چبروکێك لام سەد لیرە کەمه
پەندی پێشینان، مەتەڵی ئاودار
کوا دیاری‌و داهات، کوانێ خەڵاتت
سزای پێشەنگیم، له امتحان دا
کەی هێشتت بابه (یاری)یەك بکەم؟
یان بچمه سەیران لەگەڵ دۆستاندا؟
دایکم لاسارو توش به تورەیی
دەرو ژوورتان پرکرد له قیژە
دایکم نەزان و توش هەر پرو پووچ
له گەڵتا نەکرد کاری جوامێری

هەر سەبارەت به منداڵ گرنگترین باس دەربارەی بارێکی سەردەمی منداڵی خراوەتە روو، که ئەویش ترسنوکی منداڵانەو قوتابییەك له ژێر پیتی (ف. م.)دا له ژمارە (6)دا باسێکی زۆر گرنگ و به نرخی نووسیوە، تێیدا هۆی سەرەکی ترسی منداڵان بۆ دایك و باوکان دەگەڕێنێتەوەو لەم پێنج خاڵانەدا کۆیانی‌کردۆتەوەو رووناکی دەکاتەوە، تاریکی، پزیشك، مامۆستا، دێوو درنج و شەولەبانەو پۆلیس.

نووسەر سەرەتای ووتارەکەی بەم جۆرە دەست پێ‌دەکات: ـ

[ترسنۆکی له کوێوە بۆ منداڵ دێت؟ آخویەترسنۆکی له دایکی بووە، ئەگەر به ترسنۆکی له دایکی نەبووە ئەی له کوێ ئەم ترسنۆکییەی هێناوە؟ زۆر له ترسنۆکی منال پیدا نابیت ئیلا له نەتیجەی ئەمرو نەهی دایك و باوکیانەوە نەبێت، کە نەوانیش ئەو ئەمرو نەهیانە لەبەر چاکێتی‌و مەنفەعەتی منالەکەیان نەبێ نایکەن، بەڵام راستەو راست به پێچەوانەی مەرامیان دێتە بەرهەم]، رووناکی، ژمارە 6، لاپەرە ـ 7.

له پاڵ ئەوانەش دا گۆڤاری (رووناکی) پوێتەی به لاوان داوە، باوەکو له هێندیك ژمارەیدا گۆشەیەکی بۆ قوتابیان تەرخان کردووە، له هەمان کات دا له ژێر نێوی دەستوری ئەخلاق بۆ نەوجەوانەکان ئاموژگاری بۆ لاوانمان پێشکێش کردووە، ئامۆژگاریکان دەربارەی جل و بەرگ و خوورەوشت و خواردن و قسەکردن و باری دەروونی‌و چاکەکردن نرخی بەڵێن دان و هێنانەدی‌و دوورکەوتنەوە له فێڵبازی، خۆشی‌و شادی‌و بێ‌وەیی بۆ گشت ویستن و ئاگاداربوونی ئەرك و رك و کینه له دڕی کەسان

هەڵ نەگرتن و راست بوون بەرامبەر بە مرۆڤایەتی و وڵات و باوك و دایك و باساو. . . (ژمارە 7).

داواکاریکانی رووناکی بۆ پێش خستنی شاری هەولێر

پیشەو ئەرکی هەرە گرنگی رۆژنامەگەری (راگەیاندنە)، هەر لەم روانگەوە، گۆڤاری (رووناکی) پێویستی و کەم و کورتی ئەو شارەی، کە تێیدا پەخش دەبووە، بە ئاگادارکردن و پەیتا پەیتا لێدوان لێی، دەیخستە بەرچاوی لێپرسراوانی میری شاری هەولێر، یەکێك لەو بارانەی، کە دانیشتووانی شار لە دەستیان دەنااڵند، نەبوونی ئاو بوو، ئەو ئاوەی سەرچاوەی ژیانە، هەر لەبەرگرنگی ئەم کێشەیە، لە سەر لاپەرەکانی گۆڤاری رووناکی‌دا بۆ چەندین جار بە تەنگ و چەڵەمەی ئاو باسکراوە، بۆ وێنە لە ژمارە (2)ی لاپەرە (6)دا بە پێنووسی (ح. ح.) بە واتا حسین حزنی نەمر بەم جۆرە سەرنجی لێپرسراوان بۆ هەبوونی ئاو راکێشراوەو لە ژێر سەردێری (ئاوو کاریزی هەولێر)دا نووسیویەتی: -

(بەراستی لیواکەمان یەعنی مەرکەزی قەسەبەی هەولێر لەبەر بێ‌ئاوی جێگەی ترس و ئەندێشەو جێگەی ئەوە بوو لە بیر نەکرێ‌و هەموو دەمێك خەریکی بین، چونکو هەولێر تەنها کاریزیکی هەیە، کە بە کاریزی میری دەناسرێت، ئەو کاریزەش گەیشتووە ئەوە کە ئەهالی بترسن. . .

ئەمە هیچ شایانی حیرەت و تەعەجوب نییە، کە شارێکی وشکەدێم و بێ ئاوی خاوەند تەنها کاریزێك تینوو بمێنێت و لەبەر نەبوونی ئاو نیگەرانی بکێشێت، بەڵام جێگەی ئەسەف و حیرەتە باغچەی بەلەدیەی شارێکی خاوەند 16 کاریزی وکانی لە تینووان وشك بێ‌و ماڵەکانی نیو شار تەنگانی بێ ئاوی بکێشن و دارو درەختەکانیان گەلاریزانی تێکەوێ‌و قرچ هەڵی‌و ووشك بێ).

وا دیارە ئەم بانگەوازەی مامۆستا خوزنی کاریگەری هەبووەو خواستی کۆمەڵگەی هەولێر خراوەتە بەرچاوی لێپرسراوان و بە هاواری تێنوێتی دانیشتوان و ووشك هەڵگەڕانی دارو درەختانەوە چوون، بۆیە لە ژمارە (8)ی لاپەرە (16)ی گۆڤاری (رووناکی)دا لە ژێر سەر دێری (چالاوی ئیرتیوازی لە هەولێر)دا دەنگویاسی هەڵکەندنی چەند بیریکی ئیرتیوازی بەرچاو دەکەوێت، کە کۆمەڵێك لە ئەندازیاران و خاك ناسان سەرپەرشتی دەکەن و هەوالەکەش بەم جۆرە بڵاوکراوەتەوە: -

(ئەمە چەندێکە مهندسی بە تایبەتی خاك ناس، لە لایەن ئەشغالەوە ناردراوەتە هەولێر لە شەرقی شمالی قەلای هەولێر چالاوێکی سەدو سی فوت قوڵی هەڵقەندووەو گەیشتوتە ئاوێکی باش. .

وەنەبێت گۆڤاری (رووناکی) هەر گلەیی و گازاندەو داواکاری کەم و کورتی و نەبوونی شاری هەولێری لە سەر لاپەرەکانی خبتێتە روو، بەڵکو پلە بەپلە ئاگاداری ئەو کارانە بووە، کە بۆ پێش خستنی شارەکە هەوڵی بۆ دراوە، وەیا جێ بە جێ کراوەو بە چەند ووشەیەکی شایستە ستایش کراوە، بۆ وێنە باسی دەوری دایرەی (اشغال) بۆ قیرتاو کردنی رێگەوبان دەخاتە روو ولەسەرەتادا دەڵێت.

(دایرەی اشغالی لیواکەمان بۆ قیرەتاوو رێك خستنی رێگاوبان تێ دەکۆشێ‌و لە هەموو لایەکەوە خەریکە. . ژمارە - 8، لاپەرە - 14).

گۆڤاری (رووناکی) زۆر بایەخی بە زانست و زانیاری داوە، هانی دانیشتوانی داوە، کە روویکەنە خوێندنگە، وا لێیانەوە نێزیك بۆتەوە، ئاگاداری ئەو بابەتانە بووە، کە لە قوتابخانەدا مامۆستای پسپۆری بۆ ئامادە نەکراوە، بۆ وێنە لە ژمارە - 2 ی لاپەرە (15)دا بە تێوی (معلمیك بۆ مدرسەی متوسطە)دا نووسراوە: -

ئەم سالّ، کە تەدریسات دەستی پێ‌کرا، وا معلمی فەرعێکی زۆر موهیم، کە تەبیعیاتە، هێشتا لە لایەن

مەعاریفەوە تەعیین نەکراوە، و شاگردەکان لەو فەرعە موهیمە مەحرووم ماونەتەوە).

نەخوێندەواری دەردێکی کۆمەڵگەکەمان بووە، هەر لە کۆنەوە هەوڵی نەهێشتنی دراوە، بەڵام ئەوسا ئەوەندە پوختەی پێ نەدراوە، جا بە تایبەتی لە شاری هەولێری دێرین، بۆیە گۆڤاری (رووناکی) تکا لە لێپرسراوان دەکات بە گەرمی بیری لێبکەنەوو دەڵێت: -

(هەر وەکو لە هەموو شارەکانی عیراق دا بۆ مکافحەی امی لجنە دانراوەو بە گەرمە تەقەلا دەدرێ. شارەکەی ایمە تاکو ئێستا چێکی وای بۆ نەکراوەو ئەگەر ئاوەزووش کرابێ موهمیل ماوەتەوە. لەم رۆژانە لە لایەن ئەهالی هەولێرەوە زۆر بە دڵسۆزێکی تەواو لەکۆشەوە دان کە مراجعت بە گەورەکان بکەن کە زانستیان بۆ ئابمزرێندرێ و. . .).

بەراوردێك لە نێوان گۆڤاری رووناکی و گۆڤارانی دی دا

ئەگەر بەراوردێك لە نێوان هێندیك رۆژنامەو گۆڤاری ئەو سەردەمەی، کە گۆڤاری (رووناکی)ێیدا بڵاوبۆتەوە لە رووی دەرهێنانیەوەی بکەین، دەبینین تاکە رۆژنامەیەکی کوردی ئەوسا دەرچووبێت رۆژنامەی (ژیان) بووە، کە بە چوار لاپەڕەیی بڵاودەبۆوەو هەفتانە بووە. لە رووی دەرهێنانی هونەرێوەی هیچ جیاوازێکی لەگەڵ گۆڤاری رووناکی دا نەبوو، ئەویش بەشی سەرەوەی لاپەڕەی یەکەمی دابەش کردبۆ سەر سێ بەش و لە نێوەراستی دا نێوی رۆژنامەکەی تێدا نوسیبوو، لاپەرەکانی سێ ستوونی بوون هیچ وێنەو مۆنتیژێکی تێدا بەدی ناکرێت، هەر لە هێندیك شوێن دا نێوی ووتارەکان بە خۆش نووسی نووسراوان. لەبابەتەکانی هەروەکو (رووناکی) اقتصادی، اجتماعی، دەنگە و باس، اعلانات، هونراوە، گاڵتەو گەپ بە سەرهاتی شاعیران بووە.

هەردوو چاپەمەنیکە هەتا لە هەولێ تاکە کەسیش دا بەشداربن، هەولێ ماموستا پیرەمێردی نەمر لە (ژیان)دا وەهەولێ ماموستا حوزنی نەمر لە (رووناکی)دا.

ئەگەر ئەم چاپەمەنییە کوردییانە لەگەڵ چاپەمەنی دەورو بەر بەراورد بکرێت، دەبینین لەرووی دەرهێنانەوە جیاوازی هەیە، بەشی سەرەوەی لاپەرەی یەکەمی گۆڤارەکان یان دووخانەیین وەیا هەر تەنیا نێوی گۆڤارەکەی لەسەر تۆمارکراوە دەنگە و باسی جیهانی بە خۆش نووسی لە سەر لاپەڕەی یەکەم دا نووسراوە، هەتا نیشانە ناسەرەکیکانیش هەر بە خۆش نووسی نووسراون.

وێنەی فۆتۆگرافی کەسی و سروشتی و نەخشەش بڵاوکراوەتەوە، هەروا وێنەی کاریکاتیریش جاربەجار بەرچاو دەکەوێت، وێنەی بەرگەکان وەکو (رووناکی) یەك وێنەی چەسپیوی نەگۆڕاونەبووە، بەڵکو هەر جارەی وێنەیەك وەیا چەند وێنەیەك بووە، کە پێوەندی بە نێوەرۆکی ژمارەکەوە هەبووە، تا نامەی (دەستووسیش بڵاوکراوەتەوە، هونەری سەرەکی ئەم جیاوازییەش بۆ کادیرو پسپۆرو دارایی و چاپخانە دەگەڕێتەوە نەك بۆ سەر نووسەرانی ئەوسامان.

لە ئەنجام دا ئەوە روون دەبێتەوە کەوا گۆڤاری رووناکی بایەخی بە زۆر لایەنی کێشەو ناهەمواری و گیروگرفتی هەموو چینێکی کۆمەڵگەی کوردەواری داوە بە هۆی زادەی بیری نووسەرانیەوەو هەولێ تاکە کەسی کارگێرانی، ئەم گۆڤارە هەشت مانگ لە بواری رۆژنامەگەریمان بە گرفەی تیشکەکانیەوەی کتێبخانەی کوردی گەشاندۆتەوەو دەنگی زوڵالی خۆی گەیاندۆتە زۆر لایەنەوەو لە نێو ئەو دەستووسانەی، کە بە جێماون نامەیەکە لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ئەوە روون دەکاتەوە کەوا دوو ژمارەی لە گۆڤاری رووناکی پێ گەیشتووە، جگە لەو هەموو کوردناس و رۆژهەڵات ناسانەی، کە پێوندی راستەو خۆیان بە سەرنووسەرا نێوەی هەبووە.

هەوالنامەی کێبن

م . . .
نەیسانی 1985
بەغدا
سەرچاوەو تێبینی

1) بۆ ئەوەی گۆڤاری رووناکی لە هەولێر چاپ بکرێت و مەڵبەندی هەولێر خاوەن چاپخانەیەك بێت، مامۆستا گیوی موکریانی بە پارەی وێنەگری چاپێکی گەورەتر لە چاپەکەی رەواندز لە مووسڵ لە فەزیل عیسا مەحفوزکری‌و لە سالّی 1935دا. لە هەولێردا یەکەمین چاپخانەی دامەزراندو لە سالّانی شەستدا بە چاپەکە پەکی کەوتبوو ئاسنگەران پارچە پارچەیان کردو هەر یەکەی بە پارەیەکی کەم بەشیکیان بۆ خۆیان کری.

2) عبدالجبار محمد جەباری، مێژووی رۆژنامەگەری کوردی، سلێمانی، 1970، لاپەرە 90 ـ 91.

3) جمال خەزنەدار، رابەری رۆژنامەگەری کوردی، (ـ)، 1973، لاپەرە ـ 37.

4) مامۆستا محەمەد عەلی کوردی نەمر لە دێی سیدەلان، کە کەوتۆتە سەر شاخی سپیلك سەر بە قەزای رانیە لە سالّی 1905دا هاتۆتە دنیاوەو لە سالّی 1956دا کۆچی دوایی کردووە. مامۆستا کوردی بە باوەرێکی پتەوەوە خزمەتی زمان و وێژەو مێژووی کوردی کردووە بە زمانی کوردی‌و عەرەبی بابەتی جۆراو جۆری بە نێوی (الفلاح، رجل الشارع أبو هند، محمد علی پژدەری، محمد علی کوردی، المؤرخ، سیاسی جاهل المحاری، اعظمی عطشان، ام العلا، نسرین الکردیة وهی دی) بلاوکردۆتەوە لە بەرهەمە چاپکراوەکانی.

1 ـ حکایەتی زادیج لە نووسینی ڤۆلتێرو وەرگێرانی بۆ سەر زمانی عەرەبی (طە حسین) کردوویەتی‌و محمد علی کوردی لە عەرەبییەوە کردویەتی بە کوردی‌و لە بەغدا لە سالّی 1954 داچاپکراوە.

2 ـ رسالة معلم الی اخوانی المعلمین والمدرسین، بەغدا، 1956.

3 ـ اشیاء والصحة، للصف السادس الابتدائی بە زمانی کوردی لەو دەسنووسانەی، لە لە دوای خۆی بە جێماون و چاوەڕێی چاپ کردنن.

1 ـ محاضرة عن اللغة الکردیة وادابها.

2 ـ المصایف المهملة والجمیلة في شمال العراق.

3 ـ تمثیلیة ابو زهر الأعرابی.

4 ـ مەڕۆکەو بزنۆکە.

5 ـ مامە خەمە.

ئەوەی شایەنی باسە مامۆستا محمد علی کتێبی تاریخ و جغرافیەی بۆ پۆلی شەشەمی سەرەتایی داناوە، بەلاّم هەروا لە وزارەتی مەعاریف) بێ‌چاپ کردن ماوەتەوە.

بە هۆنراوەش نامەی بۆ توفیق وەهبی، سعید قزاز وشیخ عەلادینی نەقشبەندی زینۆی‌و دۆستانی ناردووە.

ئەم زانیاریانەم لە مامۆستا مستەفا نەریمان و مامۆستا هێندخان کچی خوالێخۆشبوو مامۆستا محمد علی کوردی وەرگرتووە.

5 ـ بەرهەمەکەی مامۆستا سعید فهیم هەر بە چاپ نەکراوەیی ماوەتەوە.

6 ـ بەشێکی ئەم رۆمانەی مامۆستا محمد علی کوردی چاپ نەکراوە ولە نێو دەسنووسەکانی بە جێماوی خۆشی‌دا نییە، بەلاّم وەرگێرانەکەی بۆ سەر زمانی عەرەبی لە لای هێندخانی کچێتی، کە دەڵێت (102) لاپەرەیە، دوور نییە مامۆستای نێوبراو هەر بە عەرەبی نوسیبێتی‌و گۆڤاری رووناکی بۆی وەرگێرابێتە سەر زمانی کوردی، چونکە شێوەی دارشتنی ئەم رۆمانە لەگەڵ بەرهەمە بلاوبۆکانی‌دا جیاوازی هەیە، وەیا هەر خۆی بێ کوردی نوسیوەو زمانەوانێك پێیدا چۆتەوە.

هەولێر کتێبخانەی

خەڵەف شەوقی

کۆلاڤەی ژیانی - بەرهەمەکانی - دەوری بالای لە جوڵانەوەی ڕۆشنبیرانی عیراقیدا .. تێشکێکیش لەسەر کتێبەکەی

(یادکردنەوەی سەعد زەغلول لە عیراقدا).

غفور میرزا کریم

لەگەشت کردن بەناو هەردەوێڵی ژیان و گوزەران و پەروەردەکردن وە پێگەیاند هاتنە کایەی خەڵەف شەوقی بۆ سەر شانۆو کۆڕی خەباتی جوڵانەوەی ڕۆشنبیران بە کوردو عەرەبەوە کتومت وێنەی تایبەتی بنەماڵە کوردێکی ئاوارەی دەوری دەوڵەتی عوسمانی یان دەوری پاشایەتی دوابڕاو تێدا، بەدی دەکرێ.

ئەوەی ڕاستی بێ لەسەر بنەچەی خەڵەف شەوقی هەر ئەوەندە دەزانین، کە باوکی ناوی ئەمین بووەو لە لەشکری عوسمانیدا لە دیوانیە ئەفسەر بووە جالەبەر ئەوەی بە ڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر هۆزی داودەی کورد بۆیە بەئەمین داودە ناوی دەرکردووەو ناسراوە.

ئەمین داودی سێ زمانی زانیوەو شارەزایی قوڵی لە عەرەبی و تورکی و فارسیدا بووە ،پیاوێکی خوێندەواری زیرەك بوە خەڵەف لەدوای حەوت خوشك سالی 1898 چاوی بە دنیا هەڵهێناوەو تاکانە کوڕی دایك و باوك بووە. هەر لە سەرەتای ژیانیەوە زیرەکی و بلیمەتی لە مێشك و چاویدا ئەدرەوشایەوە کورد واتەنی هەر ئەڵێ زانایی و دانایی بەشیرەوە خواردبوو، هەر لە منداڵیەوە لە هەڵسوکەو تیدا یاخی بوون و هەڵشاخان بەرامبەر کۆمەڵ و دیاردە ناڕەواکانی دەبینرا بۆیە لە ماڵەوە لەگەڵ باوکیدا ناکۆك بوو هەمیشە لە مشت مرو تێك چوون و بەیەکا دانابوو کە لە ئەنجامدا بە گاڵتەو گاڵتەجاری داخی دڵی بەرامبەر باری نالەباری کۆمەڵ دەردەبڕی کە لە دواییدا ئەم ڕەوشتە تایبەتیەی لە نوسینەکانیدا بە زەقی ڕەنگی دەدایەوە کە بوو بە هۆی ئەوەی هەندێ لە ڕۆشنبیرانی هاوچەرخی بە ڕۆشنبیرێکی گاڵتە چی و گەمەبازی ناوی بەرن.

باوك و دایك مردنی خەڵەف و بەسەربردنی ماوەیەك لە ژیانی لای زاوایەکی بازرگانی لە صوێرەی سەر بە شاری کوت یا گوزەرانی بۆ ماوەیەکی تر لای زاوایەکی تری لە حیللە لەدواییدا چوێتە قوتابخانەی ڕوشدیە لە بەغدا پاشان چوێتە دار المعلمین ی تورکی، ئیتر ئەم هەڵسوکەوت و هەڵسوڕانەی جۆراوجۆرە کارێکی تایبەتی یان کردە سەر ژیانی لەوەبەدوای ، وە کەرەسەیەکی پر سوودو دەرسێکی بایەخ دار و تاقی کردنەوەیەکی بە کەڵکی بۆ ڕەخسان هەروەها ئاگری شەڕی یەکەمینی جیهانی (سەفەربەر) خەڵەفی لەگەڵ هەزاران کەسانی کەساس و داماوی تری دانیشتوانی عیراقدا بۆ ناوجەرگەی دۆزەخی جەنگە ڕاپێچ کردو لول دا کە لە ئەنجامدا پاش شکستی هێنانی دەولەتی عوسمانی خەڵەف لەگەڵ زۆری تر لە لایەن ئینگلیزەکانەوە بەدیل ڕەوانەی هندستان کران ئەم ماوەیەش دەرفەتێکی گونجاوی بۆ ڕەخسان، بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی و هیندی بەم چەشنە چەند هۆیەکی تایبەتی دەستی بالای هەبو لە پەروەردەکردن و پێ گەیاندن و قاڵ کردن و ناوەدرکردنی خەڵەف شەوقیدا کە لە ئاکامدا وەکو شاسواریکی بێهاوتا ئەمپی لە ناو جوڵانەوەی ڕۆشنبیری

کوردو عەرەبـدا بە ئارەزووی خۆی تاوەداو ئەستێرەی بەرزی لە ئاسمـانی چیـرۆك نووسی و رۆژنـامـەگـەری و پەخشانی گرنگ لە گۆڤارە ناوداراەکان بە دانانی کتێبی هەمە جۆرەی رۆشنبیری بەسەرکـەوتوبیـەوە بدرەو شێتـەوە ئیتر زمـان پزانی خەڵـەف بە زیرەکی و دانایی، هەڵکـەوتن و گووش کردنی لە ئامێـزی بنـەمـاڵـەیـەکی خوێندەواری چاوکراوەدا . . سەر کردنە خوێندن و فێربوون لە فێرگەکانی حللە بەغـدا، دەردو مەینـەتی رۆژکـارو کۆمـەڵایـەتی . . . تاڵ و تفتی رۆژانی دیلیـەتی و هاتنـەوەی بۆ عیـراق ئەم هەڵسـوکەوتانە بەتێکرایی کەرەسەیەی کەڵەکەبووی بەپیت و دەرووبـەکی گونجـاوی ئەنیـنەوەی کانیـاوی بەهـرەوەری و کارامەیی لە خەڵـەف شەوقی دا کردەوە کە وەك شاسوارێکی رۆشـنبـیـری خۆی هاویشتـە ناو کۆڕی جوڵانـەوەی رۆشنبیـریـیـەوە . خـەڵـەف شەوقی پاش رزگـاربـوونی لە دیلیـەتی و هاتنـەوەی بۆ عیـراق لەدوای فێـربـوون و شارەزاو قاڵ بوونی لە چەنـد زمـانێکی بێگـانـەی وەکـو ئینگلیـزی وهیندی و فرنسی، ئەلمـانی ،تـورکی ،فـارسی سەرەتای ئەرکی رۆشـنبـیـری خۆی بە رۆژنـامـەگـەری کردەوە نوخشـەجـاری ئەم مەیدانەدا دەرهێنانی یەکەمین و کۆنترین گۆڤاری عیراقی سەردەمی دەوری داگیرکەری ئینگلیز بوو. لە کانونی دووەمی ساڵی 1923 خەڵـەف لە شاری بەسرە بە ناوی (شط العرب)ەوە گۆڤارێکی نیشتمانی و رۆشنبیری دەرهێنا کە سەرنـوسەرو هەڵسـوڕێنەری هەرخۆی بوو بەڵام دیـاربـوو کار بەدەسـتـانی ئینـگلیـز نە خاوەنـەکـەی نەنوسینەنیشتمانیەکانی دژ بە داگیرکەر وەنە بانگەواهێشتنی بۆ یەکێتی کوردو عەرەب بەدڵ نەبوو جێگای رەزامەندبیان نەبـوو بۆیـە هەر تەنهـا ژمـارەیـەکی لێ دەرچوو وە فەرمانی داخستنی بۆ دەرکرا[1] کە لە ئەنجامدا خەڵـەف هەوارگەی خۆی بۆ بەغـدا گواستـەوە. . وە لە پاتیـەخت لە ئازاری ساڵی 1923 دەستی بەدەرهێنـانی رۆژنـامـەیەکی رۆژانەی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیتر کرد کە دروشمی بڵاوکردنەوەی راستی و خزمـەتی نیشتمـان بوو کە بەداخـەوە ئەمیش تەنهـا شەش مانـگ دەرچـوو[2] . بەم چەشنە خەڵـەف شەوقی لەسەر رەوشتی باوکی و شانازی کردن بە هۆزو رەچەڵەکی کوردییـەوە نازنـاوی داودی خستـەسەر ناوەکەی بەم چەشنە خەڵـەف لە ریـزی جوڵانـەدەی روشنبیـرانی کوردو عەرەبدا وەکـو شاسـوارێکی لی هـاتـو هاتـە مەیـدانی نوسین و بلاوکـردنـەوەی کتیب بو وێنـەڵە ساڵانی بیستدا لاپەرەکانی گۆڤاری (دیاری کوردستان) کە لە بەغدا لە لایەن صالح زکی صاحقبـرانـەوە بەکـوردی و عەرەبی و تورکی دەرئـەچوو هەمیشـە بە نوسینی بە پیـزی خەڵـەف ئەرازایـەوە، وەبـە گەرمەوە بەشداری لەم گۆڤارەدا کردوە وەکو زاناو مێژوونوسی کورد، جمیل روژ بەیانی دەڵیت:

لە ژمارەکانی (3 ـ 6)ی گۆڤاری (دیاری کوردستان) کە لە ساڵی 1925 لە بەغدا لە لایەن صاحبقرانەوە دەردەچو خەڵـەف ووتارەکانی (ف ـ استیفانی) دەربارەی (کرمانجی کرد) لە ئینگلیـزیـەوە وەرگێـڕایە سەر عەرەبی وەبڵاوی ئەکـردەوە وەلـە ژمارەی (8) ووتـاری زوروئـاشا ـ شیخ المحمرین ـ بە عەرەبی بڵاو کردوتەوە هەروەها بە ئاشکرا دەبینین کاتێ کە گۆڤـارێ (اعتـدال) لە ساڵی 1933 لە شاری نەجـەف دەستی بە دەرچـوون کرد لەنـاو ئەو شۆڕە سوارانـەو کەڵـە شاعیـرانـەی عیـراق دا وەکـو محمـد رضـا الشبیبي علي شرقي، محمد جواد الجزائري، محمد علي اليعقـوبي احمـد الصـافي، محمود الحبوبي ،عبدالرزاق محي الـديـن، مصطفیٰ جواد، عبـدالحمید الـدجیلی، محمـود المـلاح ،ناوی خەڵـەف شەوقی داودیش وەکـو ئەستێرەیەکی پرشنگدار دەرەوشایەوە.

بەهێزی و پرتوانایی لە زمانی عەرەبیدا وە فرە شارەزایی لە بەشـەکـانی رۆشنبیـری گشتی دا گەیاندبوویە پلەیەکی ئەوتۆ کە بە نوسـەرێکی ناودارو سەرکـەوتـوی نوسـەرانی گۆڤاری (الغـة العرب) دابنـرێ ئەم گۆڤـارە زانیـاریـیـە گرنگـەی کە ئەنستاش ماری الکرملي سەرپەرشتی دەرکردنی دەکرد.

توانـای بێ ئەندازەیی لێ هـاتـووی خەڵـەف شەوقی لە پێك خستن و هەڵبـەستنی گاڵتەو تیرو توانج گرتن لەسەر

باری کەموکوڕی و دەردی کوشندەی کۆمەڵ کردبوی بە یەکێکی ناودار لەم مەیدانە ڕۆشنبیریە کە لە ئەنجامدا ناوی بە ڕۆشنبیرێکی هاوچەرخی گاڵتەو گاڵتەجاری ڕەخنەگری بەرز دەرکرد وە لە ئەرشیفی ڕۆشنبیرانی گاڵتەجاری عیراقدا ناوی لەگەڵ ناوی ئەم ڕۆشنبیرانەی خوارەوەدا دێ کە هەریەکەیان یا ڕۆژنامە یا گۆڤارێکی بە ناوەوە ناسراوە .

نوری ثابت «حبر بوز»
میخائیل تیسی «کناس الشوارع»
عبدالقادر المميز «ابو احمد»
صادق الأزدي «قرندل»
خالد الدره «الوادي»
حميد المحل «الفكاهه»

ئیتر هەمیشە بە نوسینی بە هێزو سوودبەخش و بە پێزو بە تێکڵ بەتیرو ترانج گرتن پر لە مانا بۆ سەرباری ناکۆکی کۆمەڵ کە بریتی بوو لە ڕەخنەگرتن لە سەرباری ژیانی کۆن داخی دڵی پر ناسوری هەڵ دەڕشت و دورتووری لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژنامەو گۆڤارانەی خوارەوەی ناو وولاّت و یا دەرەوەی وولاّت پردەکردەوە دەڕازاندەوە .

الأوقات العربية
مجلة المعلمين
لغة العرب
الاعتدال
الكرخ . . هتد

پیرەمێرد بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی (ژیان) بەم نوسینەی خوارەوە ڕۆژنامەی (الدفاع) بەغدادی وە دەوری بەرزی خەڵەف شەوقی لە مەیدانی گاڵتە وگەمەدا هەڵ دە سەنگێنێ ، هەروەها لە دوو تۆی ئەم نوسینەدا دەردەکەوێ کە خەڵەف شەوقی وەکو کوردێکی ڕۆشنبیری لەلای پیرەمێرد ناسراو ناوبانگە دارە .

ژیان ژمارە 533 5تەموز 1937

الدفاع

(غەزەتەیەکی تازە بەناوی (الدفاع)وە لە بەغدا دەرچووە دوو ڕۆژ دوو نوسین یمان بۆ هات من کە لە غەزەتە تەجربە کۆنەکانم وە ئەم مودەتە غەزەتەی خۆمان دە بینم تا ئێستا غەزەتەی وا ڕێکوپێك و لە هەموو بابەتێکم نەدیوە سیاسی ، ئەدەبی ، فەنی ، عیلمی اقتصادی و فکاهی . . . .

نەخوازەڵا گاڵتەو گەپی ئەدەبیی لیبب خەڵەف شەوقی زیندەتێکی تری پەیداکردووە وە بە هێندی شێوەی بەیاناتیا لەگەڵ خۆمان دا دوستی ئەنوێنێ ئومێد ئەکەین پایەدارو پەسندی بارو لەغیاربێ) . بەم ڕەنگە لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان چ ناوخۆیی یا دەرەوەی وولاّت بێ ، بێ سێ و دوو بەڵکو بە شانازیەوە بۆ ووتار نوسینی برشت و بە پێزەکانی خەڵەف شەوقی کرابووە ئیتر هەندێ جار بە ناوی ئاشکرای خۆیەوە وتاری ئەنوسی وە هەندێ جاری تریش لەژێر ناوی (ملا نصرالدين) (مەلای مەزبورە) نوسینی بلاوئەکردەوە سەیرتر هەندێ جاری تر لەژێر ناوی (بابوجترنارجی) کە گوایا هندیەکە لەو هندیانەی کە لەگەڵ لەشکری داگیرکەری ئینگلیزدا هاتونەتە عیراقەوە نوسینی بلاوئەکردەوە کە لەم بابەتەوە بەڕێز صادق الازدی هاوڕێ دەڵێت باش پێنج ساڵ سکرتیری نوسینی ڕۆژنامەی (الدفاع) «مهدی وفي» پێی ووتم کە ئەو (بابو) هندیە هەر خەڵەف شەوقی بوە کە مرچەخۆرێك بوو لە وەزارەتی مالیە .

گرووگۆڕمی خەڵەف شەوقی لە مەیدانی ڕۆژنامە گەریدا ڕێکەوتی سەردەمی حکومەتی بەکر صدقی ساڵی 1936 دەکا جا لەبەر پەیوەندی بەتینی نوسەر بە بەکر صدقیەوە خەڵەف شەوقی بە چالاکانە لە ڕۆژنامەی (الدفاع) کە سەرکیس سورانی بەڕێوەی دەبرد کە بە ژمانی حاڵی حکومەتی بکر صدقی ناسرابوو ووتارو نوسینی سیاسی کە زۆر جار لەژێر ناوی (سفينه‌ی نوح)دا دەنوس بلاوی دەکردەوە . بەڕێز صادق الأزدی کە خۆی لەم ڕۆژنامەیەدا کاری دەکرد دەڵێت : لەپێشدا لە ڕێگەی نوسینی و خوێندنەوەی ووتارەکانیەوە خەڵەف شەوقیم ناسی و ڕێزم

لێدەگرت بەڵام بەهۆی کاروباری ڕۆژنامەی (الدفاع)وە بۆ یەکەم جار بینیم و لە تەکیا دانیشتم وە ئاشنایەتیم لەگەڵ دا بەست. بەم چەشنە خەڵەف شەوقی بەسەرکەوتوییەوە پایەی بەرزی ڕۆژنامەگیری لەناو جوڵانەوەی ڕۆشنبیرانی عیراقدا وەرگرت بۆیە بەڕێز صادق الأزدي ڕۆژنامەگیری عیراقی کۆن بەدروستی ئەم دەورە گرنگەی خەڵەف شەوقی دەنرخێنێ وەدەڵێت:

بە گوزەرکردن بەناو ژیانی خەڵەف شەوقیدا مرۆڤ سەری سوڕ دەمێنێ کە چۆن کوردێکی ڕەسەن لە سالانی بیستدا دەرهێنانی گۆڤاری بەناوی (شط العرب) لە شاری بەسرە دەگرێتە ئەستۆ کە بێگومان ئەم هەڵوێستە بەڵگە نەویستە عیراقی ڕەسەنی خەڵەف شەوقی دەردەخاو پیشان دەدا.

شاسواری چیرۆك نوسێ عیراقی
خەڵەف شەوقی

خەڵەف شەوقی نەك تەنها ناوی بە ڕۆشنبیرێکی ڕۆژنامەگەری بە نوسینەو ووتاری هەمە چەشنە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی عیراق وەدەرەوە ی وڵات بڵاوبووەوە بەس ،بەڵکو لە هەمان کاتدا توانیوێتی بەسەرکەوتوییەوە دەردوکێشەی کۆمەڵایەتی ئاوات و خۆزگەی کۆمەڵانی خەڵکی بە چیرۆکی بەرزو جوان نۆمار کاو نایاب ترین و چێژترین چیرۆکی بێگانە لە زمانە بێگانەکانەوە بە تایبەتی لە زمانی تورکیەوە بگوێزێتە سەر عەرەبی وە لە ڕۆژنامەو گۆڤار یابەشێوەی کتێب بڵاوی بکاتەوە وە پێش کەش بە خوێندەواری عیراقی بکات، جا با کەمێ جڵەوی ئەم باسە بدەینە دەست خەڵەف شەوقی، کە خەڵەف شەوقی لە کتێبەکەیدا بەناوی (قصص المختاره من الأدب التركي) کە لە ساڵی 1934 لە میسر دەرچووە کە دوو ڕۆشنبیری گەورەی عەرەبی محمد محمود وعبدالوهاب امین دوو پێشەکی بەنرخیان بۆ نوسیوە تیایدا دەڵێت: لەبەر ئەوەی سەرچاوەی ڕۆشنبیریم تورکی بووە بۆیە کە سەرم کردبوە سەر خوێندنەوەی ئەو چیرەوکانەی کە بەناوبانگترین چیرۆك نوسی تورکی دەیان نوسی وەکو رشادنوری . ارجمند اکرم. . . هتد وە دوایی ئەوەی تاسەو ئارەزووی گەرمتر و بەهێزتر کردم کە ئەم بینی لەناو ئەدەبی عەرەبیدا دەربارەی ئەدەبی تورکی وە بەرهەمی ڕۆشنبیرانی تورکی بۆشایەکی گەورە هەبوو جگە لەمەش خاوەن دەزگای چاپ کردنیش پاڵیان پێوە دەنام، هەر ئەوەندە چیرۆکێکم بڵاو دەبوەوە، خاوەن ڕۆژنامەکان هانیان دەدام بۆ چیرۆکی تر بەم جۆرە سوورییونی خوێندەواران لەسەر خوێندنەوەی چیرۆکەکانم خستمیە سەر ڕێڕەوی چیرۆك نوسین شیاوی یاسە ئەم کتێبە جارێکی تر لەسەر داواو خواستی خوێندەواران لە ساڵی 1936 لە میسر لە چاپ درایەوە، وە کەوتەوە بەردەستی خوێنەر کە ئەمە بەڵگەی نەویستە ،توانایی و سەرکەوتوویی وە ناوداریەتی خەڵەف شەوقی لە ڕیزی جوڵانەوەی ڕۆشنبیرانی عیراق وەدەرەوەدا پیشان دەداو دەنوێنێ.

لێرەدا پرسیارێك دێتەپێشەوە!!

ئایا بۆچی ڕۆشنبیرانی عیراقی لەو ڕۆژەدا چاویان بڕیبوە بەرهەمی شیلەو بیری ڕۆشنبیرانی تورکی؟ وە بەکڵچیۆی دەستکەوت و سەرکەوتنەکانی چاویان ئەرشت؟

ئەوەی ڕاستی بێت لەدایك بوونی جمهوریەتی تورکیانی سەربەخۆد لەسەر کەلاوە کۆنی ڕووخاوی پێنج سەد ساڵەی دەستەڵات داری دەوڵەتی عوسمانی بە یەکێ لە ڕووداوە گرنگەکانی ئەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە دادەنرێ کە لەدواییدا کەوتە بەرچاوو سەرنجی جوڵانەوەی نیشتمانی و ڕۆشنبیری عیراقی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا. . ڕۆژنامە نیشتمانیەکانی بەغدا ئیستقلال و ئەهالی . .هەر بەردەوام بە سەرکەوتن و دەستکەوتەکانی جمهوریەتی تورکیای کەمالیان هەڵ دەدا، لەگەڵ باری ژێردەستەیی پیلان و نەخشە گلاوەکانی ئینگلیزەکان بۆ چەسپاندنی پەیمانی دیلیەتی 1930 بەراوردیان دەکرد وە بۆ چاولێکردن لە جوڵانەوەی نیشتمانی و ڕۆشنبیری تورکیا کۆمەڵانی خەڵکیان ڕادەکێشا بۆیە ڕۆشنبیرانی عیراق تامەزرۆی چێشتنی بەرووبومی تازەی

هەوالنامەی کێبڕکێ

ڕۆشنبیرانی تورك بوون بەتایبەتیش ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە لەبەر ئەوەی سەرچاوەی خوێندنیان تورکی بوو بۆیە تامرو چێژی تایبەتییان لە ئەدەبی تورکی و لە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی ڕۆشنبیرانی پێشکەوتووخوازی تورکی بۆ عەرەبی وەردەگرت ئیتر ئەم هۆیانە بوونە مایەی ڕاکێشانی سەرنجی خوێندەواری عیراق بۆ لای ئەدەبی تورکی کە تیایدا خەڵەف شەوقی پایەو پلەی بەرزی لەم مەیدانەدا وەرگرت بۆیە ڕۆشنبیری بەناوبانگ جعفر خلیلی لەکێشەکەیدا کە لە ساڵی 1962 پەناوی (القصة العراقية قديماً وَحديثاً) دەرچوە بە دروستی دەوری خەڵەف شەوقی هەڵ دە سەنگێنێ و مانی، سروشتی ڕەوای خۆی ئەداتێ وە دەڵێت.

لەو ڕۆشنبیرانەی کە لە عیراقدا بەپێشڕەوی چیرۆك نوسی تازە دادەنرێتین لەم چوار ڕۆشنبیرانەی خوارەوە.

1 ـ سلیمان فیضی
2 ـ محمود احمد سید
3 ـ انور شاوول
4 ـ خەڵەف شوقی

بەم چەشنە خەڵەف شەوقی بەتوانای لێهاتووی لە بوارێکی مێژوویی بە بەرهەمی زۆری بایەخ داری بەسەر کەوتوییەوە پایەی چوارەمین چیرۆك نوسی لەناو چیرۆك ناسانی عیراقدا وەرگرت.

خەڵەف شوقی کورد پەروەر

هەرچەندە خەڵەف شەوقی بەتێکڕا تواناو بلیمەتی خۆی خستبوە بەردەستی جوڵانەوەی ڕۆشنبیری عیراقی وە بەرهەمە چۆراو جۆرەکانی و شێلەی بیری بە زمانی عەرەبی ئەکردە گەردانە بۆ گەنجینەی سامانی ڕۆشنبیری بەڵام لە هەمان کاتدا وەکو ڕۆشنبیرێکی کورد بیری دە کردەوە و بە پێی بارو ڕۆژگاری ئەو سەردەمە ئەسپی لە مەیدانی جوڵانەوەی کوردیدا تاووەدا. باری دواکەوتنی و داماوی گەلی کورد بازاڕای کزو کەساسی جوڵانەوەی ڕۆشنبیری دڵ و مێشکی هێنایە هەژان بۆیە وەکو هاوەردێ هاتە کۆڕی ڕۆشنبیرانی کوردەوە لە بەغدا وەقۆڵێ بە قۆڵاکردن کە لە ئەنجامدا جێگەی بەرزی خۆی لە ڕیزی ڕۆشنبیراندا کردەوە وەکو لێهاتوبەکی ناودار لەم مەیدانەدا ناسرا.

لە 5/30 ساڵی 1930 لەژێر پاڵەپەستۆی جوڵانەوەی ڕۆشنبیری کوردیدا دەزگای میری ڕێگەی بە کردنەوەی پانەی سەرکەوتن دا کە کردنەوەی بە سەرکەوتنێکی گرنگ و دەستگەوتێکی ڕۆشنبیری دیاری کراو دادەنرێ.

لە کۆبوونەوەیەکی دیاری کراوی تایبەتیدا لەناو کۆڕی سەدان ڕۆشنبیری کوردا بە هەڵیژاردنێکی سەربەستانە چەند ڕۆشنبیرێکی هەڵکەوتوو لەگەڵ چەند پیاوێکی پایەبەرزی کوردپەروەر کە یە دامەزرێنەری ئەم دەزگای ڕۆشنبیریە دانرابوون هەڵبژێران ،بەم چەشنە خەڵەف شەوقی بەڵێهاتوویی خۆی لەگەڵ بەڕێزان ئەمین زەکی بەگ و مارف جباوك، ئیبراهیم حیدری ،محمد علی افندی تویچی، محمود جودت، بارێزەر محمد عارف افندی پشدەری وەکو شاسوارێك لە مەیدانی ڕۆشنبیری کوردی ناوبانگێ دەرکرد.

دوکتور محسن جمال الدین لە نووسینێکدا بەناوی (الاکراد خدموا اللغة العربية) کە لە 1984/10/1 لە ڕۆژنامەی عیراقدا بڵاوی کردۆتەوە دەربارەی خەڵەف شەوقی دەڵێت: (خەڵەف شەوقی بەزووبی پەی بە زمانی نەتەوەکەی برد هەمیشە لە ڕیزی ئەو پێشەنگانە دادەنرێ کە بەرهەمی ئەو ڕۆژهەڵات ناسانەی کە هاتوونەتە سەرەوەو خوارەوەی عیراق کە لە سەرباری گەلی عیراق لە عەرەب و کوردو کەمایەتیە نەتەوایەتیەکان نوسیوەو گۆڕیوەتە سەر عەرەبی هەروەها دەڵێت: خەڵەف شەوقی زۆر بەتەنگ زمانی کوردیەوە بووە لەسەر لێکۆڵینەوەو مێژوو شارەزایی بەشەکانی و پەکگرتنی و کۆکردنەوەی ئەدەبی گرنگیەکی تەواوی پێیدا وە هەروەکو لەو پێشڕەوانە دەژمێرێ کە داوای بژارکردنی ئەم زمانەیان کردوە لەسەر کوزمر. . جگە لەمە بە شارەزاییەوە لە باری ئەم زمانەو ناوچە دابەش کراوەکانی جوگرافی لە سەرووی وخواروی وڵات دەدوا.

کتێبخانەی وانامەی کتێب

خەڵەف شەوقی پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ مامۆستا ئەمین زەکی بەگدا پەیداکردبوو تەنانەت لە پاشەڕۆکی کتێبەکەیدا (قصص مختاره من الادب الترکی)بە وێنەی ئاگاداریەك کە بەڵگە نەویستە بۆ هەستی نەتەوایەتی ئەم بانگەوازەی خوارەوەی دەربارەی کتێبی کوردو کوردستان . . . بڵاوکردەوە.

میژووی کوردو کوردستان

خاوەن پایەبڵند محمد ئەمین زەکی بەگ

وەزیری ئابووری و هاتوچۆ

نەبوونی شوێنە وارێکی بەنرخ و نوسراوێکی سەربەخۆی تایبەتی لەسەر میژوی کوردو کوردستان، تا ئەم سەردەمە نزیکەش سەرنجی مامۆستا محمد ئەمین زەکی بەگ وەزیری ئابووری و هاتووچو بۆ پرکردنەوەی ئەم کەلەبەرەی ڕاکێشا ،بۆیە دەستی دایە خوێندنەوەی کتێبی میژوویی، گەڕان بە شوێن شوێنەواری کۆن تاووتوێ و ساغ کردنەوەی بەڵگەنامەکان تا توانی لە ماوەی 15 ساڵاً ئەم کتێبە بەنرخە بەهاوێژێتە بازارەوە لەدوایدا دێتە سەرباسی کتێبەکەو. دەڵێت ئەم کتێبە بەنرخ و گرانە، لە ڕووی بابەتەوە تاکە، لەباسەوە تایەتیە بەسەرچاوە دەوڵەمەندە بە بەڵگەی میژوویی ڕیشەی کورد، پەیدا بوونی، بەسەرهاتی جوگرافیای نیشتمانیەکەی لە چەرخی کۆن و تازەدا دینێتە پێش چاو تەنها بەهۆی ئەم کتێبەوە دەتوانین خێڵ و هۆزە کوردەکان ژمارەیان و تیرەی هەمە جۆریان بزانیت دوایی درێژە بە ئاگاداریەکە دەداوە دەڵێت.

لە ئێستاوە بارو دۆخی سازکراوە بۆ گۆڕینی ئەو کتێبە بۆ زمانی عەرەبی وتورکی تا سوردی زۆرتر و فراوانتریش کە بی گومان وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی تورکی تەواو بووە هەروەکو گۆڕانی بۆ زمانی عەرەبیش بەم زوانە تەواو دەبێ.

شیاوی باسە بیرکردنەوە لە وەرگێڕانی ئەم کتێبە بۆ زمانی تورکی بەڵگەی بەهێزە بۆ ئاسۆی بەرفراوانی بیری تیژی ڕۆشنبیرانی کورد کە ویستوبانە ئەم کتێبە بگەیەننە بەردەستی چەند ملیونی کورد کە حکومەتی تورکیای کەمالی بە تورکی شاخاوی دادەنان وە زمانەکەیانی بە زمانی دایکی دا دەناو وە لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی بێ بەش کرابوون . دیارە هەر بەدەست و نەقامی خەڵەف شەوقی بەشارەزاوو بەتوانای لە زمانی تورکیدا ئەم کتێبەش وەرگێڕاوەتە سەر تورکی کە هۆی چاپ نەکردنیشی دوور نیە، کە نەگەڕێتەوە بۆ سەرسیاسەتی ئەو دەورەی دەزگای میری عیراق کە ئەبویستوە جوڵانەوەی ڕۆشنبیری کورد لە سنووری سروشتی خۆی تێپەڕیکا و لە بازنەی دانراو بۆی دەرچێ بەتایبەتی لەو سەردەمەدا دەوڵەتانی ناوچە: تورکیاو ئێران و عێراق و ئەفغانستان بەرەو نزیك یوونەوە لەیەکتری دەرویشتن وە خۆیان بۆ بەستنی پەیمانی (سعد ئاباد) 8تەموزی لە ساڵی 1937 ئامادە دەکرد ئەم پەیمانەی کە دروشمی بریتی بو لە دژایەتی کردن بەرامبەر جوڵانەوەی گەلانی ناوچەکەو بە تایبەتیش سەرکوت کردنی بزوتنەوەی کورد بوو.

لێی خستنی وەزارەتی یاسین پاشا هاشمی وەپیچانەوەی دەورو دوکانی بە زەبرو هێزی ڕاپەڕینی لەشکری عیراقیەوە لە ساڵی 1936 وەهاتنی بکر صدقی و دامەزراندنی وەزارەتی حیکمت سلیمان بەویست و پشتگیریو یارمەتی لەشکر لە دوایی دا بەشداربوونی هەندی لە نیشتمان پەروەرانی ناسراوو بەناویانگ و خەبات کەر وەکو بەریزان کامل چادرچی و جعفر ابو تمن لەم وەزارەتەدا ئەم بزوتنەوەو ئالۆگۆڕەو باروودۆخە تازەیە ،بڕاندنەوەو چالاکیەکی نوێ بگرە گۆڕووگۆ ژمیکی تازەیی خستە ناوجوڵانەوەی نشتیمانی وڕوشنبیری عیراقی هیواو ئومیدکی سەرکەوتن وە پێش کەوتنێکی تازەی لە دڵ و دەروونی کۆمەڵانی خەڵکدا بوڕاندەوە بۆیە نیشتمان پەروەران وە ڕۆشنبیرانی کوردیش دەم و دەست بەدەم ئەم بارو دۆخە تازە تایبە تیەوە چوون وە ویستیان بەڵێن و بڕیارەکانی وەزارەتی تازە دەربارەی باری گشتی ووڵات و جێبەجێ کردنی ئاواتەکانی گەل بدەنە بەر شەن و کەوی تاقی کردنەوە بۆیە مامۆستای بەڕێز ڕەفیق حیلمی بانگەوازێکی بەناوی خۆیەوە

هەواڵنامەی کێبن

له ڕۆژنامەی ژیاندا بۆ دانیشتوانی شاری سلێمانی بڵاوکردەوە تێیدا باری تازەی حکومەتی ڕوون کردەوە و هەڵی سەنگاندو نرخاندی. وە داوا لە کۆمەڵانی خەڵکی دەکا کە چەند نیشتمان پەروەرێك و ڕۆشنبیرێکی ناودارو دیاریکراو بۆ ئەم ئەنجومەنی نوێنەرانەی تازە داهاتوو هەڵبژێرن بەڵکو لەم بوارەدا ئەم نیشتمان پەروەرانە بتوانن بەردێ بخەنە سەر دارێك لە خزمەت کردنی گەل و نیشتمان.

جا نیشانەکردن و ناوهێنانی خەڵەف شەوقی لەگەڵ بەڕێزان توفیق وەهبی بەگ و محمود جودەت، وە پێش نیازی کردنی ڕەفیق حیلمی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی بۆ هەڵبژاردنیان جارێکی تر پایەی خەڵەف و ناوداریەتی لە مەیدانی کوردایە تیدابەرز دەکاتەوە وا لە خوارەوەش دەقی ئەم بانگەوازەش بڵاودەکەینەوە.

ژیان ژمارە 507

گانونی یەکەم 1936

ئەصلی شێوەی ئینتخابات و نامزردی و ئەدەبی بۆ ئەمانی محترمی لیوای سلێمانی

لەبەر ئەوەی کە ئەزانم ڕجالی حکومەتی حازرە لە ڕێگایەکی بەشەرەفەوە گەیشتون بە کورسی حکومەت و نیازیان خزمەت و چاك کردنە لەگەڵ هەموو عیراقیەکاندا بە صورەتێکی مساوات و لەبەر ئەوەی منیش بە خۆما ڕاشەپەرموم لەم حوسنی نیەتی حکومەتە استفادەو بتوانم خزمەتێکتان بکەم خۆم و توفیق وەهبی بەگ و میرزا توفیق و خەلەف شەوقی و محمود جودەت تەرشیح ئەکەم بۆ نیابەتی لواکەتان، تائێستا زۆر کەستان تەرجربەکرد ئێمەش تجربەیەك بفەرمون.

ڕەفیق حلمی

باپەخ ترین هەڵوێست بۆ نرخاندنی خەڵەف شەوقی لە هەموو ڕوویەکەوە بریتیە لە ووتەی بەنرخی پیرەمێردی زانا و دانا کە ڕۆشنبیری بەڕێز ئیبراهیم ئەحمەدی تازە دەرچوبی کۆلیجی حقوق ساڵی 1937 کە جاران بەناوی نەقاب پۆشەوە بۆ ڕۆژنامەی ژیانی دەی نوسی.. بەجێگری خەڵەف شەوقی دادەنوسێ بەم چەشنە لە چەند دێرێکدا پیرەمێرد بە تیری چەند نیشانێك دەشکێنێ وە پایەی خەڵەف شەوقی لە مەیدانی ڕۆشنبیریدا بەرز دەکاتەوە ئەمەش دەقی ئەو نوسینەی کە پیرەمێرد لە گۆشەیەکی بچوکی ڕۆژنامەکەیدا بڵاوی کردۆتەوە.

ژیان ژمارە 538 1937 30 اغسطوس

نان بۆ نانەواو گۆشت بۆ قەساب

لە خوێندەوارە هەڵبژێراوەکانمان ئیبراهیم ئەحمەد کۆلیجی حقوقی تەواوکردووە، وە سەودایی وەزیفەی نەکەوتۆتە کە لە وە هاتووە ئەوقاتی دەکا. ئەم کورەئێمە، دەیناسین، لە هەرچی زمان هەیە شێوەیەکی زۆر پەسندی بۆ خۆی داناوە.

خەڵەفی خەڵەف شەوقی بەزەرفێکی عیلمی جەزبەیەکی شاعیری هەیە، ئەتوانێ دەعوا لە پەردەیەکی جوان دا تەسویر بکا وە بیبانە زهنی گوێگرانەوە خوا وێنەیان زیاد بکات.

بەم چەشنە پاش کوشتنی بکر دقی ساڵی 1937 ئەوندەی پێی نەچوو کە دامودەزگای میری ئەو پەیوەندیەو برایەتیەی کە لەنیوان خەلەف و بکر صدقی دا دروست بوبو بێکەن بەبەهانە وەفەرمانی خانەنشینی بو دەرکەن کە دوایی پش ماوەیەکی ئەو تووی نەخایاند کە ڕوژگاری چەپ گەردیش پەلپی پی بگری وەچەیوکی زۆرداری بدا بەسەریدا وەچنگێ ستەم لە دڵی بگری کلاڵەی ژیانی بپیچیتەوە بویە لە ساڵی 1939 دڵێ گەورەی شاسواری کوردو عەرەب لە لێدان وەستا وپیرو میشکی بوشتی لە بەخشندە کەوت وەگیانی پاکی بە خاکی نشیتمان سپارد،

راستی بی زۆرمان ئەویست شتیکمان دەربارەی ژیانی وەچالاکیەکانی لەم بوارە مێژوییە تایبەتی بەدا بزانیایە بەڵام بەداخەوە هیچ زانینیکمان دەست نەکەوت.

کۆچ کردنی خەڵەف شەوقی دڵ و دەرونی جوڵانەوەی ڕۆشنبیرانی کوردی هەژان بویە شاعیری بەرزی کورد شیخ

هەوالنامەی کۆیە

سەلام بەم هۆنراوە بەرزەی خوارەوە کۆڕی شین و شەپۆڕی بۆ خەڵەف شەوقی گرت.. وە داخی پرناسۆری بۆ ئەم شۆڕە سوارەی کورد هەڵڕشت وە ناوی بە نەمری هێشتەوە

شیوەن بۆ خەڵەف شەوقی داوودی

هەورەکەی مەینەت جۆشاو خرۆشا
تەمی ماتەمی ڕووی دڵی پووشا
گڕەی بروسکەی چەخماخەی بەکوڵ
ڕووناکی بڕی لەسەر هەردەی دڵ
کورەی دڵ دیسان کەوتە جۆش و تاو
خۆی بوو بە سکڵ جەرگ بوو بە زووخاو
ئەدیبی نازدار خوش زوبانم ڕۆ
لەبیبی شیرین نوکتە زانم ڕۆ
وەسیەتت وابوو من بگریم بۆ تۆ
هەرەس بە ماڵم (خەڵەف شەوقی) ڕۆ
ئەدیبی شیرین کۆمەڵی ئەدەب
نازداری کوردو مەحبوبی عەرەب
لای فارس سەعدی لای عەرەب لبید
لەلای تورك وەکو (عبدالحق حمید)
نوکتەو لەتیفەو تەشبیهو بەیان
وەك (سەبیج) بێکەس، بەبێ باوك مان
بگرین بڕێژن فرمێسك وەکو من
بڕا بە بالای داودی کفن
وەك بولبول وابوو لە شەش زماندا
تاقە گوڵێ بوو لە کوردستاندا
دڵ بۆ تەئریخی وەها هاتەگۆ
لەگەڵ داودە خەڵەف شەوقی ڕۆ

خەڵەف شەوقی لە کۆڕی نێشتمان پەروەریدا.

لە چاوگێڕان بەناو لێستەو تاوو توێکردنی بەرهەمەکانی خەڵەف شەوقیدا لە پاڵ بابەتی کومەڵایەتی وڕوشنبیری گشتی کتێبی سیاسی زۆق دەربارەی کێشەی فەلەستین (القضیه الفلسطینیه)یا کتێبی (وساوس السلطان عبدالحمید) دێتە بەرچاوی مرۆڤ وەسەرنجی خوێنەر ڕادەکێشی کە بەداخەوە لەبەر کەمتەرخەمی جوڵانەوەی ڕوشنبیرانی عیراقی وەنەبوونی ئارشیفی لەو کاتەدا زۆربەی نوسین و کتێبەکانی لە کونی هەتێتەش دا دەست گیر نابی بوبە بە هەزار حال وە بەریکەوت توانیمان کتێبی وون بو (ذکری سعد زغلول فی العراق) بدوزینەوە تا بیکەین بە دەستکەلای دەستمان بەهویەوە دەوری خەڵەف شەوقی هەڵسەنگینین بوبە بەباش مان زانی بو نرخاندنی و کێشانی دەوری لە مەیدانی. ووتارو نوسینی نیشتمانیدا لەو کتێبە بکۆڵینەوە.

گوڵواتەنی مشتێ نموونەی خەروارێکەی. ئەمە جگە لەوەی کە سەروەتاری ڕۆژنامەی ژیان ساڵی 1927 کە بەریز شیدنجیب بەناوی ڕۆشنبیرانی کوردەوە بەشداری گەلێ کورد بەرامبەر قەومەاوی جەرگ بڕو کۆچ کردنی سەرەکی گەورەی میسر (سعد زغلول) بە یەکجاری سەرنجی بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم باسە ڕاکێشام. ئیتر ئەم هۆیانە بوو کە کەڵکەڵەی ئەم لێکۆڵینەوەیەی خستە مێشکمەوە.. وە ئیتر دێوو کتێبی (یادکردنەوەی سەعد زەغلول لە عیراقدا.

هەر لەبەری بەیانی مێژووەوە، مێژوونوسان لەسەر دۆڵی (نیل) وە دووزنێی عیراق دەدوێن بێووچان دوو پاتی دەکەنەوە کە هەر دوو وڵات مەڵبەندی شارستانی و ئاوەدانی و بێشکەی چاو هەڵهێنانی خونچەی ژیان، کانگەی خێروبێرو دەغڵودان بووە هەروەهاش وڵاتی عیراقیش لە ئەنجامدا خێروبێری ڕووباری دیجلەو فورات هاتۆتەکایەوەو دروست بووە. ئەوەی ئاشکراو ڕوونە بە درێژایی مێژوو هەرگیز پەیوەندی هەردوولا لەبەك نەپچڕاوەو نەپساوە بەڵکو تا هاتووە پێویستی ڕۆژگارو خواستی مێژوو ئەم پردی دۆستایەتی و برایەتی و هاوکێیەی تووندتر پتەوتر و بەهێز تر کردووە. لە کاتی تێکەڵ بوون و باوەش بەیەك کردندا هەر لایە بە ڕەنگی کاری لەوی تر کردووە لە خەرمانی شارستانی و ئاوەدانی و بیروڕادا یەکتریان بێبەش نەکردووە. ئاڵ وگۆڕیان بە تانی کردنەوەی یەك کردووەو کەڵك و سودیان بە یەك گەیاندووە لە چەرخی ئیسلام و

هەوالنامەی کێبڕکێ

عەرەبدا شیرازەی برایەتی و دۆستایەتیان یەکجار بەتین و بەهێز بوو کە لە ئاکامدا ریشەی چارەنووسی دوا ڕۆژیان و ئاوات و ئامانجیان لەیەکەوە ئاڵا لەپێناوی پێش کەوتن و شارستانی و دژی داگیرکەرانی مەغول و چاخ دارەکان شان بەشانی یەك تێ دەکۆشان وە قوربانی بێوێنەیان دەدا بەم چەشنە ڕۆژکار هاتوو ڕۆژگار چوو تا دەوڵەتە ئیمپریالیزمەکان شەڕی یەکەمی جیهانیان بەرپاکرد وە دەرگای دۆزەخی کاول کردن، گرانی، مردنیان لەم ئادەمیزادی سەر زەمینە کردەوە ئیژ هەرچەندە گەلان لەم گەردەلولی شەڕی مردن و تاڵان بڕوێ ئەمانی ئەسوتان و دەبڕژان، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەم قەوماوە مەزنە دەرگایەکی گەورەی لە گەلانی خەبات کەر کردەوە لە هەموو گۆشەو کون و قوژبنێکی ئەم سەر زەمینەدا ژیلەمۆی ڕاپەڕین گەشایەوە تێکۆشەران تاڵای ڕزگاری سەربەخۆیان بەرزدەکردەوە و لە پێناوی چارەنووسی دواڕۆژی گەلەکانیاندا قوربانیان دەداو خوێنیان ئەڕێژرا ،لەم چەرخە مێژوییەدا شۆڕشی گەلان هەریەکە بە ڕەنگێ کاری دەکردە سەر ئەوی تر هەر هەلەقە بە چەشنێ هەلقەکەی تری ڕادەوەشاند و بەتین دەکرد ،واتە شەپۆلی ئەم ڕووبارە دەهاتە سەر ئەو ڕووبارە وە تێکڕا گشتی دەڕژایە ناو دەریایی بێبنی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی جیهانەوە. جوڵانەوەی نیشتمانی میسری شۆڕشی 1919 میسری دەوری باڵاو کاریگەری خۆی لەسەر بزوتنەوەی نیشتمانی عیراقی و شۆڕشەکانی نواندووە بۆیە محمد مهدي بەسیری نیشتمان پەروەری بەناوبانگی عیراقی لە پێشەکی ئەم کتێبەدا بەڵگەی زیندو و بەهێز بۆ ئەم دیاردەیە دەهێنیتەوە وە دەڵێت:

ئێمە لە جوڵانەوەی نیشتمانی عیراقیدا هەمیشە شوێن پیی تێکۆشەرانی میسرمان هەڵ دەگرت لەتێکڕا قۆناغ و پلە جۆراوجۆرەکاندا هەمیشە بانگەوازو ووتە پرسۆزەکانی سەعدمان دەخستە بەرچاوو پەیتا دەمان خوێندەوە وە مێشکی زاخاو دەداینەوە هەستی ڕاپەڕینی .ئیدا دەبزوانین هەروەکو لە گفتوگۆماندا بە شان و باڵای خەباتی گەلی میسردا هەڵمان دەدا، پاڵەوانێتی سەعد زەغلول مان، باس دەکرد، دواتر دەهاتینە سەرباس و خواستی بارو دۆخی خۆمان چی پێویستە بیکەین بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارەیە تییدادەژین؟. من لێرەدا تەنها هەر چیرۆکێکی کورت، دەهێنمەوە بە نموونە کەنیایا ڕوون دەبیتەوە کە تێکۆشانی گەلی میسروە خۆبەخت کردنی سەرۆکەکەی تاچی ڕادەیەك کاری کردۆتە سەر ڕۆڵەکانی عیراق.

لە ناوەڕاستی نیسانی 1919 چەند ژمارەیەکم لە ڕۆژنامەی (العقاب) کە لە شام دەردەچوو دەست کەوت کە تێیدا باسی گرتنی سەعدو هاوڕێکانی و ناردنیان بۆ (مالتە) وە باسی خەبات و قوربانی دانی گەلی میسر دەکات. پاش خوێندنەوەی ئەم باسانەی ڕۆژنامەکەم دایەدەست چەند خوێندەوارێکی تر بەم چەشنە ئەم ڕۆژنامەیە دەستاو دەست گەڕا تا لەدوایدا هاتەوە لای خۆم کە لەگەڵ نامەیەکدا بۆ برادەرێکم نارد لە نەجەف وە تێیدا نوسیم: ئەگەر میسری بێدەرەتان بتوانێت لە پێناوی ئازادیو سەربەخۆییدا ئەم کارە ڕاپەڕینێ کە لەم ڕۆژنامەیەدا نوسراوە گوایا ئێتر ئێمە بۆچی لە پاڵەوە دەستەوئەژنۆ دانیشین.؟ ،لە کاتێکدا کە ئەگەر ئێمە بکەوینەخوو ئاڵای خەبات بەرزکەینەوە، دەتوانین زیاتر لە سێ سەد (300) هەزار چەکدار بخەینە کۆڕی خەباتەوە، هاوڕێیەکم لەوەڵامدا ووتی: ئێستا هەست دەکەم کە ئەمە تەنها دەرەفەتە کە مرۆڤ دەتوانێ بەو پەڕی شەرەفەوە بەرەومردن بچێ ئەمە، بەڵگەیەکی زیندووە لە کارتێکردنی شۆڕشی میسرو سەرکردەی کە سەعد لەسەر هەژانی گیانی ڕاپەڕین لەناو ڕۆڵەکانی عیراقدا، بەم چەشنە جوڵانەوەی نیشتمانی عیراقی لە قەوماوە جەرگ بڕەکەی میسر لە کۆچ کردنی سەرۆکی جوڵانەوەی میسر سەعد زەغلول لە 23 ئاب 1927 دڵی داخورپاو هەوری ماتەمی بەرچاوی گرت هەست و هۆشی هێنایە بزوانن.

کۆچ کردنی سەعد لەجیهاندا دەنگیدایەوە پێشکەوتووخوازان لە هەر چوار گۆشەی ئەم گێتی یەدا بە پەخشان، بە هۆنراوە، بە ڕێگەی تر هاوبەشی خۆیان

لەگەڵ گەڵی میسردا دەبڕی وە ڕۆشنبیرانی عیراقیش لەم رووەوە ئەرکی سەر شانی خۆیان بەجێ‌هێنا، ئەوە بوو لە ڕۆژی کۆچ کردنی سەعدا تا چلەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو وەختە، العراق، النهضة، اوقات البغدادية، استقلال، لغة العرب، الزمان العالم العربي، الأخاء البصري... هتد تێکڕا ڕازابوو بەهەڵبەستی ئاگرماوی شاعیرەکان بە نوسینی بەپێز نوسەران هەرلایە لە گۆشەیەکی تایبە تییەوە لە سەعد دەدوان باسی پاڵەوانێتی وسەرکردایەتی بێ‌وێنەیان دەکرد.

ڕۆشنبیران ڕۆژی حەوتی نشرینی یەکەمی 1927 بۆ کۆبوونەوەیەکی گشتی بانگەوازێکیان ڕاهێشت کە بەدەم ئەم هاوارەوە نزیکەی 3 هەزار لە پیاو و ژن لە سینەمای ڕویاڵ ئامادەی کۆبرونەوە بوون کە تێیدا پیاوی گەورە هەر لە وەکیلی سەرەکی وەزیرانەوە هاشمی تا نوێنەرانی نەنجومەن، نوێنەری حیزبەکان، ڕۆژنامەگەران شاعیرو نوسەرە بەناوبانگەکان سەرجەم هاوبەشیان تێیداکرد پارێزەر سلیمان فیضي، نوێنەری پارێزەرانی بەسرە سعید چلبی سابیت نوێنەری حزبی شەعب لە موصل، پارێزەر عمر ئەفندی حاجی علوان، نوێنەری حیزبی نهضه دکتور محفوظ نوێنەری حیزبی وطنی ابراهیم افندی عطارباشی ،لەم چلڵەیەدا بەشداریان کرد.

پاش ئەوەی شاعیری گەورەی عیراق عبدالحسین چلبی ئەرزی هۆنراوەیەکی بە نرخی خوێندەوە، بەڕێز ڕوفائیل بطي ووتەیەکی جوانی دا ،دوایی مامۆستا جمیل صدقی زەهاوی بە هۆنراوەیەکی بەرزی دڵگیر دوایی بە کۆبوونەوەکە هێنا، بەدەنگەوە چوونی جوڵانەوەی ڕۆشنبیری بۆ ئەم ڕووداوە جەرگ بڕە نیشتمانیەوە پیشاندانی دەوری باڵایان و بەجێ‌هێنانی ئەرکی پیرۆزیان وەدەرخستنی بیروڕای هەڵوێستی خۆیان بێ‌گومان بەکارێکی شۆڕشگێڕیو خۆ نیشاندانێکی میللی لە قەڵەم دەدرێ دڵ بە دەزگای میری ئینگلیزی داگیرکەر لەو ڕۆژەدا ڕاستی بێ ڕۆشنبیرانی عیراقی لەو ڕۆژەدا کاریەدەستان و دەستەپەیوەندانی بێگانەیان بەمەرێک ڕسواو سوك کرد کە هەر ئەوەندەیان پێ‌کرا تۆڵەی خۆیان لە ڕەفائیل بطی یکەنەوە، وە بە فەرمانی وەزیری ناوخۆی دەستی لە ئیش بکێشێنەوە.

شیاوی باسە خەڵەف شەوقی لەم مەیدانەدا وەکو شۆڕەسواری ئەسپی خۆی تاو دەدا و دەوری باڵای لەم بوارەدا بە دروستی دەنواند ئیتر چی بەنوسین لە ڕۆژنامەکاندا بێ یا لە ئامادەکردنی و کۆکردنەوەی ڕۆشنبیران یا گوڵ بژێری ئەم ووتەو پوختەکردنی ئەو توسراو پەخشان وە هۆنراوانەدا کە بەمناسەبەتی ئەم ڕۆژە مێژوویەوە وترابوو. ئەوەی سەرنج ڕاکێشەرە ڕۆشنبیرانی میسر هەرچی لە سەر کۆچ کردنی سەعد زەغلول ووتراوەو نوسراوە لەپاش بڵارکردنی لە کتێبکی تایبەتیدا بڵاویان کردۆتەوە لە عیرافیشدا خەڵەف شەوقی بەناوی ڕۆشنبیرانەوە ئەم ئەرکە پیرۆزەی گرتە ئەستۆی خۆی بۆیە کە محمد مهدی بەسیر لە پێشەکی ئەم کتێبەدا زۆر سوپاسی خەڵەف شەوقی و خاوەنی کتێبخانەی نیشتمانی حمید ئەفندی زاهد دەکاو داوای سەرکەوتنی و بەرزیان بۆ دەکا، یەکەمیان چونکە ئەرکی بڵارکردن و کۆکردنەوەی هەڵگرتوەو بەجێ‌هێناوە دووەمیان چونکە چاپ کردنی کتێبەکەی لە کیسەی خۆی گرتۆتە ئەستۆ.

خەڵەف شەوقی لەم کتێبەدا کە بریتە لە 182 لاپەڕە وەکو ڕۆشنبیرێکی سیاسی هەڵکەوتوانە دێتە مەیدانەوە ئەو ووتارانەی کە لەسەر سەعد زەغلول نوسیویەتی ،سوارچاکی بێ وێنەی خەڵەف شەوقی دەنوێنێ زۆربەی ووتەکانی ئەم کتێبە بریتیە لە هێرش بردن بۆ سەر ئیستعمارو بیلانەکانی و ستایش و پیاهەڵدانە بەدەوری سەعد وسەرکردایەتی بێ‌وێنەی لە مەیدانی سیاسەتی ناوخۆیی ،یەکیەتی نیشتمانی، پشت بەستن بە گەل و خزمەت کردنیەتی، داوا لە وەزیرەکانی عێراق وە نوێنەران و پارێزەرو مامۆستایان و لاوان دەکا وەکو سەعدین و شوێن پێ لە خزمەت کردن و خۆبەخت کردنیدا هەڵگرن، وەکو سەعد پلەو پایەیان بکەن بە قوربانی ئاوات و ئامانجی گەل نەك بۆ مەبەستی تایبەتی

هەروەها داوای سەرکردەیەکی وەکو سەعد دەکات بۆ عیراق و جولانەوەی نیشتمانی.

ئەوەی ڕاستی بێت کتێبەکە بریتیە لە سەرگوزەشتەی پوخت و جوانی میژوویی خەباتی گەلی میسر کە بێگومان بلاوکردنەوەی لەو ڕۆژەدا کەلێنێکی گەورەی لەباسی بێئاگایی و چارنەکردنەوە پڕکردۆتەوەو کەلکێکی باشی بە خوێندەواران بەخشیوە چونکە میژووی ژیانی سەعد هەر لە دەوری منالیەوە تا کاتی پارێزەریو، وەزیری و تا دەگاتە شۆڕشی 1919 تا کۆچ کردنی تێکڕا خاڵی گرنگ و دیارە کە پێویستە خەبات کەران دەرسی لەسەر وەرگرن و مەشقی لەسەر بکەن، منداڵی سەعد وە خوێندن و دەرچوونی لە ئەزهەر ئاشنایەتی وو دۆستایەتی بەستنی لەگەڵ محمد عبدەو وبەجوونە دەرس خوێندن لە قوتابخانەی نیشتمانی جمال الدین ئەفغانی داو بەشداربوونی لە شۆڕشی عەرابی پاشا ساڵی 1882، گرتنی سەعد، وە دەرچوونی لە بەندیخانەو سەرکردایەتی کردنی شۆڕشی 1919 نیشتمانی ئەم ژیانی پڕگۆبەندو هەڵبەزو دابەزە دەرسێکی بەنرخ دەدا بە خەباتکەرانی عیراق بۆیە کە جولانەوەی نیشتمانی میسر هەر چەندە ئامانجی نەپیکاو نەگەیشتە پلەی تورکیا، وە سەعد هەرچەندە نەگەیشتە پلەی مصطفی کەمال بەڵام هەرچۆنی بێت جولانەوەی نیشتمانی عیراقی ئەم تاقی کردنەوەی دەکردە تویشو بۆ هەنگاو نان بۆ ڕزگاری و سەربەستی پاش پنیشەکی کتێبەکە کەبریتیە لە نوسینی محمد مهد بصیر قسەو ووتەی خەڵەف شەوقی کە دوایی دێتە سەر ووتەو هۆنراوەو پەخشان تێ هەڵکێش کراوەکان و هۆنراوە گرنگەکانی کە بریتیە لە هۆنراوەی مصطفیٰ جوادو سێ هۆنراوەی درێژی جمیل صدقی زهاوی و هۆنراوەکەی حسین علی الأعظمي، محمد علی الشیخ یعقوب محمد بهجت الاسەری، ابراهیم ادهم الزهاوی جگە لە ووتەی یەکەمی خەڵەف شەوقی دوانی ترو، وتەی تر دێ کەناوی بەسەرەوە نیە دوایی دێتە سەر ووتاری روفائیل بطی پاشان مظفر زهاوی ،عبدالرزاق ناصری یەك دوانی تر کە بریتین لە نوسەرانی بەسەرەو نەجەف جاوا بۆ نموونە ووتارەکەی خەڵەف شەوقی دەنوسین کە (سەعد)ی بەمیرابوی میسر داناوە چوارەمین جارە میسر دڵی دا دەخوریێ.

یەکەمین جار میسر لە قەومباوی (دنیش وای)دا دڵی داخوریا، دووەم جار ڕۆژی ناشتنی تەرمەکەی مصطفیٰ کامل بوو، ڕۆژی 11 شباتی 1908 سێیەم جار ڕۆژی کۆچ کردنی پاڵەوان محمد فرید بوو ئەم جارەش کە چوارەمین جارە ڕۆژی مالئ ئاوایی سەعد ڕۆژی 23 اغسطوس 1927. بەڵێ میسر دڵی بۆ ئەو ڕۆژەیە داخوریا کە پەیمانی بەگەلەکەی دابو کە تامردن تێبکۆشێ لە پێناوی سەربەخۆیی و ئازادیدا.

دڵی میسر داخوریا چونکە سەعدبوو کە بە شانازییەوە بێووچان دەیگوت (من گە لم گەلیش منە) کە ژیانی تەرخان کردبوو بۆ گەل وە نوێنەرێکی ڕاستەقینەی گەل بوو.

دڵی میسر داخوریا بۆ ئەو ڕۆژەیە کە چوارده ملیۆن بە ناوی یەوە هاواریان دەکرد ،یا سەعد ،یان شۆڕش.

بەم چەشنە لەم بوارە میژوییەدا خەڵەف شەوقی وەکو نوسەرێکی سیاسی خاوەن بیرێکی نیشتمانی دژی داگیرکردنی ئینگلیز وە دەزگای میری ناوی دێ، کە بۆ هۆزەکەی و گەلی کورد دەبێت بە مایەی شانازی و سەربەرزی، بۆیە پێویستە جولانەوەی کورد بە چاوێکی گرنگەوە بڕوانێتە ئەو ڕۆشنبیریە گەورەیەو دەورێکی بالای لە مەیدانەکانی ڕۆشنبیریدا هەڵسەنگێنێ و بنرخێنێ و نازناوی شۆڕە سواری ڕۆشنبیری بە یەخەیدا دادوڕێ، بەشانازییەوە بەرهەمەکانی کۆکاتەوە وە چاپی کاتەوە وە بیخاتە ناوکتبخانەی ڕۆشنبری کوردییەوە.

جێگای خۆیەتی کە گوڵبێنەی جاوگیران و لێکۆڵینەوەمان لەسەر ئەم کتێبە گرنگە بە تۆیەوانەی ئەم چەند دێرەی خوارەوە کە لە پێشکەیەکەیدا نوسراوە بناخێنین:

ئەم کتێبە خەڵات بێ
بۆ گەلی میسری جوامێر

بۆ حیزبه یەکگرتوەکانی میسر
بۆ پایەبڵند مصطفیٰ پاشانحاس جێگیری سەعد
ئەمە یادگارێکە هاوبەشی ڕووڵەی دووزێی عیراق بۆ ڕۆڵەی نیبلی بەشەرەف پیشان دەدا.

پەراوێز

1 ـ لە کاتیکدا جوڵانەوەی نیشتمانی کورد بە سەرکردایەتی شێخ محمودی نەمر لەبارو دۆخێکی ناهەمواردا دوو دوچاری هەڵدێری مان و نەمان و ژێرکەوتن ناشوماندی بووبوو لەم هەڵوێستە نالەبارەدا جوڵانەوەی ڕۆشنبیریی کورد بەم سەر ووتارەی خوارەوە کە لەلایەن ڕۆشنبیرێکی کوردەوە پەشید نجیب نوسراوە توانی بیروڕای خۆی و دەنگی پر ناسووری بەرامبەر کۆچی دوایی سەعد زەغلول سەرۆکی میسر دەربڕێ وە ئەرکی هاوکێشی هاو سیایەتی دۆستایەتی لە ئاستی میسری خەبات کەردا بەجێ بهێنێ.

ژیان ساڵی 2 ژمارە (84) 4تشرین ئەوەڵی 1927

سەعدی میسر نا سەعدی دنیا مرد

تەقریبەن مانگێك لەمەوپێش یەکێ لە ئەعازیمی شەرەق بەڵکە لە ئەعازیمی دونیا وەفاتی کرد. نەماتی ئەم پیاوە بۆ میسر هەرچەند خەسارەتێکی گەورەیە فەقەت وون بوونی ناوی سەعد لە سیجل و دەفتەری وەتەن پەروەرانی دونیادا زیانێکە کە تەلافی قابل نیە.

ئینسان کەخەباتی ئەم پیاوە گەورە بە شەرەفە لێك ئەداتەوە ئەیهێنێتە بەرچاو و بەلا ئیختیار هەروەکو بەرامبەر بەمە عبود وەتەن پەروەری وەیان ئیلاهی (دیگراندیشی) وەستایێ وە زەدەو لەرزە ناك ئەبێ.

سەعد هەرچەندە وەتەن پەروەرێك و ئازاد خواهێکی میسر بوو فەقەت لە عەینی زەماندا میسال وێنەیەکی شەرافەت و حەق پەرستی بوو، ئەم زاتە وەتەن پەروەرەو شەریفە لە جیهادی میللی وە جیهادی وەتەنیشدا توشی ئەنواعی مەوانیع وە مەهالیك بووە فەقەت بە مەتانەتێکی مەردانەو عەقیدەو مەفکورە وە مەیلی خۆی تەبدیل نەکرد ئەوەڵ و ئاخری وە ك یەك وابوو هیچ قودرەتێك وە قوەتێك بەسەریا ئەجرای نفوذی نەئەکرد بەلای ئەوەوە یەك حەق یەك حەقیقەت هەبوو. ئازادیو ئیستقلالی میسر بۆ گەیشتن بەم غایەیە لە داخیل وە هەتا خاریج تاقەتی بۆ جەهدو کۆششی کرد.

موحەقەق ئەو ڕۆژەی جەمیعی مەخلوقات لەلای مەعبودی ئەعزەم موحاکەمە ئەبن سەعد وەکو شاسوارێکی تری حەمیەت و حەماسەت لە صەفی ئەوەڵ مجاهدین حوریەت و ئیستقلال دا عەرزی مهابت ئەکات سەعد تەنها لە میسر نەمرد سەعد بە شەریەت و بیلخاسە وەتەن پەروەران وە حەق جۆیاتی بە شەریەتی بەجێ هێشت نیل لە مەودوا لەجیاتی فەیەزانێکی سالانە لازمە لە هەیەجانێکی دائیمی ڕەوید دابێ. بۆ سەعد نەك تەنها میسر هەتا نەکو هەموو زێ حەیاتی بەڵکە هەموو عەناسری کائینات لازمە گریان وە تەعزیەدار بێ. تەلاقی ئەم ئەفوولە موجزنە وە عالەم شمولە تەنها بەیەك شت مومکنە ئەویش هموو خەطەیەکی شەرق بۆ پێ گەیاندنی سەعدی بۆ خۆی هەوڵ بدا کە ئەمەش لەغەیر مومکنانە. لەم خصوصەوە ئیمەش لەگەڵ میللەتی نەجیب ی فیسردا تەشریکی هەموو حەسرەت و ئەلەمێك ئەکەین.

سەرچاوەکان:

1 كتيبى قصص مختاره من الأدب التركى قاهره. ساڵى 1936

2 ـ ذكرى سعد زغلول في العراق بغداد 1927

3 ـ نوسینی لەڕۆژنامەی عیراق بەناوی (أكرادخدموا اللغة العربية) 1984/10/1 بەناوی دکتور محسن جمال الدين.

نوسینی لە ڕۆژنامەی عیراق بەناوی أكراد خدموا اللغة العربية 1985/1/26 بەناوی صادق الأزدي

4 ـ دانیشتن لەگەڵ بەڕێز سبیح کوری خەڵەف شەوقی کە ئیستا (عەرزوحاڵ چیە) لە دائرەی طابو لە ئەعظمیە.

« سوند و نفرین »

نزار محمد سعید



تەف کۆمەڵێن جیهانێ، هەر ژکەڤن و کەڤنار، سوندێ دژیانا خوەدا دناسن و دناخڤتنێ خوە بێن رۆژانەدا ب کار دئینن.

چانکێ هێڤدکەینێ دێ بینین کو سوند دگەلەك هەلکەڤتن و دەلیڤادا سەری هلدەت و دەورێ خوە دبینیت .ژ وان، دەما کۆ هندەك گومانا کریارەکا پوچ و نەمروڤانە،

دبنە دەف کەسەکی و شلتاخ و گونەهبار دکەن، بەری هەر رەنگەکێ دی بێ بەرەڤانیێ ،ئەو کەس دێ سوند خوت و چهاریکاریا سوندی بۆ یێن لهەمبەری خوە خویاکەت، کو وی دەستلگەل نینە و ئەو خرابی نەکریە.

کو دیسان چاخێ تشتەك دناف برەکا مروڤادا هندا دبیت، هەر کەس دێ ژبەرێ خوەڤە سوند خوت کو های ژێ نینە، علمێ وی ناگەهیتێ، یان ژی خوەیێ وی تشتی، گەر تشتێ بەرکەفتی بیت، دێ وان دەتە سوندێ .سوند دکوشتن و کوشتاریان دا دزیانکرن و بازارادا ،بدەورێ دادگەهێ رادبو، هەر دۆزەك، نیارەك، ئاریشەکا هەبا سوندێ خوە دکێشا ناف، ئو تا نهۆ ئەف چەندە مایە. گەلەك ژڤان رودانا بسوندێ بکوتایی دهاتن و خیش دبون. کەسێن جهێ گومانێ بسوندخارنێ ،گومان ژخوە دور دئێخست.

ل دادگەهان سوند دەورێ خوە دبینت و دکارێن خوەدا خەلکی د دەنە سوندێ، ژ بەر کو راستیێ بێژن و درەوا نەکەن. ژ ئالەکێ دن، تا ئیرو تەف وەلات، چاخێ کاربدەستا رادکەن، کارەکی د دەنە دەستی، ئوبالەکێ بستوێی‌ڤە دگرن، بەری هەمی تشتا د دەنە سوندێ کو براست و درستیی‌و دلسوزی‌و دلپاکی، بکارێ خوە رابیت.

ل با کوردان و تەف مللەتێن بوسلمان، سوند تشتەکێ پیرۆزە، ل ئەردی نادەن، نەوێرن زو بزو ژدرەو سوند بخون. واسی دمێشکێ وان دا هاتیە چەسپاندن، کو ئەگەر هات و ژدرەو سوند خار، دێ دەملدەست، یان لپاشەرۆژێ، کارەساتەکا مەزن هێتە سەری.

ژ لەو مروڤ هەنە ل با وان ژ بنی سوند ناخوت، نە ژدرەو نەژارست، نەمازە گەلەك بوسلمان.

خودایێ مەزن و میهرەبان دگەلەك سورەتادا ژ سورەتێن قورئانا پیرۆز سوند خاریە ب وارێن پیرۆز، بچاخی، بشەف و رۆژا، ب ئەردو ئاسمانا... ژ وان سورەتێن کو دقورئانێ‌دا هاتین: سورة البلد، سورة الشمس ،سورة الضحیٰ سورة العادیات، سورة العصر، سورة التین، سورة اللیل.

خوندڤانێ هێژا، بشتی ڤێ پێشەکیێ، ئەم دێ هێین سەحکەینێ ،کا کورد ب چی سوند دخون، ب تایبەتی لنافێ بادینان، چەند نمونەکا بەرچاڤ کەین:

(1) سوند ب خودایێ مەزن و میهرەبان:

.ب خودێ
.ب نافێ خودێ
.ب ئسمو نافێت خودێ
.ب ئەوێ ئەردو ئاسمان دانابن.
.ب هەر سێ نافێت خودێ
ئەز بێ خودێ بم
.ب خودانێ عالەمێ کەمە.
.ب خالقێ بێ شریك.
.وللا وبللا وتللا.
.ب وی خودێ بێ خودینێ دکەت.
.ب حەقێ خودێ

(2) سوند ب قورئانا پیروز:

.ب قورئانێ
.ب قورئانا بابێ لێ خاندی
.ب کەلامێ قەدیم
.ب جزیك
.ب هەمی قورئانا
.ب سەد قورئانا
.ب سەد تایێت قورئانا
. بهزار قورئانا
.ب چل هزار قورئانا
.ب «مسحەف»
.ب سیەد جزی قورئانا
.ب قورئانا خودێ بۆ پێغەمبەری هنارتی
.ب قورئانا پغەمبەری لێ خاندی

هەولێر کلیک

(3) سوند ب پێغەمبەرا:

.ب سەرێ پێغەمبەری

.ب پێغەمبەر

.ب پێغەمبەرێ خودێ

.ب پێغەمبەرێ ژ نك خودێ هاتی

.ب سەد پێغەمبەرا

.ب پێغەمبەری

.ب چل هزار پێغەمبەرا

.ب هەمی پێغەمبەرا

ب نەبی ئینس

.ب ئینس پێغەمبەر

.ب مەحەمەد پێغەمبەر

.ب محەمەدل مستەفا

(4) سوند ب قەنج و چاکا:

.ب غەوسێ ل بەغدا

.ب غەوس ل گەیلانی

.ب مەزارێ بریفکا

.ب هەرسێ مەزارا

.ب شێخ ێ ل کولەکا

.ب شێخ عەلی

ب شێخ مصطفێ

.ب شێخ ئادی ،مەلك تاوس. ئێزدی پێ سوند دخون. .

.ب پیرێ حەلانی

. ب شێخ ل ئیسلام

. بغەوسێ هیزانی. ئەفی و یا ژێری، ل کوردستانا. تورکی پێ سوند دخون،

.ب شێخ موسێ عنزەلی

.ب پیر. هەمەد . .ب زیارەتێ ل چیایی هندەك ل دەڤەرا مزوریا پێ سوند دخون.

.ب شێخ عبدالعزیز .ب هەردوو مەزارا .هوزا سورچیا پێ سوند دخون.

.ب شێخ ئیسلامێ بەرێ گارێ .ل دەڤەرا بەرێ گارەی ل رەخێ ئامێدیێ پێ سوند دخون.

.ب سەیدو قاس هندەك ل دەڤەرا مزوریا پێ سوند دخون.

. بشێخ ئەحمەد .ب شێخ ئیسف.

دبێژن ئەف هەردوو شێخە برا بون، کافرا کوشتن ل گەل زەلێمونا خوشکا وان. ل گوندێ باسەوا ل ناف مزوریا پێ سوند دخون. کەس نە دوێریا ب زەیتونێ سوند بخوت. ب بو دارەك ل ناف بەرا هەردوو برایێن خوەدا، دارەکا زەیتونێ. گەر ئێکی ڤیابا سوندەکا مەزن ب دەتە بەر ئێکی دا بێژیتی «بۆ من ب زەیتوینێ سوند بخوە»،

.ب مەزارێ شێخ عەلی جیران .ل زاخو پێ سوند دخون.

.ب مەزارێ هرورێ هرورێ گوندەکە ل دەڤەرا بەروارێ بالا.

.ب شێخ بهاء الدین. ل گوندێ بامەرنێیە.

.ب شێخ پیرامیس .ل گوندێ زێوێ، نێزیکی بامەرنێ.

(5) سوند ب سەرێ خوە کەسێن هێژا و گورێن مریا.

.ب سەرێ خو.

.ب سەرێ خو ب سەرێ تە

ب سەرێ بابێ خو

.ب سەرێ برایی

.ب سەرێ کوڕی

.ب گۆرا بابێ

.ب گورا دەیکا

.ب گورا برایی

(6) .ب حەجێ

.ب بەرێ بەیتێ

.ب شەفێ

هەوالنامەی کتێب

.ب شەفا ئەینی
.ب تعامی
.ب نانی
.ب قیلیّ
.ب هەمی سوندا
.م چ دینو ئیمان نەبن
.ئەز ژ ئولا خوە دەرکەتی بم. ئێزدی دبێژن.
.ژنا من ژ من چویی بیت.
.ب ئەلاق
.ب ئەلاق و مسحەف
. مەهر کریێ دەیکا خو بیت
.ب حەلال و حەرام
. هەرسێ ئەلاقێت من ژ من دچویی بن
.ب شەرەف
.ب شەرەف و ناموس
.ب شەرەفا خو
.ب شەرەفا بابێ خو
.ب شەرەفا برایێ
.ب ڤێ رۆژێ
.ب ڤی ئاگری
.ب ڤی روناهیێ
. ئەف سمبێلە ب من قە نە بن
. پا بدین و ئیمان
.ب بەرعەت
ب غیرەت .ب غیرەت و ناموس.
.ب چل و پێنج شەهیدێت ئەدنێ ئەدنێ گوندەکە ل دەڤەرا بەرواری بالا .ل ڤێ دەڤەری دەما سەرا تشتەکی مەزن ئێکی ب دەنە سوندێ دێ بێژنی: راستیێ بێژە، هەکە دێ تە ب شهیدا دەمە سوندێ».
.ب ئێلم کوردێن سوریێ دبێژن
. ئەز عەیالێ خود ئاخێ‌را کەم، هەکە خیلاف ژ دەڤێ من دەرکەڤیت.
. خودێ من ب کەتە (دویشك ،بەران).
. ئەزێ بێ ئیمان بم.
ئەڤە بون چەند نمونەك ژ سوندێن کورد دخون، دژیانا خوەیا رۆژانەدا، د ئێکەلیێن خوە ئێن جڤاکی‌دا، د خوەشی‌و نە خوەشیێن خوەدا، دکرین و فروتنادا.

«نفرین»

نفرین: ئاوات و داخاز و نیاز خواستنە ژ خودێ، یا پێغەمبەرا، یا قەنج و چاکا، کو نەخوەشیەك ب هێتە سەرێ کەسێ نفرین لێ دهێتە کرن.

ل با کوردان ژنکێ دەورەکێ مەزن هەیە دچێکرتا نفرینادا ،گەر هیڤکەیێ ژی، دێ ژ مەرا خویا بیت، کو ئەڤ نفرین لێ کرنە، ژ عەیالێ وێ دەست پێدکەت، پاشی مروڤێن دورو نزیکێن وێ، ێن کو دل ئێشیەکێ بۆ چێدکەن، واتە بەهرا پتر نفرینا ل عەیالێ خوە دکەن، د دیڕا یان دووێ ل بیانی‌یا.

ژ نفرینێ مەرف دکاریت داخازا خوەیێ وێ ب زانت، ژ لەو ئەو گەلەك ل قێرێ ب نا قدا ناچینە خوارێ و دێ بۆ دەلیڤەکا دن هێلین. نهۆژی ئەز بڤەر دبینم ئەم ڤان نفرینێن ل بەر دەست ژ هەڤ پارڤە ب کەین ل دوی بابەتێ نفرینێ واتە ناڤەروکا هیڤی و داخازێ، یا کو خوەیێ نفرینێ دکەتە دلێ خوە و، پاش دەرئێخیت، چ بڤێت ب جهـ ب هێت، یان نە.

چی‌یا ژ دل بیت و چی‌یا ژ نەدل بیت.

(1) ئێشی و نەخوەشی و زیانا ئەندامێن لەشی:

. ئاڤا رەش هاتیە بن چاڤێت تە.
. ئیشەلاّ ژ ئالێ تیرتر نەبی.
. هەی پەنجەشێرێ تو گرتی.

هەولنامەی کتێبی

. ئیشا زراف ته ب گریت.
. ئیشەللا دەردەك ته ب گریت دەرمان نەبیت.
. ئیشەللا کولکا حەلەبێ دێ نەگریت.
. ئیشەللا مێلاکێت ته د دەڤێ تەدا ب هێن.
. ئیشەللا دێ سهو مێلاکێت ته د دەڤێ تەدا هێن.
. ئیشەللا گرێ «خوریان» حێشترا دێ بەربیته ته.
. ئیشەللا دێ بابێ سۆر کەڤیته هنافێت ته.
. سیناهیێ ب چافێت خوهنبینی.
. پشتا ته ب شکێت.
. ب ئیشەللا سەرەجە دجمرك و مێلاکیت تەدا ب هێت.
. ئاگرێ سۆر ته ب گریت.
نێرك د چافێ تەرا بهێت،
. ستۆ شکەستی.
. تۆپ دل.
. چافێت ته ب ڕشن.
. ئیشەللا تو هلوەستی داوەستی ئاڤا ڕەش ژ مێلاکێت ته ب هێت.
. مێلاك کون.
ئیشەللا دێ دەیە بشرونقەو دانیە رانێت خو.
. ئیشەللا دێ دەیە ب هنار ترشك و دانیە بن سەرێ خو. دەمێ ئێك مالێ ئێکی ب خوت ڤان هەردوو نفرینێن ژوری لێ دکەن.

(2) هیڤی و داخازیا نەمان و مرنێ:

. سەرێ نە بن بەر کەم.
. هیڤیا من خودێ بە نە گەهیە سوباهی.
. ئیشەللا دێ ب خو دەیە ب کفن. گەر ئێکی مالێ ئێکی خاربیت.
. نەگەهی ب بیە زاڤا، نەچیە بن پەریێ.
. ئوهو داوۆ دارێ زاڤاینێ نە بینی.
. هەی توپا عنزەلێ پ ته کەتی.
. دێ هەرە، چون هەبیت هاتن نەبیت.
. دێ هەرە ئیشەللا چونا حەجیکێ پتڕ بیت، دیارە ئەڤەیێ چویە ڕیبارەکێ و نەزڤریە.
. ئیشەللا تۆپا بلال لحەبەش ب ته ب کەڤیت.
. ئاها ته چوك ل بەر نەڤەدا .واتە نە گەهی ب بیە زاڤا.

(3) چەند نفرینەکێن تێکەل.

. ئیشەللا خشێنا شەلی ل بن سەرێ ته نەهێت.
دایی دێرێتە کوڕێ هەتا دەهـ سالێ، نفرینەکا بچرکایە، نەیا ژ دلە ئانکو ئەڤێ لێ نفرینێ دکەت نە گەهشتیە خُلوەتێ غەیدینێ و کەریێ.
. گیانی بێ نەکری.
. د دفنێت تەدا بێت.
. ئاها کەڤتە گهێت ته. چاخێ یەك نان و نمەکێ یەکی دخوت و خاپەکێ لێ دکەت ،ڤێ دبێژن.
.ب ها داوۆ ئیشەللا تو ب خویی و ڤەخویی و ل ته نەخێفت. یان، نەکەیە گوشت و خوین.
. دێ هەرە هەی ته خولیا بنێ کوچکا ب سەرێ مە وەرکری.
. من تو ب ڕەش کری.
. من تو ب شین کری.
. من تو ب گەر کری.
. خولی سەر، خولی نەیار، خولی دوژمن.
. شیرێ من دایە ته ل ته حەرام بیت.
. کەرافی بت: ئانکو د دفنێت تەدا ب هێت، ب تایبەتی زاخویی دبێژن. «کەرافی» گیایەکێ بێقام تەحلە.
. ئیشەللا تو ب جانیا خو شاهـ نەبی.

هەوالنامەی کێرێ

ئەسپ و ...

سەنگی زۆری لە شیعری فولکلۆری کوردیدا

● محسن ئاوارە ●

ـ هەر لەگەڵ شەبەنگی مێژووی مرۆڤی نشتەجێ بوو و دەستەسۆکردنی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی و داکردنیان و ئاوەدان کردنەوەی ئێرەو ئەوێ چ بە کۆچەری و ڕەوەندایەتی و هەڵدانی دەوارو ڕەشمالان یان بە قوت کردنەوەی خانوچکەو پێکەوەنانی دێ و تا دەگاتە گوندو شارۆچکەو شاری گەورە گەورەو سەرهەڵدانی شارستانیەت و هەتا ئیمرۆی زیندەی رکێف لێدەرو دەستەبەندەی تەکنەلۆژیاو ئەتۆم و جۆرەها ئامێری هاوچەرخانەی تیژڕەو. ئەسپ بە بەردەوامی سەدەکان لە گشت ووڵاتانی جیهاندا بایەخ و گرنگی و سودی لە ژمارە نەهاتووی هەبووەو ڕۆڵی کاریگەرانەی بینیوە لە ژیان و گوزەرانی مرۆڤدا جگە لەمانەیش سەنگ و ناوداری و جوانی ئەسپ بە شێوەیێک کاری خۆی بینیوە هیچ بوێژو هونەرمەندێك نەیتوانیوە خۆی لە دەستی ڕزگار بکات و باسی ڕەسەنایەتی و خورتی و جوانی و خۆشڕەوی سامناکی نەکات، چ بە فڵچەو بۆیەو پێنووس یان داتاشینی لەسەر تاوێرە بەردو دڕەخگەکاندا.

هەروەها لەناو عێل و عەشیرەت و لە دێوەخان و لەژێر ڕەشمالانیشدا ڕەختێ دێنەسەر باسی شۆڕەسوارو مێرچاکان بە شانازیەوە باسی ئەسپەکانیان دەکەن جا شایەرو بەندێژو حکایەت خوان و خۆش خوانان لە تێکستە فۆلکلۆریەکاندا ڕەدیار دەکەوێ چ بە ستران و بەندو لاوك و حەیران تۆمار ئاکرا بن یان بە داستان و حکایەت و بەیت و سەردولکەی ئافرەتان و گێرانەوەی دەماودەم.. هتد کە بۆمان ماوەتەوە، وە بۆ ئەوەی زیاتر بەرەو قوڵایی باسەکەمان شۆڕبینەوەو زوونتر مە بەستەکەمان بخەینە ڕوو بە چەند خاڵیکی گرنگ دێینە سەر باس کردنی و لەپاشاندا نمونەی پێویست دێنینەوە..

1 ـ ئەسپ و جۆرەکانی:

ئەسپ گەلێ جۆری هەیەو بە چەندین ناوو خاسیەت و ڕەنگ و خوو ڕەوشت دەناسرێنەوە کە هەر یەکەیان لە سروشت و چاپوکی و خۆشیەزی و ڕەسەنایەتی و ناڕەسەنی و هەبارەو شێوەو دیمەنیدا. .هتد، لێك جیا دەکرێنەوەو سەنگ و نرخی تایبەتی خۆیان هەیە لە کۆمەڵدا بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆریان هەن ئەویش.. یەکەمیان (ئەسپی ڕەسەن) کە خەڵکی ڕەشۆك بە (جەن) ناویان دەبەن، واتە بە وچە ڕەسەن بووە، دووەمیان (ئەسپە ئاسیەکان) یان ناڕەسەن کە شێوە گشتیەکە وەردەگرێت، وە لەناو ئەو جورە ئەسپانەشدا هەن تەنیا بۆ بارهەڵگرتن و ڕاگوێزانو جووت و ڕاژەی تر بەکار دێن بە تایبەتی (بارگیر).

ئەمە ئاواو دێینە سەر ناوەکانیان وەك لە ناو کۆمەڵدا باوە ئەم جورە ئەسپانە زۆر ڕەسەنن «ئەسپی سەگلاوی ـ ئەسپی هوێدجان ـ ئەسپی تەربوشی ـ ئەسپی کەرێتی ـ ئەسپی حدود» جگە لەمانەیش وەك لە پێشدا بە دیارمان خست بە ڕەنگ و شێوەو خاسیەت گەلێ جۆری تر ناویان دێت وەك «ئەسپی بۆرە، شێ، شینکەی شێخ غەزالی عارەبی، گوێدە گردەکی، لەیل و پەڕ، کەهێل، باڵەبانی، پۆرەی

خاڵ خاڵ، شینکی قەزوانی، شێ‌ی موتلەق، شێ‌ی‌ئاڵ، ئەسپەڕەش، کەوێتی قاپ ڕەش، ئەسپی‌سوور، ئەسپی‌سپی، ئەسپی‌ئاوی (ئەسپی‌دەریا، یان بەحری) ئەسپی شینکا شێ.. هتد».

2 ـ خوو ڕەوشتی ئەسپ و ڕاهاتنی لەگەڵ سروشتدا:

ئەسپ ئاژەڵێکی زۆر بە هەست و جەریەزەو بە سام و چاونەترسە، بە تایبەتی ڕەسەنەکانیان تا بڵێی بە وەفاو خاوەن ڕەوشتی بەرزو گوێ‌ڕایەڵ و خۆڕاگرن، گەلێک سەدبردەو یادگاری زۆریان هەیە لەگەڵ سوارچاکان و لە ناو دڵی میللەتدا، زۆر جار لە مەیدانی شەڕگەدا خاوەن ئەسپ کوژراوە یان زامدار بووە، ئەسپەکەی گەڕاوەتەوە سەری‌و جێ‌ی نەهێشتووەو بە دیاریەوە بە زامێنی‌و کۆست کەوتوویی‌و موشەموشی گریانەوە لە پڕەی داوە یان لەگەڵ حیلەی تۆندی ئەم ناوەی وروژاندووە، جاری وایش بووە سوار لە شاخاندا هەڵدیراوە لەبەر ئەوە ئەسپەکەی لە داخان خۆی هەڵداوەتە خوار، یان لەگەڵ دوژمنی خاوەنەکەیدا کەوتۆتە شەڕو بە چەپۆکان دوژمنەکانی داپەڵوسیون، ئەوەی شایانی باسە، ئەسپ زۆر چاو تیژو گوێ موچ و هەستیارە، بۆیە لە شەواندا چاکترین پاسەوانەو لە دوورەوە غەریبەماڵ دەبینێ‌و دەحیلێنێ تا خاوەن ماڵ ئاگادار بێتەوە...

ئەسپ خاوەنەکەی خۆی دەناسێتەوو لەگەڵ هەڵس و کەوت و میزاجی خاوەنەکەی کەیف خۆش و نیگەرانی دای‌دەگرێ، بۆیە دەبینین لە کۆستانان و سەر سنورەکاندا لە هۆبەو چۆڵ نشین و دێیەکانی ئەم دەورو بەرانەدا بە ڕەوە ئەسپ بەڕەڵا دەکرێن و لەناو بژوێن و میرگ و پاوانی ئەم ناوەدا پێکەوە دەڵەوەڕێن و هیچ ئاژەڵێکی کێوی‌و درندەیێك ناتوانێ لێیان نزیك بێتەوە چونکە گشتیان پێکەوە هاوکاری لەگەڵ یەك دەکەن و لێك دانابڕێن تا زەفەریان پێ ببەن بە هیچ کەسێکی غەریب دەستگیر ناکرێن تەنیا بە خاوەنی خۆیان نەبێ.

ئەم خوو ڕەوشتە بەرزانەی ئەسپ وای لە مرۆڤ کردووە هەر لە کۆنەوە هەڵیسەنگێنێ‌و بە گەورەیەوە ناوی بێنێ، بە مردن و لە ناوچوونیشی داخی گرانی بۆ هەڵکێشێ بۆیە گەر سەیری ئەم پەندانەی پێشینان بکەین دەبینین بە تەواوی لەگەڵ گاژەڵانی‌تر جوێ کراوەتەوەو بە چاوێکی بەرزتروە تەماشای دەکەن کاتی دەڵێن:

«ئەسپێکی لەڕ، چاکتر لە تەویلەیەکی پڕ لە کەر»
«ماین و مەیدان، تفەنگ و نیشان»
«ئەسپێك دەمرێ، سەگێکی خۆبڕی پێی خەنی دەبێ».
● (1)

دەگەڕێینەوە سەر ئەسپ و باس کردنی لە ڕووی ڕاهاتنی لەگەڵ سروشت و دەوروبەری‌و خۆشبەزینی، بێ‌شك ئەسپی ناو شاخان لەگەڵ ئەسپی بیابان و دەشتەکی لە ڕەوت و غارغارێن و بەزیندا جیاوازی تەواویان هەیە، وەك ئاشکرایە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی‌تر، نەك هەر ئەسپ بگرە هەتا سوارەکەیش چالاکی‌و جوولانەوەی دەگۆڕێ هەروەکو لە ئەفسانەی کۆیر ئوغلی نووسینی (یەشار کەمال)دا هاتووە ئەوە دەسەلمێنێ با بڵێن ئەسپێکی کەوێتی لە بیابانان ناوەستێ‌و دەشتی بەر فرەوان دەخاتە پێش خۆی‌و وەستانی بۆ نیە، بەڵام بە ناوچەیێکی شاخاویدا لە تۆلە ڕێی ڕێچکەو کۆیرە ڕێ‌و درناڵەکاندا خۆشبەزینی نامێنێ‌و دەوەستێ، هەروەها لەم داستانەدا ڕەسەنایەتی‌و خوو ڕەوشتی ئەسپمان زیاتر بۆ ڕوون دەکاتەوە، بۆیە دەیکەینە نمونەی ئەم خاڵەمان وەختی..

«هەڵی ڕووشەن ئاوڕدەداتەوەو بە باوکی دەڵێ».
ـ (بابە هەورێکی ڕەش ڕەشمان بە دووایەوە، لەناو ئەو

هەورە رەشەدا هەر نالّی ئەسپەو بروسکە دەدا، هەورەکە ئەوەندە گەورەیە ژمارەی ئەسپەکان نازاندرێ چەندە).

(پیر یوسف لە مەسەلەکە گەیشت، گوێی ئەوانە سواری بەگی بوّلوّون، وەدوامان کەوتوون بمانکوژن، تا دێو دەلّێت:

(ئەسپ سەیری سەر پشتی دەکات، ئەسپ سوارەکەی سەر پشتی ئازاو بوێر بوو ئەسپەکەش ئازاو بوێر دەبێ، زوّر بە پەژارەو بیر بلاّو بوو، ئەسپەکەشی بەو جوّرە دەبێ، دل خوّش و کەیف ساز بوو ئەسپەکەش دل خوّش و کەیف ساز دەبێ، سەرسام بوو، ئەویش سەرسام دەبێ.. هتد).

تا دەگاتە ئەوەی دەلّێت:

(ئەسپە بوّرە بالّی گرتەوو فری، لە چاوان وون بوو، ئەسپی رەسەن ئەوها دەبێ.. هتد).

دووبارە عەلی رووشەن (بابە بابە تۆزەکەمان لێ تۆزیك بوّوە.. کە تۆزەکەمان لێ تزیك بوّوە قلّیشایەوەو جوانوویکی شێوی لێ وەدەر کەوت، جوانووە شێ لەبەر تیشکی رۆژ وەکوو پارچە تیشکیکی سوور وابوو، وەکوو زمانەی بلّیسەیەك بە دووياندا دەکشا...

(پیر یوسف دەلّێ: لاوۆ گوێ مەدەیێ، ئەو جوانووە شێوی خوّمانە نامانگاتێ، سەری ئەسپە بوّرە بەرەو قومەلاّن وەرگێرا، دیارە جوانووە شێ وەك پیر یوسف دەلّێ لەناو زیخ و قومەلاّن نارواو دەوستێ.

دیسانەوە دەگەڕێنەوە سەر جوّرێکی تر لە ئەسپەکان:

● (عەلی رووشەن (بابە دیسان تۆزێکی پەش دێ، دیسان لە ئیمە خێراتر دێ دەمانگاتێ بابە.. هەر ئێستا، هەر ئێستا.. بابە ئەسپێکی (شێڵاڵ) دێ بە تۆزەکەداو دووامان کەوت، وەکو بروسکە، وەکو تیر دێت.. هتد).

پیر یوسف دەلّێت:

دەسەری ئەسپە بوّرە بەرەو بەردەلاّنە رەقەنەکە هوّدەوە.. هوّی دەو با چاوم بە مەشقی (جوانووە شێڵاڵ) بکەوێ بزانم چوّن وەکو تیر دێ».

جوانووە شێ ئالّیش لە کاتێ لە دایك بوونیدا لەسەر بەردەلاّنێك بە بەردان کەوتبوو نەك لە بەردەلاّن غاری نەدەدا تەنانەت هەنگاویشی هەلّنەدەهێنا، ئەویش گەیشتە بەردەلاّنەکە بوّ خوّی رەق راوەستا».

● عەلی رووشەن دەلّێت:

(بابە، ئەم جارە کوێتێکمان دوو کەوتووە..

باوکی دەلّێ.. سەری ئەسپە بوّرە بوّ سەر رێگاکە هوّدەوە کوێتیان نەگریسن.

عەلی رووشەن سەری ئەسپەکەی هوّداوە، بەرەو رێگاکەی ئاژوا، ئەسپە کوێت هەر کە گەیشتە سەر رێگا بوو بە داری رەق و راوەستا.. هتد).

● (2)

3 ـ ئەسپ و بوێژو هونەرمەندان:

هەروەکو لە پێشدا وەدیارمان خست، کە ئەسپ چوّن لە بەرهەمەکانی بوێژو هونەرمەندان رەنگی داوەتەوە بە نووسین و وێنەو پەیکەر بگرە بەوەندەوەیش نەوەستاون هەتا زوّر لەو ئەدیب و هونەرمەندانە ناونیشانی بەرهەمەکان و سەر بەرگی کتێبەکانیان بە ناوی ئەسپەوە ناو ناوە.

هەر لە کوّنی کوّنەوە دەبینین رەکو هێمار رەمزێك بەکار دەهێندرێو دەکرێتە نمونەی رەسەنایەتی و کاری مرۆڤانەو خورتی و ساماکی و خوّشبەزی و چالاّکی و.. هتد.

دیارە نووسەرو شاعیران و گشت هونەرمەندان لە ستایش کردنی ئەسپدا ئەم هەڵس و کەوتانەی ئەسپ دوو پات دەکەنەوە کە چوّن (چەپوّکان دەوەشێنن، دەحیلێنن، لە کوّڕێن دەدەن بالّ دەگرن، تۆز دەکەن، شوّڕەسواران بە هەراوە دەیەخن، بە نێسکەنێسك دەکەون، دەپەڕنەوە، بە ڕەوەزو بەرزایی هەڵدەشباخین، دەپرمێنن، گوریس

دەپسێن، دەڕەونەوە، سەرانگرێ دەبن، یان چۆن ناموێی و کۆست کەوتووی و دۆش داماوی دایاندەگرێ و. . هتد).

4 ـ ئەسپ و وەرزش:

ئەسپ، شوێنی دیارو ڕۆڵی کاریگەرانەی هەیە لە پێشبرکێ و سوارسوارێن و جلیتبازی و تەڕادانێ و بازبازێن و یاری تۆپ تۆپێن و گۆگۆین و گەلیکی تر.

وەك لە زۆر مەیدان و گۆڕەپانە وەرزشیەکاندا بە دیار دەکەون و تۆز دەکەن هەر وەها لە ڤیستڤالە گەورە گەورەکانی جیهانیدا بەرچاومان دەکەوێ کە بەردەوام ئەسپ بەشداری کردووە بۆ نمونە چەند یاریەك لەو یاریانە دەست نیشان دەکەین وەك.

* یاری (گۆگۆین): ئەویش لە ناوەڕاستی گۆڕەپانی یاریەکەدا تۆپێکی دارین بەقەد، گندۆرەیێك دادەندرێ، بە کتووپڕی دەهۆڵ و زورنا لێدەدرێ، کە دەهۆڵەکە گرمەی لێوە هات لە هەر لایەکەوە شوێرە سوارێك جیا دەبێتەوە بەپرتاوی شالاو بۆ گۆیەکە دەهێنێ، وە کامە سوار زووتر بیگاتێ ئەو سەرە گۆچانێکی تێ دەسروێنی و گۆیەکە بەرەو لای نیشانەکەی خۆی دەبات.

* یاری پێشرکێ یان هاڵرکێ. . کە چەند تیپێك بەشداری تێدا دەکەن دوای ئەوەی سوارەکان لە ڕیز یەك ئامادە بوون هەیسای لێ دەکرێ و تا دەگاتە ئەو جێگایەی دەست نیشان کراوە کام سوار زووتر گەیشتێ ئەوە پلەی یەکەم وەردەگرێ، ئەوەش ڕادەوەستێتە سەر خۆشبەزینی ئەسپەکەی و سوارچاکی خۆی.

جگە لەم یاریە ئاساییەو بازبازێن و زۆری تر دەبینین ئێستاکە لە گۆڕەپانێ یاریگەکاندا یاری تۆپ تۆپێن دەکەن کە ئەوەش لە ئێوانی دوو تیپدا دەست پێ دەکات کە هەر یەکێك لە سوارەکان بەرچیفێکی درێژی بە دەستەوەیە ڕوو بە ڕووی تۆپەکە دەبنەوەو بەرەو گۆڵ کردن دەیدەنە بەر بەرچیفەکانی جا ئەسپەکانیش لەم هات و بڕۆیەدا ڕۆڵی سەرەکی پەبینن.

5 ـ ئەسپ و شانۆ:

هەر وەك لە فلیمەکانی سینەماو تەلەفزیون دا زۆر جار بەرچاومان دەکەوێت دەیبینین لە گەلێ وڵاتانی دونیادا ئەسپ دێنێتە سەر شانۆو مەشقی نایەتی دراون بۆ ئەوەی یاری سەیر سەیرمان نیشان دەن وە ئەو دەورانەی ئەسپەکان دەبینرێنن دەبێتە جێی سەرسوڕمان و خۆشنودی جەماوەری ناو هۆڵەکەو بینەرانی ئەم جورە فلیمانە بە تایبەتی لە سێرکە کۆمیدیەکاندا کە وەك وشکەرن (مهرج) ڕەنگ کراون و خەلکی دەهێنێتە پیکەنین.

6 ـ ئەسپ و ڕەوەندو خێڵەسات:

مێژووی پەیوەندی نێوانی ئەسپ و ڕەوەندەکان تا بڵێی کۆنەو تاکو ئێستاش لەم هەوارو لەو زۆزان و لەوان هۆبەدا فلانە ڕەوەندو فلانە خێڵەسات ئەسپی کەهێل و ڕەسەنی هەیەو تا بڵێی توکمەیەو جوانە، فلانە دەوارنشین ئەسپیکی هەیە لە بای غاردا دەست و پاشووی نابێتی هێندە جسن و ڕەسەنە کە خاوەنەکەی دەیشەتێنێ و زینی دەکات بەو جڵەوی زەردو سووری سورمەکراو هەر تەماشایەکی دونیایەك دەهێنێ هەر مەپرسە ئەم ستایشانەو زۆرتریش. . جا ئەسپی خۆشبەزو بەهێزو سامناك لەلای ئەو ڕەوەندانە پەیدا دەبێ، کۆیستان و گەرمیانیان پێ دەکەن، لە زەمەندو چێنکەو لەوەرگاکاندا دەیانلەوەرێنن و ئازادو چاوکراوەو چاونەترسن جگە لەمەیش باریان دەکەن ڕەختێ خێزەنەکان دەپێچنەوەو

هەولێر کتێب

بار و بنـه تێك دەنێن و رێگـای دوورو درێـژ دەبـرن و ئەو قونـاغ و ئەو قۆنـاغـان دەکـەن و تخـوب و کەوشـەنـەکانیش دەبەزێنن، جا ئەم حاڵەتە نەك هەر لە وڵاتی ئێمەدا بگرە لە هەموو جیهاندا بووەو هەیە بۆ نمونە شیعرێك دەهێنینەوە کە لە کتێبی (گـورانی قەرەجـە گەرۆکـەکـانـدا) هاتـووە لە وەرگێـرانی (هـانـزیگـون فویکت) بە ناونیشـانی (ئەسپ و سوارەکـەی) کە لە سربیـەوە بۆ زمـانی ئەڵمـانی وەرگێراوە ئەم راستیەمان بۆ دەسەلمێنێ کە باسمان کرد.

ئەسپ و سوارەکەی

سەفەرم کرد.. دوور دوور رۆیشتم
ئەسپەکەم ئاو نەدا بوو
ئەسپەکەم ماندوو ببوو
هێندە نەمابوو لەژێر زینەکەیدا بمرێ
«تا دێو دەڵێت»
لێی پارامەوە تا ئارام بگرێ
پێم ووت: مل نێ ئەی رەسەن
هێندە نەماوە بگەینەوە ماڵ و دەوەن
ملی دەسوڕاندو پێی رادەگەیاندن بەو دوو چاوانەی
کە بە چاوی (دایك)م دەچوون
چاوانی خێر وا داماو بوون
دوور دوور ماینەوە.. ئەسپەکەم ئاو نەدا
مل نێ ئەی رەسەن،
ئێستا دەبینی لە پشتیەوەی چیادا
دەواری سپی، خێوەتی جوان جوان
میرگی زێرین و کانیاو
بۆت هەڵدەکشێن تاکو نێو چەوان

7 ـ ئەسپ بۆ دیاری و دەستەوایی:

لە بەر سەنگ و بەنرخی ئەسپ و ئاودەنگی و گەورەیی لە ناو هەمـوو گەلانی جیهـانـدا هەر وەکـو لە حیکـایـەت و بەیت و شیعـرە فۆلکلوریـەکـاندا بۆمان ڕوون دەبێتەوە لە نیو بەگ و سەروك عەشیـرەت و ئاغـاو کێشـدا میـرانـدو هەتـا سەرۆکی ووڵاتـە میـرنشینـەکـان و پاشاکـانـدا ئەسپ دیـاریـەکـی زۆر بەرچـاوو گرنـگ بووە بە نمـوونـە ئاودەهێندرێ کە فلانە پادشا ئەسپێکی سەگلاوی بە دیاری ئاردووە بۆ فلانە میرو لە یاد ناکرێ، یان ئەسپێکی کەویت قاپ ڕەش لە خوێنی فلان کوژراو دراوەو لە نێوانی ئەو دوو بەرە باوکە سوڵح کراوە خوێنیان لە بەین نەماوە.. هتد.

8 ـ ئەسپ و لەشکرو سوپا

ئێستایش لەگەڵ دابی لە سوپاگاکان و دایرەکانی پۆلیسدا کە لە پێشـدا بە (قشلە) ناویـان دەبـرد، ئاخـوڕی زۆرو تەویـلەی گەورە گەورە هەیـەو وڵاخێکی زۆریـان تێـدا ڕادەگـرد، نالبـەنـدو سایزو مەیتەرو پاسەوانی خۆی هەیەو خزمەت دەکرێن.

لەگـەڵ دامـەزراندنی سوپـاو پێکهێنـانی هێـزی بەریاو دابەش کردنیان لە سەرانسەری وڵاتدا کاربەدەستانی میری بە جەڵەب ئەسپیان کریوەو مەشقیان پێ کردوون و بەکاریان هێناوە لە کاتی شەڕو ئاشتیدا تا ئەم سالانەی دوایش بەر لەوەی ڕێگـاو بانـەکـان پەرەبسێنێ و قیـرتـاو بکرێ و جورەها ئوتومبیلی تیژڕەو بێتە مەیدان، ئەسپ سەرچاوەی سەرەکی بووە لە ڕاگـوێـزان و سواربـوون و بار هەڵگرتن و کاروباری سوپـایی، ئەمـەیش لە گشت جیهـانـدا هەروەکـو لە فلیمە کۆنـەکـانـدا بەدیـار دەکەوێ کە لرفەلرفی بەیداغان و ئالای لەشکرو سوپاگاکان چۆن بە ڕەوە ئەسپ سوار وەستاون بە زرێ پۆش و تیـرو شیـرو قامچی و تفەنگەوە. هتد، کە چاوەڕوانی فەرمان دەکەن بۆ هێرش بردن و گورز وەشاندن یان بۆ گەڕانەوە.

هەوالنامەی کێبڕکێ

9 ـ ئەسپ بۆ ڕاوشکار:

مەگەر هەر لە دیوەخانان و ژێر ڕەشمالی چۆڵ نشینەکان باسی ئەسپ بکرێ چۆن شوێرەسوار تانجی و تولە بە پێشە خۆ داوەو کارمامزێکی سرکی لەناو زورگ و هەڵەتان هەستاندووە پێی دەرکێڤی ئەسپە بۆرە ناوە، تا نەگەیشتۆتە سەر ئاسکە لە خڵت و خۆل وەردراوەکە نەپرینگارەتەوە، یەکێکی تر باسی ماینە شینکە قەزوانیەکەی خۆی دەکات، ئەوەی تریان دەڵێ ماینە ڕەسەنەکەی منیش ئاواو. هتد.

سوار زۆر شانازی بەمە دەکات، کە لە ڕاو دەگەڕێتەوە ئەگەر نێچیرێکی بگرتایە، بە بن سکی ئەسپەکەی شۆڕ دەکردەوەو بەرەو ئاوایی دەگەڕاوە. ئینجا ستایشی ئەسپ و تانجی دەکرد کە تا چ ڕادەیێك بەزیوەو جێگری لێ داوە.

10 ـ ئەسپ لە گەڕی شایی و داوەتاندا:

قرمزێنی تەقەبەو دەهۆڵ و زورنا دەکوترێ و نیشانە دەپێکرێ و ناپێکرێ، شایی و زەماوەندەو بازنەی گەڕی ڕەشبەڵەك بەقەد جۆخێنێکی زۆر گەورە قرەوان بووە، هەراو زەنەو قاوقیژی منداڵان و شاباشی ماقوڵان و گۆرانی چڕین لەو ناوەدا ئەسپی خوورت و کەشم و نەشم و باز بازێنی و هەستانە سەر پاشرووی و لە کۆڕڕان دانی لە ناو میرگ و میرغوزاران جوانترین تابلو دەنەخشێنێ مەگەر ڕەنگەکانی لە پەلکە زێرینەی دەم کەل وەرگیرا بێ، جگە لەمەیش هەر لە کۆنەوە لە زۆر شوێن و گوندەکاندا تیپێك ئەسپ سوار لە بەر دەمی کەژاوەی بروك دەست بۆ تەڕادانێ دەکەن، وە ئەگەر ژن بە ژنی بێت ئەوە تیپێکی ترێش لە بەرەکەی تر بە هەمان شێوە ڕوو بە ڕووی یەك دێن تا ئەو جێگایەی دەست نیشان کراوە بۆ بروك گۆڕینەوە، زۆر جاریش کە ئافرەت بیرەوەری خۆی دەگێڕێتەوە وەختێ بووك بووەو گواستراوەتەوە دەڵێ منیان لە سەر ئەسپێکی تەپوشی سوار کرد بوو، وەك ئێستای هەندێك لە ئافرەتان کە شانازی بەوە دەکەن گوایە بە ترومبێلی جامپو یان سوپر گوازراونەتەوە.

11 ـ ئەسپ لە پێناوی گەڵێ ڕاژەی تردا:

ـ ئەو خاڵانەی کە باسمان کرد تیایدا بۆمان بەدیار کەوت کە ئەسپ تا چ ڕادەیێك ڕاژەی کۆمەڵانی چەند سود بەخشە، لێرەدا هەندێك سودیتری ئەم ئاژەڵە دەخەینە ڕوو کە دەبێتە دوا خاڵی باسەکەمان ئەویش ئەوەیە. دەڵێن:

ئەم ئاژەڵە نرخی تەواو نابی بۆ بارهەڵگرتن و بار ڕاکێشان چ بە ئارەبانەو گالیسکە یان ڕاگوێزانی هاوڵاتیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی کە جگە لەمەیش بۆ کاروباری کشتوکاڵی و هەوجار ڕاکێشان و کێڵانی زەوی وزارو گواستنەوەی بەرو بوومی جوتیاران هەروەها بۆ کاروباری بازرگانی و ئاڵ و گۆڕ کردنی کەل وپەلی ناوچەکانی شاخ نشین و دەشتەکی و دێوەرە. وە بۆ هەڵسوراندنی بەردانی گەورە گەورەی هارینی ساوەرو برنج و. هتد).

خوێنەرانی هێژا...

دێینە سەر ئەو تێکستە فۆلکلوریانەی کە ئەسپ سەنگی زۆری لە ناوەڕۆکی بابەتەکانیدا هەیە، بە تایبەتی لە شیعرە فۆلکلوریەکاندا.

* ئەسپی سەگڵاوی کە ڕەسەن و خۆشبەزە، دەبێنین لە تێکستەکەی (دم دم)دا ناوی دێت، هەر وەکو لە تحفەی مظفریەدا هاتووە کە خانی برادۆستان بە خان ئابدەڵی موکریەی دەڵێت وا نیشان دەدات کە هەموو ئەسپان دەپسێنێ لە غارغارێندا بەڵام جوێ لە سەگڵاوی هەروەکو لەپێشدا باسی ئەسپی سەگڵاویمان کرد لێرەیەشدا ئەم ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنێ:

فەرهەنگی کوردی

زرێبانت بۆ دەپسێنم، خانی خۆم، جۆی لە داودێیە
ئەسپانت بۆ دەپسێنم، خانی خۆم، جۆی لە سەگلاوێیە
پیاوانت بۆ دەپسێنم، خانی خۆم، جۆی لە سی سالێیە
(هتد...)

* (4)

لە (بەیتی لەشکرێدا) کە لە دوو تۆیێ ئەم نامیلکەیەدا هاتووە برای نووسەر (ئەسعەد عەدۆ) کۆی کردۆتەوەو ئامادەی کردووە دەبینین ناوی چەندین ئەسپ دەکەوێتە بەر چاو کە شانازی پێ دەکرێ و گەورەیی ئاغای خۆو مەزنی وەدیار دەخات لەو سەردەمدا کە ئەو جورە ئەسپ سوارانەی بە دواوەیە وەختێ دەڵێت:

وەکی ئاوڕی خۆم دەداوە
ئاغای خۆم پێنج سەد سواری لەگەر بوو
هەموو ماین کەوێتی قاپ رەش
سەر زینێ گوراوو بە دوونیان لێ دەدە
وەکی ئاوڕیدکەم دەداوە، ئاغای خۆم
پێنج سەد سواری لە گەر دابوو هەموو ماین بۆرەیێ خارخار
سەر زینی مەخمەری کەسکیان لێ دەدە
وەکی ئاوڕیدکەم دەداوە ئاغای خۆم
پێنج سەد سواری لە گەردابوو هەمووپان شینکی ئەزوانی
سەر زینی مەخمەری زەردیان لێ دەدە
(هتد...)

* (5)

یان دەبینین لە بەیتی (شۆڕ مەحمود) لە کتێبی (لیرەیەك لە گەنجینەی نەتەوەی کورد) ئەویش هەر لە کۆکردنەوەی کاك ئەسعەد عەدۆ سوار بوونی عاشقێك وەك ئەحمەدی شەنگە لە سەر ئەسپێکی لەیل وپەر چەند شانازی بە خۆیەوە دەکات و سەنگی ئەسپ لێرەدا بە چ شێوەیێك رەنگ دەداتەوە کاتێ دەڵێت:

یان ئەحمەدی شەنگە
ئەگەر سوار دەبوو لە ولاخەکی لەیل وپەر
لەی وا بی هیچ کەسی لە دونیادا نیە
ئەوە ئاشقەو هیچ ئاگای لە خۆ نیە
چونکە بۆ خۆی لە سەرێیەو روحی لە کن
مەرزن گیان حەپسی
(هتد...)

* (6)

هەر لە هەمان کتێبدا ئەگەر سەیری هەقایەتی (ناسرو مالۆ مالۆ) بکەین دەبینین ئەسپ چۆن هەڵدەدرێتەوە شوێنی مەزنی خۆی هەیە بۆ ئەوەی شۆڕەسوار هەڵداتەوەو بە گەورەییەوە نیشانی بدات کە دەڵێت:

ئەمما با بە چاوێکی سووکەڵە نەچێتەوە پێش چاوی مامێیە چونکە ماممان زۆر ئینسانێکی بێ روحم و بێ لوتف و بێ ئینتیفانە چ قاعدەو قانوون و ئوسولی نیە.

با بچینەوە ئەوێ تەویلەو تەویلەخانی بینینە دەرێ دوو گوێدە گردەکێیە لە پشتیان بکوتین زینێکی موعتەبەرو بە تەنیشتیانەدا. بەروەدەین جوتێك گاوزەنگی لەوی دەمورسایی یە (هتد...).

* (7)

دێنەوە سەر تێکستێکی تراژیدی لە فۆلکلوری کوردیدا ئەوەیش (سورمێ خان و قورشیدی چاو بەخار)ەکەی کاك تاریق جامباز ئامادەی کردووەو چەند دێڕی لێ هەڵدەبژێرین کە لە دوو تۆیێ نامیلکەکەیدا هاتووەو ناوی ئەسپان دووپات دەکاتەوەو دەوری گرنگی تیایدا بە دیار دەکەوێت کە دەڵێت:

سورمێ ئەیگۆ (قورشید ئەز خولامێ)
وەی لێ..

هەوالنامەی کێرت

ئینجا برا چەند رۆژا بەرێوە بوون
هاتنە سەرێ چیایی هێستوونێ
ئەو هەسپێ سوورم لێ سوار ببوو
لە سەر چیایی هێستوونێ
رێیێ راوکەرا ئێ نێچیروانا
مقەدەر لێ مێوان بوو
لێ نێزیك بوو لە سەرێ چیایی هێستوونێو..
ئەو هەسپی شینکا شێ تاری
رەبی خودێ مارا تۆو خەرا بکا
هەسپێ شین ئەتۆو لۆ نسکۆ برد

(هتد...)

(8) *

* با ئاورێك لە فۆلکلۆری ناوچەی دەشتی هەولێریش بدەینەوە کە خوشکە (ئاوازی ئە حمەدی حەمەدەمینی دزەی) کۆی کردۆتەوە وە لەم کتێبەیدا گە لێك شیعری فۆلکلوری دەست تیشان کردووە لە زۆر رووەوە نووسیویەتەوە بە ناو نیشانی(فۆلکلوری کوردی لە ناوچەی دزەییاندا) وە لەم تێکستانەدا نووسینەکەی ئێمەی دەسەلمێنێ کە ئەسپ چەند بە سەنگەو فەراموش ناکرێ، ئەوتا لە ناو گەڕی شایی و زەماوندا چۆن ناوی دێت:

«بووکانە بووکانە بووکی»
گەردەن سوسنی زەردە بووکێ
لێت پیرۆز بێ پەردە بووکێ
مایني بوکێ شێیە بووکێ
سەر زینی ڕێ ڕێیە بووکێ
قوناغ لە پردێیە بووکێ
بووکانە بووکانە بووکێ

(هتد...)

(9) *

هەر وەها لە پرسەو شین و شەپۆردا کە ئەسپ بێ سوارەکەی ماوەتەوە کەس و کارەکەی سوار لە خۆ دەدەن و دەگرین و یان بە سەردولکەی ئافرەتانە دەیڵێنەوە هەروەکو لە هەمان کتێبدا هاتووە:

کەسم نما هەولێر گردە
ئەسپی بردە
نسکۆی بردە
سواری مەردە
کەسم نما ئەسپی شێیە
لە حەوشێیە
لاو لە کێیە
کەسم نما ئەسپی بۆرە
ماری زۆرە
شوونی کۆرە

(هتد...)

(10) *

یان باسی ئەسپ سوار لە ڕاوشکاردا لە هەمان کتێبدا هاتووە دەڵێت:

هەی ڕاوە ڕاوە ڕاو لە گردی باڵرتی
ئەسپان زین و لغاو کەن تازییان بەردەنە ڕستی
کیژ بووی لە ماڕە بابان چەند جارم مەمك گرتی
(تا دێو دەڵێت)
هەی ڕاوە ڕاوە ڕاو ڕۆیی و نەگەڕاوە
ئەسپان زین و لغاو کەن تازییان مامز گێڕاوە

(هتد...)

(11) *

دوا نمونەمان مەقامە بە ناوبانگەکەی سێوەی هونەرمەندی نەمرە کە شیعرێکی فۆلکلوریەو مامۆستا

هەولێرەی کتێبخانەی

کەریم شارەزا لە کتێبەکەیدا بە ناوی (مەقامەکانی سێوەی هونەرمەندی کورد لە تەرازووی رەسەنایەتیدا) دەست نیشانی کردووە، بە ناوی عایشە گور لێرەدا ناوی ئەسپ دەدروشێتەوە وەختێ سوارەکەی بەرەو ڕاوشکار پێ دەرکیشی دەنێ کە دەڵێت:

ئەگەر عایشە گور دەرێ
هەر کەسانەکی سوارە چووکەلانەکەی م ناناسێ
ئەوەتانێ سواری جوانێریە ماینەکی
بۆری ئەسعەد بەگی کەوێتە
لە لایەکی دەرۆن جووتەکی تولەو لەوی دیکەشی
جووتە تازی مل بە قەرێتە

(هتد....)

● (12)

پەراوێز:

سەرچاوەکان:

● (1) چەند پەندێکی پێشینان

● (2) لە ل80 تاکو ل86 (ئەفسانەی کوێر ئۆغلی) نووسینی (یەشار کەماڵ) وەرگێڕانی (شکور مستەفا).

● (3) کتێبی (أغانی الغجر) هانزیگون فویکت - وەرگێڕانی بۆ عارەبی (نامق کامل●) - ل18 -

● (4) ل3 : 2/ تحفەی مظفریە/ ئۆسکارمان/ بەشی یەکەم/ هێمن

● (5) ل27 - 28/ بەیتی ئایشە گول/ کۆکردنەوەو ئامادە کردنی ئەسعەد عەدۆ.

● (6) ل27/ لێرەیەک لە گەنجینەی نەتەوەی کورد/ کۆکردنەوەی ئەسعەد عەدۆ. لە بەیتی (شۆڕ مەحمود).

● (7) ل63 هەمان سەرچاوە/ لە هەقایەتی ناسرو ماڵ ماڵ.

● (8) ل96 - 97/ لە کتێبی مەحەمەدو سێوێو سورمێ خان و قورشیدی چاو بەخار/ کۆکردنەوەو ئامادەکردنی/ تاریق جامباز/ لە بەیتی سورمێ خان و قورشیدی چاو بەخار.

● (9) ل55/ کتێبی (فۆلکلوری کوردی لە ناوچەی دزەییانەدا) کۆکردنەوەی (ئاوازی ئەحمەدی حەمەدەمینی دزەیی) لە شیعری فۆلکلۆری کوردیدا

● (10) هەمان سەرچاوە (لە شیعری شین و پرسەدا) ل57

● (11) هەمان سەرچاوە (لە شیعری ڕاووشکاردا) ل78 - 79

● (12) ل32 کتێبی (مەقامەکانی شێوەی هونەرمەندی کوردی لە تەرازووی رەسەنایەتی‌دا) نووسینی (کریم شارەزا).

زەمەند = لەوەری زۆر وزەبەند.

دڕنار = خاکێکە گرنج گرنج و بەردو کەل وبەری زۆرو شەقار شەقار مرۆڤ نەتوانی بە ئاسانی بە سەریا بڕوات.

وەچە = نەوە یان (ذرية).

توکمە = مەحکەم - کە ئەسپێك مکووم و توکمە دەبێت.

نێسکە نێسك = کە ئەسپ دەست بە نازو عیشوەو لەنجەو لار دەکات.

دەبێژن ئەسپەکە بە نێسکە نێسك کەوت.

پرینگانەوە = وەختێ ئەسپ دەڕەوێتەوە - یان بڵێن سڵەمینەوە.

چێنکە = ئەو جێگا شین و تەڕەی کە هەر دەم چیاوە شینە.

سەرانگرێ = هەڵبەزینەوەی ئەسپ و ساتمە کردنی.

بەرچیغ = ئەو دارەیەدەدرێتە پاڵ چیغ یان دەخرێتە بەر بنمیچی خانوو.

هەوالنامەی کێبڕکێ

داب و نەریتی ژیانی ئاژەڵداری و کشتوکاڵ لە دەستی گەرمیان دا

هەولێنامەی کێشێ

نووسینی: محمد حمه صالح توفیق

ناوچەی گەرمیانی کوردستان داب و نەریتیکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵی تایبەتی تێدا باوە، کە لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی کوردەواریدا لێک دەچن و بەتایبەتی ناوچە دەشت نشینەکانی وەکو شارەزوورو دەشتی هەولێر، لەم ناوچەیەدا کەلەپوورێکی کوردانەی ڕەسەن لە نێو خەڵکدا چەسپیوە لە ئەنجامی چەندان سەڵ سااڵی ڕەنج و تەقەلای بێ ووچانی دانیشتوانی. لە بواری گوزانیی میللی و پەندی پێشینان و حەکایەتی جۆراو جۆرو ڕێ و ڕەسمی شین و شایی و پێوەندییە کۆمەاڵیەتییەکانی دێکەدا بە خەروار گەوهەری نایابی کەلەپووری نەتەوایەتی لێ وەدەس دێنی.

ئەوەی کە لێرەدا من مەبەستمە تیشکی بهاوەسەر، نەریتی ئاژەڵ بەخێوکردنە بە هەموو کەڵێن و قۆژبنێکیەوە لە ڕێ و ڕەسمی شوان ڕاگرتن و مەڕومااڵت لە بێرگ دان و مەشکەو مەاڵن و هەموو پێوەندییەکی کۆمەاڵیەتی بە ئاژەڵداریەوە. هەروەهاش لە داب و دەستووری کشتوکاڵ کردن بەتایبەتی گەنم و جۆ کە دەشتی گەرمیان پێی بەناوبانگە دەکۆڵمەوە، هەر لە جووتیارو وەرزێر [سەپان] ڕاگرتنەوە، تا کۆتایی کێشەو گێرەو خەلەو خەرمان هێنانە ناو و ئەو کەرەسەو تفاقانەی تێیدا بە کاردەهاتن، ئەوانەی کە لە دێر زمانەوە لە بڕەودا بوون تا ئەم سەردەمەی، کە ڕەوتی شارستانیێتی دەیان پێچێنەوە، لە بڕی ئەوانە ئامێری

کشتوکاڵی نوێ له چەشنی تراکتۆرو کەمباین (مەکینەی درەو) جێگەیان دەگرێتەوە.

ئەمەی من لێرەدا تۆماری دەکەم ئەزموونی چەند ساڵەی ژیانی خۆم بووە لە دەشتی گەرمیاندا و بۆ زۆر شتی ووردیش چەندان پرسیارم لە فرە ژن و پیاوی بەساڵدا چووی ئەو ناوە کردووەو تا لەتوانامدا بووە هەوڵم داوە کارەکەم وورد بێت.

أ ـ ئاژەڵداری: ـ زۆربەی خەڵک لێرە خاوەنی ئاژەڵ و پاتاڵ بوون و، لە زۆر شوێنیشدا مەڕو ماڵات و گاو گوێتاڵ پلەی یەکەمیان بووە لە سەرچاوەی داهات و بژێویداو، لە پاش ئەم ئەو ساکشتوکاڵ هاتووە. تا ئەم دواییەش خێڵە کۆچەرییەکانی جاف تا نیشتەجێ بوون هەر تەنیا خەریکی ئاژەڵداری بوون و بۆ ئەم مەبەستەش گشت ساڵێك لە بەهاردا بەرەو کوێستان دەچوون و لە پایزدا بەرەو خوار دەبرونەوە بۆ گەرمیان. ئێمە لێرەدا هەر لەسەر گوندنشینەکان دەدوێین و مەسەلەی کۆچی گەرمێان و کوێستانی هۆزی جافی ئەو سەردەمە باسی تایبەتی خۆی دەوێت. لە گەرمیاندا ساڵانی گرانیو قات و قڕی لێ دەرکەوین دەبینین مەڕو ماڵات بەخێوکردن پیشەی هەموو ماڵێك بووەو هەمیشە هەژاریو دەوڵەمەندیی خەڵك بەوە ژمێردراوە، کە چەند سەر مەڕو بزن و مانگای بووە، لەسەردەمی زووتریشدا ڕەوە ئەسپ و مایەنیش بەشێکی هەرە گرنگی سامانی دەوڵەمەندان بووە.

● شوان و شەرتی شوانی: ـ لە ئاوایەکدا هەر کەسێك کۆك و دەوڵەمەند بوایەو ڕانەمەڕو بزنی ببوایە ئەوەبان کۆڕی خۆی دەنارەدەکن ڕانەمەڕەکە یان شوانی بۆ ڕادەگرت. شەرت یان کرێی شوانیی زوو بە حیسابی شەش مانگە بوو. خاوەن ڕان بۆ هەر سەد سەر مەڕو بزن لە ماوەی شەرتەشوانییەکەدا شەش گیسکی دەدا بە شوان، بەڵام ئەگەر ژمارەی ڕان لەوە زیاتر، یان کەمتر بوایە ئەوە کرێکەش بەو پێیە زۆر یان کەم دەبووەوە. شیاوی باسە کە تەنیا شەرتە شوانیی شەش مانگی زستان و بەهار بە گێسك بوو و، شەرتی هاوین و پایز بە پارە بوو کە وەختی خۆی 3 ـ 5 دینار بوو بۆ هەر سەد سەرێك بەڵام لەمەو دوا تا هات گرانتر بوو. وەکو لە پێشەوە ووتمان هەموو کەس خاوەنی مەڕو ماڵاتی زۆر نەبوو، لە دێیەکدا هەر سێ و چوار کەس وا دەوڵەمەند بوون و ماڵەکانی تر بیست و سێ و چل سەر مەڕو بزنی دەبوو، هی واش بوو هەر هیچی نەبوو. بۆ ئەم ژمارەیەش شوان نەدەگیرا، لەبەر ئەوە دەکرایە لای شوانی ئەو ماڵانەی کە ڕان و میگەلی زۆریان هەبوو، ئەمانەش پێیان دەوترا ماڵەچەو بە پێی سەری ئاژەڵەکانیان کرێیان دەدا، ئەم کرێیەش کاتی خۆی دە فلس بوو پاشان بوو بە بیست و پەنجاو ئێستاش لەوە زیاترە. کرێی ماڵەچەکان دەدرا بە خاوەن ڕانەکە ئەگەر لە شەرتدا گیسکی بڕیار دابایە بۆ شوان. بەڵام ئەگەر پارەی بدایە ئەوە بەپێی داب و ڕەسمی باو ماڵەچەکان کرێکەیان دەدا بە شوانەکە خۆی. جا ئەگەر شوانی ماڵەکە سەڵت بوایە ئەوا لەسەر خاوەن ماڵ دەبوو، ئەگەر خاوەن ژن و ماڵیش بوایە ئەوا لە جیاتی نانانە باراشی دوان گەنم و جۆی دەدایە چونکە شوانەکە لەم حاڵەتەدا لە ماڵی خۆی دەبوو، هەروەها شەکرو چاو ڕۆنیشی دەدرایە کە بەزۆری شەش کەلە شەکرو دوو هۆقە چاو دوو هۆقە ڕۆن بوو، [هۆقەی گەرمیان هۆقەی ئەستەمووڵ بوو کە دەیکردە کیلۆو چارەکێك]، هەروەها یارمەتیو دەستگرۆیی دیکەش دەکرا. بە پێی شەرتەکەش خاوەن ڕان کراس و دەرپێیەکی خام و جامانەیەکی بۆ دەکڕی. بەڵام کلاش چەندی بدرایە لەو شەش مانگەدا ئەوە هەر دەبوو خاوەن ڕان بیکڕێ. هەروەها فەرەنجیو کۆڵەبااڵ و کەچە (کەرەك) وکڵاو بۆرە ئەوانە هەموو خاوەن ڕان دابینی دەکردن.

1 ـ کلاش: ـ ئەوسا جووتێ لاستیکی ئەستوور بوو و کشتەکی دەزوویان بە بزماڕ یان بە دووریس بە سەر

لێوارەکەیدا دەچەسپاندو لەسەر ئەوەوە بە پەرگە کلاشی دەچنرا [پەرگە بەنێکە لە خوری دەڕێسرێ] پاشان لە لای وەستای پینەچی بە چەرم دەورەی دەگیرا تاوەکو بۆ ماوەیەکی زۆرتر بەرگە بگرێ.

2 ـ فەرەنجی: ـ جۆرە بەرگێکی شوانە تا سەر ئەژنۆ دێت و هەلاج لە بەرگن[1] دروستی دەکات.

3 ـ کولەپاڵ: ـ دیسان لە بەرگن دروست دەکرێ و ئەمیش بابەتی فەرەنجییە، بەڵام تا پشتێنە دێت و زیاتر لە بەردا چەسپ دەبێ قوڵی نییەو لەسەر هەردوو شانیەوە دوو گوێچکەی قوتی بۆ دەکەن ئەمیش هەر هەلاج دەیکات.

4 ـ کەچە، یان کەپەک: ـ ئەمیشیان بابەتی فەرەنجییە بەڵام ئاودامانەو قوڵی نییەو زیاتر شوان بۆ شەوانی سەرماو بارانی شەوەکەڕ[2] بەکاری دێنێ، ئەو دەمە لەسەر کولەپاڵ و فەرەنجییەوە لە بەری دەکات. زۆر گەرم و گوڕەو هیچ سەرماو بارانێ کاری تێ ناکات. ئەمیش هەر لە بەرگنەو هەلاج دروستی دەکات.

5 ـ کلاوپۆرە: ـ

کلاوێکی سێ سووچە شوان لە کاتی باراندا دەیدا بە سەریداو تا ناوشانی دەگرێتەوە. ئەمیش هەر لە بەرگن دروست دەکرێ لە لایەن هەلاجەوە.

شوانی لە کوردەواریدا پیشەیەکی زۆر بەڕێزو پیرۆز بووەو هەمیشە بە چاوی بەرز تەماشای دەکراو زۆر جار کچی خاوەن ڕان دڵی خۆی دەدا بە شوانەکەیان وئەوینکی پاك دەهاتە کایەوە، بەڵام داخەکەم لە کاتی خوازبێنی کردندا کێشەی چینایەتی خۆی بە زەقی دەنواندو زۆر بەدەگمەن هەڵدەکەوت کە کچەی بدرێتێ مەگەر شوانە تەواو خۆی بگرتایەو دەوڵەمەند ببوایە.

شوانی ڕەسەن و دڵسۆز هەمیشە شانازی بەوەوە دەکات کە ڕانەکەی بە چاکی دەلەوەڕێنی و زۆر بە باشی مەڕومااڵتی خۆی دەناسێتەوە. ناژەڵەکەش هەر بە پێی خۆشەویستی ئەو ئالوودەی دەبن، فرە جاریش شوان شمشاڵ ژەنێکی کارامە دەبێ و هەر بە ئاوازی دڵتەزێن و جۆراو جۆری شمشاڵەکەی ڕان هێمن دەکاتەوە لە مێرگ و پاوەنداو دەیلەوەڕێنی و بە جۆرە ئاوازێکی دێکەش خەری دەکاتەوە و نایەڵێ لە خۆی دوور بکەونەوە بلاوەی لێ بکەن و گورگ و دەعبا زەپەریان پێ ببەن.

● ناسینەوەی مەڕومااڵت لە کوردەواریدا: ـ

شوان و خاوەن مەڕومااڵت مەڕو بزن بە ڕەنگ و ڕواڵەتی دەم و چاوو گوێچکە دەناسنەوەو بە سەریان دەگرنەوە، هی وا هەیە ئاژەڵی خۆی لەناو هەزار سەردا دەناسێتەوە. بۆ مەڕ ئەم شێوەو سیفەتانە دەبنە نیشانەی ناسینەوە.

1 ـ مەڕی تەو: ـ لەسەر سینگەوە بەرەو دەم وچاوو گوێ بۆڕێکی سوورباوە یان قاوەیە.

2 ـ مەڕی چار: ـ دەم و چاوو گوێی مەیلەو سپی یەکی کاڵە، کونەلووت و دەم ولێوی سوورباوە. چاوی ڕەشە.

3 ـ مەڕی پەر: ـ گوێچکەو دەم وچاوو ملی ڕەشە.

4 ـ مەڕی جافی: ـ پان وپۆڕو تیسك شۆڕە، هەروەها دووگ و کلێنچکەشی[3] شۆڕە.

5 ـ مەڕی زراری: ـ دووگی پان و خڕە، کلێنجکەی کورتە، لەشی تووندوپڕە. [بێگومان لەم دوو جۆرەشدا تەوو پەرو چاریش هەیە].

6 ـ مەڕی ڕەش: ـ خوریەکەی ڕەشە.

7 ـ مەڕی سوورکەوە: ـ گوێ و دەم وچاوی شینباوە، بن گوێ و لای دەم و لای چاوی سوورباوە.

8 ـ مەڕی بۆر: ـ خوریەکەی بۆرو قاوەیی باوە.

هەروەها مەڕی گوێ کورت [کەڕی] و گوێ لوول و گوێ پانیش زۆر جار بە شێوەی گوێیاندا دەناسرێنەوە.

ناونیشانەکانی بزنیش لەم جۆرانەن:

1 ـ بزنی ڕەش: ـ هەموو گیانی ڕەشە.
2 ـ بزنی هوول: ـ گوێی پانە. هەروەها گوێچکەو دەم وچاوی سوورباو یان قاوەییەکی تۆخە.
3 ـ بزنی هەمس: ـ گوێچکەو دەم وچاوی تا دەوری شان وملی سوورباوێکی کاڵە.
4 ـ بزنی پۆش: ـ گوێچکەو دەم وچاوی بۆزە.
5 ـ بزنی مارۆ: ـ ناوچەوانی سپیە.
6 ـ بزنی بەل: ـ گوێی کورت و لوولە. بە پێی شێوەی گوێیدا دەوترێ بزنی [بەلەمارۆ، بەلەهوول، بەلەپۆش، بەلەڕەش و گوێپان].
7 ـ بزنی کۆل: ـ ئەو بزنانەن کە شاخیان کورت و بچووکە، یان بێشاخن.

● ناوی مەڕو بزن لە کوردەواریدا بە پێی تەمەن: ـ
أ ـ مەڕ: ـ
1 ـ بەرخ: ـ لەو کاتەوە لەدایك دەبێ تا ساڵێکی بە سەردا تێپەڕ دەبێ هەر پێی دەڵێن بەرخ.
2 ـ کاوڕ: ـ لە تەمەنی دوو ساڵییەوە تا پێ دەنێتە سێ ساڵی پێی دەڵێن کاوڕ. [کاوڕەنێرو کاوڕەمێ].
3 ـ شەك: ـ کاوڕ کە پێی نایە تەمەنی سێ ساڵی پێی دەڵێن شەك. بەزۆری مێیەکان لەم تەمەنەدا بەران دەگرن و، شەك کە بەرخێکی هێنا، پێی دەڵێن شەك مەڕ. شەکەنێریش خاوەنی یان دەیفرۆشێ یان هەڵیدەگرێ بۆ بەران.
4 ـ مەڕ: ـ شەك کە پێی نایە چوار ساڵ پێی دەڵێن مەڕ.
5 ـ بەران: ـ شەکەنێر کە پێی نایە چوار ساڵ دەبێ بە شەك بەران لەوەوپاشیش دەبێ بە بەرانی کامڵ.

ب ـ بزن: ـ
1 ـ کار: ـ لەو کاتەوە لەدایك دەبێ تا تەمەنی ساڵێك هەر پێی دەڵێن کار.
2 ـ گیسك: ـ کار کە پێی نایە دووەم ساڵ بۆ ماوەی ساڵێك پێی دەڵێن گیسك.
3 ـ چتیبر: ـ گیسك کە پێی نایە سێیەم ساڵ تا ماوەی ساڵێك پێی دەڵێن چتیر. چتیرە مێ لەم تەمەنەدا تەگە دەگرێو دەزێ ئەوکاتە پێی دەڵێن چتیربزن.
4 ـ بزن: ـ چتیر کە پێی نایە چوارەم ساڵ پێ دەڵێن بزن.
5 ـ سابرێن: ـ چتیرەنێر کە پێ نایە چوارەم ساڵ دەبێ بە خرت، لەوەوپاشیش دەبێ بە سابرێن.

● تەگەو بەران گرتنی بزن و مەڕ: ـ
هاوین لەپاش دوورینەوەی گەنم و جۆو کێشەکردنی گەلەباوەش و شاراکان و کاتێ کە جارو پەڕێز[9] چۆڵ دەبن، مەڕومالاتی تێدەکرێو پاش ماوەیەك بە تەواوی تێر لە گوڵەگەنم و گوڵەجۆی بەجێماو دەخۆن، ئەوجا گۆشتێکی باش دەگرن و دەماخ پەیدادەکەن و فرەی پێناچێ مەڕ دێتە بەران و بزنیش دێتە تەگە، خاوەن مەڕ وای پێ خۆشە مەڕەکانی زوو بەران بگرن، چونکە لەوسەر [پاش پێنج مانگ لەدایك دەبن] بەرخەکانی هەراش دەبن و زوو لە خەم دەردەچن. بەڵام بۆ بزن حەز دەکات درەنگ تەگە بگرن [بۆ ئەم مەبەستەش سابرێنیان لێ قەدەغە دەکات و نایکات بەناو ڕاندا تا ماوەیەك لە پایز دەڕوات] تاوەکو لەوسەر دەمەوبەهار بزێن، بۆ ئەوەی لە کاتی زایینداا نەکەونە بەر سەرماو سۆڵەی زستان چونکە بزن بە سەرما حیزەڵەیەو زوو بە لادا دێت. بەگشتی خاوەن ڕان حەز دەکان مانگێ هاوینی بمێنێ مەڕی بێنە بەران بەڵام مانگێ پایزی بچێ ئەوسا بزنەکانی بێنە تەگە.

● وەرزی زستان و زاوزێ کردنی مەڕومالات: ـ
خاوەن مەڕومالات هەر لە پایزەوە پاش خەڵەوخەرمان کۆکردنەوە کاوداني تەواو دەخات بۆ ئاژەڵ و پاتاڵی، ئاڵف و بڕۆیش ئامادە دەکات، کەل و کۆمی و تەپین و داڕووخانی گەورو پشتیر چاك دەکاتەوە، کۆزی کارو بەرخی ساواش

هەواڵنامەی کێتێب

هەر لەوکاتەوە ئامادە دەکاو کەیانوی مالّ خرێنووك و[5] کەرەلەی بۆ دێنێ تێدا رادەخات. سالّی دێتە پێشەوە کە زستانەکەی هێجگار سەخت دەبێ و زۆربەی رۆژانی باران و زوقم و زەلالەت دەبێ. ئەو دەمە خاوەن ئاژەلّ خەم دایدەگرێ و بە هەموو شێوەیەك پەلەقاژە دەکات هەرچی کاو جۆی هەیە بیکات بە قورگی مالآتەکەیداو لە وەیشوومەی زستان رزگاری بکات. بۆیە بە جیا کاو جۆ بۆ مەڕو بزنی ئاوسی دادەکات و گیسك و کاوڕو مەڕو بزنی قسریان لێ جیادەکاتەوە.

هەروەها مەڕو بزنی زاویش بە جیا خزمەت دەکات. جاری وا هەیە زستان ئەوەندە سارد دەزۆربەی مالآت مردار دەبنەوە. بەلآم کە زستان ئاسایی بوو خاوەن مالآت ئەم دەردیسەری و زیانەی تووش نابێ و هەر لە سەرەتای زستانەوە مەڕی دەست دەکات بە زان و نزیکی بەهاریش بزنەکانی بەرەکەت دەکەن. سالّی واش ڕێدەکەوێ زستانی گەرمیان دەڵێی بەهارە، ئەوسالّە جەژنی مەڕومالآت دەبێ، مەڕو شەکی بە دەماخ دیسان بەران دەگرنەوە دوای ئەوەی کە دەزێن، بزنیش ئەگەر لە سەرەتای پایزدا تەگەی گرتبێت و ئەویش وەك مەڕ لە زستاندا بزێت ئەوا هەم تەگە دەگرێنەوەو ئەوجا هەموو لە سەرەتای هاویندا دەزێنەوە، بەمەش دەوترێ دووبارەزا کە بێگومان ئەگەر سالّ خۆش بێ قازانجێکی گەورەی خاوەن مالآتە. هیچ لەوە خۆشتر نییە لای خاوەن ئاژەلّ کە ئێواران دەچێ بە دەم ڕانەکەیەوە دوو دوو و سێ سێ کارو بەرخ وان لە تونێی کەچەو فەرەنجی شوانەکەیدا.

ساوە کۆرپە [کارو بەرخ] لە زستاندا دەرناکرێنە دەرەوە، مەگەر هەوا زۆر خۆش بێ و خۆرەتاو بێت، بەیانیان پێش ڕان ڕادان و ئێواران کەڕان دێتەوە تێ بەردەدرێن و ئیدی لەوەودوا دەکرێنە کۆزەوە، بۆ ئەوەی لەوەڕی بین [فێری گیا خواردن بین] هەندێ گورزە پووش و پەلآشیان لە بنمیچەوە بۆ شۆڕ دەکرێتەوە پاشانیش کە لەوەڕی بوون ئالّفیان دەدرێتی [ئالف = برۆیشی جۆ]. لە سەرەتای بەهاریشدا، ئەگەر سالّ خۆش بێ زووتر بەرە بەرە ساوە کۆرپە دەردەکرێنە دەرەوە بۆ نێو قەرسیلی[7] لای مالّ بۆ ئەوەی ڕابێن بە دەرو دەشت، پاشانیش کە هەراشتر بوون ساوەلەوانیان دەکرێنە لا کە بەزۆری مندالّێ یان دوانی خاوەن مالّ دەبن.

● وەرزی بەهارو بێرگە و بێرەوان..
ساوەی زاوماو.. شەوەکەژی ڕان..

سەرەتای بەهار کەش خۆش دەبێ و پشتی سەرما دەشکێ، ساوەش بۆ لەوەڕ دەردەکرێ و لە ئاوایی دوور دەخرێتەوە، شوانیش هەر کە خۆر دوو سێ ڕم بەرز بوەوە ڕووی ڕان بەرەو مالّ دەکاتەوەو بەرە بەرە بەدەم لەوەڕەوە دەیتاژوێ. کە بوو بە چێشتەنگاو ئیدی ڕان دەگاتە پێشەوە بۆ بێرگە (بێرە)[9] لەوەپێش دەمێنرایە مالّەوەو دەکرایە بەهاربەنییەوە.[10] ژنان و کیژانیش بە تیانچەو پاتیلەی[11] مسەوە لەوێ ئامادە دەبوون و دەست ویردیان دەکرد لە مەڕو بزن دۆشیندا و هەر یەکە خوشێ دوانیان لێ دەسەندن، چونکە لە سەرەتای بەهاردا شیری زۆر لە مالآت ناسەنرێ، تاوەکو کارو بەرخە کۆرپەکان تێری پێ بخۆن و خۆیانی پێ بگرن و پشتی پێ پەیداکەن. شایانی باسە لە کوردەواریدا هەرگیز مەنجەڵی ڕەش [بە دووکەڵ ڕەش بووەوە] ناخرێتە ژێر گوانی ئاژەڵ بەڵکو بە جامێکی مسی سپی دەدۆشرێن و کەپڕبوو دەیکەنە مەنجەڵەوە پاش بێرە کردن (دۆشین) خێرا ساوە تێ بەردەدراو دەبرو بە باعەباع و تێڕژانێك ئەوسەری نەبێنەوە، یەکێك لەولاوە مەڕو بزنی نەبانی[12] دەگرت و ئەوی دی بەرخێك یان کارێکی بەدەستەوەبوو کە دایکی نەدەدۆزیەوەو بۆی دەگەڕا، ئەوە کوا مەڕە پەڕ، بزنە هووڵ چی لێهات، بیخە بەلەمارۆ کلکت ببڕم! ئەوجا پاش دەمێك دایك و ساوا بە یەك شاد

دەبوونەوە تیر شیری دەدایە. پاشان لای نیوەرۆ کە ڕان دووبارە ڕای‌بدایە، ساوەجیادەکرایەوە شوانەش سەگە بازوو و بۆرەی دەخستە شوێن خۆی‌و مێگەلی پێ‌دەپێچایەوە بەرەو مێرگ و لاپاڵەکان. پاشان کە هەوا خۆش دەبووو کەمێك هەراش دەبوون نیوەڕوان لە دایك جیانەدەکرانەوە، بەڵکو لەگەڵ ڕاندا دەبوون تا دەمەو عەسرێکی درەنگ، بەمە دەوترا. زاومایان سارەما: ئەم زاومایە زۆرتر لە کاتێکدا دەکرا کە ڕان شەوەکەڕ بکرایەتەوە. لە شەوەکەڕدا ئێوارە ڕان نەدەهێنرایەوە بۆ ماڵەوە بەڵکو بۆ شەو بە زاخەو لێڕ ییەکەوە مۆڵ دەدرا، بەم شوێنەیان دەوت پەجە. لە بەهاردا زیاتر ڕان ئەو کاتانە شەوەکەڕ دەکرایەوە کە فوڕو باران بوایە ئاوەکو ئاژەڵەکە لە حەوشەی ماڵدا قوڕاوی نەبێت و لە لایەکی دیکەشەوە بۆ ئەوەی لەوسەر دەمەوبەیان زوو ڕادرێ.

لە شەوەکەڕدا یەك دوو کەسی خاوەن ڕانەکە یان ئەو ماڵەجانەی کە مەڕومالاتیان لەبەر شوانەکەدا بووە، شەو لەگەڵ شواندا دەمانەوە.

بەڵام هەر کاتێك کە ڕان شەوەکەڕ نەکرایەتەوە ئەوە ئێواران تا درای بانگی خەوتنان شوان ڕانی نەدەهێنایە ماڵەوە بەڵکو لە قەراخ دەغڵ و شوێنی خۆش لەوەڕدا دەیلەوەڕاند بەمەش دەوترێ. شەواژۆ.

● **مەشکەو مەڵان و.. کونەو کونەڵان:** -

وەختێ پێ دەنرایە نەورۆز گڕ وگیاو گاگرۆو گوڵاڵە سوورەو بەیبوون دەیاندا بەیەکدا، پیشۆك سەلکی دەکردو کنگر زۆر دەبووو کەنیشگەلی ئاوایی بۆ دادەکشاو هەر ئەوەندە بڵێی یەك و دوو چاوکەیان لێ پردەکردو بەدەم تریق و هووڕی پێکەنین و گۆرانییەوە دەیانهێنایەوە.

قارچك و دۆمەڵانیش لەملاو لەولا پەیدادەبوون. منداڵە ووردکەی شوێن کارو بەرخەڵ بە خۆیان و بێڵەکانی دەستیانەوە سەریان بە زەویەوە هەڵدەکەنرا. دۆزە دۆزە خەریکی پیشۆك و کنگر هەڵکەندن و ئەی ماشەڵڵا لەم دۆمەڵانە دەبوون، ساوەکانیان ئامێتە دەبوون و سەریان دەنا دەغڵی خەڵکەوەو، ئەمان هەر لە قریوە قریوەو بەزم و شادی خۆیاندا بوون.. تالەپڕ دەنگێکی دوور لە ئاوایەوە دەهات و ڕایدەچڵەکاندن: هۆ منا.. هۆمنا.. هۆمنا بەچەوازی بگرن، ئەوە چی دەکەن بۆ ئاگاتان لە ساوەکانتان نییە.

ساوە لەم کاتەدا هەراشن و تەواو تێر گیا دەبن وبۆ ماوەیەکی کەم بەردەدرێنە دایك. مەڕومالاتیش دوو تاق دەدۆشرێن، لەبەر ئەوە شوان چێشتەنگاوو عەسرگەلە دەهێنێتەوە بێرگ. دەستەی کیژانی بێرەوانیش بە نیانچەو پاتیلەی دەستیانەوە دەچنە بێرگە و بۆنی سمڵ و مێخەکیان ڕۆژە ڕێیەك دەڕواو پیاو کاس دەکات. لەم کاتەدا کەمێك شیر دەهێڵنەوە بۆ ساوەکان لە گوانی مالاتەکەدا، ئیدی هەمووی دەدۆشن.

پاشان شیرەکە لە ماڵدا دەکرا بە شیرپاڵێوداو[13] لە مەنجەڵی گەورەدا دەنرایە سەر ئاگرو کرلێك دوانی دەداو ئەوجا دادەگیراو لە قوڕ بنی ژوورەکەدا دادەنراو، پێش ئەوەی بە تەواوی سارد ببوایەتەوە لە کاتێکدا هەندێ تینی گەرمیی تێدا دەما هەوێن دەکرا، هەوێن بریتی‌بوو لە هەندێ ماست یان دۆی ڕۆژی پێشوو، ئەوسا بە چاکی دادەپۆشرا تا بەیانی ڕۆژی ئایندە.

بەیانی زوو لە پێش خۆر کەوتندا کەیانو سێیای دەچەسپاندو مەشکەی لێ‌دەخستەدارو دەستی دەکرد بە ژەندنی. کەیانۆ ئاوی ساردی زۆر پێویستە بۆ مەشکەژەندن، لەبەر ئەوە ئەگەر ئاوی کانی‌و کاریز سارد نەبوایە، ئەوا ڕۆژێ لەوەپێش کونەیەکی پر دەکرد لە ئاوو بەسەر کونەڵانەوە دایدەنا، بۆ بەیانی ئاوی پیرە کونە دەبوو بە تەرزە. ئەگەر ئاوەکە سارد نەبوایە بەرەمەشکە کەرەپێکی باش وەهەم نەدەهات.

کەیانۆ هەموو ڕۆژی پاش مەشکە ژەندن کەرێکەی دەخستە کەرێدانێکەوە[14] هەندێ خۆڵی پێوە دەکردو ئەوجا دەیبردە کونەڵانەکەو لە پاڵ کونەیەکدا دایدەنا بۆ فێنکی [ئەمە زۆرتر لەو کاتانەدا بوو کە بەلای هاوینەوە

دەچووین].

ئەوسا کەپیانۆ هەفتەیەك یان دوو هەفتە جارێك لە ڕۆژی هەینی‌دا کەرێ کەرێدانەکەی دەکردە مەنجەلێکەوەو بەسەر ئاگری دەخست، کاتێ کە دەتوابەوە کەف و خەوشی کەرێکە سەر دەکەوت، ئەمیش دایدەگرت و نمێ ئاوی لە کەفەکە دەکرد تا بە تەواوی لە ڕۆنەکە جیا ببێتەوە، ئەمجار بە کەوچکی دارین کەفەکەی دەکردە قاپێکەوەو ڕۆنەکەش بە هێزەوە، ئەو نمە ئاوەش کە دەکرا بە کەفەکەوە بن مەنجەلەکە دەکەوت و بەمە دەوترا سەردۆو بن دۆ:
کەفەکە دەکردەوەو بەمە دەوترا سەردۆو بن دۆ:

کەپیانۆ بە پێی کەم و زۆریی شیرەکەی مەشکەی بچووك و گەورە بەکار دێنێ. مەشکە لە کوردەواریدا بە پێی بەکارهێنان ناو دەنرێ.

● مەشکەو جۆرەکانی: -

(1) ئەو مەشکانەی لە پێستی کارو بەرخی هەراش و گێسك و کاوڕ دروست دەکرێن بە زۆری بچووکن و پێیان دەوترێت مەشکۆڵە. ئەمەش زۆرتر بۆ ئەوە بەکار دەهێنرێ کە دۆی تێدا بیرێ بۆ سەر پەرێزو خەرمان و بۆ ڕەنجبەرو دەشتەوانەکان.

(2) مەشکەی مەڕەوەس و بزنەوەس و گوێرەوەس: - ئەو مەشکانەن، کە لە پێستی مەڕو بزن و گوێرەکە دروست دەکرێن. ئەمانەش بۆ ژەندنی شیری مام ناوەندی بەکاردێن.

(3) مەشکەی بەرانەوەس و گاوەس: لەپێستی بەران و گاو مانگا دروست دەکرێن و بۆ ژەندنی (کێزانی) شیری زۆر بەکاردێن. ئەم مەشکانەش بەتایبەتی گاوەس بە هێزو بازووی دوو ژن نەبێ ناژەنرێ.

● هێزە: -

تەنیا لە پێستی ئاژەڵی سپی دروست دەکرێت وەك [بەرخ و کاوڕو شەك و مەڕو بەران] هێزە بۆ هەڵگرتن و پاراستنی ڕۆنی خۆمالی بەکاردێت و بۆ پارێزگاری هێزەڕۆن لە مشك و سیسرك و مێروو لە کوردەواریدا عەمار یان سنووقێکی قوڕینی کەنوو ئاسایی بۆ دروست دەکەن، ئەمەش پێی دەوترێ هێزەدان.

● کونە: -

[کونەدە] ئەمیش چەشنی مەشکەیە بەڵام تەنیا هەر لە پێستی ئاژەڵی ڕەش دروست دەکرێ وەك کارو گیسك و چتیرو بزن. کونە تەنیا بۆ ئاو تێدا پاراستن و ئاو سارد کردن بەکاردێت و بە هیچ جۆرێك دۆی تێ‌نا کرێت.

● کونەلان: -

دوو دیواری قوڕینی تەریین پێش ئەوەی دیوارەکان تەواو بکرێن لە ناوەڕاستدا [لە پشتێنە بەرەو ژوور] بەبنەکەیان دارەڕایەکی چاك دەکرێ. پاشان بەرز دەکرێتەوەو ئەوجا سێ‌و چوار کۆڵەکەداری دەخرێتە سەرو بەلەگە و پڵ و پرۆشێکی تەواوی پێدا دەدرێ بۆ ئەوەی سێبەرێکی خەست دروست بکات و دووسێ بەردی زلیشی دەخرێتە سەر ئاوەکو ڕەشەبا نەیبات.

ئاوەڕاستەکەشی سوڕناتکی[15] دەخرێتە سەر ئێدی لەوەودوا کونەی پر لە ئاوو مەشکەی پر لە دۆی دەخرێتەسەرو پاشان بە چیخێك دادەپۆشرێ. کونەلان دەبێ هەمیشە ڕووی لە شەماڵ بێ بۆ فێنکی.

● چۆنێتی دروست کردنی کونەو مەشکەو هێزە لە کوردەواریدا: -

1 - کونە: - یەکەمجار پێستەکە بەم جۆرە خۆشە دەکرێ: تووکەکەی دەرێنێتەوەو خوێی پێوە دەکەیت و شەوو ڕۆژێك دایدەنێی. پاشان خوێو ئاردی جۆی پێوە دەکەیت و سێ ڕۆژ لێ‌دەگەڕێی. ئەوجا دەری دەکەی‌و تیلایەکی بۆ دادەکوتی‌و پێستەکەی دەدەی بە سەرداو پاك پاك بە چەقۆ

دایـدەتـاشی. ئەمجـارەش هەمـان کاری ئاردو خوێ پێـوە کردن و دوای سێ ڕۆژ داتـاشین دووبـارە دەکـرێتـەوە. بۆ سەری سێیەم جار هەندێ دۆی بۆ گەرم دەکەیت و دایدەنێی تا بن دەنێتـەوە ئەوسـا خەستی بنـەکـەی لەگەڵ ئاردی جۆو خوێـدا تێکـەڵ دەکـەی و پێستەکەی بە چاکی تێدا ئەم دیوو ئەودیو دەکەی و دەیخەیتە گونیەیەك و تا سێ ڕۆژ دەیکەی بە داردا.

لە پاش ئەو ماوەیە بە چەقۆ دایدەتاشێتەوە. هەمان کار جارێکی دیکەش دووبارە دەکرێتەوە. دوای ئەمانە هەمووی دێیت جەوتی کوتراوی بۆ دەکوڵێنی و دەیکەیتەناو پێستەکەوە. ئەم کاری خۆشە کردنی پێستـەیە پێی دەوترێ خۆردەدان: پاش جەوت تێکـردن پێستـەکـە دەنێتـە نێـو خوڵـەمێش (خـوڵـەکـەوە) و ئاوەشێ لێ و گەلای تەرووی تەڕیشی لە سەرو ژێـردا ڕادەخـەی و، وازی لێدێنی بۆ ماوەی شەش هەفتـە. بەڵام بە مەرجێ دەبێ هەردوو هەفتـەکە جارێ جەوتـەکەی بگـۆڕیت و جەوتـاری نوێی تێبکـەی و، لەو ماوەیەشدا هەر دوو سێ ڕۆژ جارێ پێستەکە ئەم دیوو ئەودیو دەکـرێ و ئاوی تێـدەکـرێ و پتـر خوڵەمێشی پێوە دەکرێ. لە پاش شەش هەفتەکە کونەکە دەردێنی و ئەو جەوتەی کە سێ جار تێت کردبـوو ووشـك دەکـەیتـەوە و ئەوجـا بە چاکی دەیسـوونێنی پاشـان خوڵـەمێشی جەوتـە سووتـاوەکە لەگەڵ هەنـدێ ئاردا دەکـەیتـە کونـەکـەوە و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لێی دەگەڕێی، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە لە ناوەوە کونەکە زەردکاو نەداتـەوە لەوەوپـاش، شەش هەفتـە هێشتنـەوەش لە نێـو خوڵـەمێشدا بۆ ئەوەیـە کە ڕووکـاری دەرەوەی کونەکە ڕەش ببێت و هەروەهـا ئەستـووڕیشی دەکـا. پاش ئەم هەمـوو سەرنێشـەیـە پاك و پوختـە دەشـوردرێت و پڕ دەکرێ لە ئاور دەنرێتەسەر کونەلانەوە!

2 ـ مەشکـە: ـ بە هەمـان جۆری کونـە پێستـەکـە خۆشـە دەکرێ. بەڵام ئەمیان وەکو کونە ناخرێتە نێو خوڵە مێشەوە، بەڵکو دوای خۆشە کردن یان خۆردەدان جەوتی کوتراوی لە مەنجەڵێکدا بۆ دەکوڵێنی و بە چاکی پێستەکەی تێدا ئەم دیوو ئەودیو دەکەی و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لێی دەگەڕێی.

پاشان دەری دەهێنی و بە چەقۆ دایدەتاشی و ئەمجارەش بۆ سێ ڕۆژی دیکە دەخرێتەوە نێو جەوتاو بەڵام ئەمجارەیان کە دەری دەهێنی دایـاتـاشی بەڵکـو بە تاڵ و جەوتـەکـەوە هەڵیدەخەی تا کزر دەبێتەوە، ئەوجا پڕ دەکرێ لە جۆ [یان خۆڵ] وهـەمـوو هەنـگـڵ و نۆژ بـنـەکـانی جوان جوان دەئاخنرێتەوو دوو سێ ڕۆژ لەم بارەدا لێی دەگەڕێی. پاش ئەوەی کە ووشـك دەبێتـەوە جۆکـەی لێ بەتـاڵ دەکرێ و بە ڕاسـەری ئاگـردانـدا هەڵدەواسرێ بۆ ماوەی یەك دوو مانگ تاوەکو دووکەڵی پێدا بچێ.

بەڵام بۆ مەشکـەی گاوەس، بۆ ئەوەی مەشکـەیـکی نەرمی لێ دەرچێ لە دوای خۆردەدان هەندێ زاخ لە گەڵ تۆپکڵەنارو جەوتی کوتراودا تێکەڵ دەکرێ و پاش کوڵاندنیان پێستەکەی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ تێدەنرێ دوای ئەوە بۆ ماوەی سێ ڕۆژی دیکـە دووبـارە تۆپکڵە هەنـاری کوتـراوی [نـەکـوڵاو]ی پێـوە دەکەی. ئەوجا ئیدی جۆی تێ دەکەی و لەوەو پاشیش دەدرێتە دووکەڵ، واتە (دووکەڵ دەدرێ).

3 ـ هێـزە: ـ بۆ خۆشـەکـردنی هێزە هەرچی خوری یان بەرگێ هەیـە لە پێستـەکـە دەرنـرێتـەوەو لە ڕووی ناوەوە بە داتـاشـینێکی جاك هەرچی پاشـماوەی گۆشت هەیـە بە پێستـەکـەوە نامێنێ، ئەمجـارە دەستێ ئاردو خوێی پێوە دەکـەی و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ وازی لێ دێنـی. دوای ئەوە دایدەتاشی و دیسان دەستێکی دیکە ئاردو خوێ [ئاردی جۆ] لەگـەڵ دوو جامـۆڵکـە شیری مەڕدا تێکـەڵ دەکـەیت و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ پێستەکەی دەخەیتە ناو، پاش ئەوە دەری دەهێنی و دایـدەتـاشیتـەوە، بۆ جاری سێیـەم هەنـدێ جۆ [نـزیکـەی هۆقـەپێك] دەکـەیتـە برێشکـە بە شێـوەیکی واکـە هەنـدێکیشی لێ بـسـووتێ. پاشـان برێشکـە کە بە دەستار دەهاڕی وبەو ئاردە دەوترێ قاوت. دێیت قاوتەکە تێکەڵ بە ماستی مەڕ دەکـەی و لە دەفـرێکـدا پێستەکەی دەنێیتە ناو بۆ ماوەی سێ ڕۆژ. دوای ئەم کارانە دێیت هێزە کۆنێکی بێ

کەڵك بۆ ماوەی دوو ڕۆژ دەخەیتە نێو مەنجەڵێك ئاوەوە تا بە جوانی نەرم و خاو دەبێتەوەو ئەوسا هەڵیدەفلیقێنی تا بە ئەواوی دۆشاوەکەی دەداتەوە، ئەمجار ئەو دۆشاوە لە مەنجەڵدا دەکوڵێنی تا خەست دەبێتەوەو ئینجا دەیکەیتە پێشەی هیزەکەوە بۆ ماوەی دوو سێ ڕۆژ هەموو ڕۆژێ فووی تێدەکەی‌و دەمی دەبەستی‌و دەیکەی بە داردا تا بە جوانی دۆشاوەکە هەڵدەمژێ. ئەم دۆشاوە کۆنە بۆ ئەوەیە کە ڕەنگی هیزەکە ڕەش بێت و ئەگەر وانەبێ هیزەکە سووربا‌و دەردەچێ کە لە کوردەواریدا ڕەنگێکی مەقبوڵ نییە بۆ هیزە. پاش ئەم کارانە هەندێ تووبان خورمای بۆ دەکوڵێنی‌و دۆشاوەکەی دەگری‌و دەیکەیتە هیزەکەوەو فووی تێدەکەیت و دەیدەیتە هەوا تا بە ئەواوی هەڵیدەمژێ. لەوەودوا ئیتر هیزەکە ئامادە دەبێ بۆ ڕۆن تێکردن.

● ئەو ئامرازانەی بۆ مەشکە ژەندن بەکاردەهاتن: -

بێجگە لە مەشکە خۆی هەندێ کەرەسەو تفاقی تەواوکەری دیکەش هەن بۆ ئەوەی کاری مەشکە ژەندن ئاسان بکەن، ئەمانەش:

1 - سێپا: - سێ کوڵەکە داری چاك و ئەستوورە [بە زۆری دار بەڕووە] درێژی هەر دارێك دوو مەتر زیاترە، هەر یەکەیان لای‌سەرەوە کونێکی تێدەکرێ‌و ئەوجا پەتێکی ئەستووریان تێهەڵدەکێشرێ‌و هەر سێ کوڵەکەکەی بە چاکی پێ شەتەك دەدەن بە یەکدا. لە سەر ئەوەشەوە گوریسێکی شەش بآڵی دوو قەد دەکرێتەوەو بە چەند ئەڵقەیەك ئەو جەمسەرەی پێ دەبەستێتەوەو هەردوولای گوریسەکەش لەم سەرو ئەوسەرەوە بە جووتە شۆڕ دەبنەوە بۆ ڕاگیرکردنی مەشکەکە.

2 - دەسەخورد (لوڵەپ): - دوو داری ئەستووری بەڕوون بەزۆری، وەستا [دارتاش] بە جوانی تاشیونی‌و لە هەر یەکەیان لە ناوەڕاستیدا کونێکی لاکێشەیی کردووە بۆ ئەوەی سەری ناوێرکەکەی پێدابچێت. ئەم سەرو ئەو سەریشیان خرە بۆ ئەوەی دەست بە چاکی بیگرێ لە کاتی مەشکەژەندندا. درێژی دەسەخورد نزیکەی دوو بستەو بە کشتەکێکی ئەستوور هەر چوار هەنگڵی مەشکەکە بە سەری دەسەخوردەکانەوە شەتەك دەدرێن.

3 - ناوێرك: - داربکی بەڕووە، کەمێك لە مەچەکی دەست باریکترە درێژییەکەی بە ئەندازەی درێژیی مەشکەکەیە، هەردوو سەری بە پانی داتاشراون بۆ ئەوەی بچنە کونی دەسەخوردەکانەوە، بە شێوەیەك کە بە قەد درێژیی پەنجەیەك لە کونەکانەوە زیادەی لێ دەرچێتە دەرەوە تاوەکو گوریسەکەیان بە شێوەی [ئەڵقە] پێوە ببەسترێت. ناوێرك لە سەرباری درێژیی مەشکەکە لە کونی دەسەخوردەکان گیردەکرێ.

● خزمەت کردنی مەشکەو مەڵان لە کوردەواریدا: -

لە کوردەواریدا ژنێك زۆر دەست ڕەنگین و بە سەلیقە نەبوایە نەیدەتوانی ئەرکی پێستە خۆشەکردن و مەشکەو مەڵان بەڕێوە ببات.

ژنانی کەم تەرخەم و تەمەڵ و تەوەزەل هەردەم پێستەو مەشکەیان بوگەن دەبوو پیسترین سەرکۆنە بۆ ژنێك ئەوەبوو تانووتی دوگەنیو یان دۆ ترشاوی لێ بدرایە، لەبەر ئەوە دایکان کێژی خۆیان لە سەر پاك و خاوێن ڕاگرتنی کونەو مەشکە ڕادەهێنا، تا لە مآڵ و مێرددا نەبنە مایەی گاڵتە پێکردن و لێو لێهە ڵقورچاندن.

مەشکە دەبێ هەر سێ‌و چوار ڕۆژ جارێ پاك بە ئاو بشۆردرێ‌و مانگی جارێکیش لە پاش شوشتن تاڵ و خوێ بکرێتە دەرو ناوبەوە. تاڵ بریتیە لە جەوت و توێکڵەناری هاراوە. پاش تاڵ و خوێ کردن دەدرێتە بەر هەتاوو ئەوجا هەر بە تاڵەکەوە هەڵدەگیرێ تا پێویستییان پێ دەبێتەوە. شایانی باسە مآڵ دەبێ چەند مەشکەو مەشکۆڵەیەکی بێ تاوەکو بە نۆرە تاڵ و خوێ بکرێن و ئەوانی دیکە بخرێنە جێگەیان.

کونەش دەبێ ساڵی جارێك جەوتی کوتراوی بۆ

هەوالنامەی کێژان

بکولێنرێ و تێ بکرێ و بۆ ماوەی دوو هەفتە لە نێو خوڵەمێشدا دانرێ، پاش ئەوە پاك دەشۆردرێ و دووبارە ئاوی تێدەکرێتەوە.

بۆ هێزەش دەبێ سالی جارێك بۆ ماوەی سێ چوار ڕۆژ دۆشاوی تورە، یان خورمای تێکرێ و فوو بدرێ و لە دوای دەم بەستنی بکرێ بە داردا [هەڵواسرێ]، پاش ئەوە ئیدی ڕۆنی نوێی تێدەکرێ، چونکە ئەگەر وای لێ نەکرێ ئەوە ڕۆنەکەی لێدەچێ.

● وەرزی هاوین و مەڕو بزن بڕینەوە: -

خوری و بەرگن و مووبەشێکی هەرە گرنگی داهاتی ئاژەڵداریین. سەرەتای هاوین دەست دەکرێ بە مەڕ بڕینەوە و پاشان بەرخ و بزنیش بڕینگە دەکرێن. لە کوردەواریدا ئاژەڵ بە ئامێرێك دەبڕێتەوە پێی دەوترێ هەورێنگە یان چاری کە شێوەی لە مەقەست دەچێ بەڵام ئەم دەمی تیژترو درێژترە. خاوەن مەڕومااڵت لە خوریبەکەی بەشی بەڕەو جاجم و قاڵی و بەنی پەرگە کاڵاش و لە بەرگنەکەی [تووکی بەرخ] بەشی لەبادو فەرەنجی و کەچەو کوڵە باڵ و مووی بزنەکانی بەشی هۆڕو هەگبەو گوریس و کەژاوو و ڕەشکە جیادەکانەوە و ئەوانی دیکە دەفرۆشێ. بێگومان خاوەن مەروماڵات ئەم شتانەی کە باسم کردن هەموو ساڵێ بە سەر یەکەوە نایانکات بەڵکو هەر ساڵەی هەندێك لەوانە دەدا بە کرد بە پێی پێداویستی ماڵ. خاوەن ئاژەڵ بە بۆنەی بڕینگەشەوە کارێ یان بەرخێك سەر دەبڕێ.

● ڕەشەوواڵخ بەخێوکردن لە گەرمیاندا: -

لە زۆر شوێنی ناوچەی گەرمیاندا شان بەشانی مەروماڵات [مەڕو بزن] گاوگوتاڵیش [مانگا] بەخێو دەکرێ، بەڵام بە قەد مەڕو بزن بایەخی پێ نادرێ. لە گوندێکدا ماڵی ئەو پەڕی هەر شەش حەوت سەر وواڵخی دەبوو، بێگومان دەوڵەمەندیوا بوو لەوە زیاتری هەبوو و خەڵکی هەژاری واش هەبوو هەر هیچی نەبوو. کاتی خۆی بۆ گاگەل لەوەڕاندن گاوان دەگیرا، بەڵام ئەم وەکو شوان نەبوو بە شەرتی شەش مانگە بچێتە لا بەڵکو بە مانگانە بوو و کرێی بە پێی سەر وەردەگرت.

ئێستاش ئەگەر دێیەك گاگەلی تێدا مابێ ئەوە بەدەگمەن گاوانی دەست دەکەوێت، [هەروەها شوانیش]. ناچار دەبێ هەر ماڵەو بە پێی سەری وواڵخەکان بچێتە لای گاگەلەکە یان کرێکارێکی بۆ بگرێ بۆ ئەو ڕۆژانەی کە نۆرەی دەکەوێ، بەمەش دەوترێ نۆرەگا.

ب - نەریتی کشتوکاڵ کردن لە گەرمیاندا: -

زۆربەی دەشت و سارایینەکانی ناوچەی گەرمیان دێمەکێڵن و کەم شوێنی ئاودێری دەکرێ [ئاوی کاڵە]، هەندێ شوێنی گوێچەم و کانی و ئاوی لێدەرچێ. لەبەر ئەوە زیاتر بایەخ بە چاندنی گەنم و جۆ دراوە بە شێوەیەکی فراوان. ساڵی بارانەساڵ کە بەری کەوتبێ چاکی هێناوەو فرە جارێش کە بێ بارانی دەبوو قات و قڕی دنیای دەنەندەوە زۆر کەس دەسکورت و کەم دەرامەت دەبوون.

ئەم ناوچەیەش وەکو شوێن و مەڵبەندەکانی دیکەی کوردستان سەردەمێك زۆری کوێرەوەری و چەرمەسەری چەشت بە دەستی دەرەبەگەکانەوە. ئەو دەمە کەس خاوەنی زەوی نەبوو ئاغا نەبێ، ئەوەی بەرەجووتێکی هێستر یان گا یان گوێدرێژی بکێڵایەو پاش ڕەنج و تەقەلایەکی بێپایان کە خەڵەوخەرمانی بەرهەم بهێنایە دەبوو بەشێکی باشی ڕەوانەی عەماری ئەوان بکردایە، ئەو حەلەی کە جێز سوور دەکرا خاوەنی نەدەبوو بیباتە ماڵەوە تا جەنابی سەرکار [شەعنە] نەهاتایەو خەملی نەکردایەو، جاری وا بوو حەو قورئانی خاوەنەکەشی دەدا ئاوەکو دڵنیابێ کە بە «دزییەوە» لێی لانەداوە، ئەوجا بەشە مولکانە [تاپۆی ئاغای پێ جیا

دەکردەوەو بە کەر هۆڕی خۆیشی دەبوایە بیبردایە بۆ عەماری میر، ئەمە سەرباری نیو وەزنە[16] گەنم و نیویش جۆ بۆ خۆی و ئەوجا میواندارییەکی ڕەزا گرانیشی دەخستە ئەستۆ و خاوەن مالّ دەبوایە ئەگەر قەرزیشی بکردایە مریشک و قەلەمووني بۆ لێنایە بێجگە لەوەش کە تووڕەکە زلەی ئەسپەکەی دەبوو لێواولێو پر بکرایە لە جۆ. لەولاشەوە جوگەو کانیاوەکانی شوێنە ئاوێکاڵەکان بە شەرتی وەهەقم لە نالّدارو بالّدار لا نییە»[17] دەدران بە ئیجارەو ئەگەر گوێلێك چەڵتووك یان دەنکە تەماتەیەکیشیان لێ وەبەرهەم نەهاتایە ئەوان هەر پارەی خۆیان وەردەگرت. بە کورتی ئەم باسە زۆری تان و پۆ هەیەو مەبەستی ئێمەش لێرەدا تەنیا باس کردنی داب و نەریتی کۆنی زەوی کێلان و داس و درەوە بە دەستووری ڕابوردوو. زۆربەی ئەوکارانەو ئەو ئامێرانەی ئەوسا بەکاردەهێنران ئێستا لە کەڵك کەوتوون و چوونەتە خانەی فۆلکلۆرەوە.

● جووتیارو کاری تۆوکردن و وەرد بڕین: -

مانای جووتیار لێرەدا ئەو کەسەیە کە بە کرێ لە لای فەلاحی زەوی بە دەست ئێشی دەکرد. سالانی ڕابوردوو فەلاح و بەتایبەتی ئەوانەیان کە حاڵیان باش بوو و تارادەیەك دەوڵەمەند بوون بۆ جووت و تۆوکردن جووتیاریان دەگرت. ئەو دەمە باری گرانی هەژاریو نەدارایی بەردەوام بە کۆڵی خەڵکێکی فرەو فرەوانەوە بوو، بۆیە هەمیشە شوان و گاوان و جووتیارو وەرزێر وەك گەلای دار زۆر بوون.

شەرتی جووتیاریش وەکو شوان شەش مانگە بوو. لە ناوەڕاستی پایزدا جووتیار دەگیراو کرێکەی بە پێی جووتی فەلاحەکە دیاری دەکرا، ئەگەر هێستر بوایە ئەوە دەوری پانزە دینار بوو وگوێدرێژ و گاش دە دینار بوو، ئەمە لە سالانی چلەکاندا، بەڵام لەمەودوا لە پەنجاکان ولە هەندێشوێندا تا بەشێکی شەستەکانیش ئەم کرێیە بەرز بووەوو بوو بە 30 ـ 40 دینار بۆ جووتی هێسترو 20 ـ 30 دینار بۆ جووتی گاو گوێدرێژ. لەمەو پاشیش تراکتۆر هاتە ناوەوو ئەو داب و دەستوورەی پێچایەوە.

خاوەن مالّ کە جووتیاری ڕادەگرت سەرەڕای کرێکەی دەرپێیەکی شۆڕو کراسێکی خام و جامانەیێك و جووتێ کڵاشی بۆ دەکڕی. شایانی ووتنە، کە کڵاش تا کۆتایی شەرت هەر لە سەر خاوەن مالّ بوو. ئەگەر جووتیارەکە سەڵت بوایە ئەوە هەر لەوێ دەبوو، ئەگەریش خاوەن ژن و مالّ بوایە ئەوە لە مالّی خۆی دەمایەوەو بە پێی شەرت شەش تەنەکە [وەزنەیە] گەنم و دوو هۆقە ڕۆن و دووهۆقە چاو شەش کەللە شەکری دەدایە.

ئەگەر خاوەن مالّەکە دەوڵەمەندو بەرچاو تێر بوایە ئەوە زیاتریشی دەدایەو دەستگرۆیی دیکەشی دەکرد. هەروەها بە پێی شەرتەکەش نیو وەزنە گەنم و نیو وەزنە جۆی دەدایە هەر لە زەوی خۆیدا بیکاتە شکارتە.

ئیدی جووتیار دەستی دەدایە تۆوکردن و زەوی کێلان تا دەمەوزستان، بەم جۆرەی خوارەوە:

1 ـ تۆو دان و کێلانی وەرد لە پێش بارانی پەڵەدا پێی دەوترێ داچاندنی ووشکە وەرد وبە دەغڵ یان خەڵەکەشی دەوترێ خەڵەی ووشکە وەرد.

2 ـ تۆو دان و کێلانی وەرد لە پاش بارانی پەڵە پێی دەوترێ داچاندنی مێوەردو بە خەڵەکەیشی دەوترێ خەڵەی مێوەرد.

3 ـ ئەگەر بارانی پەڵە باریو فەلاح بیەوێ هەندێ پەرێزو جاڕی خۆی تۆودا، ئەو کاتە جووتیارەکەی هێشێك لە زەویەکە دەدا، واتە جارێك دەیکێڵێ ئەوسا بۆ ماوەیەك لێی دەوەستێ تا بارانی دیکە دەباریو دووبارە گژ و گیای تێدادەڕوێتەوە. بەم هێشە [کێلانە] دەوترێ خەرتە. پاشان تۆوی دەداو دەیکێڵێتەوەو بەمەش دەوترێ خەرتەو تۆو. وەدەغڵەکەشی دەغڵی خەرتەو تۆوی پێ دەڵێن.

4 ـ جاری وا دەبێ فەلاح ئارەزوو دەکا کە لە زستاندا وسەرەتای چلەدا زەویەکی جاڕ یان بەیار [بۆرە][18] خەرتەو

تۆو بکات بەمەش دەوترێ تەرەکاڵ یان دواکاڵ. فەلاح خۆیشی زۆر دڵی بە ئاکامی بەرو بوومی ئەم دەغڵە خۆش نییەو بۆ ئەم کارەشی پشت بە پەندێکی باو دەبەستێ کە دەڵێ «بوو بوو نەبوو کەرەپوو». هەروەها لەسەر ئەم دوا کاڵییەش پەندێك هەیە دەڵێ: «چلە چ لە هۆڕ چ لە گۆڕ» واتە تۆوکردن لە چلەی زستاندا وەکو ئەوە وایە هەر لە هۆڕدا مابێتەوە و زیادی نەکردبێ یان بەبێ هوردە بیکەی بە گڵەوو ئاکامی نەبێت.

5 ـ ئەگەر سااڵێك پەڵەگەنم یا جۆییك باشی نەهێنێ و بەکەڵکی درەوو دەسکەنە نەیەت ئەوە چانێك دەبەستە شوێن جوونێ هێستریان کەرەوو دەچن بە سەریدا بۆ ئەوەی گوڵە جۆ یان گەنمەکە بەرێتەسەر زەوییەکەو ئیدی بەبێ کێڵان وازی لێدێنن، بۆ ساڵی داهاتوو سەوز دەبێت و خاوەنی دەپارێزێ جاریوا هەیە کە بارانە سااڵ بێت زۆر چاك دەردەچێت، بەمەش دەوترێ کات.

جووتیار لەدوای ئەوەی کە تۆوکردن تەواو دەکات دەست دەکا بە وەرد بڕین ئەمەش بۆ جووتیارێك، کە زەوی و زاری زۆری بەدەستەوە بێت ماوەیەکی زۆر دەخایەنێ و ڕەنگە هەموو ماوەی زستان پێوەی خەریك بێ. بەهاریش جووتیار دەست دەکات بە وەرد دانەوە. وەرد بڕین بڕیتییە لەوەی کە زەوی بەیار یان شوێن پەرێزی پار لە زستاندا هێشێ یان گاسنێکی لێدرێ، وەرددانەوەش ئەوەیە کە لە بەهاردا گاسنی دووەمی لێدرێ. زۆر جار وا هەڵدەکەوت کە جووتیار پێش ئەوەی وەرددانەوە تەواو بکات شەرتی دەپەڕی، واتە موڵەتی شەش مانگەکەی تەواو دەبوو و یەکسەر وازی لە جووت کردن دەهێنا، ئەوساکە خاوەن ماڵ ناچار دەبوو کرێی دیکە بدا بە جووتیارەکە خۆی یان هەر کەسێکی تر بۆ ئەوەی وەرددانەوەکەی تەواو کات. شەرتی جووتیار لە تاردا دەپەڕی واتە دوو ڕۆژ دوای نەوڕۆز.

جووتیار لە ماوەی شەرتەکەیدا هەر ڕۆژێك قوڕو باران بوایەو نەچوایە بۆ جووت کردن ئەوە زۆر ئێش و کاری ماڵی خانەخوێی ڕادەپەڕاند وەکو دارو چیلکە هێنان و کاو جۆ داکردن بۆ مەڕو ماڵات و باراش هارین و شتی دیکەی لەم بابەتە.

● کەرەسەو تفاقی جووت کردن: ـ

1 ـ ئیلە: ـ بریتییە لە دوو بازنەی چەرم، کە پووشیان تێ ئا خنراوە، ئەمانە لە هەردوو سەری دارێکی ئەستوورەوە بە چاکی چەسپ دەکرێن و پێوەی دەبەسترێنەوە، دەمی لای خوارەوەیان کراوەیە. کاتێ کە دەخرێتە ملی جوونە هێستر یان گوێ درێژ ئەوسا هەردوو سەری بازنەکە توند پێکەوە دەبەسترێنەوە. ئەڵقەیێك [بازنەیێك]ی دار بەڕووی چەماوەش بە داری نیلەکەوە بەستراوەو بە نێوان دوو بازنە چەرمەکەدا شۆڕبوەتەوە بۆ ئەوەی سەری مژانەکەی پێوە گرێ بدرێ. بەم ئەڵقەیەش دەڵێن «گاینجە».

2 ـ مژان: ـ دارێکی ئەستووری نێوان نیلەو هەوجارەکەیە، لە سەری نیلەکەوە کونێکی تێدایە کە بە دارێك لە گاینجەکەی دەچەسپێنن.

لە سەری هەوجارەکەشەوە دوو کونی تێدایە لەگەڵ هەوجارەکەدا لێك دەدرێ بە دوو تەختەداری پانەڵە کە پێیان دەڵێن هەڵە.

3 ـ هەوجار: ـ بریتییە لە کۆڵەکە دارێکی ئەستوور [بە زۆری بەڕووە] سەرێکی بە مژانەکەوە دەبەسترێ، لای خوارەوەش زمانەیەکی دارینی پێوەیە بۆ ئەوەی گاسنەکەی تێ هەڵ بکێشرێت.

4 ـ گاسن: ـ ئامرازێکی ئاسنی نووك تیژە لە پشتەوە بە شێوەییکی لوولەك ئاسایی چەماوەتەوە کە بە قەبارەی زمانە دارینەکە دەبێ و بە تونەی لێی چەسپ دەکرێ و زەوییەکە ئەم ئاسنە دەیکێڵێ.

5 ـ دەستەدوو: ـ دارێکە درێژییەکەی مەتر ونیوێك دەبێ لە دواوەو شێوەبێکی ستوونی لە کونێکی سەر هەوجارەکە دەچەسپێ لە سەرێشەوە دەسگرێکی دارینی پێوەیە. جووتیار بە هۆی دەستەدووەوە دەست لە گاسنەکە دادەگرێ و نایەڵێ هێڵی جوونەکە خوارو خێچ بێ.

هەوالنامەی کێڵگە

● وەرزێری و داس و دروو: -

ئاخرو ئۆخری بەهار جۆ زەرد دەبێ و وەختی دروکردنی دێت و خاوەنی دەکەوێتە مشوور خواردنی زوو دووریەوەی، ئەو دەمە ئەگەر گەنم و باراشی لێ بپرایەتەوە ئەوە خێرا بەشی باراشیکیان جۆ دەدووریەوەو هەرزوو دەکوتراو دەبرایە ئاش، بەمە دەوترا بەرکوت. [لە کاتی گەنم پێ گەیشتنیشدا هەمان کار دەکرا ئەگەر گەنم سائی رابوردوو تەواو بیوایە]. لەم کاتانەدا خاوەن خەڵە دەپوو شارو داسەکانی لای ئاسنگەر دەمەزەرد[19] دەکردو ئەگەر پێویستی بپرایە داسی دیکەی دەکڕی. ئەوجا ئەگەر خۆی کەسی وای نەبوایە خەڵەو خەرمانی ئەو ساڵەی بۆ بهێنایەتەناو ئەوا دەبوو وەرزێر [سەپان] بگرێ. ئەگەر ساڵەکەی نەهات بووایەو خەڵەو دان زۆر بوشتی نەبوایە ئەوا وەرزێر بە پێ سەرداس[20] وەرگرتن دەگیرا. بەڵام ئەگەر ساڵەکەی هات بوایەو چاوەڕێی خێرو بەرەکەتی باش بکرایە لە دەغڵ و دان ئەوا وەرزێر پەڵپی سەرداسی دەگرت کە وەختی خۆی دەوری پێنج دینار بووە پاشان بووە بە 10- 15 دینار لە مەردوا، ئەم پارەیە پێشەکی دەدرایە وەرزێر. وەرزێر ئەگەر سەرداسی نەسەندایە ئەوە کراس و دەرپێیەکی خام و جوونێ کڵاشی بۆ دەکڕدرا بەڵام ئەگەر بیسەندایە ئەوە خاوەن خەڵە [دەغڵ] هەقی ئەمانەی نەبوو. لە هەردوو حاڵەتدا ئەگەر وەرزێر لە ماڵی خۆی بوایە ئەوا خاوەن خەڵە لە بری نانانە وەزنەیە گەنم و پووشێ خۆرماو ڕۆن و شەکرو چای بە پێی پێویستی سەردەم بۆ دەنارد ماڵەوە.

فرە جار ئەو کەسانەی کە بنەتوویان زۆر بوو، بەتایبەتی ئەگەر لە تەغارێ [20 وەزنە] زیاتر بوایە ئەوا بە وەرزێرێك نەدەهاتە ناو، ناچار دەبوون دوو یان سێ وەرزێریش بگرن.

بۆ دروێنەی جۆ دەبوایە خاوەن ماڵ خۆی مەڵۆنێری بنارداید یان بۆی بگرتایە بە کرێ. زۆر جاریش خێزانی وەرزێرەکە خۆی مەڵۆکەی دەنایەوە، کرێیش لەم حاڵەتەدا بە قەد بڕی بنەتوێی دەغڵەکە دەبوو، واتە ئەگەر جێی وەزنەیێك جۆ بوایە ئەوا وەزنەیە جۆ دەدرا بە مەڵۆنێرەکە لە بڕی کرێ. مەڵۆ نانەوەی جۆ بڕیش بوو لە کۆکردنەوەی مەڵۆکانی جۆ دوورواوەکە لە چەند شوێنێکی پەرێزەکەدا بە شێوەیێك کە گوڵەجۆکە دەمەوخوار دادەنراو لاسکەکەشی دەکەوتە سەرەوە بەمەش دەوترا شارا.

ئەوەی، کە دەبوو وەرزێر بە تەواوی خۆی بۆ سازدایەو تفاقی بۆ بخستایە دروێنەی گەنم بوو چونکە یەکەم لە جۆ زۆرتری دەبرد دووەمیش دەکەوتە قرچەر گەرماکەی چلەی هاوینەوە. فەلاحی گەرمیان زیاتر پشتیان بە چاندنی گەنم دەبەست و زۆر جار هەر بەشی مەڕو ماڵاتی خۆیان جۆیان دەوەشاند، بێجگە لەوەی کە سەردەمی زوو هەمیشە جۆ لە تۆڵەکە هەرزانتر بوو. تفاقی پێویستی وەرزێر بۆ دروی گەنم بریتیبوو لە داس و هەسان و[21] چەوری و قەپاخ[22]

بۆ پەنجەکانی دەستی چەپی و کتریبەك بۆ چا لێنان و قەرەنجیبەك بۆ ئەوەی لە بەری بکات تاوەکو گرەو گەرما کاری تێ نەکات و تەپڵەیێکی لە بەرگن دروست کراوی شەپقە ئاسایی بۆ ئەوەی لە سەری بکات و سێبەر بۆ دەم وچاوی بکات. هەروەها دەبوایە کونەپێکی چاك و مەشکۆڵەپێکیشی بۆ تەرخان بکرایە تاوەکو ئاوو دۆی، پێ ببردایە بۆ سەر پەرێز.

جاران ڕێو ڕەسم وا بوو کە وەرزێر پێش ئەوەی بچوایەتە دروی گەنم ڕۆژێکی چوار شەممە لای عەسرەوە داسەکەی هەڵدەگرت و دەچوو بۆ سەر گەنمەکەو دووسێ باوەشی دەدووریەوەو پاشان دەگەڕایەوە، بەم کارەش دەوترا سونەت. بۆ ڕۆژی ئایندە ئیدی بە تەواوی دەچوو دروو شانی دەدایەبەر. وەرزێر پاش ئەوەی کە بەیانی نان و دۆو شەکرو چای لە ماڵەوە دەبرد ئیدی نیوەڕۆ نەدەگەڕایەوەو هەر لەسەر پەرێز نان و چای دەخوارد. لە دوای تەواوکردنی بەری دوان وەرزێر دەچوو تاوێکی کورت لێی دەحەوایەوە، بۆ ئەم مەبەستەش یەك دوو گونیەی دەدایەدەم یەك و بە

دووسێ دار ڕاگیری دەکرد تاوەکو سێبەری بۆ بکات، ئەمە پێی دەوترا چاتۆڵ. بەگشتی وەرزێر لە چێشتەنگاودا تاوێك بۆی دەحەسایەوو نان و دۆیەکی دەخواردو ئەگەر داسەکەی کول بیوایە دەیدایەبەر هەسان پاش ئەوەی کە هەندێ چەوری پێدەداو وای تێژدەکرد موو بکات. ئەوجا هەڵدەسایە سەرئیش و تا نوێژی نیوەڕۆ درەوێ دەکرد. نیوەڕۆ ئیدی داسەکەی دادەناو بۆ ماوەی نزیکەی سەعات و نیوێ پشووی دەداو نانی نیوەڕۆی دەخوارد، کە ئەویش هەر نان و دۆ بوو بەڵام جارجار کەیانۆی ماڵ هەندێ کەرێشی لەگەڵ نانەکەدا بۆ دەپێچایەوە، پاشان کتریە ڕەشی دەخستە سەر ئاگر و هەشت نۆ چای دێشلەمەی خەستی لێدەخواردەوەو ئەگەر پێوستی بکردایە دیسانەوە داسەکەی تێژ دەکردەوەو پاش ماندوێتی ڕەوینەوەی هەڵدەستایەوە سەرکار. تاقی ئێوارانیش دوو جار پشووی دەدا.

هەر کاتێ کە دوو سێ وەرزێر پێکەوە بوونایە ئەوا بەری پان پانیان دەدا وەبەرخۆو ئەوەیان لە لای قایمەکەوە[23] بڕایە بۆی بردەدان و لێیان دەبوو بە بۆربۆرێن و کامیان بینی درێژترو بە توانات‌ترە لە پشت بەرز نەکردنەوەداو، بە بەر قایمەدا دەهاتن و دەچوون و هۆرەو گۆرانییان دەچڕی و وەستایانە سوالەی زل زلیان دەهۆنیەوە.

ئەو وەرزێرەی لە لای قایمەوە دەبوو بە پێلێنانی هاوەڵەکانی لەوان کارامەو زیرەکتر بوو و پێیان دەوت پاڵە. جاری وا دەبوو بەتایبەتی لە گەلە درەودا کە بۆ کوێخا، یان مەلای ئاوایی دەکرا بە زۆری، یەکێك پەکی دەکەوت و پشتی دەهاتە ژان و ئەوجا بە بەهانەی ئاو خواردن، یان دەست بە ئاو گەیاندنەوە [سەر ئاو چوون] داسەکەی دادەناو خۆی دەدزییەوەو ماوەیەك لەو ناوەدا خۆی گێل دەکرد تا ماندووبی دەردەچوو، بەڵام ئەمە لە نەریتی وەرزێراندا کارێکی پڕ شووڕەییە لە بەر ئەوە بۆ سووکایەتی کردن بەو هاوەڵەیان دەچوون میزیان بە سەر داسەکەیدا دەکرد.

وەرزێر لە کاتی درەودا کە چنگی پڕ دەبێ لە گوڕزە گەنمی دووراوە دایدەنێتە سەر زەوی بەمەش دەوترێ سوالە، ئەوجا چەند سوالەیەك بە شێوەی ڕاست و چەپ دەخاتە سەر یەك و بەمەش دەوترێ مەڵۆ.

بەڵام لە درەوی جۆدا سەری سوالەکان [گوڵە جۆکان] هەمووی یەك لادا دادەنرێ لە شاراشدا سەر بەرەوخوار دەکرێتەوە.

مەڵۆنانەوە لە درەوی گەنمدا دەکەوێتە ئەستۆی وەرزێر خۆی، بۆیە دوای تەواو کردنی هەموو بەرێك مەڵۆکانی لە شوێنێکی پەرێزەکەدا بە سێو چوار ڕیز دادەنا بە جۆرێك کە گوڵە گەنمەکان چۆن لە مەڵۆدا دادەنرێت لێرەش هەر لە لادا دایدەنا، بەمەش دەوترا شارا یان گەلەباوەش.

لە نەریتی وەرزێرانی گەرمباندا خورماوەڕۆن خۆراکێکی سەرەکی بوو. هەر سێ ئێوارە جارێك دەبوایە خورماوەڕۆنێکی بۆ بکرایە. جاری‌وا بووە ئێوارەی نۆرە خورماوەڕۆن خاوەن ماڵ گیسکێکی قەڵەوی سەر بڕیوەو گۆشت و برنجێکی خەست و خۆڵ لێ‌نراوەو کەیانۆ ئیدی خۆرماوەڕۆنی پشت گوێ خستووەو نەیکردوە، بەڵام وەرزێرە کەیان پێشی کردووەو لە داخا نانی نەخواردووە تاوەکو خورماوەڕۆنە بۆریان بۆ نەهێناوە.

سێ مانگەی هاوین و بەشێکی پایزیش وەرزێر بە بەر خۆرەوە دەبوو، ئەوسا کە لێدەبوەوە شایەتمانێکی هەقی بۆ دەهێناو سێ چوار سڵاواتی لە دیاری پاکی پێغەمبەر دەدا، پاشان جل و جەوالی کۆدەکردەوەو دەگەڕایەوە بۆ ماڵ. لە ڕێگا ئەگەر وەرزێرێکی هاوڵی بە دی بکردایە لای دەدایە لای‌و بە پێی داب و دەستووری باو بەرێ دوانی لەگەڵدا دەدووزییەوە یان ئێوارە لەگەڵیدا دەمایەوە. خاوەن ماڵ بەم بۆنەیەوە گیسکێ یان کاوڕێکی دەدا بە زەویداو وەرزێریش تا سێ‌چوار ڕۆژ پشووی دەدا ئەوجا دەچووە سەر تەواوکردنی ئیش و کار.

● **کێشەو گێرەو.. خەرمان هەڵگرتن:**

وەرزێر لە ماوەی ئەو سێ‌چوار ڕۆژەی پشوودانیدا

هەولێر ئامەی کێشەر

ڕۆژێك دەچێ دوو شوێن خەرمانی گەنم و جۆ پاك دەكاتەوە، كە بە زۆری نزیكی ئاوایی دەبن و بە تەنیشت شوێن خەرمانەكانی دیكەی خەڵكی ئاوایی دەبن. گەنم و جۆ پێش كوترانیان لە شاراو خەرماندا پێیان دەوترێ قرچ یان قرچە. یان كڵۆش بۆ قرچە كێشانیش ئەگەر ماڵێ دوو وەرزێری بێ ئەوە هەر خۆیان دەیكێشن، ئەگەریش یەكێك بێ ئەوە دەستەوا [دەستیاو] دەكا لەگەڵ هاوەڵێكیدا. هێستر یان كەرو ڕەشكە بۆ ئەم مەبەستە ئاماده دەكرێ. ڕەشكە جەواڵێكی درێژكوولەی تۆڕئاسایە درێژییەكەی نزیكەی چوار باڵە، پەتێكی بە ئەستووری پەنجە لە مووی بزن بۆ ئامادە دەكەن و پێی دەچنن. لە كێشەكردندا هەر سەرێكی ڕەشكەكە دوو سێ باوەش قرچەی تێدەكرێ ئەوجا دوو كۆڵەكەی لەم دیوو لەو دیوی ناوەڕاستی ڕەشكەكەوە دەدرێتەبەر. لەگەڵ قرچە تێكردندا یەكێك دەچێتە نێو ڕەشكەكەوە دەیشێلێ تا پڕ دەبێت ئەوجا بە گوریسێك دەمی دەبەسترێ، و لە بارگیر، یان كەر بار دەكرێ و یەككێیان دەست بە لایەكێوە دەگرێ تا سەر خەرمان.

دوای كێشەكردن گێرە دەهاتە پێشەوە. ئەو دەمە گێرە بە گا، یان بە كەر، یان بە چان و جەنجەڕ. دەكرا. گێرەكردن بە گا یان بە كەڕ ئەوەیە، كە 5 ـ 6 گا یان كەر بە پەتێك هاوسڵ دەكرێن، لەم حاڵەتەدا ئەو وولاخەی لە دەستەی خەرمانەكەوەیە پێی دەوترێ بنە ئەوەش دەكەوێتە دیوی دەرەوە پێی دەوترێ سەرپەڕ كە بێگومان لە بنە زیاتر دەخولێتەوە ماندوو دەبێ، بنەش ئەركی ئەوەیە وولاخەكانی دیكە بەرەو ناوەوە ڕاكێشێ و لەوانی دیكە كەمتر دەجوڵێ. كورد بۆ تەمەڵی و سستی یەكێك وتوویەتی: «ئەڵێی گای بنەیە». ڕۆڵی وەرزێر لەم جۆرە گێرەیەدا لێخوڕینی وولاخەكانە بە دەوری خەرمانەكەدا بە هۆی كوتەكێكی سەر بە نەقیزەوە. جاری وا هەیە كەرێك یان وولاخێك دەداتە لایەنی لاساری و سین و پیش دەكات و لە شوێنی خۆیدا دەچەقێ و چەندی كوتەك دەن ناجوڵێ و گێرەكە تێك دەدا، بەم وولاخە دەوترێ گێرەنەكەر. لەمەوە كورد بە پیاوی تەمەڵ و فێڵباز لە ئیش و كاردا دەڵێ: «پیاوێك یان كابرایەكی گێرە نەكەرە». (چان)یش بریتییە لە سێ دار درێژی هەر یەكەیان دوو باڵ دەبێ و بە شێوەییكی هاوڕێك (تەریب) دادەكوترێنەسەر دارێكی كورتتر داو بە لق و پۆپی درەختی ژارماسی [گایەمە]یان مارگیر[29]

دەتەنرێ و ئەوسا بە مژانێك دەخرێتە شوێن جووتێ كەر یان بارگیر كە نیلەیان لە مل كراوەو مژانەكە لە ئەڵقەی ناوەڕاستی نیلەكە دەچەسپێنرێ. پەتێكیش بە ناوەڕاستی چانەكەوە بەستراوەتەوە كە وەرزێر لە كاتی گێرەكردندا دەیگرێ و نایەڵێ ئەمپەڕو ئەوپەڕ بكات. هەندێ جاریش دوو سێ بەردی زل دەخرایە سەر چانەكە بۆ قورسی.

جەنجەڕیش كە دارتاش دروستی دەكرد بریتییە لە دوو تەوەرەی دارینی ئەستوور كە چوار دەوریان باڵتە [تەور]ێ، ئاسنی بە شێوەی ڕاست و چەپ پێدا داكوتراوە. هەر تەوەرەیەكیش لە ناوەڕاستەوە شیشێكی ئاسنی ئەستووری تێكوتراوەو لە هەردوو سەرەوە بستێكیان زیادەو لە ژێر سنووقێكی تەختەداری كووڕی كیسەڵ ئاسایی‌دا دەچەسپێنرێن.

لە كاتی گێرە كردندا ئەم تەوەرانە دەسووڕێنەوەو باڵتە ئاسنەكانیش قرچەكە دەشكێنن و وردی دەكەن. جەنجەڕیش وەكو چان دەخرێتە شوێنی هێستر یان كەر، بەڵام بە زۆری لە هێستر دەبەسترێ، فرە جاریش لە كاتی گێرەكردندا وەرزێر سواری دەبێ و بە دارو نەقیزەش وولاخەكان لێدەخوڕێ.

لە گێرەكردندا یەكەمجار بە دەوری خەرمانەكەدا قرچ دادەخرێ بە هۆی شەنێكی ئاسنەوە كە لە چوار لق پێكهاتووەو لە دارێكی لووسی درێژ دەچە ـ سپێنرێ كە پێی دەوترێ كلكەشەن یان دەسكەشەن. پێشتر سێ‌لك بەكار دەهێنرا كە لە سێ لقە داری كووڕی داربەڕوو یان توو پێك دەهات.

ئەم لقانە پاش تاشین و ڕێك خستنیان بە هۆی سیرمەو

چەرمەوە لە دەسکێکی داربی یان چنار دەبەستران. لە گێرەدا قرچی یەکەم کوترا قرچی دووەمی بە سەردا دادەخرێ و کە وای لێهات بارستایی قرچە کوتراوەکان ئەستوور بوو ئەوا بەشێکی بە چواردەوری خەرمانەکەدا بە شێوەی بازنەیەك هەڵدەدرێتەوە بەم جۆرە بەردەوام دەبن تا گشت قرچەکە دەکوترێ، ئەمجارە وورده کوت دەست پێدەکات، کوترانی جاری یەکەم پێی دەوترێ قرچەشکێن کە بە زبری گێرەکراوەو کاکەی ووردنەبووە، چونکە جووتیار چەندە پێویستی بە گەنم و جۆکەیە ئەوەندەش پێویستی بە کاکەیە بۆ مەڕو مااڵت و گاو گوتاڵی.

لە وورده کوتندا لە بازنەکەی دەوری خەرمانەکە دەهێنرێتە خوارەوەو دووبارە بە چاکی و بە ووردی گێرە دەکرێتەوە. پاشان بەرەبەرە لێی هەڵدەدرێتەوە بۆ شوێن خەرمانەکەو لە بازنەی قرچەشکێن کراوەکە دادەگیرێتە خوارەوە تا هەمووی بە ووردی دەکوترێتەوە. ئەوسا بە تەواوی لە شوێن خەرمانەکەدا کۆدەکرێتەوەو بە شێوەی الکێشەیەکی لێدەکرێ کە سەرێکی ڕووەو قیبلە بێت و لایەکیشی لە بای شەماڵ بێت. بەمەش دەوترێ ئارم.

لە کاتی گێرەکردندا بەجێهێنانی هەندێ فەرمان زۆر پێویستن بۆ چاك کوترانی دەغڵەکە، وەکو وەردو پەڕەونار وبنملکەکردن. وەرد بریتیە لە هەڵگێرانەوەی ئەو بەشەی لە ژێر گێرەکەدایە تاوەکو ئەو گوڵ و سروتانەی نەکوتراون بکەونە سەرەوەو بە باشی بکوترێن. پەڕەونارویش هەڵدانەوەی ئەو بەشەیە کە لە کاتی گێرەکردندا بەرەو دەرەوە پەڕیوەو بڵاوبووەتەوە. بنملکەکەش هەڵدانەوەی ئەو بەشەیە کە بەرەو ناوەوە بە ڕووی خەرمان یان ئارمەکەدا بڵاوبووەتەوە. ئەم کارانە هەموو بە شەنی ئاسن دەکرێن.

لەپێش شەن کردندا ئەو لایەی بن خەرمانەکە دەماڵرێ کە با کاکەی دێنێ بە ملداو بە دوو سێ کۆمەڵ لە الوە دادەنرێ. هەندێ بەردی زلیش هەر لەو لایەوە دەخرێتە تەنیشتی ئارمەکە تا لەگەڵ کاکەدا جیا بکرێتەوەو دانەکە تێکەڵ بە کا نەبێ.

بۆ شەن کردن خاوەن ماڵ دێتە یارمەتی وەرزێرەکەی و کە بەماڵ هەڵیکرد پیرە ئارم دەدەن بە دەم باوەو لە کۆتاییدا جێزی گەنم [یان جۆ] دەردەکرێ، کا دەکەوێتە الیەك و دانیش بە الیەك. بەمە دەوترێ جێز دەرکردن یان جێز سوور کردن یان پاك کردن. بۆ ئەم مەبەستەش شەنی دارین بەکاردێت کە لە شەش لقی کووڕی جوان تاشراوی داری توو یان بەڕوو پێکهاتووە، وەستای خۆی بە شێوەیێکی جوان دەیتاشێ و ڕێکی دەخا بە سیرمەو چەرم و هەر بە چەرمیش لە دەسکێکی لوولەی دارینی بەند دەکات. هەروەها چەند گسکێکی سووڕاتکیش ئامادە دەکرا بۆ ماڵینی جێزە پاك کراوەکە، بۆ هەر گسکێك چەند بنجێك سووڕاتك هەڵدەکەنرا بە یەکەوە دەبەستران و بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك یەك دوو بەردی پانەڵەی دەخرایەسەر ئەوجا ووشك دەبوو وبەیەکدا دەنووسا. لە کاتی شەن کردن و جێز دەرکردندا یەکێك بەر جێزەکەدا دەهات و دەچوو بەو گسکە کۆزەرو چوکڵ و چێوی لە سەر دەماڵی و لەم سەرو لەوسەری جێزەکەوە کۆی دەکردەوە. ئەم کۆزەرە لەوەودوا لە کاتی بڕ خەرمان پاك کردندا بە تێاڵ دەکوترایەوەو بە با دەکرا.

کە جێز سوور دەبوو دەستیان دەکرد بە پێوانە کردنی بە تەنەکە یان بە قزناخ،[25] [وەکو لە پێشەوە باسم کرد زمانی دەرەبەگ خاوەنی نەیدەتوانی دەستی بۆ بڕات تاوەکو سەرکاری ئاغا نەهاتایەتە سەری بۆ موڵکانە وەرگرتن].

ئەوجا بەشی وەرزێرەکە جیادەکرایەوە کە بە پێی داب و دەستووری باو دە یەکی دەکەوت. جاری واش دەبوو خاوەن ماڵ بەرچاوتێر بووو حەزی لە خێرو پیاوەتی دەکرد لە بەر ئەوە سەرەڕای هەقەکەی خۆی دوو سێ تەنەکە گەنم و جۆی زیادەیشی دەدایە.

بەاڵم بۆ پاك کردنی بن خەرمانەکە وەرزێر ئەرك و ماندووبوونێکی زۆری دەکێشا لە کۆزەرکوتان و لە سەرەن [کەو] وێژنگ دان و بە با کردنی بن خەرمانەکەدا، لە بەر ئەوە لەمەدا سێ یەکی پێ دەبڕرا واتە بەشێك بۆ وەرزێرو دوو بەشی بۆ خاوەن ماڵ.

هەواڵنامەی گێژ

● چاڵ و عەمارکردنی گەنم و جۆ: -

پاش خەرمـان هەڵگـرتن خاوەن خەڵـە بەشی باراش و ساوەرو دۆینـەی ئەو وەختـەی جیـا دەکـردەوەو، بەشـەکـەی تریشی بۆ تۆوی ساڵی داهاتوو و باراشی زستان و بەهارو بۆ فرۆشتن [ئەگەر دەم ودەس نەفرۆشرایە] دەکردە چاڵ، یان عەمـارەوەو، ئەگـەر ساڵ هات بووایـە ئەوە چاڵ و عەمـار پر دەکران. بۆ عەمار، لایێك لە هۆدەیێك بر دەدراو بە خشتی کاڵ لەسـەر تیـك [لای باریکی] دیـوار دەکـراو ئەوجـا لە ڕووی ناوەوە بە قوڕ سواغـێـکـی باش دەدراو، بەرزی عەمـارەکـە باڵـە پیـاوێـك زیـاتر دەبوو. پاش ئەوەی قوڕی دایوارو بنەکەی چاك ووشك دەبۆوە گەنم و جۆکەی تێدەکرا.

بۆ بە چاڵ کردنی گەنم و جۆیش یان شوێنێکی ڕەقەنی نزیك ئاوایی دیاری دەکراو خەڵك چاڵی تێدا هەڵدەکەند، یان هەر کەسە لە حەوشەی ماڵی خۆیدا چاڵی هەڵدەکەند. ئەم چاڵەش قوڵییەکەی نزیکەی بالاّ پیاوێك زیاتر دەبێت و بە قەبارەی ئەوەی کە تەغارێ تا تەغارو نیوێ گەنم یان جۆ بگـرێ. پاش ئەوەی کە تەواو ووشـك دەبـێـتـەوە بە ئەستوورایی نیو بست کا دەکەنە بنی ئەوجا هێواش هێواش لە سەر خۆ گەنم یان جۆکەی تێدەکەن بە جۆرێك کە نابێ لە گڵی قەراخ چاڵەکە بکەوێ، بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ بەرز بوونەوەی دانەوێڵەکەدا بە مشت کا دەکرێتە نێوانیانەوە بەمـەش دەوتـرێ مشتـەکردن. کاتێکیش کە چاڵەکە پر بوو دەستێکی ئەستوور کا بە سەر دانەوێڵەکەدا دەکرێو پاشان بە چاکی قوڕ دەدرێ، سەری چاڵـەکـەش زۆر جار قۆفـز دەکرێ بۆ ئەوەی بارانا و دانەداتە خوارەوە.

● کاکێشـان: - کا هەڵگـرتن بۆ زستـانی ئاژەڵ و پاتـاڵ بە ئەندازەی زەخیـرەی دیکـە بایـەخ و گرنگی هەیـە. وەرزێر ئەگـەر بن خەرمـانـەکـە بە سێ یەك پاك بکـات ئەوە هەقی کاکێشـانی نییـەو خاوەنی خۆی یان بە کرێ دەیکێشێ. بەڵام ئەگـەر بە نیـواو نیـو [نیـوە بە نیـوە] پاکی بکـات ئەوە دەبـێ کاکـەش بکێشـێ. لەم ماوەیـەدا کادێـن ئامـادە دەکـرێو[26] لەپشت ماڵـەوە کەڵـەبـەرێکی تێدەکرێو ئەوجا بەرەشکـە لە شوێن خەرمـانـەوە کاکـە دەکێشـرێتـە نێـو کادێـنـەکـەوە. پاش ئەوەی کادێـن پر دەبێو هێشتـا کای زۆریش لە شوێن خەرماندا مابێ، ئەوسا خاوەنی هەر لەو گوزەرەدا [نـزیکی شوێن خەرمـانـەکـان] چوار دیـواری بە شێـوەی لاکێشـە تاپشتێنـە بۆ بەرز دەکـاتەوەو ئەوجا کاکەیی تێدەکرێو بە چاکی دەشێلرێ تا بەرزو قۆفز دەبێتەوە وئیدی سواغێکی چاکی دەدەن و هەڵێـدەگـرن بۆ زستـان. بەمەش دەوتـرێ لۆدە. ئەگـەر زستـانـەکـەی خۆش بوو خاوەنی دەیفرۆشێ، ئەگەریش سەرماو بۆرەفت بووو کای کادێنەکەی تەواو بوو ئەوە ناچار دەبێ بەکێشی بکات بۆ ماڵەوەو بیکات بە قورگی ئاژەڵەکەدا.

پەراوێزەکان

---

1 - بەرگن = تووکی بەرخە.

2 - شەوەکەژ = لە شەوەکەژدا ڕان بە شەو لە دەرو دەشت دەهێڵنەوەو نایهێنتە ماڵەوە.

3 - کلێنچکە: کلکێکی بچووکە بە سەر دووگی مەڕەوە، لە لای خوارەوە.

4 - جارِو پەرێـز: شوێـن گەنـم و جۆ لە پاش درووێـە پێی دەوترێ جارِ یان پەرێز یان هەردوکی بەسەریەکەوە [جارِو پەرێز].

5 - خرنـووك و کەوڵـە: دوو دڕەختی (بنچکی) گژو بژاڵ زۆرن بۆ نەرمی لە کۆزی کارو بەرخـدا ڕادەخـرێن. خرنـووك دڕکێکی ووردی هەیە.

6 - قسر: ئەو ئاژەڵانەن کە ساوایان لەبەرنەبێ یان ئاوس نەبن.

7 - قەرسیل: خاوەن ئاژەڵ زۆر جار لای ماڵدا هەندێ جۆ

[دوو سێ تەنەکە] دەوەشێنێ تاوەکو لە زستان و سەرەتای بەهاردا کارو بەرخ و مەڕو بزنی زاو، یان نەخۆشی تێدا بلەوەڕێنێ.

8 ـ ساوەڵەوان: ئەو مێرمنداڵەیە ساوە [کارو بەرخ] دەلەوەڕێنێ.

9 ـ بێرگ (بێرە): دۆشینی مەڕو بزنی زاو لە شوێنێکی تایبەتیدا کە پێی دەوترێ بێرگ و کرداری دۆشینیشیان پێی دەوترێ لەبێرگ(بێرە) دان.

10 ـ بەهاربەنی: تەبمان و پەڕۆیێکە لە حەوشەدا دەکرێ بۆ ئەوەی لە بەهاردا بە شەو و بە نیوەڕوان کارو بەرخی تێکرێ.

11 ـ تیانچەو پاتیلە: مەنجەڵی مسی مام ناوەندین [نە زۆر زل و نە زۆر بچووك]

12 ـ ئەبان یان ئەوان: ئەو ئاژەڵانەن کە نایەڵن ساوەکانیان بیانمژێ.

13 ـ شیرپاڵێو: دەوری نیو مەتر قوماشی کەتانە، بەسەر مەنجەڵەکەدا دەدرێ و شیرەکەی پێدادەکرێ بۆ ئەوەی مور و خەوش و خاڵی شیرەکە گل بداتەوە.

14 ـ کەرێدان: مەشکەیێکی دووکەڵ ئەدراوە، پاش ئەوەی کەریێ تێدەکرێ لە نێو لەتە مەشکەیێکی دیکە دەکرێ کە دۆی تێدابێ و بەم جۆرە ئیدی کەرێکە ناتوێنەوە سەرەڕای ئەوەش دەخرێتە پاڵ کونەیێك لە کونەڵاندا.

15 ـ سوڕناتك: ڕووەکێکە لە کۆتایی بەهارو سەرەتای هاویندا دەڕوێ، گەڵاو لاسکی ووردو نەرمن، بۆن و بەرامێکی خۆشی هەیە.

پێش گوڵ کردن ئەگەر ئاژەڵی سپی وکارو بەرخ بیخوا دەم و لێوی دەبێتە برین، ئەو کاتە بەو ئاژەڵانە دەوترێ: سوڕناتك لێداون.

16 ـ وەزنە لە گەرمیانەدا شەش باتمانە، گەنم شەش تەنەکەی دارمالی ڕانەوەشاوی وەزنەیەك دەردەچێ، جۆش شەش تەنەکەی قەڵاقەڵای ڕاوەشاوی وەزنەیەکە. باتمان دە هۆقەی ئەستەمبوڵە [کە دەکاتە کیلۆ چارەکێك]. تەغارێکیش بیست وەزنەیە. دوازدە وەزنەو نیویش دەکاتە تەنێك.

17 ـ شەرتی «هەقم لە نالدار و بالدار نییە» لە بە ئیجازەدانێ جۆگەو ئاو و ڕەزو باخدا لە لایەن دەربەبەگەوە، لە زۆر شوێنی کوردستاندا باوبووە. لەم حاڵەتەدا زەوی و باخی بە ئیجارە گیراو بەرهەمی ببوایەو نەبوایە خاوەنی هەقی نەبوو هەر پارەی ئیجارەی خۆی وەردەگرت. نالدار لەوەوە هاتووە کە ئەو باخ و مەزرایە بێتە ژێر پێی لەشکرێکەوە کە بێگومان کاول و وێرانی دەکەن. بالدارێش لە کولەوە هاتووە کە ڕووی بکردایەتە هەر شوێنێك خاپووری دەکرد.

18 ـ بەیار (بۆرە): زەوییەکی نەکێڵراوە. یان کێڵراو بووەو بۆ ماوەی دوو ساڵ و بەرەوژوور واز لە کێڵانی هێنراوە.

19 ـ داس دەسە زەرد کردن وانە زاخاوەدان و تیژکردنی لە لایەن ئاسنگەرەوە.

20 ـ سەرداس: ئەو پارەیە بوو کە پێشەکی وەکو یارمەتییەك دەدرایە وەرزێر. ئەم پارەیە لە بری هیچ کرێیەکدا دانەدەشکاو لەو سەریش لێی نەدەسەنرایەوە.

21 ـ هەسان: بەردێکی پانەڵەی مەڕەمەڕ ئاسایە، وەرزێر داسی پێ تیژ دەکات پاش ئەوەی هەندێ چەوری [کەرێ یان ڕۆن]ی دەخاتەسەر.

22 ـ قەپناخ: کیفی چەرم یان کانزا (مەعدەن) بوون و وەرزێر دەیکردنە سەر پەنجەکانی دەستی چەپی بۆ پاراستنیان لە درك و داڵ و زبری گوڵەگەنم.

23 ـ قایمە: ئەو بەشەی گەنم یان جۆکەیە کە هێشتا دروو نەکراوە.

24 ـ ژارماسی «گایەمە» ڕووەکێکی لق و پۆ جیرە، گەڵاو سەوزێکی مەیلەو بۆرە. گوڵێکی زەرد دەکات. لە تۆو چەم و گۆماوەدا بە لەقەپێ دەکوترێ و ماسیی پێ ووڕو گێژ دەبێ و دەگیرێ. مارگیریش دەوەنێکی لق و پۆ درکاویە، وەکو ئەوەفاج وایە بەڵام ئەم لقەکانی بە هەر جوار لای خۆیدا بە خشوکی بڵاودەبنەوە. گەڵاکانی خڕن، بەرێکی سوور دەگرێ بە قەد هەنجیر دەبێ. بۆ پەردووی خانوویش بەکار دێت.

25 ـ قزناخ: ئامرازێکی پێوانە بوو زۆرتر لە دەوروبەری کەرکووك بەکار دەهات قزناخ دوازدە هۆقە دەگرێ و پێنجیشی وەزنەیەکە.

هەواڵنامەی کێشتی

ئەسپرین

گرنگترین دەرمانی ئەم چەرخەیە

دوکتور زەنوون
محەمەد پیربادی زانستگای زانست
زانکۆی بەغدا

هەوالنامەی کتێب

پێشەکی:

بێگومان ئەسپرین دەرمانێکی زۆر کون و زۆر هەرزانە، هەمیشە لەهەموو دەرمانەکانی تر کەم زیانترەو سوودبەخش تر بۆ مرۆڤ. هەروەها بەبێ ڕاچێتەی پزیشك دەتوانیت بەهەمیشەیی لە دەرمانخان و دووکانەکان بیکریت.

بێگومان ئەسپرین نەك هەر دەرمانی سەرێشەیە، بەڵکو گەلێك نەخۆشی تریش چاك دەکاتەوە. بەراستی ئەسپرین یەکەم دەرمانی ئەم چەرخەیە. لەوساوە ئەسپرین دروست کراوە بەسەدان دەرمان ئامادەکراوەو خراوەتەناو بازارەوە بۆ چەن ساڵێك، لەپاشان قەدەغە کراون لەبەر هەندێك زیانی لایەلای دەرمانەکە بۆ تەندروستی. تەنها ئەسپرین بەکەڵك مایەوە هەموو تاقی کردنەوەکان زیانیکی لایەلایی ئەم دەرمانەیان نەدۆزیەوە. بەراستی شای هەموو دەرمانەکانە. ئایا پێکهاتوی ئەم دەرمانە گرنگە چیە؟ سوودەکان چین؟ چۆن لەناو لەشی مرۆڤدا کاردەکات؟ کیمیای ئەم دەرمانە چیەو بۆچی باشە؟ ئەم پرسیارانەو گەلێك زانیاریتر مەبەستی ئەم ووتارەیە.

مێژوو: ئەوانەی ئێستا تەمەنیان لە چل ساڵ زیادەتر زۆر باش دەرمانێکی تاڵی ساڵەکانی پەنجاکانیان لە بیرە کە بۆ تاوەرز[1] بەکار دەهێنرا وە پێیان دەگوت «کنین Qumine»

ئەم دەرمانە وانە کنیین لە دەرمانخاکانی ئیستا بەدەگمەن دەدۆزیتەوە چونکە دەرمانی باشتر لەمە دروست کراوە بۆ ئەم نەخۆشیە. مەبەستمان لە باس کردنی دەرمانی کنیین لێرەدا هەر ئەوە نیە بزانین بۆچ نەخۆشیەك باشەوە چ کارێکی هەیە بەسەر نەخۆشا، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە باسی سەرچاوەو مەڵبەندی دەرمانەکە بکەین. مەڵبەندی دەرمانی کنیین درەختیکی تایبەتە بە ناوی «درەختی کینا» لە هیندستان و[2] جاوەدا دەڕوێت.

ئەم دارە مادەی کنین دروست دەکات و کۆی دەکاتەوە لەناو قەدی دارەکە خەڵکی هیندستان فێربوونە لە ئەنجامی تاقی کردنەوە کە هەندێك لەم دارە بدەن بە نەخۆشی تاولەرز بۆ چارەکردنی نەخۆشیەکەی[3].

هەروەها مێژوو پێمان دەڵێت کە دارێ هەمیشە لەلایەن مرۆڤەوە بۆ چارەسەرکردنی هەمان جۆرە نەخۆشی وە بۆ کەم کردنەوەی ئێش و ئازاری لەش بەکارهێنراوە.

لە ساڵی 1763 ڕێڤێد ئەدمۆندستۆن Reverend Edmond Stone لە بەریتانیا مادەیەکی سپی لە دارە بیی پوختەکردوە بەکاری هێنا بۆ چارەسەرکردنی تای گەلێك نەخۆش. دوکتور ستۆن هەوالی ئەم دۆزینەوەی لە نامەیەکدا بۆ سەرۆکی کۆمەڵەی کیمیاکارەکانی بەریتانیا نووسی. لە نامەکەیدا گوتی کە ئەم مادە سپیەی پوختەی کردوە لە قەدی داربیی تامیکی زۆر تاڵی هەیە وەکو مادەی کینین کە باسمان کرد. ئەم مادە سپیەی کە دوکتور ستۆن باسی کرد لە راستیدا بریتیە لە مادەی «سالیسین Sallein»

لە ئەنجامی خواردنی ئەم مادەیە لەلایەن نەخۆشەوە، ئاوگەکانی[5] دەسگای هەرس سالیسین شی دەکاتەوە بە پارەتی ئاوەوە بەم جۆرە پێکهاتوەکەی دەگۆڕیت و دەبێت بە «ترشی سالیسیلیك Salleylle aell». ترشی سالیسیلیك زۆر نزیکە لە پێکهاتووی ئەسپرینەوە. شایانی باسە لەم ساڵانەی دووایەدا مادەی «سالیسین» لە گەلێك دەرختی تردا دۆزرایەوە.

لە ساڵی 1853 ز ئاوێتەی «ئەسیتیل سالیسیلیك ئەسید» Aeetyl Soleye aell لەلایەن دوکتور گێرهارت وە Gerlandt ئامادەکرا لە لابۆردا، بەڵام لەبەر چەن کۆسپێك بە شێوەی دەرمان هەتا ساڵی 1899 بەکارنەهێنرا[6]. لەم ساڵەدا دوکتور «درێسەر Dresser» ئەسپرینی پێش کەش کرد بەشێوەی دەرمان وە بڕیاردرا کە مادەی «ئەسیتیل سالیسیلیك (ئەسپرین) دەرمانێکی بەکارە بۆ چاك کردنەوەی نەخۆشی باداری و ئێشی جمگەکان.

لێرەدا پێویستە بزانین ئایا ناوی «ئەسپرین Aspirin» لە کوێوە هاتوە؟. ئەسپرین ناوێکدا دارێژراوە لە ناوی مادەکە بە زوبانی ئەڵمانی. بە ئەڵمانی مادەکە پێی دەڵین:

Aeetyl Spirsaeure

بەم جۆرە ئەسپرین بوو بە دەرمانێکی باو لەناو هاوواڵانیەکان وە جێگای گەلێك لە دەرمانەکانی لادێیەکان گرتەوە چونکە ئەسپرین مادەیەکی زۆر هەرزان و بەکارو سوود بەخش بوو.

شایانی باسە هەشتا ساڵ زیاترە مرۆڤ دەرمانی ئەسپرین بەکار دەهێنیت وە لەم ماوە درێژەدا هیچ زیانێکی لایەلای بۆ تەندروستی مرۆڤ نیشان نەداوە[7].

کیمیای ئەسپرین و گۆڕانی لە لەشی مرۆڤدا:

ئەسپرین ترشێکی ئۆرگانی کەم هێزە. ڕادەی کارکردنی بۆ چاك کردنەوەی ئێش و ئازار زیادەترە لە خۆی صودیومی ترشی سالیسیلیك Sodium Salleylate بە (50٪)، وانە ئەسپرین ئەوەندەو نیوێك بەسوودترەو بەکارترە بۆ دەرمان. بەڵام لەلایەکی ترەوە خۆی صودیومی ترشی سالیسلیك خۆمالێکی بەسوودی هەیە کە لە ئەسپرینا نیە، ئەویش ئەوەیە کە خوێیەکە ئازاری دیوی ناوەوەی گەدە نادات چونکە ترش نیە کەچی ئەسپرین گەلێك جار ئەزێتی گەدە دەدات و ڕادەی ترشی زیاد دەکات. دەستوری کیمیایی ئەو ماددانەی باسمان کردن لە خوارەوە دەنوسین: -



پێش ئەوەی باسی چۆنیەتی کارکردنی ئەسپرین لەشی مرۆڤدا بکەین بە پێویستی دەزانین کورتە باسێکی ئەسپرین دروست دەکات بەڵام ناوی ناوە وئەسپین Aspin. کە چەپی ئەسپرین قووت دەدەیت ئایا چی بەسەر



چۆنیەتی دروست کردنی ئەم دەرمانە بکەین.

ئەسپرین دروست کردن زۆر ئاسانە، قوتابیەکانمان لە مادەکە دێت؟ چۆن پێکهاتوەکەی دەگۆڕێت و لەکوێ کار دەکات؟ لە خوارەوە باسی ئەو گۆڕانانە دەکەین:



بەشی کیمیای کرێجی زانست هەموو دەزانن ئەسپرین لە لابردا ئامادە بکەن. لەم ئامادەکردنەدا ترشی سالیسلیک لەگەڵ ئەسیتیک ئەنهایدراید (ترشی سرکەی بێ ئاو) بەکار دەهێنرین بەگوێرەی هاوکێشەی خوارەوە: -

ترشی سالیسلیک بەزۆری لە فینۆل دروست دەکرێت بە گوێرەی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە:

لە عیراقدا کومپانیای پیشەسازی دەرمان لە سامرا حەبی

زۆربەی ئەسپرین کە قووت دەدرێت لەناو دەم و گەدەدا شی نابێتەوە، واتە بەبێ گۆڕانی کیمیایی دەگوزرێتەوە بۆ ناو خوێن. واتە ئەسپرین وەیان «سالیسیلات»[8] هەردووک لە گەدەو ڕێخوڵەی دوانزە گرێدا[9] هەڵ دەسڕێن و دەگوازرێنەوە بۆ ناو خوێن. لە خوارەوە نەخشەی ڕێگاکانی گۆڕانی[10] ئەسپرین وەیا سالیسیلاتی صودیوم لە لەشی مرۆڤدا نیشان دەدەین



وێنەی ژمارە (1)

لەسەرەتای خواردنی ئەسپرینەوە هەتا هەڵمژینی و گواستنەوەی بۆ ناو خوێن لە لەشدا سەعاتێك یان دوو سەعات دەخایەنێت. سالیسیلاتی صودیوم لە ئاودا زۆر باش دەتوێتەوە بەڵام کە دەچێتە ناو گەدەوە بەشێکی دەبێت بەبێ شێبوونەوەو گۆڕین ی پێکهاتەوەکەی لە گەدەو ڕیخۆڵەی داوزنەگرێدا هەڵ ئەمژرێت و تێکەڵ بە جۆگای خوێن دەبێت».

لەناو شانەکانداو هەمیشە لەناو خوێن ئەنزیمێك[11] هەیە



ترشی سالیسیلیك
زۆر باش لە ئاودا نوێنەوەو
بە ئاسانی هەڵدەمژرێت

بە ترشی سالیسیلیك بە هۆی کارکردنی لەگەڵ ترشی هایدروکلوریك (HCl) ی ناوگەدە بەگۆڕەی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە:

ئەسپرین کە بریتیە لە «ئەستیل سالیسیلیك ئەسید»

بەناوی ئەنزیمی «ئیستەرین Esterase» تایبەتە بە شی کردنەوەی ئاوێتەی ئیستەر[12] Ester. ئەسپرینیش یەکێکە لە ئیستەرەکان و بەگوێرەی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە شی دەبێتەوە:





بڕێك لە ئایۆنەکانی سالیسیلات ئەنوسێت بە ماددەی ئەلیومینین Albumin ،[13] کە لە خوێنا هەیە. بەڵام کە خەستی ماددەی سالیسیلات بەرز دەبێت ئەوسا پیشەی خۆی دەبینێت بەبێ گومان. وانە ئێش و گەرمی (تا) ئانەکان چارەسەر دەکات. لە ئەنجامدا ماددەی سالیسیلات بەیارمەتی خوێن دەگوازرێتەوە بۆ ئاو گورچیلەکان و زیادەی ماددەکە لەگەڵ میزا فرێ دەدرێت. شایانی باسە باری تفتی[14] میز پارێزەی توانەنەوەی ماددەی سالیسیلات دەدات و لەپاشان لە شێوەی شلاوێکدا فرێی دەداتە دەرەوە.

پاشماوەی دەرمانی ئەسپرین لەناو شانەکانی مرۆڤ بۆ ماوەی حەفتەیەکیش هەر دەمێنێت و لەناو میزدا دیاری دەدات.

پیشەسازی ئەسپرین:

هەروەکو لە سەرەوە باسمان کرد ئەسپرین لە کارکردنی ماددەی ترش سالیسیلیك لەگەڵ ترشی سرکەی بێئاو Aeto auty diet، [15] ئامادە دەکرێت. لەم کارەدا ڕێژەی بەرهەمی ئەسپرین دەگاتە (90٪).

شایانی باسە ئەو کارگەیەی کە ئەسپرین دروست دەکات هەمیشە ترش سرکەش دەفرۆشێت چونکە بەرهەمێکی لابەلایەو بەچەپنەتیەکی زۆر پێك دێت.

کەرەسەی پێویست بۆ دروست کردنی یەك تەن ئەسپرین و (750)

پاون ترشی سرکە:

ترشی سالیسلیك	1700 پاون
ترشی سرکەی بێئاو	1300 پاون

Aeeto awhydide

لە خوارەوە نەخشەیەکی[16] هێڵی گارگەی ئەسپرین نیشان دەدەین، لەم نەخشەیەدا ترشی سالیسلیك و ترشی سرکەی بێئاو تێکەڵ دەکرێن بەیەکەوەو لە پاشکۆی نەخشەکەدا ئەسپرین دروست دەبێت. هەندێك لە ترشی سرکەش پێك دێت لەم کارەدا، وەکو گوتمان کە یەکارێکی[17] لابەلایی پێك دێت.



هەواڵنامەی کێمیا

ژمارەیەکی زۆر لە کارگە کیمیاییەکان هەن کە هەریەکە دوو یا سێ وەیا زیادتر لە ماددەکانی کیمیایی دروست دەکەن. بۆ وێنە کارگەی دروست کردنی ئەسپرین هەمیشە فینول دروست دەکات و دەی فرۆشێت. ناوی کارگەکە ناوی پیشەسازی ماددە زۆرەکە هەڵ دەگریت بۆ نمونە کارگەی دروست کردنی ئەسپرین لەسەرەوە پێی دەڵێن «پیشەسازی ئەسپرین» نەك پیشەسازی ترشی سرکە چونکە چەنیەتی ئەسپرین زۆرتر لە ترشی سرکە.

ئەمجا با هەنگاوەکانی دروست کردنی ئەسپرین باس بکەین: وەکو گوتمان ترش سالیسلیك و ترشی سرکەی بێ ئاو بەیەکەوە تێکەڵ دەکرێن لەناو تانکێکی گەورەی تایبەتی پێی دەڵێن «مەنجەڵی کارکەر». ئەم مەنجەڵە لە پۆلا دروست کراوە چونکە ژەنگە ناگرێت و هەمیشە بەهێزە. پلەی گەرمی ئەم مەنجەڵە نابێت لە 90می زیادتر بێت.

هەروەها ماوەی کارکردنی کاررکردنی ماددەکان هەمیشە گرنگە لەپاش سێ سەعات شلاوێکی تازە پێك دێت. ئەم شلاوە بە ترومپای تایبەتی پاڵ پێوەدەنرێت بەرەو ژوورەوی پاڵاوتن. لە ژووری پاڵاوتن شلاوەکە دەپاڵێورێت و چ ماددەی رەق و تڵی نیادا هەیە جیا دەکرێتەوە.

ماددە شلەکە بە شێوەیێکی ئوتوماتیکی دەگوازرێتەوە بۆ ژوورێکی تەنیشتی کە پێی دەڵێن «ژووری بللوورکردن»[18]، لەم ژوورەدا شلەکە سارد دەکرێتەوە تا پلەی هیچ (50م) بۆ ئەوەی ئەسپرێنەکەی ناوی بەشێوەی بللووری بنیشێت. واتە لێرەدا پاش ماوەیەك ماددەی ئەسپرین دەنیشێت و پێریستە بیاڵێدرێت. ئەم مەبەستەش واتە پاڵاوتن لە ژوورێکی تایبەتی تردا جێبەجێ دەکرێت کە پێی دەڵێن «ژووری خولاندن»[19] Centifuge.

ئەمجا ماددە رەقەکە کە ئەسپرینە دەگوازرێتەوە بۆ

ژووریکی‌تر. لەم ژوورەدا ئەسپرینەکە وزشك دەکرێتەوە. شایانی باسە ئەو شلاوەی دەمێنێتەوە لەم هەنگاوانەدا دووبارە دەگوازرێتەوە بۆ ئاو مەنجەڵی کارەکە (تکایە سەیری نەخشەهێڵیەکە بکە) چونکە هەندێك ماددەی بەسوودی تیادا هەیە.

هەندێك لە کارگەکان تۆزنەر[20] بەکار دەهێنن لەم بەرهەمی ئەسپرین لە ئەمەریکا[22].

بێگومان ئەگەر هاتو چاوێك بە چەپنەتی بەرهەمی ئەسپرین دا بخشێنین لە ئەوروپاو ئەمەریکادا دەبینین چۆن هەمیشە لە زیادبوونایە.

هێڵی نیشاندەری خوارەوە چەپنەتی بەرهەمی ئەسپرین لە ئەمەریکادا نیشان دەدات:



بەرهەمی پیشەسازی ئەسپرین لە ئەمریکا

وێنەی ژمارە (3)

پیشەسازیەدا بۆ نمونە تۆزنەری وچوارەم کلۆریدی کاربۆن»[21]، تۆشی سرکە، بەنزین، وویا هایدرۆکاربۆنەکانی‌تر. هەندێك لە کارگەکانیش تۆزنەر بەکار دەهێنن تەنها بۆ شوشتنی ئەسپرینەکە لەدووا پلەدا. بەکارهێنانی تۆزنەر هەمیشە ئەسپرینەکە بێگەردو خاوێن دەکات.

کەچی نرخی ئەسپرین لەوساوە کە داهێنراو دروست کرا لە ساڵی 1936 هەتا ئیستا زیادێکی وای نەکردوە، بەپێچەوانە لە نێوان ساڵانی 1938 ـ 1946دا نرخی دابەزی. هێڵی نیشاندەری خوارەوە بەرزو نزمی نرخی ئەسپرین لە نێوان ساڵانی 1936 هەتا 1959 نیشان دەدات.

هەوالنامەی کێبڕکێ



بەردەوامی بڕینی ئەسپیرین لە ئەمەریکا



وێنەی ژمارە (٥)

هێڵەنیشاندەرەکانی سەرەوە گرنگی و باوێتی[23] ئەسپرین

ئاشکرا دەکەن چ لە بارەی نرخەوە، چ لە بارەی چەشێتی بەرهەم



سالیسیل ئەمایید

Salicylamide

دروست کراوە هەمیشە چەند دەرمانێکی هەمەجۆر[24]

دروست کراوەو خراوەتە بازارەوە، بەڵام هیچیان جێگای ئەسپرینیان ئەگرتەوە. هەندێك لەم دەرمانانە ئەمانەی



ن-ئەسیتیل پارا ئەمینۆفینۆل

N-acetyl para-aminophenol

هەوالنامەی کتێب

هەبی ئەسپرین کە لە دەرمانخانەکان دەبکرین رێژەی ئەسپرینی پەتی تیایاندا لە 30٪ زیاتر نیە، بەشەکانی‌تری نیشاستەو ماددەی تری پێویستە بۆ پارێزگاری ماددەکە.

ماددەی ئەسپرین هەر هەمیشە پەتی تیە بەڵکوو گەڵێك دەرمانی‌تر هەیە کە ئەسپرین بەشداری لە پێکهاتوەکانی‌دا دەکات. بۆ وێنە ئەم دەرمانانەی خوارەوە بەشێك لە ئەسپرینیان تیادا هەیە.

ئەنیرڤان	پاراسیتول
ئەنادین	سەردەرجین (دەرمانیکی فەرەنسیە)
ریڤانین	فلووڤاوت
	کوریسیدین

ناوی چەن کومپانیایەکە ئەمەریکی کە ئەسپرین دروست ئەکەن:

لەخوارەوە ناونیشانی چەن کارگەیەکی ئەمەریکی دەنوسین کە ئەسپرین دروست دەکەن: -

1 - کارگەی میدلاند - لە میشیگان. ئەم کارگەیە مولکی کومپانیای (داوە)ە.

Dow Chemical Compauy, Midlaud, Michigan (U. S. A).

2 - کارگەی ئەسپرین لە ئیکهارت لە ئیندیانا. ئەم کارگەیەش بەشیکە لە کومپانیای مایلز.

Miles Laboratories gne. Elkhast gndala (U. S. A)

3 - کارگەی ئەسپرین لە شاری سانت لویس، لە میسۆری. بەشیکە لە کومپانیای مونسانتو.

Monsonto Chemicol Cmpany St. Fouls, Mo, (U. S. A)

4 - کارگەیەی ئەسپرین لە شاری نوروێج لە نیویورك. ئەمەش یەکێکە لە کارگەکانی کومپانیای نورویج بۆ دروست کردنی دەرمان.

Norwieh Pharm ecal Co., Norwieh, New York. (U. S. A)

5 - کارگەی شاری ترینتون لە نیویورك - بەشیکی کومپانیای دەرمانی سیترلینغ (بەشیکە لە کومپانیای دەرمانی سیترلینغ (بەشیکە لە کومپانیای بایەر).

Stenling Pug Ine. (Bayes Comany Plm), Trenton, N. J, (U. S. A).

سیفەتەکانی ئەسپرین:

ئەسپرین ماددەیەکی سپی رەقە. پلەی توانەنەوەی (140 - 145ص)ە. دەرمانی ئەسپرین لەژێر گەڵێك ناودا لە ولاتەکاندا فرۆشرێت بۆ نمونە ئەم ناوانەی خوارەوە (25) تۆمار ئەکەین: -

ئەسیتیسیل	Aeotyeyl
ئەسیتوفین	Aeetophen
ئەسیتوسال	Aeetosal
ئەسیتوسالیسیلیك ئەسید	Aeetosteyrle asil
ئەسیتوسالین	Aeetosalin
ئەسیتایلین	Aeetylin
ئەسیتایلسال	Aeetylsal
ئەسیتیل پایرین	Aeetylpyin
ئەسپرو	Aspro
ئەستیریك	Asterle
کاپرین	Capsin
دۆرماکس	Duwax
ئیکۆترین	Eeetsin
ئیمپرین	Empsiin

ئینتروفین	Enteopfeu
ئینتروسارین	Entrososine
هیلیکۆن	Helieon
نیورونیکا	Neuronika
رۆدایین	Rhodule
سالاسیتین	Salaeetin
سالیتروجین	Saleetogeu
سالتین	Saltin
گزاکسا	Xaxa

فورمیولای ئەسپرین بریتیە لە $C_9H_8O_4$ کێشەی گەردی (180,15)یە. ڕێژەی توخمەکانی پێکهاتوی بەم جۆرەی خوارەوەیە: -

کاربون	٪60
هایدروجین	٪4,48
ئۆکسجین	٪35,53

ماددەی ئەسپرۆن شلیکی زۆر بەکەڵکە بۆ بلوورکردنی ئەسپرین و پەتی کردنی. بەڵام تەکنیکی تازەتر بۆ پەتیکردنی ئەسپرین هاتۆتەکایەوە وەکو دڵۆپاندنی ماددەکە بە ئامێری تایبەتی. چڕی ئەسپرین (1,35)ە. لە ئاوی ساردا زۆر بەکەمی دەتوێتەوە.

شایانی باسە کە ئەسپرین بە هۆی گەرمی دەتوێتەوەوە دووبارە سارد دەکرێتەوە، دەبینین لە پلەی (118ص) دەبەسترێت و ڕەق دەبێت.

ئەسپرینی بێگەردو پەتی هیچ بۆنێکی نیە (بێ بۆنە) بەڵام ئەگەر هاتوو دەرمانەکە بە بەتاکی مایەوە بۆ ماوەیەك ئەوا شێ‌ی هەوا کاردەکات لەگەڵیاوە ئەنجامی کارەکە برێتیەلە بەرەڵابوونی ترشی سرکە. بۆنی سرکەکە زۆر باش هەستی پێدەکرێت لەم جۆرە ئەسپرینە. ئەگەر هەوا شێی نەبو واتە وشك برو ئەوا مانەوەی ئەسپرین بە بەتاکی[25ب]

هیچ زیانی نیەوە هەرگیز ناچێت - گرامێك ئەسپرین لە (300)میل[26] ئاو دەتوێنەوە لە پلەی گەرمی ئاساییدا[27]. کەچی ئاوی گەرم (لە پلەی 37ص) هەر (100)میل دەتوانێت گرامێك ئەسپرین بتوێنێتەوە. هەروەها گرامێك ئەسپرین لەناو (5)میل کولدا دەتوێتەوەو هەمیشە لەناو (17)میل کلوروفورمدا دەتوێتەوە وەیا لەناو (10 - 15 میل) ئیتەردا دەتوێتەوە.

کوڵاندنی ئەسپرین لە ئاودا شی ئەکاتەوە. هەروەها شلاوی کاربۆنات وەیاخود شلاوی هایدروکسید زیادتر دەکاتەوە.

ئەسپرین ماددەیەکی ترشە[28] بەهۆی کۆمەڵەی کاربوکسیلەوە $-C(=O)-OH$ کە لە پێکهاتوەکەیدا هەیە. بەبۆنەی ئەم کۆمەڵەوە ئەسپرین لەگەڵ شلاوی کاربۆناتا کار دەکات و ئەم کارە ئاشکرایەوە گازی CO_2 بەرەڵا دەبێت بە شێوەیەکی دیار (شلاوەکە کەفێکی زۆر دەکات و هەڵ دەکفێت):

بەڵام زۆربەی ئەسپرینەکە لەم ڕادەیەدا ناوەستی و شی‌دەبێتەوە بۆ ترشی سالیسلیك بەگۆیرەی هاوکێشەی خوارەوە: -



هەوالنامەی کێبڕکێ



شایانی باسه مرۆڤ دەتوانێت بەتاقی‌کردنەوەیەکی ئاسان بزانێت ئایا نمونەیەك لە ئەسپرین شی‌بۆتەوە یان نا؟ وەیاخود چەندێکی لێ‌شی‌بۆتەوە؟ ئەم جۆرە تاقی‌کردنەوە بەم شێوەیەی خوارەوە جێ‌بەجێ دەکرێت: -

کەمێك لە ئەسپرینەکە لە دۆڵێکدا دەی هارین و دەیگوازێتەوە بۆ ناو لولەیەکی تاقی‌کردنەوە. لەپاشان چەن میلیلیترێك لە ئاوی دڵۆپاوی دەکەینەسەراو باش تێکەڵیان دەکەین. ئەمجا چەن دڵۆپێك لە شلاوی ترنگی کلوریدی ئاسنیك[29] Ferric chloide دەکەین بەسەر مادەکانا. ئەگەر هاتوو بڕ‌نگێکی مۆر دروست برو بەهۆی ئەم تێکەڵ بوونە، ئەوە نیشانەیە کە ئەسپرینەکە شی‌بۆتەوە بۆ ترشی سالیسیلیك Salicylic acid. هەر وەها چەینەتی شی‌بوونەوەی ئەسپرینەکە دەپێوڕێت بەپێوانی ڕادەوەی تۆخی ڕەنگە مۆرەکەی کە لەسەرەوە باسمان کرد. بۆ مەبەستی ئەم جۆرە پێوانەکردنە ئامێری هەستیاری تایبەتی بەکار دەهێنرێت، وە ڕێژەی شی‌بوونەوەی ئەسپرینەکە بە دیقەت پێوانە ئەکرێت.

بێ‌گومان لەم سالانەی دوواییەدا چەن تەکنیکی تریش بەکار هێنراوە لە جیهانی دەرمانسازیدا بۆ پێوانەکردنی ڕاددەی شی‌بوونەوەی ئەسپرین. بەداخەوە ماوەو شوێنی باسکردنی ئەو هەموو تەکنیکانە لەم وتارەدا نیە. ئایا چۆن چۆنی ئەسپرین هەڵ بگرین لە ماڵەوە وەیا لە مەدخەرەکان بۆ ماوەیەکی زۆر؟؟ بەبێ ئەوەی شی‌ببێتەوە؟

بۆ ئەم مەبەستە بایەخ بە دوو شت دەدەین:

1 - ڕتووبەت. واتە ئاو یا شێ.

2 - تیشکی خۆر واتە ڕووناکی ڕۆژ.

ئەگەر بێتوو ئەسپرین لەو دوو شتەی سەرەوە بپاریزرێت ئەوا هەرگیز هیچی لێ‌نایەت و کۆن نابێت واتە سوودی دەرمانی هەمیشە وەکو خۆی دەمێنێتەوە. بۆیە ئامۆژگاریمان دەربارەی هەڵگرتن و پاشەکەوت کردنی ئەسپرین ئەمەیە؛:

«ئەسپرین لە شوێنێکی ووشك و تاریك هەڵبگرە»

میکانسمی کارلێکردنی ئەسپرین:

بێ‌گومان ئەسپرین هەر بە تەنها دەرمانی سەرێشە نیە بەڵکو گەڵیك سوودیتری هەیە. لە خاڵەکانی خوارەوە باسی هەموو سوودەکانی دەرمانەکە دەکەین:

1 - ئەسپرین دژی تایە: واتە پلەی گەرمی لەشی مرۆڤ کەم دەکاتەوە وە دەیگەڕێنێتەوە پلەی گەرمی ئاسایی، واتە 37,5 ص. ئەم جۆرە کارە بە ئینگلیزی پێی‌دەڵێن:

سروشتیە کە ئەسپرین تەنها دەرمان نیە کە گەرمی لەش کەم دەکاتەوەوە کەم کردنەوەی پلەی گەرمی لەش بۆ پلەی گەرمی ئاسایی. هەمیشە ئەم کارە بەراستی چارەسەری هۆی تای ئەو نەخوشە نیە بەڵکو تەنها مەترسی گەرمای لەشی لەسەر دەبات بۆ ماوەی چەن سەعاتێك وە دووبارە تایەکەی دەگەڕێتەوە کە کاری ئەسپرینەکە تەواو دەبێت. دوو حەپی ئەسپرین دەتوانێت زۆر جاك پلەی گەرمی مرۆڤی نەخۆش بهێنێتەخوارەوە لە ماوەی (1 - 2) سەعاتدا - چۆنیەتی واتە میکانسمی داگرتنی پلەی گەرمی لەش بەم شێوەیەی خوارەوە جێ‌بەجێ دەبێت: -

ئەسپرین لەناو شانەکان و لولەکانی خوێن کاردەکەنەسەر لولەکان ودەکشێنەوە[30] واتە قەبارەی لولەکانی خوێن فراوانتر

هەولێر کتێبخانەی

دەبنەوە، ئەمەش دەبێتەهوی دابەشکردنی گەرمایی بەسەر قەبارەیەکی گەورەتر وە بەم جۆرە پلەی گەرمی لەش نزم دەبێتەوە. هەندێك جار نەخۆشەکە کە تا بەری‌دەدات هەموو لەشی ئارەق دەکات.

2 ـ هێمن کردنی ئێش و ئازاری لەش: Amalgesie egteet

یەکێك لە گرنگترین سوودەکانی ئەسپرین بۆ مرۆڤ ئەوەیە کە ئەسپرین ئێش کەم دەکاتەوەو هەندێك جار بەجاری مرۆڤ چاك دەکاتەوەو لە ئێشەکە سەرفراز دەبێت. مەگەر ئێشەکە بەگجار قورس بێت بە جۆرێك کە ئەسپرین هیچی پی‌نەکات، ئەوسا ماددەی بەهێزتر هەیە وەکو مۆرفین وەیا دەرمانی‌تر. بۆ وێنە ئەسپرین دەرمانێکی‌زۆر بەکارە بۆ سەرئێشە، گیان ئێشە وەیا ددان ئێشە. هەروەها سك ئێشەو ئازاری باداری‌و کۆڵینج و ئێشی ئافرەتی زەیستان و[31] زامداری ئاسان، هەموو بە ئەسپرین خواردن لادەچن.

ئایا چۆن چۆنی ئەسپرین ئەم هەموو ئێش وئازارە لادەبات؟

بەراستی زۆر باش روون نەبۆتەوە، هەرچەندە دوو جۆر لێکدانەوە بۆ ئەمانە پێش کەش کراون: ـ

1 ـ ئەسپرین کار دەکاتە سەر ئەوشانانەی کە سووتانەتەوە[32] وە ئێشیان کەم دەکاتەوە (سەیری خاڵی ئایندە بکە).

2 ـ بەشێك لە زاناکان لەو بڕوایەدان کە ئەسپرین کاردەکاتەسەر ئەو ئەنزیمانەی کە لە مێشك دروست دەبن و دەبن بە هۆی هەست کردن بە ئێش وئازار.

3 ـ ئەسپرین دژی سووتاندنەوەی شانەکانە:

Antinblammatoy effeet.

هەمیشە ئەسپرین دەرمانێکی بەکارە دژی سووتاندنەوەی شانەکان وە توانای چاکردنەوەیانی هەیە. ئایا چۆن ئەم سووتە دەبەخشێت بە مرۆڤی نەخوش؟ لە خوارەوە وەڵامی دەدەینەوە:

وا دیارە ماددەی ئەسپرین شانە سووتاوەکان چاك دەکاتەوە بەهۆی کەم کردنەوەی دروست کردنی ماددەی پروستاگلاندین Prostaglandin لەلایەوە وە ماددەی ثرومبوکسان Thromboxane لەلایەکی‌ترەوە.

ئەم دوو ماددەیە واتە پروستاگلاندین و ثرومبوکسان بەهەمیشەیی لە هەموو شانەکانی لەشدا دروست دەبن و سینەتیکیان ئەوەیە چاك بوونەوەی شانە سووتاوەکان دوا دەخەن. ئەمجا دەوری ئەسپرین لێرەدا ئەوەیە کە چالاکی ئەو ئەنزیمانەی ئەم دوو مادوانە دروست دەکەن کە دەکاتەوە واتە ئەسپرین دەبێت بە کۆسپ لە ڕێگای دروست کردنی پروستاگلاندین و ثرومبوکسان. لەلایەکی‌ترەوە ئەسپرین کار دەکاتەسەر ئەو ماددانەی کە شانەکانی لەشی مرۆڤ دەفەوتێنن. وێنەی ژمارە (5) لە خوارەوە دەوری ئەسپرین لە کەم کردنەوەی دروست کردنی ماددەی پروستاگلاندین و ثرومبوکسان نیشان دەدات: ـ

فوسفولیپید Photplpids

ترشی ئەراکیدۆنیك Arachidonie aeid

(ئەسپرین لێرەدا ئەم هەنگاوە دوا ئەخات)

ئیندوپێرئوکسید Endoperoxides

پروستاسایکلین

سیتاتیر

ثرومبوکسیم

سیاتیر

پروستاسایکلین

Prostaeyelin

پروستاگلاندین Prostaglandin

ثرومبوکسان Thromboxane A2

هەوالنامەی گێتێ



وێنە ژمارە (5)

4 ـ ئەسپرین دەزگای هەست و وریابوونەوە دەگەشێنێتەوە.

Genesal Nesvous Syten Stmulatin

واتە ئەم دەرمانە کار دەکاتەسەر هۆشیاری دەمارەکان و مێشك وگەشە بە پیشەیان دەدات.

5 ـ کاری ئەسپرین بەسەر چینە لینجاویەکەی ڕووی ناوەوەی گەدەدا.

Gastrointestinal eggeets

ئاشکرایە کە گەدە لە ناوەوە بەچینێکی لێنجاوی[34] تەنك، داپۆشراوە. ئەم چینە لینجاویە بەراستی بۆ پارێزگاری گەدە دروست بوە دژی شلاوی زۆر ترش وەیا زۆر تفت. ئەسپرینیش بەبۆنەی ئەوەی کە ترشە (کۆمەڵەی کاربوکسیلی[35] ـ COOH تیادا هەیە) هەندێك جار ئازاری چینە لیخەکەی ناو گە دەدات.

بەتایبەتی ئەگەر هاتو لەسەر سکی برسی ئەسپرین خورا، ئەوا لەوانەیە چینە لینجاویەکەی گەدە بسوتێنێتەوو بیکات بە زام. لەبەر ئەم هۆیە چاك وایە ئەسپرین پاش نان خواردن واتە بەسەر سکی تیردا قووت بدرێت.

6 ـ کاری ئەسپرین بەسەر گیرسانەوەی خوینی بەربوو.

بە ئینگلیزی ئەم سیفەتە پێی دەڵێن «Platalet effeets»

تاقی کردنەوەکان وای ئاشکراکردوە کە ئەسپرین خواردن کار دەکاتەسەر خێرایی گیرسانەوەو وەستانی خوێنی بەربوو لە لەشی مرۆڤدا. واتە ئەگەر هاتوو بۆ ماوەی حەفتەیەك کەسێك ئەسپرین بەکارهێنا دەبینیت خوێنی ئەو کەسە پێویستی بە ماوەیەکی دوقات درێژتر هەیە بۆ گیرسانەوەی خوێنی بەگوێرەی حەفتەیە لەمەوپێش. ئەم ماوەیە زیاد دەکا بە زیادتر بەردەوام بوون لەسەر خواردنی ئەسپرین.

وادیارە ئەسپرین ئەم ئەنجامە پێك دێنێت چونکە ناهێڵێت وردیلە خرەکانی خوێن بەیەکەوە کۆببنەوەو بنیشن. بڕیانی باسە حەفتەیەکی پێویستە پاش نەخواردنی ئەسپرین بۆ ئەوەی خوێن بتوانێت وردیلەی تازە دروست بکات و کۆی بکاتەوە تاوەکو بە شێوەیەکی ئاسایی بمەیەت لە کانی بەربوونا.

7 ـ کارەکانی تری ئەسپرین.

بۆ زاناکان ئاشکرابوە کە بە خواردنی دوو حەپ وەیا کەم تر لە ماوەی ڕۆژێکدا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی ماددەی ترشی یووریك Urie aeid ،[36] لەناو خوێندا کەچی ئەگەر هاتوو چوار حەپ زیادتر ڕۆژی بەکارهێنرا دەبینین ڕێژەی ترشی یووریك دێتە خوارەوە. لەلایەکی ترەوە ئەسپرین خواردن بەشێوەیەکی گشتی سووڕانی خوێن لەناو لەشی مرۆڤا سست کات.

هەواڵنامەی کێشی

چەنێك لە ئەسپرین خواردن دروستە؟

گومانی تیادا نیە کە زۆر خواردنی هەر شتێك باش وەیا خراپ ئەنجامەکەی زیان و زەرەر بەخشە بۆ نەندروستی مرۆڤ. بۆ وێنە ئاوخواردنی یەگجار زۆر زیان دەبەخشیت بە ئەندروستی وەیا زۆر خواردنی ڤیتامینەکان وەیا «دەرمانی بەهێزکردن»[36] مرۆڤ ژەهراوی دەکات و ئەندروستی تێك دەدات. ئەسپرینیش دەرمانێکی زۆر بەسوودە، بەڵام پێویستە بەگوێرەی ئاموژگاری پزیشك بخورێت. لەڵای زۆربەی خەڵك ئاشکرایە کە دوو حەپ ئەسپرین لە ماوەی چوار سەعاتا زۆر بەجێیەو بەسوودە.

پاش چوار سەعاتەکە بۆ ئەو کەسە هەیە دوو حەپی تر قووت بدات. لەوە زیاتر ئەسپرین لەشی مرۆڤ ژەراوی دەکات.

ئەوەی راستی بێت هەرگیز نابێت زیادتر لە (12) حەب ئەسپرین بخوێت لە ماوەی (24) سەعات، چونکە لەوە زیادتر لەشی مرۆڤ ژەراوی دەبێت. نیشانەکانی ژەهراوی بوون گەلێکەو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت. هەندێك کەس لە ئەنجامی زۆر خواردنی حەبی ئەسپرین پێشتیان دەنکەی[37] (زیتکە) سوور دەردەدات. گەلێك جار پزیشکەکان ئەم رووداوە بە «هەستیاری»[38] دەدەنە قەڵەم. واتە ئەگەر کەسێك هاتوو دە دوانزە حەبی ئەسپرینی بەجارێك قووت دا ئەوا ئەو کەسە دوورنیە بمرێت چونکە ئەو دەرمانە زۆرە ئەو کەسە ژەهراوی دەکات.

گەلێك جار دەبێستین کەهەندێك هالوولاتیە ئەوروپاییەکان وە ئەمریکاییەکان ژیانی خۆیان کۆتایی پێدێنن و خۆیان[39] بە ئەسپرین خواردن دەکوژن سروشتیە کە ئەم جۆرە کەسانە کە خۆیان دەکوژن هۆش و بیری ئاساییان لە مێشکدا نامێنێت لەو کاتەی خۆیان دەکوژن.

بۆیە لێرەدا دەڵێین: زۆر پێویستە ئاگادار بین لەمالەوە نەوەکا منداڵ دەستی بگاتە ئەسپرین وەیا دەرمانی تر بیخوات. چونکە هەموو دەزانین کە منداڵ نەفانەو پەلاماری هەموو شتێك دەدات ودەیخوات. ئەسپرین و هەموو دەرمانێکی تر پێویستە لە شوێنێکی تایبەتی قفڵ بدرێت و بە هیچ جۆرێك منداڵ دەستی پێنەگات.

بێگومان دەتوانین بڵێین وەك بڕێشکە خواردن ئەسپرین دەخورێت لەلایەن گەلی وولاتە پێش کەوتوەکانەوە. بۆ وێنە هەر لە ئەمەریکا بەتەنها لە ساڵی 1955 نزیکەی (15) ملیون پاوند (واتە حەوت هەزار تەن) ئەسپرین بەکارهێنراوە لەلایەن هاوولاتیەکانەوە. واتە هەر کەسێ پێنج حەب ئەسپرینی بەدەکەوێت.[40]

بۆ لێکۆڵینەوەیەکی فراوانتر تکایە پرس بە سەرچاوەکانی ژمارە (41 ـ 45) بکە.

پەراویزو سەرچاوەکان:

(1) ـ تاولەرز = سێبەرۆ = الملاریا.

(2) ـ درەختی کینا = شجرة الکینا Cin Chona Tsee

3. R. Q. Brewster, and W. E. Me Ewen, - Organic(3) Chemistry, Prntice - Holl, gne. 1961, Pase 661.

(4) داربێ = درەختیکی ناسراوە لە کوردستان.

(5) ئاوگە = الأفرازات النابعة من الغدد.

6. C. R. Nollev, Chemisyry of Orgamie Compowds and. eel.,(6) Saundess Conpowy, 1957, Pass 560.

(7) زیانی لابەلا = الأضرار الجانبیة أو التأثیرات الثانویة Side effeet

(8) سالیسیلات Salieylate بریتیە لەم ئایۆنە OH COO.

(9) رێخۆڵەی دوانزە گرێ = المعی الأثنی عشری.

(10) گۆڕان = تمثیل = Metabolisn واتە ئەو کارە کیمیایە ژیانیاتەی بەسەر مادەدا پێك دێت لەناو شانەکانا.

(11) ئەنزیم = Engyme ـ گەردێکی زۆر درێژە لە چەشنی پۆلیمەرە Polymero پێك هاتوە لە یەك گرتنی ترشە ئەمینیەکان - (R e - NH2) eooH لەناو شانەکانی لەش. ئەم ئەنزیمانە پێویستن بۆ جێبەجێ بوونی کارە کیمیایی ژیانی.

هەولێر ئامەی کتێب

(12) ئیستەر = Ester - چەشنێکی تایبەتیە لە مادده ئورگانیکەکان پێك دێت لە کارکردنی ترشی کاربوکسیل لەگەڵ ئەلکحول.

(13) ئەلبۆمین - چەشنێکی پروتینە کە بەزۆری لەناو خوێندا هەیە.

(14) بنەڕەتی = قاعدية Basicity

(15) ترشی سرکەی بێ‌ئاو = حامض الخليك اللامائي.

(16) نەخشەی هێڵی = شكل تخطيطي Sketel

(17) کاری‌لابەلا = تفاعل جانبي أو عرضي أو ثانوي.

(18) ژووری بللوور کردن = Cystallyatin غرفة البلوره أو التبلور.

(19) ژووری خولانـدن = Ceutifuytoin Clawben خولـنـيـەر (Ceutsifuse) بریتیـە لە ئامێـرێکی تایبـەتی کە لە ئاسێکی خر پێکهـاتـووەو وگە مزراح دەخولێتـەوە. بەقەد ئەم ئاسنەوە شوێنی تایبەت دروست کراوە بۆ داناتی لولەی بچوك وەیا گەورە ئیایان دا ئەو تێکەڵە دادەنرێت کە مەبەستمان جیاکردنەوەی بەشە رەنەکەی لە شلەکەیە. ئەمجا بەخولاندنی ئامێرەکە مادده رەنەکە دەچێتە خوارەوەی لولەکەو دەنیشێت وە شلەکەیش لەسەرەوە دەمێنێتەوە. ئەم جۆرە تەکنیکـە دەتـوانین بڵێین تازەیـەو لەجیـاتی پالاوتنی جاران بەکار دەهێنرێت بەتایبەتی لە کارگەکاندا.

(20) تونەر = مذيب Solvent

(21) چوارەم کلۆریـدی کاربـون = رابـع كلوريـد الكـاربـون Conlon Tetsechloide

(22) ئەم زانیـاریـەی دەربـارەی پیشـەسـازی ئەسپرین لەم سەرچاوەیە پوختە کراوە: -

W. L. faith, D. B. Keyes, and R. xlark, «Indu etrial Chemicals» and. ed., Joim Wiley, (1957), PP - 126.

(23) باوێتی = شيوع Populaity

(24) هەمەجۆر = من نفس النوع (مشابه).

(25) أ

Merk Index, 8 th ed., (1968), Pase 12.

(25) ب بەتاك = مشكوف.

(26) میل = مل = Ml کورتەناوی میللیلیترە واتە (1/1000)ی لیترێك.

(27) پلەی ئاسـایی = درجـة الحـرارة الاعتيـادية = Room Teupesotuse بریتیە لە 25م.

C. O. Wilsn, O. Cisveld, and R. F. Doerge, Textbook of (28) osganic medieinal and Phasma Ceutieal Chemistrg 6 th ed., J. Lippincott Conpany, (1971) P - 738 -

(29) کلوریـدی ئاسنیـك = کلوریـد الحـديـديك Fect3 (شلاویکی 5٪).

(30) کشانەوە = تمدد.

(31) زەبستان = ئەو ئافرەتەیەکە تازە منداڵی بووبێ - ماوەکەی چل رۆژە پاش منداڵ بوون.

(32) سوتاوتەوە = ملتهبه.

(33) دەزگای هەست و وریابوونەوە = الجهاز العصبي والحسي.

(34) چینێکی لینجاوی = طبقة مخاطية.

(35) کۆمەڵەی کاربوکسیل بریتیە لە (C - OH) وە دەبێ بە هۆی سیفەتی ترشی ئاوێتەکە بەتایبەتی بە بوونەی هایدروجینەکەی کە بەئاسانی دەبێت بە ئایون ion لە ئاودا واتە:



(36) دەرمانی بەهێزکردن = مقوی.

(37) دەنکە = زینکە = بثور، حبوی تظهر على الجلد بشكل أحمر.

(38) هەستیاری = حساسیه.

(39) خۆیان دەکوژن = يتخرون.

(40) سەرچاوە ژمارە (3)، لاپەرە 661.

B. G. Kteuna, «Basie and Clinesl Pharmaeology Middle(41) east eelition, Lenge - Lebanan, 1983 Pase 3.9 - 375 -

Cohen, L. S, «Clinical Pharmaeology of aeetyl Salieylie(42) aeid», Semin thromb Hemostas 1976.

Cotles Shama YR, «Aspirin and Senile Catasasts in(43) rheumatoid arthritis (letters) Lancet, 1981.

Abrishami M. A and Thomas J., «Aspirin Inoleranee,(44) areuoew, Amm Allesgy, 1977.

Furst DE Gupta N., and Paiutus H. E, Salieylate(45) Metabolism in Twins, Evidenee Huggesting a genetie wfluenee and in duetion Salieylusate Fowation, J. Clin gnvest, 1977, 60, 32.

مەکینەی تۆوکردن

د. جەهاد کیاف
زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێجی -
ئامادەکاری - هەولێر -

پرۆسیسی «Process» چاندنی تۆو بە گرنگ ترین پرۆسیسی کشت وکاڵی دەژمێردرێت لە پاش کێڵانی زەوی. بەرهەمی کشت وکاڵ بە پلەیەکی سەرەکی رادەوەستێت لەسەر چۆنیەتی چاندنی تۆو چاندنی یەکسان بە مەرجێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ شین وئماء بوون و پەرە پێدانی ڕووەك لە خولی ژیانیدا. لەبەر ئەوە ڕووەك ڕووەیەری خواردەمەنی بەشێوەیەکی باش دەتوانێ بەکار بهێنێت و بەچاکی سوود لەتیشکی ڕۆژ و تەرایەتی زەوی وەر دەگرێت. ئێجا بۆ ئەمەش چەند مەرجێکی کشت وکاڵی هەیە کەپێویستە جاوەڕوان بکرێت لەکاتی چاندنی تۆو، و شەنڵ بۆ ئەوەی باشترین مەرجی ژیانی ڕووەك بهێنرێتە کایەوە باشترین بەرهەم گردەکۆ بکرێتەوە. بەگشتی ئەم مەرجانەی کشتوکاڵی دیار دەکرێت:

1 - بەیەکسانی دابەش کردنی تۆو بەڕووبەری زەوی.

2 - چاندنی تۆو لەقووڵایەکی یەکسانی دیارکراو قووڵایی چاندنی تۆو بەگوێرەی کەراکتەری ڕووەك و تاووهەوای شوێنەکان ڕەچاو دەکرێت.

3 - چەندایەتی چاندنی تۆو(quantity)بۆ هەر دونمێك بەشێوەیەکی ڕاست چاوەڕوان بکرێت. بۆ هەر جۆرە ڕووەکێك وەشوێنی جیاجیادا ڕێگای چاندنی بۆ دیار دەکرێت بەپێی مەرجەکانی کشتوکاڵی هەر جۆرە تۆوێك چەندایەتی چاندنی لە هەر دونمێك جیاوازە لەگەڵ جۆرێکیتر.

چەندایەتی چاندن بۆ هەر دونمێك بە کیلوگرام دەپێورێت کغم/دونم.

4 - چاندنی تۆو وشەنڵ پێویستە لە کاتی دیارکراوی خۆی دەست پێبکرێت.

دابەش کردنی یەکسانی تۆوو چەندایەتی چاندن، ڕووبەری زەوی بۆ هەر ڕووەکێك کەپێویستیەتی لە خولی ژیانی‌دا دیار دەکات، کە بە ڕووبەری خواردەمەنی ناو دەبردرێت.

ڕێگاکانی چاندنی تۆوو شەنڵ

ڕێگەکانی چاندن بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەش دەکرێت:

1 - چاندنی تۆو لەسەر ڕووتەختی تانی (Vertical Plane) وبڕگەی دیارکراوی ڕووی زەوی).

2 - چاندن لەسەر ڕووتەختی ئاسۆیی (Horizontal Plane) (یانی خەتەکانی جووت و دابەش کردنی تۆو بەسەر خەتەکانی جووت).

1 - چاندنی تۆو لەسەر ڕووتەختی تانی بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوە دابەش دەکرێت (وێنەی 1):

أ - چاندنی لەسەر ڕووی زەوی پان وتەخت کراو (Flat Sowing) (وێنەی 1 - أ):

ئەم جۆرە چاندنە بۆ ئەو شوێنانەی کە بارانیان ئاسایی و کەمە بەکار دەهێنرێت.

ب - چاندن لەسەر خەتی جووت (Bed Sowing) (وێنەی 1 - ب):

ئەم جۆرە چاندنە بۆ ئەو شوێنانەی کە بارانیان زۆرە هەروەها بۆ زەوییە ئاوێرەکان «بەراوەکان» بەکار دەهێنرێت.

لە ڕێزاوەکان تۆو لەسەر ڕووی زەوێکی پان وڕووتەخت» دەچێنرێت لە هەمان کاتیش جۆگە هەڵ دەکەنرێت.

دەنکی «تۆی» دانەوێڵە لە ڕێزێك دا وێنەی 1 - ب) پان لەچەند ڕێزدا (وێنەی 1 - ب2) لەسەر جۆگە دەنێژرێت.

حـ - چاندنی لە ناو خەتی «جۆگەلەی» جووت:

«Furrow Sowing»

ئەم جۆرە چاندنە بۆ ناوچەکانی کە وشکن و باران نیمچە وشکن بەکار دەهێنرێت.

چاندن بەم شێوەیە کە بۆ ڕووەک پێویستە لەباشترین ڕێزدا بۆ ماوەیەکی درێژ ئامادە دەکات و لە مەترسی بژن بەهەڵمەوە دەپارێزێت و پارێزگاری ڕووەک لەسەرما یردن دەکات.

گەنمە شامی و پەمۆ بەم جۆرە چاندنە باشترە بچێنرێت.

د ـ چاندن لەناوپەڕێز: (Stubble Planting)

(وێنەی 1 ـ 2)

ئەم جۆرە چاندنە بۆ ئەو ناوچانەی کە دەکەوێنە ژێر مەترسی زامالینی بای بەهێز بەکار دەهێنرێت. لەئەنجامی ئەمەدا چاندراو لەمەترسی زامالینی بای تونددێژ و کەم بوونەوەی ئەرایەتی دەپارێزدرێت.



(وێنەی 1) جۆرەکانی چاندنی تۆو
لەسەر ڕووەخی
تانی باخود (ستوونی)

2 ـ چاندنی تۆو لەسەر ڕووەخی (ئاسویی) وپانی لەنێوان خەتەکانی جووت و دابەش کردنی تۆو لە خەتەکانی جووت دا.

ئەم ڕێگایە بۆ ئەم جۆرانە دابەش دەکرێت:

أ ـ چاندن لەڕێزدا:

(وێنەی 2 ـ أ) (Vow Sowing)

چاندن لە ڕێزدا بەزۆری بۆ چاندنی گەنم و جۆو کاڵەک و خەیار (ئاروو) هند. بەڵام بووەتەوە.

پانی نێوان خەت بەگۆڕەی پێویستیەکانی کشت وکاڵی و کەراکتەری جۆری ڕووەک ڕەچاو دەکرێت. بۆ گەنم و جۆ پانی نێوان خەت 15 سەنتیمەتر بەکار دەهێنرێت. چاندن لەڕێزدا بۆچەند جۆری جیاجیای ڕەچاو دەکرێت وەکو:

گەورە پانی ڕێز (Wide - Space Sowing)

——— (وێنەی 2 ـ أ)

ئەم جۆرە چاندنە بۆ پەتاتەو گەنمە شامی و گوڵە بەرۆژەو چەوەندەرو... هتد.. بەکار دەهێنرێت کەپانی نێوان خەت دەکەوێتە نێوان (45 ... 90) سەنتیمەترو پتر.

تەسکە پانی ڕێز (harrow - row Sowing)

——— (وێنەی 2 ـ أ،)

ئەمەش بۆ گەنم و جۆو تۆوی وورد بەکار دەهێنرێت پانی لەنێوان خەت دا دەکەوێتە نێوان (7 ... 6) سەنتیمەتر شێوەی ڕووبەری خواردەمەنی ڕووەک لەتەسکە ڕێزدا شێوەی چوارگۆشە وەردەگرێت.

کەم و کوڕی ئەم چاندنە بریتیە لەزۆر بوونی چەندایەتی چاندن بەگۆڕەی چاندنی گەورەپانی ڕێز.

ب) چاندنی زنجیرەیی (bond Sowing)

——— وێنەی 2 ـ ب)

ئەم چاندنە لە چەند ڕیزێکەیەکی تەنها زنجیرەیی پێك هاتووە کە پانیەکەی لەپانی نێوان ڕیزەکان گەورەترە.

حـ) چاندنی دانەدانە وبەك بەك، (Precision Sowing)

——— (وێنەی 2 ـ حـ)

هەوالنامەی کێڵگە



(وێنەی2) چاندنی تۆو لەسەر دووڕەختی

ئاسۆیی.

کتێبخانەی وەزارەتی پەروەردە

ئەم جۆرە چاندنە لەم سالانەی دواییدا بە شێوەیەکی زۆر بڵاو بووەتەوە بۆ چاندنی چەوەندەر و گەنمە شامی و پەمۆو گوڵە بەرۆژەو. . هتد. کە دانە دانە وەک یەک، دەنکی تۆو لە ماوەیەکی نزیکی یەکسانی یەک لەدوای یەک دا دەچێنرێت.

ماوە لەنێوان دەنکەکانی دانەوێلە لەسەر جۆری تۆو وەرجی ئەو شوێنەی لێی دەچێنرێت رادەوە ستێت. بەگشتی ماوەی نێوان دەنکەکانی تۆو. دەکەوێتە نزیکەی (25 . . . 5) سەنتیمەتر.

د) چاندنی پیاچوونەوەیی «چاندنی بەشێوەی شەترەنجی»

(Cross Sowing)

(وێنەی 2 - د)

ڕووبەک بەم جۆرە چاندنە لە سەر ڕێزی خەتی جووت بەگوێرەی یەکسەری وەکو هێڵی شەترەنج دووستین «یان دابەش دەکرێت». لە ئەنجام دا بەسێ ڕووکاری «سەتی» جیاجیا بەدرێژی کێڵگەو بەدوو تیژی یەکتر بڕدا، چاوێری لە چاندراو دەکرێت «یانی بەسێ ڕووکار «سەت» خەرماشە دەکرێت». .

هـ) چاندنی هێلانەیی (holeu «nest» Sowing)

(وێنەی 2 - هـ)

ئەم جۆرە کێڵانەش شێوەیەکە لەشێوەی چاندنی گەورەپانی چاندنی ڕێزیی. چەند دەنک تۆوێک لەهێلانەدا دەنێژرێت بەپێچەوانەی شێوەکانی چاندنی کەلەسەرەوە باسمان کردن.

تۆو لەڕێزدا بەپێی ناچێنرێت.

ماوە لەنێوان هێلانەکان لەڕێزدا یەکسان نیە ئێنجا لەبەر ئەمە ئەنها بەدرێژی ڕێز چاوێری لەچاندراو دەکرێت.

«یانی بەدرێژایی ڕێز چاندراو خەرماشە دەکرێت». ئەمەش کەم وکوری چاندنی هێلانەییە. هێلانەیی).

و) چاندنی چوارگۆشە - هێلانەیی

(وێنەی 2 - و)

ئەم جۆرە چاندنە جیاوازی لەگەڵ چاندنی هێلانەیی ئەمەیە کەماوە لە نێوان هێلانەکان بەدرێژایی ڕێز یەکسان و هێلانەی ڕێزەکانی دراوسێ دەکەونە بەرامبەر یەکتری.

لەم ڕێگایەدا دوو جۆرە پێوان چاوێری دەکرێت، یەکیان پانی لەنێوان ڕێزدا B ئەوەی تریان درێژی لەنێوان هێلانەکان دا a.

ئەو کاتەی «a-B» بە چاندراو دڵنین چوارگۆشە - هێلانەیی، بۆ چاندنی تۆو. بەکار دەهێنرێت. بەڵام ئەگەر «a-B» وپانی B گەورەتر بێت لە «a» یان a-B یانی a گەورە تربێت لە B» . چاندراو پێ دڵنین لاکێشە - هێلانەیی و بۆچاندنی شەتڵ بەکار دەهێنرێت.

بەم شێوەیە چاندراو بەدوو ڕووکاری «سەتی» تانی چاوێری لەنێوان خەت دا بەئەواوی میکانزم دەکرێت «یانی ئامێری کەپێویستە بۆ چاوێری کردن لەنێوان خەت دا دەتوانرێت بەکار بهێنرێت، بۆ هەر پرۆسێک».

ح) چاندنی بەپێ ڕێز (وێنەی 2 - ح).

: ئەم جۆرەچاندنە بڕێتیە بەیەکسانی چاندنی تۆو بەپێری لە زنجیرەیەک پانیەکەی (4/000/00)ملیمەتر بەپێ ئەوەی هیچ نیوانێکی سەربەخۆیی هەبێت. بەڵام ئەم جۆرە چاندنە هەتاکو ئێستا بەزۆر بەڵاو نەبووەتەوە.

خ) چاندنی وەشاندن (broadcast Sowing)

ئەم جۆرە چاندنە کۆنترین شێوەی چاندنە هەتاکو ئێستاش لەزۆر دەوڵەتەکانی جیهان دا بەکار دەهێنرێت. تۆو بە سەر ڕووی زەوی بەمۆی ئامێری میکانیکی یان بەدەستەوە دابەش دەکرێت.

بەمۆی میکانیکەو فرۆکەی کشت وکاڵ و ماکینەی تۆکردنی بنکەیی (Centrifugal Spreade) و- ماکینەی چاندنی تۆوی تایبەتی بەکار دەهێنرێت. ئەگەر بەدەست تۆو بەسەر زەوی دابەش بکرێت لەپاشان زەوی خەرماشە دەکرێت یان شانە دەکرێت.

بەم جۆرە چاندنە تۆوزۆر بەناڕێکی «نابەکسان» بەسەر ڕووی زەوی و بە قووڵایی چاندن دابەش دەکرێت. لە ئەنجام دا بە شێوەیەکی سڵبی کار دەکاتە سەر بەرهەم.

ماکینەی تۆوکردن grain drill. ئەم جۆرە ماکینەی بەزۆری بڵاو بووەتەوە لە بەرهەم دا دابەش دەکرێت بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ دوو بەش:

1 - ماکینەی تۆوکردنی گشتی «Universal» : ئەم ماکینە بۆچاندنی زۆربەی زۆری تۆوی کشت وکاڵ وەکو گەنم و جۆو تۆوی گیاو

هەوالنامەی کێڵگە

کتان ویرنج.. هتد بەکار دەهێنرێت. هەر لەهەمان کاتیش دا پەینی کیمیاوی لەگەڵ تۆو دابەش دەکات و دەیگەیەنێتە زەوی.

ئەم ماکینە بەشێوەیەکی سەرەکی دانەوێلە لەرێزدا دەچێنێت.

2 ـ ماکینەی چاندنی تایبەتی «Special»:

ئەم ماکینە بۆچاندنی تەنها جۆرێك یان چەند جۆری دیارکراوی تۆوی لە یەك چوون دیان نزیك بن لەگەڵ یەك بە کەراکتەری (Character) فیزیاوی و میکانیکی بەکار دەهێنرێت. ئەم ماکینە بەگرنگی بۆ ئەم شێوانە دابەش دەکرێت:

أ ـ ماکینەی چاندنی چەوەندەر

ب ـ ماکینەی چاندنی گوڵە بەرۆژە وچاندنی دانەدانەو هێلانەیی.

حـ ـ ئامێری چاندنی پەمۆ.

3 ـ ماکینەی چاندن بەگوێرەی راکێشان دابەش دەکرێت بۆ:

أ ـ ماکینەی چاندنی تراکتور وئەمەش دابەش دەکرێت بەگوێرەی بەستانی بەتراکتورە بە: هەڵگیراو، نیوە هەڵگیراو، راکێشەر.

ب ـ ماکینەی چاندنی هێستر حـ، ماکینەی چاندنی دەستی.

نەخشە سازی (Construction) و پرۆسێسی

کارکردنی مەکینەی تۆوکردن رێزیگشتی

هەموو مەکینەك وەك هەروەها مەکینەی تۆوکردن لە چەند پارچەی جیاواز پێك دێت.

هەندێك لەو پارچانە کارکەرن و ئەوانەی تریش یاریدەدەرن. هەر یەکێك لەمانەش ڕۆڵی تایبەتی خۆیان دەبینن (وێنەی ـ 3).

پارچەکانی کارکەری مەکینەی تۆوکردنی ڕێزیگشتی بریتیە لە ئامێری تۆوەدری (Seeding apparatus) 11 و ئامێری دابەش کردنی پەینی کیمیاوی (Fertilizer distribution) 12 و بۆری هەڵگری تۆوی (Seed tube) 3 لە هەمان کاتیش دا بۆ هەڵگرتنی پەینی کیمیاوی بەکار دەهێنرێت وەکو لە (وێنەی 3 ـ أوحـ) بەڵام لە هەندێك مەکینە بۆری هەڵگری پەینی کیمیاوی 13 تایبەتی خۆی هەیە. گاسنی چاندنی، خەت بۆناشتنی تۆو لەژێر خاك ئامادەدەکات. عەماری (Unit Box) 1 کە دابەش کراو بۆ دوو بەش یەکیان پێشەوە بۆ هەڵگرتنی تۆو بەکار دەهێنرێت ئەوەی تریان لەپاشەوەبە بۆ هەڵگرتنی پەینی کیمیاوی بەکار دەهێنرێت.

شانەی داپۆشەری 7 (Coverer) (وێنەی 3 ـ حـ) یان زنجیری 14 (وێنەی 3 ـ أوب) بۆ داپۆشتنی دانەوێلە (تۆو) بەخاکی هەڵکزاو بەکار دەهێنرێت و لەهەمان کات دا زەوی تەخت و ڕاست دەکاتەوە.

پارچەکانی بارمەتیدەری مەکینەی چاندن بریتیە لەشاصی وبڕگەی شێوەی چوار گۆشەیە لەبوریکی چوارگۆشەیی دروست دەکرێت و لەسەر دوو پێچکەی پاڵپشتی 5 ئوند دەکرێت. شەفتی (Shaft) 4 دوو پارچەیە گاسنەکانی چاندنی لای ڕاست و چەپ بڵندو نزم دەکات.

دابەش کەری بزوتنەوەی (transmission Mecanism 8 لەگەڵ گێر (Gear) ڕۆڵی خولانەوەی (سوڕانەوەی) ئامێری تۆودەر وپەینی کیمیاوی دەبینێت.

مژانەی 15 (trailer) مەکینەی تۆوکردن لەگەڵ تراکتورەوە دەبەستێت.

هیدرولینەری (Hydraulic Cylinder) 2 بۆ بەرزکردنەوەو خستنە کارکردنی گاسنەکان بەکار دەهێنرێت. سپرینگی ڕێکخەری فولایی چاندنی و دەسکی (Lever) ڕێکخەری چەندایەتی تۆو نیشانەی (Signal) خولانەوەی (سوڕانەوەی ئامێری تۆودەرو دابەش کەری پەینی کیمیاوی ڕۆڵی چاندن.

جێگای (تەختەی) ڕاوەستانی کرێکاری، پرۆسێسی کارکردن: لەپێش ئەوەی مەکینەکە بکەوێتە کارکردن عەمارەکە لە دوویەش پێك هاتووە یەکیان بۆ تۆووە ئەوەی تریان بۆ پەینی کیمیاوییە پر دەکرێن.

لە کاتی پرکردنی عەمارەکە بە تۆوو پەینی کیمیاوی ئامێری تۆو دەرو دابەش کەری پەینی کیمیاویش سەر بەخۆلە کولانکێکی (Feed Opening) تایبەتی خۆی بە تۆو وپەینی کیمیاوی پر دەبێت.

لە کاتی کارکردن گاسنەکانی مەکینە بۆ باری کارکردن نزم دەکرێتەوە خوارەوەو زەوی دادەخەن بۆ قولایکی دیار کراو بەپێی مەرجەکانی کشت وکاڵی لە هەمان کاتیش دا شەفتی ئامێری تۆودەرو ئامێری دابەش کەری پەینی کیمیاوی دەخولێنەوەو ئامێرەکان دەکەونە کارکردن و تۆو تۆو وپەینی کیمیاوی کە لە ناویان کۆ بوونەوە لەگەڵ خۆیان دەخولێنەوە هەتاکو بەردەم بۆری هەڵگری تۆو وپەینی کیمیاوی (لەهەندێك مەکینە تەنها یەك بۆری هەڵگری هەیە بۆ دانەوێلەو پەینی هەروەکو لە (وێنەی 3 ـ أو حـ) کە سەرێکی لەبانەوە بەئامێری تۆوەدەر وپەینی کیمیاوی دەبەسرێت ئەوەی تریشی لەخوارەوە بە بۆری گاسن ئوند دەکرێت. بەڵام لەهەندێك

هەوڵنامەی دکتۆرا



أ



ب



ج

(وێنەی ٢-) ماکینەی تۆوکردنی گەنم

ماکینەی تۆوکردن بۆری هەڵگری تایبەتی تۆو وبۆری هەڵگری تایبەتی پەنی کیمیاوی جیا جیا بەکار دەهێنێت (وێنەی 3 - ب).

ئێستا تۆو وپەنی کیمیاوی بەرەوبۆری گاسنی چاندن سەربەخۆ دەکەوێنە خوارەوەو لەوێشەوە بەسەر پارچە ڕووکارێك (guide) بۆ ناو خەتی جووت کە گاسنەکان ئامادەیان کردووە دەخرێنە خوارەوەو لەپاشان بەهۆی شانە بان زنجیر وویا باگوردان تۆوی چاندراو بەچینێکی خاکی نەرم شێدار دادەپۆشرێت.

ئامێری تووەدر

ئامێری تووەدر بریتیە لە گرنگترین پارچەی کارکەی ماکینەی تۆوکردن چۆنیەتی تێکنۆلۆجیای چاندن و چەندایەتی بەرهەم لەسەری ڕادەوەستێت.

ئامێری تووەدر بە گوێرەی چۆنیەتی چاندن بۆ دووبەشی سەرەکی دابەش دەکرێت:

1 - ئامێری تۆو دەری کۆمەڵ کۆمەڵ ئەم ئامێرە قەبارەیەکی دیارکراوی

تۆو هەڵ دەگرێت و بەسەر زەوی‌دا دابەش دەکات و بۆ چاندنی تۆوی گەنم و جۆو برنج و کونجی و تۆوەشی پیازو تۆوی کاڵەك و تەوری. . هند بەکار دەهێنرێت.

2 ـ ئامێری تۆودەری بەکسان (دانە دانە): ئەم ئامێرانە دەنکێك یاچەند دەنکی تۆو لەماوەیەکی دوو لەیەکسری (یان لەنێوان دوو دەنك ماوەیەکی دیارکراویان لەنێوان دا هەبێت، دیارکراو دەچێنێت و بۆچاندنی تۆوی پەمۆو گەنمەشامی‌و چەوەندەر. . هند بەکار دەهێنرێت.

لەنەخشەدا چەندەای جۆری ئامێری تۆودەر بەرچاو دەکەوێت، بەڵام لە مانەش چەند جۆرێك بەزۆری بڵاوبونە ـ تەوە وەئیستەش هەندێك لە ئامێری تۆودەری کۆمەڵ بەزۆری لەسەکینەکانی چاندنی ئیستادا بەکار دەهێنرێت و بەرچاوی خوێنەوارانی خۆشەویستی دەخەین و ئومێدەوارم سود بەخش بن.

جۆرەکانی ئامێری دابەش کەری دانەوێلەی (ئامێری تۆودەری) کۆمەڵ کومەڵ:



1 ـ ئامێری کەوچك دار (Creep Feed mechanism)

ئەم جۆرە ئامێرە کۆنترین ئامێری تۆدەری (دابەش کەری دانەوێلەی) میکانیکیە بۆ چاندنی زۆربەی زۆری دانەوێلە بەکار دەهێنرێت.

لەسەدەی نۆزدەهەم بەشێوەیەکی بنچینەیی ئەم ئامێرە بڵاو بوبۆوە لەبەر ئەمەش بەسەر چاوەی ئامێرە نوێیەکانی ئێستاکە لەبەرهەم بڵاو بوونەوە دەژمێردرێت.

ئامێرە نوێیەکانی ئێستا بەگوێرەی ئامێری کەوچك دار گۆڕاوون و پەرەیان پێ‌دراوە. بەڵام لەم سەدەیەدا زۆر بەجۆرێکی کەم بەکار دەهێنرێت لەبەر چەند کەم وکوڕیەك کە لەدوایی ئەم باسەدا ئاشکرای دەکەین.

ئەم ئامێرە لەچەند دیسکی (disk) 1 و کەوچکەکانی (Spoon) 2 و عەمباری تۆوی 93 شەفتی (Shaft) خوڵانەوەی دیسکەکان 4 پێك هاتووە. لەسەردوو رووی دیسکەکەوە کەوچکەکانی لێ‌دەبەسرێت و تونددەکرێت هەر بەکێك لەم کەوچکانە سەر بەغۆ لەناو عەمباری تۆو دەخوڵێتەوە لەکاتی خوڵانەوەی دیسکەکەدا لە چینەکانی تۆوەکەدا نقوم دەبێت و بەشێك لەتۆو هەڵ دەگرێت و بۆیاری بەرەو سەرەوەزی دەکاتەوە. لەکاتێ کە دیسکەکە لەباری سەرەوە بەرەو خوارەوە نزم دەبێتەوە کەوچکەکانی وردە وردە باریان دەگۆڕێت یانی وردە وردە لار دەبنەوە هەتاکوبە تەواوی وەراوگێر دەبن. ئینجا تۆو دەکەوێتە ناو بۆری هەڵگری تۆو لەوێشەوە سەربەخۆ بەرەو گاسنی چاندن دەکەوێتە خوارەوە لەپاشان دەکەوێتە ناو خەتی جووت کەئامادەکراوە لەپێشاندا.

چەندایەتی چاندنی تۆوی پێویست لەدوو شێوە دا بەهۆی گۆڕینی خێرایی خوڵانەوەی شەفتی دیسکەکان ڕێك دەخرێت یان بەگۆڕینی کەوچکەکان کە قەبارەی جیا جیایان هەیە. لە ئەنجام دا چەندایەتی چاندن کەم یان زیاد دەبێت.

وەبۆ چارەسەرکردنی ئەم کارەش دوو ڕێگا بەرچاو دەکەوێت:

1 ـ گۆڕینی شەفتەکە لەگەڵ دیسك و کەوچکەکانیدا بە شەفتێکی تر کەکەوچکەکانی جیاوازبن بە قەبارەیان بەگوێرەی کەوچکەکانی پێشوو. لەئەنجام چەندایەتی چاندن زیادیان کەم دەبێت.

2 ـ یان هەر دیسکەکە دوو جۆرە کەوچکی جیاواز بەقەبارە، بەکیان گەورە ئەوەی تریان بچوك بەکار دەهێنرێت. ئەو کاتەی کە قەبارەی هەڵگرتنی تۆو پێویستە بگۆڕدرێت باری شەفتەکە وەردەگەڕێت لەئەنجامی ئەمە بۆچەندایەتی چاندنی دیارکراو دەتوانرێت ڕێك بخرێت.

بۆچاندنی تۆوێك کەپێوانەیان جیاوازە بەگوێرەی تۆوبەکانی تر، شەفت و دیسك و کەوچکەکان پێویستە بگۆڕدرێن بەجۆرێکی تر کە لەگەڵ پێوانەی تۆوبەکە بگونجێت، بۆ نمونە کەتوودان لەگەنمەوە بگۆڕدرێت بۆکونجی.

هەوالنامەی کتێبی

مانای ئەمە ئەوەیە کە بۆچەند جۆرێکی تۆو شەفت و دیسك و کەوچکی تایبەتی خۆی پێویستە.

کەم و کوڕی ئەم ئامێرە بریتیە

1 ـ کەم بوونەوەی بەرزی دیارکراوی تۆو لەعەماری مەکینەکەدا بەشێوەیەکی ناشیاو کاردەکاتە سەر چۆنیەتی چاندن.

بەهۆی کەم بوونەوەی بەرزی دیارکراو تۆو، کەوچکەکان ناتوانن چەندایەتی دیارکراو تۆو هەڵ بگرن. بەم جۆرە چەندایەتی چاندن لە دۆنمێك دا کەم دەبێتەوە.

لەئەنجامی ئەمەدا مەکینەی ئەم شێوە چاندنە ناتوانێ بەچاکی لەو زەوی‌یانەی کە تەلانەکان خۆی پێشان بدات ئەمجا تەنها بۆڵەو زەوی‌یانەی کە تەختن (کە دەشتن) بەکار دەهێنرێت.

بەڵام ئەگەر ئەم مەکینەیە بۆچاندنی زەوی‌یە تەلانەکان بخرێتەکار کردن پێویستە بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ رووکاری هەروازو نشێوەکانی زەوی ڕێك بخرێت.

2 ـ خێرایی مەکینەی ئەم جۆرە دیارکراوە. لەگەڵ زۆر بوونی خێرایی مەکینەی تۆکردن. تۆوەکە لەناو کەوچکەکانەوە دەرژێتەوە ناو عەماری تۆوەکە. لەئەنجام تۆوانەکە ئەنك دەبێت. ئێمجا لەبەر ئەمە بەتەواوی توانای تراکتۆر ناتواندرێت بەکار بهێنرێت، بەم شێوەیە بەرهەمی ڕۆژانەی مەکینەکە کەم دەبێتەوە. چاکی ئەم ئامێرە بریتیەلە: 1 ـ بەیەکسانی تۆو بەسەر ڕووی زەوی‌یەکەدا دابەش دەکات، بەبێی مەرجانەکانی کشتوکاڵی.

2 ـ ئەم ئامێرە تۆوە لەناو عەماری مەکینەکەدا لەسەرخۆوهێمن هەڵ دەگرێت بەبێ ئەوەی ورد بکات و بشکێنێت.

3 ـ توانای چاندنی جۆرەهای دانەوێڵەی جیاجیا بە پێوانەیان هەیە. هەتاکو دانەوێڵەی دەنك گەورەش وەکو فاسۆلیاو لوبیاو نۆك و... هتد دەچێنێت.

2 ـ ئامێری تۆوەدەی گرنیدار

(Fluted roller Seeding Mechanism)

ئەم ئامێرە بۆ چاندنی تۆوی گەنم و جۆو برنج وکتان و کونجی و سەوزەو کاڵەك و ئارو وگباو... هتد بەکار دەهێنرێت.

بۆ هەر جۆرە چەندایەتی چاندنی پێویست ئامێرەکە ڕێك دەخرێت. بەڵام بۆ تۆودانی گشتی (Universal) ئامێری تۆودانی سەرو خوارو ڕەچاو دەکرێت یانی ئامێرەکە تۆوەکە لەسەرەوە (وێنەی 5 ـ أ) یان لە ژێرەوە (وێنەی 5 ـ ب) دابەش دەکات.

لەئەنجام میکانزمی بزوێنەوەی ئامێرەکە سەخت دەکات. لەبەر ئەوەی میکانزمی بزوێنەوە پێویستە ئامێرەکە بە ڕووکار و دژی ڕووکاری خۆڵانەوەی کات ژمێر بخولێنێتەوە. ئەمەش ڕێك خستنی چەندایەتی چاندن (Seeding rate) سەخت دەکات. دابەش کردنی سەرەوە تەنها بۆچاندنی تۆوی درشت بەکار دەهێنرێت.

ئامێری تۆوەدەری گرنیدار لەسەندوقی تۆوی 4و واشەری گرنیداری 3و لولەی گرنیداری (grain Cylinder) وشەفتی (Shaft) ئامێرەکانی تۆوەدەری، دۆشەکی (Valve) 1 و لولەی لوسی کارنەکەری 5 پێك هاتووە (وێنەی 5 ـ جـ).

دووگرێی (rosette) دراوسێی لولەی گرنیدار جۆرێکڵەیەك (rifle) بۆ هەڵ گرتنی تۆوپێك دەهێنن.

سندوقی تۆوی 4 لەپێش و پاشەوەو تەنیشتەکانیەوە دەقوڵێنرێت و بۆ لاوەی لێری (Side) 12 لێ‌دروست بکرێت.

لەم ئامێرەش کونی درێژی لێ‌دەکرێت و لە ئەنجام دا سندوقەکە لەگەڵ عەماری دانەوێڵەی مەکینەکە (Seeding Box) بەهۆی برغیەوە تونڵ دەکرێت. لەکاتی پڕ کردنی عەماری مەکینەکە بە تۆو هەموو جۆرە بەتاڵیەکانی سندوقی 4 بەدوورو بەرو ژێری لولەی گرنیدار پڕ دەکاتەوە.

لەکاتی خۆڵانەوەی لولەی گرنیدار لە ناو سندوقی تۆودان تۆودان دەست پێ دەکات. چەندایەتی چاندنی تۆودان لەسەر درێژی بەشی کارکەری لولەی گرنیدار دادەمەزرێت. بۆ زیادبوونی چەندایەتی‌ی چاندن بەشی کارکەری لولەی گرنیدار بۆ ناوەوەی سندوقەکە دەجوڵێنرێتەوە (یانی بەشی کارکەری درێژ دەکرێت)و بۆکەم کردنەوەی بۆ دەرەوەی سندوقەکە دەجوڵێنرێتەوە (یانی بەشی کارکەری کورت دەکرێتەوە).

لەکاتی چوونە دەرەوەی لولەی گرنیدار لەسندوقەکەدا لولەی لوسی کارنەکەری 5 کۆڵانکەکەی دادەخات و بەم جۆرە تۆو لەڕژاندنی سەر بەخۆ دەپارێزێت. ئەم لولە لوسە بەشلی لەشفتی، دادەمەزرێت و ناخولێتەوە لەگەڵ لولەی گرنیداردا.



هەوالنامەی کێبڕکێ

(وێنەی ٥) کامێرای تاوەدەی گرنبیدار

بەڵام بووش و لولەی گرنبیدار وشتەی پیکەوە بەدرێژی دەجوڵێنەوە.

لولەی گرنبیداری 2 لەواشەری (Washer) گرنبیداری 3 (کەپێوانەی گرنەکانی یەکسانە بەپێوانەی جۆرەکانی لولەی گرنبیدار) هەڵ دەکێشرێت. واشەری گرنبیدار لەکاتی پێویستی دا جۆرێکولەی کارکەری لولەی گرنبیدار دادەخات و والای دەکاتەوە لەگەڵی دا دەخوڵێتەوە.

لەکاتی چوونە دەرەوەی بەشی کارکەری لولەی گرنبیدار لەسندوقی تاوەدا واشەری گرنبیدار پارێزگاری لەڕژانی تاو دەکات و لە هەمان کاتیش دا ڕۆڵی پاڵپشتی لولەی گرنبیدار دەبینێت.

بەشی کارکەری لولەی گرنبیدار لەگەڵ بووشی 11 پێکەوە دادەبڕژرێت. لولەی لوسی کارنەکەری 5 لەبووشی، 11 هەڵ دەکێشرێت و لولەی گرنبیدارو بووشی 11 هەردوکیان پێکەوە لەسەر شفتی، ئامێرەکیان دەخوڵێنەوە. بەڵام لولەی لوسی 5 ولولەی گرنبیداری 2 تەنها بەدرێژای شفتی، بەهۆی دەسکی (Levavage) رێك خەری چەندایەتی چاندن دەجوڵێنەوە. دۆشەکی 1 لە ژێرەوە سندوقی دانەوێلە دادەخات و لەهەمان کاتیش دا ڕۆڵی زمانە (Valve) دەبینێت و بەهۆی بووشی 13 لەشفتۆکەی 7 (Voller) هەڵ دەکێشرێت.

لەنێوان گواڕەی 15 بووشی 13 گواڕەی 14 دۆشەکی 1 بزمارێ دامەزرێنی (رێك خەری) (adjusting bolt)g دادەنرێت و سپرینگی سپیرالی 15 (Spiral Spring) تی دەئاڵێت (پێوە دەپێچرێت)و بەبڕغی 16 تونە دەکرێت. بارزمانەی (دۆشەکی) 1 بووغی پاڵپشتی وەدگونجرێت. لەئەنجام دا زمانەی (دۆشەکی) 1 بەئەسپایی بۆ ژێرەوە دەجوڵێنەوە و بەسەر هێزی سپرینگی سپیرال زال دەبێت لەدەوری بووشی 13 لەگەڵ شفتۆکەی

7 دەخولێنەوە.

بورغی 16 ماوە لەنێوان بەشی کارکەری لولەی گرێبەدارو دۆشەکی ئامێرەکە دەگوڕێت.

ئێنجا بەم جۆرە بەپێ گوڕینی رووکاری (سەمتی) خولانەوەی لولەی گرێبەدار ئامێرەکە بۆ چاندنی دانەوێلەی درشت (دەنک گەورەو) ورد (دەنک بچوک) ڕێک دەخرێت (دادەمەزرێت).

چۆنێتی (Process) کارکردنی ئامێری گرێبەدار بەم شێوەیە: لەکاتی کارکردن دا جۆرکۆلەکانی لولەی گرێبەداری 2 پڕن لە تۆو لەگەڵ شفتی 6 دەخولێنەوە. بێجگە لەمەش لەئەنجامی لێک خشانی کێوەکانی لولەی گرێبەدار لەگەڵ چینەکانی ژێرەوەی دانەوێلە کە نزیکن لەلولەکە، چێنێکی ئەکتیف (active) دەهێنێتەکایەوە. بەڵام لەم چینە ئەکتیفەدا تۆو بەخێرایی جیاجیا دەخولێنەوەو هەرچەندە تۆوەکە (دەنکەکان) نزیک بن لەلولەکە خێراییان زیاتر دەبێت و بەپێچوانە. ئێنجا دانەوێلەی ناوجۆرکەکان و چینە ئەکتیفەکە پێکەوە بەرەو تخوبی 17 دەخولێنەوە. لەوێشەوە تۆو سەربەخۆ بۆسوری هەڵگری تۆو (Seed tube) و جۆرکی گاسنی چاندن دەکەونە خوارەوە. لەپاشان تۆو بەسەر پارچە رووکارێک (guide) بۆناو جوگەلەی (هێلی) جووتی ئامادەکراو دەخزێتە خوارەوەو بەچینەخاکێکی نەرم و شێدار دا دەپۆشرێت.

ئامێری تۆوەدەری ددان دار Feed toothed roller mechanism

ئەم ئامێرە بەزۆری لەمەکینەکانی چاندنی وڵانە ئەوروپایەکانی ڕۆژئاوا بەڵاو بووەتەوەو بۆ تۆوداندو بڵاوکردنەوەی پەیی کیمیاوی بەکار دەهێنرێت (وێنەی 6).

ئامێری ددان دار لە دەرگای ڕێک خەری (adjustable Slide) 1 کە لەسنورێکی کەم دا چەندایەتی چاندن ڕێک دەخات و لولەی ددان داری (Feel tooth roller) 2 لەدوو ڕێزدا ددانەکانی بەشێوەی خانەی شەترەنجی دابەش دەکرێن و شفتی ئامێرەکانی 3 لولەی ددان دار دەخولێنێتەوەو سندوقی دانەوێلەی بان پەیی کیمیاوی 4 لەپۆلا دروست دەکرێت و زمانەی 5 ڕۆلی ڕێک خستنی چەندایەتی چاندن و پاک کردنەوەی ئامێرەکە دەبینێت و شفتۆکەی 6 و دەسکی 7 زمانە وەراوگێر دەکات (trun) و





(وێنەی ٦) ئامێری تۆوەدەری ددان دار

سەرچاوەی کتێب

دووگەی 8 (Sector) پێك هاتووە.

تۆو یان پەینی کیمیاوی سەربەخۆ لە عەماری مەکینەکەدا بەرەوخوارەوە بۆ سندوقی ئامێری ددان دار دەبزوێتەوە.

لەکاتێ کە شفتی 3 لەگەڵ ئامێری ددان دار دەخولێتەوە. ددانەکان لە تۆو دا گیردەبن و لەگەڵ خۆیان چینکی تۆو هەتاکو کۆتایی زمانەی 5 دەخولێنێتەوە. ئینجا تۆو سەر بەخۆ بەرەو بۆری هەڵگری دانەوێلە دەکەوێتە خوارەوە.

چەندایەتی چاندن بەم جۆرانە دەگۆڕدرێت:

لەئەنجامی گۆڕانی خێرایی خولانەوەی (Speed of rotation) لولەی ددان دار چەندایەتی چاندن زیادوکەم دەکات گۆڕینی باری دەرگای ڕێك خەری 1 بۆ سەرەوە چەندایەتی چاندن زیاد دەکات بۆخوارەوە کەم دەبێت گۆڕینی لولەی ددان دار بەزیاد کردنی یان کەم کردنەوەی ڕێژەکانی ددان چەندایەتی چاندن زیادو کەم دەبێت.

بەچەشنێکی یەکسانی دابەش کردنی تۆو بەسەر ڕووبەری زەوی‌دا ئامێری ددان دار جیاوازیکی ئەوتۆی نیە بەرامبەر ئامێری گرنیدار.

کەم و کوری ئەم ئامێرە بریتیە: لە گۆڕینی لولەی ددان دار بۆ تۆوی درشت و وردە یانی بۆدانەوێلەی درشت لولەی تایەتی خۆی پێویستە و تۆوی وردیش لولەی تایەتی خۆی پێویستە.

ئامێری تۆوەری دانەوێلەی کوزداری

ناوەوە: (Double - run Seeding Mechanism)

ئەم جۆرە ئامێرە بەزۆری لە هەندێك مەکینەی تۆوەری ئەمەریکی



(وێنەی ۷) ئامێری/تۆوەدەری کوزداری ناوەوە

وکەندی بەلاوە بووەتەوە بۆچاندنی تۆوی درشت و ورد بەکار دەهێنرێت.

ئامێـری ناوبـراو لە ئالقەی 2 و سندوقی 1 و دەسکی 3 و زمانـەی 4 و دیسکی 5 و شەفتی 6 پێك هاتووە (وێنەی 4 ـ أ).

ئالقەی 2 (ring) لەرووی ژوورەوەی بەدرێژایەکەی کوز (قاش) (Slice) دەکرێت و بۆ سەرەوەش دەقوێنرێت دیسکی 5 (disk) بە پێوانەی کوزەکانی (قاشەکانی) ئالقەی 2 هەڵ دەپاچرێت و لەسەر شەفتی 6 تونـد دەکرێت. ئەم دیسکـە درێـژی کارکـەری ئالقـەی 2 دەگـۆڕێت. لەئەنجامی ئەمەدا چەندایەتی چاندن دەگۆڕێت (یانی زیادوکەم دەبێت).

بەلاّم لەهەندێك مەکینەی چاندن ئالقەی نەگۆڕاوی (Constant) درێژی بەکـار دەهێنـرێت. بەم شێـوەیـە دیسکی 5 پشت گوێ دەخـرێت و بەکـارنـاهێنـرێت (وێنـەی 7 ـ ب وحـ). زمـانـەی 4 بەهـۆی دەسکی 3 چەندایەتی چاندن دادەمەزرێنێت (رێك دەخات).

لەکاتی پرکردنی عەماری مەکینەکە دانەوێلە سەربەخۆ بەرەو سندوق و ئالقـە دێنـە خوارەوە. ئالقـەی 2 لەکـاتی خولانـەوەی دانەوێلە (تـۆ) بو بەرزایەکی دیارکراو بڵند دەکاتەوە. لەپاشان دانەوێلە لەکۆڵانکەی کراوەی لای ئالقەکەی 2 (وێنەی 4 ـ أ) بان لەکۆڵانکەکانی هەردوو لای ئالقەی 2 (وێنە 4 ـ ب وحـ) بۆناو بۆری هەڵگری دانەوێلە ڕووەکات (هەڵ دەڕێژێت).

ئەم ئامێرە بەگوێرەی ئامێری گرنیدار دانەوێلە باشتر بەپەکسانی دابەش دەکات.

بەلاّم بەپێچەوانە پێویستی بە میکانزمی بزوێنەوەی سەخت دەبێت.

لە ئەنجام دا خزمەت کردنی مەکینەکە سەخت تر دەکات. بۆهەر جۆرە تۆوێـك خولانـەوەی ئالقـەکـە لەچرکەیەك دا پێویستە لەتخوێکی دیارکراو بێت. بەرزی و نزمی بەشێوەیەکی ناشیاو کار لەسەر چۆنیەتی چاندنی تۆو دەکات، یانی چەندایەتی چاندن دەگۆڕێت.

بەم شێوانەی خوارەوە چەندایەتی چاندنی ئەم ئامێرە دادەمەزرێت (رێك دەخرێت):

1 ـ گۆڕینی درێژی کارکەری ئالقەی ئامێرەکە (وێنەی 4 ـ أ) بەهۆی دیسکی 5. بەزیـاد کردنی درێـژی ئالقـەکـە چەنـدایـەتی چاندن زیـاد دەبێت و بەکەم کردنەوەی کەم دەبێت.

2 ـ بەگـۆڕینی (زیـاد یان کەم) کردنی خێـرایی خولانـەوەی ئالقـە چەندایەتی چاندن دەگۆڕێت.

3 ـ گۆڕینی باری زمانەی 4 (بەرز یان نزم) کردنی بەرەو سەرەوە یان خوارەوە چەندایەتی چاندن دەگۆڕێت (زۆر یان کەم دەبێت).

بەلاّم بۆ چاندنی تۆوی ورد ئالقەی کوز ورد بەکار دەهێنرێت (وێنەی 4ب) و بۆ تۆوی درشت ئامێری ئالقەی کوزدرشت ڕەچاو دەکرێت (وێنەی 4 ـ حـ).

بۆری هەڵگری تۆو (Seed tube)

بۆری تۆو لەئامێـری تۆودەر تۆو بەرەو گاسنی چانـدن ڕووکـار دەکـات یانی تۆو بوگاسنی چاندن دەنێرێت.

بەشی سەرەوەی بۆری بەجومگەیی لە گەڵ ژێرەوەی سندوقی ئامێری دابەش کەر دەبەسترێت. بەشی خوارەوەشی لەگاسنی چاندنی تۆو تونـد دەکرێت.

بۆری تۆو لەقـوماش و پلاستیك و کانزا دروست دەکـرێت. پێویستە بۆری پلەی نەرمـایـەنی بەرز بێت بۆ ئەوەی لەگـەڵ بەرزبـوونـەوەو نزم بوونەوەی گاسنی چاندن لەکاتی کارکردن لەگیلگەدا بگونجێت.

بۆری تۆوی لوس (وێنـەی 8 ـ أ) ئەم بۆریـە لەقـوماشی داپۆشـراو بەپـلاستیك دروست دەکـرێت کێشی کەم و نرخی هەرزانـە. ئەم جۆرە بۆریـە بەنەواوی کەراکتەری (Character) نەرمی (Felexility) و بەشێوەیەکی چاك توانای گواستنەوەی تۆوی لێ ـ ڕەچاو دەکرێت. بەلاّم ناتوانێ خۆی بەرامبـەر کت وپـڕ گۆڕینی پلەی گەرمـایی ڕابگـرێت. بۆئەوەی برگـەی بۆریەکە نەگۆڕێت (Constant) پێویستە لەناوەوەی شورکی (پارچە) داری لێچەسپ بکرێت.

بۆری پێچاوپێچی تۆو (وێنەی 8 ـ ب)

(Crimping, goffering)

ئەم جۆرە بۆریـە لەپـلاستیك دروست دەکـرێت. تخـوبی (سنـووری) بەرهەڵستی پسانی بەبەرز بۆنەوەی پلەی گەرمایی لە سفر (0) هەتاکو 30 پێوانەی ڕووبەری برگەی ئەم جۆرە بۆریە ناگۆڕێت.

بۆ بەرزکـردنـەوەی تەمـەنی کارکـردنی بۆری دانەوێلە پێویستە لەکۆتایی کاری مەکینەی چاندن لەجێگایەکی ووشك هەڵ بگیرێت و بپارێزرێت و دوور لەبنزین وگیروسین و ڕۆن بێت.



(وێنەی 8) جۆرەکانی بۆری هەڵگری دانەوێڵە

بۆری کانزایی پێچاوپێچی زنجیرەیی

——— (وێنەی 8 ـ جـ)

ئەم بۆریە بۆ مەکینەکانی چاندنی کێڵگەکانی پەرێزو بۆهەڵگرتنی پەنی کیمیاوی لەزۆربەی زۆری مەکینەکانی چاندنی تۆو بەکار دەهێنرێت و لەپارچە شرێنیکی پۆلایی پێوانەی برگەکەی 36 × 5,6 ملیمەتر دروست دەکرێت و کێشی کەم بەچاکی دەشکێتەوە. بەڵام لەکاتی کارکردن دا زۆرجار رادەکشێت و تێك دەچێت و چاك کردنەوەی زۆر سەختە.

ئێنجا لەبەر ئەمە لەجێگەی بۆری تێك چووەکە بۆری نوێ دادەنرێت.

بۆری تۆوی رەحەتی (وێنە 8 ـ 2).

Funnel - Shapel

———

ئەم بۆریە بۆهەڵگرتنی پەنی کیمیاوی و لە هەندێك مەکینەکانی چاندنی تۆوی دارستان بەکار دەهێنرێت و پلەی نەرمی بەرزنیە.

بۆری تۆوی قەف قەف (قەدقەد)

(Telescopy) ———

ئەم جۆرە بۆریە زۆر بەکەمی بەکار دەهێنرێت. ئەو کەم وکورێیەی کە لە بۆری رەحەتی هەیە لە بۆری قەف قەفیش (قەد قەدیش) رەچاو دەکرێت.

بۆری تۆوی تێل

——— (وێنەی 5 ـ و)

ئەم بۆریە لە بادانی تەل بەتیرەیەکی دیار کراو دروست دەکرێت و توانای نەرمی زۆر بەرزە. بەڵام هەرکاتێك لێك ڕاکێشرا تێك دەچێت و بەسەختی چاك دەکرێتەوە.

جۆرەکانی گاسنی چاندن

(Furrow Oppeners) ———

گاسنی چاندن بەیەکێك لەئەندامە کارکەرە گرینگەکانی مەکینەی چاندن دەژمێردرێت.

کاری گاسنی چاندن بریتیە لەهەڵکەندنی خەتی جووت و ئامادەکردنی و دابەشکردنی تۆو بەناو خەتی جووت دا بەیەکسانی و داپۆشتنی تۆو بەخاکێکی نەرم و شێدار گاسنی چاندن لەکاتی کارکردن دا چەند ڕووداوێکی گرینگ پێویستە بگرێتە ئەستۆی خۆی کە بەشێوەیەکی سەرەکی کار لەسەر بەرهەم دەکات.

گاسنی چاندن پێویستە خەتی جووت ئامادە بکات بەبێ ئەوەی خاکی تەڕو شێدار بۆسەر ڕووی زەوی وەرگێڕێتەوە و بۆئەوەی پارێزگاری لەچوونە

هەوڵنامەی کێڵین

خواردەوەی ئاوو تەرایەتی بۆجینەکانی ژێرەوەی قوڵایی دیار کراو بکات.

پێویستە ژێر خەتی جووتەکە بەستێنەوە وتوو لەقوڵایی یەکسانی دیارکراو بەخاکی هەڵ کەنراوی شێدارو تەردابۆشی و لادان (بەرزی و نزمی) (deviation) لە قوڵایی دیارکراو نابێت لە - م پتر بێت وبانی ڕێزی دیارکراویش نابێت لە - ١سم زیاتر بێت و بەیەکسانی بەدرێژایی خەتی جووت تۆو دابەش بکات وناببێت قورت (نزمی)و گردۆلکەی (بەرزی) گەورەلە سەر ڕووی کێڵگەی چاندراو. بەجێ بهێڵێت بێجگە لەمانەش گاسن نابێت قورپوخاکی پێوە بنوسێت و بەپاشماوەی ڕووەك بگیرێت.

گاسنی چاندن بەشێوەی دروست کردنی دابەش دەکرێت بۆ: گاسنی چاندنی قەڵانگ و گاسنی چەقۆو گاسنی دووپەرو گاسنی بۆری و گاسنی دیسك (سێل).

گاسنی چاندنی قەڵانگ

(Hole - Type Furrow Oppener) (وێنەی ٩).

ئەم جۆرە گاسنە لە مەکینەکانی چاندنی تۆو و هەندێك مەکینەی





وێنەی (٩) جۆرەکانی گاسنی چاندنی دانەوێلە.

چاندنی تایبەتی بەکار دەهێنرێت. بۆ چاندنی تۆو لەو کێگانەی کەراست و نەرم و بێ‌کەسەکی گەوردن و بەرداوی نین و پاشماوەی ڕووەکیان تیادا بەر چاو ناکەوێت ئەم گاسنە بە باشی خۆی پێشان دەدات و قوڵایی کێڵانی دیارکراو بەجاکی مسوگەر دەکات و ڕادەگرێت گاسنی چاندنی قەڵانگ بەشێوەی گشتی لە جۆرێکی 1 (Funnel) و دەمی 2 ( )و ماشەی 3 و وەرگری تۆوی 4 (Seed Plate) پێک هاتووە.

ئەم گاسنە دابەش دەکرێت بۆ:

گاسنی قەڵانگی پاژنەدار وگاسنی قەڵانگی بێ‌پاژنە.

گاسنی قەڵانگی بێ‌پاژنە (وێنەی 9 ـ أ)

ئەم گاسنە بەگۆشەی تیژ (acute angle)لەگەڵ زەوی‌دا یان لەگەڵ هێڵی ئاسۆیی یان لەگەڵ هێڵی بڕوتنەوەی بەکێشەکە دادەسەزرێت (ڕێک دەخرێت)و بڕی دەڤین گۆشەی تیژی چەقین لە خاک دا. لەکاتی هەڵکەنانی جۆگەلە ئەم گاسنە زۆرتر چینەکانی تەرۆشێدار بەرەو سەر ڕووی کێڵگە بەرز دەکاتەوە لەئەنجام دا جۆگەلەیەکی ژێر شێدارو تاڕ پێک دەهێنێت و ئینجا لەبەر ئەمە بۆ چاندنی تۆو لەو زەوی‌یانەی کە بارانیان کەمە باش تر وایە بەکار نەهێنرێت.

قوڵایی چاندن گاسنی قەڵانگ لەسنووری 4 هەتاکو 7 سەنتیمەتر دەگۆڕێت (ڕێک دەخرێت)و بۆ ئەم مەبەستەش لەکوتایی ماشەی 3 پارچە قورسایی تایبەتی بەکار دەهێنرێت و گۆشەی چەقین لەزەوی دەگۆڕێت.

یۆمسوگەر کردنی باشترین مەرجی کارکردنی ئەم گاسنە پێویستە ڕێژەی شێداری (تەڕایەتی) زەوی لە 20٪ پتر نەبێت و زەوی‌یەکە زۆر بەجاکی کێڵدرابێت.

لەچاو گاسنەکانی چاندنی تر ئەم گاسنە باراستایی سوکە 2 ـ 2,2 کیلوگرامەو بەرهەڵستی هێزی ڕاکێشانی لە 30 ـ 100 نیوتنە.

گاسنی قەڵانگی پاژنەدار

——— (وێنەی 9 ـ ب)

ئەم گاسنە جیاوازی لەگەڵ گاسنی قەڵانگی بێ‌پاژنە ئەمەیە کە پشت دەمی بۆیاشەوە پان کراوەتەوەو هیچ گۆشەیەک لەگەڵ ڕووتەختی ئاسۆیی زەوی لەیاشەوە پێک ناهێنێت و باش تر لەگاسنی قەڵانگی بێ‌پاژنە بەگۆڕەی ڕاگرتنی بەکاتی قوڵایی کێڵان خۆی پێشان دەدات و بەڵام خراپ تر لەگاسنی قەڵانگی بێ پاژنە لەزەوی دەچەقێت (زەوی دادەخا).

ئینجا لەبەر ئەمە پێویستە لەو زەوی‌یانەی کەزۆر چاک کێڵدراون بەکاربهێنرێت.

گاسنی چاندنی چەقۆ

——— (وێنەی 9 ـ ج)

ئەم گاسنە لەمەکینەکانی تۆوکردنی وردو وەکو کەسان و تۆوی گیاو کونجی.. هتد بەکار دەهێنرێت و لە دەمی 1 (Keel) و جۆرێکی 2 و ماشەی 3 پێک هاتووەو دەمی 1 قەراغەکانی تیژکراوەو لەگەڵ زەوی‌دا گۆشەیەکی کراوە (Obtues angle) پێک دەهێنێت.

لەکاتی کێڵان ئەم گاسنە زەوی لە سەرەوە بەرەو خوارەوە دەپەستێنەوو لە ئەنجامی ئەمە خەتی جووتی ژێر پەستراوەی تۆوەکە بەرینی دەبێت و ئەمەش ڕێگەیەکی باڵای هەیە بۆ زوو شین (نما) بوونی تۆو.

ئینجا لەبەر ئەمە بەکارهێنانی گاسنی چەقۆ باش ترو سود بەخشەبۆ ئەو زەوی‌یانەی کەبارانیان کەم لێ دەبارێت. بەهۆی کێشی خۆی و پالە بەهۆی سپرینگ ئەم گاسنە لە زەوی دەچەقێت (یان زەوی دادەخا)و قوڵایی چاندن لە، 1 هەتاکو 6 سەنتیمەتر دەگۆڕێت (ڕێک دەخرێت).

کەمتر ئەم گاسنە بەگوێرەی گاسنی قەڵانگ بەپاشماوەی ڕووەک دەگیرێت (لێی دەتڵێت).

هێزی بەرهەڵستی ڕاکێشانی (draught resistance)

30 ـ 40 نیوتنە.

گاسنی بۆری (tube Furrow Oppener)

——— وێنەی 9 ـ د).

ئەم گاسنە بۆچاندنی تۆو لە پەرێزە کێڵدراوەکان کە دەکەونە ژێر مەترسی ڕاسالێنبا (erosion) بەکار دەهێنرێت و لە دەمی شاقوڵی 1 و جۆرێکی 2 پێک هاتووەو دەمی شاقوڵی 1 بەگۆشەی 90پلە لەگەڵ ڕووتەختی زەوی دادەمەزرێت بەجۆرێکەیی نەرم (elasticity joint) ئەم گاسنە لەشاسی تۆند دەکرێت لەکاتی کارکردن ئەم جۆرە تۆند کردنە گاسنەکە دەلەرزێنێتەوو خۆیەخۆی لەقوڕو خاک و پاشماوەی ڕووەک پێوەنووساندن پاک دەکاتەوە.

لەکاتی کارکردن ئەم گاسنە چینەکانی زەوی دەبڕێت بەبێ ئەوەی خاک

زۆر وەرگیرێنە سەرووی زەوی و لە ئەنجام دا جۆگەلەیەکی تەسک پێك دەهێنێت و تۆو بە ناو جۆگەلە تەسکەکەدا دابەش دەکات و بەهۆی سەریەخۆ بەربوونەوەی خاك لەقەراغ لێوەکانی تۆو دادەپۆشرێت.

گاسنی چاندنی دووپەڕ (وێنەی 9 ـ هـ)

(V - Shaped Seewp Oppener)

ئەم جۆرە گاسنە زۆر بەو گاسنە دەچێت لەکوردەواریدا بەکار دەهێنرێت بۆجووت کردن. ئەم گاسنە بۆ چاندنی تۆو لەکێڵگە پەرێزەکان کە

نەکێڵدراوان و دەکەونە ژێر مەترسی ڕاماڵینی با (erosion) بەکار دەهێنرێت وچەند پرۆسێسی جیاجیا لەهەمان کات دا وەکو نەرم کردنەوەی زەوی و بڕینی بژاو (Weed) و دابەش کردنی تۆو پەنی کیمیاوی جێبەجێ دەکات.

گاسنی دووپەڕ لە دەسی 5 و جۆرکی 2 پێك هاتووەو دەسی 5 پێمەڕەیی یە (V - Shapped Seewp).

ئەم گاسنە لەکاتی، کارکردن پانی دروست کردنی خەتی جووت ژێرەوەی زەوی نەرم دەکاتەوەو بەبێ ئەوەی خاکی هەڵ کەنراو بۆسەر



بەرنامەی کتێب

(وێنەی 10) گاسنی چاندنی دیسك

رووی کێڵگە وەراوگێر بکات و لە ئەنجام تۆو لەژێرەوەی زەوی دابەش دەکات. قوڵایی چاندن بە هۆی هایدرو سلیندر دادەمەزرێت دەگۆڕێت.

گاسنی چاندنی تەنها دیسک (وێنەی 10

Simgle - disk Furrow Oppener)

ئەم گاسنە پۆچاندنی تۆو لەکێڵگەکانی کێڵدراو نەکێڵدراو پارێز بەکار دەهێنرێت و لەهەمان کاتیش دا پرۆسیسی گرینگ وەکو کێلان و خۆش کردنی زەوی و ئامادەکردنی خەتی جووت تووکردن. دەگرێتە ئەستۆی خۆی. گاسنی دیسک لەبۆری 2 و دیسکی 1 پێك هاتووە. بەڵام هەندێك گاسنی دیسك دوو بۆری بەکار دەهێنرێت و یەکێك لەم بۆریانە بۆ دابەش کردنی دانەوێلەیە نەوەی تریشیان بۆ دابەش کردنی پەنبی کیمیاوییە (وێنە 10 ـ ب).

دیسك بە گۆشەیەکی دیارکراو بەگوێرەی رووکاری بزوتنەوەی مەکینەکە دادەمەزرێت.

بۆری 2 لەپاشەلەرووی قوڕینراوی (Concare) دیسك تۆند دەکرێت و تۆز بۆ خەتی جووتی ئامادەکراو رووکار دەکات. باری بۆری 2 بەگوێرەی دیسکی 1 دابەش کردنی تۆو رێك دەخات و هەرچەند لەدیسك نزیك بێت.

یەڵو بوونەوەی تۆو بەم لاو بەولا کەم دەبێتەوە یانی یەکسان تر دەبێت.

گاسنی تەنها دیسك بەگوێرەی گاسنی دوو دیسك باش تر پاشماوەی رووەك دەبڕێت و لەزەوی دەچەقێت خواردەوە (زەوی دادەخا) و لەقوڕوخاك و پاشماوەی رووەك پێوەنووسان پاك دەکرێتەوە.

ئێنجا لەبەر ئەمە ئەم گاسنە بۆ چاندنی تۆو لەو زەوییانەی کە ڕەقن و پاشماوەی رووەکی زۆرەو شێدارو تەڕە هەتاکو ڕێژەی تەڕایەتی (شێداری) 85٪ بەکار دەهێنرێت.

بەڵام بەیەکسانی قوڵایی چاندنی تۆو گاسنی دوو دیسك باش ترە بەگوێرەی گاسنی تەنها دیسك. قوڵایی چاندن بەهۆی سپرینگ و گوێرینی قوڵی هیدرو سلیندر دادەمەزرێت (رێك دەخرێت).

لەهەندێك گاسنی دیسك لەجیاتی بۆری گاسنی چەقۆ بەکار دەهێنرێت و لەهەمان کات دا ئەم گاسنە ڕۆڵی بۆری دەبینێت و چەقینە خوارەوەی دیسك لەزەوی دا ئاسان تر دەکات و باش تر پاشماوەی رووەك دەبڕێت.

گاسنی چاندنی دووديسك (وێنەی 10 ـ حـ، د)

double - dis furrow oppener

ئەم جۆرە گاسنە بۆ چاندنی تۆو بەکار دەهێنرێت و لەشاسی 3 (bed) و جۆرکی 2 و ماشە 6 (drag - bar) وکامپی 5 (Cap) و دیسکی 1 وگێسکی 4 (Cleaning) پێك هاتووەو لەشاسی 3 دوودیسك لەسەر بۆڵبەرین بەگۆشەی 10 پلە بەرامبەر بەکتری تۆند دەکرێن و دیسکەکان لە ڕووی پێشەوە بۆلای بەکتری نزیك دەبنەوە (یان بەبەکتری دەگەنەوە) و لە ئەنجام دا چەقۆ پێك دەهێنن.

گێسکی 4 ڕووی ژوورەوەی دیسکەکان لەپێوەنووساندنی خاك و قوڕ پاك دەکاتەوە.

لەکاتی بزوتنەوەی مەکینەی چاندن دیسك دەخوڵێتەوە جۆگەلە پێك دەهێنێت. لە ئەنجام دا گاسنی دیسك بەپاشماوەی رووەك و خاك ناگیرێت.

بەڵام قوڕت و گردۆلکەی بچوك و جۆگەلەی باریك و کەم قوڵ لەپاش تێپەڕ بوونی بەجێ دەهێنێت.

گاسنی چاندنی دیسك بەگوێرەی جۆرەکانی تری گاسنی چاندن نەخشەی (design, construction) سەخت تر و هێزی بەرهەڵستی ڕاکێشانی زۆر تر و خراپ تر تۆو بەناو خەتی جووت دا دابەش دەکات. بەڵام بە شێوەیەکی گونجاو تۆو لە کێڵگەکانی خراپ کێلدراو کەسەکاوی و پاشماوەی رووەکی زۆر تیادا مانیت خۆی چاك تر لەگاسنی جۆرەکانی تر پێشان دەدات و کەمتر دەگیرێت.

گاسنی چاندنی دووديسکی تەسکە ڕێز بەرامبەر بەکتر بەگۆشەیەکی گەورەتر 18 پلە دادەمەزرێت و لەئەنجام دا دوو جۆگەلەی تەسك پێك دەهێنێت و گردۆلەیەکی باریك لە بەکتریان جیا دەکاتەوە.

لەنێوان دیسکەکان جۆرکێکی درێژ دەبەسترێت و لەکۆتایی بۆ دوو بەش دابەش دەکرێت و لەکاتی چاندن تۆو بۆ بەشی یەکسان دابەش دەکات و هەر یەکیان بۆ جۆگەلەیەك رووکار دەکات.

بەرهەڵستی هێزی ڕاکێشانی گاسنی دیسك 70 ـ 95 نیوتنە.

مەکینەی تۆوکردنی بنکەیی

(Circulation System)

ئامێری دابەش کەر دانەوێلە کە لەسەرەوە باسمان کردووە بۆ

هەوالنامەی کێشت

دابەش کردنی دانەویلە بەسەر پلەکان دووگاسنی چاندن بەکاردەهێنرێت. ئێنجا لەبەر ئەمە هەر مەکینێکی تۆوکردن پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر لەم ئامێرانە دەبێت لە ئەنجامدا کێش و نرخی مەکینەی تۆوکردن گران دەبێت.

لە سالانی 50ی ئەم سەدەدا بیر لە بەکارهێنانی مەکینەی تۆوکردنی بنکەیی هاتووەتەکایەوە. چاکی ئەم مەکینەیە بریتیە لە بەکارهێنانی تەنها پلەک ئامێر بۆ دابەش کردنی تۆو بەسەر هەموو گاستەکانی چاندن. بەڵام بۆ گواستنەوەی تۆو دوو دەستووری جیاجیا بەکار دەهێنرێت و پەکیان تەزوی بای بەهێزە ئەوەی تریان دەستووری سەر پەخۆ هاتنە خوارەوەیە.

چەند جۆری ئەم مەکینانە ڕوون دەکەینەوە.

مەکینەی تۆوکردنی پنیوماتیکی بنکەیی
(سنۆکلاند) (وێنەی 11)
(Pneu matic Circulation System)

ئەم مەکینەیە لەنەرمیدا دروست دەکرێت و بەزۆری لەوانەکانی ئەسکەندیناڤیا بڵاو بووەتەوە. لەم مەکینەیەدا ئامێری تۆوەدری بنکەیی بەکار دەهێنرێت. بانی دابەش کردنی تۆو بەسەر گاستەکانی چاندن تەنها پلەک ئامێری تۆوەدەر ڕەچاو دەکرێت.

ئامێری تۆوەدری ئەم مەکینەیە لە قوچەکی دەرەوەی 1 (External cone) و قوچەکی ژوورەوەی 9 (anteral cone) پێک هاتووە. قوچەکی ژوورەوەی لەسەر دوو بۆڵەبەرین ئەنۆد دەکرێت و کۆلانکەی 5 لێ دروست دەکرێت و ڕۆڵەی ڕێلک خستنی چەندایەتی چاندن دەبێنێت (بانی چەندایەتی چاندن دەگوترێت) پرەسیپی کارکردنی ئەم مەکینەیە بەم شێوەیە: تۆو سەر بەخۆ لەعەماری بەرەو کۆلانکەکانی سەرەوەی 3 دێنە خوارەوەو لەوێشەوە دەڕژێنە بەتاڵی (Space) نێوان هەردوو قوچەکەکانی 1 و 9. لەکاتی خولانەوەی قوچەکی ژوورەوە زۆر لەدنکەکانی تۆو دەکات و کە بەرەو سندوقی 4 هەڵ کشێت وێنەی بنوسێت. لەهەمان کاتیش دا لەکۆلانکەکانی تەزوی بایی بەهێز ڕووکاری ژوورەوەی قوچەکی 9 دەکرێت و لەسایی پەرەکانی 8 کە تۆندکراون لەبەری. ژوورەوەی قوچەکی تۆو بۆ کۆلانکەکانی 10 ڕووی دەرەوەی قوچەکی 1. دەگوێزێتەوە وڵێنجا.

بەناو بۆریەکانی هەڵگری تۆو هەڵ دەڕێژێت و لەوێشەوە بۆجۆرەکانی



وێنەی 11) مەکینەی تۆوکردنی سنۆکلاند

هەولێر بەڵگەنامەی کتێبخانە

گاسنەکان رووکار دەکرێت و لەپاشان بەناو خەتی جووتی ئامادەکراو دابەش دەکرێت. خولانەوەی ئامێری تووەر بەهۆی گێرەر میکانیزمی بزوێنەوە لە ماتۆری تراکتۆرەوە وەردەگیرێت ئینجا لەبەر ئەمە خولانەوەی ئامێرەکە لەسەر خێرایی بزوێنەوەی تراکتۆر رادەوەستێت.

ژمارەی خولانەوەی ئامێری تووەر 5 ـ 20 خولەک/ چرەک بێت باشترین یەکسانی دابەش کردنی تۆو دەهێنێتە کایەوە.

چەندایەتی چاندنی ئەم ئامێرە لە 0,25 ـ 125 کیلۆگرام دونم مسۆگەر دەکات و شکاندنی دانەوێلە 1,3٪ زیاترنیە.

توانای پێویست بۆ راکێشانی ئەم مەکینە 3,91 کیلوواتە. ئەم توانایە (Power) زۆر کەمترە لەتوانای پێویست بەگوێرەی مەکینەکانی چاندنی ئاسایی کە 8,31 کیلوواتە. کێشی مەکینەی چاندنی ستۆکلاند 310 کیلۆگرامەو زۆر سوک ترە بەگوێرەی مەکینەکانی چاندنی ئاسایی کە 1340 کیلۆگرامە.

بەڵام گۆڕینی خێرایی بزوێنەوەی تراکتۆر چەندایەتی چاندن لە 5 ـ 75 کیلۆگرام/ دونم کەم دەێتەوەو بڕی دانەوێلە لەسەر کاڵسەر چەندایەتی چاندن دەکات.

ئینجا لەبەر ئەمە پێویستە تۆو لە عەمارەکەی نانێت کەم بێت.

مەکینەی تووەری پنیوماتیکی دابەش کەری

بنکەیی وەکوردە

(وێنەی 12)

ئەم مەکینەیە بۆچاندنی تۆو لە لەرێزدا بەکار دەهێنرێت و لەعەماری تۆوی 2و دابەش کەری 1 (distributor) و ئامێری دابەش کەری 4و بۆری دانەوێلەی سەرەکی 3و گاسنی چاندنی، و بۆری دانەوێلەی 7و پانکەی 8 (fan) پێک هاتووە.

ئامێری چاندن بریتیە لەیەک لولەی گرنیلاری گەورە تیرەکەی 110 ملیمەترەو درێژی 140 ملیمەترە. یەک ئامێر بۆ 120 گاسنی چاندن دەتوانرێت بەکار بهێنرێت.

پرۆسەی چاندنی مەکینەی ئەکوردە بەم جۆرەی خوارەوە:



(وێنەی ١٢) مەکینەی تۆوکردنی ئەکۆرد

هەوالنامەی کێڵگە

دانەوێلە بەهۆی کەوچکی سورێنەری (agitator) 9 بۆشاییری تێوردەر نزیک دەبێتەوەو جۆرێک کانی لولەی گرێبدار بە تێو پردەبن. لەکاتی خولانەوەی لولەی گرێبدار تێو بۆناو بۆری 3 هەل دەرێژێت و لەهەمان کاتیش دا تەزوی بای بەهێز لەپانکەی 8 دێت و دانەوێلە هەل دەگرێت و بەرەو دابەش کەری 1 دەگوزێنەوە. ئینجا دانەوێلە بۆ بۆریەکانی هەلگری تێو دابەش دەکرێت و بەرەو گاسنەکانی چاندن رووکار دەکرێت.

خێرایی بزوێنەوەی تراکتۆر هەتاکو 3,33 م/ چرکە ئامێری دابەش کەری بنکەیی ئەکۆرد بەچۆنیەتیەکی باش تێوی گەنم و جۆو سەوزەو لۆبیاو فاسولیاو دانەوێلەی کێش سووک و دەنک بچوک دەچێنێت.

نرخی چاندنی هەر دونمێک بەم مەکینەیە بەگوێرەی مەکینەی چاندنی ئاسایی 6 - 6,7٪ هەرزان تەرە.

مەکینەی تێوکردنی بنکەیی (ئەمەزۆن)

——————— (وێنەی 13)

(Circulation System)

لە مەکینەکانی چاندنی ئەکۆرد وستۆکلاند تەزوی بای بەهێز بوگواستنەوەی تێو بەکار دەهێنرێت. بەڵام بەپێچەوانە لەمەکینەی تێوکردنی ئەمەزۆن دەستوری (Principle) سەربەخۆ هاتنە خوارەوە ڕەچاو دەکرێت.

ئەم مەکینەیە بۆ چاندنی جۆری جیا جیای تێو بەکار دەهێنرێت و لە بریمی شاقوڵی (Vertical auger) 1 و ئامێری دابەش کەری بریمی ئاسۆیی (horizontal auger) 2 و بۆری دانەوێلەی 5 و گاسنی چەقۆی، - (Suffolk Coulter) پێک هاتووە.

پرۆسیسی کارکردنی مەکینەی ئەمەزۆن بەم جۆرەیە:

بریمی شاقوڵی 1 لە کاتی خولانەوەی لەهەمانکە تێو بەرەو سەرەوە



(وێنەی ١٢) مەکینەی تێوکردنی ئەمەزۆن

بەرز دەکاتەوە بۆ ئامێری تۆوەدەری بریمی ئاسۆیی 2 دەگۆزرێتەوە ئینجا ئامێری تۆوەدەری بریمی تۆو بەسەر بۆریەکانی هەڵگری تۆو دابەش دەکات و بە دەستووری سەربەخۆ هاتنە خوارەوە (Free Falling) بەروگاسنی چاندن رووکار دەکرێت و تۆوی زیاد بەهۆی بۆری 3 بۆ عەماری تۆو دەگەڕێتەوە.

ئینجا تۆو بەناو جۆگەلەی ئامادە کراو دابەش دەکرێت و بەهۆی شانەی شەنەیی تۆوی چاندراو دادەپۆشرێت.

ئەم مەکینە بەسێ مودیل دروست دەکرێت و پانی کارکەریان 4، 5، 6 مەتروە کێشیان 65، 700 و 750 کیلۆگرامەو ژمارەی گاسنی چاندن 33، 41، 49.

بۆکەم کردنەوەی پانی مەکینەکە لەباری گواستنەوە باسکی شاسی لە هەردوو بەجومگەیی لەگەڵ شاسی سەرەکی دەبەسترێت و بەلای عەماری تۆو لە هەردوو لابەرز دەکرێتەوە.

سەرچاوەکان

أ) بە زمانی عەرەبی

1 ـ لطفي حسين و الدكتور المهندس عبدالسلام محمود عزت.
معدات مكننة المحاصيل الحقلية بغداد 1978.

2 ـ ترجمة: الدكتور عبدالمعطي الخفاف والمهندس عبدالعزيز كامل.
المعدات الزراعية (الجزء الاول) بغداد 1981.

3 ـ الدكتور المهندس عبدالحميد ابوسبع والدكتور المهندس يسري كريم.
الالات الزراعية دار المعارف 1980.

ب) بەزمانی ئینگلیزی:

4 - Principles Of Farm Machinery By Professor R. A Kenar, Roy Bainer and E. L. Barger. 1972. -

5 - Machines for Power (Farming Edition) By Archie A. Stone, and Harold E. Gulvin.

6 - Element of agricultural Machinery Volume 2. By Robert M. Wilkinson and Oscar A. Braunbeck. 1977

حـ) بەزمانی رووسی:

7 ـ پروفیسور ن ی. کلێین و دکتۆر ف. ئا. ساکون.
مەکینەکانی کشت وکاڵی موسکو 1980.

8 ـ پرۆفیسور ف. س. کۆسینسکی: زەوی و بەرهەمی بنچینەیی کشت وکال موسکو 1980.

9 ـ پروفیسور ئا. ب لوبێ وئا. ئا گرۆمیچیفسکی بیرکاری و نەخشەسازی مەکینەکانی کشت وکاڵ لینینگراد. 1977.

10 ـ پرۆفیسور توربین.
ئێۆر یاو بیرکاری تکنولۆجیای مەکینەکانی کشت وکال ـ 1967.

11 ـ پرۆفیسور گە. ێ لیستە پادۆف: مەکینەکانی کشت وکاڵ موسکو ـ 1976.

12 ـ جهاد كياني.
لێکۆڵینەوەی ئامێری گواستنەوەی تۆو بۆ رۆێمی تۆوەدەری پنیوماتیکی بنکەیی.
نامیلکەی دکتورا. گۆرگی ـ بیلۆروسیا ـ 1981.

13 ـ پێشاندەری (referenee book) نەخشەسازی (designer) مەکینەکانی کشت وکاڵ بەرگی دووەم موسکو ـ 1967.

د) فەرهەنگەکان

14 ـ جلال كمال غريب. 3891 ـ ثلاثلا ءزجلا و9791 ىناثلا ءزجلا، 4791 ـ هيناميسلا ـ لولا ءزجلا .ىدرك ـ ىزيلگنإ ـ ىبرع ىملعلا ىسوماقلا ت

15 ـ ف. م. بوریسوف ـ قاموس روسی ـ عربی الجزء الاول والثانی 19°83.

16 ـ فەرهەنگی پۆلیتکنیکی ـ روسی ـ ئینگلیزی ب. ف. کوزنیچۆف ـ 1980.

17 ـ منير البعلبكي.
المورد قاموس إنگليزي ـ عربي.

هەوالنامەی کتێب

چاندن و پێش خستنی تووتن لە کوردستاندا

هەوالنامەی کێشێ

○ ئاشتی عثمان شریف ○

«پێشەکی»

وەك ئاشكرایە تووتن بایەخێكی ئابووری گەورەی هەیە، بەتایبەتی لە ناوچەی كوردستاندا، ژمارەیەكی زۆر لە جوتیاری ناوچەكە خەریكی ئەم پرووەكەن لەگەڵ ئەوەشدا خزمەتێكی زۆری ئەوێ هەر لەچاندنی تۆوەوە، هەتا ووشك كردنەوەو داگرتنی تووتنەكە لەفەردەدا . . . ئێستا جوتیاری كورد ئاشنایەتێكی زۆری هەیە لەگەڵ تووتن دا ، هەرچەندە ئەم پرووەكە تۆوەكەی هێنراوە نەك لەپەگەزدا هەمان بووبێ ، هەزارەها چیرۆك و حیكایەتی لەسەرە، وەیان پرووی‌داوە بەڵام ئێستاش جوتیار هەر بەڕێگا تایبەتی‌یەكەی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا ئەكات، جابۆیە ئەم بەرهەمە گرنگی پێ‌دراوەو. . . دەیان پسپۆڕو لێزان بەڵگەی لەم بوارەدا داهێناوە زیاتر هەوڵ ئەدرێ كەچاك بكرێت و پێش بخرێت بۆ ئەوەی زیاتر هانی جووتیار بدرێت كە بایەخێكی باش بەم پرووەكە بدات چونكە هەڵكەوتنی خاك و ئاوهەوای ناوچەی كوردستان زۆر لەبارە بۆ ئەم پرووەكە ئابووریە ئێمەش بەباشمان زانی كەوا هەوڵێكمان هەبێ لەم بوارەدا ئەگەر كەمیش بێت بەڵام جێگرێت. . .

كورتەیەكی مێژووی تووتن

مێژووی زانراوی تووتن ئەگەڕێتەوە بۆ گەشتەكەی كرستۆفەر كۆلۆمبس بۆ وولاتی هیندیەكان لە ساڵانی 1492دا، هیندیەسوورەكان گەلاێ تووتنیان بۆ كێشان بەكارهێناوە لە جەژنە ئایینی‌یەكاندا، هەروەها بۆ چارەسەركردنی هەندێ نەخۆشی وەك سەرئێشە، هەر لەو ڕۆژەدا واتا لەڕێكەوتی 28 تشرینی

یەکەمی سالی 1492دا کۆلۆمبس فەرمان ئەدا بەدووان لە پیاوەکانی زیاتر لەو دووکەڵە نزیك ببنەوە، ئەمانیش لە ڕێگا زۆر لە هیندی‌یەکان لە ژن و پیاو ئەبینن کە قامیشێکی درێژ بە دەمیانەوەیەو دووکەڵی لێ بەرز ئەبێتەوە، هەروەها کۆلۆمبس لەلایەن (بارتملی لاکازاس)ەوە پشتگیری کراوە لەدوای گەڕانەوەی لە وولاتی هیندی ڕۆژئاوادا ووتویەتی :-

کە دانیشتوانی ئەم وولاتە جۆرە سەبیلێکی درێژ ئەکێشن کە پێیان ووتووە «تۆباکۆس» لەو سەرەی لای لێوپانەوە دووکەڵێکی زۆری لێ هاتۆتەدەر ،ئەمەش وای ڕاگەیاندوە کە باری هیلاکیان سووك ئەکات.

بالۆزی فەرەنسی (جینانیکۆت) لە پورتوگال لە سالی 1561دا دەستێکی بالای هەبووە لە ناسینی تووتن بە ئەوروپا ،ئەمەش بەهۆی ئەوەوەی کە هەندێ تۆوی نارد بۆ شازنی فەرەنسا کە ناوی «کاترین» بوو تابەکاری بۆنێت بۆ چارەسەرکردنی سەرێشەکە ،هەر بۆیە ناوی زانستی تووتن بە Nicotina ناوی دەرکرد وەك ڕێزلێنان بۆ جینانیکۆت.

- یەکەم کەس تووتنی گەیاندە ئیسپانیا (ڕامۆن پۆن) بوو.

- ئەو کەسەی لەسەر تووتن زۆری خوێندوە پزیشکی فلیبی دووەم بووە، کە ناوی (فرانسیسکۆ هرناندز)ە

- لە سالی 1559 دا پاشای ئینگلتەرە «جاکی یەکەم» جگەرە کێشانی قەدەغە کردوە، دیسان لەسالی 1642ز «بابا ئۆربانی هەشتەم» ئەوانەی جگەرەکێش بوون هەموویانی بێ بەش کرد لە هاتو چۆکردنی ناوکڵیسە...

دەرکەوتنی تووتن لە عێراقدا:

چاندنی تووتن لە ئەوروپاوە گەیشتە دەوڵەتی عوسمانی کەلەشەڕی (قەرەم) لە سالی 1855دا سەربازەکانی لە شێوەی سیغاردا تووتنیان ئەکێشا، لەو کاتەشدا دەوڵەتی عێراق سەر بەئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو، بەڵام زۆر جار بەکارهێنانی قەدەغە کراوە لەلایەن سوڵتان مرادی چوارەمەوە، تا سالی 1890 پەیوەندیەکی بازرگانی بەستراوە لەنێوان عیراق و کۆمپانیایەکی فەرەنسی دا کەناوی «ڕێزی Rezi» بووە بۆ ماوەی 30سال...

ئاشکرایە باری سروشتی عیراق لە خاك و ئاوهەوا هانەدەرێکی لەبار بووە بۆلێکۆڵینەوەو تاقیکردنەوە لەسەر جۆرو بەشەکانی تووتن. هەر بەم بۆنەیەوە لەسالی 1939دا بەڕیوەبەرایەتی ئینحصاری تووتن دامەزرا بۆچاودێری کردنی چاندنی تووتن لەعیراقدا، لە سالی 1952دا ناوەکەی گۆڕرا بۆ بەڕۆەوندی بەڕێوەبەرێتی ئینحصاری تووتن بەپێی یاسای ژمارە (52) هەر لە هەمان سالدا میری ئەوکاتە تووتنی ڕۆژهەلاتی لە تورکیاو بلگاریاو یۆنانەوە هێنایە ناو وولاتەوە.

نیشانەکانی ڕووەکی تووتن

تووتن لەبارەی ڕووەکی‌یەوە ئەگەڕێتەوە بۆ خێزانی (ScLanaceae) کە ڕەگەزی نیکۆتیانیە (Nicotiana) وە ژمارەی کرۆمۆزۆمەکانی (24) جۆرێ تووتن بریتی‌یە لە ڕووەکێکی نیرە مووك کە توانای خۆپیشاندانی هەیە لەکێڵگەدا لەدووریەکی تایبەتی‌دا بەڕێژەی 97 - 100 ./. لەسەدا.

درێژی ڕووەکی تووتن لەباری تایبەتی‌دا 70 - 200سم وەیان زیاترە، قەبارەی گەڵاکانی جیاوازە بچووکەکانی درێژییان لە 4 - 6سم، بەڵام گەورەکانی ئەگاتە 25 - 120سم ژمارەی گەڵاکانی 14 - 30 گەڵایە، شێوەی گەڵاکانی درێژ و تەسکە وەیان پان و هێلکەیی‌یە هەندێکیان گوێچکەی هەیەو، هەندێکی تریان نی‌یەتی. گەڵاکان بە شێوەی لابەلا لەسەر قەد ئەبینرێت و ڕێزئەبێت 1 بۆ 3 ، 2 بۆ 2 ، 3 بۆ 8 وەیان بەکەمی 13/5 گەڵا ڕیزئەبن.

ڕەنگی گوڵەکان سپی‌یەوەیان سوورە بەڵام بەشێوەیەکی

گشتی گوڵەکان ڕەنگیان (پەمەیی)یە درێژیان لەنێوان 10 ـ 60 ملیمەترە شێوەیان وەك ڕەحەتی وایە، پێنج گەڵایی یە، بەتەنها ڕووەکێك 10 ـ 20گرام تۆو بەرهەم ئەهێنێت، قەبارەی دەنکە تۆزوەکان بچوکە، هەر 10 ـ 12 هەزارە دەنکە تۆو کێشەکەی ئەگاتە ئاگرام شێوەی مەیلەو هێلکەیی وەیان پانە، درێژی 75 و. ملیمەتر ئەبێت، ڕەنگی تۆوی تووتن قاوەیی کاڵە بەڵام ئەگۆڕێت بەڕەش وەیان قاوەیی تۆخ ،لەبەر ئەوەی تۆو نیکۆتنی تیانی یە وەك خۆراك بەکار ئەهێنرێت، تۆوی تووتن توانای مانەوەی هەیە بۆ (20) ساڵ ئەگەر هاتووباری هەڵگرتنی گونجاویێت واتاووشکی وی پلەی گەرمای 10 ـ 16 سەدی بێت.

باری سروشتی و پەیوەندی بەشوێنی چاندنی تووتنەوە:ـ

باری سروشتی لە (خاك و ئاو وهەوا) پەیوندیەکی بەتینی هەیە بۆ دیاریکردنی شوێنی چاندن و بەرهەم هێنانی ،وەکو لای خوارەوە ڕوونی ئەکەینەو:

أ ـ خاك: ئەو خاکەی تووتنی تیا ئەکرێت ئەبێت نوڕینی لماوی بێت ئاو بگرێ و باش ئاو بخواتەوە، ترشی PH 5/5 ـ 7/2 بێت، بڕاری نەبێت مادەی ئۆرگانیك و کانزایی زۆر بێت.

کانزایی زۆر بێت، خاکی قەد پاڵی شاخەکان (دەشتە شاخاوییەکان) کەشێی کەم بێت بەچاکترین و گونجاوترین شوێنی چاندنی تووتن دائەنرێ ،هەروەها دەرکەو توە کەخاکی قورس تووتنەکەی بەشێکی زۆر لە نایترۆجین و نیکۆتین و کالیسیۆمی تیا ئەبێت، ئەو تووتنەش کە بەرهەم دێ دیسان بەشێکی کەم لە پۆتاسیوم و کاربۆهیدڕاتی تیانەبێت.

ب ـ ئاو وهەوا: تووتن لە شوێنی فێنك دا ئەکرێت، لە جیهاندا لە نێوان هێڵی پانی (60) لەسەروە تاهێڵی پانی (40) لەخوار هێڵی ئیستواوە بڵاو بۆتەوە، ئاو هەواش بریتی یەلە:

1 ـ پلەی گەرما:ـ تووتن پێویستی بەوەرزێك هەیەکە بەستنی تیا ڕوونەدات هەر لەشەتڵ لێدانەوە تا شکاندنەوەو ووشك کردنەوەی ،پاشترین پلەی گەرما بۆ ڕوواندنی تۆو ئە شە تڵگا 27 ـ 30 پلەی سەدییە، وە بۆ گەشەکردنی شەتڵەکان (27 °س)یە یان لە(12 ـ 36°س) ئەگەر پلەی گەرمی لە 12°س نزم بۆوە ئەوا ژمارەی گەڵا کەم ئەبێت و زووگوڵ ئەکات بەڵام ئەگەر هاتوو لە 36°س زیاتر بوو لەگەڵ ئەوەشا شێی زۆریش ئەبێتە هۆی دواکەوتنی گوڵ کردن، زۆر بوونی بوون بەهەڵم کارێکی خراپ ئەکاتە سەر تامی تووتنەکە.

2 ـ شێ: باشترین ڕێژەی شێ لە هەوادا کەتووتن پێویستی پێی هەیە لە 40 ـ 60 ٪ لە سەدا، باران پێویستە لەکاتی تۆوکردنەوە تا پێگەیشتنی [لەگەڵ ئاودانی تووتنەکە بەپێی پێویست]، بەڵام بارانی زۆر ئەبێتە هۆی کەم بوونی نیکۆتین لەگەڵادا، بەپێچەوانەوە بارانی کەم ئەبێتە هۆی زۆر بوونی نیکۆتین و نایترۆجین و کالیسوم.

3 ـ «با»:ـ «با»ی بەهێز ئەبێتە هۆی و وشك کردنەوەی زەوی و کارێکی خراپ ئەکاتە سەر ڕووەکی تووتن بۆشکاندن و دڕاندنی گەڵا ،هەروەها بەهۆی «با»وە لەشوێنی تەوە سبۆرات و تۆوی گیای کێوی دێتە ناوکێڵگەوەو ئەبێتە هۆی کەم بوونی بەرهەمی تووتن و خراپ بوونی جۆری پلەی تووتنەکە.

4 ـ تیشکی ڕۆژ: تیشکی ڕۆژ گرنگییەکی گەورەی هەیە لە کرداری ڕۆشنە پێك هاتن دا، وەبەپلەی دووەم دێت لە دوای بارانەوە، هەتا تیشکی ڕۆژ بەنەواوی هەبێت گەشە کردنی ڕووەکی تووتن چاکتر ئەبێت.

«دابەش کردنی تووتن بەگوێرەی ڕێگەی و وشك کردنەوەو بەکارهێنانی»

بەشێوەیەکی گشتی ئەتوانین تووتن دابەش بکەین بەچوار کۆمەڵەوە بەپێی ڕێگەی و وشك کردنەوەو بەکارهێنانی:ـ

1 ـ تووتنی ڕۆژهەڵاتی (التبوغ الشرقیه):ـ ئەم جۆرە

هەواڵنامەی کێبڕکێ

تووتنه له بەرێشکی ڕۆژدا و وشک ئەکرێتەوە، لە نیشانە جیاکە ڕەوەکانی ئەم جۆرە ئەوەیە، قەبارەی بچوکەو دەمارەکانی ناسکە تام بۆنێکی سروشتی تایبەتی خۆی هەیە، ئەو وڵاتانەی ئەم جۆرە تووتنە بەرهەم ئەهێنن تورکیا - یۆنان - بولغاریا - یۆغۆسلافیا - ئێران - عێراق - سووریا - ئیتالیا.

2 - تووتنی فەرجینی (التبوغ الفرجینیة):- ئەم جۆرە تووتنە بەزۆری لەبارنی تایبەتی دا کە بۆ ئەم مەبەستە سازکراوە بەئامێری پلەی گەرماوشێ و وشک ئەکرێتەوە، لە نیشانەو دیاردەکانی ئەم جۆرە ئەوەیە گەڵاکانی گەورەو ئەستورە ڕەنگی زەردباوەو شانەکانیشی بە هێزە ،ڕێژەیەکی بەرز لەشەکری تێدایە ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ جۆرەکانی تری تووتندا.

ئەو وڵاتانەی ئەم جۆرە بەرهەم ئەهێنن بریتین لەو:

ئەمەریکا - هیند - چین - کەنەدا - فلیپین - ئەوەی شایانی باسە چەند جۆرێک لەم تووتنە لەژێر نیشکی ڕۆژداو وشک ئەکرێتەوە کەپێی ئەوترێ (sun - cured) بەناوبانگ ترین و وڵاتی بەرهەم هێنەری ئەم جۆرە بریتین لە:

ئەمەریکا - چین - ئەرجەنتین - پاکستان - هیند.

3 - تووتنی بێرلی:- ئەم جۆرە تووتنە لەژێر سێبەردا ووشک ئەکرێتە وە پێ پشت بەستن بەهیچ جۆرە ئامێرێکی پلەی گەرما، بۆیەپشت بەباری سروشتی ناوچەکە ئەبەستێ، لە نیشانەو دیاردەکانی ئەم جۆرە ئەوەیە:- ڕەنگی گەڵاکانی تۆخە، گەڵاکانی گەورەیە، شانەکانی تەنکە ڕێژەی ماددەی شەکر تیادا کەمە توانای هەڵمژینی هەیە بۆ ماددەی شلەدارو عەتر لەپێشە سازی جگەرەدا. وڵاتانی بەرهەم هێنەری ئەم جۆرە بریتین لە :- ئەمەریکا - ئیتالیا - ئیسپانیا - کەنەدا.

4 - تووتنی دارك فایرکیور (Dark Fire - cured) ئەم جۆرە لەتووتن لەژووری تایبەتی دا کەپێی ئەوترێ بارن و وشک ئەکرێتەوە، ئەدرێتە بەر دووکەڵی تەختەی سووتاو، بەتایبەتی دووکەڵێ داری سنەوبەر، ئەم جۆرە بۆ پایپ بەکار ئەهێنرێت، ئەو و وڵاتانەی ئەم جۆرە بەرهەم ئەهێنن بریتین لە ئەمەریکا - مەلایو - سووریا -

«ئامادەکردنی شەتڵگاو بەخیوکردنی»

1 - هەڵبژاردنی زەوی بۆشەتڵگا: بۆ دەست نیشان کردنی پارچە زەوییەك بۆ شەتڵگاکە ئەبێ ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:-

أ - ئاشکرایە کاتی بەخێوکردنی تووتن لەسەرەتای وەرزی بەهاردا دەست پێ ئەکات لەم مانگەشدا ئاوهەوا بەرادەیەك سارد لەبەر ئەوە ئەبێت شوێنکی باش هەڵبژێرێت کەوا بەدرێژایی ڕۆژ ڕوو لەخۆر بێت وە دوور بێت لە تەووژمی «باەی ساردەوە.

2 - پێویستە زەوییەکە قوڕینی لماوی بێت، هەروەها دەڵەمەندبێت بەزیندە ماددەی تواوەو ئاوە دەرچوونی باش بێت، ئابێت جۆری زەوییەکە قوڕاوی بێت لەبەر ئەوەی بۆماوەیەکی زۆر ئەڕایی تیا ئەمێنێتەوە بەمەش پلەی گەرمی دێتە خوارەوە لەزەویەکەدا، کەپلەی گەرما بەرز بوەوە شەتڵەکان تووشی نەخۆشی ئەبێت، ڕەگەکانی ئەڕزێت، هەروەها ڕووی زەوی یەکە ڕەق ئەبێت، بەڵام زەوی لماوی هەژارەو ئاوە دەرچونی زۆرە.

3 - چاکتروایە ئەو زەوییەی ئامادە ئەکرێ بۆ دامەزراندنی شەتڵگا لەوەرزێك زیاتر بەکار نەهێنرێ.

4 - پێویستە شوێنی شەتڵگاکە نزیك بێت لەسەر چاوەی ئاوەوە، هەروەها ئاوە کە لەبەری بروات باشترە لەئاوی وەستاو، پێویستە ئاوی بیر بەکار نەهێنرێ لەبەر ئەوەی خۆێی کلۆری تێدایە.

5 - پێویستە زەوییەکە ڕێك بێت، پاك بێت و دوور بێت لە نەخۆشی یەوە.

هەوڵنامەی کێڵ

«ئاماده کردنی زەوی شەتڵگا»

بۆ ئەوەی شەتڵێکی بەهێزو لەبارمان دەست کەوێت بۆ ڕووادن ،ئەبێ گڵەکە نەرم بێت دەوڵەمەندبێت بەخۆراك بۆ ئەوەی گەشەکردنی ئاسان بێت، زەوییەکە بکێڵرێت و پەین بکرێت بەپەینی ئاژەڵ بەپێی پێویست، ئەم کێڵانەش لە پاییزا دەست پێ ئەکات لەمانگی تشرینی یەکەمەدا بە قوڵی 30 ـ 35سم، بۆ هەڵگێرانەوەی گڵەکە لەگەڵ گژوگیادا وەشی کردنەوەی زەوی یەکە تاوەکو پارێزگاری بەباراناوەو بکات بۆ لەناوبردنی تۆو گژوگیاو هێلکەی مارومێرو، چاکترواپە پەیینی ئاژەڵی سووتاوی پێوەبکرێ، بەڵام کێڵانی دووەم لەسەرەتای وەرزی بەهاردا دەست پێ دەکات واتا لەمانگی شوباتدا بەڵام ئەمجارە کێڵانەکە قوڵ نابێت، قوڵی یەکەی ئەگیاتە 10 ـ 15 سم ئینجا گڵەکەشی ئەکرێتەوەو ڕێك ئەکرێت، زەوییەکە پاکژ ئەکرێتەوە، بە بەکارهێنانی یەکێ لەم (میدانە).

1 ـ بازامید بەڕێژەی 110 ـ 150 کگم بۆ یەك دۆنم

2 ـ دیمید بەڕێژەی [illegible] 4 کگم بۆ یەك دۆنم.

3 ـ دیترینول بەڕێژەی 1 کگم بۆ یەك دۆنم

«پاکژ کردنەوەی پەیینی ئاژەڵی بۆ بەکارهێنانی داپۆشینی ڕووی دووکانە شەتڵ»:ـ ـ پێش ئەوەی دەست بکەین بە پاکژ کردنەوە پێویستە پەیینەکە ببێژرێتەوە، پاش ئەمە بە ئەستووری 10سم کەڵەکە ئەکرێت لەسەر زەوی ماددەی فۆرمالین بەخەستی 5 ./ . لەسەدا یان فابام بەخەستی 10 ./ . لەسەدا وە بەڕێژەی 10 لیتر بۆیەك مەتر چوارگۆشە، پاش ئەمە چێنێکی تریەیین ئەکرێتە سەر پەیینی یەکەم وە بەهەمان ماددە ئەپرژێنرێ ،ئەم کردارە دووبارە ئەکرێتەوە تا ئەستوری پەیینەکە ئەگاتە مەترێك ئینجا تێکەڵ ئەکرێت تاوەکو پەیین و ماددەکان تێکەڵێ یەکتر ئەبن، دوای ئەوە بە نایلۆن دا ئەپۆشرێ بۆماوەی (15) ڕۆژ، پاشان پەیینەکە ئامادە ئەبێت بۆ بەکار هێنان.

«جۆرەکانی شەتڵگا»

لێرەدا چەند هۆیەك کار ئەگێڕێت لەدەست نیشان کردنی جۆرەکانی شەتڵگا، لەو هۆکارانەش ئابووری و جوگرافی و گەورەیی ڕووبەری شەتڵگاکە، سێ جۆر شەتڵگامان هەیە

1 ـ دوکانە شەتڵێ نزم

2 ـ دووکانە شەتڵێ مام ناوەندی.

دووکانە شەتڵێ بەرز (بڵند).

1 ـ دووکانە شەتڵی نزم:ـ ئاستی ئەم جۆرە 10سم نزمتر ئەبێت لەڕووی زەوییەوە ،پلەی گەرما لە سەرەتای بەهاردا تیا لەبارە، کار ئەکاتە سەر خێرایی چەکەرە کردنی تۆوەکە، بەڵام ئەم ڕووی خرابی هەیە وەك پارێزگاری بەهێندەیەکی زۆر لەناوەوە ئەکات زیاتر لە پێویستی شەتڵەکان، ئەمەش ئەبێتە هۆی ڕێگرتن لە گەشەکردنی شەتڵەکان و بڵاو بوونەوەی نەخۆشی، ئەم جۆرە لە ناوچە شاناوایەکاندا لەبارە، چونکە هەمیشە ڕوو لە «باەی بەهێزە.

2 ـ شەتڵە دووکانی مام ناوەندی، بەرزایی ئەم جۆرەیان لە ڕووی زەوییەوە ئەگاتە نزیکەی 10سم، چەند ڕوویەکی باشی هەیە وەك پارێزگاری بەتەرایی زیادەوە ناکات، کەمتر تووشی نەخۆشی ئەبێت، ڕێژەی خێرایی چەکەرە کردن و پێگەیشتن تیا بەرزە.

3 ـ دووکانە شەتڵێ بەرز «بڵند»: بەرزایی لە ڕووی زەوییەوە ئەگاتە نزیکەی 20سم، بەوە بەناوبانگە ئاوە دەرچوونی تیا باشە، کەمتر تووشی نەخۆشی ئەبێت، بەڵام ڕووی خرابی ئەوەیە هەمیشە ڕوو لە «باەی بەهێزە لەبەر ئەوە تۆو پەینەکەی بەهۆی ئەم «باەیەوە زۆر بڵاو ئەبێتەوو سوودی نامێنێ.

هەولێر

چاندنی تۆو:

——— دوای ڕێـك كردن و چاككـردنی ڕووی دووكـانـه شەتڵەكـه هەنـدێ تۆو ئەهێنین لەگـەڵ خۆڵەمێش یان لمدا تێكەڵی ئەكەین بەڕێژەی 5 ـ 8 گرام بۆ 10 مەتر چوار گۆشە بەنیسبەتی تۆوی ڕۆژهـەلاتی یـەوە، بەڵام بەنیسبەتی تۆوی فەرجینی و بێرلی یەوە 3 ـ 5 گرام بۆ 10 مەتر چوار گۆشە بەكار ئەهێنین، پاش ئەوەی تۆو خۆڵە مێشـەكـەمان جوان تێكـەڵ كرد ئینجا بە شێوەیەكی ڕێك و دروست بڵاوی ئەكەینەوە بەسەر ڕووی دووكانە شەتڵەكەدا ،پـاشـان ئەم تۆوە بەچـنێكی تەنـك لەپـەینی بێـژاوە بەئەستوری ٥ـ 1سم دا ئەپۆشین ،بەپارچەیەك تەختەی ساف لەشێـوەی لاكێشـەدا ئەكـوتـرێتـەوە تاوەكـو تۆوەكـان سەقـامگیـربن لەڕووی دووكـانـه شەتڵەكـەدا ئینجا بەهۆی ئاوپرژێنەوە (رشاشات)ەوە ئاوی ئەدەین و بەنایلۆن دای ئەپۆشین.

تێبینی: لەكـاتی جانـدنی تۆوەكـەدا ئەبێت ڕۆژەكـەی خۆش بێت و هەتاو سایەتە بێت و وەك هێمن بێت.

كارتێكردنی پلەی گەرما لە سەر چەكەرەكردن

باشترین پلەی گەرما بۆ چەكەرەكردنی تۆو لە نێوان 20 ـ 28 پلەی سەدی دایە، ئەگەر ئەم پلەی گەرمایە لەم ڕادە هاتـە خوارەوە ئەبێ بەهـۆی دواكـەوتنی چەكـەرە كردن و مانـەوەی تۆوەكـە لەدەوری سڕبـوونـدا ،پاش گەیشتنی ئاو بەتۆوەكە دەست ئەكات بە هەڵمژینی لە سەدا 30 ـ 35 لە كێشی، پاشان ڕەگ گەشە ئەكات وە لە سەدا 60 ـ 70 لە كێشی تۆوە كە ئاو هەڵئەمژێ بۆ ئەوەی ڕەگی سەرەكی پەیدا بكات، تۆو بەچوار قۆناغدا ئێئەپەڕێت تاپەیدابوونی شەتڵ:

أ ـ قۆناغی سڕبوون

ب ـ قۆناغی ئاوسان، هەڵهاتن

ح ـ قۆناغی دەرچوونی چكەرە لەتۆو

د ـ قۆناغی ڕەگ كردن (ڕەگە دەرچوون)

ئاودان

———: كرداری ئاودێـری یەكێكـه لە كرداره سەرەكیـەكـانی كشت و كاڵ، ژمـارەی ئاودان و چەنـدێتی ئاو، وە ستـاوە لەسـەر باری ئاوهـەوا، جۆری ئاوەانـەكان و جۆرووتـەمـەنی شەتڵەكـه بەپێی پێـویستی بەئـاو ئەتـوانین دابەشی بكەین بەچەند قۆناغێكەوە:

1 ـ لەتـۆو كردنـەوە بۆ چەكـرە كردن: پێـویستـه ڕووی دووكانەكه هەمیشه تەڕبێت ڕۆژانه پێویستی یەك مەتر چوار گۆشە 2 2/1 تا 3 لیتر ئاوە.

2 ـ لەدەر كەوتنی چەكەرەوە بۆ گەڵاكردن: لەم قۆناغەدا پێویستی بە بەشێكی زیاتر ئاوهەیە، ڕۆژانە پێویستی یەك مەتر چوار گۆشە پێویستی 3,5 تا 4 لیتر ئاوهەیە.

3 ـ لەدەر كەوتنی گەڵاوە تا گواستنـەوەی شەتڵەكـان:ـ لەم قۆنـاغـەدا پێـویستی ٥ بەئـاوێكی زۆر هەیـە، ئێـوان ئاودانـەكان درێـژە، بەڵام بەهێنـدەیـەكی زۆر ،پێـویستـه ڕێژەی تەڕایی لە گڵەكەدا بگاتە قورڵی 10سم.

شەتڵگا بەچەند ڕێگایەك ئاو ئەدرێ:

1 ـ بەهۆی ئاوپرژێنی دەستی یەوە.

2 ـ بەهۆی بۆری درێژەوە، ئەم بۆریانە دابەش ئەكرێ لە چواردەوری شەتڵگاكە، لقیان لێ ئەبێتەوە بەهۆی بۆری بچوكی پلاستكیەوە، كۆنایی سەری ئەم بۆریانە لەشێوەی ڕەحەتی دان وەك (دوش)ی گەرماو، ڕووی دووكانەكانی پێ ئاو ئەدرێ.

3 ـ بەقۆناغی كۆگـای ئاوەوە كە ڕاكێشـەر ڕایشـەكێشی لە ژێـرەوەیـدا بۆریـەكی پێـوەیـە بەكـونی نەرم داپۆشـراوە ڕووبەری دووكانەكانی پێ ئاو ئەدرێ.

هەوالنامەی كێڵگە

4 ـ ئاو دان بەهۆی پرژێنەری باراناوی‌یەوە (سپرینگلر)

بژار

ـــــــــــ:ـ بەپێی پێویست بژار ئەکرێت یان لەکاتی دەرکەوتنی گژوگیادا ،پاش کرداری بژارکردن یەکسەر شەتڵگاکە ئاو ئەدرێ، بژارکردن پاش (4) هەفتە دوای چەکەرە کردن دەست پێ ئەکات، بۆ ئەنجام هێنانی ئەم کرداوە ئەبێت ئاگاداری شەتڵەکان بین کەبەدە ستمانەوە هەڵنەکێشرێت ،چاکترواپە ئەو گیایەی ئەمانەوێ هەڵیکێشین بخرێتە نێوان دووپەنجەوە، پاشان لەسەر لایەکی دووکانەکە دائەنرێت.

پەیین کردن

ـــــــــــ:ـ ئەگەر هاتوو شەتڵەکان لاواز بوون پەیینی کیمیاوی تێ ئەکەین تا بەهێز بێت بەم ڕێژانەی خوارەوە:

1 ـ نەنتراتی ئامۆنیا 21 ./. 15گم بۆ /م2 بۆ تووتنی ڕۆژهەلاتی

2 ـ سۆپەر فۆسفات 18 ./. 30گم بۆ /م2 بۆ تووتنی ڕۆژئاوا

ئەمەش ئەبێ لە ئاوا بتوێنرێتەوە بەهۆی ئاوپرژێنەوە بکرێت بەشە تڵگاکەوە، پاشان یەکسەر ئاوی ئەکەین بەسەردا تا گەڵاکان بشۆرێنەوە، بۆ تووتنی فەرجینی و بێرلی ئەم ڕێژانە ئەگۆڕرێن بەم شێوەیەی خوارەوە

1 ـ نەنتراتی ئامۆنیا 45 ./. 15 ـ 20گم بۆ /م2

2 ـ سۆپەر فۆسفات 18 ./. 40 ـ 50گم بۆ /م2

داپۆشین

ـــــــــــ:ـ بە نایلۆن دووکانە شەتڵەکان داپۆشرێت بۆ پارێزگاری کردن لە زوقم و سەرما ،پێش چەکەرەکردن دوای هەموو ئاودانێك داپۆشرێت، پاش چەکەرە کردن پێویستە بەڕۆژ داپۆشرێت بەمەرجێك ئاوهەوا خۆش بێت بەدرێژایی ڕۆژ خۆر بەدەرەوە بێت، بەیانیان لەگەڵ دەرکەوتنی خۆردا نایلۆنەکە بەرز ئەکرێتەوە تا خۆر ئاوابوون پاشان دائەپۆشرێتەوە، بەڵام لە ڕۆژی باراندا یان ئەگەر هەور بوو پاش ئاودان یەکسەر داپۆشرێتەوە.

تێبینی

ـــــــــــ: ئەم کرداوە ئەبێت زوو بەوردی بەئەنجام بگەیەنرێن ئەگینا شەتڵەکان تووشی نەخۆشی ئەبن بەهۆی کۆبونەوەی شێ و بەرز بوونەوەی پلەی گەرماوە.

ـ پێش گواستنەوەی شەتڵەکان بۆکێڵگە بە ماوەی 3 تا 4 ڕۆژ ئاو لە شەتڵگاکە ئەبرین تاوەکو شەتڵەکان ڕابهێنین بۆ زروفی کێڵگە.

ـ هەڵکەندی شەتڵ و گواستنەوەی بۆکێڵگە

ـــــــــــ:ـ

ئەگەر بۆ مان دەرکەوت شەتڵەکان پێگەیشتوون ئەو کاتە دەست ئەکەین بەهەڵکێشانیان، ئەمەش بەهۆی چەند دیاردەیەکەوە ئەتوانین بزانین شەتڵە کە گەیوە.

1 ـ گەڵاکانی ڕەنگیان سەوزێکی کراوەیە.

2 ـ دڕێژی شەتڵەکان لە کۆتایی ڕەگەکەیەوە تا کۆتایی گەڵاکانی ئەگاتە نزیکەی 12 ـ 14سم.

3 ـ ژمارەی گەڵا لە نێوان 5 ـ6 دایە.

هەروەها شێوەیەکی تریش هەیە بۆئەوەی بزانین شەتڵەکان پێگەیشتوون ئەویش ئەوەیە شەتڵەکە لە پەنجەمانەوە ئەتالێنین ئەگەر هاتوو نەشکایەوەو نەرم بوو ئەوا دەلالەت لەسەر ئەوە ئەکات کە پێگەیوە.

پێش هەڵکێشانی شەتڵ شەتڵگاکە بە ئاوێکی زۆر ئاو ئەدەین، پاشان بەجێ ئەهێڵرێت بۆ ماوە (2) سەعات، دوای ئەمە دەست ئەکرێت بە هەڵکێشانی شەتڵەکان، پاشان لە شێوەی گورزەیەکدا ئەبەسترێت وە لە شوێنێکی سێبەردا دائەنرێت بۆ ئەوەی تاماوە بێت بۆ چاندنی لە کێڵگەدا.

هەواڵنامەی کێبڕکێ

کارەکانی چاندنی تووتن لە کێڵگەدا:

1 ـ کێڵان: زەوی یەکە لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەمدا ئەکێڵرێت بۆ لەناو بردنی هێلکەو کرمی مێروەکان و هەڵمژینی باراناو، دووبارە لەمانگی کانوونی دووەم دا دەست ئەکەینەوە بەکێڵان تاگڵەکە بەتەواوی ووردبێت، باشترواپە لەمانگی (مارت)دا جارێکی تر بکێڵرێتەوە بۆ لە ناو بردنی بژارەکەی پاشان لە نیوەی مانگی نیساندا دەست ئەکرێت بەرێك و پێك کردن و شی‌کردنەوەی زەوی‌یەکە.

2 ـ دێراوهەڵدان: لە سەرەتای مانگی مایسدا دەست ئەکرێت بەدێراو هەڵدان [بەرێگای دەستی بەهۆی (کەتو)ەوە کە بەدوو کەس هەڵئەدرێتەوە] یان بەهۆی گاسنی دێراو هەڵدانەوە (مرازة) کە تراکتۆر رای ئەکێشێ، دووری نێوان دێراوێك بۆبەکێکی‌تر (1) مەترە بۆتووتنی فەرجینی، نیومەتر بۆ تووتنی ڕۆژهەلاتی.

3 ـ شەتڵ لێدان: شەتڵی فەرجینی ئەبێت 6 ـ 8 گەلای پێوە بێت ،درێژی لە 15سم کەمتر نەبێت، ڕەگێکی تۆپزی باشی پێوەبێت لاسکەکەی لاواز نەبێت ،بەڵام شەتڵی تووتنی ڕۆژهەلاتی ئەبێت 4 ـ 6 گەلای پێوە بێت لاسکەکەی بەهێز بێت ڕەگێکی چاکی هەبێت وە نەخۆش نەبێت لە هەفتەی یەکەمی مانگی مایسدا دەست ئەکرێ بەلێدانی شەتڵ لە کێڵگەدا تووتنی فەرجینی لەیەك بەری دێراو لێ ئەدرێت، نێوان شەتڵێك بۆبەکێکی تر نیو مەتر ئەبێت ،بەڵام شەتڵی تووتنی ڕۆژهەلاتی لە هەردوو بەری دێراوە کەلێشەدرێت بەدووری 20 ـ 25سم نێوانی شەتڵێك بۆبەکێکر تر.

ئاودان

ـــــــ: تووتن پێویستی بە 11 ـ 12 جار ئاودان هەیە.

ئەمەش جیاوازی هەیە بە گوێرەی چۆنێتی گڵەکەو ئاوهەوای ناوچەکەوە تووتنی کۆرپەپێویستی بە ئاوێکی زۆر هەیە بەڵام نێوان ئاودانێك بۆ یەکێکی کە نزیکەی (15) ڕۆژ ئەبێت لەم ماوەیەدا سێ‌جار ئاو ئەدرێت، بەڵام لە ئاودانی چوارمەوە تا کۆتایی ژیانی تووتنەکە یانی (شکاندەوەی) زوو زوو ئاو ئەدرێت بەڵام بەڕێژەیەکی کەم، ماوەی نێوان ئاودانێك بۆ یەکێکی‌تر نزیکەی ئەگاتە هەفتەیەك.

پەین کردن:

ـــــــ پاش هەفتەیەك دوای لێدانی شەتڵ ،پەینی پێوە ئەکریت ،پەینی ئازۆلێ لەگەڵ ئاوی ئاودانەدا تێکەڵ ئەکەین بەڵام پەینی کیمیاوی، لە ناوەڕاستی دێراوەکەدا خەتێکی درێژ بەهۆی دارێکەوە دروست ئەکریت پەپینەکەی تێ ئەکریت و دائەپۆشرێت ،یان بەهۆی چاڵەوە لەنێوان شەتڵەکاندا بەقوولی 5سم و دووری 10سم پاشان دائەپۆشرێتەوە، بۆ تووتنی فەرجینی پەینی تێکەڵاو بەکار ئەهێنرێت کە لەئێستگەکان (محطة) تێکەڵ ئەکرێت وەك N.P.K بەڕێژەی 2/ 88 کگم بۆ یەك دۆنم ئەگەر هاتوو سەرچاوەی نایترۆجینەکە سەلفاتی ئامۆنیۆم بوو بەم جۆرە تێکەڵ ئەکرێت 8 ؟ 27 کگم سەلفاتی ئامۆنیۆم + 44/4 کگم سۆپەرفۆسفاتی سێ‌ینە + 20 کگم سلفاتی پۆتاسیوم. وەبە ڕێژەی 4 / 75 کگم بۆ یەك دۆنم لە پەینی کیمیاوی ئەگەر سەرچاوەی نایترۆجینەکە یوریا بوو بەم جۆرە ئەبێت: 11 کگم یۆریا + 4 / 44 کگم سۆپەر فۆسفاتی سێ‌ینە + 20 کگم سەلفاتی پۆتاسیوم

بۆ تووتنی ڕۆژهەلاتی پەینی گیراوە بەکار ئەهێنرێت بەڕێژە 50کگم بۆیەك دۆنم.

پاچەکۆڵەو بژار

ـــــــ: ـ گرنگیەکی گەورەیان

هەیە بۆ تووتن پاش 7 تا 10 ڕۆژ لەدوای شەتڵ لێدانەوە پاچە کۆڵە ئەکرێت چونکە ئەبێتە هۆی شی کردنەوەی گڵەکەو ئەمەش یارمەتی ڕەگەکان ئەدات بۆمژینی هەوا بەهێزبوونی. لە دوای (12) ڕۆژ پاش پاچەکۆڵەی یەکەم، دووەم بەئەنجام ئەگەیەنرێت وە سێیەمیش بە (11) ڕۆژ دوای دووەم، لە خاکی قوورسدا پاچە کۆڵە بەقوڵی ئەکرێت ئەتوانین ماددەی کیمیاوی بەکار بهێنین بۆ لەناو بردنی گژوگیا.

سەرکردن و وەچ کردن

:- ئەگەر تۆمان پێویست بێت، نابێت سەر بکرێت بەڵام وەچ ئەکرێت بەدەست. بۆتووتنی فەرجینی لە سەروو 20 ـ 24 گەڵاوە سەری ئەکرێت بەتایبەتی پۆلی سێیشەڵ (S.L) چونکە زوو پێ ئەگات بااڵشی ئەگاتە (2) مەتر، بۆ ئەوەی ماددەی شەکرو نایترۆجین زۆر بێت لەگەڵا کاندا، ئەگەر سەری تووتن کرا بەمادەی مالیك هایدرزایدا ئەرشێنرێت بۆئەوەی وەچ دەرنەکات و هەرچەکی پێوەبوو بەدەست لانەبرێت.

پێگەیشتن و شکاندنەوەی گەڵا:

پاش 2/5

دوومانگە و نیو دوای شەتڵ لێدان تووتن دەست ئەکات بەگەیشتن لەنیشانەکانی زەرد بوونی سێیەکی سەرەوەی گەڵا، لەکاتی دەست لێدانی گەڵادا بوونی بااڵو ئەبێتەوە، کەگەڵا ئەشکێنێنەوە دەنگێکی تایبەتی ئەبیسترێت... 4 بۆ 5 جار گەڵا ئەشکێنێنەوە ماوەی نێوان جارێك بۆیەکێکی تر (20) ڕۆژە ،لەهەر جارێکدا 4 تا 5 گەڵا لێئەکرێتەوە.

شریت لێدان

:- لە شوێنێکی سێیەردا شریت لێدان بە ئەنجام ئەگەیەنرێت، گەڵا تووتنەکان لەسەر گونیەیەك کۆمەڵ ئەکرێت بەهۆی دەرزی تایبەتی یەوە ئەکرێت بەگوشەوە تووتنەکەی پێوە ئەکرێت بەڵام نابێت زۆر پربێت چونکە لەکاتی ووشك کردنەوەدا ئەبێتە هۆی ڕەش بوون و بۆگەن کردن.

ئەم کارە بەئامێری تایبەتیش کە بۆ ئەم مەبەستە دروست کراوە بەئەنجام ئەگەیەنرێت.

ووشك کردنەوە

:- دوای ئەوەی شریتەکان ئامادە بوون بە چەرداغدا هەڵئەواسرێت کەماوەی نێوان شریت و یەکێکی تر 10 ـ 15سم بۆئەم مەبەستە ئامادە کراوە بۆووشك کردنەوەی تەواو یانی (ووشك بوونی لەپی گەڵاو دەماری ناوەڕاست) بەپێی جۆری تووتنەکە ڕێگای ووشك کردنەوە ئەگوترێت.

أ ـ تیشکی ڕۆژ: بۆ تووتنی ڕۆژهەڵاتی.

ب ـ هەوای گەرم (بارن): بۆ تووتنی فەرجینی

ح ـ سێبەر: بۆ تووتنی بێرلی.

هەستنە زیندان و فەردە داگرتن

:- دوای ووشك بوونەوەی تووتنەکە شریتەکان ئەگوێزرێنەوە بۆ ناو زیندان، ئەم زیندانە ئاوی تێ ئەکرێو شریتەکان تیا هەڵئەواسرێ دەمی زیندانەکە بە نایلون دانەپۆشرێ بۆئەوەی تووتنەکە تیایا خاو بێتەوو شێ وەربگرێ هەتا لەکاتی فەردە داگرتندا تووتنەکە وورد نەبێت، پاشان دوای (2) ڕۆژ لەزیندان دەرئەهێنرێت لە سندوقدا دائەگرێت بەکێشی 18 ـ 25 کگم بەڕێژەی 25 ـ 30 شریت لە سندوقی بچوکدا پاش ئەوەی ئەم سندوقە پڕ ئەبێت بەردێکی گەورە یان بلوکێك یان (بەهۆی ئامێری تایبەتی یەوە کەبۆ ئەم مەبەستە ساز کراوە) بۆ ماوەی ڕۆژێك دائەنرێت لەسەر تووتنەکە بۆ ئەوەی بەستریتەوە، پاشان فەردەکە ئەدرێتەوەو لەڕووبەرێکی

هەولێری کێبڕکێ

تایبەتی‌دا لەسەر تەختەیان فلیین (ستایرۆبۆر) دانەنرێت، هەر بە 7 تا 10 رۆژ جارێك هەڵەگیرێتەوەو لەسەر لایان شان دانەنرێت بۆئەوەی رەش نەبێتەوەو خراپ نەبێت تا ئەو رۆژەی ئەنیرێت بۆلیژنەی وەرگرتنی تووتن، بەم شێوەیە تووتنەکە باش دەرئەچێت و پلەی بەرز وەرئەگرێت.

«گۆڕانی کیمیاوی کە بەسەر پێکهاتوەکانی گەڵای تووتندا دێت لە کاتی وشك بوونەوەی گەڵادا»

ئەتوانین سیفاتی کیمیاوی و فیزیاوی گەڵای تووتن دیاری بکەین بەهۆی:-

1 سیفاتی زگماکی (وراثی) ئەو جۆرە تووتنەی کە پۆێندراوە

2 کارتێکردنی ئاووهەوای ئەوکەژە.

3 - بەهۆی ئەو پێگایەی کە بۆ وشك کردنەوەی تووتن بەکارئەهێنرێ.

«وشك کردنەوە بەهەوای گەرم»

ئەم کرداره کۆتایی پێدێت بەچەرکردنەوەی پلەی گەرماو شێ لە دەوری گەڵای ناو کورەکە یان بارنەکە کەئەبێتە هۆی ڕووداتی گۆڕانکاری لەڕەوشتی فیزیاوی و کیمیاوی گونجاوی ڕەچاو کراوە.

ئەم کرداره زۆر گرنگە بۆپاریزگاری کردنی جۆری گەڵا، کە ئەتوانین چۆنێتی و چەندێتی گەڵا دیاری بکەین، گرنگیتی کرداری وشك کردنەوەی گەڵا کاتی بوونی دیاری ئەدات. چەند هۆیەك کار ئەکاتە سەر ڕێ ڕەوی ئەم کرداره لەبارەی خێرایی و کۆتایی هاتنی یەوە.

1 - بڕی ئەو ئاوەی لە گەڵادایە.

2 - پلەی گەرماو ڕێژەی شێ لەدەرەوەو ناوەوەی بارنەکەدا جگە لەم هۆیانە پڕۆگرامێ کەپێویستە ڕەچاو بکرێ لەکاتی ئەم کرداره‌دا پشت ئەبەستێ بە

ا - شێوەی گەڵا

ب - کاتی گەڵا ڕنین و تەمەنی گەڵاکە

جـ - شوێنی گەڵاکە لەسەر قەدی ڕووەکەکە.

(- باری چاندن و باری ئاوهەوا لەکاتی گەڵا ڕنیندا)

ئەتوانین کرداری وشك کردنەوەی گەڵا دابەش بکەین بۆ دوو قۆناغ.

یەکەم / لەم قۆناغەدا کرداری گۆڕانی زیندە چالاکی زاڵە لەگەڵ گۆڕانی فیزیاوی‌دا.

دووەم / کرداری فیزیاوی سەرەکی‌یەو زیاتر ڕووئەدات ،کە لەکاتی وشك کردنەوەدا 50 تا 80کات ژمێری یەکەم ئەبات.

لەقۆناغی یەکەم وانە (گۆڕانی زیندەچالاکی) ئەم گۆڕانانە ڕووئەدات

(1) زەرد بوونی گەڵا

(2) جێگیر بوونی ڕەنگ لەباری کرداری و هونەری یەوە دوا

دواجێگربوونی ئەم قۆناغە ئەتوانین دای بنێین بە سەرەتای قۆناغی دووەم کە بەزۆری 40 تا 60 کات ژمێر ئەخایەنێ ،کە بەشێوەی هونەری/و وشك/ بوونەوەی لاسك و دەماری گەڵا کۆتایی دێت.

مەرجەکانی هەزن کردنی‌تووتن لەکۆگادا (مخزن)

دوای وەرگرتنی فەردە تووتنەکان لەبرا تووتنەوانەکان لەلایەن لیژنەکانی وەرگرتنی تووتنەوە، گشتی لەمەخزەندا هەڵشەگیرێت تاکاتی پێویست و ناردنی بۆکارگەی پاك کردن و دروست کردنی جگەرە، لەکاتی هەڵگرتندا ئەبێت پەیرەوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:-

1 - دانانی فەردەکان لەسەر تەختە یان فلیین لە شێوەی ڕیزدا، دووری ڕیزێك لەوی ترەوە ئەبێت لەیەك مەتر کەمتر نەبێت، ڕێژەی شێ لە مەخزەندا 60 - 65 ./. بێت پلەی گەرمیشی بگاتە 20 بۆ 25 پلەی سەدی.

2 - نابێت لە (5) فەردە زیاتر لەیەك ڕیزدا بخرێتە سەریەك ،بۆ ئەوەی هەوا بە ئاسانی بە ناویاندا هات و چۆ بکات و تووتنەکە گەرم نەبێت، یان بۆ ئەوەی فەردە

هەوالنامەی کێبڕکێ

تووتنەکان ووردنەبن

3 ـ هەڵگیرانەوەی فەردەکان (ئەم دیوو ئەو دیوکردنی فەردەکان بەهەردوولادا) هەر سێ‌مانگە جارێك ئەم کردارە بەجێ ئەهێنرێ ،بۆ ئەوەی تووتنەکە ڕەش نەبێت و خراپ نەبیت ، /هەروەها /ڕێژەی /شێ ، بپشکنین (فحص) بۆ ئەوەی بزانرێت چەندە؟ ، تا بە پێی پێویست دەرگاو پەنجەرە بکرێتەوە، فەردەکان ئەم دیوو ئەو دیوو بکرێت.

4 ـ پشکنینی (فحص) کردنی فەردە تووتنەکان بۆئەوەی بزانرێت کەمێرووی زیان بەخشی مەخزەنی تیاپەیدا نەبووە، بۆ ئەوەی جۆرەکەی دیاری بکرێت و بەزوویی لەناو ببرێت.

5 ـ بۆ خۆ پاراستن لە تووش بوونی مەخزەن بەمێررو باشتروایە مەخزەنەکە پاکژ (تعقیم) بکرێت بەمادەی فوسفو توکسین ،لەکاتی ڕشاندنی مەخزەنەکەدا ئەبێت دەرگاوپەنجەرە بۆ ماوەی چارەکە سەعاتێك دابخرێت ،لەم ماوەیەدا غازی فۆسفین دروست ئەبێت هەرجۆرە مێرووێکی تووتن هەبێت ئەمرێت، لەم جۆرە مێروە مەخزە نیانەش کەزیانی گەورە ئەدەن لە تووتن (لایزودیرما)، لەگەڵ هێنانی تووتن لە بولگاریەوە بۆعیراق سالێ 1965 لە شێوەی هێلکەو کرمۆکەدا لەگەڵ فەردە تووتنەکاندا هاتووە.

،مێرووی ئیفیستیا مێروویەکی مەخزەنی زیان بەخشە لەسەر گەلای تووتن ئەژی، بێجگە لە مادەی فۆسفوتوکسن، چەند مادەیەکی تریش بە کار دێت بۆ لە ناو بردنی مێرووی مەخزەن وەك مادەی گازی بڕۆمیدی مێثیل یان ئۆکسیدی ئەسیلین.

پاککردنی تووتن (لە کارگەی پوختە کردنی تووتن لەسلێمانی)

پاش ئەوەی تووتنەکە لەجووتیار وەرئەگیرێت لە کۆگا (مخزن)ی تایبەتی‌دا هەڵئەگیرێت، تاکاتی پێویستی کە ئەنێرێت بۆکارگەی پاککردنی تووتن و دروست کردنی جگەرە.

پاککردنەوەی تووتن بەم کردارانەی خوارەوەدا تێپەڕ ئەبێت:ـ

1 ـ خاو کردنەوە

ـــــــــــ: ئەو تووتنەی کە لەجووتیار وەرگیراون بێ گوێ دان بەجۆری پلەکەی ،ئەخرێتە ئامێری خاو کردنەوەوە (چامپر) ڕێژەی شێ لەم چامبەرەدا ئەگاتە 100 /. ، وەپلەی گەرمی تیایدا بریتی یە لە 30 پلەی سەدی، بۆ ماوەی 10 تا 12 سەعات تووتنەکەی تێ‌ئەکرێ تاوەکوشێ‌ی تووتنەکە ئەگاتە 15 ـ 17 /. ، بەڵام ڕێژەی شێ‌ی تووتنەکە پێش خستە ناوچەمبەرەوە بریتی‌یە لە 11 ـ 12 /. . مانەوەی تووتنەکە لەناو چەمبەرەکەدا ئەگۆڕێت بەپێی شێ‌ی تووتنەکە خۆی.

2 ـ هەڵوەشاندن

ـــــــــــ: تووتنە خاوو بۆوەکە لەسەر قایشی تایبەتی کە بەهۆی ئامێرەوە ئەسوڕێنەوە (بەردەوام ئەڕوات) هەڵئەوەشێنرێت و گەلاکان لەشرینەکە جیا ئەکرێنەوە، لەمێش بێ گوێ‌دانەپلەی تووتنەکە.

3 ـ جیا کردنەوە

ـــــــــــ: پاش ئەوەی شرینەکان هەلوەشێنرا، تووتنەکە پاك ئەکرێت و ئەکرێ بەسێ بەشەوە:

أ ـ بەشی A : بریتی‌یە لەو گەلا ساغ و جوانانەی پلەی مومتازو یەکەمی دراوەتێ هیچ جۆرە نەخۆشیەکی پێوەنی‌یە.

ب ـ بەشی B : بریتی‌یە لەو گەلایانەی پلەی دووەمی دراوەتێ.

ح ـ بەشی C : ئەمەش ئەوگەلایانە ئەگرێتەوە کەشکاون و پلەی سێ‌و چواریان دراوەتێ، پاشماوەی هەندێ نەخۆشیان پێوە ماوە، پاش ئەم جیاکردنەوەیە هەر بەشێك لەم بەشانەی سەرەوە کە باسمان لێوەکرد بەجیا ئەنێرێت بۆ بێژانەوە، پاشان تووتنە وورد بووە کەش ئەبێژرێتەوەو کۆ ئەکرێتەوەو،

هەوالنامەی کتێب

ئەنیترێت بۆ بولگاریا بۆ ئەوەی کەبس بکرێت لە شێوەی گەلای ساغ دا، کە دەماری ناوەراستی تیانی‌یە، بەکاردێ بۆ دروست کردنی جگەرە.

4 ـ بێژانەوە

ـــــــــــ: پاش جیاکردنەوە، بەهۆی ئامێری تایبەتی‌یەوە ئەبێژرێتەوەو گەلا پاکە ئەمێنێتەوە، تۆزو خۆڵ و گەلا وورد بووەکە ئەکەوێتە ژێرەوە، گەلا پاککراوەکەش بەسەر قایشەکەدا ئەڕوات بۆ کەبس کردن (فەردە داگرتن).

5 ـ فەردە داگرتن

ـــــــــــ: گەلا پاکراوەکان هەر بەشێك بن، ئەگانە ئامێری فەردە داگرتن، لەلایەن کرێکارەوە سندوقی تایبەتی ئەخرێتە ژێر ئەم ئامێرەوە، بۆ ئەوەی فەردەیەکی پڕ دابگیرێت و ئینجا ئامێرە کە خۆی ئەوەستێت، پاشان دەرئەهێنرێت جانفاسەکەی ئەدورێت ،پاشان هەر بەشێك لەبەشەکانی C. B. A کێش و سالی بەرهەم هێنان و شوێنەکەی لەسەر ئەنووسرێت و لە مەخزەنی تایبەتی‌دا هەڵئەگیرێت بۆکاتی پێویست.

6 ـ خەزن کردن

ـــــــــــ: هەر فەردەیەك بەکێشی 25کغم وە بەشی C. B. A لەسەر نووسراوە لە مەخزەندا هەڵئەگیرێت وەك لەپێشەوە باسمان کرد.

«دابەش بوونی شوێنی چاندنی تووتن لە جیهاندا»

ـ ڕێژەی دابەش بوونی شوێنی چاندنی تووتن لە ڕووی بەرهەم هێنانی تووتنەوە لە جیهاندا بەپێی سەرژمێری ساڵی 1978 بەم جۆرەی لای خوارەوە نیشاندراوە:

1 ـ کیشوەری ئاسیا لە 49 ./. ی جیهان بەرهەم دێنێ

2 ـ کیشوەری ئەمەریکای سەرو 26 ./. ی جیهان بەرهەم دێنێ.

3 ـ کیشوەری ئەورووپا لە 18/5 ./. ی جیهان بەرهەم دێنێ.

4 ـ کیشوەری ئەمەریکای خواروو 4/5 ./. ی جیهان بەرهەم دێنێ.

5 ـ کیشوەری ئەفەریقا لە 2 ./. ی جیهان بەرهەم دێنێ.

ئەخۆشی ومێرووی تووتن لە کێڵگەدا:

1 ـ مێرووی مژۆك: ئەم مێروانە لە شێوەی مێشوولەی ووردان کە ڕەنگیان خۆڵەمێشی‌یان ڕەشە، بەسەرو ژێری گەلاوقەدی تووتنەوە ئەمێنێتەوە، بەڵام بەزۆری لەژێری گەلادا زۆرە، لە مانەش مێرووی (مەن) (تربەس) ئاووگی ڕووکە کە هەڵئەمژن، نیشانەکانی زەردبوونی گەلاو لوول بوونی، پەڵەی قاوەیی بریقەدار لەسەر ڕووی گەلاکە دەر ئەکەوێت پاشان پەیدابوونی لینجیەکی شەکراوی.

کاتێك کە نەو نیشانانەی سەرەوەی بینران لەسەر تووتن دان هەر ڕوەکێکی‌تر ،بەو ڕووەکانە ئەوترێت تووشی ئەخۆشی شیرینە (کەزوو مێشوولە)وەبوە، ئەمەش بەهۆی مێرووی (مەن و(تربەس)ە واچاکترەوە پێویستە خێرا ئەم ئەخۆشی‌یە چارە سەر بکرێ ،ئەم دەرمانانەی خوارەوە بەکار ئەهێنین.

جۆری دەرمان	ڕێژەی دەرمان
مالاثیۆن 50 ./.	10سم3 بۆگالۆنێك ئاو
نۆکۆز 40 ./.	60سم3 بۆگالۆنێك ئاو
بریمۆر	2/5 ـ 5گم بۆگالۆنێك ئاو

کرم و مێرووی قرتێنەر (حشرات القارضه):

2 ـ مێرووی قرتێنەر (هارە) دەست ئەکات بە قرتاندنی شەتڵە کۆر پەکان لەدەم گڵەکەدا ،شوێنەکەی جۆڵ ئەبێت و پێویستە دووبارە شەتڵ بکرێتەوە، هەندێ جار شەتڵەکە

نافـەوتێ و سەر لەنـوێ هەڵئـەداتـەوە بەڵام لقـەتـووتنـەکـە لاوازئـەبێت، دیسـان (ملە) کە مێـرووپەکی زیان بەخشە، ئەمـە ڕەگی تووتنـەکـە ئەقـرتێنی و ووشک ئەبێت، هەروەها سیسـرک قەدو گەڵای شەتڵە کۆرپـەکـان ئەخـۆن و ئەبێتـە هۆی وشـک بوون، جابـۆیـە ئەبێت برا تووتنـەوانـەکـان خێـرافـریـای تووتنـەکەیان بکەون و ئەم کرم و مێروانە لەناو بەرن، بەڕێگـای بەکـار هێنـانی دەرمـانی کیمـاوی وە بەم شێوەیەی خوارەوە.

جۆری دەرمان	ڕێژەی دەرمان
سـەڤن 8,5 . / .	7/5گم بۆ گالۆنێك ئاو
دیترێکس	7/5گم بۆ گالۆنێك ئاو
ئیفۆریل	7/5کم بۆ گالۆنێك ئاو

یان بەووشکی بەبنکی لقـە تووتنـەکـەوەی ئەکەین بەڕێژەی مو. کگم بۆ یەك دۆنم ،یان ئەتوانین ئەم دەرمانانە هەر بەو ڕێـژانـەی سەرەوە لەگـەڵ ئاوی ئاودانـدا تێکـەڵ بکـەین، ڕێگایەکی ترمان هەیە ئەویش ئەمەیە قەدی شەتڵەکە یانی نـوان (ڕەگ و گەڵا) بەڕۆژنـامـە بپێچین ،ئەگەر هاتوو ئەم ڕۆژ ناسانـە لەگـەڵ یەکێ لەو دەرمانانەی سەرەوە بەکارهێنرا چاکترا ،کـاتێـك مێـرووەکـە لە شەتڵەکـە نزیـك ئەبێتـەوە ئەفرسێت و لەبۆنی دەرمانەکە ڕائەکات ئەگەر نەشی کۆژێ لقـەتـووتنـەکە بەجێ ئەهێلێ و لێی دوور ئەکەوێتەوە، بەڵام ئەم ڕێگـایـە گرانـەو کاتێـکـی زۆری ئەوێت ،بـەڵام ئەنجامێکی باشی هەیە.

«نەخۆشی یەکان»

ـ نەخۆشی «نیماتۆدای ڕەگ ـ

لەنیشـانـەو دیـاردەکـانی تووش بوونی ئەم نەخۆشیـە، نیماتۆدای ڕەگ بە ئاسانی جیا ئەکرێتەوە، کە هەڵئاوسان و گرێ گرێ بوون دەرئـەکـەوێـت لەسـەر ڕەگی سەرەکی و لاوەکـی ڕووەکـە تووش بووەکـە بەهـۆی دروست بوونی گرێی یەك لەدوایەیەك ئەم نەخۆشیـە بڵاوئەبێتەوە بەسەر هەمـوو ناوچـەکـەدا ،دیـار دەکـانی ئەم نەخـۆشیـە لەسەر ڕووی خاك (واتـە گەڵا) وەك دیـاردەکـانی نەخۆشی بۆگەن کردنـی قاوەیـی ڕەنگ یان بۆگەن کردنـی ڕەشی ڕەگ وایـە، وەنیماتۆدای گرێی ڕەگ مشەخۆر نیـە لەسەر ڕەگی گیاو گوڵ، بەڵکـو بەرز بوونـەوەی پلەی گەرمـای زەوی یارمەتی زیاتر گەشەکردن و خێرایی سوری ژیانی نیما تۆدا ئەدات.

پارێزگاری کردن: ڕەچاو کردنی سوری کشتوکاڵی باش.

«لاڕەشەی قەد»

تووش کەری ئەم نەخـۆشیـە جۆرە کەڕووبـەکـە پێی ئەوترێت - phytophora para sitica var nicotiarmae

دیاردەکانی تووش بوونی ئەم نەخۆشیـە

:ـ ئەم نەخـۆشیـە لەبـەشـی خوارەوەی قەدو ڕەگی ڕووەکـی تووتـن ئەدات ،دیـاردەو نیشـانـەکـانی ئەم نەخـۆشیـە جیاوازەو ئەگۆڕێ بەپێی تەمەنی ڕووەکەکەو توانای بەرگری گرتنی ڕووەکەکە بۆئـەم نەخـۆشیـە، ئەم ئەخۆشیـە لەکێڵگەدا دەرئەکەوێت بەتـایبـەتی لەو شوێنـانـەی نزمـەو پلەی شێ (ڕطوبە) تیایا بەرزە، ئەم نەخۆشیـە بۆیەکەم جار لەسەر چەند ڕووەکێك دەرئـەکـەوێت بەڵام بۆجـاری دووەم واتـەسـاڵی داهـاتـو ژمـارەیـەکی زۆر لەروەکـەکـان تووشی ئەم نەخۆشیـە ئەبن لەهەمان کێڵگەدا.

کەنیشـانـەو دیـاردەکـان تووش بوون بەم نەخـۆشیـە دەرئەکەوێت بەم شێوەیەی لای خوارەوە ئەبێت:ـ

أ ـ کاتێ توتن کەدرێژی دەگاتە نزیکەی پێیەك یازیاتر

هەواڵنامەی کێڵ

لەرۆژدا سیس نەبێت و لەشەودا ئەچێتە دۆخی تایبەتی خۆیی بەلام پاش چەند رۆژێك گەلاكانی زەرد هەڵدەگەڕێت و شۆردەبێتەوە بۆ خوارەوە وانە ڕوەکەکە بەووشکی (سیسی) دەمێنێتەوە.

ب - کاتێك پارچەیەك لەڕەگی ڕوەکە نەخۆشەکە بهێنین تەماشای بکەین دەرنەکەوێت کەیەك ڕەگ یاچەند ڕەگێکی لاوەکی لەقوناغی یەکەمی سیس بوون یان و وشك بوون دان و ڕەش هەڵگەڕاون وەیان مردوون بەلام قەدەکەی هیچ نووش بونێکی تیادەرنەکەوتبوە بەلام وردە وردە دەست دەکات بە گۆڕان و نەخۆشی یەکە بلاودەبێتەوە بۆشانەکانی قەد کەچەند (سم) بەرز دەبێتەوە لەسەر قەد. وە نیان (اللجاه) دەستدەکات بە ڕەش بوون، وە ئەگەر قەدی ڕووەکەکە لەسەر شێوەیەکی درێژی دوولەت بکەین ئەبینین کەکرۆك (لب) لەزۆر ڕوەکدا. جیا بۆتەوە بەشێوەی خەپلە (قرص) بەدرێژای ماوەی تۆش بونەکەی.

وەکەڕووە (فطر) تۆش بووکە لەرێگەی ڕەگەوە ئەتوانێت بچێتە ناو ڕوەکەکەوە وە هەروەها لەرێگەی ئەو گەلایانەی کەنووساوون بەزەوی یەوە وەیان خاکەوە کەپیس بوون بەو جۆرە کەڕووبان نەخۆشی یە.

پارێز گاری کردن لەم نەخۆشی یە

باشترین و ئابوری ترین ڕێگا سوڕی کشتوکاڵی یە (الدورة لزراعية) وەئەگەر زەوی زۆرمان نەبوو بۆ سوڕی کشتوکاڵی ئەوا باشترین جۆر (صنف) بە کاردێنین کەبەرگەی ئەم نەخۆشی یە بگرێت وەهەر وەها پێویستە کاروباری کشتوکاڵی بەشێوەیەکی ڕێك و پێك ئەنجام بدرێت.

ئەو کارانەی کە پێویستە بکرێت بۆ سەرکەوتن وەیا زاڵ بوون بەسەر ئەم نەخۆشی یەدا:.

لەکاتی نەبوونی نەخۆشی لارەشەی قەد لە ناو کێڵگەدا، ئەبێت ئەمانەمان لەبیر نەچێت:-

1 - ئەبێ ئەو شەتڵانەی ئەهێنرێت بێ گومان بین کە لە جێگەیەك هێنراوە نەخۆشی تیانەبوە.

2 - ئەبێ ئەو ئامێرو ئامرازانەی کە بەکار ئەهێنین هیچ گومانی ئەوەی لێ نەکرێ نەخۆشی پێوەیەو لە شوێنی نەخۆشاوی بەکار هێنراوە. وەئەبێت تەواو پاکی بکەینەوە بەمادەی کیمیاوی پێش بەکار هێنانی لەکێڵگەدا.

3 - ئەبێ ئەو ئاوەی کە بەکار ئەهێنرێ بۆ ئاودانی شەتڵەکان پاکژ و پاك بێتەوەو میکرۆبی ئەو نەخۆشی یەی تیا نەبێت.

4 - ئەبێت بێ گومان بین لەوەی کەپاش ماوەی قەد وەیان پەینی بەکار هێنراو و پاشماوەی ئاوبازنەکە (مستودع) کەفرێ دراوەتە ناوکێڵگەکە هیچ نەخۆشی پێوەنیەو خاوێنە.

ئەگەر لارەشەی قەد لەناو کێڵگەدا بلاو بووە وەئەبێت ڕەچاوی ئەمکارانە بکەین.

1- چاندنی گژوگیاو بەرووبومی پاقلەیی لەگەڵیاو نەهێشتنی چاندنی کێڵگە بەتوتن بۆماوەی (3) ساڵ.

2 - پێویستە هەموو ئەو کەرەسەو ئامێرانەی کەبە کار ئەهێنرێت پاکژ بکرێت وپاك بکرێتەوە پێش بەکار هێنانی لەکێڵگەی توتن دا.

3 - ئەگەر زەوی تەواومان نەبوو بۆسوڕی کشتوکاڵی ئەوا ئەبێت ڕەچاوی ئەمانەی لای خوارەوە بکەین:-

أ - پێ ویستە جۆرێکی باش لەتوتن بەکار بهێنین کە بەرگری هەبێ بۆ ئەو نەخۆشی یە (واتە جۆری بەرگری کەربەو نەخۆشی یە).

ب - نەناشتنی کێڵگە کە بەتوتن بۆماوەی سێ (3) ساڵ گەرگومان لێ کراوبوو وەیان نەمان توانی جۆری بەرگری کەر بەو خۆشی یەوە دەست بهێنین.

«نەخۆشی گەنانی ڕەگ»

جۆرە کەروویەك ئەبێتە هۆی تۆش بوون بەم نەخۆشی یە کەپێی ئەوترێ [Thielaviopsis basicola] ئەم جۆرە

نەخۆشی بە ڕووئەدات لەهەندێ جێگای کێلگەدا کەئەبێتە هۆی کوردت بونی ڕووەکەکان لەژێرتوش بونێکی زۆر بەهێزدا کەئەبێتە هۆی ڕەنگە زەرد هەڵگەڕانی ڕووەکە توش بووکە وەهە ڕووەها ئەبێتە هۆی گوڵ کردنی ڕووەکەکە پێش ئەوەی بگات (قبل النضج).

بەڵام لەکاتی توش بونێکی کەم و مام ناوەندیدا ڕەگی دووم دروست ئەبێت و ڕووەکەکە قەبارەی تایبەتی خۆی وەر ئەگرێت بەڵام پێگەیشتنی دووا ئەکەوێتەدیاردەکانی توش بوون بەم نەخۆشیە

دەرکەوتنی خاڵی ڕەش ڕەش (lesions) کە لەسەر ڕەگی مێخی (جذر وتری) وەڕەگە لاوەکی یەکانی ڕووەکە تووش ووەکە دەرئەکەوێت.

وەکە ڕووەکەکان لە چاڵەکاندائەبن وتیایدا بەرەئەسێنن کەئەتوانین دیاری بکەین بەمیکرۆ سکۆپ ئەم نەخۆشیە پەرە ئەسێنێت لەو زەویانەی کە کەم ئاوڕێژن (صرف ضعیف) وەك خاکی گران و قوڕاوی (طینیە ثقیلە) کە ئاوتیای پەنگە ئەخواتەوە. وەهەروەها ئەوزەوی یانەی ترشییان کەمە (قلیلة الحموضیە) ئەبێتە هۆی پەرەسەندنی ئەم نەخۆشیە بەتایبەتی لەوکاتەی کە هەواساردو شێ دارێت (الجو بارد ورطب).

نەهێشتنی ڕووانی (عدم زراعة) ڕووەکە پاقلەیی یەکان (beans) لەدوای توتن لەسوڕی کشتوکاڵیدا (الدورة الزراعیە) چونکە ئەم ڕووەکانە ئەبنە خانەخوێ بۆکەروەکان.

چارە سەرکردنی

---

(1) گواستنەوەی شەتڵی بێ نەخۆشی وئاتە ساغ و خاڵی بێت لەچاڵ کە لەسەر ڕەگە کەیەتی.

(2) ناشتنی جۆری بەرگری کەر بەم نەخۆشیە.

(3) ڕەچاوکردنی باشترین دەورەی کشتوکاڵی کەباش بێت بۆی.

«نەخۆشی کەڕوە شینە»

ناوی ئەم نەخۆشیە بەکوردی (کەڕوە شینە)یە وە بەعەرەبی (مرض العفن الأزرق علیٰ التبغ) یا (مرض البیاض الزغبی علیٰ التبغ)ی پێ ئەڵێن.

بۆ یەپێی ئەڵێن (کەڕوە شینە) چونکە بەسەر لای خوارەوەی گەڵا تونتە توش بووکانەوە کەڕوویەکی شینی خۆڵە میشی پەیدائەبێ.

ئەم نەخۆشیە بەهۆی یەکێك لەکۆمەڵی (الفطریات الاشنیة) وەپەیدا ئەبێ کەپێی ئەڵێن «Peronispora Tabacina Adem» ئەم دەردە سەرەڕای ئەوکەتوشی شەتڵی توتن و برکەتوتن ئەبێ، توشی شەتڵی تەماتەو بیبەرو باینجانیش ئەبێ نەخوازەڵا ئەگەر هەوا لەباربێ بۆئەوە بەڵام گرنگی ئەم دەردە لەوەدایە کەمەترسی دارترین نەخۆشی یەکە توشی شەتڵە توتن ئەبێ.

مێژووی ئەم نەخۆشیە / -

ئەم دەردە، لە سەد ساڵ لە مەوبەر لە ئوسترالیادا پێیان زانیوە، لەوانەشە کە ئوسترالیا سەرچاوەی یەکەمی ئەم دەردەبێ پاشان لە 1921دا وەك مافەتە (وباء) کەوتۆتە ناو توتنی وواڵاتە یەك گرتوەکانی ئەمەریکاوە. پاشانیش هەر چەند ساڵێك سەری هەڵ دایەوە، تالە ساڵی 1938دا لەکەنەداش پەیدابوو لەوێ شەوە خۆی گەیاندە ئەوروپا وە لە ساڵی 1958دا وەك گەیشتە وواڵاتەکانی تری ئەوروپا وەلەوواڵاتانی بەلقانەوە بەتایبەتی لەیوناندا زیانێکی زۆری گەیاندبە بەرهەمی توتن. لە ساڵی 1962 یشدا لەتورکیادا بڵاوبووەوە لەوێ وەگەیشتە سوریاو لوبنان وەلە ساڵی 1963دا گەیشتە ئەردەن.

له عێراقیشدا یەکەم جار لەمانگی مارتی سالی 1969دا گەیشتە عێراق و لە شەتڵگەکانی (مشاتل) تەماکۆ (تنباك)ی ناوچەی (هندیە)و ناوچەی کەربەلادا دیاری‌دا.

بۆیەکەم جار کاریەدەستانی بەشی دەردوداوی سەوزەوات (قسم وقایة الخضراوات) لەکۆلیجی کشتوکاڵی پێیان زانی‌و ناسی‌یانەوە.

لەوێ شەوە خۆیان گەیاندە کوردستانی عێراق و وەك مافەتەبڵاو بوەوە بەشەتڵگەکانی تونتی ئەو ناوچەیەدا.

گرنگێتی ئابووری ئەم نەخۆشی‌یە

نەخۆشی کەڕووەشینە گرنگترین و مەترسی دارترین نەخۆشی‌یە کەتووشی شەتڵگەی تونتن ئەبێ وەئەبێ بەهۆی لەناوبردنی شەتڵە بچوکەکان وە وایش هەیە ئەبێ بەهۆی دامردنەوەی هەموو شەتڵگەکانی تونتن لەو ناوچەیەکەتیایی بڵاوبۆتەوە، سەرە رای ئەوەکە ئەگاتە کێڵگە تونەکانیش و تووشی ئەوانیش ئەبێ ئەم نەخۆشی‌یە دەردێکی یەکجار کاریگەرە. پێریستەبە شێوەیەکی باش و وردبەربەرەکانی و چارە بکرێ بەتایبەتی لەبەرئەوە کەهێشتا ئەو جۆرەتونن و تەماکۆیانەی (تنباك) کە لە عێراقدا دەچێنرێن لەخۆیانەوە بەربەرەکانێ‌ی ئەم دەردەیان پێ‌ناکرێ.

دیاردەو نیشانەکانی ئەم نەخۆشی‌یە

أ - نەخۆشی کەڕووە شینە نیشانەکانی بەسەر شەتڵە تونەنە ووردەکانەوە. پەڵەی زەردپەیدا ئەبێ بەسەر ڕووی گەڵا توش هاتووە کانەوە. ئەوەتە ئەبینین ئەوگەڵا ووردەبی کە کەتوش ئەم دەردە بوە پەڵەیەك یان چەندپەڵەیەکی زەردی بەسەرەوەپەیدائەبێ. وە ئەگەر هەوا ووشك بوو ئەو گەڵایانەی کەتوشی ئەم دەردەهاتن ئەشێوێن و وردەوردە دەوران دەورەکانیان سیس ئەبێ‌و ووشك ئەبێ، دائەمرکێتەوە خۆ ئەگەر دەردەکە توندبێ ئەبینین وابەشی زۆری گەڵای شەتڵەکان ووشك بوون. وەك باڵێ‌ی هەڵبروز کاون هەروەها دیووی ژێرەوەی گەڵا توش بووەکان کەرویەکی شینی وەك ڕەنگی خۆڵەمێشی لەسەر پەیدا ئەبێ. وەئەگەر هەوانم وشێ‌ی پێ‌وە بوو کەڕووەکە ڕەنگی شینی وەنەوشەی وەرئەگرێ ئەم کەڕووە جێگای گەرای میکرۆبی دەردەکەیە، ئەو شەتڵەی کەتوشی کەڕووە شینەبوویێ لەوانەیە چاك ببێتەوە. بەتایبەتی ئەگەر لاسکەکەی توش نەهاتبێ. بەڵام لەوانەشە دیسانەوە تووشی دەردەکە ببێتەوە ئەگەر هاتو هەوانم و شێ‌ی پێ‌وەبێ چونکە هەوای شێ‌دار پەیوەندیەکی زۆری هەیە بەبڵاوبونەوەی ئەم نەخۆشی‌یەوە.

ب - نیشانەی ئەم نەخۆشی‌یە بەشینایی ناو دێپەڕەوە یان کێڵگەوە ئەگەر هەواسارەدو شێ داربێ، لەوانەیە پاش شەتڵ لێدان، بڕکە توتنەکانی ناو دێراوی تونن تووشی ئەم دەردەبن. ئەم توش یونەش بەوەدەبێ شەتڵی نەخۆشی لێ بدرێت باخوود پاش هەڵکێشان و گواستنەوەی شەتڵەکان دەردەکە بڵاو دەبێتەوە، نیشانەی ئەم نەخۆشی‌یەش بەوەدا دەردەکەوێ پەڵەی زەردی بچوك بەسەر ڕووی گەڵاوە بەشی سەروی گەڵا نەخۆشەکانەوە پەیدائەبێ‌و وردەو ردەگەورەئەبێ ڕەنگەکەی ئەبێ بەقاوەی یەکی کال و ئەنجا شوێنەکەی ووشك ئەبێتەوە ریشوەکانی لەیەك ئەبنەوەو دائەرزێ.

خۆئەگەر هەواشێ دارایێ‌و بارانی هەبێ ئەوە گەڵاتوش بوەکان کە نزیکن لەزەوی‌یەوە کەڕووەیەکی شینی خۆڵەمێشیان پێوەیە ژمارەی ئەم پەڵانەو گەورەیی‌و بچوکیان بەپێ‌ی هەوای شوێن ئەگۆڕێ. وەبەپێ‌ی زۆری‌و کەمی‌ی توش بوون گەڵا توتنەکەو توانایی بەربەرەکانێ‌ی لەوبڕکە توتنەدا.

ئەگەر هەواش خۆش بێ‌و هەرلەسەرەتاوە گەڵاتوتنە کەتوش بوبێ، ژمارەی پەڵەکان زۆرتر ئەبێ‌و گەورەترئەبێ

هەولێر بڵاوکراوەی کتێب



- هەنگاوەکانی پیکاتنی گەرای بێتی لەشانەکانی تۆتندا -

ئەو هۆیانەی کە یارمەتی بڵاوبونەوەی ئەم نەخۆشیە ئەدەن

گەڵی هۆ هەیە یارمەتی بڵاوبوون و بڵاوبونەوەی نەخۆشی کەڕوەشینە ئەوانەشە:

1 - شەتڵگەکانی سەرنج دراوە نەخۆشی کەڕوەشینە لەپێشالە شەتڵگەرباوی یەکاوی یەکان دەس پێدەکات، لەڕێگای ئاوەڵەکانەوە کە ئاوبانەکانەوە لەخاکی دێ بەرەکەدا یایەسەر پاشماوەی گەڵا تۆتنە وشکانەوە. لەبەر ئەوە پێویستە شەتڵی تۆتن لەشوێنی مانەتاوی پێ نەکرێت، بەڵکو لەشوێنی پاك و خاوێن دا کەخۆری بەباش لێ بدات.

2 - تەمەنی بڕکە تۆتنەکەشلو هەموو کاتێکا شەتڵەتوتن لەوانەیە توشی کەڕوە ئەم نەخۆشیە عادەتی وایە بەزۆری بڵاو ئەبێتەوە لەکاتێکا کەهێشتا هەرشەتڵی چوارگەڵای پێوەیە (3 - 4) هەفتە توش بونی شەتڵەکەم.

3 - بارەی هەوا - بارەی هەوا وەك گەرماو سەرماو شێ و

هەولێری کتێبی

، وەئەگەر هەوا گەرم بێ و دڕەنگ گەڵا تۆتنەکان توشی دەردەکەبێن لولەکان کەمترو بچوکتردەبن.

تۆتنی کەری ئەم نەخۆشیە

: ئەم نەخۆشیە بەهۆی جۆرێك لەکۆمەڵی (الفطريات الأشنية) وە پەیدائەبێ کەپێی ئەڵێن. Peronispora Tobacina Adam وەخۆلی ژیانی بەسەر گەڵا تۆتنەوە ئەبات سەر، وەدوو جۆرگەرای لێ پەیدائەبێ کە بەتەنها چاو نابینرێت. وەبۆ دیتن و لێ کۆڵینەوەیان پێویستمان بە بەکار هێنانی میکرۆسکۆپ هەیە.

1 - جۆری یەکەمی ئەو دووجۆرە گەرایە بەژمارەیەکی زۆر پەسەر (هەڵگرێکی تایبەتی)وە پەیدائەبێ لەوناوچە توش بووەکان دا

وەبڵاو ئەبێتەوە بەدیاری ژێرەوەی گەڵا ئەبێ لەوناوچە تۆتن هاتووەکان بەهۆی ئەم جۆرە گەرایەوە دەردەکەوێك مافەتە لەبەهاردا لەگەڵایەکەوە بوگەڵایەك لەبڕکەیەکەوەبۆ بڕکەیەکی تر، وەلە دێراوێکەوە بۆ دێراوێکی تر ئەڕوا. ئەم گەڵایەئەوەندە ناسکە ئەگەر خۆی بەگەڵا تۆتنەکان هەر پاش پەیدا بوونی بەچەند سەعاتێك چونکە بەر بەرەکانێ باری هەوای پێ ناگری. ئەم گەرایە بەهۆی بایەوانەوە پەرە ئەسێنێ وە لەتافە وەرزێکا لەوانە چەند جارێك لێ دێتەوە، ئەم جۆرەگەرایە پێی ئەڵێن (السورات

جۆری دووەمی ئەم گەرایە بەرەکانێ باری نالەباری هەوای پێ ئەکرێ ئەم گەرە زستانێ و هاوین ئەمێنێ و یالەناو خۆڵ یابەسەر پاشماوەی گەڵا توش بووکانەوە وەلەبەهارا زاوزێ ئەکاو توشی شەتڵە تۆتنە بچوکەکان ئەبێ کە لە نزیکەوەن. بەهۆی ئەم جۆرەگەرایەوە بەهاران زور شەتڵی ئەو شەتڵگانەی کە سااڵی رابردوو توش بوون سااڵ ی داهاتوش توش ئەبن ئەم جۆرەگەرایە پێی ئەوترێ (السبورات المقاومة) -

ڕوناکی کارێکی زۆر ئەکاتە سەر بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کەڕوە شینە بەگەڵا توتندا. سەرنج دراوە ئەم نەخۆشیە لەهەندێ وەرزدا وەک مافەتە بڵاوئەبێتەوە مەترسی‌ی لێ ئەکرێ. کەچی لەهەندێ وەرزی تردا بەدەگمەن نەبێ پەیدانابێ. بەگوێرەی باری هەوا. ئەگەر هەوا مام ناوەندی بێ و نەگەرم ونەسارد، وەعاسمان هەوربێ و بارانی هەبێ بایش مام ناوەندیێ ،ئەم نەخۆشیە زۆر توندوتیژ ئەبێ ،وەبە پێ چەوانەوە ئەگەر هەوا ووشک بێ و گەرم بێت و عاسمان سایەقە بێ ئەم دەردە زیان کەم ئەبێ ئەگەر پلەی گەرما هاتبێتە خوارەوە بۆ نێوان (10 - 20.) ئەوا هەواکەی زۆر لەبار ئەبێ بۆپەرە سەندنی ئەو (فطریاتەی) کەئەبن بەهۆی بڵاوبونەوەی ئەم دەردە.

وە ئەگەر پلەی گەرما سەرکەو تویێ زیاتر لە (25.) ئەوا تۆوی ئەم فطریاتە یێ‌ی ئەڵێن (کۆنیدیا) کەئەکی پەرەسەندنی پێوەنامێنێ.

تەرایش ئەوەندەی گەرما گرنکە گەباران و شەونم بەسەر گەڵای توتنەوە هۆیەکی گرنگی پەیدابوون و پەرە سەندنی ئەم نەخۆشیەن هەڵی یەکجار لەبار بۆتوش بوونی گەڵا توتن ئەوەتا گەڵاکان (2 - 3) سەعات لەپاش خۆرکەوتن بەتەری بمێنێتەوە..

وەهەتاگەڵاکان زۆرتر تەڕبن زۆرتر مەترسی توش بووەیەو دەردەکە مەترسی دارترئەبێ. بەش بەحاڵی تیشکی ڕۆژیش لەگەڵێ سەرەوە کارئەکاتە سەرپەرەسەندن وبڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکە، چونکە ئەگەر ئەو تۆوی (فطریات کونیدیی)یە 2 - 3 سەعات خۆر لێ‌ی بدات ئەڕێ. هەروەها تیشکی ڕۆژ مەودای توش بوونی بەم دەردە کەم ئەکاتەوە. چونکە کارئەکاتە سەرکەم کردنەوەی تەرای بۆ پەیدا بوونی دەردەکە.

ڕێگای پاراستن وچاکردنی ئەم دەردە:-

لەکاتی نەخۆشی کەڕوە شینەدا پێویستە برای توتنەوان دوای ئەو ئامۆژگاریانە بکەوێ کە ئەی درێتێ بۆئەوەی توتنەکەی تووش نەبێ.

1 - تۆوی ساغی‌وا داشەچێنێ کەپێشان قەدە (ساق) توتنەکەی نەخۆش نەبووێ هەروەها نابێ‌تۆری واداچێنێ کەدوودڵ بێ لەبارەی ساغی‌و نەخۆش یەوە.

2 - ئەبێ شەتڵگەی توتن خۆڵێکی چاکی هەبێ‌و حەوزەکان بچوك بن وەلەهەر مەترێکی چوارگۆشەی شەتڵگە کەیرا لە (1 / 2)غم تۆوو زیاتر دانەچێنێ بۆئەوەی شەتڵگەکان و پر نەبن و ببێ بەهۆی زۆری‌ی تەرای‌و لەئەنجاما ببێ بەهۆی بڵاوو بونەوەی نەخۆشی کەڕوەشینە.

3 - جارێکی تردانە چێزێتەوە ئەوشوێن شەتڵگانەی کەجاران تووشی کەڕوە شینەبوون چونکە لەوانەیە خۆڵەکەیان پیس بوبێ‌و تۆری (فطریاتی) ئەم نەخۆشی‌یەی پێوە بێت وابا‌شە خۆڵی شەتڵگە بەهۆی گەرمای بەتین (وەک ئاگرێ بەردان) یا بە هۆی ڕشاندنی دەرمانی کیمیاوی پێوەی پاك بکرێتەوە.

4 - لەکاتی هەڵبڕاردنی شوێن شەتڵگەدا ئەبێ شوێنی واهەڵبژێرێ کە بەدەرەوەبێ‌و خۆروهەو الێ‌ی‌بدات، وە ئەبێ لە شوێنی شێ‌دارو سێبەرو لەچاڵا بێت تۆودانەکات.

5 - هەر شەتڵێکی زیاد کەپێویستی هەبوو دەس بەجێ‌خۆی لێ دەرباز بکاو بیتەوتێنێ‌و بێکات بەژێر خۆڵەوە تانەبێ بەهۆی بڵاوبونەوەی نەخۆشی کەڕوەشینە.

6 - پاش شکاندنەوەی گەڵا توتنەکان قەدەکانیان هەڵکێشێ‌و لەگەڵ هەرچی پاشماوەی گەڵا توتندا هەیە هەموی بسوتێنێ‌و زەوی‌یەکە بکێڵێتەوە بەکێڵانێکی قوڵ و هەڵی گێرێتەوە.

7 - پێویستە لەسەر توتنەوان شەتڵەتوتن لەشەتڵگەی دەرداوی یەوە نەبا بۆناو دێراو تالەڕێگای ئەم شەتڵانەوە دێراوەکان تووش نەبن.

8 - ئەبێ هۆی چاکردنی ئەم دەردە بەکار بهێنرێ

هەواڵنامەی گێڵ

کەشەویش بریتیبە لەبەکار هێنانی دەرمانی کیمیاوی ،چونکە گەلێ دەرمانی واهەیە چارەی ئەم نەخۆشی یەیان پێ ئەکرێ وەك:

1 ـ زینەب 2 ـ دایشین. 3 ـ ئەنتراکول 4 ـ لۆناکول 5 ـ ماتب ئەم دەرمانانە یا بەرشاندن ،یابە پژاندن بەوشکی بلاوئەکرێنەوە بەم چەشنەی لای خوارەوە.

کەگەلای دووەم دەرکەوت دەس ئەکرێ بەچاکردنی دەردەکە هەرسێ رۆژ جارێك دووکانە شەتلەکان دەرمانیان پیاشەکرێ وەئەم دەرمان کردنە هەر بەردەوام ئەبێ تالە لێدانی شەتلەکان ئەبنەوە (چونکە تا 10 ـ 12 رۆژ بەر دواهاتنی شەتل لێدانەکە توش بوونی دەردەکە زۆر تونداەبێ) ئەبێ گەلا توتنەکان لەکاتی دەرمان پیاکردنەکەدا ووشك بن نەتەریو نەشەو نمیان پێوەبێ. هەروەها نابێ لەرۆژی دەرمان دارشاندنەکەدا ئاوی توتنە کەبارێ. وە ئەگەر باران باری ئەبێ 48 سەعات پاش بارانەکە سەر لەنوێ دەرمان دابرشێنرێتەوە وەئەبێ بەجۆرێك بێ کەهەموو گەلاوقەدەکان بگرێتەوە. وەبۆ ئەم مەبەستە مەکینەی رشاندنی تەوژم دارباشترە چونکە هەر خۆی گەلاکە هەڵ ئەگیرێتەوە دەرمانی لێ ئەدات وترس بچران قەدیو گەلای توتنەکە نابێ وەئە گەر دەرمانەکە بەترو مپای دەستی دابرشێنرێ هەموو ئەو دەرمانانەی سەرەوە (جگە لە ماتب) ئەتوێنرێتەوو هەر (40 ـ 70) غرامێك ئەکرێتە ناو (20) تەنە کەئاو وە ئەگەر مەکینەی رشاندنی تەوژم داری بەکار بهێنرێ ئەبێ دەرمانەکە (3 ـ 4) قات زیاتر بێت.

وەبۆ بەکار هێنانی ماتب) بەتەرکیزی (15) غم دەرمان بۆیەك تەنەکە ئاو ئەبێ ئەگەر ترومپای دەستی بەکار بهێنرێ.

وەبە تەرکیزی (60غم) دەرمان بۆ یەك تەنەکە ئاو ئەگەر مەکینەی رشاندنی تەوژم دار بگار بهێنرێ.

تۆزی وشکی زینەب بەتەرکیزی 10 ./. وتۆزی ماتب بە تەرکیزی 20 ./. ئەبێ چارکردنی ئەم دەردە کە لە ناو دووکانە شەتلی توتندا بەترومپاو بەپژاندن بەووشکی بش ئەبێ پاش ئەوەی کەدەردەکە دەرئەکەوێ یاهەست وابکرێ کەلەناوانەیەپەیدا بوبێ ئەم رشاندنەش ئەبێ درێژە بکێشێ هەفتە جارێك تامەترسی نامێنێ ئەبێ ئەوەش لەیاد نەکەین کەهەر کاتێك باران باری پێویستە (48) سەعات دەرمانەکە دانەبڕ شێنرێتەوە.

سەرچاوەکان:

● نەخۆشی کەروو شینەی گەلاتوتن، بلاوکراوەی بەڕێوەبەرێتی ئینجیاری تووتن، ئامادەکردنی: د.حەسەن یوسف عانی ـ د.عەلی بەهادلی ـ حەمدی عەبدولمەجید ـ مەیسەر مەجید.

● نشرة حول زراعة وانتاج التبغ الشرقية والفرجينية، اعداد :جميل عبداللطيف ـ د.خالد احمد ابراهيم ـ آزاد جميل صائب.

● نشرة ارشادية عن اهم الأمراض والطفيليات النباتية والحشرات التي تصيب محصول التبغ، اعداد المهندس سليم حنونيك «رسالة ماجستير الى جامعة فيرجينيا ـ الويات المتحدة الأمريكية».

● نشرة جمعية علوم الحياة العراقية فرع منطقة الحكم الذاتي ـ دراسة بقلم الدكتور اوميد نوري محمد امين بعنوان «التغيرات الكيمياوية في مركبات ورقة التبغ خلال عملية التجفيف Flue - caving» . .

● النشرة الأرشادية حول اهم الأمراض التي تصيب التبغ في الحقل ـ 1983 ـ اعداد فرع مركز زراعة وتحسين التبوغ في السليمانية.

● النشرو الأرشادية حول زراعة التبغ الفرجيني ـ عبدالرزاق شاكر.

● مجاضرات حول التبوغ في الجامعة السليمانية للأساتذة :د.محمد المصري، د.خالد احمد ابراهيم، د.أوميد نوري محمد امين.

●اساسيات علم التربة /تأليف د.ص،د،فون و د.ل،م،تورك.

هەولێرەی کێبە

رۆشنبیری نوێ
مجلة فصلية تعنى بالدراسات
تصدر عن: دار الثقافة والنشر الكردية
وزارة الثقافة والاعلام
بغداد

Roshinbiry Nwo
Periodcal Magazine for
Scientific researches
Issued: by Kurdish Culture and Publication House
Minlstry of Culture and intfomation
Baghdad - Iraq

رئيس مجلس الأدارة ورئيس التحرير

مصلح مصطفى الجلالي

هيئة التحرير

د. كردستان موكريانى نائب رئيس التحرير
د. كامل البصير
عبدالرزاق بيمار
د. جمال رشيد
صلاح سعدالله
غفور ميرزا كريم
د. محسن محمد حسين
د. وريا عمر أمين

وێنەی بەرگی یەکەم

تابلۆی (ئاشتی) لەلایەن هونەرمەند (محمد عارف)ەوە

بەرگی دووەم

پارچەیەکی زێرینی مێژوویی وولاتی کوردەواری (زێوێ) ناوچەی رەواندز دەگەڕێتەوە سەدەی شەشی پێش زایین (لەکەلەپورەکانی ماننایی‌یەکان کە کاریگەری ئاشوری تێدا دیارە.

نرخی سالانەی 4 دینارە
نرخی 500 فلسە